# ئەدەبی نوێی کوردی

ناوەندی ڕۆشنبیریی ئاوێر

AWER
Nawandi Awer

ناوەندی ئاوێر
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

◄ بەڕێوەبەری گشتی ناوەند: حەسەن بورەیی
◄ بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: ئاریز حەسەن
◄ بەرپرسی هونەری: ئاکار جەلیل کاکەوەیس
◄ راوێژکاری ناوەند: حەیدەر عەبدوڵڵا

هەولێر ـ پشت پارێزگا ـ پشت مزگەوتی مەحموود عەلاف
07505114142 - 07507476644
Nawendi awer:: ناوەندی ئاوێر
nawendi.awer@yahoo.com

د.هیمداد حوسێن

# ئەدەبی نوێی کوردی

( لێکۆڵینەوە و رەخنەی پراکتیکی )

**بەرگی دووەم**

# 2

- **ئەدەبی نوێی کوردی ( لێکۆڵینەوە و رەخنەی پراکتیکی )**

- **پ.د.هیمداد حوسێن**
- **هەولێر- ٢٠٢٠**
- **دیزاینی بەرگ: ئا کار جەلیل**
- **تیراژ( ١٠٠٠ ) دانە**
- **لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارە( ) ی ساڵی ٢٠٢٠ی دراوەتێ .**

**مافی لە چاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە**

# بەرگی دووەم

شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا باشووری کوردستان ١٩٢٥ –١٩٦١.......... ٧
بزووتنەوەی روانگە قۆناغێکی نوێی شیعری کوردی.......................... ٥٣
ئەدەبیاتی فیمینیزمی کوردی بەرهەمەکانی نەزەند بەگیخانی .................. ٨٥
ئەزموونی شیعری فیمینیزمی کوردیی لە رۆژهەلآتی کوردستاندا................. ١١٩
ئیرۆتیك لە شیعری ژنانی باشووری کوردستاندا ٢٠٠٠– ٢٠١٣..................... ١٤٥
وێنەی پیاو لە شیعری کەژاڵ ئەحمەد دا.................................... ١٨١
دەروونشیکاری و پراکتیزەکردنی لە هەڵبەستی پەشیماندا...................... ٢١٥
چەمکی جوانیی لە فەلسەفەی شیعردا ........................................ ٢٢٣
رۆڵی کەسایەتی و حەکایەتخوان لە گێڕانەوەی رۆمانەکانی عەبدوللا سەراجدا..... ٢٦٧
رەنگدانەوەی کەلەپووری مێژوویی لە رۆمانی هاوچەرخی کوردیدا................ ٣٢٧
لێکەوتەکانی زیندان لەڕۆمانی (ژانی گەل)ی"ئیبراهیم ئەحمەد"دا.............. ٣٨٣
چەمکی باوکسالاری لە ڕۆمانی "ژنێك بەسەر منارەوە" شێرزاد حەسەن دا ...... ٤٢٣
بە شوێنکردنی مرۆڤ و بەمرۆڤکردنی شوێن لەڕۆمانی (هەولێر)دا................ ٤٦٩
ناسنامەی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی کوردیی لە رۆمانەکانی یەشار کەمال دا..... ٥١١
بە فانتازیاکردنی کەسایەتی لە رۆمانەکانی بەختیار عەلی دا.................... ٥٦١
بنیاتی کارەکتەری پەرەسێن لەرووی ئەرك و بنیاتەوە ( رۆمانی ئوتێل ئەورووپا
بە نموونە)............................................................ ٥٩٩

# شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا
# ( باشووری کوردستان ١٩٢٥ - ١٩٦١)

## پێشەکی[1]

شیعری شانۆیی بەشێکی گرنگ لە ئەدەبی گەلاندا پێکدەهێنێت و هەر نەتەوەیەك بەپێی بارودۆخی گەشەکردنی ژیانی شارستانی و رۆشنبیری خۆیـەوە بایـەخی پێداوە و پێگـەی لەنێو ئەدەبەکەیدا چەسپاندووە،بەڵام لەئەدەبی کوردیدا تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و سەربەخۆ لەبارەیەوە نەکراوە و لەچاو بابەتـەکانی دیکـەدا ئـەو گرنگی و بایەخـەی، کـە پێویستـە پێنەدراوە،ئـەو بـاس و لێکۆڵینەوانەشـی، کـە ئاوڕیـان لێداوتـەوە، بەشـێوەیەکی ناراستەوخۆ و لابەلایی باسـیان کـردووە و زیـاتر لـە بـەردەبازێك بـوون بـۆ روونکردنـەوەی مەسەلەیەکی ئەدەبی یاخود هونەری کە بەشـێوەیەك لەشـێوەکان لـە شـیعری شـانۆییەوە نزیك بوونە. ئەمەش لەلایەکەوە بۆ خودی ئەوە دەگەڕێتـەوە کـە شـیعری شـانۆیی بـەهۆی نمایشەوە پەیوەستە بە شانۆوە، لەم رووەوەش بزووتنەوەی شانۆی کوردی تائێستا کەمتر لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر کراوە. و لەرووی ئەدەبیشـەوە هێشـتا بەشـێوەی راسـتەوخۆ ئەو باسە نەخراوەتە دووتوێی لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتمەند و سەربەخۆوە.

## رەگەزو بنەما سەرەتـاییەکانی شیعری شانۆیی

مێژووی شیعری شـانۆیی لـە ئـەدەبی کوردیـدا ، وەکـو مێـژووی شـیعری شـانۆیی هـەر نەتەوەیەك، بریتییە لە مێـژووی لـەدایکبوونی دەقگـەلێك و نمایشـکردنیان لەسـەر تـەختی شانۆدا، بەڵام بەتەنیا پشت بەستن بە مێژوویەکی دەستنیشانکراو بۆ لەدایکبوونی دەقێکی شیعری شانۆیی و مێژوویەکی دیاریکراوی دیکەش بۆ نمایشکردنی و پیشـاندانی، لـەناوبردن و فەوتاندنی کەلەپوورێکی گەورەو مەزنی شیعری شانۆییە لەنێو کـوردا، ئەگـەر چـی ئـەو کەلەپوورە بەتەواوەتیش لەقاڵبی هونەری ئەو جۆرە شیعرەدا خـۆی نەدۆزیبێتـەوە، بـەڵام رایەڵ و رەگەز و بنەما سەرەتاییەکانی شیعری شانۆیی لەخۆیدا هەڵگرتووە و وەکو چاندنی تۆییەك بووە کە دواتر نەشونمای کردووە و بـەری داوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا دەکرێـت لـە دوو سەرچـاوەی سـەرەکییەوە رەگ و ریشـاڵەکانی شـیعری شـانۆیی دیـاری بکـەین، ئـەوانیش مێـژووی شارسـتانییەتەیە لـە ئەفسـانە و بـیروڕای ئـاییني، کـە گـەلی کـورد بەشـداری لـە

[1] :بە هاوبەشـی لەگەڵ م.عەبـدوڵڵا رەحمـان لە نـامەی ماسـتەرەکەی شـیعری شـانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا،زانکۆی سەلاحەددین–هەولێر،٢٠١٠.

بنیاتنانیـدا كـردووە، دووەمیشـیان مێـژووی كۆمـەڵگای كـوردەواریی خۆیـەتی بەهـەموو چالاكییە كۆمەڵایەتی و هونەرییەكانییەوە[1]. بەو پێیەی میللـەتی كـوردیش وەكـو هـەموو میللەتانی دیكەی سەر زەوی خاوەنی كەلەپووری خۆیەتی، بۆیـە شـیعری شـانۆییش رەگ وریشـاڵی لـەنێو ئـەو كەلـەپوورەدا داكوتـاوەو لـەو داب و نەریتانـەی كـە لـەدێر زەمانـەوە ئەنجامیداوە، شێوەو سیما و رەنگ و روویەكی شیعری شانۆیی بەدی دەكەین. چ لـەرووی دەقەوە بێت، یاخود لەرووی ئەو رەفتارو هەڵسوكەوتانە بێت، كە لە دەرئەنجامی ئەفسـانە و باوەڕی كۆن، یا بەجێگەیاندنی مەراسیمی ئایینی یەوە ، یاخود لە گۆرانی و هەڵپـەركێ و سەما و شیوەن و كۆتەڵ و كـار و كردەوەكـانی رۆژانـەیان هاتۆتەكایـەوە و رەنگدانـەوەی بارودۆخی سەرەتایی كۆمەڵایەتی كوردی تێدا باسكراوە، كە هەموو ئـەو كاروكردەوانـەیان بەكۆمەڵ و دەستەجەمعی كردووە ( ئەویش لەوەوە هاتووە كە مرۆڤ ناتوانێ بەتـەنیا بـژی، هـەموو پێكـەوە ئـیش وكـار و ژیانیـان بردۆتەسـەر بەتایبـەتی لـەكاتی حەواندنـەوەدا كۆبوونەوەیان كردووە بە گەلێك شێوە، لە ماڵ لە گوێ ئاگردان بەزستان، و لەهاوینا لەبـەر مانگەشـەو، لـە دیوەخـان و چـایخانە، وە لەشـایی و پرسـەدا،لە سـەیران و ڕاوشـكار و جەنگدا،هەموو ژیانی مرۆڤ بریتی بووە لە دەربڕینی خۆشی و ناخۆشی ژیان و ئاواتی دوور و نزیكـی) ئـەم دەربڕینانـە هـەموویان لـەو كۆبوونـەوەو گفتوگۆیانەی،كـە لـە دێهاتـەكانی كوردستان بەدەم كارو گۆرانی گوتن و سەما وهەڵپەركێوە بەكۆمـەڵ كراوە،بۆیـە تـاكێكی دیاریكراو خاوەنی نەبووە،بەڵكو موڵكی هەمووان بـووەو هـەر لەوكاتەشدا زارەكـی بـووە و نەنووسراوەتەوەو لەو دەم بۆ ئەو دەم و لـەو ناوچـەیە بـۆ ئـەم ناوچـەیە گواسـتراوەتەوەو بەگوێرەی ژینگەو شێوەزارو تۆپۆگرافیای ناوچـەكانەوە، شـتی لێقرتێنـدراوەو شتیشـی بـۆ زیادكراوە. هەموو ئەو دەربڕینانەش دواتر وەكو زەمینەیـەكی دەوڵەمەنـد لـە سـەرهەڵدانی ئەدەبی نووسراوی كوردیدا رۆڵێكی كاراو دیاریان گێڕاوە.میللەتی كـورد لەهـەر یـەكێك لـەو قۆناغانەی گەشەكردن و نەشـونماكردنیدا كۆمـەڵێك رەفتـارو هەڵسـوكەوتی لەچوارچـێوەی ئایین و داب و نەریتەكانییەوە كردووە،كە سیماو رەگەزو بنـەماكانی شـیعری شـانۆیی تێـدا

---

[1] - تاهیر بەكر حوسێن، توخمەكانی دراما لە شانۆگەرییەكانی ( ئەمینی مـیرزا كـەریم)دا، نامـەی ماسـتەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٥.

دیارو بەرچاوەو دواتریش بوونەتە رێگەخۆشـکەرێك و زەمینەسـازاندنێك  بـۆ سـەرهەڵدان و لەدایکبوونی هونەریی شیعری شانۆیی.

## ئەفسانە و بیروباوەڕی ئایینی:

لەبەرەبەیانی مێژووەوە کورد وەکو هەموو میللەتانی دیکە خاوەنی چـەندین ئەفسـانە و داسـتان بـووە کـە بـیروڕای ئـایینی ئـەو سـەردەمەی کوردییـان پێکهێنـاوە و بەهۆیانـەوە گوزارشتیان لـەو بیرکردنەوانـەی خۆیـان لـەبارەی دیاردەکـانی سروشـت و مانـای بـوون و جەوهەری مرۆڤ و مەرگ و رەهەندەکانی چارەنووسیی خۆیانیان تێدا دەربڕیووە( گەلی کورد هـەر لەدێرینــەوە خـاوەنی بونیـادی شارسـتانی خۆیـەتی و دراما و گیـانی دارمـایش لـەو بونیـادەدا جێگـەی خـۆی گرتووتـەوە، جـا وەك گـەلانی تـر ئـەو بوونـە لـە سـروت و بۆنـە ئاینییەکانیدا یان لە کەلەوپوور و داب و نەریتی کۆمەڵایەتیدا بێت)(١).

یەکێك لەوانە ئەفسانەی ( بووکە بەبارانێ)یە کە گوزارشت لەجۆری بیرکردنەوەو باوەڕی مرۆڤی کۆنی کورد دەکات. ئەو ئەفسانەیە زیاتر پێوەنـدی بـە داب و نـەریتی کشـتوکاڵەوە هەیە، بەو پێیەی کە کوردستان وڵاتێکی کشتوکاڵییە و زیاتر لەسـەر بـەرووبووم و چاندنی دانەوێڵەو داهاتی کشتوکاڵییەوە ژیـان دەگـوزرێنێ، بۆیـە ( ئەگـەر بهاتایـە و سـاڵێك بـاران نەباریایە ئەوە لەهەموو ناوچەیەکی کوردستان پـەژارەو دڵتـەنگی پـەرەی دەسـەند و هـەر خێزانێك بیری لەوە دەکردەوەکە پێویستی خۆی لە دەغڵودان دابین بکات، ئەمـەیش لەبـەر ئەوەی نەوەك ئەو ساڵە باران دوا بکەوێت و ببێتە هۆی نەهاتی و کەم بەرهەمی دەغڵودان و مێوە و دانەوێڵـەی تـری پێویسـت، تەنانـەت وشـك بـوونی پـاوان و پـەرێزەکانیش کـارێکی ترسناکیان دەکردە سەر ژیانی ئاژەڵ و مەڕو مـاڵاتی جوتیارەکـان) (٢) ئەمـەش رۆڵـی پـڕ بەهای باران و ئـەو سـوود و قازانجانـەی، کـە بـە مرۆڤـی دەبەخشـی دەگەیـەنێت و وەکـو سەرچـاوەیەکی سـەرەکی ژیـان وگـوزەران کاریگـەریی لەسـەریان هـەبووە. بۆیـە نابـارینی مەترســی و پەشــێوییەکی گــەورەی دروســت دەکــرد و هــانی مرۆڤــی دەدا بــەدوای چارەسـەرییەکدا بگـەڕێت، ئـەو چارەسـەرییەش لـە رێـوڕەسمی بووکـە بەبارانـەدا خـۆی

[١] - سەلام فەرەج کەریم، گەشەسەندنی درامای کوردی لـە (عێـراق)دا لـە ١٩٧٥-١٩٩٥، نامـەی دکتـۆرا ، کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین،٢٠٠٠، ل٣٥.

[٢] - مەولود قادر بێخاڵی ، لەگەنجینەی کوردەواری ، بەغدا١٩٨٧، ل٦٢.

دەبینێتەوە.واتـە مەترسـی لەناوچـوون فاکتـەرێکی سـەرەکی بـووە بـۆ سـەرهەڵدانی ئـەو ڕێوڕەسمەو( پیادەکردنی نەریتی بووکە بارانێ هۆکەیان بۆ هێزێکی نادیار گەڕاندۆتەوە کە لەسەرو هێزی ئادەمیزادەوە بووەو لە عەقیدەی کورددا( بووکە بارانە) یەکێکە لەو نەریت و ئەفسـانە کۆنانـەی کـە خواوەنـد دەوری سـەرەکی تیـا دەبینـێ، کـە ئـەویش ( خواوەنـدی بارانە)،کە هەر لەسـەردەمێکی زووەوە پەیوەنـدی بەخواوەنـدی ( ژنـەوە) هـەبووە )([1]) و میللەتی کـوردیش وەکـو هـەموو میللەتـەکانی دیکـە لەسـەردەمی چـاخی بەردینـدا وێنـەی خواوەندەکان ژن بوونە و دەسـەڵاتی تـەواویان بەسـەر مرۆڤـدا هـەبووەو کاروکردەوەکـانی خۆشیان لەسەرووی دەسەڵات وتوانای مرۆڤەکانەوە جێبەجێکردووە.ئەو خواوەنـدی بارانـە یاریدەدەری هەژار و لێقەوماوان بووە و ئاو وباران بارین بـە دەسـتی ئـەو بـووە([2]).بـەپیی هەندێك بیروڕاش وشەی بووك BUK لەئەسلدا BEX بووە کە واتای خودا دەبەخشـێت ، کەوابوو بووکە بەبارانێ واتە خودای ئاو و باران([3]). ڕێوڕەسمی ئەم نەریتە لەلایەن کچان ولەهەندێك ناوچەو گوندیشدا لەبەر باری کۆمەڵایەتی لەلایەن منداڵانەوە ئـەنجام دەدرێـت و سەرەتاش منداڵەکان دارێکی درێژ و یەکێکی کورتتر لەئەو دێنن و بەراست و چەپ بەیەکدی دەنووسێنن کەشـێوەی خـاچ وەردەگرێـت وپاشـان کراسـێکی لەبـەر دەکـەن و دوو قـۆڵی کراسەکە لەهەردوو سەری دارە کورتەکە هەڵدەکێشن و ئینجا دەستەسڕێکی ڕەنگارەنگی و سرکەیی و چیتی پێ دەبەستن کە وەکو کڵاوی لێدێت ، ئینجا خشڵ وموور‌ی پێوە دەکـەن و وەکو بووکێك دەیڕازێننەوە بۆ بارانی دەبەن، چونکە (بووك بە پیت و فەڕە، دایکۆ لەبەر بارانە، یا بووکە وا بووك دەچێت ، چونکە ئاو لە کوردەواریدا تـوخمێکی نێرینـە ناسـراوە ( بووکە) لەکۆندا ( دایکۆ) بووە یا دییا یا دایە) ([4]) بووە.

---

[1] - د. شوکریە رسول ابراهیم، دیاردەکانی سروشت و بیروباوەڕی خەڵکی دەربارەی باران بارین. گ ( زانکـۆ) ، ژ(١٤) ت ٢٠٠١، ل٣٢.

[2] - حەیدەر لوتفی نیا، ئەفسانەی بووکە بارانێ لەفۆلکلۆری کوردیدا، گ ( رامان)،ژ (٤٣)،٢٠٠٠، ل٢٥١.

[3] - ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ، کاریگەریی کەلەپووری کوردیی لە شانۆی کوردیدا، ، ٢٠٠١، ل٣١.

[4] - محمد تیمور، دەروازەیەکی رەخنەیی درامای نوێ ی کورد، بەشی یەکـەم،گ ( کـاروان)، ژ (٦٤)، مایسـی ١٩٨٨، ل ٦٨.

## لە ئەدەبی فۆلکلۆریدا:

ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی رەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتوورییە و پێوەندییەکی پتەوی بە ژیانی رۆژانەی کۆمەڵی کوردەوارییەوە هەبووە و رۆڵێکی گـەورەی لـە پێشـکەوتنی رەوتـی ژیـاری رۆژگارەکـەی گێـڕاوە و زادەی هـزر وتێـڕوانین و جـۆری بیرکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی بووە و ( ئەو کارانە بەگوێرەی خۆیـان رەگـەزی درامیـان تێدایە وەك دووبەرەکی و رووداو و کێشە کۆمەڵایەتییەکان و بەدیارخستنی لایەنەکانی خێر وشـەڕ)([1])، کـە بـەکارهێنانی ئـەو رەگـەز و بنەمایانـە زیـاتر بـۆ گەیانـدنی مەبەسـت و ئامانجەکانیان بووە، نەك وەکو شارەزایەك بەو رەگەزانە بەکاریان هێنا بێت، بەڵام هەر لەو کاتەشـدا ئەگـەر بـە وردی لـە دەقـەکانی شـیعری فۆلکلـۆری بکۆڵینـەوە ، دەتـوانین ئـەو تێکستانەی کە ئەو رەگەزو بنەمایانەی شیعری شانۆییان بەکارهێناوە لـە دەقـەکانی دیکـە جیا بکەینەوە، بۆ نموونە لەم دەقەدا هاتووە:

دەمەتەقێی کوڕو باوك و دایك و کیژ
کوڕ هەردەستی لەخەویٚ
دەستی ناگری جەرەویٚ
دەریٚ : بابە ژنم دەویٚ
رۆژت لیٚ ناگەینمە شەویٚ
باوك : ئەریٚ کوڕم ئەقرت کووە
کیژی مامت هەر لۆ تووە
بوار مایە زستان چووە
کوڕە لاو دەرێتە بابیٚ:
مەڕی پیشاندە قەسابی
نەخت زۆرە و تەواو نابی
بفرۆشە تاکە رەبابی
دەست لە کچامیٚ بەرنابی

[1] - سەلام فەرەج کەریم، کەسایەتی لەدرامای کوردیدا،نامەی ماستەر،کۆلێجی ئادابـــ زانکـۆی سـەلاحەدین، ١٩٨٩، ل٢٢.

بابی دەرێ:

ئەمن چ بکەم

حەیوانەکەم خەلاس بکەم

کیژی مامت داخواز بکەم

چ لەمندارەکان بکەم

کوڕ لاو دەرێ :

هۆ بابە لۆم داخوازکە و پیاوی چا بە

ئەو خەمەی لەدرێ من لابە

درم لۆ پڕ عەزابە

کوڕ دەرێ:

سوار بە لەماینەکی شێ یە

سبەی هەڕو لۆ دەو زێ یە

داخوازکە کیژی مامێ یە

هەتا دەمرم چاوم لێ یە

کیژ دەرێ:

ئەرێ دایە بابم دەرێی بێ ئاگایە

ئەمنی لەسەر چی دانایە

بێ شەرعی یە و بەو خودایە

دایکی دەرێ:

ئەرێ کیژم تۆ برای

لە بۆ بابت وەکی چرای

کیژ دەرێ:

نەکێشتانە نەنیورانە

کابرایەك لەوێ میوانە

دوو سێوی کڕی کیژە جوانە

هەردووکی لەسێنیێ دانا

بردی لەپێش بابی دانا
گۆتی : بابە دەبزانە
بابی لەدری خۆی فیکری یە
تۆغیانی مێردی هاتی یە
لۆییێ لەیلێ وەی کردی یە([1]).

دیالۆگ یەکێك لە رەگەزە گرنگەکانی شیعری شانۆیی،کە(نووسەر پشتی پێ دەبەستێ لە وێنەکێشانی ژیانی رۆژانە و رۆشنکردنەوەی لایەنە ململانێکەرەکان)([2]) و لەو دەقەشدا رووداوەکە بریتییە لەخۆشەویستی نێوان کوڕ وکچێك،کە لە دووتوێی دیالۆگێکدا داڕێژراوە،سەرەڕای ئەو کچ وکوڕەش کە وەکو کارەکتەری سەرەکی رووداوەکەن، باوکی کوڕەکە و دایك وباوکی کچەکە و میوانێك وەکو کەسایەتی بەشداری لە رەوتی رووداوەکاندا دەکەن.لەسەرەتاشدا دیمەنی ماڵی کوڕەکە دێت،کە خۆی لەگفتوگۆی نێوان کوڕ وباوکدا دەبینێتەوەو دواتر دیمەنی ماڵی کچە پیشان دەدرێت،کە بریتە لەگفتوگۆی نێوان کچە لەگەڵ دایك و باوکیدا،ئەمەش واتای پابەندبوونیانە بە بەدواهاتنی ئاسایی رووداوەکان دێت و دیمەنێك،دیمەنی پێش خۆی تەواو دەکات. لەچەندین جێگاش ئاماژە بەکاتەکانی نێو رووداوکە دراوە(بوار مایە زستان چووە،رۆژت لێ ناگەینمە شەوێ،سوار بە لەماینەکی شێ یە سبەی هەڕو لۆ دەو زێ یە،نەکێشتانە نەنیورانە کابرایەك لەوێ میوانە)شوێنیش بەپێی رەوتی رووداوەکە گوندە،لەگوندەکەشدا هەردوو ماڵی کوڕ و کچە شوێنی ئەنجامدانی رووداوەکانن.

یان لە تێکستێکی دیکەدا هاتووە:

کچ : ماریێ بابم دوورە رێیە          لانکی ساوام پێیە
قەد ناگەمە جێیە
کوڕ: دەرۆم و دەنارم          کۆتری پێ بە خارم
لەدو تۆ عەبدارم

---

[1] - سەعدوڵڵا ئیسماعیل شێخانی، سێ سەد هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی، بەغدا ١٩٩٠، ل ١٠٨-١٠٩.

[2] - سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری کوردیدا(١٩٧٠-١٩٩١) ، سلێمانی٢٠٠٤، ل١٨٢.

كوڕ: دەڕۆم و دەزیزم كۆتری پێ بەزریزم

لەدوای تۆ عەزیزم([1])

## لە چیرۆكە شیعری كوردیدا:

چیرۆكەشیعر وا پێناسەكراوە كە(هەر شیعرێك چیرۆكێك بگێڕێتەوەو مەبەستی ئاشـكرای شیعرەكە گێڕانەوەی چیرۆك بێت و هەندێ لایان وایە،كە دانانی چیرۆك بە شیعر لەپێشا لـە مەیـدانی شەڕوشـۆڕەوە دەسـتی پێكـردووە پاشـان شـێوەی دڵداریشـی داگیركـردووە و لەوێشەوە گۆڕاوە بۆ دەربڕینی هەستی نەتەوایەتی و كەموكورتییـەكانی تـری نـاو كۆمـەڵ)([2]).ئەو چیرۆكە شیعریانە گەلێك لایەنی كۆمەلأیەتی و كلتوری و هزری كۆمەڵگەی دەپێكن و هـــەرلەوكاتەشدا دیـاردەو وبنـەماكانی شـــیعری شـانۆیی وەكـــو ( دیـالۆگ، كەسـایەتی،رووداو، كـات، شـوێن....)لەخۆ دەگرن.هـەروەها گـەلێك جـاریش ئـەو چـیرۆكە شیعریانە لە زاری گیانەوەرو ئاژەڵەوە دارێژراون..لەئەدەبیاتی كوردیدا( بەتایبەتی ئەدەبی دیـالێكتی كرمـانجیی سـەروو بەرهـەمی نایـابی لـەم بابەتـەمان بـۆ دەور دەكاتـەوە،وەكو بەیتەكانی شێخی سـەنعان و بـەیتی( فـەقی تـەیران بـەر ئـاقێ را خەبـەر دایـە)و بەرهـەمی بەناوبانگی مەلای باتی( بەیتی زەمبیل فرۆش) هـی تـر )([3]). چـیرۆكی شـیعری كـوردیش جگە لەوەی داستان و چیرۆكی شیعری میللی لەخۆ دەگرێت([4])، بەیتیش وەكـو بابـەتێكی چیرۆكی شیعری بۆ مەبەستەكانی خۆی بەكاردەهێنێ. لێرەدا وەكـو نموونەیـەك ئامـاژە بـە چیرۆكێكی شیعری ( فـانی )بەناوی (هەرای پیاوەی پیرو كچی جوان) دەكەین، كـە شـاعیر خۆی لە پێشەكییەكی بۆ ئەو چیرۆكە شیعرییەدا مەبەستەكەی دیاریكردووە، كە بریتییە لە پێشێلكردنی مافی ئافرەتان و داب ونەریتێكی كۆن ودواكەوتووانە:

مامەی پیر:

شـــۆرە ژن ئاخر ئـــەمن بۆیە ئـەتۆم هێناوە

---

[1] - پ. ی.د. هیمداد حوسێن، ئەدەبیاتی فۆلكلۆری كوردی (دەق و لێكۆڵینەوە) ، هەولێر ٢٠٠٧، ل٦٢.

[2] - عبدالصمد اسلام طه، رەنگدانەوەی ئەدەب لە گۆڤاری هاواردا(١٩٣٢-١٩٤٣)، هەولێر ٢٠٠٢، ل٨٩.

[3] - د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی كوردی، ب١ . ل١٧٧.

[4] - زۆزان صادق تروانشی، چیرۆكە شیعرا كوردی، دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ، دهۆك ٢٠٠٨، ل٩٧.

تا بەخۆشحاڵی بژین هەردوو بەســـەر دنیاوە
گەنجی وەسڵت بە هەموو گەنجی ( فەریدوون) نادەم
ماچی لێوەت بەهەموو خەزنەیی قاڕوون نادەم
تۆ حەڵاڵی منی خۆشیم مەکە بەم باسە حەرام
هەوەسم لێتە چەتیو تو سەری بابت وەرە لام
قاعیدەی مێردو ژنی ڕێکی و تەســـلیم بوونە
ئیشی تۆ عەکسە ئەمە ئیشی ژنی مەجنوونە
با مەلا بێت و بکا نوشتە هەتا کـــوو چا بی
لەم تەلیسمانە کە تێی کەوتووی بەرهەڵدابی
وەڵامی کچە:
گەر مەلا بێت وبکا نوشتە منیش مەمنوونم
دیارە ئێستا لە تەلیسمام و بەگیان مـەجنوونم
لە ژیان بەهرەیی من ئاهی جگەر سۆزەو بەس
ڕۆژگـــارم وەکـــوو ئەم ریشەیە ئاڵۆزەو بەس
هەقە ناهەق نیە گەر شام و ســـەحەر گریانم
شێت و شـــەیدای دڵ ئازەردەو ســـەرگەردانم
صـــــورەتی مێردەزمەم ئێستە لەبەر چاوانە
جێم ئەگەر جـــەننەتە بێ شك لەکنم زیندانە
تۆ ئەگەر تالیبی لەم سیحرە بکەی ڕزگـارم
نوشتە سێ بەردەیە و تۆش دێوزەمەی نەك یارم

دیوانی فانی ل٢٢٨-٢٢٩

لـەم چـیرۆکە شـیعرەدا کێشـەیەکی کۆمەڵایـەتی مەترسـیدار بـە شـێوەیەکی درامـی خراوەتەڕوو و خەڵکی لە ئەنجامەکانی وشیار کردۆتەوە. لـەرووی تەکنیکـەوەش، چـەندین رەگەزو بنەمای شیعری شانۆیی بەدی دەکەین.دیالۆگ وەکو رەگەزێکی گـرنگ، سـەرتاپای دەقەکـەی پێکهێنـاوە و لـەنێوان کەسـایەتییەکانی ( مامــەی پــیر و کچــەو بــاوکی) دا گفتوگۆیەکان بەڕێوەدەچن،ڕووداو بابەتێکی کۆمەڵایەتییەو دەرخستنی رادەی دواکـەوتن و

بـێ ویـژدانیی کەسـانێکن، کـە بـۆ پـارە هـەموو شـتێك دەکـەن، ئـەو رووداوە بریتییـە لـە کارەساتێك ئەویش مارەکردنی کچێکی دوانـزە سـاڵانە لـە پیـاوێکی پـیری حـەفتاو شـەش ساڵی، ململانێیەکی توند لەنێوان ئەو کچە گەنجەو مامەی پـیر هەیـە کـە بـە نائومێدبوونی مامەی پیر کۆتایی دێت. کۆرس لەکۆتایی چیرۆکە شیعرییەکەدا لەزاری ( سەر مەشقی پیرە ژیرەکان) ئامۆژگاریی بە تەمەنەکان دەکەن ئاگاداریان دەکەنەوە لـە دەرئەنجامـەکانی ئـەو هەڵانـە. هـەروەها شـوێنی ئـەو رووداوەش کـە چـیرۆکە شـیعرییەکەی لەسـەر بنیـاتنراوە ، کۆمەڵگەی کوردییە کە وەکو نەریتێك پەیرەوی لەم جۆرە دیاردانە دەکات.

## لە شیعری دەمەتەقێدا :

لـە ئـەدەبی کوردیـدا شـێوەیەك لـە شـیعر دەبینرێـت کـە لـەرووی دارشـتن و رەگـەز پێکهێنەرەکانییەوە، گەلێك لە شیعری شانۆیی نزیك دەبێتەوە، ئـەو جـۆرەش بـە (شـیعری دەمەتـەقێ) ناسـراوە،ئەم نـاوەش خـۆی لەخۆیـدا واتاکـەی دیـارە کـە پشتبەسـتنە بـە دەمەتەقێیەك،کـە شـاعیر بـۆ گەیانـدنی بیرۆکەکـەی خـۆی پـەنای بـۆ دەبـات و دەقـە شیعرییەکەی لە بۆتەی دیالۆگێکدا دادەرێژێت، ئـەو دیالۆگـەش لـەنێوان دوو کـەس یـاخود زیاتر ئەنجام دەدرێت.بوونی دیالۆگێك کە سەرتاپای دەقی شیعرەکەی دادەگرێت، بـوونی کەسـایەتی و رووداو و ململانـێش دەسـەلمێنێت،کە لـە رەگـەزە سـەرەکییەکانی شـیعری شانۆیین.ئەم جۆرە شیعرەش مێژوویەکی دێرینـی هەیـە و لـەنێو ئـەدەبی کوردیـدا رەگـازۆ بووە و بەچەندین شێوەی جیاواز رەنگرێژ بووە:

١ـ ئەو شیعرە دەمەتەقێیەی کە کەسایەتییەکانی بـریتین لـە شـاعیر خـۆی و کەسـێکی بەرامبەری، واتە شاعیر راستەوخۆ بەناوی خۆیـەوە بەشـداری لـە بـەرێوەبردنی دیالۆگەکـە لەگەڵ کەسی دووەمدا دەکات و لەرووی ناوەرۆکەوەش مەبەسـتەکانی دڵداری و ئـایینی و نیشتمانەپەروەرەی ...هتد لەخۆ دەگرێت. بۆ نموونە شاعیری میللی (عەلی بەردەشانی) لە شیعرێکیدا بەناوی (کاروانی مەرگە) خۆی وەکو کەسایەتییەك لەگـەڵ کچێك بەشـداری لـە دیالۆگ ورووداوەکاندا دەکات:

کچ:

ئەی هەتیوەی ئەوی لەوێ          هەتیو ئەوە ئــاوە لــەوێ

گەر برسیتە نانە لـــەوێ دەنا دزی بـــڕۆ لـــەوێ

عەلی:

نە تینووم و ئـــاوم دەوێ نە برسـیم و نـــانم دەوێ

دزیش نیم و نارۆم لـــەوێ ماچی دوو کوڵمەی تۆم دەوێ

دیوانی عەلی بەردەشانی ل٧٢

٢- دەقی شـیعرەکە لەسـەر شـێوازی پرسـیار و وەڵام بنیـاتنراوە کـە کەسـایەتییەکانی ڕەنگە هەر شاعیر خۆی و کەسێکی دیکە بن ، یاخود دوو کەسایەتی بن و یەکێکیان پرسیار بکات و ئەوی دیکەش وەڵام بداتەوە. مەرجیش نییە کەسایەتییەکان ناوی تایبـەتی یـاخود گشـتییان هـەبێت و ڕەنگـە هـەر ناویشـیان نـەبێت و تـەنیا لـەڕێگای پرسـیارکردن و وەڵامدانەوەکانەوە کەسایەتییەکان دیار بکەون، مەبەسـتیش گەیانـدنی زانیارییـە ، یـاخود مەبەستێیکی نەتەوەیی و نیشتمان پەروەریی ، یاخود کۆمەڵایـەتی دەوروژێـنن . بۆنموونـە بێکەسی شاعیر لە دوو توێی دەقێکی پرسیارو وەڵامئامێزدا ، بیرێکی نەتەوەیی دەردەبڕێت و پەروەردەیەکی نیشتمانی رادەگەیەنێت:

تۆ چیت؟ من کوردم نەتەوەی گوردم

خۆ ترسنۆك نیت؟ حاشا نەبەردم

چی تۆی لەناوبرد؟ دوودڵی و نیفاق

چۆن رزگار ئەبی؟ هەر بە ئیتیفاق

بڵێ چیت ئەوێ؟ بەرزیی وەتەنم

دیوانی بێکەس ل ١٨٥

٣- زیاتر لە کەسایەتییەك بەشداری لە تـانوپۆی داڕشـتنی دەقـی شـیعرەکە دەکـەن و هـەر یەکێکیان ڕۆڵێکی دیاریکراوی خۆی لەنێو ململانێ و ڕووداوەکاندا وەردەگرێت و بەپێی ئـەو ڕۆڵەش بەشی لـە دیالۆگـەکانی نێـو دەقەکـەدا بەردەکـەوێت. سـەرەڕای ئەمـەش پاڵـەوانی سـەرەکی زیـاتر بەرچـاوتر دەبێـت و لەپاڵەوانـەکانی دیکـەی کـە لاوەکـین دەناسـرێتەوە. بۆنموونـە قـانعی شـاعیر لـە( دڵـداری لادێ دا" کەشـیعرێکی دەمەتەقێیـە و بـاس لـە خۆشەویستی و بەیەکگەیشتی دڵخوازان لە لادێدا دەکات:

پەریخان: بێفەر ئەو باڵا و ئەو قول و قاچە

وەم رۆژە روونە کەی وەختی ماچە؟
عالەم دیارە، ئابڕوومان ئەبەن
لــە ئاواییدا ئەمانکەن وەپەن
شەریف: ئەمجا کوڕ ئەڵێ گیانی شـــیرینم
بــەوەڵڵا بۆ تــۆ، دڵ ئـــــاگرینم
ئەمەشەو وادەمان کەلاوەی لامالّ
بگەین بەیەکتر، سا بەهەر ئەحوالّ
باوك: کەوتە بەیانی مامە رەمـــــەزان
کەوشی کردە پێ، کۆڵان بە کـۆڵان
سۆفی مەولان و کاکە ئەوڕەحمان
کوێخا باوەیس و لالــــە نەریمان
بۆ مالّ مام مراد سەرپاکی بردن
بۆ دەنگ و باسـی خوازبێنی کردن

دیوانی قانع ل ٤٢٨-٤٣٥

لەو دەقەدا رووداو و دڵداریی کور و کچێکی لادێ و چـۆنییەتی خـوازبێنی کردنییـەتی، چەند کەسایەتییەکیش بەشدارییان تێیدا کردووە، پاڵەوانی سـەرەکی ئـەو دەقـە شـیعرییە دوو کەسـایەتی (پـەریخان و شـەریف) و پاڵەوانـەکانی دیکـەش دایـك و باوکیـان و چـەند کەسایەتییەکی دیکەی دێیەکەیانە.

## فۆرمەکانی شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا

لە دێرزەمانەوە میللەتی کورد هەروەکو میللەتەکانی دیکە، خاوەنی ئەفسانەو داستان و حیکایەت و داب و نەریتی تایبەت بەخۆی بووە، ئـەو داب و نەریتانـە رەنگدانـەوەی هـزر و ژیـاری مرۆڤـی کـورد بـوو، کـە لـە ژیـانی رۆژانـە و بۆنـە و جەژنەکانـدا ئەنجامـدراون. لـەو نەریتانەدا چەندین رەگەز و بنەما سەرەکییەکانی فۆرمەکانی شیعری شـانۆیی لـە ئـۆپێرا و ئۆپەرێت بەدی دەکرێن کە خۆڕسکانە میللەتی کورد بـەکاریهێناوە کـەخۆی لەچوارچێوەی دەقێکی شیعری و ئاواز و گـۆرانی و هەڵپـەرکێ و سـەمادا دەبینێتـەوە، بـەڵام هـەموو ئـەو

بنەمایانـە نەبوونەتـە هۆکارێـك بـۆ هێنانەکایـەوەی ئـۆپێرا و ئۆپـەرێت، بـەڵکو هـەر لـە چوارچـێوەی چـالاکییە میللییەکانـدا ماونەتـەوە و لـەو سـنوورە تێنەپـەڕیووە. بۆیـە سەرهەڵدانی هونەریی ئۆپێرا و ئۆپـەرێت وەکـو دوو شـێوەی شـیعری شـانۆیی لـە ئـەدەبی کوریدا تا سەرەتای سەدەی بیستەم دواکەوتووە، ئەمەش گەلێکی هۆکاری تایبـەتی خـۆی هەیە، لەوانە:

١ـ سیسـتەمی کۆمـەڵایـەتیی کۆمـەڵگای کـوردی، سیسـتەمێکی داخـراو بـووە. جـۆرە ڕێوشـوێنێکی تایبـەتی رۆژهەڵاتییانـەی هـەبووە کـە بـوونی ئـەو جـۆرە نمایشـانە قبـوڵ ناکەن.بەمەش دەرفەتی سەرهەڵدانیان لەنێو بۆتەی ئەو جۆرە سیستەمە زۆر لاواز دەبێت. بـەو پێیـەی کـە ریتمـی ژیانیـان سـادەو سـاکار بـووە و سروشـتێکی سـەختی ئیشـکردنی بەخۆیەوە بینیووەو دەرفەتی پشوودان و خۆشگوزەرانیان بۆ نەلواوە تاوەکو ئەو هونەرانە بهێتە ناسین و دەرفـەتی سـەرهەڵدانیان برخسـێت. لەکاتێکدا لـە ئـەورووپا هـەر لـەزووەوە پێکهاتـەی سیسـتەمی کۆمەڵایـەتییان دەرفـەتی سـەرهەڵدان و نەشـونماکردنی ئـەو جـۆرە هونەرانەی رەخساندووە.

٢ـ مۆسیقای کوردی بەو شێوەیە پێشکەوتوو نـەبووە، تـاوەکو لەتـەك دەقـی شـیعریدا بەشداری بکات و زەمینەسازییەك بۆ سەرهەڵدانی ئۆپێرا و ئۆپەرێت دروست بکەن، زۆربەی هەڵپـەرکێ و سـەماکردن و کـات بەسـەربردنەکان بـە چـەند ئـامێرێکی مۆسـیقی دیـاریکراو ئەنجامدراوە،لەوانە دەهۆڵ و زورناو شمشاڵ و بلوێر و...هتد،بۆیە تا سـەردەمانێکی زووش مۆسیقای کوردی لە بواری دانانـدا نـەبووە دەرنـگ هەڵکـەوتنی رۆشـنبیریی مۆسـیقاییی،کە خوێندنیان باو نەبووە و مۆسیقازانی ورد وزاناش هەڵنەکەوتووە([1])،بەڵکو لەبزاڤی مۆسـیقا لە سەرەتایەکی زۆر بچووکدا بووە و نـەتوانراوە بگاتـە ئـەو ئاسـتە و تـا ئێسـتاش هونـەری مۆسـیقای کـوردی لـە پاشـکۆی گۆرانییـە و گۆرانیبێـژ دێـت و مۆسـیقای لـەدواوە لـێ دەدەن([2]).

---

[1] - کەمال رەئووف محەمەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، سلێمانی ٢٠٠٠، ل ٥٤٢.

[2] - چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد سالار، لە ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان، کاتژمێر (١٠)ی سەرەلەبەیانی ڕێککەوتی (٣١\١٢\٢٠٠٩).

٣ـ هونەری ئۆپێرا، هونەرێکی باڵایەو پێویستی بە گۆرانیبێژی ئۆپێرالییە، کە لەنێو کوردا نەبووە. جیا لەوەی پیشەی گۆرانی گوتن لەنێو کوردا تا سەردەمانێك بەچاوێکی بەرزەوە سەیری لێ نەکراوە و پیشەیەك بووە زیاتر ئارەزوومەندانە بووە، نەك پیشەیەك بێت بەهۆیەوە ژیانی گۆرانی بێژەکە دابین بکات، بۆیە دەبینین لە دیوەخانەکاندا لاوك و حەیران هەبووەو کەسانێك بەگوێرەی دەنگ خۆشی و ئارەزوومەندییەوە بەمەبەستی کات بەسەربردن، لاوك و حەیرانیان گوتووە. لەبەر ئەوە گۆرانی گوتن زۆر لەسەرخۆ و بەپێی ئارەزووی کەسایەتییەوە گەشەی کردووە. لەو گەشەکردنەشیدا نەگەیشتۆتە ئاستێکی وا، کە بە گۆرانی بێژی ئۆپێرالی بناسرێت.

٤ـ ئۆپێرا و ئۆپەرێت ، پێویسیتان بە هونەرێکی باڵای دانس هەبووە، کە هەرچەندە هەڵپەرکێ رەشبەڵەك لەنێو کوردا بوونی هەبووە، بەڵام هەر لەچوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەدا ماوەتەوە و گەشەی نەکردووە تا ببێتە هونەرێکی سەماکاری.لەبەر ئەوەی پێکهاتەی سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی ئەو جۆرە هونەرە قبوڵ ناکات(١).

٥ـ نووسەرو شاعیرەکانی کورد، هەر لەبنچینەدا نووسەرێکی پیشەمەندی تایبەت بە بواری نووسینی شانۆ، واتە درامانووس نەبوونە، بەڵکو وەکو چینێکی دەستەبژێر و خوێندەوار ورۆشنبیر لە ئەنجامی هەستکردن بە پێویستیی بوونی ئەو جۆرە هونەرانە لەنێو ئەدەبی کوردیدا وەکو پێداویستییەکی سەردەمیانە و بەپێی ئەزموون و شارەزایی و لێهاتوویی خۆیانەوە. ئەسپی خۆیانەوە لەم بوارەدا تاو داوە.

٦ـ بەو پێیەی، کە ئۆپێرا و ئۆپەرێت بەشێکن لە شانۆی گۆرانی ئامێز، بۆیە دەرنگ سەرهەڵدانی ئۆپێرا و ئۆپەرێت پەیوەستە بە درەنگ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی شانۆیی کوردییەوە،چونکە نووسینی دەقی شانۆیی بۆ ئەوەیە، کە نمایش بکرێت، کاتێك نمایشکردن بوونی نەبێت، ئیدی هاندەرێك نامێنێتەوە تا نووسەران و شاعیران دەقی شیعری شانۆیی بەرهەم بهێنن.

لەبەر ئەم هۆکارانەی سەرەوە، سەرهەڵدان و لەدایکبوونی ئۆپێرا و ئۆپەرێت لە ئەدەبی کوردیدا ماوەیەکی زۆری پێویست بوو، تا زەمینەی بۆ بێتە سازکردن و کەرەستەکانی

---

١- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد سالار ، لە رێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان، کاتژمێر (١٠)ی سەرەلەبەیانی رێککەوتی (٣١\١٢\٢٠٠٩).

دەستەبەر بکرێن و باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و رۆشنبیری گونجاو بێت، تا بەو شێوە هونەرییەی کە لە ئەوروپا سەریهەڵدا، لەناو ئەدەبی کوردیشدا بێتە کایەوە. بێگومان سەرهەڵدان و لەدایکبوونی هەر هونەرێك پەیوەستە بە بارێکی شارستانی دیاریکراو هەیـە، ئەو بارە شارستانییە دیاریکراوە هەمیشـە لـەو کاتـەدا دێتـە کایـەوە کـە بزووتنەوەیـەکی گۆڕانکاری لەخۆ بگرێت و هەنگاو بەهەنگاو بەرەو پێشەوە بڕوات و لەگەڵ خۆیدا پێکهاتەی سیسـتـەمی کۆمەڵایـەتی و ئـابوری و سیاسـی و کـارگێڕی هەڵتـەکێنێت و لەجێگایـدا پێکهاتەیـەکی تـەواو جیـاواز بهێنێتەکایـەوە، کـە کاریگـەریی لەسـەر پێکهاتـە و جـۆری بیرکردنەوەی لەلای تاکەکان دروست بکات، دیـارە سـەرەتای سـەدەی بیستـەم کۆمـەڵگای کـوردی لـەنێو دۆخێکـی گۆڕانکارییـدا رۆژگـاری تێپـەڕکرد، کـە بـارێکی شارسـتانی ئـەوتۆ هاتەکایـەوە، پێویسـتی بـە گـەلێك هۆکـاری دەربڕینـی نـوێ هـەبوو، لەوانـەش ئـۆپێرا و ئۆپەرێت.

ئـۆپـێرا:

یەکەم هەوڵی نووسینی دەقی ئۆپێرا لە ئەدەبی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٥٩)، کاتێك (گـۆران)ی شاعیر ئۆپێرای ( ئەنجامی ئـەژدەهاك)ی نووسـی. مەبەسـت لـە هـەوڵی نووسینی دەقی ئەو ئۆپێرایە ، دیارە بەبۆنەی جەژنی نـەورۆزی ئـەو ساڵەدا بـووە تـا لـەو رۆژەدا پێشـکەش بکرێـت. گـۆران لـەو کارەشـیدا لەگـەڵ هونەرمەنـد و گۆرانیبێـژ ( قـادر دیـلان) رێککەوتووە بـۆ ئـەوەی ئـاواز بـۆ دەقـی شیعرییەکە دابنێـت و وەکـو ئەکتـەرێك بەشداری لە نواندنیدا بکات و دەقە شیعرییەکە بە گۆرانی بڵێتەوە. (گـۆران) خـۆی باسـی ئەمە دەکات و دەڵێت :

( یەك دوو هەفتە پێش جەژنی نەورۆزی ئەمساڵ (١٩٥٩) لەگەڵ هونەرمەنـدی بـەهرەدار کـاك قـادر دیـلان بڕیارمـان دا کـە پێکـەوە تەقـەلا بـدەین بـۆ بەرهەمهێنانی پارچەیەکی هونەری بۆ ئەوەی لە جەژنی باسکراودا پێشکەشی گـەلی شـارە خۆشەویسـتەکەمانی بکـەین. بـەری تەقـەلای مـن لـەم پێنـاوەدا بیرکردنـەوە بـوو لـە دانـانی ئۆپێرایـەك کـە ئەمـەی لای خـوارەوە یەکـەم پەردەیەتی) ([1])

[1]- دیوانی گۆران ، چاپی دووەم ، بلاوکراوەی پانیز ـ١٣٨٥ — تهران . ل ٢٦٢,

(گـــۆران) یەکەم شاعیری کوردە، کە بـیری لـە داهێنـانی ئـۆپێرا لـە ئـەدەبی کوردیـدا کردبێتـەوە و هـەوڵ و تەقـەلای نووسـینی دابێـت، هـەورەها (قـادر دیلان)یـش بـە یەکـەم هونەرمەند وگۆرانیبێژ لەقەڵەم دەدرێت، کە بیری لە نواندن و ئاوازدانان و گـوتنی گۆرانیی بـە شـێوەی ئـۆپێرالی کردبێتـەوە. ئـەو شـاعیرە و هونەرمەنـدە بـۆ بـە ئـەنجام گەیانـدنی مەبەستەکەیان، بەرنامەی کاری خۆیان دانابوو. (گـۆران) بەم شێوەیە بەرنامەی کارکردنی یەکەم ئۆپێرای کوردی دەگێڕێتەوە:(لەبـەر کـەم کـوریی ئـەو کاتـەی بەدەستمانەوە بـوو، بڕیارمان دابوو کە ئەو بۆ ئەو پەردەیە دەست بکات بە دانانی ئـاوازە و پراوەکـردن لەگـەڵ تیپی ئاوازە و تیپی تەمسیل تا من لە دانانی پەردەی دووەم ئەبمەوە، و بەم جـۆرە بـڕۆین تا ئۆپێراکە ئەگاتە ئەنجام) [1].

بەمشێوەیە (گـۆران) ئەو بەڵێنەی، کە دابـووی بردویەتیـە سـەر و یەکـەم پـەردەی لـە ئۆپێرایەکەی تەواوکردووە، بەڵام هونەرمەند( قـادر دیـلان) بەڵێنەکەی جێبەجێ نەکردووە. گـۆران دەڵێت:

( .. بەڵام داخەکەم کاك قادر بۆی نەکرا بەڵێنەکەی بێنێتەجێ . ئەمە بوو بەهۆی ساردبوونەوەی منیش، وە بەم رەنگە دەستم لە پرۆژەکە هەڵگرت) ([2]) .

دیارە( گـــۆران) بـەداخ و حەسـرەتەوە دەسـتی لـەو پرۆژەیـەی خـۆی، کـە بریتییـە لـە بەرهـەمهێنانی یەکـەم دەقـی ئـۆپێرای کـوردی هەڵـدەگرێت. ئەمـەش بـەهۆی ئـەوەی کـە هونەرمەند قادر دیلان بەڵێنەکەی بەجێنەهێناوە. ئەوەی لێرەدا تێبینـی دەکرێـت ئەوەیـە، کـە (گـــــۆران) هۆکـاری تـەواو نـەبوونی پرۆژەکـەی روونکردۆتـەوە، کـە ئامادەنـەبوونی هونەرمەنـد (قــادر دیــلان) بـووە، بـەڵام هۆکارەکـانی بەجێنـەهێنانی ئـەو بەڵێنەی،کـە هونەرمەند قادر دیلان دابـووی، روون نەکردۆتـەوەو دیـار نییـە بۆچـی هونەرمەنـد وازی لـە پرۆژەکـە هێنـاوە؟!. لەگـەڵ ئەوەشـدا (گــــۆران) بەیـەکجاری وازی لـە ئەنجامـدانی ئـەو پرۆژەیـە نـەهێناوە، بـەڵکو هـەر لـەو سـاڵەدا ئـەو تاکـە پەردەیەی،کـە لـە ئۆپێرایەکـەدا نووسـیبووی لـە بـەرگی دووەمـی گۆڤـاری (بەیــان) ژمـارە (٤)ی مـانگی ئایـار، کـە بەسەرپەرشتی خۆی لەسلێمانی دەردەچوو، دەخاتـە پـێش چـاوی خوێنـەران و داواش لـە

[1] - هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٢٦٢.

[2] - هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٢٦٢.

مۆسیقار و هونەرمەندانی کورد دەکات، کە ئەگەر پشتگیری بکەن و لەگەڵ بەشداری بکەن، ئەوا پرۆژەی یەکەم ئۆپێرای کوردی تەواو دەکات:(ئێستاکە پـەردەی یەکـەم لـە ئـۆپێرای ناتەواو ئەخەمە پـێش چاوی خوێنـدەوارانی (بەیـان)، ئەگـەر لەهونەرمەنـدەکانمان ـ بـە مۆسـیقار و ئاکتۆرەکانـەوە ــ هانـدان و بـەڵێنێك ببیـنم بـۆ پشـتگرتن و هاوکـاری لەسـەر پێگرتنـی پـرۆژەدا، ئـەوا ئامـادەبوونم پێشـان ئـەدەم بـۆ تێهەڵچـوونەوە و تـەواوکردنی پەردەکانی تر) [1].

وا دیارە کەس بەدەم بانگەوازەکەی (گـۆران)ەوە نەچووە، بۆیـە ئـەو پرۆژەیـە تـەواو نەکراوەو بەمـەش هـەوڵی نووسـینی یەکـەم ئـۆپێرا لـە ئـەدەبی کوردیـدا هەرەسـی هێنـا و بەئەنجام نەگەیشت. ئەوەی لە پاش ئەم هەوڵەیش بۆمان بەجێمابێت تەنیا یەك بەشی ئـەو کارەیە،کە بە نیوەچڵی بەجێماوە، بۆیـە ئێمـە لێـرەدا ناچـارین لەچوارچێوەی ئۆپەرێتـدا مامەڵەی لەگەڵدا بکەین. هەر چەندە هەندێك لە نووسەر و لێکۆڵەرەکان هەر بە ئۆپێرا ناوی دەهێنن، بۆنموونە کاکەی فـەللاح لەبـەرگی یەکـەمی (کـاروانی شـیعری نـوێی کوردیدا)ئـەم بەرهەمە هەر بەئۆپێرا ناو دەهێنێت و دەڵێت:(وێنەی ئـەم داهێنانـەش شـیعری شـانۆگەری (ئـەنجامی ئـەژدهاك)ە، کـە لەشـێوەی ئـۆپێرا دایـە و وەك دیـارە نیـازی بەرهـەمێکی شانۆگەرییانەی دوور و درێژی هەبووە)[2]. لەراستیدا (گـۆران) مافی خۆیەتی نـاوی ئـۆپێرا یاخود هەر ناوێکی تر، کە خۆی بەشیاوی زانیوە لە بەرهەمەکەی خۆی بنێت، چونکە وەکو خۆی روونی کردۆتەوە، کە نەخشەو پلانی وا داناوە کە ئۆپێرایەك بنووسێت، لێ بەداخەوە لەبەر هەر هۆیەك بێت ، تەنیا بەشێکی تەواوکردووە ، و ئەگەر تەواوکرابا، ئەوا (گـۆران)ی شاعیر دەبـووە خـاوەنی یەکـەم دەقـی ئـۆپێرای کـوردی و لـەم ڕووەوە کـورد زۆر لـەپێش ئەدەبیاتی عەرەبی عێراقی، کە یەکەم ئۆپێرایان لەم ساڵانەی دواییدا نووسیووە*، خاوەنی ئۆپێرا دەبوو.بۆیـە پێمـان وایـە ئـەم دەقـەش هـەر بـە ئۆپـەرێت لەقەڵـەم بـدرێت، چـونکە تەواونەکراوە و رووداوەکانی لەسەرەتادان و بێ کۆتایی و بێ ئەنجامە.

---

[1] - س.پ ، ل٢٦٢.

[2] - حەمە حەمەئەمین قادر( کاکەی فەللاح)، کاروانی شیعری نوێی کوردی.ل ٦٧.

* یەکەم ئۆپێرای عەرەبی لە عێراقدا لەساڵی (٢٠٠٩)دا بەناوی ( سنمار، اول اوبرا عراقی) بلاوکراوەتـەوە، بروانە : گ شانۆ ، ژ ١٢ ئازاری ٢٠٠٩. ص ١٦٩-١٧٢.

## ئــۆپەرێت:

لەسەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا، ئۆپـەرێت وەکـو هونـەرێکی هاوچـەرخ و شـێوەیەك لـە شێوەکانی شـیعری شـانۆیی لـە ئـەدەبی کوردیـدا لـەدایکبوو و بـەخێراییش بڵاوبوویـەوە. سەرهەڵدانی ئـەو جـۆرە هونـەرە هەرچـەندە پەیوەسـتە بـەو رگاژۆیـەی کـە لـە ئەفسـانەو داستان و کەلەپوور و داب ونەریتی کوریدا هەبووە، هەر لەو کاتەشدا پەیوەستە بەو تەوژمە نوێخوازییەی، کە رووبەرووی ئەدەبی کوردیی هاتنەوە و سەر لـەنوێ لەسـەر چـەند پایـەك دارێژرایەوە.

گۆڕانی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و هاتنەکایەوەی دیدگای نـوێ و تێروانینـی هاوچـەرخانە بـۆ روانگـەکانی ژیـان، هانـدەرێکی بـاڵابوون بـۆ ئـەوەی شـاعیران دەسـت بەریفۆرمێك بکەن بۆ نوێکردنـەوەی شـیعری کـوردی، ئـەو پرۆسـەی نوێکردنەوەیـە، بـووە خولقاندنی زەمینەسازییەك بۆ لەدایکبوونی ئۆپەرێت. بۆیە دەبینین یەکـەم دەقـی شـیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا بـە ئۆپـەرێتی ( ئینتیبـاه)ی شـێخ نـوری شـێخ سـاڵح دەسـت پێدەکات. دیارە دەستپێکی شیعری شـانۆیی لـە ئـەدەبی کوردیـدا بـە شـێوەی ئۆپـەرێت، جێگـەی پرسـیارە، لەهەمانکاتیشـدا دەرگاکردنـەوەی ئـەدەبی کوردییـە بـەرووی هونـەرە هاوچەرخەکانی جیهان و ئەزموونکردنی رێگـاو شـێوازی نوێیـە بـۆ دەربـڕین لـە کێشـەکانی ژیان. بەمجۆرە سەرهەڵدانی شیعری شانۆیی و ئۆپەرێت، هۆکارگەلێکن بۆ کۆتایی پێهێنانی باڵادەستی شیعر وەکو تەنیا شێواز و رێگایەك لەبەر دەستی شاعیران بۆ ئەوەی بەهۆیـەوە دیـدگای خۆیـان لەمـەڕ بابەتـەکان بخەنەگـەڕ.دیارە پـەنابردنی شـاعیران بـۆ بـەکارهێنانی تەکنیك و کەرستەکانی ئۆپەرێت، بەتایبـەتیش لای (شـێخ نـوری شـێخ سـاڵح)بۆ نووسـینی یەکەم دەقی شـیعری شـانۆیی، گونجـانی تـەکنیك و کەرسـتەکانی ئـەو هونەرەیـە لەگـەڵ سروشتی کۆمەڵگای کوردی، بەتایبـەتیش لـە رووی ئـاواز و گۆرانییـەوە، کـە زیـاتر گـوێگر بۆخۆی کۆ دەکاتەوە. لێرەوە دەتـوانین چـەند هۆکارێـك دەستنیشـان بکـەین، کـە رۆڵیـان لەسەرهەڵدانی ئۆپەرێت لەئەدەبی کوردیدا هەبووە:

١ـ بەو پێیەی، کە ئۆپەرێت لەرووی نواندنەوە،دەچێتە خانەی شانۆگەریی گـۆرانی ئـامێز، بۆیە سەرهەڵدانی لەئەدەبی کوردیدا پەیوەستە بە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی شانۆ، کە رێگا خۆشکەرێك بوو بۆ سەرهەڵدانی ئۆپەرێت.

٢ـ دامەزراندنی قوتابخانە فەرمییەکان، هۆکارێکی سەرەکی و زەمینەکی بە پیت بوون بـۆ سـەرهەڵدانی ئۆپەرێت،چـونکە لەلایەکـەوە ئـەو قوتابخانانـە ڕۆڵـی هـۆڵی شـانۆییان لـەو سەردەمدا دەگێڕا کە نەك هەر قوتابی و مامۆستا، بـەڵکو خـەڵکانی دەرەوەش بـۆ بینینـی نمایشەکان دەهاتن. لەلایەکی دیکەشەوە، قوتابیان و مامۆستایان خۆیـان وەکـو ئەکتـەر و دەرهێنەر بەشـدارییان لـە نواندنیـدا دەکرد،بۆیـە دەبیـنین کـە یەکـەم نمایشـی ئۆپـەرێتی کوردی لەنێو قوتابخانەدا بووە.

٣ـ پرۆسەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی و ڕزگاربوون لە کۆت و بەندەکانی کلاسیکییەت و هەنگاونان بەرەو فۆرم و ناوەرۆکی نـوێ و سـەردەمیانە و پـەنا بردنـە بـەر بـەکارهێنانی کێشی پەنجەیی( هیجا)، شیعریان زیاتر لە ڕۆحی سەردەم نزیك کردەوە وشـاعیریش زیـاتر دەستکراوەتر بوو بۆ دەربڕینی هەست و سۆزەکانی خۆی ، ئەمانەش یارمەتیـدەرێك بـوون بۆ دەستکراوەیی شاعیر لە نووسینی ئۆپەرێتدا.

٤ــ سـەرهەڵدانی سـروود*،هەر لـەو سـەردەمەدا سـروود وەکـو ژانرێکـی شـیعری نـوێ سەریهەڵدا،کە بریتییە(لە شیعرێکی لیریکی بەزمانێکی ئاسانی ئەوتۆ کە بکرێتە گۆرانی یـان زوو بەزوو ئەزبەر بکرێت بـۆ منـداڵان و قوتابیـان، ئەمـەش بـۆ دەربڕینـی ناوەڕۆکـە بـەرزە ئەخلاقییەکان و شانازییە نەتەوەییەکان و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان و ئامۆژگارییەکان) ([١]).

ئەمەش فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ سەرهەڵدانی ئۆپەرێت، چونکە سرود و ئۆپەرێت لەرووی مۆسیقییەوە یەکدەگرنـەوە، هـەردووکیان پێویسـتیان بـە ئـاواز دانـان و گوتنـەوەی جـا چ بەشـێوەیی تـاك و لەلایـەن گۆرانیبێـژ یـاخود بەشـێوەی کـۆرس بێـت تەنانـەت زۆرێـك لـە شاعیرانی ئەو سەردەمە بەرهەمی ئۆپەرێتەکانیان لەگـەڵ بەرهەمـە سـروودەکانیان تێکـەڵ

---

[١]- فەرهاد پیرباڵ، شیعری نوێی کوردی ١٨٩٨-١٩٥٨، ل ٨٧.

* سـروود ڕۆڵێکـی گرنگـی گێـراوە لـە تازەکردنـەوەی سیسـتەمی کـێش و سـەروای شـیعری کوردیـدا، سەرهەڵدانیشی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، بەتایبەتیش،کە قوتابخانەی ڕوشدییەی عەسـکەری لە سلێمانی هەموو بەیانیان سروودی تورکییان دەخوێندەوە. ئەمەش کاری کردە سەر شاعیرانی کورد و هەوڵی لاساییکردنەوەی ئەو سرووده تورکییانەیاندا، عەبدوڵڵا زێوەر( ١٨٧٥-١٩٤٨) ئـەو شـاعیرە بوو،کـە لەسـەر دەستی ئەو سروود وەکو ژانرێکی شیعری نوێ هاتە نێو ئەدەبی کوردی و لەرێگای ئـەو سـروودانەی، کـە بـۆ منداڵان و قوتابییان دایناوە، سەرەتاکانی ئەدەبی منداڵانی کوردی دامەزراند.

دەکرد.هەروەها لێکۆڵەرەکانیش لەکاتی کۆکردنەوەو ئامادەکردنی دیوانی شاعیراندا، گەلێك جاران سروودو ئۆپەرێتەکانیان لەبەشێکدا کۆدەکردەوە و بەیەکەوە دایاندەنان. بێگومان ئۆپەرێت لەرێگای سروودەوە کەناڵێکی گرنگی دۆزییەوە بۆ چوونە پێش و گەشەکردنی.

٥ـ ئۆپەرێت بەسروشتی خۆی لەچاو ئۆپێرا دا سادەترە، بەهۆیەوە شاعیران زیاتر دەسەڵاتیان بەسەردا شکاوە و لەهەمانکاتیشدا لەرووی نواندنەوەش وەکو ئۆپێرا قورس نەبووە، تەنانەت کەسێکی دەنگخۆش و بە ئاوازێکی سادە دەیتوانی دەقەکە بە گۆرانی بڵێتەوە. ئەم سادەییەی ئۆپەرێت لە نووسین و نواندندا بووەتە هۆکارێك بۆ بڵاوبوونەوەی، پێچەوانەی ئۆپێرا، کە کاری نووسین و نواندنی قورسن و لەبەر ئەو هۆکارەش یەکەم کاری ئۆپێرای کوردی هەرەسی هێناوە.

٦ـ خودی شاعیرەکان خۆیان رۆڵیان لە بەرەوپێشبردنی ئەدەبی کوردیدا گرنگ بووە، چونکە ئەو شاعیرانە خاوەن بەهرەی رەسەن و زەمینەیەکی رۆشنبیریی پتەو و بەرفراوان بوون، هەروەها بەهۆی زانینی زمانی بیانی و شارەزابوون و بەداوداچوونی باری رۆشنبیریی نەتەوەکانی دراوسێدا، هەستیان بە پێویستبوونی ئەو جۆرە هونەرانە لەنێو ئەدەبی کوردیدا کردووە و ئارەزووی ئەوەیان کردووە کوردیش وەکو هەموو میللەتانی دیکە، خاوەنی چەندین جۆرە هونەر بێت ، لەمبارەشەوە هەوڵیان داوە و چەندین ژانری دیکەیان هێناوەتە نێو ئەدەبیاتی کوردییەوە.

٧ـ وەرگێران رۆڵێکی راستەوخۆی لە ناساندنی ئۆپەرێت وەکو هونەرێکی هاوچەرخ گێرا. بەتایبەتیش کە رووناکبیرەکانی ئەو سەردەمە، کە زمانەکانی ئەورووپیان دەزانی، دەستیان بە وەرگێرانی ئەدەبیاتی رۆژئاوا کرد و لەسەر رووپەری رۆژنامەکانی ئەوسا بڵاویاندەکردەوە (وەرگێران رۆڵێکی گرنگی دیوە لە مێژووی درامای کوردی و گەشەسەندنیدا جا وەرگێرانی دەقەکانی درامای عەرەبی و جیهانی بووبێت یا وەرگێران لێکۆڵینەوەو باسی ئەدەبی بوو بێت کە تایبەت بووە بە ئەدەبی دراما. ئەو وەرگێرانانە بەهایەکی گرنگی هەیە،چونکە ئەو ئەدەبەیان بەکورد ئاشناتر کردووەو کاریشیان کردۆتە سەر رەوتی گەشەسەندنی دراما)[١] و هەر لەمنداڵدانی ئەم بزووتنەوەیەی وەرگێرانیشدا، ئەو ژانرە نوێیە هاتە نێو ئەدەبی کوردییەوە.

[١] - سەلام فەرەج کەریم، گەشەسەندنی درامای کوردی لە (عێراق)دا لە ١٩٧٥-١٩٩٥، ل ٤٤.

**٨ـ دەقی شیعری ئۆپـەرێت بـەهۆی ئـاواز بۆدانـانی، بەئاسـانی و بـێ گـرێ وگـۆڵ لەلایـەن ئەکتەرەکانەوە لەبەر دەکرێن، لەبەر کردنیان خۆشـترە، بەتایبـەتیش کـە ئـەو سـەردەمانە ئەکتەرەکان مامۆستایان و قوتابیان خۆیان بوونە و دەقـی شـیعری ئـاوازدار بـۆ تەمـەنێکی بچووکی وەکو ئەو قوتابیانە بۆ لەبەر کردن زۆر ئاسان و شیاوەبووە. ئەمەش بە یەکێك لەو فاکتەرانە دادەنرێت، کە بەهۆیەوە یەکەم دەقی شیعری بەشـێوەی ئۆپـەرێت لـە ئـەدەبی کوردیدا لەدایکبووە.**

**ئەو هۆکارانەی سەرەوە پاڵپشت و هاندرێك بوون بۆ سەرهەڵدانی ئۆپەرێت وەکو فۆرمێك لەفۆرمەکانی شیعری شانۆیی. بەم شێوەیە یەکەم دەقی ئۆپەرێت لە ئەدەبی کوردیـدا، کـە لەسەردەستی شێخ نوری شێخ ساڵح لەسـاڵی ١٩٢٥ دا، بەناونیشـانی (ئینتیبـاه)* لـەدایك دەبێت. (مەحمود زامدار) لە م بارەیەوە لـە (گۆشـەی دەنگـێ) لـە رۆژنامـەی (هاوکـاری)دا دەڵێـت:(لام وایـە ئەمـە یەکـەم دەسپێشـکەری و یەکـەم ئۆپـەرێتی کوردییـە، کـە بەشـیعر نووسرابێتەوە)([١]) .**

**دووبارە (مەحمود زامدار) لە کتێبی( دەروازەیـەك بـۆ ئـاواز و گـۆرانی کـوردی)، جـەخت لەسەر ئەم ڕایەی خۆی دەکاتەو پێیوایە ( کە یەکە هەولێ ـ بـە بۆچـوونی مـن ـ کـە وەکـو بەڵگەنامەیەکی نووسراو، بۆمان مابێتەوە، ئۆپەرێتی (دلاوەران)ە، کە لە ساڵی ١٩٣٠ و بە خامەی (ع.نوری) نەمر نەخشەی کێشراوە، کە خۆی لەخۆیدا، نیشانەیەکی سەوزی وەچەی**

---

* لەلایەن هەریەك لە ئازاد عەبدولواحید و ئەحمەد هەردی و محەمەدی مەلا کەریم و شـاکر فـەتاح، لـەدوای لێکۆڵینەوە و گفتوگۆیەکی زۆری نێوانیان لەسەر رووپەری رۆژنامە و گۆڤارەکان و هەروەها لـە کۆکردنـەوە و ئامادەکردنی دیوانی شێخ نوری شێخ ساڵحدا، بە بەڵگە ئەوە روونکراوەتەوە کە ئـەم ئۆپەرێتـە لـە نووسـینی شێخ نوری شێخ ساڵحە نەك بێخودی شاعیر، بەتایبەتیش ئـازاد عەبدولواحیـد لـە دیوانەکەیـدا زۆر بەچـڕی وبـەقوولی چـۆنە بـنج و بنـەوانی ئـەو مەسـەلەیەوە و بـیروڕای هەمووانیشـی بڵاوکردۆتـەوە بەبەڵگـەوە یەکەبەیەکەیانی شیکردۆتەوە و لە ئەنجامیشدا کێشەکەی یەکلایی کردۆتـەوەو ئـەوەی سـاغ کردۆتـەوە کـە یەکەم ئۆپەرێتی کوردی لەسەر دەستی (شێخ نوری شێخ ساڵح)دا لەدایکبووە.

[١]- محـمـود زامــدار، بەڵگەنامەیــەکی تــر( گۆشــەی دەنگــێ) ، رۆژنامــەی ( هاوکــاری)، ژمــارە(٣٥٥) لە١٦\٢\١٩٧٧، ل٥.

یەکـەمی بزووتنەوەیڕۆشـنبیریی کوردیمانـە)([1]).(ئازادعەبدولواحیـد)یش لەسـاغکردنەوە و کۆکردنەوەی دیوانەکـەی (شـێخ نـوری شـێخ سـالّح)دا، ( ئینتبیـاه) بـە یەکـەم ئۆپـەرێتی کوردی لەقەڵەم دەدات ودەڵێت:( ئەمە یەکـەم دەستپێشـخەرییە لـە بزووتنـەوەی هونـەری ئۆپەرێتدا)([2]).

ئەم ئۆپەرێتە لە بنچینەدا ئامادەکردنێك بووە لە دەقی ئۆپەرێتێکی فرەنسی، کە لە ژمارە (٢١) ی رۆژنامەی ( ژیانەوە) ساڵی (١) ، (٢٤)ی شەعبانی (١٣٤٣)، (١٩)ی مـارتی ١٩٢٥دا و پاشماوەکـەی لـە ژمـارە (٢٢) ی سـاڵی (١)، (١) ی رەمـەزانی (١٣٤٣)، (٢٦) مـارتی (١٩٢٥) بڵاوکراوەتـەوە، کـە بـە نـاوی ( ئینتیبـاه)ەو بـە پەخشـان نووسـراوە و لەلایـەن مـامۆسـتا( مەحموود جەودەت)ەوە کراوە بە کوردی، مـەحمود جـەودەت لـەم بارەیـەوە دەڵێت:(بینائەن عەلەیهی دەرحەق ئەم گۆرانییـە، کـە نـاوی( گـۆرانی عەزیمـەت)ە نـەختێ عەرزی مەعلوومات بەلازم ئەزانم، ئەم گۆرانییە لە تـەرەف ژنـە فرانسـزێکەوە، کـە نـاوی ( ماری ژۆزەف شەنی) یەوە وتراوە و لەناو فرانسزەکاندا بووە بە گۆرانییەکی زۆر مەرغوب و مەشهوری میللی)([3]).

دانـانی ئـەو ئۆپەرێتـە، کـە بەشـێوەی پەخشـانە، لەلایـەن (مـاری ژۆزەف شـەنی) بـوو، بەبۆنەی شۆڕشی گەورەی فەرنسا بـوو و ناوبـانگێکی گـەورەی لـە فەرەنسـاو دەرەوەیـدا بەدەست هێنا (کە هۆنراوەکە کرا بەگۆرانی و لەشـێوەی (لاسـاییکردنەوەی بـە گـۆرانی)دا، پێشـانی نەتـەوەی فەرەنسـە درا، لەهـەموو لایەکـەوە خۆشەویسـتی و رێزیـان بەرامبـەر گۆرانییەکـە و خاوەنەکـەی پێشـاندا، کـە بـەهۆی ئـەوەوە ناوبـانگێکی گەورەشـیان دەستکەوت)([4])،مەحموود جـەودەت مەبەسـتی لـە وەرگێڕانـی ئـەو ئۆپەرێتـە فەرەنسییە

---

[1] - محـمود زامـدار، دەروازەیـەك بـۆ ئـاواز و گـۆرانی كـوردی. ل ١٥٥. دەبـێ مـەحمود زامـدار مەبەسـتی (م.نوری)بێت، کە دەکاتە حەمـەنوری واتـا شـێخ نـوری شـێخ صـالح چـونکە (ع.نـوری) کـورتکراوەی نـاوی عبدولواحید نوری یە ئەمەش لەگەڵ راستیدا ناگونجێ.

[2] - ئازاد عەبدولواحید، دیوانی شێخ نوری شێخ سالّح، ب١، دەزگای ئاراس ، چ٢، ٢٠٠٨،ل٦٠.

[3] - محمود جەودەت، انتباه، رۆژنامەی ( ژیانەوە) ژمارە (٢٢) ی ساڵی (١)، (٢٦) مارتی (١٩٢٥). ل٢.

[4] - سـەرجەمی بەرهـەمی شـاکر فـەتاح، کۆکردنـەوەو رێکخسـتنی: ئەحمـەد سـەید عـەلی بـەرزنجی، ب٣، هەولێر٢٠٠٤، ل٣٠١.

ئاشکراکردووه،لەپارچە نووسینەی،کە لـە کۆتـایی وەرگێڕانەکەیـدا وەکـو ڕوونکردنەوەیـەك داینـاوە، داوای کـردووە شـاعیرێك ئـەو پەخشـانە بـە شـیعر بهۆنێتـەوەو دەڵێت:(عـەرزی ئەسلێشم ئەگەر یەکێ لە شاعیرەکانمان مەوزووعەکەی لا چـا بـوو بـەزمانی خۆمـان نـەزمێ بفەرموێ ، تاکو لە تەرەف مناڵەکانی مەکتەبەوە بـەگۆرانی ببێـژێ. لام وایـە ئـەم هیمەتـە هەموو هاوخوێن و هاوزمانمان خۆشحاڵ دەکا)([1]).

بۆیە شێخ نوری شێخ ساڵح وەك شاعێرێکی چالاك و نوێخـوازی سـەردەمەکەی خـۆی و هەسـتکردنی بـەداهێنان و گەشـەپێکردنی ژانـری نـوێ لـەناو ئـەدەبیاتی کوردیدا،بەتـەنگ داوایەکـەی (مـەحموود جـەودەت)ەوە چـووەو ئـەو بەرهەمـە بـە پەخشـان وەرگێـردراوەی کردووە بە شیعر. هەر لەو ساڵەدا، کە مەحموودجەودەت وەرگێڕانەکەی تێدا بڵاوکردۆتەوە، بۆ یەکەمجار دەقی شـیعری ئـەم ئۆپەرێتـە لەگـەڵ کۆمەڵـە دەقـە شـیعرێکی دیکـەدا، کـە ژمارەیــان دەگەیشــتە (٢٠) دەق، لەناميلکەيــەکی (١٥) لاپەڕەییدا،لەسـاڵی (١٩٢٥)لــە چـاپخانەی بلدیـەی سـلێمانی بـەناوی (گـۆرانی کـوردی) بڵاوکراوەتـەوەو لەسـەر بـەرگی ناوەوەشیدا نووسراوە( لەسەر ئەمری عـالی موتەسـەریف و موفەتیشـی ئیـداری چـاپکراوە) دیارە، کە موتەسەریفی ئەوکات ( ئەحمەد بەگی تۆفیـق بـەگ) بـووە، کـە ئاشـناو دۆسـتی شێخ نوری شێخ ساڵح بـووە و ئـەو بەرهەمـەی بـۆ لەچـاپ داوە. ئەمـەش دوای ماوەیـەکی یەکجار کەم لە دوای بڵاوبوونەوەی شیعرە بە پەخشان وەرگێردراوەکـە. لەسـاڵی(١٩٢٨)دا بۆ جاری دووەم لەلایەن کەریم بەگی سەعید بەگ، کە بە ( کەریم زانستی) ناسراوە، لەگەڵ کۆمەڵێك سروود و گۆرانی چاپ و بڵاوکراوەتەوە. دوای تێپەڕبوونی حەوت ساڵ، (کوردی و مـەریوانی) لەسـەر ئـەو پێـودان و ڕێوشـوێنە لەسـاڵی (١٩٣٢)دا نامیلکەیـەکیان هـەر بەناونیشانی (گۆرانی کوردی) لە چاپخانەی (الایتام) لە چاپداوەو دەقی شیعری ئۆپـەرێتی (ئینتبیاه)یشیان لـە نامیلکـە چاپکراوەکەی ساڵی (١٩٢٥) وەرگرتـووەو سـەر لـەنوێ لـە( گۆرانی کوردی)یەکەی خۆیاندا لەگەڵ چەند گۆرانی و سرودێکدا کە ژمارەیان دەگاتـە (٦٥) سروود و گۆرانی، بڵاویان کردۆتەوە و ناوەکەشیان لە (ئینتیباه)ەوە کردووە بە(دلاوەران)، لەراستیشدا دلاوەران لە نامیلکەی یەکەمدا دەستەی یەکەمن، هەروەها لە ساڵی (١٩٣٤) دا

[1] - محمود جەودەت، انتباه، ل٢.

دەقی شیعری ئەو ئۆپەرێتە لە( دیـاری لاوان) بڵاوکراوەتـەوە(١). بەمـەش دەقـی شـیعری یەکەم ئۆپەرێتی کوردی ، چوار جار لە دووتوێی کتێب و گۆڤارەکاندا بڵاوکراوەتەوە.

لە رووی نواندنـەوە، دوای دوو سـاڵ لـەپاش نووسـینی دەقـە شـیعرییەکە، واتـە لەسـاڵی (١٩٢٧) بۆ یەکەمجار ئەم دەقە لە قوتابخانـەی فەیسـەڵییە نمـایش دەکرێـت و قوتابیـان و مامۆستایانی ئەو قوتابخانەیە وەکو ئەکتەر رۆڵی تێدا دەگێڕن. (شاکر فەتاح) یەکێك بـووە لەو قوتابیانەی، کە بەشداری لەنواندنی ئەو ئۆپەرێتدا کـردووەو دەڵێت:(لـە هـاوینی سـاڵی ١٩٢٧دا، ئەم گۆرانییە، لەشێوەیەکی شەنگ و شۆخدا و بەجلوبەرگ و چەك و روخسـارێکی کوردانــەوە، لەســەر شــانۆی خوێندنگاکــەمان، لەگــەڵ چــەند چــیرۆکێکی تــری لاســایی کردنەوەدا، بەگۆرانییەوە لاسایی کرایەوە. مامۆستا ( فوئاد رەشید) و کاك (کەریم سەعید) لەو لاساییکردنەوانەدا بەشداربوون، گۆرانی ( أنتباه)ەکـە، کـە لەلایـەن جەماوەرانـەوە زۆر پەسەند کرا. من خۆیشم یەکێك بووم لەو شاگردانەی کـە دەسـتەی منـداڵانیان پێکهـاتبوو، وەك دێتەوە بیرم فەرمانبـەرە گـەورەکان و پیـاوە ناودارەکـانی شـاریش بـۆ ئـەو ئاهەنگـە هاتبوون. لاساییکردنەوەکانیش تا سێ شەو دووبارە کرانەوە. بەپارەی ئاهەنگەکان گـەلێك ئامێری فوویی و ساز و ئاواز و کەلوپەلی دیدەوانی و وەرزشی پێ کڕا، لەگەڵ دەستگیرۆیی کردنی شاگردە هەژارەکان لە دروستکردنی جلوبەرگی دیدەوانی و وەرزشدا) (٢) .

وەکـو دیـارە یەکـەم ئۆپـەرێتی کـوردی، لـە نمایشـکردنی سـەرکەوتنێکی گـەورەی بەدەستهێناوە و خەڵکانی شـار لـە هـەموو چـین و توێژەکانیـەوە روویـان لـە قوتابخانەکـە کردووە و لە داهاتی ئەو نمایشکردنەش یارمەتی قوتابخانەو قوتابییە هەژارەکان دراوە. ئەو نمایشکردنە بەسەرپەرشتیاری هەر یەکە لە (ساڵح قەفتان و زێوەر و مـەلا سـەعید کابـان و عەلی ئاگا و فوئاد رەشید و مستەفا سائیب و عەبدولواحید مەجید) (٣) دابوو. (شێخ نوری شـێخ سـاڵح)یش سـەرەڕای ئـەوەی، کـە دەقـە شـیعرییەکەی هۆنیبـووەوە، هـەر خۆشـی قوتابیانی قوتابخانەکەی لەسەر رەوانکردنی شیعرەکە و نوانـدنی پرۆڤـە پێدەکردن.شـاکر

---

١- ئازاد عەبدولواحید، دیوانی شێخ نوری شێخ ساڵح، ل٦٠. هەروەها: ئەحمەد هەردی، شیعری (( دلاوەران)) هی (( شێخ نوری))یە، رۆژنامەی (هاوکاری)، ژمارە(٩٩٣) لە ١٩٨٨\٧\٢١، ل٨.

٢- سەرجەمی بەرهەمی شاکر فەتاح، کۆکردنەوەو رێکخستنی: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، ل٣١٠-٣١١.

٣- هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٣١١.

فەتاح لەمبارەیەوە دەڵێت:"من قوتابی لە قوتابخانەی ( فەیسەلییە) کە شـێخ نـوری شـێخ ساڵح خۆی هات و ئەم شیعرەی پێ لەبەرکردین و مـن یـەکێك بـووم لـەناو کۆرسـەکان، کـە بەشداربووم لە ئەداکردنی ئەم ئۆپەرێتەدا، شێخ نـوری بـەدەنگی خـۆی، کـە دەنگێکـی تـا بلێی نایابی هەبوو بە ئێمەی رەوان کــــرد) [1].

هەروەهـــــا ( عەبدولقادر قەزاز)، کەیەکێك بووە لەوانەی رۆڵیان لـە نمایشـکردنی یەکـەم ئۆپەرێتی کوردیدا بینیووە و دەڵێت:( من یەکێك بـووم لەوانـەی بەشـداری ئـەم ئۆپەرێتـەم کردووە، لەساڵی(١٩٢٧) لە سلێمانی قوتـابی پـۆلی چـوارەم و پێنجـەمی ئیبـدائی بـووم لـە قوتابخانەی (فەیسەڵییە) لەگەڵ مامۆسـتا ( شاکر فـەتاح) بەیەکـەوە بـووین، شـێخ نـوری خـۆی هـات و پـەراوەی پێکـردین، مـن یـەکێك بـووم لەوانـەی تەمسـیلی دەسـتەی کـوڕانم دەکرد)([2]).

لــە ســاڵی (١٩٥٤) یشــدا،بۆجاری دووەم ئــەم ئۆپەرێتــە لــە شارۆچــکەی شــەقڵاوە بەسەرپەرشتی خــودی شـاکر فـەتاح* نمـایش کرایـەوە، لـەم ڕووەوە شـاکر فـەتاح خـۆی دەڵێت:(لەسـاڵی ١٩٥٤دا کـە لـە شـەقڵاوەدا جێنشـین بـووم، لەسـەر دەسـتی( دەسـتەی لاساییکردنەوەو سازو ئاوازی یانەی شـەقڵاوە)دا، گـۆرانی ( أنتبـاه)م زینـدووکردەو لەگـەڵ چیرۆکێکی تـردا ، کـە نـاوی: (دادگـاهی سەرچـنار) بـوو و خـۆم دامنـابوو، لەسـەر شـانۆی یانەکە، بـە ئاهـەنگ و بـەزمێکی پڕشـنگدارەوە، لەبـەردەم دانیشـتوانی شـاری شـەقڵاوەدا لاسایی کرایەوە. گۆرانییەکە و لاساییکردنەوەی بایەخی زۆر پێ درابوو، تەماشاکەرانی ئـەو شەوە زۆر پێی گەشکەدار بوون) ([3]).

---

[1] - ئازاد عەبدولواحید، دیوانی شێخ نوری شێخ ساڵح، ل ٥٩.

[2] - هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٦٥.

* شاکر فەتاح جیا لەبەشداریکردن و سەرپەرشتیکردنی لەکاری نمایشکردنیدا، ئەو ئۆپەرێتـەی لەگـەڵ چـەند گۆرانییەکی دیکەدا، بەشێوەی سرووד و لەساڵی ١٩٧١دا لەشاری سلێمانی لە کۆڕێکی گـەورەی جـەماوەری بەدەنگی خۆی تۆمارکردووە و گوتویەتییەوە. هەروەها دیسان لە سـاڵی ١٩٧٤دا هـەر بەشـێوەی سـروود لـە بەردەم ئامادەبوانی کۆڕێکی ئەدەبی جیهانی لەبەیروتی پایتەختی لوبنان لەگەڵ چەند دەقی چەند گۆرانییـەکی دیکەدا بـەدەنگی خـۆی تۆمـاری کـردووە و گوتویەتییـەوە. بڕوانـە: سـەرجەمی بەرهـەمی شـاکر فـەتاح، کۆکردنەوەو ڕێکخستنی: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، ل٣٠١-٣١٧.

[3] - سەرجەمی بەرهەمی شاکر فەتاح، کۆکردنەوەو ڕێکخستنی: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، ل٣١٣.

له رووی ئاوازەوەش، دیارە ئەوکات لە ژێـر کاریگـەری سـرودو ئـاوازی فارسـی و تـورکی وعـەرەبی، هەوڵـدراوە کـە کـوردیش وەکـو ئـەوان خـاوەنی سـرودو ئـاوازی خـۆی بێـت، بەتایبەتیش کە لە قوتابخانە فەرمییەکاندا، سرود و ئاوازی تورکی بە منـداڵان و قوتابیـانی کوردی لەبەر دەکرا و دەگوترایەوە، ئەمەش هۆکارێك و پاڵنەرێکی گەورە بوو بۆ رووناکبیر و شاعیرانی کورد بۆ ئەوەی بیر لەدانانی سرود و ئۆپەرێتی کوردی بکەنەوە، بەڵام لـەرووی دانانی ئـاوازە، لەبـەر ئـەوەی لـەرووی مۆسـیقاوە کـورد بەشـێوەیە پێشـکەوتوو نـەبووە و کەسانێکی تایبەتمەنـد بـە بـواری ئاوازدانـان نەبوونـە، بۆیـە کەوتوونەتـە ژێـر کـارتێکردنی ئاوازی فارسی و عەرەبی و تورکییەوەو لەوانیان وەرگرتووەو لـەقالبێکی کوردیـدا دووبـارە دایانرشتۆتەوە،وەکو( مـەحمود زامـدار) ئامـاژەی بـۆ ئـەو مەسـەلەیە کـردووە و دەڵێـت: ( زۆربەی ئەو سرودو گۆرانیانە لە ئاواز و ئیقاعاتی تورکی و عـەرەبی و فارسـی وەرگـیراون و (کوردێنراون)( [١] ).

لـەم چوارچێوەیەشـدا،ئاوازی یەکـەم دەقـی ئۆپـەرێتی کـوردی، لـەئاوازێکی ئۆپێرایـەکی فارسی وەرگیرا بوو، (گـــۆران)ی شـاعیر لـە پێشــــەکی یـەکێك لـە شــیعرەکانیدا، کـە بەنــاوی ( داستانی هەیاسی و کاکە عابیدین)ە، ئاماژە بەم مەسەلەیە دەکات ودەڵێت:( ئەو گۆرانییەی بەهاوکاری خوالێخۆشبوو مەحموود جەودەت و شاعیری تەڕو پاراو ( م. نوری)ی سلێمانی پێکهات:

((ئەولادی وەتەن، ئێمە کەوا میللەتی کوردین))

ئاوازەکەی لەسەر پارچـەك لـە ئۆپـەرای ((رسـتاخیز شـهریاران ایـران)) دانـراوە کـە هیـی خاوەندی تەرجومە عیشقییە*، پارچەکە ئەمەیە:

دیشب کە مرا وچع وگن در نقر أمد
دیدم کە زنی با کفن از قبر در أمد) ( [٢] )

---

[١] - محمود زامدار، بەڵگەنامەیەکی تر، ل٥.

* (عیشقی) شاعیرێکی لێهاتووی ئێران بوو، لە تازەکردنەوەی شیعر و ئەدەبی ئێراندا رۆڵێکی باڵای گێـڕاوە، بەتایبەتی شیعرە سیاسیەکانی کە خاوەن سیمایەکی رەخنەیی زۆر بەهێز بـوون، بۆیـە کاربەدەسـتانی ئێرانـی بۆیان قبوڵ نەدەکرا، تا گەیشتە ئەو رادەیەی رەزا شای ئێران لە کردەوەیەکی نهێنیدا و لەتەمەنی ٣١ سـاڵیدا کوشتی، بروانە: دیوانی گۆران ، چاپی دووەم. ل ٣٥٧.

ئەحمەد هەردی شاعیر لەبارەی ئاوازدانان بۆ سروود و ئۆپەرێت، پێیوایە كە ئاواز بـە دوو شێواز دادەنرێت، یەكەمیان ئەوەیە كە ئاوازدانەرێك شیعرێك دەخوێنێتەوە و كاری تێ دەكا و ئاوازێكی بۆ دادەنێت، دووەمیشیان پێچەوانەیە، كاتێك شاعیرێك ئاوازی سـرودێكی بـەدڵ دەبێت و ئینجا دێت شیعرێك یاخود چەند وشەیەكی رێكوپێك لەسەر ئەو ئـاوازە دادەنێـت. لەسەر ئەم بنچینەیەش ئاوازدانان بۆ ئۆپەرێتی ئینتیباه بـۆ رێگـەی دووەم دەگەڕێنێتـەوە، واتە شێخ نوری شێخ ساڵح لەپێشدا ئەو ئاوازەی بیستووە وكاری تێكردووە و فێری بـووە و ئینجا هاتووە دەقی شیعرییەكەی لەسەر ئەو ئاوازە داڕشتووە. پێیواشە، كە ئەوەی ئاواز بەم شێوەیە دادەنێت دەبێت دوو سیفەتی تێدا بێت، یەكێكیان دەبێ شارەزایی لەمۆسیقادا هەبێت، وەكو دەڵێن خاوەن گوێیەكی مۆسیقی بێ تا كەمترین گۆڕان لە ئاوازەكەدا هەستی پێ بكرێت. لەمڕووەش شـێخ نـوری شـارەزایی لـە زۆربـەی مقامـە فارسـی و كوردییەكانـدا هەبووە. دووەمیشیان دەبێ خاوەن دەنگێكی ناسك و خۆش بێت، واتە تا رادەیەك بەسـەر قوڕگ و دەنگیدا زاڵ بێت. بۆ ئەوەی بتوانێـت هـەموو گـۆڕان و بـەرز ونزمییـەكی ئاوازەكـە بـەبێ هەڵـە بڵێتـەوە. دیـارە شـێخ نـوری لـەم بـوارەدا خـاوەن دەنگێكـی زوڵاڵ و خـۆش بووە(١). ئەمەش لێهاتوویی و شارەزایی شێخ نوری دەسەلمێنێت، بەتایبەتیش نووسـینی ئـەو شـیعرە و كردنـی بەشـێوەی ئۆپـەرێت خـۆی لەخۆیـدا بیرۆكەیـەكی نـوێ بـووە لـەنێو رۆشـنبیری و ئـەدەبیاتی كوردیـدا. لەمبارەیـەوە ئـازاد عەبدولواحیـد رای وایـە كـە ئـەو شارەزاییەو دەنگەخۆشییەی شێخ نوری بەڵگەن بـۆ زانـین و شـارەزابوونی شـێخ نـوری لـە هونەری ئۆپەرێت (شێخ نوری كەمامۆستا نەبووە، بـەڵكو فەرمانبـەری خەزێنـەی سـلێمانی بووە، خۆی چووەتە قوتابخانەو هـانی قوتابییـەكانی داوە بـۆ كـار شـانۆیی بكـەن و هـەر خۆشی بەدەنگی خۆی ئاوازەكەی لەناو پۆل بۆ گوتنەتـەوە و خـەڵكی بـۆ هەڵبـژاردووە بـۆ ئەوەی تەمسیل بكەن و پرۆڤەی پێكردوون، واتە خەمی بە شانۆكردن و ئۆپەرێتكردنی ئـەو شیعرە، خەمێك بووە بەشارەزاییەوە كردوویەتی، بۆیەش گرنگی داوە بەوەی كە ئاوازیشی

---

٢- دیوانی گۆران ، چ٢. ل ٣٥٧.

١- ئەحمەد هەردی، شیعری (( دلاوەران)) هی (( شێخ نوری))یە، رۆژنامـەی (هاوكـاری)، ژمـارە(٩٩٣) لـە ٢١\٧\١٩٨٨، ل٨.

بۆ دابنێ و بچێ لە قوتابخانەکانیش خەڵکی گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە بـۆ ئـەوەی ئـەو رۆڵانـە ئەدا بکەن) ([1]) .بەمشێوەیە یەکەم ئۆپەرێتی کوردی رووناکی بینی و لەدایکبوو.

دوای ئەو ئۆپەرێتەش، (گـــۆران)ی شـاعیر وەکـو شـاعیرێکی نوێخـوازی سـەردەمەکە، هەستی بە پێویستی ئەو هونەرە لەنێو ئەدەبیاتی کوردیـدا کـردووە و ئـاوڕی لێداوەتـەوە، سەرەتای کارکردنی لەم بوارەدا بە ئۆپەرێتێك بوو کە وەکو ئەزموونێك و دەستپێکێك بووە بۆ گۆران، ئەو ئۆپەرێتە بەناوی ((گوڵی خوێناوی))یە و لەسـاڵی ((١٩٣٤))دا نووسـیویەتی، ئەو ئۆپەرێتە بەشێوەیەك سـەرکەوتنی بەدەسـتهێناوە کـە لـە چـەندین شـارو شارۆچـکەی کوردسـتان نمایشـکراوەو تەنانـەت تاسـاڵی ((١٩٤٦)) لـە شـانۆکانی هـەولێر و سـلێمانی پێشکەشـکراوە. لـەدوای سـاڵی((١٩٥٠))شـدا لەلایـەن گۆرانیبێـژ ((مـەحمود محەمـەد)) بەشێوەی گۆرانی، واتە بەدەنگی تـاك و بـە ئـاوازی ((ڕەفیـق چـالاك)) لـە رادیـۆی کـوردی عێراق تۆمارکراوە [2]. بەمەش ((رەفیق چـالاك)) بەیەکـەم ئاوازدانـەری ئۆپـەرێت لەقەڵـەم دەدرێـت. لـەنێوان سـاڵانی ((١٩٤٢– ١٩٤٥)) گـــۆران ئۆپـــەرێتی دووەمـی بەناونیشـانی ((ئاهەنگێك لەناو ڕان))دا بڵاوکردۆتەوە، کە لەچاو یەکەم ئۆپەرێتی هەست بە پێشـکەوتنی شارەزایی گۆرانی شاعیر دەکرێت لە نووسینی ئۆپەرێتـدا، بەتایبـەتیش کـە ئـەم ئۆپەرێتـە وێنەکێشانی وەرزی بەهاری کوردستانەو وەك تابلۆیەك ئەو سروشتە جوانە دەنەخشـێنێت، بۆیە ئەو ئۆپەرێتە بـە ناسـکتر و کـۆکتر و جـوانتر لـە چـاو یەکـەم ئۆپـەرێتی گـۆران خـۆی دەخاتەڕوو، ئەو پێشکەوتنە لە نووسینی ئۆپەرێتدا بەڕای کەمال رئووف محەمەد بـۆ زیـاتر شارەزابوونی گۆران لەهونەری ئۆپەرێت دەگەڕێتەوە( وا دیارە رۆشنبیری گۆران لە مـاوەی ساڵانی ((١٩٤٢–١٩٤٥))دا کە لەگەڵ رەفیق چالاك لە ڕادیۆیی کوردی یافادا((کوردسـتان)) کارمەنـد بـووە، بـەهۆی تێکـەڵبوونی لەگـەڵ هێنـدێ ئـەدیب و هونەرمەنـد ومۆسـیقاژەن و

---

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد عەبدولواحید، لە بارەگـای گ (رامـان)، کاتـژمێر (١٠)ی سـەرەلەبەیانی رۆژی یەکشەمە، ڕێککەوتی (٢٠١٠\٢\١٤).

[2]- کەمال رەئووف محەمەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، دەزگـای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، سـلێمانی ٢٠٠٠، ل٥٤٣.

نوێنەرەکانی عەرەبی میسرەوە، گەشتربووە و پـتر ئاشـنایەتیی لەگـەڵ جۆرەکـانی هونـەر پەیداکردووە و پتر شارەزای مەرجەکانی ئۆپەرێت بووە)([1]).

سـەلام فـەرەج کـەریم لەنامـەی دکتۆرایەکـەی ئـەو گەشەسـەندنە بـۆ کاریگـەربوونی راسـتەوخۆی ئـەدەبیاتی جیهـانی دەگەڕێنێتـەوە( لەگـەڵ کاریگـەری گەلـە دراوسـێکاندا، ئەدەبیاتی جیهانیش کاریگەری راستەوخۆی هەبووە لەسەر ئەو ئەدیب و رۆشنبیرانەی، کە زمانی جیهانیان زانیووە، بۆ نموونە (گوڵی خوێناوی) مامۆستا گـۆران یان ((ئۆپـەرێت)) و ((پیەس لەپەردەیەکدا)) ئەوە دەردەخەن کە مامۆستا گـۆران بەهۆی ئینگلیزی زانینـەوە ئاشنای ئەو جۆرە ئەدەبە بووە)([2]).

لەراستیشدا جگە لەم هۆکارانەی سـەرەوە، گۆران خـۆی هەسـتی بـە پێویسـتبوونی ئـەو ژانـرە لـە نێـو ئـەدەبیاتی کوردیـدا کـردووە، بۆیـە قـوڵی لێهـەڵماڵیووە و سـەرەتاش بەرهەمەکانی لەم بوارەدا ساکار بوون، بـەڵام دواتـر بـەهۆی قوڵبوونـەوەو شـارەزابوون لـە ئەزموونەکان، لەنووسینی بەرهەمەکانیدا گەشەی کردووە.

(گـۆران) لەساڵی (١٩٥٠) دا لەگەڵ یەکەم کۆمەڵە شیعری خۆی،کە بـەناوی ((بەهەشـت و یادگار)) بوو لـە بەغدا لـە چـاپخانەی مـەعارف ، ئـەو دوو ئۆپەرێتـەی وەکـو ئـەزموونێکی سەرەتایی لەم بوارەدا بڵاوکردەوە، هەرچەندە لەو دوو ئەزموونەدا زیاتر ئۆپەرێتی ((گـوڵی خوێناوی)) ناودارتر بووە و چەندین جار و لە چەندین شوێن نمـایش کـراوە، بەپێچـەوانەوە دووەم ئۆپـەرێتی ((ئاهـەنگێك لـەناوڕان)) تـا ئێسـتا ئـاوازی بـۆ دانەنـدارەوە و پێشـکەش نەکراوە. لەهەردوو ئۆپەرێتی گۆرانیشدا، هەست دەکەین شاعیر راستەوخۆ ناوی ئۆپـەرێتی لەسەر دانەناون، ئەمەش رەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە شاعیر خۆی بـاوەڕی تـەواوی بـەوە نەهاتبێت کە بەتەواوەتی ئەو بەرهەمانەی ئۆپەرێت بن، تەنانەت لە دیوانەکەشیدا، ئەو دوو ئۆپەرێتەی لەبەشی تایبەت بە ئۆپەرێت دانەناون، بەڵکو لەگەڵ بەشەکانی تایبەت بـەدەقی شیعردا ریزبەندی کردوون و وەکو دەقێکی شیعری مامەڵەی لەگەڵدا کردوون،لـێ پێمانوایـە هـەردوو دەقەکـە ئۆپەرێتن،بەتایبـەتیش کـە ((گـوڵی خوێنـاوی))، کـە وەکـو ئۆپـەرێتێك نمایشکراوە.دواتر لە ساڵی ((١٩٥٣))دا،گۆران دەقی ئۆپەرێتی(ئەنجامی یاران)ی نووسی و

[1] – هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٥٤٣ - ٥٤٤.

[2] – سەلام فەرەج کەریم، گەشەسەندنی درامای کوردی لە (عێراق)دا لە ١٩٧٥-١٩٩٥، ل ٤٤.

ئـەمجارەیان (کردەوەیـەکی نوانـدووە و بـە ئاشـکرا لـەخۆی ڕادیتـووە نـاوی لـێ بنێـت (ئۆپەرێتی ئەنجامی یاران)([1])و لەساڵی (١٩٥٩) شـدا تـەنیا بەشـی (ئۆپـەرێتی ئـەنجامی ئەژدهاك) ی بڵاوکردەوە.

بەم شێوەیە ئۆپەرێت لەلایەن (گـۆران)ی شاعیرەوە جێگـەو پێگەیـەکی بـاڵای هەیـە و لەسەر دەستی ئەو شاعیرە نوێخوازەش ئەو هونەرە گەشەی کردووە و پێشکەوتووە و (ئەو کۆششانە دڵنیامان دەکەن کە ((گـۆران)) بەراستیی داهێنەرو پێشڕەوی ڕاستی ئەم شێوە ئەدەبە ئۆپەرێت خوازیە بووە، شایانی باسە بشلێین کە ئـەو چـەند هـۆنراوە شـانۆیی یێـك پەردەییـــە کـــورت و نووســــراوانەی ســـاڵی ((١٩٥٣)) وەك: ((ماســـتاو، جـــۆقی یۆنسـکۆ،موحاکەمەی مـام چـەوەندەر،جق و نـق)پتر بۆ(ئۆپـەرێتی گاڵتـەجاریی رادیـۆیی) دەسـت دەدەن کـە موخـابن هێشـتا دەسـتێکی هونەرمەندانـەیان بـۆ نـەبراوە وبـێ نـاز ماونەتەوە)([2]).

وەکـو نمایشـیش،لەمانگی (٧) سـاڵی (١٩٤٦) ئۆپـەرێتی( گـوڵی خوێنـاوی) لـەهۆڵی قوتابخانـەی گوێـژە وەکـو باربووکردنێـك بـۆ لێقـەوماوانی بوومەلەرزەکـەی پێنجـوین نمایشکراوە. هەر لەو ساڵەشدا لـە قوتابخانـەی ئـیبن خولـەکان لەهـەولێر هـەمان ئۆپـەرێت لەلایەن لاوانی سلێمانییەوە بەسەرپەرشتی ( کامەران موکری) پێشکەشکراوە و ((عەبـدوڵلا رەشید سالار)) رۆڵی کچەکەی بینیووە([3]).هەمان ئـەو ئۆپەرێتـە لەسـاڵی (١٩٤٦)یشـدا لـە پێنجوین بەزمانی عەرەبی نمایشکراوە([4]). هەروەها لە ساڵی ((١٩٤٨))دا هەمان ئۆپـەرێت عـەلی موزەفـەر لـە سـلێمانی لـەماڵی موحسـین ئاغـای حـاجی عـەزیز ئاغـا رێکیخسـتووەو لەسلێمانی نمایش کراوە([5]).هـەر لەوسـاڵەدا لـە کۆیـە و بەبۆنـەی جـەژنی نەورۆزەوە،ئـەو ئۆپەرێتە پێشکەشکراوە،کە عەلی موزەفەر دەرهێنەری بووە، وئەکتەرەکانیش بریتی بوون لە:عاریف رەئوف،لە رۆڵی بووك، جەمال عەبدولکەریم لەرۆڵی زاوا، خاتوو لوتفیە عەبدولقادر

[1]- کەمال رەئووف محەمەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل ٥٤٦.

[2]- کەمال رەئووف محەمەد، ئۆپەرێتی کوردی و یێکەم ئۆپەرێتی ڕادیۆیی، ل ٤٣.

[3]- فەرهاد پیربال، مێژووی شانۆ، ل٨٧-٨٨.

[4]- سەلام فەرەج کەریم، گەشەسەندنی درامای کوردی لە (عێراق)دا لە ١٩٧٥-١٩٩٥، ل ٥٧.

[5]- فەرهاد پیربال، کرۆنۆلۆژیای شانۆ لەشاری سلێمانی لەکۆنەوە تا ١٩٥٧، ل ٢١.

لەرۆڵی کارەکەر، عوسمان خۆشناو، حاجی حاجی عەزیز،واحێد نەشئەت.جەوادحەمەدبەگ باسی ئامادەکارییەکانی پێشکەشکردنی ئـەو ئۆپـەرێتـە دەکـات و دەڵێت: (بـەر لـەمانگێك نەخشەو پلانی مەراسیمی ئاهەنگ لـە قوتابخانـەی سانیە ((زانستی ئـەمڕۆ)) لـە گـەڕەکی قـەڵات، لـەخانوی حەمەشـین داڕێـژرا، پرۆڤـەی شـانۆگەری کـاوەی ئاسـنگەر و ئۆپـەرێتی ((گـوڵی خوێنـاوی))، وێـڕای قوتابخانـەی سـانیە خـانووی قـادەر فەنـدی لەبەرامبـەر قوتابخانەکە بوو، بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کرابوو)([١]).

لەساڵی (١٩٥٢)دا دووبارە لەشاری سلێمانی ئەم ئۆپـەرێتـە نمـایش دەکرێـت و لـە سـاڵی (١٩٥٣)شـدا لەچەمچـەماڵ پێشـکەش دەکرێـت([٢]).هـەروەها لەشـاری دهـۆك هـەمان ئـەو ئۆپەرێتە نمایشدەکرێت ( شانۆگەریا (گولّی خوینـاوی) هاتە پێشکێش کرن ل دهۆکێ ژ لایێ تیپـا شـانۆا(خانەیا مامۆسـتایا یـا گونـدا)ل دهـۆکێ ل نـەوروزا سـالا ١٩٥٣ و بەشـدارێن شانۆگەرییێ وەك ئەکتەر ئەڤ هەڤالە بوون:(( قادر علی ـ کو برۆلێ کچکێ رادبوو. فواد احمد یێ سترانبێژ ـ ب رۆلـێ کـورکی رادبـوو)) بـوزانین ـ بینـەرکێ زۆر ل دیتنـا ڤـێ شـانۆگەرییێ ئامادەبو ژ سێمێلی وزاخۆ و ئاکرێ)([٣]). لەم رووەوە  فوئاد ئەحمەدی گۆرانیبێـژ ئامـاژەی بەو ئۆپـەرێتە کردووە و دەڵێت:( خانەکەمان لای گری باس بوو، درێـژیی تەختـەی شـانۆکە حەوت مەتر بوو، پانیشی سێ مەتر. بەرزیی تەختەی شـانۆ دوو مـەتر و نیـو دەبـوو. هـۆڵ جێگای سێ سەد بینەری تێدا دەبۆوە)([٤]).

بەمەش فوئاد ئەحمەد بە یەکەم گۆرانیبێژی کوردی دادەنرێت، کە بەشداری لە نوانـدنی ئۆپەرێتدا کردبێت و دەقە شیعرییەکەی بە گۆرانی گوتبێتەوە.

هـەروەها لەسـاڵی (١٩٤٤) یشـدا، لـە قـەڵادزێ کاتێـك تـاهیر ئەحمـەد حـەوێزی دەکرێتـە بەڕێوەبەری قوتابخانەی قەڵادزێ، شیعرەکەی فایـەق بێکەس(نەسـرین دەمێکـە داخـت لـە

---

[١] - جەواد حەمەد بەگ، مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی شانۆو دراما لەکۆیـە( ١٩٣١-٢٠٠٧) دەزگـای موزیك و کەلەپووری کوردی، هەولێر ٢٠٠٧،ل ٣٢-٣٣. هەروەها: فەرهاد پیربـاڵ، مێـژووی شـانۆ، ل٨٧-٨٨.

[٢] - سەلام فەرەج کەریم، گەشەسەندنی درامای کوردی لە (عێراق)دا لە ١٩٧٥-١٩٩٥، ل ٥٨.

[٣] - رفعت رجب جمال، بزاڤا شانۆییێ ل دهۆکێ (١٩٣٠-٢٠٠٦)، چاپخانا هاوار، دهۆك ٢٠٠٧. ل ٢٥.

[٤] - فەرهاد پیرباڵ، مێژووی شانۆ، ل٩١.

دڵمە)بەشـێوەی ئۆپـەرێت نمـایش دەکرێـت. تـاهیر ئەحمـەد حـەوێزی خـۆی لەمبارەیـەوە دەڵێت: (ئەو ساڵە لەقەڵادزێ دەوری کچ بینین کوفر بوو، (جەلالەدین)ی بـرای خـۆم کـردە (نەسرین) و بەرگی کچێکی لەبەرکراو سەرپۆشی پێدادراو ((قادری حاجی تاهیر))یش کرا بە کوڕەکە،خەڵقێکی زۆر لـە حەوشـە کۆکرانـەوە، هەنـدێ پـارە کۆکرایـەوەو ژنـانیش لەسـەر سواندە دەیانڕوانییە حەوشی مەکتەب) ([1]).

هەروەها لەساڵی (١٩٥٢)دوای ئەوەی شاکر فەتاح بوو بە قائیمقامی شەقڵاوە، بایەخێکی یـــەکجار زۆری بـــە بزووتنـــەوەی شـــانۆگەری لـــەم شـــارەدا داوەو چ بەنووســـین و چ بەسەرپەرشـتیکردنی بەشـداری لـە ڕەوتـی شـانۆگەریدا کـردووە، لەونێوەشـدا و لەسـاڵی (١٩٥٣) ئۆپەرێتێك بەناونیشانی (لاوان) پێشکەشکراوە،دەقی ئەو ئۆپەرێتە لەلایەن (شـاکر فەتاح) خۆی نووسراوەو لەلایەن ئەحمەد ئاکۆ کاری دەرهێنانی بۆ کـراوە، ئەکتـەرەکانیش بریتی بوون لە:( خوالێخۆشبوو یوسف تەها باقۆ، مامۆستا عەبدوڵڵا حەمەد عەوڵڵا لە ڕۆڵـی ژن، عەبدوڵڵا عەزیز تریان کەر، جەبار ساڵح مەیتەر لەدەوری ژن، ئەنوەر سلێمان (ئـەنوەر فاتۆك)، محەمەد فەقێ عەوڵڵا، شێرکۆ شاکر فەتاح، مەجید یاقووب) ([2]).

لـەنێوان سـاڵانی (١٩٥٢–١٩٥٣)دا،لـە کۆیە،بزووتنـەوەی شـانۆگەری لـە قوتابخانەکانـدا لــــەبرەو دابـــووە و قوتابیـــان و مامۆستایان،چـــەندین شـــانۆگەریی ســـەرکەوتوویان نمایشـکردووە،ئۆپەرێتیش لـەم نـاوەدا ئـاوڕی لێدراوەتـەوە، بەتایبـەتیش لەقوتابخانـەی زانسـتدا، کـە ڕۆژانـە لـەکاتی ریزکردنـی قوتابیانـداو بەسەرپەرشـتی مامۆسـتاکانی ئـەو قوتابخانەیە، شانۆگەری و ئۆپەرێتی کورتیان بەهەردوو زمـانی کـوردی و عـەرەبی نمـایش دەکرد.لـەم چوارچـێوەیە و هـەر لـەم سـاڵەی خوێندنـدا، دەقێکـی شـیعری بێکـــەس بەناونیشانی(نەسـرین دەەمێکـە داخـت لەدڵمە))بەشـێوەی ئۆپـــەرێت نمایشـکراوە،ئەو ئۆپەرێتـە لەلایـەن مامۆسـتا (سـابیر ئیسـماعیل)، کـە بەڕێوەبـەری قوتابخانـەی زانسـت

---

[1]- تاهیر ئەحمەد حەوێزی، شانۆگەری لە کوردستان ،(١-٢)، گ (رامان)، ژ (٢٧)، س٣ ، ئەیلوولی ١٩٩٨، ل٢٠٥.

[2]- زرار عەبدوڵڵا سەرتاش، شەقلاوەو بزاڤی شانۆ لـە سـەرەتاوە تـا سـاڵی ١٩٧٥، گ ( سـینەما و شـانۆ)، ژمارە(٣) ، س١ ، ئەیلوولی ١٩٩٨، ل٢٨.

بووە،دەرهێنراوە و لەلایەن کۆمەڵـە قوتابییـەك نوێنراوە،لەوانـە ((زاهـیر حەمـە تەها))،کـە ڕۆڵی نەسرینی بینیووە([1]).

هەروەها لەسـاڵی (١٩٥٣))دا،(عەبـدولرەزاق بیمـار)ی شاعیر،بەشـی یەکـەمی ئۆپـەرێتێك بەناونیشانی ( زەردەواڵەو پەپـــوولە) لەرۆژنامەی( ژیــن ) ژمارە( ١١٤٤) ی سـاڵی (١٩٥٣) دا لە سلێمانی بڵاودەکاتەوە و بەیەکەم ئۆپەرێتی منداڵان لـە ئـەدەبی کوردیدا لـە قەڵـەم دەدرێت. ئەو دەقە شیعرییە دواتر بەشی دووەمی بۆ زیاد کراو لەساڵی (١٩٦١) لەگـەڵ دوو ئۆپەرێتی دیکە و شیعرێکی شانۆیی، بەناونیشانی دیکەوە (سەرکەوتنی بەهار)) لەدوو توێی کتێبێکدا بڵاوکراوەتەوە، لەبارەی ئـەو ئۆپەرێتــەوەش شـاعیر دەڵێت:(منـاڵ بـووم، لـەپۆلی دووی قوتابخانەی ناوەندی دا، کە پارچەی یەکەمیم دانا و لەپۆلی سێ دا لەساڵی ((١٩٥٣)) بۆ رۆژنامەی ((ژین))م نارد، چەند مایەی دڵفررکێ و بەختیاریم بوو،کە لەدوو ژمـاران لـەژێر ناوی(زەردەواڵــەو پەپولــەدا) بڵاوکرایــەوە ئەگــەر چــی مامۆســتا (گــۆران) کــە ئەوســا هەڵسورێنەری (ژین) بوو کەمێك قافیەی کەچی بۆ راست کردبوومەوە)([2]).

پارچــەی دووەمیشــی لەســاڵی (١٩٥٩)دا نووسـیووەتەوە کاتێـك لـە شارۆچـکەی روانـدز فەرمانبەری میری بووە، بۆیەش بۆ یەکەمجار ئـەو ئۆپەرێتـە هەرلەوساڵەداو هـەر لەشـاری رواندزیشـــدا بەناونیشانی(پەپـــــوولە) ([3]) لە(ئاهەنگێکی(گـــەل))دا لـــەژێر چـــاوەدێری سەرکردەی سوپای دووی سوپا بەشێوەی ئۆپەرێت پیشان درا،زۆر باش سەرکەوت و لەدڵی خەڵکەکەدا جێگیربوو، بەتایبەتی ئامادەکەری ئۆپــەرێت کـاك (حسـیب رسـول) توانیبـووی جلوبـەرگی گـوڵ و پەپوولـەو وفریشـتەو ئـەوانی تـر لەبـەر دەسـتەیەك کـچ و منـداڵ بکـات کەگشتیان لەتەمەنی گوڵدا بوون، هەروەها دیمەنی باڵداری شەڕو رەشەبا و هەورو هەراشی زۆر شــارەزایانە نیشــان دابــوو کــە جلــی ئــاڵ و واڵاو گــۆرانی و ســەما و دیمــەنی دڵگـیری ئۆپەرێتەکە جێگەی پەسندکردنی خەڵکەکەو ((سەرکردە)) بوو) ([4]).

---

[1]- جەواد حەمەد بەگ، مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی شانۆو دراما لەکۆیە( ١٩٣١-٢٠٠٧)،ل ٣٩.

[2]- عەبدولرەزاق محەمەد، شانۆی کوردستان، چاپخانەی صلاح الدین، بەغدا ١٩٦١، ل٩٥.

[3]- فەرهاد پیرباڵ، مێژووی شانۆ، ل ٩٥.

[4]- عەبدولرەزاق محەمەد، شانۆی کوردستان، ل٩٦.

له ساڵی (١٩٥٥)دا، کامەران موکری شاعیر، ئۆپەرێتی (دڵداریی کورە شوان) دەنووسێت، کە بەیەکەم ئۆپەرێتی رادیۆیی کوردی لەقەڵەم دەدرێت ( ئەم بەرهەمە دەگمەنەی کامـەران موکری،کە لەکۆمەڵە هۆنراوە چاپکراوەکانی ـ هەروەها لەسەرجەمی دیوانیدا نییـەو (ون)ی کردووەو لەهیچ بۆنەیێکدا نێویشی نەبردووە: بەختی هـەبووە لـەکاتی خۆیـدا وەك (یێکـەم ئۆپــەرێتی ڕادیــۆیی کــوردی)ی لەلایــەن تیپــی ڕەسمیــی نوانــدنی ڕادیــۆیی کــوردیی عێراقەوە،ناسراوە بە(تیپی رەفیق چالاك)تۆمارو بڵاوکرابێتەوە کـە (ئاوازەکەیشـی دانـراوی ڕەفیق چالاك)ی بەهرەدارە)([1]).

لـەم بارەیـەوە رەفیـق چـالاك دەڵێـت: (بـۆ جـاری یێکـەم لەمێـژووی نەتـەوەی کـوردو ئێستگەشـ ڕادیۆکـەمان ـ دا ئۆپـەرێتی (دڵـداریی کـوڕە شـوان)ی محەمـەد ئەحمـەد تەهاـ کامەرانم تەلحین کرد و بۆ ماوەی (٣٥) دەقیقـە بـە گـەورەترین تیپـی مۆسـیقای هـەوایی و وەتــەریی لەئێسـتگەوە،بەئاواز تەمیسـلەوە بلاوکرایەوە،هەشـت دەنـگ بـەگۆرانیی ئـەدای ئەکردو گەورەترین سەرکەوتنی وەرگرت.تەواو بەدەستکاریی رێنووسەوە)([2]).

هــەروەها رەفیــق چــالاك لــە دەفتــەری دەستنووســەکەیەوە، کــە دەقــی شــیعری ئــەو ئۆپەرێتەشـی لـەخۆگرتووە، بەشـێوەی هـەواڵیش باسـی لـەو ئۆپەرێتـە کـردووە (چـیرۆکی تەمسیلی بەگۆرانی بۆ سێشەممە (١٩٥٥\٣\٢٩). ئۆپەرێتی: دڵداری کورە شـوان ـ اوپریـت حب الراعی. تمپیلیه شعریه، شعر محمد احمد طه ـ دەستکاری و ئاوازی رەفیق چالاك)([3]).

ئەو ئەکتەرانەی کە بەشدارییان لە نواندنیدا کردووە بریتین لە: رەفیق چالاك لەرۆڵی شوان، ئەحمەد مەحموود دەنگ گەورە لەرۆڵی نازەنین، نوری عەنبەر لەرۆڵی باوك، ئەحمەد دلاوەر لەرۆڵی ئامۆزا، کە ئەکتەرانە هەر خۆشیان لاسایی دەنگەکانی پیاوانی ئاغاشیان کردۆتـەوە تادەقەکە چڕتر ببێت.جیا لەمانەش رەفیق چالاك ئـەو فێڵـە هونەرییانەشـی ئاشـکراکردووە کە لە دەرهێنانی رادیۆییدا لەو سەردەمەدا بەکاربراون لەوانەش:

١ـ دەنگی پێی وڵاخ سوار لەنزیك و دوورەوە.

٢ـ دەنگی بولبول و باڵندە.

---

[1] - کەمال رەئووف محەمەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل ٥٤٧.

[2] - هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٥٤٧.

[3] - هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٥٤٧.

٣ـ دەنگی سوار لە دوور و نزیکەوە.

٤ـ مۆسیقای خەمگین لەلایەن تیپی مۆسیقای ئێستگەوە.

هەروەها لەنێوان هەر کۆپلەیەکیشدا رەفیق چالاك نیشانەیەکی لەشێوەی (—) داناوە، کە بە ڕای کەمال رەئووف محەمەد دانانی ئەو نیشانەیە بۆ جوداکردنەوەی کۆپڵەکانی گۆرانی گوتنەکەیە،کە بەدوایاندا مۆسیقا هاتووە،کە رەگەزی ئاوازی مۆسیقای ئۆپەرێتەکە مەقامی نەهاوەندو ڕەزمی تانگۆی تێکەڵە، کە مۆسیقا ژەنی ناسراو (غانم حەداد)ی سـەرۆکی تیپـی مۆسـیقای ڕادیۆ،سەرپەرشـتی کـردووەو لەلایەن(عەبـدوڵڵا عـەززاوی)) دەرهێنـراوە([١]). لەبارەی تۆمارکردنی ئەو ئۆپەرێتەوەش، کەمال رەئووف محەمەد دەڵێت:(بەوردبوونـەوە و سـۆراخی زۆرمـدا بـۆم روونە،کـە ئـەم ئۆپەرێتـە ڕادیۆییـە، کـاتی خـۆی لەسـەر قـەوانێکی ڕادیۆییـدا تۆمـارکراوە و دوایـی خراوەتـە سـەر شـریتی موگناتیسـرێژ،بەڵام وادیارەـــ لەرۆژگارێکدا ـ قەوانەکە لەدەست چووە و شریتەکەشی ٩٩٪ چیرۆکە تۆمارکراوەکـانی ئـەم تیپە سڕدرابێتەوە)([٢]) .

لەدوای شۆڕشی ١٤ی تـەمموزی سـاڵی(١٩٥٨)دا بزاڤـی رۆشـنبیری بەگشـتی و شـانۆیی بەتاییەتی لە عێراق و کوردستان بووژایەوەو دەرفەتێکی تەواو رەخسـا بـۆ هونەرمەنـدان و شاعیران بە ئازادانە بیروڕایەکانیان دەربڕن و کارەکانیان ئەنجام بدەن و هەروەها چەندین رۆژنامە و گۆڤار دەرکران، کـە کاریگـەرییان لەسـەر رەوتـی ئـەدەب و هونـەر بەجێهێشـت. لەئەنجامی ئەم بزاڤەشدا دەرگا کرایەوە لەبەردەم بیرورا هاوچەرخ و شێوازی نوێ، بەمەش بزووتنەوەی شانۆگەری شێواز و نوانـدنی هاوچـەرخانەی گرتـە بـەر. لـەم چوارچێوەیەدا و تیپی لاوان و قوتابیانی کۆیە کە لەسـەرەتای پەنجاکانـەوە دامـەزرابوو، لەماوەیـەدا بـواری زیاتر بۆ رەخسا و پەرەی بەچـالاکییەکانی دا، یـەکێك لـەو چالاکییانەشـی پێشکەشـکردنی ئۆپەرێتی (دڵداری و خەبات) بوو کـە لەلایـەن (کـەریم شـارەزا)ەوە دەقەکـەی نووسـرابوو، لەلایەن (بیلال بەهائەدین و جەمال عەبدولکەریم)) نمایشکرا([٣]).

---

[١]- هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٥٤٨-٥٤٩.

[٢]- هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٥٤٩.

[٣]- جەواد حەمەد بەگ، مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی شانۆو درامـا لەکۆیـە( ١٩٣١-٢٠٠٧)،ل ٤٣-٤٤.

**هەر لەهەمان ساڵدا و لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری هیوا، ئۆپەرێتێك بەناونیشانی(خوشك وبرایەك) لەلایەن(ج. دانا)نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە(١).**

**لە ساڵی (١٩٥٩) لەلایەن شاعیر و نووسەر ئەبوبەکر هەوری( أ.ب. هەوری))، ئۆپەرێتێك بەناونیشانی (چوار وەرزی ساڵ) لەگەڵ کۆمەڵێك لە بەرهەم شیعرییەکانی، لەدوو تویی کتێبێکدا بەناونیشانی (بەرهەمی خەبات) بڵاودەکاتەوە(٢).**

**هەروەها لەساڵی (١٩٦٠)دا لەشاری کۆیە ئۆپەرێتی ((بووکی شۆرش (کچە شۆخ و شەنگەکە) نمایش کرا، ئەم ئۆپەرێتە لەنووسینی (بیلال بەهائەدین) و دەرهێنانی (مەدحەت ناسر بەتی) بوو، ئەکتەرەکانیش بریتی بوون لە:(جەمال کەریم حەمە مەلا لە ڕۆڵی بووك، مامۆستا بیلال بەهائەدین لەڕۆڵی زاوا، مەجید ئیسماعیل، سابیر عەبدوڵڵا جەراح) (٣) .**

**لەساڵی (١٩٦١)یشدا،عەبدولرەزاق بیمار،کتێبێکی بەناونیشانی ( شانۆی کوردستان) بڵاوکردەوە، لەپێشەکی ئەو کتێبەدا شاعیر نووسیویەتی ( ئەم جارەش ئەم کتێبەت پێشکەش ئەکەم بەناوی (شانۆی کوردستان)ەوە کە پێکهاتووە لە چوار ئۆپەرێت و چیرۆکی شانۆیی گۆرانی ئامێز، کە ئەمانە هونەرێکی تەرر و ئال و والان و ئەدەبەکەمان زۆر پێویستی پێیان هەیە و لە دوارۆژیشا ڕەنگبێ هونەرمەندانی شانۆ و هونەرە جوانەکانی تری وەك مۆسیقا و سەماو گۆرانی سوودی لێوە ببینن)(٤). لە دووتوێی ئەو کتێبەدا جگە لە شیعرێکی شانۆیی،سێ ئۆپەرێتی بڵاوکردەوە،کە یەکێکیان سەرکەوتنی بەهار، پێشتر باسمان لێوەکرد.دوو ئۆپەرێتەکەی دیکەش، یەکێکیان بەناوی(خەونەکانی گەنجۆ)یە،کە شاعیر لەژێر ناونیشانی ئەو ئۆپەرێتەدا نووسیوویەتی (پێشکەشی تیپی (بالێ) و (ئۆپێرای) دوا ڕۆژی کوردستانمان بێت...)(٥) بەو ئومێدەی لە دوارۆژدا تیپی تایبەت بەو هونەرانە لەکوردستاندا دابمەزرێن و کارەکانی خۆیان پێشکەشی جەماوەر بکەن. ئۆپەرێتەکەی دیکەشی بەناوی(شەفی و شیرین)ە،کە باس لە خۆشەویستی نێوان شاعێرێك و ئافرەتێك**

---

[١]- ج. دانا، ئۆپەرێتی خۆشك و برایەك، گ (هیوا)، ژ (١١) س١ ، مایسی ١٩٥٨، ل٤٠-٤١.

[٢]- ا. ب. هەوری، بەرهەمی خەبات، چاپخانەی نەجاح ، بەغدا ١٩٥٩ ، ل ٣١-٣٦.

[٣]- جەواد حەمەد بەگ، مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی شانۆو دراما لەکۆیە( ١٩٣١-٢٠٠٧)،ل ٤٦.

[٤]- عەبدولرەزاق محەمەد، شانۆی کوردستان، ل ٤.

[٥]- هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٤٧.

دەکات.بەمشێوەیە ئۆپـەرێت لـە ئـەدەبیاتی کوردیـدا لەسـەر دەسـتی شـاعیرانی نوێخـواز ڕێچکەی خۆی گرت و گەشەی کرد.ئەو دەقانەی،کە لەو سەردەمەدا لەلایەن ئـەو شـاعیرانە داهێنران بە قۆناغی یەکەمی سەرهەڵدان و لەدایکبوونی ئۆپەرێت دادەنرێن. ئەوەی جێگەی تێبینییە، شاعیرانی نوێخواز چۆن بـە پـەرۆش بوونـە بـۆ تازەکردنـەوەی شـیعری کـوردی، بەهەمان شـێوەش هەوڵیانـداوە لـەبواری ئۆپـەرێت گەشـە بـە هونـەر بـدەن و لەڕێگەیـەوە پەیامـەکانیان بـە میللـەت بگەیەنن.لەگـەڵ ئەوەشـەوە، کـە ئۆپەرێتـەکانی ئـەو قۆناغـە بەدەسـتپێك و سـەرەتا دادەنرێن،لەهەمانکاتیشـدا بوونەتـە جێگـەی دەوڵەمەنـدکردن بزووتنەوەی شانۆی کوردی بەشێوەیەکی گشـتی و بەرەوپێشـەوەبردنی ڕەوتـی مۆسـیقا و هاندانی هونەرمەندە گۆرانیبێژەکانی ئەو سەردەم بـۆ تێکـەڵبوون لەگـەڵ بزاڤـی ئۆپـەرێتی کوردی.

لێرەدا بەمەبەستی زیاتر دیاریکردنی خەسڵەت و سیماکانی ئۆپەرێتی کوردی لـە قۆنـاغی یەکەمیدا، بەپێویستی دەزانین بەراوردێك لەنێوان ئۆپـەرێتی کـوردی و ئۆپـەرێتی ئـەورووپی بکەین لەرووی بارودۆخی سەرهەڵدان و گەشەکردن و مەبەستەکانییەوە:

١- بزاڤی ئـۆپێرا و ئۆپـەرێت لـە ئـەوروپا دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەدەی شـانزدەهەم و لەگـەڵ سەرهەڵدانی ڕێنسانس و بەمەبەستی زیندووکردنەوەی کەلەپووری یۆنانی ورۆمانی ، ئۆپێرا و ئۆپەرێت لە دایکبوو، بەڵام ئۆپێرا و ئۆپەرێت لە ئەدەبی کوردیـدا بـۆ سـەرەتای سـەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، کـە لەئـەنجامی ئـەو گۆڕانکارییانـەی لـەبواری سیاسـی و ئـابووری و کۆمەڵایەتی بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و کوردستانیش بەتایبەتی هات، لەلایـەك وەکو پێویستییەك و لەلایەکی دیکەش وەکـو خەمخۆرییـەك بـۆ گەیانـدنی ئاسـتی ئـەدەبی کوردی بە ئەدەبی نەتەوەکانی دیکەدا لەدایکبوو.

٢- ئۆپێرا و ئۆپەرێت لە ئەورووپادا، لەئەنجامی لێکدانەوەیـەکی تایبـەتی کۆمەڵـە شـاعیر و مۆسیقارانێکی ئیتـالی بـۆ کەلـەپووری شـانۆیی یۆنـانی ورۆمـانی لـەدایکبوو، لەمبارەیـەوە هەندێك لێکۆڵەر ئەو لەدایکبوونـەیان بـە ڕێککـەوت زانیـووە. بـەڵام ئـۆپێرا و ئۆپـەرێت لـە ئەدەبی کوردیدا لە ئەنجامی وەرگێڕانی دەقێکی ئۆپـەرێتی فەرەنسـی لـە ڕۆژنامـە و دواتـر داڕشتنەوەی ئەو دەقە وەرگێردراوە بە شیعر لەلایەن شاعیرەوە هاتۆتە کایەوە.

٣ ـ ئۆپێرا و ئۆپـەرێت لـە کۆمـەڵگای ئەوروپیدا سـەرەتا لـەنێو کۆشـك و تـەلاری چـینی سەرەوەی کۆمەڵ کە بەچینی ئۆرستوکراتی ناسراوە سەریهەڵدا و بایەخی پێدرا و گەشـەی کرد و دواتر چووە نێو چینی خوارەوەی کۆمەڵ، بەڵام ئۆپـەرێت لەئـەدەبی کوردیدا زیـاتر لەسەر دەستی چینی خوێندەوار و رۆشنبیرانەوە هاتەکایەوەو لەدایکبوو و لەنێو مەڵبەنـدی زانست و زانیارییەوەش پێشکەش دەکرا کە قوتابخانەکان بوون.

٤ـ پاڵپشتیکردن و هاندان ماددی و مەعنەوی فەرمانڕوایانی ئەوروپی لە ئۆپێرا و ئۆپەرێت و لەئەسـتۆگرتنی سـەرجەم خەرجییـەکانی و ئامادەبوونیـان لـە هۆڵـەکانی نواندنیـدا، بەپێچەوانەوە یەکێك لەو هۆکارانەی کە بوونەتە دەرنگ سـەرهەڵدانی ئـۆپێرا وئۆپـەرێت لـە ئەدەبی کوردیدا، نەبوونی دەوڵەت ودەسەڵاتی کوردییەوە، هەر بۆیە کورد وەکـو خـەباتێك بۆ گەیشتن بەمافە رەواکانی و چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوەخۆیی و دەرەکی پـەنای بـۆ هەموو شێوازەکانی دەربڕینـی هونـەری و ئـەدەبی لەنێویشـیاندا ئۆپـەرێت بـردووەو وەکـو چەکێك لەم پێناوەدا بەکاری هێناوە.

٥ـ لە ئەدەبی ئەوروپیدا، سەرەتا ئۆپێرا لەدایکبوو و برەوی سەندو گەشەی کرد و چەندین شێوازی وەکو ئۆپێرای کۆمیدی و ئۆپێرای تراژیدی لەخۆگرت، دواتـر لـە ئـەنجامی گـۆڕانی بارودۆخ و هەروەها بێزاربوونی جەماوەر لـە ئـۆپێرا، بەتایبـەتیش ئۆپێرایە تراژیدییـەکان، ئۆپــەرێت وەکــو ئۆپێرایــەکی بچــووك هاتــەئاراوە، بــەڵام لــە ئــەدەبی کوردیــدا بەپێچەوانەوە،سەرەتا ئۆپەرێت لە دایکبوو و گەشـەی کـرد و جـەماوەر پێشـوازی لێکـرد و دواتر هەوڵێك درا بۆ نووسینی ئۆپێرا ، بەڵام سـەرکەوتنی بەدەسـت نـەهێنا و تـا ئێسـتاش لەدایك نەبووە.

٦ـ نمایشکردنی ئۆپێرا و ئۆپەرێت لەئەوروپادا، زیاتر بۆ کات بەسەربردن و رزگاربوون بوو لە دەست بێزاری و رەشبینی و نائومێدییەکانی ژیان و نەهامەتییەکانی جەنگ، بەتایبەتیش ئۆپـەرێت، کەچـی ئۆپـەرێتی کـوردی زیـاتر وەکـو چـەکێك و خـەباتێك لەلایـەن شـاعیرانی نوێخوازی کورد هێنرایە نێو ئەدەبیاتی کوردییەوە بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەی میللەت و تەیارکردنی بۆ گەیشتن بە مافەکانی و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی.

٧ـ لـە رەوتـی ئۆپـەرێتی ئەوروپیـدا، هەمیشـە ململانێیـەکی تونـد لـەنێوان شـاعیران و مۆسیقارانەکاندا هەبووەو هەر کەس لەروانگەی سەرخستنی دەقـی شـیعری یـاخود پارچـە

مۆسـیقایەکەوە لێیـانپڕوانیووە، لـەم ڕووەش بزووتنـەوەی چاکسـازی بـەرپاکراوە بـۆ گەڕاندنەوەی پلەوپایە بۆ دەقی شیعری ئۆپێرا و ئۆپەرێتەکاندا،بەڵام لەنێو بزاڤی ئۆپەرێتی کوردی ئەو ململانێیە بەرچاو ناکـەوێت و هەمیشـە دەقـە شـیعرییەکان سـەنگ و قـەبارەی خۆیان هەبووە.

٨ــ ئـۆپێرا وئۆپەرێتـەکانی ئـەوروپا، زیـاتر بـەناوی ئاوازدانەرەکانـەوە ناسـراونەتەوە، بەتایبـەتیش کـە ئاوازدانـەری گـەورەی وەکـو بیتهـۆڤن و شـتراوس و مـۆزرات و...هتـد بەشدارییان لە دانانی مۆسیقای ئۆپێرا و ئۆپەرێتەکانـدا کـردووە. بەپێچـەوانەوە ئۆپـەرێتی کوردی بەناوی شاعیر وەکو داهێنەری دەقە شیعرییەکە، ناسراوەتەوە.

٩ــ ئـاواز و مۆسـیقای ئـۆپێرا و ئۆپەرێتـەکانی ئـەوروپا داهێنـانی گـەورەیان لەمێـژووی مۆسیقای جیهانیدا تۆمـار کـردووە و پێنگـاڤێکی گـەورەیان بـە ڕەوتـی مۆسـیقای جیهـانی بەخشـیووە. لەبەرامبـەردا کـورد لـە ڕووی مۆسـیقا و ڕۆشـنبیری مۆسـیقاوە لەوسـەردەمدا لەپلەی نەبووندا بـووە و زۆر هـەژار بـووە. هـەر بۆیـەش یەکـەم ئۆپـەرێتی کـوردی لەسـەر ئاوازی ئۆپێرایەکی فارسی، گوتراوەتەوە.

١٠ــ هونەرمەنـدان و گۆرانیبێـژان بەشـدارییەکی کارایـان لـە نمایشـکردنی ئـەو ئـۆپێرا و ئۆپەرێتانە هەبووە، تەنانەت هەندێك گۆرانیبێژ وەکو پیشـەگەرییەك، بەتـەنیا لـە ئـۆپێرا و ئۆپەرێتەکاندا گۆرانی چڕیووە، بە گۆرانیبێژی ئۆپێرالی ناسراوە،بەڵام لە قۆنـاغی یەکـەمی ئۆپەرێتی کوردیدا هونەرمەندان و گۆرانیبێژان بەشدارییان لەو بزاڤەدا نـەکردووە وئەوانـەی بەشدارییان تێدا کردووە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن.

١١ ـ ئۆپێرا و ئۆپەرێتەکانی ئەوروپا لە نێو هۆڵی شانۆیی پێشکەشکراوە، کە تایبـەت بـۆ نمایشـکردنی ئـۆپێرا و ئۆپـەرێت بنیـاتنراوە و لـەڕووی میعمارییـەوە، ئـەو هۆڵانـە لـەم سەردەمەدا بەیەکێك لە شوێنەوارە گرنگـەکانی ئـەدەبی و هونـەری لەقەڵـەم دەدرێن،بـەڵام ئۆپـەرێتی کـوردی لەسـەرەتای سـەرهەڵدانییەوە زیـاتر لـەنێو پۆلـەکانی قوتابخانـەکان و گۆڕەپانەکانی نێو شار نمایشکراوە، لەو سەردەمدا وتا ئێستاش هۆڵی شـانۆیی تایبـەت بـە نمایشکردنی ئۆپێرا وئۆپەرێت نەبووەو نییە.

١٢ــ ئـۆپێراو ئۆپـەرێتی ئـەوروپی خـاوەنی دیکـۆری تایبـەت بـە نمایشـەکە بـووە، بـە شێوەیەکی گشتی لەرۆژئاوادا خەرجییەکی زۆر لە دیکۆرسازیی بۆ ئۆپێرا و ئۆپەرێت کراوە،

کە دەبـووە هۆکـاری سەرنجراکێشـان و جێگـەی سەرسـورمانی بینـەران، بەتایبـەتیش لـە ئۆپەرێتی ئەمریکیدا، کە بەهۆی ئەو دیکۆر و جلوبەرگەوە، خەرجییەکی گەورەی پێویست بووە. بەڵام لـە ئۆپـەرێتی کوردیـدا، دیکـۆر و جلوبـەرگ بەوشـێوەیە نـەبووەو زۆر سـادەو ساکار بووە و دەتوانین بە بەراورد لەگەڵ ئەزموونی ئەو وڵاتانەدا بە نەبوونی دابنێین.

١٣ـ بەمەبەستی سەرنج راکێشانی جەماوەر،ئۆپێرا و ئۆپەرێتەکانی ئەوروپی، پـەنایان بـۆ پیشـاندانی ئەکتـەرەکان بـەرووتی و نیمچـەرووتی دەبـرد، بەتایبـەتیش ئافرەتەکان.ئـەم شێوازەش لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵگەی کوردیدا ناگونجێت. هـەر لـەو کاتەشـدا ئافرەتـانی کورد بەمەبەستێکی دیکەوە هاتوونەتە سەر تەختی شانۆ و رۆڵیان لە نوانـدنی ئۆپەرێتـدا و شانۆدا گێڕاوە، هەوڵیانداوە ئافرەتی کوردیش هۆشیار بێت و لە کۆری ژیانـا شـان بەشـانی پیاوان خەبات بکەن، هەر بۆیە لەگەڵ لەدایکبوونی شیعری شانۆییدا ئافرەتـان بەتایبـەتش قوتابییان و مامۆستایانی قوتابخانەی کچان لەو سەردەمەدا بەشدارییان لە نواندنی شیعری شانۆییەکاندا کردوو.

١٤ـ لەسـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا،بزاڤی ئـۆپێرا و ئۆپـەرێتی ئـەوروپی رووی لـەکزی و خامۆشـی کـرد، لەبـەر گـەلێك هۆکـار لەوانـەش زۆری خـەرجی تێچـوونی و پشـتلێکردنی گۆرانیبێژان و مۆسیقازانەکان و داهێنانی تەکنەلۆژیای نوێی سینەما و فیلم و ڤیدیۆ، کەچی کورد لە سەرەتای ئەو سەدەیەدا ئاشـنای ئۆپـەرێت بوو،وەکـو هونـەرێکی نـوێ هاتـە نێـو ئەدەبی کوردییەوەو لەدایکبوو.

## ئەنجـــام:

١ـ شیعری شانۆیی وەکو چەمکێك، هەردوو هونەری شیعر و شانۆ لەبۆتەیەکدا کۆکردۆتەوەو سوودی لە رەگەزو پێکهاتەو خاسیەتەکانی هـەردوو هونـەر وەرگرتـووە، لـەرووی دەقـەوە هەموو هونەرەکانی شیعر لەخۆ دەگرێت و بەدوا قۆناغی گەشەسەندووی جۆرەکـانی شـیعر لەقەڵەم دەدرێت و لەهەناوی ئەو جۆرانەی شـیعردا (شـیعری داسـتانی، شـیعری فێرکـردن، شـــیعری لیریکـــی) هاتۆتـــە دەرەوەو پێگەیشـــتووە. لـــەرووی شانۆیشـــەوە تـــەکنیك و کەرەستەکانی شانۆیی لەئەستۆ گرتووە و بابەتی لەسەر بنیات ناوە.

٢ـــ ئـۆپێرا و ئۆپـــەرێت، ســـەرهەڵدانیان دەگەڕێتـــەوە بـــۆ جۆرێـك خوێندنـــەوەی نـــوێ و سەردەمیانەی کەلەپووری کۆنی یۆنانی. لەگەڵ ئەوەشدا لەرووی نواندنەوە دەچنە خانەی شانۆی گۆرانی ئامێز و لەرووی دەقەوەش دەچنە خانەی شیعری شانۆییەوە.

٣ـ کەلـەپووری کـوردی بنچـینەو بناغەیـەکی تۆکمـە و پتـەو بـۆ شـیعری شـانۆیی کـوردی پێکدەهێنێت، لە بیروباوەڕی ئەفسانە و رێورەسمی ئایینی و هەروەها لە ژیان و چـالاکییە کۆمەڵایەتییـــەکانی وەکـــو داب و نـــەریتی کۆمەڵایـــەتی و کـــارکردنی کشـــتوکاڵ و ســـەماو هەڵپەڕکێ و یاری کوردەواری و لاوك و حەیراندا، چەندین سیما و خەسـڵەت و تایبەتمەنـدی ئـۆپێرا و ئۆپـەرێت بـەدی دەکـەین کـە دەکرێـت بـە بناغەیـەکی شـیعری شـانۆیی کـوردی لەقەڵـەمیان بـدەین. هـەروەها گـەلێك تـەکنیك و کەرەسـتەی بنیـاتی شـانۆیی لەشـیعری کلاسیکی و رۆمانتیکی کوردیدا بەکارهاتووە، کە دواتر بوونە بنچینەیەك بۆ شاعیرانی کورد کە لە بەرهەمەکانی شیعری شانۆییاندا سوودیان لێوەربگرن.

٤ـ لەئەدەبی کوردیدا تاکە هەوڵێك دراوە بۆ نووسـینی دەقـی ئـۆپێرا لەلایـەن (گـــۆران)ی شـاعیرەوە بـووە، بـەڵام سـەرکەوتوو نـەبووەو تائێسـتاش دەقێکـی ئـۆپێرایی بەرهـەم نەهاتووە.

٥ـ ئۆپەرێت جیا لە ژانرەکـانی دیکـە، لـەژێر کاریگـەری ئـەدەبی دراوسـێ سـەریهەڵنەداوە، بەڵکو راستەوخۆ بەهۆی وەرگێڕانی دەقێکی ئۆپەرێتی فەرەنسی بۆ سەر زمـانی کـوردی ، ئەو هونەرە لە ئەدەبیاتی کوردیدا لەدایکبووە.

٦ـ هەروەکو چۆن شێخ نوری شێخ ساڵح بە رابەری نوێکردنەوەی شیعری کوردی دادەنرێت ، هەر بەو شێوەیە لەسەر دەستی شێخ نووری شێخ ساڵح یەکەم دەقـی شـیعری شـانۆیی

لەشێوەی ئۆپەرێتدا نووسراوە و لەسەر دەستی شاعیرانی دیکەشەوە بەرەو گەشەسەندن و پێشکەوتن براوە.

٧ـ یەکەم دەقـی شـیعری شـانۆیی کـوردی لەشـێوەی ئۆپەرێتـدا بـووە، ئەمـەش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتەوە، کە نووسـینی ئۆپـەرێت لەچـاو شـیعری شـانۆیی، لـەرووی بابـەت و رووداوە کورتترەو لەگەڵ توانا و دەسەڵاتی شاعیران لەم بوارەدا گونجاوە. هەروەها بـوونی ئـاواز و گۆرانیش، یارمەتیدەری ئـەو شـاعیر بـووە، کـە لـەو سـەردەمدا لەرێگـەی بایەخـدانیان بـە سروددا، ئاوڕییان لەم هونەرە داوەتەوە. بەتایبەتی، کە هونەری ئۆپەرێت لەرێگەی سروددا بوونی خۆی سەلماندووە.

## سەرچاوەکان

### کتێب


– ا. ب. هەوری، بەرهەمی خەبات، چاپخانەی نەجاح ، بەغدا ١٩٥٩.

– ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ، کاریگەریی کەلەپووری کوردیی لە شانۆی کوردیدا،٢٠٠١.

– جـەواد حەمـەد بـەگ، مێـژووی سـەرهەڵدان و گەشەسـەندنی شـانۆو درامـا لەکۆیـە( ١٩٣١–٢٠٠٧)، هەولێر ٢٠٠٧.

– حەمـە حەمەئـەمین قـادر( کاکـەی فـەللاح)، کـاروانی شـیعری نـوێی کـوردی،ب ١، بەغدا١٩٨٠.

– دیوانی بێکەس، ئا: محەمەدی مەلا کەریم، چاپی دووەم،بەغدا١٩٨٠.

– دیـوانی شـێخ نـوری شـێخ سـاڵح، ئـازاد عەبدولواحیـد کـۆی کردۆتـەوەو سـاغی کردووەتەوەو لەسەری نووسیوە،بەرگی١،چ٢ ،دەزگای ئاراس،هەولێر،٢٠٠٨.

– دیوانی عەلی بەردەشانی، ئا: مامۆستا زیاد محەمەد ئەمین، سلێمانی ٢٠٠٦.

– دیوانی فانی، کۆکردنەوەو رێکخستنی کەمال میراودەلی، بەرگی١، ،سلێمانی ،١٩٧٥.

- دیوانی قانع، کۆکردنەوەی: بورهان قانع، چ٦ ، چاپخانەی دالاهو، ٢٠٠٥.

– دیوانی گۆران ، چ٢ ، تهران،١٣٨٥.

– رفعت رجب جمال، بزاڤا شانۆییێ ل دهۆکێ (١٩٣٠–٢٠٠٦)، دهۆك ٢٠٠٧.

– زۆزان صادق تروانشی، چیرۆکە شیعرا کوردی، دهۆك ٢٠٠٨.

– سـەرجەمی بەرهـەمی شـاکر فـەتاح، کۆکردنـەوەو ڕێکخسـتنی: ئەحمـەد سـەید عـەلی بەرزنجی، ب٣، هەولێر٢٠٠٤.

– سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، بنیاتی وێنەی هونـەری لەشـیعری کوردیـدا(١٩٧٠–١٩٩١)، سلێمانی٢٠٠٤.

– سەعدوڵڵا ئیسماعیل شێخانی، سێ سەد هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی،بەغدا ١٩٩٠.

– عەبدولرەزاق محەمەد، شانۆی کوردستان، چاپخانەی صلاح الدین، بەغدا ١٩٦١.

– عبدالصمد اسلام طه، ڕەنگدانەوەی ئەدەب لە گۆڤاری هاواردا(١٩٣٢–١٩٤٣)، هەولێر ٢٠٠٢.

– فەرهاد پیربال، شیعری نوێی کوردی ١٨٩٨–١٩٥٨.

– کەمال ڕەئووف محەمەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، سلێمانی ٢٠٠٠.

– مەحمود زامدار، دەروازەیەك بۆ ئاواز و گۆرانیی کوردی، بەغدا، ١٩٨٠.

– مەولود قادر بێخاڵی ، لەگەنجینەی کوردەواری ، بەغدا،١٩٨٧.

– د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم ،هەولێر ٢٠٠١.

– د. هیمداد حوسێن، ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی (دەق و لێکۆڵینەوە)،هەولێر ٢٠٠٧.

**ڕۆژنامەو گۆڤار:**

– ئەحمەد غفور، شانۆ و نەتەوەی کورد، گ. نووسەری کورد، ژ(١)، ١٩٧١.

– ئەحمەد هەردی، شیعری (( دلاوەران)) هی (( شێخ نوری))یە، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژمارە(٩٩٣) لە ٢١\٧\١٩٨٨.

– تاهیر ئەحمەد حەوێزی، شانۆگەری لە کوردستان ،(١– ٢)، گ (رامـان)، ژ (٢٧)، س ٣، ئەیلوولی ١٩٩٨.

– ج. دانا، ئۆپەرێتی خۆشك و برایەك، گ (هیوا)، ژمارە(١١) س ١، مایسی ١٩٥٨.

–حەیدەر لوتفی نیا،ئەفسانەی بووکەبارانێ لەفۆلکلۆری کوردیدا،گ (رامان)،ژ (٤٣)، س ١٤، ك٢ ٢٠٠٠.

– زرار عەبدوڵڵا سەرتاش،شـەقڵاوەو بزاڤـی شـانۆ لـە سـەرەتاوە تـا سـاڵی ١٩٧٥، گ ( سینەما و شانۆ)، ژ (٣) ، س ١، ئەیلوولی ١٩٩٨.

– د.شوکریە رسول ابراهیم، دیاردەکانی سروشت و بیروباوەڕی خەڵکی دەربارەی باران بارین. گ ( زانکۆ) ، ژ(١٤) ت١، ٢٠٠١.

– فەرهاد پیرباڵ، کرۆنۆلۆژیای شانۆ لەشاری سلێمانی لەکۆنەوە تا ١٩٥٧. گ ( شانۆ)، ژ (٤)ی حوەزیرانی ٢٠٠٧.

– کەمال رەئووف محەمەد، ئۆپەرێتی کوردی و یێکەم ئۆپەرێتی ڕادیۆیی. گ ( کاروان)، ژ (٩١)، س ٩، ك ١ ،١٩٩٠.

– محمد تیمور، دەروازەیەکی رەخنەیی درامای نوێ ی کورد، ب ١، گ ( کاروان) ، ژ (٦٤)، مایسی ١٩٨٨.

– محمود جەودەت، انتباه، رۆژنامەی ( ژیانەوە) ژ (٢٢) ی س (١)، (٢٦) مارتی (١٩٢٥).

– محمود زامدار، بەڵگەنامەیەکی تر( گۆشەی دەنگێ) ، رۆژنامەی ( هاوکاری)، ژ (٣٥٥) لە ١٩٧٧\٢\١٦.

– **تێزی ئەکادیمی:**

– تاهیر بەکر حوسێن، توخمەکانی دراما لە شانۆگەرییەکانی ( ئەمینی میرزا کەریم)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠١.

– سەلام فەرەج کەریم، کەسایەتی لەدرامای کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب ـ زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٩.

– سەلام فەرەج کەریم، گەشەسەندنی درامای کوردی لە (عێراق) دا لە ١٩٧٥–١٩٩٥، نامەی دکتۆرا ، کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین،٢٠٠٠.

**چاوپێکەوتن:**

– چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد سالار، لە رێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان، کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی رێکەوتی (٢٠٠٩\١٢\٣١).

– چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد عەبدولواحید، لە بارەگای گۆڤاری (رامان)، کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (٢٠١٠\٢\١٤).

# بزووتنەوەی (روانـــــــگە)
# قۆناغێکی نوێی شیعری کوردی

ئـەدەبی هـەر نەتەوەیـەك بـە پێـی ڕۆژگـارو سـەردەمەكان و لەگـەڵ هاتنـە پێشـەوەی گۆڕانكارییە ئابووری و سیاسی و كۆمەڵایەتییەكاندا قۆناغێكی نوێ بـە سـیما و خەسـڵەتی تازەوە دەردەكەوێت بۆ ئەوەی گوزارشت لەو ڕەوتـە نوێیـە بكات.بزووتنـەوەی ڕوانگـە لـە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ ەوە لە بارودۆخێكی تایبەتیی كورددا تـوانی گـۆڕو تینێكـی نوێ،بـە كاریگـەریی نوێخـوازی دراوسـێ و كلتـوری نەتـەوەیی و ڕێبـازە ئـەدەبی و هونەرییـەكانی جیهانی لـە ڕێگـەی وەرگێڕانەوە،بـە ناوەنـدی شـیعر و ئـەدەبیاتی كوردیـە ببەخشـێت.ئەم لێكۆڵینەوە هەوڵدەدات وەڵامی سیما نوێخوازییەكانی ئەو بزاڤە و كاریگەریی لە دوای خۆی بداتەوە.

ئەم لێكۆڵینەوەیە دەچێتە خانەی ئەدەبی هاوچەرخی كوردییەوە،ئەگەر ئەدەبی نوێ یان بـە قوتابخانــەی گـۆران و هــاوەڵانی لــە دوای یەكــەمین جــەنگی جیهانییــەوە دەسـت پێبكات،ئـەوا ئـەدەبی هاوچـەرخی كـوردیی لی باشـووری كوردسـتاندا لەگـەڵ بزووتنـەوەی ڕوانگە لە سەرەتای ساڵانی حـەفتاوە دەست پێـدەكات و دەسـپێكی قۆنـاغێكی نـوێ لـە فۆرم و ناوەرۆكی تازەیە.

ئاوێتەبوونی بزاڤە نوێ و مۆدێرنیزمەكان لە زۆر ڕووەوە تێكەڵ بـە بـزاڤ و ئایـدیۆلۆژی و فەلسەفی و ئەدەبییەكانی ڕۆژئاوا بووە و بـە جیهـانیبوونی ئـەدەبیات و ئـەو كـارتێكردن و كاریگەرییانەو بـوونی تیـۆری جیـاواز و دەستڕاگەیشـتن بـە سەرچـاوەكانی ئەپسـتمۆلۆژی ئاسان نییە،بۆیە زۆرجار هەڵاوێردنی ڕادەی ڕەسەنایەتی و لاساییكردنەوە كـارێكی ئاسـان نییە و بەسەهووتدا دەبات.

سروشتی ئەم لێكۆڵینەوەیە وەسفیی شیكاریی مەیدانییە.لە ڕوویەكەوە بە ناچاری بنـەما مێژووییەكانی ئەو بزاڤە دیاری دەكات و شیكردنەوەی پێویسن بۆ بوونی بابەت و سیماكانی نوێخوازی دەكات و بۆ پشت ئەستووری بۆچوونەكانیش بە شـێوەیەكی مەیـدانیی ڕای ئـەو شاعیرانەی، كـە ئەوسـا و ئێسـتایش لـە ئـەزموونی شـیعریی خۆیانـدا بـەردەوامن لـەبارەی كاریگەریی ئەو بزاڤە وەرگیراوە.

ئەم لێكۆڵینەوەیە، لە پێشەكییەك و دوو پاژ و ئـەنجام و سەرچـاوەكان پێكهاتووە،پـاژی یەكەم بەسەر دوو تەوەرەدا دابەشكراوە،كە بریتیین لـە چـەمكی نوێخـوازی و هۆكارەكـانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕوانگە و لە پاژی دووەمیشدا ، كە لە دوو تەوەرەدا پێكهاتووە،لە

تـەوەرەی یەکەمـدا سـیماکانی نوێخـوازی بزووتنـەوەی روانگـە و لـە تـەوەرەی دووەمـدا چارەنووسیی روانگـە لـە نێـوان رەتکردنـەوەو بەردەوامیـدا خراوەتـە بـەرباس و ئـەنجام و سەرچاوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە دیاریی کراون.

## چەمکی نوێخوازی:

هەر سەردەمێك بە بەراوردکردنی لەگەڵ سەردەمی پێش خۆی بەنوێ دادەنرێ، بۆ نموونە نوێ بۆ تـاکێکی کـورد لەسـەردەمی ئێسـتاماندا هـەمان واتـای جـاران ناگەیـەنێ ، کەواتـە جیاوازی لەکاتێك بۆ کاتێکی تر، لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر و لەنێوان تاکەکانیشـدا هەیـە، بەڵام ناوەرۆکی نوێخوازی بە مۆرکە جیهانییەکەییەوە کامڵ دەبێت.

کـاتێ کـە زاراوەی (مـۆدێرن) بـەکارهات لـە زۆربـەی زمانەکانـدا بـەبێ وەرگێـڕان بەکاردەهات.تازەکردنـەوە چـەمکێکی فراوانـە لـە زمـانی کوردیـدا ئـەم زاراوەیـە چـەندین شێوەوناوی بۆ بەکارهاتووە،وەك نوێگـەری، نوێخـوازی، نوێبوونـەوە، تازەگەرایی..هتـد ). هەموو ئەم شێوانە یەك مەبەست دەپێکن،بەڵام لەزمانە ئەوروپییەکان و زمانی عەرەبیشـدا چەمك و مەبەستی هەندێ لەو زاراوانەی لە یەکتر جیاوازن، بۆ نموونە لە زمـانی ئینگلیزیـدا هـەردوو زاراوەی Innovation و Modernism بـەکاردێت لـە زمـانی عەرەبیشـدا(تجدید)و(حداپە)یان بەکارهێناوە.وشـەی (الحداپـە)مۆدێرن یـان نوێخـوازی، بنچینەکەی لاتینییەو لە (Modrus)ەوە وەرگیراوە.

چەمکی نوێگەری بەپێی سەرهەڵدانی و لەبەرئەوەی لە منداڵدانی ڕۆژئاوا لـەدایك بـووە، بابزانین ئەم چەمکە لەهزری ڕۆژئاواییدا چی دەگەیەنێ ؟

چەمکی نوێگەری لە ڕۆژئاوادا دەرهاویشتەی ململانێی هزری ئاینی لەلایەك و لەلایەکی تر دەسەڵاتی زانین و زانست و هۆش و ئاوەزە .ئەم چەمکە لەسەر دوو بنەما دامەزراوە:

١- هەموو بەهایەك شایانی گۆڕان و دۆخ سەندنە،مرۆڤ پێویستە خۆی لەگەڵدا بگونجێنێت .

٢- پرۆسەی ڕەتبوون لە قۆناغی ڕابردوو، هەتا ئێستاش کاکڵەی ئەم بۆچوونە پێکدێنێت، بەرەو گۆڕانی ڕادیکاڵیانەو پێشکەوتنی کۆمەڵ. تاکە سەرچاوەی زانین مرۆڤـە، کە لەسەر بنەمای ماددی و بەرهەست واقیعی بەرچاو و بەپێی بەرنامەی زانستی دەربەست دەکرێت نوێگەری وەکو چەمکێکی ئەپستمی و چەمکێکی پراکتیکی پەیوەسـتە بەچـەندان

چەمکی تری وەك(عەلمانیەت–سکۆلاریزم–نامۆبوون– تازەگەری– گـۆڕان– تـەکنۆلۆژیا – ڕاپەڕین...هتد).

نوێخوازی وا ناساندراوە ئەو بزووتنەوەیەیە،کە بۆ نوێبوونەوەو لێکۆڵینـەوەی دەروونـی مرۆڤ هەوڵدەدات و پشت بەزۆر هۆی هونەریی نوێ دەبەستێ.

نوێخوازی بریتییە لەو ڕەخنانەی، کـە ئاراسـتەی کلتـور و نـەوەکانی پێشـوو دەکـرێ، بەڵام ڕەخنەیەکی تەواو و ڕەتکەرەوە نا، بەڵکو بەمەبەستی بەرهەمهێنانی بابەتێکی بەرزو جوانتر. لەم بارەیەوە (ئالان تۆرێن) دەگەڕێتەوە بۆ چەمکەکانی (دۆرگهـایم)و لـە ڕێیانـەوە ڕاڤـەکردنێکی هاومانـا ،بـەڵام زۆر بەسـەلیقەوە گەڵاڵـەی دەکـات و دەنووسـێ : مـرۆڤ ئـەو بوونەوەرە نیە،کە خوا لەشێوەی خۆی خەڵقی کردبێت،بـەڵکو بکـەرێکی کۆمەڵایەتییـە بـە کۆمەڵێك ڕۆڵی دیـاریکراو سـنوور بەندکراوە،واتـە بەڕەفتارگـەلێکی پێویسـت بەپایەوە،کـە پێویسـتە لەسـەری بـە ڕەفتـارێکی بـاش لـە سیسـتەمی کۆمەڵایەتیـدا بەشـداری بکـات ، لەبەرئەوەی مرۆڤ ئەوەیە، کە بە ڕەفتار دەیکات نابێ بە هـیچ شـێوەیەك بگـەڕێت بـەدوای تاکە کەسایەتی تایبەتیی خۆیـدا لـە دەرەوەی کۆمـەڵ، واتـە لـەلای خـوا دەبێـت بگـەڕێت بـەدوای دیـاریکردنی چـاکەو خراپـەدا لەسـەر ئـەو بنەڕەتـەی کامـەیان سوودبەخشـە یـان زیانبەخشـە، بـۆ زینـدوو هێشـتنەوەی لـە ژیانـداو لـە پێنـاو ڕەفتـارێکی باشـی جەسـتەی کۆمەڵایەتیدا.

کەواتە نوێخوازی بریتییە لە کۆمەڵێك ڕوانینی نوێ سەبارەت بە ئەدەب و مێژووی کـۆن، ئەو ڕوانینەی کە کۆمەڵێك دەرگای بەسەر دنیای پێشوو و ئەمڕۆماندا دەکاتەوە .

نوێخـوازی لـە کۆتاییـەکانی سـەردەمی ڕۆمانسـییزمدا دەسـتی پێکرد.ڕۆمانسـییزم گرنگییـەکی بنجـی و زۆری بـە نوێکردنـەوەی لایەنـە جوانکارییـەکان و شـێواز دەدا، بـەڵام نوێخوازی لە ئاریشەکانی شارستانیدا نقـوم بووبـوو، دوور لـەو تەنگوچـەڵەمانەی لـە کـاتی هەڵسوکەوتی لەگەڵ داستان و بنیـادو ڕێکخسـتندا دەهاتـە پێشەوە،کێشـەی هونەرمەنـدی هاوچـەرخ ڕزگـاربوون نییـە لـە مێـژوو، بـەڵکو کێشـەی چـۆنیەتی مامەڵەکردنیـەتی لەگـەڵ مێژوو.ئەگەر هاتوو لە نوێخوازیدا (خەیاڵێکی داهێنەر)،وەکو ئەوەی (کۆلردیج)١،لە سەرەتا

---

١: محسن حیدریان،سرامدان اندیشه و ادبیـات از دوران باسـتان تـا اغـاز قـرن بیستم،چـاپ اول،نشـر قطره، تهران ، ١٣٨٥، ص ٣٣٩– ٣٤١.

و مانفێستی ڕۆمانسیزمدا رایگەیاند، هەبێت بتوانێ هەموو شتێکی جوان بکاتە شتی سوودبەخش، کەواتە دەبێ باوەڕمان بەوەش هەبێت نوێخوازی پێچەوانەی ئەوەش توانای رەتکردنەوەی داهێنانیشی هەیە، یەکێ لەو هۆکارانەی نوێخوازی دەکاتە ڕوویەك لە ڕووەکانی هونەری هاوچەرخ ئەوەیە،کە نموونەیێکی شارستانی و هزریی ئێستای ژیانی هاوچەرخە،کە جەنگی جیهانیی بە دوای خۆیدا هێنایە کایەوەو بووە هۆی گۆڕانکارییێکی فراوان لە ژیانماندا. ئەو هونەرەیە دان بە لایەنی واقیعی تەقلیدیدا نانێت،لەناوبردنی یاخود تێکشکاندنی کەسییێتی تاکە، ئەوهونەرەیە، کە شێواندن هێناویەتیە کایەوە،ئەو هونەرەیە کە واقیعی گۆڕی بۆ ژیانێکی ڕێژەیی،کەواتە نوێخوازی هونەری نوێکردنەوەیە،هونەری دوورکەوتنەوەیە لە لاساییکردنەوە و بەدیهێنانی حەز و ئارەزووە چەپێنراوەکانی مرۆڤە،کە هیچ سنوورێکی بۆ نییە.ئەم هونەرە تایبەتمەندی خۆی هەیە،ڕاکردن لەلاسایی،رق لێبوونەوە لەخود،بەهۆی ئەو تایبەتمەندییەی لەسەر خەڵك و کات و مێژوو دا هەیەتی بە هونەری پێشەنگ دادەنرێت. کەواتە نوێخوازی لە ڕاستیدا گەورەترە لەوەی،کە تەنها داهێنانی مەسەلەیەکی ستاتیکی بێت، بەڵکو کێشەیەکی شارستانی و جوانییە لەیەك کاتدا، کێشەی بنیاتی زمان و بەکارهێنانی، تەنگژەی یەکبوونی شێوەیە لە دواییدا، تەنگژەی ستاتیکییە بە واتای کۆمەڵایەتی بوونی هونەرمەند خۆی.

نووسەری نوێخواز هەوڵدەدات بەرهەمەکانی لەو کاروانە درێژە هونەرییەدا خاوەن شێوازێکی تایبەتمەند بێت،بەڵام ناکرێ بە نوێخوازی بوترێ شێواز، بەڵکو هەوڵدانە بۆ گەیشتن بەشێوازێکی تاکی تایبەت، هەروەکو (ئارڤنگ هاو) دەڵێ :(نوێخوازی بەشێوازێکی تایبەتیی کارتێکەر نەهاتۆتەوە کایەوە، خۆ ئەگەر وا هاتبێتە کایەوە، ئەوە خۆی لەخۆیدا ڕاگەیاندنی بانگەوازی کۆتایی نوێخوازییە.)

هەرلەبەرئەوەشە ئەو تایبەتمەندییانەی لە کارو داهێنانی شێوەکار و نووسەرو شاعیراندا دەبینرێ تایبەتمەندییەکی تاکەکەسییە لە کارەکانیاندا رەنگی داوەتەوە، بەرهەمی هونەرمەندو شاعیرانی وەکو پیکاسۆ– ت.س.ئیلیوت– ئیزرا پاوەند...هتد ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن. بەم شێوەیە ناتوانین تاکە شێوازێکی وەسفکراو بۆ هونەری ئەو سەردەمە دابنێین.بەو واتایەی نوێخوازی بزووتنەوەیە، کە هۆکار و تایبەتمەندی و جیهانی خۆی هەیە، ئەگەرچی ئەم بزووتنەوەیە نەیتوانیوە بەرهەمێکی کلتوری و شێوازێکی تایبەت

بێنێتە کایەوە،بەڵام هێمای جوانی یا جوانی هێمایی و تێڕوانینێکی پێشـەنگیی بـۆ هونـەر ئامانجیەتی١ .

دواجار دەمانەوێ ئەوە ڕوون بکەینەوە کاتێك، کە باس لە نوێخوازی دەکەین مەبەستمان ئەوەنییە، کە ئـەو نوێخوازییـە ڕەتکردنەوەیـەکی تـەواوی قۆناغـەکانی ڕابردووبێت،چـونکە مەبەسـت لـە نـوێ ئـەوە نیـە پـێش خـۆی رەت بکاتەوە.مـەرج نییـە بەرهـەمێك لەلایـەن شاعیرێکی کۆن یان کلاسیکییەوە نووسرابێ بە کۆن لە قەڵەم بدرێ و ئیتر بەسەرچووبێت و نابێ باس بکرێت. ئەو تێکست و دەقـە نموونـەیی و ناوازانـەی، کـە بـەداهێنان و بەرهـەمی نەمر دانراون، کە هەنـدێکیان لەسـەردەمی پـێش زایینیشـدا نووسـراون و مێژوویـیـەکی زۆر کۆنیان هەیە،وەکو ئەو نموونە بەرز و سـەرتۆپانەی لـە مێـژووی ئـەدەبیاتی گریکـی کۆنـدا نووسـراون وەکـو داسـتانەکانی هـۆمیرۆس و بەرهەمـە شـانۆییەکانی شانۆنامەنووسـە بـە ناوزبانگەکانی وەکو ئەسخیلۆس و سۆفۆکلیس و یۆربیدس و چەندانی دی بە بەردەوامی لە سەردەمی دوای خۆیان هەتا بە ئەمڕۆیش رادەگات کۆدی تـازەو وردەکـاریی تازەیـان تێـدا دەدۆزرێتەوەو شیکردنەوەی تازەیان بۆ دەکرێت.

(کۆمیدیای یەزدانی)٢ دانتی ئەلیجیری ١٢٦٣–١٣٢١، کە سەفەرێکە لەگەڵ (پیاتریسی) خۆشەویستی بەرەو ئاسمـان و بریتییـە لـە ٩٩ سـروود و پێشـەکییەك، ئایـا ئێمـە دەکـرێ بەدەقێکی زیندووی دانەنێین؟ ئێ خۆ (دانتی) یەکێکە لە شاعیرە پێشڕەوەکانی ڕێنیسانس و داهێنانێکە تا ئەو جێگەیەی رەخنەگرەکان لە پـاڵ وشـەی کۆمیدیادا،کـە بـۆ ناونیشـانی کتێن٢بەکەی هەڵبژاردووە ناوی (یەزدانی)یشیان بۆ زیـاد کـردووە، لـەو روانگەیـەی هێنـدە بەرزو پڕ واتا و ناوازەیە لە ئاستی وتـە جوانـەکانی یەزداندایـە. (ڕۆبنسـۆ کـرۆزۆ)ی دانیـاڵ دیڤۆ و (دۆن کیخۆتە)ی سێرڤانتس و (بەهەشتی ونبوو)ی جۆن میلتۆن و چەندان بەرهەمی دی نموونەی ئەم راستییەن.

---

[1]: بـۆ زانیـاری زیـاتر بڕوانـە:مالکۆم برادبـری و جـێمس ماکفـارلین، وەرگێڕانـی بـەهزاد حەویزی،چ١،چاپخانەی رۆژهەلات،هەولێر،٢٠٠٨،ل٩– ٢٢ .

[2]: دانتـه الگـیری، کمـدی الهی،ترجمـه شـجاع الـدین شفا،چـاپ چهاردهم ،مؤسسـه انتشـارات امـیر کبیر،تهران، ١٣٨٤.

## هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی روانگە :

سەرهەڵدانی هەر بزووتنەوەیەك جا سیاسی یا رۆشنبیری بێت پێوستیی بە پلان و بەرنامەڕێژی لەلایەن کەسانی شارەزاو لێهاتووەوە هەیە، رەنگە سەرەتا بە شێوەیێکی ساکاریش بێ، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و زیاتر برەودان بەرەو گەشەکردن و قوڵبوونەوە دەچێت.سەرەتا بە (روانگە) چۆن سەری هەڵدا چۆن توانی دەستەواژەی ( وتەی نوێ ، بیری نوێ ، کرداری نوێ) بە خەڵکی ئاشنا بکات، دەڵێین: بیرۆکەی روانگە بۆ کۆتایی ساڵانی شەستەکان دەگەڕێتەوە کاتێ ، کە کۆمەڵێ ڕۆشنبیریی کورد لە بەغدا دەژیان لەوانە (کاکەمەم بۆتانی– حسین عارف – جەلالی میرزا کەریم) لەو سەردەمەدا هەموو دنیا هەژابوو، چ لە لایەنی نوێخوازی یا لەلایەنی فیکری – سیاسی.. هتد.

هەڵبەتە ئەم کاریگەرییە نوێخوازییە لە ئەوروپاوە گەیشتبووە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەوانەیش عێراق..بەم شێوەیە شاعیر و نووسەرانی کورد هەم بە هۆی گەڕانەوە بۆ کلتووری ئەدەبی نەتەوەیی خۆیان و هەروا بەسوود وەرگرتن لە ئەدەبیاتی وڵاتانی دراوسێ هەنگاویان بەرەو نوێبوونەوە نا. سەبارەت بە سەرهەڵدانی بیرۆکەی روانگە (شێرکۆ بێکەس) دەڵێ :(بیرۆکەکە بیرۆکەی هەموومان بوو، ئێمە ئەو کاتە لە بەغدا دەژیاین وا بزانم لە پێشدا بیرۆکەکە لە بارەکانی ئەبی نەواس سەری هەڵدا، ئەوەی ڕاستی بێ پێموایە ئەوکاتە جۆرێك لە نائومێدی دروست بوو بوو لە لای هەر یەکێکمانەوە بەرامبەر بە بزووتنەوە سیاسییەکان، ئێمە یەك سەقفی ئایدۆلۆژی کۆی نەکردینەوە،بەڵکو کۆمەڵێك گەنج بووین خەونمان هەبوو کە جۆرێك یاخی بووین لە ئەدەبدا ئەنجام بدەین بەتایبەتی لە داڕشتنەوەی ماناو زماندا.)[1]

ئاماژە بە سەرەتای سەرهەڵدانەکە دەکات و دەڵێ :( روانگە لە منداڵدانی شەستەکاندا خولقاوە، بەڵام لەسەرەتای حەفتاکاندا لەدایك بوو، ئینجا لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا پێیگرت و هاتە ناو خەڵکەوە). کەواتە دەتوانین بڵێین روانگە لە سەرەتای حەفتاکاندا دەروازەیێکی نوێخوازیی لەسەر شیعر و کورتەچیرۆکی کوردی کردەوە.ئەو ماوەیەی، کە

---

[1] : شێرکۆ بێکەس، جەلالی میرزا کەریم ،روانگەو چەند ئاوێنەیەکی بیرەوەری ئەو کاتە، گۆڤاری (ئایندە)، ژ٧٩ , سلێمانی ، تەمووزی ٢٠٠٨.

(روانگە) تیایدا لە دایکبـوو سـەردەمی کۆمـەڵێك پرسـیاربوو، کـە خۆیـان خسـتە دووتـوێی مەیدانی ململانێیە سەختەکانی دنیاوە، بەتایبەتی ئەو گەلانـەی، کـە هەسـتیان دەکـرد لـە شارسـتانێتی و پێشـکەوتندا دواکـەوتوون و وابەسـتەبوون و کۆمـەڵیان بـە پابەنـدبوون بـە کۆنەخوازی و مەزهەبی وەسف دەکردو بە راگەیاندنی یاخیبوون و خۆراپسکاندن ویستییان لەو بازنە خولخواردووەدا دەربچن، ئەوەی،رەنگە لە روانگەی هەندێ رۆشنبیرو رەخنەگر لە بۆچوونێکی سیاسـی و ئایدیۆلۆژییـەوە بـۆ بزاڤێکـی دەسـتکردی حزبـی دابنرێـت یـان لای هەندێ کەسی تر بە کەسانی بێ بەرنامەو سـەرەڕۆ بـژمێردرێن، بـەڵام ئـەوەی توانییـان و خۆیان باوەڕیان پێبوو کردیان. ڕوانگەییەکان بۆخۆیان دەڵێن : ئێمە گلبەرنگ نیە تـا سـەر لەگەڵ کاروانەکەدا بڕۆین گرنگ ئەوەیە رێی کاروانچییەکان ڕوشن بکەینەوە.گرنگ نیە ئەمە تونێڵە گرنگ ئەوەیە چۆن چرایەك لەدەست بگرین بە خەڵك بڵێین ئەم مەئلوفیەتە دەربڕین .

واتە روانگەییەکان خۆیان بە رێنیشاندەر بۆ نەوەی دوای خۆیان دەزانن و هانـدانیان بـۆ بەردەوامی و دەبڕینی ڕای ئازاد و داهێنانی سەردەمانە لەگـەڵ هـەنگاوەکانی پێشـکەوتنی شارسـتانیەت و خۆیــان دەســووتێنن و دەبنــە فەنــەری رۆشــنکەرەوە بــیری راســت و نوێخوازی.ئـەم حاڵەتـەیش لـە زۆر بزاڤـی نوێخـوازی و جیهانـدا بـووە و دەبـێ، کۆمەڵـەی (لەپلەییاد)،لە سەدەی شازدەهەمدا کە لە حەوت شاعیری نوێخوازی فەرەنسی پێکهـاتبوون هەر لە هەڵبژاردنی ناوەکەیانەوە لە ئەفسـانەیەکی کـۆنی گریکییـەوە وەرگیرابـوو دا دیـارە توانییـان بـە مانیفێسـتێك بـە ناونیشـانی (لـە پێنـاو ئاراسـتەکردن و رازاندنـەوەی زمـانی فەرەنسی)دا ،ئەو ئەرکەیان جێبەجێ بکەن [١].

بەرپاکردنی ئەم تەوژم و بزاڤە نوێخوازییە لـە ئـەدەبی کوردیـدا لەلایـەن دەسـتەیەك لـە نووسـەری پێشـکەوتووخواز و یـاخیبووی میللەتەکەمانـەوە بـوو، کـە ئەوانیش:(حسـین عارف،شێرکۆ بێکەس، کاکەمەم بۆتانی، جەلالی میرزا کەریم، جەمال شارباژێڕی) بوون، کە بانگەوازی ئەو بزووتنەوەیان ئیمزاکرد و بڵاویان کردەوە. روانگەییەکان خۆیان ئاماژە بەوە

[١] بڕوانە: د.هیمدادی حوسێن،ڕێبازە ئەدەبییەکان،دەزگای موکریانی هەولێر،٢٠٠٥، ل٢٥–٢٧.

دەکـەن، کـەوا پێویسـتە کۆمـەڵ و ئـەدەبیات لـە پێنـاوی پێشـکەوتن لـە قـاوغی تەسـك و تێڕامانی ناوچەییدا بێتەدەرەوەو چەمکی(بە جیهانیبوون)١ جێگەی بگرێتەوە.

لە ژمـارە (٣)ی گۆڤـاری (ڕوانگـە)دا دەڵـێن:( ئەدەبەکـەمان تـا لـە قـاوغی تەنگەبـەری ناوچـەییدا بمێنێتـەوە وە لـەتاقی کردنـەوە سـەرکەوتوەکانی ئـەدەبی تـازەی جیهانـەوە ڕۆشـنایی وەرنـەگرێت وەك ئـاوی ڕاوەسـتاو بۆگـەن ئـەکات. ئێمـە بـەری ئـاوی ڕاوەسـتاو بەرئەدەین تا بڕژێتە زەریای ژیانەوە )٢.

بێگومان بۆ سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوە نوێکارییەش کۆمەڵێك هۆکار دەوریـان هـەبووەو بوونەتــە هانــدان بــۆ ســەرهەڵدان و هاتنەکایــەی کۆمــەڵێك گۆڕانکــاری لــە بابــەتی ئەدەبیدا،لەوانە:

ڕێکەوتنامـەی ١١ی ئـازاری ١٩٧٠ کۆمـەڵی گۆڕانکـاری بـە دوای خۆیـدا هێنـا و وشـك و برنگی و بێ بارانی ئەدەب و هونـەری نەهێشـت، لـە چـەندین لاوە دەرگـا کرایـەوە، لەوانـە زیادبوونی ژمارەی گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکان،بزووتنـەوەی شانۆ و هونـەری شـێوەکاری و گۆرانی و مۆسیقای کوردی گەشەیان کرد، تا رادەیەکیش ئازادی رادەربڕین باشتر بوو، ئەم وەچەرخانە گرِوتینێکی تازەیدا بۆ وەچەرخان و رادەربڕین و جووڵان، ئیتر لێرەوە بیرۆکەی بانگەوازی ئەدەبی تـازە بـووە جێـی مشـتومڕو لێدوان،هـەروەها هۆکـارێکی تـریش نزیکـی تەمەنیان بوو لە یەکتری، هەموویان گەنج بـوون و خولیـای نوێخـوازی بوون،جگـە لەمـەش ئاشنابوونیان بە هەندێك لـە نووسـەرانی ئـەو کاتـەی جیهـان وەکـو ئـەلبێر کامۆ،لامـارتین، وێڵسۆن، سارتەر .. هتد لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە)،بە دڵ ئارەزووی ئـەوەیان دەکـرد ئاسـتی ڕۆشنبیرییان گەشە پێبدەن .

---

[1] : بـە جیهـانیبوون زاراوەیـەکی بـواری ئـەدەبی بەراوردکارییـە، واتـا دەرچـوون لـە بازنـەی ئـەدەبی نەتەوەییەوە بۆ سنووری ئەدەبی نەتەوەکانی تر و بڵاوبونـەوەی بـە شـێوەیەکی فـراوان، کـە ئەمـەش کارێکی ئاساییەو کارلێکەری و کاریگەریی نێوان ئەدەبە نەتەوەییە جاوازەکان دەنوێنێ، کـە هەمیشـە پەیامێکی هیومانیزمیی گەورەیان لە هەناوی خۆیاندا هەڵگرتووە.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:عەزیز گەردی، ئەدەبی بەراوردکاری، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا،١٩٧٨،ل ٩٦.

[2] : ڕوانگە، بەرگی سێیەم، بەغدا، ١٩٧٢ ،ل٦٨.

بڵاوکـراوەی (ڕوانگـە) کـەوتبووە بـەر تـیرۆژی ڕەوتـی سـەردەمی بـاوی حـەفتاکان، ئەوسەردەمەی کە فەلسەفەی و جودی و فیکریی نوێ دنیای هەژاندبوو، (کاکەمەم بۆتـانی) لەم بارەیەوە دەڵێ:(پەیوەندیمان بە شاعیرە نوێخوازەکانـەوە هـەبوو بـە تایبـەتی (فاچـل العزاوی) زیاتر هانی دەداین بۆ ئەوەی بەیانێك دەربکەین).

هەرچـەندە (کاکەمـەم بۆتـانی) ئاماژە بـۆ قوتابخانـەی دادایـزم و سـوریالیزم دەکـات و کـارتێکردنی ئـەو ڕێبازانـە بەسـەریانەوە، بـەڵام ئـەویش ڕاسـتەوخۆ نـەبووە، بـەڵکو لەبـەر نـەزانینی زمـانی ئـەوروپی لـە کـەناڵی تـرەوە ئـەم قوتابخانانـە کـاری تێکردوون،کەواتـە کـارتێکردنی ئـەدەبیاتی عـەرەبی زیـاتر بـووە لەسـەریان لـە ڕێگـەی ئاشـنابوونیان بـە بەرهەمەکانیان، ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی زمانی عەرەبییەوە بووە.

(شێرکۆ بێکەس) دەڵێ:(کەوتینە بە دواداچوونێکی وردەوە،پێش ئـەوەی گۆڤـاری (٦٩) ی شیعری عێراقی بێتەکایەوە، ئێمە موتابەعەی گۆڤـاری (الشـعر) ی (ئـەدۆنیس)مان دەکرد. جۆرێك لەدەرگای تازەکردنەوەی کردبۆوە هەروەها میسریەکانیش گەلەری (٦٨) یان هەبوو (ئاداب)ی بەیروتیشمان دەست دەکەوت، ئەمانەمان دەخوێندەوە هاتنەکایەوەیەکی بـەزۆر نەبوو، سەردەم و بارودۆخی سیاسی ئەدەبی هێنایەکایەوە.)١

کەواتـە هـەموو ئـەو هۆکارانـەی سـەرەوە بوونـە مایـەی سـەرهەڵدانی ئـەم بزووتنـەوە نوێخوازییە.گەرچـی هەنـدێ لـە نووسـەرانی ئـەو دەمـە وایـان لێکداوەتەوە،کـە ڕوانگـە بزووتنەوەیـەکی سـەربەخۆ نییـە، بـەڵکو پاشمـاوەی (قوتابخانـەی گـۆران)٢و لێـی جـودا نابێتەوەو لەم بارەیەوە(د.عیزەدین مستەفا رەسول)دەڵێ:(بەلای منەوە تا ئێسـتا شـتێکی ئەوتۆمان لە بەردەستا نییە، کە لە ڕووی پەیڕەو و یەکێتی فۆرم و ناوەڕۆکەوە پێی بڵـێین ئـەدەبیاتی پـاش گۆران.لـەڕووی فـۆرم و زمانـەوە لاسـاییکردنەوەی گـۆران و قوتابخانـەی

---

١: عەلی تاهیر بەرزنجی،کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا،نامەی ماستەر،ل١٠٢.

٢: قوتابخانەی گۆران بە هۆی ئەوەی گۆران لە نێو ڕابـەرانی تازەکردنەوەکـە وەکـو زۆری و چەشـن و زمان و هەستی شاعیرانە لە نێو ئەوانی تردا زۆرتر دەرکەوتووە،کە بێگومـان کاریگـەری ئایـدیۆلۆژیاش ڕۆڵـی لـەو دەرکەوتنـەدا بـووە. شـاعیرانی دوای ئـەو وەکـو هـەردی و دیـلان و کامـەران و ع.ح.ب و مەدهۆش تا ساڵی ١٩٧٠ لەسەر ڕێچکەی ئەو دەیاننووسی.

گۆرانن.هەر ئەوانەی لە رۆژانی (گۆران) دا هەبوون هەر ئەوانن و خۆیان دان بەو راستییەدا بنێن یان نەنێن.قوتابی پەیڕەوی گۆرانن.)١

ئەو بۆچوونە تا ڕادەیەك راستە، لـەوەی کـەوا نووسـینەکان پـەیڕەوکردنی (گـۆران)ن، چونکە هەروەکو پێشـتر ڕوونمـان کـردەوە هـەر بزووتنەوەیـەکی نـوێ، کـە سـەرهەڵدەدات هەڵبەت نکۆڵی تەواو لە قۆنـاغی بـەر لـە خـۆی ناکـات و زۆر شـتی لێـوەردەگرێ و هـەوڵی باشـکردنی ئەوانـەی تـریش دەدات،بـەڵام ڕوانگەییـەکان لاسـاییکەرەوەی دەقـاودەقی (گۆران)نین،چونکە کەم یا زۆر ئەوانیش ڕۆڵی خۆیان لە هێنانەکایـەی بابـەتی تـازە کـە لـە داهاتوودا باسیان دەکەین دا هەبووە .

(عەبدڵڵا پەشێو)، یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لە ساڵانی حەفتادا بوو بە خاوەن دەنگی تایبەتی خۆی،دەربارەی گۆران و تەجاوزی گۆران دەڵێ: (باوەڕم بە تەجاوز نیە،ئەدەبیات بەگشتی بریتی یە لە ئیزافات شتێك دەخەمە سەرئەوەی هەیە هەرکەسێ لەسەردەمی خۆی دەژی.(گۆران) وەڵامی پرسیارەکانی سەردەمی خۆی دایەوە بـە کەرەسـەیەکی ڕادەبـەدەر جوان، ئێمـەش رەنگـە بتـوانین وەڵامـی پرسـیارەکانی ئێسـتا بدەینـەوە بـەو کەرەسـانەی لەبەردەستمان دان)٢.

بەم شێوەیە باوەڕی بەتەجاوز نییە،بەڵکو بەلای ئەو زیادکردن (خستنەسەر)ی داهێنـان لەسـەر ژانرەکـان و هـەر سـەردەمێك دەتوانێـت بەکەرەسـەی تـازە و سـەردەمانەی خـۆی وەڵامی گۆڕانکارییەکان بداتەوەو شان بەشانیان هەنگاوبنێ.کەواتە ڕوانگەییەکان بەتەواوی پەیڕەو و لاسایی قوتابخانەی کـۆن نـەبوون، بـەڵام کـەم تـا زۆر سـوودیان لـە قوتابخانـەی (گۆران) بینیووە و دانیان بە داهێنانی (گۆران)دا داناوە.

[1]: عیـزەدین مسـتەفا رەسـووڵ،ئایا چـۆن ئـەدەبی پـاش قۆنـاغی گـۆران هەڵئەسـەنگێنن؟،رۆژنامەی هاوکاری،ژمارە(١٠٥) ،١٩٧٢،ل٣.

[2]: شـەرمین ئیـبراهیم عەزیز،پەشـێو و تازەکردنـەوە لـە شـیعری کوردیدا،(نامـەی ماسـتەر)،کۆلێژی پەروەردە،زانکۆی سەلاحەدین،٢٠٠٤،ل ١٠٢.

## سیماکانی نوێخوازی بزووتنەوەی روانگە :

سـەرهەڵدانی هـەر بزووتنەوەیـەك پـەیام و ئامـانجێکی تایبـەت بـەخۆی هەیـە، پـەیامی ڕوانگەییەکانیش بریتی بوو لە بلأوکردنەوەی بانگەوازی نوێخوازی و دەربڕینی ئـەو هەسـتە پەنگ خواردووەی، کە لە دەروونیاندا قەتیس مابوو ، ئەو نوێخوازییەی، کـە روانگەییـەکان ئەنجامیاندا بە شێوەیەکی گشتی زیاتر لە شیعر و چیڕۆکدا ڕەنگی دایـەوە، کـە ئێمـە لـەم باسەدا هەوڵدەدەین لایەنی روخسارو ناوەرۆکی شیعری ڕوانگەییەکان لە ڕووی نوێکارییەوە نیشان بدەین .

## رووخسار و ناوەرۆکی شیعرەکان :

### ١- زمانی شیعری:

روانگەییەکان هەوڵیانداوە زمانی شـیعرییان بـە بـەکارهێنانی وشـەو دەسـتەواژەی نـوێ دەوڵەمەنـد بکـەن، کـە لـە ئەوانـدا ئـەم وشـەو دەسـتەواژانە کـەم یـان بەکارنـەهاتبن بـەو مەبەسـتە، کـە زمـانی شـیعر لـە زمـانی ئاسـایی قسـەکردن جیـا بێـت، بـە واتایـەکی دی (شیعرییەت) بوو بە خەمی سەرەکییان لە زمـانی شـیعری و هـەوڵی تەقاندنـەوەی زمانیـان دەدا بە مەبەستی بنیاتێکی ستاتیکی بۆ شیعر بێتەکایەوە،وەکو چۆن هـەر لـە سـەرەتای سەدەی بیستەمەوە قوتابخانەی فۆرمالیسـتی رووسـی زمـانی کـرد بـە رەگـەزی سـەرەکی داهێنانی شیعری،تا ئەو جێگەیەی، کە دەق بە لایانەوە جگە لـە یارییـەکی زمـانی هیچـیتر نەبوو،روانگەییـەکانیش بەکاریگـەریی شـاعیرە عەرەبـەکان و تۆژینـەوەکانی گۆڤـارە عەرەبییەکانی ئەوێ رۆژێ لەبارەی لادانی زمـانی و شـێوازگەرایی بـە دوای فـۆرمی تـازەدا دەگەڕان، بە تایبەتی لەوەیش تێگەیشتبوون بەتـەنیا ئـەو روانینـە رۆمانسـییانەی قۆنـاغی پێشوو بەس نییە بۆ زمانی شیعریی بەڵکو دەبێ روانینیان بۆ دنیاو دەوروبەر بگۆڕێ.١ بـە هەرحاڵ،زمانی شیعر دوو ئەرکی گرنگی سیمیۆلۆژی و ستاتیکی دەبینێ. بۆ نموونە، کـاتێ شاعیر دەڵێ : خانووی ناو سەرم،ئەمە بەدەرە لەمەنتیقی قسەکردنی ئاسایی، بەو واتایەی تەواو زمانی شیعری زمـانێکی مەجازییـە، هـەروەها شـاعیران دەیـان وشـەی وەك:گیڤـارا—

---

[1]:بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:د.سرور عبدالله ،حركة الحداثة في الشعر الكردي،ص ١٢٠–١٣٨.

عیسا–پۆلیڤیا – ڤیتنام – زەردەشـت– ئاوێسـتا....)یان، هێنایەکایەوە،کـە زۆربـەیان لـە ڕووی بەکارهێنانەوە تازەبوون.

(ڕەفیق سابیر) لە شیعری (سکالآی ئەستێرەیەکی تاساو)دا دەڵێت:

خۆشەویستم..دوێنێ ئەستێرەی سیلاوی

ئاسۆی ژیان..

دوا فرمێسکی، قەتیس ماوی

چاڵی .. چاوی

ڕژایە ناو...دەمی نەهەنگی شەولەبان!

دوا برژانگی هەڵوەریوی

بە تەزیوی

کەوتە..ناو کۆشی،پەرژینی

بێ ئەوینی ..

باخچەی زستان![1]

فرێزی(ئەسـتێرەی سـیلاوی)،لادانێکی زمـانی دروستکردووە،سـیلاوی سـیفەتێکە وەکـو نەخۆشی دەدرێتە پاڵ مرۆڤ یان ئاژەڵ. بەلآم لێرەدا شاعیر سیفەتی بێ تاقەتی و سیس و زەردبوون بە هۆی نەخۆشی و گریانەوەی داوەتە پاڵ ئەستێرەیەکی بێ شەوق و ڕەونەق.

**٢- کێشی شیعری:**

شاعیران کێشی خۆماڵییان بەکارهیناوە.شیعری نوێ زۆر خۆی بە کێشەوە نابەستێتەوە ریـتم و مۆسـیقای نـاوەوەی وشـەکان بنیـاتێکی سـتاتیکی دەبەخشـن. لـەڕووی جـۆری کێشەوە(فەرەیدەون عەبدول بەرزنجی)دەڵێ:ئەوەی گرنگە گیرسانەوەی هۆنراوەی ئـازادە بەدوو کێشی خۆماڵییەوە، کە ئەو دوانەش بریتین لە کێشی هەشت بڕگەیی ٤+٤ و کێشـی دە بڕگەیی ٥+٥ هۆکـاری خۆبەسـتانەوەی شـاعیران بـەم دوو کێشـە دەگەڕێتـەوە بـۆ بـە ئاسانی لەتکردنی ئەم دوو کێشە بۆ دوو پێی چوار بڕگەیی و پێنج بڕگەیی................

(جەلالی میرزا کەریم) لە شیعری (یاد و یاقووت و نەهەنگ)دا دەڵێ:

تا دوێنێ بوو..

---

[1] ڕوانگە، ژ ٢ ، ١٩٧١ ، ل٣٦.

نەورۆزەکەی شاری هیوا
بەهارێکی پڕ لە سوێ بوو..
گوڵی ووشەی تیا ئەپروا
* * *

دەروونی یاد.. بێ کڵپە بوو
سنگی ووتە .. بێ چرپە بوو
ئاسمانی بیر.. رەشی تێر بوو
چاوی تۆڵە.. هێشتا کوێر بوو[1]

**٣-سەروا:**

لەم قۆناغەدا شـاعیران لـە بـەکارهێنانی سـەروای ئـازاد لـە شـیعرەکانیاندا ئـازاد بـوون، گەرچی لەقۆناغی پێش ڕوانگەش ئـەم جـۆرە سـەروایە بـەکارهاتووە، بـەڵام بەشـێوەیەکی فراوانتر لای شـاعیرانی ئـەم قۆناغـە دەبینرێـت. وەك ((شـێرکۆ بێکەس،عەبـدوڵڵا پەشـێو، لەتیف هەڵمەت، جەلالی میرزا کەریم، ئەنوەر قادر جاف ....هتد)) لە هۆنراوەکانیاندا سەروا بیرو هەسـت و سـۆزی شـاعیران بەنـد ناکـات، ئـەوەی سـەروا داوای دەکـات هەسـتی دڵـی شاعیرەو بەس، نەك قاڵبێکی سنورداری داسەپێنراو[2]، هەروەکو (شێرکۆ بێکەس) یش ئەمە روون دەکاتـەوە کـەوا هـاتنی سـەروا دوور لـە داتاشـین و بڕیـارێکی لەمەوبـەر بـا بێتـە ناوەوە،چونکە لەم حاڵەتەدا سـەروا دەبێتـە بـەهێزی نـەك بـێ هێزی،مـەرجیش نییـە ئـەم سەروایە هەر لەکۆتایی بێت، جاری وا هەیە ئەبنە لکێکی ئاوازەکانی ناوەوی شیعرو دەنگی شەپۆلەکان خۆشتر ئەکەن.عەبدوڵڵا پەشێو لە هۆنراوەی( سێ نامەی کورت) دا دەڵێ:

خۆشەویستم
بیستم لە پیاوێکی گەڕۆك
لە لای ئەوان ، کچانی کۆك
لەباتی گوڵ، هۆنراوە ئەدەن لە بەرۆك

---

[1]: روانگە، ژ ١ ، ١٩٧١ ، ل٥٢.

[2]: بـۆ زانبـاری زیـاتر بڕوانـە:د.ئازاد ئەحمەدمـەحموود،بونیاتی زمـان لـە شـیعری هاوچـەرخی کوردیدا،٩٦-١٠٣.

گەورەکانیان

بۆ پەیکەری هونەرمەندێ دێنە..سەر چۆك

خۆشەویستم

لە گشت کوردستانا

لە مەڵبەندی..

( بێ کەس) و ( حاجی ) و ( گۆران ) دا

گەر بگەڕێی سەر تاخوارێ ، وەك غەریبێ

قەت نابینی

پەیکەرو ناونیشانی

هەستیارێ...یاخود ئەدیبێ[1]

سەروا یان قافیە ئەرکێکی جوانکاریی لە پرۆسەی بنیاتنانی شیعریدا دەکەوێتە ئەستۆ بنچینەیەکی بەهێزی مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکە رادەگرێت و کاریگەریی دەروونی و سۆزداری دەقەکە بە هونەریتر دەکات، هەروا ئەو مۆسیقایەش لە ریتم یان سەروا یان کێش یان سترێس.. دا دەردەکەوێت.[2]

**٤-هونەری ڕەوانبێژی :**

شاعیرانی روانگەخواز لە نێو هونەرەکانی رەوانبێژیدا زیاتر هونەری (خواستن)یان بەکارهیناوە،بەلاّم ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کەوا هونەرەکانی تری ڕەوانبێژی وەك (لێکچواندن،خوازە،درکە...هتد)یان بەکارنەهێناوە،بەڵکو شاعیران بەشێوازی دی و بە دەربڕینی جیاواز لە هی پێشوو بەکاریان هێناوە، دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگرین ئەو هونەرانە لە سەنعەتی شیعری لە کۆندا زیاتر جێگەی بایەخ بوون ،لە شیعری نوێدا لە بیاڤی شێوازگەراییدا باسدەکرێت،چونکە شاعیری ئێستا...غەمی گەورەی خولْقاندنی ئەو

[1]: روانگە، ژ ٢ ، ١٩٧١ ، ل٧١.

[2]: بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی رۆڵی سەروا لە بنیاتی دەقی شیعری کوردیدا بڕوانە: عەزیز گەردی،سەروا، دەزگای ئاراس،هەولێر،١٩٩٩.

جەبار ئەحمەد حسین ، ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی(کوردستانی عێراق–١٩٥٠–١٩٧٠)،(نامەی ماستەر)، کۆلێژی پەروەردە– زانکۆی سەلاحەدین،٢٠٠٥،ل ٥٠– ٥٥ .

پەیوەندییانەیـە، کـە ئامـاژە بـۆ حاڵـەت یـا هەڵوێسـت یـا مەزەنـدە دەکـەن، زۆربـەی حاڵەتەکانیش زەنگێکە لە شاعیرەوە بۆ دۆخی گشتی سۆزداری یا دەروونیی یا هزری ، کە دەیەوێ بـە خوێنـەری بگەیەنێ،ئـەم دیسکۆرسـە راسـتەوخۆیە لـە شـیعری نـوێی کوردیـدا زۆرجار لە ئاستی داهێنانی شیعریی کەم دەکاتەوە ..(شێرکۆ بێکەس) دەڵێ :

تاوان ....تاوان

کاتێ بێشەی چڕی تاوان،

دەس ئەنێتە بینی ژیان

چنگ ئەخاتە،جەرگی ئاسۆی،

بەرەبەیان

دەریای....ئاگر،

بەر ئەداتە خەرمانی ڕەنج

سامالّ....ئەمرێ

گەنم .....گیانی هەڵئەقرچێ

زەوی....بۆ تنۆکێ باران،

بۆ دڵۆپێ،

شەپۆڕ.....ئەکا...١

دەتوانین بڵێین شیعری نوێ لەگەڵ لـە دایکبوونیـدا ڕەوانبێـژی تایبـەت بـەخۆی دێنێتـە گۆڕێ و هیچ پێشمەرجێ لەبەرچاو ناگرێ، بۆیە دەتوانین بڵێین وێنـە لـە شـیعری نوێـدا بـە زۆریی خۆی لە جووینەوەو لاساییکردنەوە ڕزگار دەکـات ، شـاعیران زیـاتر بـەدوای وێنـەی نوێدا دەگەڕێن.ئەو وێنانە ........................

سەلاح شوان دەڵێ:

کاتێ باوکم... لە جێگەی نان دەریای غەمی بۆ ئەهێناین

کاتێ دایکم...

فرمێسکی رەشی قەرز ئەکرد لە هاوسێکان

بە گڵپەی ژانێکی خوێنین

---

[1]: روانگە، ژ ١ ، ١٩٧١ ، ل٤٧.

من داگیرسام..
کاتێ شابالّی کۆترەکەی حەزرەتی نوح
ماندوو بووبوو...
بە دوای لوتکەی چیای جوودی دا ئەگەڕا
بۆ رزگاربوونی حام و سام...
کاتێ کەشتی یە پڕەکەی
لە تۆفانی لەعنەتی خوا دا خۆی خنکان...
من بە ڕێوە ...
بۆ ماچێکی سەر لێوانی خۆر ئەگەڕام..[1]

## ب- ناوەرۆکی شیعری :

لـەم قۆناغـەدا نـاوەڕۆکی شـیعری هاوشـان لەگـەڵ ڕوخسـاردا ئـەمیش گۆڕانکارییـەکی بەرچاوی بەخۆوە بینی.لەم قۆناغەدا زیاتر جەختیان لەسەر کێشە کۆمەلآیەتی و ڕامیاری و —هەستی مرۆڤایەتی — شارستانیەت و پێشکەوتن — هەڵڕشتنی هەگبەی تورەیی — ژیان و مردن ..هتد)دەکردەوە.لێرەدا ئاماژە بەهەندێك لەو لایەنانە دەکەین:

### ١- گیانی یاخیبوون و سەرەڕۆیی:

لـە شـیعری شـاعیرانی ڕوانگـە دیـاردەی یـاخیبوون بـەدی دەکرێـت یـاخیبوونیش لـەم قۆناغەدا خۆی لە دوو شێوەی تایبەتدا دەدۆزێتەوە(یاخی بوونی کۆمەلآیـەتی و یـاخیبوون دژ بە دەسەلآتی سیاسی)،سیمای نوێخوازی لە هـەموو سـەردەمێدا جـا لـە ناوەرۆکەکەیـدا هەر پەیامێکی سیاسی و هزری و ئایدیۆلۆژی و ئـایینی هـەلگرتبێت بێگومـان گیـانی یـاخی بـوونی سـەردەمی خـۆی هـەلگرتووە و ململانێـی نـەوەکان و بـاو و دژەباوەکـان دەبێتـە مەسەلەیەکی حەتمی. بـۆ نموونـە بـاری دواکـەوتوویی کۆمـەڵ کاردەکاتـە سـەر (محەمـەد بەدری) و بۆیە لە شیعری(هەستی یاخی بوون)دا دەڵێت :

لاپەڕەکەم
لە مێژووی تاری شەوگارا...

---

[1]: روانگە، ژ ٣ ، ١٩٧٢ ، ل١٤.

دەرئەهێنم

ئەیدڕێنم..

ئاوێنەکەم..

با سافیش بێ، چونکە کۆنە

ئەیشکێنم..

ئەو نووسراوەی کوردی دەرکرد

لە بە هەشتی رزگاریا،

ئەی سووتێنم.[1]

یان (سامی شۆڕش) لە شیعری (سێ بڕگە.. خەمی یاخی بوو!)دا دەڵێ:

تا چاوی ئەم هەورە کڕە

بە پەل و پۆی باران بڕە

هێلانەی بێت.

..چرۆی گەشی ناوچەوانی هەژارەکان

تانەی رەشی ئەم ژانە بێت،

تا.. دوپشکی چزو سێ سەر

چزوی لە ناو زستانی گیانمانا..سڕە

دڵم.. لوولەی تفەنگێکی یاخی بووە..[2]

لـەم شـیعرەدا شـاعیر رەخنـە لـە شـیوەی بیرکردنـەوەی مەزهـەبی و نقوومبـوون لـە میتافیزیك، کە بەرهەمهێنەری تاکی تەمبەڵ و بێ بەرهەم و دوور لە کێشـە سـەرەکییەکانی ژیانی واقیعی و باوەڕنەبوون بەوەی، کە مرۆڤ خۆی هێزێکی لەبن نەهاتووی هەیە بۆ گۆڕین دا دەردەکەوێت.

(جەلالی میرزا کەریم)ئـەو یـاخیبوون و بێزاریـی خـۆی بـە شـێوەیەکی دی دەردەبڕێت و خـەمی بـێ وڵاتـی و نـاکۆکی و ناپـاکی و درۆی مێـژوو لـە هەمبـەر دۆزی کـورد جۆرێـك لـە نائومێی و رەشبینی لە ناخی شاعیر دروستکردووە:

---

[1]: روانگە، ژ ٢ ، ١٩٧١ ، ل٤٣-٤٤.

[2]: روانگە، ژ ٢ ، ١٩٧ ، ل٣٤.

## ٢- ڕەخنەگرتن و ڕەخنە قبووڵکردن:

ڕوانگەییەکان ڕوحێکی ڕەخنەگەرانەیان هەبوو، کـە ئەمـەش هۆکارێکـە بـۆ باشـترکردنی نووسین و ئەدەبیات و بە واتایەی نووسین خۆی لە خۆیدا نیگەرانییەکی زۆری تیایـە و ئـەو نیگەرانییـەش بــە ڕەوا دەزانــدرێ و نیگــەرانیی داهێنــان و ڕازی نەبوونــە بــەوەی کــە هەیە.(کاکەمەم بۆتانی) ئاماژە بەوە دەکات کەوا: (ڕوانگە ئـەڵێت :قـووڵ بیربکـەرەوە، بـە چاوی ڕەخنەوە تەماشای ژیان و کردەوەی مرۆڤ بکە ، بۆ ئەوەی بە قووڵی و ڕاست گـۆیی بنووسی و لە شـێوەیەکی ئـەدەبیی نوێدا دایبڕێـژی ((بـیری نـوێ ، وتـەی نـوێ ، کـرداری نوێ))[١].

بێگومـان هـەر ئـەم هـاوارەی ڕوانگەییـەکان بـوو لەگـەڵ خۆیـدا کۆمـەڵێ دەنگـی دژو نەیاریشی جووڵاند، کە تا ئەو کات بێدەنگ بـوون، ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی سـەرەتای ڕێگەیەکی با تەنگ و باریکیش بـێ لەبـەردەم ڕەخنـەی کوردیدا بکاتـەوە و بـۆ یەکـەمجار لەدوای چەندین ساڵی نەبوونی دیالۆگ و ڕەخنەی زانستی جۆرێك لـە مشـتومڕی ئـەدەبی و ڕای جیاواز بێنێتەکایەوەو کەش و هەوایەکی گونجاو بۆ داهێنان بسازێنێ.

## ٣- خەباتی نەتەوەیی و خەباتی نێونەتەوەیی :

لە شیعرەکانیاندا هەستی خۆشەویستی مـرۆڤ بـۆ مـرۆڤ و هەسـتی قـوڵی مرۆڤایـەتی لـە بەرهەمەکانیاندا بەشێوەیەکی ئاشکرا هەست پێدەکرێ، هەمیشە هەوڵیانداوە خەباتی گەلی خۆیان تێکەڵ بە خەباتی گەلانی جیهان بکەن و جیهان بکەنە نیشتیمانی دووەمی خۆیان و لـە سـنووری بـیری تەسـکی ناوچـەگەرییێتی ڕزگـار بکـەن و خۆیـان بهاوێژنـە نـاو ئـامێزی جیهانەوە، بۆ نموونە ئەم پارچە شیعرەی (عەبـدوڵلا پەشـێو)،کە بـە چـاوێکی دووربینانـە دەڕوانێتـە میللـەتانی ئـازادیخواز وە ئاواتـەخوازە پـاش ڕزگـاری میللەتەکـەی چـەکیان بۆهەلگرێت و شەڕیان بۆ بکات دەڵێ:

کە ڕزگاربووم

---

[١]: ڕێزان عوسمان مستەفا، بەراوردێك لە نێوان جموجۆڵی گۆڤاری ڕوانگەو وێران، گۆڤاری ڕامان، ژ٤٠، ١٩٩٩.

لەو گەردەلوولەی...تێی کەوتووم

ئەوسا بڕۆم

تا لە خاکی فەلەستینی ئاسمان گەشا

نەك هەر لەوێ

لە جەنگە چڕەکانی....ناو ڤێتناما

لە ئەفریکای ، قولەڕەشا

لە ئەریتریای ، بێ بەهارا

لە هەرخاکێك دۆلار بژی

بژێنمەوە سەد ((گیڤارا))[1]

٤- مەزراندنی هێما(ڕەمز):

شاعیرانی ڕوانگە زیاتر لەچاو قۆناغی پێش خۆیان ئاوڕیان لەو مەسەلەیە داوەتەوە وەك(رەمزی ئەفسانەیی،رەمزی ئایینی،رەمزی مێژوویی،رەمزی کلتووریی .. هتد).شیعرەکانیان پڕیەتی لە ڕەمزی جیاجیا، شاعیر پەنای بۆ بردوون تاوەکو لەپشت ئەو ڕەمزانەوە مەبەستی تایبەتی خۆی بپێکێ.. بۆ نموونە (سەلاح شوان) لەشیعرێکدا بەناونیشانی( لە ڕوانگەی یاخیبوون و شۆڕشی مەرگەوە).(ئاتەش گەدەو زەردەشتی) وەکو ڕەمزێك لەبری شۆڕشی بەکارهیناوەو دەڵێ :

چاوەکانت..

دوو بۆمبایە،

بەدوای ئاتەش گەدەی

زەردەشتەکەی کوردستانا

بەبێ وچان ،هەر ئەگەڕێ

دەستەکانت ..

هێزی گشت جیهانی تیایە

بە دوای عیسای

بیستەم سەدەی تێکۆشانا

---

[1] دیوانی دوکتور عەبدوللا پەشێو،سوید،٢٠٠٢،ل١١١.

جەرگی شەیتان

هەڵئەدڕێ ١.

## ٤-مەسەلەی رووخسار و ناوەرۆك:

لەڕووی ڕووخسارو ناوەرۆکەوە روانگەییەکان بانگەشەی ئـەوە دەکـەن کـەوا پێویسـتە ڕوخسارو ناوەرۆك تەواوکەری یەکتربن و لە یەکتر جیانەکرێنەوە هەر لەیەك بۆتەدا قاڵ بن و بەیەکەوە لە دایك بن.ئەمە مەسەلەیەکی قووڵی دنیای رەخنەی ئەدەبییـەو دەمێکـە باسـی لێوەدەکرێت، بەڵام دواجار دەکرێت ناوەرۆکێکی تازە لە رووخسارێك یـان فـۆرمێکی کۆنـدا دابڕێژرێ، چونکە فۆرم دووبارە دەبێتەوەو شێوازی لێدەکەوێتەوە، بە پێچەوانەش دەکرێ بەرچاو بکەوێ، دەقی داهێنەر ئەوەی یەکلا کردۆتەوە، کـە رووخسـار و نـاوەرۆك پێکـەوە هەڵدەکەن.پێوەنـدی نێـوان فـۆرم و نـاوەرۆك پێوەندییـەك نییـە لەسـەر لێـك بنچـینەی دوورکەوتنـەوەو جیاکـاری دروسـت بـووبێ، بـەڵکو گشـت نـاوەرۆکێ فـۆرمێکی تایبـەتی پێویستە..چـونکە فـۆرم شـێوازی بـوونی ناوەرۆکە،شـێوازێك،کە تـەنیا بـە هـۆی ئـەوەوە ناوەرۆك دەتوانێ دەربکەوێ،واتە ناوەرۆك ناتوانێ واز لـە شـێواز بێنـێ و بـە تـەنیا دەقـی داهێنەرانە بخولقێنێ. بۆیە روانگەییەکان دەڵێن :بە لای ئێمەوە شێوەو ناوەرۆك لـە یـەکتر جیا ناکرێتەوەو هەر دوو هەر لەیەك بۆتەدا قاڵ ئەبن و پێ کیشەوە لە دایك ئەبن.جا لەبـەر ئەوەیە کە ئەڵێین شێوەو نـاواخنی ئـەدەبیی تێکـڕا ئـەبێت لـە کـۆڕی ژیـان و بزووتنـەوەو تازەکردنەوەدا پەل بهاوون و نەش و نما بکەن و بدرەوشێنەوە.

لە سەردەمی ئێستاماندا ، ئەو بابەتە ئەدەبی یە قورس و قەبانە ماوەی ژیانیان نەماوە کـە هونەری ناوەرۆك ئەکەن بە ژێر پێ ی ئەسـپی باڵـداری خـەیاڵ و دار و پـەردووی ووشـەی و برنگی رەق و بێ گیانەوە٢.

---

[1]: روانگە، ژ ٢ ، ١٩٧١ ، ل٢٦.

[2]: روانگە، ژ ١ ، ١٩٧١ ، ل١١.

## ٥- دیسکۆرسی شیعریی:

زۆربەی شیعرەکانی گۆڤاری ڕوانگە بە تایبەتیش ئەوانەی لە هەر سێ ژمارەکەی بلاّوکراوەی (روانگە)دا بلاّوبونەتەوە،ئاڕاستەی کەسێك دەکرێت، شاعیر قسەکەرە هەر بۆ قسە بۆکراوەکە دەدوێت ...ئەم شێوازە لای شاعیرانی ڕوانگە بەرچاو دەکەوێت بۆ نموونە (رەفیق سابیر) لە شیعری ((سکالاّی ئەستێرەیەکی تاساو ))١دا ئەمە بە روونی دیارە، دەڵێ:

خۆشەویستم...ئەستێرەکەی ئاسۆی ڕەشمان
لەناو قووڵایی زیندانی
دەروونی مردووی بێ گیانیی
بەتاساوی
چەند وشەیەکی خنکاوی
چرپاند بەگوێی خەوتووەکان..

لە هەموو ئەو هەوڵانە بۆمان دەردەکەوێت کەوا ڕوانگەییەکان کارییان کردووە بۆ تازەکاری لە روخسارو ناوەرۆکی ئەدەبی و لە کۆمەڵ بە گشتی بەردەوام بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە پێویستە نووسەران لە بەرهەمەکانیان چاونەترسانە بەرەنگاری دیاردە ناشیرینەکانی کۆمەڵ ببنەوە بەردەوام هەنگاوی گۆڕان و پێشکەوتن بنێن، چونکە ڕوانگەییەکان خۆیان هەڵگری چەند پەیامێکی مەزن بوون داوای درێژەپێدانی نووسەرانیان دەکرد لەوانەش (جوان پەرستی، نوێ خوازی، سەربەستی و ئازادی، شۆڕشگێڕی.....هتد).

---

[1]:روانگە،ژمارە ٢، بەغدا،١٩٧١،ل ٣٦.

## روانگە لە نێوان رەتکردنەوەو چارەنووسی بەرەدوامیدا

سەرهەڵدان و هاتنەکایەی هەر بزووتنەوەیەك جا ڕۆشنبیری،سیاسی بێ،...بێگومان لای هەمووان ڕاستەوخۆ پێشوازی لێناکرێت و زۆرجار نەك تەنها بە قەبوڵ نەکردن و بەس، بەڵکو دەیان بلاّوکراوەی لەسەر دەنووسرێت و رەخنەی توندی ئاراستە دەکرێت.

روانگەییەکانیش وەکو هەر بزوتنەوەیەکی ئەدەبی ڕووبەڕووی کۆمەڵێ رەخنە بوونەوە، کەم تا زۆر لەلایەن لایەنگرانی روانگە وەلاّم دراونەتەوە،کە لێرەدا چەند نموونەیەکیان دەخەینەڕوو :

شێرکۆ بێکەس لە کۆمەڵە وتارێکدا لە رۆژنامەی هاوکاری بەناوی (ڕوانگەو کوێرە ڕەخنە)[1] زۆر خاڵی گرنگ و دەروازەی تازەو پرسیاری نوێ دەوروژێنێت، کە لە بەیاننامەکەدا باسی ئەوانەی تێدا نییە، سەرەتا بە رەتکردنەوەی ئەو پێودانگە سیاسییە دەست پێدەکات، کە ( فازڵ مەلا مەحمود) داکۆکی لێدەکات و دەڵێ : (هەر بەوەی،کە بە مستەوای خۆیان !وە بۆ نزیکەی پەنجا کەس لە خوێندەواران ئەنووسن ).

بەو واتایەی روانگە تەنها بۆ چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵ یان دەستەبژێر دەنووسێ، کە ئەویش چینی ڕۆشنبیرانە، هەرچی جوتیاران و کرێکارانە پشتگوێیان خستووەو هیچیان بۆ نانووسن، هەر بۆیە ناوی ڕوانگەیان ناوە (وردە بۆرجوازی))[2].

شێرکۆ بێکەس لە وەلاّمی ئەو رەخنەیەدا دەڵێت:

ئایا لێکدانەوەی کاك فازڵ بەرامبەر بە ئەدەبی ڕوانگە لەو سنوورە تەنگەبەرەوە نەهاتووە، کە تەنیا لەیەك گوتەوە دەڕوانێتە جیهانی ئەدەب. بەرهەمی ئەدەبی یەك ڕەنگ و بەرگ ناپۆشێ. ئینجا دوای ئەمە دێتە سەر دیاریکردنی هەڵوێستی بەرامبەر چەند مەسەلەیەکی شیعری وەك(رەتکردنەوەی ئەو شێوە دەربڕینە سادەو ساکارانە،کە ئاستی بەرهەمە ئەدەبییەکان دادەگرێتە خوارەوە بۆ ئاستی نووسینێکی ئاسایی، بە بیانووی

---

١:شێرکۆ بێکەس ، روانگەو کوێرە رەخنە، رۆژنامەی هاوکاری ژ ١٢٩- ١٣٤، ١٣٢، ١٩٧٢.

[2] : فوئاد قەرەداخی باسی جیاوازی تێگەیشتنی دەستەبژێر و خەڵکی سادە دەکات و لە روانگەیەکی مارکسییانەوە ئەمە روون دەکاتەوە،بڕوانە: فوئاد قەرەداخی،روانگەو کوێرە لێکدانەوە،رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە ١٣٢ ،١٩٧٢ . د.هیمدادی حوسێن، بزووتنەوەی روانگەو شاعیرانی حەفتا و هەشتاکانی هەولێر، کەرکوك ،٢٠١١،ل ٥٧.

گەیاندنی ئاستی مەبەستەکان بە شێوەیەکی ئاسان،چونکە ئەمان دەیانویست خوێنەر هەر گوێگر نەبێت،بەڵکو وەك نووسەرێك رۆڵ ببینێ و ماندووبێت بۆ لێتێگەیشتن یان بە واتاییێکی دی فەزای شیعری و جیهانبینی شیعریی فراوان بێتەوە، ئەمان دەیانویست کۆمەڵی کوردەواری چاو بکاتەوەو ئاگاداری پێشکەوتنی ئەدەبی ئەورووپی و جیهانی بێت و بە یاسای ئەدەبی بەراورداری کارلێکی شارستانی و ژیاریی نێوان میللەتان هەنگاوێکی زۆر تەندروستە و دەبێ ببێ.

هەروەها یەکێکی تر لەو رەخنانەی، کە ڕوبەڕوویان بووەوە کەوا: ( روانگە ڕەتکردنەوەی کەلەپوور بوو وە هەموو کەلەپوور رەتدەکەنەوە).

بۆ وەڵامی ئەم ڕەخنەیە شێرکۆ بێکەس دەڵێ : با بگەڕێینەوە بۆ بەیاننامەکەمان، کە گوتومانە (کۆن بەلای ئێمەوە لەپێوانەی بابەتەکانی ئەدەبدا هەرئەوە نییە کە کوێرانە یاخیبوونێکی دژبەریابکەین ئێمە بڕوامان هەیە،کەتاقیکردنەوە کۆنە سەرکەوتووەکان هەمیشە پاڵپشتێك بوون بۆ ڕێڕەوە تازەکانی دوای خۆیان و ئەمان لەمناڵدانی ئەو لەدایك بوون و لەباوەش ئەودا کەوتونەتە گڕوگاڵ )١.

ئەمە بێجگە لەوەی بلاوکراوەی (روانگە) وەڵامی ئەوانە وەها داوەتەوە:(بەربەرەکانی روانگەی نوێمان، بەناوی کەلەپوورەوە، هەوڵدانێکی پووچەڵ و سەرنەکوتووە،چونکە بەلای ئێمەوە سامانی نەتەوەییمان، پەندو کۆیلەی تەنیا شێوەیەکی تایبەتی نییە،ئێمە وا تەماشای کەلەپوور ئەکەین: چرایەکی داگیرساوی بێ لە گیانا نەك کۆت و پێوەند لە پێمانا.)٢

یاخود هەندێ لە ڕەخنەگرانی ئەو دەمەدا تۆمەتی ئەوەیان داوەتە پاڵیان، کە تەنها لاساییکردنەوەییێکی راستەوخۆی بەرهەمەکانی ((کامۆ، ولسن، سارتەر و مۆرافیا ...)ن،یان لە شێوەی هۆنراوەی نوێی عەرەبی و ڕۆژئاواییەوە وەرگیراون)٣.

---

١:گ ئێستا،چاوپێکەوتنی شێرکۆ بێکەس،ژ ١٨،سلێمانی ، ١٩٩٩.

[2]: روانگە، ژ٣، ل ١٣.

[3]: بۆچوونی نەیارانی روانگە بە شێوەیەکی فراوان لە لاپەڕەکانی رۆژنامەی هاوکاری ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧١دا بلاوکراوەتەوە و دواتر حسین عارف بەشی زۆری ئەو وتارو بابەتانەی چ وەکو پشتگیری یان رەتکردنەوە لە کتێبێکدا چاپکردووە، بڕوانە: حسین عارف، روانگەو یاران و نەیارانی، دەزگای سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٥.

بـۆ وەلاّمدانــەوەی ئەمــەش دیســان شـێرکۆ بێکــەس روونکردنــەوەی زیـاتر دەخاتــە ڕوو:(تازەکردنەوە لە ئەدەبی کوردیدا نابێ لە دۆستایەتی پەیداکردن لەگەڵ ئەدەبی تازەی دنیادا خۆی دوورەپەرێز بگرێت، بەمەرجێ ئەو دۆستایەتییە نەبێتە جێگای لاساییکردنەوە، ئەدەبی تازەمان دەبێ سەرچاوەکەی لە ئێش و ئازارو ئاواتی خۆمانەوە بڕژێتە زەریای ئەو ئەدەبە جیهانییەوە).

عەبدولموتــەلیب عەبــدوڵلاّ ڕۆڵــی شـێرکۆ بێکــەس لــەو بزووتنــەوە رەخنەییــە بــەرز هەڵدەسەنگێنێ و پێی وایە شتێك بە ناوی (روانگە)وە لە شیعری ئەو قۆناغە دا نییە و دوای خۆیشی گوتاری مانەوە لە نەفەسی ئیلقای شیرکۆییەوە سەرچاوەی گرتووەو دەڵـێ:( ئـەو هێزە شیعرییەی، کە بانگەوازی (روانگە) لە ١٩٧٠/٤/٢٥ بەرزی کردەوە و لە دوای روانگە مایەوە، هەستی شیعریی و توانای دەربڕین و وێنەی شیعریی (شـێرکۆ بێکـەس) بـوو، نـەك سیمای بزووتنەوەیەکی رەخنەیی و شێوازێك، کە بشێ بە روانگە ناوی بەرین، ئـەوەش زۆر بە جوانی لە قەسیدەی (کۆچ)ەوە دەست پێدەکات .

لە دوای (دەربەندی پەپوولە)ەوە ئـەوەی بەشـێکی زۆری ئـەو گوتـار و هێـزە شـیعرییەی راگرتووە، هەر تەنها بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی نوێ نییە، بـەڵکو بـەرفرەوانکردنی فەزای شیعرییە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئازادانـەتر (گوتـاری مانـەوە)ی لـەخۆ بگرێـت، بەلاّم ئەوەی بەرە بەرە ئەو گوتـار و پرسـە شـیعرییە کـە جۆرێکـە لـە شـێوازگێڕیی نزیـك دەکاتەوە لە کۆنتێکستی شێرکۆ)یی، دواجار ئەو سیاقە لە(خاچ و مار) بە ترۆپك دەگـات. لەدوای (خاچ و مار)، ئەوەی بەشی زۆری شێرکۆ دەنووسێتەوە (ئیلقای شێرکۆییە)؟!١

ئەم بۆچوونە بەشێکی راستە،شێرکۆ بە گوڕ و تینی پێشـوو بـەردەوامی بـەو ئەزموونـە بەخشی و دەنگێکی دیاری ئەوساو ئێستای شیعری کوردییە،بەلاّم سروشتی بزووتنەوەکـە گشتی بوو،گیانی ئەو یاخیبوونە لای شاعیرانی تریش بە هەمان ئەو روانین و بیرکردنەوەی شێرکۆ بێکەس بەدی دەکرێ.ئیلقای شێرکۆیی گوزارشتکردنە لە قۆناغ و ئەزموونێکی تری شێرکۆ کە خۆی لە (دەقی کراوە)یان (دەقی والاّ)دا دەنوێنێ.

---

١: عەبدولموتەلیب عەبدوڵلاّ ، گۆشەی ژارگۆن، رۆژنامەی هەولێر،٢٠١٣/٢/٢٨.

لـە راپرسـییەکی ئـەزموونی شـاعیرانی هەشـتاکانی هـەولێر وەکـو تـەوژمێکی نـوێ لـە فۆرمالیستی و پێشەنگی لە مەزراندنی ستاتیکا و رەهەندەکانی زمان و هەوڵی رزگارکردنی خوێنەر لە تاك رەهەندی راڤەکردن بەم شێوەیە کەوتەوە:

## موحسن ئاوارە:

من بەش بە حاڵی خۆم ئەوساو ئێستا کە روانگە یەکەم کۆمەڵە بەرهەمی هەمەڕەنگی لـە دوتوێی نامیلکەیەك ژمارە (١) دەرچوو کە بە ناوی دەنگی نوێ راگەیەنـدرا... هەسـتمکرد وردە وردە دەکەومە ژێرکاریگەری لەرووی تـەکنیك و جـۆری دەربڕینـەکانیان بـە تایبـەتی لەمەڕ دارشتنی شیعرەکان کە بە ناوەرۆك بیرۆکەی شۆڕشگێرشانەو بەرگری یاخی و بوونی لەخۆ دەگرت...دەتوانم بڵێ تا ئێستا کاریگەری هەر بەسەرمەوە هەیە.



## دلشاد عەبدوللا:

سەرەتای حەفتاوە کۆمەڵێك ئەدیب بەنیازی نوێ کردنەوەی ئـەدەبی کـوردی (حوسـێن عـارف، جـەلالی مـیرزا کـەریم، شـێرکۆ بێکـەس، کاکـە مـەم بۆتـانی، جـەمال شـارباژێڕی) بانگەوازی ڕوانگەییەکان ئیمزاکرد. ئەو بانگەوازە بۆ نوێخوازی، هەوڵدانبوو بۆ دەرچوون لە چوارچێوە تەقلیدییەکانی زمان و دەربڕین. ئەو بانگەوازە نێوەندی ئەدەبی و رووناکبیری کـوردی بـە جیـاوازی بـیرو بۆچـوونەوە ورووژانـد و دایـالۆگێکی ئـەدەبی لەسـەر لاپـەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا هێنایەکایەوە. گرنگی (ڕوانگە) لە گرنگی مێـژوویی خۆیدایـەتی، لـە دەرککردندا بەوەی کە گوڕ و تینێکی تازە بکرێ بە بەرجەستەی شیعر و ئەدەبی کوردیـدا یا شڵەقاندنی گۆمێك لەو قۆناغەشدا.



## كەریم دەشتی:

لە دوای سالآنی شەستەكاندا شیعر، لە رووی وشـە و فـۆرم و ناوەرۆكـەوە پێویسـتی بـە جۆرێك گۆڕان بوو،هەروەها لە رووی زمانەوە،هەڵبەت ئەمەش پێویستی بە پرۆژەی ویست و ئارەزووییێكی بە تینـەوە هەیـە، تـا بتـوانێ ئـەم بـارە قورسـە هـەڵگرێت، ئـەوە بـوو لـە سەرەتای هەفتاكانەوە خۆ ئامادەكردن بۆ ئەو گۆڕانە دەسـتی پێكـرد، كـە مـن پـێم وایـە سەرەتای گۆڕانی سیاسی و فەرهەنگی بووە، كۆمەڵێك لەوانەی كـە ئـەزموونی ئـەدەبییان هەبوو، رێبەرایەتی ئەم گۆڕانەیان دەكرد،كە سەرجەمی ئـەو هـەوڵ و تەقەلایانـە بـە نـاوی (روانگە)ەوە بوو، رۆڵێكی باشیان گێڕا لە تازەكردنەوەی ئەدەب و رۆشنبیری كوردیدا.

ئەمانەو چەندین رەخنەی دی رووبەڕووی ڕوانگەییەكان بوونەتەوە.

## ئەنجـــــام

١- هەولّدان بۆ نوێكردنەوەی ئەدەب لە ڕووی ڕووخسارو ناوەرۆكەوە .

٢- سـەرهەڵدانی گیـانی یـاخیبوون لەلایـەن ئـەدیبان دوای چـەندین سـاڵ لـە بێـدەنگی و نەبوونی دیالۆگ و كردنەوەی دەروازەیەك لەبەردەم رەخنەی ئەدەبی كوردیدا.

٣- سوودیان لە ئەدەبیاتی پێش خۆیان وەرگرتووە، بە تایبـەتی ئـەدەبیاتی نوێخـوازیی( گۆران)،بەلاّم كەم تا زۆر خۆشیان داهێنانیان ئەنجام داوەو لاساییكەرەوەیەكی راستەوخۆ نەبوون.

پەیوەستبوونیان بەبابەتە سیاسییەكان زیاتر لەجوانی سروشت و شتە هەستییەكان.

## سەرچاوەکان

### کتێب:

١- د.ئازاد ئەحمەد مەحموود،بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا،چ٢ هەولێر،٢٠١٢.

٢- ئاسۆ جەبار، تازەگەری (کلتورو وێناکردن) ، چاپخانەی تیشك ، ٢٠٠٢.

٢- جەبار ئەحمەد حسین، ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی(کوردستانی عێراق١٩٥٠-١٩٧٠)،(نامەی ماستەر)،کۆلێژی پەروەردە-زانکۆی سەلاحەدین،٢٠٠٥.

٣- حسین عارف،روانگەو یاران و نەیارانی، دەزگای سەردەم،سلێمانی،٢٠٠٥

٤- دانته الگیری،کمدی الهی،ترجمه شجاع الدین شفا،چاپ چهاردهم ،موسسه انتشارات امیر کبیر،تهران، ١٣٨٤.

٥- د.سرور عبدالله، حرکه الحداپه فی الشعر الکردی، من مگبوعات مرکز جاودیر، السلیمانیه،٢٠١٢.

٦- دیوانی دوکتور عەبدوللا پەشێو،سوید،٢٠٠٢.

٧- عەزیز گەردی، ئەدەبی بەراوردکاری، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا،١٩٧٨.

٨- ------،سەروا،دەزگای ئاراس بۆچاپ و بلاّوکردنەوە، هەولێر،١٩٩٩.

٩- مالکۆم برادبری و جێمس ماکفارلین،وەرگێڕانی بەهزادحەویزی،چاپخانەی رۆژهەلاّت، هەولێر،٢٠٠٨ .

١٠- محسن حیدریان،سرامدان اندیشه و ادبیات از دوران باستان تا اغاز قرن بیستم،چاپ اول،نشر قگره، تهران،١٣٨٥ .

١١- د.هیمدادی حوسێن،رێبازە ئەدەبییەکان،دەزگای موکریانی ،هەولێر،٢٠٠٥.

رۆژنامەو گۆڤارەکان:

١-ئێستا(گۆڤار)، ئاخاوتنێکی گەرم نزیکی سەهۆڵبەندانی قوتبی ژووروو لەگەڵ شێرکۆ بێکەسی شاعیردا، ژ ١٨، سلێمانی، ١٩٩٩.

٢- رێزان عوسمان مستەفا، بەراوردێك لە نێوان جموجۆڵی گۆڤاری روانگەو وێران، گۆڤاری رامان، ژ٤٠ ، ١٩٩٩.

٢- شێرکۆ بێکەس ، روانگەو کوێرە رەخنە، رۆژنامەی هاوکاری، ژ ١٢٩- ١٣٤، ١٩٧٢.

٣- شێرکۆ بێکەس، جەلالی میرزا کەریم،روانگەو چەند ئاوێنەیەکی بیرەوەری ئەو کاتە، گۆڤاری (ئاینده) ، ژ٧٩ , سلێمانی ، تەمووزی ٢٠٠٨.

٤–عەبدولموتەلیب عەبدوڵلاّ،گۆشەی ژارگۆن، رۆژنامەی هەولێر،٢٠١٣,/٢/٢٨

٥–عیـزەدین مسـتـەفا رەسـوولّ،ئایا چـۆن ئـەدەبی پـاش قۆنـاغی گـۆران هەڵئەسـەنگێنن؟، رۆژنامەی هاوکاری،ژمارە(١٠٥) ،١٩٧٢,

٦– فوئاد قەرەداخی،روانگەو کوێرە لێکدانەوە،رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە ١٣٢ ،١٩٧٢,

٧– موحسین ئاوارە،کۆن و تـازە لـە شـیعردا،گۆڤاری (نووسـەری نـویّ) ژ(٢٣)، هـەولێر،پایزی ٢٠٠٤.

١– روانگە، ژ ١– ٣ ، مگبعە النعمان ، النجف الاشرف، ١٩٧١.

نامە ئەکادیمییەکان:

١– جەبار ئەحمەد حسـین ، ئیسـتاتیکای دەقـی شـیعریی کوردی(کوردسـتانی عێـراق–١٩٥٠–١٩٧٠)،(نامەی ماستەر)، کۆلێژی پەروەردە– زانکۆی سەلاحەدین،٢٠٠٥,

٢– شـەرمین ئیـبراهیم عـەزیز، پەشـێو و تازەکردنـەوە لـە شـیعری کوردیـدا، نامـەی ماسـتەر، زانکۆی سەلاحەددین ، کۆلێژی پەروەردە،٢٠٠٤ .

٣– عەلی تاهیر حسین، کاریگەری روانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلیژی زمان ،٢٠٠٠ .

چاوپێکەوتن:

١– چاوپێکەوتنی کەریم دەشتی،هەولێر، ٢٠١١/١١/٢٧.

٢– چاوپێکەوتنی موحسن ئاوارە،هەولێر، ٢٠١١/١٠/٥.

٣– چاوپێکەوتنی دلشاد عەبدوللا،هەولێر، ٢٠١٣/٤/٢٥.

# شیعری فیمینیزمی کوردی

## بەرهەمەکانی نەزەند بەگیخانی وەك نموونە

## پێشـەکی

لەبـەردەم هـەر چەشـنە گۆڕانێکارییەکـدا، کۆمـەڵێك کێشـەو گرفـت و لەمپـەر قـووت دەبنەوە. بەتایبەتی ئەگەر گۆڕانکارییەکان هەرچەندە رادیکاڵانەتربن، ئەوە دژایەتیکردنیان لەلایەن هێز و کۆنەپارێزەکانەوە، توندتر دەبێ.[1]

لێرەوە شێوەی ڕوانینی ژن جیاوازییەکی یەکجار گەورەی لەگـەڵ تێڕوانینـەکانی پیـاودا هەیە، پیاو هەرچەند لە باری گیروگرفت و کێشەکانی ژناندا شارەزا بێ، ناتوانێ بەو جۆرەی ژن لە دنیای خۆی دەدوێ، باسی دنیای ژنـان بکـات، ئەمـەش شـتێکی سروشـتییە، وەکـو چۆن پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە.

لەزۆربـەی کۆمەڵـە دواکەوتووەکانـدا بـارودۆخی ژنـان تیایـدا نزیکـە لەهــەمان ئـەو بارودۆخەوە، کە لە ڕابردوویەکی دووردا هەیبووە، کۆمەڵی کـوردەوارییش ئەگەرچـی چـەند ساڵێکە هەنگاوی ناوە و بەخۆ سەلماندن وهاتنە مەیدان و داکۆکی ژنان خۆیان باشتر بـووە لەچاو ڕابردوودا، بەڵام هێشتا هەن و دەبینرێن، کە دان بەبوون و تواناکـانی ژنانـدا نانێـت، کە دیارە مەبەستی ئێمە لە پـاڵ لایەنـە کۆمەڵایەتییەکانـدا زیـاتر جەختکردنەوەیـە لەسـەر پرۆسەی بەرهەمی ئەدەبی فێمینیستییان، کە زۆرێك لە نووسەران و ڕۆشنبیران پێیان وایـە نووسـەری ژن لـە کۆمەڵدا کـەمن، هـەر بۆیـە ئـەدەبی ژن لـە بەرامبـەر ئـەدەبی پیاوانـدا کەمڕەنگەترە،دەستەیەکی تر لە نووسەران پێیان وایە، کێشەکە پەیوەندی بە هەل و مەرج و بارودۆخەوە هەیە نەوەکو بۆ کەمیی نووسـەری ژن. ئـەوەی لـەم باسەشـدا وەك پرسـیار خراوەتە ڕوو و هەوڵ دەدەین وڵامی بدەینەوە ئەوەیە، کە ژنـە نووسـەرە فێمینیسـتەکانی کورد بە چ چەشنێك لە ناوەڕۆکی دەقـە ئەدەبیەکانیانـدا بـە دوای چارەسـەرکردنی گـرفتی ژنی کـورددا گـەڕاون؟ کەواتـە مەبەسـتی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە ئـەوە نییـە بچێتە سـەر بـنج وبنـەوانی فێمینیسـتەوە، بـەڵکو مەبەسـتی سـەرەکی ئەوەیە،(لـە ڕوانگـەی بەرهەمـەکانی نەزەنـد بەگیخانی)یـەوە چـاوێك بـە ژانـرە ئەدەبییـەکانی ژنـانی کـورد دا بخشـێنین و لـەم ڕوانگەیــەوە تایبەتمەندییـەکان و بیروبـاوەڕی فێمینیزمییـان بـەو جـۆرەی لـەم ژانرانـەدا ڕەنگیان داوەتەوە دیاری بکەین.

---

[1] : بە هاوبەشی لەگەڵ م.صابر حسین رەسول، لە نامەی ماستەرەکەی بە ناونیشانی **ئەدەبیاتی فێمێنیزمی کوردی بە نموونەی چەند قەڵەمێکی مێینەی کورد** ، ٢٠٠٩.

## ژنی کورد و فیمینیزمی کوردی

بەر لەهەر شتێك پێویستە راشكاوانە دان بەوە دابنێین، كە لێكۆڵینەوە سەرچاوە زانستییەكان لە بوارەكانی كۆمەڵایەتی و كلتووریی كۆمەڵی كوردەواری بە شێوەیەكی گشتی و خودی ژنان بە شێوەیەكی تایبەتی، بە كەمیی بەرچاو دەكەون، مەگەر ئەو سەرچاوانە نەبێ، كە رۆژهەڵاتناسەكان ئاماژەیان بۆكردووە لەو كاتەی، كەوا سەردانی كوردستانیان كردووە،بێگومان ئەوانیش لەروانگەی تایبەتیی خۆیانەوە تێگەیشتنەكانی خۆیان تۆمار كردووەو وێنەیەكی ئەو سەردەمە مێژووییەی گەلی كوردیان بۆ یاداشتكردووین، هاوكات هەندێ مێژونووس و لیكۆلەرانی كوردییش، سەبارەت بە پرسی ژنان، وەك بەڵگەی دیكۆمێنتاریی گەیشتوونەتە هەندێ راستیی مێژوویی، وەك چۆن (د.جەمال رەشید) ئاماژەی بۆ دەكات:(لە شوێنەوارە دێرینەكانی ئەم سەردەمەدا ژمارەیەك پەیكەری كوردیی دۆزراونەتەوە، كە ئاماژەن بۆ پەیدابوونی سەرەتاكانی بیری ئایینی ئەم سەردەمە، كە لە شێوەی خواوەندی دایكدا خۆیان بەرجەستە دەكەن، وەك لە گوندی (چەرمۆ) و (تەپە سەراب و ئەریچە)، هەر لەو شوێنەوارانەشدا هەندێك ئامراز دۆزراونەتەوە،كە ژنان بۆ جوانكاریی بە كاریان هێناوە) [١]

لەلایەكی ترەوە چەند شوێنەوارناسێك پەیكەری(خواژن)یان لە ئەشكەوتی (دیرەكلی) لە پارێزگای(مەرعەش)،لە باكووری كوردستاندا دۆزیوەتەوە،كە مێژووەكەی بۆ شانزەهەزار ساڵ بەر لە ئێستا دەگەرێتەوە) [٢] ،وەك لەو سەرچاوانەی بەر دەستدان دەركەوتووە،(كەسیەتی و پایەی ژنی كورد و هەڵوێستی پیاوی كورد،بۆتە مەسەلەیەكی گرنگی رۆژهەڵاتناسی و رەوەندەكان بایەخی زۆریان پێداوەو لەسەریان نووسیووە)) [٣].
زۆرجاریش توێژەری كورد، لە راست و دروستی ئەو تۆمارانە دەكەوێت گومانەوە، وەك چۆن د.كەمال مەزهەر بە چاوی گومانەوە لە لۆژیكی ئەو رۆژهەڵاتناسانە دەروانێ و دەرهەقیان دەڵێ: (گەڕیدە ئەوروپاییەكان گەلێكیان بەشان و باهوی ژنی كورد هەڵداوە بە

---

[١] : د.جمال رشید ،لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی ولاتی کوردەواری، ل٩.
[٢] : دۆزینەوەی ئاسەوارێکی نوێ،رۆژنامەی هەولێر، ژ: (٦٠٤)، رێکەوتی ٢٠٠٩/٨/٢٤.
[٣] : د.بەدرخان سندی کۆمەڵگای کوردەواری لەدیدی رۆژهەڵاتناسیدا، ل١٤٠.

ڕادەیەك جاروبار خۆمانمان لە بیردەچێتەوە، وابزانم ئەو گەڕیدانە بێ نیازی خەراپ، کەمێك زۆر ڕۆیشتوون.وادیارە لەکۆڵانە تەسکەکانی شـارە داخراوەکـانی ڕۆژهەڵاتـەوە هاتونـە نـاو شاخ و داخە کراوەکانی کوردستانەوە و کەمێك سەریان لێ تێکچووە، بۆیە ژنی کوردیان لە ژنی دەوروبەریان باشتر هاتۆتە بەرچاوان)[1]

ئەمە بەو مانایە دێ کەوا ئەو گەڕیدەو ڕۆژهەڵاتناسانە تەنها شتە سـەرنج ڕاکێشـەکانیان یاداشت کردووەو دواتر بەتێگەیشتنی خۆیان شرۆڤە و هەڵسەنگاندنی خۆیان خستۆتە ڕوو، هەر لەم ڕوانگەوەیە جارێکی تر (د.کەمال مەزهەر) بیروبۆچـوونی خـۆی دەربـارەی پرسـی ژنی کورد دەخاتە ڕوو و دەڵێ:(ئافرەتی کورد نەهیچی لە کەس زیـاترەو نەهیچـی لەکـەس کەمترە، (بێــکەس) وتـەنی کـەی گیرۆدەیـی دەسـتی زوڵـم بـووە، ئـەو سـاکە وەك هـەموو دەستە خوشکەکانی گیرۆدەی دواکەوتوویی دەبێ،شـــەقڵی ئەو دواکەوتوییەی پێوە دیـار دەبێت)[2].

ڕەنگـە ئـەم پەرچـــەکردارەی د.کمـال مەزهـەر لـە تێـڕوانینی ڕۆژهەڵاتناسـێکی وەکـو (مینۆرسکی)یەوە سەرچاوەی گرتبێ، چونکە ئەو دەربارەی ژنـی کـورد دەڵـێ:( کـورد لـە سەرجەم نەتەوە موسـڵمان و غـەیرە موسـڵمانەکانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت زیـاتر لەگـەڵ توێژی ژناندا لێبوردەیە)[3]

بێگومان چەمکی لێبوردەییەش لەلای (مینۆرسکی) بەمانا دەوڵەمەندەکەی دێ، کە ڕەنگە مەبەستی خسـتنە ڕووی بەراوردێکـە لەگـەڵ گـەلانی تـری ڕۆژهەڵاتـدا، بـەو مانایـەی کـورد مەودای ئازادی ژنی بـەرفراوانتر کـردووەو مـافی جـل پۆشـین و بیروڕادەربـڕین و جموجـۆڵی هاتوچۆی زیـاتری بـەژنان ڕەوا بینیـووە، بەگشـتی (مینۆرسـکی) ویسـتویەتی ئـەو پەیامـە بگەیێنێ، کە ئەو نەتەوانە بەتوندی سەودا لەگەڵ ژنانـدا دەکـەن، نـەك وەك کوردەکـان، کـە بـەگیانی لێبوردنـەوە سـەودایان لەگەڵـدا دەکـەن)[4]. هـەر لـە بـارەی ژنـانی کـوردەوە

---

[1] : د.کەمال مەزهەر ئەحمەد،ئافرەت لەمێژوودا،کورتەباسێکی مێژوویی کۆمەڵایەتی، ل٧٤.
[2] : سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦.
[3] : مینورسکی،الاکراد ملاحظات و انطباعات،ت:معروف خزندار، ص ٧٤.
[4] : سەرچاوەی پێشوو، ل١٤١.

(ئیدمۆنـدس) نووسـیویەتی: (ژنـی کـورد لـە خوشـکە عـارەب و تـورك و فارسـەکانیان سەربەستییان زیاترە، وەك ژنە فارسەکان عەبا ناپۆشن، ئەوپەڕەکەی دەسرۆکێك لەسـەر دەنێن لەچـکی دێتـەوە سـەر دەم و چـەناگەیان، ژن عـەبا ناپۆشـن و لـە زۆربـەی گـەلانی ڕۆژهەڵات سەربەستییان زیاترە)[1]

تەنانەت ئەوەشـی نـاجۆرە لـەناو کـورددا، رەفتـاری خواسـتراون (پایـەی ژنـی کـورد لـە کۆمەڵی کوردەواریدا بەداخەوە کەوتۆتە بەر کارتێکەری خراپەوە، نەك بـاش، بـەڵکو دزەی کردۆتـە نێـو شارسـتانییە جیاجیاکانـەوە، ئـەویش هەنـدێکیان بـەحوکمی دراوسـێیەتی، هەنـدێکیان بـە زۆر،بـەڵام هەرچـەندە دزەیـان کردبێتـە نـاوی، نـەیانتوانیووە ناسـنامەی راستەقینەی ژنی کوردبسڕنەوە)[2].ئەمەخۆی لەخۆیدا لەرووی کۆمەڵایەتییەوە گەواهیدەری ئـازادیی ژنـی کوردە،بـە خواسـتی خـۆی لـەناو کۆمەڵێکدا،کـە ئـاین تێیـدا باڵادەسـتە،ئەو جلوبەرگەی دەپۆشت،کە خۆی هەڵیبژاردووە،نەك بەسەریدا فەرزکرابێ، دیسانەوە ئەمـەش لەلایەن(سـۆن)ەوە دەبێتـە جێگـەی بایـەخ و لـەبارەوە دەڵـێ: (ژنـانی کـورد لەچـاو نەتەوەکانی دیکەی (محەمەدی)، (مەبەستی گەلانی موسڵمانە)،پتر ئـازادن، ژن بـە شـودان لەنێو ئەو نەتەوانەدا بەبێ بڕیاری ژن خۆی دەبێت، واتە لەلایەن لایەنێکی سێیەمەوە،بەڵام لەنێو کوردەکاندا،ژنان وەك ژنانی هەر وڵاتێکی ئـەوروپی خـاوەنی ئـازادی خۆیانن،تێکـەڵی لەنێوان هەردوو رەگەزیشیاندا رەسەنایەتی دەنوێنێ، تەنانەت گەلێجار هاوسەریەتی لەسەر بناغەی خۆشەویستییەوە دەبێت)[3].

نزیك لەم بۆچوونەش (سـۆن) دەربارەی ژنانی کورد دەڵێ: (ژنەکانیان ڕووپۆشیان نیە و ڕوخسـاری خۆیـان ناشـارنەوە، هـەرگیز ناشـڵەژێن، کاتێـك لـە بـەردەم پیـاوێکی بێگانـەدا دەوەستن. دوودڵ نـین لـە قسـەکردن لەگـەڵ بێگانـەدا، ئەگـەر پیاوگـەل لـە مـاڵ نـەبوون، هەڵئەسێ بەدەوری خانەخوێیەکی زۆر چاك و میوانداری ڕێبواران و میوانەکان دەکات).

---

[1] : ادموندز، کرد و ترك و عرب، ت: جرجيس فتح الله، ص ١٤٢.
[2] : د. بەدرخان سندی کۆمەڵگای کوردەواری لەدیدی رۆژهەڵاتناسیدا، ل١٤٠.
[3] : سون،رحلة متنكر الى بلاد مابين النهرين و كردستان،ت: فواد جميل،ص ٣٣.

هەروەها دەڵێ:( ژنیان وەکو ژنی هەر وڵاتێکی ئەوروپایی سەربەستن، ئەوەندە نـەبێ ناچنە بازاڕ، بەرەوپێشچوون و دەربڕینی بەرز لەو سیستەمە مەودای داوە بە ژن، تا لە دیدێکی نزیك بەتێگەیشتنی ئاستی ژن لە ڕۆژئاوا ببینرێ)، بەردەوام دەبێت:

(کورد لە زۆربەی نەتەوە محەمەدییەکان زیاتر ڕێزی ژنەکانیان دەگرن)[١]،بە شێوەیەکی گشتی، ئەگەر چاوێك بە یاداشتەکانی ئەو گەڕیدەو ڕۆژهەڵاتناسانەدا بخشێنین، ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێ، کە ئەو گەڕیدانە ژنانی کوردیان بە بەراورد لەگەڵ ژنانی دراوسێ وەکو عەرەب و تورك و فارس بە ئازادترو جەربەزەو بەرچاوتر نرخاندووە، لەو ڕوانگەوەی ژنی کورد سەرباری کاری ڕۆژانەی خۆی، هاوکات ئەو کارانەشی ڕاپەڕاندووە، کە لە بنەڕەتدا هی پیاوانن،(ژنی کورد سەرجەم کارەکانیماڵەوە رادەپەڕێنێ، کەرەسەکان کۆدەکاتەوە، مەڕەکان دەدۆشێ، داروبار لەسەر چیا کۆدەکاتەوە بە مەبەستی خۆ گەرمکردنەوەو نان دورستکردن، هەموو ئەو کارانەش ئەنجام دەداو منداڵەکەشی هەر بەشانەوەیە، هەروەها ژنی کورد لە ئەسپ سواریدا شارەزایە و لەگەڵ پیاودا تێکەڵ دەبێ و بەئازادییش گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکات و بیرو بۆچونەکانیشی راشکاوانە دەخاتە ڕوو، لەو کاتەی مێردەکەشی لە ماڵەوە نیە پێشوازی لە میوانان دەکات و نانیان لەگەڵدا دەخوات، لە داب ونەریتی کوردیش ڕێگە لە ئازادی ئافرەتانیان ناگرن)[٢] ، لەوەش زیاتر دەربارەی ژنی کورد وتراوە، بە تایبەتی لە کتێبی (الاکراد تاریخ شعب..)دا لە زۆر ڕووەوە ستایشی ژنی کورد دەکات:(کورد بەوە بەناوبانگە، کە زۆر ڕێز لە ژن دەگرێ )، لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (ژنی کورد خودان ڕەفتاری شارستانیین، بە شێوەیەکی ئەکتیڤ بەشداری لە ژیانی خێزانیدا دەکەن و خاوەنی بڕیاری خۆیانن و ئازادییەکی زۆریان هەیە و دەتوانن جگەرە بکێشن و بە تەنیا بچنە بازاڕەوە)[٣].

ئەم کەسێتییە تایبەتییەی ژنی کورد هەیەتی، یارمەتی داوە بۆ ئەوەی چێژ لە ئازادی خۆی ببینێ و ڕۆڵی سەرکردە ببینێ، بە پێی دیدو بۆچوونی( ریــچ) بارودۆخی ژنانی کورد،

---

[١] : سۆن، سلێمانی ناوچەیەك لە کوردستان، و: مینە، سلێمانی ٢٠٠٧، ل٦٤.

[٢] : د.محمدفتحي الشاعر، الاکراد في عهد عمادالدین الزنطي، ص٥٢.

[٣] : احمد تاج الدین، الاکراد تاریخ شعب وقضیة وطن، ص٥٢.

زۆر لە ژنانی تورکیا و ئێران باشترە، چونکە( ریـــچ) پێی وایە:( ژن لەگەڵ مێرددا یەکسـانە و بێزی لە کۆیلەتی ژنی تورك دەبێتەوە، چونکە کۆیلەئاسا سەودای لەگەڵدا دەکرێ)[1]

کەواتە گومان لەوەدا نیـە( ژنـی تـورك سـەودای مانـەوەی زۆرەملێـی لەگەڵـدا کـراوە و مـاوەی چـەند سـەدەیەکی دوورودرێـژیش بـەو شـێوەیە ژیـاوە، ئەمـە لەکاتێکـدا بـووە، رۆژهەڵاتناسەکان دووپاتی دەکەنەوە، ئازادی ژنی کورد سنووری بۆ دانانرێ، وێڕای ئەوەش کۆمەڵی کوردەواری نەفرەت لە لەشفرۆشی دەکات.

(ڕیـچ) نموونەیەکی لەسەر ئازادی ژنی کورد هێناوەتەوە:

(جارێك دیوان ئەفەندی سەرۆکی تەشریفاتی پاشـای بەغـدا، کـە پیـاوێکی وریـاو هـۆگری میکانیك بوو، سەردانی کردم و باسی ئەو ئارگۆنەی بۆ کردم، کـە خـۆی دروسـتی کردبـوو، کاتێکیش لێبووەوە و کەوتەڕێ خزمەتکارەکانی بە ئەسـپەکانیانەوە لـە دەرەوە کۆمـەڵیان بەست،لای لێکردمەوەو پێی وتم: ئەمەوی شتێکی سەیرت پیشان بدەم، رەنگە لەوەو پێش لەژیانتدا نەتبینیبێ، ئـەنجا یـەکێ لـە خزمـەت کارەکـانی بـانگ کـردو ئـەویش لەبـەردەمی راوەستا، پرسیاری لێکردم ئایا شتێکی نائاسایی لەم خزمەتکارانەدا دەبـینی؟ وتم نـەخێرو دواییش زیادم خستە سەرو وتم: لاوێکی بەهێز دەبینم، پێی وتم: ئەمەی دەیبینی کوڕ نییە، کچە، کچە کوردێکی بڵباسییە، لـە راستیشـدا باشـترین سـوارو ئـازاترین سـەربازو چـاکترین خزمەت کاربوو، کە مرۆڤ پێشبینی بکات، هەڵس و کـەوتی هـەرگیز هـیچ گومـانێکی لەسـەر نییە، بەڵکو بووەتە مایـەی شـەرەفمەندی بـۆ کچـانی نەتەوەکـەی، هـەروەها وەك کچـێکی عازەبیش بووەتە هۆی سەربەرزی بۆ پیاوانیش، رۆژێکیش تورکێك ئەیەوێ دەستی بۆ درێژ بکا ئەویش یەخەی خۆی دادەتەکێنێ و دەڵێت: ئەگەر گەورەم هەوڵی ئەوەم لەگەڵ بـدات، ئامادەم سنگی شەق بکەم، شانازیشی بەوەوە دەکرد، چـەند جارێـك بەوپـەری بوێرییـەوە پەلاماری تۆپ هاوێـژێکی پـڕ گوللـە تـۆپی داوە، بـەردەوام جلـی کـوردیی لەبـەر دەکـرد و شاڵێکی حەریریشی بەسەرەوە بوو، باڵابەرزێکی جوان بوو، تەمەنی لە نێوان بیست و سـی ساڵاندا بوو، سیمای رەسەنی کوردی پێوەبوو، تیشکی خۆریش کاری لێکردبوو)[2].

[1] : ریج ، رحلة ریج فی العراق عام ١٩٢٠،ت: بهاءالدین نوری، ص ٢٠٣.
[2] : هێنی هارۆڵد هانسن، ژیانی ئافرەتی کورد، و:عەزیز گەردی، ل٢٠٣.

لەسەدەکانی ڕابردوودا گەلێ جار ڕوویداوە ژنی کورد ڕۆڵی کارا ببینێ، هەندێ لە ژنی خان و میران، هاوشانی مێردەکانیان لێوەشاوەبوون. توانیویانە بەوێنـەی ئـەوان، یـان لـەوانیش کاراتر ڕۆڵ ببینن.لەسەردەمی خۆیاندا ڕۆشـناییان لەسـەربووە،وەك عادیلـەخانمی خێزانـی وەسمـان پاشـای جـاف و حەپسـەخانی نـەقیب، هەیانـە دوای مـردن و کـوژرانی میرەکـان توانیویانە جێی ئەوان پڕبکەنەوە،وەك خانزادی میری سۆران، لەپەنای ئەو ستایش کردنەی کۆمـەڵی کـوردەواری بەگشـتی و خسـتنەڕووی ڕەوشـی ژنـی کـورد بەتایبـەتی لـەڕووی بەرجەستەکردنی ئازادیە تایبەتییـەکان و مافـە گشـتیەکانیان، هاوکـات هەنـدێ تێـڕوانین و بۆچوون هەیە، وای بۆ دەچن، کە ئەو ژنانە بەو سیفەتە حوکمیان نەکردووە، کە ژن بوون، یان خەڵك پێیان خۆش بووبێ، کە ژنێك سەرۆکایەتیان بکات تا پیاو، یـاخود دیاردەکـە لـە ڕوانگەی بەرابەری ژن و پیاوەوە سەرچاوەی گرتبێ، بەڵکو ئەوانە درێژەپێدانی مێردو بـراو باوکە میرەکانیان بوون و بەناوی ئەوانەوە هاتوونەتە پێشەوە. بەگشـتی ژن کـورد لـەکاتی گرتنەدەستی دەسەڵاتدا ((خۆی پیاواندووە)) زیاتر لەوەی ژنێك بێت، ئەمـەش لەگـەڵ ئـەو هاوکێشەیە یەکتری دەگرێتەوە، کە دەڵێ:

(ئەگەر کۆمەڵگا تەقلیدکار بوو، ئازادی بیر کردنەوەی ڕەتکردەوەو داب ونەریتی، هەروەها جل و بەرگ و ڕەفتاری کردە بنەما، ئەو کات ئەم جۆرە هەڵوێستە سەربەخۆیی لەناودەبات و گەشەکردنی کەسایەتی دەوەستێنێ)[١] .

بـەپێی بەڵگـە مێژوویـەکانیش دەتـوانین بڵـێین ((سـەردەمێك لـە قۆنـاغی کشـتوکاڵی سیسـتەمێك لـە شـێوەی دایکسـالاری لـە کوردسـتان دا بـرەوی هـەبووەو کۆمەڵگـەی پـێ بەڕێوەچووە، جووتیارەکان لێکچوونێکی سروشتیان لە نێوان ژن بەرهەمی زەویدا بینیووەو هـەردووکیان بـە پـیرۆز زانیـوە، هەمیشـە بـە بیسـتنی وشـەی زەوی، ژنـان و کەرەسـە و بەرهەمەکانیان بە بیرداهاتۆتەوە، کە ئەمەیان مرۆڤ و ئەویان بەرهـەمی خـۆراکی بـوو، وەك زنجیرەیەکی لێکدانەبڕاو هاتۆتە بەر چاوان، لە بەرامبەر ئەم بۆچوونانەشدا پێویستە جەخت لەسەر ئەو خاڵەش بکرێتەوە، کە پیاوی کورد هەمیشە لـەکاروکردەوەی ڕۆژانەیـدا پـرس و تـەگبیری بـە ژن کـردووەو گۆشـەنیگاکانی بەهەنـد وەرگرتـووە، ئینجـا پاڵنـەری ئەمـەش هەرچیەك بێت، ڕێزگرتنی پیاوی کورد لە بەرامبەر تواناو قسەی ژن لە پرۆسەی بەڕێوەبردن

[١] : سلامە موسی، دراسات سایکولوجیة، ، ١٩٩٧، ص٨٥.

نیشان دەدات، هاوکات ژنی کورد بە درێـژایی مێـژوو ئـەو قەدرگرتنـەی پیـاوی لەبـەر چـاو گرتووەو دڵسۆزی و خۆشەویستی خۆی پـێ بەخشـیووە. (تۆمـــا بـوا) لەمـەڕ ژنـانی کـورد دەڵێ:( شتێکی سەرنج راکێش ئەوەیە، لە نێو کوردان ژنان لە دوای مردنی هاوسەرەکانیان جێگای مێردەکانیان دەگرنەوە)[١].

هەر بەگوێرەی بەڵگەنامـە مێژووییـەکان،باس لـەوە کراوە،کۆمەڵـە هـۆزو خێڵێـك ئامـادە نەبوون، کەوا مل بـۆ دەوڵـەت خـانم شـۆڕ بکـەن، ئـەوێش بـۆ پاراسـتنی رەوشـەکە و دوای راوێژکردن،رازی بوو دەست لە دەسەڵات هەڵگرێت و بیدات بە میرعەزەدین حوسەینی برای. هەروەها باسی (حەلیمە خانم)ی هەکاری وکوێخا (نیرگز)ی شوانمان بۆ دەکات، کە لە ناوەو دەرەوە ناوبانگیان دەکردووە. لـەنێو ژنـانی شـاعیرو نووسـەرانی سـەدەکانی رابردوویشـدا (ماه شەرەفخانی ئەردەڵان)، کـە بـە (مەسـتوورەی ئـەردەڵانی) ناسـراوە، رۆڵێکـی مـەزنی بینیووە، مێژووی ئەردەلانی نوسیوەتەوە، کە لە سەردەمی خۆیدا، مێژوو نووسینەوە تەنیا کاری پیاوان بوو، بە وتەی خانمە رۆژهەڵاتناسی سۆڤیەتی (ڤاسـیلییڤا)، (مەسـتوورەخانم) شوێنێکی تایبەتی لە هیستوگرافی ئەردەڵان لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە.(خانزادەخان)ی خوشکی میرسلێمان فەرمانڕەوای میرنشینی سۆران، لەدوای ئەوەی والی بەغدا میر سلیمان دەکـوژێ، وەکـو مـیری سـۆران لـە مێـژووی کـورددا نـاوی دەرکـردووە. (مـەلا مـەحمود بایەزیدی)ش باس لەوەدەکات، کە لەکاتی شـەڕی ١٨٧٧دا لـەنێوان دەوڵـەتی عوسمـانی و رووسـیادا، قـەرە فـاتم سـەرۆکایەتی پێـنج سـەد سـواری کـوردی لـە ناوچـەکانی قـارس و ئەرزرۆمدا کردووە)[٢].

(سـۆن)، کە لەساڵی ١٩٠٩ بە ناوەی بازرگانییەوە دەچێتە هەڵەبجەو لە نزیکـەوە عادیلـە خانمی هاوسەری وەسمان پاشای جاف دەناسێ، بە وتەی (سـۆن) عادیلە خانم ژنێکی بـێ هاوتا و تێگەیشتوو و خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز بووە، بۆ خۆی بـە تـەنیا فـەرمانڕەوایی شاری شارەزوور بووە، بێجگە لەکاری سیاسیی بۆ خۆی دادگایەکی هەبووە، کە بە عادیلانە تاوانبارانی سزا دەدا)[٣].

---

[١] : توما بوا، مع الاکراد، ت: اواز زنکنة، ص ٦٧.

[٢] : یڤگینیا ڤاسیلڤا ،شەرەفخانی بەدلیسی، سەردەم،ژیان،نەمری، ٢٠٠٨.

[٣] : محمد أمین زکي ، خلاصة تأریخ الکورد و کوردستان من أقدم العصور التاریخیة حتی الآن، ص ٢٣٧.

عادیلــە خــانم دوای کۆچــی دوایــی هاوســەرەکەی لــە دوای شــەڕی یەکــەمی جیهــانیی سەرکردایەتی یەکێك لە گەورەترین هۆزی کوردی دەکرد، کە هۆزی جاف بوو.(ئیدمۆنـدس) یش باس لە حەپسەخانی نەقیب دەکات، کە هاوسەری شێخ قادری برای (شێخ مـەحمودی حەفید) بووە و بە ژنێکی زیرەك و ناودار پێناسەی دەکات :

( لە سیاسەتی ناوچەکەدا رۆڵێکی گرنگی بینیووە و سەرگەورەی ژنانی شاری سولەیمانی بووە، یـەکێك لـەکارەکانی، کـە ئەنجامیـداوە ئـەوە بـووە تێکۆشـاوە، کـە مەدرەسـەیەکی ئێوارانە بۆ ژنان دروست بکـات و هـەر لـە سـولەیمانییەوە هاریکـاری کۆمـاری کوردسـتانی کردووەو تەنانەت پێشەوای نەمر نامەی سوپاسگوزاریی بۆ ناردووە) [1].

هـەروەها (مینـا خـانم )هاوسـەری نـەمر پێشـەوا قـازی لـە سـەرەتای کـار و خـەباتی سیاسیدا،هاندەری پێشەوا بووە بۆ کار و خەباتی لە دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا، لـەو سەردەمەدا یەکێتی یایان (خوشکان)ی دامەزراند و بۆ خۆشی سەرپەرشتی ئەو رێکخراوەی ژنانی دەکرد.

د. روئیا تلـوعی، وەك ژنێکی کارای فیمینیزمی کورد لە هەمبەر ئەو پرسـە بـەو شـێوەیە تێڕوانینی خۆی دەخاتە ڕوو:

(لای پیاوان دنیای ژنان دنیایەکی پڕ رەمز و رازە و زۆر پرسیاریان لاساز دەکات، ئەوەی پیاوان سەبارەت بە ژنان دەیزانن ئەوشـتانەیە، کـە لـە روانگـەی پیاوانـەی خۆیانـەوە لێـی تێگەیشتوون. ژنان زۆر کەم بە زمانی خۆیان لە خۆیان و کێشەکانیان دواون، تەنانەت ژنان لە ناخی دڵیانەوە لە ژنێتی خۆیان نەدواون، ترس لە زۆر شت بۆتە کۆسپێك بـۆ ئـەوەی ژن بە زمانی خۆی باسی خـۆی و بیروڕاکـانی بکـات، ژن مرۆڤێکـە سەرچـاوەی ژیانـە و ژیـانی ژنیش لە هەموو رەهەندە کۆمەڵایەتیی، ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی، فکـری و دەروونـی، مێژوویی، مرۆڤناسی، مافناسی، بایۆلۆجی، جێگای سەرنج و لێکۆڵینەوەیە) [2].

لە شوێنێکی دیکەدا د.روئیا تلوعی دەربارەی فیمینیزم و فیمینیزمی کوردی بیروبۆچوونی خۆی بە ڕاشکاوی دەخاتە ڕوو، ئەو پێی وایە، کـە (فیمینیـزم کۆمـەڵێك بـیروڕای جیـاوازی

---

[1] : س، ج، ئیدمۆندس، کورد و تورك و عەرەب، وەرگێڕانی حامید گەردی، هەولێر،٢٠٠٤، ل ١٢٨.

[2] : ئاسوبایەزیدی، دیدار لەگەل دکتۆر روئیا تەلوعی، فیمینیزم و فیمینیستانی کورد، ماڵپـەڕی کلاورۆژنـە، www.klawrojna.com

هەیە،چەندین جۆر فیمینیزم ناسراوە، دیسان دابـەش کردنـی بـە سـێ شـەپۆڵ دەبینـرێ و شەپۆلە سێیەمییەکان لەسەر ئـەو باوەڕەن،کـە رەنگـی پێسـت و نەتـەوەو تەمـەن و چـین و..هتد،لەسەر کێشەی ژنان کاریگەرێتی زۆری هەیەو فیمینیزمی ژنانی سپی پێسـتی چـینی ناوەندی وەڵامدەری هەموو کێشەو گرفتەکانی ژنانی تر وەك جیهانی سێیەم و ژنـانی رەش نیـە.)) [١] .نەتــەوەی کــوردیش نەتەوەیــەکی مــافخوراوەو تایبەتمەندییــەکی هەیە،کـە هـیچ نەتەوەیەکی تری جیهان نییەتی و ئەوەش چوارپارچـە بوونـە،)) [٢] .ئـەم چوارپارچـە بوونـە کۆمەڵێك گرفت و کێشەی سـەرەڕای کێشـەکانی تـر بـۆ ژنـان بەدیهێناوە،لەلایەکـەوە ئێمـە تایبەتمەندی کلتووری و کۆمەڵایەتی خۆمان هەیە، ئەگەر کێشەی ژنێکـی ئـەوروپی ئـازادی هاوجنسگەرایی بێت،ئەوا کێشەی ژنی کورد نیە ((لە فیمینیزمی کوردیدا ژن و نەتەوە،ژن و مافخوازی و نەتەوەی بێ دەسەڵات، کێشەگەلی سەرەکین، کە پێویستە رێگـا چـارەیان بـۆ بدۆزرێتەوە، لە فیمینیزمی کوردیدا، خـەباتی رزگـاریخوازیی ژن،لـە خـەباتی رزگـاریخوازیی نەتەوەی کورد جیـاواز نیـە، ژنـی کـورد دەبـێ بـە زمـانێکی لۆجیـك و زانسـتی ئـەم کێشـە تایبەتیانەی بۆ خەڵکانی جیهان شی بکاتەوە) [٣] .سەرەتا پێویستە بەشێوەیەکی زانستی لە فیمینیزم تێبگەین و ئەوسا بە زانیاری و عـیلم جێگـای شـیاوی خۆمـانی تێـدا بدۆزینـەوە و فیمینیزمێکی کوردیی تـاریف و پێناسـە بکـەین (سـەرکەوتنی زانسـتی ئێمـە لـەم بـوارەدا، هەنگاوێکی گرنگە بۆ خۆماڵی کردنی تیۆر و نەندێشەیەکی جیهانی، با بۆ کورد فیمینیزمیش وەك لقێکی فیمینیزم لە جیهاندا بناسرێ و بۆ خەڵکانی جیهان سەرنج راکێش بێ، کە داخۆ ئەمە چـیە؟ کـورد، فیمینیـزم دەبـێ بـە شـێوەیەکی زانسـتی و مـەنتیقی داڕێـژێ)) [٤] .ئـەم تێڕوانینـەی د. روئیا تلوعی سەرنجمان بۆ تێڕوانینێکـی تـری (کـازیوە سـاڵح) کەمەنـدکێش دەکات، کە ئەو وەکو چـالاکوانێکی بـواری ژنـان زۆر بەچـاوی گومانـەوە تەماشـای بـوونی بزووتنەوەیەکی فیمینیزمی راستەقینە لەناو کورددا دەکـات، تەنانـەت ئـەو هەوڵانـەی، کـە

---

[١] : ئاسوبایەزیدی، دیدار لەگەل دکتۆر رۆئیا تەلوعی، فیمینیزم و فیمینیستانی کورد، ماڵپـەڕی کلاورۆژنـە، www.klawrojna.com

[٢] : سەرچاوەی پێشوو.

[٣] : ئارام سدیق، دۆزی ژن و هەزارەی نوێ، ل٢٦-٣٧.

[٤] : ئاسو بایەزیدی، دیدار لەگەل دکتور رۆئیا تەلوعی، فیمینیزم و فیمینیستانی کورد.

هەیە بە ئیفلیج و هەدەرچوو ناویان دەبات، ئەوەتا لە کتێبەکەی خۆیدا (فیمینیستناسی و جڤاکی کورد) بەڕاشکاوی ئەم بیروبۆچوونەی خۆی دەخاتە ڕوو:

( پێم وانیە بزووتنەوەی فیمنیستی لەناو کوردا هەتا ئێستا هەبێ و نە لە ڕووی مێژوویی و نە لە ئێستاشدا، ژنانی کورد تەنانەت زۆریان سڵ لە وشەکە خۆیشی دەکەنەوەو ئاڵودەی دەکەن بە بۆچوونی هەڵەو دواکەوتوویی، هەتا ئێستاش بزووتنەوەی ژنانی کورد بزووتنەوەیەکی ئیفلیج و بێ دەسەڵاتە. ئەگەر لەرابردوو کۆیلەیی و پاشکۆی عەقلی پیاوان خێڵ و عەشیرەت بوون، ئەوە ئێستاش پاشکۆی عەقلی پیاوانی حیزب و دەسەڵاتن)[1].

نووسەر رەخنەی توند لەو ژنانە دەگرێ، کە لە پەنای دەسەڵاتەوە خۆیان بەدیاردەخەن و چالاکی دەکەن و خودان دامەزراوەی راگەیاندنن،(ئەو ژنە، نەك فیمینیست نیە،بگرە کەسێك نیە دەربارەی مەسەلە ساکارەکانی ژنانیش تێبگات، ئەگەرچی بڵاوکراوەشی بە وشەی ژن و کێشەی مافی ژن بڕازێنێتەوە، ئەو جۆرە ژنانە تەنیا هەڵگری ئالای پاتریاکی و لەبەر دەزگا پاترياکیەکاندا خۆیان پڕ چەك کردووە، بۆ پاراستنی عەقلیەت و کلتور و سیستەمی پاتریاکی)[2] ،ئەگەر چی ئەم خوێندنەوەیەی نووسەر جۆرە بڕیارێکی رەهای پێوە دیارە،چونکە لەبەرامبەردا چالاکوانی دیکەی ژن هەن، کە بە پێچەوانەی ئەم تێڕوانینە گوزارشت لە باوەڕی خۆیان دەکەن:(هەڵەیەکی گەورە دەکەین هەموو رێکخراوەکان،(مەبەست رێکخراوە داکۆکی کەرەکانی ژنانە) بەیەك چاو سەیر بکەین، ئەوە رقێکی نێرانەی توندرەوە نایەڵێت جیاوازییەکانی ژن ببینین..)[3].

(ڤینۆس فایەق) دەربارەی کێشەی ژنان لە روانگەیەکی ترەوە بۆچوونی خۆی دەخاتە روو:(کێشە زۆرن باسیان لێوە بکرێت، گرنگ هەیە و گرنگتر هەیە، بەڵام سەرەتا ئەبێت ئەو کێشانە لە دوو خانەدا پۆلین بکەین:

---

[1] : کازیوە سالح، فیمینیستناسی و جڤاکی کورد، ل٤٣-٤٤.
[2] : سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٤.
[3] : ئارام سدیق، دۆزی ژن و هەزارەی نوێ، ل٤٧.

یەکەم: ئەو کێشانەی بەدەستی داب و نەریت و عەقڵیەتی دواکەوتووی کۆمەڵی پیاوسالار و هەروەها دەسەڵاتی سەروو، وەکو دەسەڵاتی سیاسیی و حکومی، کە هەمیشە پیاو بکەرەکەیە و ژن قوربانیەکەیە.

دووەم: ئەو کێشانەی ژن خۆی تیایدا بەرپرس و لێپرسراوە لەوەی چارەسەریان بکات، وەك ژن، ئەو کێشانەی ژن تیایدا بکەرەو هەر خۆشی قوربانییە. هەر لەم بارەوە نووسەر جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە: (بەڕاستی ئەو شتەی بەتایبەت منی تووشی نیگەرانی کردووە،ئەو رێبازە فیکری و ئامرازی خەباتانەیە، کە لەسەر بنەمای رەتنکردنەوەی"ئەویتر"و لەغووکردنەوەی خەباتی ئەویتر بینابووە، چونکە ئێمە هەموو کۆکین لەسەر ئەو توێژە لە ژنانی ناو کۆمەڵگا،کە کێشەی کەمیی هوشیاری کۆمەڵایەتیی و زانستیی و فیکریی هەیە) [1] ،دواتر بەردەوام دەبێت:(کێشە لەوانە دایە بەناوی هوشیاری ئەبنە بەربەست لە بەردەم بەمرۆڤبوونی ژن و لەناو کۆمەڵدا،ئەو ژنانە لە هەلگرانی ئەو جۆرە رێبازانەن، کە خۆیان هەمیشە بە تەواو ئەزانن و ئەوانی تر بە ناتەواو، ئەوانەی بڕێکی زۆر سنووردارو بگرە زۆر کەم لەهوشیاری فیکری و زانستی شك دەبەن و کەچی وا دەزانن هەموو شتێك ئەزانن و لەدوای ئەوانەوە کەسی تر هیچ نازانێ، وا ئەزانن تەنها ئەوان دەتوانن دۆزی ژن سەرخەن و ئەوانی تر شکستی پێدەیەن. کێشە و گرفتم لەگەڵ ژنانی سادەدا نیە، ئەو ژنانەی ئێمە خۆمان بە نوێنەرو دەمڕاستیان ئەزانین، ئەو ژنانەش،کە تێبگات لەوەی ئامانجمان لەکۆتاییدا یەکێکە بەجیاوازی شێوازی خەبات و کۆششەوە، کێشەکە لەگەڵ ئەو ژنانەدایە پەیامەکەیان جێگەی هەموو ژنانی چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵی تیانابێتەوە،ئەو ژنانەی هەڵگری بیری پیاوسالارن،بەڵام لەبەرگی ژندا، یان ئەو ژنانەی ئیددیعای فێمنیزمی دەکەن و داوای ئەوە دەکەن هەموو شتێکی ژن لەسەر بنەمای رەگەز جیابکەنەوە،لەو کاتەی ئێمە لەدەست جیاخوازی و جیاکردنەوەو لە پەراوێزنانی ژن و داهێنان و بەرهەم و تواناکانی ژن دەناڵێنین، ئەوەتا هەموو ئەوەی کۆمەڵگا لەدژی ژن دەیکات بە پشت بەستن بەوە دەیکات، کە ژن وەك رەگەز هەیە و لاوازەو شایستەی

---

[1] :بەهرەوەر مەرزانی،دیمانە لەگەڵ نووسەرو رۆژنامەڤان ڤینۆس فایەق،ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە، www.klawrojna.com

سووکایەتی پێکردنە، بۆیە دەڵێم ئێمە ئەبێت ژن بە مرۆڤ بکەین بۆ ئەوەی بەرزی کەینـەوە و بیبەینە ئاستی پیاوەوە...))[1] . بێگومـان مەبەسـتی (ڤینـۆس فایـەق) لـەم دەربڕینـەدا، مانـای ئــەوە نییــە ژن لــە ســیفەتەکانی رەگەزەکــەی خــۆی، وەك مێینــە دابماڵــدرێ ، بەپێچەوانەوە، ئەمە بەرز ڕاگرتنی رەگـەزی ژنـە لـەناو بازنـەی مرۆڤایەتیدا، هەڵبەتـە هـەر ئەمەش بۆ خۆی بەهای ژنبوون بۆ دۆخی سروشتی خۆی دەگێڕێتەوە.

## ژنانی نووسەری کورد چەشنی هاوڕەگەزەکانی تریان لە جیهاندا

لەنێوان ئەو هەموو تێڕوانین و بیروبۆچوونە جیاوازانەی لە سەر ژنانی نووسەر خرانـە روو، هاوکات ژنی کوردیش لەپاڵ ئەرکـە کۆمەڵایەتیەکانیـدا، توانیویـەتی راسـتەوخۆ لـە رێگـەی نووسین و لێکۆڵینەوەو رەخنەو بەرجەستەکردنی ئەو ویسـت و خواسـتانەی لـە ئەندێشـەی کەلەکە بوونە،بە شیع و چـیرۆك و رۆمـان و ژانـرە ئەدەبیـەکانی تـر گوزارشـتیان لـەبارەوە بکات و لەژێر دەمامك و هەندێ جاریش بوێرانە پەنجە بخاتە سەر کێشەو کەموو کوڕیەکانی کۆمەڵەکەی، بۆیە ژنی کوردیش چەشنی ژنانی دیکـەی ریفۆرمخـواز هەنـدێجار شـەرمنانە و بەترســەوە قســەی خــۆی کــردووە، هەنــدێ جــاریش راشــکاوانە داکــۆکی لەخواســتە هیومانیستیەکانی کردووەو بۆتە زمانحــاڵی هــاورەگەزانی خــۆی، لــەپێناو خەباتکردنی ئازادانەو شــکاندنی کۆتوبەندی ســەپاوی ســەریان( ناوەرۆکی بەرهەمەکانیان پـەیامێکی سیاسـیی و کۆمەڵایەتییـە)[2]،هـەروەها(ژنی کـورد بـە شـێوەیەکی گشـتی کـەمتر خـەریکی هونەری شیعر بوون زیاتر قەڵـەمی خۆیـان بـۆ وتـار نووسـین تـەرخان کـردووە)[3] ، هـەموو ئەمەش لە پێناو ئەوەی، ژیان بە جوانی ببینن و تارمایی رەشی سەر رێگە بـە دەقـەکانیان برەوێننەوە، ئەو تارماییانەی دەسەڵاتی پیاوسالاری بناغەیان بۆ داکوتاوەو بۆ ژنان پڕیەتی لە ئازارو ئەشکەنجەو ستەم. ئامادەبوونی ژنان لە ناوەندیی ئەدەبی کوردیدا، دەگەڕێتـەوە بۆ ساڵانی حەفتا و بە دواوە،بەڵام زۆرتر دوای ئـازادکردنی باشـووری کوردسـتان لـە سـاڵی ١٩٩١ برەوی سەند، مەبەست لەم ئامادەبوونە، ئامادەبوونێکە بە ئەندێشەی ژنانەوە، نـەك

---

[1]: سەرچاوەی پێشوو.

[2]: د. هیمداد حوسێن، رۆژنامەوانی کوردی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان، ل٢١٢.

[3]: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١١.

ئامادەبوونێکی جۆریی، چـونکە مێـژووی سیاسـیی کـورد و تەمـەنی ئافرانـدنی کـوردی لـە ئامـادەبوونی ژن خـاڵی نییـە، هـەر لـەم رەوتـەدا، دەقـە شـیعرییەکانی مەسـتوورەمان خوێندۆتەوە، کە لە سەردەمی میرانـی بابانـدا دەرکـەوتووە. مەسـتوورەی ئـەردەلاتی، لـە پرۆسەی نووسیندا ژیاوە، بـە دوور لـە مۆدەکـانی رۆژ و ئایدۆلۆژیاکان،(مەسـتوورە) چـرکە شیعرگەلێکی بۆ جێهێشتووین، کـە ژنانـە و زینـدوو و بـزۆزن، ئـەم دیمەنـە شـیعرییە ژنانـە بەدەست خوشکە هاوچەرخەکانی لێرە و لـەوێ دەسـت دەکـەون، چـونکە شـیعری ژنانـەی کوردی ئێستا، هەروەك زۆر لە شیعری ژنانەی دنیای رۆژهەلاَت، لە دەست کۆمەلێك خەسار و گرفت دەنـاڵێنێ، وەك: ئایـدۆلۆژیاو قوتابخانـە ئەدەبییـە جۆراوجۆرەکـان، کـە لـە لایـەن پیاوانەوە دروستکراون و دامەزراون، هەروەها بزووتنـەوە ئایدۆلۆژییـەکانی وەك فێمێنیـزم، یان بزاوتی ژنان، کە ئەندێشەو بۆچوونی ئەم بزووتنەوانە،هەر هەمووی لەرۆژئاواوە هاتوون و گوازراونەتەوە. ئەم بیرو ئەندێشانە زۆربەی کات لەلایەن ژنی ولاَتی ئێمەوە، نە بـەکاردێن و نە بە شـێوەیەکی بەرچاو خزمـەت دەکرێن،ئـەم گرفتـە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو سـووڕمانە گەورەیەی پیاو و چۆنییەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەو بیرانەی، کە بە زۆرەکی لە رۆژئـاواوە دەکرێت و دێن، ژنیش لێرەدا دوچاری ئەو کۆسپە گەورەیە دەبێتەوە، لەلایەکی ترەوە ژنی کورد لە هەوڵی نووسینەوەدا تێدەکۆشێ و بەشێوەیەکی هۆشیار و ناهۆشیار خۆی دەخاتە زیندانی لاساییکردنەوە لە شاعیرە "گەورەکان"ی پیـاو، کەواتـە: وەکـو لـە بڵاوکراوەکـانی یۆنسکۆدا هاتووە(نوسین دیاردەیەکە لە دیاردەکانی ئازادیخوازانەی پۆزەتیڤ،چونکە دواتر مـرۆڤ نـاتوانێ لـە کەشـی دواکـەوتوویی و پاشـگەردانی و سیسـتەم و زۆرداری ئافرانـدن بکات)[1] . لە پاڵپشتی ئەمەشدا نموونەی رۆشنفکرانی جیهانی، وەك (ئیلیوت و رۆلان بـارت) دەخەینەروو،کە هاوران لەسەر ئەوەی (ئافراندن لە بۆشـاییەوە نـاخولقێ، رۆشـنبیریش لـە هیچەوە ئافراندن دورست ناکات، هاوکات ئەدەب گوزارشتێکی ئەبستراکتی خودی نیـە، بـە ئەندازەی ئەوەی، کەلەپورێکی تەواوکراوە)[2].لێرەوە دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین،کـەوا دیراسەتکردنی تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی ژنان بە مانـای کەشـفکردنی دوو رەهەنـد یـاخود هەڵوەستەکردنە لەسەر دوو باگراونـد، کـە قورسـایی خۆیـان هاویشـتۆتە سـەر خـودی ئـەو

---

[1] : منشورات اليونسكو، تكافؤ فرص الفتيات و النساء في مجال التعليم، ص٧٠.

[2] : آمال الزهاوي، التداعيات، منشورات آمال الزهاوي، ص٢٢.

ژنەی، کە ژانرێکی ئەدەبی تۆمارکردووە، ئـەوانیش بـریتین لـە دەسـەڵاتی کۆمـەڵ بەسـەر ژنەوە، هەروەها دەسەڵاتی پیاو بەسەر ژنەوە، لەم روانگـەوە ئـەو دەقـەی، کـە لەهـەناوی کلتـــوورێکی ئـــەدەبی و شارســـتانی دیـــاریکراو ســـەرهەڵدەدات، هەمیشـــە ســـیماکانی خولقێنەرەکەی هەڵدەگرێتـەوە لـە چوارچـێوەی رەهەنـدی کـات و شـوێنی دیـاری کـراودا، چونکە وەك ( رۆلان بارت) دەڵێ:

(زمـان و شـێواز، بەرهـەمی سروشـتی کـات و خـودی کەسـەکەن)[1]. واتـە ژنـانی خـودان بارودۆخی تایبەت لە جیهانی رۆژئاوا و هەروەها جیهانی سێیەم، بەتایبەتی ژنی کورد، هەر دەبێ لە چوارچێوەی دەقی شیعر و ژانرە ئەدەبیەکانی تردا پەیامی خۆی بگـەێنێ (یـەکێك لە سیما ناسراوەکانی بزووتنەوەی شیعریی ئەمڕۆ، شـیعری ژن و دەنگـی ژنـە لـە شـیعردا، نامەوێت نـاو بهێـنم، بـەڵام چـەند دەنگێـك بـە شـێواز و سـتایلی تایبـەت بـەخۆیان، چـەند دەنگێکـی بـە زمـان و ڕۆح ژنانـە، گولئەسـتێرەی ئێسـتای نێـو تـەمتوومانی شـیعری کوردیین)[2].بۆیە لەمیانی خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەماندا بۆ بەرهەمە ئەدەبییـەکانی (نەزەنـد بەکیخانی)، هەوڵدەدەین پەنجە بخەینە سەر ئامـاژە فیمینیسـتیەکان، ئەمـەش لـە رێگـەی ئەوانـەی راسـتەوخۆ وتـراون و ئەوانەشـی لـە نـاوەرۆکی دەقـە ئەدەبیەکانـەوە بـە زمـانی ســـیمبوڵ و ســـتاتیکا دەربڕاونواتە:بەقســـەهێنانی دەقـــەکان و ئاشـــکراکردنی(پەنهانە) نەگوتراوەکان، چونکە هەر لە رێگەی ئەو ئامرازانەوە دەتوانین بچینە ناو جیهانی نەدرکاوی بەرهەمـەکانی نووسـەرەوە، (هـەر ئـەو تەئـەمول کردنەشـە،کە دەرفـەت دەخـولقێنێ بـۆ دنیابینی ئەو پەیوەندییەی،کە لەنێوان درکێندراو و نەدرکێندراو و هـەروەها ئەوەی،کـە لـە مـەتنی وشـەکان حەشـار دراوە هەیە،کـە دواتـر لـە ریزبەنـدی رەگەزیـدا جێگـەی خـۆی دەکاتـەوە)[3]. هاوکـات لـە خوێندنـەوەی نـوێی ژانـری ئەدەبییـدا رەهەنـدو ئەگـەرەکانی لێکدانەوەی زمانی هونەریی دەق و ئەو دەلالەتانەی بە ناوەرۆکی خۆیەوەی گرتـووە، بۆتـە سیمایەکی دیاری مۆدێرنێتە، واتە:(نووسین کەوتۆتە نێو زمان و هەر شتێکیش بکەوێتە نێو زمانەوە، دەکەوێتە نێو فرە واتایی و فـرە لێکدانـەوەو بـەگوێرەی شـوێنکات و ئاسـتەکانی

---

[1]: د.كمال ابوديب، جدلية الخلفاء والتجلي،دراسات بنيوية في الشهر،بيروت، ١٩٧٩.

[2]: پشکۆ نەجمەدین، پەیڤێك لەمەڕ شیعر، ماڵپەڕی کلاورۆژنە،www.klawrojna.com

[3]: د.نوال السعداوي، الرجل والجنس، ط١، بيروت، شباط١٩٧٦.

ڕۆشنبیریی ئەویترەوە، پێناس و نهێنییەکانی خۆی ئاشکرا دەکات، بە واتـای ئـەوەی زمـان لەگەڵ ئەوەی، کە فرە واتا لە خۆیدا لوول داوە، زۆر جارانیش دژە ماناشـی لـە نێـو خۆیـدا حەشـارداوە، ئەمـەش بـەپێی دەوڵەمەنـدیی ئـەزموونی مرۆڤـە نووسـەرەکان و بەڵـەدی و بیرتیژی خوێنەرەکان بە دیار دەکەوێت))[١] . دواتر هەر پیاوە خاوەن شکۆو خـاوەن بڕیـار، ژنیش لەو نێوەندەدا بەناچاری ملکەچی و گوێڕایەڵی دەنوێنێ:

(پیاوەکانی هۆزەکەم شەوانە بەرماڵی سپی
لەسەر ڕانی ژنەکانیان ڕادەخەن و دەروێشانە ڕۆحە
ئەهریمەنەکانیان دەپرژێننە پەرستگاکانی لەش هەرگیز بیر
لەجوانی ناکەنەوە پیاوانی هۆزەکەم)٢.

بەمانایەکی تر، یەك واتایی و تاك ڕەهەندی لە شـرۆڤەکردنی ئاماژەکـانی نـاو دەق و لـە خوێندنەوەی دەقی نوێدا،ئەوەندە کاری لەسەر نـاکرێ ((بنـەمای فرەرەهەنـدی لـە جیـاتی تاك ڕەهەندی،ریشەیی ئـەکتیڤی بـە دەقـی شـیعریی بەخشـی و بـوو بـە سەرچـاوەیەك بـۆ دنیابینی نوێکارانەی جیهان))[٣].کەواتە:لەکایەی ژانرە ئەدەبیەکانـدا مەسـەلەی پەیوەنـدی دەق بەزمانەوەو وێناکردنی ئەو دەقە زۆر ئاڵۆز بووە، بـە ئاسـانی مانـا خـۆی بەدەسـتەوە نادات،هەر بۆیە زۆربەی ڕۆمان و چیرۆك و دەقەشیعرییەکان،لەلایەن نووسەرەکانیانەوە، بە کراوەیی بەجێ دەهێڵدرێن و دەبێ خوێنەر بەدوای کلیلی چوونە ژوورەوەیاندا بگـەڕێ، کـە بێگومان ئەمەش لەڕێگەی دۆزینەوەی بنیادە پێکهاتەیی و دەلالەتی و سیمبولییەکانی دەق دەبێ، کە ئەوانیش خۆیان لە سیحری زماندا مەلاس داوە، ئـەو زمانـەی زیـاتر لـە نـاوەڕۆك سـەرنج ڕادەکێشـێ، چـونکە هـەر زمانەکەیـە، مانـا بـە نـاوەڕۆك دەبەخشـێ و تەنانـەت دەلالەتـەکانی نـاوەڕۆکیش بـە ئاراسـتەیەکی دیـدا دەگـۆڕێ و لـە بـەرگێکی نوێـدا دایدەڕێژێتەوە، بۆیە سیمای هاوبەشی دەقی ئەدەبی لای (نەزەند بەگیخانی)مەزراندنی ئەو زمان و دنیا بینییەیە لە تێکستەکانیدا، کە هونەرییانـە کـار لەسـەر ئـەوە دەکـات، دەنگـی خۆی لەناو وشـەکاندا بەرجەستە بکات،ئەمـەش لـە ڕێگـەی درکانـدنی ئـەو وشـانەی،بۆنی

[١] : عەبدولقەهاری شێخ، ئافرەت وەك دەقێکی شیعری، ل١٦.
[٢] : نەزەند بەگیخانی، دیوانی (دوێنێ سبەینێ)،کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد لە فەرەنسا، ١٩٩٥.
[٣] : نازك الملائكة، قرارة الموجة، ص١٥٧.

مێیـەتیان لـێ دەچـۆڕێ،ئەویش لـە ڕێگـەی ڕەخنـەگرتن لـە داب و نـەریت و دەسـەڵاتی پیاوسالاری و هاوکێشە شەڕانگێزییەکانی دژ بە ژنان و جیاکاری و چەوساندنەوەو ئـازاردان و دنیای خەونەکانی ژنان بەرجەستە دەبێ، هاوکات هەندێ جـاریش زمـانێکی ڕوون و دوور لە تەموو مژاوی بۆ پێشاندانی ڕاستییەکی بەرجەستەکراو بەکار دەهێنێت و ڕاسـتیەکانیش بە ڕوونی وێنەی شیعریی مەبەستەکەی دەخەنە ڕوو.

نەزەند بەگیخانی لە دەقی شیعری(پیاو خواوەندی گوناهبار) بە چـەند وشـەیەکی سـادەو ساکار،بەڵام پڕ لە ماناو کاریگەربە شێوازێکی چیرۆکئامێز و درامی لە دایکبوونی خۆیمان بۆ دەگێڕێتـەوە،زۆر بـە سـەلیقەوە هـەروەك یـەکێك قسـە لەگـەڵ بەرامبەرەکەیـدا بکـات، دیمەنەکانمان بە وشە بۆ بەرجەستە دەکات:

( باوکم لە چایخانەکەی سەر سوچ چاوەڕێی کرد
هەواڵی بوون— می بیست
چەند لۆچێك لەناوچەوانی ڕووا، پێلوەکانی داخست و
ئاهێکی هەڵکێشا
مامم دەستی خستە سەر شانی برام نارەحەت مەبە
دایە گیان بتوانم
لەساتی خەماندا
بەخەیاڵ بچمە ژێر باڵتەوە)١

لە خوێندنەوەی شیعر و چیرۆکەکاندا، سەرباری ئەو ئازادییەی بـە زمـانی شـیعریی خـۆی بەخشیووە، هاوکات هەست بـەوە دەکـرێ، کـە زمانـە شـیعرییەکەی نەپرژاوەتـە سـەر زۆر پرسی ورووژێنەری مێینەوە، واتە: بەو ئازادییەوە نەینووسیوە، کە ویستوویەتی گوزارشتی لێوە بکات، چونکە هێشتا کاریگەری ئەو کلتوورەی بەسـەرەوە زاڵـە، کـە لـە نـاو هەناویـدا خولْقاوە، ئەم دەربڕینەش زۆربەی ئـەو ژنـە ئەدەبنووسـانە دەگرێتـەوە، کـە لـە نـاوەوەی کوردستانن،چونکە ئەوانەی بە پراکتیکی خۆیان خزاندۆتە نێـو کلتـووری ڕۆژئاواوە،هەنـدێ جار تەنانـەت هاوچەشـنە ڕۆژئاواییـەکانی خۆشـیان بـەجێ هێشـتووە و زۆر بوێرانـەتر ئـەو

---

١ : نەزەند بەگیخانی، دیوانی (دوێنێ سبەینێ) ، کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد لە فەرەنسا، ١٩٩٥.

ئالۆزییە دەروونیانەیان درکاندووە،کە تەنانەت پیاوانیش ئێرەیی بە بوێرییان دەبەن،نەزەند بەگیخانی، لـەدەقی (پیـاو خواوەنـدی گوناهبار)،لـەناو ئـەو نەسـتە کۆمەڵایەتییـە دەرمـان دەهێنێت، کە هەموو پێکهاتەی بیرکردنەوەو ژیانی داگیرکردووین:

دەزگیرانەکەم رووتی کردمەوە

وتی دەمەوێ هاوتابم بەتۆ

کە خوێنی کچێنیمی نەبینی

فرێیدامە سەر شەقام ((تۆ ئابڕووم دەتکێنی))

من ناتناسم، تۆ نامناسی)[١]

رەنگـە پـەیامی راسـتەقینەی شـاعیر لـەم دەقەدا،لـەپاڵ مەسـەلەی شـەرەف و ناموسپەرستی، هاوکات ئەو راستییەشمان پێ بڵێ، کە لەززەتـەکان هـەموو بۆ پیاوانـە و بەشی ژنیش تەنها نەگبەتی و ماڵوێرانییە، واتـە: تەنانـەت لـە جوتبوونیشـدا پیـاو مـافی ژن دەخوات و هەموو لەززەتەکان بۆ خۆی قۆرخ دەکات و بـاجی لـەززەتی پیـاویش دەکەوێتـە ئەسـتۆی ژنانەوە،بـەڵکو لـەناو کۆمەڵیشـدا هـەموو گوناهـەکان بـە ئەسـتۆی ژنـەوە هەڵدەواسرێن.بەمەش شاعیر وێنایەکی ستاتیکی ئـەو بیرکردنەوەیـە دەکێشـێت،کە ئێمـەی پیاو، وەکو قەدەرو ئەجەلی ژن،خوێندنەوەی بۆ دەکەین،بە تایبـەت ئـەو تێڕوانینانـەی بـۆ عیشق و خیانەت هەمانە.

## خوێندنەوەیەك بۆ دەقی شیعریی (عەشق و غیاب)ی نەزەند بەگیخانی

شاعیر لەدەقی شیعری(عەشق وغیاب)دا، لە دوو تـوێی وشـەو رسـتەکانی ئـەم دەقـەدا، دەیەوێ بە پڕگالێکی ئەندازەیی جیهانی عەشقمان بۆ بکێشێ، بەوەی لە دوو توێی عەشقدا (لەش– گەڵا)،(سەر– دەبێتە کەمانچەیەکی ئەفسوناوی)،واتە حاڵەت و دۆخە شـیعرییەکان لە فەزایەکەوە بۆ فەزایەکی تر دەگۆڕێت، لە عەشقدا جەستە دەبێتە گـەڵا و سـەر بـە واتـە هزر و هەستەکان، دەبن بە کەمانچەیەکی ئەفسوناوی، دواتر بەردەوام دەبێت لەم هەنگاوە و گۆڕینانـە (سـەرتاپای جەسـتە)، سـەرتاپات دەبێتـە نۆتـەکانی (شـۆپان)،پانتاییە

---

[١]: نەزەند بەگیخانی ، عەشق و غیاب، لە دیوانی ((زەنگوڵی ووتن)) وەرگیراوە، سلێمانی،٢٠٠٥.

زەردەکانی(ڤـان کـوخ)، ئـازارە بەتینەکان،دڵگرانییـە نەرمـەکان، پێکەنینـە منداڵییـەکان، گریانە شینەکان..تاد).

نەزەنـد بەکیخانی،لـەم دەربڕینـە شیعریانەیدا،مەبەسـتیەتی وەسـفی هـەموو ئـەو گۆڕانکارییە فیزیکیانەمان بۆ بکات بۆ حاڵەتـە میتافیزیکیـەکان و دۆخـە سـەرگەرمەکانی (عەشق و دنیای ئەو دیوی واقیع واتە: دنیـای خـەیاڵ و عەشـق) بەگشـتی،ئەو دەیـەوێ لـە فیزیکەوە بچێتە ناو دنیای میتافیزیکییەوە:

(تەنها لەعەشقدا لەش دەبێتە گەلاو
سەریش کەمانچەیەکی ئەفسووناوی
سەرتاپات دەبێ بە نۆتەکانی شۆپان و
بە پانتاییە زەردەکانی فان گۆخ
هاوتا دەبێ بە ئازارە بەتینەکان
بە پێکەنینە منداڵیەکان
بە دڵگرانیە نەرمەکان
بەگریانە شینەکان...)

**(نەزەنـــد بـــەگیخانی، دیـــوانی (زەنگـــوڵی ووتـــن)**

بۆ زیاتر روونکردنەوەش لێرەدا ئەم چەمکە بەم هێلکارییە دەخەینەروو:

جەستە/فیزیک — میتافیزیک
↕
واقیع — خەیاڵ

دواتر شاعیر دێت و هەردوو جەمسەر (لەش/عەشق/واقیع/ خەیاڵ) لە یەك گروپدا کۆیـان دەکاتەوە،بـە واتـای فیزیـك و میتافیزیـك بـەناو یـەکتری کۆیـان دەکاتـەوە، تـاوەکو لـەو ڕێگەیەوە عەشقەکەی مەزنتر بکات و جیهانێکی ئەفسووناوی بەجەستەو خەونەکان دروست بکات و لە بەرائەتیان هەڵبکێشێ (چەشنی پەرەموچەیەکی سپی بەدەم باوە هەڵدەکەیت)، هەندێ جاریش،دەیـەوێ لـە ڕێگـەی گریـان و فیغانـەوە،هێزی ئـیرادەی نـاوەوەی مێینـەی خۆیـەوە دەربـڕی بـۆ ئـەوەی سـەرجەم تەلبەنـدو سنوورەکان، چ سـنووری جەسـتە بێـت

(فیزیکی)، یان سنوری دەستکردی (مرۆڤ)بن، دەیەوێت تێکیان بشکێنێ، بۆ ئەوەی دەربازی بێت لەو سنورانەی،کەوا مرۆڤەکان لە هەناوی کلتوورەکاندا دایدەڕێژن، کەچی لەبەر بێ توانایی شوناسی ژن خۆی، ناتوانی ئەم کارە بکات، واتە: ناتوانێ فەزای عەشقێك وێنەبکێشێ،بە واتای (غیابی عەشق)ە،کەواتە:وەك چۆن ناونیشانەکەش بەوشێوەیە هاتووە،پەیامی (نەزەند)یش ئەوەیە،کە باس لە غیابی عەشقمان لە کۆمەڵی کوردەواریدا بۆ بکات،ئەمەش لە دایك بوو، ئیدی دەبێتە ئاماژەیەك بۆ ژیانێکی ئیرۆسیانەی مێینە، لە کلتورێکی داخراودا، کەوا زمانی عەشق تێدا غیابەو نا ئامادەیە، ئەمەش بە واتای نا ئامادەگی پرۆسیسیەکانی مێینە لە هەناوی ئەو کلتووره رۆژهەڵاتییە (کوردییە) داخراوەدا.

(چەشنی فیغانێکی سەرکەش هەڵدەچی  
تۆ دەفڕیت و سنورەکان دەبڕیت  
سنوورەکانی لەش  
سنووره چەسپاوەکانی یەکبوون  
سنووری چێژو مەینەت  
سنوورەکانی ژیری و شێتبوون  
تۆ لە جووڵەیەکی هێمن و هەڵاتنێکی نائارامدایت  
تۆ نە لێرەیت و نە لەوێ...)

(نەزەند بەگیخانی، دیوانی (زەنگوڵی ووتن)

دەکرێ خوێندنەوەی ئەم دەقە شیعرییە، لە رەهەندێکی دیکەشەوە شرۆڤەی بۆ بکەین، بۆ نموونە: لە رێگەی ستراتیژیەتی هەڵوەشاندنەوەی (جاك دریدا)ەوە، ئەویش بە دۆزینەوەی چەمکە دژ بە یەکەکانی ناو دەقەکە، وەکو چۆن (نەزەند) لەم دەقەدا کۆی کردونەتەوە کاتێك،کە باس لە(پێکەنین/گریان) (چێژ/مەینەتی) (ژیری/شێتبوون). (لێرە/لەوێ)....هەموو ئەم چەمکانە،لەدووتویی دوو کلتووری بەرامبەر بەیەك (خۆرئاواو خۆرهەڵات) دابنێین، لەم هێلکارییەدا دەردەکەوێت:

| خۆر ئاوا | | خۆرهەڵات |
|---|---|---|
| پێکەنین | X | گریان |

چێژ X مەینەت

ژیری X شێتبوون

بێگومان ئەمە لە ژێر تیشکی خوێندنەوەی (جاك دریـدا) یـە، ئەمـەش بـە واتـای ئـەوەی سـەرجەم مەینەتییـەکان لـە هـەناوی کلتـووری خۆرهەڵاتـدا، سـەرهەڵدەدەن، بـەڵام پێکەنینەکان لە هەناوی خۆرئـاوادا لـە دایك دەبـن، دیسـانەوە بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی ئـەم چەمکە، واتە: ئەگەر فەزای دەقە شیعریەکەمان بـەدیوێکی تـر خوێنـدەوە، ئەگـەر چـەمکە لێك دژەکان وەربگرین و هـەڵیان بگێرینـەوە، رەنگـە خوێندنەوەیـەکی ترمـان بـۆ فەراهـەم بێت.ئەمەش کاتێك بەدی دێت، کە ماسکەکانی رووی خۆرئاوا هـەڵماین و لای بـەرین، بـەڵام هەر چۆنێك بێت ئێمە کارمان بەسەر ئەوەوە نیە،چـونکە شـاعیر بەرووکەشـیی خۆرهـەڵاتی مەبەستە،کە رەخنەی لێبگرێ، زیاتر لەوەی خۆرئاوای مەبەست بێت......هەر چۆنێك بێت، وەك چۆن(جاك دریدا)دەڵێ: بەهۆی ئەوەی هاوتای کلتووری خۆرهـەڵات، کـەوا کلتـوورێکی داخراوە، بە کلتووری رۆژئاواش بەهەمان شێوە، کە لە ئاست مەینەتییەکانی دەنگی (مـێ) دا بـێ هەسـت و ئیحساسـە، بـەڵکو لەوێشـدا (جەسـتە/ مـێ) دەخرێتـە خانـەی پـەراوێزی نێرسالارییەوە.

لە کۆتایی ئەم دەقە شیعریەدا دێتە سەر ئەوەی، کە بە جەستەی خۆی بلێ:

(تۆ لە جووڵەیەکی هێمن و هەڵاتنێکی نا ئارامدایت

تۆ نە لێرەیت و نە لەوێ...)

(نەزەند بەگیخانی، دیوانی (زەنگوڵی ووتن)

لەم خاڵەدا لەگەڵ (جـاك دریـدا) یـەك دەگرێتـەوە، چـونکە ئـەویش هـەمان بـاوەڕی بـۆ دروست دەبێ، واتە: (مـێ) لـە هـەردوو جەمسـەری خۆرهـەڵات و خۆرئـاوادا شـوێنێکی بـۆ نامێنێتەوە، تاوەکو ئۆقرەی تێدا بگرێ، بۆیـە دەکەوێتـە حاڵـەتێکی (غیـاب)ەوە، کەواتـە ئەگەرچی نەزەند لە سەرەتادا لەو بڕوایەدا بوو، کـە ئارامگـەی ژن لـە خۆرئاواوەیـە، بـەڵام دواتر پاشگەز دەبێتەوە، بۆیە دەکەوێتە دواندنی خۆی و دەڵێ: کە تۆ نـە لێـرەو نـە لـەوێ بوونــت نییە،چــونکە لــە هــەردوو جەمســەردا دەکەویتــە ژێــر پــەلاماری هێرشــەکانی نێرسـالاریەوە، کەواتـە: بەگشـتی عەشـق یـان جەسـتەی مێینە،لەلایـەن نێـرەوە سـەرکوت

دەکریٚ،لـە هـەردوو جەمسـەردا شـوێنێکی بـۆ نامێنێتـەوەو دەکەوێتـە حاڵـەتێکی (غیاب)ەوە،واتە :ئەو زەمەنەی،کە گوتاری (مێینە/عەشق)ی تیایدا ونەو ئامادەنییە:

(بەرەو کویٚ دەچیت

لەسەر ئەم زەمینە ئاوریشمییە غیاب).

( نەزەند بەگیخانی، دیوانی (زەنگوڵی ووتن)

کەواتـە کـاتیٚ ژن (میٚ)،لـە هـەردوو جەمسـەری خۆرهـەڵات و خۆرئـاوادا شـوێنێکی بـۆ ئـۆقرەگرتن و حەسـانەوە بـۆ نامێنێتـەوە، (نەزەنـد) بێئاگـایی وەکـو ئەلتـەرناتیڤ هەڵدەبـژێرێت، کـە دیـارە ئـەو بزربوونـەش هـەڵگری کۆمـەلێك ئامـاژەی ترە،کـە بـە دوای دۆزینەوەیاندا دەگەڕێت.

خوێندنـەوەی دەقـی چـیرۆکی (کچـێکی چەشـنی حیکایـەت)ی نەزەنـد بـەگیخانی بـۆ خوێندنـەوەی ئـەم دەقـە شـیعرییەی (نەزەنـد بـەگیخانی)،دەبیٚ پـێش هـەر شـتێك لـە ناونیشـانەوە دەسـت پێبکەین،هەروەك(دریـدا) دەڵێت:((ناونیشـان چـراخانی جەسـتەی دەقە))[1] ، کەواتە: گەر بمانـەویٚ بـۆ رۆشـنکردنەوەی کـونج و کەلەبـەرە تاریکـەکانی ئـەم دەقە بچینە ناویەوە،ئەوە دەبیٚ پێش هەموو شتێك ناونیشانی ئـەم دەقـە لەگـەلٚ خۆمانـدا (وەك چرایە) هەڵبگرین و ئینجا بچینە ناویەوە...

لـە ناونیشـانی ئـەم دەقـە شـیعریەدا، شـاعیر هونـەرێکی لـە هونـەرەکانی رەوانبێـژیی بەکارهێناوە، کە ئەویش (لێکچـوواندن)ە، لێکچـوواندنەکەش (لێکچـواندنی ئاسـایی)یە،نەك (لێکچوواندنی بەهێز)،بەو مانایەی لە لێکچوواندنی بەهێزدا،تەنها ئەم دوو بنەمایە بـەکاردیٚ لەلایەن شاعیرەوە:

١- لیٚ چوو

٢- لەو چوو

کەچی لە لێکچواندنی ئاسایی، رەنگە سیٚ بنـەما یـان چـوار بنـەما بـەکاربێت، کەواتـە شاعیر لێکچوواندنی ئاسایی بەکار هێناوەو (کچ)ی، بە (حیکایەت)چواندووە.

کچ= لیٚ چوو

حیکایەت= لەو چوو

---

[1] : عەبدولستار پیرداود حەسەن، هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە ئەدەبی کوردیدا،ل ١٠٢.

چەشنی=ئەوزار (ئامراز)

لێرەدا شاعیر ڕووی لێکچواندنی نێوان (کچ)و (حیکایەت)ی نەخستۆتە ڕوو.

کەواتە بەلای شاعیرەوە (کچ) = (حیکایەت)..

لێرەدا دەبێ ئەوە بخەینەڕوو، کە ئەم دەقە شیعرییە باس لە سەرگوزەشتەو حیکایەتی بەردباران کردنی (کچێك) دەکات بە ناوی (دوعا)، وەك شاعیر خۆیشی دەڵێ: (پێشکەشە بەگیانی پیرۆزی دوعا لە بەعشیقە). کەواتە شاعیر باس لە بەرد بارانکردنی کچێك دەکات،بەناوی دوعا،کە خەڵکی بەعشیقە بووە.شاعیر ئەو کچە (دوعا) بە حیکایەت دەچووێنێ، واتە دوعا بە چیرۆك ناچووێنێ، کە ئەمەش هۆیەکەی ئەوەیە، کە چیرۆك مەرج نییە خەڵکی پشتاوپشت بگێڕێتەوە و شتێك بێت، کە بکەوێتە سەر زاران و هەموو خەڵکی باسی بکەن،بەڵام حیکایەت (بەشێکە لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆر)و پشتا و پشت دەگێڕدرێتەوەو هەر زوو دەکەوێتە سەرزاران و بە هەموو شوێنێکدا بڵاو دەبێتەوە، واتە هەڵبژاردنی چەمکی حیکایەت، لە خۆیدا هەڵبژاردنێکی زیرەکانەیە لە لایەن چیرۆك نووسەوە،ئەمەش بۆ خۆی سەلمینەری ئەو ڕاستییە،کە ئەم ڕووداوە چەندە کاریگەی گەورەی بەجێهێشتووە.بۆیە دەبینین وەك چۆن لە دەقە شیعرییەکەدا هاتووە، دوای بەردبارانکردنی (دوعا) شتەکان هەر بەم جۆرە بوون، واتە بەرد بارانکردنی دوعا هەر زوو بوو بە حیکایەت و نەك هەر لە کوردستان و عێراقدا،بەڵکو بە تەواوی جیهاندا بڵاوبووەوەو هەموو خەڵکی جیهان ئەو زوڵمەیان بینی، کە چۆن لەکۆمەڵی کوردەواریدا کچ بەردباران دەکرێت!!

لێرەدا شاعیر، کە باس لە(دوعا) دەکات،کە بۆتە قوربانی ئەڤینداری،وەك نموونەیەکی ژنی کوردی هێناوەتەوە، واتە:دوعا نموونەیەکە بۆ کچ و ژنانی کورد، کە چۆن بەرۆژی ڕووناك و بە بەرچاوی هەموو دونیاوە بەردباران دەکرێن.ئەگەر (دوعا) وەکو کچێك (دالێك) بێت و مەدلوولەکەی (سەرجەم ژنانی کورد) بێت، ئەوە (بەعشیقە) دایکێك دەبێ، کە مەدلوولەکەی (کوردستان) دەبێت، چونکە زۆر جار وەك باوە، (خاك) بە (دایك) دەچوێندرێ، کە لە بەعشیقە دوعا لە سەرخۆشەویستی بەرد باران دەکرێت، ئەوە مانای وایە لە کوردستاندا ژنانی کورد لەسەر خۆشەویستی بەردباران دەکرێن...

هەر لەم دەقەدا شاعیر مامەڵەیەکی جوانی لەگەڵ وشەی (دوعا) کردووە،بەجۆرێك خستوویەتییە ناو چوارچێوەی هونەری (خواستن لە ڕەوانبێژیدا)،کە زۆر شاعیر مەبەستی

لە ناو هێنانی(دوعا =پاڕانەوە لە خودا)یە و زۆر جـاریش،وەك نـاوی کچـەکە خـۆی (دوعـا= ناوی دوعا) بەکاری هێناوە،هەندێك جاریش شـاعیر بەهونـەری رەگـەزدۆزیی و خـوازە ئـەم یارییە شیعرییەمان لەگەڵدا دەکات. شاعیر هەر لـە سـەرەتای شـیعرەکەدا، دەمانخاتـە نـاو ئەم گەمەیەوە، ئەمەش مەبەست و مەغزایەکی دیکەی شاعیریی لەخۆیدا حەشـارداوە، هـەر بۆ نموونە ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم کۆپلە شیعرەی ناودەقەکە:

( باوەڕم پێدەکەن گەرپێتان بڵێم

ئیمڕۆ کچێکم بینی چەشنی دوعا

باڵای وەکو حیکایەت

پڕبوو لە وشە

باوەڕم پێبکەن ئەوە ئەو بوو

دوعا )

نەزەند بەگیخانی، دیوانی (دوێنێی سبەینێ)

شاعیر کچێکی دیوە،وەك دوعا وابووە،لێرەدا شاعیر،کە وشەی (دوعـا)ی لـە دەقەکـەدا بەرجەستە کردووە خوێنەر دەتوانێ بە (دوعا=پاڕانەوە)لێکی بداتەوەو دەشکرێ،وەك ناوی کچێکی (دوعا) وەری بگرێت، لێـرەدا شـاعیر زیـاتر مەبەسـتی ئەوەیـە، کـە (دوعـا = ژنـی کورد)، وەك (دوعا=پاڕانەوە)وان، ژنی کورد هەمیشە کاری پاڕانەوە بووە لە پیـاو، چـونکە (پیاو) لە کۆمەڵی کوردەواری وەك دەستەڵاتی باڵا رەفتاری کردووەو دەکـات، بۆیـە دەبـێ ژن هەمیشـە لەبـەر پیـاودا بپاڕێتـەوە، چـونکە دیـارە، کـە کۆمـەڵی ئێمـە کۆمـەڵێکی باوکسالارییە، یان پیاوسالارییە.

دوعا کاتێك لە (بەعشیقە) لەسەر خۆشەویسـتی بـەردباران دەکرێت،لـە پیـاو (ئەوانـەی بـەردبارانیان کرد)دەپاڕایەوە،بـەڵام هـاوار و فیغانـەکانی لـە بەرامبـەر دڵڕەقیـی ئەوانـەی بەردبارانیان کرد سوودی نەبوو، لە کۆتاییدا بەر سزای پیاو کەوت،ئەم بەسەرهاتە تراژیـدیا ویژدان هەژێنـە ،وەك حیکایـەتێك خێـرا بـە هـەموو شـوێنێکدا بڵاوبـۆوە،دوای ئـەم خسـتنە ڕووە،شاعیر (دوای زیندووکردنەوەی دوعا)،دوعای بینیوەتەوە، کە بانگی کوڕو کچانی شار دەکات، تاکو لەگەڵ (بەرد)دا قسە بکەن، چونکە شاعیر پێی وایە، کە بەرد (کۆمەڵی مانای

خۆی هەڵگرتووە)،چەندین مانای شاراوەی تێدایە...بـەڵێ بـەلای شـاعیرەوە بـەرد، کـە بـۆ بـەردبارانکردنی دوعـا بـەکارهاتووە، چـەندین مانـای هەیـە، کـە شـاراوەن وەك لـە دەقـە شیعریەکەدا دەڵێ:

(دوعا بوو لەمەیدانی شار دەهاتەوە
بانگی کچ و کوڕی شاری دەکرد
وەرن با پێکەوە ئەم بەردانە بدوێنین
هەریەکەیان پەیڤێکەو
کۆمەڵێ مانای لەناو خۆی هەڵگرتووە
وەرن با لە مانای شاراوەی بەرد رابمێنین).

(نەزەند بەگیخانی، دوێنێی سبەینێ)

دواتـر شـاعیر بـەردبارانکردنی دوعـا روون دەکاتەوە،کـە دیـارە بـەهۆی( ژیاندۆسـتی و پۆشینی کراسی ئەڤین) و (گەیشتن بە خەونەکانیەوە)بەردباران کراوە...

(بەرەو رووم دەهات
سەبەتەیەکی کەسکی پێبوو
پڕ لە جریوەی ئەستێرە
کراسێکی لەبەربوو
چنراو بەپوولەکەی ئەڤین
تەنوورەیەك پڕ لە هێلی منداڵی
رووخساری قژی لە خەون و
باڵای چەشنی حیکیایەت...)

( نەزەند بەگیخانی، دیوانی (دوێنێی سبەینێ )

دوای روونکردنەوەی بەردبارانکردنەکەش،شاعیر دێتە سەر باسـی ئاشـکراکردنی نهـێنی یەکانی (بەرد)، بەلای شاعیرەوە بەرد (یان ئەو شتانەی،کە ژنـی کـوردی پـێ دەکوژرێـت.. دەمانچە..گوللە.. پەلەمێز..تاد)

مانای (خوێنڕشتن)ە،هەتا بەرد هەبێ، خوێن ڕشتن بەردەوامە، تا ئەو کاتە دەریایەك لە خوێن دروست دەبێت و شارو وڵات لە ناو تەمو وئاڵۆزی و گوناه و تاواندا شەپۆل دەدا:

(دوعایەکی خوێند

ئەو دوعایەکی خوێندو

بەرد شەقی برد

بوو بە دەریایەکی سوور

شار شەپۆڵی دەدا لە تەم

شەپۆڵی دەدا لەبەرد

شەپۆڵی دەدا لە گوناه

شەپۆڵی دەدا لە تاوان)

(نەزەند بەگیخانی، دیوانی (دوێنێی سبەینێ)

جگە لەمانەش شاعیر،کە ماناکانی بەرد روون دەکاتەوە،دەڵێ:

(پیاوانی کورد)یش بە(بەرد)دەزانێ،گوایە ئەوانیش وەك بەرد،لە بەرامبەر ژناندا دڵڕقن و ئەم دڵڕەقییەشیان، دەبێتە هۆی ئەوەی پیاوان (دوعاکانی کورد = ژنانی کورد) بەرد باران بکـەن و بـە سەرچـاوەی تـاوان و گوناهـەکان، کـە شـارەکان و سـەرجەم کوردسـتانی گرتۆتەوە...ناوزەدیان بکەن

(شاریش غەرقی بەرد بوو

بەرد وەکو دڵی پیاوانی ئەو دەڤەرە

بەرد وەکو چاوی تەماشاکەر

بەرد وەکو دەستی چەپڵە لێدەر

بەرد وەکو ئەو سەرزەمینەی ئێمە

قژی لەزرمەی کەوتن

قژی لە بۆکرووزی جەستە

قژی لەشکانی دوعاکان)

نەزەند بەگیخانی، دیوانی (دوێنێی سبەینێ)

شاعیر پێی وایە،بەهۆی ئەوەی کۆمەڵی کوردەواری کۆمەڵێکی باوکسالارەو (دوعاکـان= کـچ و ژنـەکان) تـەنهاو تـەنها بووکـــەشووشەن بەدەســـتی پیاوانــەوەو پیــاوانیش(

خوا)یانە،مامەڵە لەگەڵ دوعاکان دەکەن،بۆیە ئەمڕۆ (شار=وڵات=کوردستان) پڕە بووە لە بەردبارانکردنی ژنانی کوردو کوشتن و بڕینی ژنانی کورد.

(چواردەورتان پڕە لە دوعا
وڵات پڕە لە تارمایی دوعاکان)

نەزەند بەگیخانی، دیوانی (دوێنێی سبەینێ)

هەروەها شاعیر لە کۆتایی دەقە شیعرییەکەدا، زۆر بەڕوونی ئاماژە بەوە دەکات، کە مەبەستی لە (دوعا) ژنان بووە و مەبەستی لە(بەرد) و (بەردباران کەرانیش) پیاوانی کورد بووە.... ئەوەتا دەڵێ:

( باوەڕم پێبکەن
ئەوە ئەو بوو
دوعا بوو
لەمەیدانی شار هەڵدەسایەوەو
چەشنی حیکایەت
سەرگوزەشتەی ئێمە
سەرگوزەشتەی بەردی دەگێڕایەوە.)

نەزەند بەگیخانی، دیوانی (دوێنێی سبەینێ)

١-سەرگوزەشتەی ئێمە = سەرگوزە شتەی ئێمەی ئافرەتانی کورد.

٢-سەرگوزەشتەی بەرد= سەرگوزەشتەی پیاوانی بەردهاوێژ، کە هەمیشە ژنان بەرد باران دەکەن و دەیانکوژن...

## ئەنجـــام

١- لاوازی کەسایەتی سیاسیو کۆمەڵایەتی ژن، تارادەیەك پەیوەندی بەو فشارەوە هەیە، کە لە ڕووی دەروونییەوە، خراوەتە سەر هزرو هۆشییەوە. بێ توانایی و باوەڕ بە خۆنەبوونی ژنانیش لە کوردستان لە بوارەکانی بڕیاردا، پەیوەندی بەو کاریگەرییە دەروونیەوە هەیە، کە کۆمەڵگە ناراستەوخۆ، زۆرجاریش بە ئەنقەست خستویەتیە سەر پێکهاتەو کەسایەتیەکەی.

٢- هەموو ئەو چەوساندنەوەیەی لە جیهان دەرهەق بە ژنان کراوە، وای کردووە، ژنـانی کـورد لـە کۆنـەوە لـە بزووتنـەوەی ئازادیخوازانـەی کوردسـتاندا بەشـدار بـن، بـەڵام وەك دەرکەوتووە بەشداربوونەکە ئەوەندەی فیزیکی بووە ئەوە ئەوەندە کارەکی نەبووە.

٣- فێمینیزمی ژنانی کورد، چەمکیکی تاریف نـەکراو و ئابسـتراکتە، ئەگـەر دەورەکـانی فیمینیزمـی رۆژئـاوا بـە پێوانـە بـۆ رەوتـی فێمینیزمـی کـوردی دابنـێن، دەکـرێ بڵـێین، فیمینیزمی کورد هێشتا لە قۆناغی یەکەمدا دەرباز نەبووە. واتـە هیشـتا خـەبات دەکـا بـۆ ئەوەی لە باری یاساییەوە وەك پیاو مافی یەکسانیی هەبێ، لە هەمان کاتدا ژنی وایش هەیە، کە بە قسەی خۆی بێ، ئەوە فیمینیزمی پۆست مۆدێرنێتەی تێپەڕاندووە .

٤- ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا بە بەراورد لەگـەڵ هەنـدێ لـە نەتـەوەکانی تـری خـاوەن دەوڵەت، نەك مافی پێشێل نـەکراوە بـەڵکو تـا رادەیـەك ئـازادو سـەربەخۆتر ژیـاوە، پیـاوی کوردیش لە زۆربەی بوارەکاندا هاوکاری مێینە بووە بۆ وەدەست هێنانی زیاتری مافـەکانی جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوە بکرێت، کە پیـاوی کـورد سـەرەڕای ژێردەسـتەیی و نـەبوونی ئازادی لە وڵاتەکەیدا، کەچی بە بەراورد لەگەڵ زۆر لە نەتەوە ئیسلامییەکان مافی زیاتری بە ژنان داوە.

٥- هەندێ لە ژانرە ئەدەبیەکان، لە شیعرو چیرۆك و... کـەوا ژنـانی کـورد نووسـیویانە، بەدەسـت کۆمـەڵێك گرفـت دەنـاڵێنن، لەوانـەش ئایـدۆلۆژیاو ئـەو قوتابخانـە ئەدەبییـە جۆراوجۆرانـەی، کـە لەلایـەن پیاوانـەوە دروسـت کـراون، بـە واتایـەکی تـر ژنـی کـورد لـە پرۆسـەی نووسـینەوەدا بەشـێوەیەکی هۆشـیار و ناهۆشـیار خـۆی خسـتۆتە زینـدانی لاساییکردنەوەی ئەدیبە "گەورەکان"ی پیاو، کەدواتر ئەمە لە پەیامی راستەقینەی داکۆکی کردنی فیمینیزمانـەیانی کـەم کردۆتـەوە، ئەمـەش بـە ئاشـکرا لـە بەرهەمـە ئەدەبییـەکانی (نەزەند بەگیخانی) دا بەرجەستەکراوە.

٦- پیشینەی ئەدەبی ژنـان، مێژوویـەکی دوور و دریـژی نییـە، بـە بـەراوردکردن لەگـەڵ مێـژووی ئـەدەبی پیاوانـدا، ئەوانەشـی لـەم سـالانەی رابـردوودا دەرکـەوتوون، زیـاتر دەرهاوێشتەی قوتابخانە فیمینیزمەکانن و ژمارەیەکی رێژەیین ونەیانتوانیوە، وەك پێویست ئەو ئەرکانەی لە سەر ژنیکی شاعیرە، یان چیرۆکنووسە، بە باشی بەڕێوەی بەرن و لە چاو ئەدەبی پیاواندا، کە گەشەیەکی زۆری کردووە.

## سەرچاوەکان

به زمانی کوردی:

– ئارام سدیق سلیمان، دۆزی ژن و هەزارەی نوێ، خانەی ڕێنما، ٢٠٠٥.

– د.بـەدرخان سـندی،کۆمەڵگای کـوردەواری لەدیـدی رۆژهەڵاتناسـیدا، و:دکتـۆر ئیـبراهیم اسماعیل سەعید،٢٠٠٨ .

– د.جمـال رشـید احمد،لێکۆلینەوەیـەکی زمانـەوانی دەربـارەی وڵاتـی کـوردەواری ، بەغداد،١٩٨٨.

– رۆژنامەی هەولێر،دۆزینەوەیەکی مێژوویی نوێ،ژ٦٠٤، ٢٠٠٩/٨/٢٤.

– س، ج، ئیدمۆندس، کورد و تورك و عەرەب، و: حامید گەردی، هەولێر،٢٠٠٤.

– عەبدولستار پیرداود حەسەن،هەڵوەشاندنەوەگەرایی له ئەدەبی کوردیدا لـە تیـۆرەوە بـۆ پراکتیزەکردن، نامەی ماستەر،کۆلێژی پەروەردەزانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٠.

– عەبدولقەهاری شێخ، ئافرەت وەك دەقێکی شیعری، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٢.

– کازیوە ساڵح، فیمینیستنناسی و جڤاکی کورد، ٢٠٠٥ .

– د.کمال مەزهەر ئەحمەد، ئافرەت لە مێژوودا، بەغدا، ١٩٨١.

– نەزەنـد بـەگیخانی،دیوانی (دوێـنێ سـبەینێ)،کۆمەڵەی هونـەرە جوانـەکانی کـورد لـە فەرەنسا، ١٩٩٥.

– نەزەنـد بـەگیخانی، عەشـق و غیـاب، لـە دیـوانی ((زەنگـوڵی ووتـن)) وەرگـیراوە، سلێمانی،٢٠٠٥.

– د.هیمداد حوسێن،رۆژنامەوانیی کوردی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان، هەولێر ٢٠٠٨.

– د.هیمداد حوسێن،ڕێبازە ئەدەبییەکان،دەزگای موکریانی، ،هەولێر،٢٠٠٨.

– هێنی هارۆڵد هانسن، ژیانی ئافرەتی کورد، و:عەزیز گەردی، بەغدا، ١٩٨٣.

– یڤگینیـا ڤاسیلڤا،شـەرەفخانی بەدلیسـی، سـەردەم، ژیـان، نـەمری، و: د.ئـارام عـەلی، سلیمانی،٢٠٠٨.

به زمانی عەرەبی:

– احمد تاج الدین،الاکراد تاریخ شعب وقچیه وگن، الدار الپقافیه للنشر،مصر،٢٠٠١.

- ادموندز، کرد و ترك و عرب، ت:جرجيس فتح الله، بغداد، ١٩٧٢.
- ێمال الزهاوی، التداعيات، منشورات ێمال الزهاوی، بغداد، ١٩٨٢.
- توما بوا،مع الاكراد،ت: اواز زنكنه، مگبعه دار الجاحڤ، بغداد،١٩٧٥.
- ريج، رحله ريج فی العراق عام ١٩٢٠، ت:بهاوالدين نوری، بغداد، ١٩٥١.
- سلامه موسى،دراسات سايكولوجيه، مؤسسه المعارف،بيروت.
- سون،رحله متنكر الى بلادمابين النهرين و كردستان،ت:فوادجميل،گ٣، بغداد،١٩٧٣.
- د.كمال ابوديب،جدليه الخفاوو التجلى،دراسات بنيويه،بيروت، ١٩٧٩.
- محمد أمين زكى،خلاصه تأريخ الكورد و كوردستان من أقدم العصور التاريخيه حتى الآن، ترجمه محمد على عونى، گ٢، بغداد، ١٩٦١.
- د.محمد فتحى الشاعر،الاكراد ڤ عهد عمادالدين زنكى،جامعه المستنصريه، ١٩٩١.
- منشورات اليونسكو، تكافۆ فرص الفتيات و النساو ڤ مجال التعليم، ١٩٨٠
- نازك الملائكه، قراره الموجه، دار الاداب، بيروت، ١٩٥٧.
- د.نوال السعداوی،الرجل والجنس، بيروت، ١٩٧٦.

ماڵپەرەکان:

- ئاسۆ بایەزیدی، دیدار لەگەڵ د.ڕۆئیا تەلوعی، فیمینزم و فیمینیستانی کورد، ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە، www.klawrojna.com، ٢٠١٠/٩/٣.
- ئەردەلان عەبدولا، مەسەلەی ژن کوشتن وشەرەف و نامووس پەرستی لە ئەدەبی جیهانی دا، ٢٠٠٩.
- بەهرەوەر مەرزانی،دیمانە لەگەڵ نووسەرو ڕۆژنامەڤان ڤینۆس فایەق، ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە ،٢٨/٤ ٢٠٠٧.
- پشکۆ نەجمەدین،پەیڤێك لەمەڕ شیعر،ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە www.klawrojna.com،٢٠٠٧/٥/٣.



# نەزەند بەگیخانی

# ئەزموونی شیعری فیمینیزمی کوردیی

## لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا (کرمانجی ناوەڕاست ١٩٨٠-٢٠١٤)

## پێشەکی[1]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکێکە لە چوار پارچە دابەشکراوەکەی کوردستان، هەرچەندە ئێمە لەگەڵ دابەشکردنی ئەدەب و شیعری کوردیدا نین، بەڵام ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، کە هەر بەشێك لەو چوار بەشەی کوردستان کەوتووەتە ژێر کاریگەری زمان و کلتوور و فەرهەنگ و ئەدەبیاتی وڵاتە داگیرکەرەکانەوە. ئەدەب بەتایبەت شیعر، کە زادەی هەست و سۆز و هەڵقوڵاوی دەروونی مرۆڤەکانە، ڕەنگدانەوەی باری کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و کەتواری کۆمەڵە،بۆیە لەبەرهەمی شیعری شاعیرانی ڕۆژهەڵاتدا تایبەتمەندی و خاسیەتی جیاکەرەوەی لە بەشەکانی دیکەی کوردستانی تێدایە بەتایبەت لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە، واتە لەپاش قۆناغی کلاسیزمی شیعری ڕۆژهەڵات،بە پێویستمان زانی ناونیشانی توێژینەوەکەمان بکەین بە (ئەزموونی شیعری کوردیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرمانجی ناوەڕاست١٩٨٠–٢٠١٤) وەکو بابەتێکی نوێ، ناساندن و پیشاندانی ئەزموونی شاعیران و ئاشنابوون بە شیعری ڕۆژهەڵات و پێوەندی و یەکانگیری لەگەڵ ئەدەبیاتی هەر چوار پارچەی کوردستان بە مەبەستی گەیاندنی پەیامی نەتەوەیی کورد یەك نەتەوە یەك زمان و یەك ئەدەب، کە ئەدەبی گشتییە (ئەدەبی کوردی) لەناویدا شیعری کوردی دەگرێتەخۆ.

مەبەست لە ئەزموونی شیعرییش جیهانبینی شاعیرە بۆ تاقیکردنەوەکانی لە بواری شعرییەتی ئەدەبدا، بەو واتایەی کە هەوڵدانە بۆ بەکارهێنانی هەندێ ئامرازی هونەری بۆ بەرهەمهێنانی دەقێکی ئەدەبی جیاوار لە دەقێکی ئاسایی. کەواتە ئەزموونی شیعریی جیاواز لە وشە فەرهەنگییەکەی ئەو ڕۆشنبیرییە کەڵەکە بووەیە، کە لە ڕێگای بینین و بیستن و خەیاڵەوە بۆتە ڕێپیشاندەر بۆ ئەدەبییەتی شیعر. ئەگەر بە تێڕوانینێکی گشتی لە ئەزموونی ئەزموونی شیعری کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕوانین، ئەوا هەموو ئەو تاقیکردنەوانە دەگرێتەوە، کە شاعیران لەم ماوەیەدا لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە ئەزموونیان کردووە.

---

[1] : بە هاوبەشی لەگەڵ م.گوڵەباخ حسین. لە نامەی ماستەرەکەی بە ناونیشانی ( ئەزموونی شیعری کوردیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرمانجی ناوەڕاست ١٩٨٠-٢٠١٤).

ڕێبـازی مێـژوویی وەسـفی شـیکاری (التکامـل)یمـان بـەکارهێناوە، بۆیـە بـە ناچـارییەوە زنجیرەی ڕووداوی مێژووییمان لەبەرچاوگرتووە.

لـە دوای شۆڕشــی گــەلانی ئێـران (١٩٧٩)ەوە دەسـت پێـدەکات و ئـەزموونی شـیعری فیمینیستی ڕۆژهەلأت تا ساڵی (٢٠١٤) دەگرێتەوە.

بەهۆی نەبوونی باسێکی ئەکادیمی بەو ناونیشانە (ئەزموونی شیعری کوردیی ڕۆژهـەلأتی کوردسـتان کرمـانجی ناوەڕاسـت١٩٨٠-٢٠١٤) بـوونی چـەند زار و شـێوەزاری جیـاواز لـە ڕۆژهەلأتـدا بەوێنـە (کـەلهوڕ، لـەکی، بـەختیاری، هــەورامی...) تـەنها زاری کرمــانجی ناوەڕاسـتمان وەرگرتـووە، هـەروەها بـە دەستنیشـانکراوی تـەنها (ئەزموونـە شـیعری فیمینیستی کوردی)مان دەسنیشانکردووە، چـونکە چـەندین شـاعیری کـورد هـەن، کـە بـە زمانی فارسی دەنووسن لە دەرەوەی سنووری باسەکەماندان ئاماژەمان پێنەکردوون.

لە ڕۆژهەلأتی کوردستاندا بـەهۆی فشـاری دەسـەلأتەوە شـاعیران ڕێگـەیان پـێ نـەدراوە بەرهەمەکانیان لە کاتی خۆیدا بلأوبکەنـەوە یـان بلأونەکراوەتـەوە، بۆیـە ناچـار ماوەیـەکی زەمـەنی (١٩٨٠- ٢٠١٤) درێـژمان دەستنیشـان کـردووە بـۆ بـە دەستخسـتنی زۆرێـك لـە بەرهەمی شاعیران، ئەمەش گرفتێکی گەورە بوو لە کەمی سەرچاوە و کتێبی چاپکراو، بۆیە زۆر جار پەنامان بۆ سایت و وێبلاگی نووسەر و شاعیران و کتێبی (PDF) بردووە.

گرنگـی لێکۆڵینەوەکـەمان لەوەدایـە هـەنگاوێکی سـەرەتا و ئـەزموونێکی نـوێی شـیعری هاوچەرخ و نوێی ڕۆژهەلأتە، کە وەك پێویسـت ئـاوڕی لێنەدراوەتـەوە، نامـەی ئـەکادیمی و بابەتی زانستی لەسەر نەنووسراوە. ئامانج ناسـاندنی ئـەزموون و بەرهـەمی شـاعیرانی ئـەو قۆناغەیە.

بنیاتی توێژینەوەکە لە پێشەکییەك و دوو بەش و ئەنجامەکان پێکهـاتووە.بەشـی یەکـەم ئـەم تەوەرانـەی لـەخۆگرتووە، چـەمك و پێناسـە و سـەرهەڵدانی فیمینیـزم و مێـژووی بزوتنەوەکە لە ڕۆژهەلأتی ناوەڕاستدا.لە بەشی دووەمدا تەوەرەکانی فیمینیزم و ئێرۆتیك لە شیعریی ژنانی ڕۆژهەلأتی کوردستاندا پراکتیزەکراوەو نموونە لە ئەزموونی لە شیعری ژنـان وەرگیراوە.

## فیمینیزم چەمك و پێناسە و سەرهەڵدان

بزوتنەوەی فیمینیزم وەکو زاراوەیەك سەرەتا لە ڕۆژئاوادا لەنێو زانست و فەلسەفە و ئایدۆلۆژیا و زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا دەرکەوت، دواتر وەکو چەمکێکی زیندوو خزایە نێو ئەدەبیات و لەگەڵ بزاقە ڕۆشنبیری و ئایدیالیستییەکاندا، چەندین جۆر و لقی لێ جیابوویەوە و بووبە دیاردەیەکی جیهانی. (فیمینیزم چ وەك بزاڤێکی کۆمەڵایەتی، چ وەك کۆمەڵە بیر و هزرێك، کە شەرعییەت بەو بزاڤە دەبەخشێ، نموونەی کردەیەکی بەکۆمەڵە)(حومەیرا موشیر زادە، ٢٠٠٥، ل١١).

زاراوەی فیمینیزم (Feminism) وەکو زۆرێك لە چەمکەکانی دیکە (وشەیەکی لاتینییە لە وشەی فیمینیا (Feminia)ەوە هاتووە، کە بە واتای ئافرەتە، کەواتە (Female)یش هەر لەو وشەیەوە هاتووە، کە ماناکەی (مێ) دەکات و واتا لە بنەمادا دەکرێ وشەکە (Female) لە فیمینیزم (Femalesm) هاتبێت... سەرجەم واتاکان خربوونەوە لەدەوری مێ لەخۆدەگرن) (کازیوە سالح، ٢٠٠٥، ل٢٢). وەکو بەکارهێنانی وشەکەش بۆ(یەکەمجار لە ساڵی (١٨٧١) لە نووسراوێکی پزیشکیدا بۆ ڕاڤەی ڕاوەستان لە گەشەی ئەندامەکان و لێهاتووی سێکسی پیاوانێکی نەخۆشدا بەکارهێنرا) (جیەن فریدمەن، ؟، ل٧). واتە یەکەم جار لە زانستی پزیشکیدا بەکارهاتووە، لە پاشان وەکو بزووتنەوە و قوتابخانەیەکی نوێ لە فەرەنسادا دەرکەوت و (لە ساڵی ١٨٧٣ز دا هاتە ناو فەرهەنگی وشەی فەڕەنسییەوە، بە مانای ئەو قوتابخانە و مەکتەبەی، کە بۆ سەندنەوەی ماف و ئازادی ژنان خەبات دەکات) (عەباس سالح عەبدوڵلا، ٢٠٠٩، ل٤٦)، بەڵام وەکو بزووتنەوە و شۆرشێکی فیمینیستی و چەمکێکی سیاسی (سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی کۆتایی سەدەی هەژدە، زاراوەی خەباتی فیمینیستی یەکەمین جار لە ساڵی ١٨٩٠ دا لە ژمارە ١١ ی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بەناوی (Lafrondo) دەردەچوو لەلایەن (MargueriteDuranda) بەکاربراوە،لە ئینگلستان و ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشتر فیمینیزم مانای ژنانە، یان سیفەتی ژنانەی دەدا، هاوکات خەبات بۆ وەدەسهێنانی مافەکانی ژن بە مەنیزم ناوبرا، ڕێکخراوەکان، کە کاریان بۆ ئەو مەبەستەش دەکرد پێیان دەگوترا (بزووتنەوەی ماڤ ژنان)، جەختیان لە بەدەستهێنانی مافە مەدەنییەکان دەکرد) (مهاباد قەرەداغی، ٢٠١٣، ل٩).

بزاڤی فیمینیزم لە ئێستادا و لە دونیای گلۆبالێزەیشندا بزاڤێکی جیهانییە، هەڵگری واتـا و ئامانج و هەرمانی شناسی ژنێتی و کێشە و گرفتەکانی ژنانە لە سەرانسەری جیهاندا، (لـە هـەموو شـوێن و کاتێکـدا بزووتنــەوەی ژنـان کاردانــەوەی کێشــەی ژنـان بـووە)) (سـالار حمەعـەلی مسـتەفا، ٢٠١١، ل٢٩) ئـەم دیاردەیـەش یـەك دەنگـی و یـەك هەڵوێسـتی ژنـان دووپاتدەکاتەوە لە هەر کوێیەکی جیهاندا بن و هەوڵی بەردەوامییان لە نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی و جێندەری و یەکسانی لە کایە کۆمەڵایەتی و سیاسـی و ئابورییەکانـدا، هـەروەها گەڕانەوەی پێگە و شوناس و ماهییەتی ژن بوون وەکو تـاکێکی کۆمـەڵ بـۆ نێـو کۆمەڵگـە، چـونکە(فیمینیسـتەکان باوەڕیـان وابـوو، کـە پێگـەی نزمـی ژنـان نـە سروشـتییە و نـە کۆنترۆڵکراوە، بەڵکو بەرهەمێکی کۆمەڵە) (سۆزان ئالیس واتکینز، ٢٠١٠، ل١١٦).

فیمینیزم دەلاقەیەك بوو بۆ ڕوانـین و دنیـابینی و دۆزینـەوەی ناسـنامە و پێوەندییـەکانی خود بەوی دیکەوە لەڕوانگـەی خـەبات و چـالاکی و هەوڵـدان بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـە و گرفتــەکانی ژنـان. (بزووتنــەوەی فیمینیسـتی بزوتنەوەیـەکی شۆڕشـگێڕی گۆڕانکارییـە و ئامانجی لەناوبردنی هەموو ئەو شتە هەڵە و باوانەیە، کە لە کۆمەڵگەدا هەن و بە هۆیانـەوە ژنـی پـەراوێز خسـتووە و لـەم ڕێگەیـەوە دەتوانێـت ژن و بارەکـەی بکاتـە بـارێکی کـارا لەکۆمەڵگـەدا)(بزوتنـەوەی فیمینیـزم، ٢٠١٥،ل٩).لـە ئـەنجامی جیاوازییـە کۆمەڵایـەتی و چینایەتیانەی، کە کۆمـەڵ و کلتـوور بـە پێگـەی ژنیـان بەخشـیووە، جگـە لـە هەوڵـدان و کارکردن بۆ نەهێشـتنی جیاوازییـە جێندەرییـەکان، فیمینیسـت (ئەڵتـەرناتیڤی یەکسـانی و هاوسەنگی نێوان نێر و مێ دەخاتەڕوو) (مهاباد قەرەداغی، ٢٠١٠، ل٢٦).

چەمکی فیمینیزم لە سەدەی بیستەم و لە ڕۆژئاوادا زیاتر لە چـەمکە باوەکـانی تـر بـووە جێی مشتومڕ و گفتوگۆی نووسەران و لێکۆڵەران، زۆرێك لە نووسەران و بیریـاران لـە دید و ڕوانینی خۆیانەوە پێناسەی تایبەتییان بۆ بزووتنەوەی فیمینیسـتی لـە سـەردەم و قۆناغـە جیاوازەکانــدا هــەبووە و چــەندین جــۆر و لقــی لــێ بووەتــەوە و ئایــدیای جیــاوازی لەخۆگرتووە.(فیمینیزم وەك ڕەوتە فیکرییەکە بناغەی بۆچوونەکانی لە زۆربەی زانستەکانی تر وەرگرتووە... زۆرجار وا پێویست دەکات لە ڕەوتەکانی فیمینیزمەوە بـۆ پێناسـەکردنی بزووتنەوەکە بگەڕێین) (ئەڤین ئاسۆس حەمەعەبدوڵلا،٢٠١٣، ل٧)، بەڵام ئامانجی هەموویان (ئەوەیە ئەم بۆچوونە بگۆڕێ، کە نزم و ژێردەستە لە ژن دەروانێ. جووڵانـەوەی فیمینیـزم

بە دوای ئەوەدا دەگەڕێ، کە بوارێك بڕەخسێنێ بۆ ئـەوەی ژنـان پێناسـەی خۆیـان بکـەن، بەها تایبەتییەکانی خۆیان فۆرمەڵە بکەن و لـە مەیـدانی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و زانسـتی ڕۆشـــنبیرییەکاندا دەنگـــی خۆیـــان بـــەگوێی کەســـانی دیـــدا بگەیـــەنن) (نوشـــین ساهندە،٢٠٠٦،ل١٧).

بەشێوەیەکی گشتی نووسەران سەرەتای بزووتنەوەکە بە سێ شەپۆل و قۆناغی جیـاواز ناو دەبەن لەوانەش:(شەپۆلی یەکەم یان نەوەی یەکەم لە ساڵی (١٨٤٥–١٩٤٥) بـەردەوام بووە، شەپۆلی دووەم یان نەوەی دووەم لە (١٩٤٥–١٩٩٠)، شـەپۆلی سـێیەم یـان نـەوەی سێیەم لە (١٩٩٠)ەوە دەست پێدەکات تا ئێستاش بەردەوامە) (بڕوانە: س.پ: ل١٦–١٧).

هەروەها چـەند جـۆر و ڕەوتێکـی فیمینیزمـی دەرکـەوتن، وەکـو فیمینیزمـی (مارکسـی، سۆشیالیسـتی، ڕایـدیکاڵی، وجـوودی (بونگـەرایی)، پۆسـت مـۆدێرن (پـاش نوێگـەری)، سـایکۆلۆژی، ئەنارشیسـت (هەڵوەشـێنەر)، تیـۆری فیمینیزمـی ڕەش، تیـۆری فیمینیزمـی هونـەری، ئیسـلامی و کریسـتیانی، فیمـۆکراتی (فیمینیسـت و دیمـوکراتی)، تـاکڕەوی، ماتریـاڵی، سـایکۆلۆژی، جوداخـواز، سیکسـی پـۆزەتیڤ) . کـە هەریەکـەیان لـە ڕوانگـە و ئایدۆلۆژی قوتابخانە و ڕەوت و ڕێبازەکەی خۆیـەوە لـە فیمینیزمیـان ڕوانیـوە و پێناسـە و واتا و چەمکی نوێ و جیاوازیان پێ بەخشیوە.

فیمینیزم لەپاش گەشەسەندن و جێگـرتن لـە نێـو زانسـت و کایـە کۆمەڵایەتییەکانـدا بـە شێوەیەکی کاریگەر و ڕاسـتەوخۆ لـەنێو ئەدەبیاتـدا دەرکـەوت، سـەرهەڵدان و پەیـدابوونی قەڵەمی ژن لە بواری ئەدەبیاتدا هاوکاتە لەگەڵ سەرهەڵدانی چەمکی فیمینیزم لە ئەدەبدا، جیاواز لە ناوەڕۆکە ئەدەبییەکانی تر، فیمینیزم لە ئەدەبیاتدا سەرەتا لە پەخشان (وتـار و کتێب)دا، پاشان لە ژانرەکانی شیعر و چیرۆك و ڕەخنەی ئەدەبییدا دەرکـەوت،(دەسـپێکی ئەو ڕەوتەش دەگەڕێتەوە بۆسەرەتای سەدەی بیستەم، دیارترین دەرکەوتووی ئـەو بـوارە "سـیمۆن دی بـو ڤـوار"ە)) (کـازیوە سـاڵح، ٢٠٠٥، ل٧)، کـە فەیلەسـوفێکی بـە ناوبـانگی فرەنسـییە، بەتایبـەت لـە دوای دەرچـونی کتـێبی (ڕەگـەزی دووەم) لـە سـاڵی (١٩٤٩)دا، دەنگدانەوەیەکی جیهانی هەبوو، بەناوبانگترین ڕستەش، کە بووبە دروشمـی فیمینسـتەکان ئەوەیە، کە دەڵێت: ((مرۆڤ بە ژنی نایەتە دنیاوە، بەڵکە دەبێت بە ژن)) فیمینیست وەکـو چالاکی و بزوتنەوەیەکی ژنانە لە فرەنسا سەری هەڵدا، ئەویش بەهۆی زەمینەسازی و ئـەو

بەستێنەی لەدوای شۆڕشی فرەنسییەوە هاتبووە ئاراوە، ژنانیش توانییان دەنگی ناڕەزایی خۆیـان هـەڵبڕن و بانگەشـەی یەکسـانی و دادپـەروەری بکـەن، هـەروەها بەشـداری کایـە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانیان دەکرد.

## بزووتنەوەی فیمینیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا:

بزوتنـەوەی فیمینیسـتی لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەراسـتدا، سـەرەتاکەی لەسـەرەتای سـەدەی بیستەمدا دەرکەوت. هەرچەندە فیمینیزم دیاردەیـەکی جیهانییـە و سـەدا و دەنگـی ژنـانی ژێردەستە و ماف خوراوە، بەڵام (فیمینیزم ڕەوتێك نییە لـە شـوێنێکەوە بـۆ شـوێنێکی تـر وەك خۆی بگوازرێتەوە)(عەبدوڵلا، ٢٠٠٩،ل٥٠)، بۆیە لە ولاَتـانی ڕۆژهەلاَتـدا، بـەهۆی بـاری ژینگەی کۆمەڵایـەتی و ئـاینی و کلتـووری و دواکـەوتووی کۆمەڵـەوە، درەنگـتر بزوتنـەوە و ڕێکخـراوە فیمینیسـتییەکان چـالاکییەکانیان دەرکـەوتووە. هـەروەها (فاکتـەرەکانی سەرهەڵدانی بزوتنـەوەی ژنـان لـەنێوان کۆمەڵگـەی ڕۆژئـاوا و ڕۆژهەڵاتـدا جیـاوازی هەیـە و ناکرێ بەیەك پێودانگ بپێورێن) (ئارام سدیق، ٢٠٠٧، ل٢٤). لە ولاَتانی عەرەبیشدا بەگشتی بەهۆی زاڵبوونی کلتووری ئاینی ئیسلامی، فەزاییەکی ئاڵۆز و نەگونجاو بووە و دەرفەت بـۆ ژنان نەڕەخساوە دەنگی خۆیان هـەڵبڕن و گوزارشـت لـە هەسـت و هـزر و ئایـدیای خۆیـان بکەن. تەنانەت باس لەوە دەکرێت، کە (زاراوەی مێینەگەری بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ولاَتانی عەرەبیـدا سـاڵی (١٩٠٩) دەرکـەوتووە، وەختێـك (ملـك حنفـی ناصـف)بـە نـاوێکی خـوازراوەوە (باحپـە البادیـە) لـە کتێبێکدا کۆمـەڵێك گوتـاری بـە ناونیشـانی (ئافرەتانـە) بلاَوکردۆتەوە) (المساعد، ٢٠٠٦، ل٧٣).

لە ئێرانیش (ئەگـەر بەشـێوەیەکی واقعـی بمانـەوێ بـاس لـە بزاڤـی فیمینیسـتی بکـەین، ڕەنگە ڕەگ و ڕیشەی بگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی مەشروتە، بەڵام بە شێوەی کارا و پراگماتیزم، ژنان لە دوای شۆڕشـی گـەلانی ئێـران (١٩٧٩) بـەولاوە هاتنـە مەیدانـەوە) (پـروین کـابلی، http://www.mobarez-k.com/arshiv).

دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران، ژنان دیسـانەوە کەوتنـەوە ژێربـاری یاسـا ئیسـلامی و پـان ئیسـلامیزمییەکان، بەتایبـەت لـەدوای دەرچـوونی یاسـای پێڕەوکردنـی پۆشینی (حیجاب)ی زۆرە ملێ و بەرتەسککردنەوەی ئازادییـەکان و سـەپاندنی یاسـای دژە

ژن، قورساییەکی زۆری خستە سەرشانی ژنان و ڕێگربوون لەهەوڵ و خەباتی ژنان، بۆیە لەو ماوەیەدا سست و لاواز دەرکەوتن،(لە ساڵی (١٩٧٩) بەولاوە بە دەسپێکی شۆڕشێکی هۆشیاری و کاریگەر ناوزەد دەکرێت، بەتایبەت هاتنە سەر شەقامی بە کۆمەڵی ژنان لە ڕۆژی (٨)ی مارسی هەمان ساڵدا لە تاران، دروشمی یەکسانی بەرامبەرییان ڕاگەیاند) (پروین کابلی http://www.mobarez-k.com/arshiv)، بەڵام بزووتنەوەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا وەکو مێژوو (دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دامەزراندنی کۆماری کوردستان (١٩٤٦)، جیاوازبوو لە بزووتنەوە پۆست مۆدێرنەکانی تر، کە بەڕابەری (پێشەوا قازی محەمەد) دامەزرا. لەماوەی ئەو ساڵەدا توانی بە بەشداری پێکردنی ژنان لە چالاکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری و سیاسییەکاندا، ژنان لە ماڵەوە بێنێتە دەرەوە، هەرچەندە حکومەت حکومەتێکی پیاوانە بوو، بەڵام ژنان لە پێوەندی هاویار و هاوکاریدا بوون و هەر لەو کاتەشدا (مینا خانم) هاوسەری پێشەوا (یەکێتی ژنانی کوردستان)ی دامەزراند) (هیمداد حوسێن،٢٠٠٨،ل٣٧) ئەم حزبە هەرچەندە دەنگدانەوە و چالاکی باشی هەبوو لە پەروەردەکردن و بە دیارخستنی ژنان، بەڵام دوور و نزیك هیچ ئاگاداری فیمینیزم وەك بزاڤێکی جیهانی نەبوون.

دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان هەرچەشنە جموجۆڵێکی سیاسی و مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتدا بەتەواوی ڕوو لە کزی دەکەن، تا سەروبەندی شۆڕشی گەلانی ئێران هاوشێوەی ژنانی گەلانی ئێران، ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیوەست دەبن بەحیزبەکان (حیزبە چەپ و ڕادیکاڵەکان، یان نەتەوەییەکان)،لەوکاتەوە ژنان لەڕۆژهەڵاتی کوردستاندا،وەکو کارەکتەرێکی مەیدانی چ لە باری سیاسی و چ لە باری چەکداری خەباتیان شانبەشانی پیاوان بەردەوام بووە، هەرچەندە بەهۆی داخراوی فەزای سیاسی ئێران، ڕێکخراوە فیمینیستییەکان لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە شێوەی پێویست بوونیان نییە، بەڵام جموجۆڵە فیمینیزمییەکان لە ناوخۆ چ وەکو تاك چ وەکو گرووپ دەبینرێن و لە کەمترین دەرفەتدا، کە بۆیان بڕەخسێ بە دیاردەکەون، بەوێنە چالاکی بەرچاوی ژنان و کچانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئەنجومەنە ئەدەبی و فەرهەنگی و هونەرییەکاندا، سەرەڕای ڕێگرییەکانی حکومەت ڕۆڵێکی چالاکیان هەیە. بە شێوەیەکی گشتی (کۆتایی دەیەی (١٩٩٠) و دەسپێکی دەیەی (٢٠٠٠) بە سەرهەڵدانی جوڵانەوەی فیمینیزمی ژنان لە ئێران و

سەرهەڵدانی فیمینیزمی ژنـانی کـورد لـە نـاوخۆی ئێرانـدا دادەنرێـت. چـەمکی فیمینیزمـی کوردی بەرەبەرە هاتە نێو ئەدەبیاتی فەرهەنگی و سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان) (ڕۆیا گلوعی، http://www.feministschool.com/spip.php?article7582).

هەروەها بەهۆی پەرەسەندنی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دیـالۆگ و گفتوگۆ، بزاڤی ژنان لە ناوخۆی ئێراندا گەشەیان سەند، بزووتنەوەی ژنـان بـەهۆی سـەرکوتکردنەوە نەیانتوانی ببنە دەنگێکی دیار و پەرەبسێنن. زۆرێك لـە کارەکتـەرە بەرچـاو و چـالاکەکانی ئـەو بزاڤـە بـە کۆچـی زۆرەملێـی ڕوویـان لـە دەرەوەی وڵات کـرد، کـە ئەمـەش لێـدانێکی بەهێزبوو لە جەستەی ئەو جووڵانەوەیە و ناچاربوون دروشمی خەبات و چالاکییەکانیان لـە ناوخۆی ئێراندا بەشێوەی چالاکی مەدەنی بەردەوامی پێبدەن، ژنە فیمینیستە ئێرانییەکان و ژنە چالاکەکانی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوامیان بـە خـەباتی فیمینیسـتی داوە و چەندین ڕێکخراوی تایبەت بە ژنانیان دروستکرد، ژنـانی ڕۆژهـەڵاتیش لـەڕێی سـایتە ئەلیکترۆنییەکانـەوە زیـاتر چـالاکی خۆیـان بەدەردەخـەن بـە وێنـە گۆڤـارێکی ئـەلیکترۆنی مانگانـەیان بـەناوی (ژن) هەیـە (بڕوانـە: گ jingovar.blogfa.com)، لـە دەرەوەش چەندین پارت و ڕێکخراوی ژنان خەریکی خەبات و تێکۆشانن.

خەباتی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیاواز لە خەباتی ژنانی فیمینیزمی لە جیهانـدا دوو ئامانجی سەرەکییان هەیە: یەکەم خەبات لە پێنـاو ئـازادی و سـەربەخۆیی وڵاتـدا، دووەم خــەبات لــە پێنــاو دەســتەبەرکردنی مافــەکانی ژن، چــونکە ژنــانی ڕۆژهــەڵات دوو جــار چەوساونەتەوە، جارێك وەکو کوردێکی ڕۆژهەڵاتی جارێکیش وەکو ژن، بۆیە خەباتی ژنانی ڕۆژهەڵات خەباتێکی دوالیزمیە.

## فیمینیزم لە شیعریی ژنانی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا:

شیعر زادەی سۆز و بیر و هەستەکانی مرۆڤە، ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیمان بە جۆرێک ئەدەبیاتێکی پیاوانەیە دەنگی ژن نابیسرێت، یەکەم ژنە شاعیری ڕۆژهەلات (مەستوورەی ئەردەلآن) بووە، پێشەنگی شیعری نوێش (ژیلای حوسێنی)یە، کە بەدەنگێکی ژنانەوە شیعری نوێی کوردی بالآپۆش کرد. دوا بەدوای ئەویش چەندین شاعیری دیکە، وەکو (سیمین چایچی، کولسوم عوسمان پوور، مریەمی قازی...) بوون بە دەنگێکی دیاری شیعری ژنانی ڕۆژهەلات، بە شێوەیەکی گشتی پێوەندی نێوان ژن و شیعر عەشقە، عەشقی (نیشتمان، یار، مندالّ، دایکایەتی، ژن) ((ئەوەی ژن و شیعر بەیەك دەگەیەنێت عەشقە، عەشق لە ناو زماندا ئامادەبوونی هەیە، ئەو ئامادەبوونە ساتی بەریەککەوتنی زەمەنی شیعری و سەبجێکتی ژنێتییە)

(نیهاد جامی، ٢٠١١، ل ٣٤).

(ژیلای حوسێنی) لە شیعری (من و زەریا)دا گەمە ئیرۆتیکیەکانی بە شێوەی هێما (ڕەمز) دەردەبڕێت، بەلآم خوێنەر هەست بە مانا شاراوەکان دەکات و تێدەگات، کە چەند شاعیرانە چیرۆکێکی خۆشەویستیمان بۆ دەگێڕێتەوە:

مانگ و زەریا

با شەو بلّێ: لەگەلّ ئەستێرە پێك هاتووین

هەتا بەیان لەگەلّ شاژنی بەیان دەستە ملانم !

من جارێکیان بەو دووچاوەی خۆم مانگم دی

لەگەلّ زەریا پەیمانی بەست

لەسەر سنگی شەپۆلێکا خەوی لێکەوت (ژیلای حوسێنی، ١٣٧٤، ل٥٢)



**ژیلا حوسێنی**

(سیمین چایچی) لە شیعری (شەو)دا بەرگێکی ژنانـە بـە بـەری یـەك بەیـەکی وشـەکاندا دەکات و بە زمانێکی تایبەتی ژنانەوە شوناسـی ژنـێتی بەرجەسـتە دەکـات، ئـەو زمانـەش دەبێتــە پــردی نێــوان ژن و شــیعر، لــەم ڕێیــەوە خوێنــەر بــە ڕوونــی ناســنامەی شــاعیر دەخوێنێتەوە:

ئێستا شەوە
خەیاتی تەڕ دەسی خەیاڵ
کراسی ڕەشی پوولەکەی
بۆ بیرەکانم دووریوە
منیش لەبەر چراتۆڕی تاسەی نیگات
کراسە شڕەی ڕۆژانم
بە یادی تۆ پینە دەکەم (سیمین چایچی، ١٣٧٧، ل٤٣)

شاعیر هێندە ژنانە دەدوێت گەر ناوی شاعیریش لاببرێت خوێنـەر تێـدەگا شـاعیرێکی ژنـە. ئەمەش جیاوازی نێوان شیعری ژنان و پیاوانە، کە دەبێت شوناسی ژنێتی لە شیعری ژنانـدا بەرجەستە ببێت.

لەپاش ئەم قۆناغەش کۆمەڵێك دەنگی بوێری ژنان بەدەرکەوتن، کە دەتوانین بە قۆناغی گەشەسەندنی بیری فیمینیستی لە رۆژهەڵاتدا دابنێن، ژنان لەم قۆناغەدا بوێرانە باس لە خۆشەویستی و عەشق و چێژی جەستەیان دەکەن، کە پێشتر تابۆ و رێگەپێنەدراو بووە، هەروەکو (ژیلای حوسێنی) بە ئاشکرا دەڵێت:



**سیمین چایچی**

قەد ئەم ڕازە نادرکێنم

پێت ناڵێم چەند خۆشم دەوێی

ناتوانم... نا

هەرچەند دڵم

هێندەی نەماوە شەق ببا (ژیلای حوسێنی، ١٣٧٧، ل٩-١٠)

(هەلاڵە سوهرابی) لە کۆپلە شیعرێکدا (خاتوون)ێك وەك ڕەمزی ژنانی وڵات بانگ دەکات و وشیاریان دەکاتەوە، هەموو تێروانیینە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان، کە بۆ کۆیلەکردن و پاوانکردنی ژنان لە کۆمەڵدا باون ڕەتدەکاتەوە:

ئێرە سەرەتای مێژوو نییە و

تۆش.... ژنی ئەم سەردەمە نیت...

بەهەشت لە ژێر پێتا نییە

لە کۆتایی شیعرەکەشدا دەڵێت:

ئەم جادەیە وێستگەی نییە

تا هەڵفڕی هەر ئاسمانە.. و

ئاسمانیش بەشی هەڵفڕینت ناکا

(هەلاڵە سوهرابی،http://rojhankok.blogfa.com)

لێرەشدا شۆڕشی فیمینیستی مەودایەکی فراوانی لە بیر و هزر و جیهانبینی شاعیردا هەیە، کە دەڵێت (ئەم جادەیە وێستگەی نییە) دواتر فەلسەفە و دنیابینی شاعیر لێرەدا ڕاناوەستێ و زیاتر باڵا دەکات تا دەگاتە ئەدیوی بوون، کە دەڵێت: ( ئاسمانیش بەشی فڕینت ناکات).

(تیشکە محەمەدپوور) یەکێکە لە دەنگە بوێرەکانی دیکە، پەردە لە سەر ڕەفتارە ناشرینەکانی پیاو بەرامبەر بە ژنان هەڵدەماڵێ، تەنها دەسپێکی شیعرەکە (عەجولانە دەبینم) بەسە بۆ پەرپاکردنی شۆڕشێکی هزری و فیمینیستی:

عەجولانە دەبینم

دەبینم

چۆن لە قولاّیی نوێندا وشیاریتان

دەمرێ

لە کۆتایی شیعرەکەشدا هەموو ئەو تێڕوانینە هەڵە و ناشایستەیەی کۆمەڵ بۆ ژن و نزمی پێگەی ژن هەڵدەوەشێنێتەوە، کە دەڵێت:

من جاویدانە دەبینم

من بێ سنوور دەڕوانم (تیشکە محەمەد پوور،٢٠١٦)

(ژیلا سەفایی) لە شیعری (کچ)دا، کچ بە ڕۆمانێك دەچوێنێ، کە پڕاوپڕە لە ڕووداو، ڕووداوێك کە هیچ کەس نایبینێ کاتێکیش بەڵگەیەك هەبێ بۆ پیشاندانی ڕوداوەکانی ژیانی، لەژێر هەر ناو بیانویەکدا بێت، دەشارێتەوە و دادەپۆشرێت:

کچ ڕۆمانێکە پڕ لە ڕووداو و

لە دواترین بەڵگەی تەمەنی

**ئەنووسرێت**

**ببوورن هەڵەی چاپی بوو...                    (ژیلا سەفایی، ١٣٩١، ل٣٥)**

**(شەڤگەش) لە کورتە شیعرێکدا بە دوای ناسنامەی نەتەوەیی و شوناسی ژنێتی خۆی و هاونیشتمانانیدا دەگەڕێت، وەکو کوردێکی ڕۆژهەڵاتی و وەکو ژنێك تەنها یەك تاوانی هەیە کە ئەویش بێناوییە، مەبەستی شاعیر نەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی و ناسنامەی ژنێتییە:**

**وشەیەکی بێ تاقەت و بێ ناز**

**هەردەم**

**لە سیلەی چاو ڕاژگە دەکات**

**تا سەر**

**تاکوو سەر**

**تاوانی بێتاوانیمان بێ ناوییە**

**بێ ناوی. وار خزرزادە"شەڤگەش"، ١٣٨٩، ل٨)**



**هەوارخزرزادە( شەڤگەش )**

**(لەیلا سۆڤی سوڵتانی) وەکو فیمینیستێك دەبێتە رابەر و پێشەنگی بزووتنەوەیەکی ژنانە، بانگی کچانی وڵاتەکەی دەکات و ئاگادار و وشیاریان دەکاتەوە لەوەی، کە ئەو وڵاتەی تێدا دەژین وڵاتی پیاوانە و پیاوسالاری باڵی بەسەردا کێشاون، ژن لای ئەوان وەکو کائینێك تەنها بۆ پێداویستییە سێکسییەکان و خزمەتکردنی ئەوان خوڵقاون، مێژویی پیاوسالاری و چەوساندنەوەی ژن لەلایەن پیاوانەوە پیشان دەدات:**

بۆ کچانی نیشتمانەکەم

ئەی کچانی نیشتمانی هەمیشە پیاو !

ئەوان، ئەوان !

هەموو لە وەسفی ئێمەدا

دەبنەوە پەپولە و

لە ناو خوێنیشماندا..

دەبنەوە جەلادەکانی مێژوو،

لە کۆتا دێریشدا دەڵێت:

هەموو دەیانەوێن بۆ ژوورەکانی نووستن و ئاشپەزخانە

چەند بێرەحمن ئەو پیاوانە. (لەیلا سۆفی سوڵتانی، ٢٠١٤، ل٢٤)

هەروەها لە شیعری (نیشتمانی ژن)دا، کـە دەتـوانین بـە تـەنها ئـەم شـیعرە بڕوانامـەی شاعیرێکی فیمینیستی بوێری پێببەخشرێت، کاتیك لە چاوی خۆیەوە وێنای کەتواری ژیانی ژنانی وڵاتمان بۆ دەگوازێتەوە:

ئەمە وڵاتی منە

ئەمە دۆزەخە،

وڵاتی من بۆ ژن !

لە وێنەی بڵێسەی ئاگردا.

لە کۆپلەیەکی دیکەدا وێنەی دەروونی ژنان و تێروانین و دیدی پیاو بۆ ژن و هـەموو ئـەو کارەسـاتانە کـە ژنـان پێیـدا تێپـەریون، وەکـو نایەکسـانی و سـتەم و باوکسـالاری و بێدەنگکردن و بـەکارهێنانی ژن وەکـو ئامێرێك بـۆ حـەز و ئارەزووەکانیـان و کویلـەکردنی ژنان... پیشان دەدات:

ئێمە خورافەیەکی ڕەشین،

وەك بەختی خۆمان،

فانتازیایەکین

ئەوانی دی چێژمان لێوەردەگرن.

برینێکی وەهمیین ئێمە،

پیاو وەك خۆمان نایبینێت و باسی دەكا،

كەس نازانیٚ چەندە تاڵە

ڕۆیشتن بەناو كارەساتدا،....        (لەیلا سۆفی سولّتانی، ٢٠١٤، ل١٤-١٥)

(نیـان فـاتمی)ش بوێرانـە لـە كورتـە شـیعرێكدا بـەدەنگێكی فیمینسـتانە و ڕەخنـەئامێز ڕەخنــە لــە داب ونــەریت دەگریــت، كــە ناهێڵێــت دەنگــە دژەباوەكــان و بابەتــە تــابۆ و ئیرۆتیكییەكان تەنانەت لە شیعریشدا گوزارشتی لێبكەن:

قەسیدەكان مردوون

دڵ

بۆ نیشتمانی جەستە

شۆڕش ناكا

تەنانەت

ڕووت بوونەوە

لە شیعریشا قەدەغەیە   (نیان فاتمی، www.niyann.blogfa.com)

شاعیر تێكستەكان بە مـردوو دادەنێـت، چـونكە نـاتوانن گوزارشـت لـە جەسـتەی خـۆی بكـات، (نیشـتمانی جەسـتە) خوازەیـە و مەبەسـت لـە كەرەسـتەكانی ئیرۆتیكـە، ناتوانێـت تەنانەت لە شیعریشدا ڕووتببێتەوە بەو واتایەی، كە ناتوانن گوزارشت لە جەسـتەی خۆیـان بكەن.

وەكو پێشتر ئاماژەمان پێدا خەباتی ژنانی ڕۆژهەڵات خـەباتێكی دوالیزمییـە، ئەمـەش لـە شیعرەكانیاندا ڕەنگیداوەتەوە و چەندین شاعیرمان هەیە، كە پێشمەرگەن و لە پاڵ خەباتی سیاسـیدا خـەبات لـە پێنـاو مافـەكانی ژنـان و هـەوڵی بەدیارخسـتنی كێشـەكانی ژنـان و چارەسـەركردنیان دەدەن، بۆیـە زۆرجـار شـاعیر لـە ڕێـی خۆشەویسـتی نیشـتمانەوە بـۆ خۆشەویستی یار دەڕوانـی، یـان بـە پێچـەوانەوە، یـانیش تێكـەڵاوییان دەكـات. (سـوهەیلا قادری) بە سۆزێكی دایكانەوە لایەلایە بۆ كۆرپەكەی دەكات، وەكـو پێشـمەرگەیەك سـۆزی دایكایەتی تیكەڵ بە سۆزی نیشتمانەكەی دەكات:

لای لای بینایی چاوەكەی دایە

ڕۆڵەی شیرینم ئاواتی دایە

کوردستان ئازاد، تۆش بەختەوەربی

ئارمانت حەقە پێی بگەی ڕەبی (سوهەیلا قادری، ١٣٨٣، ل١٣٨)

(لەیلا ساڵحی) لە شیعری (کیژی سوور خاوەن مانگـە)دا لـە دەسـپێکەوە شناسـی خـۆی وەك ژنە شاعیرێك لە وشەی (تەوار)دا، کە وشەیەکی خوازراوە دیاریکردوە:

تەوارەکان

دڵیان سوورتر لە باران و

شوێنی دەنگیان

ئارشیوی سەردوولکەیە

ڕاهاتوون بە ترپەی دۆزەخ و

لە زگیانەوە

گڕکانێك دەبێتە خودا و ئەوانیش

میحرابی دەبەن (لەیلا ساڵحی، ١٣٨٦، ل٢٦)

شاعیر دەیەوێ واقیعی ژنانی کۆمەڵەکەی پیشان بدات، بـە دەنگێکـی کـۆ دەدوێـت، کـە گوزارشتە لە دەنگی هەموو ژنانی وڵاتەکەی، ئەو دۆزەخەی بۆیـان سـازدراوە، گرکانێـك لـە ناخی هەریەکەیاندا دروست دەکات، دەنگی شاعیر دەنگێکـی فیمینیسـتییە، دەیـەوێ بڵـێ ژنان خۆیان مەشخەڵی هەستانەوەی خۆیانن، نەك ڕەگەزەکەی تر.

### چەمکی ئیرۆتیك و ڕەنگدانەوەی لە شیعری ژنـانی ڕۆژهەڵاتدا:

ئـەدەبیاتی ئیرۆتیکـی بەگشـتی و شـیعری ئیرۆتیکـی بەتایبـەتی، هـەموو ئـەو دەقانـە دەگرێتەوە، کە لەو دیو ماناکانەوە باکگراوەندێکی ئیرۆتیکیان هەیە، شاعیر بـەبێ پـەردەو بـە شـێوەی ڕەمـز، وشـە و دەسـتەواژە وروژێنـەرەکان بـە شـێوازێکی ئێسـتاتیکیانە و چێژبەخش دەردەبڕێت.

وشەی ئیرۆتیکا لە وشەی (ئیرۆتیك Erotic)ی ئینگلیزییەوە هاتووە، بە واتای حـەز و ئـارەزوی سێکسـی، وشـەی ئیرۆتیـزم (Eroticim ) لـە زمـانی ئینگلیزیـدا بـە واتـای سەرنجدان و وروژاندنی ئارەزوو و حەزی سێکسی دێت،وشەی ئیرۆتیزم (Eroticim) یش لـە وشـەی (Eros)ی یۆنانییـەوە وەرگـیراوە، کـە بـە واتـای خـوای خۆشەویسـتی لای یۆنانییەکان دێت(بڕوانە: محمود القاعود، www.odabasham.net).

ئیرۆتیك لە شیعردا گوزارشت لە خۆشەویستی و سێکس و حـەز و ورووژان و ئـارەزووی ڕۆحی و جەستەیی لە نێوان هەردوو ڕەگەزەکە دەکات، ئیرۆتك تـەنها تێکـەڵاوی جەسـتە و چـێژوەرگرتن نییـە، بـەڵکو ئاوێتـەبوونی ڕۆحـە لـە چـاوگەی عەشـق وخۆشەویسـتییەوە سەرچاوە دەگرێت و لە تێکەڵبوونی دوو جەستەدا بەرجەستە دەبێت. واتە (جەسـتە تـەنها ئامرازێـك نییـە بـۆ جۆشـدانی خـەیاڵ و سـۆز، بەڵکـە جەسـتە دەبێتـە پردێـك بـۆ بەیەکگەیشـتن)(مـەولود، ٢٠١١، ل١٢٠). هـەروەها ئیرۆتیـك یـان ئیرۆتیـزم لـە شـیعردا نـە پرۆسەیەکی سیکسـی ڕووتـە، نـە پۆرنۆگرافییـە (Pornograph) و نـە خۆشەویسـتییە، بەڵکو پێکهاتەیەکە لە هەموویان، حەز و ئارەزووە سێکسی و پۆرنۆیی و خۆشەویستییەکان تێکـەڵ بەیـەك دەبـن بـە شـێوەیەکی وا کـە ئیرۆتیـك دێتـە بەرهـەم. ((زاراوەی ئیرۆتیکا (Erotica)، کە پەیوەستە بە ئەدەب و هونەر. هەموو کارێکی ئەدەبی یان هونەریی سیما و توخمی وورووژاندنی ئیرۆتیکی تێدا بێت، یان ببێتە مایەی خولقاندنی ئەو حەز و هەوەسە، پێی دەوترێت (بەرهەمی ئیرۆتیکا) (فازیل شەورۆ، ٢٠١٦، ل٦٦).

ئیرۆتیکـا مامەڵـە لەگـەڵ ئەدەبـدا دەکـات بـە شـێوەیەکی ڕەفتـاری و دەرخسـتنی ئیستاتیکای پێداویستییە سێکسییەکان خەیاڵی، یان واقیعی بێت، بـە ئامـانجی وروژانـدنی ئارەزوو و حەز و هەستی خوێنەر یان وەرگر. ئامانج لەمەشدا تەنها وروژاندنی جەستە نییە، بەڵکو وورووژاندنی ئەدەبییە، بە دەربڕینێکی نیمچە ڕوون و خوازراو و هێمایی، بـۆ گەیشـتن بە ئێستاتیکا و شیعرییەتی هونەری دەق و چێژبەخشین.

شـیعری ژنـانی ڕۆژهـەڵات کـەمتر ئاوریـان لـەم لایەنـە ئێسـتاتیکییەی دەق داوەتـەوە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە دەقی ئیرۆتیکیمان نەبێت، بەڵکو هەن بە ڕێژەیەکی کەم و بـە شێوەی خوازە و هێما ئاماژەیان بۆ کردووە، یان بۆ مەبەستی وشیارکردنەوەی فیمینیستی شـیعری ئیرۆتیکـی دژە باویـان وتـووە، بـە زۆریـش لای ئـەو شـاعیرانە دەبینرێت، کـە لـە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەژین. دەتوانین بڵێین (لەیلا سـۆفی سـوڵتانی) لـە کۆمەڵـە شیعری (ناسینەوەی پەنجەکانی با)دا کۆمەڵـە دەقێکـی تـەژی لـە دەنگـی ژنانـە و هـاواری فیمینیستی لەهەمان کاتدا لە بەرگێکی ئیرۆتیکی بزوێنەردا بـە هونەروەرییـەوە دارشـتووە، جگە لە ڕیتم و مۆسیقایەکی ناوەکی بەتایبەت لە وشـەکانی (هـەمس و لـەمس) لـە شـیعری (تەنیا شەوێك پڕ بێت لە خۆت)دا:

شەوێکم پێببەخشە پڕبێ لە خۆت

ئارامی شەوەزەنگ و سروەی بەیانم هەر خۆت بی

.............................................

یەکەم هەمس و

یەکەم لەمس

یەکەمین کەس کە ئەیبینم... با هەر خۆت بی!

وەك شەتاو بڕژێ بە ناو قژما

بخزێ بە سەر بلووری جەستەما...

بە سۆزی دەنگت نا ئارامییم بلاوێنە،

جەستەم بکە پیانۆ و سەمفۆنیایەك بژەنە

هەموو وشەکانی دڵم بخاتە گۆ.

شاعیر بوێرانە بە دەنگێکی ژنانە و ئیرۆتیکییەوە لە تیکەڵاوبوونی جەستەی لەگەڵ ئـەودا لە یەکەم بەریەککەوتنەوە دەگێڕێتەوە، لە هیچ شتێ باکی نییە، لە کۆتاییدا دەڵێت:

ئەوسا با سیستەمی گەردوون گشت بشێوێ،

دار و بەردی بەسەر یەکەوە نەمێنێ.

(لەیلا سۆفی سوڵتانی،٢٠١٤،ل ٢٢-٢٣)

(کەژاڵ گوڵ محەمەدی) لە کورتە شیعرێکدا بەبێ پەردە هەستەکانی خۆی دەردەبڕێت، وەکو ئەندازیارێکی لێهاتوو وشەکان هەڵدەبژێرێت و ڕیزیان دەکـات، کـە پـڕن لـە هەسـت و حــەز و گەمــەی ئیرۆتیکــی و کەرەســتەی ئیرۆتیکــی چــێژبەخش، خوێنــەر یــان وەرگــر دەوروژێنێت و چێژی پێدەبەخشێت:

چەندە تینووم

کە لێوم ئەگاتە لێوی

بە حەسرەت تەزیووی لێوان

کە فێنکایی ناگاتە دڵ

زرم دەشکی

چاوەڕوانی و شکۆی شێوان

( محەمەد سدیق و سۆران حوسێنی، ٢٧٠٧، ل٩١)

(سارا "بەهار" قوبادی) لە شیعری (سووراو)دا، ئێرۆتیکانە هەستەکانی دەردەبڕێت، (سووراو) جگەلەوەی کەرەستەیەکی ژنانەیە و ناسنامەی ژنێتی بە دەقەکە دەبەخشێت، کەرەستەیەکی ئێرۆتیکیشە، لە ناونیشانی شیعرەکەوە خوێنەر ناچار بە خوێندنەوەی شیعرەکە دەکات و سەرنجی ڕادەکێشێت:

ماچە دوورەکانت پۆلە هەنگی وروژاوە

هەنگوینێ ژەهراوی دەرژێنێتە سووراوی لێوم (سارا "بەهار"قوبادی، ١٣٩١، ل٣٥)

(بەهار حوسێنی) بەدەنگ و ڕەنگێکی ئێرۆتیکیانەوە، دیمەنێکی پڕاوپڕ لە خۆشەویستی و عەشق و کردەی سێکسی ئاوێزان دەکات و چێژ بە وەرگر دەبەخشێت، بە شێوەیەك ئاراستەی جووڵە و هەنگاوە ئێرۆتیکییەکان سەرەنجی خوێنەر یان وەرگر ڕادەکێشێت و بە بزوان و دروستکردنی وێنای کردارەکە وەرگر ناچار بە خوێندنەوەی وشە بە وشەی شیعرەکە دەکات:

نینۆکەکانم سوور کرد و

عەترەکەم لێ دا

تۆ لە نێوان من و ئاوێنەدا وەستا بوویت

پێکێکت تێکرد

من بەرامبەرت دانیشتبووم

دەنگی گۆرانییەکەم بەرزکرد و

خزامە باوەشت (بەهار حوسێنی، ٢٠١٥، ل١٧)

شاعیر لە ڕێی خەیاڵێکی ڕۆمانسییانە چێژ لەو ساتە خەیاڵییانە وەردەگرێت، کە حەز و خولیای گەیشتنە بە جەستەی پیاوێك، ئەو پیاوە لە خەیاڵی ئەو بوونی هەیە، وێستگەی یەکەم خۆئامادەکردن و خۆرازاندنەوەیە بۆ ئەنجامدانی کردارەکە، سوورکردنی نینۆکەکان و لێدانی بۆن و ڕاوەستان لەبەر ئاوێنە، هەموو ئەمانە کەرەستەی ئێرۆتیکین،ڕەنگی (سوور) ڕەنگی خۆشەویستی و عەشقە لە سایکۆلۆژییەتی ڕەنگەکاندا، بۆن لێدان ساتی خۆئامادەکردنە، هەروەها ڕاوەستان لە بەردەمی ئاوێنەدا بینینی جوانییەکان و سەرنجدانە

لە جوانی. وێستگەی دووەم دوای خۆڕازاندنەوە و خۆجوانكردن و گوێگرتن لە گۆرانییەكی خۆش، ئینجا قۆناغی خۆخزاندنە نێو باوەش دەست پێدەكات.

(سروە لەحمی) لە شیعری (خۆزگە)دا،خۆزگە و تاسەو حەزەكانی بۆ گەیشتن و تێكەڵاوبوونی ڕۆح وجەستەی لەگەڵ یار تەژی لە كەرەستەی ئیرۆتیكی دەردەبڕێت، وێنەی پیاو لای شاعیر پێویستییەكی ڕۆحی و جەستەییە، لە كۆپلەی یەكەمدا پێویستییە ڕۆحییەكان بەیان دەكات، وێنەیەكی خەیاڵی میتافیزیكی لە چواندنی (بەهەشت) بە (پیاو) و تەژی لە هەست و سۆزی ئیرۆتیكی دەكێشێت:

بەهەشتێكی ئەفسووناویت

پڕ لە ئاوازی فریشتە

دڵگەشترین حەسانەوە

سەرخەوێكی نێو باوەشتە

لە كۆپلەی دووەمدا باس لە پێویستییە جەستەییەكانی دەكات، بە جووڵەیەكی ئەفسوناوی وێنەكە دەگوازێتەوە نێو سروشت و شاسواری خەونەكانی بە (دەریا) دەچوێنێت، ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە كەرەستە ئیرۆتیكییەكان دەكات، لە دێڕی كۆتاییدا وەرگر لە واتا شاراوەكان دەگات، كە باس لە پێوەندی و تێكەڵاوبوونی جەستە و گەیشتن بە چێژی جەستە دەكات:

هیچ دەریایەك وەك تۆ نییە

بەخشندە و پڕ لە مرواری

ئۆقرە بدا بە دڵ، بە لەش

هەم شەپۆل و هەم كەناری (سروە لەحمی، ١٣٨٨، ل١٨)

## ئەنجـام

١.شەپۆل و ڕەوتە شیعرییە نوێیەکان لەپاش ساڵی(١٩٨٠) بە لێشاو هاتوونەتە نێو شیعری ڕۆژهـەڵات، لـەژێر کاریگـەری ڕەوت و ڕێبـازە نوێیـەکانی ڕۆژئـاوا و ئـەدەبیاتی پۆسـت مۆدێرنیزم و سوریالی و دادابیـەکان ،رهوتـی فیمینیسـتیش یەکێکـە لـە رەوتـە نوێیـەکانی رۆژئاوایی.

٢.ئەدەبی ژنان شان بە شانی ئەدەبی پیاوان ڕۆشتووە و چ وەکو تـاك چ وەکـو گـروپ و ڕێکخـراو لـە دەرەوەو نـاوەوەی ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان، بەتایبـەت لـە نـاوخۆ لـە ڕێگـەی ئینتـەرنێت و سـایتە ئەلیکترۆنییـەکان، ئەنجومەنـە ئەدەبییـەکانی شـارە جیاوازەکـانی ڕۆژهەڵات، فسـتیفاڵ و کـۆڕ و کۆڕبەنـدی ئـەدەبی و شـیعرییەکان، وێبلاگـە تایبەتییـەکانی نووسەران و شاعیرانەوە چالاکی ئەدەبییان هەبووە.

٣- بە شێوەیەکی گشتی شاعیرانی ئەم قۆناغە هەوڵیان داوە زمانێکی پاراو و کوردی پەتی بەکاربهێنن، جگە لە ڕەنگدانەوەی هەندێ زاراوەی ناوچـەیی، لـە ڕووی وێنـەی شـیعرییەوە هەموو جۆرەکانی وێنەی شیعری لە شیعری شاعیراندا بە تایبەت وێنەی فرە ڕەهەنـدی لای شاعیرانی نوێخواز زیاتر دەبینرێت، هەروەها گرنگییەکی زۆریان بە ئاوازی شبعریی لە قاڵبی غەزەلدا هەولی مانەوەی کێشی (عەروز)بیان بـە نـاوەرۆکی نوێـوە داوە، لـە رووی ریـتم و سەرواوە زۆر جار پەنایان بردۆتە بەر ئاوازی ناوە و سەروای ناوەوە بـە دووبارەکردنـەوە و کەرتکردن و لێکردنەوە و خاڵبەندی...لە سازانی ئاوازی شیعرییدا.

٤- بزاڤی فیمینیستی و خەباتی ژنانی ڕۆژهەڵات خەباتێکی دوالیزمییە، چـونکە ژنـان دوو جار چەوساونەتەوە، جارێـك وەکـو کـوردێکی ڕۆژهـەڵاتی، جارێـك وەکـو ژن. فشـاری دەسەڵاتدارانی ڕژێمی ئێران نەیتوانیوە شکست بە خەباتی فیمینیستی بهێنێت و کپـی بکاتەوە، بە هۆی کۆچی ئـەو دەنگـە نارازییـەکانی ژنـان و کۆچـکردنیان بـۆ دەرەوەی وڵات، ئەمـەش زیـاتر لـە شـیعردا بـە تایبـەت لـە شـیعری ئیرۆتیکیـدا، کـە دەنگێکـی ڕاستەقینەی ژنانە ئازادی دەربڕین و گوزارشت کردن لـە کەرەسـتە ئیرۆتیکییەکانـدا دەبینرێت.

## سەرچاوەکان

- به زمانی کوردی:
- کتـێـب:

١.ئارام سدیق، (٢٠٠٧)، دۆزی ژن و هەزارەی نوێ، چ٢، چاپخانە ؟، سلێمانی.
٢.بەهار حسێنی،(٢٠١٥)، پشیلەیەک لە جانتادا، چ١،بڵاوکەرەوەی سەنتەری ڕۆشنبیری ڕێژیار.
٥.جیەن فریدمەن (؟)، فیمینیزم، و. فەرشید شەریفی، چاپخانەی کارۆ،شوین؟.
٦.حومەیرا موشیر زادە، (٢٠٠٥)، لە بزاڤەوە تـا تـوێری کۆمەڵایـەتی دووسـەدە فیمینیـزم، و.مراد حەکیم، ب١، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
٧.ژیلای حوسێنی،(١٣٧٤)، گەشەی ئەوین، چ ١، چاپ و صحاف ارمان، نشر ژیار، سنندج.
٨.____________،(١٣٧٧)، قـەڵای ڕاز، چ ١، بڵاوکـەرەوەی ڕێکخـراوەی بۆرەکـەیی، تاران.
٩. سارا"بەهار" قوبادی،(١٣٩١)، گەشتێك لە نێوان وشـە و ژمـارەدا، چ١، ناشـر انتشـارات علمی کالج، سنندج.
١٠. سالار حمەعەلی مستـەفا، (٢٠١١)، دیـالۆگ لەسـەر پرسـی ژن، چ١، چـاپخانەی ڕەنـج، سلێمانی.
١١. سوهەیلا قـادری"گـەزیزە"،(١٣٨٣)، تاسـەکانم بـۆ دایکم، چـاپخانەی یـەکێتی لاوانـی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سوئید.
١٢. سۆران حوسێنی،(١٣٨٤)، هەساو (شیعر)، ناشر جوانبەخت، بانە.
١٢. سۆزان ئـالیس واتیکینـز، (٢٠١٠)، فێمینیـزم، و.ڕەسـوڵ سـوڵتانی– کـارزان کاوسـین، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بـیر و هۆشـیاری (ی. ن. کـ)، سلێمانی.
١٣. عـەباس سـاڵح عەبـدوڵلا، (٢٠٠٩)، فیمینیـزم لـە شـیعری کوردیـدا–کرمـانجی خـواروو، چاپخانەی بینایی، سلێمانی
١٤. فازڵ شـەورۆ، (٢٠١٣) ، ٢ لێکۆڵینـەوەی ئـەدەب، هـەولێر، چـاپخانەی حـاجی هاشـم، هەولێر.

١٥. کـازیوه سـالح،(٢٠٠٥)، فیمینیسناسـی و جڤـاکی کـوردی، چ١، بڵـاوکراوەی ئـاراس، هەولێر.

١٧.لەیلا سۆفی سولتانی،(٢٠١٤)، ناسینەوەی پەنجەکانی با،چ١، هەولێر.

١٨.محەمەد سدیق کەریم پوور– سۆران حوسـێنی (٢٧٠٧)، سـاباتی شـیعر، چـاپ دانـش، کوردستان –بانه.

٨٢. مهابـاد قـەرەداغی، (٢٠١٠)، لـە فیمینیزمـەوە تـا هیومـانیزم، ئـا.خالیـد عەبدولکـەریم حەمەلاو، چ١، بلاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

٨٦.نوره فرج المساعد، (٢٠٠٦)، فیمینیزم فکر و ڕەوتەکانی، و. عەبدوللا تاهیر بـەرزنجی، چ١، چاپخانەی یاد، سلێمانی

٨٧.نوشـین سـاهنده، (٢٠٠٦)، نیتشـه و فیمینیزمـی هاوچـەرخ، و. محەمـەد کـەریم، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٩٠.هەوار خزرزاده "شەڤگەش"،(١٣٨٩)،غەمە چەتراوییەکانی باخچـەیەك هـەنار و کچێنی، چ١، چاپخانەی ناسێخ.

٩١.هیمـداد حوسـێن(د.)،(٢٠٠٨)، ڕۆژنامــەوانی کـوردی ســەردەمی کۆمـاری دیمـوکراتی کوردستان (١٩٤٣–١٩٤٧)، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

 گۆڤار و ڕۆژنامەکان:

٩٨.بزوتنەوەی فیمینیزم، (٢٠١٥)، لە بلاوکراوەکانی گ ئایدیا، سلێمانی.

٩٩.حەمە مەنتك، (٢٠١٣)، شیعری پۆرنۆیی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بە نموونە، ڕ. کوردستانی نویٚ، ژ,٦٢٠٠

١٠٥.ژیلا سەفایی،(١٣٩١)، کچ (شیعر)، گ. مهاباد، ژ١٤٠.

١٠٦.ژیلای حوسێنی،(٢٠١٣)، یادێك لە ژیلای حوسێنی، گ مەهاباد، ژ١٤٦.

١٠٧.سروه لەحمی،(١٣٨٨)، خۆزگە (شیعر)، گ. مهاباد، ژ٩٨.

١٠٨.سمین چایچی،(١٣٧٧)، شەو (شیعر)، گ. سروه، ژ ,١٥٠

١٢٠.فازیـل شـەورۆ،(٢٠١٦)، زمـانی ئیرۆتیکـا و شـیعرییەتی خـەیاڵی ئیرۆتیکـا، گ.ڕامـان، ژ٢٢٨.

١٢١.لەیلا سالحی، (١٣٨٦)، کیژی سوور خاوەن مانگە (شیعر)، گ. مهاباد، ژ,٧٤

١٢٦.مهاباد قەرەداغی، (٢٠١٣)، فێمینیزم، گ. شیکار، ژ٢.

١٢٧.نیهاد جامی، (٢٠١١)، زمانی شیعری و شوناسی ژنێتی، گ. نەوشەفەق، ژ٨٣.

• **تێزی ئەکادیمی:**

١٣١.ئەڤین ئاسۆس حەمە عەبدوڵڵا،(٢٠١٣)، فیمینیزم لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسـەندا، (ماستەر)، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان–سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١٣٢.سـابیر حوسـێن ڕەسـول، (٢٠١٠)، دیـاردەی فیمینیـزم لـە ئـەدەبیی مێینـەی چـەند نووسەرێکی کورد، (ماستەر)، کۆلێژی پەروەردە– زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

١٣٣.لاولاو عەبدولعەزیز ئەحمەد،(٢٠١٠)، جێندەر و کەڵەکەبوونی نایەکسـانی سـەرمایە لـە کۆمەڵگای کوردیدا، (ماستەر)، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

١٣٤.ڕێزان ساڵح مەولود،(٢٠١١)، پێگەی ژن لە دیدی قوبـادی جـەلیزادە و نـەزار قەبانیـدا، (دکتۆرا)، کۆلێژی پەروەردە–زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

• **نامەی ئەلیکترۆنی :**

١. تیشکە محەمەد پوور، (٢٠١٦) ، شیعر، ٢٠١٦/٥/١٠.

• **سایتە ئەلیکترۆنییەکان:**

٢.پەروین کابلی، تاریخ سازی برای فمنیسم در کردستان یا لاك زدن مبارزات کمونستها http://www.mobarez-k.com/arshiv)

–ڕۆیا گلوعی، فمنیسم کوردی و راز ێن اسلحەی مقدس!
.( (http://www.feministschool.com/spip.php?particle7582

٣.فەرەیدون ئەرشەدی (وێبلاگی نووسەر)( www.farydshiri.blogfa.com).

٤.محمودالقاعود،الکتاب المقدس والآیروتیکیە، (www.odabasham.ne)).

٥. نیان فاتمی (وێبلاگی نووسەر) (www.niyann.blogfa.co).

٦. هەلاڵە سوهرابی (وێبلاگی نووسەر) (http://rojhankok.blogfa.com).

# ئیرۆتیك لە شیعری ژنانی باشووری کوردستاندا ٢٠٠٠-٢٠١٣

## پێشەکی[1]

ئـەم لێکۆڵینەوەیـە ( ئێرۆتیـك لـە شـیعری ژنـانی باشـووری کوردسـتان ٢٠٠٠_٢٠١٣) ، لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی شیکارییە، ئاوڕ لە شیعری ئەو ژنانە دەداتەوە کە لەماوەی نێـوان ساڵانی ٢٠٠٠ تاکو ساڵی ٢٠١٣ شـیعری ئێرۆتیکیـان هەیـە و لـە بەرهەمـە چـاپکراوەکانیاندا ئامـادەیی هەیـە، بـە دیـاریکردنی تـەواوی جۆرەکـانی ئێرۆتیـك لـەو دەقانـەی کـە لـە لێکۆڵینەوەکەماندا شیکاریمان بۆکردوون، هـۆی هەڵبـژاردنی ئـەم ناونیشـانەش بـۆ تـازەیی بابەتی ئێرۆتیك لە ئەدەبی نووسراوی کوردلە رووی لێکۆڵینەوەو شیکارییەوە دەگەڕێتەوە، هاوکات ئەنجامدانی کارێکی جیاواز و نوێ، چونکە تا ئەمڕۆ بەو شێوە فراوانـە کـار لەسـەر چەمکی ئێرۆتیك لە شیعری ژنانی کوردستاندا نەکراوە.

بنیادی ئە م لێکۆڵینەوەیە لە پێشـەکی و دوو بەشـی سـەرەکی و هـەر بەشـێك لـە سـێ تەوەر پێکهاتووە، هەر یەك لە بەشەکانیش دابەش کراونەتە سەر سێ تەوەر. بەشی یەکەم تایبەتکراوە بۆ ناساندنی ئێرۆتیك و تەوەری دووەم ئێرۆتیك و پێگەی ئێرۆتیك لـە ئەدەبـدا، هەروەها تەوەری سێیەم بۆ ناساندنی کەل و پـەلی ئێرۆتیـك و رەنگدانـەوەی لـە شـیعردا و نموونەی شیعری شاعیران لەم تەوەرەدا خراونەتە ڕوو.

بەشی دووەم و سێیەم پراکتیکین و لە بەشی دووەمدا و لە تەوەری یەکەمدا باس لـە (لـە بەشـی دووەمـدا خسـتنە رووی هۆکارەکـانی درەکـەوتنی ئێرۆتیـك لـە شـیعری ژنانـدا و بـە نموونەی شیعرییەوە ئەم چەمکەمان روونکردووەتـەوە، لـە تـەوەری سـێیەمدا جۆرەکـانی ئێرۆتیکمان لە شیعری ژمارەیەك ژنی شاعیر دیاری کردووە.

لە کۆتاییشدا ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بە چەند خاڵێك دەست نیشان کراون.

---

[1] : بە هاوبەشـی لەگەڵ م.هێـرۆ کـوردە. لە نـامەی ماسـتەرەکەی بە ناونیشـانی (ئیرۆتیـك لـە شـیعری ژنـانی باشووری کوردستاندا، کرمانجی خواروو، ٢٠٠٠_٢٠١٣)، زانکۆی چەرموو

## تەوەری یەکەم: هۆکارەکانی دەرکەوتنی ئیرۆتیك لە شیعری ژناندا

ئیرۆتیك ئـەو بەشـە رووتـەی ژیانـە، کـە تێیـدا تاکـەکان بوێرانـەتر دەردەکـەون، بـوونی ئیرۆتیك لە دەقی ژناندا هەرگیز لە خۆوە و بێ مەبەست نییە، بەتایبەتی لە دەقـی شـیعری ژنانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ژنانی کوردی باشـووری کوردسـتاندا ، (زۆر سـەختە بتـوانین بەتەواوەتی و راستەوخۆ هۆکاری دەرکەوتنی ئەم جـۆرە نووسـینە دەسـت نیشـان بکـەین، بـەڵام دەکرێـت بـەدوای نـزیکترین هۆکـار لـە لـۆژیکی باسـەکەوە بگـەڕێین) (ایلیـا،٢٠١٦). بەتایبەتی لە کۆمەڵی کوردی دەبێت هەندێ هۆکاری سەرەتایی دەست نیشان بکەین

توندی نەریت و ئاینەکان بەرامبەر بە ژنـان، کـەوادەکات بەرلـە هـەموو شـت جەسـتەیان بەند بکەن، بۆیـە وەخـتێ دەنووسـن هەوڵـدەدەن بـە زمـانێکی ژنانـە گوزارشـت لـە خەمـە ژنانەکانیان بکەن، یان گوزارشت لە حەزەکانی جەستەی خۆیان بکەن و چـیتر ئـەوە قبـوڵ نەکەن پیاو بەناوی جەستەی ئەوانەوە بنووسێت(وەك چۆن زمانێکی نێرانـە هەیە،مێینـەش خاوەنی زمانی خۆیەتی،زمانیش تەواو وەك ئیدۆلۆگی،لە هەواری راسـیزمدا بارگـە دەخـات، بەتایبـەتی کاتێـك جیـاوازی لـە نێـوان نێـر و مێـدا دەکـات).٢(حەسـەن، ٢٠١٣،ل٨)، ئـەم راسیزمی زمانە وایکردووە زۆرجار پیاوانی نووسـەر لـە زۆربـەی ژانـرە ئەدەبییەکانـدا ژنـان وەك بەردەست و بەرکار دەربخەن و نەتوانن بیانکەن بە قسەکەر و بکەر، لەبەرامبەردا ژنان زمانی تایبەتی خۆیان دەخەنە کار بۆ گوزارشت لە هەستە تاکەکەسییەکانیان و بەتایبـەتی هەسـتی ئەڤینـداری و ئیرۆسـی،(هەرخانمە شـاعیرێك گوتارەکـەی، کـە بـەزمانی بەرهـەمی دەهێنێت،سەر بەرەگەزی مێ نـەبوو، گووتارەکـەی مێبـوونی لـێ نـەتکا، ئـەوە هێشـتا لـە بازنەی زمان و گوتارێکی نێرانە رزگاری نەبووە).٣(س.پ.ل٩).کاتێك نەریت دەبێتە زنجـیر و دەچێتە دەست و پێوەندی مێیینەوە، هیچ نـەبێت دەبـێ ژنـان لـە نووسـینەکانیاندا ئـەو پێوەندانـە بشـکێنن، بێگومـان ئیرۆتیـك و خسـتنە رووی حـەزی ئیرۆسـی یەکێکـە لـە سـێ قەدەغەکراوەکان و ژن دەستی بۆ دەبات.گەر تەماشای بەرهەمی ئیرۆتیکـی ژنـانی وڵاتـانی عەرەبی و ئیسلامیش بکەین دەبینین بەراورد بە وڵاتانی ئازادی هاوشێوەی خۆرئاوا ، زۆرتر بووە، بەتایبەتی لە دەساڵی رابردوودا، هۆکاری ئەمەش وەرەس بوونە لە یاسا کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان و ئاشنا بوونە بە جیهانی دەرەوە بە هۆی فراوانبوونی تەکنەلۆژیاوە( هۆکاری سەرەکی دەرکەوتنی ئـەم چـەمکە لـە شـیعری ژنانـدا پەیوەسـتە بـە سـتەمی کۆمەڵایـەتی

دەرهەق بـە ژنـان،، ژنـان وای دەبیـنن ئـەم دەقانـە گوزارشـتن لـە رەتکردنـەوەی هەرسـی پێوەندە قەدەغەکراوەکان و هەڵاتنە بەرەو ئاسۆی ئازاد بوون). (ایلیـا،٢٠١٦). شـیعر گـەر چەکی دەستی ژنانی نووسەریش نەبێت ئەوە زمانیانە، ئەو زمانەی چواردەوری پێ قبـووڵ دەکەن و رەتیشیی دەکەنەوە، بۆیـە ئیرۆتیکـا وەك رەتکردنـەوە دەکەنـە زمان(زیـاتر لـەو کۆمەڵگایانەشدا وەك کانیاوی ئاگرین تەقییەوە کە پێیان وایە سادەترین ئازادبوونی ژن بـێ رەوشتییە) (ابو رحمە،٢٠١٣). دەبینین هەریەك لە رۆمانەکانی (بنات الریاچ)ی رجاو صـانع و رۆمـانی(الاخرون)ی صـبا الحـرز، لـە شانشـیی عـەرەبی سـعودیەوە بەرهـەمهاتوون و تائەمرۆش رەگەزنامەی ئەو دوو ژنە نووسەرە جێێ مشـتوومڕە، چـونکە سـعودییە کـۆت و بەنـدەکانی تـا سـەر مـل و هەناسـەی ژنـان گەیشـتووە و لەبەرامبـەردا ژنـانی نووسـەر دەتەقنەوەو ئیرۆسییانە پەردە لەسـەر رووی کۆمەڵگـە هەڵـدەماڵن و ئـەو دیـوارە لمیانـەی کۆمەڵگە بۆ پاراسـتنی رەوشـتی کۆمەڵایـەتی دروسـتی کـردووە دەیروخێنن.بێگومـان ئـەم هۆکارە بۆ کۆمەڵگەی کوردیش هەمان شتە، زۆرجار ژنانی نووسەر ئازادییە زەوتکراوەکانی خۆیان یان ژنانی دی دەکەنە دەق و لە ئیرۆتیکادا روونتر گوزارشـتی لـێ دەکـەن، (مهابـاد قەرەداغی) شاعیر لە شیعری ( لەتەکانی عەشقاوێنەکەم) بە زمـانی فۆلکلـۆر و لـە شـێوەی حەیران دەڵێ:

کیژ دەڵێ: چەند گەرمە هەناسەی ئەو کوڕە حەیرانە

لە ساتی ئاوێزان

چەن نیانە دڵی

لەکاتی چرپە چرپی ناو جێ

چەند بەهێزە کاتی بەیەك گەیشتن

ساتە وەختی قووڵی راگوشین

چەند ساکارە سەروەختی پەیڤین. (قەرەداغی،٢٠١٣،ل٤٣٨).



**مەهاباد قەرەداغی**

ئەم دەقە لە سەرتاوە تا ناوەراست بریتییە لە گێڕانەوەو پیاهەڵدانێکی ئیرۆتیکیانەی کچ بۆ خۆشەویستەکەی و باسکردنی سیفەت و توانا سێکسییەکانی لەکاتی سـەرجێی کردنـدا، واتا هەڵگری فۆرمێکی ئەڤینداراانەیە.پاشان قسەکەر و وەسف کەر دەبێـە نێر و وەسـفکراو ژن

کوڕ دەڵێ چەند سەخت بێ لوتکەی ئەو کێوانە

شەرتە هەر بیگەمێ !

من هاتووم بێ نێچیر ئەم دۆڵە چۆڵ ناکەم

ئەی خودا ئەم کوێستانە چەند چڕە !

ئەم چەنگەڵی قژە، چەند بێ ئامانە !

دەبینین ئەو بەشەی لـە زاری کـوڕەوە وتـراون زیـاتر هـەڵگری فـۆرمێکی سـیمبولیین، واتـا راستەوخۆ گوزارشتی لە ئەندام و بەش و کردارەکان نەکراوە، نموونە

لوتکەی کێو= مەمك، سمت

دۆڵ= ئەندامی پێشەوە و پشتەوەی مێینە

چـڕی کوێسـتان= مـوو و قـژی جەسـتەو لـەش، دەوڵەمەنـدی جەسـتە بـە جـوانی و فـرە سەرچاوەیی چێژ،

لە پێناسەی سیمولدا هاتووە ( سمیول ئەو زمانەیە کە وەختە نزیکبێتەوە لە حاڵی نەبوون. (خلـف، ٢٠١١، ص١١).شـاعیر لـەو بەشـەی لەسـەر زاری نێـرەوە قسـەی کـردووە زمـان شـەرمنترە، چـونکە کـەمتر پیـاو سـیمبول بـەکار دەهـێنێ و هەمیشـە لـە دەربڕینەکانیـدا راستەوخۆیە.

کچ دەڵێ: حەیرانت بم، حەیران !

ئەم دۆڵ و کێوانە، بەتۆ خۆش و ئاوەدانە !

مەترسە، کوێستانی هەوارم، ئامان و ئومانە !

خۆش هاتی بۆ کوێستانی جەستەم،بۆ ئەم دۆڵە چۆڵە !

کە بێ تۆ وەك چاڵی سەهۆڵە. (قەرەداغی،٢٠١٣،ل٤٣٩).

دووبارە دەقەکە بە سـیمبول خراوەتـە ڕوو، بـەڵام ئـەم جـارە لـە زاری کچـەی خـاوەن جەسـتە و دەوڵەمەنـدی چـێژ، ئەمـەش لەبەرامبـەر سـیمبولەکانی کـوڕ وەك وەڵـام بـەکار هاتووە،بەڵام مەبەستی پێکاوە( سیمبول بە کەمترین کەرەستە دەردەبڕێت، بەڵام هەڵگری مانای زۆر و قووڵە، بە زمانی ئاماژە گوزارشتی لـێ دەکرێ. (خلـف ، ٢٠١١).هاوکـات هـیچ کـات سـیمبول بـێ هـۆ یـان لـە شـوێنی بـەتاڵ و بـێ سـوود بـەکارناهێنرێ، وشـەیەك کـە بەناوهێنانی هیچ کێشەیەك دروسـت ناکـات، ناکرێتـە سـیمبول، هەنـدێ جـاریش پێویسـتی شیعری ئەوە دەخوازێت سیمبول بەکار بهێنرێت،(ئەوە ناتەباییە شاعیر هان دەدات لە شتە جێگیرەکان یاخی ببێت و لە بری ئەوەی راستەوخۆ هەست و بیری خـۆی دەرببڕێـت، دێـت ڕێگەیەکی هونەری هەڵدەبژێرێت). (حەسەن، ٢٠١٣، ل ١٨).

لەبەشی کۆتایی دەقەکە، زمان و ئیرۆتیکیەتی شیعرەکە لە ئەڤینەوە دەبێتە بەرەنگاری و خستنەر ووی هۆکاری راستەقینەی نووسینی دەقەکە.

کوڕ دەڵێ: ئاخ هەستم بە ژانی تیرێك کرد، پێکامی !

وادیارە کراوم بە نێچیر!

ئاگاداربە کیژە حەیرانی چاوبەڵەکە، نەتپێکێ

دەیبینم وا تیرێ بەرەو سینگی تۆش دێ!

دەبینین لەم پارچەیەدا شیعرەکە زیـاتر خـۆی دەخاتـە روو و نـەریتی دژ ئـەڤین نیشـان دەدات و بە کورتی و بە سیمبول و بەزمانی شیعری ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـات کـە ئـەڤین و

پەیوەندییە جەستەییەکانی نێوان کچ و کوڕ قەدەغەیە و باجەکەشەی بە نێچیر کردنی گیان و شەقکردنی سینگە بە تیری نەریتی خێڵ و خێزان و کۆمەڵ.

کچ دەڵێ: هەردووکمان نێچیرین، کوڕە حەیران !

بابم بوو، وا منیش پێکرام !

کوڕە حەیران، قوربانت بم قوربان !

ئادەی با شەماڵی هەناسەت هەڵبکات بەرەو من

ببێتە دوامژی هەناسەم !

باوکمە.. لێم بوە بە دووژمن !

ئادەی دەمت بێنە باڵا گەردانت بم !

وەرە تینوێتی قووڵت لەکانی ناو دەمم بشکێنە ! . (قەرەداغی، ٢٠١٣، ل٤٣٩).

لێرەدا دەبینین زمانی شاعیر زمانی یاخیبوون و بوێری و گوێنەدانە بە نەریت و چەکەکانیان، ئەمەش جیاوازی ژنە لەگەڵ پیاو، وەختێ ژن خۆی گوزارشت لە هزر و هەستی خۆی دەکات خۆی وەك لاواز نیشان نادات و زمان و بیری یاخییە، (زمان بەگشتی لایەنی نێر دەگرێت و لەدایکبوونی زمانێکی بێ لایەن وەك مەحاڵ وایە، بۆیە شتێکی دەگمەنە ئەگەر ژنێك بتوانێت بە زمانێکی ژنانەی دەربازبوو لە بازنەی زمانی نێرانە، تایبەتمەندییەکانی خۆی بنووسێتەوە). (حەسەن، ٢٠١٣، ل ٢٩).

مەهاباد ئەو زمانەی هەیە و تێیدا وەك بۆتەیەك گوزارشت لە هزری خۆی دەکات.

لازۆ ئازادی شاعیر بەهەمان شێوەی مەهاباد قەرەداغی خاوەنی دەقە شیعرێکی ئیرۆتیکی فێمێنیستانەیە لە ژێر ناوی ( من و کەمانچە ژەن)، هەرچەندە تەواوی دەقەکە دەقێکی ئیرۆتیکییە، بەڵام ئێمە تەنیا ئاماژە بەو بەشەی دەکەین کە جەخت لەسەر بیروباوەڕی فێمینیستی دەکاتەوەو دەڵێ:

کەمانچەت ژەنی و بە دەنگی سەرخۆشێك وتت:

کچی باش

سەرێك بژەنە مەیخانەکەی من

وەرە ناو مەلهاکەی منەوە

من بزەیەك گرتمی و بەگەرووی تەڕترین هەنارەوە وتم:

تۆ ئەی پیاو خەنجەرەكانت فڕێدە

شمشێرەكانت فرێدە، قامچییەكانت فڕێدە و

ئەوكات وەرە جێگاكەمەوە. (ئازاد، ٢٠٠٧، ل ٧٤).

(ژن كائینێكە دەركراو، فـەرامۆش كـراو، پـەراوێز كـراوە، بونەوەرێكـە مـاڤی قسـەی نییـە). (حەمە رەشید، ٢٠١٠، ل ٢٦).

ئەمـە تـەنیا بەسـەر بـە شـێك لـە ژنانـدا راسـت دەكەوێتـەوە، هـەرگیز ژنـانی نووسـەر ناگرێتەوە، وەك دەبینین زمانی ژن لێرە زمانێكی هوشیارە و ئامادە نییە وەك هەمیشە، بێ مەرج و ملكەچ بچێتە سنوری پیاوێكەوە، بەڵكو دەیەوێ پیاو دابمـاڵێ لـەو شـتانەی دەبنـە مایەی مەرگ و ئازاری روحی و گیانی ژن،( داماڵینی پیاوە لەهەموو ئەو شتانەی بە درێژایی مێژوو شانازی پێوە كردووە،پێویستە بۆ ئەوەی خۆشەویستی بكات سیفەتە شەڕانییەكانی لـەخۆی دابماڵێـت). (محەمـەد، ٢٠١٢،ل٨٠).دەبیـنین شـاعیر لێـرەدا وەك ژنێكـی هۆشـیار خاوەن زمانێكی هۆشیار دەردەكەوێت و بەرامبەر بـە ئـەڤین و ئیرۆتیـك كـۆنترۆڵ لەدەسـت نادات و سەرەتا یاساكانی دەخاتەروو ئەوجا باوەش بۆ ئەڤین و ئیرۆس دەكاتەوە.

هۆكارێكی تری دەركەوتنی ئـەدەب ئاشـنا بـوونی ژنـە بـە ئـەدەبیاتی جیهـانی و زیـاتر چاوكراوەیی، كاتێك ژنانی نووسەر خۆیان دەوڵەمەند دەكەن بە مەعریفە تێدەگەن كە هـیچ شتێك نییە لە نووسیندا بۆ پیاو شیاو و بـۆ ژن نەشـیاو بێـت، بۆیـە ئیرۆتیكیش وەك هـەر چەمكێكی تر دەبێتە بابەتی نووسین، ئەمەش زۆر كەس بە شەپۆلی بەرەو رۆشنبیری ناوی دەبەن، هەورەها گەیاندنی پەیامی تایبەت ( لە رێی ئەم جۆرە نوسـینەوە ژنـان دەیانـەوێ بڵێن دەتوانن كێبڕكێی پیاوان بكەن لە وەسفی ئیرۆسی و وردتر باسكردنی جەستەی خۆیان و بەرامبەر و بڵێن ئیرۆتیك نووسین تەنا بۆ پیاوان پاوان نەكراوە)١.(ایلیا ).

(كەژاڵ ئەحمەد) كە هەم لە شیعر و هەم لـە ژیـانی رۆژانەشـیدا كەسـایەتییەكی یـاخی هەبوو، هاوكات هەڵگری بـیری فێمێنیسـتی بـوو، ئـەویش ئیرۆتیكـی بەرەنگاربوونـەوە لـە شیعرەكانیدا بـەزۆری هـەن و لـە دەقـە شـیعری ( خـاڵێ گومـان) كـە شـیعرێكە هـەڵگری زمانێكی ژنانە و خەمی ژنانەیە دەڵێت"

زۆر جار لێكی ئەدەمەوە

بڵێی ئاسایی بێ كچان

ژیانیان هەر شوکردن و منالّبوونە

دەبنە خزمەتکاری ڕۆژ و چێژی شەوان؟!

سالّی تەمەنم نزیکە لە وەرزی شوکردنەوە

تۆ بلّێی خۆم بگرم یەزدان

لەبەر سەرەنجی خەلّکی کۆمەلّگەی بێ ویژدان

ئەو خەلّکەی کە ریسوات ئەکەن

ئەگەر نەبووی بەبووکی شایی و لۆغانیان. (ئەحمەد،٢٠٠٦، ل١٤).

(سەردەمی عەولەمە رۆلّێکی گەورە و راستەوخۆی هەیە لە هۆشارکردنەوەی کۆمەلّ بەگشتی و ژنان بەتایبەتی و و بەهێزکردنی گیانی رکابەری لە نێوان ژنان و پیاوان و دواجار یاخیبوونی ژن بەسەر پیاو و کۆمەلّ). (رسلان، ٢٠١٣).

ئەم یاخیبوونەی کەژالّیش بەسەر نەریتی شوکردن و حەتمەیتی هاوسەرگیری، نیشانەی هۆشیاری کەژالّە، بێگومان زمانی دەقەکە زمانێکی سادەیە و مەبەستەکان بەتەواوەتی روونن کە کەژالّ ستەمی کۆمەلّ بەرامبەر بە ژن و بەکارهێنانی ژن وەك ئامێر و کەرەستەی دامرکاندنەوەی پیاو ، دەخاتە روو، بێگومان لێرەدا دەستەواژەی ( چێژی شەوان ) لە خزمەتی بیروباوەڕێ فێمینیستیدا بەکار هاتووە نەك ئیرۆتیك، چونکە ئەڤین ئامادەگی نیە و نەریت زالّە.

تۆ بلّێی دلّم نەوەستێ

لە شەرمانا نەبم بە پارچەیەك گریان

ئەو ساتانەی رووسورییەکەم

بەسەر دەستی مێردەکەم و

ژمارەیەك پیرە ژنەوە ئەبینم

ئەیگەڕێنن کۆلّان کۆلّان.٢(ئەحمەد، ٢٠٠٦، ل١٥)، بێگومان نەریتی شەوی پەردە و پەڕۆی رووسوری لەمڕۆدا زۆر کەم بووە و ئەم دیاردەیە کە متر دەبینرێت، بەلّام لێرەدا سیمبولە بۆ تەواوی ئەو سوکایەتیانەی نەریت و کۆمەلّ بە مێینەی دەکەن بەبێ گوێدان بە هەستەکانی.

ئیرۆتیکی لە شیعری ژنانی هاوچەرخدا بەتایبەتی ژنانی کورد زۆربەی کات پەیوەندی بە هەوڵی رووبەڕوو بونەوەو خۆ سەلماندن هەیـە، هۆکـارێکی دیککـەش کـە زۆر بـە زەقـی لـە دەقە ئیرۆتیکییەکانی ژناندا دەرکەوتووە بەرپەرچدانەوەی ئایین و حەرامکراوەئاینییەکانە. ماڵئاوایی لە بێگوناهی یەکێکە لە دەقە ئیرۆتیکییە بەرهەڵستکارەکانی ( چۆمان هـەردی )و بەرامبەر بە گوناه و زینا و یاخی بوونی خۆی راگەیاندووە و دەڵێت:

چرا نەکوژاوەکانی سەعات دووی پاش نیوە شەوێ

چەندتان بۆ عەشق دەسوتێن.

چەندی تریش تاریکییە تەنیاکان رادەماڵن؟

لەباڵەخانەی ماڵی خوا

چەند هەزارتان داگیرساون

تا رێگە بەن لە تیانووسە گەورەکانی گوناهدا

ناوی منیش تۆمار بکرێ.١(هەردی، ٢٠١٢، ل١١).

دەبینین لەم دەقەدا و هەر لەسەرتادا دەنگی ژن دەنگێکی یاخییە لـەو فریشـتانەی کـە بەسەرشـانەوە گونـاهی تاکـەکان دەخەنـە تیانووسـەکاندا بنووسـن، راسـتەوخۆ بەرامبـەر بەخودا دەوەستێت و پرسیار دەکـات کـە چـەند هـەزار چـرا لـە مـاڵی خـوا داگیرسـاون،( بێگومان چرا بەمانای رەقیب و هاوکات ئەو هەموو تیشك و چاوەی دەخرێتە سەر ئـەڤین)، کـە لـەپای ئـەوەی مـن لـە درەنگـی شـەودا سێکسـم کـردووە نـاوم بخەنـە دەفتـەری گوناهکارانـەوە.(یاخیبوون لـە ئـەنجامی بێبەشـبوونی تـاك لـە لایـەنێکی گرنگـی ژیـان و هەستکردن بە فشار و ستەم، لەبەرامبەردا دروستبوونی توندوتیژی لێدەکەوێتەوە، هەرکات دەرفەتی رەخسا، ئەو تاکە چەوساوەیە یاخی دەبێت و دەربڕین و یاخیبوونەکەشی بـەپێی ئاستی مەعریفی تاك دەبێت). (المحیسن،٢٠٠٩).زمانی شاعیریش بێگومـان وشـە و شـیعرە، بۆژنانیش کە هـەردەم لـەم کۆمەڵگەیـەدا قوربـانی ئـاین و نەریتـەکانن و هەمیشـە لـە چـێژ وەرگرتن لـە جەسـتەیان و ئەڤینـداری بێبەشـن، ئیرۆتیکـا باشـترین زمـان و دەربڕینـە لـەو یاخیبوونە.

من خۆم دەشۆمەوە و

یەك بەیەکی دەرگاکانی بەهەشتم لێ دادەخرێ

من خۆم دەشۆمەوەو پاك دەبمەوە لە پاکی
پاك دەبمەوە لە بێگوناهی.      (هەردی ، ٢٠١٢،ل ١١).

لەم بەشەی دەقەکە یاخیبوونەکە قوولْ دەبێتەوەو وێنە باوەکانی پـاکی و بێگـەردی و بێگوناهی بەهۆی زمانی شاعیرەوە دەگۆڕێن، شاعیر پێی وایەپاش ئـەوەی خـۆی دەشـوات ئینجا بێبەش دەبێت لەبەهەشت، کە ئەمەش پێچەوانەی باوە، واتا دروستکردنی وێنەیەکی دژە لە شیعرەکەدا ئامادەگی زۆرە، هەروەها هەردوو دەربڕینی( من خۆم دەشۆمەوەو پـاك دەبمەوە لە پاکی) و( پاك دەبمەوە لە بێگوناهی)، واتا شاعیر پێیْ وایە پاش سێکس ئینجا ئـەو پـاك دەبێتـەوە لـەو پاکییـەی کۆمـەڵ کردویەتییـە مـەرجی پـاکیزەیی کـچ و ئـەم ڕەتیکردوەتەوە، هەروەها پاش ئەوەی جەستەی لە ئاقاری چێژدا بـەرەڵا و ئـازاد کـردووە ئیدی هەست دەکات پـاکیش بووەتـەوە لـەوەی پێـی بـوترێ( بـێ گونـاه) بـەمانای پـاك و پاکیزە و بەشەرەف ..............تاد. ئەم وێنانە تەواو جیاوازن و شاعیر هەموو ئەو ناوانە ڕەتدەکاتەوە کە نیشانەی پاکی ژنـن و ئـەو خـۆی ئیرۆتیـك و جەسـتە ئـاوێزان دەکـات بـە مەرجی پاکێتی و بێ گوناهی.

(مهاباد قەرەداغی ) هاو شێوەی چۆمان خاوەنی ئەو زمانە شیعرییە یاخییە کە لە زێدی گوناه و حەرام و حەڵاڵدا گوناهی پێ جوانترە، لە دەقی (خۆشەویستی لە دەڤەری گوناهدا) و لە بەشێکی دەقەکەیدا دەڵێ:

چەند سەیرە،  سەیر!
ڕەنگ و، دەنگ و ، قەوارەی ئەم دۆزەخستانی ئەڤینە  !
چەند نازدارە،
ئەو تاوانەی نابێ نەکرێ،
چەند شیرینە.      (قەرەداغی، ٢٠١٣، ل٤٢٨ و٤٢٩).

مهابادیش ئەڤینی پێ گوناهێکی پاکە، هاوکات گوناه لێرەدا بـەڕوونی دیـارە مەبەسـت لێی سێکسکردنە، وچونکە لە زنجیرە حەرامکراوەکاندا سێکس بـەر لـە ئـەڤین دێـت و ئـاین بەرامبەر بە ئەڤین نەرمترە بـەراورد بـە سـێکس.تەرزە  جـاف زمـانی یـاخیبوونی تیـژتر و ڕاستەوخۆ ترە لە شیعری (حەلاج ئاسا) و دەڵێ"
حەلاج ئاسا منیش بڵێم انا الحق و لەبەردەم

شینە مزگەوتێکدا لێوەکانت ماچ باران!

یانیش

لەجادەیەکی بەچاوتەنراو باوەش بەناو قەدی

سەوزتدا!

وەکو بەچکە کەروێشکێك بەسەر قۆڵتدا خەوم لێ

بکەویٰ!. (تەرزە جاف،٢٠١٣،ل٢٠)

نووسەر بە شێوەیەکی گشتی چ پیاو بێت یان ژن، لە ڕێی خەیاڵگەی خۆیەوە دەنووسێت و ئەمەش داهێنان دروست دەکات، ئەوەشی دەینووسێت بەرهەمی کەڵەکە بووی ئەزموونی رۆشنبیری خۆیەتی، دواجار ئەم ئەزموونە دەبێتە کەرەستەی نووسین). (بشير خلف ،٢٠١٢).

ئەم رۆشنبیرییەش وادەکات نووسەرانی ژن بەرزتر دەنگ هەڵبڕن و دژی دەسەڵاتی مەلا و پیاوانی ئایینی بن کە زۆرجار لە بڵندگۆکانەوە سوکایەتی بە ژنان دەکەن و لەبەرامبەردا تەرزە ئیرۆتیکانە هەڕەشە دەکات، بەڵام لەبەرامبەردا ئەو مەترسییەشی لەبیر نەکردووە کە ئەگەر هەیە ئەو بوێری و یاخیبوونەی تووشی بکات.

دەڵێم بڵێم انا الحق

سەری خۆم بخۆم

ئەم هەموو جوانییەی خۆم ببەخشمەوە گەردووەن !

بێم و جەستەم رووت بچەقێنمە تاریکایی چاوی

دونیا.١(تەرزە جاف، ٢٠١٣، ل٢١).

( یاخیبوونی ژنان بەجەستەیان مانای ئەوە نییە کە جگە لە جەستە شتێکی تر شك نابەن بۆ یاخیبوون، بەڵکو وەك وەڵامێکی بۆ ئەو کۆمەڵەی کە هەمیشە بە ژن جەستە دەبەستێتەوە). (ابو نچال، ،ص ٢). بۆیە ئاگری ئەو مەشخەڵە بە جەستە و گیانی خۆیان دادەگیرسێنن،( هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە زۆربەی ئاین و نەریت و کۆمەڵەکاندا جەستەی ژن وەك پیس و سەرچاوەی گوناهە دەناسرێت، بەهۆی گۆڕانکاریە فیزیکییەکانی جەستەی وەك سوڕی مانگانە و دووگیانبوون). (عبد العقيم، ٢٠١٢).

تەرزە لە کۆتایی دەقەکەیدا دەڵێت:

ناشرینی دونیا بەجوانی خۆم،

بەتەرزە باران داخ

لەسەر جەستەم دانە دانە مۆم

ببمە نوورێك، رێی بەهەشت بە فریشتە وێڵەکانی

ئاسمان نیشان بدەم

تا ئیتر بە باڵە تەنکەکانیانەوە

هەلەکە سەما

دانەدانە خۆیان بە زەوی دا

انا الحق یێك و

عەزرائیل لە تاو نووری من چۆك دادەدا

پێش ئەوەی رۆحم بە چەشنی نوورێکی سەوز لە

مەمکی چەپمەوە شمشێرئاسا،

تیژ، رووناك بەرەو ئاسمان،

دەڵێم:بڵێم..... (تەرزە جاف،٢٠١٣، ل٢١)

وەك دەبینین تەرزە، جەستەی خۆی بە رێ نیشاندەری فریشتەکان دەزانێت، ئەمـەش بەو مانایەی جەستە و بوونی رووتی ئەو لە بوونی ئەوان حەقترە.( گەر ژن یەك جار لە نـاو کۆمەڵدا لە ژێر مەترسی و لە پەراوێزدا بێت، ئەوە ژنانی نووسەر دوجـار، جارێـك وەك ژن و جارێك وەك نووسەر و خاوەنی ئەدەبی ئیرۆتیـك و داهێنـەرانـە). (ابـو نچـال، ص٢)،چـونکە ژنانی نووسەر بیرو باوەڕ و هەستەکانی خۆیـان دەنووسـنـەوەو دەیانخەنـە روو و بەرچـاوی هەزاران کەس دەکەون، بۆیە زۆرجار دەکەونە بەر هەڕەشە و سوکایەتی پێکردنیان لەلایەن کۆمەڵ و دەسەڵاتی ئایینی بەتایبتە لەسەر ئەو نووسینانەی دژە ئاینن یان ئیرۆتیکین.

تەوەری دووەم: جۆرەکانی ئیرۆتیك لە شیعری ژناندا

شاعیر بوون واتا گەڕان بەدوای شاراوەکاندا، ( شـیعر واتـا مەعریفـەی گـەڕان و رونیـا و هـەڵکۆڵینی چـواردەوری شـاعیر و خسـتە رووی نادیارەکـان). (عاچـی، ٢٠٠٩،ص٣).بۆیـە دەبینین هیچ کات شیعر تام و رەونەقی خۆی لەدەست نـادات و هەمیشـە ئـەو وشـانەی لـە شیعردان کە هەرچەند جیاواز نین بەڵام جیاواز دەردەکەون، وەك ئەوەی یەکەم جار بن بەر

هەستەوەرەكان بكەن، (چـونكە شـیعر دووبـارە شـتەكان دروسـت دەكاتـەوە وەك ئـەوەی پێشتر لە سروشتدا پەرش و بڵاو ببونـەوە، هـەر ئـەم كردەیەشـە جۆرێك لـە تازەگـەری و داهێنانی نووسین دروست دەكات).٢.(هەمان سەرچاوە، هـەمان لاپـەڕە)، ئیرۆتیـك یەكێكـە لەو رەگەزە جوانانەی شیعر كە وەك هەزارەها گەردی پەرش و بڵاو دەكەونە بـەر بـەهرەی شـاعیر و لەدەقـدا پوخـت دەكرێنـەوە( ئیرۆتیكیـەت و رووتـی پەیوەسـتن بـە غـەریزەی سێكسـیەوە لای مرۆڤ،كـە لـە زۆربـەی كۆمەڵگەكانـدا تـا ئـەمڕۆش بـە ئـازادی ناتوانرێـت گوزارشتی لێ بكرێت). (سـاڵح، ٢٠١٦،ل٢١٩). بـەڵام نووسـەران هەمیشـە بـوێری ئـەوەیان هەبووە دەست بەرن بۆ ئەم لایەنە و نەك هەر تێكەڵ بە ئەدەبی بكەن، بەڵكو داهێنانیشـی تێدا بكەن، چونكە ئەدەب و بەتایبەتی شیعر لە زمانی یاسا و حـەرام تێناگـات( یـەكێك لـە سیفەتەكانی شیعر ئەوەیە ناچێتە ژێر باری هیچ یاسایەكی لۆژیكییەوە، واتا سـنورێك نییـە ئـــەم پێوەرەكـــانی قبـــوڵ بكـــات). (محەمـــەد،٢٠١٢،ل١٩). سێكســـیش یەكێكـــە لـــەو قەدەغەكراوانـەی هەمیشـە دزەی كردووەتـە ئەدەبیاتـەوە، ژنـانی نووسـەر و بەتایبـەتی شاعیرانیش بەدەر نین لەم یاخیبوون و بوێرییـە و دژی لۆژیـك وەسـتاونەتەوەو لـە شـیعردا خۆیان و بیركردنەوەكانیان رووت كردووەتەوە.

ئـەدەبی ژن، یـان ئـەدەبیاتی ژنانـە، نووسـینی ژنانـە و شـیعری ژنانـە، هـەموو ئـەم دەستەواژانە رۆژانە بەكاردێن و دەدرێنە پاڵ ئەو ئەدەبـەی ژن نووسـەرەكەیەتی،( هەنـدێك لە رەخنەگران بـەهۆی تـازەیی بابـەتی ئـەو ئەدەبـەی ژن دەینووسـێت، پێیـان وایـە ئەمـە ئەدەبێكــە تـــەواو ژنانەیـــە و گوزارشـــت لـــەخودی ژن دەكات).(محەمـــەد، ٢٠١٢،ل٣)، فیمینیستەكانیش ئەم جۆرە ئەدەبە بـە ئـەدەبی فیمینیسـتی و بەرەنگاربوونـەوە دەدەنـە قەڵەم، تەنانەت ئەو شیعرانەش كە ئیرۆتیكین و بە ئیرۆتیكی بەرەنگاربوونـەوەو وەرگـرتنی دەسەڵاتی سێكسی لە پیاوی دەدەنە قەڵـەم. لەكاتێكدا ئـەوەی ژن دەینووسـێت تەنانـەت گەر ناوی ( ئەدەبیاتی ژنانە)شی لێ بنرێت دیسانەوە ئەدەبیاتێكی مرۆڤانەیـە و گوزارشـت لە حەز و خولیـای و دونیـا بـینی و روئیـای مرۆڤێك دەكـات كـە مێینەیـە، (ئـەو ئەدەبـەی دەینووسـن زیـاتر ئـەدەبی مێینەیـەو چـێژەكانی بەرامبـەر نێرینـە زیـاتریش بەدەرخسـتنی ململانێی عەقڵێ شاراوەیە). ( یوسف عوسمان حەمەد، ، ل ١٥٢).

## ١-٢: ئیرۆتیك و ئەڤین

ئیرۆتیك هەرچەندە پێشتر بە تێر و تەسەل باسمان کردووە، دیسانەوە دەبێت بە وردی قسەی لەسەر بکەین و لە دەقە شیعرییەکانی ژناندا فۆرم و جۆرەکانیان دیاری بکەین، ئیرۆتیك بەتەنیا سێکسی رووت نییە، زۆربەی جارەکان ئەڤینە( بە پێی پۆلینی کلاسیکی بێت دوو جۆر خۆشەویستی هەیە، خۆشەویستییەك پەیوەندی بەجەستەوە هەیە، خۆشەویستیەکیش پەیوەندی بەروحەوە هەیە). (عواچە، ١٩٩٩،ص١٧). واتا دوو جەستە کە یەکتر قبولّ دەکەن و یەکتر دەگرن و دەتوانن وەك دوو ئینسان لەیەکتر تێ بگەن و یەکتر ئاسودە بکەن و دواجار بگەن بە چێژ، بەوە خۆشەویستی جەستەیی دروست دەبێت، لەوێشەوە بۆ روح شۆر دەبێتەوە، کاتێك دوو ئینسان ئەڤین جەستەیان بەیەکتر دەگەیەنێت، قوولّ یەکتريان دەوێ و ئەمەش جۆری خۆشەویستی جەستەییە، جۆری دووەمیش خۆشەویستی روحی کە زاهیدەکان زیاتر پەیڕەوی دەکەن لە پێناو خودا یان مەبدەئێکی ئینسانی، یانیش مرۆڤێك کە تەنیا بەرووح ئاشنای یەکترن. (قوبادی جەلیزادە) لە چاوپێکەوتنێکدا سەبارەت بە ئەڤینی جەستەیی دەلّێت(من لە رێگای جەستەوە دەڕوانمە خۆشەویستی، چونکە سەرەتای هەموو پێوەندییەکی نێر و مێ لە جەستە و رووخسارەوە دەست پێدەکات، واتا خۆشەویستی ئەوەندەی پێوەندییەکی ماددی و جەستەییە، نیو ئەوەندە پێوەندییەکی رۆحانییە). (سالّح،٢٠١٣،ل١٤١). ئاشکرایە هەم خۆشەویستی و هەم سێکس لەلای ژنان و پیاوان جیاوازن و مەبەستەکانیشیان جودایە( ئاشکرا پیاو لە پێناوی سێکسدا خۆشەویستی دەکات و ژنیش لە پێناوی خۆشەویستی سێکس دەکات). (بۆکانی، ٢٠٠٨، ل ١٥).

(تەرزە جاف) لە شیعری ئەو منداڵەم خۆشدەوێ زۆر تامەزرۆیانە و ئەڤیندارانە شیعر و خۆی و ئەڤین رووت دەکاتەوە و دەلّێت:

من باسی من و تۆ نا
باسی ئاوێنە
ئەو ئاوێنەیەت بیرە؟
ئەوکاتانەی ماچ لە لێوەکانمانەوە شەرابی سوور
نەرم نەرم؟

من باسی ئەو ئاوێنەیە دەكەم
هەناسە و تاسە و پریشكەكانی : وێنەی تەڕ !
بێشەرمانە بە چاومانیدا دەدایەوە. (جاف ، ٢٠١٣،ل١٥).

لێرەدا تەوەری سەرەكی سێكسێكی ئەڤین ئـامێز و لـەزەت ئامێزەكـە و ئاوێنـە شـایەتی تێكەڵاو بوونی دوو جەستەی ئەڤیندارە، وەك دەبینین لێـرەدا تـەرزە بـە مـاچ و هەناسـە و پریشكە، كە سێ شتن لە كاتی سێكس و ئەڤین كردندا جەستەكان دەیخولقێنن چیرۆكەكەی باس دەكات، ئەمەش جۆرێكی ترە لە ئەڤینـداری كـە دووبـارە سـێكس لـە بۆتـەی وشـە و شیعردا زیندوو رابگیرێت.

لـە بەشـێكی تـری هـەمان دەقـدا درێـژەی پـێ دەدات و قـووڵتر و روونـتر و ئیرۆتیكانـە تـر دەدوێ"
ئەو ئاوینەیەی دەیناسییەوە
لەپی دەستی مەستی من و
رووخساری تۆ؟
هەر ئەو ئاوێنەیە لـە ژوور سـەرمان تەماشـای دەكـردین و تاسـەی ئێمـەی هـەڵم لەسـەر نیشتوو. (س.پ)

تەرزە لێرە باسـی خۆشـترین و قووڵـرین سـاتی تێكـەڵ بـوونی دووگیـان و دوو جەسـتە دەكات كە بەهۆی جوڵە و هورژومی جەستە هەناسـەیان تـەنگ دەبێـت و لەسـەر ئاوێنەكـە دەنیشێت، ئەمەش هەم وێنەیەكی واقیعی نیمچە فانتازییە هەم زۆر ئیرۆتیك چونكە ئاوێنە كەرەستەیەكی ئیرۆتیكییە كاتێك رەنگدانەوەی وێنەی دووعاشقی رووت دەگوازێتەوە.

تەرزە لە كۆتایی شیعرەكەیدا دەڵێت :
ئەو ئاوێنەیە شایەتی زەردەخەنە ماندووەكانمان بوو
كاتێ تەنیا ئەو نیگاكانمانی دەگەیاندنە یەك؟

ئاوێنە لێرە باسكراوی سەرەكییە و شایەتحاڵی یەكەمە، كە وێنـە و تێكـەلاو بـوونی دوو جەستەی بینیوە، كە دوو عاشـق پـاش سێكسـكردن و یـەكتر گەوزانـدن و مانـدوو بـونێكی جوان زەردەخەنەیەكی پڕ شەرم و ئەڤین كە لە ئاوێنەكەدا یەكدەگرن، بێگومان باسكردنی

ئەو پەیوەندییە بەو جوانییە و بەو خەمگینییە، نیشانی ئەوەیە لـە پشـتی ئـەو سێکسـەوە ئەڤینێکی قووڵ هەبووە، تەرزە بە شێوازێکی خەمگینانە کۆتایی بە شیعرەکەی دەهێنێت و خەمگینانە دەبێژێ:

ئەو ئاوێنە بێ شەرمە هەوەسبازەت بیرە؟

ئێستا کە دەچێتە بەردەمی

تاق و تەنیا،

شەرم ناکەی

هیچ نەبێ لەو. (جاف، ٢٠١٣،ل ١٦).

مەرج نییە هەمیشە شیعری ئیرۆتیکی دڵخۆشکەر بێت، کاتێك ئـەو پەیوەندییـە تـەنیا لـە نوستالژیاماندا ماوەتەوەو جۆرێك لە خەمگینی لە خۆ دەگرێت ( دەقەکان خاڵی نین لەخـەم و مەینەت و دڵەراوکێ، هەنـدێ جـار بـە وێنـەی شـیعری گوزارشـت لەگەمـەی ئیرۆتیکـی و جۆرێك لە نائومێدی دەکرێت).(سەراج، ٢٠١٥، ل١٤٧).

پێوەندییەکـە بەسـەر چـووە و تـەنیا وەك پەردەیـەکی تـەماوی لـە مێشـکی نوسـەردا ماوەتەوە، تەرزە یادی ئەو رۆژە خۆشانە دەکاتەوەو پاشان خەمگین دەبێت کە ئەو رۆژانە بەسەر چوون و دەبێت شەرم لەو ئاوێنەیە بکەن کە رۆژانێك شایەتی راموسانەکانیان بووە.

لە شیعری(ئەم پیاوەی من)ی لازۆ ئازاد دا ئیرۆتیك تێکەڵ بە ئەڤین و جۆش و خرۆشـان دەبێت و لە ساتەوەختی نووسینەوەشدا شاعیر دەبێتە بڵێسە ئاگرێکی بوێر و دەڵێت:

ئیتر بەدەم پیاسەوە

یەکتر پڕ ئەکەین لە ماچی تەڕ

لە باوەشی بۆندار

لەگازی نەرم. (ئازاد،٢٠٠٧،ل٤٣).

ماچی تەڕ ، بەواتا ماچی دەم و مژینی لێو، چـونکە تـا دوو دەم نەگـەن بەیـەکتر تـەڕی دروست نابێت، کاتێك شاعیر دەڵێـت ماچـی تـەڕ، مەبەسـتی ئەوەیـە لـە ترۆپکـی ئـەڤین و ئیرۆتیکدان، دەنا گەر بەسەر پێی و تیژتیپەڕ یەکتر ماچ بکەن تەڕی دروسـت نابێـت. مـرۆڤ کائینێکی کۆمەڵایەتییە، ئەمەش وادەکات ئارەزووی پەیوەندی و ئەڤین و تێکەڵی بکـات، ( بوونی مرۆڤ لە ناو کۆمەڵگادا وایلێـدەکات حـەزوو ئـارەزووی بـەرەو جەسـتەی ئـەوانی تـر

کێشی بکات، ئارەزووکردن بۆ جەست، یان بەدەربڕینێکی تر ئارەزووی سێکسی دیارترین جۆرەکانی ئارەزووە). (حەوێز،٢٠١٤،ل ٢٠٤). ئەم ئارەزووە وادەکات هەوڵی تاقیکردنەوەی هەموو بەشەکانی جەستەی یەکتر بدەین، بە هەموو ئامرازەکان تامی یەکتر بکەین، وەك لازۆ دەڵێت: لە گازی نەرم، بێگومان گازی بە هێز هەم نیشانەی هەڵچوونە و هەم سیفەتێکی ئاژەڵانەی دڕندانەیە، هاوکات زیاتر لە لاقەکردنەوە نزیکە تا سێکسی دوولایەنە، بەڵام وردە گازی نەرم و لە شوێنی خۆی، وروژان و ئەڤین و ئیرۆتیکە. باسکردنی ئیرۆتیك و هەنگاوەکانی ئاوێتە بوون لە دەمی ژنێکەوە زۆر جوانە، گەر ئەو ژنە شاعیریش بێت و گەمە بە وێنە و زمان بکات ئەوە جوانتریشە، چونکە ئەمە شتێکی نامەئلوفە و کەمتر ژنان قسە دەکەن و هەندێ جاریش ئەوە دەدرێتە پاڵیان کە ساردن،( ژنان لە پیاوان بەهێزترن لە خۆکۆنترۆڵکردن و ئارەزووی سێکسی، بۆیە تێکەڵنەکردنی ژن و پیاوان لە ترسی پیاوانە نەك ژنان). (المرنیس،٢٠٠٥، ص١٥)، بۆیە ساردی ژن تەنیا پەیوەندی بە خۆ کۆنترۆلکردنەوە هەیە کە هەموو کات و بۆ هەموو کەس دەرگاو پەنجەرەکانی ناکاتەوە، چونکە مەرجی ژن متمانە و ئەڤینە بۆ واڵاکردنی پەنجەرە، تەرزە جاف سەبارەت بەم متمانەیە لە شیعری سەوز بووندا دەڵێ:

وەك بلێسەیەکی خەواڵوو

سەمفۆنیای بەلەشی من دەژەند

منیش ئارام

تا سنووری خەو، خاو

کلیلیی ئەو گەنجینانەم پێشکەشی کرد کە لە ئەزەلەوە شاردبوومنەوە. (جاف، ٢٠٠٩، ل ٦٥).

دیارە کلیلی گەنجینەی ژن زۆر شت دەگرێتەوە، هەر لە پەردەی کچێنی تا دەگاتە هەموو بەشە تایبەتەکانی لەشی ژن و هەروەها دەتوانین باسی ئەوەش بکەین کلیلی نهێنی واتا حەزەکانم، توانا و جووڵە سێکسییەکانم. ئەمەش بە ئەڤین نەبێت ناکرێتەوە.(یاسا کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بە ژنان، ژن ناچار دەکات حەزەکانی بشارێتەوە، ئەمەش وادەکات ئارەزووی مازوخی و حەزی ئازارادانی لا دروست بێت و ئەمەش لە کاتی سێکسدا

زیاتر دەردەکەوێت). (المرنیس، ٢٠٠٥، ص٢٩)، بۆیە دەبینین وەختێ ژنێکـی خەفـە کـراو دێتە سەر باسی سێکس هەڵچوونی پێوە دیارە.

( نیگار نادر )لە بەرهەمێکی شیعری تەواو ئیرۆتیکیدا زیاتر ئەم هەڵچوون و هێـرش بردنـەی پێوە دیارە و لە دەقێکی کورتدا بەم شێوەیە لە ئیرۆتیك و ئەڤین و هەستی خۆی دەدوێت:

هاتی لەسەر سەری من هەڵنیشتی و
رات پەڕاندم و هاتمە سەر سەرت و هەڵنیشتم و
دامچڵەکاندی دەتویست بمگری دەمویست بتگرم
ماندوو بووین هەردووك ماندوو. (نادر،٢٠٠٦،ل٣٤).

وەك دەبینین زمانی نیگار زمانێکی بە رووکـەش سـادە و لـەناوەوە قووڵـە، بـاس لـەوە دەکات بەرامبەرەکەی هێرشـی بـۆ هێنـاوە و بـە جووڵـەی خسـتووە، ئـەمیش وەك ژنێکـی پەنگخواردوو و خاوەن هەست هەمان کاری کردووە، هەردوولا ویستوویانە بگەن بە قووڵایی یەکتر و هەردووك بەهۆی یەکسانی حەز و هەست و تواناوە یەکتریان ماندوو کردووە.

ئەم دەقانە زیاتر لە ئیرۆتیك بۆنی بوێری و جەستە ناسی و شـارەزایی سێکسـییان لێـدێت. لە شوێنێکی دیش بە کورتی و سادەیی حەزی خۆی بۆ تاسەیەکی قووڵ و سێکسێکی خێرا دەردەبڕێ و دەڵێ:

هەکە ژیانم داکەن راست وەبن خۆت
دامەوە و بەنێو چاوەکانم وەربویەوە. (س.پ.١٠١).

ئەم شیعرە زۆر بە زمانێکی سادە نووسراوەتەوە، بەڵام هەڵگری چەندین کۆدی زمانی و سێکسـییە، لـە دێـڕی : هەرکـە ژیـانم داکەنـد، ژیـان جلـە، رووتبوونـەوەی ماددیـە، رووتبونەوەی روحە، کرانەوەی ژنە بەرەووی ئەڤین و و پیاوێکی تایبەتـدا، داکەنـدنی ژیـان خۆ داماڵینی لە وجود و خۆ تەیار کردن بۆ یەك کەس و یەك شت کە ئەڤین و ئیرۆسە.

" وەبن خۆت دامەوە " بێگومان پاشگری (ەوە) بۆ پاتکردنەوەی کردەیەکە، واتـا ئـەم دو ئەڤیندارە کە یەکیان نیگاری شاعیرە و ئەویتر کەسێکی لەئێمـە نادیـار یەکـەمجار نییـە ئیرۆتیکانە ئەڤینداری دەکەن و یـەکتر وەن یـەك دەخـەن، هـەروەها " بـە نێـو چـاوەکانم وەربویەوە "، جۆرێکی جوانی ئیرۆتیکە کە دوو جەستە بەتەواوەتی جووت دەبن چاوەکانم دەچنە بەرامبەر یەکتر و بێ وشە هـەزار ئـەوین و راز و هەسـتی گـەرم دەگۆڕنـەوە. زمـانی

نیگار زمانێکی سادەیە، زۆر کەس پێیان وایـە ئـەم بەرهەمـە شـیعر نییـە و قسـەی رووتـە، ئەمە لە کاتێکدایە قسەی رووت هیچ کات ئەوەنـدە جـوان نییـە، تـەنیا ئەوەیـە شـیعرەکان بـەزمانێکی سـادە و واتایـەکی قـووڵ نووسـراونەتەوە ( ئـەم سـادە بوونـەش نـاتوانن بـە ئەندازەیەکی گەورە زیان بە بوونیادی قەسیدەکان بگەیەنن). (محەمەد، ٢٠١٢، ل ١٣). ئەم بەرهەمی نیگار زیاتر لە شێوەی نووسینی رۆژانەن، بەڵام بەدەگمەن رۆژنووسەکانی بەدەرن لە شیعر، بگرە زۆربەیان شیعرن و ئیرۆتیکیشن، حەمە سەعید حەسەنی رەخنەگر لە بارەی ئەم بەرهەمەی نیگارەوە دەڵێ(ئەمە یەکەمین جارە، شاعیرێك بێ ئەوەی باز بە سـەر تاقـە رۆژێکدا بدات، بیرەوەرییەکانی ساڵێکی تەواوی خۆی بنووسێتەوە. لایەنێکی نـوێی دیکـەی کتێبەکە ئەوەیە، رووپەلەکانی شێوەی رۆژژمێریان هەیە، وەلێ لایەنی هەرە سەرنجڕاکێشی ، ئەو بوێرییـە بـێ وێنەیـە کـە یەکـەمین جـارە نووسـینی کـوردی بـە خۆیـەوە دەبینێـت). (حەسەن،٢٠١٢). وێنە و شیعری ئیرۆتیکی لەم بەرهەمەدا زۆرن وەك نموونەی:

سەرم بخورێنە ئەورۆ

دێمە سەر زگت و ژیان لە خۆم دادەماڵم. (نادر، ٢٠٠٦،ل١١٠).

هەروەها شیعرێکی تریش کە تەواو ئیرۆتیکییە و ئەڤیندارانەیە بە زمانی ژنێکی عاشق و تەنیا و پڕ لە ئارەزووی ئیرۆسی دەڵێ"

وەرە تا گچکەترین درز لە

نێوانمان نەمێنێ

ئەورۆ نازانم نازانم ناوم چییە

چ رەنگە کراسێکم لەبەرە. (هـ.س، ل١١١).

دەبینین لەم کورتە شیعرەدا شاعیر داوا لە خۆشەویستەکەی دەکـات هێنـد تونـد خـۆی پێوە بنووسێنێ نەك بۆ شایی، بەڵکو درزێکی بـاریکیش نەکەوێتـە نێوانیانـەوە، ئەمـە گـەر ئـەڤین نـەبێت لـە بـەرگی ئیرۆتیکـدا چـیترە؟ هاوکـات شـاعیری داواکـاری قسـەکەر هێنـد تامەزرۆیە تەنانەت نازانێ ناوی چییە و جلەکانیش چ رەنگە، ئەوەی دەیزانێ ئارەزوویـەکی بەهێزی پێوەوە لکانە.

لازۆ لە شوێنێکی دیکەشـدا دوو بـارە خـۆی تێکـەڵ بـە دونیـای گـەورەی ئـەوین و مەسـتی ئەویندارە دەکات و بەزمانێکی ژنانەی ئیرۆتیکایەنە دەڵێ:

**منی کاڵ، منی کچ، منی ناو قەڵای خەیاڵ.**

**نازانم**

**ئەوەی ئەملێسێتەوە لێوی تەڕێ ئەوە یان باران؟**

**ئەوەی وشکم ئەکاتەوە، هەناسەی گەرمی ئەوە یان ترسی خوا؟. (ئازاد ،٢٠٠٧، ل١٣١).**

**شاعیر لەم چەند دێرەدا باس لـەوە دەکـات کـە بەرامبەرەکـەی بـەجۆرێك رایدەموسـێت وەك ئەوەی لێوەکانی باران بن هێند تەڕن، لازۆی شـاعیر جیـاواز باسـی ئێرۆتیـك دەکـات، هەمیشە خۆی وەك ژنێکی بە هێز و مەکر نیشان دەدات، هاوکات لە نووسینیەوەی ئەڤین و ئیرۆتیکدا لێزانە( ئەم شاعیرە توانیویەتی جۆرێکی تر لە شیعر یان مومارەسەکردنی عیشق لەناو دەقدا ئەنجامبدات، کە ئەمەش دەکرێت ببێتـە هـۆی ئـەوەی هەڵوەسـتە لەسـەر ئـەم ئەزموونە بکەین). (محەمەد، ٢٠١٢، ل٧١) ، کە هەم عاشـقە و هـەم دڵـرەق، هـەم بـوێرە و هـەم ترسـاو، بوێرانـە باسـی تـەڕی یـار دەکـات و دواجـار دەڵـێ " لـە ترسـی خـودا وشـك دەبمەوە، ئەڤینم بیر دەچێتەوە.**

## ٢-٢: ئیرۆتیك و بوێری

نووسین بۆ ژن لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی بە گشتی و کۆمەڵگەی کوردی بۆ ژنان یەکێکە لە سەختییەکان، بەڵام دیسان هەموو لەمپەرەکان نەیانتوانیوە رێگربن لەبەردەم نووسینی ژن و بوێری نواندن لەم بوارەدا، چونکە ئەم ئەدەبە دەنگی ژنە( ئـەدەبی ژن ئەدەبێکـە تێیـدا ژن کۆشش بۆ سەلماندنی خۆی دەکات و لە رێی کێشانی وێنەی راستەقینەی خۆیەوە نـەك ئەو وێنەیەی پیاو بـۆی کێشـاوە). (حەسـەن، ٢٠١٢،ل١٠)، بـۆ وەسـتان دژی تـەواوی ئـەو وێنانەی ژن کە پیاو کێشاویەتی بۆ ژن باشترین شت وێنەکێشانی ژنە بۆ خۆی، ئەمەش لـە شیعردا جوانتر دەردەکەوێت، ئەمەش زۆر جار ناوی ئەدەبی ژنی لێ دەنرێت (ئـەدەبی ژن، پێـداگرتنی ژنــە لەســەر ئینســانبوونی خــۆی نــەك ئــەدەبێکی جیــاواز لــە ئــەدەبی ئینسانی).٢(هەمان سەرچاوە،هەمان لاپەڕە). ئەم جۆرە ئەدەبەش دەتوانرێت قبوڵ بکرێت سەرەڕای دژایەتیکردنی زۆرێك لە ژنـان لـەم دەسـتەواژەیە و سـەرەنجی خراپـی زۆرێـك لـە رەخنــەگرانی پیــاو بۆی(باســکردنی لــە ئــەدەبێکی تایبــەت بــە ژن، بەمەبەسـتی سـووك سەرنجدانی بەرهەمی ژنان نییە، بەو مەبەستەیە کە بە بەرهەمەکەوە دیـارە نووسـەرەکەی ژنــە، ئــاخر لــە هــەموو بەرهەمێکـدا کــەم تــا زۆر هەســت بــە هــەبوونی نووســەرەکەی دەکــەین).(س. پ، ل ١١). لەمەســەلەی ئــەدەبیاتی ئیرۆتیکیشــدا ژنــان حەزدەکــەن و ویستویانە خۆیان گوزارشت لە حەزی جەستەیی و ئەندامە هەسـتیارەکانی خۆیـان بکـەن و لەم پرۆسەیەدا خۆیـان جڵـەو بگرنـە دەسـت، چـونکە ئینسـان خـۆی لەهەمووکـەس زیـاتر حەزەکانی خۆی دەناسێت، پاراستنی پەردەی کچێنی لەم کۆمەڵگایانەدا شـتێکی سـەختە، ژنێك دێت و لە شیعردا ئەم پەردەیە هێند بوێرانە تەسـلیم دەکـات کـە شـیعر و بـوێری لـێ دەچۆڕێت، چۆمان هەردی لە شیعری (ماڵئاوایی لە بێگوناهی) دەڵێت"

خوا حافیز ئەی کچۆڵە شەرمنەکە

کاتی دابڕان هاتووە

ئاوێنەکانم خۆشدەوێ

بە گوناهباری چەند جوانترم. (هەردی، ٢٠١٢، ل١١).

لێرەدا سیمبولەکان لەبەرژەوەندی ئیرۆتـیکن بـەڵام لەبـەرگێکی پۆشـتەدا، بۆنموونـە " خـوا حـافیز ئـەی کچـۆڵە شـەرمنەکە " واتـا مـن گـەورە دەبم، ئـیتر سـینگ و جەسـتەم

ناشارمەوە، لەبەردەم دیمەنی ئیرۆتیکی شەرم نامگرێ، خۆشویستنی ئاوێنە دیوی دووەمی ئەڤینە، کە وادەکات خۆمان جوانتر ببینین و هەمیشە بچینە بەردەمی، هەروەها رستەی " بە گوناهباری چەند جوانترم " رێك مانای ئەوە دەدات ئیدی من گوناهە گەورەکە ( سێکس) م کرد، ئەمەش جوانتری کردووم، چونکە کە ئێمە دەگەینە بڕیاری سێکس و ئەڤین و گوناهکردن، کەواتە گەیشتوینەتە کەمال و گەورە بوون، هاوکات سێکسکردن لەگەڵ ئەویندارى خۆت جوانترت دەکات، ناوبردنی سێکس بە گوناه بەهۆی کاریگەری ئاین و کلتووری کۆمەڵگەی شاعیرەوە، کە تووشی چەپاندنمان دەکات، بەڵام نووسەر خۆی لە هەموو ئەو تەلبەندانە رزگار دەکات (کەواتە مرۆڤی هوشیار ئەو کەسەیە چۆن لەو هەموو چەپاندنە خۆی رزگار دەکات، جا ئەم ئازاد بوونە لە بواری موومارەسە یان وتن یان دارشتنی وشەوە بێت ). (محەمەد، ٢٠١٢، ل٧٢).

نیگار نادریش دەڵێ:

بۆ ئەوەی خۆمت لێ بشارمەوە خۆم

دەخزێنمە بن بەتانی لێ دەبینم لەوێ

گەرمتر پێم وەردەبی. (نادر، ٢٠٠٦،ل١٢٥).

دەبینین شاعیر بێ ئەوەی راستەوخۆ باسی سێکس بکات دەقێکی ئیرۆتیکی کورتی نووسیوە بەڵام پڕ لە ئەندێشەی ئەڤین و راستەوخۆ چووەتە بن بەتانی کە شوێنێکی سێکسییە لە هزری هەمووماندا بەتایبەتی گەر ژن و پیاوێکی لەژێردا بێت.

(جەستە هیچ نرخێکی نابێت گەر بێت لە سستمی جەستەیی دا ، واتا ئەرکی نەبێت، ئەرکیش جۆری زۆرە و سێکس و ئەڤینداری یەکێکە لەوان). (بیدوح،٢٠٠٩، ص١٥). ئێمە دەبێت بوێری ئەوەمان هەبێت پێداویستییەکانی جەستەمان دابین بکەین تەنانەت گەر ئەمە قەدەغە و یاساغیش بوو، چونکە بوێری باڵاترین جۆری چێژ بە ئینسان دەدات. لە روانگەی محەمەد ئیقبالی شاعیری پاکستانییەوە (تاقە رێگەی گەیشتن بەخودا ئەوەیە ئینسان بەردەوام خۆی لە کۆت و پێوەندی کۆیلایەتی ئازاد بکات و نەبێتە کۆیلەی هیچ دەسەڵاتێك). (حەسەن، ٢٠٠٨، ل١٦٦).

کەژاڵ ئەحمەد لە شیعری " ئەرا پیاوێکی سوریالی " بە زمانێکی ژنانەی بوێر پرۆسەیەکی سێکسی ئەڤیندارانە دەخاتە شیعرێکەوە و دەڵێ"

لەگەڵ ماسییە گەورەکە

بکوژترین مەلەمان کرد

لەگەڵ جووتە هەڵماتەکە

هاوار و ئاهەکانیشمان یاری بوون. (ئەحمەد،٢٠٠٦، ل١١٤).

دەبینین سیمبولەکان هەرچەند شاراوە بن ئـەوە دیسـان نـاتوانن مەبەسـتەکانی کـەژاڵ بشارنەوە، چونکە زیرەکانە و شاعیرانە و لە شوێنی خۆیان بەکار هاتوون، ماسییە گەورەکە کە ئاماژەیە بۆ ئەندامی نێرینەی پیاو، هاوکات چوواندنی بـە ماسـی چـونکە هـەم لـە رووی شـێوەوە نزیکـە لـە ماسـی و هاوکـات بـەهۆی کـردەی جـووت بـوون زیـاتر هاتووچـوی لـە مەلەکردن دەچێت، بێگومان جووتە هەڵماتیش ئاماژەیە بۆ جووتە گونی پیاو.

دەبێت چی لەوە بوێرترت بێت ژنێك بێـت و بڵـێ " مـن لـەکاتی سێکسـکردندا یـاریم بـە ئەندام و گونی خۆشەویستەکەم کردووە و ئـاه و نـاڵینم گەیشـتووە بـە ئاسمـان؟ جگـە لـە ژنێکی شاعیری رچە شکێن کێ دەتوانێ وا بڵێ؟ قسەکردنی ژنی کورد لەسەر سێکس چ لـە نووسیندا و چ لە دەرەوەی نووسیندا بۆ ئێمە تازەیە چونکە هەم سێکسکردن و هـەم قسـە کردن و خۆ هەڵکێشان لەم بوارە بەشی پیاو بووە چونکە پیاو خۆی بە بکەری سـەرەکی و کۆتایی زانیوە (لە کردەی سێکسـدا چ پیـاو چ ژن هـەردوو کیـان بکـەرن، کەسـیان بـەرکار نین). (حەسەن ،٢٠٠٨،ل١٩٧)، بەڵام لای ئێمە هەم لە ئـەرزی واقیعـدا و هـەم لـە نوسـیندا هەمیشە پیاو بکەر و ژن بـەرکار بـووە. کـاتێکیش دەڵـێین ئیرۆتیکـی بوێرانـە مەبەسـتمان ئەوەیە شیعرەکە هەم ئیرۆتیکـە و هـەم ئاماژەکـان راسـتەوخۆن، لەپشـتی وشـەو رسـتەی تەماوی مەبەستەکان نەخراونەتە روو.

(نەزەند بەگیخانی) لە شیعری ( دڵنیایی ) باس لە کاریگەری نزیکی و جۆش و خرۆشـی خۆی دەکات و جووتبوون بە باوەشی دڵنیایی دەناسێنێت و سێکسیش وەك شتێکی جوان:

نهێنییەکان بانگمان دەکەن

بمشارەوە لە ناو شینایی جەستەت

باتاریکی شتەکان نەبنە هێڵی نێوانمان

باهێڵەکان نەبنە سنووری لە بیرکردن

لەپشت سەری تیشك دانیشتم

ئاه چەند گەرمە نزیکبوون

چەند نزیکە پێکەوە بوون. (بەگیخانی،٢٠٠٤، ل ٣٢).

چەمکەکانی(نهێنی، شاردنەوە، تیشك، گەرمی) هەموو ئەمانە لەم دەقەدا خزمەتیان بە ئیرۆتیك کردووە، شاعیر باسی ئەوەی کردووە کە نزیکایەتی لە جەستەی یار چەند گەرمە، کاتێك ژنێك بوێری ئەوە بەخۆی دەدات کە بڵێ ( سێکسکردن گەرم و گوڕی و تین و ئەڤینە) ئەمە بوێرییە و جوانیشە، چونکە ژن هەر وا فێرکراوە خۆشی بدات نەك وەربگرێت. هاوکات پیاو نازانێت ژن چی پێخۆشە و چی دەوێ (پێداویستییە سۆزدارییەکان لای ژن بەتەواوەتی جیاوازن لە پێداویستییە سۆزدارییەکانی پیاو).(ئەلنعێمی،٢٠٠٨، ل٢٥٥). لەوانەیە ژن هەندێ جار بە باوەشێك رازی بێت و هەندێ جاریش زیاتری بوێ، بەڵام وەختێ خۆی پرۆسەکە بەڕێوە دەبات باش دەزانێت چی دەوێ، لە شیعری ژنانی شاعیریشدا بەهەمان شێوەیە، باش دەزانن کام دەستەواژە و وشە و رستە ئیرۆتیکییە و چ خەیاڵی شیعری بەرزە فڕ دەکات.

نەزەند درێژە بە بوێری خۆی دەدات و لە شیعری ( گۆڕێکی شوشە بەند) بەزمانی ژنێکی شاعیری هەستێکی ژنانەی بوێر دەگێڕێتەوە وەختێ لەناکاو جەستەیەك تێکەڵ بە جەستەی بووە و دەڵێ:

لەناو دەشتایی بادا

چوار مشقی دانیشتبووم

ئەو بەپەلە خۆی کرد بە ژووردا

بوار نەبوو بۆ هەڵکردنی چرا

لەتاریکیدا یەکتریمان ماچ کرد

تاریکی، تاریکی، تاریکی. (بەگیخانی، ٢٠٠٤، ل ٥٥).

سەرەتاکانی شیعرەکە بەوە دەست پێدەکات کە پیاوێك بە نیازی راموسین و دروستکردنی کەشێکی ئیرۆتیکی خۆی خستوەتە ماڵی نەزەندە، هێند تامەزرۆ و پەلە بووە، فریای رووناککردنەوەی ماڵ نەکەوتوون، بەڵام قسەکەر کە شاعیرە لاری نەبووە و لە تاریکیشدا توانیویەتی جەستەی ئازاد بکات. ئەوەندە بەس نییە شاعیر بیت بۆ ئەوەی شیعرێکی ئیرۆتیکی بوێر بنووسی، بەڵکو ئەزموون و لێهاتووی مەرجی سەرەکین (

مەترسیدارتین ژن ئەو ژنەیە کە ئەزموونی سێکسی هەیە، ژنی شودار لە بێ شـوو زیـاتر بـۆ سێکس دەناڵێنێت، ئەو ژنەشـی پیاوەکـەی لێـی دوورە مەترسـییە بـۆ سـەر پیـاوانی تـر). (المرنیسـی، ٢٠٠٥، ص٣٠)، ژن کـە بەشـەکانی جەسـتەی خـۆی نـەزانی و ئـەزموونی راستەقینەی نەبوو نوسینەکەی کرچ و کاڵ دەبێت.

(ریلکە)ی شاعیر دەڵێت (تەنها چارەسەر، یان راستتر تەنها رێگـە بـۆ ئـەوەی ببیـت بـە شـاعیر ئەوەیـە بچـبتە نـاوخودی خۆتەوە،دابەزیتـە نـاو قـووڵایی دەروونتـەوە). (ساڵح،٢٠١١،ل٩١)، ئەو رووچونە قوڵای دەروونە بوێریش دەگرێتەوە، ئینسان کە بوێر بـوو لە قوڵاییەوە بوێرە، گەر ترسنۆکیش بوو هەزار زمـانی درێـژی هـەبێت بـێ سوودە چـونکە دەروونی ترسنۆکە، (دڵسۆز حەمە) لەو ژنە نووسەرە بوێرانەیە کە هـەم قـووڵ دەنووسـێت هەم بوێر، حەمەسەعید حەسەن سەبارەت بە شیعری دڵسۆز دەڵێت(جۆرە خۆرسکییەك بە شیعری دڵسۆزەوە دیارە، کە زادەی هەستێکی راسـتەقینەیە لـە تێکسـتی ئـەو شـاعیرانەدا بـــوونی هەیـــە کـــە دەســـتپاکانە خـــەریکی نووســـینەوەی خـــودی خۆیـــانن). (حەسەن،٢٠١٣،ل١٠٥)، (دڵسۆز حەمە) لە شیعرێکی کورتدا دەڵێت:

پاییزێ وەرە تاقە یار
لەژێر درەختێکی چڕدا
ڕووتم کەرەوە ڕۆحەکەم
تا پێش ئەوەی باوەشت کەم
بە گەڵای زەردی هەڵوەریو
حەمامێکی درێژ بکەم. (حەمە،٢٠١٢، ل٤٧).

دڵسۆز بوێرانەو ژنانە داوای رووتبوونەوە لە یـار دەکـات و پێـی دەڵێـت: وەرە تـۆ رووتم بکەوە بەرلەوەی نائومێد بم، زمانی دڵسۆز زمـانێکی تـەواو ژنانەیـە، راسـتەوخۆ گوزارشـت لەوە دەکات کە دەیەوێت و بە شیعر ناز و مەکری ژنانەی خۆی دەخاتـە روو، هـەم بـەناز و هەم بە ویقارەوە خۆی نمایش دەکات( دڵسۆز حەمە یەکێکە لـەو ژنـە شـاعیرانەی خـاوەنی زمانی شیعری تایبەت بەخۆیەتی و لایـەنێکی گەشـی شـیعری وی،راسـتگۆییە). (حەسـەن، ٢٠١٣،ل١٠٧).

لە شوێنیکی تردا زۆر بوێرانەو بـە زمـانێکی سـادە و هەسـتێکی قـووڵ و زۆر شـیعرییانە دەڵێت:

ئەوەی تۆ پێمدەبەخشێت لە تاریکیدا
هیچ هەتاوێك نەیبەخشیوە بە زەمین
لە ڕوناکترین ڕۆژەکانی هاویندا . (حەمە،٢٠١٢،ل٧٣).

دڵسـۆز کـە تـاریکی هەڵبـژاردووە، مەبەسـتی شـەوە و لـە بەشـەکانی پێشوشـدا باسـی ئەوەمان کرد کـە شـەو هـەڵگری واتایـەکی ئیرۆتیکییـە، ئـەوەی لـە شـەودا جەسـتە وەری دەگرێـت لە ژێر پەردەی شەو و ترس و رەقیبدا، هێند ئەڤیندارانە و گەرمـە، هـیچ رۆژێکـی هاوین ناتوانیَ وەها جەستە گەرم دابێنیَ، ئەم کورت نووسینە، بۆخۆی شیعرە، شـاعیر بـە سـیَ رسـتە پرۆسـەیەکی جـوان و هەسـتی خـۆی گەیانـدووە، ئەمـەش جـۆرێکی دیکـەی نوێگەرییە،( تازەگەریی لە شیعردا بریتییە لە داهێنانی فۆرمی نویَ، دەرچـوون لـە بازنـەی شــیعری دێــرین و تێپەڕانــدنی لــەوەی کــە بەرهــەم هێنــراوە). (حەســەن،٢٠١٣،ل١٤). لەدەقی(فڕینێکی تر)ی تەواو شاعیرانەو ئیرۆتیکیانەدا، چۆمان هـەردی بوێرانـە و بـەدەنگی ژنێکی تامەزرۆ داوای ئەڤینداری جەستە لە یار دەکات:

دەستم بەریَ
بابەڕووتی بچینە ئاوێنەکەوە
ئارەزووی فڕینێکی تر
لە چاومانا سەوز بووە. (هەردی،٢٠١٢،ل ١٢).

بێگومـان چـوونە ئاوێنـەوە واتـا سـێکس کـردن و رووتبونـەوە، هـەروەها هەڵبـژاردنی دەستەواژەی( ئارەزووی فڕینێکی تر) یەکێکە لەجوانترین دەستەواژەکانی ئەم دیوانە کە لە جیاتی سێکسێکی تر داناوە، ئەمەش کورتبڕی و داهێنان لە گوزارشتکردنی ئیرۆتیکیانەیە هاوکاتبـەمانای ئـەوەی سـێکس ئینسـان بـەرزە فـڕ دەکات،چـۆمان شـیعرەکەی بـەردەوام دەبێت و دەڵێت:

لە رروونی ئاوێنەکەدا
تەسلیم بەدەستەکانت دەبم
هەڵمی هەناسەکانی تۆ دامدەپۆشیَ. (هەردی، ٢٠١٢،ل١٢).



**چۆمان هەردی**

چۆمان هەردی لەو شوێنەی دان بەوەدا دەنێت کە تەسلیم بەدەستەکانی یار دەبێت زۆر ژنانە دواوە، چونکە لە زمانی کوردیدا هەمیشە سێکس و کردەی سێکس کردن و دەربڕینەکان لەدەمی پیاوانەوەن و پیاوان بکەرن، کە چۆمان خۆی تەسلیم دەکات دەڵێت: تۆبکەر بەو جەستەم بکێڵە.

## ٣-٢: کەلوپەلی ئیرۆتیکی لە شیعری ژناندا

گەر بمانەوێ قسە لەسەر ئیرۆتیکی شیعری بکەین دەبێت سێ جۆر دەست نیشان بکەین:

١_ئیرۆتیکی دەرەکی یا ماددی

٢_ئیرۆتیکی ناوەکی

٣_ ئیرۆتیکای فیتیشتی یا ئیرۆتیکای جل و بەرگ. (سالح،کۆیە ژ٧ ،ل١٣).

لە پرۆسەی ئەڤینداری و سێکسدا جل و رەنگی جل رۆڵی گرنگی هەیە لە سەرنج راکێشان و وروژاندن و ساردکردنەوەدا، ئەمەش وایکردووە بچێتە شیعرەوە، بەتایبەتی شیعری ژنان و زیرەکانە کەل و پەلەکان و رەنگەکانیان هەڵدەبژێرن ( جیهانی رەنگەکان بە نزیکترین جیهان لە ژنەوە ئەژمارد دەکرێت، بەتایبەتی ژنانی شاعیر کە زۆر داهێنەرانە لە

رێی رەنگەوە گوزارشت لە ناخ و هزری خـۆی دەكـات و ژن و رەنـگ وەك سـیمبولی یـەكتر ناسراون، بۆ دروستكردنی تابلۆی شیعری). (حمید، ٢٠١٢،ص٤٨٢).

لەبەر ئەوەی زیاتر جل و بەرگی ژن و بەشەكانی ئیرۆتیكین، بۆیە زیاتر لە شیعری ژناندا هەیە و ژنان لە زاری خۆیانەوە حاڵەتی فیتیشتی دەخەنە ڕوو، ئەمەش لە پێنـاو ژنبـوون و پاراستنی مۆركی ژنێتی(ژنبوون هیچی دیكە نییە غەیری ئەوەی كە ژن خـودی خـۆی بێـت، ژن ژن بێت پیاو نەبێت). (حەسەن، ٢٠١٣،ل٣٠).

لە ماڵێدا

ستیان لەبەرناكەم

بە پێی پەتی دەسوڕێمەوە

بۆیە هەردەرگای مالم ترازان

دووكەروێشكی سپی بچوك

لە پێڵاوەكانمەوە ڕادەكەن

دوو كۆتری سپیش لە ملی بلوزەكەمەوە

دەدەن لەشەقەی باڵ و

لە مالەكەمدا دێن ودەچن . (حەمە،٢٠١٢، ل٧٢).

هەرچـەندە سـتیان جلێكـی ئیرۆتیكییـە چـونكە پەیوەنـدی بەمەمكـەوە هەیـە، بـەڵام دەركەوتنی لە شیعری ژنێكدا كە لە حاڵەتی نەفیدا جوانترە، چونكە وێنەی خەیاڵی فراوانتر لای خوێنەر دروست دەكات، بەتایبەتی ئەوەی كـە مەمكـەكانی دڵسـۆز ئـازادن و سـتیانێك نەیگوشیون.هاوكات داهێنانی مۆدێلێكی نوێی ستایشـی جوانییـەكانی ژنـە لـە زاری خـودی ژنەوە، واتا عاشقبوون بە خود و درككردن بە جوانی مێبوون.

(لازۆ) لە شیعری (ئەو پیاوەی بـە ماچـێك داگـیرم دەكـات) دا سـتیانە ئەرخەوانییەكـەی دەكاتە بابەتی سەرەكی شیعرێكی ژنانە و دەڵێت:

كەنتۆرەكەم دەكاتەوەو لەبەر خۆیەوە دەبۆڵێنیٚ و دەڵیٚ

بەشوێن ئەرخەوانیترین ستیانی دونیادا وێڵم

ئاخر دەستەكانمی بۆ هەڵگرتووم

ماچەكانی لیٚ شاردوومەوە

منیش بێدەنگ

بلووسەکەم دادەکەنم

دەیکێشو بەدەم و چاویدا و دەڵێم

لێرەدایە عاشقترین پیاو. (ئازاد،٢٠٠٧،ل ٩٢ و٩٣).

دەبینین ستیان لێرەدا جێی بە لازۆ لەق کردووە و عاشقی بریندار بە شوێن شوێن ماچ و شوێن دەستی خۆیەوە وێڵە و بەشـی کۆتـایی شـیعرەکە کـە دەڵـێ " دەیکێشم بـە دەم و چاویدا ) نازکردنێکی دیکەی ژنانەو ئیزافەیەکی جوانە لە شیعری ئیرۆتیکدا.



**لازۆ**

لە بواری ئیرۆتیکی فیتیشـتی نیگـار نـارد زۆرتـرین شـیعری ئیرۆتیکـی و جـل و بـەرگی ئیرۆتیکی هەیە چەند نموونەیەکی دەخەینە روو:

تەماشاکە ژیان چۆن حەزی چووەتە تێکەڵبوونی من و تۆ و دەی وەرە

بن سوخمە مۆرەکەم و بەبەرچاوی ژیانەوە هەموو ئێواران. (نادر، ٢٠٠٦،ل ٩٨).

دیسانەوە ستیانی مۆر کەرەستەی سەرەکی ورژاندن و شـیعرە. چـونکە سـتیان جـوانی تایبەتی هەیە و لە شیعری پیاواندا پانتاییەکی بەرفراوانی داگیر کردووە،( سـتیان هـەروەك مەمك لای پیاو بە ئامرازێکی وروژاندنی سێکسی چاوی لێدەکرێ). (ساڵح، ،ل٢٦).

پاش ئەوەی خۆم دەشۆم و پیاوێك وەکی

ژێر کراسە پەمەییەکەم بەلەشمەوە دەنوسیٚ و

بۆنی تەڕیم هەڵدەمژیٚ.   (نادر، ٢٠٠٦،ل ١١٨).

چ ئەتەك و چ ڕەنگی پەمەیی و چ نووسان بەلەشوە، هەرسیٚ هێند ئیرۆتیکین کە لەگەڵ یەکەم بەرکەوتندا ورووژان دروست دەکەن، هێنانی ئەم کەرەستانە بۆ ناو شیعری ژنان هێند جوانە هەست بە دونیایەکی تەواو ژنانە و نیان دەکرێت.(فیتیشیزم کە بەمانای پەرستنی نابینایانەیش دێت نەنەخۆشییەکی دەروونییە و نە حاڵەتێکی ناسروشتی، کەسێك حەز بە بۆنکردنی جلی ژنان دەکات، یانیش کۆکردنەوە و کڕینیان، ( لە بورای سێکسدا فیتیشیست دەشێت شەیدای پۆشاکی ژن بێت، یان ڕەنگە پێڵاوی پاژنە بڵندنی ژن وەهاتی بوروژێنێت گڕی تیٚ بەربدات). (حەسەن، ٢٠١٣،ل٦٢).

قۆپچە، کە بۆ داخستنی جل و بەرگ و شاردنەوەی جەستەیە، لە شیعردا کە دەکەوێت کە دەترازێت، کە دەستێك دەیانکاتەوە، دەبنە کەرەستەیەکی ئیرۆتیکی، چونکە پاش کردنەوەیان جەستە ئازاد دەبێت.

لە ماچێکی بیٚ گوناهدا

یەکەمین قۆپچەی کراسە پەمەییەکەم

لێبۆیەوە.   (ئەحمەد، ٢٠٠٦،ل٢١٠).

ناکرێت بە ماچێك کە لە بەشێکی رووخسار دەکرێت قۆپچەی کراس بترازیٚ، ئەمە بۆخۆی گەمەیەکی جوانی شیعرە، کە باسی هەنگاوی یەکەم دەکات و هەنگاوەکانی تر بۆ خوێنەر جێدەهێڵێ، بەریەککەوتنی دوو جەستەش بە ماچ دەست پێدەکات و قوپچە دەترازێنیٚ.

هەر جل نا، ملوانکە بە گەردنێکی زەردەوە، گوارە لە گویٚ و پێڵاو و بازنەش ئیرۆتیکین ئەو وەختەی لە گەرمەی گەمەی سێکسدا دەکەون و لە جەستە دووردەخرێنەوە:

وشەکان تیشك دەگوێزنەوەو

لەرزینی دەستەکانی تۆم بیردێننەوە

ئەو شەوەی بۆ یەکەمینجار

گوارەکانت لە گوێیەکانی من کردەوە.   (هەردی ،٢٠١٢،ل٤٨).

تەنووره یەکێکە لەو پارچە جلانەی کە تایبەتـە بەمێینـە و بـە پێـی کـورت و درێـژی و تەسك و پانی جوانییەکە و کاریگەری لەسەر چاو و هەستی پیاو دەگۆڕێت، بـەڵام هەمیشـە تەنووره پارچەیەکی ورژێنەره

گیانە " با " شت فێر کردووه رۆژێ دەجار

تەنورەکەم هەڵدەداتەوەو کڵاوەکەم لەسەر دەفرێنێ. (نادر،٢٠٠٦،ل١٢٥).

ژێرکراسە مۆرەکەم دادەماڵم و ژیان.

لەبەردەکەم ئەوجارە خۆم بۆ دەنگت دەردەخەم. (س.پ، ل١٣).

ژێر کراس، بەهۆی دیزاین و رەنگ و جۆری کوتاڵ هەمیشە سێکسییە و زۆر جار جێگرەوەی جلی خەوە، لەم کورتە شیعرەدا ئەو ژێرکراسە مۆرە کـاری خـۆی ناکـات و سـەرنج راکـێش نییە، ئەمەش بەهۆی خودی شاعیرەوە کە ئارەزووی رووتبونەوە دەکات نـەك شـاردنەوەی جەستە لەبن ماتریاڵ.

پاش ئەوەی چەند جار ئەو کراسە هەنارییەم دەشۆم

بۆنی تۆی هەر لێ نابڕێ. (س.پ، ل ١٣٩).

لەم شیعرەدا نە کراس سێکسییە و نە رەنگی هـەناریش ئەوەنـدە زەقـە، بـەڵام بـەهۆی ئەوەی بەر لەوادەی نووسینی ئەو شیعرە ئەو کراسە لە ئەتمۆسفیرێکی سێکسیدا بەر لەشی یار کەوتووە و موقەدەس بووە.

فیتیشی بوون حاڵەتێکی تایبەتە و کەسەکە حەز لە شت و شوێنی وادەکـات کـە رەنگـە بۆ خەڵکی تر زۆر ئاسایی بن یان هەر وروژێنـەر نـەبن( دەتـوانیین فیتیشـت بـە بەشـێك لـە ژیانی سێکسی خەڵکی هەژمارد بکەین، کە حەز بە رەنگ یـان شـێوە یـان جلێکـی تایبـەت دەکـــەن و پێـــی دەوروژێـــن). (-http://ar.sexperterna.org/better sex/fetishism)..

زۆرجاریش حاڵەتی فیتیشی لـەلای خـودی شـاعیران دەردەکـەوێت، وەك بـۆنکردن یـان حەز کردن لە شتێکی تایبەتی بەرامبەر و ئەمەش بە ئاگایی بێت یـان نائاگـایی لـە شـیعردا دەردەکەوێت

سەردەستی کراسەکەت بۆن دەکەم و

لەبیرم دەچێتەوە کە من ژنێکی بەسەر چووم. (س.پ، ل ١٣٣).

دەبینین نیگار ئارەزووی بۆنکردنی سەر دەستی کراسی یار دەکات، ئەمەش بەهۆی ئەوینی زۆری بۆی و هاوکات بە ئاشکرا دەرکەوتنی حاڵەتی فیتیشتی یە، چونکە سەری دەست بۆنی هیچی لێ نایەت.

نیگار نادر یەکێکە لەو ژنە شاعیرە ئیرۆتیك نووسانەی زۆرترین کورتە شیعری ئیرۆتیکی هەیە کە حاڵەتی فیتیشتی تێدا دەرکەوتووە

هێندە بۆنت دەکەم تا تێردەبم

سەر لە سینگت وەردەدەم و ئەتۆش وەرە سەر سینگم. (س.پ،ل٥٦)

چۆن لێم وەژوور کەوتی نازانم !

دەستت بێنە بۆنی ناو لەپەکانت کەم جارێکی دی. ( س.پ، ل٣٠).

دەبینین نیگار هێند عاشقە لە ئەویندارى کردندا حاڵەتی فیتیشی خۆی دەرخستووە و تەنیا لامل و لێوی یاری بە باش و باڵا نەزانیوە ئەوەتا ناو لەپەکانی یار بۆن و ماچ دەکات و ئەمەش دیوێ:ی دیکەی ئیرۆتیکە کە شوێنە ئاساییەکانی جەستە دەکاتە شوێنی ئیرۆتیکی ئەمەش بە سیحری ژن و زمانی ژن کراوە.

## ئەنجام

١-لە دەقی ئیرۆتیکی ژنانی باشووری کوردستان حاڵەتی لێسبیانی ( هاورەگەزبازی)، هەیە بەڵام بەهۆی ئەوەی دەقەکان کەوتوونەتە دوای ئەو مێژووەی ئێمە کارمان لەسەری کردووە، دەقەکان نەخراونەتە نامەکەوە.

٢- دەقی ئیرۆتیکی ژنانە لە کەژاڵ ئەحمەدەوە دەست پێدەکات و ئەو سەرقافڵەیە.

٣-لە شیعری ئیرۆتیکی ژنانی باشووری کوردستاندا سیمبول زۆر بەکار هاتووە و بەدەگمەن راستەوخۆ گوزارشت لە مەبەست کراوە، ئەمەش زیاتر بۆ جوانکردنی دەقەکانە نەك شاردنەوەی مەبەست.

٤- ئیرۆتیکی فێمینیستی بە شێکی دیارە لە شیعری ژناندا و زۆر بەئاگایانە ئەم چەمکەیان خستووەتە خزمەتی بیری فێمینستی و زۆربەی شاعیرەکانیش چالاکی فێمینیستین.

٥- چەمکی ئیرۆتیك لە شیعری زۆربەی ژنە شاعیرەکانی کوردستاندا ئامادەیی هەیە و بەشێکی زۆری ژنان پاش ساڵی٢٠٠٠ ئیرۆتیك لە دەقەکانیاندا دەرکەوتووە، بەگشتیش شاعیرە گەنجەکان زیاتر ئەم چەمکەیان بەکارهێناوە.

٦ – پۆرنۆگرافیـا لـە شـیعری ژنـانی باشـووری کوردسـتاندا بـوونی نییـە و هـیچ دەقێکـی ئیرۆتیکی تەنانەت خۆیشی لەو چەمکە نزیك نەکردووەتەوە.

## سەرچاوەکان

### بە زمانی کوردی


– ئازاد،لازۆ(٢٠٠٧)،کراس رەش،چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

– ئەحمەد،کەژاڵ(٢٠٠٦)، دیوانی کەژاڵ ئەحمەد، چ١، بەڕێوەبەرایەتی گشـتی چـاپ و بڵـاو کردنەوە، سلێمانی.

– ئەلنعێمی، تاریق کەمال(٢٠٠٨ )، سایکۆلۆژیای پیاو و ژن،چ٢.

– بەگیخانی، نەزەند(٢٠٠٤)، ستایش،چ١، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

– بۆکانی،سـابیر(٢٠٠٨)، تـرس و خۆشەویسـتی، چ١، چـاپی بڵاوکراوەکـانی k2چوارچـرا، سلێمانی.

– جاف، تەرزە(٢٠١٣)،لە کەوتنە خوارەوەشدا باڵەکانم ئاسمانیان هەژانـد،چ١، چـاپخانەی شەهاب،هەولێر.

–حەسەن، حەمە سەعید(٢٠١٣)، شیعر لە زاری ژنەوە،چ١،چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

حەمە،دڵسۆز(٢٠١٢)، تاقانە یار، چ١، سلێمانی.

–حەمە رەشید، هاوژین(٢٠١٠)، ژن لە جیهانی شێرزاد حەسەن دا.

–حەمەد، یوسف عوسمان(؟) ،چەند وێستگەیەکی سایکۆلۆژی، چ١، چـاپخانەی ئۆفسـێتی تیشك.

–حـەوێز، دەریـا(٢٠١٣)،جیهـانبینیی شـیعری هاوچـەرخی کـوردی،چ١، چـاپخانەی حـاجی هاشم،هەولێر.

–سالّح ڕێزان(٢٠١٦)، ئیرۆتیك لە شیعری قوبادی جەلیزادەدا، گ زانکۆی ڕاپەڕین، ژ٧.

=سالّح، هاشم(٢٠١١)، ژیان بەبێ شیعر، و، مەریوان وریا قانع، گ تەوار،ژ.٣٦.

سەراج، هاشم(٢٠١٥)، هەست و ئیرۆتیك، گ.رامان، ژ.٢١٨.

قەرەداغی، مهاباد(٢٠١٣)، دیوانی مهاباد قەرەداغی،چ١،، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

محەمەد،ئاوات(٢٠١٢)، ئەزموونی شیعری لای ژنە شاعیرەکانی ناو ئەدەبیاتی کـوردی، چ١، سلێمانی.

نادر، نیگار(٢٠٠٨)، بۆ ئەوەی هەرچی هەتـەو نیتـە بـە مـن بچـێ،چ١، چـاپخانەی دەزگـای ئاراس، هەولێر.

هەردی، چۆمان(٢١٠٢)، کۆمەڵە شیعر، چ١، سلێمانی.

**بە زمانی عەرەبی**

- ابو نضال،نزية(٢٠٠٤)، تمرد الانثى في رواية المراة العربية،ط١،المؤسسة العربية للدرسات ، والنشر، الاردن.
- ايليا، نعيم(٢٠١٦)، الاباحية في ادب النساء العربيات، موقع الحوار المتمدن).
- بيدوح، سمية(٢٠٠٩)، فلسفة الجسد، تونس.
- حميد، فرح غانم صالح(٢٠١٢)،دلالاة اللون في الشعر النسوي العراقي المعاصر، ماجستير، جامعة بغداد، مجلة الاستاذ،ع.٢٠٣.
- خلف،بشير(؟)،النص الَادبي النسوي..تحد للمعوقات وتطلع إلي الحرية الحوار المتمدن.
- خلف،د.جلال عبدالله(٢٠١١)، الرمز في الشعر العربي، مجلة الديالة،ع.٥٢،).
- رسلان، محروس(٢٠١٣)، لماذا تمرد المراة علي زوجها، موقع الراية.
- عاصي، جاسم(٢٠٠٩)، مرايا الشعر، منشورات مركز كلاويز، السلمانية.
- عبد العظيم، حسني إبراهيم(؟)، الجسد الَـانثوي بـين المعتقـد الشـعبي والمعتقـد الـديني، رؤية أنثروبولوجية، الحوار المتمدن.
- عواضة،رضا ديب(٢٠١٦)، المراة في شعر عمر بن ابي ربيعة، عمر ابي ريشـة، نـزار قبـاني، ط٢.
- المحيسن، جيهاد(٢٠٠٩)، لماذا يتمرد البشر،عمون.
- المرنيس، فاطمة(٢٠٠٥) ، ماوراء الحجاب، ط٤، دار البيضاء، مغرب.
- .http://ar.sexpertерna.org/better-sex/fetishism

# وێنەی پیاو لە شیعری کەژاڵ ئەحمەد دا

## پێشەکی[1]

وێنەی مرۆڤ یەکێکە لەلایەنە کاریگەر و بەپێزەکانی ئەدەب، کە هەر لە کۆنەوە تا ئـەمڕۆ کەرەسەی سـەرەکی ئـەدەب بـووە و نووسـەران و شـاعیران لـە گشـت لایەنێکـەوە هـەوڵی بەرجەستەکردنی وێنەی مرۆڤیان داوە بە هەر دوو ڕەگەزەکەیەوە، چ بـە نێگـەتیڤ و چ بـە پۆزەتیڤ، بۆیە شتێکی زێدەڕۆیی نییە گەر بڵێین ئەدەب بە گشتی بریتییە لـە نیشـاندنی خودی مرۆڤ بە گشت لایەنـەکانی، جێگـەی سـەرنجە کـە لەناوەنـدی ڕۆشـنبیری کـوردی و بەتایبەتیش لە ئاستی ئەکادیمیدا تـا ئێسـتا گـەڵێك نامـەی بـەپێز لـەبارەی وێنـەی مـرۆڤ نووسراون، بەڵام هەموویان ڕۆیـان لـە تاکـە ڕەگـەزێك کـردووە ئـەویش ڕەگـەزی مێیینـە و نیشاندانی وێنەی مێیینەیە، لەبەرئەوە وامان بە باش زانی ناونیشانی ئەم باسـە بکـەین بـە وێنەی پیاو لە شیعری کەژاڵ ئەحمەددا، کـە باسـێکی وەسـفی شـیکارییە و پێکهـاتووە لـە پێشەکییەك و دوو بەش لە بەشی یەکەمدا بە پوختی باسمان لە وێنەی پیاو کردووە لەهـەر سێ ڕەهەندی ئایینی و فەلسەفی و دەروونناسی و بەشی دووەمیش کـە دیـوە پڕاکتیکیەکـە دەگرێتە خۆی بریتییە لە شیکردنەوە و نیشاندانی ئەو جۆرە وێنانەی کە کەژاڵ ئەحمەد بۆ پیاو( یا نێرینە بەگشتی)کێشاویەتی، لە کۆتاییشدا ئەنجامی باسەکە بە وردی خراوەتەڕوو، ئامانجی باسەکە لەوەدا خۆی دەنوێنێت، کە بۆیەکەمجارە لەسەر ئاستی زانکۆیی باسـێکی لەو جۆرە دەنوسرێت لەبارەی تێڕوانینی شاعیرێکی ژن بەرامبەر بە پیـاو و دەرکەوتـەکانی ئەم تێڕوانینەش بەهۆی پڕاکتیزەکارییەوە لە چەند جۆرە وێنەیەك بەرجەسـتە کـراون، کـە دید و ئایدیای شاعیر بەرامبەر ڕەگەزی بەرامبەر نیشان دەدات.

## بەشی یەکەم: ناساندنێکی گشتی لەبارەی وێنەی پیاو:

١– وێنەی پیاو لە ئایینەکاندا:لێرەدا مەبەستمان لە هـەر سـێ ئایینـە ئاسمانییەکەیـە، کـە هەریەکێکیان جۆرە وێنەیەکیان بۆ پیاو کێشاوە، لە ئایینی یەهودیدا لە تەوڕات و تەلموددا ئەو جۆرە وێنەیە دەبینین بەڵام لە تەلموددا زیاتر دەرخراوە.

لە تـەلموددا دوو جۆرە وێنەی پیـاو دەبینرێـت، (ئـەرێنی و نـەرێنی)، لـەم نێوەندەشـدا دووفاقیەکی تەواو لەڕاسپاردەکانی تەلموددا سەبارەت بە پیاو بەرچـاودەکەوێت، هـەروەها

[1] : بە هاوبەشی لەگەڵ م.سـەنگەر نـازم ، لە نـامەی ماسـتەرەکەی بە ناونیشـانی (وێـنەی پیـاو لە شـیعرەکانی کەژال ئەحمەد و فەروغی فەرۆخزاد دا).

یاساکان لە خودی خۆیاندا هەڵگری توندوتیژییەکی دیارن لەڕووی پابەندنەبوون و جێبەجێ نەکردن لەلایەن پیاوانەوە.(تەلمود سوپاسی خوای لەسەر پیاوان واجب کردووە،کە بە مێیینە دروستی نەکردوون ،سوپاسکردنەکەش ئەو وتەیە، کە هەموو بەیانیان پیاوان دەڵێن:ستایش و سوپاس بۆتۆ خوای من خاوەنی هەموو بوونەوەر، ئەی ئەو کەسەی ،کە منت بە ژن نەخولقاندووە)( بارنـدەر،٢٠١١: ٢٩١)وێنەیەکی لەم جۆرە هەستی ڕەگەزپەرستی و خۆبەگەورەزانی پیاوی یەهودی بەرامبەر ڕەگەزەکەی دیکە دەردەخات،وێنەی زاڵبوونی ئاشکرای ڕەگەزێکە بەسەر ئەوەیتردا ،جگە لەمەش ، تەلمود لە یاساکانیدا ڕێگە بە پیاو دەدات چەند ژنێك بهێنێت ،لەکاتێکدا ژن دەبێت تەنها یەك مێردی هەبێت(سالتز،١٣٨٢: ٧٨)،فرەژنی بۆ پیاو شتێکی ڕێگەپێدراوەو دەسەڵاتی ئەوەی بەسەر ژندا دەشکێت (هەرکاتێك بیەوێت ژنی دیکە بهێنێ بەو مەرجەی لە چوار تێنەپەڕێت)(بارندەر، ٢٠١١: ٢٩٨ ) ،بەمەش پیاو سەرپشك دەبێت لە دەسەڵات بەکارهێنان بە تەواوەتی بەسەر لایەنەکەی دیکەدا ،واتە جگە لە مافەکانی خۆی دەتوانێ دەست بخاتە نێو مافەکانی ژنانیشەوە.

لە مەسیحیەتدا جۆرە وێنەیەکی بالاّ و بەهێز بۆ پیاو بەرچاو دەکەوێت، چیرۆکی دروست بوون لە ئینجیلدا لەسەرزاری عیساوە باسی لێوەدەکرێ،(هەموو جەستەیەکی مرۆڤ لە جەستەی ئادەمە، پێویستە لەسەر هەموو کەسێك ئەو پەیمانە بپارێزێت کە ئادەم سوێندی بۆ خوارد)( برنابا،١٩٠٨: ٢٣) هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا عیسا گفتوگۆ لەگەڵ خوداونددا دەکات، کە لەسەر زاری خوداوەند دەگوترێت: (باش نییە مرۆڤ بە تەنیا بێت، ئێسکێکی برد لە پەراسووی لای دڵ(چەپ)و شوێنەکەی بە گۆشت پڕکردەوە ،لەم پەراسووەدا حەوای دروستکرد وکردیە ژنی ئادەم...)( برنابا، ١٩٠٨، ٣٩–٤٠)هەمان چەشنەدروستبوون و پاشکۆیەتی ژن لە ئینجیلدا دووبارەکردنەوەیەکی دەقاودەقی مێژوویی تەوراتە، هەروەها هەڵەی خواردنی بەرووبوومی درەختە قەدەغەکراوەکەش هەمدیسان بۆ حەوا دەگەڕێنێتەوە،(حەوا لەو کاتەدا میوەکەی هێنا و لێیخواردو هاوسەرەکەی هەڵساندەوە ئاگاداری کردەوە بەوەی، کە (شەیتان) پێیگوتبوو،میوەکەی بردە پێشی و ئەویش لێی خوارد)( برنابا، ١٩٠٨: ٤١) وا دەردەکەوێت، کە ئادەم لەخەودابووە کاتێك ژنەکەی تاوانەکەی ئەنجامداوە،واتە کەم وکوڕییەکە دەگەڕێتەوە بۆ

دروستکراوی دووەم، جگە لەدەقی ئینجیل لـە یـەکێك لـە نامـەکانی (پـۆڵس)ی بـانگخوازدا درووستبوونی ڕەگەزی مێینە لە نێرینە ڕەنگی داوەتەوە، (یەکـەمین پیـاو لـە ژن درووست نەبووە،بـەڵکو یەکـەمین ژن لــە پیــاو دروســتبووە، لــەم نێوەنــدەدا یەکــەمین پیــاو (ئادەم)لەبەرخاتری(حەوا)دروستنەکرا،بەڵکو حەوا لـە پێنـاوی ئـادەم دروسـتکرا)( انجیـل، ٢٠٠٩: ١٢٧١) ، ئەو هاوکێشە مەسیحییە پیاو شیکاردەکات بە ژن، بەڵام نـەك شـیکردنەوە لـە پێنـاوی یەکسـانکردن، بـەڵکو بـە ئامـانجی لاسـەنگکردنی ئەنجامەکەیـە، واتـە ژن ئـەو دراوەیە، کە پیاو دەگەیەنێتە لوتکەی دانایی و چاکە لـە پێنـاوی خـودی پیاوەکـە خـۆی، نەوەك ڕەگەزی خۆی.

شـێوەیەکی دیکــەی وێنــەی باڵادەســتی پیــاو لــە قورئانــدا هەســتی پێــدەکرێت، بەتایبەتیش بریتییە لە گەورەکردنی پیاو لە هەموو ڕووەکان بەسەرژناندا (الرِّجَـالُ قَوَّامُـونَ عَلَي النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَي بَعْضٍ وَبِمَـا أنفَقُـوا مِـنْ أَمْـوَالِهِمْ فَالصَّـالِحَاتُ قَانِتَـاتٌ حَافِظَاتٌ لِلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ اللَّهُ وَاللاَّتِي تَخَـافُونَ نُشُـوزَهُنَّ فَعِظُـوهُنَّ وَاهْجُـرُوهُنَّ فِـي الْمَضَـاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلا تَبْغُوا عَلَيْهِنَّ سَبِيلاً إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيّـاً كَبِيراً)( النسـاء:٣٤) واتـە: پیاوان کاربەدەستن وباڵـاترن بەسـەرژنانەوە بـەهۆی ئـەوەی، کـە لـەماڵ وسـامانی خۆیـان خەرجدەکـەن ،جـا ژنـی بـاش ئەوەیـە، کـە گوێڕایـەڵی مێردەکـەی بێـت و داوێـن وسـامانی بپارێزێت ،ئەگەرترسان لەوەی ژنان سەرپێچی فرمانەکانتان بن ، ئـەوا ئامۆژگارییـان بکـەن وجێگـەی خـەویان لەگـەڵ جیابکەنـەوە، یـا لێیـان بـدەن(لـەش عەیبـدار نـەکات) جـا گـەر گوێڕایەلیانکرد ڕێگەی دیکە مەگرنەبـەر بەڕاسـتی خـوا هەمیشـە بـەرز وتوانایـە(مارونسـی، ١٩٩٨: ٣٥)، دەبینین سیستمی هێز ئـەرك دیـاری دەکـات و لێدانیش دەبیتـە ماددەیـەکی یاســاکە، بــەو واتایــەی لــە پــەروەردەکاریی ئیســلامییدا لێـدان دەبێتــە هۆکــارێکی پەروەردەکردنی ژنـان لەلایـەن پیاوانـەوە، لـەدوای سـەرنەگرتنی ئامۆژگارییـەکان، هـەمان بانگەشە یەکسانییش لە قورئاندا بەسەر ئەو ڕێسایەدا جێبەجێ نابێت ،چونکە ئەگـەر پیـاو هەرچەندیش خراپ وگەنـدەڵ بـێ ژن ناتوانێـت لێـی بـدات، جگـە لـەوەی ئیسـلام وەك دوو ئایینەکەیتر نەیتوانوە ڕێگری لە فرەژنی و بنەبڕکردنی نایەکسانی بگرێت، بەڵکو بە مەرجی ماڵ و توانای جەستەیی ڕێگەی بـە فرەژنـی داوە تـا چـوار ژن بـۆ هەریـەك لـە پیاوێـك بـێ

جیاوازی ئەرکی ئایینی و کۆمەڵایەتی، هەروەکو لە ئایەتی(٢)ی سورەتی(النساو)دا باسی لێوەکراوە، جگە لە ڕەواکردنی ئافرەتی لەجەنگ بەدەستکەوتوو(الممتنحه:١).

## ٢- وێنەی پیاو لە فەلسەفە و دەروونناسیدا:

لە فەلسەفەی ئەورووپیدا لە سەردەمی یۆنانیە کۆنەکان تاوەکو کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمیش ئافرەت وێنەیەکی لاوازی بۆ کێشراوە بەرامبەر بەمەش پیاو لە قوللەی قاف بووە.

ئەرستۆ لە وێنەکێشانی ڕەگەزەکاندا هەوڵیداوە لەسەر جیاوازی نێوانیان وێنەکان بکێشێت، نەوەك لەسەربنەمای لێکچوون، تەنانەت لە تەمەنیشدا جیاوازی دەخاتە نێوانیان و وێنەی پیاو دەکاتە پێوەرێکی یەکلاییکەرەوە بۆ ڕەگەزی مێینە، بە پێی پشت بەستن بە سیستمی نەگۆڕی سروشت، کە بە پێی ئەم سیستمە پیاو لە خودی خۆیدا لە ژن بەرزترە، هەر ئەم سیستمە خێزان وەکو سیستمی وڵات دادەمەزرێنیت،کە پیاو فەرمانڕەوای ژنە،لەبەرئەوە گفتوگۆ و راوێژلەگەڵ ژندا کارێکی باشە، بەڵام دواجار بڕیار هەر لەدەستی پیاوە(کروسون، ؟: ٤٤ )، پیاویش ژن دەکاتە ئامێر لەو سیستمە خێزانییەدا، چونکە هیچ بوونێکی عەقڵی بۆ ناهێڵێتەوە و زیندوێتی هزری تێدادەکوژێت، لەبەرئەوەی عەقڵی بەهێزبە پیاو دراوە و دەتوانێت کاروباری دەرەوە و ماڵەوەش بەیەکەوە بەڕێوە ببات(امام،٢٠١٣: ٨٨ )، ئەو پاساوانەش هەندێکیان پەیوەستن بە جیاوازی عەقڵی نێوان ژن وپیاو، یاخود دەیگەڕێنێتەوە بۆ سروشتی ڕەگەزی، کە عەقڵ تێدا زاڵ دەبێت بەسەر نێرینە و هەست و سۆزیش بەسەر مێینەدا، هەروەها ئەرستۆ گوێڕایەلیکردنی ژن و منداڵ بە شتێکی سروشتی دەبینێت: (دەسەڵاتی پیاو بەسەرژندا ئەرکێکی (دەسەڵات)ی مەدەنییە،دەسەڵاتی پیاو بەسەر منداڵدا ئەرکێکی پادشایەتییە، لەبەرئەوەی ڕەگەزی نێرینە زۆر پەسەندترە بۆ سەرکردایەتیکردن وەك لە مێیینە، ئەمەش شتێکی سروشتییەو سیستمی سروشتیش هەڵەی تێدانییە) (ارسگو،١٩٥٧:٣٧) ، بەیەکەوەگرێدانی ئەو دوو سیستمە جیاوازە، بێگومان ئەنجامەکەیان دەبێتە ملکەچکردن بۆ دەسەڵاتی هێز، واتە هێز ڕۆڵێکی گەورەی لە نایەکسانکردنی لایەنەکاندا گێڕاوە، جیاوازی هەردوو سیستمەکەش لەوەدایە، کە لە سیستمی باوکسالاریدا ژن دەبێتە ئامێری بەرهەمهێنانی منداڵ بە پێی هێزی پیاو، بەڵام لە

سیستمەکەی دیکەدا پاشا مەرجی بەرهـەم هێنـان ناخاتـە سـەر ژێردەستەکانی، جگـە لـە گوێڕایەلیکردن.

(جـۆن لـوك) لـە کتـێبی(الحکومه‌المدنیـه– حکومـەتی شارسـتانی)دا دەپرژێتـە سـەر ئەوباسانە، کە پێوەندییان بە جیاوازی دەسەڵاتەوە لە نێوان ڕەگەزی ژن وپیاودا هەیە، بۆ ئەمەش بەشێکی بەناونیشانی(دەسەڵاتی باوکایەتی)( لـوك،؟ :٤٩) تـەرخانکردووە، (لـوك) لەو کتێبەدا هەوڵی جیاکردنەوەی سیسـتمی دەسـەڵاتی سیاسـی و خێـزان دەدات بـە پێـی جیاوازی دەسەڵاتەکانی نێوانیان و هەندێ دەسەڵات بۆ نێرینە جیادەکاتەوە و بـە مـافێکی سروشـتی دادەنێت،کـە پیـاو یاسـای مـیرات بـە شـێوەیەکی وردو قـایم لـە ژێـر ڕکێفـی دابهێڵێتەوە(لـوك،؟ :٥٦)، لەوەشـدا پشـت بـە جیاکردنـەوەی ڕەگـەزەکان لەسـەر بنـەمای عەقڵی دەبەستێت ،(ئەو ئازادییەی،کـە پیـاو ئـارەزووی دەکـات و هەڵسـوکەوتی پێـدەکات وەسـتاوە لەسـەر ئـیرادەی تایبەتی،کـە لەبنچـینەدا دەوەسـتێتە سـەرعەقڵ،کە پێـی جیادەکرێتەوە) (لوك،؟ :٥٧ ).جێگەی سەرنجە (لوك) لە تەواوی کتێبەکەیدا لـە زۆرلایـەنی دیکەی وەك پەروەردەوفێرکردن و موڵکایەتی و بەخێوکردنی منداڵ و ژن وپیاو بە هاوبەشی یەکتر دادەنێت، بەڵام کە دێتە سەر مافی میرات پیاو لە پێشتر دادەنێت، هەروەها بـەردەوام تێبـینی ئەوەدەکـەین کـاتێ (لـوك) باسـی ئـازادی مـرۆڤ یـا موڵکـداری و یەکسـانی دەکـات مەبەستی یەکسانی پیاوە بەرامبەر پیاوێکی تر، پیاوێك، کە نەتوانێت ئازادی پیاوێکی تـر و موڵکەکانی زەوت بکات،بەبێ ئەوەی ئەو مافە خۆڕسکە ژنیش بگرێتەوە(ئیمام، ٢٠٠٤ :٧٨ ).

شۆپنهاوەر لەو باوەڕەدایە:(سروشت توانای عـەقڵی و جەسـتەیی و مـەنتیقی لەپیاوەکانـدا جیاکردۆتەوە،فێڵ وتەڵەکەبازی داوە بە ژنان) (شۆپنهاوەر، ٢٠٠٩: ٧٢).

(شۆپـنهاوەر) هەر بە تەنیا بـە جیاوازییـە چۆنایەتی و جەستەییەکانی نێوان پیـاو وژن ناوەسـتێت،بگرە بـۆ جیاوازییـە چەندایەتیشـیەکانیان شـۆڕدەبێتەوە:( ژنـان لەڕەگـەزی دووەمن لەهەموو ڕوانگەیەکەوە لاوازترن لە ڕەگەزی یەکەم) ( شۆپنهاوەر، ٢٠٠٩ : ٧٩).

لاوازییەکەش جۆرە لاوازییەکی سرووشـتییە لەهـەردوو ڕووی چـەندایەتی وچـۆنایەتییەوە بەلای شۆپـنهاوەرەوە نەوەك نایەکسانییەکی کۆمەڵایەتی: (ئەو ڕۆژەی کە سروشت نـەژادی مرۆیی کرد بە دوو لەتەوە،هێلەکەی بـە تـەواوەتی لـە ناوەڕاسـتەوە نەکێشـا،ئەم دوو لەتـە

بەتەواوەتی دژ وبەرامبەری یەکترن ئەمەیان دروستە،بەڵام جیاوازی نێوان ئەوانە بە تەواوی چۆنایەتی نییە، بەڵکو چەندایەتیشە)( شۆپنهاوەر،٢٠٠٩: ٧٩).

ڕەنگە ئەو وتەیەی نیچە کە :دەڵێت دەچیت بۆ لای ژن، کەواتە قامچیەکەت بیر نەچێت! باشترین بەڵگەی تێڕوانینی ئەرێنی بێت بەرامبەر بە پیاو لە فەلسەفەی خۆرئاوای سەدەی نۆزدەیەم، چونکە وەك لە وتەکە دەردەکەوێت هیچ بەهایەك بۆ ژن ناهێڵێتەوە و هەمووی دەخاتە سەر باڵانسی پیاو، هەروەها نیچە باوەڕی وایە پیاو بە سروشتی خۆی بونەوەرێکی پاکە، بەپێچەوانەوە، ژن پیس و گڵاوە، ئەوەتا دەڵێت:( ژن دەبێت فەرمان ببات تا بۆ ڕووکەشی خۆی قووڵاییەك بەدەست بهێنێت،شیاوی ژن ڕووکەشە، توێکڵێکی پڕجموجۆڵ لەسەرئاوە کەمە قوڵەکان،بەڵام نیهادی پیاو قووڵە وڕووبارەکەی لە ئەشکەوتەکانی ژێرزەوی دەخرۆشێت))( نیچە،٢٠٠٨: ٦٩).

سەبارەت بە تێڕوانینی دەرونناسیش، ئەوا وەکو دیدە ئایینی و فەلسەفیەکە لێرەشدا بەهەمان شێوە گەورەکردن و زاڵکردنی پیاو دەردەکەوێت، کە چەند نمونەیەکی بۆ ئەم مەبەستە دەخەینەڕوو:

(ژان ژاك ڕۆسۆJean-Jacques Roussea 1712-1778 ز)هەرچەندە لە کلتوری ئەورووپیدا زیاتر بە فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناوبانگی دەرکردووە، بەڵام پێش ئەوەیش (ڕۆسۆ) دەروونناسێکی کارامەبووە لە دەروونزانی پەروەردەییدا.

لە(ئیمیل :Emile)دا (ڕۆسۆ) لەسەرەتاوە چوار بەش بۆ پەروەردەکردنی پیاو تەرخاندەکات، ئینجا بەشی پێنجەم(سۆفیا یا پەروەردەکردنی ژن)(رۆسۆ،٢٠١٢: ٢٩٨ ) تایبەت دەکات بە ژن، بێگومان هەر لەپێناوی دەروون و پەروەردەکردنی نێرینەشەوە ئەمە دەکات، لەبەرئەوەی لە کۆتاییدا بەناچاری هەر دەبێت ژن بۆ پاڵەوانەکە هەڵبژێرێت.

سەبارەت بە جیاوازی دەروونیی و ڕەوشتی لە (ئیمیل) دا دەڵێت:

(لەبەرئەوەی ژن وپیاو لەباری ئەخلاق و دەروونەوە وەك یەك نەخولقێنراون و نەشدەبوو وەك یەك بخولقێنرێن،بەو دەرئەنجامە دەگەین،کە پەروەردەکردنیشیان نابێ وەك یەك بێ بەپێی یاساکانی سرووشت) (رۆسۆ، ٢٠١٢: ٢٩٩).

(ڕۆسۆ) ڕاستبووە لە جیاوازی پەروەردەکردنی نێوان ڕەگەز، بەڵام گەڕاندویەتیەوە بۆ سروشت نەوەك یاسا کۆمەڵایەتیەکان،چونکە ئەو سروشتە هەمان سروشتی (ئەرستۆ)یە،کە

نێرینە زاڵدەکات بەسـەر مێینـەدا و نەگۆڕیشـە:(ئەگـەر دەتانـەوێ هەمیشـە ڕێگـەی ڕاسـت هەڵبژێرن بەردەوام لەژێر فەرمانی سروشتدا بن،دەبێ ڕێز لەو شتانە بگرن کە تایبەتمەندی ژن وپیاون،چونکێ دەسکاری سروشتن)( ڕۆسۆ،٢٠١٢: ٢٩٩ )، دەکرێ ئـەو وێنەکێشـانەش ناوبنێین بە وێنەی سروشتی دەروونی ڕەگەزەکان، یا وێنـەی نـزم وبـەرز لـە ڕووی عـەقڵی ودەروونی و جەستەییەوە، بەڵام ئەو بۆچوونە سروشتیەی (ڕۆسۆ) پێچەوانەی بیرۆکەیەکی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە لە کتێبی(پەیمانی کۆمەڵایەتی)دا کاتێك دەڵێت:((تـەواوی مـرۆڤ بـە ئازادی لە دایك دەبن، هیچ یەکێك لەوان گەورەتر و باڵادەستتر نییە لەوانیتر و مـافی ئـەوەی نییە زاڵ بێت بەسەر ئەوانی دیکەدا))( روسو،١٣٤١ : ٤١)

(فرۆید) لـە جیـاوازی خسـتنە نێـوان ڕەگـەزەکان کاتەکـە دەگەڕێنێتـەوە بـۆ تەمـەنێکی بچـووك:(ڕەگـەزی مێینـەی بچـووك لـە بنەڕەتـدا شـوینکەوتووی نێرینەیـە)(فرویـد،١٩٨١: ٩٢).جیاوازییەکەش لە سەرەتای تەمەنەوە تا پێگەیشتن و کۆتایی تەمەن بەردەوام دەبێت و پێویسـت دەکـات مێینـە ملکەچـی نێرینـەبێت، تەنانـەت لـە هەسـتکردن بـە ئەندامەسێکسـییەکانی خۆیشـیدا لەسـەریەتی لاسـایی نێرینەبکاتـەوە، لـەو دیـدە سێکسییەشەوە (فرۆید) دەروونی منداڵ هەڵدەسەنگێنێت و لەوباوەڕەدایە،منداڵی نێرینە لە مـاوەی تەمـەنی سـێ ساڵیدادەگاتە چـێژی لیبیـدۆیی، کـە بـە قۆنـاغی چـووکی نـاوی بردووە،لەوکاتەدا یاری بەئەندامەکەی دەکات و دەسـتی لێدەدات، بـەڵام کچ لەوتەمەنـەدا هەست بە کەموکوڕی و نەبووی ئەندامی نێرینـە دەکـات (فرویـد،٢٠٠٠ : ٩٠-٩٢ )، بەمـەش بنیاتی جەستەیی نێر دەبێتە بنەمای هەسـتی کەسـایەتی مێینـە، واتـە (فرۆیـد) ئامـانجی ئەوەیە بڵێ:(کچ و کوڕ هەردووکیان دووپیاوی بچووکن تا دەگەنە ئەو قۆناغەی لـە یـەکتری جیادەکرێنـەوە وادەزانـن یـەك ئەنـدامی نێرینـەیان هەیـە، ئـەو جیاکردنەوەیـەش کاتێـك ڕوودەدات کـە درك بـە جیـاوازی تـوخمی نێوانیـان دەکـەن)( جـەمال، ٢٠٠٩: ٢٤)، ئـەو هەستکردنەش بە توخمی مرۆیی ڕێڕەوی ژیانی کەسەکە دیاری دەکات و بە پێـی هـەردوو گرێیەکەی، کە فرۆید باسی لێوەکردووە، وەنەبێت فرۆید هەر لە ڕووی سێکسییەوە نێرینـە زاڵ بکـات بەسـەر مێینـەدا، بـەڵکو دەچـێتە نـاو تـەواوی ژیـانی دەروونـی هەریەکـەیان و بانگەشـەی ئـەوە دەکـات ، کـە سـیفەتی نێـر لـە هـەموو ڕوێکـەوە بـەهێز وکارایە،بـە پێچەوانەشەوە سیفەتی مێ لە هەموو بارەکاندا لاواز وسلبییە(فرویـد، ١٩٨١: ٥٩ )، فرۆیـد

جیاکاری لە نێوان دەروونی ڕەگەزەکان داکردووە  و نێرینە بە دەروونێکی چاك و ئـەکتیڤ وەسفدەکات  لەسەر ئەو بنەمای سیفەتییەش هەردوو ڕەگەزەکە لە نێرینەدا کورتدەکاتەوە بەتایبەت لەو کاتەوەی، کە منداڵی مێیینە هەست بە نەبوون و لەدەستدانی ئەندامی نێرینە دەکات،کە بە گرێی (ئەلەکترا (Electra Complex ناوی بردووە، ترسێکی زۆری بۆ دروست دەبێت و هەوڵدەدات قەرەبووی نەبوونی ئەو ئەندامە بکاتەوە، بە هۆی فاکتەری ترس و چاوچنۆکیشەوە هەنگاو دەنێت بۆ لای باوکی بۆ بەدەستهێنان، یا خاوەنداریێتی کردنی چووك(فروید، ١٩٨١: ٦٥ )، ئەو گرێیەش لە کچاندا ڕۆڵی بەردەوامبوون بە ژیانی دەبەخشێت، بە پێچەوانەی (گرێی ئۆدیپ(Oedipus complex ،کە لە کوڕاندا بە هۆی ترسی خەساندنەوە ترس و ڕق بەرامبەر باوك دروستدەکات، کەواتە هەردوو گرێیەکە هاوئاهەنگییەك دروستدەکەن لە پێناوی ڕەوینەوەی نیگەرانییەکان، بەڵام لای نێرینە تەنها فاکتەری ترسی لەدەستدانی چووك پاڵیدەنێت بۆ لای دایکی، کەچی لە کچ سەرباری ئەوە چاوچنۆکیش دێتەئاراوە، کە کەسەکە بەرەو شێوەی نێرینە دەبات، واتە چاوچنۆکی بۆ بەدەستهێنان یا قەرەبووکردنەوەی چووك لای مێیینە لەخودی خۆیدا شوێنکەوتەییە بۆ نێرینە و لاساییکردنەوەی جەستەیی و دەروونیشە.

## بەشی دووەم :وێنەی پیاو لە شیعری کەژاڵ ئەحمەد دا

### ١- وێنەی کوڕ :

(کەژاڵ) زیاتر چۆتە ناو باسەکانی تایبەت بە کوڕانەوە، وێنەی کوڕ لە ڕووبەرێکی تەسکی کۆمەڵایەتییەوە بەرەو سنوورێکی سیاسی دەبات، هەندێجاریش لە پێوەندییەکانی دایکایەتیدا بەرجەستەی دەکات:

لە سپێدەی ڕۆژانی دەزگیرانیدا
کوڕە درۆی گەورە گەورە ڕیزئەکات و
کچەش خەونی ڕەنگاڵەیی
بەو قسانەوە ئەبینێ
لە دواییدا، شۆڕش و گەل
هەمان کوڕ و کچن، بەڵام
ئەبن بە ژن و مێردی یەك
ئیتر لێرەوە دیرۆکی
خیانەت و هەرا و تەڵاق دەست پێئەکات (ئەحمەد، ٢٠٠٦ :١٥٦)

شاعیر لە دیدە کۆمەڵایەتییەکانەوە بۆ ئاقارێکی سیاسی دەڕوات و گەرەکیەتی بەراوردی نێوان کچ و کوڕ لە ماوەی دەستگیراندارایدا بکات ، لەگەڵ شۆڕش و گەل، لە پێش سەرهەڵدانی شۆڕش و دواتردا، بەو جۆرەش کوڕ هاوتای سەرانی شۆڕش دەکات، کە چەندەها درۆی شاخدار بۆ خەڵك دەکەن تا دەگەن بە کورسی دەسەڵات، کچیش بە گەلێك، کە خۆشباوەڕ و سادە و ساویلکەیە و بڕوا بە هەموو بەڵێنەکان دەکات، بەڵام دوای گەیشتن بە ئەرزی واقیع سەیردەکات شتەکان ڕێك پێچەوانەی خەون و خواستی ئەون. ئەو جۆرە ڕوانینە بەراوردکارییە هەندێ جار لەڕووی تەمەنەوە دەبێت، واتە(کەژاڵ)دوو قۆناغی جیاوزی تەمەنی کوڕان بەراورد دەکات:

شار چ توونی بابایەکە!
لەگەڵ ئەو کوڕانە چاوشارکێمان ئەکرد
کە منداڵبووین...
ئێستا هەندێکیان پاسەوانیان لەگەڵە

هەیانە ڕۆژانە لە ژنەکەی ئەدات

تیاشیاندایە جەردەیە، پیاوکوژە (ئەحمەد،٢٠٠٦: ٢٧٥-٢٧٦)

ڕۆژانی پاکی و بێگوناهی نێرینەکان دەکەونە بەر زەڕەبینی شاعیرەوە، کە هێشتا خۆڵی هیچ گوناه و تاوانێکیان لەسەر نەنیشتووە، بـەڵام لەبەرئـەوەی ژینگـەی شـار ئامادەسازی دەکات بۆ ڕاهێنانی مرۆڤ و گەندەڵکردنی، کوڕانیش ئەو مۆرکـە هەڵـدەگرن و هەریـەکێکیان بەجۆرێك ناونیشانی خراپەکارییەکەی خـۆی وەردەگرێـت، هەنـدێکیان دەبـن بـە بەرپرسـی دڵـڕەق و خۆیـان لـە خـەڵکی جیادەکەنـەوە هەمیشـە چـەندین پاسـەوان لەگـەڵ خۆیانـدا دەگێڕن،چونکە جگە لەجەور و ستەم شتێکیان پێشکەشی هاوڵاتیەکانی خۆیان نـەکردووە، بۆیە ناوێرن لە ترسی خەڵك بە تەنیا بسوڕێنەوە، گروپێکی دیکەی ئەو کوڕانە بوونەتە دیلی کلتوری کۆمەڵ، بڕوایان بە فەلسەفەی هێز و لێدان هێنـاوە، یا ئـەوەی، کـە ناتوانێـت لـە خەڵك بدات ئارەزووی لێدان لـە ماڵـەوە بـە ژنەکـەی تاقیدەکاتـەوە، بەشێکیشـیان ئـەرك و پیشـەی پـیرۆزی منالاّنـەیان بیرچـۆتەوە و دوای کوشـتنی خـەڵکانی بێتـاوان و دزی و جەردەییەوەن.

- وێنەی باوك:

(کەژاڵ) هەوڵیداوە کرۆك و ماهییەتی باوك و باوکایەتی لە کۆمەڵی نێرسالاری نیشانبدات و ئەو کارەسات و ناخۆشیانە دەربخات، کە بەهۆیانەوە تووشی مێیینە بـوون، جـاری واش هەیە باوك دەبێتە ڕەمزی چینێکی بەشخوراوی کۆمەڵ:

چەند دڵنیام لە مێیەتی ماکەوەکان

هێندەش گومان ئەکەم لەوەی

کچمان کچ بێ و

ژنمان ژن بێن٨

من ئەڵێم پێئەچێ

دایکیشم باوکم بێ؟!

دایکە، بابە پێمبڵێ چی بڵێم؟!

نابینی لەناو وتندا

چۆن گۆشاوگۆش سەربڕاوم

باوکە بابە بێ خواستی خۆم

هاتوومەتە دنیاکەتان



کەژاڵ ئەحمەد

دنیای سمێڵ و نێرگەلە

ڕێك وەك نەبوو

یان وەك کەسێکە نەهاتوو

بێ خواستی خۆم...باوکە بابە (ئەحمەد،٢٠٠٦ :٣٢)

شاعیر ڕەخنەیەکی توند لـە دەسـەڵاتی زاڵـی باوکایـەتی دەگرێـت، کـە هـیچ مەودایـەکی کۆمەڵایەتی نەهێشتۆتەوە بۆ نەشونماکردنی لایەنەکانی دیکـەی کۆمـەڵ و بـواردان پێیـان، تاوەکو بتوانن گوزارشت لە هەست و بوونی ڕاستەقینەی خۆیان بکەن و ناسنامەی خۆیـانی پێبسەلمێنن، ئەمەش بۆتە پەیدابوونی جۆرە هەستێك، کـە تەنانـەت مێیینـەش گومـان لـە مێیینەتی خۆی بکات و تەنیا لەڕووی جەستەییەوە هەست بکات، کە مێیینەیە، ئـەگینا لـە گشت ڕووەکانیترەوە دەبێ خۆیان وەك پیاو لێبکەن و لەژێر چەتری کلتـوری باوکسـالاریدا ئـەو سـەربڕینە بەردەوامـە دووبارەدەبێتـەوە ڕۆژانـە تـۆختریش دەبێتـەوە ئـەم جـۆرە

خۆبەنێرکردنە، سەرەنجامی ئەوەش وای لە تاکی مێیینە کردووە ئاوات و ئارەزوو بە ڕۆژانی بەر لە پەیدابوون بخوازێ، خولیای ئەوە بکات، کـە هـەرگیز نەهاتبوایـە ئـەوجۆرە جیهانـە نێرینـە سمێلاوییـەی پیاوانـەوە، شـاعیر سمێڵـی کردۆتـە ڕەمـزی پیـاوان لـەو کلتـورەدا، دوکەڵیش ڕەمزی ناخۆشی و چەوسانەوە و بۆنکرزی دونیای مێیینەیە، هەردوو سیفەتی هێز و ناخۆشی لەگەڵ یەکتریدا پێکەوە کۆدەکاتەوە.

**٣- وێنەی برا :**

ئەو جۆرە وێنەیە، کـەمتر لەچاو وێنـەکانی دیکـەی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکانی پیـاو لـە شیعری (کەژاڵ)وێنای کراوە، لە شیعری (هەر هێندە بەس نییـە)دا (کـەژاڵ) وێنـەی برایـەك دەکێشێت وابەستە بە ئایینەوە:

لەدوای من...

نازانم چی دەبێت

بەڵام دایکم

ناوساجییەکی شل و مل

بە گەڕەکە گەڕەکەماندا دەبەشێتەوە

براکەشم باوەشێکی لێ دەبات

بۆ مزگەوتە بچکۆڵەکەکەی سەری کۆڵان (ئەحمەد، ٢٠١٤ :٦١-٦٢)

وێنەی برا لێرەدا پەیوەستکراوە بە مرۆڤێك،کـە خـۆی بەچـەند عەقیدەیـەکی نـەگۆڕەوە بەسـتۆتەوە و گشـت گۆڕانکـاری و پێشوەچـوونێك لـە دەقەئایینییەکانـدا دەبینێتـەوە و واهەستدەکات، کە مزگەوت گەورەترین مینبەری ڕۆشنبیری ئەو وڵاتەیە و هەرجۆرە لادان و سەرپێچییەك لەو یاساپیرۆزکراوانەدا بە دەرچوونێکی گەورە و نەخوازراو دەزانێ و بە توندی ڕەتیدەکاتەوە و وادەزانێ، تەنیا کاری چاکەخوازی و خێرخوازی لە گۆشەی مزگەوتەکانەوە دەبێ ئەنجام بدرێت.

**٤- وێنەی مێرد :**

وێنەی مێرد بریتییـە لـە نیشـاندانی لایەنـەکانی پەیوەنـدی ژیـانی ژنـان خۆیـان، لەگـەڵ مێردەکانیان، هەروەها ڕاددەی ڕۆشنبیریی و وابەستەیی مێرد لە نێـو کۆمەڵـدا ئـەوەش تـا

بزانرێت، تا چەندێك ئەو مێـردە لـەڕووی هێـزداری و عەقڵییـەوە دەستڕۆیشـتووە، (کـەژاڵ) پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ پرۆسـەی هاوسـەرگیری نـەبووە و نێـوانی لەگـەڵ مێردەکەیـدا خـۆش نـەبووە، ئـەوەش ڕاسـتەوخۆ کاریکردۆتەسـەر نـاوەرۆکی دەقـەکانی، لەبەرئـەوە لەوێنەکێشـانی مێـرد دا بـە چـاوێکی ئەرێنییـەوە نەیڕوانیوەتـە وێنەکـەی، تەنانـەت ئـەو نێگەتیڤییە هەندێ جار بەرەو گاڵتەپێکردن دەڕوات، بەڵام زۆربەی جـار ژن لـەبارودۆخێکی ناتەواوی باری دەروونی و جەستەییدایە بەدەست مێردەکەیەوە لەدەقەکانیدا:

تۆ بڵێ دڵم نەوەستێ و
لەشەرمانا نەبم بە پارچەیەك گریان
ئەو ساتانەی ڕووسوورییەکەم
بەسەردەستی مێردەکەم و
ژمارەیەك پیرێژنەوە ئەبینم
ئەیگەڕێنن کۆڵان کۆڵان
هەموو کاتێ من لەسەر خاڵی گومانم
من شەرەفی پیاوەکەمم، بەڵام ئەو شەرەفم نییە
من لەپەراسووی چەپمو من شەیتانم (ئەحمەد،٢٠٠٦ :١٥)

شاعیر وێنەی پیاوێکی سـوننەتی وابەسـتە بـە کلتـوری نێرسـالاریی کۆمـەڵی ڕۆژهـەڵاتی دەکێشێت، کە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵئەوانیتردا نییە و هەموو کـات پـاکیزەیی مێیینـە بـە بوونی چەند دڵۆپێك خـوێنی پـەردەی کچێنییەوە گرێ دەدات و ئـەوکات دەبێتەپاڵـەوانی شانۆی سەرکەوتن، کە توانیبێتی ئەو چەند دڵۆپەخوێنە بخاتەسەر دەسەسڕێکی سـپییەوە و نیشانی یەکەکەی تاکەکانی ئەو شارەی بدات، ئەو هەمیشە ژن بە شەرەفی خۆی دەزانێ و ئامادەنییـە لـە بچـوکترین هەڵـەی خۆشـبێت و لەپێناویـدا ڕەنگـە گـەورەترین کارەسـات بخـوڵقێنێ، واتـە دەیـەوێ ژننەکـەی سـنوری شـەرەفی خـۆی بپارێزێـت و لەگـەڵ هـیچ نێرینەیـەکیتر تێکەڵنـەبێ، کـە بەلایـەوە شـەرەف پێکـرا بریتییـە لـە سـێکس، لەکاتێکـدا سـنووری شـەرەفی خـۆی نـازانێ و خـۆی بەشـەرەفی ئـەو دانانێـت، ئـەو جـۆرە وێنـە کۆنەپەرستییەی مێرد دیدێکی ئایینیشی لەخۆیدا حەشاردراوە، کە خۆی لەباری جەستەیی مێیینـەدا دەبینێتـەوە و هەمیشـە وادەکـات، کـە ژنـان گومـان لـە ڕاسـتی و بنەچـەی

دروستبوونی خۆیان بکەن و نەتوانن بوونی خۆیان بسەلمێنن، چونکە زۆربەی دەقە ئایینییەکان پشتگیری لەو جۆرە دروستبوونە دەکەن، هەروەك چۆن پاکیزەییەکەش بەهەمان شێوە، شاعیر وێنەیەکیتری مێرد دەکێشێت، کە کەمتەرخەم و بێ ئەمەکە بەرامبەر ژنەکەی:

لەبیلبیلەی چاوی برینێکی کۆنا
ئازارێ بە چرپە وتی:
من ئافرەتم
ئەم شەو ژنێ ژان ئەیگرێ
بمرێ ئەمرم
لە ئاوێنەی نیگا شەکەتبووەکەیدا
وێنەی ئەو پیاوە ئەبینم
کە لەباوەشی خەودایە و
تا بەیانی لەجیاتی ئەو
ئێشك ئەگرم (ئەحمەد،٢٠٠٦ :١٦٢)

مێرد لە دیدی شاعیرەوە بریتییە لە کەسێکی کەمتەرخەم،تەنانەت ئاگاداری ژانهاتنی ژنەکەیشی نییە بەهۆی ئازاری کۆرپەکەی سکییەوە، ئەو مەبەستییەتی ئازار و خەمەکانی نێوان ژن و مێرد بەراورد بکات و ماف و ئەرکی هەریەکێکیان هەڵسەنگێنێ و پیاو بە بێباکی و کەمتەرخەمی لە هێنانەکایەوەی منداڵ تاوانباربکات، کە هیچ ئازارێك بە ئەستۆ ناگرێت لە ماوەی دوگیانیدا و ئاگاداری هیچ شتێك نییە لە پارێزگاریکردنی کۆرپەکەی، بەڵام دوای هاتنەدنیاوە دەیکاتە موڵکی خۆی و بەناوی ئەوەوە ناودەنرێت.

### ٥- وێنەی پیاوی دیکتاتۆر:

لەمەدا وێنەی گەورەترین پایەی نێرینە دەخرێتەبەرباس و هەڵدەسەنگێنرێت، شاعیر ئازادانە لەدوای ڕاپەڕین وێنەی سەرۆکی پێشووی وڵات دەکێشێت، کە دیکتاتۆرێکی دڕندە و نالەباربووە:

لەسەر گڵکۆی هەر شەهیدێ

لە ملکەچی هەر بێوەژن،

هەر هەتیوێکی شەوی جەنگ

لە تەوێڵی مێژوو بە قەڵەمی ئێسك

بە مەرەکەبی بەحری خوێن

لە ڕووخساری هەر وێرانەیەك بنووسن

تەبەد یەدا سن٨ەدام حسێن (ئەحمەد،٢٠٠٦ :٢٥)

شاعیر ئەو نەهامەتییانە باس دەکات، کە لەسـەر دەسـتی سـەرۆکێکی دیکتـاتۆری پیـاو بەسەریانداهاتووە، ئەو نەهامەتییانەی وایانکردووە لە هەر ماڵێك شەهیدێك هـەبێ و لەهـەر خێزانێك ژنێك بێوەژ کەوتبێ و وڵات ببێتە گۆڕستانێکی پڕ ئێسك وپروسکی هاوڵاتیان، بۆیە مەبەسـتییەتی قەڵـەم بـە ئێسـکی قوربانییـەکان و ڕەنگیش بـە خـوێنی شـەهیدەکان لـەو شوێنانەی دەستی نەهامەتی و چەوساندنەوەی ئەو دڕندەیەی پێکەوتووە تاوانکارییـەکانی ئەو نێرینەیە بەتەوێڵی مێژووەوە بنووسرێتەوە و پێیبوترێت دەستەکانت هـەڵوەرێ بۆچـی ئەو کارەساتە جەرگبڕاویانەت بەسەر ئـەم میللەتـە بێچارەیە هێنـا،(کـەژاڵ) لـەو وێنەیـەدا ویستویەتی دیوەتاریکەکەی کەسایەتی (سەددام حوسێن) دەربخـات و سەرزەنشـتی کـار و کردەوەکـانی بکـات بـە ئاشـکرا پێیبڵێـت، کـە ئەمەیـە مێـژووی دەسـەڵات پیـاو بـۆ سـەر مرۆڤایەتی، کە جگە لە هەژاری و وێرانی شتێکی دیکە نییە.

### ٦- وێنەی ڕۆشنبیر:

مەبەست لەو جۆرە وێنەیە دەرخستن و نیشاندانی ئاستی مەعریفی ڕۆشنبیرانی ساختەی کۆمەڵـە لـە کلتـورێکی نێرسـالاردا، کـە زۆربـەی کـات بـریتیین لـە ڕۆشـنبیرێکی ڕووکەشـی پەردەپۆشـکراو، ئـەو جـۆرە وێنەیـە ڕوونکـەرەوەی خراپیـی کەشـی بـیرە لـەناو ئـەو کۆمەڵانەی،کە پیاو بەشێوەیەك تیایدا باڵادەستترەو خۆی دروستیکردووە، (کـەژاڵ) بـەن٨ دوو شـێوە ئـەو وێنەیـەی لـە شـیعرەکانیدا نیشـانداوە، دیوێکیـان بـەپۆزەتیڤ نیشـاندانی کەمینەیەکە لەئاست هاوڕەگەزەکـەی خۆیـدا، کـە جیـاوازە لێـی و خـۆی لـە ستایشـکردنی پیاوێکی بێگانەدا بەو کلتورە دەبینێتەوە، یا باسی نێرینەیەکە لە سنوری ئەو وڵاتەدا نییە، وەکو لە شیعری( ئەڕا پیاوێکی سوریالی) کە بۆ سلڤادۆر دالی نووسیوە:

ئێوارانێ تۆ تەوقەکەی قژم ئەدەی لە سمێڵ

دەمخەیتە پێکەنین!

جادە هەیە کەچی بەڕێی خۆڵدا دەمبەیت!

دەرگا هەیە کەچی بەسەر دیواردا بازم پێدەدەیت!

هەمووپیاوان گۆرەوییان لەپێدایە هەر تۆنەبێ

هەموویان شتێ خراپی، ناشرینییان تێدایە

هەر تۆ نەبێ

من بە هەمووپاندەوێرم بە تۆ نەبێ

.........................

تۆ چیت ئەی ئاقڵترین پیاو

کە دەتوانیت ئاسك هەروا بە ئاسانی

ڕامبکەیت

کە قەناعەت بە پەپولە دەکەیت

لەسەر شانەکانت هەڵبنیشێ و

سوێند بخوات بڵێت تۆ گوڵیت (ئەحمەد،٢٠٠٦: ١١٧-١١٩)

شاعیر وێنەی کەسێکی جیاوازتر و ڕۆشنبیرتر لە تەواوی نێرینەکانی دەوروبەری و بگرە جیهانیش دەکێشێت، کە دوورە لە هەمو پەڵە و ناشرینییەکی نێرانە و لەڕووی هزر و دەروونیشەوە کەسێکی تەواو سەرکەوتوو و هۆشیارە، هەرچەندە کارەکانی سەرسوڕهێنەرترن لە کاری گشت پیاوێك و پێچەوانەی هەموویانە،بەڵام ئەم پێچەوانەییە وایکردووە دیمەنی جوان و خوازراو بێت، هێنانە پێشەوەی پیاوێکی ڕۆشنبیری بیانی لێرەدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی، لەو کۆمەڵەدا قەیرانی ڕۆشنبیری پیاو بە خەستی ڕەگی داکوتاوە و بەناچاری وایکردووە، کە مرۆڤ بکەوێتە ستایش و پیاهەڵدانی ڕۆشنبیرانی دەرەوەی سنوری وڵاتەکەی خۆی، هەروەها لەشیعری (جودا)دا (کەژاڵ) وێنەی ڕۆشنبیرێکی نێرینە دەکێشێت، کە بە ڕوونی دیار نییە مەبەستی کێیە، بەڵام ئەمجارە کەسەکە لە بازنەی سنووری نەتەوەیی خۆیدایە:

چەندە جوانیت

کە تاوانی هاوڕەگەزە تورەکانت

به لاستیکی حیکمەتێکی جوامێرانه ئەسڕیتەوە و
وەکو خۆرەتاو
سەر بە ماڵی ئازارەکانمانا ئەکەیت
بۆچی هێندە بەدڵەوە نووساویت
نە قەسیدەیەکت پێیە وەکو گوڵدان
لەسەر مێزی نووسینەوەی چۆنییەتی کوستنمان داینێیت
نە گۆچانێکی ئەفسوناویش شك ئەبەیت
کە سەراپای سەدەکانی بە کول گریانمان بگۆڕیت
بە پێکەنین
هەر ئەبێت من بیلێم
دڵی کچ و
چاوی ژنانی کوردستان خۆشیان ئەوێیت
چەند لە خەونەوە نزیکیی
کە لەناو دۆزەخی نابەرابەریدا
وەکو شەماڵ هەڵئەکەیت و
کەللەڕەقیم بە پەیڤێکت نەرم ئەبێت
ئەوەتانێ وەختە لە ئاهو نزوڵەی
دەستە خوشکە شەهیدەکانم نەترسم
وەختە بلێم لەسەر دەستت
بووم بە پارچەیەك لە هەودا و لێبوردن
بڕیاریشە لەمڕۆوە
لاپەڕەیەکی سپی ونوێ
لە دەفتەری پێکەوەبوون هەڵدەمەوە و
پیاوە هەڵە و هەرزەکانی
مێژوویشمان ببەخشم (ئەحمەد،٢٠٠٦: ٢٣٢–٢٣٣)

لەم شیعرەدا کەژاڵ وێنەی پیاوێکی ڕۆشنبیر دەکێشێت، کە نـامۆ و نەناسـراو نییـە بـەو کلتورەی خۆمانەوە و هەولێداوە خۆی جودا بکاتەوە لە گشت نەریتێکی ئەو کلتورە بۆماوە گەندەڵە، ئەو ڕۆشنبیرە وەك ئەوانیتر پیشەکەی شاعیرێکی ساختە، یا نووسـەرێکی فاڵچـی نییـە، تـەنیا کـردار و گوتـەکانی مایـەی بەخشـینی دڵنـەوایی و چارەسـەری بـرینی قـووڵی مێیینەکانی وڵاتە و ئەو جیاوازییەشی وایکردووە، کە گشت ژن و کچانی وڵات لەبەرچـاویان شیرین و خۆشەویست بێت، تەنانەت ڕاستگۆیی و بیرە پێشـکەوتنخوازە یەکسـانەکانی وای لە مێیینەکان کردووە لەبەر خاتری ئەو دڵیـان نـەرم بێـت و هەڵـە و ناشـرینییەکانی پیـاوە هــەرزەکانیتری وڵــات لەبیرکــەن و لاپەڕەیــەکی نــوێ و ســپییان لــەو مێــژووەوە لەگەڵــدا هەڵبدەنەوە بەبێ هیچ مەرجێکی پێشـوەختە لـە هەڵـەکانیان ببـورن، شـاعیر لـە کەشـێکی تاکەکەسییەوە هەوڵدەدات بەرەو پانتاییە کۆمەڵایەتییەکان ڕێ بکـات، ئـەو مەبەسـتییەتی ڕوونی بکاتەوە، کە پەیوەندی ڕۆشنبیربوونی تاکی نێرینە پێوەست نییە بە ئاستی پیشەیی و خوێندەوارییەوە، ڕەنگە پیاوی ڕۆشنبیر کەسێك بێت ئەوەندە پلە وپایە زانستی نـەبێت، بەڵام لەڕووی هزرییەوە خۆی پێگەیاندبێت و ئاستی زانیارییەکانی بەرزبێت. ڕووی دووەمـی وێنەی ڕۆشنبیرلای (کەژاڵ) دیوە ڕەشبینی و تاریکەکەیە، هەروەها گومانە بەرامبەر بەشـە زۆرەکەی ڕۆشنبیرانی نێرینە، کە گورگن و خۆیان لە پێستی مەڕ نیشانداوە:

حیکایەتم
لەو پەیڤە دەستبەسەرانەدا تاساوە
کە پڕن لە وشەی جوانی ئازادیی و
باڵی ڕەنگاڵەیی فڕین
ئازارم لەناو ڕووکەشی
ئەوانەدا هەڵکوڕماوە
کە میهرەبانی ئەڵێن و
بۆخۆیان نامیهرەبانن
کە قەڵەمیان
گوایە سەنگەر و قەڵغان و ئومێدمانە و
خۆیان تابووتی ژنانن

بەتەنیا هەر لەسەر کاغەز

یان لەسەر ژن

ئینسانن

دەنا گەلێ لەسیمبولە نێرەکانی

ڕێگەی دووری پڕ لە گەلاڵەی قوربانی

ئێمەی ونناو

قەسیدەیەکن لە درۆ

هەمان خوێنی باوك و مێرد و

براو یاری

ئەمڕۆژهەلاَتە حەقیرە

بە گیانی خۆپەرستیاندا لرفە ئەکات (ئەحمەد،٢٠٠٦: ٣٦٤-٣٦٥)

شاعیر لەڕێگەی گێڕانەوەی حیکایەتێك مێـژووی بـەردەوامی چەوساندنەوەی مێیینـەوە هەوڵی وێنەکێشانی ڕۆشنبیرانی نێرینەی ئـەمڕۆ دەدات، کـە گوایـا خۆیـان بـە ئازادیکـەر و ڕزگارکەری ژن ومافەکانی دەزانن و سەدەها وشەی باق و بریق دەئاخنە ناو نووسینەکانیان و بـاس لـە میهرەبـانی و لیبـوردەیی دەکـەن و ستایشـی قەڵـەمی خۆیـان دەکـەن و وای دەناسێنن چەکێکی کاریگەر و سەنگەر و قەڵغانی ئومێدی مێیینەیە، کەچی خۆیـان بـریتین لە نامیهرەبانترین مرۆڤی ئەو وڵاتە، ئەوان ڕەخنە لە نێرینەیی و ئاستی ڕۆشنبیری کلتوریی کۆمەڵ دەگرن، بەڵام وشەکانیان بلقی سەر ئـاو و مەرەکـەبی سـەرکاغەزە، ئەوانـە خۆیـان ڕەمزی نێرینـە و نێرینەپەرسـتین، بناغـەی نووسـینەکانیان قەسـیدەیەکی پـڕ جوانکـاری و درۆیــە، چــونکە درێژەپێــدەری هــەمان کلتــورن و خــوێنی نێرســالاریی سیســتمە کۆنــە ڕۆژهەڵاتییەکە بە دەمارەکانیاندا هاتوچۆ دەکات و لە ناخەوە ئەوانـە دووبـارە دەکەنـەوە، کە بـاوك و بـراو مێـرد بـە ژنانیـان کـردووە، ئەگـەر خراپترنـەبن! باشـترنین! واتـە شـاعیر دەیەوێ بڵێ ئەو مێـژووە دورودرێـژەی گەیشـتۆتەئێمە بـەو ناتەواوییـەوە، لەسـەر دەسـتی ئەمانەشدا گۆڕانکاری بەسەردانایەت، چونکە قەڵەم و نااخیان دوو شتی لەیـەکتر دوورن,لـە شیعرێکی دیکەدا، (کەژاڵ)بە یەقینەوە دەڕوانێتە ئەو ئاستە و بێ هیچ گومانێك گەیشـتۆتە ئەو باوەڕە، کە لای خۆمان جیاوازی لە نێوان ڕۆشنبیر و ناڕۆشنبیردا بوونی نییە.

کوا وجودی جیاوازی هەیە لەنێوان

ڕووناکبیر و تاریکبیردا

کوا وجودی لەیەکچوون هەیە لەنێوان

ئاسمانەزەمینییەکان و زەمینەئاسمانییەکان (ئەحمەد،٢٠٠٦ :٤١٩)

شاعیر خۆی گەیاندۆتە ئەو قەناعەتەی، کە لە کۆمەڵێکی تاریکی ئەنگوستەچاودا بە هیچ شێوەیەك ناتوانرێ جیاوازی بکرێت لەنێوان کەسی ڕۆشنبیر و ناڕۆشنبیردا، لەبەر بوونی سەدەها پەردەی تاریك، کە نێرینەکان خۆیان لەژێرییەوە شارۆتەوە و وەها ئارایشت دەکرێن ڕووی ڕاستەقینەیان دەرناکەوێت، لەژێر ئەو دەمامکەشدا ئیدی بڕوا و متمانە هەڵدەفڕێ بەرەو زەمینێکی دوورەدەست.

## ٧- وێنەی پەیامبەر و پیاوانی ئایینی:

مەبەست لە وێنەی ئایینی پیاو دیدوبۆچون و ڕەنگدانەوەی وێنەی پەیامبەران و پیاوانی ئاینی کۆمەڵە، لای (کەژاڵ) وێنەی پەیامبەران بەتایبەتی(مەسیح)بە چاوێکی ئەرێنییەوە سەیری کراوە و وەکو ڕەمزێکی پاکیزەیی نێرینە باسی کراوە:

تۆ نەبووبوویت

خاچ کون بە کون بۆتدەگەڕا

بمزانیایە ناتوانیٚ بەڕەحم بیٚ بۆت

لەگەڵ لەدایکبونتدا ئەموت: وەرە

بگەڕێرەوە ناوجەستەی پڕ لە ئارامیی دایکی خۆت!

بمزانیایە ناوت لێئەنێن(کوڕی خوا)

نەمدەهێشت بێیت

کە هیچ شەویٚ من نەنووستبم لەگەڵ خوا

ئەو نابێتە باوکی کوڕ و

کە باخەڵی ئەوم دیبیٚ بۆ ناوم لێبنرێت(عزراو) (ئەحمەد،٢٠٠٦: ٨)

شاعیر هەوڵدەدات دوو جیهانی جیاواز لە وێنەیەکدا کۆبکاتەوە، دنیای بەر لەدایکبوون و پاکی، لەگەڵ جیهانی دەرەکی دوای لەدایکبوون، کە جیهانێکە پڕ لە دەرد و ناخۆشی و درۆ، لەو ڕێگەیەشەوە دەستی سکاڵاکانی بۆ لای خوداوەند بەرزدەکاتەوە و گازاندەی

پیسـی و گەنـدەڵی هەنـدێ مرۆڤـی لێـدەکات، کـە هـەردەم بـەدوای تێکـدان و پیسـکردنی پاکییەکانی ژیانن، هەروەك چۆن سـکاڵای نەپاراسـتنی کەسـێکی وەك(عیسـا)ی لێـدەکات، شاعیر دەیەوێ وێنەی باوی کۆمەڵ لـە ناسـنامە بەخشـین بـە منداڵـدا بسـڕێتەوە و هەسـت دەکات لە ڕەگێکی ئایینییەوە سەرچاوەی گرتووە و بە شـتێکی کـۆن و کلتـورێکی خراپـی دادەنێت، چونکە دایك و باوك هەردووکیان بەشدارن لە درووسـتبونی منداڵـدا بەشـێوەیەکی یەکسـان، ئـەی بـۆ بـەناوی یەکێکیانـەوە بکرێـت، ئـەویترنا !(کـەژاڵ) لـە بەرجەسـتەکردنی بیرەکەیدا کارامەییەکی بـێ وێنـەی نوانـدووە، لـە ڕێگـەی تێکـەڵکردنی چـیرۆکێکی ئـایینی مەبەستییەتی بڵێ: ئەوە کۆمەڵە توند دەستی گرتووە بەو نەریتە کۆنەی ناسنامە بەخشین، تەنانەت ئەگەر منداڵەکە وەك عیساش بێ باوك لەدایك بووبێـت، ئـەوا هـەر نێرینەیـەکی بـۆ دەدۆزنەوە، تا بیخەنە سەر ناوی ئەو نێرینەیە و ماندووبوون و ناخۆشـی و مـافی دایکایـەتی ژنانیش فەرامۆش بکەن.وێنەیەکی تری ئایینی لای(کـەژاڵ) وێنـەی(مـەلا)کانـە، کـە هـەموو تێکەڵاوییـەکی ڕەگـەزەکان لـە شـەریعەتدا دەبیننـەوە و دەسـەڵاتێکی گەورەشـیان هەیـە بەسەر سیستمی هاوسەرگیرییەوە:

تۆ بڵێی شەریعەت بەس بێ

ئەی دەزگیران

بۆ ئەوەی من لەیەك شەودا

کچێنی خۆم بدۆڕێنم

لەناو نوێنی ژووری خەوا!

ئەی مارەبڕ، ئەی مامۆستای سەرلێشێوان

ئەگەر ئەتزانی کچێنی لای ئافرەتی ئێمە چییە و

چۆن پارێزگاری لێئەکرێ

ئەتزانی بۆ ئاسان نییە لەدەست بدرێ

گرانە و گەلێکیش گران... (ئەحمەد،٢٠٠٦: ١٥)

شاعیر ڕەخنە لە پیاوانی ئایینی دەگرێت، کە تەنیا پشت بە شەریعەتی ئایینی دەبەستن لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا، هەروەها ڕەخنەش لەو پێوەرە کلتورییـە کۆمەڵایەتییـە دەگرێت، کە وەرگیراوی ئایینە لە دیاریکردنی پاکیزەیی مێیینەکان، هەروا بازنەکانی بـەژن بـوون بـە

بازنەگەلی تـەنگ و تەسـك دادەنـێ، کـە تـەنیا لەڕێگـەی ئایینـەوە لەلایـەن هەنـدێ پیـاوی ئایینییەوە پاشەڕۆژی بۆ دادەنرێت ، کە هیچ شتێك لەبارەی دنیای کچێتییەوە نازانن،جگە لە چەند دلۆپە خوێنێك نەبێت، ناتوانن شۆڕببنەوە بۆ قوڵایی ناخیان، ئەو کارەشیان بۆتـە هۆی شێواندن و تێکدانی خودی کەسایەتی مێیینەکان و بەهۆی کەمزانیییانەوە سـەریان لـە تەواوی خـەڵکیش شـێواندووە و سـتونێکیان بـۆ ئـەو کلتـورە دانـاوە کـەس نـەتوانێت لێـی لابدات.

## ٨- وێنەی پیاوی هەوەسباز:

کرۆکی ئەو وێنەیە نیشاندان هەست و ئارەزوو سێکسـییەکانی پیـاوان، کـە زیـاتر لەهـەر جۆرە غەریزەیەکی دیکەی نێرینە ژنان دژی دەوەستنەوە، بەواتایـەکی دیکـە ژن زیـاتر لـە هەر شتێکی تری پیاو ڕووبەڕووی لایەنەسێکسییەکان دەبێتەوە و واهەستدەکات گرینگترین بیرکردنەوەی پیاوان سەبارەت بە مێیینە سێکسـە، لەبەرئەمـە هەمیشـە لـە ڕەتکردنـەوە و ڕاستکردنەوەی دایە، ئەم جۆرە وێنەیە لە شیعری(کەژاڵ)دا، تەنیا بەیەك رووەوە سـەرنجی لێدراوە، ئەویش درێوی و ناشرینییەکەیەتی، شاعیر بە هـیچ چەشـنێك سێکسـیبوونی پیـاو قبوڵ ناکات بەو شێوەیەی، کە پیاو حەزی دەکات، یا وێنەی ویستراوی سێکسی ناکێشـێت لەنێو دەقەکانیدا، بەڵکو بە جـۆرە کێـوی بـوونێکی پیـاوان و شـکاندنێکی هەیبـەتی ژنـانی دەزانێت و واهەستدەکات چەکێکی نێرینەیە بۆ قرکردنی بوونی مێیینە:

نالی لە پەرستگای شیعرا
مەستورە ڕووت ئەکاتەوە و
مانای قووڵی ناوەکەی تێکئەدات
پێچەوانەی ئەمە ئێستایش ڕوونادات
چەندبارە ئەبنەوە شتەکان
بەڵام بە مۆدێل و باوی نوێترەوە
بە ماکیاژی زەقترەوە
بە دڵێکی ڕەقترەوە (ئەحمەد،٢٠٠٦: ٣١٤)

کەژاڵ لەچاوی شاعیرێکەوە مەبەستییەتی ماهییەتی پیاوی (هەوەسـباز) دەربخـات، کـە هەمیشە لە دوای تێرکردنی ئـارەزووە سێکسییە شـاراوەکانی خۆیـانن و هـەرگیز گـوێ بـە

کەسـایەتی و ناوبـانگی بەرامبـەریان نـادەن، تەنانـەت ئەگـەر بۆیـان نـەلویَ بـە پراکتیکـی مێیینەیـەك ڕووت بکەنـەوە و کردەییانـە سێکسـی لەگەڵدابکـەن، ئـەوا لەڕێگـەی خـەون و خەیاڵی نەستیانەوە وێنەکەی دێننە پێش چاوی خۆیان، یا بە دەربڕین لە شیعر و نووسیندا دەیخەنە مەزادەوە لە پێناو شکاندنی گەورەییەکـەی، شـاعیر وێنـەی هەوەسـبازی پیـاوان بەوجۆرە دەکێشێت، کـە لایـان بۆتـە جۆرێك لـە زاڵبـوون بەسـەر دوژمـن و سـەرکەوتن لـە جـەنگێکی دەسـتەویەخەی مێـژوویی، کـە تـا ئـەمڕۆش بـەردەوامی هەیـە و هـەرگیز پیـاو نەیویستووە لەڕووی سێکسـییەوە جوانییـەکانی ژن داپۆشـێت، یـا لێـی بـدوێت، بـەڵکو لـە هـەوڵی دەرخسـتە ناشـرینە تاکەکەسـییەکاندایە و خـۆی بەشـارەزا و گـەورە دەزانێـت لـە باسکردنیاندا .

## ٩- وێنەی پیاوی دووڕوو (نەناسراو):

ئەو جۆرە وێنەیە گومان و نەناسینەوەی کەسایەتی ڕاستەقینەی پیاوە، بەهۆی بـوونی هەنـدێ خەسـڵەتەوە لـەنێو ئـەو کۆمەڵـە نێرسـالارییەوە، کـە وایکـردووە پیـاو نـەتوانێت ناسـنامەیەکی ڕوون و ئاشـکرای هـەبێت و بەدەسـتی دوو کەسـایەتییەوە دەناڵێنێـت، کەسایەتییەکی شاراوەی کلتوری شاراوەی ناخەکی، لەگەڵ کەسـایەتییەکی ناڕاسـتەقینەی بە ڕووخسار جوان و سەرزارەکی و هەڵخەڵتێنەر، کە گوزارشت لە خـودی مرۆڤەکـە ناکـات، ئەو جووتەکەسایەتییە لای(کەژاڵ) وەکو گرفتارییـەك گوزارشـتی لێکـراوە، کـە ژن نـاتوانیَ تێبگات و هەمیشە عەوداڵە بەدەست ئەو ناسینەوە:

ئەی ئەوەی ناتناسم
بێگومانم لەوەی شووتیت
تاوەك چەقۆ بە ناختا ڕۆنەچم
ناتوانم بزانم تۆ چیت (ئەحمەد،٢٠٠٦: ٢١٥)

شاعیر بەدوای ناسینی کەسایەتی نێرینەیە و دڵنیایە لەوەی بەئاسانی ناتوانرێت پەی بـە شاراوەییەکانی ببردرێت، چونکە تەواو شاراوە و داخراوە تا بارگەکەی هەڵنـەدڕیَ نـاتوانریَ بزانـریَ کرۆکـی چـی تێدایـە، شـاعیر کەسـایەتی پیـاوێکی لـەو جـۆرەی بـە شـوتییەکی چوواندووە، کە پێکهاتووە لە ڕووخسارێکی سەوز وجوانی بیَ خەوش، بەڵام مێیینە ناتوانیَ

بزانێ جەوهەری چۆنە، تا بەچەقۆی شارەزایی لەت نـەکرێ نـازانرێ ناوەڕۆکەکـەی شـیرین وجوانە و هاوتایە لەگەڵ ڕوخسارەکەی، یا شتێکی جیاوازە لەمەوە.

## ١٠- وێنەی پیاوی ناپاك:

ئەم جۆرە وێنەیەش چەشـنێکی تـری وێنـەی سیفاتی پیـاو، کـە دەرخسـتەی سیفەتی خیانـەتکردن و ناپـاکیکردنی نێرینەیـە، شـاعیرانی ژن هەوڵـدەدەن لەڕێگـەی پـەیامێکی شیعرییەوە گوزارشت لە پیاوی خیانـەتکار بکـەن، لـەو جـۆرە وێنەیـەدا هەسـتی بێـزاری و ڕەوینەوە لای ژنان دەردەکەوێت لەئاست ڕەگەزی بەرامبەریان، هەروەها هەنـدێجار شـاعیر خۆی وەکو ستەم لێکراوێکـی شـکاو نیشـاندەدات،کە خوێنـەر بـە چـاوێکی سـۆز وبـەزەیی پیاهاتنەوەدا لێی دەڕوانێت. (کـەژاڵ) بـە قـووڵی چـۆتە نـاو ئـەو مەبەسـتەوە و بـڕوای بـە نەبڕاوەیی و کۆتایی نەهاتنی پرۆسـەکەش هەیـە لەگـەڵ تێپـەڕینی ڕۆژگـار هـەر جارێـك بـە دیکۆرێکی دیکە لەگەڵ دووبارەدەبێتەوە و مێیینەش گەورەترین زەرەرمەندە تێیدا:

دووبارە ئەبنەوە شتەکان
لەسەرەتای مێژووەوە تا ئەمڕۆ
براکوژی ناگۆڕێ بە خوشك کوژی
مێردەخیانەتکارەکان ئەمێننەوە و
ژنەکان ئەکوژرێن (ئەحمەد،٢٠٠٦: ٣١٤)

شاعیر کارەسات و قوربانییەکانی مرۆڤایەتی دەخاتە چوارچێوەی وێنەیەکەوە، کە تێیدا پیاوان دەکاتە سەرچاوەی سـەرهەڵدانی هـەموو ناخۆشـییەکان لـە کردەیـەکی بـەردەوامی دووبارەبووەوەدا پیـاوان خـەریکی مرۆڤکـوژین ، هـەرگیز ڕیکـەوت ئـەو چارەنووسـەی پـێ ناگۆڕدرێت، کە ڕۆژێك ژنان دەست بدەنـە ڕۆحـی یـەکتر، هـەروەها چارەنووس هەمدیسـان وانووسراوە، کە پیاوان ئەگەرچی خیانەتکار و بێبـەزەیین، بـەڵام یاسـای هێـز و دەسـەڵات بەهێزترین رکابەر هەڵدەبـژێرێت، کەسـڵ لـە هـیچ یاسـاو نـەریتێکی ڕەوشـتی و مرۆڤایـەتی ناکاتەوە و ژنیش دەکاتە قوربانی ئەو هێزە توند وتیژە..

شاعیر خیانەتێکی دی نێرینە باس دەکات، ئەویش خیانەتی سیاسییە، زیـاتر لـە خیانەتـە کۆمەڵایەتییەکە وێنەی کێشراوە، ئەو خیانەتەش ناپاکی کەسانێکی سیاسین، بەرامبەر گەل و نیشتیمانەکەیان :

هەموویانماڵیان بەجێهێشت

خەنی لەخۆمان جاروبارێ دێنەوە

نیشتیمانیان لەپێ کرد و

لەدور را ئەلاوێننەوە

ئێستاش خۆیان بە کوڕی ماڵێ ئەزانن

کەپوو ئەکەنە ئاسمان و ڕەخنەئەگرن

نازانن خۆڵ لەکتێبی مێژووی خۆیدا

بۆ دەماودەم نووسی ئەوان نارەسەن بوون!     (ئەحمەد،٢٠٠٦ :٩٤)

شاعیر خیانەتی ئەو نێرینانە دەگێڕێتەوە، کە وڵاتیان جێهێشتووە و ئاگایان لێی نەماوە بە جەستەو ڕۆحەوە لێی دابڕاون و وەکو پێڵاوێك خستویانەتە پێکانیانەوە، بەلام لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و بەسەرچوونی بارودۆخی پێشوو ویستویانە ئەو خیانەتە گەورەیە بیر خۆیان و خەڵکی بەرنەوە و خۆیان وەکو کوڕێکی دلسۆز نیشانبدەن، بێئاگان لەوەی خاك لە مێژووی سوتاوی خۆیدا خیانەت و نارەسەنی ئەوانی بیرنەچۆتەوە.

## ١١- وێنەی پیاوی نەرگسی:

لەمەدا خۆپەرستییەتی و شەیدابوونی پیاو بۆ خودی خۆی دەخرێتە چوارچێوەی وێنەیەکەوە، واتە نەرگسی بوونی نێرینە لە ئاست مێینە و زاڵی ئەو هەستە دەگێڕدرێتەوە.(کەژاڵ) لەشیعری(بە تەنیا)دا ئەو ڕوانینەی خستۆتە ڕوو:

کە دڵداریت لەگەڵ ئەکەم

سەنتەری ژیانی منیت

هیچ دیارنییە

هەموو دنیا سەرابە تۆ نەبیت

کە دڵداریم لەگەڵ ئەکەیت

شتێکم لە شتەکانم

ئەی پیاو تۆ چەندە نەرجسیت     (ئەحمەد،٢٠٠٦: ٢٢١)

(کەژاڵ) لەم شیعرەدا خۆپەرستییەتی پیاو لە کاتەکانی ژیانیدا بەرامبەر مێیینە دەخاتەبەر باس و بەراوردی ئەو هەستەی پیاو لەگەڵ هەستی پاکی ژنان دەکات لە

دڵداریکردندا پیاو دەبێتە سەنتەری ژیانی مێیینە و هەموو دنیا لەبەرچاوی ژنەکە دەبێتە سەراب، تەنیا ئەو نەبێت، بەڵام پیاو بەو جۆرە نییە و ئەو خۆشەویستییەی ژن وەکو تەسلیمبوونێك سەیردەکات و وا چاوی لێدەکات، کە مێیینە شتێکە لە شتەکانی هەروەك کەلوپەلە ماددیەکانیتری دەوروبەری .

## ١٢- وێنەی سوپەرمان:

ئەو جۆرە وێنەیە بریتییە لە وێنەیەکی خەیاڵی و مەزەندەکراو، وێنەیەك لە گشت لایەنێکییەوە پیاوێکی کامڵ و بێ کەم وکورتییەو توانای چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی مرۆڤی هەیە و کەلوپەلەکانی ئەو نێرینەیە سیحراوین و هەموو کات کەسێکی ویستراو و خۆشەویستە لای مێیینەکان، لەبەرئەوەی لەسەردەمێکی ڕەش و تاریکی چەوسانەوە و خەماوی دەردەکەوێت و دەبێتە ڕزگارکەرێکی مێیینەکان، ئەو پیاوێکە کردارەکانی چاوەڕوان نەکراون و لەسەرووی واقیعی مرۆڤەوەیە،(کەژاڵ) ئاواتەخوازی هاتنی کەسێکی لەو جۆرەیە و لەبەرئەوە دەبینین وێنەی پیاوێکی بەدەسەڵاتی دادپەروەر دەکێشێت و پێشبینی هاتنی دەکات:

شمشێری لە(با)یە و
قەڵغانی لە ئاگر
قامەتی لە بەردە و
ڕۆحی لە ئاو
زەمانی فتوحاتی ئەم، نیشتیمان ئەبێ بە تەڵا و
پیاوانیش ئەبنەوە بە پیاو
عەسرانێکی پرتەقاڵی
ئەسپەکەی بەسەر بچووکی ماڵە چلکنەکانماندا
غارئەدات و ئەڵێ: هەڵلاو
بەختیاریتان بەش ئەدەم
ئەسپەکەی سپییە، کەحێلە ، باڵدارە
چاوەکانی بە چاوی گا ئەچن
مەزاجیشی بە گوڵساریی

ئەو شاسواری خەونی هەرهەموو ژنانە و
هێڵەکانی لەپی دەستی بە هێڵە زێڕینەکانی
دوا ژەنەڕاڵی دونیا ئەکەن!
ئەگەر بیبینم پێی ئەڵێم: ئێوارەیەك
کچە شێتەکانی هاوڕێم
بە نزمترین تۆنی دەنگ باسیانکردی
هەموویان تۆیان بە هی خۆیان ئەزانی و
ئەیانوت بۆ ساتێك لەگەڵ ئەو
ئەیانوت زۆر زۆر جوانە ! (ئەحمەد،٢٠٠٦: ١٣٠–١٣١)

لەو وێنەیەدا شاعیر چاوەڕێی هاتنی نێرینەیەکی میتافیزیکی هێرشبەر دەکات، کە لەگەڵ ناجۆرییەکانی سەردەم دەجەنگێ بەکەرەسەو کەلوپەلە سەرسوڕهێنەرەکانیەوە، ئەو شازادە ڕزگارکەرە خەونی هەموو ژن و کچانی شارە و پێشبینی هاتنی کراوە لە ماوەیەکی نزیکدا، چونکە شاعیر ئامرازی نیشانەی نزیکی بۆ بەکاردەبات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو کەسە نزیکە بگات، (کەژاڵ) بیری خوێنەری شیعرەکە بۆ ئەو لایە دەبات، کە ڕەنگە لەم سەردەمەدا هیچ نێرینەیەکی ئەوتۆ، کە شایەنی هەڵگرتنی ناو و ڕەگەزی نێرینەبێت بوونی نەمابێت تا خەون و هیواکانی مێیینەکان بەدی بهێنێت ، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنیدا هەموویان دەبنەوە بە پیاوێك بەتەواو مانا پیاو، پەنابردن بۆ کەسێکی خەیاڵی واتای نەمان و داڕووخانی سروشتی نێرینەیی لە کلتوری ئەو کۆمەڵ دەنوێنێت، کە شاعیر خۆی تاکێکە تێییدا، هەروەها تا بیسەلمێنێت، کە ژنی ئەمڕۆ هیچ هیوایەکی بە پیاوی سەردەم نەماوە و دەستیان شوشتووە لە ڕزگارکەرێکی فیزیکی و واقیعی بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە گەورەیەش هاتوون دڵی خۆیان بە دیمەنی خەیاڵی دەدەنەوە و هەستەکانی خۆیانی پێ دادەمرکێننەوە، هەست و هیوایەك، کە تەنیا بە جۆرە پیاوێکی سەرووی واقیع ئەگەری هاتنەدی هەیە.

## ١٣- وێنەی پیاوی خۆشویستراو( مەعشوق ):

ئـەو جـۆرە وێنەیـە بەهـەردوو ڕووی ئـەرێنی و نەرێنییـەوە لـە شـیعری(کـەژاڵ)دا بەرچاودەکەوێت، لە هەندێ شیعریدا مەعشوق وەکو کەسێکی ڕزگارکـەری باڵا دەکێشـێت بەرامبـەر عاشـقەکەی، لەبەرئەوەشـە عاشـقەکەی پابەنـد و پێوەسـتە پێـوەی و نـاتوانێ دەستبەرداری بێت:

یاری من

خۆی شاسواری لەشکری عەشقە و شای ئەڤین

لەبەرئەوەی توانی دڵم کوناودەرکا و

بیابانی ئازارەکانم بکێڵێ و

لە زەمەنی مردن و بەجێهێشتنا

نیشتیمانم بۆ بکات بە شیعر و پێکەنین! (ئەحمەد،٢٠٠٦ :٢٠٠)

مەعشـوق یارمەتیـدەرێکی بێوێنـە بـووە و توانیویـەتی شـوێن وپێگـەی خـۆی لـە دڵـی عاشقەکەی بکاتەوە و ئازارو مەینەتییە وشکەڵاتووەکانی کردووە بە باغچەیەکی سەوز بۆی و جێگەی خاڵیی نیشتیمانی بۆ پڕکردۆتەوە، ئەو نێرینەیە لەهەر پیاوێکـەی دیکـە لەچـاوی عاشـقەوە جیـاوازە و شاسـوارێکە لـە مەیـدانی عەشـق و ئەویـندا، ئـەو باڵاییـەی مەعشـوق لەهەندێ شیعری تریدا بازنەکەی فراوانتر دەبێت:

یاری من یارێکە

لە بۆنی ئەفسانە و ئەفسونی نیشتیمان

جوانی بەلایدا ئەڕوات و

هاوارئەکات ئاخ کە جوانە!

ئەو کوڕی خۆشترین بۆنە

بنەچەی پەلکەڕێحانە (ئەحمەد،٤٣٩:٢٠٠٦)

وێنـەی مەعشـوق لـەو شـیعرەدا لـە بـەرزترین و جـوانترین وەسـفی خـەیاڵاوی خـۆی دەبینێتەوەو جوانی شەرمەزارە لەئاستیدا و بۆنیشی خۆشـترین بۆنیشـی لـە بـۆنی کـوڕانی ئەفسانەیی دەچێت و هیچ بۆنێك پێی ناگاتەوە، چونکە ڕەگ و بنەچەکەی دەچێتەوە سەر پەلکە ڕێحانە، نەوەك بۆنێکی دروستکراو.

### ١٤- وێنەی گاڵتەجاڕیی پیاو :

لە هەندێ شیعردا(کەژاڵ) وای نیشاندەدات، کە پیاو هیچ بایەخێکی لای ئەو نییە و گوێی بۆ ڕاناگرێ بە تایبەت لە شیعری(سیاسەتی کەڵەشێر)گوزارشت لەو هەستە لەخۆباییەی مێیینە بەرامبەر نێرینە دەکات و وێنەی نێرینەیەك دەکێشێت، کە بە توانج و بانگکردنەکانییەوە دەیەوێ مێیینەکە بەرەو ڕووی خۆی کێشبکات، بەڵام نازانێ ئەو مێیینەیە گاڵتەی بە هەموو نێرینەیەك دێت و بە جوێن وەڵامی داواکارییەکانی دەداتەوە :

لە دەرەوەی مندا بۆخۆی ئەقوقێنێ
کەڵەشێرە...
حەقیقەت گوێی بە تەنافی
سپێدەی بانگیا هەڵناخات
دەنگی نێرە
دەستڕێژێ جنێوی بۆ دێت
ئەقووقێنێ
دەستڕێژێکی تری بۆ دێت
ئەقوقێنی و ئەقوقێنێ
چەند بێ ئەقڵە
بۆ ناچێ بۆخۆی بخەوێ؟!
منی مریشك
چەند گاڵتەم بە کەڵەشێر دێ!!! (ئەحمەد،٢٠٠٦: ٣٦-٣٧)

## ئەنجام

١- كەژاڵ یەكێكە لەو شاعیرە ژنانەی كە بە بوێریەكی زۆرەوە توانیویەتی دید و تێڕوانینی خۆی لە دەقە شیعرییەكانیدا بەرامبەر بە پیاو دەرببڕێت، و دەكرێت بەسەرئامەدی ئـەو جۆرە شیعرە دابنرێـت كـە بـۆ ڕەخنـەگرتن لـە پیاونوسـراون، واتـە ئـەو شـیعرانەی كـە دیدێكی فیمینیستییان هەیە لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی كوردیدا..

٢- بەشێوەیەكی شتی كەژاڵ ڕەخنە لە سیستمی باوكسالاری كۆمەڵی كوردی دەگرێت و بـە هۆكارێكی دەزانێت بۆ چەوساندنەوەی ژن و لەم جۆرە ڕەخنەیەشـدا بـوێری و ئازایـەتی خۆی دەرخستووە.

٣- دیدی كەژاڵ بەرامبەر پیاو دیدێكی نەرێنییە و ئەو وێنانەشـی كـە كێشـاویەتی زۆربـەیان ڕۆكاری خراپی پیاو نیشاندەدەن، هەرچەند هەندێ جۆرە وێنەی پۆزەتیڤیشی كێشاوە.

٤- لەو وێنانەی كە بۆ پیاوی كێشاوە هەست بەوە دەكرێت، كـە شـاعیر لـەبری توێـژەرێكی كۆمەڵناسی و دەروووناسی هەوڵیداوە شیكردنەوەیەك بۆ ڕەگەزی بەرامبەر بكـات لـەناو كۆمەڵەكەی خۆیدا.

٥- بەشـێوەیەكی گشـتی كـەژاڵ توانیویـەتی چـەندین جـۆر وێنـە لەوانـە:وێنـەی بـاوك، كوڕ،مێرد،مەعشوق،ڕۆمانسی،دیكتاتۆر، نەرگسی، ناپاك، سیاسی، هەوەسـباز، ئـایینی، ڕۆشبیر... بكێشێت.

## سەرچاوەكان


### كـوردی

١–ئەحمەد،كەژاڵ،(٢٠٠٦)،چ١،چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، ٢٠٠٦.

٢–ئەحمەد،كەژاڵ،(٢٠١٤)،من دەبێت خۆم بسمیل بكەم، ، چ١، سلێمانی.

٣–ئیمام،ئیمــام عبــدالفتاح،(٢٠١٣)،ئەرســتۆ و ژن،و:ســەركەوت جــەلیل، دەزگــای موكریانی،هەولێر.

٤–ئیمـام، ئیمـام عبـدالفتاح،(٢٠٠٤)،جـۆن لـوك و ئـافرەت، تێڕوانینێـك لـە فەلسـەفەی كۆمەڵایەتی، ، و:ئەژین عەبدولخالق، چ١، چاپخانەی ڕەنج، لەبلاوكراوەكانی چاپ و پەخشی ڕێبین، هەولێر.

٥–جەمال، سۆزان ،(٢٠٠٩)،سـایكۆلۆژی و مێیـەتی، ،چ١، چـاپخانەی خـانی، بلاوكـراوەی دەزگای موكریانی، هەولێر.

٦–باربندەر، جیفـری، (٢٠١١)،سـێكس لـە ئایینـەكانی جیهانـدا،جیفری بارنـدەر، و:سـەعید بەشیرخەرپانەیی، چ١، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

٧– ڕۆسۆ، ژان ژاك: ئیمیل،( ٢٠١٢)،و:رەسوڵ بایز مەحمود،دەزگای وەرگێڕان، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

٨– شـۆپنهاوەر، ئارسـەر،(٢٠٠٩)،دنیـابینی و تێڕامـانی فەیلەسـوفێك، هەڵبژاردەیـەك لەبەرهەمەكانی ئارسەر شۆپنهاوەر، و:سیدۆ داود عەلی، سلێمانی.

٩– مارونسی،مەلا حسین یوسف عبدالقادر،(١٩٩٨)،تەفسیری زانین، جلدی١، هەولێر.

١٠– نیچـە،فریدریك،(٢٠٠٨)،وەهـای گـوت زەردەشـت،و:زاهـیر محمـد ڕەشـید، چـاپخانەی چوارچرا، سلێمانی،٢٠٠٨.

### عەرەبی و فارسی:

قران الكريم

١١– ارسطو،فلاسفه بزرگ،اندره كروسون،ت:كـاظم عبـادي،چ٢، چـاپخانه بـرادران هـردین، ناشر بنگاه مطبوعاتی صفیعلیشا ، تهران.

١٢– ارسطو،(١٩٥٧)، كتاب السياسات ارسطو، ترجمة اب اوغوستينس بربارة، ط١، بيروت.

١٣- انجيل،(٢٠٠٩)،كتاب مقدس ترجمه تفسيرى، شامل عهد عتيق و جديد، چ چهارم، انجمن بين مللي كتاب مقدس.

١٤- برنابا،( ١٩٠٨)،انجيل برنابا،ت:د.خليل السعادة، مطبعة محمد علي صبيع واولاده، القاهرة، مصر.

١٥- روسو، جان جاك ،(١٣٤١)،قرارد اجتماعى،ت:غلامحسين زيرك زاده، چ٤، انتشارات شركت سهامى چهر، تهران.

١٦- سالتز،ادين اشتاين،(١٣٨٢)، سيري در تلمود،ت: باقر طالبي دارابى، ناشر مركز مطالعات وتحقيقات اديان و مذاهب ، تهران.

١٧- فرويد ،سيغموند ،(١٩٨١)، ثلاثة مباحث في النظرية الجنس، ت:جورج طرابيشي، دار الطليعة لطباعة والنشر، بيروت.

١٨-فرويد ،سيغموند،(١٩٨١)،مختصر التحليل النفسي،ت:جورج طرابيشي، ط١، دار الطليعة لطباعة والنشر، بيروت.

١٩-فرويد ،سيغموند،(٢٠٠٠)، موجز التحليل النفسي،ت:سامي محمود علي، ط١، مطبعة الاسرة، القاهرة.

٢٠-لوك، جون،الحكومة المدنيةن٢ جون لوك و وصلتهما بنظرية العقد الاجتماعي لجان جاك روسو،ت:محمود شوقي الكيال، ط١، مطابع الشركة اعلانات الشرقية، مصر.

# دەروازەیەك بۆ دەروونشیکاری

## پراکتیزەکردنی لە (هەلبەستی پەشیمان) دا



**فرۆید Sigmund Freud**

## بـــەرایی:

ئەگەر بۆ سەرەتاکانی دەروونناسی بگەڕێینەوە، ئەوا بێگومان ڕەنگە زیاتر لە دوو هـەزار ساڵ لەمەوبـەر بیدۆزینـەوە، لەوکاتانـەی کـە سـەرجەم زانسـتەکان لەباوەشـی فەلسـەفەدا بـوون، بەتایبــەتی لــەکارە ئەدەبییــەکانی ســەردەمی یۆنــانی کۆنـدا و لەســەر دەسـتی فەیلەسووفەکانی گریکدا پەرەی سـەندووەو ئاماژەپێکردنێك لـە بـیروڕا میتافیزیکییـەکانی ئیفلاتوون و ئەرستۆ و پیتاگۆرس و ئاریتۆسدا سەرەتاتکێ دەکات.

پاشان جیابوونەوەی دەروونناسی یان سایکۆلۆژیا وەکو زانستێکی سـەربەخۆ چـەندین قوتابخانـەی هەمەچەشـنەی لـێ بـووەوەو گرنگترینیـان، کـە ئێمـە لێـرەدا مەبەسـتمانەو تاڕادەیەك ناسراوتر و جیـاوازترە لـەوانی پـێش خۆیـەوە قوتابخانـەی دەروونشـیکاری یـان شیکردنەوەی دەروونی (سیگمۆند فرۆید)ە، کە لایەنێکی گرنگـی ڕەخنـەی سـایکۆلۆژی لـە ڕەخنەی ئەدەبی پێکدەهێنێت، ئەم کورتە نووسینە دەروازەیەکـە بـۆ ڕوونکردنـەوەی ئـەم قوتابخانەیەو پاشان پراکتیزەکردنی لەسەر شیعرێکی (گۆرانی)ی شاعیردا.

## پێکهاتەی ڕەفتاری مرۆڤ:

لەبارەی کرداری هەستکردن (Consciousness)ەوە فرۆید پشت بە سێ کۆڵەکەی یان سێگۆشەی مێشکی مرۆڤ دەبەستێت، کە بریتین لە:

– مێشکی بە ئاگا: کە ئەو بەشەیە مرۆڤ بەوپەڕی ئاگاییەوە کارو کردەوەکـانی جێبـەجێ دەکات و ڕاستەوخۆ بڕیار دەدات و پێویستی بەسەرخستنەوەی یادگارە کۆنەکان نییە.

– مێشکی پێش هەست: ئەو ئاستەیە، کە مرۆڤ بەئاسانی دەتوانێ ئـەو شـتانە بـیر خـۆی بخاتەوە، کە مەبەستیەتی.

– مێشــکی شــاراوە: یــان نەســت، ئــەو ئاســتەیە کــە بەئاســانی حــەزو ئارەزووەکــان سەرناکەونەوە بۆ ئاستی هەست.

پاشان کەسـێتی مـرۆڤ بـەلای فرۆیـدەوە بـەپێی سێگۆشـەیەك لـە نـاوەوە شـاراوەتەوە و زاڵبوون و نەبوونی ئەو ئاسـتانە کەسـایەتی مـرۆڤ دەسـتنیشـان دەکـەن و لـەنێوانی حـەزی ئیرۆسی و پاناتۆسیدا دەردەکەوێ. ئەو سێگۆشـەیەی هەمیشـە لـەناوەوە لـە ململانێـدان وایدەرخستوون.

### ئەو (Id):

ئەم ئاستە،شوێنی کۆبوونەوەی هەموو حەزو ئـارەزووە کـپ کـراو و خەفەکراوەکانـە، کـە هەر لـە منداڵییـەوە لـە دەروونـی مرۆڤـدا جـێگیرەو چـێژ وەرگـرتن و تێرکردنـی حـەزەکان بەلایەوە گرنگە بیّ گوێدانە ئەوەی تا چەند لەگەڵ عەقڵدا دەگونجیّ.

### منی باڵا (Super Ego):

ئەم ئاستە، ئاستی ڕەوشتییەو یاساو بەها کۆمەڵایەتی و مەزهەبییەکان باڵادەستن و ڕێگە لە حەزو ئارەزووە خەفەکراوەکانی ئاستی (ئەو) دەگرن و هەوڵدانە بۆ خۆگونجاندن لەگـەڵ یاسا کۆمەڵایەتییەکان.

### من (Ego):

ئەم ئاستە گوزارشت لە خودی مرۆڤ دەکات و ئاستی داناییـەو دەکەوێتـە نێـوان هـەر دوو ئاستەکەی پێشوو و ڕێگانادات هیچ کامێکیان بەسەر ئەوەی تردا زاڵ بێت.

### کەسایەتی لە ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە:

کەسایەتی لەڕوانگەی دەروونشیکاریی فرۆیدەوە واتا ئاستی (من)، کە وەکو پێشتر وتمان دەبێتـە بەربەسـتێك لـە نێـوان هـەموو حـەزو ئـارەزووە کـپ کراوەکـانی نەسـت و بـەها کۆمەڵایـەتی و ڕەوشـتی و ئایینییـەکانی مـنی بـاڵا. لاسـەنگبوونی مـرۆڤ بەهـەر لایەکیانـدا کەسایەتی ئەومان بۆ دەردەخا.

ئەوەی ئێمە لێـرەدا گەرەکمانـە کەسـایەتی داهێنـەرەو تـا چـەند لەگـەڵ دەروونشـیکاریدا دەگونجیّ.

بۆ ئەم مەبەستە فرۆید هـەوڵێکی زۆریدا بـۆ ڕوونکردنـەوەی ژیـانی نووسـەران و گـەڕان بـەدوای وردەکارییـەکانیان لـە پێنـاو ڕەنگدانـەوە لەبەرهەمەکانیانـدا و شـیکردنەوەی ئـەم ڕەمزانـە لـە دووتـوێی بەرهەمەکانیانـدا بـەکاریان هێنـاوە. لـەم ڕووەوەش شـیکردنەوەی بەرهەمەکانی سۆفۆکلیس و داڤینشی و شکسـپیر و دیستۆیڤسـکی.. ئەنجامـدا. بـە کـورتی بیروڕای فرۆید دەرهەق بە شاعیر و هونەرمەندی بلیمەت و داهێنەر ئەوەیە، کە ئەو کەسانە هەست بە گرێی کەم و کوڕی و گۆشەگیری و کپبوونەوەی حەزو ئارەزووە سکێسییەکانیان

دەکەن، بۆیە پەنا دەباتە بـەر بـاڵابوون (التسـامی) و لـەڕێگای نەسـتەوە کـاری ئـەدەبی و هونـەریی بەرهـەم دەهێنێـت. بەتایبـەتی ئـەو بـاوەڕی وایـە، کـە کەسـایەتی هونەرمەنـد و شاعیران ئاسایی نین و لەحاڵـەتی وڕێنـەو زیندەخەونـدا دەنووسـن و بـۆ ئـەم مەبەسـتەیش ڕەمز بەکاردەهێنن.

بەوپێیەی، کە زۆرجـار دەبیسـتین هونەرمەنـد خـەڵکانێکی هەسـت ناسـکن. لەگـەڵ ڕێ و شـوێنی کۆمەڵەکـەیان و کـۆت و پێوەنـدەکانی ڕێـك ناکـەون و حـەزو ئـارەزووە سێکسـییە خەفـەکراوەکانیان هوروژمیـان بـۆ دێـنن، کـە زۆربـەیان حـەزو ئـارەزووە کـپ کراوەکـانی سەردەمی منداڵین، هەروەکو فرۆید بۆ سەلماندنی ئەم ڕایەی لـە شـیکردنەوەی کەسـایەتی داڤینشی، کە لە نازی دایك بێ بەش بووە، بۆیە ئەو زەردەخەنەیەی سەر لێـوی مۆنـالیزای نەخشاندووە، تا ئەو گرێـی کـەم و کوڕییـەی خـۆی لـە ڕێگـەی هونەرەکەیـەوە دەربـبڕێ و گوزارشتی لێ بکات

یان حەزو ئارەزووی کوشتنی باوك لەبەرهـەمی (برایـانی کارامـازۆف)ی دیستۆیڤسـکی بـۆ ئەوە دەگێڕێتەوە، کە چۆن حەزی منداڵییەو باوکی خۆشەویستی دایکیان و حەزی سێکسی لێ زەوت کردوون و (دیمتری) و (ئەلێکسی) و (ئیڤان) باوکیان (فیۆدۆر کارامازۆڤ) دەکوژن، چونکە نووسەری دەق (دیستۆیڤسکی) لـە منداڵیـدا تووشـی گرێی ئۆدیب هـاتووە. دەقـی شیعرەکە:

## هەڵبەستی پەشیمان

کـــفرە لای من لە یــــــار ڕەنجان
پێی لێ ئـــــــەنێم زوهرەی جوان!
هەرزەگۆییم کـــــرد هەرچیم وت،
وا ئەو چــــێکەم بە فرمێسك شت
بەفـــــــرمێسکی پـــــــــەشیمانی،
ئەی زوهرەی ناز، زوهرەی جوانی!
مـــن ژیانم، گیانم، هەســـــــتیم،
هیوام، تاســــەم، شادیم، مەستیم،
بیرم، هۆشم.. هـــــــــەرچیم هەیە
کەڕووی لێ نیشت گـــەردی شیعرم.
هەی جوانەمەرگ خۆم! هەی بمرم!..
ئـــــەی ڕووناکـــــی ڕێی باوەڕم!
خـــــــــوای بەهەشتی دڵی تەڕم!
قیبلەی عەشـــــــقم! هۆی ئاوازەم!
هێلانەی هـەڵبەســــــــــتی تازەم!
چـــــــــــۆن ئەتوانم برەنجم لێت،
هــەی خاك بەسەر ئینسانی شێت؟
تــۆبی زەردەخــــەنەی چـــــاوت
لـێوی بـەعاســـــــــــتەم تۆراوت،

تۆبی ســــــــــپیەتی شـــان و مل
له عاســــتی ڕووتی و یەخەی جل،
تۆبی بەســــــــــتەی ڕۆیشتنت،
لەوحەی ڕەســـــــمی دانیشتنت،
تــۆبـی بــەبینتریـن نـــــەغــمە:
شلّپەی ماچــــــی ئەو ناو دەمە!
تۆبی هەمــــــوو جیلوەی جوانیت:
لێم خــۆش بـــــە دلّم ڕەنجانیت!
ئەی زوهرەی ناز! زوهرەی جوانی!
گــــەردن کــــەچی چـــــاوەڕوانی
وەســتاوم، ســـــا دلّم خـــۆش کە،
شــــــیعری پێشووم فەرامۆش کە!

سـەرەتا دەمـەوێ ئامـاژە بـۆ ئـەوە بکـەم، کـە ئـەم شـیعرە وەلاّمـی شـیعری پێشـووی شاعیرە، کە تیایدا لەیار ڕەنجاوەو بەوپەڕی حالّەتی (نائاگایی)یەوە بەرامبەر بەکاری بـەد و بێپەیمانی و (دەستی خوێنین) هەروەکو لە (هەلّبەستی ڕەنجاو)دا هاتووە دواوەو جـامی ڕق و تووڕەیی بەرامبەر بە زوهرەی جوانی و خۆشەویستی یار قلّپ کردۆتەوە. گومانی تێدا نییە لەڕووی دەروونشیکارییەوە حالّەتی یەکەم حالّەتی نائاگاییەو دەتوانرێ لە ئاستی (ئەو)، کە سەرچاوەی هەموو ئارەزووە سێکسییە خەفەکراوەکانە، کە هەروەکو خۆی فرۆید بە لیبیدۆ ناوی دەبات، ناوزەد بکرێت. تەنانەت گۆران حالّەتی یەکەم، (هەلّبەسـتی ڕەنجـاو) بەشـێتی ناو دەبات، کە ئەمەش لەگەلّ بیروڕای فرۆیددا یەکدەگرێتەوە. حالّەتی بێ ئاگـایی (ئـەو)ەو لەگەلّ کەسایەتی داهێنـەری ئـەدەبی و هونەریدایـە، فرۆیـد دەلّـێ: هونەرمەنـد لـە حالّـەتی نیمچە لە هۆش خۆچوون و زیندەخەوندا کاری هونەری بەرهەم دێنن، خەونیش ملکەچی بێ ئاگاییە (اللاشعور) و هەمیشە مرۆڤ شتەکان لەخەوندا بە ئـاوەژوویی دەبـینێ. ئەمـە بێجگـە لەوەی حالّەتی داهێنان و شێتی زۆرجار هاوسەنگ باس دەکرێن.

لەم شیعرەدا گۆران(٦)شەش دانەجار وشە (زوهرە)ی دووپاتکردۆتەوە، کـە خواوەنـدی جوانییە (ڤینۆس) لە ئەفسانەکانی یۆنانیدا، ئەم جۆرە ڕەمزاندنە لەگـەڵ بـیروڕای فرۆیـددا یـەك دەگرێتـەوە، کـە بـەلای فرۆیـدەوە پاڵنـەری سـەرەکی بـۆ داهێنـان دەگەڕێنێتـەوە سەردەمی منداڵی.منداڵی گۆران هەروەکو لە بایۆگرافیاکەیدا دەردەکەوێ بێبـەش بـووە لـە زۆر نـاز و نیعمـەتی ژیـان و نـازی بـاوك. هـەر لـە منداڵییـەوە بـاوکی مـردووەو لای دایکـی ماوەتەوە. بۆیە خۆشەویستی بەرامبەر بە ئافرەت و سروشـتیش لـەجوانی و خۆشەویسـتی دایکیـدا دەدۆزێتـەوە. لـەم ڕووەوە دەتـوانرێ پـەنا بـۆ لێکدانـەوەو ڕاڤـەکردنی تـابلۆی مۆنالیزای داڤینشی لەلایەن فرۆیدەوە بۆ ئەم حاڵەتەی گۆران ببرێت.

لە پڕ ئەو حاڵەتە بێ ئاگاییە دەگۆڕێت بۆ حاڵەتی بەئاگایی (من)، بۆچی ئەم شتانە لـە دەست خۆی بدات: زەردەخەنەی چاو، سپیەتی شان و مل، شلْپەی ماچی ئـەو نـاو دەمـە. قوربانیدانە بۆ ئەوەی جارێکی تر حەزو ئارەزووە کپ کراوەکانی سێکسی دەستکەوێتەوە.

## سەرچاوەکان

– ئارام قەرەداغی" خەون لای فرۆید، گ کاروان، ژ ٤٢، ١٩٨٦.

– ئـەکرەم قـەرەداخی" قوتابخانـەی دەروونشـیکردنەوە لـە ڕەخنـەی ئەدەبیـدا، گ" نووسەری کورد، ژ٦، خ٢، ١٩٨١.

–حەمـەی ئەحمـەد ڕەسـوڵ" پێناسـەیەك بـۆ کەسـایەتی داهێنـەر، گ" کـاروان، ژ٧٨، ١٩٧٩.

– د.قاسم حسين صالح" الابداع في الفن، بغداد، ١٩٨١.

– د.مصطفي سويف، الاسس النفسية للابداع الفني، ط٣، ١٩٦٩.

– دیوانی گۆران، محمدی مەلا کـەریم کـۆی کردۆتـەوەو ئامـادەی کـردووەو پێشـەکی و پەراوێزی بۆ نوسیوە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، ١٩٨٠.

# چەمکی جوانیی لە فەلسەفەی شیعردا
## (شیعرەکانی رەفیق سابیر و کەریم دەشتی بە نموونە)

## پێشەکی[1]

بەو پێیەی ئەو بابەتانـەی شـیعر و فەلسـەفە لێیـان دەدوان تاڕادەیـەکی بـاش هاوبـەش بوون، بۆیە دەبووایە شیعر (ئەدەب) لە هـەموو زانسـت و بوونـەکانی دیکـە بکەوتبایـە ژێـر دەسەلاّتی فەلسەفە، بـەلاّم ئەمـە ڕوونیـەدا. هـۆی ئەمـە بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە، شـێواز و پێکهاتە و چۆنیەتی دەرکەوتن و کارکردنی شیعر لە هەموو بوونەکانی دیکە جودایە،بەوەی ئەوە شیعرە دەتوانێت هەموو بوونەکانی دیکە بکاتـە بابـەتی خـۆی و لێیـان بـدوێت، نـەك بابەتێکی دیکە بێت و تەواوی شیعر بکاتە ئامرازێك بەدەست خۆیەوەو شیعرییەت لە شـیعر بستێنێتەوە.

ئـەم سـرکی و خـۆ بەدەسـتەوە نەدانـەی شـیعر لەسـەرەتادا بـەخراپی بەسـەر شـیعردا شـکایەوە و هەریـەك لـە (سـۆکرات)و (ئەفلاتون)،کـە دوو گـەورە فەیلەسـوفن لـە مێـژووی مرۆڤایەتیدا،لە کاتی نووسین و دەربڕینی تێبینییەکانیان لەسەر هەموو بوونەکان، شیعریان بەخراپترین جۆری ئەو بوونانە دانـاو بەهـەموو شـێوەیەك داوای دوورکەوتنـەوەیان کـرد لـە شیعر. لەهەنگاوی یەکەمی دوای ئەم داوایە (ئەرەستۆ) ی قوتابی هات و بەنووسینی چـەند تیۆرێك بۆ شیعر ئەم داوایەی ڕەتکـردەوە و شـیعری لـەو تۆمەتانـە ڕزگـارکرد، کـە پێشـتر درابوونە پاڵی.

لـەم بارانەشـدا ئـەرکی هەریەکـە لـەتیۆری ئـەدەب و تیـۆرە فەلسـەفییەکانە یـەکتری شیبکەنەوە و بەزۆریش شیعر لەڕێی تیۆرە فەلسـەفییەکانەوە شـیدەکرێتەوە و وەکـو هـەر بوونێکی دیکە لەڕووی فەلسەفییەوە قسەی لەسەر دەکرێت.

– میتۆدی لێکۆڵینەوەکە

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەگوێرەی میتۆدی (ڕەخنەیی پراکتیکی)یە و خەسڵەتی هـەرە دیـاری ئەم میتۆدە ئەوەیە لەسەرەتادا لەڕووی تیۆرییەوە چەمك و زاراوە و بوونەکان شیدەکاتەوە و تایبەتمەندییـە دیارەکـانی بوونەکـەمان پێـدەڵێت و پاشـان لەسـەر ئـەو بەرهەمانـە پراکتیزەیان دەکات، کە پێشتر بۆ کارلەسەرکردن و لێکۆڵینەوە ئامادەکراون.

- ناونیشان و هۆیەکانی هەڵبژاردنی

---

[1] :بە هاوبەشی لەگەڵ د.سەنگەر قادر شێخ محەمەد لە نامەی دکتۆراکەی فەلسەفەی شیعر و شیعری فەلسەفی لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا ،لە زانکۆی سەرجەددسن – هەولێر، ٢٠١١.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (چەمکی جوانیی لە فەلسەفەی شیعردا (بەنموونەی شیعرەکانی رەفیق سابیر و کەریم دەشتی))یە.هۆیەکانی هەڵبژاردنی ئەم باسە لەخوارەوە لەچەند خاڵێکدا بەکورت و چڕی دەخەینە ڕوو:

یەکەم– سەلماندنی ئەوەی شیعریش فەلسەفەی هەیە و دەکرێت وەك هەربوونێکی دیکە لەڕێی فەلسەفەوە بخوێنرێتەوە.

دووەم:ڕوونکردنەوەی چەمکی جوانی و ئاراستەکانی و خەسڵەتەکانی شیعری فەلسەفی و جوداکردنەوەی ئەو چەمکانەی تێکەڵ بەشیعری فەلسەفی کراون، بەڵام لەڕاستیدا شیعری فەلسەفی نین.

چوارەم: ڕاستکردنەوەی ئەو باوەڕە باوەی،کە لەناو ڕەخنەگرانی بواری ئەدەبیاتدا هەیە،کە تەنیا لە ئەدەبیاتی کلاسیکیماندا شیعری فەلسەفیمان هەیە.ئەوەی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا کردوومانە سەلماندنی ئەو ڕاستیەیە، کە لە ناو شیعری نوێ و هاوچەرخیشماندا شیعری فەلسەفی وچەمکی جوانی بوونی هەیە.

## پاژی یەكەم: چەمكی جوانی و ئاراستەكانی جوانناسی

### ١-١: جوانناسی وجوانیی شیعر

لـەناو بیرمەنـدان و فەیلەسـوفاندا، ئەوانـەی لەجوانناسـی دواون و بنـەماكانیان دیـاری كردووە كێشە لەسەرئەوە هەیە،كە جوانناسـی و فەلسـەفەی هونـەر هـەمان شـت بـن، یـان جوانناسی بەشێك لەفەلسەفەی هونەر، یان بەپێچەوانەوە بێت .

جوانناسـی (دەكرێتــە دووبــەش، بەشـێكی تیۆرییــەو گشـتییە، بەشـەكەی دیكـەی پراكتیكییـەو تایبەتییـە. بەشـە تیۆریەكـە شـیكارو لێكدانـەوەی فەلسـەفی بـۆ ئـەو شـتانە دەكات، كە جوانن و خاڵە هاوبەشەكانی نێوانیان دیاردەكات و ئەو خەسڵەتانە دیاردەكات، كە جوان لە ناشیرین جودادەكەنەوە. هەرچی بەشـە تایبەتەكەیـە لـە شـێوە جیاوازەكـانی هونەر دەكۆڵێتەوە)(١)و جوانناسی هونەری دیاردەكات.

چەمكی جوانناسی،كە(ئێستەتیك)یشی پێدەگوترێت (( لە بنچینەدا گریكییە و لە وشـەی (Aisthesis) وەرگیراوە، كە واتـای هەسـتەكان دەدات و واتـا وەرگیراوەكەشـی بـەواتای (تیۆری هەستەكان) دێت))(٢)،هەروەها بەواتای (توانای هەستكردن و كـرداری هەسـتكردن دێت و لە فەرەنسیشدا وشەكە واتا ئەوەی پێوەندی بەمەعریفەی هەسـتییەوە هەیـە)(٣) و جگـە لـەوەش مانـای ((دركـكردنـی هەسـتی))(٤) دەدات. (( زانسـتی هــەموو بنچـینە هەستییەكان))(٥) یش واتایەكی دیكەی ئەم چەمكەیە.

لە هەموو ئەم واتایانەی بۆ ئەم چەمكە دیاركراون وشەیەك هاوبەشە ئەویش (هەسـت)ە، كەواتــە لەبنچـینەدا ئـەم زانسـتە لـەو جـوانی و ناشـیرینیانەی كۆڵیوەتـەوە، كـە لـەڕێی هەستەكانەوە دركییان پێكراوە و ناسراون و هەر لەڕێی ئەوانیشـەوە ئـەوە زانـراوە جـوانن یان ناشیرین.

جوانناسـی ((زانسـتێكی تــەواو نوێیــە و لــە نێــوان سـەدەی حەڤـدەم و هــەژدەم پەیدابووە))(٦) یەكەمین كەس ئەو زاراوەیـەی بـۆ جوانناسـی بـەكارهێناوە (ئەلیكسـەندەر بۆمگـارتنی فەیلەسـوف بـووە لـە سـاڵی ١٧٥٠ ئەمـە وایلێكـرد ببێتـە دامەزرێنـەری ئـەم زانستە))(٧) كاتێك لە كتێبی (وردبوونەوە لەشیعر) ئەم زاراوەیەی بەكارهێنا، بەڵام فـەزڵی هەرە گەورە لـەم زانسـتەدا بـۆ (كانـت) دەگەڕێتـەوە و ئـەوە هـەموو ڕێ و شـاڕێكانی ئـەم زانستەو سەرچاوەكەی و پێوەرەكانی ڕوونكردۆتەوە و داڕشتووە.

ڕاستە،کە سەرەتاکانی ئەم زانستە لەسەدەی هەژدەم داڕێژراون، بەڵام چ لەفەلسەفەی گریکی و چ لە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستدا باس لە جوانی و ناشیرینی کراوە، بەڵام بەتێکەڵکردنی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی فەلسەفە، هەربۆیە گوتراوە ((جوانناسی لە یەککاتدا نوێیەو کۆنە، وەکو بۆچوون لەبارەی جوانییەوە کۆنە، بەڵام وەکو زانست نوێیە)) .(٨)

جوانناسی (( زانستێکە لەشعور و هەست و چێژەکان دەکۆڵێتەوە، کە دیمەنی شتە جوانەکان دەیانئێرن))(٩). وەنەبێت ئەم لێکۆڵینەوەیە کارێکی ئاسان بێت، چونکە شعوری مرۆڤ لە دەرەوەی دەسەڵاتی مرۆڤ خۆیەتی و هەروەها شعوری کەسێك لەهی کەسێکی دیکە جیاوازە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت بزانین کاریگەری بوونێکی دەرەکی لەسەر شعوری ئێمەی مرۆڤ چییە، ئەوا دەبێت لایەنی کەم شعورکردنمان بەشتەکان تاڕادەیەك لەیەکەوە نزیك بێت، ئەگەر وانەبێت، ئەوا هەبوونی زانستێکی لەمجۆرە کارێکی بێ سوود دەبێت و ئەنجامەکەی کویرك دەبێت.

بەپێی ئەم پێناسەیە بێت ئەوەی چێژبەخش بێت، جوانە. لەم ڕەهاییەشدا ڕاستییەك هەیە پشتگوێخراوە، ئەگەر کەسێك هەبێت لە بینینی دیمەنی کوژرانی خەڵك چێژ وەربگرێت، ئەوە مانای وایە ئەم دیمەنە دیمەنێکی جوانە، چونکە چێژی بەخشیوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەمە جوان نییە و ناشیرینەو نابێت چێژێك، کە لە سەر ئازاری ئەوانەی دیکە وەدەستدێت بەجوان دابنرێت، لێرەوە دەچینەوە سەر ئاکار و ئەوەی لێوە هەڵدەهێنجین، کە هەرشتێکی چێژبەخش ئەو کاتە جوان دەبێت، کە ئاکاری تێدا پێڕەو کرابێت و هیچ کەس تێیدا زیانی لێنەکەوتبێت، هەرئەوەشە بووەتە هۆی دروستبوونی پێوەندییەکی پتەو لە نێوان جوانناسی و ئاکارناسیدا.

بیرمەندە ئیسلامییەکان بەم شێوەیە پێناسەی ئەم زانستەیان کردووە: ((هونەری درککردنە، کە ڕووە و عەقڵ دێت و خۆی لەهەڵەی وروژان بەدوور دەگرێت و حەقیقەت لەتێڕوانینی ئەودا شێوەیەکی دەقاودەقی واتا گشتییەکەیە)) (١٠). هەستەکان سەرچاوەی درککردنن و ئەوانن هەست بەشتەکان دەکەن جا ئەو هەستکردنە بەهۆی هەرکام لەهەستەکانەوە بێت، بەڵام موسڵمانەکان باوەڕیان بەهەستەکان نییە وەك سەرچاوەی مەعریفە، بۆیە لەهەنگاوی دووەمدا ئەوەی لەڕێی هەستەکانەوە وەدەست دێت

ڕووە و عەقڵی دەبەن تا لەوێوە بڕیاری لەسەر بـدرێت داخـۆ ئـەو شـتەی هەیـە جوانـە یـان كرێت. قەشەنگی و ناشیرینی شتەكەش دەبەستریێتەوە بە حەقیقەتی ئەو شتەی دەمانەوێت بزانین جوانە یـان نـا. ئەگـەر دەقـاو دەق لەگـەڵ ئـەو واتایـە گونجـا، كـە لـە عـەقڵی ئێمـە لەبەرانبـەر شـتەكەدا پێشـتر هـەبووە، ئـەوا جوانـە و ئەگـەر بەپێچەوانەشـەوە بـوو، ئـەوا ناشیرین. پێشتر هەبوونی واتا یان وێنـای ئـەو شـتە لـە ئیسـلامەتیدا دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو زەینەی، كە سەرچاوەی هەموو مەعریفەیەكە پەنابردنیشییان بۆ عەقڵ لێرەدا واتـای ئـەوە ناگەیەنێت باوەڕی تەواویان بەعەقڵ هەیە، بەڵكو عەقڵ لایان وەكو پێناوێكە بـۆ هـەڵگرتنی ئەو شتانەی پێشتر زانیویانە، نەك عەقڵ سەرچاوەی زانیارییەكان بێت.

( پـــۆل ڤـــالێری)(١٨٧١–١٩٤٥)لـــە پێناســـەی جوانناســـیدا دەڵێت:((زانســـتی هەستكردنە))(١١)،بەڵام نەك هەموو جۆرە هەستكردنێك،بەڵكو ئەو جـۆرە هەسـتكردنانەی، كە جوانی یان ناشیرینی شـتەكان دیاردەكـەن، چـونكە زۆرجـاری واهەیـە هەسـت بـەبوونی شتێك دەكـەین، بـەڵام لـەوڕووەوە تەماشـای ناكـەین جوانـە یـان كرێـت. هـەروەها ئـەوەی (ڤـالێری) دەیڵێـت كورتكردنـەوەی ناسـینی هـەموو جوانییەكانـە لەهەسـتەكانەوە و تاكـە سەرچاوەی ناسینی جوانی بەهەستەكان دادەنێت.

لەبارەی جوانیشـەوە بۆچـوونی زۆر دەربـڕاون و ڕای فەیلەسـوفان لەسـەر ئەمـەش یـەك نییە. سۆكرات (جوان بەبەكەڵك دادەنێت و پێی وایە هەتا شتە كرێتەكانیش دەتوانن جـوان بن ئەگەر بەكەڵك بن) (١٢). (سۆكرات) لە بنەڕەتدا ئەوە دەزانێت، كە هەندێك شـت جـوانن و هەندێكی دیكە كرێت، بەڵام هێلی سوور لە نێـوان ئـەم دووانـەدا دانانێـت بـەوەی ئـەوەی جوانە تا دونیا دونیایە هەر بەجوانی بمێنێتەوە و كرێتەكانیش هەر بـەكرێتی، بـەڵكو شـتی جوان دەبێت بەكەڵكی خۆی بپارێزێت بۆئەوەی هەر جوان بێت و شتی كرێتیش بـۆ ئـەوەی جوان بێت پێویستە كـەڵكێك بۆخـۆی بدۆزێتـەوە، ئەگـەر ئەمـە ڕوویـدا ڕاسـتەوخۆ دەبێتـە شتێكی جوان.

بەپێی بۆچوونی (سۆكرات) بێت، ئەو گوڵینگانەی، كە بەهەوساری ئەسـپێكەوە دەكـرێن جوان نین، بەڵام ئەو گوریسەی باری پێ لێدەنرێت جوانە، یـان ئـەو زینـەی لەسـەر پشـتی دادەنرێت جوانە، بەڵام ئەگەر بەپێی بۆچوونی ئەو كەسانە بێت، كەخاوەنی ئەسپەكەن ئەوا

گوڵینگەکان بێ سوودن، بەڵام جوانن و گوریسەکە بەسوودە، بەڵام جوان نییە و زینەکـەش هەم بەکەڵکە و هەم جوان.

(ئەفلاتون) جوانی شتەکان دەبەستێتەوە بە جوانی نموونـەیی و دەڵێـت: ((هـیچ شـتێك شت جوان ناکات تەنیا بوون ﴿نموونە﴾ ی جوانی و بەشداریکردن نەبێت تێیدا جا هۆکـاری پێ گەیشـتنەکەی هەرچـۆنێك بێـت)) (١٣) لەبەرئـەوەی سروشـت قەڵبـە، کەواتـە نـاتوانین جوانیمان لێی دەستبکەوێت، چونکە شت نابێت لەیەککاتدا قەڵبیش بێت و جـوانیش بێـت، بۆیـە بۆئـەوەی شـتی جـوان درك بکـەین، ئـەوا دەبێـت ڕووە و نموونـە و بـوونی نموونـە و جیهانی نموونە بچین، کە لەوێدا ڕەسەنایەتی هەیە و بێگومان جوانیش هەیە.

(ئەرەسـتۆ) ئـەو هۆکـارەی (ئـەفلاتون) پێمـان دەڵێـت دەبێـت هـەتانبێت بـۆ گەیشـتن بەجوانی، ئەو دەداتە دەستمان و عەقڵ و گونجانی عەقڵی دەکاتە پێوەری ئەو شتەی هەیە تا بڕیاری لەسەر بدەین جوانە یان نا، ((هیچ (بوونێك) یان هەرشتێکی دیکە، کە پێکهاتووە لەچەند پاژێك جوان نابێت تەنیا بەو پێیە نـەبێت پاژەکـانی لەگـەڵ یـەك هاتبنـەوە بـەپێی سستەمێك و بەبڕێکی (گونجاویش) چێژبەخش بێت، چونکە جوانی تـەنیا بـە گونجـان و بـڕ ڕاستەڕێ دەبێت)) (١٤). ئەو شتەی (ئەرەستۆ) پێی جوانە دەبێت زیاتر لەپاژێکی هەبێت، واتە چەند پێکهاتەیەکی جیاواز لەیەك درابن تـا بوونەکـە پێکهاتبێـت و دواجـار بـۆ ئـەوەی ئێمە بزانین بوونەکە جوانە یان نا، ئەوا دەبێت هەموو پاژەکانی بەیەکەوە هەڵسـەنگێنین و ڕادەی گونجانیان دیاری بکەین، ئینجا بڕیـار لەسـەر جـوانی یـان کرێتییەکـەی بـدەین. بـۆ نموونـە کاتێـك قسـە لەسـەر جـوانی گوڵێـك دەکـەین، دەبێـت قـەبارەی پەلکـەکانی و شێوەکانیان و چۆنییەتی چوونە پاڵ یەك و گونجانیان لەگەڵ ڕەنگی گوڵەکە دیاری بکەین، ئینجا بڕیار بدەین ئەو گوڵە جوانە.

ئەو بڕیارەی دەیدەین، بڕیارێك نییە لەخۆوەبێت، بەڵکو دەبێـت سسـتەمێك هـەبێت ئـەو بڕیارەی لێ دەربچێت و عەقڵ سەرچاوەی ئەو بڕیارەبێت. کەواتە بۆ جوانیش عەقڵ پێوەرە و بەدەر لەو ئامرازێکی دیکەی بڕیاردانمان نییە.

لای (ئەرەستۆ) چێژبەخشین لەهەنگاوی دووەمەوە دێت ، بەڵام گرنگیشە، چونکە کاتێك شتێك جوان دەبێت هەم گونجاوبێت و هەم چێژبەخش، ئەگەر بوونێك گونجـانی تێـدابێت و نەتوانێت چێژببەخشێت، ئەوا ناکرێت بەجوان دابنرێت.

هەریەك لە ( بۆمگارتن ) (١٧١٤–١٧٦٢) و (دیکارت) و (لایبنتز) لەسەر هـەمان بـاوەڕی (ئەرەستۆ)ن و ئەوانیش هەبوونی گونجـان لـەنێوان پاژەکـانی بوونێـك بـەجوانی دادەنـێن. (بۆمگارتن) لەسەرئەو باوەڕەیە، کە ((چەمکی جوانی لـەڕێی ئـەو هارمۆنییـەی لەشـتەکاندا هەیـە لـەپاژو گشـتەکانیدا دەردەکـەوێت)) (١٥)، ئـەوەی (بۆمگـارتن) لـە (ئەرەسـتۆ) جودادەکاتەوە ئەوەیە، (ئەرەستۆ) کاتێك بـاس لـەپاژەکان دەکـات بـەم شـێوەیە باسـیان دەکات، کە تەنیا کاتێك جوان دەبن، کە جۆرێك لەگونجانیان هەبێت لەگەڵ یەکتر، ئەمـەش مانای وایە تەنیا پێکهاتە ئاڵۆزەکان جوان دەبن، بەڵام (بۆمگارتن) جوانی هەم لـە سـادە و هەم لە ئاڵۆزدا دەبینێتەوە. بۆ نموونە ئاڵۆزەکە (گوڵ) ەکە بۆ (بۆمگارتن) یش دەگونجێت، بـەڵام بـۆ نموونـەی پـاژیی (ئاسمـان) بەنموونـە دەهێنینـەوە. ئێمـە هـەموومان ڕەنگـی ئاسمانمان پێ جوانە، کە شینە، لە کاتێکدا تاکە شتێك لەئاسماندا دەیبینین شینییەکەیە و هیچی دیکە نییە لەگەڵیدا بەراوردی بکەین.

(لایبنتز) هەبوونی (جوانی لەگونجانـدا سـەلماندووە)(١٦)،بـەڵام ((جیاوازییـەکی گـەورە هەیـە لـەنێوان ((گونجـاو))و ((جوان))دا،چـونکە هەریەکـەمان ئـەوەمان هەیـە، کـە لەگـەڵ سەلیقەی تایبەتیماندا دەگونجێت، لـە کاتێکـدا ((جـوان)) ناکرێـت ئاوابێـت بـۆ تاکێـك یـان ئەوەی دیکە و دەبێت ((جوان)) بـۆ هـەمووان جـوان بێـت)) (١٧)، بـەم پێیـە بـێ جـوانی ڕەهایە و گونجان ڕێژەیی و ئەوەی لای کەسێك جوانە دەبێـت لای هـەموومان جـوان بێـت، بەڵام مەرج نییە ئەوەی لای یەکێك گونجاوبێت لای ئەوانەی دیکە گونجاوبێت.

(دیکارت) لەسەر هەمان باوەڕەو لای وایە ((شـتی جـوان جوانـە بـەپێی کـەمی جیـاوازی نێوان توخمەکانی و بەپێی گونجانیان لەگـەڵ یـەك و ئـەو گونجانـەش پێویسـتە بیرکاریانـە بێت)) (١٨). ئەوەی (دیکارت) لەوانەی سەرەوە جودا دەکاتـەوە ئەوەیـە لای ئـەو دەبێـت ڕێـژەی گونجـان و ڕێـژەی جیاوازییـەکان دیـاربکرێن و بـڕی کامـە یـان ژمـارەی کامـەیان گەورەتربێت، ئەوا پارسەنگی بڕیاردانەکە لەو لایەنەوە دەبێت، ئەگەر ڕێژەی نەگونجانەکان پتربێت، ئەوا کرێت دەبێت و بەپێچەوانەشەوە.

(کانت) پێوەندی کەڵك و چێژو گونجانی تاکەکەسی بەجوانیی ڕەتدەکاتەوە (گونجاو ئەو شـتەیە چـێژمان پـێ دەبەخشـێت و لـەڕێی هەسـتەکانەوە هەسـتی پێدەکەین.بەکـەڵکیش پێوەندی بەوجوانییەوە نییە لەشتەکەدا هەیە،بـەڵکو پێوەنـدی بـەو مەبەسـتەوە هەیە،کـە

شتەکە یارمەتیدەرە بۆ وەدەستهێنانی و بایـەخی شـتەکە لـە مەبەسـتەکەدایەو ئەمانـەش هەموویان پەیوەندییان بەبەرژەوەندییەوە هەیە)(١٩).کەواتە هەرشتێك مـرۆڤ بەرژەوەنـدی لەگەڵدابێت، ئەگـەر پێشـی جـوان بێـت، ئـەوا هـەر جـوان نییـە، چـونکە جـوانی بـەدەرە لەبەرژەوەندی و ئەمانە بەیەکەوە نایەن،(جوانی خـۆی مەبەسـتە بـێ ئـەوەی مەبەسـتێکی هەبێت) (٢٠)، بۆیـە هـەرکاتێك شـتێکمان وەکـو ئـامراز بـەکارهێنا، ئـەوا نابێـت ئـەو شـتە بەجوان بزانین و ئەگەریش وامان هەستکرد پێمان جوانە، ئەوا دەبێـت لـەوە دڵنیـابین ئـەو شتە باشە نەك جوان و ئەم دوو وشـەیەش جیـاوازی زۆریـان لەنێوانـدا هەیـە. هـەموو کـات دەبێت لەنێوان کەڵك و ئامانج و چێژدا لەگەڵ جوانی سـنوورێك دابنـێین و دڵنیـابین لـەوەی ئەوەی بەکەڵکە جوان نییە، ئەوەی چێژ بەخشـە جـوان نییـە و ئـەوەی بەرژەوەندیشـمان لەگەڵیدا هەیە نابێت جوان بێت، ئەوە جوانە،کە جوانە.

کاتێـك بڕیـار لەسـەر جـوانی شـتێك دەدەیـن ((مانـای وایـە گونجـاوە و دابـڕاوە لەهـەر مەبەستێك جگە لەکرداری هارمۆنی و ڕێککەوتن نەبێت لـە نێـوان خـەیاڵ و تێگەیشـتن دا)) (٢١). ئەو گونجانەی (کانت) باوەڕی پێ هەیە، گونجانێکی دەرەکی نییە، وەك ئەوەی لای (ئەرەستۆ) هەبوو، بەڵکو گونجانێکی سەداسەد ناوخۆیی و خودییە و مـاددە هـیچ ڕۆڵێکـی تێدا نابینێت. ئەوەی لە زەیندا هەیە، دەبێت گونجانی تێـدابێت و کـاتێکیش ئـەو گونجانـە هەبوو، ئەوا جوانی دەردەکەوێت، کەواتە دەتوانین بڵێین جوانی بەرهـەمی گونجانـە، بـەڵام نەك گونجانی پێکهێنەرەکانی ماددەیەك، بەڵکو گونجانێك، کە لە زەینی مرۆڤدا هەیە.

(دی مۆسێ) (١٨١٠–١٨٥٧) لەلایـەنێکی دیکـەوە بـۆ جـوانی دەچێت و پەیوەندییـەکی پتەو و ڕەها لەنێوان حەقیقەت و جوانیدا دروست دەکات و دەڵێـت: ((جگـە لـەجوانی هـیچ حەقیقەتێك نییە، و هیچ جوانییەك نییە بێ حەقیقەت)) (٢٢)، (کیتس) (١٧٩٥–١٨٢١)یش لەقەسیدەی (Grecian urn) هەمان باوەڕ دەردەبڕێت و پێی وایە (جـوانی حەقیقەتـە و حەقیقەتیش جوانی)(٢٣).جوانی و حەقیقەت تەواوکەری یەك نین،کـە یـەکێکیان ئەویدیکـە بەرهەمبێنێت و ئەلتەرناتیڤی یەکیش نـین تـا یـەکێکیان جێگـەی ئـەوەی دیکـە بگرێتـەوە، بەڵکو هەردووکیان یەك شتن، جوانی حەقیقەتە، چـونکە شـتێك ئەگـەر جـوان بێـت دەبێـت ڕاستی بێت و بەدەر لەڕاستی هیچ شتێك جوان نییە، چونکە کەسێك هەرچەند قسەی خۆش و سـەرنجڕاکێش و جوانمـان بـۆ بکات،کـە زانیمـان ڕاسـتی لەقسـەکانیدا نییـە، ڕاسـتەوخۆ

ڕەتیاندەکەینــەوە و پشــتوێیان دەخــەین و پێشــمان جــوان نــین. حەقیقــەتیش جوانییــە. حەقیقەت ئەو کاتە دەبێتە حەقیقەت، کە لەگەڵ هۆش و بیری ئێمەدا هارمۆنیـای هـەبێت و لەگەڵ ئەوە بگونجێت، کە لەهۆشماندا هەیە لەگەڵ ئەوەی، کەپێمان دەگوترێت، کـە ئـەوە کرا، ئەوا حەقیقەتەکە دەسەلمێت و هۆی چەسـپینی حەقیقەتەکـەش ئـەو گونجانەیـە، کـە لەنێوان زەین و تێگەیشتنی ئێمەدا دروست دەبێت و بەمەش جوانی وەدەست دێت. کەواتە لە هەرکوێ جوانی هەبێت حەقیقەت هەیە و بەپێچەوانەشەوە، لەمەشـەوە ئـەوە وەدەسـت دێت، هەرچی ئێمە پێمان جوانە حەقیقەتە.

(ئەرەستۆ) پێچەوانەی ئەوەمان پێ دەڵێت:(ئێمە نابێت داوای جوانی نـە لـە حەقیقـەتی واقیعی بکەین و نە لەو ڕووکارەی هەیە،چونکە جوانی لەمانە بـەرزترە)(٢٤). ئـەوەی ئێمـە هەستییان پێدەکەین ڕووکارە و لە ڕووکاریشدا نابێت حەقیقەت هەبێت. ئێمـەش گوتومانـە جـوانی بـێ حەقیقـەت نابێـت، کەواتـە ئـەوەی، کـە هەیـە جـوان نییـە. جـوانی بـەباوەڕی (ئەرەستۆ) لە سەرووی ئەمانەوەیـە و پێوەنـدی بـە حەقیقـەتی بـاڵاوە هەیـە، کـە لـە ڕێـی عەقڵەوە دەبێت وەدەستبێت.

(نیتچـە) وەك بۆچـوونی لەسـەر هـەردوو زانسـتە پێوەرییـەکانی دیکـە، هێـز دەکاتـە سەرچـاوەی جــوانی ودەڵێت:(بەڕاســتی تــەنیا بــەهێز جوانــە)(٢٥) جــا ئــەو بــەهێزە هەربوونەوەرێك بێت. مرۆڤ کاتێك جـوان دەبێـت، ئەگـەر بـەهێزبێت. ئەگـەر هێـزی نـەبوو، کرێتە. بەپێی ئەم بۆچوونەی (نیتچە) بێت ئێمە گوڵمان نابێت لەبەر پەلکەکانی پـێ جـوان بێت، بەڵکو دەبێت جوانی گـوڵ بـۆ ئـەو دڕکانـە بگەڕێتـەوە هەیـەتی، چـونکە هێـزی گـوڵ لەدڕکەکانیەتی، یان (مانگ) کەلەشەو دەردەکەوێت نابێت جوان بێت، ئێمە شتێکی دیکەی بەهێزترمان لەمانگ دیتوە، کە (ڕۆژ) ە، بۆیە دەبێت (خۆر) جوانتربێت لە (مانگ).

ئامانجی جوانناسی وەك زانستە پێوەرییەکانی دیکە ((گەیشتنە بـە پێـوەرێکی دروسـت بۆئەوەی ئەو جوانییەی شایەنی سەرسامبوونە پێی بپێورێت)(٢٦)، بەڵام ئایا ئەمە کارێکی کردەنییـە؟ ئەگـەر بۆچـوونی هـەر فەیلەسـوفێك لـەبارەی جوانییـەوە بەتـەنیا وەربگـرین دەتوانین بڵێین: (بەڵێ)، چونکە هەر فەیەلەسوفێك بەپێی فەلسەفەکەی خۆی پێوەرێك یان چەند پێوەرێکی بۆ جوانی داناون و ئەوەی لەگەڵ ئـەو پێوەرانـە هاتـەوە جوانـە و ئـەوەی دژیشــیان بــوو کرێتە.ئەگــەر فەلســەفە بەشـێوەیەکی گشــتی وەربگرین،ئــەوا وەڵامەکــە

(نەخێر)ە،چـونکە پێـوەرە گشـتییەکانی فەلسـەفە،کە بـۆ جـوانی دانـراون لـەپێوەرە پاژییەکانی فەلسەفە لەبارەی جوانییەوە پێکهاتوون، بەو واتایەی پێوەری گشتی فەلسەفە بۆ جوانی، کۆکراوەی پێوەری هەموو ئەو فەیلەسوفانەیە، کەلەسـەر جوانییـان نووسـیوە و لەمەشەوە نەك تەنیا پێوەرەکان هەموویان وەکو یەك نین، بەڵکو زۆرجار دژی یـەکن، وەك ئەوەی لەتێڕوانینی (سۆکرات) و (کانت) لەبارەی جوانییەوە تێبینی دەکرێت.

دۆزینەوەی پێوەرێکی دروست بۆ جوانی واتـای ئـەوە ناگەیـەنێت ئـەو پێوەرانـەی لـە جوانناسیدا دادەنرێن تەنیا بۆ پێوانی جوانین،بەڵکو تێیدا شتە ناشیرینەکانیش دەپێورێن، جوانناسـی(جوانی و ناشـیرینی مـەزنی و گاڵتـەجاڕی و پێکـەنین دیاردەکـات و لـەو هۆیـە دەکۆڵێتەوە،کە بەهۆیەوە شتێك جوان دەردەکەوێت یان ناشیرین، لەجوانی هەبوو و جوانی دروسـتکراو دەکۆڵێتـەوە) (٢٧).ئـەوەی لەجوانناسـیدا لەبەرانبـەر جـوانی دەگوترێـت، لەبەرانبەر ناشیرینیشدا دەگوترێت،هەرچـەندە ئەگـەر بـەناو ناویشـی نـەهێنرێت،بۆ نموونـە کاتێـك (سـۆکرات) دەڵێـت جوانی،واتـە بەکـەڵکی، ئـەوا هەرشـتێك، کـە بەکـەڵك نـەبێت، ناشیرینە.

ئامـاجێکی دیکـەی جوانناسـی(کامڵکردنی مەعریفـە و دانـایی هەسـتە)(٢٨). لەوکاتـەی پێوەندییـەکی پتـەو و بـەهێز لـەنێوان حەقیقـەت و جوانیـدا هەیـە و حەقیقـەت بەرهـەمی مەعریفەی وەدەستهاتووە، دەبێت پێوەندی لەنێوان مەعریفەو جوانیشدا هـەبێت، کـە ئـەو پەیوەندییـەش هـەبوو، ئـەوا هـەردووکیان کاریگـەرییان بەسـەریەکەوە دەبێـت و مەعریفـە دەیەوێت وەك یەکێك لەسەرچاوەکان سوود لەجوانیش وەربگرێـت، تـا زانیـاری پـتر بخاتـە سـەر ئـەو مەعریفەیـەی پێشـتر وەدەسـهاتووە و هـەوڵی کـامڵکردنی بـدات (جوانناسـی لەفەلسەفەی مرۆییدا وردبوونـەوەی زیـاتر ئەنجامـدەدات بـە ڕاڤـەکردن بـۆ مرۆڤێکـی کـەم زانیاری لەبارەی بەهاو دەستنیشانکردنی بنیاتی مەعریفـەی مـرۆڤ)(٢٩).ئەمـە مانـای وایـە جوانناسی توانای ڕاڤـەکردن و وردبوونـەوەی هەیـە، یـان لایـەنی کـەم وا لـە مـرۆڤ دەکـات ئەوەی دەیبینێت، یان درکی پێدەکات ڕاڤەی بۆ بکات و لێکیبداتـەوە، کـە ئەمەشـی کـرد، ئەوا کاری وردبوونەوە ڕوودەدات، کە یەکێکە لەخەسڵەتە دیارەکانی فەلسەفە.

کاملّکردنی مەعریفە لـەڕێی جوانییـەوە جێـی سـەرنجە، مەعریفـە کۆمـەڵێك سەرچـاوەی دیکەی هەیە بەهۆیانەوە زانیاری دەخاتە سەر زانیارییەکانی دیکە، بـەڵام ئەمـە چ واتایـەك دەگەیەنێت جگە لە پڕبایەخی جوانی و جوانناسی، کە بتوانێت مەعریفە کامڵ بکات.

یەکێك لە ((بابەتە گرنگ و دیارەکانی زانستی جوانناسی سەدەی هەژدەم لەسەر ڕەهایی یـان ڕێـژەیی بـوونی سـەلیقە بـوو)) (٣٠)، ئایـا جـوانی لای هـەموومان وەکـو یەکـە، یـان لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت؟. ئەوەی لای کەسێك جوانە پێویستە لای ئەوەی دیکەش وابێت، یان دەکرێت شتێك لای یەکێك جوان بێت و لای ئەوەی دیکە ناشیرین؟

فەیلەسوفان لەبارەی ئەم پرسەوە بوونەتە دووبەش: هەیانـە بـاوەڕی بەڕێـژەیی بـوونی جوانی هەیە و هەشیانە لەگەڵ ڕەهابوونیەتی.

(هیراکلیـتس) یەکـەمین فەیلەسـوفە لـەبارەی ڕێـژەیی بـوونی جـوانی دواوە و بـۆ ئـەم مەبەستەش ئەم نموونەیەی بۆمان هێناوەتەوە ((جوانترین مـەیمونمان لا ناشـیرین دەبێـت، ئەگەر بە ناشیرینترین مرۆڤ بەراوردبکرێت و جوانترین مرۆڤیشمان لا ناشیرین دەبێت، ئەگەر بە ناشیرینترین خوداوەند بەراوردبکرێت) (٣١)، ئەگەر چەند مرۆڤێکیش تەماشای مرۆڤێکی دیکە بکەن و بیانەوێت بۆچوونیان لەبارەی جوانییەکەیەوە دەربـڕن، ئـەوا لای هەنـدێکیان زۆر جوان دەبێت و لای هەندێکیان تەنیا جوان و ڕەنگە هەندێکیش بە ناشیرینی دابنێن.

(سۆکرات) یـش (بـاوەڕی بەڕێـژەیی بـوون هەیـە بـەو پێیـەی جـوانی نموونـەی باڵایـە و شتەکانی دیکە ناتوانن پێی بگەن)(٣٢).باوەڕە ڕێژەییەکەی (سۆکرات) لەسـەر جـوانی زۆر لەوەی (هیراکلیتس) جیاوازە. ئەوەی دووەمیان باوەڕی بە هـەبوونی پلەبەنـدی لەجوانیـدا هەیە.مـەیمون زۆرکـەم جوانـە (ناشـیرینە)،مرۆڤ جـوانترە، خوداوەنـد هـەرە جوانـە، ئـەم بەراوردکردنە لای (سۆکرات) نابینرێت. ئەو لە بنچینەدا باوەڕی بەجوانییەکی کامڵ هەیـە و ئەو جوانییە ڕەهایە، بەڵام لە فیزیکدا نییە، جوانییە فیزیکییـەکان بۆیـە ڕێـژەیین، چـونکە هەریەکـەیان پاژێکیـان لـەو جوانییـە تێدایـە، کـە لەجوانییـە بـێ کەموکوڕییەکـەدا هەیـە و شتێکیش نییە بە هۆیـەوە بتـوانین جوانییـە ڕێژەییەکـەمانی پـێ کامـڵ بکـەین، بۆیـە هـەر بەڕێژەیی دەمێنێتەوە.

(دیکارت) کاتێك دەیەوێت وەڵامی پرسیاری جوانی چییە؟ بداتەوە، دەڵێـت: (ئەمـە ئـەو شتەیە کەس هیچی لەبارەوە نازانێت، ئەو بە گۆڕانی سەلیقەکان دەگۆڕێت)(٣٣).هەموومان

لەو کاتەی ئێستا تێیداین شتێك لەبارەی جوانییەوە دەزانین، بەڵام، کە زەمەنێك تێپەڕی و سەلیقەمان گۆڕا ئیدی ئەوەی پێشتر لەلامان جوان بوو وەك خۆی نامێنێتەوە. ئەمەش ئەو واتایە دەگەیەنێت ئەوەی پێشتر لەسەر جوانی دەمانزانی ئێستا سڕیومانەتەوە و شتێکی دیکە جێی گرتۆتەوە، بۆیە کرداری وەدەستهێنانی زانیاری لەبارەی جوانییەوە بەردەوامە، بەڵام کێشەی وەدەستهێنانەکە ئەوەیە بە زانیارییەکانی پێش خۆی قایل نییە.

جوانی و تێڕوانین لە جوانی تەنیا بە گۆڕانی سەلیقەی تاکەکەسی یان جیاوازی سەلیقەی تاکەکان ناگۆڕێت، بەڵکو گۆڕانی سەردەمەکانیش کاریگەریی زۆریان لەسەر گۆڕانی بۆچوون لەسەر جوانی هەیە. بۆنموونە (لە سەدەکانی ناوەڕاستدا جوانی بە داهێنانی خودایی و لە دەسپێکی سەدەی ڕۆشنگەریدا بە دەربڕینی هەڵوێست لەبارەی شتەکانەوە دادەنرا)(٣٤)و لەدوای ڕۆشنگەریشەوە (ئامانجی ناسینی جوانی هونەرییە)(٣٥).

ئەم تێڕوانینانەی سەرەوە هەموویان لەبارەی تەماشاکردنی ئێمەو سەلیقەی ئێمەن بۆ جوانی، بەڵام ئەگەر پرسیاری ئەوە بکەین، ئایا ئەگەر شتێك ئێستا جوان بێت مەرجە تا هەتایە بەجوانی بمێنێتەوە؟ مرۆڤێك لە تەمەنی گەنجیدایە و جوانە، کاتێك پیردەبێت ئەو جوانییەی پێشتر هەیبوو ئێستا نەیماوە، بەڵام مەرج نییە ئێستا جوان نەبێت، کەچی جوانی ئێستای هەمان جوانی پێشووی نییە، هەروەها (جوانی تا ئەو کاتە هەیە بتوانێت پەرجوی خۆی بپارێزێت و ئەگەر ئەم کارە دووبارە بووەوە بێزارکەر دەبێت)(٣٦)، واتە شتێك هەرجارێك یان دووجار جوان دەبێت و ئەگەر ئەمە بەردەوام دووبارە بووەوە ئەو جوانییەی نامێنێت، بەڵام ئەمە زۆر ڕاست نییە، چونکە ڕۆژئاوابوون و سەیرکردنی ئاسۆ ڕەنگە لەوەتەی مرۆڤ هەیە ئەو دیمەنەی پێ جوان بێت و ئێستاش هەر لامان جوانە.

ئەم بۆچوونەی سەرەوە تەواو لەگەڵ بۆچوونی فەیلەسوفێکی وەك (کانت) دێتەوە، کە باوەڕی بە ڕەهایی جوانی هەیە و ئەوەی جوانە هەربەجوانی دەمێنێتەوە. هەروەها ئەوەی جوانە دەبێت لای هەموو کەس جوان بێت، چونکە((جوانی چێژێکی گشتییە)(٣٧)و ئەوەی کرێتیشە دەبێت لای هەموو کەس کرێت بێت. جگە لەوەش ((جوان تەنیا ئەوەیە سەرنجمان ڕادەکێشێت و هیچی دیکە نییە)(٣٨)و جوانی لەوەشدا ڕەهایی خۆی پاراستووە و نابێت جوانی لەگەڵ هیچ شتێکی دیکەدا تێکەڵ بکرێت، ئەگەر تێکەڵ کرا ئەوا جوانی نامێنێتەوە و دەبێتە ئەو شتەی لەگەڵی تێکەڵکراوە و پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە، واتە (

بایەخــە جوانناســییەکان بایــەخی ســەربەخۆن و ناتوانرانرێــت لــە شــتی دیکــەوە وەربگیرێـن)(٣٩) و بـەو واتایـەی نـەدەکرێت جـوانی بکرێتـە سەرچـاوەی وەدەسـتهێنانی زانیاری لەسەر هیچ شتێك و نە هیچ شتێکیش دەبێتە سەرچاوەی زانیاری بۆ جوانی.

لەبارەی ئەوەی داخۆ جوانی خودییە یان بابەتی فەیلەسوفەکان بوونەتـە چـوار گـروپ، گروپێکیان ئاراستەیەکی خودی هەیە و باوەڕی بەوە هەیە جوانی سەداسەد خودییـەو هـیچ پەیوەندییەکی بەجیهانی دەرەوە نییە و گروپێکیان، کە ئاراستەیەکی بابەتیان هەیە ئـەوە ڕەتدەکەنەوە زەین و نـاوەوەی مـرۆڤ هـیچ پێوەندییـەکی بەجوانییـەوە هـەبێت و گروپـی سـێیەمیش گروپێکـە خـۆی لـەڕەهایی هـەردوو گروپەکـەی پێشـوو بـەدوور گرتـووە و تێکەڵییەکە لـە بۆچـوونی هـەردوو گروپەکـەی پێشـوو، و ئاراسـتەیەکی بابـەتی-خودییـان هەیە. گروپی چوارەمیش گروپێکی تەواو جیاوازن لەو سـێ گروپـەی پێشـوو، کـە دەکرێـت ناویان بنێین ئاراستەی جوانی خودایی.

## ٢-١ : ئاراستەکانی جوانناسی

### أ- ئاراستەی خودی

فەیلەسوفانی ئەم ئاراستەیە جـوانی لـە دەرەوەی خـودی مـرۆڤ نابیننـەوە و لای ئـەوان هەموو شتێك دەکرێت جوان بێت، ئەگەر ئێمە بەجوانی لێـی بـڕوانین و سەرچـاوەی جـوانی ناوەوەی مرۆڤە نەك ئەو بوونانەی دەکەونە دەرەوەی مرۆڤ. ئـەو شـتەی، کـە ئـەمڕۆ پێـت وایە جوانە و دوێنێ پێت جوان نەبووە، جوانییەکە پێوەندی بەماددە دەرەکییەکەوە نییە، کە دوێنێ کرێت بووە، بەڵام ئەمڕۆ جوان، بەڵکو پێوەندی بـەخودی تەماشـاکەرەوەیە، کـە دوێنێ بەناشیرینی لەشتەکەی ڕوانیوە و ئەمڕۆ بەجوانی. ئەمانە لەسەر ئـەو بـاوەڕەن، کـە (جوانی سەربەخۆ تەنیا لەئێمەدایە و لەپێناو ئێمەیە)(٤٠)، ئێمـە مـرۆڤین و ئەگـەر وابێـت، ئەوا نابێت لەدەرەوەی مرۆڤ شتێك هەبێت بەناوی جوانی. (کانت) ڕێك ئـەوەمان پێـدەڵێت، کە (تەنیا بوونەوەری خاوەن عەقڵ توانای تاقیکردنەوەی جوانناسـیان هەیـە)(٤١) و تـەنیا ئـەوانن دەتـوانن بـە جـوان بڵـێن جـوان. ئـەو، کـە یەکێکـە لـەدیارترین فەیلەسـوفانی ئـەم ئاراستەیە پێی وایە (جوانی پێویستییەکی خودییە)(٤٢) ئەگەر ئەمە ڕاست بێت و جـوانی ئەو شتە بێت، کە ئێمە هـەمووومان پێویسـتمان پێـی هەیـە و بـێ ئـەو کامـڵ نـابین، بۆچـی

ناشـیرینی بەرهـەم دێـنین، خـۆ ئەگـەر ئێمـە بەرهەمهێنـەری جـوانی بـین ناکرێـت ئـەوە ڕەتبکەینەوە بەرهەمهێنەری ناشیرینیشن و ئەگەر ((جوانی بەدەر لە دیاردەیەکی دەروونی خودی شتێکی دیکە نەبێت)(٤٣)،کەواتە ناشیرینیش هەروایە، چونکە ئێمە پێشتر ئەوەمان سەلماند، کە ئەم دووانە دوو ڕووی یەك دراون و ئەگەر یەکێکیان دەرنەکەوێت ئەوە ئەوەی دیکەیان ئامادەیە.

(هیگل) لەبارەی ئەو پەیوەندییەی لەنێوان زەینـی مـرۆڤ و بوونـە دەرەکییەکانـدا هەیـە دەڵێت:((جوانی سروشت تەنیا وەکو ڕەنگدانەوەیەکی جـوانی هـۆش دەردەکـەوێت)(٤٤) و ئەگەر ئەوەی یەکەمیان نەبێت، ئەوا ئەوەی دووەمیـان نییـە. هـۆش جـوانی دادەهێنێـت و هەرکات ئـەوەی دەرەوەی بـوو بەڕەنگدانـەوەی ئـەوەی لەهۆشـدا هەیـە، ئـەوا ڕاسـتەوخۆ شتەکە جوان دەردەکـەوێت، ئەمـەش هەنـدێکجار وەڕاسـت دەگـەڕێت. بۆنموونـە زۆرینـەی خەڵك جوانی لەبەهاردا دەبینەوە، چونکە پێشتر بڕیاری ئەوەیان داوە بەهار جوانـە، بـەڵام ئەو خەڵکانەی پایزین و پایزییان پتر خۆشدەوێت جوانی لەپایز دەبیننەوە.

ئەو جوانییەی لەسروشتدا هەیە وەکـو ڕەنگدانـەوەی جـوانی زەیـن لای (لیبینتـز) نـاوی نراوە گونجان، بەڵام نەك گونجانی سروشت و زەین،بەڵکو گونجانی جیهانی زەین و جـوانی زەینی و زەین، چونکە بەڕای ئەو ((جیهان هیچ نییە بەدەر لەدرککردنی ئێمە)(٤٥)و ئەوەی هەیە و نییە هەمووی لـەزەینی ئێمەدایـە، بۆیـە ئەگـەر جوانیمـان بوێـت دەبێـت گونجانێـك لـەنێوان وێنــە زەینییــەکان و خــودی زەیــن دا دروســت بکــەین و بەمــەش جوانیمــان دەستدەکەوێت.

(سـپینۆزا) (١٦٣٢–١٦٧٧) هـەبوونی جـوانی دەبەسـتێتەوە بـەو کاریگەرییـەی شـتە هەسـتپێکراوەکە لەسـەر زەینـی هەسـتکەرەکە دروسـتی دەکـات و پێـی وایـە (جـوانی لـە سیفەتی شتەکەدا نییە هێندەی ئەو کاریگەرییەی لەسەر ئەو مرۆڤـە دروسـتی دەکـات، کـە ئەو شتە (درك دەکات)(٤٦). ئەو هەبوونی کاریگەرییەکە ڕەتناکاتەوە و دانی پێ دادەنێت، بەڵام ئـەوەی دواجـار جوانییەکـە دەدۆزێتـەوە هۆشـە نـەك ئـەو کاریگەرییـە. بەشـێوەیەك لەشێوەکان دەکرێت بڵێین لەم بۆچوونەدا بابەتی بوونی جوانی دەبینینەوە، چونکە ئەگـەر کاریگـەری لـەدەرەوە بێـت و ببێتــە هــۆی دروســتبوونی جــوانی لەزەینـدا، مانـای وایـە

سەرچاوەی جوانییەکە کاریگەرییەکەیە نـەك زەینـی مـرۆڤ و بەمـەش زەیـن تـەنیا دەبێتـە ڕەنگدانەوەی ئەوەی لەدەرەوە بۆی هاتووە.

ب- ئاراستەی بابەتی

تەواو پێچەوانەی ئاراستەی خودیە و ئەم ئاراسـتەیە لەسـەر ئەوەیـە هـۆش هـەبێت یـان نەبێت و مرۆڤ هەبێت یان نا جوانی هەر هەیە. جوانی پێوەندی بەخودی ئەو بوونەوە هەیە، کە جوانە نەك بەوەی، کە هەست بەجوانییەکـە دەکـات و (جـوان هـەر جوانـە جـا کەسـێك هەبێت درك بەو جوانییە بکـات یـان نـا) (٤٧) و سـەلیقەی تاکـەکان لەمـەدا ڕۆڵ نابینێـت، بەڵکو ئەوەی ڕۆڵی هەیە تەنیا جوانی شتەکەیە. ئەگەر ئـەوە ڕاسـتبێت، ئـەوا دەبێـت ئـەو شتەی لای کەسێك جوانە لای هەمووومان جوان بێـت، چـونکە جوانییەکـە هـیچ شـتێك نییـە کاریگەری لەسەری هەبێت و ئەگەر وابێت هیچ شتێك نییە کرێتی بکات.

ئەگـەر (جـوانی کـەماڵی مەعریفـەی هەسـتیی بێـت)(٤٨)وهەسـتەکانیش پەیوەنـدیی ڕاسـتەوخۆیان بـەو ماددەیـەوە هەیـە، کـە هەسـتی پێدەکـەن، کەواتـە ئەگـەر شـتە هەستپێکراوەکە جوان بێت، ئەوا جوان دەردەکەوێت و ئەگەریش کرێت بێت کرێـت. لێـرەدا هەستەکان سەرچاوەی جوانی نین، بەڵکو ئامرازن بـۆ هەسـتکردن بـەجوانی و سەرچـاوەی جوانییەکە هەر ئەو ماددەیەیە هەستی پێکراوە.

لەمەشەوە هەستەکان باڵادەستی خۆیان بەسەر ئایدیاکان دەسەلمێنن، چونکە (تـەواوی ئایدیاکان بەتایبەتی ئایدیا ئەبستراکتەکان بەشێوەیەکی سروشـتی لاواز و نادیـارن، هـەموو هەستەکانیش بەهێز و ڕوونن)(٤٩) و لەمەشەوە هـەر جوانییـەك بـەهۆی ئەوانـەوە هەسـتی پێبکرێت جوانییەکی کامڵ دەبێت.

ئاراستەی خودی-بابەتی

ئەمـە ئاراسـتەیەکە لەناوەڕاسـتەوەیە و هـیچ پەڕگەیـەکی نـەگرتووە، تێکەڵیەکـە لـەدوو ئاراستەکەی پێشەوە و هەبوونی هەردووکیان بۆ دەرکەوتنی جوانییـەکی کامـڵ بەپێویسـت دەزانێـت و ((بڕیـاری جوانییەکـە دەکەوێتـە نێـوان هەسـتکردن و بیرکردنـەوەی ئەبستراکت))(٥٠).جوانی لەو تەنەوە وەدەستدێت، کە جوانەو لەڕێی هەستەکانەوە هەست بە جوانی دەکرێت و بۆ ئەوەی بزانین جوانییەکە لەچ ئاستێکدایە دەبێت بـەراوردی بکـەین

لەگەڵ جوانی دیکە، کە پێشتر لە زەینماندا هەبووە و بەمەش هەم مادده و هەم هەستەکان و هەم هۆشی ئەبستراکت بەشداردەبن لەپرۆسەی ناسینی جوانی و بڕیاردان لەسەر جوانی.

بۆ ئـەوەی جـوانی بناسـین پێویسـتمان بەوەیـە (هەسـت و سـۆزەکانمان بخەینەگـەڕ و هەوڵبدەین لەگەڵ بوونە جوانەکە تێکەڵ بین و کاریگەریمان لەسەر دروست بکات)(٥١) ولـە ڕێی کاریگەریەکەشیەوە جوانیەکەی بگوازینەوە بۆزەینمان و چێژی لێوەربگرین.

ب–ئاراستەی جوانی خودایی

هەندێك لەفەیلەسوفان و بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە سۆفیگەرییەوە هەیە جوانی دەبەستنەوە بەجوانی خودایی و جوانی بە ( دۆزینەوەی ئیلهامە خواییـەکان دادەنـێن یـان مـۆری ئەفرێنـەرە لەسـەر بوونـەوەرەکانی و نـە فیکـر و نەهەسـتەکانیش نـاتوانن جـوانی بدۆزنەوە))(٥٢).جوانی هەیە،بەڵام دۆزینەوەی لـە دەسـت هـەموو کەسـدا نییـە و ئەوانـەی دەیانەوێت جوانی بدۆزنەوە دەبێت سێ هەنگاو ببڕن (سـەرەتا جـوانی هەسـتییان هـەبێت، دواتر ئەم جوانییە هەستییە بگۆڕن بـۆ خۆشەویسـتی بۆچـوونە گشـتییەکان و لەهـەنگاوی سێیەمیشـدا دەگەنــە جــوانی دابــڕاو و ڕەســەن، کــە (خۆشەویســتی خودایــە)) (٥٣)، (ئـەفلاتون)، کـە ئەوسـێ هـەنگاوەمان بـۆ دیـاری دەکـات لەسـەرەتاوە مەبەسـتی ئەوەیـە خۆشەویستی خوداوەند وەدەستبێت، چونکە جـوانی ڕاسـتەقینە لەهـەنگاوی سـێیەمدایە و هەنگاوەکانی دیکە جوانیان تێدا نییە و تەنیا پایەن بۆ گەیشتن بە پایەی سێیەم.

(ئەفلۆتین) لەسەر ئەو باوەڕەیە، کە ((ئەو جوانی و قەشەنگییەی لەشتەکاندا دەبینرێـت تارمایی حەقیقەتی جوانین))(٥٤)و خودی حەقیقەت نین، چونکە ئەگـەر خـودی حەقیقـەت بن ، ئەوا ناکرێت لەناوبچن و نابێت کات و شوێن کاریگەری لەسەریان هەبێت، بـەڵام ئـەوان بەگۆڕانی کات و شوێن دەگۆڕێن، کەواتە جوانی ڕاستەقینەنین و سێبەری جوانین.

لەناو فەیلەسوفە سۆفیە ئیسلامەکانیشدا ئەوە باوە، کە (حەقیقەتی جـوانی لـەناو شـتە جوانەکاندا نییە، بەڵکو جوانی ئەوان ڕەنگدانەوەی جوانی خوداییە، پرتەوێکە لەتەجـەللای ئەو جوانییـەی کەلـەخودی یـەکتا (خـودا) دا هەیـە)(٥٥) ئەمـەش ڕەنگدانـەوەی بۆچـوونە بنەڕەتییەکانی ئەو بیرمەندانەیە، کە هەموو بوون بە فەیزی خودا دادەنێن و جوانیش بەدەر نییە لەو بوونانە.

کاتێك یەکێك لە تایبەتمەندییە هەرە سەرەکی و دانەبڕاوەکانی شیعر جـوانی بێـت، ئـەوا گەڕان بەدوای جوانی لە شیعردا کارێکی زۆر ئاسانە.لە دەنگەوە دەتوانین جوانی ببینینەوە تا ڕستە و کۆپلە و وێنەی شیعری...و هتد. جوانیش لە شیعردا وەنـەبێت هـەموو یـەك پلـە بێت و هەموو بـە ئاسـانی بدۆزرێتـەوە، چـونکە هەنـدێك جـوانی هـەن شـاراوەن و گـەڕان و پشـکنین و لێکدانـەوەیان دەوێـت تـا پێـی دەگـەیت و ئەمـەش پشـکی خوێنـەری ڕشـت و خۆماندووکەرە. ئەوەی گرنگە ئەمەیە هەر خوێنەرێك جا ڕشت بێت، یان نـا، خـۆی مانـدوو بکات، یان بەسەرپێیی شیعر بخوێنێتەوە بەبێ دەستکەوتنی بەشێك جوانی لەدونیای شیعر ناچێتەدەرەوە.

لەگەڵ ئەوەی شیعر هـەمووی جوانییـە، گـەلێکجار لـەدوو تـوێی شـیعردا خـودی جـوانی دەبێتــە بابــەتی شـیعرەکە و لەمەشــەوە جـوانی بــەجوانی دەردەبڕدرێـت و ســەرەنجام بیرکردنەوە و تێڕوانینی شاعیرمان سەبارەت بەجوانی بۆ ڕوون دەبێتەوە و لەوە تێدەگەین جوانی چییە و شاعیر لەسەر جوانی چیدەڵێت و کاریگەری جوانی لەسەر خودی شاعیر چی بووە و تەنانەت بۆ بووە بە شاعیر.

# پاژی دووەم: چەمکی جوانی لە شیعرەکانی رەفیق سابیرو کەریم دەشتی دا

## ١ - ٢: چەمکی جوانی لە شیعرەکانی رەفیق سابیر دا

**لەهەر جێیەك بین جوانی لەوێیە**

**بۆ هەرکوێ بچین خەون هاوڕێیە**    (بەتەنیا جێی مەهێڵن:١٦١)

جوانی لەهەموو شوێنێکدا هەیە و هەموو ئەو شتانەی لە دەورووبەری مرۆڤدا هەن جوانن ئەگەر مرۆڤ بەجوانی بیریان لێبکاتەوە و چاوی توانای دیتنی جوانییەکانی هەبێت. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە زۆر شت هەن لەبەرئەوەی ڕۆژانە دەیانبینین، بەو چاوە تەماشایان ناکەین داخۆ جوانن یان نا، بەڵام لەکاتێك لە کاتەکان بەو چاوەوە سەیریان دەکەین، کە توانای دیتنی جوانییەکانی هەیە دەبینین ئەو شتە زۆر جوانە، بەڵام تا ئێستا ئێمە بێئاگابووینە لەجوانییەکەی. لەمەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی بەشێکی زۆری دیتنی جوانی پێوەندی بە ناوەوەی مرۆڤەوە هەیە و دەبێت لەوێوە سەرەتا بڕیار لەسەر ئەوە بدرێت، کە دەبێت بەمەبەستی دیتنی جوانی و دیتنەوەی جوانی لە بوونەکانی دەورووبەرمان بڕوانین و دواتر بێین جوان و هەرە جوانەکان لە یەکدی جودابکەینەوە و چێژیان لێوەربگرین. بەم پێیەش بێت هەموو بوونەکانی دەوروبەرمان دەکرێت ببنە سەرچاوەی چێژ و جوانی بۆمان، چونکە جوانی بەشێوەیەکی ڕێژەیی لە هەرهەموویاندا هەیە:

بەسەر سوڕمانێکی منداڵانەوە دەست لەبەیان دەدەم
بۆنی گزنگ و شینایی دەکەم
لەگەڵا و خوناو و روبار رادەمێنم ئەو کاتانەی
رووناکی هەڵدەمژن
بەهەڵپەوە رەنگی پرژاو دەچنمەوە ،
وەك منداڵێك هاوار دەکەم :
بدرەوشێوە ئەی جوانی !

( بەتەنیا جێی مەهێڵن : ١٣٧)

هەموو ئەو بوونانەی لێرەدا ناویان هاتووە لەگەڵ زۆرینەی ئەوانەی ناویان نەهاتووە جوانن و هەریەکەیان بەتەنیا وای لەشاعیر کردووە سەری لەجوانیان بسوڕمێت و داوای

بەردەوام درەوشانەوەیان لێبکات، کە درەوشانەوە وەك فەیزو دەرکەوتەی جوانی زۆربـەی کـات ئامادەیـە و لەهـەرکوێ درەوشـانەوە هـەبێت، چـاوەڕوانی هـەبوونی شـتێکی جـوان دەکرێت لەو شوێنە، خۆ ئەگەر درەوشانەوەش نەبوو هەر واتای ئەوە نییە ئەو شوێنە یـان ئەو بوونە جوان نییە، چونکە درەوشانەوە دەرکەوتەیە، بۆیـە هـەبێت یـان نـا جـوانی هـەر هەیە، چونکە جوانی هی هەموو بوونەکانە:

لەبەردەم هەر بەیان و خۆرئاوابوونێکدا،

بەهەمان سەرسوڕمانەوە، هاوار دەکەم:

تاکەی بە ئەفسوونت هەڵوەدا و

بە رازەکانت شەیدام دەکەیت

ئەی جوانی؟

( بە تـەنیا جێی مەهێڵن : ١٤٢)

بەیانی و خۆرئـاوابوون جـوانن و شـاعیر ناتوانێـت بڕیـار لەسـەر ئـەوە بـدات کامیـانی لا جوانترە و ئەو سەرسـوڕمانەی بەرانبـەر جـوانی هەیـەتی لـەدیتنی بەیانـەوە تـا بـە ئێـوارە دەگات هـەموو سەرسـامی دەکـەن. هەڵبـژاردنی بـەیان و ئێـوارە بـۆ ئەوەیـە شـاعیر ئـەوە دووپاتبکاتەوە، ئەگەر چـاوێك هـەبێت بیـەوێت جوانییـەکان ببینێـت، ئـەوا لەبەیانـەوە تـا ئێوارە و هەموو ئەو بوون و دیاردانەی لە نێوان ئەو دووکاتە دەیانبینێت جوانن.

ئەو سیحر و ئەفسونەی لەجوانیدا هەیە کاریگەری لەسەر مرۆڤ هەیە و بەردەوام نایـەڵێت ئـۆقرە بگرێـت و هەمیشـە دەروونـی هـەڵوەدا دەکـات و زۆرجـاریش دەبێتـە بـە جەسـتە هەڵوەدابوون و لەو هەڵوەدابوونەشدا مرۆڤ هەر جارێك و لە هەر گەڕانێکیـدا بـەدوای جـوانی نهێنییەکی بۆ ئاشکرابووە، کە لە نهێنییەکانی پێشوو نەچووە، چونکە ئەوە تەنیا جوانییـە هیچی لە ئەوەی دیکە ناچێت و هەرگیز خۆی دووبارە ناکاتەوە:

هیچ ستایشێك نەماوە نەبیسترابێت

کەچی ناوت دەنێم جوانی

کاتێك بەخەون ئاشنام دەکەیت،

کاتێك وەك بەهار باڵندە کۆچکەرییەکان دێنیتەوە

( بە تـەنیا جێی مەهێڵن:٥٧ – ٥٨)

هەموو ئەو ستایشـانەی ئێسـتا دەکـرێن دووبـارە کردنـەوەی هـەمان ئـەو ستایشـانەن پێشتر کراون و شاعیر نایەوێت ئەو جـۆرە ستایشـانە دووبـارە بکاتـەوە و خـۆی لەوەسـفی دووبارە بەدوور دەگرێت، بۆیە بڕیار دەدات ناوی یارەکەی بنێت جوانی، بـەلاَم ئایـا جـوانی ستایشێکی دووبارە نییە؟

ئەگەر مەبەست بەکارهێنانی وشەی جوانی بێت، ئەوا وەلاَمەکە (بەلَیَ) یە، بەلاَم ئەگەر مەبەسـت جـۆری جوانییەکـە بێـت، ئـەوا بێگومـان (نـەخێرە). جـوانی جۆرەکـانی بەقـەد دەربڕینــەکانن و لەتوانادانییــە جۆرەکــانی دیــاریبکرێن، ئــەوەش ئــەو ڕاســتییە باشــتر دەسەلمێنێت، کە پێشتر گوتمان جوانی دووبارەبوونەوەی تێدا نییە:

خەتای منە یان خەتای تۆ

پەیڤ هێندە سنووردارە

دەسەلاَتی جوانی: پەرجۆ؟

( بە تەنیا جێی مەهێلَن: ١٦٠)

شاعیر خاوەنی پەیڤەکانە و یار خاوەنی جوانی، بەلاَم خەتا خەتای هیچ کامییان نییـە و خەتای ئەو دوو بوونەیە، کە هاوسەنگییەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا نییە و پەیڤەکان نـاتوانن ئـەوەی لـە جوانیـدا هەیـە و جوانییـە دەربیـبڕن، چـونکە وشـەکان و بەکارهێنانـەکانیان سنووردارن و جوانیش پەرجۆیە و ئەوەی لە پەرجۆشدا دەبینرێت یـان هەسـتی پێـدەکرێت زۆرجار مرۆڤ لە قسەلەسەرکردن یان وەسفکردنی لە ڕێی وشەوە دەستە وەسـتانە و جـاری وا هەیە خودی ئەو دەستەوەستانییە دەبێتە جوانی.

جوانی لە توانایدایە مرۆڤ ئاراستە بکات و ئاسوودە و بەختەوەری بکات و ببێتـە هۆیـەك بۆ ئەوەی مرۆڤ ناخۆشی و تەنگ و چەلَەمەکانی ژیانی بیربچێتەوە:

نیوەشەوان بەتەنیا

ڕێگا چۆلَەکان دەگرێت

سەر بەنێو تاریکایی و تەم و ونبووندا دەکات

بەسەر سەرما و باراندا

بەسەر چالَی بیَ بندا

بەسەر مەرگدا بازدەدا

تا شەکەت و کاس دەبێت

دەڕواو لەدڵی خۆیدا گۆرانی دەڵێتەوە

گرێ هەناوی سرێ ساتێك ناکوژێتەوە

کەچی کە جوانی بینی

وەکو منداڵ، وەکو شێت

کۆشی بۆ دەگرێتەوە

لەناخی تێڕامان و خەیاڵدا نوقم دەبێت

گۆرانی و ماندووبوون و

خۆیشی بیردەچێتەوە

( رازوگومان : ٢٩٢)

ئەمەیە سیحری جوانی، ئەو بەتەنیا دەتوانێت بەرەوڕووی هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرە و ناخۆشـی و ماندووبوونـە ببێتـە، کـە تووشـی مـرۆڤ دەبـن. نـەك هـەر ئەوەنـدە، بـەڵکو ئاسوودەشیان دەکات و وادەکات ئەوەی بەسەریان هاتووە لە بیریان بچێتەوە، بۆیە لەسەر مرۆڤ پێویستە بەردەوام خەمی ئەوەی بێت جوانییەکان ببینێت:

من شوێنهەڵگری جوانی بووم

خەون بەرەو ئینسانی بردم،

ئەڤین بەرەو تۆ

( بەتەنیا جێی مەهێڵن : ٢١٣)

خەون و ئـەڤین دوو بـوونی جـوانن و هەریەکەشـیان کاریگـەری تـەواوی لەسـەر شـاعیر بەجێهێشتووە. مرۆڤ بۆئەوەی هەست بـەمرۆڤ بـوونی خـۆی بکـات، دەبێـت تێڕوانینـی بـۆ جوانی بکاتە پێوەر، ئایا چەند توانای بینینی شتە جوانەکانی هەیە و تا چ ڕادەیەك بووەتە شوێنهەڵگری جوانی و بینینی شتە جوانەکان تا چ ڕادەیەك کاریگەریان لەسەری هـەبووە و هەیە؟ ئایا جوانی توانیویەتی ڕووە و مرۆڤبوونەوەی ببات؟

وەڵامی ئەو پرسیارە پەیوەستە بە پرسیارێکی دیکەوە، ئەویش ئەمەیە ئایـا بەڕاسـتی جوانی توانای ئەوەی هەیە مرۆڤەکان دووبارە بگەڕێنێتەوە سەر بناغە ڕەسەنەکەی خۆیان و بیانکاتەوە بەمرۆڤ ؟

بەڵێ،جوانی توانای ئەوەی هەیە.بنەما گرنگەکانی مرۆڤبوون پێکهاتوون لە مرۆڤدۆستی و ئازار نەدانی خەڵك و لەناو نـەبردن و بنیاتنـان، جـوانی لـە توانایـدا هەیـە هـەموو ئەمانـە بکات، چـونکە لـە دووتـوێی ئـەودا ڕێگـای دەسـتکەوتنی ئەمانـە و دەسـتکەوتنی چـەندین خەسڵەتی دیکەی بەمرۆڤ بوونـەوە هـەن. مـرۆڤ، کـە جـوانی دەبینێـت عەشـقی لا دروسـت دەبێت نەك ڕك، کە عاشق بـوو هـەموو هیـوا و ئامـانجێکی دەبێتـە بەختـەوەرکردنی ئـەوی دیکەو بەمەش لەخۆپەرستی دووردەکەوێتەوە...هتد.

٢- ٢ : چەمکی جوانی لە شیعرەکانی کەریم دەشتی دا

ڕەفیق سابیر لەسەر ئەو باوەڕە بوو، کە جوانی لەهـەموو شـوێنێکدا هەیـە ئەگـەر مـرۆڤ توانای بینینی ئەم جوانیانەی هەبێت. ئەم باوەڕە لای (دەشتی) ش هەیە و ئەویش باوەڕی بە هەبوونی جوانییە لە هەموو کات و شوێنێکدا:

جوانیێ هەیە باوەشیێ مەستی و سەفەرە
دەستم نایە ناو پرچی گوڵە پەمۆییێ
وتی مەڕۆ باشەکری دەم بتوێتەوە
جوانی باوەشیێ لاسکە گەنم و سیێ چوار دەنکە هەنارە
هەندیێ ورشەی گەلا و گۆڵمەزیێ عەنبەرە
لەپیێ ئاوی کانی و
سیێ چوار قسەی خۆش و دەمێك خەوتنی زمانە
شووشەییێکی شکاوی ژێر هەتاوی دوای بارانە

(کتێبی پیرۆزی ئاشقان:٢٢٦)

ڕەنگە کەم کەس هەبن هەست بەم بوونە سادانە بکـەن و دواتـریش هـەوڵی ئـەوە بـدەن بەجوانی بیانبینن، بەڵام شـاعیر جـوانی گوڵـە پەمۆیـەك و لاسـکە گـەنمێك و چـەند دەنکـە هەنارێك لەیاد ناکات و قسەی خۆش و هەتاوی دوای بارانیشیان دەخاتەسەر. لەمەوە پێمان دەڵێت سروشت پڕی جوانییە و پەیڤەکانی مـرۆڤیش ئەگـەر خۆشـبن جـوان دەبـن، چـونکە دەتوانن پێوەندییێکی جوان دروست بکەن و لـەبری ئـازاردانی بەرانبـەر ئاسـوودەیی بخەنـە دڵی. جگە لەمانە شتی دیکەش هەن جوانن:

وتت جوانی لە کەلێنی تاشە دایە

جوانی لەنێو ئەشکەوتی بناران دایە

ئێوە جوانیتان نەدیوە لێرە لەنێو ئەم خۆڵەدایە

ئەو دەم رەویٚ ئاسمانی شینی شەق دەکرد

وتت جوانی لەنێو باڵی ئەوان دایە (تۆ لە هەموو شوێنێکی تۆ:١٧٧)

جوانی لەسەر زەمین و لەئاسماناندا هەیە، کەلێنی تاشـەبەرد و ئەشـکەوتی بنـاران و خۆڵیش جوانن، بەڵام کێن ئەوانەی دەتوانن باسـی ئـەو جوانیانـە بکـەن و تێمـان بگەیـەنن ئەوانە بۆ جوانن:

چۆن جوانیی تۆ بنووسمەوە؟

نووسینەوەی ئاو کاری خوداکانە

بەئاوری سینە ناکریٚ

داڕشتنەوەی جوانی تۆ لەئاو

تەونی ئەفسانەیە

بەپەنجەی شکاوی دڵ ناکریٚ

( کتێبی ئاو:٧)

ڕەنگە مرۆڤ بتوانێت قسە لەسەر جوانی بکـات و بۆچـوونی خۆیمـان لەسـەر جـوانی پـیٚ بڵێت، بەڵام ئەگەر بیەوێت حەقیقەتی جوانیمان پێبڵێت، ئـەوا تووشـی کێشـە دێت،چـونکە نووسـینەوەی حەقیقـەتی جـوانی کـارێکی ئاسـان نییـە و بـە بـڕوای (دەشـتی) مـرۆڤ دەستەوەستانە لەبەردەم ئەم کارەدا و ناتوانێت ئەنجامیبدات و ئەمە کاری خوداکانـە نـەك هی ئەو. بەتەنیا بە بوونی ئاگری ئەڤین و خۆشەویستی لەدڵدا، یان بەدڵشکان نابێـت مـرۆڤ باوەڕ بەخۆی بێنێت،کە دەتوانێت جوانی بناسێت و بنووسێتەوە:

ئەوان هەمیشە بیریان لەوە دەکردەوە ئاسمان بکەن بەباخ

بەڵام لوولاقیان لەزەوی گیرببوو

پێیان وابوو ئەو رەزانەی لەساماڵی چیٚ دەکەن

وەکو بەهەشت جاویدانییە و دەستی وەرین نایانگاتیٚ

باخەوانەکان ئایدیایەکی جوانیان هەبوو لەباخەکان کورت دەبۆوە

ئەوان لەخەونیشدا هەر باسی باخیان دەكرد

(كتێبی پیرۆزی ئاشقان:١٠٩)

لەبەرئەوەی مرۆڤ تواناكانی سنووردارن، ناتوانێت هەموو ئەو هیواو ئاواتانـەی هەیـەتی بیان هێنێتە دی، ئەگینا مرۆڤی وا لەسەر زەوی هەن دەیانەوێت دونیـا پڕبكـەن لـەجوانی و ئەگەر دەستیان بگاتە ئاسمانیش ئـەوێش جـوان بكـەن، بـەڵام نـاتوانن ئەمـە بكـەن، بۆیـە هەموو دەستڕەنگینی خۆیان لەجوانكردنی زەویدا دەخەنەگەڕ:

ئەوان لە بەیانییەوە تا ئێوارە زەینیان پەیوەست بوو بە جوانی

جوانییەك ناشیرینییەكان داپۆشی و سەرسامی لە شووشە بگرێ

بیداتە دەست قەنەفری جاویدانی

جوانییەك نەمری ببەخشێ بە رۆح و ئەشرەفی بدا لەسینە

ئەوان هێند ماندوو بووبـوون هەمیشـە خـەونیان دەدی بـەجوانی (كتێبـی پـیرۆزی ئاشقان : ٨٩)

كاتێك جوانی لەهـەموو شـوێنێك و لەهـەموو كاتێـك ئامادەبێـت و ببێتـە خـەمی هـەموو خەڵكی، ئەوا جۆرێك لە خەسڵەتی جاویدانی وەردەگرێت و چاوەڕوانی زۆر شتی لێدەكرێت. یەكەمین چاوەڕوانییەك،كە لە جـوانی دەكرێـت ئەوەیـە دەبێـت ناشـیرینییەكان نـەهێڵێت و بتوانێت بەسەریاندا زاڵبێت و دواتریش پلەی بەرزتر ببێتەوە و سەودا لەگەڵ ڕۆحدا بكـات و وەك ئەوەی خۆی جاویدانە نەمریش بەڕۆح ببەخشێت، بێجگە لەمەش:

باخەوانەكان لەبینایی روونی گیا روخساری خوداوەندیان دەدی

بەو زمانەش رۆحی سووكی ئاویان دەدوان

بەو زمانە بانگی مەلەكانیان دەكرد و

پەنجەرەكانیان بەسەر جوانییەكان دەكردەوە و جامی تەمتومانیان

دەشكان (كتێبی پیرۆزی ئاشقان : ٨٧)

قورسە بۆ ئەوانەی عاشقی جوانین لەدەرەوەی جـوانی خوداوەنـد بدۆزنـەوە، چـونكە ناكرێت لەیەككاتدا شتێك هەم جوان بێت و هەم شەڕانگێز یان تۆڵەسێن و ئەم دژە جوانیانە لەگەڵ جوانیدا تێكەڵ نابن.مرۆڤ بۆئەوەی لێڵییەكان ڕوون بكاتەوەو تەمی سـەر بوونـەكانی دەورووبەری بڕەوێنێتەوە، دەبێت جوانی بكاتە دەمڕاستی خۆی و بە زمانی جوانی بـدوێت

و بەر لـە هـەر شـتێك جـوانی ببینێـت و ئـەو بکاتـە کلاۆڕۆژنـەی دیتنـی بوونـەکانی دیکـە.

دۆزینەوەی ئەو کلاۆڕۆژنەیەش زۆر ئاسانە، چونکە جوانی لەهەموو شوێنێکدا هەیە:

هەمیشە دەرگایێ هەیە بەسەر جوانی دەبێتەوە

دەرگایێ لەم دەرگایانە دەمباتەوە بۆ لای قەلاّ دێرینەکان

کە هێشتا دەسخەتی ئێمەی بەسەریانەوە دیارە

( کتێبی پیرۆزی ئاشقان:٢١٧)

هەندێك لە جوانییەکان سروشتین و مرۆڤ هیچ کاریگەریەکی نەبووە لەسەر جوانبوونیـان، وەکو ئەو جوانیانەی لەسروشت دەیانبینین،بەشێکی شتە جوانەکانیش دەستکردی مـرۆڤن و جوانن، بۆ نموونە قەلاَکان جوانن و مرۆڤیش دروستی کـردوون و ئـەو نووسـینەی لەسـەر دیـواری ئـەو قەلاَیانـەش نووسـراوە لـە دوو ڕووەوە جـوانن، لەڕوێکـەوە خـودی داهێنـانی پرۆسەی نووسین جوانییە و لەڕوویەکی دیکەشەوە بەجوانی نووسین جوانییە.

ئەوەی پێوەندی بە جوانی مرۆڤـەوە هەیـە، یـان ڕاسـتتر بڵـێین ئـەو پێوەندییـەی مـرۆڤ لەگەڵ جوانی هەیە ئەوەیە مرۆڤ لە جوانی دروستبووە:

ئەوەتا لە گڵی جوانیتا دروست بووم

جوانی تۆش ئاگرە و هەدادانی نییە

( کتێبی ئاو : ٣٦ )

بۆئەوەی ئەم جوانییەشی پارێزراو بێت و هەر بەجوانی بمێنێـتەوە کۆمەڵێك دیاردە هەن پێویستە خۆیان لێ بە دوور بگرێت:

بە باڵە ڕەش و ئەبەنووسە جوانەکانیان

سلاّویان دەکرد

سلاّو ئەی بێگوناهە جوانەکان

( کتێبی پیرۆزی ئاشقان : ٤٨ )

هەرچەندە ڕەنگی ڕەش زۆرکەم بۆ جوانی بەکاردێت، بەلاّم شاعیر زیرەکانە توانیویـەتی بیمـەزرێنێت و بۆشمـان بسـەلمێنێت، کـە ڕەنگـی ڕەش وەکـو هـەموو ڕەنگـەکانی دیکـە لەبونیاتەوە جوانە، بەلاّم زۆرجار ڕەنگە بەهۆی ئەو واتا و لێکدانەوانەی بۆی کراون ناشیرین کرابێت. ئەوەی بۆ مـرۆڤ گرنگـە ئەوەیـە بێگونـاه بێـت و ئەگـەر تـوانی بـێ گونـاهی خـۆی

بسەلمێنێت، ئەوا جوان دەبێت و بەپێچەوانەشـەوە. دەبێـت ئاگـاداری ئـەوەش بێـت تـەنیا خۆی بەجوان نەبینێت، هەرچەند جوانیش بێت و هەوڵبـدات وەك ئـەوەی خـۆی پـێ جوانـە مرۆڤ و بوونەکانی دیکەشی لا جوان بێت، ئەگەر ئەمەی نەکرد، ئەوا ڕووبەڕووی ئایندەیەکی خراپ دەبێتەوە:

کە جوانی خۆیان بینی لە ئاوێنەی ئاقیقی ئەو ئاوە
یەکێکیان کەوتە نێو تایێکی ئەبەدی ئەڤین و بۆ ئەبەد تاواوە

(کتێبی پیرۆزی ئاشقان : ٩٦)

ئەمە ئەو ئایندەیەیە، کە پێویستە مرۆڤ هەمیشە خۆی لێبەدوور بگرێت و نەیەڵێت ڕادەی خۆی پێ جوانبوونی بگاتـە ئـەو ئاسـتەی عاشـقی خـۆی ببێـت و جـوانی هـەموو گـەردوون لەخۆیدا ببینێتەوە و بەهۆی ئەو عاشق بوونەشی بوونی خۆی لەدەستبدات.

جـوانی بـە بـڕوای (دەشـتی) ڕاگـری ئـەم گەردوونـەو هارمۆنیـای بەیەکـەوە گونجانـدنی بوونەکانە:

ئۆخەی دڵم ئازادبوو ڕەنگە جوانەکان
ئێوە کێڵگەیەك (با) ن بوونەتە میزانی ئەم کەونە
کەمال مولك هەمیشە بەخشندەی جوانی بوو

(پیانۆی ڕۆژهەڵات .. :٣٢٦)

ڕەنگەکان بەشێکن لەجوانی و تـای تـەرازووی ئـەم گەردوونـەن و بـەم پێیـەش بێـت لـە هەربوونێکدا جوانی پێوەرە و گرنگی و بایەخی هـەر بوونێـك لەجوانییەکـەی دەردەکـەوێت نەك لە بەسوود بوون یان چێژداربوون، یان...هتد. هەربۆیەشە ئەوەی جوانی لەم گەردوونە دەتوانێت بیکات لە دەسەڵاتی هیچ بوونێکی دیکەدا نییە:

سپێدە کە دەنگی بای ئەزەل پەنجەرە و دەرگامی دەهەژان
مۆسیقای شۆپانم دا بەباڵی مەلێ
تێکەڵی بای کرد و ڕفاندی
زوڵمێکی کەون بوو ستوونی مۆسیقا ڕماندی

(کتێبی نەی : ٧٥)

مۆسیقا وەك بەشێك لە جوانی هێندە بەهێزە دەتوانێت بەرەنگاری ئەو زوڵم و ستەمانە ببێتەوە، کە گەردوون بەرانبەر بە بوونەوەرەکانی دەکات و نـەك هـەر ئەوەنـدەش، بـەڵکو ستەمەکە دەڕەوێنێتەوە و نایهێڵێت

## ٣-٢: کوشتنی جوانی و ڕەنگدانەوەی لەشیعرەکانی هەردوو شاعیردا

### أ- کوشتنی جوانی و ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانی رەفیق سابیر دا

یەکێك لەو دیاردانەی بەدرێـژایی مێـژووی شـیعر لەئـەدەبیاتی کـوردی هاوتـای زۆرینـەی هەرە زۆری شیعری شاعیرانی کـوردە، باسـکردنی پرۆسـەی کوشـتنی جوانییـە و هـەر لـە شیعری کلاسیکیمانەوە بگرە تا شیعری هاوچەرخمان هەموویان هێندەی باسـی دابـڕان لـە یار دەکەن بە دەگمەن نابینینەوە شاعیر بە یارەکەی گەیشتبێت، و هێندەی باسی کوشـتن و کاولکـاری نیشـتیمانمان بـۆ دەگێڕنـەوە زۆر کـەمتر لـەوە باسـی گەشـانەوە و بنیاتنـانی وڵاتمان بۆ دەکەن. ئەمە هەمووی هۆکاری خۆی هەیە ئـەگینا هـیچ لۆجیکێـك لـەوەدا نییـە تاکی کورد لەناو ئەو هـەموو جوانییـە سروشـتییە دابێـت و دواتـر بێـت چـێژ لـە ئازارەکـان ببینێت و باسی ئازارەکانی خۆی بکات.

یەکێك لە خەسڵەتەکانی ئەدەب ئەوەیە دوورو نزیـك هەڵکـەوتی کۆمـەڵگامان پـێ ئاشـنا بکات و شاعیرانی ئێمەش دەیانەوێت پێمان بڵێن لە کۆمەڵ و وڵاتی ئێمەدا دیاردەیەك هەیە بەناوی کوشتنی جوانی و دوو هۆی سەرەکی ئەمەیان لێکەوتۆتەوە، یەکەمیان دواکەوتوویی کۆمەڵ و تاکی کـوردە، کـە نـەیانتوانیوە وەکـو مـرۆڤ سـەودا لەگـەڵ خۆیـان و مرۆڤـەکانی دەورووبـــەریان بکـــەن و کۆمـــەڵێك کـــۆت و بەنـــدیان بۆخۆیـــان دانـــاوە و تێپەڕنـــدن و پشتگوێخسـتنی ئـەو کـۆت و بەندانـە بـە مـەحاڵ دەزانـن و کـەمتر هـەوڵ بـۆ سـڕینەوەیان دەدەن. ئەمەش وایکردووە کوشتنی جوانی و باسکردنی ببێتە بەشێکی جودانـەبووەوە لـە تاکی کورد و سەرەنجام کۆمەڵگەی کوردەواری.

دووەمیان ئەو داگیرکارییە بەردەوامەیە، کە بەردەوام کوردستان بەخاك و هاوڵاتییانەوە بەدەستییەوە ناڵاندوویەتی و هەمیشە لەبری ئـەوەی گوڵێـك لـە خاکەکـەی بڕوێـت سـەدان باخی تێدا سوتێندراوە و کانی و ڕووباری سوورکراون بە خوێن و ئەمەش چ بەڕاسـتەوخۆ و چ بە ناڕستەوخۆ باسیکراوە.

بۆ تەمەنمان تەنیا ماف زەوت کردنە؟
خەوبینینی بەردەم پەتی سێدارەیە،
ساتی چاوەڕێکردنی دەستڕێژ و کەوڵکردنە.
با ئەم تەمەنە گوشراوە لەنێو خوناودا بچێنین!...
ڕۆژەکانمان لەنێو ونبووندا هەڵکەین و
ڕۆح بە ژیلەمۆ رابێنین.

( رازوگومان : ١٦٨)

شاعیر ناڕازییە وکەسێکی تێگەیشتووە و دەزانێت ژیان ئـاوا نییـە و چـیتر نابێـت ئـەو پرۆسەی کوشتنی جوانییە بەردەوام بێت و داوای ئەوە دەکات ئەو تەمەنـەی مـاوە نـوقمی نەرمونیانی و خوناو بکرێت. هەرچەندە ئەم داوایەی شاعیر داوایەکی جوانـە و داوایەکـە بـۆ دووبارە بوونەوە مرۆڤ،بەڵام کارەساتەکان هێندە کاریگەرییان لەسەر هەبووەو هێندە قووڵ شۆڕبوونەتەوە ناو ناخی تەنانەت بۆ کۆتایی هێنان بە لەناوبردنی جوانی پەنا دەباتەوە بەر بوونێکی ئازار گەیەن و لە بری ئەوەی ژیلەمۆ لەناو ببات هەوڵدەدات ڕۆحی خۆی لەگەڵ ئەو ڕابیینێـت، کـە ئەمـە کـردەنیش بێـت مەحاڵـە نـە مـرۆڤ بکاتـەوە بـەمرۆڤ و نـە جـوانیش بگەڕێنێتەوە پێگەی خۆی و وەکو بوونێکی نەبڕاوە تەماشای بکرێت:

نامۆبوون گەمارۆی داویت
دەمامکەکان لەهەر لاوە
وەك رەشایی جادەکە دەدرەوشێنەوە،
جوانییش بەدیار پیربوونەوە داماوە

(بەتەنیا جێی مەهێڵن:٤٦)

ئەوەی بیری شاعیر لەسەر جوانی پێمان دەڵێت ئەوەیە، جـوانی هەیـە، بـەڵام نـەبڕاوە نییە و لەگەڵ پیربوون جوانی کۆتایی پێبێت. لە کاتێکدا لە خودی پیریشـدا جـوانی هەیـە، ئەو لەوە پێکاویەتی، کە ئەو جوانییەی لەگەنجی دایە هەمان ئەو جوانییـە نییـە لـە پیریـدا هەیە و پێشتر ئەوەمان روون کردەوە، کە جوانی پرۆسەیەکی بەردەوامی قاڵـب نـەگرتووە، بەڵام لەوەدا نەی پێکاوە،کە بەپیربوون جوانی لەناو دەچێت و خۆی لە کۆپلەی شـیعرێکی دیکەدا ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت:

**هەربەو دەستانە لەکەلەپچەدا کڵۆڵیم بینی**

**هاوڕێی دیلی بوو**

**لەسەر جەستەشت، هەر بەو دەستانە، بەختیاریم بینی**

**هاوڕێی جوانی بوو**

**( بەتەنیا جێی مەهێڵن:١٣٩)**

واتا مرۆڤە بڕیار لەسەرئەوە دەدات چی لە چ کات و لە چ شوێنێك جوانەو ئەو شتانەی جوانیش نین بەکارهێنانە کرێتەکانی مرۆڤ وایکردووە جوان دەرنەکەون نەك خودی خۆیان،ئەگینا دەست هەر دەستە بۆ دەبێت جارێك ببێتە مایەی کڵۆڵی و جارێکی دیکە ببێتە هاوڕێی بەختەوەری و جوانی.

هێشتنەوەی بوونەکان بە جوانی کاری مرۆڤە و ئەو دەبێت پارێزگاریان لێبکات و لەو دەستانە بیان پارێزێت، کە هەوڵی لەناوبردن یان کرێت کردنی دەدەن:

**پیشەی خۆتە پاراستنی جوانی تا ئەو دیو سەردەمی گەوجێتی**

**گوێگرتن لە پەیڤینی رەنگ و**

**گۆڕینی روخسار بە رازستان**

**(بەتەنیا جێی مەهێڵن : ١٢٧)**

ئەوەی ئێستا بەشێکی تاکەکانی کۆمەڵی شاعیر تێیدان گەوجێتییە لە بەرانبەر وەستانەوەیان لە دژی جوانی و هەوڵدان بۆ لەناوبردنی و لە بەرانبەردا دەبێت کۆمەڵێك هەبن ئەو جوانییە بپارێزن و هەمیشە لە دەست گەوجەکان ڕزگاری بکەن، کە بێگومان شاعیر خۆی و هاوپیشەکانی بە پارێزەری ئەو جوانییەدا دەنێت و دەڵێت:

**ئیتر سەردەم سەردەمی رامان و پێشبینییە**

**کاتێك رەنگەکان دێنیتە پەیڤین،**

**سەردەم سەردەمی بێداربوونەوەی جوانییە**

**(بەتەنیا جێی مەهێڵن: ١٢٦)**

گومانی تێدانییە جوانی خۆی بێدارە، بەڵام ئەوە مرۆڤەکانن لەجوانی بێئاگان، یان ئەوەتا لە بری جوانی شتێکی دیکەیان هەڵبژاردووە و ئەویان پشتگوێ خستووە، یان بەهۆی شەڕانگێزیانەوە نایانەوێت شتێك بە ناوی جوانی بمێنێت.

## ب- کوشتنی جوانی و ڕەنگدانەوەی لەشیعرەکانی کەریم دەشتی دا

دیوانەکانی (دەشتی) لێوان لێون لەباسکردنی جوانی، بـەلاّم ئـەو جوانییـەی ئـەو باسـی دەکات لەزۆربەی دۆخەکاندا جوانییەکی کوژراو و لە ناوبراوە و بـۆ هـەر کوشـتنێك و لـەناو بردنێکیش هۆیەك هەیە:

ماڵێك بۆ هەمووان

ماڵێك بۆ جوانی

ماڵێك بۆ شایی

ماڵێك بۆ حیکایەت

ماڵێك بۆ ئێستا...

ماڵەکەی هەموومان نەدەرگای هەیە نە پەنجەرە

ماڵەکەی جوانی کرایە کارگەی خۆڵەمێش

(پیانۆی رۆژهەلاّت..:٢٣١)

هەموو ئەو مالاّنە مالّی جوانن و جوانیش خۆی جوانە، بەلاّم ئەو ماڵەی لەولاّتی شاعیر بۆ جـوانی دروسـتکرابوو ئێسـتا خۆڵـەمێش بەرهەمـدێنێت و خۆڵەمێشـیش دوورتـرین بوونـە چاوەڕوانی جوانبوونی لێبکرێت. خەڵکانێك هەن هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدەن ئـەو مالاّنـەی جوانی زیاتر و زیاتر بکەن، بەلاّم ئەوانە زیاترن، کە هەوڵی بە خۆڵەمێش کردنیان دەدەن:

باخەوانەکان هەمیشە خەریکی جوانکردنی زەوی بوون

ئێمەش هەمیشە تیغێکمان لەنێو پەنجە حەشاردابوو

بۆ هەر لەپێ لە ئەڤینیان مشتێ تورەییمان پێ بوو

بۆ هەر دەمێ پڕ لە نەوایان قومێ ئاوی ژەهراویمان پێ بوو

(کتێبی پیرۆزی ئاشقان : ١٢٦)

ئەو ململانێیەی نێوان جوانی پەرستان و جوانی کـوژان بەردەوامـە و جـوانی کـوژان بـۆ هەموو بوون و دیاردەیەکی جوان دژێکیان پێیە و بۆ لەناو بردنی جوانی هەموو جۆرە کارێك دەکەن و وا سەنگەریان لە جوانی گرتووە وەك ئەوەی شـەڕێکی ئەبـەدییان ڕاگەیانـدبێت و چاوەڕوانی کۆتایی هاتنی نەبن:

سەیرکە هەموویان گۆرانی دەچڕن

ژێر پێشیان جەستەی ئینسانە

قەدەر وایە

لەمیانی مەرگ و ژیاندا

بۆ ئەبەد جەنگە بەرپایە

( کتێبی نەی : ١٢٤)

ئـەوە هــەر مرۆڤــەکان نـین جـوانی لـەناو دەبـەن، بـەڵکو خـودی سروشـتیش، کـە بەرهەمهێنـەری جوانییـە زۆرجـار دەبێتـە هـۆی لـە نـاو بردنـی جـوانی و مایـەی ئـازار بـۆ پارێزەرانی جوانی:

ئێوارەیەکیان ئەو درەختەی هەزار ساڵ بوو

نەوە نەوە باخەوانەکان لەژێریا ئاهەنگی شەڕابیان دەگێڕا

کەوتە بەر تەوری زریانێ لەناو قەد قڵیشایەوە

باخەوانەکان حەوت شەو و حەوت ڕۆژ شینیان گێڕا

(کتێبی پیرۆزی ئاشقان:١٢٢ )

کێشەی جوانی ویستان ئەوەیە بۆ ململانێیان لەگەڵ لەناوبەرانی جوانی،جگـە لـەجوانی هـیچ چـەکێکی دیکـەیان نییـە و ئەگـەر توانیـان بـەهۆی سـیحری جوانییـەوە وا لـە بەرانبەرەکەیان بکەن دەستبەرداری لە ناو بردنی جوانی بن باشـە،ئەگەر نـەیانتوانی ئـەوە بکەن، ئەوا هەوڵدەدەن جوانییەکان دەستاودەستی پێبکەن و تا پێیـان دەکرێت دەیدەنـە ئەو کەسانەی ڕێزی جوانی دەگرن:

من تەنها یەك تاقە گۆرانی دەزانم

من تەنها یەك تاقە دێڕ شیعرم لەلایە

من تەنها یەك دڵۆپ فرمێسکم پێ ماوە

ئەوانەش بۆ تۆ بن گوڵفرۆش

کە ئەم کەونە کەسی لەمرۆڤ نەماوە

(کتێبی پیرۆزی ئاشقان:٢٤٩)

لە هەندێك سـاتە وەختـدا جـوانی کـوژان هێنـدە زاڵـدەبن ڕەنگـی خۆیـان بەبـەر هـەموو بوونەکانی سەر زەویدا دەکـەن و ژیـان وا دەردەکـەوێت ئیـدی شـتێك نەماوەتـەوە بـەناوی

جـوانی و ئـەوەی هەیـە کەوتۆتـە بەردەسـتی ئـەوان و لـەناویان بردووە.لـەو کاتانەشـدا دۆزینەوەی گوڵفرۆشێك ئاسان نییە تا دوایین گۆرانی و دێڕە شیعریان پێ بسپێری بۆئەوەی لە کات و سـەردەمێکی دیکـەدا ئـەو بـڕە جوانییـە بێتـەوە نـاوەوە و دونیـا پڕبکاتـەوە لـە جوانی:

لەهەر زیندووبوونەوەیێ هەزاران ئەویندار
هەر ئەویندارێ هەزاران چیرۆکی ئەوین
لەچیرۆکی هەر ئەوینێ سەدان پەری
کە ئەو پەریانە پەرش و بڵاودەبنەوە بە زەوی
کەون پڕ دەبێ لەشەوق و نووری خودایی
هەر نورێ دەچێتە چاوێ..
ژیان پڕ دەبێ لەشەوقی فڕین

(تۆ لەهەموو شوێنێکی تۆ:١٧٣- ١٧٤ )

بە مشێوەیە دووبارە ژیان وەکو خۆی لێدێتەوەو جوانی زەوی دادەپۆشێتەوە.

ئەو تەنگ و چەڵەمانەی دێنەبەردەم جوانی لە وڵاتی (دەشتی) دا،وایلێکردووە بڵێت:

فەرموون بۆ ئەوەی جوانی هەبێ ئێوە بگرین ( پیانۆی ڕۆژهەڵات ..:٢٠٧)

ڕەنگە لەساتێك لە ساتەکان هەتا گریانیش جوان بێت، بەڵام ئەمە کارەساتێکی گەورەیە لـە کۆمـەڵی شـاعیردا هەسـتی پێـدەکرێت بـەوەی دوو شـتی تاڕادەیـەکی زۆر دژ ببنـە تەواوکەری یەك و هەبوونی یەکێکیان بەهەبوونی ئەوەی دیکـەوە ببەسـترێتەوە و هەمیشـە کەسـانێك هـەبن مانـدوو و ئێشـکگربن بۆئـەوەی جـوانی بمێنێـت، کـە زۆرجـار خـودی ئـەو جوانییەش لە ئازارەوە پەیدابووە:

کە شیعری جوانت خوێندەوە ئەوسا دەزانی عەشق
چی لەدڵی شاعیر کردووە

(کتێبی ئاو:١٤٤)

عەشق جوانە،بەڵام لـە کۆمـەڵی (دەشـتی) مایـەی ئـازارە و ئـەو ئـازارەی لای عاشـقیش دروست دەبێت جوانی لێدەکەوێتەوە، کە ئەمەش بۆ خۆی کارەساتێکی دیکەیە، چونکە تۆ بۆئـەوەی جـوانی وەدەسـتبێنی دەبێـت ئـازار بچێژی و ئـەو چێژەی لـەو ئـازارەش وەری

دەگری دەبێت بەجوانیی دابنێی، لەکاتێکدا ئەمە دەبێت تەواو پێچەوانە بێت.چێژوەرگرتن لە ئازار پێوەندی بەو پاشخانە ڕۆشنبیرییەی تاکی کورد هەیە، کە پێیانوایە تا ئازار نەبێت نابێت چێژ هەبێت و ئەمەش وایکردووە لەبری ئەوەی بەردەوام وێڵی جوانی بن، بەردەوام سەرگەردانی ئازاردانی یەکترین و ئەوەندەی بەتەنگ ئازارەکانەوەن ئەوەندە و زیاتریش پشتییان کردۆتە جوانییەکان. (کەریم دەشتی) لە شیعرێکدا بەناونیشانی (سیپارەیەك لە ئیستەتیك) تەواوی مێژووی کوشتنی جوانیمان بۆ دەخاتە ڕوو، کە بەداخەوە تێیدا زۆرینەی کارەساتە جوانی لەناوبەرەکان پەیوەندییان بە کۆمەڵی کوردییەوە هەیە:

ناونیشانی: دۆزەخەکەی باربۆسە

بەرگەکەی: وردە ئێسقانی ناو جەنگەڵی شەڕەکانی جیهانییە

ناو بەرگەکەی: غەرەسەری کوژراوەکانی فتوحاتە

پەڕی یەکەم: پێشەکیەك بە قەڵەمی خوێناوی ئەدۆلف هیتلەر

پەڕی دووەم: وێنەی قەننەکەی ستالینە

پەڕی سێیەم: زنجیرە داغەکانی عوسمانلیە لە ملی ئاگریداغ

پەڕی چوارەم: هەڵمی سەر دۆزەخی تەرمەکانی قەلاّی دمدمە

پەڕی پێنجەم: وێنەی شاعیرێکی دەربارە دەنەڕڕێنێ

پەڕی شەشەم: کوندە پەپوی سەر جومجومەی لۆزانە

پەڕی حەوتەم: گورگەکانی پاریسی دوای کۆمۆنەیە

پەڕی هەشتەم: وێنەیەك لەشەڕی خوێناوی براکان

پەڕی نۆیەم: پانۆڕامایەك لە ئەنفال

پەڕی دوایی: سەری ئەسلەعی گۆرتباتشۆفە

دووکەڵی سۆڤیتاتی لێ هەڵدەستێ

ناوبەرگی دواوە: بەندیخانەکەی باستێلە پڕ لە سارتەر

بەرگی دوایی: جۆگەلەی خوێناوی عبدالخالق معروفە

چاپەکەشی: چاپخانەیێکی شکاوی فاشیەتە

تیراژەکەی: بەقەد داوە ڕیشی تەڵخی ولاّغەکانی تەتەرە

نرخەکەشی: خوێنی بەناهەق ڕژاوی ئینسانە

خوێنەریشی: بکوژانی لەقلەقەکەی سەر منارەی خانەقایە (پیانۆی رۆژهەلاّت ..:٢٣٥)

به خوێندنەوەی ئەم شیعرە، کە لەشێوەی کتێبێکی مەعریفە بەخشی زۆر زۆر کورت داڕێژراوە پێمان دەلێت کۆمەلّی کوردی چ جوانییەکی تێدا کوژراوە و دوژمنانی چییان بەسەرهێناوە. لەهەمانکاتیشدا ئەوەمان پێدەلێت تاکی کورد چەند دژی جوانیە و چۆن لەناوبردنی جوانی لای بۆتە کلتور.

## ئەنجـــام

١- (رەفیق سابیر) باوەڕی بە هەبوونی بوونێك نییە لە دەرەوەی هەستەکان و میتافیزیك ڕەتدەکاتەوە، بەلاّم (کەریم دەشتی) باوەڕی بەزۆرینەی ئەو بوونانە هەیە، کە باوەڕوایە لە میتافیزیکدان.

٢- لای ( رەفیق سابیر) هەموو نادیار و هەستپێنەکراوێك نەبووە، بۆیە جیاوازی نییە لە نێوان هەردوو چەمکی (نادیار) و (نەبوو)، بەلاّم لای (کەریم دەشتی) ئەو بوونانەی هەستییان پێناکرێت و عەقلّ ناتوانێت بەلّگەی تەواو بۆ سەلماندنیان بخاتەڕوو باوەڕی بەبوونیان هەیە.

٣- رەفیق سابیر گومان بەکاردێنێت تا چی یەقینە بیسڕێتەوە،واتە گومانەکانی بۆ ڕەتکردنەوەن.هەرچی (کەریم دەشتی)یە بۆ ئەوە گومان دەکات تا باوەڕی بەو یەقینانە پتەوتربێت، کە باوەڕی پێیان هەیە و گومانەکانی بنیاتنەرن .

٤- لای ( رەفیق سابیر) هیچ بوون دیاردەیەك نییە ڕەها بێت، تەنانەت مردنیش، بەلاّم لای (کەریم دەشتی) بوون و دیاردەی ڕەها هەن.

٥- کوشتنی جوانی پانتاییەکی فراوانی لەشیعری هەردوو شاعیردا داگیرکردووە، بە جۆرێك هەرکاتێك لەشیعری ئەو دوو شاعیرە باس لە جوانی دەکرێت، لەگەلّیدا باس لەهۆکارێك لەهۆکارەکانی لەناو بردنی جوانی دەکرێت. (کەریم دەشتی) زۆر زەقتر و قوولّتر کاری لەسەر کوشتنی جوانی کردووە لە ( رەفیق سابیر).

## پەراوێزەکان:

(١): ابـراهيم محمـد تركـى (د.)، مـا الفلسـفة، الطبعـة الاولى، دار الوفـاء، الاسكندرية،جمهورية المصر العربية، ٢٠٠٧،ص ٢٠٩-٢١٠.

(٢): ايتـالو كـالفينو، الـة الادب (الفلسـفة والادب)، حسـام بـدار، أزمنـة للنشـر والتوزيـع، عمان-الاردن،٢٠٠٥،ص١٢.

(٣): عبدالحسـين فـرزاد(د.)، دربـار نقـد ادبـى، ضـاث ضهارم،نشـر قطـره ،تهـران ١٣٨١،ص٨٠٤.

(٤): احسان عبـاس(د.)، شـعر و اينـة، سـيد حسـين حسـينى، انتشـارات سـروش، تهـران، ٣٨٨،ص٥٥٤.

(٥): بابك احمدى، هايدگر و تاريخ هستى، چاپ چهارم، نشر مركز، تهران، ١٣٨٦،ص٤٢.

(٦): عبدالحسـين فرزاد(د.)،دربـارة نقـد ادبـى، چـاپ چـهارم،نشـر قطـره ،تهـران ١٣٨١،ص٨٠٤،ص١٧٦.

(٧): ايتـالو كـالفينو، الـة الادب (الفلسـفة والادب)، حسـام بـدار، أزمنـة للنشـر والتوزيـع، عمان-الاردن،٢٠٠٥،ص١٢.

(٨): نبيـل عبدالحميـد عبـدالجبار، الفلسـفة لـمن يريـد، مطبعـة الحـاج هاشـم، اربيـل، ٢٠٠٤،ص٢٩.

(٩): امال حليم الصراف، علم الجمال : فلسفة و فن،دار البداية،عمان، ٢٠٠٩،ص٣٥.

(١٠): ايتـالو كـالفينو، الـة الادب (الفلسـفة والادب)، حسـام بـدار، أزمنـة للنشـر والتوزيـع، عمان-الاردن،٢٠٠٥،ص١٢.

(١١): س.ث،ل١٢.

(١٢): نبيـل عبدالحميـد عبـدالجبار، الفلسـفة لـمن يريـد، مطبعـة الحـاج هاشـم، اربيـل، ٢٠٠٤،ص٥١.

(١٣): جيـل دولـز، نيتشـة و الفلسـفة، ت: اسـامة الحـاج،ط٢،المؤسسـة الجامعيـة للدراسـات، بيروت ، ٢٠٠١،ص٤٤٦.

(١٤): س.ث ،ل٤٤٧.

**(١٥): نبيـل عبدالحميـد عبـدالجبار، الفلسـفة لمـن يريـد، مطبعـة الحـاج هاشـم، اربيـل، ٢٠٠٤،ص٣٠.**

**(١٦): س.ث،ل٦٠.**

**(١٧): محمد شبل الكومي (د.)، القضايا الادبية من منظور فلسفي، الهيئة المصرية العامة للكتاب، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب،٢٠٠٥،ص١٨١.**

**(١٨): نبيـل عبدالحميـد عبـدالجبار، الفلسـفة لمـن يريـد، مطبعـة الحـاج هاشـم، اربيـل، ٢٠٠٤،ص٦٠.**

**(١٩): صلاح قنصوة(د.)، نظريتى فى فلسفة الفن، دار الحرية للطباعة، ٢٠٠٥،ص١٧٩.**

**(٢٠): جمـال محمـد سـليمان(د.)،انطولوجيا الوجـود،دار التنـوير للطباعـة و النشـر و التوزيع،بيروت،٢٠٠٩،ص١٠٩.**

**(٢١): ايتـالو كـالفينو، الـة الادب (الفلسـفة والادب)، حسـام بـدار، أزمنـة للنشـر والتوزيـع، عمان-الاردن،٢٠٠٥،ص٦٣.**

**(٢٢): ايتـالو كـالفينو، الـة الادب (الفلسـفة والادب)، حسـام بـدار، أزمنـة للنشـر والتوزيـع، عمان-الاردن،٢٠٠٥،ص٦٣.**

**(٢٣): زكريا ابراهيم(د.)، كانت أو الفلسفة النقدية، دار المصر للطباعة، مصر، بدون سنة الطبع،ص١٥٧.**

**(٢٤): جيـل دولـز، نيتشـة و الفلسـفة، ت: اسـامة الحـاج،ط٢،المؤسسـة الجامعيـة للدراسـات، بيروت ، ٢٠٠١،ص٤٤٧.**

**(٢٥):حلمـى علـى مـرزوق، فـى النظريـة الادبيـة و الحداثـة ، دارالوفـاء لـدنيا الطباعـة و النشر،٢٠٠٧ ،ص٢٤٦.**

**(٢٦): امال حليم الصراف، علم الجمال : فلسفة و فن،دار البداية،عمان، ٢٠٠٩،ص١٦.**

**(٢٧): س.ث،ل٣٦.**

**(٢٨): احسـان عباس(د.)،شـعرو اينـة، سـيد حسـين حسـينى، انتشـارات سـروش، تهـران، ١٣٨٨،ص٤٣.**

(٢٩): Andre J.Reck,knowledge and Value,Tulan University,New Okleance,1972,P128.

**(٣٠): احسان عباس(د.)،شعرو اينة،سيد حسين حسينى،انتشارات سروش، تهران، ١٣٨٨،ص٢٠١.**

**(٣١): نبيل عبدالحميد عبدالجبار، الفلسفة لمن يريد، مطبعة الحاج هاشم، اربيل، ٢٠٠٤،ص٥٠.**

**(٣٢): ايتالو كالفينو، الة الادب (الفلسفة والادب)، حسام بدار، أزمنة للنشر والتوزيع، عمان-الاردن،٢٠٠٥،ص٣٢.**

**(٣٣): نبيل عبدالحميد عبدالجبار، الفلسفة لمن يريد، مطبعة الحاج هاشم، اربيل، ٢٠٠٤،ص٦٠.**

**(٣٤): جيل دولز، نيتشة و الفلسفة، ت: اسامة الحاج،ط٢،المؤسسة الجامعية للدراسات، بيروت ، ٢٠٠١،ص٤٤٧.**

**(٣٥): بندتو كروچه ، كليات زيباشناسى ، فواد روحانى ، چاپ هفتم ، شركت انتشارات علمى و فرهنگى ، تهران،١٣٨٦ ،ص٤ ٠ ٨.**

**(٣٦): مهيار علوى مقدم، نظريه هاى نقد ادبي معاصر، چ ٢، سازمان مطالعه و تدوين كتب علوم انسانى دانشطاههاى (سمت)، تهران، ١٣٨١،ص٥٧.**

**(٣٧): صلاح قنصوة(د.)، نظريتى فى فلسفة الفن، دار الحرية للطباعة، ٢٠٠٥،ص١٨٦.**

**(٣٨ ): س.پ،ص١٨٠.**

**(٣٩ ): پرويز بابايى ، مكتب هاى فلسفى: از دوران باستان تا امروز، انتشارات نگاه ، تهران، ١٣٨٦ ،ص٨١.**

**(٤٠): ايتالو كالفينو، الة الادب (الفلسفة والادب)، حسام بدار، أزمنة للنشر والتوزيع، عمان-الاردن،٢٠٠٥،ص١٦.**

**( ٤١ ): عبدالحسين فرزاد (د.) ، درباره نقد ادبى ، چاپ چهارم، ،تهران ١٣٨١ ،ص٤ ٠ ٨, ،ص٨١.**

**(٤٢): صلاح قنصوة(د.)، نظريتى فى فلسفة الفن، دار الحرية للطباعة، ٢٠٠٥،ص١٨٦.**

**(٤٣): ايتالو كالفينو، الة الادب (الفلسفة والادب)، حسام بدار، أزمنة للنشر والتوزيع، عمان-الاردن،٢٠٠٥،ص١٦.**

**(٤٤): س.ث ،ل١٦.**

**(٤٥): نبيـل عبدالحميـد عبـدالجبار، الفلسـفة لـمن يريـد، مطبعـة الحـاج هاشـم، اربيـل، ٢٠٠٤،ص٦٠.**

**(٤٦): جيـل دولـز، نيتشـة و الفلسـفة، ت: اسـامة الحـاج،ط٢،المؤسسـة الجامعيـة للدراسـات، بيروت ، ٢٠٠١،ص٤٤٧.**

**(٤٧): ايتـالو كـالفينو، الـة الادب (الفلسـفة والادب)، حسـام بـدار، أزمنـة للنشـر والتوزيـع، عمان-الاردن،٢٠٠٥،ص١٥.**

**(٤٨): نبيـل عبدالحميـد عبـدالجبار، الفلسـفة لـمن يريـد، مطبعـة الحـاج هاشـم، اربيـل، ٢٠٠٤،ص٦١.**

**(٤٩): احسـان عبـاس(د.)، شـعر و اينـة، سـيد حسـين حسـينى، انتشـارات سـروش، تهـران، ١٣٨٨،ص٤٥.**

**(٥٠): جيـل دولـز، نيتشـة و الفلسـفة، ت: اسـامة الحـاج،ط٢،المؤسسـة الجامعيـة للدراسـات، بيروت ، ٢٠٠١،ص٤٤٨.**

**(٥١): ايتـالو كـالفينو، الـة الادب (الفلسـفة والادب)، حسـام بـدار، أزمنـة للنشـر والتوزيـع، عمان-الاردن،٢٠٠٥،ص١٧.**

**(٥٢): نبيـل عبدالحميـد عبـدالجبار، الفلسـفة لـمن يريـد، مطبعـة الحـاج هاشـم، اربيـل، ٢٠٠٤،ص٧٤.**

**(٥٣): ايتـالو كالفينو،الـة الادب (الفلسـفة والادب)، حسـام بـدار، أزمنـة للنشـر والتوزيـع، عمان-الاردن،٢٠٠٥،ص٣٣.**

(٥٤): نصرالله پورجوادى،درامـدى بـه فلسـفه افلـوطين،چـاپ سـوم،مركز نشـر دانشـگاهى، تهران،١٣٧٨،ص٧٢.

**( ٥٥ ):س.پ،ل٧٢.**

**( ٥٦ ):س.پ،ل٧٢.**

## سەرچاوەکان

### - بەزمانی کوردی

١- رەفیق سابیر، بەتەنیا جێی مەهێڵن، چاپ و بلاْوکردنەوە چاپخانەی رەنج، ٢٠٠٦.

٢- رەفیق سابیر، راز و گومان، چاپ و بلاْوکردنەوە چاپخانەی رەنج، ٢٠٠٦.

٣- کەریم دەشتی، پیانۆی رۆژهەلاْت و ئەوانی دی، دەزگای چاپ و بلاْوکردنـەوەی ئـاراس، هەولێر،٢٠٠٤.

٤- کەریم دەشتی، تۆ لەهەموو شوێنێکی تۆ، بەڕێوبەرێتی چاپ و بلاْوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٠.

٥- کەریم دەشتی، کتێبی ئاو،دەزگای موزیك و کەلەپووری کوردی، چـاپخانەی موکریـانی، هەولێر،٢٠٠٩.

٦- کەریم دەشتی، کتێبی پیرۆزی ئاشقان، دەزگای چاپ و بلاْوکردنەوەی ئـاراس، هـەولێر، ٢٠٠٧.

٧- کەریم دەشتی،کتێبی نـەی،دەزگای موزیـك و کەلـەپووری کورد،چـاپخانەی موکریـانی، هەولێر، ٢٠٠٩.

٨- کەمال میراودەلی، بیرکردنەوەو و ئازادی،چاپخانەی رەنج،سلێمانی ،٢٠٠٧.

### بەزمانی عەرەبی:

٩- ان موريل، النقـد الادبـي المعاصـر، ابـراهيم أولحيـان- محمـد الزكـراوي، المركـز القـومي للترجمة، القاهرة ، ٢٠٠٨.

١٠- ابـراهيم محمـد تركى(د.)،ماالفلسفة،دارالوفاء،الاسـكندرية،جمهورية المصـر العربيـة، ٢٠٠٧.

١١- ا.س.راثورثرت،مبادئ الفلسفة،ت:احمدامين،دارالكتب العلمية ، بيروت،٢٠٠٥.

١٢- امال حليم الصراف، علم الجمال : فلسفة و فن،دار البداية،عمان،٢٠٠٩.

١٣- ايتـالو كالفينو،الـة الادب (الفلسـفة والادب)، حسـام بـدار، أزمنـة للنشـر والتوزيـع، عمان-الاردن،٢٠٠٥.

١٤- جمــال محمــد ســليمان(د.)،انطولوجيا الوجــود،دار التنــوير للطباعةوالنشــر و التوزيع،بيروت،٢٠٠٩.

١٥- جيل دولز،نيتشه والفلسفة،ت:اسامة الحاج،ط٢،المؤسسة الجامعية للدراسات، بيروت ، ٢٠٠١.

١٦- حلمى على مرزوق ، فى النظرية الادبية و الحداثة، دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشر،٢٠٠٧.

١٧- زكريا ابراهيم(د.)، كانت أو الفلسفة النقدية، دار المصر للطباعة، مصر، بدون سنة الطبع.

١٨- صلاح قنصوة(د.)، نظريتى فى فلسفة الفن، دار الحرية للطباعة، ٢٠٠٥.

١٩- محمد شبل الكومي (د.)، القضايا الادبية من منظور فلسفي، الهيئة المصرية العامة للكتاب، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب،٢٠٠٥.

٢٠- مصطفى عبده،المدخل الى فلسفة الجمال، الطبعة الثانية، مكتبة مدبولي، القاهرة،١٩٩٩.

٢١- نبيل عبدالحميد عبدالجبار، الفلسفة لمن يريد، اربيل، ٢٠٠٤.

٢٢- يوسف سليم سلامة، الفينومينولوجيا المنطق عند ادمون هسرل، دار التنوير للطباعة والنشر، بيروت-لبنان،٢٠٠٧.

**- فەرهەنگ و ئینسکلۆپیدیاکان**

٢٣- مجدالدين محمد بن يعقوب فيروز ابادي، القاموس المحيط ، خليل مامون شيحا ، دار المعرفة ، بيروت، ٢٠٠٥.

**- بەزمانی فارسی**

٢٤- اتينگهاوزن و ديگران، تاريخچه زيبايى شناسى و نقد هنر، دكتر يعقوب اژند، انتشارات مولى، چاپ اول، تهران،١٣٧٤.

٢٥- احسان عباس(د.)، شعر و اينه، سيد حسين حسينى، انتشارات سروش، تهران، ١٣٨٨.

٢٦- اندرو بوى، زيبايى شناسى و ذهنيت از كانت تا نيچه، فريبرز مجيدى، انتشارات فرهنگستان هنر، تهران، ١٣٨٥.

٢٧- پرويز بابايى، مكتب هاى فلسفى: از دوران باستان تا امروز، مؤسسه انتشارات نگاه، تهران، ١٣٨٦.

٢٨- بابک احمدی، هایدگر و تاریخ هستی، چاپ چهارم، نشر مرکز، تهران، ١٣٨٦.

٢٩- بندتو کروچه، کلیات زیباشناسی، فواد روحانی، چاپ هفتم، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران،١٣٨٦.

٣٠- عبدالحسین فرزاد(د.)، درباره نقد ادبی، چاپ چهارم،نشر قطره ،تهران ١٣٨١.

٣١- مهیار علوی مقدم، نظریه های نقد ادبی معاصر، چاپ دوم، سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاههای (سمت)، تهران، ١٣٨١.

٣٢- نصرالله پورجوادی، در امدی به فلسفه افلوطین، چاپ سوم، مرکز نشر دانشگاهی، تهران،١٣٧٨.

**به زمانی ئینگلیزی:**

33-Andre J.Reck,knowledge and Value,Tulan University,New Okleance,1972

# ڕۆڵی کەسایەتیی و حەکایەتخوان
## لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکانی عەبدوڵڵا سەراج دا

## ڕۆڵی كەسایەتیی لە پێكهاتە و گێڕانەوەی ڕۆماندا:[1]

كەسایەتیی وەك هەر ڕەگەزێكی تری ڕۆمان پانتاییەكی فـراوان لـە دەقـی ڕۆمانـدا پێك دەهێنێت، چونكە وەك كەسایەتیی مرۆڤێك خاسیـەتی تایبـەتی خـۆی هەیـە، كـە بـە هـۆی بەشداریكردنی لەگەڵ پێكهاتەكانی تری ڕۆمان بە دیار دەكەوێت. ئەمەش بە چەند ڕێگایەك لە لایەن ڕۆماننووسەوە دەتوانرێت ئاشكرا بكرێت.

گرنگـی بـوونی كەسـایەتیی لـە نـاو دەقـی ڕۆمانـدا دەبێتـە هـۆی ئـەوەی كـە ڕەگـەز و پێكهاتەكانی تری ڕۆمان پێكەوە ببەستێتەوەو بەرەو پێشەوەیان ببات، وەك (شوێن، كات، ڕووداو، گرێی، ...)، چونكە هیچ یەكێك لەم ڕەگەزانە بەبێ بوونی كەسایەتیی ڕوونادات، بە تایبەتی ڕووداو، لە بەر ئەوەی دیاریكردنی ڕۆڵ و كاریگـەری كەسـایەتییەكان، هۆیەكـە بـۆ دەستنیشانكردنی ڕووداو، هەروەها ڕۆڵی ڕووداویش هۆیەكە بـۆ گـۆڕانی كەسـایەتییەكان و پەرەسەندنیان. بەو مانایەی (كەسایەتیی ئەو ڕووداوە دێنێتە كایەوە بە شێوەیەك ئەنجامی دەدات، كەمایەی سەر سوڕمانە. بە هەمان شێوە شوێن و ڕووداویش ئەگـەر كەسـێك نـەبێ تێیدا نیشتەجێ بێت و تێیدا بجولێتەوە، ئـەوا شـتێكی دابـڕاو وبـێ مانایـە)[2]، بـەلاَم لەگـەڵ ئەوەشدا هەریەك لەم ڕەگەزانە ناتوانن شوێنی یەكتر بگرنەوە. هەر بۆیە گرنگـی ڕۆمـان لـە ڕێی پشت بەستن بە چۆنیەتی خستنە ڕووی كەسـایەتییەكانەوە سەرچـاوە دەگرێـت، و لـە ڕێی گۆشەنیگای یەكێك لە كەسـایەتییەكانی ڕۆمانەكـە هـەموو ڕەگـەزەكانی تـر پێشـكەش دەكرێن.

ڕۆمـاننووس كاتێـك كەسـایەتییەكان هەڵدەبـژێرێت لـە ڕووی ڕاسـتەقینەو ئاڵۆزییـەوە (ئـەو ئەدگارانە تێكـەڵ بـە یـەكتری دەكـات كـە وێنـەی لـە هـیچ مرۆڤێكـی ڕاسـتەقینە نـەبێت، بـەلاَم سـیفەتەكانی كارەكتەرەكـە پێكهـاتووە لـە چـەند سـیفەتێكی كۆمەڵـە كەسـێك لـە ژیـانی ڕاستەقینەدا) [3].

---

[1]: بە هاوبەشی لەگەڵ م. ڕێزان ڕەحمان، لە نامەی ماستەرەكەی بە ناونیشانی تەكنیكی گێڕانەوە لـە ڕۆمانـەكانی عەبدوللا سەراجدا،زانكۆی سەلاحەددین- هەولێر،٢٠٠٧.

[2]: عبدالملك مرتاض، في نظرية الرواية، سلسلة عالم المعرفة (٢٤٠)، ١٩٩٨، ص١٠٤.

[3]: گۆران سەباح غەفور، توخمەكانی ڕۆمان، گ؛ (كاروان)، ژ (١٩٤)، ٢٠٠٥، ل٣٦.

لێرەدا نووسەر هەوڵی هاندانی کەسایەتییەکان دەدات و جەخت لەسەر هۆش و ململانێ و تواناکانیـان دەکـات بـۆ بـە ئـەنجام گەیانـدنی کارەکانیـان. بـە مەبەسـتی بەسـتنەوەیان بەبابەتی ڕۆمان و کارو کردەوەکانیان، ئەم ڕۆماننووسانە (ئەندێشە و بەهرەیەکی گەورەیان هەیە کاتێك کەسایەتیی ڕۆمان دەگۆڕن بۆ کەسایەتیی مرۆڤ، کەنموونـەیان لـە ژیـان هەیـە، ئەو کەسایەتییانە سروشـت و خاسـیەتی تایبـەتی خۆیـان هەیـە، بـە شـێوەیەك کـە هێـزی دەنگیان لە دەروونیان دەمێنێتەوە، ...)[1].

لەلایەکی ترەوە وەسـفکردنی ئازادانـەی کەسـایەتییەکان لەلایـەن نووسـەرەوە لـە ڕێـی باسکردن لە خودی خۆی و مەینەتی و ئازارەکانی دەردەکەوێت و بەمەش پێکهاتەی ڕۆمان پڕ دەبێ لە دانپیانانی خودی. جگە لەمە ڕۆماننووس (لە کاری خۆیدا چەند کەسایەتییەکی تـری خـەیاڵی دروسـت دەکـات، و دەیانخاتـە نـاو هەڵوێسـتی دەربڕینـی شـانۆیی.)[2]، بۆیـە ئەوکەسایەتییانە هەڵگری زمانحـاڵ و نوێنـەری هـزرو ئەندێشـە و دەربـڕی ڕۆماننووسـن بـۆ گەشەسەندن و بەهێزبوونی گرێی ڕووداوی ڕۆمانەکە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لەلایـەن هەندێ لە ڕۆماننووسان ئەوەیە کە (سەرچاوەی سەرەکی بۆ پێکهاتەی ئـەو کەسـایەتییانە شێوازی جیاوازی وەرگرتووە، هەندێکیان گرنگی بەلایەنی دەرەوە دەدەن، و هەنـدێکی تـر گرنگیان بەلایەنی ناوەوە دەدا، لـە هەمانکاتـدا هەنـدێك بایـەخ و گرنگیـان بەهەردوولایـەنی کەسایەتییەکان دەدا.)[3]، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆشەنیگایەی کـە ڕۆمـاننووس تێیـدا دەڕوانێتە کەسایەتییەکان.

کەسایەتیی وەك ڕەگەزێکی گرنگ کاریگەری سەرەکی هەیـە لـە پرۆسـەی گێڕانـەوەدا، چونکە لە ڕێی ئەوەوە ڕووداوەکان دەخرێنە ڕوو، ئەمـەش پەیوەنـدی بـە توانـاو داهێنـانی ڕۆماننووسەوە هەیە کاتێك، کە کەسایەتیی ناو ڕۆمان لەگەڵ کەسایەتیی دەرەوەی ڕۆمان، کـە لـە واقیـع دا هەیـە تێکـەڵی دەکـات، لـە ڕووی لایـەنی چـاك و خراپـەوە بـۆ ئـەوەی کەسایەتییەکە پەسەند کراو بێت و کەسایەتیی مرۆڤ بەرجەسـتە بکـات بـە شـێوەیەك، کـە هەست بە کردەوەو جووڵانەوەی کەسایەتیی زیندوو بکـەین لـە کـاتی گێڕانـەوەی ڕۆمانـدا،

---

[1]: صبري مسلم حمادي، صورة البطل في الرواية العراقية، ١٩٨٤، ص١٦٩.

[2]: ڕەوف حەسەن، ئەندێشە جوانەکانی ڕۆح لە چیرۆکی هونەریی کوردیدا، ٢٠٠٥، ل١٣.

[3]: نوري بطرس، مسارات في القصة والرواية الكوردية، أربيل، ٢٠٠٣، ص٦٩-٧٠.

کەواتە ڕۆماننووس لە چۆنیەتی دروست کردنی کەسایەتییدا دەبێ ئاگاداری لایەنی شێوازی خـودی و بابـەتی بێـت و ئاوێتـەی یـەکتریان بکـات و بتـوانێ هەڵسـوکەوتی کەسـایەتیی و کاریگەری بارودۆخ و پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەکان بەرێگەیەکی دیار پێشکەش بکات، بۆ ئەوەی ئەو ڕۆڵەی بە کەسایەتییەکان دەبەخشێت بە شێوەیەکی باش پێشانی بـدات، چـونکە هـەر یەك لە کەسایەتییەکان ڕۆڵی تایبـەتی خـۆی هەیـە لـە هەڵسـوڕاندن و گێڕانـەوەی ڕووداوی ڕۆمانەکە، ئەم ڕۆڵەش بە پێیی جۆری کەسایەتییەکان دیاری دەکرێت.

## جۆری کەسایەتیی لە گێڕانەوەی ڕۆماندا:

جۆری کەسایەتیی لە ڕۆماندا بە پێیی ئەو ڕۆڵەی، کە هەیەتی و پێیـدراوە دەردەکـەوێت، بۆیە دەکرێت جۆری کەسایەتییەکان بەسەر دوو بەشدا دابەش بکرێت:

یەکەم: جۆری کەسایەتی بە پێی ڕۆڵ و کاریگەرییان لە گێڕانەوەی ڕۆماندا:

ئەم جـۆرە کەسـایەتییانە لـە بـەرەو پـێش بردنـی گێڕانـەوەی ڕووداوو دەرکـەوتنیان لـە ڕۆماندا، واباوە دەکرێـت بـە دوو بەشـەوە، یەکـەمیان کەسـایەتیی سـەرەکییە، دووەمیـان کەسایەتیی لاوەکی (ناسـەرەکی) یـە، بـەلاَم بـە شـێوەیەکی گشـتی جگـە لـە کەسـایەتیی سەرەکی و لاوەکی کەسایەتییەکی تـریش ڕۆڵـی گێڕانـەوە دەبینێـت، ئـەویش کەسـایەتیی حەکایەتخوانـە کـە هـەمان ئـەو کەسـایەتیی سـەرەکی و لاوەکییانەیـە ڕۆڵـی کەسـایەتیی حەکایـەتخوانیش دەبیـنن لـە گێڕانـەوەی حەکایـەتی ڕۆمانـدا، و هەریەکـەیان کاریگـەرییان دەبێت (لە خوولانەوەو چۆنیەتی ئاراستە کردنـی ئـەو مەبەسـتەی هـزری ڕۆمـان گەلاڵـەی دەکات)[1]، واتە ڕۆڵی ئەو کەسایەتییانە بە پێی ئەو مەبەستەی، کە ڕۆمـاننووس دەیـەوێت بیگەیەنێت ئەنجام دەدرێت. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی جۆری ئەو کەسـایەتییانە هەریەکـەیان لە تەوەری خۆیدا باسیان دەکەین.

---

[1]: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، سۆناتای ڕۆحی عەبدوڵڵا سەڕاج، گ؛ (گەلاوێژی نوێ)، ژ (٤)، ١٩٩٧، ل٢٧.

## دووەم: جۆری کەسایەتیی بە پێی سروشتی ڕۆڵی لە پێکهاتەی بینای کەسایەتییەکاندا:

گرنگی کەسایەتیی لە ڕۆماندا بە هۆی بەکارهێنانی شێوازی ڕۆماننووس بەرجەستە دەبێت کاتێك هـەوڵی دیـاریکردنی ئـەو ڕۆڵـە دەدات، کـە دەیخاتـە ئەسـتۆی کەسـایەتییەکانی ڕۆمانەکە، ئـەویش بـە پێـی سروشـتی ڕۆڵـی لـە پێکهاتـەی بینـای کەسـایەتییەکان لـە دوو جـۆرەوە سەرچـاوە دەگرێـت، کـە بـریتیین لـە کەسـایەتیی پەرەسـێن گەشـەکردوو) و کەسایەتیی سادە (چەسپاو)، هەروەکو ئی. ئیم. فۆرستەر سـەبارەت بـە دیـاریکردنی ئـەم کەسایەتییانەوە دەڵێـت: (بـە هـۆی ئـەو پێـوەرەی کـە لـە هەڵوێسـتی ئـەو کەسـایەتییەدا دەردەکەوێت دەتوانین بڕیار بدەین، کە ئەو کەسە، کەسایەتییەکی پەرەسێنە یان سادەیە، لە کاتێکدا کە ئەو کەسایەتییەکت و پڕ دەردەکەوێت ئەگەر باوەڕمـان بـە کەسـایەتییەکەی کرد ئەوە پەرەسێنە، بەڵام ئەگەر باوەڕمان بە کەسایەتییەکەی نەکرد ئەوە سادەیە)[١].

### کەسایەتیی پەرەسێن:

ئەم جۆرە کەسایەتییە وەك هەموو کەسایەتیی و مرۆڤێك خاوەن کۆمەڵێك بیرو بۆچـوونی تایبـەت بـە خۆیـەتی، سـیفەت و پێکهاتــەی کەسـایەتییەکەی لـە ئـەنجامی کاریگـەری ڕووداوەکـان دەردەکـەوێت و چـەندین هەڵوێسـت و کـاروکردەوەی تـازەی لێ دەکەوێتـەوە کاتێك کە گێڕانەوەی ڕووداوی ڕۆمانەکە بەڕێوە دەبات، بەڵام کاتێك ڕۆمـاننووس دەیـەوێت کەسـایەتیی سـەرەکی وەك کەسـایەتییەکی پەرەسـێن پیشـان بـدات، سـەرەتا هـەموو لایەنەکانی ناخاتە ڕوو، بەڵکو (بەرە بەرە ئاشکرا دەبن بە پێـی پەرەسـەندنی ڕووداوەکـان پەرەدەسێنن و لە ئەنجامی کارلەیەك کردنی بەردەوامی لەگەڵ ئەو ڕووداوانـەدا دەبێـت)[٢]، تاوەکو بە تەواوی بـوونی پێکهاتـەی کەسـایەتیی خـۆی دەسـەلمێنێت لـە لایـەن خوێنـەر، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە بـەردەوام پێشـکەوتوو و گـۆڕاو بێـت لـە ڕۆڵـی خۆیـدا لـە پێگەی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا، لێرەدا ئـەم کەسـایەتییە بینایـەکی ئـاڵۆزی دەبێـت چـونکە هەمیشە کارو چالاکی تازەی لێ چاوەڕوان دەکرێت.

---

[١]: نوري بطرس، مسارات في القصة والرواية الكوردية، أربيل، ٢٠٠٣، ص١٠٠.

[٢]: ايان وات، ظهور الرواية الانكليزيية، ت: د. يوئيل يوسف عزيز، بغداد، ١٩٨٠، ص١٣٨.

## کەسایەتیی سادە (چەسپاو):

ڕۆماننووس کەسایەتیی سادە وەك پێویستییەك پێك دەهێنێت،بۆیـە هـەر لـە سـەرەتای ئامادەبوونییەوە خاوەن یەك سیفەتەو هیچ هەڵوێستێکی تـری نـابێ بەرامبـەر بـە ڕووداوی ڕۆمانەکە، لەبەر ئەوەی وەك کەسایەتییەکی پێش نەکەوتوو و نەگۆڕاو ڕۆڵی خـۆی ئـەنجام دەدات، کـە لـە گێڕانـەوەی ڕۆمانەکـەدا تـەنیا گرنگـی بـە ڕۆڵ و بـۆ چـوونی خـۆی دەدات بەلایەوە هیچ پێویست نییە، کەخاسیەت و سیفەتەکانی خۆی بەرەو پـێش ببات"،چـونکە ( ڕووداوەکان کاری تێناکەن، وە نووسەر لـە سـەرەتاوە وێنەیـەکی تـەواو و کـامڵی بـۆ ئێمـە دەکێشێت کـە توانـای گەشـەکردنی نییـە، بۆیـە وەڵامدانـەوەی سـەبارەت بـە ڕووداوەکـان زانراوە)[1] واتە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا هەسـت بـە بوونیـان دەکرێـت. سـادەیی ئـەم کەسایەتییانە زۆر جـار دەگەڕێتـەوە بـۆ هۆکـاری وێنەکێشـکردنی کەسـایەتیی پەرەسـێن، چونکە پەرەسەندنی کەسایەتییە سەرەکییەکان بە هۆی ئەو ڕۆڵەی کـە کەسـایەتیی سـادە ئەنجامی دەدات لە کـاتی گێڕانـەوەدا دەپێورێـت. لـە ڕووی پێکهاتـەی بینـای هونەرییـەوە دەتوانرێت بە ئاسانی کەسایەتییەکەی دروست بکرێت، ئەمەش وادەکات کەلایەنە دەروونی و بۆچوونەکانی بە تەواوی نەخرێتە ڕوو، تەنیا بە چەند ڕستەیەکی کورت ناخی ئـەم جـۆرە کەسایەتییانە دەرببڕێت.

مەبەست لە کەسایەتیی سادە مانای ئەوە ناگەیەنێت، کە هیچ ڕۆڵێکی گرنگ ناگێڕێت لـە گێڕانــەوەی ڕۆمانــدا، بــەڵکو ڕۆڵــی ئــەو کەســایەتییانە وەك یارمەتیــدەرێکی نووســەر دەردەکەوێت لە بنیادنانی کەسایەتیی پەرەسێن، و زۆربەی کات لە وێنەی چینێکی کۆمەڵ دەبینرێت، کەواتە کەسایەتیی سادە وەك بنەمایەکی گرنگی هونەری ڕۆمان دادەنرێت.

لەگـەڵ خسـتنە ڕووی ڕۆڵ و پەرەسـەندنی پێکهاتـەی کەسـایەتییەکان لـە گێڕانـەوەی ڕۆمانـدا، پێویسـتییەکی گـرنگ هەیـە بـۆ بینینـی ئـەو کەسـایەتییانە، ئـەویش پەیوەنـدی بەشێوازی نووسەرەوە هەیـە لـەکاتی پێشکەشـکردنی کەسـایەتییەکاندا،لێرەدا ڕووبـەڕووی پرسیارێك دەبینـەوە، کـە ئایـا ڕۆمـاننووس بـە چ شـێوازێك ئـەم کەسـایەتییانە پێشـکەش دەکات؟

---

[1]: د.رجاء عيد، دراسة في ادب نجيب محفوظ تحليل ونقد، القاهرة، ١٩٧٤، ص١٢٦.

پێشکەشکردنی کەسایەتییەکان لە گێڕانەوەی ڕۆماندا پێشکەش کردن و گرنگی هەریەك لە کەسایەتییەکان هەوڵدان و توانای ڕۆماننووسی تێدا دەردەکەوێت" چونکە وەك پێویستییەکی گێڕانەوەی ڕووداوەکان ڕۆماننووس دەبێت شێوازی تایبەتی و گونجاو بەکاربهێنێت بۆ پێشکەش کردنیان. بە شێوەیەکی گشتی بە هۆی دوو ڕێگەوە کەسایەتییەکان پێشان دەدرێن، ئەوانیش: (ڕێگەی ڕاستەوخۆ یان شیکاری، و ڕێگەی ناڕاستەوخۆ یان نواندن)[1]. ئەم دوو ڕێگەیەش خاسیەتی تایبەت و دیاری کراوی خۆیان هەیە، کە بە پێی چۆنیەتی بەکارهێنانی ڕۆماننووس دەگۆڕێت، بەتایبەتی لەو کاتەی، کە ئەرکی باس کردنی کەسایەتییەکان دەخاتە ئەستۆی گێڕەرەوە.

ڕێگەی یەکەم،واتە ڕێگەی شیکاریی یان ڕاگەیاندن، تێیدا ڕۆماننووس بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کەسایەتییەکان بە هۆی گێڕەرەوەیەك یان کەسایەتییەکی تری نادیار، کە ئەرکی پرۆسەی گێڕانەوەی خستۆتە ئەستۆوە پێشکەشیان دەکات و (زۆرجار حوکمەکانی خۆی بەسەریاندا دەسەپێنێت)[2]، لەبەر ئەوەی ڕۆماننووس وێنەی کەسایەتییەکان لە دەرەوە دەگرێت و سۆز و پاڵنەرو بیروهەستەکانیان شی دەکاتەوە" واتە ڕۆماننووس ڕێ بەکەسایەتییەکان نادات، کە دەربڕی ناسنامەی خودی خۆیان بن و بەسەربەستی بجوڵێنەوەو لە میانەی ئەو ڕێگەیەدا خوێنەر هیچ ئەرکێکی پێویست نییە بۆ ناسینی ئەو کەسایەتییانە، چونکە بە ئاسانی هەموو هەڵسوکەوت و سیفەتەکانیان بەرجەستە دەکات، بەڵام پێشکەشکردنی کەسایەتیی بەم ڕێگەیە لە لایەن گێڕەرەوە (نووسەر) شێوازێکی کۆنە، بەوەی کە زیاتر لە ڕۆمانی تەقلیدیدا بەکارهاتووە، بۆیە ئەم ڕێگەیە زۆر جار بەپەسەند نازانرێت" چونکە هەموو کاروکردەوەی کەسایەتییەکان پێشکەش دەکات و بوار بۆ خوێنەر نامێنێ کەبەدوای زانیاری بگەڕێت سەبارەت بەم کەسایەتییانە.

ڕێگەی دووەم، واتە ڕێگەی نواندن یان نمایش، ڕۆماننووس بێ لایەن دەوەستێت بوار بۆ کەسایەتییەکان دەرەخسێت، کە دەربڕی خودی خۆیان بن. ئەم ڕێگەیە شێوازی درامیشی پێ دەگووترێت، کە (تیایدا پاڵەوان لە ڕێی کردارەکانی خۆیانەوە دەخرێنە ڕوو

---

[1]: ادوين موير، بناء الرواية، ت: ابراهيم الصيرفي، مصر، ١٩٦٥، ص١٣٩.

[2]: محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا، شاکەس لە ڕۆمانی کوردی – کوردستانی عێراقدا (١٩٩٠ –١٩٩٧ )، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، ٢٠٠٠، ل١٢٦.

بەبێ ئەوەی گێـڕەرەوە هـیچ قسـەیەکیان لەسـەر بکـات[1] و دەسـت بخاتـە نـاو ژیانیـان و دەسـەڵات و بڕیارەکـانی خـۆی بەسـەریاندا بسـەپێنێ" چـونکە ڕۆمـاننووس (ڕێگـە بـە کەسایەتییەکان دەدات کە خۆیان دەربخەن بە هۆی قسەکردن و جووڵەوە وایان لێ دەکات کە هەسـتی خۆیـان دەربـبڕن)[2]، واتـە ڕۆمـاننووس بـە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ هەسـتی کەسایەتییەکان پێشکەش دەکات و زانینی سیفەتی کەسایەتییەکان بۆ کەسایەتییەکانی تر یان خوێنـەر جـێ دەهێلـێ، لـەم ڕوانگەیـەوە خوێنـەر بـە پێـی ڕێـڕەوی گێڕانـەوەو بـەرەو پێشچوونی ڕووداوەکان کەسایەتییەکە ئاشکرا دەکات.

ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە ئەوەیە، کە ڕێگەی نوانـدن لـە ڕۆمـانی نوێـدا لـە لایـەن ڕۆماننووسانەوە پەسەندە، چونکە ڕۆماننووس کەسایەتییەکان بە پێی خواستی ڕۆمانەکەو خودی خۆیان بەڕێوە دەبات. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار ڕۆماننووس پەنا بۆ ڕێگەی شیکاریش دەبات، چونکە پێویستی گێڕانەوەکە وادەخوازێت، کـە ڕۆمـاننووس هـەردوو ڕێگـە تێکـەڵ بکات. لەم حاڵەتەشدا گرنگی ڕۆمان و توانای ڕۆمـاننووس بـە دیـار دەکـەوێت. بـەم پێیـە ڕۆمـاننووس ئـازادە لـە هەڵبـژاردنی یـەکێك لـەم ڕێگەیـەو هـەروەها ئاوێتـە کردنیـان. دوای ئـەنجامی باسـکردنی ڕۆڵـی کەسـایەتییەکان و پێشکەشـکردنیان لـە گێڕانـەوەی ڕۆمانـدا، دەگەینە ئەوەی کە ڕۆڵی هەریەکەیان لە ڕووی پراکتیکییـەوە، لـە گێڕانـەوەی ڕۆمانـەکانی (عەبدوڵڵا سەڕاج) دا دیاری بکەین.

## ڕۆڵی کەسایەتیی سەرەکی لە گێڕانەوەی ڕۆماندا

کەسایەتیی سەرەکی ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری هەیە لە پێشکەوتنی ڕووداو و گێڕانەوەی دەقی ڕۆماندا، ئەم کەسایەتییە زۆر جار لە لایەن هەندێ ڕۆماننووسەوە ئەرکی گێڕەرەوەی پێ دەسپێردرێت، واتە هەم گێڕەرەوەیەو هـەمیش کەسـایەتیی سـەرەکی یـە (پاڵـەوان)" ، بەڵام هەنـدێ جـار ڕۆمـاننووس وەك گێڕەرەوەیـەك خـۆی بـاس لـە ڕۆڵ و کـارو کـردەوەی کەسایەتیی سەرەکی دەکات" واتە چۆنیەتی گێڕانەوەی ڕووداوەکـان بـە هـۆی کەسـایەتیی سـەرەکییەوە پێشـکەش دەکـات و ڕۆڵـی ئـەم کەسـایەتییە پەیوەنـدی بـە کەسـایەتییە

---

[1]: بيرسي لوبوك، صنعة الرواية، ت: عبدالستار جواد، بغداد، ١٩٨١، ص ٧٣.

[2]: احمد امين، النقد الادبي، ط٤، بيروت، ١٩٦٧، ص١٣٩.

لاوەکییەکانەوە هەیە،چونکە ئەویش (یەکێکە لـە کەسـایەتییەکان و هـیچ جیـاوازی لەگـەڵ کەسایەتییەکانی تردا نییە،بەڵام ئەو کەسایەتییە سـەرەکییە تـەوەرێك پێـك دەهێنێـت کـە کەسایەتییەکان لە دەوریدا دەسووڕێنەوەو ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت)[1]. سەرەڕای ئـەوەش نووسـەر ئـەوەی لـە زەیینێـدا هەیە،لـەو کەسـایەتییەدا کۆیـان دەکاتـەوەو لـەڕێی ئـەوەوە دەیخاتــە ڕوو،بەمــەش ڕووداوە زەینییــەکان لــە نێــوان نووســەر و کەســایەتیی ســەرەکی دۆنــاودۆن دەکات.هــەر بۆیــە کەســایەتیی ســەرەکی لــە ڕۆمانــدا (ڕووداوە قــەوماوەکان دەتەقێنێتەوە، وەك پەتێك وایە لە زنجیرەی جووڵەی ڕۆمانەکەدا.)[2]، کەچی جۆرج لۆکـاش (بە پاڵەوانی گرفتار ناوی دەبات، تێیـدا بـە شـێوەیەکی قـووڵ پێوەنـدی نێـوان پاڵـەوان و جیهان دەخاتە ڕوو کە جۆری پێوەندییەکان بە پچڕاو و لێـك تـرازاو دەچـوێنێ...)[3]، هـەر بۆیە گێڕانەوە لە ڕێی کەسایەتیی سەرەکیدا وامان لێدەکات، کە هەست بـە هـەموو ئـازاری کەسـایەتییەکانی تـر بکـەین و بەشـداری لەگەڵـدا بکـەین لـەکاتی گێڕانەوەدا.کەسـایەتیی سەرەکی بە هۆی ڕاناوی قسەکەرەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوەو دەڕوانێتە ناوەوەی خۆی و کەسایەتییەکانی تر،ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی،کە ناوەوەی ئەو کەسایەتییە بـۆ دەرەوە بگوازرێتــەوە لەهــەموو ڕووێکەوە،چــونکە کەســایەتیی ســەرەکی(دەبێ بــە شــێوەیەك دەربکەوێت کە بەلایەنی کەمەوە مامەڵە لەگەڵ لایەنە دژوارەکانیشدا بکـات.)[103] ، کەواتـە جگە لەوەی کە کەسایەتیی ڕۆڵێکی سـەرەکی لـە بـەرەو پێشچـوونی گێڕانـەوەی ڕۆماندا دەبینێت، هەروەها دەبێت ڕێگەیەکی بـاوەڕ پێکـراو بـەکار بهێنـێ بـۆ وورووژانـدن و سەر سوڕهێنەری خوێنەر، ئەمەش بە هۆی ئەو توانایەی، کە هەیەتی دەردەکەوێت لە کاتی گێڕانەوەدا. لە هـەمان کاتیشـدا دەکەوێتـە نـاو بـوونی چـەند ڕووداوێکـی تـرەوە، کـە لـەم ڕوانگەیەوە کەسایەتیی سەرەکی خاوەن پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە کـە زۆر جـار خوێنـەر تـا لـە

---

[1]: صبري مسلم حمادي، صورة البطل في الرواية العراقية، ١٩٨٤، ص ١٢٥.

[2]: د. رجاء عيد ، دراسة في ادب نجيب محفوظ تحليل ونقد، القاهرة، ١٩٧٤، ص٣٢.

[3]: تەها ئەحمەد ڕەسوڵ، تیۆریزەکردنی ڕۆمان لە تیڕوانینی (لۆکاش)دا، گ؛ (ڕامان)، ژمـارە (٣٦ )، ١٩٩٩، ل٤٠.

[103]: Great, Edward Arnold, Studying the Novel, Jeremy Hawthorn, 1985, Britain P. 47.

خوێندنەوەی نەبێتەوە نازانێت چارەنووسی چی لێدێت و لـە کوێـوە کۆتـایی پـێ دێـت، و هەروەها گومانی تێدا نییە کە ئەم کەسایەتییانە رابردوویەکی دیارییان نییە، تەنیا لە کاتی ئەو ڕۆڵەی کە دەیبینێ لە پرۆسەی گێڕانەوەدا بوونی دەبێت.

## ڕۆڵی کەسایەتیی سەرەکی لەگێڕانەوەی ڕۆمانەکانی عەبدوڵڵا سەڕاجدا ڕۆمانی ( هەڵکشان بەرەو لوتکە ):

کەسایەتیی سەرەکی لەم ڕۆمانەدا یەك کەســە ئەویش (تۆفیقی قالـە هـەرزانی) یـە، کـە ڕۆڵی سەرەکی لە گێڕانـەوەی ڕووداوەکـان دەگێڕێـت. لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕۆمـاننووس چـەند کەسایەتییەکی سەرەکی تریش لە دەوری (تۆفیق) کۆ دەکاتەوە، چونکە تۆفیق لە هەنـدێ شـوێندا جڵـەوی گێڕانـەوەی ڕووداوەکـان بـەو کەسـایەتییانە دەدات. ئـەم کەسـایەتیانەش (خاتــەی ژنــی تۆفیــق و ئایشــەی دایکــی و ســالار)ە، کەچــی تۆفیــق ڕۆڵــی هــەرە ســەرەکی دەبینێت لە گێڕانەوەی بەسەرهات و ڕووداوەکانی رابردووی واقیعی کۆمەڵایەتی ژیـانی نـاو خێزانەکەی و خەڵکی شاری کەرکوك" چونکە (پەیوەندییەکی بەردەوامی لەگـەڵ ناسـنامەی کەسایەتیی خۆیدا هەیە، بە هۆی یادکردنەوەی بیرو کارەکانی رابردوویەوە.)[1].

لــەرووی پێشکەشــکردنی کەســایەتییە ســەرەکی و لاوەکییــەکان ڕۆمــاننووس ڕێگــەی شیکاری بەکارهێناوە، ئەمەش بۆتە هۆی ئـەوەی کـە بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ بـاس لـە کەســایەتییەکان بکــات و خوێنــەر لــە هــەموو ڕووداوەکــان و هەڵســوکەوت ڕەفتــاری ئــەم کەسایەتییانە ئاگادار بکاتەوە.

تۆفیق وەك گێڕەرەوەیـەك و کەسـایەتییەکی سـەرەکی ڕۆڵ و کاریگـەری هەیـە لـە سـەر گێڕانەوەکـەدا، کـە نووسـەر خۆیـەتی، بـەڵام لـە ڕێـی ڕانـاوی کەسـی یەکـەمی تاکـەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە. لـە ڕووی پێکهاتـەی کەسـایەتییەوە هـەڵگری ڕەوشـتی چاکەیەو کەسایەتییەکی پەرەسێنی تێدا بەرجەستە دەبێت بۆ بەرەو پێش بردنی گێڕانەوەکە، بەڵام لە هەنـدێ شـوێندا کەسـایەتیی تۆفیـق دەبێتـە هـۆی خاوکردنـەوەو وەسـتانی گێڕانـەوەی ڕووداوە سەرەکییەکە، چونکە دوایی وەسفێکی درێژو چەند ڕووداوێکی ئەفسانەیی ئینجا بۆ

---

[1]: ایان وات، ظهور الروایة الانكلیزیة، ت: د. یوئیل یوسف عزیز، بغداد، ١٩٨٠، ص٢١.

گێڕانــەوەی رووداوەکــە دەگەڕێتــەوە. ڕۆڵــی تۆفیــق لــە گێڕانــەوەی ژیــانی خــۆی و بەسەرهاتەکانی کەسانی دەوروبەری لەو کاتەوە دەردەکەوێت کە لەگـەڵ دایکیـدا بـاس لـە مردنی باوکی دەکات ((هەر مردنی باوکیشم بووە هۆی ئەوەی کە پاش بڕینی پۆلی سێیەمی ناوەندی، لە قوتابخانە دابڕیم و روو لە بازاڕ و کار بکەم)) ل(٣٥). کەچی ئاماژەی بە ساڵی مردنی باوکی نەکردووە تەنیا ئەوەندە نەبێ،کە دوایی خۆپێشاندانی ساڵی (١٩٤٦)بووە. لەوکاتەوە هەستی نەتەوایەتی تۆفیق بەرەو رووداوەکان هەنگاوی نا،بەتایبەتی کـە لەگـەڵ حەمەشین دەبێتە دەمەقاڵیان و لە سەر کار دەردەکرێت و دەڵێت: (کرێکاران گشت چاویان لێبوو، ئەو ڕۆژە خۆم پێنەگیرا کەوتمە ویزەی حەمەشینەوە. پەنجەی شایەتمانم لـە ڕوویـا ڕاوەشاند) ل(٥٠) هەروەها چەند رووداوێکی تری لاوەکـی لـە دەوری کەسـایەتیی تۆفیـق دا دەخولێتەوە،کە تاڕادەیەك دەبێتـە یارمـەتی دەرێـك بـۆ ئـەوەی رووداوە سـەرەکییەکە بـە ئەنجامێك بگات، (هەرچەندە نەبوونی کۆتـایی دیـاریکراو لـەم رۆمانـەدا ئـەوە دەسـەلمێنێ گرێچنی سـەرەکی ڕۆمانەکـەش بـە ئـەنجامێك نەگەیشـتووە. گرێچـنە سـەرەکییەکەی ئـەم ڕۆمانەو گرێچنە لاوەکییەکانی لەنێو واقیعی کۆمەڵی تـۆفیقی پاڵەوانـەوە هەڵبـژێراوەو زیـاد ڕۆیی تێدا نەکراوە)[1] ،کەچی ئەو رووداوەی کـە لـە کۆتـایی ڕۆمانەکـەدا بـە تـەواوی بـوونی کەسایەتیی تۆفیق دەردەخات و دەبێتـە گێڕەرەوەیـەکی هـەموو شـتزان ئاگـاداری هـەموو کارو کردەوەو لایەنەکانی ناو خێزانەکەی دەبێت ئەویش چوونی تۆفیقە بۆ چـیاکان لەگـەڵ سالارو حەمە سووری هاوڕێی.

سـەبارەت بـە ڕۆڵـی (خاتـە) وەك کەسـایەتییەکی سـەرەکی تاڕادەیـەك بـوونی خـۆی دەنوێنێت لە گێڕانەوەی رووداوەکانی ئـەو سـەردەمەدا.لە رووی پێکهاتـەی کەسـایەتییەوە پەرەسێنەو هـەڵگری ڕەوشـتی چـاکەیە،بۆیە لـە باسـی رووداو و کەسـایەتییەکان گۆڕانێـك بەسەر گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا دەهێنێت، بە تایبەتی لە کاتی گفتوگۆکردنی لەگەڵ تۆفیق دا هەڵوێست وەردەگرێت لە بارەی ئەم بارودۆخەوە ((لەوەتی پاشایەتی نەماوە شـیرین بۆتـە تەوقی ئاگرو لە گەردنی مام فەتاح ئالاوە ! وتوویە !((ئەگەر بمدەن بەو پیرە، ئاگر لە خـۆم بەردەدەم و حەیای بـەرودووای ئـێوەش دەچـێت)) لـەو رۆژەوە مـام فـەتاح دەسـتێکی

---

[1]: عادل مەجید محەمەد گەرمیانی، ڕیالیزم لە ڕۆمـانی کـوردی هاوچـەرخ لـە عێراقـدا، نامـەی ماجسـتێر، زانکۆی بەغدا، کۆلێجی پەروەردە (ئیبن رشد)، ١٩٩٦، ل١٤٩.

کەوتۆتە ئەم لاو دەستێکی کەوتۆتە ئەو لاو دەنگی خۆی بردۆتە ژوورەوە)) ل(١٩٧). واتـە (خاتە) وەك گێڕەرەوەیەك/ کەسایەتیی سەرەکی بۆ خستنە رووی بەسـەرهاتەکان جڵـەوی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە دەگرێتە ئەستۆ.

هـەروەها ڕۆڵـی ئایشـەی دایکـی تۆفیـق لـە هەنـدێ شـوێنی گێڕانـەوەی ڕۆمانەکـە وەك کەسایەتییەکی سـەرەکی دەردەکـەوێت، کـە ڕۆڵێکـی کاریگـەری لـە گێڕانـەوەی رابـردوودا هەیە.

سالار کوڕی نەعەشەکرچی تاقانەی دایکییەتی هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا ڕۆڵی بەرچاو دەکەوێت، بەڵام لە دواییدا هیچ ڕۆڵێکی نابێت تا ئەو کاتەی کەدەبێتە هاوڕێی تۆفیق و وەك کەسـایەتییەکی سـەرەکی و پەرەسـێن ئـاوڕ لـە ڕەهەنـدەکانی دەدرێتـەوەو لەگـەڵ کەسایەتییەکانی تر کارلێك دەکەن، چونکە هەندێ لـەو رووداوە کۆمەڵایەتییانـە بـە دەوری ئەودا دەخولێتەوە لەو کاتەی کە دڵی بۆ لای (نەخشین) دەچێت نیـازی دڵـی خـۆی لـە لای تۆفیق باس دەکات:

(– کـاك تۆفیـق تـۆ چـاك مـن دەناسـی و خـۆت گوتـەنی، دایکـم دایکـی گشـت منـداڵانی کۆڵانەکە بووە، بۆیە دەمەوێ شتێکت لەکن بدرکێنم.

– کاك سالار تۆ من بەبرا گەورەی خۆت بزانەو سەرم لە ئۆغرتایە. فەرموو هەرچیت لـە دڵدایە بۆ براتی ڕۆکە.

– کاك تۆفیق.. دڵم.. دڵم چۆتە.. نەخشینی مام ئۆمەر) ل(١٠٣)

لێرەوە کێشەو ململانێیە کۆمەڵایەتییەکان دەست پێ دەکات و ڕێڕەو و ئاراستەی گرێی رووداوەکە دەگۆڕێت و دەست پێ دەکات. لە ئەنجامدا باری نا لەباری ئەو سـەردەمە وا لـە سالار دەکات کە شاری کەرکووك و نەخشینی خێزانی بەجێ بهێڵێت. لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا نووسەر ئاماژەی بە گەڕانەوەی سالار کردووە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی ئەو گەڕانەوەیـەی بـە دەستەوە نەداوە.

بە شێوەیەکی گشتی کەسایەتییە سەرەکییەکان ڕۆڵ و کاریگەرییان هەیە لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا،بەڵام لە هەندێ کاتدا زۆر بەسستی گێڕانەوەی رووداوەکان بەرێوەدەبەن.

## ڕۆمانی (کاولاش):

لەبەر ئەوەی چەند گێڕەرەوەیەك ئـەم ڕۆمانـە دەگێڕنـەوە، بۆیـە چـەند کەسـێك ڕۆڵـی سەرەکی دەبینن لە بەرەوپێش بردنـی گێڕانـەوەی ڕووداوەکـان و کێشـەو بەسـەرهاتەکانی گوندی چیمەن.بەسەرهاتەکانی ئەم گوندەش دوولایەنی هەیە،لایەنێکی کێشەی کۆمەڵایەتی ئەم گوندەیە،لایەکەی تری کێشەی سیاسـی سـاڵانی شەسـتەکانە.ئەم کەسـایەتییانەی کـە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن بریتین لە (چیمەن، بلە، کوێخا ڕەشید، مام رەحمـان، باپیر)،بـەڵام ئەوەی کە زیاتر ڕۆڵـی کەسـایەتییی سـەرەکی بینیـوە لـە بـەرەوپێش بردنـی ڕووداوەکـان (چیمەن و بلە و کوێخا ڕەشید)ە.

ڕۆماننووس بۆ پێشکەشکردنی ئەم کەسایەتییانە هـەردوو ڕێگـەی نوانـدن و ڕاگەیانـدنی بەکارهێناوە، بەڵام زیاتر ڕێگەی نواندن بەسەر ڕۆمانەکەدا زاڵە، چـونکە لـە نـاوەوە وێنـەی کەسـایەتییەکان گـێراوەو ڕێگـەیان پـێ دراوە خۆیـان بناسـێنن و دەربـڕی نـاخی خۆیـان بن،کەچـــی ڕێگـــەی ڕاگەیانـــدن تـــەنیا لـــەکاتی وەســـفی دەرەوەی کەســـایەتییەکاندا دەردەکەوێت.

چـیمەن وەك کەسـایەتییەکی سـەرەکی ڕۆڵـی گێـڕەرەوە دەبینێـت لەگـەڵ ڕێـڕەوی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا دەڕوات، چیمەن لە بەرەی خەڵکی هەژارو زوڵم لێکراوی گوندەکەیەو هـەڵگری ڕەوشـتی چاکەیە.هەر لـە سـەرەتای ڕۆمانەکـە تـا کۆتـایی کەسـایەتیی چـیمەن بـەردەوام لـە بـەرەو پـێش بـردن دایـە، چـونکە کێشـەکە لـە دەوری ئـەم کەسـایەتییە دەخولێتەوە، کاتێك کە کوێخا ڕەشیدی مامی بلە دەیەوێت چیمەن لـە بـرزۆی خزمـەتکاری مارە بکات. لە هەمانکاتدا بلەش هەوڵی ئەوە دەدات کە چیمەن بخوازێت و لـە خـۆی مـارە بکات.لەلایەکی تردا کێشەی نێوان کوێخاو بلەی برازای لە سەر ئاشەکەیە کە خولەی باوکی چیمەن بەڕێوەی دەبات. کەواتـە دوو کێشـەی سـەرەکی چـیمەن و ئاشـەکە دەبێتـە هـۆی ململانێ لە نێوان کوێخا ڕەشید و بلە، هەریەکەیان هەوڵی بەدەست هێنانیان دەدات بۆ ئەو مەبەستەی کە خۆیـان دەیانـەوێت. لـە ئـەنجامی ململانێیەکـە دا دەردەکـەوێت کـە کوێخـا ڕەشید مەبەستی ئەوەیە کە ئاشەکەو چیمەن بۆ خـۆی بێـت. ئەمـەش لـەو کاتـەدا ئاشـکرا دەبێت کە بلـە دەڵێـت: ((هـەمووی گوبەنـدی مامەمـە. ئـەو شـەڕەنگێزە، دەیـەوێ خولـەو چیمەن بخاتە خورجی خۆیەوە، دیـارە لـە دیـوێکی تـرەوە، مرخـی لـە چـیمەنەکەم خـۆش

کردووه)) ل(٥١). بەپێی ئەم قسەیە دەردەکەوێت کـە نیـازی خراپـی کوێخـا ڕەشـید بۆتـە هۆی ئەوەی کەلایەنی خراپە لـە نـاخی بلـەوە سـەر هەڵبـدات، چـونکە کـاتی خـۆی کوێخـا ڕەشید لە ڕێی باوکی بلەوە دەستی بەسەر گوندی چیمەن و ئاشەکەدا گرتبوو، کەچی دوای مردنـی بـاوکی بلـە دەیـەوێت ئـەم تۆڵەیـە لـە مـامی بکاتـەوە.بێگومان لەمـەوە دوو ڕووی کەسایەتیی بلە بەرجەستە دەبێت، لایەن و رووە چاکەکەی بلە (رزگارکردنی ئاش / چیمەنە لە دەست کوێخا تالایەنی مادی و مەعنەوی لـە کوێخـا ڕەشـیدا کۆنەبێتـەوە) [1]، بۆیـە بلـە چەند کەسانێك لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە، وەك (مام رەحمـان، بـاپیر، عـەودل، خولـەی ئاشەوان...) هەوڵدەدەن بۆ ئەوەی نەهێلن کوێخا ڕەشید دەست بەسەر ئاشەکە و چیمەنی خولـەی ئاشـەوان دا بگرێـت، لـە دواییـدا خەڵکەکـە رووی خراپـەو مـەرامی بلـە یـان بـۆ دەردەکەوێت کە ئەو هەوڵ و ململانێییەی تەنیا بۆ مەبەستی بەدەست هێنانی ئاشەکەیە بۆ خۆی نەك بۆ خەڵکی گوندەکە. ئەم مەبەستەی بلە لەو کاتەدا ئاشکرا دەبێت کە باپیرو مام رەحمان رووبەڕووی پرسیارێکی دەکەنـەوە ((ئـەوا گوتمـان تـۆ بەپاڵپشـتی ئێمـە کوێخـات دەرپەڕاندو دەسـتت بەسـەر زەوی و زارو چـەم و ئاشـەکەدا گـرت، ئەوسـا چـی دەکـەی ؟ مەبەستم گوزەرانمـان چـۆن دەبـێ؟!) ل (٢٢٤)، بـەڵام بلـە لـە وەڵامدانـەوە شـڵەژاو بـوو، ئـەوانیش رووەشـاراوەکەیان بـۆ دەردەکـەوێت، ئـیتر کەسـی تـر پاڵپشـتی بلـە ناکـات. بـە تایبەتی کاتێك بلە روو لە شـار دەکـات چیمەن بەتـەواوی رووی لێ وەردەگرێـت و دەڵێـت: ((برۆ... تازە چیمەن بە ژنی تۆ نابێ. چیمەن مێرد بەکەسێك دەکات ئێرە جێ نـەهێڵێ)) ل (٢٥٤).


لێرەوە چیمەن و مام رەحمان دەبن بە دوو کەســـــــایەتیی سەرەکی و شوێنی بـــلە دەگرنـەوە، چونـــکە (کەسـێتی سـەرەکیش کەسـێتییەکی هاوبەشـە و بـۆ خۆشـکردنی نێوەندێك و بەرپابوونی ململانێکان ئاوها لەبار ترەو بارە پۆزەتیف و نێگەتیڤەکانی پتر لـە نێـو کـارە هاوبەشـییەکەدا زەق دەبنەوەوجێگـەیان دەبێتـەوە) [2]، بۆیـە کەسـایەتییە

---

[1]: محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا، شاکەس لە ڕۆمانی کـوردی– کوردسـتانی عێراقـدا (١٩٩٠ –١٩٩٧ )، نامـەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، ٢٠٠٠، ل٣٨.

[2]: جەلیل کاکەوەیس، ڕۆمانی کوردی – پەرتبوونی رووداو و نازیندەیی شاکەس، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٧٣.

**سەرەکییەکان بـەردەوام پـەرەدەسـتێنن و گێڕانـەوەی ڕۆمانەکـە خۆشـتر دەکـەن و بـەرەو پێشەوەی دەبەن.**



## مانی سۆناتـای ڕۆح:

بـۆ دیـاریکردنی کەسـایەتیی سـەرەکی لـەم ڕۆمانـەدا، یـەك کەسـایەتیی هەیـە ئـەویش کەسایەتیی ڕۆماننووسەکە ئەم ڕۆڵە سەرەکییە دەبینێت لـە گێڕانـەوەی چـەند ڕووداوێکـی مێژووییدا. نووسەر سەرەتا هەوڵی داوە ڕۆڵی سەرەکی بە کەسێك بسپێرێت کە هێشتا ناوی لێنـەناوە، ئـەویش هـەر کەسـایەتیی نـاخی خۆیـەتی (منـی بـاڵا) یە،بۆیـە بەشـی یەکـەمی دەقەکەشـی ناونـاوە (بێناو)،بـەڵام لەدواییـدا خـۆی ڕۆڵـی سـەرەکی دەگێڕێـت لـە گێڕانەوەکەدا.لە ئەنجامی گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەم کەسەدا بەتـەواوی ئامـاژە بەلـەناوبردنی دەکات و دەڵێت: ((تۆکەی ئەو زەلامەیت کە ئەرکی پیرۆزی نەتەوەیی و هێماییت بە کۆڵدا بدەم! !ڕەچەڵەکتم دەناسی بۆیە ناوم لێنەنایت.هەی خوێری. بەتۆمە، خـۆ بـەزمانی مایـاو سپرانتۆ نادوێم.دەمزانی کەری ئەوبارەنیت، تۆم بۆ گەمەو گەپ خولّقاند.)) ل (١٢).

نووسـەر خـۆی وەك کەسـایەتییەکی سـەرەکی لـە دەوری گێڕانـەوەی ڕووداوەکانـدا دەخولێتـەوەو بـەرەو پێشـەوەیان دەبات،چـونکە لـەڕووی پێکهاتـەی کەسـایەتییەوە پەرەسـێنە،ئەم جـۆرە کەسـایەتییەش لـە کەسـایەتییەکانی (هاملێـت)ی شکسـبیر و کەسـایەتیی (کۆمیـدیای یـەزدانی)دانتی دا بـەدی دەکرێـت، کاتێـك بـەرەو گێڕانـەوەی ڕووداوەکان هەنگاو دەنێت بـۆ نـاو ئەشـکەوتەکەو (ئـەم هاتوچـۆو گەشـت و گـوزارەی کـە گێرەرەوە دەیکات (کە دەبێت بەکەس یا بکـەریش) وەك چـاڵکاری وایـە واتـا هەڵدانـەوەی چـینە کۆنـەکانی مێـژووە)[1]، کەواتـە کەسـایەتیی سـەرەکی ڕۆڵ و کاریگەرییـەکی چـالاك دەگێڕێت لە پێشـکەش کردنـی ڕووداوەکانـدا، بـەڵام لـە گۆشـەنیگایەکی نوێـوە دەڕوانێتـە ڕووداوەکان.لـە هـەنگاوی یەکەمیـدا ئـەم کەسـایەتییە تـرس دایـدەگرێت بـۆ ئەنجامـدانی گەشتەکەی،چونکە ترس(هەڵچوونە پەیوەندی بە بیرو هەست و لەشەوە هەیە،مرۆڤ هەسـت بە ترس ناکات تەنیا ئەو کاتە نەبێ ئەگەر هەسـتی کـرد ژیـانی دەکەوێتـە مەترسـییەوە)[2]، کەچی لە دواییدا ئەو ترسەی نامێنێ هەنگاوێکی زیاتر دەنێت تا بەگیانی کیاکسار دەگات و بە یارمەتی ئـەوەوە ڕووداو و بەسـەرهاتەکانیمان بـۆ دەگێڕێتـەوە، ئەمـەش دەبێتـە ڕێگـە خۆشکەرێك بۆ گەشتەکانی تری بۆ ئەوەی لەگەڵ گیانی حاجی قادر و لەشکریش دۆناودۆن

---

[1]: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، سۆناتای ڕۆحی عەبدوڵڵا سەڕاج، گ (گەلاوێژی نوێ)، ژ (٤ )، ١٩٩٧، ل١٩٣.


[2]: سیجموند فروید، الجنس عند فروید، عرض وتقدیم:د. مصطفی غالب، ط ٢، بیروت، ١٩٨٠، ص ٧.

بکات بۆ گێڕانەوەی بەسەر هاتی هەریەکەیان، لەگەڵ ئەوەشـدا کەسـایەتیی سـەرەکی لـەو کاتەی کە بەگیانی زارا دەگات ناوی خۆی ئاشکرا دەکات و دەڵێت:

((– ((ناوم.. عەبداڵی..)) لێوەکانی ترازاندو...

– ((دەزانم ڕۆڵەکەم تۆ عەبداڵی راستیت و سەرو بەندێك گیانی حاجی و کیاکسارت تێدا دووپات بوونەوە))ل(٥٩)

بەپێی ئەم قسەیە بۆمان دەردەکەوێت کـە کەسـایەتیی سـەرەکی/ نووسـەر لـە پـەنای حەزرەتی عەبداڵی زیندوو دەیەوێت هەڵوێستی خۆی لە بارەی مێژووی رابردوو و بارودۆخی کاتی ئێستا بە خوێنەرو خەڵکەکە بگەیەنێت. هەرچەندە گێڕەرەوە/ نووسەر لـە سـەرەتای گێڕانەوەکەدا ئاماژەی بەم ناوە کردووە، گوایە لە کاتی گفتوگۆکردنی لەگـەڵ کەسـایەتییە نەوێرەکەدا قسەیەکی ئەم حەزرەتی عەبداڵەی بیر دەخاتەوە ((– وەبیرت دێ، ئەوە قسەی حەزرەتی عەبداڵی زیندوو زادەیـە، کـە ڕۆژێـك بـە شـاعیرێکی ئـەم کۆنـە هـەولێرەی گـوت: ((پاشان دەپرژێنە سەرو گۆیلاکی ئەم و ئەو شاباش دەکەن. دەزگایـان دەروخێـنن. نـاوان دەڕزێنن، کەچی وەکو سرکە، زەڕیان تـەنیا بـۆ خـودی دەفرەکانیانـە ! !)) ل (٦). لێـرەدا مەبەستی ئەوەیـە کـە ڕۆشـنبیر و شـاعیرانی هـەولێر نـاتوانن هەڵوێسـت وەرگـرن و دەوری خۆیـان ببیـنن لـە هەمبـەر بـارودۆخی شارسـتانیەتی میللەتەکـەیان، چـونکە ئـاوەڕ لـە ڕەهەنـدەکانیان نەدراوەتـەوە، کەواتـە نووسـەر لـەڕێی بـەکارهێنانی شـێوازی نواندنـدا کەسـایەتییەکان پێشـکەش دەکـات، بەمـەش ڕۆڵـی کەسـایەتییەکە وەك گێڕەرەوەیـەك و کەسایەتییەکی سەرەکی پەرەسێن گێڕانەوەکە زیاتر بەرەو روونکردنەوە دەبات.


عەبدوللا سەراج
سۆناتای ڕۆح
چاپی دووەم

**ڕۆمانی (ونگە):**

لەم ڕۆمانەدا یەك کەس ڕۆڵی سـەرەکی دەگێڕێت لـە گێڕانـەوەدا، واتـە یـەك کەسـایەتیی سەرەکی گێڕانەوەکە بە ئەنجام دەگەیەنێ، کە ئەرکی گێڕەرەوەش دەبێنێت لە بـەرەو پـێش بردنی ڕووداوەکاندا، ئەویش (کەیوان)ە، ئەم کەسایەتییە وەك نوێنەرێك کە خـودی نووسـەرە ئـەم ڕۆڵـەی پێـدراوە. دەسـتپێکی ڕووداوەکـان بـە نووسـینەوەی ئـەزموونی ژیـانی دەسـت پێدەکات لەکاتی ئێستای لە فنلاندە، لە دواییدا بەسـەرهاتی رابـردووی خـۆی و کەسـانی تـر تێکەڵ بە یاداشتەکەی دەکات، کە ڕەهەندێکی دیارو بنەڕەت پێك دەهێنێ بۆ بەردەوام بوونی ڕێڕەوی گێڕانەوەکە. بەو واتایەی، کە سـەرەتای ڕووداوەکـانی ئێسـتا دەبێتـە مەڵبەنـدێك بـۆ گەڕانەوەی رابردوو.

سـەرەتا کـەیوان هەڵوێسـتی خـۆی وەردەگرێـت بەرامبـەر بـە ژیـان و هەسـت کردنـی بەنامۆیی بوون. واتە کەیوان کەسایەتییەکی وجودییە ئـەم جـۆرە کەسـایەتییە (وەك تاکـە کەس شەیدای سەربەستییە لە هەڵبژاردنی هەڵوێستدا، ئەمەش وای لێ دەکات تووشـی دڵـە ڕاوکێ ببێت، خۆی بە نامۆ بزانێت و دووچاری بێئومێدی و ڕەشبینی ببێت، تەنانەت وای لێ بێت ژیان بەشتێکی بێمانا بزانێـت و خـۆی دووره پـەرێز بگرێـت).[1]، و ئـەم پاڵەپەسـتۆیەی نـاخی وای لێـدەکات ڕەهەنـدەکانی ژیـانی رابـردووی یادبکاتـەوە، بۆیـە کـەیوان/ نووسـەر دەڵێت:

**( لە ماڵەوە هەستم بەنامۆیەکی سەخت کرد. دەبێ ئەم نامۆییە لـە ڕەحمـی دایکەوە پێمانەوە لکابێت. ئەز، لێرەو لەوێ نامۆم! لە کەرکوك نامۆبووم، لە هەولێر و.. تەنانەت لەگەڵ خۆم و حەزو خولیاو.. ژوورەکەمیشدا نامۆم! !)) ل (١١٧).**

ئەم نامۆ بوونەی کەیوان/ نووسەر لە ئەنجامی کەم و کـوڕی و ناتـەبایی کۆمـەڵگاوە لـە کارەسات و بە سەرهاتەکانی رابردووەوە سەرچاوەی گرتووەو هۆشی بەرەو یادکردنـەوەی کارەساتی هەڵەبجە دەچێت لەکاتی سەری ساڵ دا لە فنلاندە. ئەمەش لە ڕێی بەکارهێنانی تەکنیکی شەپۆلی هۆشەوەیە کە کاریگەرییەکی زۆری هەیە لە گێڕانەوەکەدا، بەڵام لە کاتی بە ئاگاییدا وەك نێچیرێك هەست بەبوونی خۆی دەکات، لەوکاتەدا چاوی بە لەیلا دەکـەوێت

---

[1] : حەمە سەعید حەسەن، هزر و شێواز لەچیرۆکی کوردیدا، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٥.

و پەیوەندی لەگەڵدا دروست دەکات تاکۆتایی گێڕانەوەکـە بـەردەوام ئاوێتـەی رووداوەکـان دەبن کەیوان هەوڵی داوە لە ڕێی لەیلاوە باسی وڵاتەکەی و ئەنفالەکان بکات لەوکاتـەی کـە دەکەونە گفتوگۆکردن لەگەڵ یەکتری دا، کەیوان دەڵێت:

**(ئەمە خەمەکەمە و دانیشتنی دیکەی گەرەکە. قەڵەمەکەم دەرهێناو سنووری کوردستانم.. کوردستانم کێشاو بەگەرم و گوڕی گوتمەوە:**

**ئەم بەشەی، کەبەماییینی ئاوی دەکا، زێدی منە. کوردستانە دایکانەکەیە.) ل (٣٥)**

ئەم پێوەندییەی کەیوان لەگەڵ (لەیلا)دا فراوان دەبێـت تـا رادەی پەیوەنـدی سێکسـی بوون، چونکە کەیوان دەیەوێت خۆی لەم نامۆیی و هەستکردنی بەم تەنیاییە رزگـار بکـات. هەر چەندە کەیوان لـە تەمـەنێکی گـەورە دایـە کەچـی لـەلای مـرۆڤ (ئـەو توانـا سێکسـییە بەدرێژایی هەموو ژیاندا دەمێنێتەوە یان بۆ ماوەیەك ون دەبێت یـان وەك رووداوێـك گەشـە دەکـات، بـەڵام لـە کۆتـایی ژیانـدا دەسـت پـێ دەکاتـەوە وەك بـۆ یەکـەمجار رووبـدات)[1]. تاڕادەیـەك کـەیوان لـەوبارە دەروونییـە ناهـەموارە دەربـازی دەبێـت، بـەڵام لـە کۆتـایی گێڕانەوەکەدا بە هۆی بڕیاری هاتنی خێزان و منداڵـەکانی دەیـەوێت لـە لـەیلا جیابێتـەوە ( **پێشتر... پێمگوتبووی، کە ژن و منداڵم هەیە. وابڕیاری هاتنیانم لەباخەڵە. دەمەوێ، بەبێ زیزبوون ونێش کای کۆن بەباکردن، جیاببینەوە وتت چی! ؟) ل (١٦٩)**


کەواتــە کەســایەتیی ســەرەکی لــە رووی پێکهاتــەی کەســایەتییەوە پەرەســێنەو رووداوەکـانی بـەرەو پێشـەوە بـردووەو وەك داینەمۆیـەکی بـەهێز هـەنگاوی نـاوە، و ئـەو ڕێگەیەی کە نووسەر کەسایەتییەکانی تێدا پێشکەش کردووە ڕێگەی نواندنە، هەرچەندە لە هەندێ شوێندا ڕێگەی ڕاگەیانـدنی لەگەڵدا ئاوێتـەکردووەو گێڕانەوەکـەی بـەرەو ئاسـتێکی سەرکەوتوو بردووە. چونکە سەرتاپای گێڕانەوەکە بەهۆی ڕۆڵ و کاریگەری و جووڵانـەوەی کەیوانــەوە، کــە نووســەر خۆیــەتی و کــەیوانی کردۆتــە نوێنــەری خــۆی بــۆ دەربڕینــی بیروبۆچوونەکانی خۆی بەڕێوەدەچێت.

---

[1]: سیجموند فروید، تغلب علی الخوف، عرض وتقدیم: د. مصطفی غالب، ط٣، بیروت، ١٩٨١، ص١٧.

ڕۆڵی کەسایەتیی سەرەکی لە گێڕانەوەکەدا هەر بەناوی کەیوان دەرناکەوێت، بەڵکو هەڵگری دوو ناوی تر دەبێت لە کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتی خۆی کە لەڕێی بیرەوەرییەکانیەوە ئاشکرا دەبێت ((بەر لەچوونە شاخ، خۆم شاردەوە بۆ هەڵسوڕانی کاروباری ڕێکخستن و شانەکان. ناسنامەی ((مەلا سالح))ێکم بۆ رەخساو بڕیاردرا، بچمە ناوچەی شوان شێخ بزێنی. بەرێنمایی کاک ((جەوهەر عەودل))، لەسەر پیکابەکە بووم هەتا ((یاروەلی)). لەوێ لەچکم کردووەو ترس نەما. بوومە کادیری بەروپشتی خاڵخالان کە بەری پێشەوەی دەڕوانێتە((کەلی سمایل بەگی)) و هەر سێ ((ناروجە))کان، لەو دیوی خاڵخالاندا، ناوم مەلا سالح بوو پاشان ناوەکەم، لەم دیوەدا بووە ((میرزا شوان)) ل(١٣٢).

ئەم میرزا شوانە لە ڕۆمانی (هەڵکشان بەرەو لوتکە) شدا، بۆتە نازناوی کەسایەتییە سەرەکییەکە، ئەویش کەسایەتیی نووسەرە، بەڵام نووسەر لەڕێی بەکارهێنانی ڕاناوی کەسی یەکەمی (قسەکەر) لە گۆشەنیگای ناوەکییەوە دەڕوانێتە کەسایەتییەکانی (ونگە) و ڕێگایان پێدەدات بەسەر بەستی بجوولێنەوە.



## ڕۆمانی ئەژدەر:

گێڕانەوەی ئەم دەقە لەلان یەك کەسایەتییەوە ئەنجام دەدرێت، ئەویش (میرزا)یە کە ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لەبەرەوپێش بردنی ڕووداوەکاندا. بێگومان لە سەرەتای گێڕانەوەکە ڕۆڵی کەسایەتیی سەرەکی لە نووسەرەوە بەرجەستە دەبێت، ئیتر نووسەر لە ڕێی (میرزا) وە گێڕانەوەکە بە ئەنجام دەگەیەنێت و ئەرکی کەسایەتیی سەرەکی پێ دەبەخشێت. نووسەر بۆ پێشکەشکردنی کەسایەتییەکان هەردوو ڕێگەی شیکاری (ڕاگەیاندن) و نواندنی بەکارهێناوە، بەڵام ڕێگەی ڕاگەیاندن بەسەر گێڕانەوەی دەقەکەو کەسایەتییەکاندا زاڵە.

کەسایەتیی سەرەکی / میرزا باسی ژیان و بەسەرهاتی خۆی لە کۆچڕەوەکەدا دەکات لەگەڵ چۆنیەتی ڕاپەڕینەکەی شاری کەرکووك و هاتنی خۆی و خێزانەکەی بۆ هەولێر و گەیشتنیان بۆ شەقڵاوە و بناری قەندیل. ئەوەتە گێڕەرەوە لە زاری نووسەرەوە ڕاستەوخۆ هەڵوێستی (میرزا) مان بۆ دەگێڕێتەوە بەرامبەر بە ڕاپەڕینەکە( لە دەسپێکی ڕاپەڕین و هەژانی شاردا، بەتەنگەتاوی، بەشداریت کرد: لەچەقی شەقامی (کانی) دا، ئامبازی بڕێ چەکدار بووی، داوای کەچە چەکێکت لێکردن، بەهاناتەوە نەهاتن! بۆیە چەکی وشەت خستەکارو هەرگیز نەگەڕایتەوە. خۆت کردە پێشەنگی بێچەکان و لە ڕەشووروتانەوە، سەرچاوەت هەڵگرت و بەگشت توانای گەروت جاڕی خۆتدا) ل(١٨). لێرەدا گێڕەرەوە هەموو شتزانە لە ڕێی بەکارهێنانی ڕاناوی کەسی یەکەمی (تۆ) وە چۆنیەتی ڕاپەڕینەکە باس دەکات و وردە وردە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، بەڵام لە هەندێ شوێندا لە کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا کەسایەتیی سەرەکی/ نووسەر بۆ ڕابردوویەکی دووری سەردەمی منداڵی دەگەڕێتەوە، نووسەر بە بەکارهێنانی تەکنیکی شەپۆڵی هۆش (هەوڵدەدات پێکهاتەی یادەوەریی کارەکتەرەکان ڕاستەوخۆ و بەبێ نەقڵکردنی قسەی تەواو و بێ کەم و کورت نیشان بدات، ...) [١].

بێگومان میرزا/ نووسەر وەك زۆر لە نووسەر و کەسایەتییەکان پەنای بۆ گێڕانەوەی ڕووداوی ڕابردوو بردووەو دەڵێت:

---

[١]: کۆمەڵێك نووسەر، تیۆری ڕۆمان، وەرگێڕانی: محەمەد کەریم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل١٤٦-١٤٧.

(بەرلـەوەی بخرێمـە بەرخوێنـدن، خولیـای نیگـار و پێنووسـی رەنگانـدن بـووم. ئەوسا كە تەنیا قەڵەمە كۆپییەكـەی بـاوكم شـك دەبـرد. لـەدەوم دەنـاو لەسـەر كاغەزی شینی شەكرە قەندەكان، رەسمی سەیر و سەمەرەم دەكێشا) ل(٨٠).

هەر لەم یادەوەرییەیدا هەڵوێستی باوك و دایكی دەگێڕێتەوە(باوكم هـانی دەدام و دایكـم توڕەو تۆسن دەبوو)ل(٨٠).

ئـەم جـۆرە بەسـەرهاتانەی سـەردەمی منـداڵی نووسـەر وەك پاڵنـەرێك وایكـردووە كـە لـە بەرهەماكانی دا رەنگ بداتەوە.

كەسایەتیی سەرەكی لەڕێڕەوی گێڕانەوەی رووداوی سـەرەكیدا بـەردەوام دەبێـت، كـە خـۆی و خێـزان و منداڵـەكانی لەگـەڵ خەڵكەكـەدا رێگـە دەگرنـە بـەر، مـیرزا لـە خێـزان و كوڕەكانی جیا دەبێتەوە تەنیا لەگەڵ دوو كچ و كوڕێكی دەمێنێتەوە، گوایـە ((لـە هەشـتی بەیانییەوە، بەرێوەبوون، دانی ئێوارە گەیشتنە (سەری ڕەش).

هەرچەندە تۆزوكەیـەك سـواری پاسـێكی گـەورە بـوون و... هەنـدەی نـەبرد: ئێوەیـان داگـرت!)) ل(٢٨)، مـیرزا لەگـەڵ منداڵـەكانی بـەرەو شـەقڵاوە دەڕوات و تووشـی گـەلێك ناخۆشی و برسێتی دەبـن و چـەندین كەسـی ڕەنجـەڕۆی وەك خۆیـان دەبینن،بـەڵام مـیرزا تووشی داماوی و دڵە ڕاوكێ دەبێـت لـەو كاتـەی كـە جـوامێری هـاوڕێی دەبینێـت، جـوامێر پرسیاری ئەوەی لێ دەكات كە چی بەسەر هاتووەو چی ڕووی داوە، میرزا دەڵێـت: (هیچـی ئەو تۆ رووینەداوە، تەنیا ئەوە بۆ سێ رۆژ دەچێ، كە دایكی منـداڵانم لێگـوم بـووەو چـوار كوڕە هەراشەكانیشم، چیان بەسەر هاتووە نازانم...) ل (٥٣).

بەم شێوەیە ڕۆڵی میرزا كاریگەرییەكی زۆری هەیـە بـۆ بـەرەو پـێش بردنـی گێڕانـەوەو ئاڵۆزبوونی گرێی رووداوەكان. ئینجا میرزا/ نووسەر بڕیـاری گەڕانـەوەی منداڵـەكانی دەدات بۆ شاری كەركووك، بۆیە نووسەر كە كەسایەتیی ناخی میرزایە دەڵێت:

(پاش خەم بەبادان و، لـەو گـوزەرو زورگـەدا، بڕیـاری یـەكجارەكیت دا، كـە منداڵـەكان بچنەوە. چیدەبێ بابێ. رێگەیەكەو گرتۆتە بەر. عەیبی تۆ، ئەوەیـە كەهەمیشـە بـە گـوژم پێشدەكەوی)) ل (٦٠).

لێرەوە بەهۆی ڕۆڵی كەسـایەتیی سـەرەكی رێـڕەوی گێڕانـەوەی رووداوەكـە دەگۆڕێـت بەرەو ئاراستەیەكی تر هەنگاو دەنێت، ئیتر كەسایەتیی سەرەكی/ میرزا بەتەنیا خۆی ڕێگە

دەگرێتە بەر تا دەگاتە بناری قەندیل. لەو کاتانەی بەدەم رێوەیە زۆر لـە دیمـەنی سـامناك دەبینێـــت و چــەندین رووداوی تـــری لاوەکـــی لـــە دەوری کەســـایەتیی ســـەرەکی دا دەخولێتەوە،بەتایبەتی ئەو رووداوانەی کە لە ئەنجامی یادەوەرییەکانی لەگەڵ هاوڕێکانیـدا دەیگێڕێتەوە دەبنە مایەی پەرەسەندنی ڕۆڵی کەسایەتیی سەرەکی. کەواتە بەپێی وتەکەی جـۆرج لۆکـاش (یەکیـەتی کەسـایەتیی و جیهـان– کـە یەکـەمجار لـە بیرەوەرییـەوە سـەر هەڵدەدات، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەزموونێکی زیندووە)١. ئەگەر چی نووسەر ژیاننامەی خۆی دەگێڕێتــەوە، بــەڵام لــە دەرەوە وێنــەی کەســایەتییەکان تەنانــەت وێنــەی کەســایەتیی سەرەکیش دەکێشێت.

کەسایەتیی سەرەکی / میرزا لە رووی پێکهاتەی کەسایەتییەوە پەرەسـێنە و بـەردەوام دەورێکی کاریگەری هەیە لە بەرەو پـێش بردنـی گێڕانـەوەی رووداوەکانـدا، هەرچـەندە لـە کۆتایی دەقەکەدا بەتەواوی ڕێڕەوی گێڕانەوەی رووداوە سەرەکییەکە خاوبۆتـەوە. ئـەویش بــە هــۆی گێڕانــەوەو تێکــەڵ کردنــی چــەند رووداوێکــی ئەفســانەییە لەگــەڵ رووداوە سەرەکییەکەدا، بەڵام کەسایەتیی سەرەکی لەسەرەتادا ڕێڕەوی گێڕانەوەکەی پاراستووە و سیمایەکی هونەری ڕۆمانی پیّ بەخشیووە.

ڕۆمانی (پەرتەوازەی ئێرەو ئەوێکانی رەوان):

ڕۆڵی کەسایەتیی سەرەکی لەم ڕۆمانەدا لەلایـەن دوو کەسـایەتییەوە ئـەنجام دەدرێت. هەریەکەیان دەبن بەگێڕەرەوەو ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە گێڕانـەوەی ڕۆمانەکـە، ئـەوانیش (هەڵۆو شیلانی کچی هەڵۆ) یە.

کەچی ڕۆماننووس جڵەوی سەرەکی گێڕانەوەی رووداوەکانی زیاتر بەهەڵۆی کەسایەتیی سەرەکی داوەو کەسایەتییەکانیشی بەرێگەی نواندن پێشکەش کـردووە، بـەڵام لـە هەنـدێ شوێندا رێگەی ڕاگەیاندنی بەکارهێناوەو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ باس لە کەسـایەتییەکان دەکات.

---

١: ئیفۆر ئێڤانس، ڕۆمانی ئینگلیزی لە سەرەتاوە تا زەمانی دانیال دیفۆ، گ؛ (سەردەم)، ژ (٢)، ١٩٩٩، ل٢٣.

کەسـایەتیی هـەڵۆ لـە دەوری گێڕانـەوەی کێشـەو بەسـەرهاتەکانی خـۆی و خێزانەکـەی و چۆنیەتی ئاوارە بوونیان دەسوڕێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕۆمانەکە زیاتر لەسەر تـەکنیکی مەنەلۆگ و دایەلۆگ بنیاد نـراوە لـە زۆربـەی کاتەکانـدا لـە ڕێـی شـەپۆلی هۆشـەوە بـەرەو کێشەکانی رابردوو دەگەڕێتەوە. سەرەڕای ئەوەش ئەوەی لەم ڕۆمانەدا تێبینی دەکرێت بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین هەربەشێکی ئەم ڕۆمانە سەربەخۆیەو باس لـە ڕووداوێك دەکات ئەگەرچی گێڕانەوەکە لە ڕووداوەکانی کاتی ئێسـتاوە دەسـت پێـدەکات، بـەڵام بـە بەردەوامی بەرەو کێشەو ڕووداوەکانی رابردوو و یادەوەرییەکان دەگەڕێتەوە، تاڕادەیەکیش ڕووداوەکانی بەشەکان یەکتر دەگرنەوە لەکاتی گێڕانەوەدا.

هەڵۆ سەرەتا لەگەڵ کەسایەتیی ناخی خۆیدا گفتوگۆ دەکات، ئەو کەسایەتییەی نـاخی دەگەڕێتەوە بۆ باسکردنی لە دایکبوونی هەڵۆ، دواتر هەڵۆ باس لە رابردوو و پێش هاتنیـان بـۆ شـاری (تـامپرێ) دەکـات و دەڵێـت: ((بـەر لـەو ڕەگ هەڵتەکاندنـە، گرۆیـەك بـووین لـە چایخانە هاوینییەکەی سەرشەقامی ئـاپواری ((کۆمـاری))ی بـەرووی سـینەما سـەلاحەدین. مێزگردمان چێدەکرد)) ل (٢٨).

هەڵۆ لەم دانیشتنانەی لەگـەڵ هاوڕێکانیـدا چـەندین کێشـەیان دەخسـتەڕوو لـە بـارەی کوشـتنی خـەڵکی بـێ تـاوان. ئـەم لایەنانـە ببوونـە هـۆی ئـەوەی کـە هـەڵۆ هەسـتێکی نەتەوایەتیی لە لا گەڵاڵە ببێت: ((ئەز، کەسێکم لە نێوان ئوستالیژیای زێدو.. ئێشـی دوورە وڵاتیدام، بۆیە ڕەهەندی زمانم کردۆتە نیشتمان، بۆ ئەوەی نەتوێمەوە و نەبمە سیفری پاش وێرگولّ")) ل(٨١).

ئـەم تـەنیایی و غوربەتـەی کـە هـەڵۆ تێیـدا دەژیـا وای لێ کردبـوو گـەلێك لـە ڕووداوو تاوانەکانی سەردەمی رابردووی شاری کەرکووك بەبەڵگەوە پێشان بدات کاتێك کە بۆ دایکی کاراو شیلانی کچی دەیگێڕێتەوە ((چ ماوە بە ئێمەی نەکەن؟!)) ل (٣٠).

هەڵۆ لەباسی ژیانی خۆیان لە شاری تامپرێ هەست بەجیاوازی مـافی مـرۆڤ دەکـات لـە نێوان خەڵکی ئێرەو ئەوێ، بۆیە کە لەگەڵ شیلان دەدوێت بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ هێمـا بۆ یەك نەبوونی ئێرە دەکات.

بەم شێوەیە هەڵۆ ڕۆڵ و کاریگەری لە بەرەو پێش بردنی ڕووداوەکاندا هەیـە، بـەڵام دوای مردنی هەڵۆ ڕۆڵی شیلان لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکـە تارادەیـەك فـراوانتر دەبێـت، بـەڵام هـەڵۆ دوای مردنیشی ڕۆڵی لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکـە دا هـەردەمێنێ، چـونکە ڕۆمـاننووس توانـای ئەوەی هەیە وا لە پاڵەوانەکانی بکات هەموو شتێکیان لە یادبمێنێ و لە هەمووشتێ بگـەن، ڕۆماننووس ڕێی دراوە کە هـەموو پـەنهانی ژیـان بزانـێ. یەکسـەر پاڵەوانەکـەی لـە زانـەوە دەقۆزێتەوە لەگەڵیا دەڕوات تا دەچێتە گۆرەوە.

سـەرەڕای ئـەوەش هـەڵۆ/ نووسـەر لـە کۆتـایی ڕۆمانەکـە دان بـەوەدادەنێت کـە ئـەو کەسایەتییانەی ئەو دروستی کردوون لە ڕۆمانەکـەدا کەسـایەتییەکی خـەیاڵین جـا بـە هـەر شێوەیەك پێشتر باسی کردبن، ئەمەش لە کاتی گفتوگۆکردنی لەگەڵ سـەلیم لـە نـاو گـۆڕدا دەردەکەوێت:

((– سەلیم.. سەلیم ! ئەوەی کە..

ئا.. ئا.. قسەی زۆرت بۆ هەڵبەستبووم! ناومت گۆڕیبوو! ! ئاخر.. کەی من تلیاك و ملیاکم کێشاوە ! ؟

وەڵامم دایەوە.

خۆت لەگێلی مەدە. تۆ و ئەوانی دیکە، کەسی کاغەزین بـوون)) ل (٢٠٤ – ٢٠٥).

لەم ڕوانگەیەوە دەوری هەڵۆ لە گێڕانەوەی ئەم ڕووداوە ئەفسـانەییانەدا کاریگەرییـەکی باشی نواندووە بۆ بەرەو پێش بردنی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە. لێرەدا مەبەستی نووسەر زیـاتر باسکردنی ئەزموونی نـاو گۆڕسـتانە، بەمـەش گێڕانەوەکـە دەخاتـە نـاو قـالبێکی هونـەری ڕۆمانەوە.

شیلان کچی هەڵۆیە، ئەویش وەك باوکی هەست بەبێزاری دەکات لە ئاوارەییدا لە شاری تامپرێ، بۆیە زۆرکات پەنای دەبردە بەر گفتوگۆکردن لەگەڵ باوکی و جوامێری کوڕی پوری لە بارەی گێڕانەوەی گەلێك بابەتی شێوەکاری و بەسەرهاتەکانی بـاوکی. شـیلان لـە کـاتی

یادەوەرییـەکانی خـۆی لەگـەڵ باوکیـدا هەنـدێ لـە هەسـت و بـیرە شـاراوەکانی بـاوکی دەگێڕێتەوەو ئاشکرا دەکات دەڵێت:((باوکم، هەردەم بیر لە ناکۆکییەکانی ژیان دەکاتەوە، ژیانی ئێمـەو ئـەوانی تـر. بگـرە بـیر لـە گێتـیش دەکاتـەوە! گەیشـتۆتە ئـەو قەناعەتـەی، کەسانێك ناتەبان و لەگەڵ خۆیاندا هەمیشە دڵەڕاوکێیانە.)) ل (١٦٤).

شـــیلان وەك گێڕەرەوەیـــەك و کەســـایەتییەکی ســـەرەکی زۆر لـــە بەســـەرهات و ئەزموونەکانی باوکی لە نووسین و داهێناندا دەگێڕێتەوە، لە رووی پێکهاتەی کەسایەتییەوە پەرەســێنەو بــەردەوام لــە هــەوڵی پێشــکەوتنی رووداوەکانــدا بــووەو، مامەڵەیــەکی کاریگەرییانەی لەگەڵ گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا کردووە.

ڕۆڵی کەسایەتیی لاوەکی لە گێڕانەوەی ڕۆماندا

ڕۆڵی کەسایەتیی لاوەکی تارادەیەك کەمتر نییە لە ڕۆڵی کەسایەتیی سەرەکی، چونکە زۆر جـار وەك کەسـایەتیی سـەرەکی بەشـداری لـە گێڕانـەوەی رووداوەکـان دەکـات و شـتە شاراوەکانی کەسایەتیی سەرەکی دەخاتە ڕوو و هانی دەدات بۆ ئەوەی کارەکە بەچالاکی ئەنجام بدات، هەروەها ئەو بیروڕایانەی کە لە دەروونی کەسایەتیی سەرەکیدا هەیە لە کاتی پەیوەندی کردنی ئەم کەسایەتییە لەگەڵ کەسایەتیی دەوروبەریدا ئاشکرا دەکات، (وەکو ئەوەی هەڵدەستێت بە کۆمەڵێك کاری گرنگ لەوانە بەشداری کردنی لـە بینـای رووداو یـان پێکهاتەی کەسایەتیی سەرەکی)[١].

بەم پێیە گرۆتینێکی گەرم بەکەسـایەتیی سـەرەکی دەبەخشـێت کاتێك کەکەسـایەتیی ســەرەکی کــاری گێڕانــەوەی رووداوەکــە ئــەنجام دەدات، لەگــەڵ ئەوەشــدا ئەگەرچــی کەسایەتیی لاوەکی ڕۆڵێکی سـەرەکی نابینێـت لەگێڕانـەوەدا، بـەڵام وەك یارمـەتی دەرێك دەردەکەوێت کە لایەنگیری داهێنانی ڕۆماننووس دەکـات، بەتایبـەتی لـە ڕۆڵ و پێکهاتـەی کەسایەتیی سەرەکیدا. سـەرەڕای ئـەوەش زۆر جـار لـە هەنـدێ شـوێندا وەك دەمـامکێکی نووسەر دەردەکەون و ئەرکی گێڕەرەوە دەبینن لـە پرۆسـەی گێڕانـەوەدا، ئەمـەش (ئـەوە دەگەیەنێت کەوا ئەو کەسـە لاوەکـی یانـە لەبەرئـەوەی زیـاتر ئـەو کەسـانە دەگرنـەوە کە

---

[١]: نوري بطرس، مسارات في القصة والرواية الكوردية، أربيل، ٢٠٠٣، ص٧٠.

لەپەراوێزی ژیاندا دەژین و کاروکردەوەی گەورەناکەن و هەمان خاسیەتی ئەو کەسانەیان دەبێت و وێنەیەکی دی ئەو کەسانە دەنوێنن.)[١].

لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار ئەو کەسایەتییە بەکەسایەتییەکی نازیندوو دەبینرێ لەو کاتەی، کە هەوڵ دەدات وێنەی سیمای کەسایەتیی سەرەکی بکێشێت جا چ سیفەتی چاك بێت یان خراپ گرنگ نییە، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەو ڕۆڵەی کە دەیبینێت لە گێڕانەوەی دەقی ڕۆمانەکەدا، چونکە جگە لە ڕۆڵێکی ناسەرەکی هیچ ڕۆڵێکی دی لەچیرۆکدا ناگێڕێ و هیچ جیاوازیشی نییە، لەگەڵ کەسایەتییەکانی تردا، بەڵام جۆری ئەو ڕۆڵەی کەکەسایەتیی لاوەکی ئەنجامی دەدات و ئەو گۆشە نیگایەی کەتێیدا دەڕوانێتە ڕووداو و کەسایەتییەکانی تری ڕۆمانەکە ئەوا لەو شێوەیەی کەبەکاری دەهێنێت (لە بارەی بیرۆکەیەك یان سیفەتێکەوە دەخولێتەوەو ئەمیش چەسپاوەو پەرەناسێنێ و کەش و هەوای خۆشی هەرخۆی دەیخولقێنێ، لەمەشدا قورساییەکی رۆشنداری خاوەن قەوارەیەکی پێشتر حساب بۆ کراو بەدیار دەخات)[٢]، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە هەموو کاتێك کەسایەتیی لاوەکی ڕۆڵێکی نەگۆڕو چەسپاو ببینێت لە گێڕانەوەی ڕۆماندا، بەڵکو ئەم ڕۆڵە لە هەندێ کاتدا پەرەدەسێنێ شان بەشانی کەسایەتیی سەرەکی پرۆسەی گێڕانەوەکە بەڕێوەدەبات. ئەمەش لەو کاتەدا دەردەکەوێت کە بەپێی پێکهاتەی بینای کەسایەتییەکان ڕۆڵ دەگێڕن.

---

[١] پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٧٧.

[٢] سەروەر عەبدوڵڵا (د.)، سەرەتایەك لە بارەی بنەمای گوتاری کەسایەتیی نێو ڕۆمان- باسێکە سەبارەت بەبنچینەو پەرەسەندن، گ، (ڕامان)، ژ (٧٥)، ٢٠٠٢، ل١٥.

## ڕۆڵی کەسایەتیی لاوەکی لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکانی( عەبدوڵڵا سەڕاج )دا ڕۆمانی ( هەڵکشان بەرەو لوتکە ):

ڕۆڵی کەسایەتیی لاوەکی لەم ڕۆمانەدا، لەئەنجامی بەشداری کردنیان لەگەڵ کەسایەتیی سەرەکی لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت، کەتارادەیەك ڕۆڵ و کاریگەرییان بەرجەستە دەبێت بۆ خستنە رووی رووداوەکان، ئەم کەسایەتییە لاوەکیانەش وەك (نەوزاد، نەخشین، حەمە سوور، سیامەند، ئەورەحمان، باپیر، دلێر، نوورەکەچەڵ، ئۆمەرە، سەی جەلال).

ئەمانەو چەندین کەسایەتیی تری لاوەکی لەم ڕۆمانەدا دەردەکەوێت، بەڵام (نەوزاد و نەخشین) ڕۆڵێکی چالاك دەگێڕن لە گێڕانەوەی رووداوەکاندا، کەسایەتییەکانی تر ئەو ڕۆڵ و کاریگەرییەیان نییە بۆ بەرەو پێش بردنی گێڕانەوەکە تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت دەردەکەون خوێنەر زۆر هەستیان پێناکات، چونکە (تاڕادەیەك ململانێی نێوان کەسەکان نادیارە توندو تۆڵ نییە) [1] و نووسەر نەیتوانیوە رووداوی ڕۆمانەکە رێك بخات و لە رووداوی لابەلاو لاوەکی رزگاری بکات.

نەوزادی کوڕی تۆفیق ئەگەرچی کەسایەتییەکی لاوەکییە، بەڵام لە زۆربەی شوێندا ڕۆڵی کاریگەری هەیە لە یارمەتی دانی باوکی، هەرچەندە ڕۆڵی نەوزاد لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا وردە وردە پەرەدەسێنێت و بەتەواوی هەست بەبوونی ڕۆڵی نەوزاد دەکرێت بەتایبەتی لەو کاتەی کە لەگەڵ دلێری هاوڕێی دا لە بارەی کارکردندا گفتوگۆدەکەن لەناکاو دلێر باسەکە دەگۆڕێت و هەڵوێستی نەوزاد ئاشکرا دەکات و دەڵێت:

(– نەوزاد، حەوتەیەکی تر مارەی شیرینی خوشکم دەبڕن!

نەوزاد، ڕەنگی هەڵبزڕکا وەك ئەوەی پەیامێکی ناخۆش ببیەت.

لەکێ ؟!) ل (٨٨).

لێرەدا نەوزاد ڕۆڵێکی کاریگەری دەبێت لە دەربڕینی هەڵوێستی چاکەدا، ئەمەش دوولایەن دەگرێتە خۆ، لەلایەك نەوزاد ئەم کارەی بەکارێکی خراپ دادەنا، لەلایەکی تریشەوە دڵی بەشیرینەوە بوو، بۆیە (ئەم دوو پاڵنەرە وایان لە نەوزاد کرد هەڵوێستێکی

---

[1] غەفور سالح عەبدوڵڵا، هەڵکشان بەرەو کوێ ؟، ڕۆژنامەی (هاوکاری )، ژ (١١٨٦ )، ١٤/٦/١٩٩٠، ل٦.

ئیجابی بەرانبەر ئەو مەسەلەیە وەربگرێت...)[1]، لە هەمانکاتدا ڕۆڵی کەسایەتیی دلێر کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کەسایەتیی نەوزاد و دەرکەوتنی هەڵوێستەکانی دا هەیە. هەردووکیان لەزۆر رووەوە گێڕانەوەکە تاڕادەیەك بەرەو پێش دەبەن و کاریگەرییان دەبێت لەسەر پێکهاتەی کەسایەتییە سەرەکییەکاندا.

کەچی ڕۆڵی کەسایەتیی نەخشین دوای ئەوەی دەبێت بەخێزانی سالار کاریگەری دەبێت لەسەر گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا، وەك کەسایەتییەکی ڕەوشت بەرز بەڕاکشاوی هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەکەسانی دەوروبەری دەردەبڕێت، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کەشتی تازەی لێ چاوەڕوان بکرێت. جگە لەم کەسایەتییانە ڕۆڵی کەسایەتییە لاوەکییەکانی تر بە شێوەیەکی کاریگەر دەرناکەوێت، وەك کەسایەتییەکی سادە هیچ ڕۆڵێکیان نییە لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا، بەڵام ڕۆڵی کەسایەتیی لاوەکی لەم ڕۆمانەدا لە گۆشەنیگای دەرەکییەوە لەلایەن گێڕەرەوە (کە خودی نووسەرە) دەخرێتە ڕوو بۆیە هەڵسوکەوت و کاروکردەوەی کەسایەتییەکان ئەوەندە بەئاشکرایی دەرناکەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵی کەسایەتیی لاوەکی زیاتر لە وێنەکێش کردنی کەسایەتییە سەرەکییەکان بەرجەستە دەبێت.

**<u>ڕۆمانی کاولاش:</u>**

سەبارەت بە دیاریکردنی کەسایەتیی لاوەکی لەم ڕۆمانەدا، دەتوانین ڕۆڵی چەند کەسایەتییەك دیاری بکەین لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا، کە ئەوانیش تاڕادەیەك ڕۆڵ و کاریگەرییان هەیە لەبەرەو پێش بردنی ڕووداوەکەو ئاشکرا کردنی مەبەستە شاراوەکانی کەسایەتییە سەرەکییەکان.

ئەم کەسایەتییە لاوەکییانە لەڕووی پێکهاتەوە کەسایەتییەکی سادەن، هەندێکیان ڕۆڵ و کاریگەرییەکی زۆریان هەیەو، هەندێکی تریان ڕۆڵ و کاریگەرییەکی کەمیان هەیە لە پێکهاتەی کەسایەتیی سەرەکی و گێڕانەوەی ڕۆمانەکە، بۆیە دەکرێ بیانکەین بە دوو دەستە، دەستەی یەکەم وەك (خونچەی ژنی باپیر، خولەی ئاشەوان، برزۆ، ئاتەی دایکی بلە). ڕۆڵی ئەم کەسایەتییانە هیچ جیاوازی نییە لە بواری کێشەو ململانێ و شێوازی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە لەگەڵ کەسایەتییە سەرەکییەکاندا.

---

[1] یوسف ڕۆستەم ئەحمەد، لایەنە میللییەکان لە ڕۆمانی هەڵکشاندا، گ، (کاروان)، ژ (٨٩)، ١٩٩٠، ل٦٤.

خونچەی ژنی باپیر ڕاستە وەك کەسایەتییەکی سادە دەردەکەوێت، بەڵام ڕۆڵێکـی زۆری دەبێت و ڕووداوەکە کاری تێدەکات، بەتایبەتی لەو کاتەی کەراز و نهێنیەکانی بلـە ئاشـکرا دەبێت، خونچە ڕێڕەوی کێشەو ڕووداوەکە بەرەو ئاراستەیەکی تر دەگۆڕێت، چونکە خونچە هـۆی سـەرەکی دەرخسـتنی کەسـایەتیی دوو ڕووەکـەی بلەیـە. ئەمـەش لـەکاتی ئـەو پرسیارانەوە ئاشکرا دەبێت کە شێوازێکی دایەلۆگی وەرگرتووە لە نێوان خونچـەو بـاپیردا، چونکە خونچە دەڵێت:

(– ئەوا گوتمان بلە سـەرپاکی ئاشـەکەی لـە مـانی سـاندەوە. چ سـوودێك بـە ئێمـە گـەل دەگات؟ بەتۆ؟ بە عەودل؟ ڕەشە، مام ڕەحمان، جوامێرو... ها ! ؟.

باوکم لە ناو کێژەلۆکەی بیرکردنەوەدا بووە. دایکم گزارەی کێشاوە.

خۆ دەبێ مزە ئاشی خۆمان بدەین! !) ل (٢٣٩).

ئەم قسەیەی خونچە ڕوونی دەکاتەوە کە هیچ جیـاوازی نییـە لـە نێـوان کوێخـا ڕەشـید و بلەی برازای هەردووکیان لەیەك کەسایەتییدا سەرچاوەیان گرتووە. بۆیە ڕۆڵی خونچە شـان بە شانی ڕۆڵی کەسایەتییە سەرەکییەکان خۆی دەنوێنێت.

خولـەی ئاشــەوان ئەگەرچـی ڕۆڵــی کەسـایەتییەکەی لاوەکـی دەبینێـت، بـەڵام وەك کەسایەتییەکی پەرەسێن بە هەڵوێستی تازە پەرە بەگێڕانـەوەی ڕووداوەکـان دەدات. ئـەم هەڵوێستەی لەو کاتەدا ڕوون دەبێتەوە کەرازی نابێ چـیمە بـەبرزۆی پیـاوی کوێخـا بـدات، بۆیە لە ڕووی کوێخا ڕەشید ڕادەوەستێ و بە توڕەیەوە دەڵێت:

( کوێخـا؟... تـۆ ئێمـە مانـت نـەکڕیوە ! ئـەوا گـوتم ئاشـەوانی تـۆم، بـەڵام جڵـەوی کەنیشکەکەم بەدەستی تۆوە نییە) ل (٦١).

بێگومان خولەی ئاشەوان یەك سیفەتی نییە، بەڵکو بە هۆی دەرکەوتنی چەند سـیفەتێکی چاونەترسانە گێڕانەوەکەی بەرەو ئاڵۆزی بردووە.

کەچی برزۆی پورە سەمەن و ئاتەی دایکی بلە هەریەکەیان هەڵگری یەك سیفەتن، بەڵام بە شێوەیەکی جیاواز. برزۆ وەك کەسایەتییەکی خراپ دەردەکەوێت کە جاسووسی بـۆ کوێخـا ڕەشید دەکات، بە پێچەوانەوە ئاتەی دایکی بلە هەڵوێستێکی باشی دەبێت لـە گێڕانـەوەی ڕووداوی ڕۆمانەکەدا، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە مەبەستی بلەی کوڕی بـۆ ڕوون دەبێتـەوە ئەوا دژی دەوەستێت.

دەستەی دووەم لە کەسایەتییە لاوەکییەکان بریتین لە (عەودل، میرزا غەفور، ڕەشەی جولاّ، مەلا باوەدین، جوامێر) و چەند کەسایەتییەکی تری لاوەکی کە ڕۆڵیان هەیە لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکە، هەندێك لەم کەسایەتییانە گۆڕانیان بەسەردا دێت، بۆیە تاڕادەیەك کاریگەرییان دەبێت لە بەرەو پێش بردنی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە، بەڵام هەندێکیان هەر بە شێوەیەکی سادە دەمێننەوەو هیچ ڕۆڵ و کاریگەرییان نییە. ڕۆڵی ئەو کەسایەتییە لاوەکییانە زۆر جار وەك گێڕەرەوەیەك دەردەکەون لە کاتی گفتوگۆکردندا، چونکە وەك دەمامکێکی نووسەر پرۆسەی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە بەئەنجام دەگەیەنن.

## ڕۆمانی (سۆناتای ڕۆح):

جگە لە کەسایەتیی سەرەکی/ نووسەر، چەند کەسایەتییەکی لاوەکی لەم دەقەدا دەردەکەوێت، تاڕادەیەکی زۆر ڕۆڵ و کاریگەرییان لەسەر ڕووداو و کەسایەتییە سەرەکییەکە هەیە. ئەوانیش بریتین لە (کیاکسار، لەشکری، حاجی قادری کۆیی، زارا، ڕۆژبەهی ڕۆژبەیان). ئەم کەسایەتییانە هەموویان یارمەتی کەسایەتیی سەرەکی دەدەن و لە خزمەتی هەنگاوەکانی دا دەبن لە کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان و ناساندنی خودی خۆیان.

هەرچەندە کەسایەتییە لاوەکییەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەرناکەون، بەڵام لە ڕووی پێکهاتەی هونەرییەوە پەرەسێنن و بوونیان بۆ بەرەو پێش بردنی ڕووداوەکان گرنگە، چونکە کەسایەتیی سەرەکی / نووسەر بە مەبەستی گێڕانەوەی بە سەرهاتەکانی ئەوان ئەم کارە بە ئەنجام دەگەیەنێت، بۆ ئەوەی زیاتر لەو ڕووداوانە شارەزامان بکات. سەرەڕای ئەوەش ئەم کەسایەتییە لاوەکییانە زۆر لایەنی ڕووداوەکان ئاشکرا دەکەن و زیاتر هەنگاوەکانی کەسایەتیی سەرەکی بەرز دەکەنەوە بۆ چوونە ناو ڕووداوەکان. هەروەها ڕۆڵێکی کاریگەرییان هەیە لە یارمەتی دانی نووسەر بۆ وێنەکێشان و پێکهاتەی کەسایەتییە سەرەکییەکە.

## ڕۆمانی (ونگە):

چەند کەسێك ڕۆڵی کەسایەتیی لاوەکی دەبینن لەم ڕۆمانەدا، وەك (لەیلا، ئیرما، زێوەر، عەلی، کـەریم، خوسـرەو، مـام سـالح...). ئـەم کەسـایەتییانە ڕۆڵ و کاریگـەرییان بـۆ سـەر گێڕانــەوەو کەســایەتییە ســەرەکییەکە هەیــە و بــەردەوام لــە خزمــەتی هــەنگاوەکان و یادەوەرییەکانی کەسایەتیی سەرەکی دان و بەشداری لە گێڕانەوەی ڕووداوەکە دەکەن.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین لە دوولایەنـەوە بڕوانینـە ڕۆڵـی کەسـایەتیی لاوەکـی لـە گێڕانەوەی دەقەکەدا:

لایەنی یەکەم: – گێڕانەوەی ڕووداوەکانی کاتی ئێستایەو پەیوەسـتە بـە کەسـایەتیی (لەیلا و ئیرما)، بۆیە لەبلا وەك کەسایەتییەکی لاوەکی گۆڕانی بەسەردا دێـت و هەڵوێسـتی تازەی لێ چاوەڕوان دەکرێت. لـەیلا ئـافرەتێکی فنلاندیـە بـە هـۆی ئـەو پەیوەندییـەی کـە لەگەڵ کەیوان هەیەتی لە زۆر بیرکردنەوەکانی کەیوان ئاگادارە، گوایە ((لە دەفتەرەکەیـدا، یادداشتی دەنووسی، بۆ ئـەوەی، خـۆی گوتـەنی، ببنـە ئازوقـەی داهـاتوو. بـۆ ئـەزموون و پشوودان و حەسانەوە، نیگاری دەکێشا، سەرەڕای چاوەکزەکانی، زۆر کەیفی بە وردەکاری و مینیاتۆر دێتەوە کاری زەیتـی، بـەلاوە درێـژ خایەنـەو.. فلّچـە و بۆیـەو کانفـاس و چـوار چێوەی گەرەکە، کە لەگەڵ گیرفانیدا ناگونجێت)) ل (٥٨).

لێـرەدا مەبەسـت و ئارەزووەکـانی (کـەیوان)مان بـۆ دەردەکـەوێت، کـە مەبەسـتی دابینکردنـی چـەند بەڵگەنامەیەکـە لـە یاداشـتەکەی دەینووسـێتەوەو بەنـەوەی دوارۆژی دەناسێنێت. لەیلا لەڕووی پێکهاتەی کەسایەتییەوە پەرەسـێنە لەگـەڵ ڕەوتـی گێڕانـەوەی کاتی ئێستاو هەندێ لە بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆی بـەڕێوە دەڕوات، و لـە هەنـدێ شـوێندا خۆی دەبێتە گێڕەرەوەو یارمەتی نووسەر دەدات لـە پێکهاتـەو وێنـە کێشـانی کەسـایەتیی سەرەکی، کەچی کەسـایەتیی (ئیرمـا) کەسـایەتییەکی سـادەیە، هـیچ ڕۆڵ و کاریگەریـەکی نییە لە گێڕانەوەدا، تەنیا لەو کاتەی کاردەکات سەر هەڵوێستی کەسایەتیی سەرەکی و بـە شێوەیەك باسی دەکات کە هـەڵگری سـیفەتی چاکەیە، ((وەرە، ئـافرەتێکی تـاك و تـەنیا، پەڕگر و کەمدرامەت، چەند ئاوێزانی زمانەکەیەتی..کەچی ئێمەش..)) ل (٨٢).

لایــەنی دووەم: گێڕانــەوەی ڕووداوەکــانی کــاتی رابــردوو و ئێســتایە کــە پەیوەســتە بەکەسایەتییەکانی (زێوەر و عەلی و کەریم و خوسرەو و فەقێ نـەجم و کوێخـا عـەلی). ئـەم

کەسـایەتییانە هەنـدێکیان بەشـداری لـە گێڕانـەوەی رووداوەکـانی رابـردوو دەکـەن، هەندێکیشیان لە گێڕانەوەی رووداوەکانی ئێستا وەیان لە هەردوو لایەنەوە بەشدارن.

کەسـایەتیی زێـوەر و کـەریم لـە هەنـدێ شـوێندا وەك گێڕەرەوەیـەك لـە دەمـامکی نووسەرەوە رووداوەکان دەگێڕنەوەو لە خزمەتی کەسایەتیی سـەرەکی دا دەبـن و ڕۆڵێکـی کاریگـەر لەسـەر گێڕانـەوەی رووداوەکـان دەگێـڕن. کەسـایەتیی زێـوەر زیـاتر لـە شـێوازی دایەلۆگـدا بـەدیار دەکـەوێت، بێگومـان رووداوەکـان کاریـان کردۆتـە سـەر زێـوەر وەك کەسایەتییەکی کاریگەر گرنگی بە گێڕانەوەی رووداوەکان دەدات.

ڕەنجدەر ئەو کەسەیە کە کەیوان/ کەسایەتیی سەرەکی تـەنیا نـاوی دەهێنێـت، لەبـەر ئەوەی لاپەڕەی یاداشـتنامەکەی بـۆ دەنێرێـت کـە لـە کوردسـتانە، ئـەم کەسـایەتییە هـیچ ڕۆڵێکی نییە لە گێڕانەوەکەدا بە هیچ شێوەیەك دەرناکەوێت. جگە لەم کەسایەتییانە چـەند کەسایەتییەکی تری لاوەکی دەردەکەون، بەڵام ڕۆڵیان نەگەیشـتۆتە رادەیـەکی بەرچـاو بـۆ ئەوەی گێڕانەوەکە بەرەو پێش ببەن. هەرچەندە بوونی ئەو کەسایەتییانە بەلای کەیوانەوە گرنگ بوون لە تۆمارکردنی یاداشتەکەیدا، چونکە گێڕانەوەکـە پێویسـتی بـە جوولـەی ئـەم کەسـایەتییانە کـردووە. کەواتـە کەسـایەتییەکان هەریەکـەیان ڕۆڵیـان لـە بەسـتنەوەی گێڕانەوەی رووداوەکاندا هەیە.

**ڕۆمانی (ئەژدەر):**

جگە لە کەسایەتیی سەرەکی تەنیا یەك کەسایەتییە لە گێڕانـەوەی ئـەم دەقـەدا ڕۆڵـی سەرەکی دەبینێت. چەندین کەسایەتیی لاوەکیش ڕۆڵ و کاریگـەرییان بـۆ سـەر گێڕانـەوەو کەسایەتیی سەرەکی هەیە. ئەم کەسایەتییە لاوەکییانـە هـەموویان وەك یـەك ڕۆڵ نـابینن، هەندێکیان تەنیا لە گێڕانەوەی یادەوەرییـەکانی رووداوی رابـردووی کەسـایەتیی سـەرەکی دەردەکەون، هەندێکی تریان لە گێڕانەوەی رووداوی سەرەکی دەردەکەون.

ئەو کەسایەتییە لاوەکییانەی کە لە گێڕانەوەی رووداوی سـەرەکیدا بەشـداری دەکـەن، وەك (کاراو شیلان و رێزان/ منداڵەکانی میرزان، جوامێر، ئەنوەر، وریـا) ئـەم کەسـایەتییانە هەریەکەیان بەپێی ڕۆڵی تایبەت بە خۆیان کاریگەریان لە بەرەو پێش بردنـی گێڕانەوەکـەدا هەیە.ئەو کەسایەتییانەی کە وەك کەسایەتییەکی سادە لە رووی پێکهاتەی کەسـایەتییەوە رووداوەکان کاریان لێ دەکەن" تەنیا (رێزان و شـیلان و وریـا) یـە، کەبەشـداری لـە رووداوە

سەرەکییەکە دەکەن، بەڵام نووسەر ڕێی بە هیچ یەکێك لەم کەسایەتییانە نەداوە کە خۆیان بدوێن، بـەڵکو لـە دەرەوە وێنـەی ئـەم کەسـایەتییانەی کێشـاوەو بـە ڕێگەیـەکی شـیکاری پێشکەشی کردوون.

کاراو شیلان و ڕێزان هەرسێکیان منداڵی میرزان – نووسەر، ئەوانە ڕۆڵیان لە سـەرەتای ڕووداوەکانی ڕاپەڕین و کۆچڕەوەکەو تاگەیشتنیان بـۆ شـەقڵاوە لەگـەڵ باوکیـان دا هەیـە، بەڵام دوای ئەوەی کە باوکیان دەیانێرێتـەوە بـۆ شـاری کـەرکووك هـیچ ڕۆڵێکیـان نـامێنێ. هەرچەندە منداڵەکانی زۆر پەرۆشی ونبوونی دایکیانن بۆیە کارا لە ناکاوەوە دەڵێت:

((دایکم، ئێستاکە، دەبێ گەیشتبێتە کوێ !؟)) ل (٢٦).

بێگومان کارا ڕۆڵێکی ئەو تۆی نییە کە بتوانێ کار لە گێڕانەوەی ڕووداوەکە بکات، تەنیا وەك کەسایەتییەکی سادە چەند جارێك دەردەکەوێت.

کەسـایەتیی شـیلان و ڕێـزان تاڕادەیـەك ڕۆڵ و کاریگـەرییان لەسـەر گێڕانەوەکـەو کەسایەتیی سەرەکی (باوکیان) هەیە، چونکە ئەم دوو کەسایەتییە لە زۆر لایەنـەوە لەگـەڵ هەڵوێستەکانی باوکیان دان لە بـارەی ونبـوونی دایکیـان. کاتێـك مـیرزا دەڵێـت: ((– بـەڵام دەبێ هەرچی زووە بگەینە دەرەتانێ. دایکتان، باشتر وابوو لێمـان جیانەبێتـەوە، ئـەوەش ئۆباڵی لە ئەستۆی منە.)) ل (٢٦).

ئەنجامی ئەم قسەیەی میرزا، هەمان هەڵوێست و قسەی ڕێزان و شیلانە، بۆیە نووسـەر ڕاستەوخۆ ناخی شیلان بەم جۆرە ئاشکرا دەکات: ((شیلان: هەمان بۆ چوونی تۆی هەبوو، بۆیە دەمت لێنان ئەو، لەشی قورس بوو، ئەم ڕێپێوانەی بۆ نەدەلوا. خالیدی کەرکووکیش، لەبەرازیلیەکەیدا، تەنیا یەك جێگای هەبوو. ڕێزان، چاوی لە حەشاماتە خرۆشاوەکە بڕیبوو، کەتێبینییەکەی درکاند:

بابە، خۆ ئازوقە و پارەی زۆرمان لای دایەیە ! !

تۆ، بەخۆت گوت: {کاتی دەمامك لادانە} بەدەنگیشەوە، بەوانت گوت:

خەمتان نەبێ، بڕی پارەو هەندێ وردەواڵەم: لە گیرفاندایە. ڕێزان، تـۆ تـەنیا ئاگـاداری رادیۆکە بەو هیچی تر.. ڕێزان گوتی: گەر ئەم رادیۆیە نـەبێ، ئـەوا لـە عالـەم دادەبـڕێین.)) ل(٢٧).

لەم ڕوانگەیەوە، ونبوونی دایکیان سەرچاوەی مادی و مەعنەوی دەگرێتە خۆ لەلایـەن باوك و منداڵەکانەوە، بە ئامادەنەبوونی دایکیان تـەوەری سـەرەکی گێڕانەوەکـە گـۆڕاوە و گرێی ڕووداوەکە ئاڵۆزتر بووە لە کاتی ئێستای دەقەکەدا.

وریا خەڵکی شاری کەرکووکە و یەکێکە لە زیندانە سیاسییەکان لەگەڵ خەڵکەکە بـەرەو هەوراز دەڕوات لە ترسی ڕژێم لە ڕێگەدا میرزا دەناسێت و بـاس لـە ئـازارو ئەشـکەنجەدانی خـۆی و زیندانـە بـێ تاوانـەکان دەکـات و بـۆ مـیرزای دەگێڕێتـەوە، هەنـدێ جـاریش ڕووی گێڕانەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو هەڵاتنە و حەشاماتی خەڵکەکـە. وریـا وەك کەسـایەتییەکی لاوەکـی لەگـەڵ کەسـایەتیی مـیرزا کارلێـك دەکـەن و گێڕانـەوەی ڕووداوەکـە بـەرەو پـێش دەبەن.

هەرچەندە جوامێر و ئەنوەر لە ناو ڕووداوە سەرەکییەکەی کاتی ئێستادان، کەچی وەك کەسایەتییەکی سادە، هیچ ڕۆڵێکیان نییە، هەروەها ئەو کەسـایەتییە لاوەکییانـەی کـە لـە گێڕانەوەی زەینی ڕابردووی کەسایەتیی سەرەکیدا بەشداری دەکەن، وەك (ڕەنج، ئەحمەد، نیگار، زاگرۆس، مام نەریمان). ئەمانـە لـە دەوری کەسـایەتیی سـەرەکیدا دەخولێنـەوە، و لەڕووی پێکهاتەی کەسایەتییەوە تاڕادەیەك سادەن، چونکە گێڕەرەوە – نووسـەر ڕێگـەی پـێ نەداون لـە خـودی خۆیـان بـدوێن و بەسەربەسـتی ڕێـڕەوی گێڕانەوەکـە بجوولێننـەوە. لەگەڵ ئەوەشدا گێڕانەوەکە بەرەو پـێش دەبـەن و یادەوەرییـەکانی کەسـایەتیی سـەرەکی دەبووژێننـەوە، بـە هـۆی ئەوانـەوە کەسـایەتیی سـەرەکی ڕووداوەکـانی ڕابـردووی بـەرەو ئاستێکی سەرکەوتوو دەبات. هەندێ کەسایەتیی تری لاوەکی هەن لەم دەقـەدا، بـەڵام زۆر سـادەن و هـیچ ڕۆڵ و کاریگـەرییان نییـە لەسـەر گێڕانـەوەی ڕووداوەکـان و پێکهاتـەی کەسایەتیی سەرەکی وەك نەگۆڕێك لە گێڕانەوەکە دەمێننەوە.

ڕۆمانی (پەرتەوازەی ئێرەو ئەوێکانی ڕەوان):

جگە لەم دوو کەسایەتییە سەرەکییە، چەندین کەسـایەتیی لاوەکـیش ڕۆڵیـان هەیـە لـە گێڕانـەوەی ڕۆمانەکـەدا، هەنـدێکیان تاڕادەیـەك ڕۆڵ و کاریگـەرییان لەسـەر کەسـایەتیی سەرەکی و بەرەو پێش بردنی ڕووداوەکان هەیە، و ئەوانی تر بە شێوەیەکی هەست پێکـراو ڕۆڵ و کاریگەرییان نییە، کەسایەتییەکی زۆرسادەن.

ئەو کەسایەتییانەی، کە ڕۆڵێکی باشیان هەیە لە گێڕانـەوەی ڕۆمانەکـەدا، وەك (دایکـی کارا، جوامێر، سەلیم، فاروق. ئەوانە لەگەڵ ڕێـڕەوی گێڕانەوەکـە هەنـدێ لایـەنی شـاراوەی کەسایەتییە سەرەکییەکە ئاشکرا دەکەن. کەسـایەتیی دایکـی کـارا هیچـی کـەمتر نییـە لـە کەسایەتیی شیلانی کچی بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکـان، چـونکە خـودی دایکـی کـارا هـەر لـە سەرەتایی ژیانییەوە لەگەڵ (هەڵۆ) داو پێشتریش لەگەڵ ئازارەکانیـدا ژیـاوە" بۆیـە دایکـی کـارا ڕۆڵێکـی کاریگـەری لـە پێکهاتـەی کەسـایەتیی سـەرەکی (هـەڵۆ) و بینـای هونـەری گێڕانـەوەی ڕۆمانەکـە هەیـە، هـەروەها ڕۆڵـی (جـوامێر و سـەلیم و فـاروق) تاڕادەیـەك کاریگەرییان هەیەو هەڵگری کەسـایەتییەکی هەڵوێسـت وەرگـرن، چـونکە لەگـەڵیك شـوێندا لەخزمـەتی کەسـایەتیی سـەرەکیدا بوونـە بـۆ هـەنگاونانی بـەرەو گێڕانـەوەی ڕۆمانەکـە، بەتایبەتی کەسایەتیی جوامێر لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ کەسایەتیی شیلان کارلێك دەکـەن بـە هۆی نامە گۆڕینەوە گێڕانەوەکە بەرەو پـێش دەبـەن. جگـە لـەم کەسـایەتییە لاوەکییانـە، چـەند کەسـایەتییەکی لاوەکـی تـریش هەیـە، بـەڵام کەسـایەتییەکی سـادەن هـیچ ڕۆڵ و کاریگەرییان نییە، تەنیا ڕۆماننووس / گێڕەرەوە لە ڕێی ئەوانـەوە هەنـدێ لـە ڕووداوەکـان دەگێڕێتەوە، ئەویش بە یارمەتی کەسایەتیی سەرەکییەوە لە ئـەنجامی یادەوەرییەکانـەوە چـەند بەسـەرهاتێکی خـۆی لەگەڵیانـدا دەگێڕێتـەوە، کەواتـە بـوونی کەسـایەتییەکان لـەم ڕۆمانەدا تاڕادەیەك کاریگەرییان هەیەو گێڕانەوەی ڕۆمانەکە بەرەو پێش دەبەن و یارمـەتی کەسایەتیی سەرەکی دەدەن بۆ ئەوەی پەرەبسێنێت.

## ڕۆڵی حەکایەتخوان لە گێڕانەوەی ڕۆماندا

شـێوازی گێڕانـەوەی حەکایـەتخوانی پەیوەنـدی بەزمانـەوە هەیـە، تێیـدا ڕۆمـاننووس هەڵدەستێ بە بەحەکایەتخوان کردنی کەسـایەتیی و بەحەکایـەتکردنی ڕووداوی ڕۆمانەکـە، بەڵام حەکایەتخوانی تایبەت نییە بە کەسایەتییەك بۆ گێڕانـەوەی حەکایەتەکـە، بـەڵکو زۆر جار کەسایەتییی سەرەکی و کەسایەتیی لاوەکی ڕۆمانەکـە ڕۆڵـی حەکایـەتخوانی دەبیـنن، چونکە هەروەکو ئەرستۆ دەڵێت: (حەکایەت کردارە، کرداریش دەرهاوێشتەی کردەی چەند

كەسێكەو لە ئەنجامی پێوەندی نێوان خۆیـان وردە وردە گەشـەدەكات و شـتی دیكـەی بـە دەوردا دەچنرێ و تادێت پەلوپۆی لێ دەبێتەوە و ئاڵۆز دەبێت)[1]

هەرچـەندە فۆرمالیسـتە رووسـەكان پێیـان وایـە كـە نـاواخنی حەكایـەت و بونیـادی حەكایەت بەرامبەر بەیەك دەوەستن و ئاوێتەی یەكتر دەبن، لەبەرئەوەی ناواخنی حەكایەت (كۆمەڵە رووداوێكی بە دوایەك داهـاتووە لـە نێـوان خۆیـان، كـە لـە رێـی كاركردنـدا پێمـان رادەگەیەنرێت. نـاواخنی حەكایـەت دەتوانرێـت بـە رێگـەی كـرداری پێشـكەش بكرێـت، بـە گوێرەی سیسـتەمی سروشـتی، بـە مانـای: سیسـتەمی كـاتی و هۆیـەكی بـۆ رووداو، ...لـە بەرامبەر ناواخنی حەكایەت، بونیادی حەكایەت هەیە كە لـە هـەمان رووداو پێـك دێـت، كـە دەتوانرێت سیستەمی دەركەوتنیان لە كارەكە بپارێزێت، ..)[2].

حەكایــەتخوانی كەســێكە، كــە لــە شــێوەی راوێــژكار دەردەكــەوێت و بــەو پەنــدو ئامۆژگاریانەی ئاشـنامان دەكـات لـە كـاتی گێڕانـەوەدا، ئـەم شـێوازەش زیـاتر لـە ڕۆمـانی تەقلیدیدا پەیڕەو دەكرا، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ كە ڕۆمانی نوێ بێ بەشە لە كەسایەتیی حەكایەتخوانی بۆ گێڕانەوەی حەكایـەت و ئامۆژگارییـەكان بـۆ خوێنـەران. كەواتـە (ئەگـەر پەند(چرب المپل) بە جۆرە بـیر نـوێن ideogram ێك دابنـێین، ئـەو كـات رەنگـە پەنـد، تەعبیركەرترین نموونەیە بۆ روونكردنەوەی شێواز و شێوە كرداری حەكایەتخوان. دەتوانین بڵێین هەر پەنـدێك كەلاوەیەكـە لـە هـەرێمی حەكایـەتێكی كەونینـەدا جـێگیر بـووەو تێیـدا ئامۆژگارییەكی ئەخلاقی، وەك لاولاوێك دیوار بتەنێ، بە دەوری رووداو یان باسەكەدا، لوول دەخوات. ئەگەر لەم گۆشە نیگاوە بڕوانیت، دەبێ حەكایەتخوان وەك ئامۆژگارو حەكیم چاو لێبكەین. بە پێچـەوانەی پەنـدەوە، ئامۆژگـاریی حەكایـەتخوانیش وەك ئامۆژگـاریی پیـاوی حەكیم تەنیا چەند ڕەوشی كەم و بەرتەسك ناگرێتـەوە. بـەڵكو گـەلێ دۆخ لـە خـۆ دەگـرێ. چونكو رێگە بە حەكایـەتخوان دراوە ئـاوڕ لـە گەشـتێتیی ژیانێـك بداتـەوە.)[3].لـەم كاتـەدا

---

[1] جەلیل كاكەوەیس، ڕۆمانی كوردی — پەرتبوونی رووداو و نازیندەیی شاكەس، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ١٣١.

[2] : عادل مەجید محەمەد گەرمیانی، ڕیالیزم لە ڕۆمـانی كـوردی هاوچـەرخ لـە عێراقـدا، نامـەی ماجسـتێر، زانكۆی بەغدا، كۆلێجی پەروەردە (ئیبن رشد)، ١٩٩٦، ل١٨١.

[3] : ڤالتێر بنیامین، نڤیسار (كۆمەڵێك بابەتی تیۆرری )، وەرگێڕانی: كۆمەڵێك وەرگێڕ، بەرگی یەكەم، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١٤٨.

حەکایەتخوانەکە هەمیشە بە مەزنی لە دڵی خەڵکەوە دەمێنێتەوە،چونکە ئـەو کەسـایەتییە ئـەوەی دەیگێڕێتەوە،ئـەزموونی ژیانـە، واتـە ئـەزموونی ژیـانی خـۆی و ئـەزموونی ژیـانی خـەڵکانی تـریش بـە شـێوەیەکی بـەرفراوان دەگێڕێتـەوە، بـەڵام (یـەکێ لـە شـێوازەکانی حەکایەتخوانی درێژ دادڕییە، کە جاری وا هەیە لاپەڕەیەك یان دووان لـە سەرشـتێك دەڕوا، کە چیرۆکنووسی بە توانا لە تەکنیکی نوێدا، بـە چـەند رسـتەیەك بـە دەسـتییەوەی دەداو دەیبڕێنێتەوەو، ئەمەش پێی دەوترێ" شێوازی بروسکەیی لە داڕشتندا)[1].

گرنگی ڕۆڵی حەکایـەتخوان لـە گێڕانـەوەی ڕۆمانـدا زۆر جـار دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە تەنانـەت ئــەو کەســەی کــە حەکایەتەکــەش دەخوێنێتــەوە، بەشــداری ئــەم گێڕانــەوەی حەکایەتخوانەکە دەکات، بۆیە حەکایەتخوان هەموو کاتێك ئەو بارە جێگیرەی خوێنەر یـان گوێگر دەوروژێنێ و (لەو بارە دەروونییە دەری دەکاتە دەرەوە بەمەش گێڕانـەوە دەخاتـە ڕێچکەیەکەوە کە لە سەری دەڕوا بۆ مامەڵەکردن لـە پـەراوێزی وەرگـرتن و کاردانـەوە، لـە نێـوان زمـان و زەینـدا، هـەر بۆیـە گێڕانـەوە بـــەم شــــێوازە دەسـەڵاتێکی ورووژێنـەرو خۆسەپێنەرەو کار دەکاتە سەر بارە دەروونییە جێگیرەکانی خوێنەر، ....)[2]، واتە هەموو ڕووداو و حەکایەتێك لە کاتی گێڕانەوەدا کاتێك بە شێوەیەکی روون دەخرێنە ڕوو، هۆیەکـە بـۆ پێـك هـاتنی هونـەری حەکایـەتخوانی" بـەڵام ئـەم حاڵەتـەی کـە حەکایـەتخوان لـە حەکایەتخوانی تایبەتی خۆیدا کە لەو کاتەی لە بارەی حەکایەتەکە دەدوێت جیا دەکاتـەوە کاتی گێڕانەوەی دەقی حەکایەتەکە. ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێ کـە حەکایـەت و گێڕانـەوە پێکهاتەی پێویستن بۆ هـەموو گێڕەرەوەیـەك، کەتێیـدا ڕۆڵـی حەکایـەتخوانی دەبینـێ لـەو گۆشەنیگایەی کە لێوەی دەڕوانێتە ڕووداوەکان، بەڵام ئەوەی لە ڕۆمـانی تەقلیـدی تێبینـی دەکرێت کە هەمیشە گرنگـی دەدات بـە گۆشـەنیگای ڕۆمـاننووس یـان بـەو گۆشـەیەی کـە ڕۆمــاننووس تێیــدا ســەیری ڕووداوی حەکایەتەکــەی دەکــات. چــونکە حەکایــەتخوانی

[1]: حسێن عارف، نووسینەکانم لەبواری ڕەخنەو لێکۆڵینەوەدا سالآنی ١٩٥٥ بۆ ١٩٨٨، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٥٩.

[2]: نەجات حەمید ئەحمەد، بنیاتی گێڕانەوەلە دوو سەرەیی— گەڕانەوە بۆ سـەرەتایەتیی گـوتن و بـە فانتازیـا کردنی واقیعدا، گ؛ (ڕامان ) ژ(٣٥ )، ١٩٩٩، ل٣٣.

(کەرەستەی خاوی ئەزموونی نووسەرو خوێندنەوەیەتی و، بنیای گێڕانەوە لێکردنەوەیە لـە حەکایەت یان باشتر وایە بڵێین زیاتر دامەزراندنی سنوری بینینی حەکایەتەکەیە)[1].

ڕۆمـــاننووس کەســـایەتییەکانی تـــر وەك ســـیمایەکی حەکایـــەتخوانی لـــە پێگـــەی حەکایەتخوانێکدا دەناسێنێ. بە پێیی ئەو زمانەی کە گێڕانەوەی پێ ئەنجام دەدرێت، لـەو کاتەدا بەهای ئەو ڕووداوانەی کە دەگێردرێنەوە لە لایـەن هـەر کەسایەتییەك بێـت دەگاتـە بـەهای بەحەکایـەت کـردن" چـونکە (بـە حەکایـەت کـردن دەچـێتە نـاخی شـتەکانەوە، پەیوەستێکی بنەڕەتی لەگەڵ مانادا دروست دەکات و لـە هەمووشـی گـرنگتر سـنوورێك بـۆ زەمەنی چەسپاو و ڕووداوی دروست کـراو دادەنێـت و تـەنها سـنوورەکانی کاریگـەرییان لـە بەردەم خولْقاندنی مانـا دەکەنـەوە تـەنها شـێوەو جووڵـەیان لـە جوانکـاریی وێنـەو زمانـدا دەخەنــە کــارو ســیفەتی گێڕانەوە.بــە حەقایــەتکردنی ڕووداو دەگــۆڕن بــۆ شــێوەی بــە حەکایەتکردنی ئاماژەو دەلالەتەکان، ...)[2] واتە ئاڵوگۆڕییەك لە لایەن حەکایەتخوانـەوە لـە کاتی گێڕانەوەو بە حەکایەت کردنی ڕووداوەکان و ئامۆژگاری و پەندەکاندا دروست دەبێت، چونکە سیفەتی ڕێکخستنی ڕووداو و زمانەوانی ئەرکێکە گێڕانـەوە دەیگرێتـە خـۆ. بەمـەش ڕۆمانەکە لە ڕۆڵی حەکایەتخوان و ڕۆڵی کەسایەتییەکانی تر بێ بەش نابێت و مـەزنی خـۆی دەردەخات و سیمایەکی نوێ بە ڕۆمانەکە دەدات.

---

[1]: شفيق يوسف البقاعي (د.)، نظرية الأدب، ط ١، ليبيا، ص٣٩٣.

[2]: نەجات حەمید ئەحمەد، چیرۆك و بیری بەهاقایەتکردنی زمان، گ (نووسەری نـوێ )، ژ (٣١)، ٢٠٠٦، ل٩٩.

## ڕۆڵی حەكایە تخوان لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکانی عەبدوڵلا سەڕاج دا

## ڕۆمانی ( هەڵکشان بەرەو لوتکە ):

لەم ڕۆمانەدا ڕۆماننووس تاڕادەیەکی زۆر کاری گێڕانـەوەی حەکایـەتخوانی ئـەنجام داوە، ئەم ڕۆڵەشی بە کەسایەتیی سەرەکی و هەنـدێ لـە کەسـایەتییەکانی تـر بەخشـیووە، وەك ئەوەی، کە تۆفیقی (پاڵەوان) خۆی لە هەندێ شـوێندا ڕۆڵـی حەکایـەتخوانی بینیـووە، کـە باسی حەکایەتی کەسانی دەوروبەری خۆی و حەکایەتی مێژووی کەرکووکی کردووە، بـەلاَم لە زۆر شوێندا شێوەی گێڕانـەوەی ئـەم حەکایەتانـە بـە شـێوەیەکی پچـر پچـرە، واتـە تـا کۆتایی حەکایەتەکەی بە دوایەکدا نەگێڕاوەتەوە، بەڵکو هەندی جار دەگەڕێتەوە بـۆ کـاتی ئێستای گێڕانـەوەی ڕۆمانە کـەو لـە دواییـدا گێڕانـەوەی حەکایەتەکـە تـەواو دەکـات، بۆیـە بەکارهێنانی ئەم جۆرە شـێوازە سـیمایەکی هونـەری بـە ڕۆمانەکـە بەخشـیوە. لـە هەنـدێ شوێنی تردا (تۆفیق) گێڕانەوەی حەکایەتخوانی بۆ دایکی و خانەی خێزانی و باپیری خـاڵی و سالاری هاوڕێی بە جێ دەهێلێت، بەلاَم ڕۆڵی حەکایەتخوان و زۆری گێڕانەوەی حەکایـەت و مەتەڵ و پەنـدی پێشـینان نەبۆتـە هـۆی بـەرەو پـێش بردنـی گێڕانـەوەی ڕۆمانەکـە، بـە پێچـەوانەوە گێڕانەوەکـەی سسـت کـردووە، (هەرچـەندە مەبەسـتی نووسـەر پاراسـتن و کۆکردنەوەی کەلەپوور و پـڕو پـووچ و ئەفسـانەیە، بـەلاَم بـە دوورکەوتنـەوەی مەبەسـت و گەورەکردنی قەبارەو لە دەستدانی تایبەتەکانی ڕۆمان شکاوەتەوە )[١].

بە پێی ئەم بۆچوونە کاتێك تۆفیـق لـە گێڕانـەوەی حەکایەتـدا لـە لاپـەڕە (١٢٥– ١٢٦ – ١٢٧–١٢٨ – ١٢٩) ڕۆڵـی حەکایـەتخوانی دەبینێـت، دەبێتــە هــۆی دابڕانێکـی زۆر لــە گێڕانەوەی ڕووداوی سەرەکی ڕۆمانەکە، و لە هەندێ کاتدا نەوزادی کوڕی و سالاری هاوڕێی بەشداری لەگەڵدا دەکەن لە گێڕانەوەی حەکایەتخوانەکەدا، لە بەر ئەوەی سالار داوای ئـەو گێڕانەوەی لێ دەکات کاتێك دەڵێت: (کاك تۆفیق، لە بیرتە وتت باسی (توونی بابە عەمرە)) و ((پسـاکان)م بـۆ دەکـەوێت..) ل(١٢٥)، بۆیــە لــە ڕێـی ئەوانــەوە ڕۆڵـی خـۆی وەك حەکایەتخوانێك بە خوێنەر ئاشنا دەکات. هەروەها لە باسی کەودا لـە لاپـەڕە (٨٤ –٨٥ – ٨٦) حەکایەتخوان زیاتر ڕووبەڕووی ئامۆژگاریمان دەکاتەوە، چونکە زانیارییەکی تەواومان

---

[١]: ئیبراهیم قادر محەمەد، ڕۆمانی کوردی لە عێراقدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێجی ئاداب، ١٩٩٠، ل١٥٥.

لە بارەی حەکایەتی کەودا بۆ دەگێڕێتەوە. ئەم حەکایەتەشی لـە زاری سیامەندی هـاوڕێی وەرگرتووە.

گێڕانەوەی چەند حەکایەتێك بە دوای یەکدا وای کـردووە کـە بـە تـەواوی لـە گێڕانـەوەی رووداوی ڕۆمانەکە دابڕێت، وەك لە لاپەڕە (١٧٧) تۆفیق حەکایەتی ئەژدیهایەك بۆ دایکی و هەمووان دەگێڕێتەوە، لـە هەمانکاتـدا لـە لاپـەڕە (١٧٨ تـا ١٨٢) خاتـەی خێزانـی جلـەوی حەکایەتخوانەکە دەگرێتە ئەستۆ، بـەڵام حەکایەتـەکانی خاتـە زیـاتر لایـەنی پـەروەردەیی پێوە دیارە بۆ منداڵەکانی، هەروەك حەکایەتە میللییەکان سەرەتا دەڵێت:

(هەبوونەبوو، بووبە بزنێکی دایکانەو سێ کاری نەرم نـۆڵ و نیـان.)) ل (١٧٨)، هـەروەها بەم جۆرە کۆتایی پێ دەهێنێت و دەڵێت:(... منیش هاتمەوە هیچم پێنەبڕا. چەپکێ گوڵ و چـەپکێ نێرگـز. مـەرگتان نـەبینم هـەرگیزاو هـەرگیز.) ل (١٨٢)، کەچـی ئاوێتـە کردنـی حەکایـەت لـە لایـەن حەکایەتخوانانەوە(خاتـەو تۆفیـق) لـە لاپـەڕە (٢٠٦ تـا ٢٠٨)، تێیـدا ڕۆمـاننووس زیـاتر مەبەسـتی ئەوەیـە کـە ئـەم حەکایەتانـە بخاتـە قالبێکـەوە بـۆ ئـەوەی سیمایەکی ئیستاتیکی بە گێڕانەوەی ڕۆمانەکە ببەخشێت، بەتایبـەتی کـاتێ کـە بـاس لـە حەکایەتی رابردوو دەکـات، وەك سـۆزدارێك هەڵوێسـتی خـۆی لـەم بارەیـەوە دەردەبڕێـت، ئەمەش لە دایەلۆگی نێوان تۆفیـق و سـالار لـە مـەڕ باسـی قـەڵای ئـەم شـارە بـەر جەسـتە دەبێت. کەواتە لەم ڕۆمانەدا سۆز لەلایەن ڕۆماننووسەوە (بۆتە هۆی ئەوە کە دەست بداتـە تۆمارکردنی نەخشەی (کەرکووك) و ئەو پەندو حەکایـەت و قسـە نەسـتەقانەی کـە لـە نێـو خەڵکدا باو بوون، لێرەدا نووسەر وەك فۆلکلۆریستێك دەکەوێتـە خـڕ کردنـەوەی کـەلتوورو نەریت.)[1] ، هەروەها ئایشـەی دایکـی و بـاپیری خـاڵی تۆفیـق کـە کەسـایەتیی سـەرەکی و لاوەکی ڕۆمانەکەن بێ بەش نین لـە ڕۆڵـی حەکایـەتخوانی، وەك لـە لاپـەڕە (٣١) دا دایکـی باس لە پەندێك دەکات کە لە پشتەوەی حەکایەتێکی سەیری پاشای تێدا بەدی دەکرێت، و لە لاپەڕە (٥٦)دا، باپیر ڕۆڵی حەکایەتخوان دەبینێت لە گێڕانـەوەی حەکایـەتی جبرائیـل و ئیسرافیل.

ئـەم هـەموو حەکایەتانـەی نـاو ئـەو ڕۆمانـە زیـاتر گەیانـدنی مەبەسـتێك بـووە لـە لایـەن ڕۆماننووسەوە، بۆ ئەوەی زانیاری زیاتر لە بارەی مێژوو و حەکایەتی ئەم شارە بە خوێنـەر

---

[1] : فەروخ نیعمەتپوور، کاولاش و مۆدێرنیزم، گ؛ (رامان )، ژ (٢٥ )، ١٩٩٨، ل٢٢٨.

بگەیەنێت، زۆر جار وەك هێمایەك ئاماژەی بە هەندێ لایەن کردووە، کاتێك لە باسی هەڵۆی سپی دەدوێت لە زۆربەی شوێنی ڕۆمانەکە، ئەم هێمایەش مەبەستێکی بە هێزی نووسەر بووە، بۆیە ئەم کارەی کە نووسەر کردوویەتی مانای ئەوە ناگەیەنێت کە گێڕانەوەی دەقی ڕۆمانەکە لایەنی هونەری خۆی لە دەست داوە، بەلاَم تا رادەیەك بۆتە هۆی خاوبوونەوەی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە.

## ڕۆمانی (کاولاش):

ئەگەر سەیری ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە بکەین خۆی لە خۆیدا حەکایەتێکەو نووسەر (گێڕەرەوە) حەکایەت و بەسەرهاتەکانی گوندی چیمەنمان بۆ دەگێڕێتەوە، بەلاَم لە بەر ئەوەی نووسەر لە ڕێی چەند تەکنیکێکی نوێوەو بە هۆی چەند گێڕەرەوەیەك ڕووداوەکانمان لە کاتی ئێستادا بۆ دەگێڕێتەوە، ڕێگەی نەداوە کەوا خوێنەر هەست بە بوونی ڕۆڵی حەکایەتخوان بکات لە گێڕانەوەکەدا، چونکە نووسەر زۆر هەوڵی داوە کە خۆی لە تەکنیکە باوەکان بپارێزێت. هەروەکو خۆی لە دەقی ڕۆمانەکە دەڵێت: ((دروشمم: دابڕڕانە لە باو و ئاسایی و ساکاری و حەکایەتخوانی.)) ل(٦)، کەواتە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە ڕۆماننووس تاڕادەیەك دەقەکەی لە ڕۆڵی حەکایەتخوانی دوور خستۆتەوە، بەلاَم ئەمەش مانای ئەوە نییە، کە بە تەواوی هەست بە بوونی ڕۆڵی حەکایەتخوان نەکرێت لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا، بەڵکو لە هەندێ شوێندا ئەو کەسایەتییانەی کە گێڕانەوەکە ئەنجام دەدەن هەندێ حەکایەتی میللی و مێژوویی دەگێڕنەوە، بەمەش کەسایەتیی حەکایەتخوان ڕۆڵی خۆی دەئاخنێتە نێو گێڕانەوەی ڕۆمانەکە. ئەویش لە چەند لاپەڕەیەکدا بە شێوەیەکی کورت حەکایەتەکە دەگێڕێتەوە، وەك لە لاپەڕە (١٥– ١٧– ٨٣)دا، هیوای گێڕەرەوە ڕۆڵی حەکایەتخوانی دەبینێت لە گێڕانەوەی چەند حەکایەتێك دا، وەك حەکایەتی ئەفسانەیی (دەڵە ورچێك) کە بۆ خەڵکی گوندی چیمەن دەگێڕێتەوە لە کاتی ئێستادا کاتێك دەگاتە گوندەکەو دەڵێت:

(قسەیەکی سەیرو سەمەرەتان بۆ بگێڕمەوە. لەو گوندانەی زۆراندا، دەڵەورچێك، لە نزیك قامیشەلاَنی ئەوێ،هەرزکارێکی رفاندبوو! گوایە دەڵێن ورچەکە بەبابووە.))ل(١٥).

هەروەها ڕۆڵی دایکی هیواش لە حەکایەتخوانیدا دەردەکەوێت کاتێك حەکایەتی (کوڕە کەچەڵە)ی بۆ هیوای کوڕی دەگێڕایەوە لە کاتی رابردوودا، ئەمەش بۆتە هۆی بەرەو پێش

بردنی رووداوی رۆمانەكە و مایەی ئیستاتیكی دەقەكە، بە تایبەتی لەو كاتەی كە هیـوا لـە سەر گۆڕی دایكـی دا دەبێـت و گفتوگۆی لەگـەڵ دا دەكـات و دەڵێـت: ((حەكایـەتت بـۆم دەگێڕایەوە، ملـم كەچـدەكردە سـەرڕانت..))ل(٣٠)، لـە دوایـی دا دایكـی هیـوا دەسـت بـە گێڕانەوەی حەكایەتەكە دەكات و دەڵێت:

( هیوا: هەبوو نەبوو، لە خوا گەورەتر نـەبوو. هـەبوو بـە كـوڕە كەچـەڵەیەك بچوایە هـەر شوێنێك، قێزیان لێدەكردەوە ! راویان دەنا !) ل (٣٠).

كەواتە ڕۆڵی حەكایەتخوانی لە ناو گێڕانەوەی رووداوی سەرەكی ڕۆمانەكە ئـەنجام دراوە، كەبـەهیچ شـێوەیەك نەبۆتـە هـۆی سسـتی بەڕێوەچـوونی گێڕانەوەكـە، بـەڵكو بۆتەمایـەی بـەرەوپێش بردنـی گێڕانـەوەی ڕۆمانەكـە، چـونكە بـە شـێوازێكی هونـەری كـورت حەكایەتخوانەكە گێڕانەوەكە بە ئەنجام دەگەیەنێت، هەروەها چەند كەسایەتییەكی تـریش ڕۆڵی حەكایەتخوانی دەبینن لە گێڕانەوەی حەكایەت و بە سەرهاتی كەسانی دەورووبەریاندا، لە وانە (چیمەن و عەودل و خولەی ئاشەوان)، كە لە لاپەڕە (١٣٠) عەودل باس لە حەكایەت و بە سەرهاتی (نوح پێغەمبەرو كەشتی یەكەی) دەكات، و لە لایەن (خولەی ئاشەوان) یـش لە لاپەڕە (١٨١) دا، دیسان باسی لێوە دەكرێت.

لێرەدا حەكایەتخوان ڕۆڵی گێڕەرەوە دەبینێت لە گێڕانەوەدا، بۆیە تاڕادەیەك توانیویـەتی كار بكاتە سەر بەرەو پێش بردنی رووداوەكە وەك كەسایەتییەكی پەرەسێن بەشداری تێدا بكات. بە تایبەتی كاتێك ڕۆماننووس باس لـە مێـژووی رابـردووی گونـدی چـیمەن دەكـات، هەڵوێستێكی سۆزداری تێدا دەردەكەوێت و بوار بۆ هونەری حەكایەتخوانی دەرەخسێت كە ئاوێتەی رووداوەكان ببێت.

## ڕۆمانی (سۆناتـای ڕۆح):

ڕۆماننووس لەم دەقەدا بە سوود وەرگرتن لە شێوازی حەکایەتخوانی و حەکایـەتی میللـی کوردی هەوڵی داوە مێژووی رابردووی کوردمان بۆ بگێڕێتەوە لە ڕێی ڕاناوی کەسی یەکەمی (قسەکەر)ەوە، کە خودی نووسەر خۆیەتی. بـە تایبـەتی لـەو سـێ گەشـتەی کـە ئـەنجامی دەدات زادەی دروسـتکردنی بـیرو خـەیاڵی خۆیـەتی، کـە تێیـدا لـە هـەر گەشـتێکدا حەکایەتێکمان بۆ دەگێڕێتەوە و تێکەڵی حەکایەتی میللـی کـوردی و داسـتانی ئەفسانەیی دەکات.

کەسـایەتیی سـەرەکی (گێـڕەرەوە) لـە ڕۆڵـی حەکایەتخوانیـدا گێڕانەوەکـە زیـاتر بـەرەو پێشـەوە دەبـات، چـونکە خـودی دەقەکـە خـۆی زیـاتر لایـەنی گێڕانـەوەی حەکایـەت دەگرێتەوە. ئەم گێڕانەوەش لە شـێوازی دایەلۆگدا دەخرێتـەڕوو کاتێـك کـە لەگـەڵ گیـانی کەسایەتییەکان دەدوێت بە سەرهاتی هەریەکەیان لە زاری خۆیانەوە دەگێڕێتەوە.

حەکایەتخوان لە باسی مێژووی میدیاکاندا بە ڕۆحی کیاکسار دەگات و دەڵێت:

(– ئێستا زانیم لە نەوەی میدیایت بەڵام ناوت...!؟ پێکەنی و دەنگی پێکەنینەکەی ئـەو گوزەرەی گرتەوە: ئەز کیاکسارم، لە وەچە و بنەماڵەی رەسەن زادەی فرائـورت و ئارپـاك، ...) ل (٢٤)، هەروەها لە باسکردنی کەسایەتییەکانی تریش لە گەشتی دووەم و سـێیەمدا، بە هەمان شێوە باس لە بەسـەرهاتەکانیان و ئامۆژگارییـەکانییان دەکـات، وەك لـە لاپـەڕە (٤١) بە حەکایەتی لەشکری ئاشنامان دەکات، و لە ڕێی ئامۆژگارییەکانی (زارا) وە دەبێتـە هەڵگری پەیامی زەردەشت کاتێك دەڵێت:

(زارام. ئەو زارایەی پەیامبەران لە هزرو سرودی ئاڤێستاو وزەندی منـەوە پـەیام و بێخـی ئایینەکانیان داڕشتووە.)) ل (٦٠).

واتە بە هۆی ئامۆژگارییەکانی زارا کاتێك کە (... ڕێنومایی دەکات ئـەمی گێـڕەرەوە هـەر خولیای دۆزینەوەی زیاتری نهێنییەکانی رابردوویەتی بۆ ئەو مەبەسـتە پـارەو شـتی کـۆنی رابـردوو دەکرێـت، ئـەنجام رێگـای لـە کڕینـی ئـەو پێسـتە نووسـراوە دێرینەیـە دەکـەوێت، کەپاداشتی (ڕۆژ بەهە)ە)[1].

---

[1]: عەتا قەرەداغی، گەڕانەوە بۆ رەفرەکانی رابردوو لە کورتە ڕۆمانی (سۆناتای ڕۆح)ی عەبدوڵڵا سەڕاجدا، گ؛ (گەلاوێژی نوێ)، ژ (٢٢)، ٢٠٠١، ل٨٤.

جوولانەوەی گێڕانەوەکە بە هۆی ڕۆڵی حەکایەتخوانەوە لە گێڕانەوەی هەندێ بیروباوەڕی ئایینییەوە بە شێوازی حەکایەت ئامێز زیاتر پەرەدەسێنێت، لەو کاتەی کە گێڕەرەوە وەك حەکایەتخوانێك ڕووبەڕووی گیانی کیاکسار دەبێتـەوە و دەڵێـت: ((شـەوێکی دوورو درێـژە، خەوم زڕاوە، تۆ دەزانی، کە ناحوم پێغەمبەر لە تەوراتدا، ڕەوایی گوتـەکانت دەسـەلمێنێ. گوێ بگرە (خواوەند لە بارەی تۆوە فەرمانی داوە جارێکی تر نەوەیەك بە ناوی تۆوە نـابێ و بتە تاشراوەکانت فڕێ دەدەمە دەرو دەیکەمە گۆڕت، چونکە لار بوویت)ل(٢٣)

شـیکردنەوەی ئـەم حەکایەتانـە لـە ڕووی شـێوازو ڕۆڵـی حەکایەتخوانـەوە، هەریەکـەیان مەبەستێکی لە دواوەیە، ئەمەش خواست و نیازی نووسەرەکەیە هەوڵی داوە خـۆی ئـەرکی گەیاندنی شوناسی میللەتی کورد بە سەرکردەکانی ئێستا بگەیەنێت. واتە بنەماو خاسیەتی ئەو حەکایەتانە لە داڕشتندا شێوازی هونەری حەکایەتخوانی پێك دەهێنن و یەکسەر دەچنە ناو گێڕانەوەی ڕووداوەکان، بۆیە ڕۆڵی حەکایەتخوان لەم دەقە وەگەڕخسـتنەوەی سـەر لـە نوێی گێڕانەوەی ڕووداوە رابردووەکەیە.

## ڕۆمانی (ونگە):

ئەوەی لەم ڕۆمانـەدا تێبینـی دەکرێت ئەوەیـە کـە دەقەکـە ئـەزموونی ژیـانی نووسـەر خۆیەتی، ئەمەش گەلێك جار وا دەکات کە گێڕەرەوە لە ڕۆڵی حەکایەتخوانی نزیك بکاتەوە" چونکە (ڕۆمان جگە لە حەکایەت گێڕانەوە، کەسەکانی چـیرۆك و داروبـاری کۆمەلاّیـەتی و (لە چـیرۆکی ئـەمڕۆیی دا) نـاو مێشـکی بنیادەمـەکانمان پێشـان دەدات، ڕۆمـاننووس هـەر بەرزە فڕەیەکی هەبێ کەیفی خۆیەتی، بەلاّم واباشە ئەمەی لە بیر نەچێ کە وەك حەکایەت بێژ دەستی بۆ پێنـووس بـردووەو هەرچـی بکـات نـاتوانێ خـۆی لـەم سەرچـاوەیە دەربـاز بکات)[١]. واتە هەرچەندە نووسەر خۆی دوور بگرێت لـە ڕۆڵـی حەکایـەتخوانی و حەکایـەتی ئەفسانەیی، ئەوا لە هەندێ شـوێندا بیـەوێ یـان نەیـەوێ حەکایـەتخوان بـوونی خـۆی هـەر دەسـەپێنێ. نووسـەر لـەم دەقـەدا هـەر لـە سـەرەتاوە ڕۆڵـی حەکایـەتخوانی بـە کـەیوانی گێڕەرەوەو کەسایەتیی سەرەکی ڕۆمانەکەداوە بۆ ئـەوەی بچێتە نـاو گێڕانـەوەی ڕووداوی

---

[١] ئیفۆر ئێڤانس، ڕۆمانی ئینگلیزی لە سەرەتاوە تا زەمانی دانیال دیفۆ، گ؛ (سـەردەم)، ژ (٢)، ١٩٩٩، ل٨٨.

ڕۆمانەکە. ئەویش لە لاپەڕە (٦ تا ١٢) حەکایەتێکی ئەفسانە ئـامێزی حـەمرین و دایکیمـان بۆ دەگێڕێتەوە کە خۆی دروستی کردووە لە وێنەی سەر بەرگی ئەو گۆڤارەی کـە لـە سـەر مێزی قاوەخانەکەدا بـە جـێ مـابوو. گێڕانەوەکـە ش لـە شـێوەی دایـەلۆگی نێـوان دایـك و کوڕەکەی دا دەخاتە ڕوو، کاتێك حەمرین روو لە دایکی دەکات و دەڵێت:

(– هۆ دایگە گیان، خونچە دەناسی؟

دایکی، لە ئەندێشەی خۆی وەئاگا هات. کتوپڕ، بە ئاوازێکی سۆزناکەوە هەڵیدائێ.

باوکی دایە، کەوشەی دایەت لێدەبیسم.. ڕادەچڵەکێم! دەکـارم هـەموو پەنهانی ناخم ڕەها بکەم و..)) ل (٧).

واتـە نووسـەر لـە ڕێـی ڕۆڵـی کەیوانـەوە وەك حەکایـەتخوانێك دەروازەی گێڕانـەوەی ڕووداوەکـە دەکاتـەوە، کاتێـك ئـەزموونی ژیـانی خـۆی لـە یاداشـتەکەیدا تۆمـار دەکـات، ڕوودەکاتە نووسینەوەی هەندێ حەکایـەت و بـە سـەرهاتی کەسـانی تـر لـە یاداشـتەکەیدا. کـەیوانی حەکایـەتخوان / نووسـەر حەکایـەتی شـای ئێـران دەگێڕێتـەوە، بەمـەش زوڵـم و زۆرداری نادر شـامان پێشـان دەدات و ئاوێتـەی ڕووداوەکـانی دەکـات و بـەرەو پێشـەوەی دەبات، هەروەها لە لاپەڕە (٤٩ تا ١٥١) حەکایـەتخوان حەکایـەتی (فەرەیـدودینی عـەتار) دەگێڕێتەوە لەگەڵ هاوڕێکانیدا. نووسەر لە گێڕانەوەی ئـەم حەکایەتانـەدا لایـەنی هونـەری گێڕانەوەی دەقەکەی پاراستووە، چونکە ڕۆڵی حەکایەتخوانی نەبۆتـە هـۆی خاوکردنـەوەی گێڕانەوەکە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕێڕەوی گێڕانەوەکە زیاتر بەرەو پێش چووە. هەرچەندە گێڕەرەوە وەك حەکایەتخوانێك ڕۆڵ دەبینێ لە باسی هەندێ کەس دا، بەڵام زۆر جار هەوڵ دەدات لە زاری کەسایەتییەکی ترەوە حەکایەتی ئـەو کەسـانەمان بـۆ بگێڕێتـەوە، بەمـەش جڵەوی ڕۆڵـی حەکایەتخوانییەکـە دەخاتـە ئەسـتۆی کەسـێکی تـرەوە کـە کەسـایەتییەکی لاوەکییە. بێگومان مەبەستی نووسەر زیاتر پەرەسەندنی گێڕانەوەکەیـە، چـونکە(حەکایەت پێك دێت لەو کارەی، کە کەسایەتییەکان ئەنجامی دەدەن لە بینای گێڕانەوەدا)[1].

کەواتە ڕۆلچی حەکایەتخوان لەم ڕۆمانەدا هۆیەکە بۆ گرێدانی گێڕانەوەی رابردوو لەگەڵ ئێستادا، وەئێستا لەگەڵ رابردوودا، ئەم شێوازەش لە لاپـەڕە (١٤٥) بـەکارهاتووە، کاتێـك

[1]: عبدالله ابراهيم، السردية العربية- بحث في البنية السردية للموروث الحكائي العربي، بيروت، ١٩٩٢، ص١٨٨.

مێشکی گێڕەرەوە تێکەڵی یادەوەرییەکانی دەبێت بـیری بـەلای حەکایـەتی ئەفسـانەییەوە دەچێت.

ڕۆمانی (ئەژدەر):

ڕۆڵی حەکایەتخوان لە (ئەژدەر)دا، هەر لە سەرەتای دەقەکـەدا دەسـت پێدەکات، کـە بـاس لـە دیمـەنێکی ئەفسـانەیی دەکـات بـە مەبەسـتی چـوونە نـاو گێڕانـەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی کۆچڕەوەکەی میللـەتی کـورد. لەگـەڵ ئەوەشـدا کەسـایەتیی سـەرەکی و هەندێ لە کەسـایەتییە لاوەکییـەکان ڕۆڵـی حەکایـەتخوانی دەبیـنن لـە گێڕانـەوەی هەنـدێ حەکایەت و تێکەڵ کردنیان لەگەڵ ڕێرەوی دەقەکە بەمەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەو بـەرەو پێش بردنی گێڕانەوەکە بۆ ئەوەی کاریگەری خۆی بنوێنێت بەرامبـەر بـە خوێنـەر، چـونکە ئەم کاریگەرییانە وا لە گوێگر یان خوێنەر دەکات کە (هەر لە سەرەتاوە لایەنگیری خۆی لە ناخـەوە بـۆ حەکایـەتخوان دەربڕێـت...)[1]، ئـەم کاریگەرییـەش لـە لاپـەڕە (٢٥—٢٦)دا دەبینرێت کاتێك کە میرزای کەسایەتیی سەرەکی/ نووسەر سەر بوردەی ژیـانی سـەردەمی منـداڵی خـۆی لـە قـاڵبێکی هونـەری حەکایـەتخوانی دا دەگێڕێتـەوە. جگـە لەمـە لـە کـاتی ئێستادا حەکایەتێك بۆ منداڵەکانی دەگێڕێتەوە، کە ئـەوانیش وەك کەسـایەتییەکی لاوەکـی ڕۆڵیان هەیە لە گێڕانەوەی دەقەکەدا، حەکایەتخوان دەڵێت: ((کابرایـەکی ئـەو شـارەزوورە ناڵی ولأخێك دەدۆزێتەوە.شەوەکەی لە دیوەخاندا، دەڵێ:کوڕینە بـەم زووانـە دەبمـە سـوار چاکێکی کەم مانەنەند)) ل (٣٠).

ئەم جۆرە حەکایەتـە کورتانـە دەبێتـە هـۆی بـەرەو پـێش چـوونی ڕووداوەکـە، ئەمـەو چـەندین حەکایـەتی تـر تاڕادەیـەك کاریگـەری خۆیـان دەنـوێنن، کـە تێیـدا (گێـڕەرەوە هەڵدەستێت، بە دابەشکردنی تەوەری یەکەی حەکایەتەکە، بە گوێرەی ڕوودانیان لە کاتدا، یان بە گوێرەی پەیوەندییان بـە کەسـایەتییەکانەوە)[2]، بـەڵام بـوونی چـەند حەکایـەتێکی ئەفسانەیی بۆتە هۆی ئەوەی کە بەتەواوی لە گێڕانەوەی ڕووداوە سەرەکییەکەدا دابڕێت،

---

[1]: نەجات حەمید ئەحمەد، بنیاتی گێڕانەوە: لە دوو سەرەیی — گەڕانەوە بۆ سەرەتایەتیی گوتن و بـە فانتازیـا کردنی واقیعدا، گ؛ (ڕامان)، ژ (٣٥ )، ١٩٩٩، ل٣٣.

[2]: عبدالله ابراهيم، السردية العربية - بحث في البنية السردية للموروث الحكائي العربي، بيروت، ١٩٩٢، ص١٤٧.

بە تایبەتی لە کۆتایی دەقەکەدا کە لە لاپەڕە (١٦٤ تا ١٧٣) و(١٢٢– ١٣٤– ١٥٠) هەمووی حەکایـەتێکی ئەفسـوناویە بـاس لـە حەکایـەتی ئەفسـانەی گریـك و کـەومارو خورافـات و لێکدانەوەی خەون بینین دەکات.

سـەرەڕای ئـەوەش مـام نـەریمان، کـە کەسـایەتییەکی لاوەکـی دەقەکەیـە ڕۆڵـی حەکایەتخوانی دەگێڕێت، کاتێك گێڕەرەوە / نووسـەر لـە زاری ئـەوەوە حەکایـەتی دایك و کچە سوالکەرەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە ((ئەم ژنەش، کە ئەوسا، تولەك[1] بـووەو بـە ڕێکـەوت چوو بووە کنگرو ڕێواسان، تاریکە ئێوارە دەگرێتە ئـاوایی خـاپوورو سـووتاو، لـە حەژبـەتا هەراسان دەبێ و قـژە سـەرو کولمـەکانی خـۆی دەڕنـێ. بەرچـاوی لێـل دەبـێ ئـیتر.. لـە تەنیایی شەودا، دەترسێ و دەپەڕێتە سەری. بە پێ پـەتی و سـەر گـەردان لافـاوی ڕۆژگـار رایدەماڵێتە خەرەندی شارەوە)) ل (١١٦ – ١١٧)، چونکە ترس لە تاریکی (نێچیریچکە بـۆ نەخۆشی دەروونی)[2].

سەبارەت بـە ڕۆڵـی حەکایـەتخوان بـە شـێوەیەکی گشـتی لـە گێڕانـەوەی ئـەم دەقـەدا پەرەسێن نییە، چـونکە سـەرتاپای دەقەکـە ئاوێتـەی حەکایـەتی ئەفسانەییە، کەچـی لـە گێڕانەوەی هەندێ حەکایەتدا نەبێ لە هەندێ شوێن گێڕانەوەی ڕووداوی سەرەکی دەقەکـە دەجوولێنێ و ناهێلێت سەقامگیربێت.

## ڕۆمانی ( پەرتەوازەی ئێرەو ئەوێکانی ڕەوان ):

سەبارەت بە ڕۆڵی حەکایەتخوان لە گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانـەدا، دەتـوانین بڵـێن هونـەری حەکایەتخوانی بۆتە هۆی ئەفساندنی ڕێرەوی گێڕانـەوەی ڕووداوەکـە، چـونکە تاڕادەیـەکی زۆر حەکایە تخوان لە گێڕانـەوەی حەکایـەتی مێـژوویی و ئـەزموونی ژیـانی کەسـایەتییەکان بـوونی خـۆی دەسـەپێنێت بەسـەر گێڕانـەوەی ڕۆمانەکـەدا، بەمـەش ڕۆمـاننووس کـاتی گێڕانەوەو کەسایەتیی سەرەکی ڕۆمانەکە ئـاڵوگۆڕ دەکـات بـە ڕۆڵـی حەکایـەتخوان، لەبـەر ئەوەی (ڕەنگـە حەکایـەت سـەربەخۆ بێـت، بـەڵام دەبیـنین بـە کەسـایەتیی سـەرەکییەوە

[1]: تولەك: منداڵێکی کەمێك هەراش، (مێرد منداڵ).

[2]: سيجموند فرويد، تغلب على الخوف، عرض وتقديم: د. مصـطفى غالـب، ط ٣، منشـورات مكتبـة الهـلال، بيروت، ١٩٨١، ص١٧.

بەستراوەتەوە)[1] ، بەتایبەتی کاتێك کە باس لە سەربوردەی ژیانی خۆی و کەسانی تر دەکات، وەك لە لاپەڕە(١٨ تا ٢٤) ڕۆماننووس / گێڕەرەوە، کە منی بالای / هەلۆی کەسایەتیی سەرەکی ڕۆمانەکەیە جاربەجار کاتی گێڕانەوەکە ڕادەگرێت و باس لە سەردەمی لە دایکبوونی (هەلۆ) دەکات.

هەروەها هەلۆ / کەسایەتیی سەرەکی کە خودی ڕۆماننووسە ڕۆڵی حەکایەتخوانی دەبینێت لە لاپەڕە (١٥٧ تا ١٦٢) تێیدا باسی بەسەرهاتەکانی حەکایەتی سمکۆی شکاك بۆ شیلانی کچی دەکات، کە ئەویش کەسایەتییەکی سەرەکی تری ڕۆمانەکەیە و دەڵێت:

(– شلان گیان، چۆن خەونم بە چاکی بۆ لێنادرێتەوە، ئاوها لانەیش، سەرم لەوە دەرناچیّ، کە بۆ سمکۆی شکاك ((مارشیمۆن)) ی کوشت ؟!)) ل (١٥٧).

لە بەشی (٥) دا، هەلۆ باس لە حەکایەتی ژنێك دەکات کە فاروقی هاوڕێی بۆی گێڕابۆوە، ئەویش لە ڕێی دایەلۆگەوە لەگەڵ هاوڕێکانی دا ئەم واقیعە تێکەڵ بە حەکایەتی ئەفسانەیی دەکات کە لە کاتی رابردوودا روویان داوەو تەواو بوونە، لە کۆتاییەکەی دا کە بۆ دایکی کارا / خێزانی دەیگێڕێتەوەو دەڵێت: ((کۆتاییم بە دەوریییەکەمان هێنا، دواجار ئەم هەقایەتە ئەفسانەییەم، بە دەم خواردنی ((قەرەخەرمان)) و ماستاوی کەللە تەزێنەوە بۆ دایکی کارا، ئەڵبەتە بە ترش و خوێوە گێڕایەوە. لەبەر ئەوەی خۆشباوەڕبوو، هەر زوو بڕوای پێهێنا !!)) ل(١٠٦ – ١٠٧).

گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانە بۆتە هۆی ئەوەی کە دایکی کارا وەك حەکایەتخوانێك بۆ پەرەسەندنی گێڕانەوەکە بەرەو ڕابردوو بگەڕێتەوەو بەسەرهات و سەربووردەی ئەزموونی ژیانی خۆی و باوکی کارا (هەلۆ) بگێڕێتەوە، ئەمەش بۆتە هۆی بەرەو پێشچوونی گێڕانەوەی کاتی ئێستای ڕۆمانەکە.ئەوەی جێگای سەرنج و ئاماژە پێکردنە لەم ڕۆمانەدا، لە لاپەڕە (١٧٦ تا ١٧٨)کە هەلۆ باسی حەکایەتەکانی ڕۆمانی (سۆناتای ڕۆح) دەگێڕێتەوە لە شێوەی دایەلۆگدا بۆ شیلانی کچی و دەڵێت:

---

[1]: شفیق یوسف البقاعي (د.)، نظرية الأدب، الطبعة الاولى، منشورات جامعة السابع من أبريل، ليبيا، ص٣٩١.

(حەکایەتەکـەم، لـە تـەوەری پێنجەمدا،دەچـێتە هاوشـان و هـاودەمی ((ڕۆژبـە))ی ڕۆژبەیانی، کە بە سەلمانی پاك ناسراوە! لە دورگەی عارەباندا، دەبنە یـاوەرانی پەیامبـەر لەتەك ئیمامی عەلی و(ئەبودرداء) دا..

من هەناسەیەکم هەڵکێشاو گوتم:

بریا ناوی کتێبەکە ((مزگێنی)) دەبوو) ل (١٧٨).

لە میانەی ئەم حەکایەتەوە ڕەوت و ڕێڕەوی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە خاونەبۆتەوە، چونکە گێڕانەوەی حەکایەتەکانی سۆناتای ڕۆح لە یادەوەرییەکانی شیلانی گێڕەرەوە/ کەسایەتیی سـەرەکی سەرچـاویان گرتـووە. بـەم پێیـە مەبەسـتی ڕۆمـاننووس بەخشـینی هونـەرێکی ئێسـتاتیکایە بـە گێڕانـەوەی ڕۆمانەکـە، کاتێـك لـە لاپـەڕە (٦١– ٨١– ٨٥)دا، حەکایـەتی ئەفسـانەیی و حەکایـەتی چـۆنیەتی بـوونی گـەردوونمان بـۆ دەگێڕێتـەوە، کەواتـە ڕۆڵـی حەکایەتخوان لە گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانەدا لـە هەنـدێ شـوێن بۆتـە هـۆی ئـەوەی کـە گرێـی ڕووداوەکە بەرەو باشی و ئاڵۆزی بڕوات، و لە هەندێ شوێنی تـردا گێڕانەوەکـە شـێوەیەکی سروشتی هونەری خۆی وەرنەگرتووە. لە ڕۆمانەکانی عەبدوڵڵا سەڕاجدا، بەدیکردنی بـوونی چەند حەکایەتێکە، کە لە زۆربـەی ڕۆمانەکانیـدا دووبـارە پـەنای بـۆ گێڕانـەوەیان بـردووە. بەمەش خوێنەر تاڕادەیـەك هەسـت بـە بێـزاری دەکـات لـە کـاتی خوێندنەوەیانـدا. لەگـەڵ ئەوەشدا هەندێ حەکایەت و بەسەرهاتی ئەزموونی ژیان بە گشتی تێیدا بەرچاو دەکـەوێت، کە بێتە مایەی سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر لە کاتی گێڕانەوەیاندا. هەرچەندە عەبدوڵڵا سەڕاج تـەکنیکێکی نـوێی لـە گێڕانـەوەی ڕۆمانـەکانی بـە کارهێنـاوە، بـەڵام سروشـتی هونـەری گێڕانەوەکە ناچاریکردووە، کە نەتوانێت بە تەواوی خۆی لە هونەری حەکایەتخوانی بە دوور بگرێت، ئەمەشی زیاتر بۆ مەبەستی دەوڵەمەند کردنی گێڕانەوەی ڕۆمانەکانی کردووە.

## ئەنجـــام:

شێوازی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی عەبدوڵڵا سەڕاجدا، شـێوازێکی تێکەڵـە" واتـە لـە ڕۆمـانی (هەڵکشان بەرەو لووتکە)دا گێڕانەوەکە شێوازێکی ئاسایی وەرگرتووە، بەڵام لە ڕۆمانەکانی دیکەیدا شێوازی تێکەڵ و خودی و گۆشەنیگای ناوەکی بـەکارهاتووە، ئەمـەش بۆتـە هـۆی ئـەوەی، کـە شـێوازێکی نـوێ لـە گێڕانـەوەی ڕۆمانەکانیـدا بـەدی بکرێـت، لەبەرئـەوەی ڕۆماننووس لە ڕۆمانەکانی ئێستایدا سوودی لە تەکنیکی هەمەلایەن و ئەورووپی وەرگرتووە، بەڵام ڕۆماننووس بەتەواوی نەیتوانیوە لەهەندێ لەڕۆمانەکانیـدا دەسـتبەرداری گێڕانـەوەی ئاسـایی ببێـت، لەبـەر ئـەوەی بایـەخی بـە نـاوەڕۆك داوە، بۆیـە شـێوازی کـۆن و نـوێ لەڕۆمانەکانیـدا هاوشـانی یـەکترن، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕۆمـاننووس توانیویـەتی بەشێوەیەکی ڕێکوپێك و سەرکەوتووانە تەکنیکی ڕۆمانی نوێ لـە ڕۆمانەکانیـدا بەرجەسـتە بکـات. پرۆسـەی گێڕانـەوەی ڕۆمانـەکان، لەلایـەن چـەندین کەسـایەتییەوە ئـەنجام دەدرێت،هەریەك لەم کەسایەتییانە ڕۆڵێك دەگرنە ئەستۆ، بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانیان.

حەکایەتخوان لە هەندێ لە ڕۆمانەکانیدا ڕۆڵێکی کاریگەرییان هەیە بۆ بـەرەوپێش بردنـی گێڕانەوەکە، بەڵام لـە هەنـدێ لـە ڕۆمانەکانیـدا ئـەم ڕۆڵـەی حەکایـەتخوان بـە شـێوەیەکی بەرچـاو دەرناکەوێت،چـونکە ڕۆمـاننووس خـۆی هەوڵیـداوە لـەم شـێوازە باوانـە دوور بکەوێتەوە.زۆربەی کەسایەتییە سەرەکییەکان پەرەسێن نین، چونکە تا کۆتـایی ڕۆمانەکـە بەردەوام نابن لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، بۆیە مەرج نییە کەسایەتیی سـەرەکی هەمیشـە پەرەسێن بێت، بەڵام لەهەندێ لە ڕۆمانەکانیدا کەسایەتیی سـەرەکی تـا کۆتـایی ڕۆمانەکـە توانیویەتی پەرە بەگێڕانەوەکە بدات و بەرەو پێشەوەی ببات.

کەسـایەتییە لاوەکییـەکان لـە ڕۆمانەکانیـدا، ڕۆڵێکـی گرنگیـان لـە بینـای گێڕانـەوەو پاڵپشـتیکردنی ڕۆمـاننووس لـە پێکهاتـەی کەسـایەتییە سـەرەکییەکاندا هـەبووە. لەگـەڵ ئەوەشدا توانیویانە ئاراستەی گێڕانەوەی ڕووداوەکـان بـەرەو ئاراسـتەیەکی دیکـە بگـۆڕن، ئەمەش بۆتە هۆی بەردەوامی و درێژە پێدانی گێڕانەوەکە.

گێڕانەوەی ڕووداوەکان بەهۆی دایەلۆگی نێـوان کەسـایەتییەکانەوە گێڕانەوەکـەی روونـتر کردۆتەوە. ڕۆماننووس دایەلۆگەکانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئەنجامداوە.

## سەرچاوەکان

### یەکەم- (بە کوردی).

**ا- نامەی ئەکادیمی (ماجستێر و دکتۆرا):**

١- ئیبراهیم قادر محەمەد، ڕۆمانی کوردی لە عێراقدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێجی ئاداب، ١٩٩٠.

٢- عادل مەجید محەمەد گەرمیانی، ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخ لە عێراقدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی بەغدا، کۆلێجی پەروەردە (ئیبن رشد)، ١٩٩٦.

٣- محەمەد ئەمین عەبدوڵلا، شاکەس لە ڕۆمانی کوردی - کوردستانی عێراقدا (١٩٩٠ - ١٩٩٧)، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، ٢٠٠٠.

**ب - کتێبەکان:**

٤- ئیمری جۆرج، جۆرج لۆکاچ، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: مەنسوور تەیفووری، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٥- تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، سلێمانی، ٢٠٠١.

٦- جەلیل کاکەوەیس، ڕۆمانی کوردی - پەرتبوونی ڕووداو و نازیندەیی شاکەس، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٧- حسام بەرزنجی، کانگەی بەلا، چ ١، بەغدا، ١٩٨٨.

٨- حسێن عارف، نووسینەکانم لە بواری ڕەخنەو لێکۆڵینەوەدا ساڵانی ١٩٥٥ بۆ ١٩٨٨، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٩- حەمە سەعید حەسەن، هزرو شێواز لە چیرۆکی کوردیدا، هەولێر، ٢٠٠٥.

١٠- خوسرەو جاف، ڕاز، بەغدا، ١٩٩٤.

١١- ڕست هیلز، چیرۆك و تایبەتمەندییەکانی، وە: سەلاح عومەر، هەولێر، ٢٠٠٥.

١٢- ڕەوف حەسەن، ئەندێشە جوانەکانی ڕۆح لە چیرۆکی هونەریی کوردیدا، هەولێر، ٢٠٠٥.

١٣- ڤالتێر بنیامین، نڤیسار (کۆمەلێك بابەتی تیۆرری)، وەرگێڕانی: کۆمەلێك وەرگێڕ، ب١، هەولێر، ٢٠٠٤.

١٤– کۆمەڵێك نووسەری بیانی، تیۆری ڕۆمان، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد کـەریم، سلێمانی، ٢٠٠٣.

**پ – گۆڤار و ڕۆژنامە:**

١٥– ئیفـۆر ئێڤـانس، ڕۆمـانی ئینگلیـزی لـە سـەرەتاوە تـا زەمـانی دانیـال دیفـۆ، گ" (سەردەم)، ژ (٢)، ١٩٩٩.

١٦– تەها ئەحمەد رەسولّ، تیۆریزەکردنی ڕۆمان لە تێڕوانینی (لۆکـاش)دا، گ" (ڕامـان)، ژ (٣٦)، ١٩٩٩.

١٧– سەروەر عەبدوڵلاّ (د.)، سەرەتایەك لە بارەی بنەمای گوتاری کەسایەتیی نێو ڕۆمان – باسێکە {ڤوسەبارەت بەبنچینەو پەرەسەندن، گ" (ڕامان)، ژ (٧٥)، ٢٠٠٢.

١٨– شـوکر سـلێمانی حەمـەد، پاڵـەوان لـە ڕۆمـانی ئێسـتای کوردیـدا، گ" (کـاروان)، ژ (١٧٢)، ٢٠٠٣.

١٩– عەبدوڵلاّ تاهیر بەرزنجی، سۆناتای ڕۆحی عەبـدوڵلاّ سـەڕاج، گ"(گەلاوێـژی نـوێ)، ژ (٤)، ١٩٩٧.

٢٠– عەتا قەرەداغی، گەڕانەوە بۆ رەفرەکانی رابردوو لە کورتە ڕۆمانی (سۆناتای ڕۆح) ی عەبدوڵلاّ سەڕاجدا، گ، (گەلاوێژی نوێ)، ژ (٢٢)، ٢٠٠١.

٢١– غەفور ساڵح عەبدوڵلاّ، هەڵکشان بـەرەو کـوێ ؟، ڕۆژنامـەی (هاوکـاری)، ژ (١١٨٦)، ١٤/٦/١٩٩٠.

٢٢– فەروخ نیعمە تیوور، کاولاش و مۆدێرنیزم، گ" (ڕامان)، ژ (٢٥)، ١٩٩٨.

٢٣– گۆران سەباح غەفور، توخمەکانی ڕۆمان، گ، (کاروان)، ژ (١٩٤)، ٢٠٠٥.

٢٤– نـەجات حەمیـد ئەحمـەد، بنیـاتی گێڕانـەوە: لـە دوو سـەرەیی – گەڕانـەوە بـۆ سەرەتایەتیی گوتن و بە فانتازیا کردنی واقیعدا، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (٣٥)، ١٩٩٩.

٢٥– ـــــــــــ، چیرۆك و بیری بەهاقایەتکردنی زمـان، گ" (نووسـەری نـوێ)، ژ (٣١)، ٢٠٠٦.

٢٦– یوسف ڕۆستەم ئەحمەد، لایەنە میللی یەکان لە ڕۆمانی هەڵکشاند، گ" (کـاروان)، ژ (٨٩)، ١٩٩٠.

**دووەم- ( بە عەرەبی )**

**کتێبەکان:**

٢٧- احمد امين، النقد الادبي، ط٤، بيروت - لبنان، ١٩٦٧.

٢٨- ادوين موير، بناء الرواية، ت: ابراهيم الصيرفي، مصر، ١٩٦٥.

٢٩- ايان وات، ظهور الرواية الانكليزيية، ت: د. يوئيل يوسف عزيز، بغداد، ١٩٨٠.

٣٠- بيرسي لوبوك، صنعة الرواية، ت: عبدالستار جواد، بغداد، ١٩٨١.

٣١- توماشفسكى، نظرية المنهج الشكلي - نصوص الشكلانيين الروس، ت: ابراهيم الخطيب، بيروت-لبنان، ١٩٨٢.

٣٢- داود غطاشة (د.)، قضايا النقد العربي قديمها و حديثها، عمان - الاردن، ٢٠٠٠.

٣٣- رجاء عيد(د.)، دراسة في ادب نجيب محفوظ تحليل ونقد، القاهرة، ١٩٧٤.

٣٤-سيجموند فرويد، الجنس عند فرويد، عرض وتقديم:د.مصطفى غالب،ط٢، بيروت، ١٩٨٠.

٣٥-سيجموند فرويد، تغلب على الخوف، عرض وتقديم:د.مصطفى غالب،ط٣، بيروت، ١٩٨١,

٣٦- شفيق يوسف البقاعي (د.)، نظرية الأدب، ليبيا، ١٤٢٥ هـ

٣٧- شوقي ضيق (د.)، في النقد الأدبي، ط٩، القاهرة، ٢٠٠٤,

٣٨- صبري مسلم حمادي، صورة البطل في الرواية العراقية، ١٩٨٤.

٣٩- عبدالله ابراهيم، السردية العربية - بحث في البنية السردية للموروث الحكائي العربي، بيروت، ١٩٩٢,

٤٠- عبدالملك مرتاض، في نظرية الرواية، عالم المعرفة (٢٤٠)، دولة الكويت، ١٩٩٨,

٤١- نوري بطرس، مسارات في القصة والرواية الكوردية، أربيل، ٢٠٠٣.

**سێیەم - (بەئینگلیزی):**

**42-Jeremy Hawthorn، studying the Novel، Edward Arnold، Great Britain، 1985.**

# ڕەنگدانەوەی کەلەپوری مێژوویی
# لە ڕۆمانی هاوچەرخی کوردیدا

هەرێمی کوردستانی عیراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر

# ڕەنگدانەوەی کەلەپوور لە ڕۆمانی کوردیدا

## (باشووری کوردستان ١٩٨٥ – ١٩٩١)

نامەیەکە پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زمان کراوە لە زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر
وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی پلەی دکتۆرا لەئەدەبی کوردیدا

لەلایەن

ئیبراهیم حەسەن حەمەد بەکالۆریۆس لە زمانی کوردی – کۆلێژی پەروەردە – زانکۆی سەلاحەددین– ١٩٩٧
ماجستێر لە ئەدەبی کوردی - کۆلێژی پەروەردە – زانکۆی سەلاحەددین – ٢٠٠٢

بە سەرپەرشتی

پ.ی.د.هیمداد حوسێن بەکر

## پێشەکی[1]

ئەدەبی فۆلکلۆرو کەلـەپووری میللی،ئەدەبێکـە رەگ و ریشـەیەکی پتـەو و لەمێژینـەی مێژوویی هەیە،کـە رەنگدانـەوەی لـە قۆناغـە جیاجیاکانـدا ژیـانی مـرۆڤ بـووە و دەسـتەبەر کردنی پێداویستییەکانی ژیانی رابردووی بووە،ئەو ئەدەبـەش هاوشـانی ئـەدەبی نووسـراو، لەچـەندین ژانـری جۆراوجـۆر پێکهـاتووە، وەك: داسـتان ،لاوك، حـەیران، ئەفسـانە، دابونەریت،بەیتە شیعر، نوکتە، پەندو قسەی نەستەق، حەکایەت و جۆرەکانی ..هتد.

جێی خۆیەتی، ئەو ئەدەبە ئاوڕێکی لێبدرێتەوەو بەبەرگێکی تازەوە پێشکەش بکرێتەوەو لە بەرهەمە ئەدەبییە جۆراوجۆرکاندا بیان مەزرێنن و رەسەنایەتی تـەواو بـۆ ئەدەبەکـەیان بگەڕێننەوە، لەلایەکی دیکەشەوە ئەو سامانە و ئەو گەنجینە پـڕ بەهایـە لـە فـەوتان رزگـار دەکەن و نەوەی نوێشی پێ ئاشنا دەکەن، بەهەندێ دەسکاری پێویستەوە،کەلەگەڵ ژیانی واقیعی سەردەمدا بگونجێت.

هیچ رۆمانێك چ ئەوانەی لەرابردوودا بڵاوکراونەتەوە چ ئەوانەی ئێسـتا لـە بەردەسـتدان سـوود وەرگرتنیـان لـە کەلـەپوور بـەدەرنین ،جـا لـە شـێوەی ئامـاژە کردنـدا بووبێ،یـان مەزراندنیان بەشێوەیەکی بابەتییانەوهونەرییانە لەبەرهەمە ئەدەبیەکانیاندا، واتـە بابـەت و رەگـەزەکانی فۆلکلـۆر هـەر لـە سـەرەتای سـەرهەڵدانیی ژانـری رۆمانـەوە،تا بـە ئـەمڕۆ رادەگات،بەشێوەیەکی ئاگاییەوە بووبێت یان نائاگاییەوە بەکاریان هێناوە، ئەمەش دەبێتە خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ بەرەو رەسەنایەتی رۆمانی میللەتان. دەکرێ ئەدەبی فۆلکلۆرو بەشەکانی وەك پێویستییەك لە پێویستییەکانی دەقـی ئـەدەبی سـەیر بکرێـت، بەتایبـەتی رۆمان و خوێندنەوەو لێکدانەوەی تازەی بۆ بکرێت.ئەدەبی کوردیش لەو سامان و گەنجینە دەوڵەمەندەی بێبەهرە نییە و بە کەرەسە و ماددەیەکی بەپێزی رۆمانی رەسەنی کوردی لە قەڵەم دەدرێ.هەر بۆیەش،ئەوەبووە بیرۆکەی ئەم لێکۆڵینەوەیە.[2]

---

[1]: بە هاوبەشی لەگەڵ د.ئیبراهیم حەسەن حەمەد لە نامەی دکتۆراکەی بە ناونیشانی ( رەنگدانەوەی کەلەپوور لە رۆمانی کوردیدا)،زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.

[2]:

## کەلە پووری مێژوویی رۆمان

### زانستی مێژوو:

مێژوو بەشێوەیەکی گشتی ئەو زانستەیە کە لەو روودا و بەسەرهات و کارەساتانە دەکۆڵێتەوە، کە بەسەر ژیان و قۆناغە جیاجیاکانی مرۆڤدا تێپەڕیوە، بە شێوەیەکی زنجیرەیی یەك بەدوای یەکی نەپچراوەیی، واتە گێڕانەوەی رووداوو بەسەرهاتەکانە،کە لە رابردوودا بە شێوەیەکی یەك بە دوای یەکدا هاتوو، روویان داوە.

بۆیە لەپێناسە تەقلیدییەکانی مێژوودا هاتووە، کە مێژوو نووسینەوەو تۆماری رابردووی مرۆڤە.یەکێکی وەك (هیرۆدۆت)، کە بە باوکی مێژوو دەناسرێت، پێناسەیەکی گونجاوتری بۆ مێژوو کردووە،کە دەڵێت:(مێژوو گەڕان و پشکنینە بەدوای راستی رووداوەکاندا).

کەواتە ئەم پێناسەیەی (هیرۆدۆت) پێناسەیەکە بۆ مێژوو، ئەوەش دەسەلمێنێ، کە مێژوو تەنها تۆمارکردنی رووداو و کارەساتەکان نییە،بەڵکو پشکنین و توێژینەوەشە لەو رووداوانەی،کە روویانداوە بەچاوێکی رەخنەگرانەوە بڕوانرێتە ئەو رووداوانە،لەبەر ئەوە مرۆڤی مێژوونووس هەر لەسەرەتاوە،کە دەستی بە نووسینی مێژوو کردووەو لێی دواوە، تەنها گێڕانەوەی رووداو بووەو هیچی تر بێئەوەی بەشێوەیەکی زانستی شێوازی زانستی تێدابەکارهێنابێت،کە خۆی لەچاو نەترسی و چەسپاندنی بیروڕای تایبەتی خۆی و توێژینەوەی لە ڕووی زانستییەوەو بەکارهێنانی میتۆدێکی مێژوویی بەکاربێنێت و رەچاوی بکات.

دیارە،کە مێژووش وەك هەموو زانستە مرۆییەکانی دیکە بەزانست دادەنرێت و بەپێی "فەیلەسووفەکانی رێبازی ماددی لە سەدەی (١٩) دا ئەوەیان دەووت، کە تەنها یەك زانست هەیە ئویش زانستی مێژووە و بریتیە لە دوو بەش: مێژووی ئادەمیزاد و مێژووی سروشت، مەبەست لە یەکەمیان ئەو لقانەی زانستەکە ئادەمیزاد خۆی کەرەستەیانە وەك (مێژوو، ئابووری،کۆمەڵایەتی و..هتد)هەرچی دووەمیانە وەك (کیمیا و فیزیا و بایۆلۆژیا و... هتد)(١).

(١) سەلام عەبدولکەریم،دەربارەی فەلسەفەی مێژوو..زانستی مێژوو،خانەی سەردەم،سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٩.

گومـان لـەوەدا نییە،کـە مێـژوو پەیوەندییـەکی راسـتەوخۆی بەکەلـەپووری میلییـەوە هەیە،کە هەردووکیان لە رابردووی مرۆڤ و بەرهەمەکانی دەکۆڵنەوە.کەلەپوور کەرەسەیەکی زۆر دەوڵەمەندی زانستی مێژووە، بۆیە یەکێکی وەکو ئەلەکسەندەر کراپ دەڵێ: "فۆلکلـۆر زانستێکی مێژووییە،کە رۆشنایی دەخاتە سـەر رابـردووی مرۆڤـ.ئەگەر مێـژوو لەسـەردەمە جیاوازەکانـدا بکۆڵێتـەوەو نوێنـەری توێـژێکی کـەمی وەکـو توێـژی حاکمـەکان (دەسەلاتدارەکان)و پیاوانی خاوەن هزرو ئەدەب بە شێوەیەکی تایبـەتی بێ، ئـەوا لەسـەر فۆلکلۆر پێویست دەکات، بنیـاتی مێـژوویی رۆحـی مـۆرڤ بگەرێنێتەوە،کەنوێنـەرو دەنـگ و رەنگی خەڵکەرەش و رووتەکەیە"(١).

بۆیە رۆماننووسان لەم سەردەمەدا، بەشێوەیەکی بەرچـاو تـەوزیفی بابـەتی مێـژووییان کردووە لەهەموو روویێکەوە، کە ئەمەش بـۆ ئـەو پەیوەندییـە گرنگـەی نێـوان کەلـەپوور و مێـژوودا هەیـە دەگەرێتـەوە،وەك چـۆن (جـۆرج جووم)،کـە یەکێکـە لـە مێژووناسـەکان و دامەزرێنـەری کۆمەڵـەی فۆلکلـۆری ئینگلیزی،جـەختی لەسـەر بـەهای بابەتـە میللیـەکان کردۆتـەوە لـەبواری لێکۆڵینـەوە مێژووییەکانـداو دەڵـێ: "بـڕوام وایە،کـە هـەر بابـەتێکی فۆلکلۆری و هەر لاساییکردنەوەییێك هەر بیروباوەڕێکی خورافی رەگوریشەی لە حەقیقەتێکی مێژوویی مرۆڤ وەرگرتووە"(٢).

لـەو بیروڕایـەی (جـۆرج جـوم)دا ئـەوەمان بـۆ دەردەکـەوێت، کـە فۆلکلـۆر زانسـتێکی مێژووییە و رۆحی مێژووشە لەهەمان کاتدا.کەواتە پەیوەندییەکەی نێوانیان پەیوەندییـەکی دیالێکتیکیە و هەردووکیان لەشوێن یەکتر بەکاردەهێنرێن و رۆڵی یەکتر دەبینن.

جیاوازی نێـوان ئـەدەب بەشـێوەیەکی گشـتی و شـیعر بەتایبـەتی لەگـەڵ مێژوونوسـین لەوەدایە، کە "یەکێکیان ئەوە رادەگەیەنێ، کە بەراسـتی روویـداوە و ئـەوی تریـان ئـەوەی دەکرا روویدات، جا بۆیە شیعر پتر لە مێژوونووسین لە فەلسەفەوە نزیکە و شتێکە راسـت و دروسـت تـرە، شـیعر پـتر گشـتییەکە رادەگەیـەنێ، کەچـی مێژوونووسـین تایبەتمەنـدی رادەگەیەنێ"(٣).

---

(١) عزام أبو اعمام المطور، الفولكلور (التراث الشعبي، الموضوعات، الأساليب، المناهج)، ص٤١.

(٢) د. جمعة سيد زيد الرفاعي، المأثورات الشعبية (النظرية والتأويل) ص٤١.

(٣) ئەرستۆ، هونەری شیعر (پۆیتیکا)، و/ لە ئەڵمانیەوە د. حەمید عزیز، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٥١.

کەواتە ئەدەب باس لە شتێك دەکا کە روویداوە و بەهەمان شێوەش کە ئەو شتە ئەگەر رووشی نەدابێت، پێشبینی ئەوە دەکات کە رەنگە لە داهاتوودا روویدات، بەڵام مێژوو تەنها باس لەو رووداوانە دەکات کە روویانداوە، یاخود زۆر بەدەگمەن پێش بینی بۆ رووداو دەبێت، کە رەنگبێ روویدات. بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە ئەدەب زۆر زیاتر لە فەلسەفەوە نزیك دەبێتەوە، تاوەکو مێژوو.

(مجید محمود مگلب)یش لە کتێبەکەیدا (شیعر و فەلسەفە) زیاتر درێژە بە جیاوازی نێوان ئەدەب و مێژوو دەدات و دەڵێ:"مێژوو ئەو کارەساتانەیە، کە روویانداوە، بەڵام ئەدەب نەك هەر مافی ئەوەی هەیە باسی ئەو کارەساتانە بکا، بەڵکو ئەبێ شتێکیش پێشکەش بکاو دەری ببڕێ، کە رەنگە لە هاتوودا روویدات. بەم جۆرە ئەدەب لە جیهانی هاوبەش ئەکۆڵێتەوە، بەڵام مێژوو دەربارەی تاکە کەس ئەدوێ. بۆ نموونە مێژوو باسی نیرۆن ئەکا، بەڵام هیچ حیساب بۆ ئەوە ناکا کە نیشان دانی زۆرداری لە چوارچێوەی کات و شوێنەوە سەر هەڵ نادا، بەواتایەکی دیکە مێژوو بەتەنها وێنەی تاکە کەسەکان نیشان ئەدا، بەڵام ئەوەی لە توانای دا هەیە نموونەی مرۆڤانە بە هیچ کلۆجێك نیشان نەدا"(١).

کەواتە جیاوازییەکی دیکەی مێژوو و ئەدەب لەلای ئێمەوە ئەوەیە، کە مێژوو دیوی دەرەوەی رووداو نیشاندەدات و ئەدەبیش هەردوو دیو(ناوەوەو دەرەوە)ی رووداوەکان. هەروەها ئەگەر مێژوو واقیع بێت، ئەوا ئەدەب واقیع و خەیاڵ رۆڵی تێدا دەبینن و هەردوو رەگی هەیە.

دیارە بیروڕای ئەو نووسەرە لە جیاوازی نێوان ئەدەب و مێژوودا هەمان ئەو بیروڕای ئەرستۆیە، بەڵام ئەمەیان زیاتر قسەکانی ئەرستۆی ووردکردۆتەوەو زیاتر چۆتە نێو وردەکارییەکانی بیروڕای ئەرستۆ. بۆیە ئەگەر ئەدەب ئەوەندە بەنرخ بێت و زیاتر لە فەلسەفەوە نزیك بووبێتەوە،ئەوا مێژووش بایەخی لە ئەدەب کەمتر نییە،بەڵکو دەکرێ بایەخەکەی زیاتریش بێت" چونکە مێژوو خۆی پارێزەری ئەدەبە و تۆماری کردووە و لە فەوتان رزگاری کردووە.لەبەرئەوە مێژوو وەك زانستێك چاکەی بەسەر هەموو زانستەکانەوە هەیە، بەتایبەتی مرۆڤایەتییەکان و هەموو زانستەکان وا بەستەی مێژوون "بەهەرحاڵ مێژوو

---

(1) مجید محمود مطلب، شیعر و فەلسەفە، و: فوئاد مەجید میسری، چاپخانەی علاء، بەغداد، ١٩٧٨، ل٣٦.

تۆمارکردنی کاروانی مرۆڤایەتییە، سەرچاوەیەکی هەرەبنەڕەتی ناسینی دیاردە هەنووکەییەکانە"(١).

هەر بەم شێوە (أحمد شلبی) لە ئینسکلۆپیدیاکەی (موسوعە التأریخ الاسلامی)دا بایەخی مێژوو لە رستەیەکدا دەخاتە روو، دەڵێ:

"مێژوو تیشکی رابردووە، کە ئێستا و ئایندە رۆشن دەکاتەوە"(٢).

بۆ سوودەکانی مێژووش دەتوانین لەو چەند خاڵەی خوارەوەدا چڕیان بکەینەوە:

١- خوێندنەوەی مێژوو، وادەکا زیاتر و باشتر لە خۆمان بگەین.

٢- رەگ و ریشەی دیارەکانی ئێستا بزانین و تارادەیەك پێشبینی ئایندە بکەین.

٣- سوود لە پەند و ئامۆژگاری و وانەکانی وەربگرین، هەڵەکانی رابردوو دووبارە نەکەینەوە و چاکەکانیشی زیاتر هانمان بدات کاری باشتر ئەنجام بدەین.

٤- مێژوو ئاشنای داب و نەریت و شێوازی ژیان و کۆمەڵگاکانی رابردوو کۆششەکانی مرۆڤ لە رابردوومان دەکات.

٥- هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە رابردوودا

بۆیە مێژوو زانستێکی یەکجار سوودبەخشە"مێژوو، ئەو ئاوێنەیەیە، کە تێیدا هەمەڕنگی روودەدات، هونەرکاری هزرەکان و پۆلێك کردووەو کاری شوێنەواری تێدادەبینین"(٣).

کەواتە مێژوو بۆ خۆناسینی مرۆڤە لە ئێستا و داهاتووی دا بۆ دەرس وەرگرتنە لە هەموو ئەو نالەباریانەی کە لە رابردوودا روویانداوە و مێژوو هەڵقوڵاوی راستیەکانە نەوەك خەیاڵ. مێژوو لۆجیکی لەیەك تێگەیشتنە و مێژوو قوتابخانەیەکە زۆر شتی لێوە فێردەبین، بۆ ئەوەی مێژوو ئامانجەکانی خۆی پێ بپێکێ. ئەگەر ئایندەمان بوێت دەبێت ئاوڕێکی جدی لە رابردووی خۆمان بدەینەوە.

---

(١) شوان محمد أمین طە، سودەکانی مێژوو، سیفەتەکانی مێژوونووس، گ/ مێژوو، ژ/٦، ساڵی ٢٠٠٧، ل١٢٨.

(٢) س. پ. ل١٣٠.

(٣) شوان محمد طە، سوودەکانی مێژوو سیفەتەکانی مێژوونووس، ل١٣١.

لە راستیدا ئێمە پێویستە دوو شت لـە یـەکتر جیابکەینـەوە، کـە ئـەوانیش دوو زاراوەی (مێژوو – مێژوویی)ن.

مێژوو: چەند رووداوێکە لە رابردوو روویان داوە و تەواو بوون، کەسانێکی حـەقیقی بـەو رووداوانە هەستاون و بوونەتە ناونیشان بەسەریانەوە.

مێژوویی:بریتیە لە چەند رووداوێك، کە لە مێژوو هەڵبـژێردراون بـەگوێررەی گێڕانـەوەی ناورۆمان، لە رۆماندا تەوزیف کراون و بۆ مەبەستێك بەرجەستە کراون، بەڵام ئەو رووداوانـە لە مێژوو هەڵبژێردراون بـە گـوێرەی گێرانـەوەی رۆمـان، لـە کتێبـە مێژووییەکانـەوە کـۆپی نەکراون بۆ رۆمان نەگوازراینـەوە بـەورد و درشـتیانەوە، بـەڵکو رۆمـان نـووس هەڵدەسـتێ بەهەڵوەشاندنەوەی و دووبارە دارشتنەوەی، بۆ ئەوەی لەگەڵ مەبەست و ئامانجی خۆی کە بـۆی هـەوڵ دەدات بیگـونجێنێ. بـۆ ئـەو دووانـە زۆر سـتەمە هـاوجووت بـن و بـەکورتی جیاوازیشیان لەم خاڵانەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

– مێژوویی لە رۆماندا بە دەلالەتە گشتی و گۆشەنیگا و بەهاکانیەوە وەردەگیرێ، بەڵام مێژوو بە حەقیقەتە بابەتی و زەمەنەکەی.

– مێژوویی لە رۆماندا ئەگەری هونەری تێدایە، بەڵام مێژوو لە دەرەوەی رۆمان حەقیقی بابەتیە. ئینجا رۆمان شوێنی مێژوو ناگرێتەوە، لەبەر ئەوەی دوو شتی جیاوازن (جوانیناس و مەعریفی)ن. بەڵکو مێژوو لە رۆمان هەڵناهێجرێ، لەبەرئەوەی دەقێکی هونەرییـە و کـاری گۆشەنیگایە نەوەك هەرکۆپی کردنی مەعریفە بێت([1]).

کەواتە مێژوویی، زۆر شت و وێنەو هەستێکی زۆرت لـە نێودڵدا بـۆت بـەجێ دەهێڵـێ و زینـدووی دەکاتـەوە و چـێژێکی هونەریشـت پـێ دەبەخشـێ و حـەز دەکـەیت تـا کۆتـایی لەگەڵیدا بەردەوام بیت بۆ ئەوەی ژیانی تاکەکەسەکەت بۆ دەربخات بەشـێواز و وەسـفێکی وورد و داهێنەرانە، بۆیە (د. مصگفی الصاوی الجوینی) بەم شێوەیەی خـوارەوە جیـاوازیی مێژوو و رۆمانی مێژوویی کردووە و دەڵێ: "لـە راسـتیدا رۆمـانی مێـژوویی چـەندین وێنـە و هەست و جۆش و خرۆش لە دڵ و دەرووندا جێ دێڵێت و زیندوویان دەکاتـەوە. ئـەوە نییـە کە مێژووی پاك و بێگەرد لەدڵ و دەرووندا زیندووی دەکاتەوە. رۆمانی مێژوویی ژیانی تاکە کەست بۆ دەکێشێ بەڵام مێژوو ژیـانی کۆمـەڵ پـێش هـەموو شـتێك. هـەروەها رۆمانـەکان

[1] د. سمر روحی الفيصل، الرواية العربية (البناء والرؤيا)، دمشق، ٢٠٠٣، ص٦٥٠.

چێژت دەوروژێنن بـەململانێ و قەیرانـەكان رێگـەت بـۆ تـەخت دەكـەن بـۆ ئـەوەی كۆتـایی پاڵەوان بزانیت، بەڵام مێژوو جێگەی رارای نییە، هەروەك چۆن دەزانین كە عومەری كـوڕی خەتاب (رەزای خوای لەسەربێ) بەدەستی بت بەرستێك كوژرا. هەرچۆنێك بێت، ئـەو یەكـە رۆماننووسی مێژوویی گەورییەكەی لە رووداوەكانەوە نییە، بەڵكو لە داهێنانی وەسف و لـە جوانی شێواز گفتوگۆ كردنی دایە"(١).

رۆمـانی رەسـەن و راسـتەقینە،كە لـەناو مێـژوو و داب و نەریتـە كۆمەڵایەتیەكانـدا هەڵقوڵابێت و كاریگەری هۆكارەكانی ئابووری و سیاسی دەروونی دێتە كایەوە.

رۆمانیش خۆی لە خۆیدا مێژووە،بەڵكو زیـاتریش بەدروسـتكەری رووداوە مێژووییـەكان لەقەڵەم دەدرێ، لەبەرئەوەی نووسەری كارامە و دەست رەنگـین و بـەتوانا دەزانێـت چـۆن ئەو بەسەرهات و رووداوە مێژووییانە بخاتـە نـاو قـاڵبێكی ئـەدەبی رەسـەن و بەشـێوازێكی هونەری بەرز دایان برێژێ، بۆ ئەوەی بە درێژایی رۆژگار بەزیندوویی و نەمری بمێنێتەوە.

مەهدی سـاڵح لـە نامیلكەیەكیـدا بـەناوی (دەربـارەی رۆمـان) چـەند نموونەیـەكمان بـۆ دێنێتـەوە، كـەوا گرنگـی رۆمـانی مێـژووییمان بـۆ دەردەخـات و لـە نموونەیەكیـدا دەڵـێ: "مارگرێـت میتشـێل، ئـافرەتێكی ئـەمریكی لەسـەر شـەڕی نـاوخۆیی ئـەمریكا رۆمـانێكی نووسـی،كە ماوەیـەك ئـەو شـەڕە لـەنێوان بـاكووری پیشەسـازی و بـاكووری كشـتوكاڵی بەردەوام بوو بەناونیشانی(لەگەڵ بادا رۆیشت)،ئەم نووسەرە بەراسـتگۆیی و بەشـەهادەتی مێژووناسـان و رەخنـەگران، زۆر راسـتگۆیانە و وەسـتایانە رووداوەكـانی ئـەم شـەڕەی لـە رۆمانەكەیدا نووسـیوە.زۆر بـەووردی و بەدرێـژی باسـی بـارودۆخی ژیـانی ئـەو سـەردەمی ئەمریكییـەكان دەكـات، شـەڕ و مـاڵ وێرانـی، دزی و جـەردەیی، كوشـتنی بـێ تاوانـان، برسیەتی و پابەندنەبوون بەیاسا و سیستەمی كۆمەڵایـەتی و بـەدەیان بابـەتی تـر بوونەتـە مۆركی تایبەتی رۆمانەكە.ئەم نووسەرە هەتا هـەتایێ دەبـێ ئەمریكییـەكان شـانازی پێـوە بكەن"(٢).

ئەو رۆماننووسە رووداوێكی واقیعی ئەو سەردەمەی شەڕی ناوخۆی ئەو وڵاتەی كردۆتـە هەوێنی شاكارەكەی و مـۆركی ئـەو سـەردەمەی كۆمەڵگـەی ئەمریكییـەكانی بەشـێوەیەكی

---

(١) د. مصطفى الصاوي الجويني، في الأدب العالمي، ج٣، (القصة، الرواية، السيرة)، مصر، ٢٠٠٢، ص١٦.

(٢) مەهدی ساڵح: دەربارەی رۆمان، ل٦٩.

راستگۆیانە دەرخستووە، "رۆماننووس لە هەڵبژاردنی ئـەو رووداوانـەی دەیانکاتـە هـەوێنی بەرهەمهێنانی رۆمانێك، زۆر بە وردی دەگەڕێت و بیر لەو دیـاردەو رووداوانـە دەکاتەوە،کـە خەڵکی دیکە پشتگوێی خستوون، ئەو چیرۆکانە دەژیێنێتەوە،کە خەریکـە لـەبیر کۆمـەڵ و سروشت دەچنەوە"(١).

مەبەستی نووسەر لە نووسینی ئەو رۆمانە و لە تۆمـارکردنی ئـەو رووداوە مێـژووییە یـە گەورەیەی ئەو وڵاتەدا، کەوا دیارە ئەو وڵاتە زەرەرو زیانێکی یەکجار گەورەی لێکەوتووە و باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی بەجارێ داتەپیوە و هیچ بەها و رەوشتی لەخۆیدا نەهێشـتۆتەوە لـەو سـیفات و بـەها گرنگانەی،کـە نووسـەر ئاماژەیـان بـۆ دەکـات و سەرمایەیەکی زۆریان بەهەدەر داوە وەك: چۆن لەگەڵ بادا رۆیشتبێ وایە. مەبەستێکی تری نووسەر لەو نووسینە ئەوەیە کە دەبێ کۆمەڵگەی ئـەمریکی بـەباکوور و باشـوورییەوە ئـەو رووداوە گرنگەیان هەردەم لەیاد بێت بۆ ئەوەی ببێتە وانەیەکی یەکجار گرنگ بـۆ ئـەوان و رۆژێك لە رۆژان زاتی ئەوە نەکەن، کە شـتێکی وا دووبـارە نەبێتەوە،کـە لـە راسـتیدا ئەمـە بەرجەسـتەکردنی رووداوێکـی وا گـەورەی مێـژوویی. بـۆ ئـەوەی جـارێکی تـر مێـژوو خـۆی بەوقەوارەیە و بەوکارەساتە دڵتەزێنە دووبارە نەکاتەوە.

## پێناسەی رۆمانی مێژوویی:

نووسەرانی کتێبی (رۆمـان چـییە؟)بەم شـێوەیە پێناسـەی رۆمـانی مێـژووییان کـردووە: "رۆمانی مێژوویی رۆمانێکە، باسی نوێ کردنەوەی کەسایەتی،زنجیرە رووداو، خەبات، یـان ژیان و بارودۆخی یەکێك لەسەردەمانی رابردوو دەکات، بـۆ دووبـارە داهێنـان، یـان دەسـت دەکات بە لێکۆڵینەوەیەکی جددی و خێرا لـە رووداوە راسـتەقینەکانی سـەردەمی رابـردوو. دەبێـت بزانرێـت، کـە رۆمـانی مێـژوویی سـوود لـە کەسـانی نامێـژوویی واتـە چـیرۆکیش وەردەگرێت، لە راستیدا رۆمانی مێژوویی بەزۆری رۆمانی درێـژن، کـە رووداو و گۆڕانکارییـە مێژووییەکان بەشێوەیەك دەخەنە بەرچاو کە لە دید و ژیانی کەسانی مێژووییەوە پێچەوانە دەبێتەوە، بێگومان ئەم رووداو و گۆڕانکارییانە لە هزری نووسەردا رەنگ دەداتەوە"(٢).

---

(١) میران جەلال محەمەد: بنیاتی رووداو لە رۆمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی رەنج، ٢٠٠٩.

(٢) م. هـ ئیبرامز و مالکالم برادبری نورپروپ فرای، رۆمان چییە؟ دەزگای موکریانی، دهۆك/ ٢٠٠٨/ ل٢٥.

بە پێی ئەم پێناسەیە، دەبێت رۆمـانی مێـژوویی، ئـەو رۆمانـە بێـت، کـە لـە کەسـایەتی مێژوویی و زنجیرە رووداوەکانی مێژوویی و خەبات و ژیان و بارودۆخی یەکێك لەسەردەمانی رابردوو بکات،باس لەو جۆرە شتانەو لەوجۆرە کەسانەو زنجیرە رابردووانـە دەکـات کـە بـۆ دووبارەی داهێنانە بۆ جووینەوەی نییە،بەڵکو بۆ زیـاتر لێوردبوونـەوە و قووڵبونەوەیـە بـۆ دەلالەتی ئێستا و ئایندەیە هەر لەبەر ئەوەشە، کە پەنا بۆ رابردوو دەبات. ئەو گۆڕانکـاری و ئەو رووداوانـەی کـە رۆمـان دەیخاتـە بەرچـاو ئـەوا ئـەو رووداو و گۆڕانکاریانـە پێچـەوانە دەبێتەوە لە دید و تێڕوانینی کەسانی مێژووییەوە، دیارە ئەمـەش خـەیاڵی نووسـەرە و لـە هزری ئەودا رەنگ دەداتەوە.

## پێوەندی نێوان رووداوی رۆمان و رووداوی مێژوویی:

رۆمــان گــەورەترین جــۆری گێڕانەوەیــە لــەرووی قەبارەوە،ئــەو ژانــرە لــە ســەدەی هەژدەمدا،هاتۆتە کایەوەو بەدیارکەوتنیشی دیارە،کە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەرهەڵدانی چـینی بورژوازی ئەوروپی و ئەو چینە خۆی سەپاند بەسەر زۆربەی کۆمەڵگـەی ئەوروپیـەوەو هـەر ئـەو چـینەش ئامادەگییـەکی بـێ وێنـەی نوانـد بـۆ هەڵگیرسـاندنی شۆڕشـی فرەنسـی و هاتنەکایەی رژێمێکی دیموکراتی پەرلەمانی، کە لـە سـایەیدا مـافی ئـازادی و تاکەکەسـی و رادەربڕینــی بــۆ جــەماوەری خــۆی دەســتەبەرکردو چــەندین شــاری گــەورە دروســتبوو، چاپەمەنی و کاغەز و بارووت و لایکردنەوەیان بەڕووی بازرگـانی جیهـانی و گرنگـی دان بـە کەشتیەوانی و دۆزینەوەی چەندین دوورگەزەوی تازەی وشکاندنی و ئـاوەدان کردنـەوەی و سەرهەڵدانی شۆڕشێکی گەورەی پیشەسازی سەرتاسەری لە ئەوروپا.هـەموو ئـەو رووداو و پێشکەوتنە گەورانـەی کـە بەسـەر کۆمەڵگـەی ئـەوروپی داهـات بـووە هـۆی هاتنـە کایـەی ژانرێکی ئەدەبی تازە، کـە ئـەویش (رۆمـان) بوو،خـەڵکێکی زۆر لـە دەرەوەی ئـەو ژانـراوە کۆبوونەوە و گرنگیەکی تایبـەتیان پێـدا و مـۆرکی ئـەو پێشـکەوتنەیان پێـوە لکانـد، دوای ئـەوەی کـە لـە ژێـر دەسـتی رژێمـی دەرەبەگایـەتی رزگاریـان ببـوو و ئـەم رژێمـە گلۆڵـەی دەکەوتە لێـژی و ژانرێکـی کۆنیشـی لەگـەڵ خۆیـدا بـەرەو نـەمان بـرد کـە ئـەویش (ژانـری داستان) بوو.

ژانـری رۆمـان بەگشـتی لـە چـەند رەگـەزێکی هونـەریی پێکهـاتووە، واتـە رەگـەزە هونەرییەکانی رۆمان بریتین لە:

١- کەسایەتیەکان:سەرەکی، ئـەوەی کـە پێـی دەوترێـت پاڵەوان،لاوەکی:کەسـانی تـری غەیرە پاڵەوان.

٢- شـوێن: زۆربـوونی شـوێنی رووداوەکـان، لـە رۆمانـدا شـوێنەکان بـەرفراوانترن لـە رەگەزەکانی تری چیرۆك.

٣- کات: فراوانی کاتی رووداوەکان.

٤- گرێچن (پلۆت):رووداوەکانی لقێکی زۆری لێدەبێتەوە(کار تووندوتۆڵ و مەحکەم).

٥- پێکهاتـەی چـیرۆکی:بەکارهێنانی شـێوازی هونەری:گێڕانـەوەو (النسـیج القصصـی) گفتۆگۆ (دایلۆگ)و خۆدواندن و وەسف و لەسەر رۆیشتن (تعلیق)(١).

ئەگەر سەرنجێکی وردی ئەو پێکهاتانەی رۆمـان بـدەین، ئـەوا بێگومـان دەبیـنین، ئـەوا گرنگیەکی یەکجار زۆر بەرەگـەزی رووداو دراوە، شـوێنی رووداوەکـان، کـاتی رووداوەکـان، پلـۆتی رووداوەکـان، گێرانـەوەی رووداوەکـان، لەسەرۆیشـتنی رووداوەکان...هتد.کەواتـە (رووداوەکان) بەرەگەزێکی زۆر گرنگی رۆمان لەقەڵەم دەدرێت.

هەنـدێ لـە نووسـەرانی تـر رەگـەزەکانی رۆمـان بـەم شـێوەیەی خـوارەوە دەستنیشـان دەکەن، هەرچەندە رەخنەگران لەسەر دابەش کردنەکان کۆك نین:

"١- گرێ (العقده).

٢- کەسایەتی (کاراکتەر)، (الشخصیه).

٣- ژینگەی رۆمان (کات و شوێن).

٤- بیرۆکە (الفکره).

٥- شێواز (الاسلوب)"(٢).

---

(١) د. سمير كبريت: المرشد الأدبي الحديث، للمراحل التعليمية، دار النهضة العربية، ص٤٩.

(٢) د. فائق مصطفى: و د. عبدالرضا علي، في النقد الأدبي الحديث منطلقات و تطبيقات، جامعة الموصل، ١٩٨٩، ص١٣٤.

گرێچن لە رۆماندا پێك دێت لە: سەرەتا– ناوەند– کۆتایی، بەڵام مەرجیش نییە، کە بەو ریزبەندیەش بمێنێتەوە و جێگۆڕییان پێ نەکرێت، دەکرێ بە گرێیەکەوە دەستی پێکردبێ و دوای ئەوە ئەوانی دیکە ریزبەندی وەردەگرن و بەدوای یەکتردا دێن.

یەکێکی وەك موکەڕەم تاڵەبانی، کە باس لە رۆمان دەکات، وەکو چۆن بەکورتی و بەچڕی پێناسەمان بۆ بکات، هەموو رەگەزەکانی ئەو ژانراوەی تێدا کۆکردۆتەوە، دەڵێ:

"رۆمان هونەرێکی گران و بەرفراوانی ئەدەبە،لە هونەرە هەرەبەرز و باڵا و زۆر وردەکانە. جۆریکیشە لە چیرۆك و سەرگوزشتەو بەسەرهاتی مێژوویی کۆمەڵایەتی دارشتن، کە قالبێکی هونەری قەشەنگ و سەرنج راکێشدا، ماوەیەکی دووروردرێژ لەخۆدەگرێت و رووداوەکانیشی چڕوپڕن و چەندان لق و پۆپیان لێدەبێتەوەو هەموو ئاوەڕۆکانیشی دەچنەوە سەریەك سەرچاوە و دەڕێژنە دەریای مەبەستی بەسەرهات و رووداوەکەوە.

لەلایەن کەس و پاڵەوانیشەوە، ئەوە ژمارەیەکی کەم لە پاڵەوان و کەسانێکی زۆری لاوەکی و رووداوە جۆربەجۆرەکانی رۆمان پێك دەهێنن و لەناویان دا هەموو بە رووداو بە خودی خۆیانەوە لە دەوری پاڵەوانانی سەرەکی و رووداوە سەرەکیەکاندا دەجووڵێنەوە، ئەو رووداوە وردو ئەو بەسەرهاتە دەگمەن و بەپێزانەی رۆمان باسیان دەکات و لە ئامێزیان دەگرێت.هیچ جۆرە هونەرێکی دیکە ناتوانێت وەك رۆمان لەئامێزیان بگرێت و لەناو دڵی خۆیدا جێیان بکاتەوە. لێرەوە رۆمان بایەخێکی گرنگی هەیە و، بەهونەری شارستانی ناودەبرێت و ئەو گەلەی ئاشنای نەبووبێت، بێگومان ئەوە شارستانی لێوە بەدوورە !"(١).

لەو پێناسەیەی موکەڕەم تاڵەبانی دا، ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە رۆمان سیفاتی جیاکەرەوەی لەگەڵ جۆرەکانی تری چیرۆکدا هەیە، چونکە هونەرێکی بەرفراوان و بەرز و باڵا و زۆر وردەکارانەیە و جۆرێکیشە لە چیرۆك و سەرگوزشتە و بەسەرهاتی مێژوویی و کۆمەڵایەتی.

**رووداو لە رۆماندا:** یەکێکە لە مەرجە بنەڕەتیەکانی رۆمان، بێ رووداو رۆمان بوونی نابێت، ئینجا یان لەو رووداوانەدا پاڵەوان یان کەسی سەرەکی رۆڵی سەرەکی تیادا دەبینێ و رووداوەکان دەخولقێنێ یان ئەوەتا بە پێچەوانەوە دەبێت و پێویستی رووداوەکان چەند جۆرێك پاڵەوان پیشان دەدات، کە دەبنە رووگەی رۆمانەکە.

---

(١) موکەڕەم رەشید تاڵەبانی: چەمکێکی مێژووی رۆمانی کوردی، گ کاروان، ژ١٠٨،هەولێر،١٩٩٧، ل١١٨.

"رەنگ بێ (رووداو) لـە هـەموو رەگـەزەکانی رۆمـان روونـتر و بڵاوتـر بێـت لـە چـیرۆکدا، هەروەها سـەرنجی خوێنـەران لـەو جـۆرە چـیرۆکانە دەربـارەی رووداوەکـان بـۆ لای خـۆی رادەکێشێ و بە چێژ و لەززەتێکی زۆرەوە بەدوای خوێندنەوەیدا دەکەوێ، بۆ ئەوەی خۆی لە جەنجاڵی ئەو رووداوانەی کە تووشی بووە، لەبیر بکات، لەبەر ئەوە وا لە کاتب مەزەنـدە دەکرێ کە زنجیرەیەك لە رووداوی لێڵ پێشکەش بکات،بەهەمان شـێوە رووداوی ترسـناك و سەرکێشی، ئەو چـیرۆکانە شـتێکی ئاسـاییە، کـە تەمـەنیان کورتـە و زۆر نامێننەوە،بـەڵام هەندێکیان سیحر و کاریگەریەکەی هەردەمێنێ تا رۆژگارێکی دوور"(١).

کەواتە رووداوەکان لە چیرۆکدا لە گشـت رەگـەزەکانی تـر روونـترو بڵاوتـرە و سـیحرێکی تێدایە، لەزەت و خۆشیەکی تێدایە، کە رەنگە خوێنەر بۆ ماوەیەك خۆی پێ لـەبیر بکـات و بەردەوام لـە خوێندنـەوەی دابێـت و سـەرنجی رووداوە لێڵـەکان و سەرکەشـیەکانی بـۆ لای خۆی کێش بکات و دەردومەینەتیەکانی خۆی پێ لەبیر بکات و پەردەپۆش بکات.

ئەگـەر بـەکورتی و بەچـڕی جیاوازییـەکانی نێـوان رووداوی رۆمـان و رووداوی مێـژوویی دەستنیشان بکەین، ئەوا لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەیانخەینە روو:

١- رووداوی مێژوویی باس کردنی ئەورووداوەیە،کە لە رابردوودا روویداوە،بـەڵام رووداوی رۆمان،رەنگە باسکردنی ئـەو رووداوەبێ،کـە لـەداهاتوودا روویـدات واتـە (پێشـبینی کردنـی رووداو) بێ.

٢- رۆماننوسان گرنگیەکی تایبەتیان بە رووداوی مێژوویی داوە بۆئەوەی لـە جۆرەکـانی تری رووداوی جیابکەنەوە،ئەو رۆمانەی کە رووداوەکانی لەمێژوو وەرگرتبێت، پێی دەوترێ (رۆمانی مێژوویی)،بەڵام ئەگەر رۆمانێك لێکدانەوەیەکی دەروونـی تێـدا بـێ ئـەوا ئەورۆمانـە پێی دەوترێ (رۆمانی دەروونی) یاخود (رۆمانی ئەڤینی)، (رۆمانی کۆمەڵایەتی)،...هتد.

٣- رووداوی مێژوویی زیاتر بەلای بابەتێتییەوە دەچێت،بەڵام رۆماننووس دەسـتبەرداری ئەو بابەتێتی یە بووە،واتە رۆماننووس لەروانگەی گۆشەنیگای خۆیەوە، کـە مـەرج و پلـەی

---

(١) د. محمد يوسف نجم: فن القصة، دار بيروت للطباعة والنشر، ط٣، بيروت، ١٩٥٩، ص١٦.

یەکەمی رۆمانە دەروانێتـە رووداو واتـە رۆمـاننووس باسـی ئـەو رووداوە دەکـات کـە خـۆی دەیانبینێت، نەك بەوشێوەیەی کە روویانداوە(١).

٤- مێژوو باسی رووداوێك دەکات،بـەلآم بـەو وردەکـاری و قوولْبوونەیـەو درێژدادڕییـەی ناچێتە ناو بابەتەکەیەوە،بەلآم لە رۆماندا زۆر بـە ووردی بـاس لـەو وردەکاریانـەی رووداوی مێژوویی دەکرێ،کە رەنگە مێژوونووس دەرفەتی ئەوەی نـەبووبێت بـاس لـەو وردەکاریانـە بکات، رۆماننووس ئەو کاتە بەوردی و بە قوولْی باسیان دەکات(٢). بۆیە شـێرزاد حەسـەن دەلْێ: "رۆماننووس مێژوو کۆپی ناکاتەوە، بەلْکو ئەو بۆشاییانە پڕ دەکاتـەوە، کـە مێـژوو بەجێیان دێلْێت، یان ئەو ساتانە، کە کە مێژوو فەرامۆشیان دەکات(٣)".

هەر سەبارەت بە گرنگی رۆمان بۆ رووداوە مێژووییەکانەوە، سەلمان رشـدی دەلْێـت: "رۆمان هەقیقەتەکەی لەوەدایە، ئەو شتانە تۆمار دەکات کە مێژوو فەرامۆشی کردوون،ئەو شتە لەبیرکراوانە دەنــووسێتەوە، کە مێژوو جێـیان دێلْێت، یان نایانلْێت"(٤).

٥- گێڕانەوەی رووداوی مێژوویی جیا لە گێڕانـەوەی رووداوی رۆمـان، رووداوی مێـژوویی هەمیشە رووداوەکانی وەك زنجیرە (بەدوای یەکدا هاتوو دەگێڕدرێتەوە،بـەلآم مـەرج نییـە، رووداوی رۆمانی بەو شێوەیەی رووداوی مێژیی بگێڕدرێتەوە،چونکە رۆماننووس بـەگوێرەی پێویسـت لـەناو رۆمانەکـەدا دەگێڕێتـەوە،رەنگبێ لـە کـــۆتایی رووداوەکـــە دەسـت پـێ بکات،یان گرێکەوە (لووتکە)و هەندێ جـاریش لەسـەرەتاوە دەسـت بەگێڕانـەوەی دەکـات. چونکە هەروەك ئاشکرایە، زەمەنی چیرۆك لەگەلْ زەمەنی گێرانەوە جیایە:

أ ←——— ب ←——— ج ←——— زەمەنی چیرۆك

ج ———د← ب ———← أ زەمەنی گێڕانەوە

---

(١) میران جەلال محەمەد: بنیاتی رووداو لە رۆمانی کوردیـدا، مـەلْبەنـدی کوردۆلـۆجی، سـلێمانی، ٢٠٠٩، ل٥٢.

(٢) س. پ: ل٥٢.

(٣) س.پ: ل٥٤.

(٤) س.پ: ل٥٣.

## ژیاننامەو پەیوەندی بە هونەری ڕۆمانەوە:

ژیاننامە، بابەتێکی پەخشانی هونەرییەو باس لە ژیانی کەسێك دەکات،جا ئەو کەسە (نووسەر)ەکە چ ژیانی خۆی بێت، چ ژیانی کەسێکی دیکە بێت.کەواتە ژیاننامە "وەرگێڕانی ژیانی مرۆڤێکە لەمیانەی خستنە ڕووی وێنەیەکی ڕاستگۆو پرشنگداری ژیانی خۆی و کۆمەڵایەتی"(١).

شتێکی بەڵگە نەویستە، ژیاننامە باس لە مێژووی ژیانی کەسێك دەکات، بۆ خستنە ڕووی هەندێ لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و سیاسی خۆی دەکات،کە مەرجی سەرەکی لەم خستنە ڕووەی ڕاستگۆییە،بۆ ئەوەی خوێنەر بەئاسانی ژیانی ئەو کەسە بزانێت وببێتە جێگەی ڕەزامەندی خەڵك و پلە و پایەی لەناو کۆمەڵدا بەدیار بکەوێت.

ژیاننامەش وەك جۆرێکی ژانری ئەدەبی،"دوو جۆری سەرەکی هەیە:١- ژیاننامەی خودخوازی (ژاتی):لەم جۆرەدا ئەدیب باسی خۆی دەکات.٢- ژیاننامەی بابەتی: ئەو جۆرە کە نووسەر باسی یەکێکی دیکە دەکات"(٢).

کەواتە لەجۆری (خودخوازی)دا نووسەر و کەسی باسکراو یەك کەسن و لێکترجیانین، بەڵام لە (بابەتی)دا، نووسەر و ئەوەی باسی لێوە دەکات، دوو کەسن، لێکترجیان.

جۆری یەکەمی ژیاننامە،پێشی دەگوترێ(یاداشتنامە)،کە نووسەر دەتوانێ تەنیا ژیانی خۆی تیادا بنووسێتەوە، یاخود ژیانی تایبەتی خۆی تێدا بخاتەڕوو(٣). عبدالرحمن منیف دەڵێ:"ئەوی وا دەکات، ژیاننامەیەك بایەخی هەبێ، بایەخی ئەو مرۆڤەیە، کە لەوێدا ژیاوە، بایەخیش بە ڕۆڵی سیاسی یان فیکری پێوانە ناکرێ، بەڵکو بە پێی قەوارەی موعانات و جۆری ژیانەکەیە، بایی چەند ئەو ڕۆژگارەی، کە تیا ژیاوە ناخۆشی و تەحەددای تیا بووە و بایی چەند توانیویەتی بەرەو ڕوویان بێتەوە و بەسەریاندا زاڵ بێت، ئەو ئاماژانەی ژیانەکە لەسەر جەستە و ڕۆحی جێهێشتووە، بەشێوەیەك دەتوانین بە شاهێدی

---

(١) د. شوکریە ڕەسوول: ئەدەب و هونەرەکانی ئەدەب، هەولێر، ١٩٨٩، ل١٤٢.

(٢) س.پ: ل١٤٤.

(٣) سابیر ڕەشید: ڕۆمانی کوردی، (خوێندنەوە و پرسیار)، ب١، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٥٠.

قۆناغیٚ لەزەمەنی داینێن بەهەموو شیرینی و تاڵەکانیەوە، دواتر چۆن چۆنی ئـەو شـتانەی تێپەڕاندووە، وا ئێستا جارێکی تر دەیانگێڕێتەوە تا ببێتە پەند و دەرس"(١).

کەواتـە هـەموو کەسـێك شـایانی ئـەوە نییـە، کـە ژیاننامـەی خـۆی بنووسـێتەوە،یان ژیاننامـەی کەسـانی تـر بنووسێتەوە،چـونکە ئەگـەر مرۆڤێـك بـە هـیچ شـێوەیەك تووشـی موعانـات و ناخۆشـی و تەحـەددای زەمـەنی نـەبووبێت و نەیچەشـتبێت و جـۆری رووبـەروو بوونەوەی ئەو ناخۆشیانەی نەکردبیٚ و بەسەر کۆسپ و تەگەرەکانیدا زاڵ نـەبووبێت و ئـەو مۆرك و نیشانانەی،کە بەسەر جەستە و رۆحییەوە جیٚنەهێشـتبێت وەکـو شـاهێد عـەیانێك بەسەر ژیانی ئەو کەسەوە و چەشتنی شیرینی و تاڵی زەمانـەوە بـە جـۆریٚ خـۆی بـواردبیٚ بەسەر ئەو رووداو و کارەساتانەی مێژووی ژیانی و دەربازبوونیـان لێـی بـۆ ئـەوەی پەنـد و عیبرەتـی لێـوەربگریٚ. ئـەوا ئـەو کاتـە بـەهیچ شـێوەیەك کاریگـەری نابێـت بەسـەر دڵ و دەروونی خوێنەرانەوە وە مەرجی کاریگەریەکەش ئەوەیە کە دەبێت لەگەڵ خـەڵك راسـتگۆ بـیٚ و ووردبـین بێـت لـەو شـتانەی دەیانخاتـە روو.بۆئـەوەی ببێتـە پـردی متمانـەی نێـوان گێڕەرەوە و وەرگر.

ژیاننامە وەکو ژانرێکی سەربەخۆی ئەدەب، پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ هونـەری رۆماندا هەیە و زۆر بەزەحمەت لە یەکتر جیادەکرێنەوە هـەردووکیان لەیـەکتر وەردەگـرن و پێویسـتیان بەیـەکتر هەیـە، ژیاننامـەش وەك رۆمـان ئـەو توانایـەی تێدایـە، وەك رۆمـان رەگەزەکانی ئەو وەربگریٚ و وەك رەگەزەکانی گێڕانەوە و رووداو و سـەربردە و تەشـویق و کات و شوێن و...هتد. کە ئەمانـە هـەموویان بەرەگـەزی گرنگـی رۆمـان لەقەڵـەم دەدرێـن. بەهەمان شێوە ژیاننامە تۆماری مێـژووە و دەکرێـت بکـریٚ بەسەرچـاوە بـۆ مێژووناسـان و بەهەمان شێوە رەگەزەکانی تری رۆمان لەخۆدەگرێت. هەروەها هەندیٚ لـە رۆماننوسـەکان ئەو ژانرە ئەدەبییە بـەجۆرێك لـە تـەکنیکی رۆمـان لەقەڵـەم دەدەن بەتایبـەتی لـە رۆمـانی ئاساییدا، چونکە کەم رۆماننووس هەیە بتوانێت کەم تا زۆر لە رۆمانەکانیـدا دەسـتبەرداری ژیاننامەی خۆی بێت،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کامێکیان شوێنی ئـەوی تریـان ناگرێتـەوە. واتە نە رۆمان ژیاننامەیە و نە ژیاننامەش رۆمانە.

(١) عەبدولرەحمان مونیف: تیشکێك بۆ سەر رۆمان، و: شیرین.ك، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٦٩.

له چیرۆك و رۆماندا پاڵەوانێکی سەرەکی و چەند پاڵەوانێکی لاوەکیشی تێدایە،بەڵام لـە ژیاننامەدا تەنها مرۆڤێکە،باس لـە ژیـانی خـۆی دەکـات، واتـە ژیاننامـە تـاك پاڵەوانە،بۆیـە رۆماننووسی کورد، هەر لەسەرەتای دەستبەکاربوونیان بۆ نووسینی رۆمانەکانیان لایان لەو ژانرە ئەدەبییـە کردۆتـەوە و بەشـێوەیەك مەزراندویانـە، چ وەك تـەکنیك ژیاننامـەی خـۆی ئاخنبێتەوە نـاو بەشـەکانی رۆمانەکـەوە، چ وەك بابـەتێکی مێـژوویی قۆناغـەکانی ژیانیـان بەکاریان هێناوە و ئیلهامیان لێ وەرگرتووە، ئەگـەر سـەرنج بدەینـە رۆمانـەکانی، عەبـدوڵڵا سـەراج و خوسـرەو جـاف و عـەزیزی مـەلای رەش و حیسـام بـەرزنجی و نـافیع ئـاکرەیی و...هتد.

رۆماننووسانی کورد لە رۆمانەکانیاندا، لە مەزراندنی مێژوودا زیاتر لە مەزراندنی مێژووی کۆمەڵایـەتی دواون و قسـەو باسـیان لێـوەکردووە،زۆر کـەم لـەبارەی مێـژووی سیاسـی میللەتەکەیانەوە دواون، چونکە میللەتەکەمان هەردەم ژێردەست بووەو ئەوەی کردوویـەتی و بەئـــەنجامی گەیاندبێ،کەوتۆتـــە ژێـــر سانســـۆر و بەچـــەندین فلتـــەری سانســـۆردا تێپەڕیوە،مەگەر دەرفەتێکی وای بۆ رێکەوتبێ کە زەمانە رێی پێدابێت، شتێك لـە مێـژووی سیاسی میللەتەکەی خۆی بخاتە ناو رۆمانەکەیـەوە و بەشـێوەیەك لـە شـێوەکان تـەوزیفی بکات، وەك دەقێکی مێژوویی سیاسی شاراوە بەکارهێنانی وەك رەمز و هێمـا کـردن، بۆیـە ئەگەر هاتوو رۆماننووس لە مێژووی کۆمەڵایەتی میللەتەکەی دوابێت،ئەوا بێگومـان هەنـدێ جاریش لەگەڵ مێژووی سیاسی میللەتەکـەی یـەکی گرتۆتـەوە و بۆتـە بەشـێك لـە مێـژووی سیاسی کۆمەڵایەتی میللەتەکەی لەبەر ئەوە"مێژووی کۆمەڵایەتی لەبار و زوروفی کۆمەڵگـە دەکۆڵێتەوە، بەدرێژایی مێژوو،چ لایەنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی و داب و نـەریت و پیشــە و ســنعەتکارەکان و بــازاڕ و پێکهاتــەی دانیشــتوان و هۆکارەکـانی زیـادبوون و کەمبوونی، هەروەها لیکۆڵینەوە لەبار و دۆخی کەسایەتیەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایـەتی و سیاسیەکانی جگە لەمەش مێژووی کۆمەڵایەتی لە بـەهاو پلـەو پایـەی ئەخلاق،کـە کۆمـەڵ هاندەدات لە سەردەمێك لە سەردەمەکانی مێـژوویی، دەکۆڵێتـەوە. ئەمـە جگـە لەوەی،کـە مێژووی کۆمەڵایەتی گـرنگیش بەلایـەنی سیاسـی و ئـابووری و هزریـەکان دەدات لـە ژیـانی کۆمەڵگەدا"(١).

---

(١) د. قاسم عبدة قاسم: بين التأريخ والفلكلور، الناشر (عين) للدراسات ، مصر/ ٢٠٠٨، ص٨٩.

لەبەرئــەوە لەســەر رۆمــاننووس پێویســتە،کە خــۆی پڕچــەك بکــات بــەزانیاری یــە جۆراوجۆرەکانــەوە، بەتایبــەتی مرۆڤایەتییــەکان،وەك: کۆمەڵناســی و دەروونناســی و شوێنەوارناسی و زمانناسی و شارەزاییەکی زۆر چاکی لە زانستی مێژوودا هەبێت، بۆئەوەی کە ئەو بەرهەمە دەنووسێت ببێتە ئینکلۆپیدیایەك و رۆماننووس ئیلتیزامی هەبێت بەرامبەر بــە کۆمەڵگــە و ســوودی لێببینێــت و کۆمەڵەکــەی بــەرەو گــۆڕانێکی بــەرەو باشــتر ببات،لەبەرئــەوە"رۆمانی راســتەقینە خــۆی لەخۆیدا،نــەك مێژووە،بــەڵکو دروســتکەری رووداوەکانی مێژووە.نووسەری بەتوانا و لێهاتوو بەسەرهات و رووداوەکانی لـەنێو قـالبێکی ئـەدەبی رەسـەندا دارشتووە،شـاکارە بـەپێزەکانی جیهـان لـەبارەی رۆمـان نـەك بـۆ ئـەم سەدەیە،بەڵکو بۆچەندین سەدەی تر بەزیندوویی‌و نەمری دەمێننەوە"(١).

ئێمە کە باس لە رۆمانی مێژوویی دەکـەین، مەبەسـتمان ئـەوە نییـە کـە "مێـژوو بێـت، بەڵکو مامەڵە کردن لەگەڵ مێژوو، سنوورێکی بەسەردا دەسەپێنێ، کە دەبێتە چەند کۆسپ و تەگەرەیەك، کە رۆمانی هونەری پێی ئاشنا نییە. یەکەمیان: ئەوەیـە، کـە ئـەو کۆسـپ و سنووردانانە بۆ ئەوەیە کە سروشتی هونەری خۆی لەدەست نەدات و نەیگۆڕێت بۆ کتێبێـك لــە کتێبــە مێژووییەکانــەوە. دووەمیــان: لــە مێــژوو بخوازێــت بــێ ئــەوەی گــۆڕانی بەسەردابێت.سێیەمیان: لەگەڵ مێژوودا پاك بێت بێ ئەوەی گەمە بـە سـیاق و حەقیقـەت و دەلالەتەکەی بکات"(٢).

کەواتە ئیلهام وەرگرتنی رۆماننووسی مێژوویی بۆ رۆمـان، نابێـت کـۆپی کردنـی مێـژوو بێت، بەڵکو دەبێت سنورێکی هەبێت بـۆ ئـەوەی سروشـتی هونـەری رۆمـانی پـێ لەدەسـت نەچێت،چونکە ئەو کاتە نابێتە رۆمان، بەڵکو دەبێتە کتێبێك لـە کتێبـەکانی مێـژوو، دەبـێ ئەوەندە لە مێژوو وەربگرێت کە سوود بگەیەنێت بێ ئەوەی سیاق و حەقیقەت و دەلالـەتی رۆمانەکەی پێ لەکەدار بکات.

هەر ئەو نووسەرە دەڵێ: تەوزیف کردنی بابەتی مێژوویی لـە رۆمـانی هاوچـەرخدا، وەك مێژوو نییە و لەیەکتر جیان، بابـەتی مێـژوویی بریتیـە لـە چـەندین رووداو، کـە لـە مێـژوودا

(١) مەهدی سالح: دەربارەی رۆمان، ل٦٨.

(٢) د. سمر روحي الفيصل: الرواية العربية (البناء والرؤيا)، منشورات اتحاد وكتاب العرب، دمشق ، ٢٠٠٣، ص٦٧.

وەرگێراون بە گوێرەی جۆرێکی (تبئیر)* لە رۆماندا تـەوزیف کراون، بـۆ مەبەسـتێك، ئـەو مەبەستە، چ رابردوو بێ چ ئێستا و چ بۆ داهاتوو بـێ، بـەڵکو ئـەو رووداوانـەی بـە گـوێرەی (تبئیر)ی رۆمان کت و مت لە کتێبە مێژووییەکانەوە کۆپی نەکراون و بە ورد و درشـتیانەوە گوازراینـەوە نـاو رۆمـان، بـەڵکو ئەوکاتـە رۆمـاننووس هەڵدەسـتێت بـە هەڵوەشـاندنەوەی یەکەکانی و دووبارە دارشتنەوەی بۆ ئەوەی لەگەڵ مەبەستی رۆماننووس بگـونجێ، یـاخود بەگوێرەی خەیاڵی رۆماننووس (ئەگەر وردتر بین بـە دەربڕینێکـی رەخنەییـەوە) چـونکە وا دیارە خەیاڵ بڕبڕەی پشتی رۆمانە"(١).

واتە رۆمانووس، کە ئەو رووداوە وەردەگرێـت، وەك مێژوونووسـێك وەری ناگرێـت و بـە شێوەیەکی بابەتی بیخاتە روو، بـەڵکو رۆمـاننووس بـە گـوێرەی دید و تێـڕوانینی تایبـەتی خۆیەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو رووداوە دەکـات واتـە، رۆمـاننووس بەشـێوەیەکی خـودی دەست دەکات بە هەڵوەشاندنەوەیی و ئەوەی پێویست بکات و مەبەستی خۆی پێ بدات بە دەستەوە و بگونجێ و بە گوێرەی خەیاڵی رۆماننووسەوە، چونکە ئەدەب بە گشتی خەیاڵە و رۆمانیش بەتایبەتی بڕبڕەی پشتی (خەیاڵێکی فراوانە).

## رەنگدانەوەی کەلەپووری مێژوویی لە رۆمانی هاوچەرخی کوردیدا :

عەبـدوڵڵا سـەراج،یەکێکە لـەو رۆماننووسـە بەتوانایانـەی کـە لـە بـواری هونـەری رۆماننووسـیندا،رۆڵێکی یـەکجار گـرنگ و باشـی بینیوە،لـە زیندووکردنـەوەی بەشـەکانی فۆلکلۆر و کەلەپوری میللی و تەوزیف کـردنی زۆربەی بەشەکـانی، رەنگبێ بـۆ یـەکێکی وەکو عەبدوڵڵا سەراج زەحمەتێکی ئەوتۆی تێدا نەبووبێت، چونکە خۆی کەسێکی رۆشنبیر و ئینسکلۆپیدییە، هەم لە بواری رۆماننووسین دا و هەم لە سامانی نەتەوەکەش ئاگادارە و ویستویەتی ئەم دووانە بەیەك ببەستێتەوە و کەلەپورەکەی لە خـزمەت رۆمانـدا بخاتەگەڕ

* تبـئیر (لە کاری چیرۆکنووسیدا بریتیە لە دەستنیشانکردنی گۆشـەی دیـد و تێـڕوانین لـەنێو سەرچـاوەیەکی دیاریکراو، ئەو سەرچاوەیە چ وەك کەسایەتیەك بێت لە رۆمـاندا، یان چ وەك گێڕەوەیەکی گریمـان لێکراوبێـت، کە هیچ پەیوەندییەکی بە رووداوەکانەوە نەبێت). د. حميد الحمداني، بنية النص السردي، ص٤٦.

(١) د. سمر روحي الفيصل، الرواية العربية (البناء والرؤيا)، ص٦٥.

بۆ پـەردە پۆشـی مەبەسـتێك و مەغزایـەكی خـۆی لـە رۆمانەكانـدا و لـە هـەمان كاتیشـدا سـوودگەیاندنی بـووە بـە تـەكنیك بـە تایبـەتی هـونەری گێڕانـەوە لەسـەر زاری كاراكتەرەكانەوە.

مێژووش وەك سـامانێكی نەتەوایـەتی، توانیویـەتی مەزرانـدنێكی هونـەری پـێ دروسـت بكات و رووداوە مێژووییەكان لە خزمەتی تەكنیكی رۆمان و لە خزمەت مەبەست و ئامـانجی نەتەوایەتی لە رابردوو و ئێستا و داهاتوودا بەرجەستە بكات.

لێرەشـدا رۆمـاننووس وەك كـوردێكی دڵسـۆزی شـاری كـەركووك هـاتووە لـە رۆمـانی (هەڵكشـان بـەرەو لوتكـە)دا،رووداوە مێـژوویی و واقیعیـەكانی نێـو ئـەو شـارەی تۆمـار كردووە،كـە وەك تۆمـارێكی مێـژوویی خـۆی دەنوێنێت،چـونكە (وەك كەسـێكی شـارەزا و دڵسـۆز لـە بـەرگێكی نەخشـێندراوی پڕتـەكنیكی هونەریـدا بەسـەرهاتە ئاسـایی و نـاوێزەو دڵتەزێنەكانی لەناوچوارچێوەی رۆمانەكەدا چنیوەوبەزمانێكی پاك گێڕاویەتیەوە"(١).

## دەقی مێژوویی لە رۆمانی ( هەڵكشان بەرەو لوتكە )دا :

لەدەسپێكی بەشی نۆیەمی ئەو رۆمانەیدا،رۆماننووس دەقێكی مێـژوویی هێناوەتـەوە، دیارە نووسەر، ئەم رووداوەی لە دەمی تۆفیقی قارەمـانی رۆمـان، وەكـو بگێڕێكـی هـەموو شتزان،یان وەكو رۆشنبیرێكی لێهاتووی شاری كەركوك، ئەو رووداوە دەگێڕێتەوەو دەڵێ:

هەڵۆی سپی بێ ئۆقرەو ئارام بەسەر شارا باڵەفڕكەی دەكرد.نەمزانی بۆ چ وادەكـات! لە خۆشیانا یـان لەبـەر دڵتـەنگی! شـار بـۆ مـاوەی حەفتەیـەكی رەبـەق خرۆشـا. كەسـێك نەچووە سەر ئیش، دەرفەتێكی لەبار رەخسا بۆ نەوزاد و دلێر بۆ ئەوەی رۆژێ یەكـدووجار تۆپێن بكەن، كارا لە قوتابخانەی ناوەندی و دانا لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بـوون. تـەنیا نەوزاد نەبێ، كە بەیكجاری لە خوێندن دابڕا. خـەڵكی جـووت جـووت دەڕژانـە نـاو كـۆڵان و سەرشەقامەكان و هاواریان دەكرد:"بڕوخێ ئیستیعمار و گۆڕ بەگۆڕ چێت نـووری سـەعیدو دەستەو دایەرەكەی". كرێكار بەجوودا، جووتیاران بەجوودا، قوتابیان، ژنـان، پیشەسـاز و

---

(١) ابراهیم قادر محمد، رۆمانی كوردی لە عێراقدا، نامەی ماستەر، كۆلیژی ئـاداب، زانكـۆی سـەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٠، ل١٥٣.

فەرمانبەران.یـەکێ دەیووت:"ئـەمڕۆ چـواردەی گەلاوێژە".ئەوانـەی پاشـەوە وەڵامیـان دەدایەوە:"ئیسـتیعمار گێـژو وێژە"،دەیووتەوە:"چـیتان دەوێ میللـەتی کـورد" وەڵام دەدرایەوە "ئیعدامی خائینان دەست و برد".

نووسـەر دەڵێ:"سـەگ خـاوەنی خـۆی نەدەناسی!"دەرزیشـت هەڵدایـە ناکەوتـە سـەر زەوی!.

هەرچەندە نووسەر بەسەرسوڕمانەوە تەماشای ئەو ئاپۆرەی جەماوەری کردووە، بـەڵام لە ڕۆژێکی وەك ئەو ڕۆژە پیرۆزە و کەیف و خۆشی خـەڵك و گوارشـت کـردن لـەو ڕۆژەوە و ڕزگار بوونیان لەدەستی ئەو دیکتاتۆرە و چەوسانەوەی میللەت نەدەبوو ئەو دەستەواژەیە بەکار بهێنێت.

نووسەر لەگێڕانەوەی ئەو ڕووداوە خۆشەدا بەردەوام دەبێت و دەڵێ: نەڕەنەڕی رادیـۆ، لە هەر لایەکەوە، کەڕی دەبیساند و دەنگی سروود گیانی دەهەژاند "ئەمڕۆ ڕۆژی هەژارە"، هـی ڕەنجبـەر و کرێکـارە". ئەمانـە و چـەندین سـروود و شـیعاری تـر دروشمـی شـۆرش چواردەی تەمموز بوون(١).

ئەو دەقە مێژووییەی،کە لەنێو ڕۆماندا خۆی حەشارداوە،دەبێتە بەشێك لـە گێڕانـەوەی ناو ڕۆمان و دەبێتە قسەی کاراکتەرەکانی ڕۆمان، کە گێڕانەوەی ئـەو دەقـە مێژووییانـەیان دەکەوێتە ئەستۆ.

مەبەسـت و دەلالـەتی هێنانـەوەی ئـەو دەقـە و ئـەو ڕووداوە مـوژدە بەخشـەیە، لـە هێنانەوەی بۆ ناو ڕۆمان، بۆ ئەوەیە، کەوا خەڵك پەرۆشی ڕۆژێکی ئەوهابوون، کە خۆشی و شادی و کامەرانی سەربەستیان بۆ بگەڕێنێتەوە، چونکە لە سایەی سەری ڕژێمی پاشایەتی بۆگەنەوە تووشی دەردەسەرییەکی لە ڕادەبەدەر هاتبوون، کە نەدەکرا تەحەممول بکـرێ لە زۆر و زولم و ستەم بەتایبەتی لەگەڵ خەڵکی شـاری کـەرکوك، چـونکە هـەموو ڕژێمێکـی پاشایەتی و "ئـەو دەسـت و پێوەنـدێکی دڕ و پـیس و بۆگـەن و زۆرزانـی بـەدەوردابوو بـۆ ئەوەی بەبەردەوامی بەهەموو شێوەیەك بەهەموو زیانێك و لە هەموو شوێنێکدا و لای هەموو

---

(١) عـەبدوڵڵا سەراج: هەڵکشان بەرەو لوتکە، وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، بەغداد، ١٩٨٩، ل١٩٥.

کەسێك چاو و ڕاوی بۆ بکەن و هەرکەسێکیش تۆزقاڵێك بەخواری جوولایەوە، خێـرا سـەری پان بکەنەوە"(١).

بۆیە خەڵك دەیویست ئەو رژێمە لەناو بچێت، بەو هیوایەی، کە لە رژێمی کۆماری زیـاتر بەرەو ئاسوودەیی و خۆش گوزەرانی هەنگاو بنێت و ڕۆژگارێکی تازە بێتە کایەوە، کـە داد و یەکسانی و ئاشتی تێدا بەرقەراربێ.

دەلالەتێکی تری هێنانـە نـاوەوەی ئـەو ڕووداوە، ئەوەیـە، کـە دەڵـێ: "هـەموو چـین و توێژەکانی ئەم شارە بە دروشـم هـەڵگرتن دەیـان گـوت: "چـیتان دەوێ میللـەتی کـورد"، وەڵام دەدرایەوە "ئیعدامی خائینان دەست و برد". وا دیارە ئەو کات و ئەو ڕۆژگـارە، ئـەو شارە خۆشەویستە، زۆربەی هەرەزۆریان کورد بوونە، دیـارە هەقیقەتـە مێژووییەکـە دەری دەخات، کە شارێکی کوردنشینە و مۆرکی کوردەواری هەڵگرتووە.

هەروەها لایەنێکی تری هێنانەوەی ئەو دەقە مێژووییە، بۆ ئەوەیە، کە ڕووداوێکی ئاوای لەم شێوەیەی شاری کەرکوك لەبیر میللەتەکەمان و شاری کەرکوك نەچێتەوە و نـاوە نـاوە بەسەری دابچینەوە و لە مێشکمانیدا بهێڵینەوە.

هەرچـەندە ئــەو ڕووداوە مێژووییە،لــە کتێبــە مێژووییــەکان باســدەکات،بەڵام بــەو وردەکاریانەی، کە بەراست و دروستی گێڕدراونەتەوە و بۆتە شـوێنی گفتوگـۆی خـەڵکان و بێ لایەن بێت لە گێڕانەوەکەیدا، ئەوا بەو شێوەیە باسی لێوەنەکراوە.کە دیارە ڕۆماننووس هەندێ لەو ڕووداوانەی لە سەرەتای بەشەکانەوە هێناوەتەوە.

هەر ڕۆماننووس لە دەقێکی ڕووداوی مێژووی واقیعـی هێناوەتـەوە، کـە پەیوەندییـەکی تەواوی بە دیکۆمێنتی مێژوویی شاری کەرکوکەوە هەیەو لەسەرزاری قارەمانی ڕۆمانەکـەوە دەڵێ:"لە دانیشتوانی ئەم شارەم بیستبوو، کە لـە دوانـزدەی تـەمموزی هـەزار و نۆسـەد و چـل و شەشـدا، کرێکـاران، پـاش ئـەوەی مەزبەتەیـەکی نارەزاییـان دایـە کاربەدەسـتە ئینگلیزەکان، وەرەکشاپ و ستۆر و جـێ نشـینەکانیان بـەجێ هـێڵا، یەکـەمین ڕۆژ لـە(تاڵم تەپە)گـەنم گردیـان کـرد، بـۆ ڕۆژی دواییش،لـەژێر دار زەیتوونـەکانی گاوریافینـدا کۆمـەڵ بوونەوە، ئەوانەی سەرپەرشتی مانگرتنەکەیان دەکرد،گیـانی خـۆڕاگرتن و نەبـەزینیان لای کرێکاران دەبزواند.

---

(١) شێخ محەمەدی خاڵ: ناڵەی دەروون، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٧٤.

بۆ ڕۆژی حەوتەمینی مانگرتنەکە، دەسرێژیان لێکرا و دوای ئەوەش بۆ ماوەی سـێ ڕۆژ کەس نەوێرا بچێتە سـەرکار. زۆریـان لێ قۆڵبەسـت کـران و نێردرانـە بەندیخانـەکان. وەکـو بیستم یوسف حەننا و ڕەسووڵ ناوێك، لە ڕابەرانی مانگرتنەکـە بـوون. ژمـارەی کـوژراو لـە دەکرێکـار پـتر بـوو، هـەروەها برینـداران، کاربەدەسـتە دەسـتڕۆییە ئینگلیزەکـان، کۆنـە ئەفسەری جێماوی شەڕی گێتی دووەم بوون. مستەر میللەر و مستەر گرین و مستەر نـازانم کێ، هەندە ڕکیان لەو کارە کۆمەکی یەی کرێکاران بوو، بەدزی بە ئاشـکرا هـانی دەسـت و دایـەرە و چـڵکاوخۆرەکانیان دەدا بـۆ ئـەوەی دار زەیتوونـەکان ببڕنـەوە و ڕەگـەکانیان بسووتێنن، بەو بیانووەی گوایە زەوی تـەخت دەبـێ بـۆ بنیاتنـانی خانووبـەرە و کـانتین و شتی تر!!

کرێکارانی ستاپڵاین بەگشتی بەشداری مانگرتنەکە بوون، تەنیا دەستەیەکی کەم نەبێ، لە تیرەیەکی ئەو ناوە، گوایە ژنیان دابووە مستەر گرین و لەناو خەڵکدا بـە (حـاجی گـرین) جارِیان بۆ دەدا، لە پاداشتی ئەوەش پلە و گرینتیان وەرگرت و ستافیان لێهەڵکـەوت(١)!. لەم ڕووداوە مێژووییە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتـەوە و ئاشـکرا دەبێـت، کـە جـەخت کردنـە لەوەی، کە ئەوەی لە ڕابردوودا ڕوویـان داوە، ئێسـتاش هـەر بەردەوامـە و مێـژووش خـۆی دووبارە دەکاتەوە، بەڵام بەهەمان ناو و بەهەمان قەبارە و لە هەمان کات و شوێن نا.

لەلایـەك ئیسـپاتی بـوونی کـورد لـەو شـارەدا و بـەرگری کردنـی بـەردەوامی لـە چـین و توێژەکانی ئەم شارە و ئاماژە کردنە، بە دڕندایەتی ئەو ڕژێمە و تەواوی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی ئەو دیکتاتۆرانەی کە حوکمی عێراقیان کردووە لە سووتاندن:

سووتاندنی دار زەیتوونەکان و سـووتاندنی ڕەگ و ڕیشـەیان،لام وایـە دار زەیتوونـەکان دەبێ (ڕەمز)ێك بێت بۆ بنەبڕکردنی ڕەگوریشەی کورد و هەنـدێ لـە کەمـە نەتەوەییـەکانی تر.

هەروەها کوشتن و بڕین و زیندانی کردنیش بەردەوام و خاپوور کـردن و تـەخت کردنـی خانووبـەرەی خەڵك،لـەکاروانی بـەردەوامی ئـەو ڕژێمانـەدا ئامـادەیی هـەبووە، لەلایـەکی تریشەوە نۆکەری و بێگانە پەرستی و سیخوری کردن بۆ دوژمنان، بە تایبەتی لەو کاتە لای هەندێ لە تیرەکانی ئەم شارەوە، کە ژنیشیان پێشکەش کردوون چ جای ئەوەی لە لایـەنی

(١) عەبدوڵڵا سەراج: هەڵکشان بەرەو لوتکە، ل٣٥.

ئایینەوە جیا بن و شەرع رێگەی پێ نەدات،لە راستیدا ئەوانە لە لایەن خەڵکی ئەو شـارەوە زۆر بەخراپی سەیرکراون خەڵکەکە بـە تەوسـێکەوە،پێیان گوتوون(حـاجی گرین)،بۆیـە زۆر جـار گـوتراوەو راستیشـە،کە مێـژوو خـۆی دووبـارە دەکاتەوە،بـەڵام هـەروەك گوتمانـە بەهەمان ناو و کات و سەردەم و بەهەمان ئەو قەبارەیە نا.ئەو کەسانەش، کـە خزمـەت بـە دوژمن دەکەن و لە دژی بەرژەوەندییە باڵاکانی میللەتەکەیان دەوەستن، خۆیان لەو پەنـدە گێل کردووە،کە دەڵێ:(سەدساڵ بکەی بێگانە پەرستی،دوای هـەردەهێنێ نوشستـی) هـەر لێرەشدا جێگەی خۆیەتی،کە بلێین:(دار کرمی لەخۆی نەبێت سەد ساڵ دەژی).

## دەقی مێژوویی لە رۆمانی ( توانەوە )دا :

لە رۆمانی (توانەوە)ی رۆماننوس، (غـەفوور سـاڵح عەبدوڵڵا)شـدا لـە کـاتی هێنانـەوەی تەرمی شێخ مەحمودی نەمر لە بەغداوە، بـۆ شـاری سـلێمانی و تێپـەڕبوونی بـەنێو شـاری کەرکوکدا، رۆماننووس پاڵەوانی رۆمانەکە (قارەمان) دەدوێنێ و لەزاری ئەو دەگێڕێتـەوە و دەڵـێ: (ئـەو سـاڵەت بـیر کەوتـەوە، تـازە باوکـت سـاڵی یەکـەم بـوو تـۆی خسـتبووە بـەر خوێندن،دەمەو نیوەڕۆ لەگەڵ هاوڕێکانت لە قوتابخانە بەرەڵڵا ببوون،ئەو قوتابخانەیەی،کە روو دەمی ئێستاش لەسەر جادەی سلێمانیە،بەرامبەر بڕەخانووەکەی گەڕەکی (بەرتەکیـە) کـە بـە خـۆی و منـارە بەرزەکـەی مزگەوتەکەیـەوە تـا ئێسـتاش لـە ناوەڕاسـتی ماڵەکانـدا دەڕوانێتە هەموو شاری کەرکوك،بەقاو و قیـژ کەوتنـە سـەرجادەکان،ئەو سـەردەمەش ئـەو شارە ئەوەندەی ئۆتۆمبیل پێدا هاتوو چۆی نەدەکرد. هەر ئەوەندەتان زانـی هـەرای گـوڕە گوڕی ماشین و ئۆتۆمبیل یەك لە دوای یەك ریزیـان بەسـتبوو، لەگـەڵ هـاوڕێ منداڵەکانتـدا واقت وڕما، بەحەپەساوی لە قەراغ جادە قیرتاوە باریکەکە ریـز بـوون بەچـاوی ئەپڵەقـەوە تەماشـای پێشـەنگی کـاروانی ئـەو ماشـینە زۆرانـەیان دەکـرد، هەنـدێکیش ترسـتان وەبەرکەوت.نەوەك ئەو ئۆتۆمبیلانەش وەك گای چەمووشی ناوگاڕان ملتان لێ بنـێن و بتـان کەنـە ژێـرەوە ژن و پیـاو و وردە و هەراشـێکی زۆر و زەبـەنگ، لـەو قـەراغ شـەقامە گردبوونەوە، هەموو لە زۆری ئۆتۆمبیلەکان حەپەسـابوون، کابرایـەك دەیگـوت: دەبـێ ئـەم ئۆتۆمبیلە زۆرانە چ بەڵایەکی تریان بەدەمەوە بێت؟! تۆ و هاوڕێ مناڵەکانت ئەوەندەی تـر ترس بەربینی دەگرتن، گوڕ هەوشاری دەدان، یەکێ لە ئۆتۆمبیلە گەورە و درێژەکان، هـەر

وەك دەیانگوت بە کەشتیەکەی ـ نوح ـ دەچوو پێنج شـەش زەلام لەسـەر سـەرە زەوی بـە لێو بەباریەوە هەڵقەتابوون. یەکێك لە زەلامەکان کەڕەناڵێکی بە لێوەوە نابوو، خێـرا خێـرا ئاوازی ترسـناك و دڵتـەزێنی لێـوە دەردەهـات. ئۆتۆمبیلـە گەورەکـە (کەشـتیەکەی نـوح) گەیشـتە ئاسـتی تـۆ و هاورێکانت،وێنەیـەکی گـەورە لەبـەردەمی ئۆتۆمبیەکـە لەسـەرەوە لەناوچوارچێوەیەکی گەورەدا،زەردەخەنەیەکی جەربەزانە لەسـەر لێـوانی خـاوەنی وێنەکـە چاپببوو و بەهێمنیەوە چاوی بڕیبووە خەڵکەکە،بەشەرواڵ و مرادفانیە بۆرکارەوە، مشـکی و جەمەدانی تێکەڵاو کردبوو، خەنجەرێکی ئاخنیبووە نێو پیشـتوێنە کرێمسـەتانە گوڵدارە چەند قەد کراوەکەیەوە، ئەوەندەت زانی کابرایەکی بەساڵاچوو بە تەنیشتیانەوە دایـە زۆڕە زۆڕی گــریان و دەیگــوت: (ئای شێخم رۆ، شێخی گەورە، شـێخی منـۆ، شـێخەکەی داری کـەلی و بـەردە قارەمـان.. مـەلیکی کـوردان رۆ، هـەی رۆ.) تـۆ تـەنها بەناوەکـەی خـۆت (قارەمان) دڵت داخورپا، وەهات زانی مەبەستی تۆیەو دەبێ بەردێك هـەبێ بـەناوی تـۆوە، زۆر پێی خۆشنوود بووی...یەکێکی تر لەولاوە دەیگوت:تەرمەکەی شێخ مەحمودە لە بەغدا ئەمری خوای بەجێ هێناوە و دەیبەنەوە شاری سلێمانی بۆ حزووری کاکە ئەحمەدی شێخ، رۆحم بەقوربانی بێ"([1]).

ئەو رووداوە مێژووییە دڵتەزێنە وا دیـارە لـە ١٠/ ١٠/ ١٩٥٦ دابـووە دوای بەرگرییـەکی قارەمانانەوە دەستە و یەخە لە بەرامبەر هێرشەکانی ئینگلیزەکانەوە لە تاسڵوجە و باریان و ئاوباریـك و سـوورداش و....هتدـ هـەروەها ژیـانی ئەسـارەت و بـێن و بـەردەی لەگـەڵ ئینگلیزەکان بۆ سەندنی مافی گەلی کورد، بۆ سەربەخۆیی کوردستان، تا وەکـو لـە ٩/ ١٠/ ١٩٥٦ لە بەغدا وەفات دەکات و لە رۆژی دوایی تەرمەکەی دەگاتە شاری کەرکوك.

رۆمـاننووس لـەو رووداوە مێژوویـیـەدا وێنەیـەکی زینـدووی ئـەو رووداوەمـان دەخاتـە بەرچاو،کە هەردەم لە مێشکماندا بزرنگێتەوە.هەرچەندە ئەمە تەنها لایەکی رووداوەکەیـە و هەموو رووداوەکە نییە، بەڵام کاریگەرییەکی تەواوی بەسەر دڵ و دەروونی تاکی کورد جـێ هێشتووە کە لەبیر ناکرێت.

رەنگداوەی ئەو رووداوە مێژوییە سوودی تـەواوی گەیانـدووە بـە روخسـار و نـاوەڕۆکی رۆمانەکە و بۆ تەکنیکی رۆمانەکە. یەکێك لەو سوودانەی ئەوەیە کە گێڕانەوەی تێدایە، کـە

---

[1] غەفوور ساڵح عەبدوڵڵا: توانەوە، ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوان لە چاپی داوە، ١٩٨٨، ل٦١.

ڕەگەزێکی گرنگی ڕۆمانـە. هـەر لـەناو ئـەو ڕووداوە مێژووییـەدا، خەڵکەکـە دێنـە گفتوگۆ، سەبارەت بەتەرمی شێخ مەحموود،واتە گێڕانەوە، وەك تـەکنیکێکی زینـدوو لـە ڕووداوەکـە بوونی هەیە. سوودی تری ئەوەیە، کە خەڵك لەو سەردەمەدا چاونەترس بـووە، هەرچـەندە ئـەو هـەموو ئۆتۆمبیـل و عەشـاماتەیان بینیـووە هـەر وەك پێشـتر،کە شـەڕیان پێـوە بووە،کەچـی ورەی خەڵکەکـەی دانەبەزانـدووە بـەردەوام ئامـادەی کـارێکی پـیرۆزی لـەم شێوەدا بوون.

دەلالەتێکی تری ئەو ڕووداوە، ئەوەیە، کە لە وێنەکـەدا پێکـەنیوە کـەوا دیـارە ئـەو لـە مردن نەترساوە و نەبەردانە ژیاوە و هەر لەو وێنەدا بەهێمنی چاوی لە خەڵکەکە بڕیبوو، وا دیارە سەرکردە میللەتەکـەی خـۆی دەناسـێ و زۆر شـادومان دەبێـت کـە بەسەربەسـتی و ئازادی بەچاوی خۆی ببینێت لە داهاتوودا. لـە لایـەکی تریشـەوە، پێکـەنینی بـە نۆکـەرو و خائینان دێت،کە ئەو خزمەت و ئەو نۆکەریەو ئەو سـیخوڕیانەیان هـەر هـەموویان بەهـەدەر دەچن و دەبن بەلەعنەتی مێژوو و دەچنە ناو سەبەتەی زبڵدانی مێژووەوە.

لە لایەکی دیکەشـەوە، ئـەوە دەسـەلمێنێ، کـە میللـەت، هـەردەم لـە غـەم و پـەژارەی وەفاتی ناوەختە و ناکاوی سەرکردەکانیان بوونە و داخ و کەسـەرێکی زۆری لـە سـەر دڵ و دەروونیانی جێ هێشتووە.هەروەها ئەوەش دەسەلمێنێ کە دوژمنانی کـورد، زۆر دڵڕەقانـە لە ڕابـردوودا مامەڵـەیان لەگـەڵ دا کـردووە و تـا ئێسـتاش لەگەڵدابێ هـەر بـەم شـێوەیەی ڕەفتـاری لەگەڵـدا کـراوە و لەگەڵیـدا دەکـرێ! هـەروەها ئـەو ڕۆمانـە، ڕەنگـداوەی ژیـانی مێژوویی (ژیاننامە)ی ڕۆماننووسە، کە ڕۆڵی پاڵەوانی ڕۆمان (قارەمان)ی بینیوە. کـە بۆتـە بەشێك لە تەکنیکی ڕۆمانەکە و سوودی لە ژیاننامەی خۆی بینیووە.

کە لە سـاڵی (١٩٥٢) لـە دێـی (ئۆمـەرە گـەردە)ی سـەر بـە کـەرکوك لـە دایـك بـووە و ژیاننامەی خۆی لـە کەسـایەتی پاڵـەوانی ڕۆمانەکـە، قارەمـان حەمـە بەرجەسـتە کـردووە، گێڕانەوەی کاتی نـاو ڕۆمانەکـە سـاڵانی (١٩٥٦- ١٩٨١) دەگرێتـەوە، چـونکە ڕۆمـاننوس، ساڵی چوونی قارەمان بۆ قوتابخانە لە ڕێگەی ئاماژەکردنی هێنانەوەی تەرمی شێخی نـەمر لە ڕێگەی کەرکووکەوە بۆ سلێمانی دەستنیشـان دەکـات (١٩٥٦). هـەروەها ئامـاژە بـەوە دەکات،کە ساڵی (١٩٦٧) یەکەم ساڵی لە کۆلێـژی یاسـا بـووەو(٤)سـاڵی تیـا خوێنـدووە و دەبـێ لـە سـاڵانی (١٩٧١- ١٩٧٢) تیایـدا دەرچـووبێت. بـۆ مـاوەی دوو تـا سـێ سـاڵ لـە

شارەکەیان بەفەرمانبەر دادەمەزرێت ئینجا دەیگوازنەوە بۆ شـاری هـەولێر، لـە ڕێـی چـەند ئاماژەیەکەوە و لە ڕێی چێشتخانەکەی بن قەلاکەوە هەستی پێ دەکرێت. ئینجـا شـەش تـا حەوت ساڵێك بۆ شارە گەرداویەکە دەگوازرێتەوە.

بابەتەکەی ڕۆماننووس واقیعی میللەتی لە ساڵانی نێوان (١٩٥٦– ١٩٨١) دەردەخـات و ڕووداوە مێژوویی و سەرەکیەکانی لەنێو واقیعی کۆمەڵەکەی هەڵێنجاوە:

١– هێنانەوەی تەرمی شێخ مەحموود. (١٩٥٦).

٢– تێـك چـوونی بـارودۆخی کوردسـتان پـاش دوو سـاڵ لـە دوای چـواردەی تـەمموزی (١٩٥٨).

٣– سەرهەڵدانی براکوژی لە نێوان هەندێ لـە ڕێکخـراوە سیاسـیەکان لـە کوردسـتاندا، دوای ساڵی (١٩٦٦).

٤– هەتیوبوونی چەندەها منداڵ و نەداری خێزانەکانیان لەسەرەتای هەشتاکان دەسـت کردنیان بەدەرۆزە کردن. ئەمە و باس کردنی چەندین ڕووداوی تر.

ئەو ڕۆمانە، ڕۆمانی توانەوە، بەڕۆمانێکی ڕەسەنی کوردەواری لەقەڵەم دەدرێت، چونکە ڕووداوەکانی واقیعی ئەوسای میللەتی کورد هـەڵێنجاوە و زۆر بـەوردی باسـیانی کـردووە و شـوێنەکەش، شـارەکانی کـەرکوك و هـەولێر و سـلێمانی و گەرمیانـە و کاتەکـەش سـاڵانی (١٩٥٦– ١٩٨١)و بە زمانێکی شیرینی کوردی نووسراوەتەوە،بۆیە پێویستە کـورد شـانازی بە ڕۆماننووسێکی وەك غەفوور سـاڵح بکـات، کـە بەوردەکارییـە واقیعـە تاڵـەکانی کۆمـەڵی کوردەواری نیشانداوە، هەروەك چۆن (مارگریت میتشیل) ڕۆماننووسی ئەمریکی لە ڕۆمـانی (لەگەڵ بادا ڕۆیشت)ی نووسی،کە تیایدا سـاڵانی شـەڕی نـاوەخۆیی وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئەمریکای نیشاندا، کە چـۆن ئـاژاوە و پەشـێوی و کوشـتن و بـڕین و لـە یاسـا دەرچـوون و بەهەدەردانی ئابووری وڵات و بڵاو بوونـەوەی گەنـدەڵی و هـەژاری و فەسـادی کۆمەڵایـەتی لێکەوتوە.بۆیە،تاوەکو ئێستاش گەلی ئەمریکا شانازی بەو نووسەرەوە دەکات و ڕۆمانەکەی بۆتە پەند و دەرس وەرگرتنێکی زۆر گرنگ بۆ ئەوان.

## لە نێوانی گێڕانەوەی مێژوویی و گێڕانەوەی ڕۆماندا

"لە ڕێگەی گواستنەوەوە، لە زەمەنی رابردوو، بۆ زەمەنی رابردووی بەردەوام: ئەگەر بێت و گێڕانەوەیەکی مێژوویی بەوە جیابکرێتەوە، کـە شـێوازی رابـردووی بەسـەردا زاڵـە و بـەو پێیەی گێڕانەوەی رووداوەکانی بەو وەسفەی شتێکە و کۆتایی پێهاتووە، ئـەوا گێڕانـەوەی لەناو رۆمان، بەوە جیادەکرێتەوە،کە زەمەن تیایدا کراوەیە بۆ سەر ئێستای، بـەو واتایـەی رابردوو دەبێتە،رابردوویەکی بەردەوام و بـەردەوامی رابـردووش لەسـەر ئێسـتا جـێ بـەجێ دەکرێ، لەڕێگەی بەیەکەوە گرێدانی رابردوو بەئێستاوە، بەپێچەوانەوەش بۆ جەخت کردنی لـەوەی، کـە ئـەوەی لـە رابـردوو رووی داوە، ئێسـتاش هـەر روودەدات و بـەردەوام"(١)و مێژووش خۆی دووبارە دەکاتەوە.

رۆمانی (توانەوە):

رۆماننووس لەسەرزاری پاڵەوانی رۆمـان (قارەمـان)، کـە بەچـاوی خـۆی ئـەو رووداوەی بینیوە و دەگێڕێتەوەو دەڵێ:"نیوەڕۆیەکی گەرمی ساڵی (١٩٦٧)بـوو، تـازە یەکـەم سـاڵی کۆلیژت بوو، لە بەغداوە بۆ سەردان گەڕابوویتەوە شارەکەتان، چاوت کەوت بە لاشـەی لـە خوێن گەوزاوی ـ نـەوزاد ـ نانـەوا. دەسـتەکانی لـە دووتـۆی ئـەژنۆکانی گرمۆڵـە کردبـوون. بەسەرزەوی یەکەوە هەڵکورما بوو.هەردەتووت مرۆڤێکەو خەوی لێکەوتووەو لـە حەژمـەتی سەرما خۆی لوول داوە.پەڵەخوێنە گەورەکەی ژێر لاشەکەی لـە تارایـەکی سـوور دەچـوو و لەسەر نووستوە.کۆزی خێزانی سەرگەردان و ئاوارەبوو،پەرەوازەی گوزەران بـوون خـەڵکی بە تووڕەیی و قێزکردنەوە ئاوڕیان لێیان دەدایەوە. کۆمەڵە کەسانێك لە خوێن گـەوزانیان و سلیان ساردکردەوە، گوایە ـ نەوازاد ـ لە رێکخراوێکـی ناتـەبای ئـەوان ئەنـدام بوو.خـەڵکێکی زۆری ژن و منداڵی لەسەر کۆبوونەوە. هەندێك دەیان دایە سەردەسـتی خۆیـان و کسـپەیان وێ دەکەوت.هەنـدێکیش بـە زەردەخەنـە و موزەیەفـەوە مقۆمقۆیـان بـوو، گوێـت لـێ بـوو هەندێکیان دەیان وت: کوردە کوێپەکەکان، ئیشـتە چـاك کەوتوونەتـە ناوخۆیـان، یـەکتری ئۆڵـدرمش دەکـەن، ئـەوەی تەنیشـتی دەیـووت: قـز قـۆی گیبارسـن، دییلـەر قـر قرمـزی در...!*.

(١) محمود ریاض وتار، توظیف التراث في الروایة العربیة، اتحاد کتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٢، ص ١٠٨.

* واتا: کچێ لێی گەڕێ بابتۆپی، دەڵێن سوور بوو (نووسەر)، توانەوە، ل ٧٠.

ژنێکی کورد لەولاوە بەدەم هەناسە ساردییەوە دەیووت: خوا غەزەب لە مێروولە بگرێ، باڵی لێ ئیجاد دەکات،ئەم میللەتە قوڕبەسەرەی ئێمەش خوا غـەزەبی لێ گرتـووە، چـونکە دین و ئیمان لای کەس نەماوە...ژنێکی تر لەولاوە دەیگوت :

– ئۆی قـوڕ بەسـەرت ـ ئامـە ـ ی کڵۆڵ، بەچـوار منـاڵی سـەروقنگەوە چـۆن بێـوەژن کەوتووی"(١).

هــەروەك بگێــڕی ڕۆمانەکــە لەســـەر زاری قارەمــان، کــە ڕەنگدانــەوەی کەســێتی نووسەرەکەیەو دەڵێ: ئەوان و ئەمان بۆ چـەند سـاڵێك تێـك بـەرببوون، دەسـتیان لەیـەکتر ناپاراسـت. هـەر ڕۆژەی لـە کوچـەیەك، یـان سەرشـەقامێك یـەکێکیان لـە پەڵـەی خـوێن دا پەلەخوود دەبوو،دەتوانی ناوی لێبنێی قوڕبەسەری! گـەورەترین چەرمەسـەری و کۆسـتی گەورەی خەڵکەکە ئەو ڕۆژانە و ئەو ڕووداوە دڵتەزێنانە بوو،دەیـان ووت دەسـتی ئەجنـەبی تێـدا هـەبوو. ڕۆمـاننوس دەمـی ڕووی دەنێتـە قارەمـان و پێـی دەڵـێ: زۆر جـار باوکـت بەرەحمەت بێ دەیوت"ئەگەر دوو ماسی لـەناو ئـاو شـەڕبکەن دەسـتی ئەجنـەبی تێدایـە" هەرچـەندە ئـەم ووتەیـە، وتـەی بـاوکی قارەمـان نییـە، بـەڵکو وتـەی تێکۆشـەری هینـدی (غاندی)یە، کە ئەوەندە داغ لە دڵ بوو لە ئینگلیزەکانەوە، هـەموو گێـرە و کێشـەیەکی بـۆ ئەوان دەگەڕاندەوە.

لەو ڕووداوە دڵتەزێنانەی،کە لـە رابـردوودا بەتایبـەتی لـەو سـەردەمەدا ڕوویانـداوە، وەك بەشـێك لـە ژیاننامـەی مێـژوویی خـودی خـۆی خسـتۆتەڕوو،وەك شـایەد حاڵێـك بەسـەر ڕووداوەکانەوەوە کە بە شێوەیەکی یاخود شێوازێکی ڕاسـتگۆییانەو ووردبینانـە، بەهـەمان شێوەش واقیـع بینانـە سـەیری ڕووداوەکـانی کـردووە و خسـتویەتیە نـاو ڕۆمانەکەیـەوە و سوودی تەواوی لە گێڕانەوەی ئـەو ڕووداوە بینیـوە لـە گێڕانـەوەی ئاسـایی و لـە شـێوازی گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەلاوەکیان ئەوەی،کە پێی دەوترێت (دایلۆگ)چ بەزمانی کوردی چ بـەزمانی تـورکی تـەوزیف کـراوە و هـەتا لـەڕووی دەستنیشـان کردنـی کـات و شـوێنی ڕووداوەکەش سوودی بە ڕۆمانەکە گەیاندووە و ئەو جۆرە تەکنیکە پانتاییـەکی باشـی لـەو ڕۆمانە داگیرکردووە.

---

(١) غەفوور ساڵح، توانەوە، ل ٦٩ — ٧٠.

هەر لەو رووداو و کارەساتانەی ئەو سـەردەمەدا رۆمـاننوس، دەیـەوی پێمـان بڵـێ، کـە ئەوەی روویدا پەڵەیەکی رەشە لە مێژووی گەلەکەمان و قورپەسەری لەدواوە بوو، خەڵکێکی زۆر بێ سەرپەرشت مانـەوەو بـارێکی رامیـاری و کۆمەڵایـەتی و ئـابووری نـاقوڵا رووی لـەو کۆمەڵـە کردبـوو، کـورد لـەو سـەردەمەدا نـاوی زڕابـوو، چـونکە خـەڵك پێـی وابـوو، پارتـە رامیارییەکانی ئەوسای گۆڕەپانی سیاسـی کـورد دەبووایـە خۆیـان زیـاتر بـە بەرژەوەندیـە باڵاکانی کورد خەریك بکردایە، نەك بەوشێوەیەی، کـە روویـدا، نووسـەر هـەر لـەو روانگـەی رەنگدانەوەی ئەو رووداوە خۆکوژییانەدا، ئەوەشمان پێ بڵێت،کە ئەو رووداوانـە رابـوورد و کۆتاییان هاتووە،بەڵام ئەو رووداوانە کاریگەرییـەکی تـەواوی لەسـەر داهـاتووی کـورد جـێ هێشتووە و زۆر جاری تر دووبارە بۆتەوە،هەروەك ئەوەی لە هەشتاکانەوە دووبـارە بـۆوە. تاوەکو ئاشتەوایی گشتی لە کۆتاییەکانی هەشتاکان باڵی بەسەر کوردستاندا کێشا و لـەو مەینەتییە کورد پێی نایە قۆناغێکی تازەتر بەرەو ئاشتی و ئـازادی و دیمـوکراتی و ئاشـتی هەمیشەیی و دەنگی جیاواز و لەیەکترگەیشتن.

هەر نووسەری رۆمانی (توانەوە)، لەسەرزاری پاڵـەوانی رۆمـان (قارەمـان) کـە بەچـاوی خۆی ئەو رووداوەی بینیوە و لە رۆمانەکەیدا تەوزیفی کردووە و بە قسەی دەهێنێت و پێـی دەڵێ:"چێشـتـەنگاوێکی درەنگـی ئـاخروئۆخری زسـتانی سـاڵی (١٩٦٠) پـۆلی پێنجـەمی سەرەتایی بوویت، ئەو رۆژە لەوانـەی دووەم بـوون، زرمـەی یـەك دوو تەقـەی دوور گەیشـە گوێتان. نەخێر دەنگی تەقەکە زۆر بوو. مامۆستا ئافرەتەکەتان بە رەنگ هەڵبزرکاوی یەوە پڕی دایە دەرگاکە و بۆ ئەوەی گوێی قولاغ بـێ بـۆ ئـەوەی بزانـێ چـی قـەوماوە. هـەر کـە گەیشتە بەردەرگاکە، سەرپاکی مامۆسـتاکانی تـر هاتبوونـە نـاو حەوشـەی قوتابخانەکـە و بەیـەکادەهاتن، ئێـوەش بـە پرتـاو خۆتـان فرتانـدە دەرەوەی پۆل،بـووە قاوقیـژی قوتابیەکان..مامۆستاـ پـەروین ـ کـە کیـژێکی چاونەترس و روونـاکبیر بـوو،زۆر جـاریش سـروودی (خوایـە وەتـەن ئاواکـەی)و (ئـەم رۆژی سـاڵی تازەیـە)و (ئـەی رەقیـب)ی فێردەکردن.خێـرا خێـرا بـەدەنگی بـەرز دەیـووت: رۆڵـەکانم مەترسـن، هـیچ نییـە، خۆتـان شـپرزەمەکەن، ئـەڵێن قوتابیـەکانی شـۆرجەی کـوڕان و خـەڵکی گەڕەکەکـە، لەبـەردەم قوتابخانەکە، رێگایان لە ئۆتۆمبیلەکانی میری گرتووە و دژی رژێـم راپـەڕیون. کەچـی ئـەم قسانە بەلای ئیوەوە کەم واتابوون و ئەوەندەی تر ترسی دەخستە هەناوتانەوە، بـەڵام کـە

گوێت لە وشەی قوتابیانی شۆرجەی کوڕان بوو، دڵت خورپەیەك دابێژا و جەستەس لە ئارەقەیەکی ساردنشت. بێ سێ و دوو کردن لە دەرگای قوتابخانەوە تێت تەقاند، بەرەو قوتابخانەی کوڕان ملت نا، هەر پێنج سەد مەترێك لە قوتابخانەکەی ئێوەوە دوور بوو، بەڵام چیت بەرچاو کەوت؟! دەرزیت هەڵدایە بەزەوی نەدەکەوت، عەشاماتێکی زۆر گردببوونەوە، هەموو دەستیان بەرز کردەوە و هاواریان دەکرد:

با بڕوخێ رژێمی خوێن مژان، با...

بڕوخێ

با بڕوخێ عەبدولکەریم قاسم، با!!!

بڕوخێ ێ، ێ ێ.

با بڕوخێ کلکەکانی، با!!!

بڕوخێ ێ ێ ێ.

بژی کورد و کوردستان، با!!!

بژی ی ی ی ...

ئەو کەسەی تەریك وەستابوو، چەند شەقامێك لە ئاپۆراکە دوور بوو (خەلیلە شێت) بوو.

خێرا دەستی رادەوەشاند و هاوارەکەی وەکو بۆڕەی گوێرەکەیەکی وەناق گرتوو، دەنگی دەدایەوە.

دەی کوڕینە نانی گەنم مەدەن بە پیاوی خوێڕی،نانی گەنم مەدەن بە پیاوی خوێڕی...هۆ،بیگرن،دەی نانی گەنم مەدەن بە پیاوی خوێڕی.لە تەکر بەڕێزەوە وێستێکت کرد و بەهەندێ ترسیشەوە لێت پرسی ئەرێ مامە خەلیل،ئەوە چی قەوماوە؟

هەی دەڵەشڕ لە ئۆمەتی محەمەد بەری، تەماشاکە ئەوەتا، بۆڕە گوێرەکەیەکەی دیسان بەرز بۆوە.

– هۆ بیگرن، نانی گەنم مەدەن بە پیاوی خوێڕی.

خەلیلە شێت لە کوێرەگوندێکی گەرمیانەوە خۆی گەیاندبووە شارەکە، پیرەمێردێکی رەقەڵە و باڵا بەرز بوو، هەر لە شیرەی شەبەقەوە تا شەوێکی درەنگ، دەیانجار ئەوسەر و ئەوسەری شاری دەکرد.بەهەرحاڵ بەرەنگ هەڵبزرکاوییەوە تەکانت دایە خۆت، بە زۆرە

ملیٚ خۆت ئاخنیه ناو ئاپۆراکەوە بە پەلە پوڕزیٚ چاوت بۆ قارەمان دەگێڕا، ناهومێد بـووی پرزەت لیٚ بڕابوو. لە دوو زریپۆشەوە جنێویان دەدا،بە دار بـەر ببوونـە وێـزەی خەڵکەکـە، ئاپۆراکە هەر هوتافیان دەدا، خاکی لە بەرەکانیان بەرد باران دەکرد. نەیان دەهێشت یـەك شەقاو بێنە پێشەوە،هەر ئەوەنـدەت زانـی قۆشـەنێکی تـر هـات بەدەنگیانـەوە، (حەسـیب رافزی) بەسەر یەکێك لە ئۆتۆمبیلە مسەلەمەکانەوە بوو.

هـەر کـە گەیشـتەجیٚ دەسـڕێژێکی کـردە نـاو ئـاپۆراتیٚ وروژاوەکـەوە پیرەمێردێـك و ئافرەتێك کوژران، چەندان کەسیش بریندار بوون. ئـیتر خەڵکەکـە لـە ترسـی ئـەو دڕندەیـە دڕیان دا و ئاڵانە تەرمی دوو کـوژراو و بریندارەکانـەوە. بـە پەلـە پـروزیٚ ڕزگاریـان کـردن. بەهەرحاڵ دەیان کەس لە بەندیخانەکان توونـد کران و دەمەو نیـوەڕۆ تەرمـەکانیان بـەخاك سپارد و بریندارەکانیشیان بۆ نەخۆشخانە بـردن و ئـەو کارەسـاتە بـووە هـۆی ئـەوەی لـە سەرجەم قوتابخانەکان ناڕەزایی و خۆپیشاندان ساز بدریٚ، بەڵام ئەو ڕاپەڕینانە بـە ئـاگر و ئاسن سەرکوت کران، پاش ئەمەش کەوتنە وێژەی پارتە ڕامیارییەکانی بەرەی نیشتمانی لە شارەکە و زۆربەیان لە بەندیخانە توونـد کردن و قارەمانیش بەر هێرشی گـرتن هـات لەگـەڵ چەند قوتابیەکی هاوڕێی خۆی لە بەندیخانەی پـیر یـادی چـەند ڕۆژێـك بەنـد کـران و دواتـر ئازادیان کردن"(١).

ئەگەر سەرنج بدەینە ئـەو ڕووداوەو سـەرجەم ڕووداوەکـانی تـر،دەبینین "پاڵەوانەکـەی هاریکاری (بگێڕ) دەکات لە ڕووی خۆ دواندنەوە بـۆ گێڕانـەوەی ئـەم ڕووداوە و هەنـدیٚ لـە بەسەرهاتەکانی ڕابردوو،ئەم لایەنە ڕۆمانەکەی کردووە بە ڕۆمانێکی فرە دەنگی"(٢). بەو شێوەیە پاڵەوان لە هەوڵی گۆڕینی ژیانی کۆمەڵدایە.

تەوزیف کردنی ئەو ڕووداوە مێژووییەی شاری کەرکووك ئەوە دەسەلمێنیٚ کـە کـورد لـەو شارەدا تا چ ڕادەیەك چەوساوەتەوە و زوڵم و زۆری ڕژێمـی تـازەی کۆمـاری چەشـتووە و خەڵکەکەی تووشی ئازاردان و گرتن و کوشتن و بڕین بووە، خەڵکەکە لەو بڕوایـەدابوون بـە لەناوچـوونی ڕژێمـی پاشـایەتی و هاتنەکایـەی ڕژێمێکـی کۆمـاری دیمـوکراتی فـرە حیزبـی

---

(١) ڕۆمانی توانەوە، ل١٠٥.

(٢) ڕێزان ڕەحمان خدر، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانـەکانی (عەبـدوڵڵا سـەرەاج) نامـەی ماسـتەر، کۆلیـژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٤٥.

خەڵکەکەی دەخاتە ژیانێکی تـازە و گەڕانـەوەی خێـر و خۆشـی و سەربەسـتی و ئـازادی و پێکەوەژیان و دوور لە دەست تێوەردانی دەرەکی،بەڵام ئەو رووداوە، ئەوەی سەلماند، کە ئەو رژێمەش وەك رژێمەکەی پێشوو، ئامادەنییە، دان بە کورد و مافەکانیدا بنێـت، چـونکە عەبدولکەریم قاسم دەستی کرد بە پیادەکردنی حوکمێکی دیکتاتۆری دژ بە گەلانی عێـراق، بەمەش ناڕەزاییەکی سەرتاسەری لێکەوتەوە و کەوتنـە راوەدوونـان و ئـازاردانی ئەنـدامانی پارتە سیاسیەکانی ئەوسای گۆڕەپانی عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی. خەڵکەکەش ناچار کەوتنە نـاڕەزایی و خۆپیشـاندانی جـەماوەری، کـە تیایـدا چـەندین کـەس شـەهید و برینـدار بـوون لـە ڕێگـەی دڕندایـەتی و لایـەنگر و نۆکەرەکانیـەوە، کەواتـە ئـەو رووداوە مێژووییە ئەوە دەسەلمێنێ کە ئـەو رژێمـەش وەکـو رژێمەکـەی پێشـوو هـیچ جیاوازییـەکی نەبووە و بەمەش مێژوو دەبخـۆی دووبـارە دەکاتـەوە و کـورد زەرەر و زیـانێکی گـەورەی پێکەوتووە.هــەروەها ئــەو رووداوە مێژووییە،کــە خــۆی لەپیشــاندانێکی جــەماوەری دەبینیەوە،ئەوە دەردەخات، کەوا ژنی کورد لە هەموو دەور و زەمانێکدا، خاوەنی جورئەت و غیرەتێکی بێ پایان بوونە و هەر لـە قۆنـاغی منداڵیشـیانەوە فرچـکیان بـە کوردایـەتی و نیشتمان پەروەری وەرگرتووە، هەروەك پاڵەوانی ئەم رۆمانە (هـەتاو)ی ئـازا و چـاونەترس هەروەها مامۆستا (پەروین) کە مامۆسـتای هـەتاو بـووە و لـە قوتابخانـە سـروودی (خوایـە وەتەن ئاواکەی) و (ئەی رەقیب) و (ئەم رۆژی ساڵی تازەیە)ی پێ گۆش کردبـوون. کـە لـە راستیدا ئەمانە و چەندانی تری لەم شێوەیە سەرمایەکی گەورەی بـۆ کـورد و کەلـەپورێکی دەوڵەمەندی قارەمانیـەتی ئازایـەتی ژنـی دەسـتەبەرکردووە، کـە هـەتا کـورد مـابێ دەبـێ شانازی بەو جۆرە ژنانەی بکات.

هەر ئەو رووداوە و چەندان رووداوی تری لەم شێوەیە دەبێ بینیتە وێستگەیەك بۆ گەنج و لاوانی ئەمڕۆی کورد، بۆ ئەوەی لەسەری بوەستن و لە مێشکیانا تۆماری بکـەن، کـە ئـەو رووداوانە بەشێکن لە مێژووی پڕ سەروەری نەوەی رابردوویان و بۆ داهاتووش سوود و پەند و دەرسـی لێـوە وەربگرن.هـەروەها رۆمـاننوس، سـوودێکی بـاش لـەو رووداوە بینیـوە بـۆ تەکنیکی رۆمانەکە و بۆ گێڕانـەوەی رووداوەکـان هـەر لـە تەقـە کردنەکـە و شـپرزە بـوونی قوتابیان و هێور کردنەوەیان لە قوتابخانەکەی هەتاو و دەرچوونی هەتاو لـە قوتابخانـە بـۆ قوتابخانەکەی قارەمان و تێکەڵ بوونی بە ئاقۆرای خۆپیشـاندانەکەی ئـەوان و خـەڵکەکـە و

هوتاف کێشان و دەسڕێژی پیاوان و نۆکەرانی رژێم لە خەڵکەکە و کوژران و برینـدار بـوونی هەندێ کەس لە خۆپیشاندەرەکان و گرتنـی ژمارەیـەك لـە خەڵکەکـە و توونـد کردنیـان لـە بەندیخانەکان، سوودی لەو گێڕانەوەیەی ئەو رووداوە بینیوە و جۆرەکانیشی پیادە کردووە لە گفتوگۆ (دایەلۆگ) لەنێوان خەڵکەکە و بەکارهێنانی مەنەلۆگ لای (خەلیلە شێت):

نانی گەنم مەدەن بە پیاوی خوێڕی، نانی گەنم مەدەن بە پیاوی خوێڕی.

هەرچەندە (خەلیلە شێت) وەکو شێتێك هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کراوە، بەڵام لـە راسـتیدا لە قسەکانیدا وا دەردەکەوێ کە مرۆڤێکی (دەلوو) بێـت و قسـەکانی هەلـەق و بەلـەق نـین، بەڵکو راستین. بۆیە رۆماننوس نەدەبوایە ئەو جۆرە تەعبیرەی بۆ دەنگی نووساوی (خەلیلە شێت) دابنێت، کە لەو شوێنە دوورەی گەرمیان هاتبێت و رۆژ تا ئێوارە دەیان جـار ئەوسـر و ئەوسـەری شـاری کـردووە و لـە قسـەکانیدا بـەردەوام بـووە. بۆیـە پـێم وایـە تـەعبیری (هاوارەکەی وەکو بۆڕەی گوێرەکەیەکی وەناق گرتوو) لە شـوێنی خـۆی نییـە و سـەرەڕای ئەوەش ئەو بۆ مەسەلەیەکی پـیرۆزی نیشـتمانی و نەتـەوەیی هـاتووە، ئەگەرچـی شـێتیش بێـت، دووبـارە کردنـەوەی دەسـتەواژەی (نـانی گـەنم مـەدەن بـە پیـاوی خـوێری، وەك (موتیف)ێك بەکارهێنراوە و جۆرێك لە تەکنیکی گێڕانەوەی رۆمانی لەخۆگرتووە.

## شێوەی نووسینەوەی مێژوویی:

رۆماننووس (عەبدوڵڵا سەراج) وەکو مێژوونووسێکی شـاری کـەرکووك و شـایەتحاڵی ئـەو شارە، توانیویەتی سوود لە چەندین رووداوی مێـژوویی ئـەو شـارە وەربگرێـت و رۆمـانێکی بەپێزی وەك (هەڵکشان بەرەو لوتکە)ی لێ بێنێتە بەرهەم و هەوڵیداوە، هونەرەکـەی بکاتـە داینەمۆی خستنەرووی کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی میللەتەکەی لە رووداوێکی گرنگی مێژووییدا دەڵێ:"پایزی هەزار و نۆ سەد و شەست و یەك بوو، سەرما و سـۆڵەیەکی لـە وزە بەدەر، بەترەف سەرانسەری ئەم هەرێمانەی گرتووە بەتایبـەتی زۆزان و ناوچـە بـەرزەکان بوونـە بەسـتەڵەك و مەڵبەنـدی کرێـوەو زریـان و زەمهەریر،بـەفر ئەژنۆیـەك و بگـرە زیـاتر خستی، رێگاوبان و رەوەزان سڕانەوە، کەڵەکێوی و جانەوەری بێ دەرەتان لە ترسی ئێزی برسێتی، کەوتنە مشوری جێ پاك کردنەوە و راماڵینی بەفر بۆ دۆزینەوەی بژێویان.

لەم ڕۆژەدا سێ کـەس لـە کۆشـی خێزانـەکانیان دوور کەوتبوونەوە.حەمەسـوور ئەیوسـت ببێتـە کوتـەك و لـە شـەوێکی ئەنگوستەچـاودا، لەگـەڵ نـازەی ژنیـدا، پۆشـاك و کاسـە و کەویلیان پێچایەوە و ڕوویان کردە مـاڵی بـاوکی نـازە لـەو بنـار شـاخانە، سـالاریش وەکـو تنۆکێك ئاو هەڵچوو، ئەوەش لە نەخشین پرسـیاری بکردایـە دەیگووت:(نـەقڵی ئـەو خـوارە بووە) منیش زەنگی کاروان رایکێشام و بوومە تەتەری نێوان دێهـاتی ئـەو نسـار و تـەلان و زەبەنگانە"(١).

دیارە ئەمە، ئاماژەیەکی روون و ئاشـکرایە، بـۆ هەڵگیرسـانی شۆڕشـی ئـەیلولی مـەزن لـە ١٩٦١/٩/١١، هەڵگیرسانی شۆڕش بۆ ئەو زوڵم و زۆردارییەی کە لە کورد دەکراو لە ئەنجامی تـاك رەوی عەبدولکـەریم قاسـم و دان نـەنان بـە مـافی رەوای گەلەکەمان،ئـەوە شـتێکی ئاشکرایە، کە لە هەر کوێیەك زوڵم و زۆرداری و چەوسانەوە و پێشێل کردنی مافی میللـەتی لێ بێت ئەوا مرۆڤـی شۆڕشـگێڕ و بـە جـەرگ و یـاخی، رۆڵیـان دەبێـت و ئـەو بـار و دۆخـە نالەبارە رەت بکەنەوە و بەرامبەریانبوەستن و سەریان پێ شۆڕبکەن.

ئەو رووداو و بەسەرهاتە مێژووییانەی کە لە رۆمـانی هاوچـەرخدا رەنگیـان داوەتـەوە بـە رای (محمد ریاچ) وتار دەکرێت بە دوو بەشەوە: "یەکەمیان: رووداوەکانی کەوتن، کەوا زوڵم و زۆرداری و چەوسانەوەو شەڕو ئاژاوە نوشستی تییایدا بڵاوبۆتەوە لەسەر ئاستی ناوەوەو کۆمەڵگەی تووشی هێرش و پەلاماری دوژمن بووە لەسەر ئاستی دەرەوەدا.

دووەمیـان: رووداوەکـانی هەسـتان و بوژانەوەیەکـە تیایـدا دادپـەروەری و دادو یەکسـانی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگـەدا بڵاوبۆتـەوە و گـەل سـەرکەوتنی خـۆی بەسـەر دوژمنەکانیـدا بەدەست هێناوە"(٢).

– ئـەو رووداوەی،کـە لـە چـەند لاپـەڕەی داهـــاتوودا بـاس دەکـەین رەنگـــدانەوەی رووداوێکی مێژووییە، کە بە شێوەیەکی هونەری جوان لە رۆمـانی (شـار)ی حوسـێن عـارف تەوزیف و کراوە و رووداوەکەش خۆی لە هێنانەوەی تـەرمی (شـێخ مـەحموود)ی حەفیـدا دەدۆزێتەوە.

---

(١) رۆمانی هەڵکشان بەرەو لوتکە، ل ٢١٤ – ٢١٥.

(٢) محمد رياض وتار، توظيف التراث في الرواية العــربية، منشورات اتحــاد كتـاب العرب، دمشـق، ٢٠٠٢، ص١١٠.

ئەوەی راستی بێ ئەو رووداوە، رووداوێکی ئاوێتەی تێکچڕژاوە واتـە چـەندین رووداوی تـر لەو رووداوە، دەبنەوە.

رووداوەکە بە هەواڵێکی رادیۆی بەشی کوردی بەغدا دەست پێدەکات و هـەواڵی گەیانـدنی وەفاتی شێخ مەحموودی راگەیاند، کە لە بەغدا وەفاتی فەرمووە. بەم هەواڵە تێکـڕای شـار خرۆشا و وەستا تایەر و خورشید و ئەو رەحمان و سمایل عەزیز هـەر زوو بـە هەواڵەکـەیان زانی، یەکێك لەوانەی، کە زیاتر غەمباری پێوە دیار بوو (مام ساڵحی لاستیك بڕ) بوو بە ئاخ و ئۆف و خۆ بە قوربان کردن و خۆ فیداکاری لە شێخ بوو بە وێردی سەر زمانی مام سـاڵح، چونکە خۆی یەکێك بووە لە قارەمانەکانی شێخ مەحمود. رۆماننوس لە رێگەی کەسانی ناو رۆمانەکەوە (سـابیر، دەروێـش، مریـەم، گەلاوێـژ، میمکـە حـەلیم، ئـەورەحمان، خورشـید، فەرهاد، ئەختەر،....هتد) سیمای پەیوەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی شاریان بۆ دەستنیشان دەکـات و ئـەو پەیوەندییـە بـەهێزەی نێـوان ئەنـدامانی رێکخـراوە سیاسـیەکانمان نیشـان دەدات، کە ئەوکاتـە هـەموو هـەوڵ و تەقـەلایان لـە پێنـاوی رووخانـدنی رژێمـی پاشـایەتی بووە"(١).

خەڵکەکە هەرچەندە بە گەیشـتنی هەواڵەکـە سـەرتاپا شـار خروشـابوو، بـەڵام ئەنـدامانی رێکخـراوە سیاسـیەکانیش، رۆڵێکـی کارایـان هـەبوو لـە جـۆش و خرۆشـاندنی خەڵکەکـە، هەرچەندیش خەڵکەکە پێیان وابوو، رژێم زۆر بێ رەحمانە هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا دەکات و هەرشتێك بە ئەنجام بگەیەنن بە ئاگر و ئاسن وەڵام دەدرێنەوە، بـەڵام هـەر سـوور بـوون لەسـەر ئـەوەی، کـە بـێ دەنـگ نـەبن. خەڵکەکـە بـە حەماسـەتەوە و بـە گـوڕ و تینێکـی زیـاترەوە، بـۆ مـاوەی زیـاتر لـە رۆژێـك لەسـەر شـەقام وەسـتابوون، دەم نادەمێـك ئۆتۆمبێلێکیـان رادەگـرت بـۆ هـەواڵ پرسـین لـە گەیشـتنی تەرمەکـە. ئـەورەحمان لەگـەڵ مامۆسـتا کـەمال، کـە ئـۆپلێکی نیـو داشـتی هـەبوو، بـەرەو چەمچـەماڵ بـەرێ کـەوتن بـۆ پێشوازی تەرم و لە تاسلۆجە و لە چەقی رێگەکەوە، پیرەمێردێك رێگەی پێگرتن، بۆئەوەی لەگەڵ خۆیان هەڵیبگرن بۆ بەرەو پیل چوونی تەرمەکە و ئـەوانیش لەگـەڵ خۆیـان هـەڵیان گرت، تا نزیك بەردە قارەمان و لە نزیك بەردە قارەمـان پیرەمێردەکـە، داوای لـە مامۆسـتا

(١) طاهر محمد علي، لێکۆڵینەوە لە چیرۆکەکانی (حوسێن عارف)، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئـاداب، زانکـۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٩١.

کەمال و ئەورەحمان کرد، کە کەمێك بوەستن بۆ ئەوەی زیارەتێکی کورتی بەردە قارەمـان بکات، لە قسە کردنی پیرەمێرد بۆ ئەورەحمان و مامۆستا، وا دیـار بـوو، ئـەو پیرەمێـردە، خەڵکی خاویٚ بووە و رۆژانێکی زۆری پڕ لە سەروەری و قارەمانیەتی لەگەڵ شێخی نـەمردا بەسەر بردبوو، ئەو پیرەمێردە لە شەڕی بەردە قارەمـان لەگـەڵ شـێخ مـەحمود ببـوو بـە تەلەزمێکی بۆمبای تۆپ، بە برینێکی سەخت رانی پێکابوو، بە زۆر کۆڕی شەڕیان پیٚ چۆڵ کردبوو.

پیرەمێرد لە چەمچـەماڵ دابـەزی و تـەرمیش لـە بەرزاییەکانـەوە بەدیارکـەوت و مامۆسـتا کەمال و ئەورەحمان لەبەر قەرەباڵی رێگیران گەڕانەوە بۆ سلێمانی. "وەختیٚ تەرم گەیشـتە قەراغ شار، رۆژبەدەم کەلدا داخزابـووە خـوارەوە و کـزە روناکییەکـەی پەمـەیی کـاڵی، بـە پـەڕی لای رۆژئـاوا دەبەخشـی. لەکاتێکـدا لەبـەری لای رۆژهەڵاتـەوە پەردەیـەکی تـەنکی تاریکی، روو لەوەبوو خۆی بەسەر ئاسمانی شار دابکێشـیٚ و وردە وردە کـزە روناکیەکـەی لای رۆژئاوا رابماڵیٚ"(١).

ئەگەرئەو وێنە نایاب و دەگمەنـە بێنینـە پـێش چـاوی خۆمانـەوە لـە راسـتیدا وێنەیـەکی یەکجار جوانە و وەسفێکی کەم وێنەی ئەوساتەی شاری سلێمانیە، کە دیـارە رەمـزی دیـار نەمانی روناکی باڵکێشـانی پـەردەی تاریکیـە بەسـەر ئـەو شـارە قارەمانـەوە. هـەر لەگـەڵ گەیشـتنی تـەرم کـە شـارەکە، روناکـایی لـیٚ بـڕاوە و تـاریکی رۆژگـاری رەش بـۆ هێنـا. ئەورەحمان هەستی بەشتێك کرد و پێش بینی ئەوەی کرد، کە لەو چەند چرکەی داهاتوودا، دەقەومیٚ، ئەوەی کە پێی دەوتریٚ (استیاق)، دیارە کە ئەمە مێـژوو نییـە، بـەڵکو ئەمـەیان ئەوەیە و زیـاتر بـەرەو فەلسـەفە و حیکمـەت دەچـێت، پێشـبینی کردنـە بـۆ رووداوێـك لـە داهاتوویەکی نزیك کە رووبدات، ئەمەش جۆرێکە لە تەکنیکی گێڕانـەوە لـە رۆمـانی تـازەدا. ئینجا ئەورەحمان قۆڵی خورشیدی گرت و پێی گوت با خۆمان بخەینـە نزیکیـەوە و ئێسـتا تەواوە. وتی چی تەواوە؟! مەبەستت چییە؟!

دەقەومیٚ
بەچیدا دەزانیت؟
دڵم وا دەڵیٚ

---

(١) حسین عارف، رۆمانی شار، چاپخانەی ئەدیب، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٨٦، ل٢١٥.

دڵت؟!

نا نا، ئەقڵیشم

کەواتە پێشبینی کردنەکەی ئەورەحمان هەم بەدڵ و هەم بە عەقڵیش بووە. ڕۆمانی شـار لە رووی شێوەی بیناکردن گێڕانەوەوە لە چوارچێوەی ڕۆمانێکی واقیعی تۆمارکراوی چنراو بە رووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆمانسیەکانی سەردەمی چیرۆکەکانی ڕۆمانەکە کەڵکی لە (چیرۆك گێڕەوەی هەموو شتزان) وەرگرتووە.

ئەوەی کە دیمان لە گێڕانەوەدا بەهۆی گفتوگۆی رووبەروو بوو بە راناوی کەسی یەکـەمی قسـەکەر/کاتی ئێسـتاوەیە. هـەروەها سـوود وەرگـرتن لـە تەکنیکـە هونەرییـەکانی تـری وەك/خۆ دواندن (مەنەلۆج) یان لە دڵەوە گوتن. لە دڵی خۆیدا گـوتی "دەبـوو بمزانیایـە... بەجێ یە... پەلاماردانی سەرا... ڕۆژێتی".

یەکێك لەوانەی شانی لەژێر تەرمەکەدا بوو، لە شێوەی نەعرەتەیەکدا ئـەم قسـەیەی کـرد. ئەو رەحمان قۆڵی خورشیدی گرت و وتی:

قەوما

شێخ لەتیف لە کوێیت؟!.. شێخ لەتیف نەڕەشێرەکەی کورد و کوردستان، بەبێ تۆ بەڕێ دەکرێت، ناوهێنانی شێخ لەتیف ناخە وروژاوەکەی خەڵکەکەی تەقاندەوە و یەکێك هـاواری کرد:

بەرەو بەندیخانە، دەبێ شێخ لەتیف تەرمی باوکی ببینێ، تەرم گەیەنرایە بەندیخانە و بوو بە داواکردنی بەردانی شێخ لەتیف، ئینجا بوو بە خۆپیشاندانی پڕ لە رق و کینە و تـوڕەیی بەرامبەر بە رژێم و تەرم بەرەو دەرکی سەرا بـەڕێ کـەوت و رووداوێکـی دڵتـەزێنیش لـەوێ روویدا و چەندین کەس شەهید و بریندار بـوون و ئـەورەحمان دەگەڕێتـەوە ماڵـەوە و پـاش ماوەیـەك حەمـدی و لـەتیفیش بـەرەو مـاڵ دەبنـەوە و دواجـار هـەواڵی راسـت و دروسـت گەیشت، کەوا ئەختەر، خێزانی رەشۆڵی گۆرانیبێژ و منداڵێك و فـەقێ یـەك شـەهید بوونـە، تەرمیش گەیەنراوەتە مزگەوتی گەورە و بۆ بەیانی، رۆژی دواتر بە خاك سپێردرا.

ئەو رووداوە لە راستیدا، رووداوێکی زۆر تێکچڕژاوە و ئاوێتە دێتە بەرچاو، هـەواڵی کۆچـی دوایی شێخی نەمر و هێنانەوەی بۆ سلێمانی و لەگەڵ گەیشتنەوەی تەرمەکە بۆ نـاو شـاری سلێمانی و سازدانی خۆپیشاندانێکی جەماوەری فراوان و پاساوی ئـەو خۆپیشـاندانە بـووە

داواکاری خەڵك بۆ بەردانی شێخ لەتیف لە بەندیخانـە و هەڵکوتانـە سـەر دام و دەزگاکـانی ڕژێم لە سەرای سلێمانی و تەقـەکردن لـە خۆپیشـاندان دەران و کوشـتن و برینـدار بـوونی ژمارەیەك لە خەڵکی بێ تاوان لەو شارە قارەمانە و بۆ دواجاریش هەواڵی کوشتن و شـەهید بوونی ئەختەر و پیرەمێرد و فەقێ یەك و ڕووداوی تر.

ڕۆمـــاننووس، زۆر زیرەکانـــە ئـــەو ڕووداوەی لـــەناو ڕۆمانەکەیـــدا (ڕۆمـــانی شـــار) بەرجەستەکردووە و لە ڕوخسار و ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەدا ڕەنگی داوەتەوە.

لە ڕووی ڕوخسارەوە لەو ڕووداوە ئاوێتەیەدا سوودی وەرگرتووە بۆ تەکنیکی ڕۆمانەکەی لە (دایەلۆگ)، کە جۆرێکە لە گێڕانەوەی ڕۆمان و دەڵێ:

دەزانم

خۆ دەشزانیت چۆنی هەوڵ داوە و دەیدا؟

دەزانم بە ئاگر و ئاسن.

دەم خۆش، ئەوێکی لەزەت چێژ لە وشەی (ئێرمن) لێی چاوەڕوان دەکرێ، قەسابخانەیەك بۆ خەڵکەکە بنێتەوە — لێی ناگیرێ؟

با... بەڵام یەکەم: بەوە قولانجێکی تر لە گۆڕەکە بۆ ئاغاکانی ڕژێمەکەیان هەڵدەکەنێ.

دووەمیش: دەڵێن لە بەغدایە.

لـە زۆر شـوێنی دیکـەدا ئـەم جـۆرە دایەلۆگـەمان بەرچـاودەکەوێ، کـە زیـاتر بـۆ وەڕس نەبوونی خوێنەری هێناوەتەوە بۆ ئەوەی زیاتر چێژ بە ڕووداوەکە بدات و تامـەزرۆی بکـات بۆ بەدواداچوونی ئەنجامەکانی کۆتایی.

بۆ (مەنەلۆج)یش سوودی لـەو ڕووداوانـە بینیـوەو تـەکنیکی گێڕانـەوەی پـێ دەوڵەمەنـد کـردووە (لـەو کاتـەی ئـەو ڕەحمـان عەشـامەتەکەی بینـی سـەرلەنوێ تـەرم بـەرەوخوار دەبەنەوە، نەیدەزانی بۆچـی؟! لـە دووسـێ کەسـی پرسـی و هیچیان ڕانەوەسـتا وەرامـی بداتەوە، تا ناسیاوێکی بەرچاوکەوت، قۆڵی گرت و بەدەم ڕۆیشتنەوە پرسیارەکەی لێکرد، لە وەرامیدا وتی:

— بۆ بەردەرکی سەرا

"لە دڵی خۆیدا وتی: دەبوو بمزانیایە، بەجێ یە... پەلاماردانی سەرا... ڕۆژێتی..".

هەروەها لە شوێنێكی تردا، هەر ئـەو رەحمان،لـە دڵـی خۆیـدا، خـۆی دەدوێنـێ و دەڵـێ: "دەبێ لەوێ بم.. دەبێ لە ریزی هەرەپێشەوە بم" لە سەرەتای چاپتەری دوازدەهـەم، لـە بەشی دووەمی رۆمانەكەدا وەسـفێكی یـەكجار جوانمـان، بەرچـاودەكەوێ، كـە لـە راسـتیدا وێنەیەكی دەگمەنی ئەو شارە قارەمانەیە، چونكە رۆڵی وەسف كردن لە رۆمـان و چـیرۆكدا دەرخستنی سروشتی شوێنە و رۆڵی گێڕانەوە لەو ژانـرە ئەدەبیـەدا دەرخسـتنی سروشـتی كاتە.

ئــەو وەســفە، وەك رەمزێـك نیشـانەی پـەردەی تـاریكی و مەینەتیـە و بارانـدنی غـەم و پەژارەیە بەسەر شـاردا "وەختـێ تـەرم گەیشـتە قـەراغ شـار، رۆژ بـەدەم كەلـدا خزابـووە خوارەوە و تەنیا كزە رووناكی یەكی پەمەیی كاڵی، بە بەری رۆژئاوا دەبەخشی، لە كاتێكدا لە بەری لای رۆژهەڵاتەوە پەردەیەكی تەنكی تاریكی روو لەوە بـوو خـۆی بەسـەر ئاسمـانی شاردا بكێشی و وردەوردە، كزە روناكی یەكەی لای رۆژئاوا رابماڵێ".

ئینگلیزەكان زۆر داخ لە دڵ بوون، لە شێخی نەمر، چونكە ئەو دەیویست خـۆی ببێـت بـە مەلیك بە سەر كوردستان و خۆی حوكمی گەلەكەی بكـات بـێ ئـەوەی ئینگلیـز دەسـت لـە كاروباری وەربدات و بەبێ ئەوەش، كە ببێتە ئەڵقە لە گـوێ ی ئـەوان و بـە كـەیفی خۆیـان وەك داشی دامە بیبەن و بیهێنن، هەربۆیە لە چەند دێرە شیعرێكی دا دەڵێ:

نامەوێ ژینی ئەسارەت بەسمە عومری گومرەهی
نایخەمە سەرخۆم بە دەستی موودەعی تاجی شەهی
قەت بە ئەمری دوژمنانم نامەوێ فەرماندەهی "نوربەخشی"

لەبەرئەوە ئینگلیزەكان كەوتنە پیلان دانان و ململانێ ی چەكداری و سیاسی بـەردەوام و شێخ مەحموود توانی بەرگرییـەكی بـێ وێنـە لـە سـلێمانی و كوردسـتان بكـات و گـورزێكی كوشندە لە سوپای ئینگلیز و نۆكەرەكانیان بدات، مەبەستیان ئەوەبوو، شێخ لەناو ببەن و بە لەناوچوونی ئەویش جولانەوەكەی لـەناو دەچـێت و بـە بیركردنـەوەی خۆیـان ئـەو كاتـە رێگـەیان بـۆ تـەخت دەبـێ كـە دەسـت بەسـەر كوردسـتاندا بگـرن و پارێزگـاری لـە بەرژەوەندییەكانیان بكەن لە ناوچەكە بە گشتی و لە كوردستانیشدا بەتایبەتی.

ئەو رووداوە مێژووییە گرنگە، ئاوێتەییە، زۆر دەرس و حیكمەت و دەلالەتی جوانی تێدایە، كە دەبێ ناوە، ناوە ئاوڕێكی جددی لـێ بدەینـەوە و لـە زۆر لایـەنی ژیانـەوە سـوودی لـێ

وەربگرین، چونکە زۆر جار رەخنە لە سەرکردایەتی کورد دەگیرێ، کە لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی دەیتوانی خاوەنی ولاتی خۆی بێ، لێرەدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرین، کەوا نە بەریتانیاو نـەهیچ دەوڵـەتێکی تـر بەتـەمای سـازدانی کوردسـتانێکی سـەربەخۆ نـەبوون ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش وانیشان درابێ تەنیا بۆ کەڵك وەرگرتنی خۆیان بووە. واتە بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەرفەتێکیان دەدایە شێخ و بۆ ئەوەی ئەو شتەی لە مێشکیان پلانیان بۆ دارشتووە، جێ بەجێ ی بکەن.

پاش کۆتایی شـەڕی یەکـەم، ولاتـە زلهێزەکـان، چـاویان بڕیبـووە میراتـی ئیمپراتۆریـەتی عوسمانی و ئەڵمانیا بەتەنیا چاوی بڕیبووە هەموو ولاتـی عوسمـانی روسـیاش بەتـەما بـوو بەشێکی زۆر کوردستان بخاتە سەر ئەرمەنستان.

هەرچی فەڕانسەش بوو، جگە لە سوریا چاوی بڕیبووە ویلایـەتی موسـڵیش و لـە پاشـاندا لەسـەر دابـەش کردنـی ناوچـەکانی ئاسـیایی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی رێـك کـەوتن و رێکەوتننامەی (سایکس— بیکۆ)ی لێ کەوتەوە. ئینگلیز موسـڵی دەویسـت و گرنگـی یـەکی تایبەتی بـە کوردسـتان دەدا، دوای ئـەوەی کـە نـەوتی تیـادا دۆزرایەوە،بـەلام ئینگلیـز لـە دراوسێتی روسیا دەترسا.

بە بەستنی پەیمانی سیڤەر ئەوەندەی دی ترسی خستە دڵـی تورکەکانـەوە کـە بێتـوو لـە موسڵ چاونەپۆشن، ئەوا هەڕەشەی جیابوونەوەی (بـاکووری کوردسـتان)یش هەیـە. بـەلام لەگەڵ ئەوەشدا بەریتانیا نەیدەویسـت تورکیـا ئەوەنـدەش لاوازبـێ، کـە بکەوێتـە باوەشـی سۆڤیەت.

بەستنی پەیمانی سیڤەر و پاڵ پێوەنانی شێخ مەحموود بۆ دەرپەڕاندنی تورکەکان تەنیا بۆ دەس بەسەراگرتنی چاڵە نەوتیـەکانی موسـڵ بـوو، نـەمافی چارەنووسـی گـەلان. شـێخ مـەحموودیش لـە نێـوان تـورك و بـەریتانیادا مـابۆوە لەلایـەك دەیـدی بەڵێنـەکانی ئینگلیـز نایەتـەدی و لەلایـەکی دیکـەش تـورك خوازەکـان شـێخیان لـەوە دەترسـاند، کـە دەوڵەتـە هاوپەیمانەکان بەتەمان کوردستان بخەنە ژێر دەسەلاتی ئەرمەنستان، بۆیە شـێخ دەیزانـی کـەوا ئینگلیـز حـەز بەسـەربەخۆیی کوردسـتان ناکـا و موسـتەعمەراتەکەی هاوسـنووری سۆڤیەت بێ و ئەگەر پەیمانی سیڤەریش جێ بەجێ بێت و کوردستان سەربەخۆ بێت، ئـەوا ئەوکاتە کوردەکانی ویلایەتی موسڵیش بێ دەنگ نـابن و ئینگلیزەکـانیش دەیـان زانـی کـە

عێراق بێ ولایەتی موسڵ چ نرخێکی بۆ ئەوان نابێت و ئینگلیز بە خـاکی عـەرەب دەیتـوانی نەوتی کوردستان بگەیەنێتە کەنداوی فارس.

پـاش ئـەوەی ئینگلیـز لـە کێشـەی موسـڵ سـەرکەوت، ئەڵقـە لـە گوێیـەکی وەك مـەلیك فەیسەڵی لەسەر تەخت دانا و ئـەوجار کەوتنـە گیـانی نیشـتمان پـەروەرانی کـورد کەوتنـە پەلاماردانی کورد، هەروەك (ئەدمۆندز) بە راشکاوی بە شانازییەوە باس لەوە دەکا کـە بـۆ یەکەم جار بۆمبی (٢٥٠، ٢٢٠، ١٠٠) پاوەندی و بۆمبی ئاورزایەمان لەسەر کوردەکـان تـاقی کرانەوە بەتایبەتی لە عەمەلیاتی سیتەك بۆ تـاقی کردنـەوەی (بـۆمبی ئـاورزا) و سـەرەڕای ئەوەش لەسەر ئێرانی کردبوو کە هێز بنێرێتە سەر شێخ بە (٣٠٠) سـەرباز (٢٠٠) سـوار بـۆ هێرش کردنە سەر پژدەر، دیارە ئەوەی کۆسپ بوو لەبەردەم ئینگلیز، نەتەوەی کورد بوو، نەك شێخ مـەحموود، ئەگـەر ئینگلیـز بەتـەمای شـتێك بـۆ کوردبایـە، خـۆ کەسـانێکی وەك (بابەکر ئاغا و سەید تەها) پەیوەندی زۆر نزیکیان لەگـەڵ ئـەوان هـەبوو و بەریتانیاییـەکان دەیانتوانی لە کەسایەتی ئەوان بۆ کوردان کەڵك وەرگرن(١).

لەو کاتەشدا چەندین بەرە، لە دەوروپشتی شێخ مەحمووددا کۆ ببوونەوە کە لە راستیدا بە سێ بیروڕای جیاواز رەفتاریان لەگەڵ شێخ مەحموود و حوکمداریەکەی دەکرد کە ئەوانیش:

خزم و کەسی شێخ مەحموود، کە هۆزانە و بە ئارەزووی خۆیان رەفتاریان دەکرد.

کوردی (عوسمانی خوان)، کـە پاشمـاوەی دەسـەڵاتی عوسمـانی بـوو، کـەم خوێنـدەوار و نەزان و بەرژەوەند لە دەست چوو بوون ئەوان (جل خوار)یان پێ وتراوە.

توێژی سێیەم لە کوردی خوێندەوار پێکهاتبوو، کەسانی وەك/ مستەفا پاشـای یـامولکی، تۆفیق وەهبی، ئەمین رەواندزی، محەمەد ئەمین دزەیی، رەشید جەودەت، جەمال عیرفـان، ساڵح بەگی ساحێبقڕان، عزیز حیکمەت قەزاز، رەشید زەکی کابان، عارف سائیب و هی تر. ئەوانە لە تورکیاوە گەڕابوونەوە و دژی تورك بوون، بۆ هێنانەدی ئاواتەکانی نەتەوەی کورد داوای هاری کاریان لەگەڵ ئینگلیز دەکرد.

کەواتە ئەوەی بەسەر شێخ مەحمووددا رابوردووە، لەو سـەردەمەدا ئـەوە دەسـەلمێنی کـە شێخ مەحموود، نەك هەر ئینگلیز، بـەڵکو بـە چـەندین دوژمنـی تـر دەور درابـوو، هەریەکـە بەپێ ی بەرژەوەندی خـۆی لـە ناوچـەکە رەفتـاری دەکـرد و هێـزی تـەواوی هـەبوو. شـێخ

---

(١) نیاز عەبدولقادر، تاوانباری مێژوویی، گ/ مهاباد، ژ٢٩، س٥ ، خاکەلێوەی ساڵی ١٣٨٣، ل ٢٨.

نەیدەتوانی چۆن چۆنی هـەڵس و کـەوت لەگـەڵ ئـەو هـەموو هێـز و بـیروڕا جیاجیایانـەی دەرەوە و ناوەوەی کوردستاندا بکات؟ بەهەر حاڵ ئەوەی کە شێخ مەحموود ئـەنجامی دا، جێگەی شانازی کوردە لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد.

ئـەو پەنـد و دەرس و دەلالەتانـەی، کـە لـەو ڕووداوە مێژووییـە تێکپـڕژاوە کـە خـۆی لـە هێنانەوەی تەرمی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی بەرجەستە دەکات ئەوەیە:

هەروەك چۆن، دوژمنـانی کـورد، لـە ڕابـردوودا بـە شـێوەیەکی زۆر دڵ ڕەقانـە بەرامبـەر جولانەوەکەی بۆتەوە و بە ئاگر و ئاسن وەڵام دراوەتەوە، بەڵام گەلەکەمان موکـوڕتر بـووە لەسەر جولانەوە ڕزگاریخوازەکەی و بەردەوام پەرەی پێداوە و پاراستوویەتی و لە ئێستا و داهاتووش بۆ هەمان مەبەست و ئامانجی بەرزی لە جولانەوە و بەردەوامی دایـە، هەرچـەند دوژمنەکانیشی زۆر دڵڕەقانەتر و بێ بەزەییانەتریش خۆیان بنـوێنن، ئینجـا ئـەو دوژمنـە چ ئینگلیز بێت و چ تورك و چ هی تر بێت لەبەر ئەوە هەر ڕژێمێـك، کـە چەوسـانەوە و زوڵـم و زۆرداری لەگەڵ میللەت بکات جا چ ئەو ڕژێمە ڕژێمێکی دەرەکی بێت، چ ڕژێمێکی نـاوخۆیی بێت ئەوا بێگومان ئەو ڕژێمە خۆی تووشـی توونـدوتیـژی و کوشـتن و بـڕین دەکـات چـونکە توندوتیژی، توونـدوتیـژی دروسـت دەکـات و زۆر ستەمیشـە کـە دوژمـن بتوانێـت ویسـت و ئارەزووی لەناوببات و کپی بکاتەوە، ئەگەر یەکێتە و تەبایی لەناو ڕیزەکانیدا بەرقەرار بێت.

لەو ڕوود اوە مێژووییەدا ئـەوەشمان بـۆ دەردەکـەوێت، کـە نۆکـەران و بێگانـە پـەرسـتان، هەروەك چۆن بەدرێژایی مێژوو، ڕیسوان بەرامبەر بە گەل و نیشتمان، بەرامبـەر بە چـەرخی ڕۆژگـار و هــەردەم بوونەتــە فاکتــەرێك بــۆ نەهێنانــەدی ئـاوات و ئامانجـەکانی گـەل و بەرژەوەندییە باڵاکانی، ئەوا بەردەوام ئەو کەسانە لە ڕیسوا بوون چێتریان بۆ نامێنێتەوە.

دەلالـەتێکی تـری ئـەو ڕووداوە مێژووییـە لای ڕۆمـاننووس، ئەوەیـە، کـە یـەك ڕیـزی و توندوتۆڵی ڕێکخسـتنەکانی نـاو شـاری سـلێمانی پیشـان دەدات، کـە ئەوسـا هـەیبوو، بـۆ ئەوەی لە کات و ساتی ئێستاش بە یەك دەنگ و یەك ڕیزی بە جۆش و خرۆشێکی زیاترەوە لە جووڵە و چالاکی زیاتر بین، بۆ دەربازبوون لە هەموو جـۆرە تەنگژییـەك و دەسـت لـەناو دەست و یەك دڵ و یەك گیان بۆ گەیشتن بە مەبەست و ئامانجە پیرۆزەکانمان. بۆ نموونـە، کاتێ شاری سلێمانی تووشی ئەو لافاوە ترسناکەی ساڵی (١٩٥٧) بوو، خەڵکەکە چۆن و بە چ شێوەیەك یارمەتی یـەکتریان داوە، کـە هاوکـاری و یارمـەتی دانـی یـەکتر و لێقـەوماوان،

فاکتەرێکی زۆر گرنگ بووە لە کەم کردنەوەی خـەم و مەینەتەتیـەکانی ئـەو خەڵکانـەی کـە زەرەروزیانێکی ماددی گەورەیان لێکەوتبوو، بۆ ئەوەی بەردەوام بین لەسەر ئەو رۆحیەتە.

دەلالەتی تری ئـەو رووداوە مێژووییـە، ئەوەیـە کـە ئافرەتـانی کـوردیش شـان بـە شـانی پیـاوان لـە خـەبات و تێکۆشـاندا بوونـە لـەو پێناوەشـدا چـەند شـەهیدیان بـە گـەل و نیشـتمانەکەیان کـردووە، ئەمـەش ئازایـەتی و جەربـەزەیی ژنـانی کوردسـتانیش دەدات و بەردەوامیش ئەو ئازایەتییـە دەنـوێنن لـە هـەموو کـات و سـەردەمێکدا، ئەختـەر نموونـەی قوربانی دانی ئافرەتی کورد بووە و ژنی گۆرانیبێژێکی میللی کورد بووە.

ئامـاژەکردن بـە ئازایـەتی و سوارچـاکی و هەڵوێسـتی مەردانـەی جـەنگاوەرانی شـێخ مەحموود لە شەڕە دەستەویەخەکاندا، یەکێك لەوانە: (مام ساڵحی لاسـتیك بـڕ)ە، کـە وەك کەسایەتییەکی مێژوویی و سوارچاکێکی شێخی نەمر، "ساڵحی لاستیك بڕ، بە پڕتـاو پەیدا بوو، بە پەشۆکاویەوە لە وەستای پرسی:

وەستا تۆ گوێت لێبوو؟!.. راستە؟!

رادیۆکە وای وت مام ساڵح.

ئای قوڕ بە سەرم، ئای ماڵی وێرانم... ئای پشتی شکاوم

ئەمەی وت و هەر پرتاو، دەرپەڕی یە دەرەوە، ناهەقیشی نەبوو، هەموو دەیانناسی کە لە وەختی خۆیدا، یەکێك بووە لە جەنگاوەرە هەرە ئازاکانی و چەند جار ئـەو دەسـتی دابێتـە تفـەنگ و راپـەڕی بـێ، ئـەم دەسـت و بـرد لەبەردەمیـدا قـوت بـۆ تـەوە و خـۆی کردۆتـە فیدای"(١). ئەمەیە نموونەی هەڵوێستی مەردانەی جەنگاوەرە بەرامبـەر بـە سـەرکردەکەی کە شایانی ئەو رێز و قوربانی دانەیە.

هەر ئەو پیرەمێردەی چەقی رێگـای بـە ئـەورەحمان و مامۆسـتا کـەمال گـرت بـۆ ئـەوەی لەگەڵ خۆیان بیبەن بۆ لای شێخ مەحموود و وایێ دەچوو رۆژگارێکی لەگەڵ شێخدا بەسەر بردبێ و ئەو کاتەی کە داوای لێکردن کە بۆ ماوەیەکی کەم بوەستن بۆ ئـەوەی زیـارەتێکی بەردەقارەمان بکات و لە نزیك بەردەقارەماندا، ئەورەحمان لیێ ی پرسی:

مامە وادیارە، لە شەڕەکەی ئێرەدا لەگەڵیـدا بوویـت؟ ئـەو ئـەمجاریش، لـە وەڵامدانـەوەدا گیری خوارد. بەڵام دوای کەمێ، بە قوڕگێکی پڕ لە گریانەوە وتی:

---

(١) حوسێن عارف، رۆمانی شار، ل ٢٠٦.

بەڵێ... لەگەڵیدا بووم برینداریش بووم

لەگەڵ خۆیدا؟

نەء من لەسەرەوە بـووم، بـە بۆمبـای تـۆپ برینـداربووم. پـێش کۆتـایی هـاتنی شـەڕەکە گواستیانمەوە، من رازی نەدەبووم، تەڵەزمێك رانی راستمی پێکابوو، دەمتوانی تەقە بکـەم و زۆرم وت: کوڕە باوکم خۆ مـن بـە رانم تەقـە ناکـەم، ران بـا بۆخـۆی وردوخـاش بـێ، مـن بەپەلەپیتکە و دەست و مەچەك و شان دەیکەم کە ساغ و سەلیمن، کەچی بێ سوود بوو.. کەچی بەزۆر کۆڕی شەڕیان پێ چۆڵ کردم.

لەوە دەچێ لە دڵدا لێت بووبێ بە کەسەر؟

زۆر

ئێ ئاخر مامە ناهەقیان نەبووە، رانت خوێنی زۆر لەبەر نەدەڕۆیشت؟

با بەرێ وەڵڵا وەك فوارە.

ئێ لەو گەرمەی شەڕەدا، نەکەس نەیدەپڕژایە سەر تیمارکردنت و دوای ماوەیـەك خوێنـت نەدەما و دەمردیت.

کوڕە جا چاکتر بوو!

چاکتر بوو؟!.. بۆچی؟!

وازم لێ بێنە باوکەکەم... هەرخۆم دەزانم بۆچی!

ئەورەحمان کە هەستی کرد دڵی زۆر پڕە، خۆی بێ دەنگ کرد، بەتایبەتی مامۆستاش بـە چاو داگرتنێك هەمان رای بۆ دەبڕی"(١).

ئەوەی راستی بێ، شێخی نەمر پشت ئەستوور بوو بەو جەنگاوەرە نەبەردانە و بە وەفـای ئەو پێشمەرگە ئازایانەی کە بە هیچ شێوەیەك نەیانـدەزانی چۆك دادان چییە. هـەر لەبـەر ئەوەش بوو شێخی نەمر باکی بە دوژمنە سەرسەختەکانی و زۆر و زەبەندەکەی نەبووە.

لەلایەکی ترەوە شێخ مەحموود ئەوکات، خەڵکەکەی لـەژێر یـەك چـەتردا کۆکردبـووەوە و ئاسایش و ئارامی بە خەڵکەکە بەخشیبوو، ئەگەر بهاتبایە هێـزی زۆر و زەبەنـدی دوژمـن و خیانەتی ناوەخۆش نەبوایە، ئەوا ئەو کات شێخ دەسەڵاتی تەواوی خۆی سەپاند بوو، دوور لـە رق و کینـەی دوژمنـەکانی و خـەڵکیش بـە ئـارامی و ئـازادی و سەربەسـتییەوە ژیانیـان

---

(١) حوسێن عارف، رۆمانی شار، ل ٢١٣.

دەگوزەراند، کوردیش هەردەم شانازی بە ئازایەتی و قارەمانیەتی خـۆی سـەرکردەکانیەوە کردووە، هەردەم لە گوێ و حەمدی سەرکردەکانیدا بووە، هەر لە دێر زەمانەوە تا بە ئەمڕۆ رادەگات.

هەربۆیە عەبدولرەحمان مونیف دەڵێ: "مێژووی رۆماننوس، گەر گوزارشتەکە راست بـێ، جارێکی تر خوێندنەوەی رووداو و دەرکەوتەکانە بە مەبەسـتی گەیشـتن بـە تێگەیشـتنێکی باشتر سەبارەت بەوەی کە ژیان چۆن بووە، کەواتە دەکرێ کاری رۆماننووس بەوە دابنێین کە جارێکی دی وێنەکە نیشان دەداتەوە بێ رتوش و بێشـەرم لەبـەر ئـەوەی ژیـان ئـا بـەو جۆرە بووە نەك بەو شێوەیەی مێژووی رەسمی دەیخاتە روو"(١).

هەر سەبارەت بـە وردەکـاری رۆمـاننووس لـە گێڕانـەوەی رووداوە مێژووییەکانـدا دیسـان عەبـدولرەحمان مونیـف دەڵێ:"رۆمـان حـەزی بەوەیـە لـە پەنجەرەکانـەوە بچێتە ژووری، چونکە دەروازەکـــان تەنیا رێ بە مێژووی رەسمی دەدەن لێوەی بچێتە ژووری و هەر ئەو جۆرە مێژووە رێی چــــوونە ژوورەوەی هەیە و رێپێدراوە بۆ بڕینی سنوورەکان"(٢).

## مێژووی کەرکوك:

لە رۆمانی (هەڵکشـان بـەرەو لوتکـە)ی عەبـدوڵڵا سـەراج دا، زۆر لایـەنی مێـژوویی کـۆنی شاری کەرکووکی هێناوەتەوە و تەوزیفێکی هونەری جوانی بۆ کردووە، کە هەموویان دەبنە پەند و عیبرەت بۆ نەوەکانی داهاتوو.

رۆماننووس لەسەر زاری سالار،بەشداری لە گێڕانـەوەی ئـەو مێـژووە کۆنـەی کەرکووکـدا کـردووەو دەڵـێ:"زۆر لەمێـژە زانـراوە، کـە نـەبوو خوزنەسـری شـاخوای بابلیـەکان، دوو قۆشەنی بەناوبانگی کردۆتە سەر (ئۆرشەلیم) و لەپاش تاڵان و خاپورکردن، هـەزاران دیلـی لە پیاو و ژن، لە منـداڵ و پیرەمێـرد، پـەلکێش کـردووە، تاکـە بەڵگەیـەکیش لـەم شـارەی ئێمەدا مابێتەوە، ئەو گۆڕەی کەللەی سەری (دانیال پێغەمبەر)ی گرتۆتـە هـامێز و لـەکاتی خۆیدا نزرگای جووەکان بووە و ئێستاش هەر رووگای موسڵمانانە"(٣).

---

(١) عەبدولرەحمان مونیف، تیشکێك بۆ سەر رۆمان، ل١٠٥.

(٢) س. پ. ل١٠٥.

(٣) عەبدوڵڵا سەراج، هەڵکشان بەرەو لوتکە، ل ٤- ٥.

ئــەم رووداوە مێژووییــە،رەگ و ریشــەیەكی كــۆنی هەیــەو بــۆ چــەند هــەزار ســاڵێك دەگەڕێتەوە،لــەم رووداوەدا (نەبوخوزنەسـر)لە دوو هێرشــی زۆر گــەورە بــۆ ســەر شــاری (قودس)و پاش خاپوور كردنی شارەكە،خەڵكەكەش بە دیل گرتــووە و هێناوینەتــە، شــاری كەركووك و بەڵگەیەكی مێـژوویی (وەك دیكۆمێنت)ێك، كـە مابیچـتەوە، ئەوەیـە كـە كەللـە سەری دانیال پێغەمبەری لە هامێز گرتووە و لـەكاتی خۆیـدا بۆتـە نزرگـای جوولەكـەكان و ئێستاش رووگەی موسڵمانانە و بەردەوام زیارەتی دەكەن.

رۆماننووس، لەم رۆمانەیدا و بەتایبەتی لەم رووداوەیدا، كە رووداوێكـی كـۆنی تایبــەت بــە كەركووك، بەلای ئێمەوە، ئەوە دەگەیەنێت، كە مێژووی راگواستنی خەڵكی لایدە، بە زۆری بۆ رۆژگارێكی دووری وەك رۆژگاری نەبوخوزنەسر، دەگەڕێتەوە، لە هێنـانی خـەڵك بـۆ ئـەو شارە و نیشتەجیّ كردنیان.

بەمەش ئەو رژێمە یەك بـە دوای یەكانـەی حـوكمی عێراقیـان گرتۆتـە دەسـت سـوودێكی زۆریان لەو مێژووە شوومە وەرگرتووە و سیاسەتی راگواستنی خەڵكی بـیّ گونـاح لەناوچـە كوردییەكاندا و بەعەرەبكردنی ناوچەكانیان،لەسەر دارشـتووەو پیادەیـان كـردووە. گوایـە، ئـەو خەڵكانــە لــە دەســەڵات یــاخین و دوای دادگــایی كردنێكــی ســەرپێیان و بردنیــان بــۆ شوێنێكی نادیارو زیندەبەچاڵ كردنیان،بۆ ئەوەی مۆركی كوردەواری بەسـەر ئـەو شـارەوە نەهێڵێت.

رۆماننووس،هەر لـەم رۆمانـە و لـە شـوێنێكی دیكـەدا و لەسـەر زاری (عـەزە خومچـیەوە) دەگێڕێتەوە،كە باس لەمێژووی راگوێزانی جولەكەكان دەكات لـەو شـارەوە بـۆ فەلەسـتین، عەزەی خومچی برادەرێكی سمایل سەراج بوو، نەرمە ساختیانی بۆ لە خۆم دەدا، ئێوارانێك هاتە لای مام سمایل و دوعاخوازی كرد، وتی "كاكە سمایل، قەسەم بەم زادە بـە زۆرەملـیّ راپێچمان دەكەن بۆ فەلەستین"(١).

"جولەكەكان خانووبەرە و شتوومەك و كەلوپەلی ناوماڵیان هەرزان فـرۆش و هـەراج كـرد، دەگەڕان بازن و گوارەو لوتەوانە و پاموورەیان بە ژنانی گەڕەك دەفرۆشت"(٢).

---

(١) هەڵكشان بەرەو لوتكە، ل١٣٠.

(٢) س. پ. ل١٣٠.

بەلای ئێمەوە راگوێزانی جوولەکەکان لە کەرکووکـەوە بـۆ فەلەسـتین کتوومـت راگـوێزانی کوردەکانــە لــە کــەرکووك و دەوروبــەری و ناچــار کردنیانــە بــۆ ئــەوەی خانووبــەرە و کەلوپەلەکانیان هەراج بکەن و لە ئۆدیگا زۆرەملێیەکاندا قایمیان بکەن یاخود لـە قـاوغێکی تەسکدا دەست بەسەریان بکەن. دیارە ئەم سـاسەتە مێژوویێکی کـۆنی هەیـە و دوژمنـانی کورد سوودیان لێ وەرگرتووە و تا ئێسـتاش بەهـەمان شـێوە رەفتـار لەگـەڵ خەڵکەکەیـدا دەکرێت.

ئەگەر سەرنجێکی ورد بدەینە بەرهەمی رۆماننووسەکانمان،ئەوا دەبینین، هۆکارو پاڵنەری سەرەکی لە نووسینی بەرهەمەکانیان، بۆ لایـەنی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی دەگەڕێتـەوە، لـە زوڵـم و زۆرداری و داگـیر کـردن و خــەباتی جوتیــاران و کێشــەی خــاك و چەوســانەوە و دەربەدەری و ئاوارەیی و شۆڕش و سەرهەڵدان و ...هتد.

رۆماننووسان، لە رێگەی بەرهەمەکانیان، توانیان تا رادەیەك خەڵك لەو بار و زروفـەی کـە تیایاندا ژیاون، چ بەشێوەیەکی راستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ لە (شێوەی رەمز و هێما)دا ئاگادار بکەنەوە، نموونەش لەو بارەیەوە زۆرە: ئیبراهیم ئەحمەد، عەرەبی شەمۆ، عـەزیزی مـەلای رەش و کامـەم بۆتـانی و...هتـد. ئەوانـە سـووربوون لەسـەر تێکۆشـان و گەیانـدنی میللەت بە کاروانی سەرفیرازی و سەرکەوتن و گۆڕینی ئەو واقیعـە سـەخت و ئـاڵۆزەی، کـە مرۆڤی کوردی تێدا بینراوە و هەوێنی چەندین بەرهەمی بەپێزە" چونکە ئەوان پێیان وابوو، دۆش دامان بەدیار ئەو رووداو و کارەساتە ناخۆشانە، ژیان ئەوەندەی تـر بـەرەو ئاڵــۆزی زیـاتر دەبـات و رۆژی بـەختیاری و کامـەرانی بـەدوور دەخاتەوە.هـەروەها پـێم وایـە ئـەو بەرهەمانـەی رۆماننووسـان لـە دیارخسـتنی ئـەو رووداو و کارەسـاتانەی دوژمنـان بەسـەر میللەتەکامانیاندا هێناون، بەردەوام لە گوێی ئەو کەسانەدا بزرنگێنەوە، کە سەرکردایەتی و رێنمایی میللەتی کورد دەکەن و ئاگاداربن لە پیلان و سیاسەتی شـۆڤینیانەی دوژمنـان بـۆ ئەوەی مۆرکی کوردەواری ئەو شارە نەسڕێتەوە و خەڵکەکەی تیایـدا سەربەسـت و ئـازاد و سەرفیرازبن.

## شێوەی دەرکەوتن و جۆری کەسایەتیی مێژوویی لە ڕۆمانی هاوچەرخدا :

ڕۆماننووسانی کورد،لە ڕۆمانەکانیاندا ناوی زۆر لە کەسایەتییە مێژووییـەکانیان هێنـاوەو مەزراندویانن.شێوەی دەرکەوتنی کەسایەتیە مێژووییـەکان لـە دەقەکانـدا بەچـەند جۆرێـك بووە، ئێمە لێرەدا دەتوانین چەند جۆرێکیان لە دەرکەوتنیاندا دەستنیشان بکەین:

"١. بانگ کردن بەناوی خۆی.

٢. بانگ گردن بەقسەی کەسایەتییە مێژووییەکانەوە.

٣. بـانگ کـردن بـە کردارەکـان (واتـە ناوهێنـانی بـەو کـار و کردەوانـەی کـە پێـی بەناوبانگە)"(١).

١. "کەسایەتیی نووری سەعید و ساڵح جەبر"(٢):

ئەم دووانە جۆری دەرکەوتنی کەسایەتییان لە ڕێگەی بانگ کردنیان بەناوی خۆیـان و لـە ڕێگەی کار و کردەوەکانیشیان دەناسرێنەوە، کە خۆی لە ئەڵقە گوێی نۆکەرایـەتی و دار و دەستەی ئینگلیزەکانەوە، لەلایەن خەڵکەوە دەناسرێن.

٢. "کەسایەتیی مەلیك فەیسەل"(٣):

کەسایەتیی مەلیك فەیسەڵ لە ڕێگـــەی بانگ کـردنەوەو لەڕێگەی کارو کردەوەکانی، کە ئەویش خۆی لە نۆکەرایەتی و ئەڵقە لەگوێیی و بیچ هێزی کەسێتی و داردەسـتی ئینگلیـزی دوژمن حسێبی بۆ دەکرێ، چونکە لەسـەردەمی حـوکمڕانی ئـەودا، هـەر شـتێك کرابێـت و ئەنجام درابێ بە قسەو کاروکردەوەی ئەو بووە و لەسەر ئەو حسێب کراوە.

٣. ئەوانـەی زیـاتر بـە کـار و کردەوەکانیـان دەناسـرێنەوە و دەردەکـەون لـە مێـژووی جیهانیدا و یەکێك لەوانەی کە لە ڕۆمانی (توانەوە)ی (غەفوور ساڵح عەبدوڵلا)دا ئاماژەی بۆ کراوە، ئەویش (نیرۆن)ە.

هەروەك دەڵێ: "نیرۆن بەناوی بەرگری کردن لە ڕەش و ڕووتەکان شاری ڕۆمـا و داوێـن پیسی دایکیەوە، ئەو شارە نازدارەی کردە قەرەبووت"(١) کەواتە نـیرۆن، کەسـایەتیەکەی کەسایەتیەکی شەڕانگێزییە و بە سوتێنەری ڕۆما بەناوبانگە.

---

(١) ریاض وتار، توظيف التراث في الرواية العربية، ص١١٤.

(٢) هەڵکشان بەرەو لوتکە، ل٥٢.

(٣) س. پ. ل١١٧.

(سـپارتاکۆس)یش کەسـایەتیەکیی مێـژوویی جیهـانی لەمێـژوودا بـەناو و کردەوەکـانی دەرکەوتووە، کە توانیویەتی کۆیلەکانی یۆنان هان بدات،بەوەی کە هەوڵێکی زۆری لە +گەڵدان و رێکی خستوون،لەناو بەندیخانەدا، کە خۆی یەکێك بووە لە ........ کراوەکان و شۆڕشێك بەرپا بکات و سەرجەم دیلەکان و خۆش لە دیلێتی رزگار بکات و لە (توانەوە)دا دەڵێ:"سپارتاکۆس)یش بووە گڵکۆیەکی سەرەنگوکراو"(٢)

ئەگەرچی سپارتاکۆس لە کۆتـایی شۆڕشـکەکەدا سـەرکەوتنی بەدەسـت نـەهێنا، بـەڵام دەنگۆیەکی باشی پەیداکرد بۆ رزگار بوون لە دیلێتی و بەردەوامی شۆڕش و رزگار کردن.

سپارتاکۆس"ناسـراوە لـە مێـژووی ئیمپراتۆریـەتی رۆمـانی و ئـەم کەسـایەتییە لـەناو سەربازگایەکی رۆمانیدا بوو، لە شاری (کابوا) هەڵات و خۆی دایە ناو شاخەکانی دەوروبەری شـارەکە و داوای ئـازادبوونی کۆیلـەی دەکـردو زیـاتر لـە نـۆ هـەزار کۆیلـەی چـوونە پـاڵ شۆڕشەکەی،بەڵام سەرەنجام ئیمپراتۆریەتی رۆمـانی کۆتـایی پـێ هێنـا، واتـە سـەرکەوتوو نەبوون،بــەڵام دەنگدانەوەیــەکی باشــی هــەبوو، شۆڕشــەکەی شکســتی هێنــا، چونکە(سـپارتاکۆس)یش هـەمان هەڵـەی دووبـارەکردەوەو سـەربازی رۆمـانی دەگـرت و دەیکردن بە کۆیلە"(٣).

کەواتە سپارتاکۆس لە جۆری دەرکـەوتنی کەسـایەتییەوە، ئاشـکرایە کـە کەسـایەتییەکی خێرخواز بووەو مەبەستی رزگارکردنی مرۆڤایەتی بووە لە بەندی و دیلێتی شەرانگێزانەوە.

سمێـل چوارگۆشــەییەکەش،بەلای ئێمــەوە ئاماژەیــەکی روون و ئاشـکرای هیتلــەری ئەڵمانیای نازییە، کە لە شەڕی دووەمی جیهانیـدا تـوانی شـوێنێکی زۆر لـە ئـەورووپا داگـیر بکـات، لـەو کەسـایەتیە مێژوویـە جیهانیانەیـە بـە بەشـێك لـە مێـژووی شـەڕانگێزی و نەتەوەپەرستی جیهانیی دەژمێردرێت(٤).

---

(١) رۆمانی توانەوە، ل٩.

(٢) س. پ. ل٩.

(٣) شاخەوان فایەق ئەلیاس، مەعریفەی مێژوو، بڵاوکراوەی خانەی چوارچرا،سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٨١.

(٤) رۆمانی توانەوە، ل٩.

هەر لە ڕۆمانی (توانەوە)دا، ڕۆمـاننووس بـاس لـە دوو کەسـایەتی مێـژوویی دەکـات و لـە گێڕانەوەیاندا دەڵێ: "ئا لەم شوێنەدا مزەفەر چەند جارێك ئۆردووی دوژمنانی شکاندووە و شارەکەی پاراستووە"(١).

هـەر سـەبارەت بـە کەسـایەتی مێـژوویی و چۆنیەتی دەرکـەوتنی لـە مێـژوودا، بـاس لـە کەسایەتی پاشای میرنشینی سۆران (پاشای کۆرە دەکات، کە توانیویەتی بۆ چەند جارێك نـەیارەکانی تـۆ بـەخواردوو بکات.پاشـای بـەناوودەنگ لەڕێگـەی کاروکردەوەکانیـەوە دەردەکەوێ،پارێزەری میرنشینەکەی بووە و بەرامبەر دوژمنانی دڵ ڕەق بووە.

(سـەلاحەددین)(٢)یـش دەناسـێنێ،کە سـەرکردەیەکی موسـڵمانی کـوردە و لـە شـەڕی خاچپەرستەکاندا، توانیویەتی بەسـەریاندا زاڵ بێـت و قـودس لـە ژێـر دەسـەڵاتیان بێنێتـە دەرەوە،واتـە سـەرکەوتنی موسـڵمانان بەسـەر خاچـییەکان لـەو شـەڕەدا دەدرێتـە پـاڵ سەلاحەددینی ئەیوبی.

(شـێخ مـەحمودی حەفیـد)(٣)یـش بـە سـەرکردە و مـەلیك و بەرگریکـەری کوردسـتان دەناسێنێ و هەموو کەس، گەورەو بچووك، هەر کە ناوی دەهێنرێ دەیناسن و بیر لە کـار و کردەوەکانی دەکەنەوە و پاڵەوانێکی مێـژوویی خێرخـواز بـووە و مەبەسـتی سەربەسـتی و ئازادی و سەربەخۆیی کورد بووە.

(حەسیب ڕافز)(٤)ی بە کەسایەتییەکی مێژوویی شـەڕانگێز و پیـاوکوژی شـاری کـەرکووك ناسراوە،ئەو دڕندەیە لە مێژووی شاری کەرکووك،لە خۆپیشاندانەکەی قوتابیان لـە سـاڵانی شەستەکاندا،ئەو دڕندەیە بەدەسـتی خـۆی چـەندین کەسـی کوشـتوە و شـەهید کـردووە و چەندین کەس لە زینداندا ئاخنیووە.

مەبەست و دەلالەتی ئاماژەپێکردن و هێنانەوەی ئەو کەسایەتیە مێژووییە، نـاوخۆیی و جیهانیانە لەلایەن ڕۆماننووسانی کـوردەوە لـەو سـەردەمەدا بۆتـەوە دەگەڕێتـەوە، کـە لـە هـەموو کـات و سـەردەمێکەوە، نموونـەی ئـەو جـۆرە کەسـانەو دەرکـەوتنیان لـە مێـژووی

---

(١) س. پ، ل٢٤.

(٢) س. پ، ل٢٤.

(٣) س. پ، ل٦٢.

(٤) س. پ، ل١٠٧.

میللەتەکـەمان و جیهانیـدا، چ لــە ســەردەمانی رابــردووداو چ لــە ئێســتادا ئــەو جــۆرە کەسایەتیانە بەناوەکانیان و کار و کردەوەکانیان دەناسرێنەوەو بـەردەوامیش ئـەو جـۆرە کەسـایەتیان لـە سـەردەمی ئێستاشـدا خۆیـان دەنـوێنن، هەیانـە خزمـەتیان بـە گـەل و نیشتمانەکەیان کردووە و خزمـەتیان بـە مێـژوو کـردووە و مرۆڤـی ئـەم سـەردەمەش حـەز دەکەن، کە ئەو جۆرە کەسایەتیانە بـەردەوام ئامادەییـان هـەبێت، بـەڵام هەنـدێکی تریـان پێچـەوانەی ئەمانـەن، کـە باسمـان کـردن واتـە مـرۆڤ و کەسـایەتی مێـژوویی بـە کـار و کردەوەکانیان خراپەکار و شـەڕانگێز بـوون لـە رابـردوودا و دژی مرۆڤایـەتی جـەنگاون، لـە تێکدان و خاپوور کردن و کوشت و بڕین و..هتد.بۆیە مرۆڤ لە حاڵی حـازر حـەز ناکـات ئـەو جۆرە کەسانە دووبارە بینەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، مێژوو هەندێ جار بێ رەحمە و خۆی دووبارە دەکاتەوە و کەسانێکی ئاوا پەیدا دەبنەوە.

## ئــــە نجام:

کەلەپووری میللی و فۆلکلۆر، لەلای زۆربەی پسپۆران و شارەزایانی بواری کەلەپووردا بە هاوواتای یەکتری لە قەڵەم دەدرێن، بەڵام بەلای ئێمەوە، کەلەپوور فراوانتر و گشتگیرترە لە

فۆلکلۆر، چونکە کەلەپوور بەرهـەمی مـاددی و مەعنـەوی لـەخۆوە دەگرێـت و هەنـدێ لـەو بەرهەمانەش بە فۆلکلۆر دانەنراون، وەك: بەرهـەمی فەلسـەفی، هـزری، بەرهـەمی ئـەدەبی پەتی، بەڵکو ئەمانە بە کەلەپوور هەژمار دەکرێن و لێکدانەوەیـەکی کەلـەپووری هەڵـدەگرن نەوەك فۆلکلۆری.

کەلـەپووری میللـی دەبێتـە سەرچـاوەیەکی بـەپێز و دەوڵەمەنـد بـۆ ژانـری ڕۆمـان، کـە ڕۆماننووسەکان خەریکن بـە شـێوەیەك لـە ڕۆمانەکانیانـدا بەرجەسـتەی دەکـەن و سـوودی تەواویان بۆ تەکنیك و جۆرەکـان و ڕەگـەزە سـەرەکییەکانی نێـو ڕۆمـان لـێ وەر دەگـرن، بەمەش کەلەپوور لـە لەناوچـوون ڕزگـار دەکـەن و نـەمری و ڕەسـەنایەتیش بـە ئەدەبەکـە دەدەن.

لە ڕۆماندا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، کە کەم تـا زۆر لـە مێـژوو و تارمـایی مێـژوو بـەدەر نییـە، بـەهرە و ئیلـهامی خـۆی لێوەرگرتووە،ئەگـەر مێـژوو تۆمارکـەری ڕابـردووی مـرۆڤ بێت،ئەوا ئـەدەبیش ڕەنگدانـەوەی ژیـانی ئـەوان مرۆڤانەیە،کەواتـە ئـەو دووانـە (مێـژوو) و (ئەدەب) سوودێکی تەواویان لەیەکتر وەرگرتووە و سوودیشیان بۆ مرۆڤ هەبووە.

نێو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکـەی نـەکردبێ، ئـەوا ئەوکاتـە دەبـێ بـە مێـژوونووس، نـەوەك ڕۆماننووس. هەربۆیە بابەت و ڕووداوەکانی مێژووی نەتەوایەتیمان بوونەتە سەرچـاوەیەکی جوان و هونەری بۆ نووسینی ڕۆمانی کوردی، دیارە ئەمەش بەهۆی تێکـەڵ کردنـی خەیاڵـە بەو بابەتانە و بۆ ئەوەی هەستێکی هوشیاریی لای خوێنەر بۆ ڕووداوەکان دروست بکات.

ڕۆماننووسانی کورد لەو ماوەیەدا، هەروەك سەرنج دەدەین لە ڕۆمانەکانیاندا گرنگییـەکی تایبەتیان بە شوێن و ژینگەی کوردەواری و کەسـایەتییە مێژووییـەکان و ڕووداوەکـانی نێـو کۆمەڵگـەی کـوردەواری و پابەنـدبوون بـە داب و نـەریت و بیروبـاوەڕە ڕەسـەنەکان و گێڕانـەوەیان بـۆ نێـو ڕۆمانـەکانیان و دووبـارە مەزراندنـەوەیان، وایـان کـردووە زیـاتر ڕەسەنایەتی بە ڕۆمانی کوردی بدەن و دووری بکەونەوە لە قاوغی لاساییکردنەوەی بێگانە.

## سەرچاوەکان

**ـ بەزمانی کوردی :**

١– ڕۆمانەکان :

– شار، حسین عارف،بەغداد، ١٩٨٦.

– توانەوە، غەفوور ساڵح عەبدوڵڵا،بەغدا، ١٩٨٨.

– هەڵکشان بەرەو لوتکە، عەبدوڵڵا سەراج،بەغدا، ١٩٨٩.

٢– **تێزی ئەکادیمی:**

– ئیبراهیم قادر محەمەد، ڕۆمانی کوردی لـە عێراقدا،نامـەی ماسـتەر، کۆلیـژی ئـاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٩٠.

– ڕێـزان ڕەحمـان خدر،تـەکنیکی گێڕانـەوە لـە ڕۆمانەکانی(عبـدالله سـراج)دا،نامەی ماستەر،کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین،هەولێر، ٢٠٠٧.

– طاهر محمد علی، لێکۆڵینەوە لە چیرۆکەکانی حسین عارف،نامەی ماسـتەر، کۆلیـژی ئاداب،زانکۆی سەلاحەددین،هەولێر،١٩٩١.

**٣-کتێب**

– ئەرستۆ، هونەری شیعر،و: لە ئەڵمانییەوە د.حەمید عەزیز،سلێمانی، ٢٠٠٦.

–سابیر ڕەشید، ڕۆمانی کوردی (خوێندنەوەو پرسیار)،ب١ ،هەولێر،٢٠٠٧.

– سەلام عەبدولکەریم،دەربارەی فەلسەفەی مێژوو، سەردەم،سلێمانی، ٢٠٠٩.

– شاخەوان فایەق ئەلیاس، مەعریفەی مێژوو،سلێمانی، ٢٠٠٩.

– د. شوکریە ڕەسول، هونەرەکانی ئەدەب،هەولێر، ١٩٨٩.

– شێخ محەمەدی خاڵ، ناڵەی دەروون،دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.

– عەبدولرەحمان مونیف،تیشکێك بۆ سەر ڕۆمان، و: لەعەرەبییەوە شیرین.ك، دەزگای سەردەم،سلێمانی، ٢٠٠٦.

– مەجید مەحمود مطلب، شیعر و فەلسەفە، و. فوئاد مەجید میسری،بەغدا، ١٩٧٨.

– مەهدی ساڵح، دەربارەی ڕۆمان،هەولێر، ٢٠٠٦.

– م. هـ. ئیبرامز،مالکالم برادبری،نورپروب فرای،ڕۆمان چییە؟،هەولێر، ٢٠٠٨.

– میران جەلال محەمەد، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، ٢٠٠٩.

– شوان محەمەد ئەمین تەها،سوودەکانی مێژوو،سـیفەتەکانی مێـژوونووس،گ مێـژووی ئەکادیمی،ژ٦، ٢٠٠٧.

– موکەڕەم رەشید تاڵەبانی، چەمکێکی مێژوویی رۆمـانی کـوردی، گ. کـاروان، ژ١٠٨، ١٩٩٧.

– نیـاز عەبـدولقادر، فۆلکلـۆری کـوردی و پێداچـوونەوەیەك،گ مهابـاد،ژ٢٩،س٥، خاکەلێوەی ١٣٨٣.

**بە زمانی عەرەبی:**

– د.جمعة سيد زيد الرفاعي، المأثورات الشعبية (النظريةوالتأويل)، دمشق،٢٠٠٢.

– د. حميد الحمداني، بنية النص السردي، من منظور النقد الأدبي،ط٣،بيروت،٢٠٠٠.

– د. سمر روحي الفيصل، الرواية العربية (البناء والرؤيا)، دمشق،٢٠٠٢.

– د. سمير كبريت، المرشد الأدبي الحديث (للمراحل التعليمية)، دون تأريخ الاصدار.

–عزامأبوالحمام،الفولكلور(التراث الشعبي) ، (الموضوعات، الأساليب، المنـاهج)، الأردن، ٢٠٠٧.

– د.فـائق مصـطفى و د.عبدالرضـاعلي، في النقـد الأدبـي الحـديثمنطلقات وتطبيقـات، الموصل، ١٩٨٩.

– د.قاسم عبده قاسم، بين التأريخ والفولكلور،مؤسسة (عين) للدراسات،مصر، ٢٠٠٨.


– د.مصطفى صاوي الجويني،في الأدب العالمي، ج٣، (القصة، الرواية، السيرة)،٢٠٠٢.

– محمد رياض وتار، توظيف التراث في الرواية العربية المعاصرة، دمشق، ٢٠٠٢.

– محمد يوسف نجم، فن القصة،بيروت، ١٩٥٩.

# لێکەوتەکانی زیندان

## لە ڕۆمانی(ژانی گەل)ی" ئیبراهیم ئەحمەد"دا


ئیبراهیم ئەحمەد
ژانی گەل
سلیمانی ١٩٧٢

## پێشەکی[1]

بێگومان چەمکی زیندان و تێگەیشتن و دنیا بینیمـان بـۆی شـتێکی نـوێ و تـازە بابـەت نییە، لێرە و لەوێ و کەم تا زۆر ئەدەبیاتی هـەموو گـەلانی دنیا نـەیانتوانیووە خۆیـان لـە چـەمك و بابـەتێکی ئـاوا هەسـتیاری لەمشـێوەیە دوورە پـەرێز بگرن،چـونکە ڕاسـتەوخۆ پێوەندە بە ژیانی مرۆڤەکانەوە ، بوونی زیندان بە تایبەت و بە دیاریکراوی لە ژێـر حـوکمی دەسەڵاتێکی ستەمکارانەدا هێڵێکی جیاکەرەوەیە لەنێوان ئەدگار و خەسڵەتە مرۆڤایەتیی و نامرۆڤایەتییەکانەوە، مەبەستیشمان لەمە زیـاتر ئەوەیـە، کـە بڵـێین لـەژێر زەبـر و زەنگـی دەسەڵاتێکی ستەمکارانەدا کۆمەڵێك مرۆڤ دێنە ئاراوە کە بە تـەنیا بـە نـاو مـرۆڤن ئەگـەرنا هەرگیز ئەدگار و خەسڵەتێکی جوان و چاکی مرۆڤانەیان تێدانییـە و کەوتوونەتـە دەرەوەی چوارچـێوەی مرۆڤایەتییـەوە، گەرەکییانـە بـە هـۆی ئـەم ئـەدگار و خەسـڵەتە ناشـیرین و خراپانەی نامرۆڤایەتییان بە هۆی زیندانەوە بێت، یـاخود بـە هـەر هۆیـەکی دی چ مانایـەك نەهێڵنەوە بۆ مرۆڤبوون و مرۆڤایەتی، بەڵام ئەدیبان مانایەکی دی بـە زینـدان دەدەن و لـە قەڵایەکی ستەمکارانەوە دەیکەن بـە قەڵایـەکی بـەرگری و بەرەنگاربوونـەوەی چەوسـاوە و خەباتکار و شۆڕشگێڕان. کاتێك باس لە زیندان و زیندانییان دەکەین، زۆر ئەستەمە بتوانین کۆمـەڵێك پرسـیار وەڵامبدەینــەوە، خـەریکبوونمان پێیانـەوە دەمانخاتـە نێـو گێـژاوێکی گفتوگـۆی نەپسـاوە و نـەبڕاوەوە. نموونـەی پرسـیارەکانیش وەك ئەمانـەن: کـێ زینـدانی دروستکرد؟ یەکەمین زیندانیی کێ بوو؟ یەکـەم زینـدان و زینـدانیی لـە کـوێی ئـەم گێتییـە فراوانـەدا بـووە؟ کـەی و چـۆن و لەبەرچـی یەکـەم زینـدان دروسـتکرا؟ ئایا هـەر خـودی مرۆڤەکان زیندانیی دەکرێن؟ یاخود بیر و بیرۆکـە و بەرهەمەکانیشـیان زینـدانیی دەکـرێن؟ سـەرەتای سـەرهەڵدانی زینـدانیکردنی بـیر و بەرهەمـەکانی مـرۆڤ بـە گشـتی و بـە تایبـەت داهێنـەران بـۆ چ قۆنـاغێکی مێـژوویی دەگەڕێتەوە ؟ئـەم پرسـیارانە و پرسـیار گـەلێکی دی ناتوانرێت بە وردی لەلایەن لێکۆڵەرانەوە وەڵامیان بدرێتەوە .

گرنگی و بایـەخی ئـەم لێکۆڵینـەوە، لەوەدایـە تـا ئێستاشـی لەگەڵـدا بێـت زینـدان وەك چـەمکێك و وەك پرسـێکی گـرنگ، کـە ڕاسـتەوخۆ پەیوەسـتە بـە پرسـەکانی نەتـەوەی کـوردەوە. لـە نێـو ڕەخنــەی کوردیـدا بـواری بـۆ فەراهـەم نـەکراوە، گـەر ئـەم بـیر و

[1]: بە هاوبەشی لەگەڵ د.کاززان محسن قادربەگ.

بۆچــوونەشمان وردتــر بکەینــەوە نــەتوانراوە چــۆنیەتی مەزرانــدنی چــەمکی زینــدان و لێکەوتەکانی لە نێو ژانرێکی گرنگی وەك ڕۆماندا، کـە بـە ژانـری سـەردەم نـاوزەد دەکرێـت بخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی لەسەر ئەنجام بدرێت.

ئەو لێکۆڵینەوە و توێژینەوانەی کراون زیاتر تیشکیان خستۆتە سەر ئەدەبیاتی بەرگری و بەرەنگاربوونەوە، ئەویش لە چوارچێوەی ژانـری شـیعر دان و بـەس، نـەتوانراوە درك بـە پەیوەندی نێوان زیندان و ژانری ڕۆمان بکەن بە تایبەتی، بە شێوەیەکی گشـتی پەیوەنـدی نێوان زیندان و هونەرەکانی گێڕانەوە بکەنە بەرنامەی کارەکانیان، هۆکارەکەی ئەمەش بـۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە دەقـی ئـەدەبیی کـوردی لـە ژانـری کورتـە چـیرۆك و چـیرۆك و ڕۆمـان هــەژارە و دەوڵەمەندنییــە، بــەڵکو دەتــوانین بــۆ ئەمــە دوو هۆکــار دەستنیشــان بکــەین ، یەکێکیان پەیوەستە بە باڵادەستی ژانـری شـیعر تـا سـاڵانی پـەنجای سـەدەی ڕابـردوو و، بواری ڕەخنە و ڕەخنەگری کوردیش هەر بـەم ژانـرەوە سـەرقاڵ بـووە و نەپڕژاوەتـە سـەر ژانرەکانی تری ئەدەب، ئەویتریان هەر پەیوەستە بە خاڵەکەی پێشووەوە، لێکۆڵەر وتوێـژەر و وتارنووس و ڕەخنەگران هەر درکیان بەوە کردووە هـەر شـاعیر زینـدانی دەکرێـت و هـەر ئەویش دەتوانێت بەرهەمێك بنووسێت، کە وەك پێویست گوزارشت لەم شوێنکاتەدا بکـات. ئەوەی ماوەتەوە ئەوەیە گەر ڕۆمانی "ژانی گەل" بە یەکەمین ڕۆمانی کوردی لە باشـووری کوردستاندا دابنێین، کە گەلێك لە توێژەر و لێکۆڵەران جەختی لەسەر دەکەنەوە، ئەوە ئەو ڕۆمانە بەرهەمێکە دەکەوێتە نێو چوارچێوەی ئەدەبی بەرەنگاری و زیندانـەوە، لەمەشـەوە بۆمان بە دیاردەکەوێت، دەرکەوتنی ڕۆمانی کوردی بە هەناسەیەکی نەتـەوەیی کوردانـەوە نووسـراوەتەوە، ئـەو هەناسـە نەتەوەییـەش بێگومـان پێویسـتی بـە گیـانێکی بـەرگری و بەرەنگاربوونەوە هەیە. کەواتە ڕۆمانی "ژانی گـەل" ڕۆمانێکـە گوزارشـت لـە ژانـی گـەلانی چەوساوە دەکات و گەلی کوردیش یەکێکە لەوانە.

سنوور و میتۆدی لێکۆڵینەوەکە، سنورەکەی لە چوارچێوەی ڕۆمانی "ژانی گـەل" دایـە و بۆتـە کەرەسـتەی سـەرەکی لێکۆڵینەوەکـە و پڕاکتیزەکردنـی. هـەروەها پشتبەسـتن بـە میتــۆدی ((تیــۆری – وەســفی – شــیکاری)) لێکۆڵینەوەکــە ئەنجامــدراوە بنیــادی لێکۆڵینەوەکە، لە پێشەکی و دوو پاژ و ئەنجام و سەرچاوەکان پێکهاتووە.

پاژی یەكەم لە دوو تەوەرە پێكهاتووە، لە تەوەرەی یەكەمدا چەمكی زیندان و زیندانیی و لە تەوەرەی دووەمیشدا كاریگەری زیندان بەسەر ئەدیبان و ڕەنگدانەوەی لە دەقەكانیاندا تیشكیان خراوەتەسەر و باسیان لێوە كراوە. پاژی دووەمیش دوو تەوەرە لە خۆ دەگرێت، تەوەرەی یەكەم زیندان وەك دام و دەزگایەكی سیاسی و سەربازی و سیخوڕی سەركوتگەرا لە پێناو مانەوەی دەسەڵاتێكی ستەمكارانە و دەمكوتكردنی ئەدیبان، بە تیۆری خراوەتە بەرباس و خواس، لە تەوەرەی دووەمیشدا زیندان و لێكەوتەكانی لە ڕۆمانی ((ژانی گەل))ی "ئیبراهیم ئەحمەد" دا بە پراكتیكی خراوەتە بەر تیشكی لێكۆڵینەوەكە، دواتر ئەنجامەكان لە چەند خاڵێكدا خراونەتە ڕوو، ئینجا سەرچاوەكان.

## چەمكی زیندان و زیندانیی:

زیندان وەك شوێنكاتێكی دژ و نائاشنای مرۆڤ، پانتاییەكی فراوانی داگیركردووە و پەیوەستە بە گەلێك بواری ژیانەوە، بەكارهێنانی چەمكی زیندان لە هەر بوارێك لە بوارەكانی ژیاندا، دەرووی كۆمەڵێك بابەت و بیرۆكە بە ڕووی خۆیدا واڵا دەكات و هەر توێژەر و لێكۆڵەرێكیش كاتێك دەپرژێتە سەر ئەم چەمكە و دەیەوێت لە گۆشەنیگا جیاجیاكانی پسپۆڕییەكەیەوە لێیبڕوانێت. بۆ نموونە چەمكی زیندان لە بواری دارشتن و دانانی یاسا و دادوەریدا كۆمەڵێك یاسا و ڕێسا بۆ خۆی كەمەندكێش دەكات و لە بواری ئەدەبیشدا دەشێت لە زۆر ژانری جیاجیای ئەدەبدا دەركەوێت و هەر ژانرێك بە پێی سنوور و تێگەیشتن و ئایدیا و دنیا بینی نووسەرەكەی بچێتە قووڵایی ئەم چەمكەوەو هەموو كونجە تاریك و نووتەكەكانی زیندان شەنوكەو بكات. هەروەها دەبینین چەمكی زیندان لە بواری كۆمەڵایەتی و سەربازی سیاسیشدا زۆر لە یەكتر جیاوازن، كاتێك چالاكێكی بواری كۆمەڵایەتی لە زیندان دەڕوانێت وەك شوێنێكی چاكسازیی بەشێك لە مرۆڤەكان لێیورد دەبێتەوە و پێیوایە دەكرێت مرۆڤەكان هەڵە بكەن و لە ڕێی ئەم هەڵانەوە كۆمەڵێك دەرز و پەند وەربگرن و بە گوڕ و تین و هەناسەیەكی نوێوە، سەر لە نوێ بچنە نێو چین و توێژەكانی كۆمەڵەوە، كەچی چالاكێكی بواری سەربازی و سیاسەت ئەو كاتەی لە چەمكی زیندان دەكۆڵێتەوە وا هەستیكردووە زۆربەی زۆری مرۆڤەكان گوناهبار و تاوانبارن ، بۆیە وا پێویست دەكات ڕووبەڕووی توندترین سزا و ترسناكترین ترس و تۆقاندن بكرێنەوە، ئەم

حاڵەتـەش کاتێـك دەگاتـە چـڵەپۆپە، کـە بزانێـت بەرامبەرەکـەی یەکێکـە وەك ئـەو بـیر ناکاتــەوە،وەك ئــەو نادوێــت و وەك ئــەو ناجووڵێتــەوە. زۆربــەی بەنــدی و زینــدانییانی نەتەوەیـەکی ژێردەسـتەی وەکـو ئێمـە هـەر لـە یەکـەم چرکەسـاتی دەستبەسـەرکردن و گیرانیان، ترساندن و تۆقاندنیان لـە نێـو دڵ و دەروونـی خۆیانـدا تـووڕداوە و کردوویانەتـە کـۆت و بەنـدێك بـۆ دەسـتدرێژی بەدفـەڕی داگیرکـەران و دوژمنـانی وڵات.بۆیـە (تـرس، بەهێزترین دوژمنی عەقڵە، ترس و عەقڵ گەوهەری ژیانی مرۆڤن، بەڵام پەیوەنـدی نێوانیـان تەواو نا هاوسەنگە، هەندێك کەڕەت عەقڵ ترس لەنێودەبات، بـەڵام هەمیشـە تـرس، عـەقڵ داخراو و قەپات دەکات)(١). کەواتە ڕاستە تـرس و عـەقڵ بەشـێکن لـە بـوونی مرۆڤـەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە بەرامبەر یەکتردا شەڕێکی قورسی دەستە و یەخە دەکـەن.مرۆڤێك سەرتاپای ژیانی ترس بێت بێگومـان مرۆڤێکـی نائاسـاییە و عـەقڵی لـە دەسـتداوە و تـرس وایلێکردووە خۆی لەنێوان(هەبوو و نەبوو)دا ببینێتەوە و بەرامبەرەکەشی هەر چەندە خراپ بێت و بیەوێت و مەبەستی بێت لە ئـەم (هـەبوو و نـەبوو)ەی ئـەم بـدات، کەچـی ئـەم هـەر هەستی پێناکات و وەك دەڵێن:(مێشیش میوانی نەبێت) وایـە. ئـەوەی پەیوەسـت بێـت بـە زیندان و زیندانیی ئازادیخواز، ئەوا بێگومان ترس و عەقڵ هەر لە شەڕ و ململانێـی یـەکتردا دەمێننەوە. بۆ نموونە چی وایکردووە زیندان دروسـت بکرێـت؟ بـە دیـاریکراوی لـەنێو ئـەم زیندانەشدا زیندانییەکی ئازادیخواز ژیان بگوزەرێنێت، لـە وەڵامـدا دەڵـێن ترسـێك پـاڵی بـە عەقڵەوە ناوە و بە سەریدا زاڵە بۆ ئەوەی زیندانییانی ئازادیخواز کۆت و بەنـد بکـرێن، ئـەم ترسـەش گوزارشـتە لـە دەسـەڵاتدار و فەرمانـدارانی سـەر زیندانییـەکان، یـاخود ئەوانـەی خاوەندارێتی زیندانەکە دەکەن دەگرێتەوە، لـە بەرامبـەر ئەمەشـدا عـەقڵێك بـوونی هەیـە و جێگـەی بـە تـرس و ترسـێنەرەکان لێـژکردووە و وەلای نـاون و خـۆی لـە تـرس دامـاڵیوە، ئەمانەش گوزارشتن لە زیندانییانی ئازادیخوازی ئەو وڵات و نەتەوەیە. زیندانەکان ئەو کاتـە زیاتر جمەیان دێت و پڕ دەکرێن لە خەڵکی بێگوناه، کە خۆپیشـاندان و ڕاپـەڕین و شـۆڕش کڵپە بسـەنێت بـە ڕووی دەسـەڵاتێکی نادادپـەروەر و پـاوانخواز و بـە هـیچ شـێوەیەك ئـەم دەسـەڵاتە واهەسـت نـەکات، کـە ئەمانـەی لـە ژێـر دەسـەڵاتی دان مـرۆڤن و زۆربـەی ئـەم

---

(١) هجوم علی العقل، آل جور، د.نشـوی مـاهر کـرم الله، مؤسسـة العبیکـان و کلمـة، السـعودیة، ٢٠٠٩، ص٤٣.

مرۆڤانەش بە دوژمنی خۆی بزانێت و هەمیشە لە بیری ئەوە دابێت ئەمانە لـە بۆسـەدان بـۆ ئەوەی کودەتا بە سەر دەسەلاتدا بکەن. بێگومان ئەوەی لە دۆخێکی ئاوادا دەست بە سەر دەبێت و دەگیرێت حوکمی قورسی بە سەردا دەسەپێنن و بە زیندانیی سیاسیی لە قەڵەمی دەدەن، دەیخەنـە پـاڵ پـارت و بزووتنەوەیـەکی سیاسـییەوە، بۆیـە دەکرێـت بڵـێین: (ڕەتکردنەوەی ستەم و زۆرداری بە هەموو شێوە جیاجیاکانی لەلایـەن جـەماوەرەوە، لـە بـەرزترین ئاسـتدا خـۆی لـە هەڵگیرسـاندنی شۆڕشـدا دەبینێتەوە،لـە نزمترینیشـیاندا وەدیارکەوتنی دەستەبژێرێکە، ئەمانە دەیانەوێت لە ڕێی ڕەخنـەگرتن و نووسـینی وتارێـك، چامەیەك، ڕۆمانێك، چیرۆکێك، یاخود شانۆیەك ئـەم سـتەم و زۆرداریيـە ڕەت بکەنـەوە کـە تەنگی بـە هـەمووان هەڵچـنیووە.)(١) بەشـێکی ئـەم بیروبۆچـوونە ڕاسـتە و ڕەنگدانـەوەی واقعە، چونکە جەماوەر لە بـەرزترین ئاسـتی هەڵچـوون و تـووڕەیی لـە دەسـەلاتدا ناچـارە شۆڕش هەڵگیرسێنێت. زۆرێك لە (بەندیخانە و زیندانەکان هیچ کاتێـك پـەیوەسـت نەبووینـە بەو یاسا و ڕێسایانەی کە داکۆکی لە مافی بەندی و زیندانییەکان دەکەن، لەهەمانکاتدا هیچ لە پێشلێکارییەکان بۆ چاودێرانی بێلایەن ڕوون نەبووینـە، بـە حـوکمی ئـەوەی بـەرپرس و بەڕێوەبەرانی بەندیخانە و زیندانەکان وێنەی جوانییان بۆ ئەم چەشـنە واقعـە سـازاندووە.) (٢) واتە لە زیندانەکان و بە تایبەت ئەو زیندانییانەی سیاسیین ئەرکی قورس و گرانیان بـە سەردا سەپاندوون و ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر دەدرێـن و لـە ژێـر هەڕەشـەی مـردن دان، کەچی هیچ مافێکیان پێڕەوا نابیندرێت .چـەندین نووسـەری جیهـانیی بەشـێك لـە ژیانیـان، یاخود وێستگەیەکی گرنگ لە تەمەنیان لە بەندیخانـە و زیندانەکانـدا بەسـەربردووە ، ئەمـە لەلای ئەوان وەك بلێیی لە دیاردەی تێپەڕانـدووە و بۆتـە ڕۆتینێکـی ژیـان و گوزەرانییـان، بێگومان کە قسەیەکی ئەوا دەخەینەڕوو بۆ نووسـەرانی کـوردیش دروسـتە، بگـرە تۆمـەتی گەورەی ناڕاستیشیان بۆ هەڵبەستراوە ، واتە (ڕازینەبوون و قایلنەبوون بە حوکمی ستەم و سـتەمکاران و، جـاڕدان بـۆ یەکسـانی و دادپـەروەری، ڕەتکردنـەوەی ڕیسـوایی و

---

(١) الثورة و الأدب، عطية سليمان عيسى، مطبعة المعرفة، مصر، ١٩٩٠، ص٢٦.

(٢ ) الحرب العالمية الأولى، نيل. م.هايمان، ترجمة حسن عويضة، هيئة أبو ظبي للسياحة و الثقافة، مصر، ٢٠١٢، ص٢١٥.

سوکایەتیپێکردن جۆرێکە لە پارێزگاریکردن لە بوون وپاراستنی شکۆی دەروونیی.)(١) بەم پێودانگەوە بێت نووسەرانی هەر نەتەوەیەك لـە ڕێـی بەرهەمـە ئـەدەبی و هزرییەکانیانـەوە ئایدیا و دەربڕینی جیاجیا دەخەنە ڕوو، کە دەشێت دژ و ناکۆك بن بە چۆنیەتی و چەندێتی بیرکردنەوەی تەسکی دەسـەڵاتدارانی سـتەمکار. دەکرێـت لـە چـەمکی زینـدان و زینـدانیی سیاسییەوە، لە هـەر دوو چـەمکی ((خۆشەویسـتی)) و ((مـردن)) وە بـڕوانین و پەیوەنـدی نێوانیان دیاربخەین، بۆ نموونە چی وایکردووە زیندانییان بـە چاونەترسـی و بوێرییـەوە لـە مردن بڕوانن، وەك کەسانی تر لێینەترسـن؟ یـاخود زینـدانییان جـەنگاوەرێکن هەمیشـە لـە کێبڕکـێ و ململانـێ و جـەنگن لەگـەڵ ((ژیـان)) و ((مــردن))دا، لــە پێنــاوی ئــەوەی هاونیشتمانییان و نیشتمانەکەیان لەگەڵ ((ژیان))دا ڕێ بکەن و گەرداوی ((مردن)) چۆکیان پێدانەدات. بێگومان ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری تر لەمەڕ (مردن) زەمینەسـازی بـۆ ئـەوە دەکەن،کـە چـەمکی (خۆشەویسـتی) خـۆی بخزێنێتـە نێـو پرسـیارەکانەوە، ببێتـە وەڵامێکی دروست و چاوەڕوانکراو بۆیان، چونکە زیندانییان بە هـۆی هەڵبـژاردنی مردنـەوە خۆشەویستی فێردەبن و لە ڕێی خۆشەویستیشەوە هەرگیز سڵ لە مردن ناکەنەوە، مردنێك لـە پێنـاوی نیشـتمان ، زینـدانییان لـە ڕێـی ئـەم خۆشەویسـتییەوە دەیانـەوێت پـەیامێك بگەیەنن، چارەنووسێك لە چاوەڕوانییاندایە پێویستە بە چـاوتیژییەوە بـۆی بچـن و مـاف و ئەرکەکانیان بێ کەم و کوڕی بە جێبهێـنن. بۆیـە زیندانییـەك دەشـێت بپرسـێت: (هـاتین و ڕۆیشتین، بۆچی نەمانزانی ئەم کەسانەمان خۆشـدەوێت و یـەکێکی تـر نـا؟ لەبەرچـی ئـەم ڕۆژگارانە و ڕۆژگارێکی تر نا؟ لەبەرچی ئێستا؟ لەبەرچی لێرە؟ لەبەرچی ئێمـە و خـەڵکانی تر نا؟ چونکە (خۆشەویستی) و (مردن) هەر دووکیان بە یەکەوە هەموو ئەدەبیاتی جیهانی تێر و پڕ دەکەن ، لە دەرەوەی خۆشەویستی و مردندا هیچ ئەدەبێك نییە شیاوی ئەوە بێت بنووسرێت.) (٢)

دەکرێت لەم ڕووەوە بـۆ جێگیرکردنـی حـوکمی گـەل ، نووسـەران پێشـەنگ بـن. گومـانی تێدانییە زۆربەی مرۆڤەکان هیواخـوازن (گۆڕانکـاری و چاکسـازیی لـە پێنـاوی باشـترکردنی

---

(١) الالتزام في الشعر العربي، أحمد أبو حاقة، دار العلم للملايين، بيروت، لبنان، ١٩٨٩، ص٣٩٦.

(٢) لذة القراءة في أدب الرواية، أيمن الغزالي، دار نينوى للدراسـات و النشـر و التوزيـع، دمشـق، سـوريا، ٢٠٠١، ص١٩.

بارودۆخێکی نا دیموکراسییەوە بۆ دیموکراسی هەوڵ و تێکۆشان بـدەن و ، لای هەنـدێکیان ئەم هەوڵ و تێکۆشانە خۆی لـە لووتکـەی قوربانییـدان و خۆبەختکردنـدا دەبینێتـەوە.)(١) شتێکی بەڵگەنەویستە ئەوانـەی بـە هـۆی بیروباوەڕەکانیـان زینـدانیی دەکـرێن ڕووبـەڕووی توندوتیژترین ئازار دەکرێنەوە، کەسانی قوربانیدەرن و مەرگخوازن لە پێناوی چەسپاندنی حوکمێکی دادپەروەر و یەکسان .

## ڕەنگدانەوەی زیندان لە دەقی ئەدەبیدا :

نووسەران وەك توێژێکی دیار و کاریگەری کۆمەڵ، ئـەرك و پـەیام و ئامـانجی تایبـەتیی خۆیان هەیە و لە ڕێی دەقە ئەدەبییەکانەوە، وەرگر دەتوانێت خوێندنەوە و لێکدانەوە ڕاڤە بۆ دەقەکانیان بکات و دنیابینی و هەڵوێستیان لە نێـو دەقەکانیانـدا بدۆزێتـەوە، بێگومـان نووسەران بە هۆی پێشکەشکردنی دەقەکانیان دەتوانن پێگەی خۆیان قایمتر بکەن و ببنـە داینەمۆی کایـە ڕۆشـنبیریی و مەعریفییـەکان، نووسـەران  بوونـەوەرێکن ئەسـتەمە بتـوانن بێدەنگ بن ، دەقەکانیان دەبێتە مینبەرێك بـۆ ئـەوەی لـەو مینبـەرەوە لـە کەسـانی قسـە لەسـەرکراو ببنـە کەسـانی قسـەکەر، هـەروەها لـە هـەمان مینبـەرەوە دەبنـە ڕەخنـەگر و ڕەخنـەکانیان سـنوورێکی دیاریکراویـان بـۆ نییـە و ڕەخنـەکانیان هـەموو پنـت و لایـەن و ئایـدیۆلۆژیا و گـرووپ و دەسـتەیەك تـەی دەکـات، بۆیـە ئەگـەر نووسـەران ئـەم چـەند تایبەتمەندیانـە و چـەند تایبەتمەندییـەکی تریـان هـەبێت ئـەوا بێگومـان دەسـەڵات بـە سەرچاوەی سەرئێشە و ئاریشەیان دادەنێت و بە توونـدترین شـێوە و شـێواز ڕووبـەڕوویان دەوەستێتەوە ، یەکێکیش لەم ڕێگایانە توونـد و بەنـدکردنی ئەدیبانـە لـە کـونجی تـاریکی زیندانەکان، بەڵام ئایا ئەدیبان بە گرتنەبەری ڕێ و شوێنێکی لەمشێوەیە لە بیروبۆچـوون و ئایدیا و تێزەکانیان پاشگەز و پەشیمان دەبنەوە؟ یـاخود زیندانـەکان دەبنـە هۆکارێك بـۆ ئـەوەی ئـەدیبان بـە گـوڕ و تینێکـی تـرەوە بێنـە مەیدانەکـەوە؟یان خامـەکانیان ڕژدتـر و شێلگیرانە تر داکۆکی لـە هـەق و مافـەڕەواکان بکـەن؟بێگومان زۆربـەی ئـەدیبان بـژاردەی دووەم هەڵدەبـژێرن و مەبەسـتیانە ئـەم بیرکرنـەوە و تێگەیشـتن و هۆشـیارییەی ئـەمان

---

(١) موسوعة العلوم السياسية، اسماعيل صبري وآخرون، جامعة الكويت، الكويت، ١٩٩٤، ص٤٧.

شۆڕبێتەوە بۆ نێو هەموو چین و توێژ و گرووپەکانی کۆمەڵ، هەموو ئەمانەش بـەهۆی دەق و بەرهەمەکانی نووسینی ئەوانەوە دەبێت . کەواتە لێرەدا (دەقی ئەدەبی) بلـێین و نـەڵێین گوزارشتە لە (دەسەڵاتێکی نەرم ، یاخود هێزێکی نەرمی کاریگەر) کە بەرامبـەر دەسـەڵاتی فەرمانبەدەست و بەرپرسانی سیاسی و سەربازی دەوەستێتەوە، کـە هەمیشـە لـە هـەوڵی ئەوەدان ئەدیبان ڕاپێچی زیندان بکەن، یا هەر لـە دەرەوەدا کـەش و هـەوا و هەناسـەیەکی زیندانئاسایانە بۆ ئەدیبان بـە ڕادان بـدەن ، بۆیـە ئەسـتەمە بتـوانین لەسەرتاسـەری دونیـا ئەدیبێك بدۆزینەوە لە ڕێی دەقە ئەدەبییەکەیەوە تیشکی نەخستبێتە سەر یەکێك لـەم دوو زیندانانەی، کە باسمانکردن. بۆ نموونە ئەدیبێك زیندانیی کرابێت ئـەوا دەکرێـت دەقـەکانی بەمشێوەیە دابەشـبکەین قۆنـاغی پـێش زینـدان ، قۆنـاغی زینـدان ، گـەر ئـازاد بکرێـت لـە زینداندا گیان لە دەستنەدات قۆناغی پاش زیندان، لـە هـەموو ئـەم قۆناغانـەدا کـەم و زۆر هەست بە ململانێ و جەنگی ئەدیبان و دەسەڵاتداران دەکرێت، گەر دەسـەڵاتداران لـە ڕێـی یاسـا و بڕیارەکانیـان ڕووبـەڕووی ئـەدیبان بوەسـتنەوە، ئـەوا ئـەدیبان لـە ڕێـی بیرۆکـە و دەقەکانیان لە بەرامبەر دەسەڵاتداراندا دەوەستنەوە. کاتێك ئەدیبێك دەخرێتە زیندانـەوە، بـە شـێوەیەك لـە شـێوەکان و بـە هـەر جۆرێـك بێـت داوای چاکسـازیی و گۆڕانکـاریی لـە بارودۆخێکدا کردووە بۆیە دووچاری ئەم سزا قورسە بۆتەوە. (گۆڕانکاری بە مانای سادە و ساکارییەکی توند و بەهێز لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر، یاخود لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تـر، دەلالەتی بارودۆخ گۆڕینەوەکە بەرەو چاکی و باشییە، نەوەك ڕووە و نەنگی و خراپی، واتە بە ئاڕاستەیەکی ئەرێنی و پەسەند و مانـای پێشـکەوتن بـە دەسـتەوە بـدات بـە مەبەسـتی پێگەیشـتن و تـەواوکردن.) (١). لـە کاتێکـدا ئـەدیبێك دەیـەوێت ڕۆڵـی پێشـەنگانەی خـۆی ببینێت لە(گۆڕانکاریی و چاکسازیی) جا لە هەر بوار و بابەتێکدا بێت، زۆرجار دەشـێت ئـەو گۆڕانکاریی و چاکسازییە لە ئێستادا لە ڕێی دەقێکی ئەدەبییەوە، بە سەر ئەودا بـە خراپـە دەشکێتەوە و بە شێوەیەکی کاتیی لێی زەرەرمەند دەبێت، کەچی هەمان ئەم گۆڕانکـاریی و چاکسازییەی ئەو بۆ کۆڕ و کۆمەڵان بە چاکە دەشـکێتەوە. کاتێـك ئـەدیبێك بەرهـەمێکی ئەدەبیی لەمەڕ زیندان دەنووسێ دەیەوێت لە ڕێی ئەم بەرهەمەوە بیرۆکەی خودی خۆی لە

---

(١) قطار التقدم، أ.د.عبدالكريم بكار، مؤسسة الإسلام اليوم، الرياض، المملكة العربية السعودية، ٢٠١٢، ص٩.

بارەی زیندانەوە ئاشکرا بکات و کاریگـەری و دەرهاویشـتە و لێکەوتـە و جێکەوتـەکانی وە دیاربخـات و تیشـکیان بخاتەسـەر، بـۆ ئـەوەی کـارایی و کارامـەیی خۆشـی لـەم ڕووەوە بسەلمێنێت بە هۆی سۆزێکی گەرمی بەکوڵەوە ئەم بیر و بیرۆکانەی خۆی بارگاوی دەکات و شوێنەواری لە سەر هەست و نەستی خوێنەران جێدەهێڵێت، کەواتە زیندان (هۆکارێکە بـۆ ئەوەی ئەدیب بتوانێت بیرۆکـە و سـۆز بـە یـەکترەوە ببەسـتێتەوە و دواتـر بـۆ خوێنـەرانی بگوازێتەوە.) (١)

لێـرەدا دەتـوانین نووسـەر، بـە پـەیامنێر، بێـژەر، یـا پێشکەشـکارێکی هـەرە سەرکەوتوو بچوێنین، کە لەسەر وبەنـدی خسـتنەڕوو و پیشـاندانی بابەتێکدا بیسـەر، یـان بینەر بە تەواوەتی متووی بابەتەکە دەکات و دەیخزێنێتە نێو یەکە بە یەکەی وشە و ڕستە و دەربڕینەکانییەوە، بـە شـێوەیەکی ئـاوا کەسـەکە وا هەسـت دەکـات، کـە خـۆی لـە نێـو واقعەکـە دایـە و کارەکتـەر و ئەکتـەری سـەرەکی ڕووداوی بابەتەکەیـە. نابێتـە مایـەی درێژدادڕی گەر بڵێین زینـدان و هاوشـێوەکانی زینـدان دەبنـە پاڵنـەرێك بـۆ ئـەوەی ئـەدیب هەستەکانی هەستیارتر و کراوەتر خۆیان بنوێنن، هێندەی دی خەیاڵی بەرزە فڕانەی خـۆی ئازاد بکات و سەرەڕای کۆت و بەنـدەکانی زینـدان بیروبیرۆکـەکانی سەربەسـتانەتر خۆیـان بنوێنن. (ئەدیبان گەر بۆ ماوەیەکی زۆر کورت و دیاریکراویش هەر چۆنێك بێـت دەیانـەوێت ژیانێکی تەنیایی هەڵبژێرن، زیندانیش جۆرێکە لەو ژیانە تەنیاییـەی کـە ئـەوان هیواخـوازی ئـەوەن، بۆیـە زینـدان دەبێتـە پاڵنـەرێك بـۆ ئـەوەی ئـەدیبان لـە ڕێـی بەرهەمەکانیانـەوە داهێنانەکانیان ئاشـکرا بکـەن، بێگومـان لـە دۆخێکـی ئاواشـدا شـوێنکات ڕۆڵێکـی بەرچـاو دەگێڕێت لە خستنەوەی ئـەم داهێنـان و داهێنانانـە، چـونکە ئـەدیب لـەو کاتەدایـە کـە بـە تـەنیایی ژیـان دەگوزەرێنێـت، هـەروەها لـەو شوێنەشـدایە دیسـانەوە بـە تـەنیایی ژیـان دەگوزەرێنێت.) (٢) لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت مەرج نییە لـە هـەموو حاڵەتێکدا زینـدان ببێتە مایەی ئەوەی بە تەواوەتی تەنگ بە ئەدیبان هەڵبچنێت، بەڵکو ئەم حاڵەتـە گـەلێجار ئاوەژوو دەبێتەوە و زیندان دەبێتە شوێنکاتێك بۆ ئەوەی پاڵەوانەکـەی ((ئـەدیب)) لـەوێوە

---

(١) أصول النقد الادبي، أحمد الشايب، مكتبة النهضة المصرية، الطبعة الثامنة، ١٩٩١، ص٢٤٢.

(٢ ) الأسس النفسية للابداع الفني في الشعر الخاصة، الطبعة الخامسة، مؤسسة الاقلام، مصر، ٢٠٠٩، ص٢٤.

ئیلهام وەربگرێت وخاڵێكی وەرچەرخانە بۆ ئـەوەی كەسـایەتی خـۆیی و بەرهەمـەكانی بـە شكۆمەندانەترەوە بـە دیاربكـەون، بۆیـە زینـدان لـە ژیـانی ئەدیبانـدا نابێتـە وێـستگەیەكی وەستان و پشوودان و گەڕانەوە بۆ خاڵی سفر، بەڵكو زیندان دەبێتە وێستگەیەك بۆ ئەوەی بە كردەیی بەر لە ئاستەنگ و لەمپەرەكان بگرێت و لەوێوە هەنگاوی جددیانەتر بهاوێت، كە لە سوودی هەمووەكییدا تەواوبێت. كەواتە (دابڕانی ئەدیب لە هەندێك كایەی ژیاندا بە هۆی زینـدان و زیندانیكردنییـەوە ڕێگرییـەك نییـە بـۆ ئـەوەی لـە بـەهرە و كـارە ئەدەبییەكانـدا دابیبڕێت، بەڵكو بە تێپـەڕبوونی ڕۆژگـار، زینـدان هۆكارێكـە، كـە گەنجینـەی بـیری ئـەدیب زەنگینتر دەكات، ئەو ئەزموونە تاڵەی كە لە واقعی زینداندا چەشتوویەتی تەگەرەیەك نییـە بۆ ئەوەی نەتوانێت كۆمەڵێك ئاوات بۆ ئێـستا و داهـاتوو هەڵبچـنێت و هـەروەها جیهـانێكی تایبەت، دوور لە زیندان و مەینەتییەكانی بەهۆی خودەوە بۆ خود بسازێنێت.)(١) بێگومان ئـەم خـودەش، خودەكـانی تـر لـەڕێی بەرهـەمی ئەدەبییـەوە بارگـاوی دەكـات و هێـز و گڕوتینیان پێدەبەخشێت . بە شێوەیەكی گشتی ئێمەی مرۆڤ كاتێك كـە بـاس لـە زینداندا دەكـەین یەكسـەر بـیر و زەینمـان بـۆ ئـەوە دەچـێت، كـە زینـدان تـەنیا گوزارشـتكردنە لە(شـوێنێك) و بێجگـە لەمـە هـیچ مانـا و مـەدلولی تـر هـەڵناگرێت و وەرناگرێـت، بـەڵام زۆر ئەستەمە كە باس لە (شوێنێك) دەكەین،(كات) لەو شـوێنەدا پشـتگوێ بخـەین و دابیـبڕین، چونكە ڕاگرتنی (كات) مەحاڵە و گەر بیری ئـەوە بكـەین ((كات))مـان ڕاگرتـووە ئەمـە بـەو مانایە دێت، كە ئێمەی مرۆڤ خۆمان ڕاگیراوین و بوونمان نییە، بەڵام ئاشكرایە بونەوەرەكان بە گشتی و مرۆڤیش بە دیـاریكراوی لـە نێـو ئـەو بونەوەرانـەدا، هەریەكـەیان بـە چەشـن و شـێوەیەك ((كـات)) ی بەسـەردا ڕەتـدەبێت. بۆیـە دەتـوانین بڵـێین زینـدان سـەبارەت بـە ئەدیبان ئەو شوێنكاتەیە لە زۆرتـرین حاڵەتـدا لـە كەسـێتییەوە دەیانكـات بـە كەسـایەتی، ئەدیب (لە نێو چوارچێوەی تەسك و داخراوی زینداندا، دەبێتە كەسایەتییەك كە شتی نوێی لێسەوز دەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش (كات) هۆكارە بۆ ئەوەی بەهرەكەی لە شوێنێكی ئاوادا زیاتر هەستی پێبكرێت.) (٢) كەواتە وەك چۆن ئـەدیب،جا لـە هـەر ژانرێكـی ئـەدەبی بێـت (شوێنكات)ە جیاوازەكان دەمەزرێنێت و گەمەی هونەریان پێدەكات ودواتر لە بەرژەوەندی

---

(١) في النقد الادبي، شوقي ضيف، دار المعارف، القاهرة، مكتبة الدراسات الادبية، ١٩٨٩، ص١٤٦.

(٢) الزمن في الادب، هانزمير هوف، ترجمة السعد زروق، مؤسسة سجل العرب، ١٩٧٢، ص٢٣.

نـاواخن و دەراخنـی دەقـدا بەرجەسـتەیان دەکـات، ئـەوە ئـاواش شـوێنکاتە جیاوازەکـانی تەمەن و قۆناغەکانی ژیانی ئەدیبان کاریگەریان بەسەریانەوە دەبێت و پێیانـەوە مـەحکوم دەبن.زیندان بۆ مرۆڤەکان بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لـە قەدەغـەکردنی زۆرتـرین شـت و بابەت لەزیندانییان، ئەو کاتەی ئەدیبێکیش پەلکێشی زیندانەکان دەکرێت، کـۆت و بەنـدی سـەر قەدەغـەکراوەکانی ئەمانـە مەحکـەم و توونـدترە، ئەمـەش هۆکارەکـەی بـۆ ئـەوە دەگەڕێتەوە، کە نووسـەران خـاوەن سـەرمایەیەکی هزریـی و مـەعریفیین وئـەم سـەرمایەی ئـەمان هـەر لـە دەسـت و مسـتیان دانییـە، بـەڵکو لـە عـەقڵ و بـیر و بیرکردنـەوە و دنیابینییەکانیان دایە، سەرمایەیەکە بە هیچ شێوەیەك دەسەڵاتێکی ستەمکارانە ئامادەنییە مامەڵە و ئاڵوگۆڕی لەگەڵدا بکات، بۆیـە دەسـەڵات تـا بـۆی بکرێـت دەیخاتـە ژێـر زۆرتـرین فشـارەوە و یاسـاغی دەکـات. (ژمـارەی قەدەغـەکراوەکانی نێـو زینـدان بێشـومارن ، لـە بەراییترین بڕیارداندا قەدەغـەکردنی هـۆ و ئامرازەکـانی نووسـین و خوێندنەوەیـە و، نابێـت زیندانیی ئاڵوگۆڕی نووسین بکات لە نێوان خۆی و زیندانییەکی تر، یـاخود خـۆی و خـزم و کەس وکار و دۆست و برادەرانی، گەر لە حاڵەتێکیش ڕێ بـە نووسـین درا ئـەوا نابێـت ئـەم نووسینە هیچ وردەکارییەکی تێدابێت بە تایبەت ئەوانـەی پەیوەنـدییان بـە نێـو زیندانـەوە هەیە، ئەمەش خۆی لە نووسینی نامەیەکی سڵاو و سڵاوکاری و هەواڵ پرسین دەبینێتەوە.)(١)بێگومان ئەمە ئەستەمە بتوانرێت لە لایەن ئەدیبێکەوە مایـەی قـەبووڵکردن و ڕازیبـوون بێت، دەشێت ئەدیب بە دیوارە بەرز و ئەستوورەکانی زیندان و ئەشـکەنجە و ئازارەکـانی و پاسەوانێتی جەللادە کانی قایل بێت، بەڵام ناشێت خۆی بە دوور بگرێت لە کردەی نووسین و دانانی بەرهەمی ئەدەبیی و هزریی،بۆیە ئەدیب لە چوارچێوەی زینـدانـدا بـۆ ئـەوەی ئـەم قەدەغەکراوانـە تێپـەڕێنێت، دەبێـت پلانێـك دابنێـت بـۆ تێکشـکاندنی قەدەغـەکراوەکان و دەست بە قەدەغەشکێنی دەکات، مەرجیش نییە ئەم قەدەغەشـکێنییە لـەڕێی نووسـینەوە ئـەنجام بـدرێت، بـەڵکو ئـەمجارە ئـەدەبی زارەکی(کـە مەبەسـتمان هـەر ئەدەبـە نووسینەکییەکەیە) بۆ ئەدەبی زارەکی وەرگێڕدراوە دەبینێتەوە،کە ئەمەش خۆی لە وتار و گوتـار و خوێندنـەوەی چـامەیەك و ئـاڵوگۆڕی بـیروڕاو بـۆ چـوونەکانی نێـوان ئـەدیب و وزیندانییەکانی تردا دەنوێنێت. ئەدیب (بونەوەرێکە بە هۆی هەستیارییەکەیەوە هەر هەست

---

(١) سيكولوجية أسير العرب، جان كازانوف، ترجمة عدنان سبحي وخليل شطا، سوريا، ١٩٨٣، ص٣٧.

بە خودی خۆی ناکات، بەڵکو بە ئاسانی دەتوانێت هەست بە دەوروبەرەکەشی بکات، بۆیـە ویژدانەکەشی خود تێدەپەڕێنێت و لـە ویـژدانێکی دەسـتە جـەمعی دەچێت و هـەر چـەندە زیندان داخراو بێت، ویژدانەکەی ئەو کراوەتـر خـۆی دەنوێنێـت.) (١) کەواتـە ئـەدیب ئـەو بەرهەمەی، کە دەینووسێت، بەرهەمێك نییـە هـەموو گوزارشت بێت لـە ویـژدانی خـودیی، بەڵکو بە هۆی ئەم ویژدانە خودییەی خۆیەوە شوێنپێیی ویژدانـەکانی تـریش هەڵـدەگرێت و لە دەقدا بەرجەستەیان دەکات، بەمەش هەر ویژدانی خۆی لە ڕێی نووسـینی ئـەو دەقـەوە ئاسوودە ناکات و ئاسوودەیی بە ئـەوانی دیکـەش دەبەخشێت، ئەوکاتـەی ئـەدیب دەقێـك دەنووسێت لە زیندان، یاخود دوای ئازادبوونی لە زیندانـدا بـە دوای ئـەوەدا دەگـەڕێت، کـە ئومێد و هیوا و ئاواتەکانی خۆی و دەوربەرەکەی بگەشێنێتەوە، لـە کاتێکدا بەرپرسـان و بنیاتنەرانی زیندان هەموو هەوڵێکیان بۆ ئـەوە چڕکردۆتەوە، کـە هەرچـی ئومێـد و ئـاواتی مرۆڤە ئازادیخوازەکان هەیە زیندە بە چاڵی بکەن و لە گۆڕی بنـێن. لەوەتـەی مـرۆڤ بـوونی هەبووە هەوڵ و تێکۆشان بۆتە بەشێك لە ژیانی ئەم بونەوەرە، خەمی هەرە گەورەی مـرۆڤ لەوەدایـە، کـە لـە لایـەن هـاوتوخم و هاوچەشـنەکەی خـۆی سـتەم و زۆرداری لێبکرێـت و بچەوسێنرێتەوە،لەمرۆڤ کەمتر لێیبڕوانرێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێـت . ئـەدیب لـە زینـدانـدا کەشێکی ئاوا سەخت و دژواری بۆ هەڵدەبژێرن بۆ ئەوەی (تووشی جووتکارەکتەری بکەن و بـە شـێوەیەك شـپرزە و پەشـۆکاو تێکشـکاو بێـت کـە هـەموو شـتەکانی ژیـانی لەدەسـت چووبێت، بەڵام ئەمە بۆ ئەو لە خەوێك دەچێت کە زوو بەزوویی لە خەوەکـەدا ڕابچـڵەکێت و ئاگاداری بووبێتەوە و کار بـۆ گەیاندنـەوەی هیواکـانی لـە ڕابـردوو و ئێسـتادا بکـات و خـۆ ئامـادەکردن بـۆ ئەگـەرەکانی داهـاتوو دەبێـت بـە بەشـێك لـە کارەکـانی.)(٢) ئـەدیب لـە زیندانیش دابێت، بەڵام پشت ئەستوورە بـە جـەماوەر و گەلەکـەی کـە شـانازی پێدەکـەن، ئەویش بۆ ئەوان مایەی شانازییە، بەشێك لە ئەدیبان بە هۆی داکۆکی بەردەوامیان لە مافە زەوتکراوەکـانی مـرۆڤ و مرۆڤایـەتی سـنووری وڵاتەکـەیان دەبـڕن و دەبنـە دیاردەیـەکی جیهانی، لەبەرئەوەی هەر مرۆڤێکی ستەملێکراو لـەکوێی ئـەم دنیایـە بێـت ئـەوان لـەوێن و دەنگی مەزڵومانەی ئەو بەرزدەکەنەوە.

---

**(١) في النقد الادبي، د.إيليا الحاوي، دار الكتاب اللبناني، بيروت، لبنان، ١٩٩٠، ص٢٣.**

(٢) النقد و الدراسة الادبية، حليمي مرزوق، دار النهضة العربية، بيروت – لبنان، ١٩٨٢، ص٥٩.

## زیندان و دەسەڵات و نووسەر

گەر لە دەقێکی ئەدەبیی بە وردی بڕوانین، دەبینین نووسەرەکەی لە ئاگاییدا بێت، یان لە بێ ئاگاییدا لە کۆمەڵێك دەرگای بوار و بابەتە جۆربەجۆرەکانی ژیانی داوە و هەر لە ڕێی ئـەم دەرگایانەشـەوە چـەندین پەنجـەرە و ڕوانگـەی بـۆ وەرگرانـی دەقەکـەی بـە ڤـالایی هێشـتۆتەوە بـۆ نموونـە کاتێـك ئـەدیبێك بیرۆکـە و بابەتەکـەی لـە چوارچـێوەی زیندانـدا دەخوولێتەوە ناچارە بچێتە نێـو فـەزای سیاسـییەوە گـورزە تیشـکەکانی ئاڕاسـتەی ئـەم فەزایە بکات، ئەوکاتەی دەچێتە نێو دنیای سیاسەتەوە بەهۆی شارێییەکانی ئەم دنیایـەوە خۆی دەخزێنێتە سەر ڕێگە و توڵە ڕێگـەکانی فـەزای کۆمەڵایـەتی و ئـابووری و مێـژوویی و فەرهەنگییەوەو هەریەکەیان بە پێی پێویستیان لووتی لێیان دەژەنێت. کەواتە بـە درێـژایی مێژووی ئەدەبیاتی جیهان لە دەسـتپێکییەوە تـا وەکـو ئـەمڕۆ لـە ئەمڕۆشـەوە تـا کۆتـایی ئەستەمە بتوانین دەقێك بدۆزینەوە لای لە چەندین بوار و بابەت و فـەزای جیاجیـای ژیـانی مرۆڤەکان نەکردبێتەوە بە خەستی لەسەر یەکێك و دووان جەختی نەکردبێتەوە.ئەدیب هەر خۆی زیندانیی ناکرێ، بەڵکو بەرهەمە ئەدەبی و هزرییەکانیشی زیندانیی دەکـرێن و دەبنـە تـابۆی ڕۆشـنبیریی و مـەعریفیی و بـە هـۆی قەدەغـەکردن و کۆکردنـەوە و سـوتاندن و لەناوبردنیان، وەك نووسەرەکانیان دەکوژرێن و تیرۆر دەکرێن.(ئەدیبان ویـژدان و ئـیرادەی گەلانی سـتەمدیدە بەرجەسـتە دەکـەن و خـاوەن هەڵوێسـتن و بەرهەمـەکانییان کاریگـەری ڕاستەوخۆ دەکەنە سەر جەماوەرو بەشداریکەرو هەڵگیرسێنەری شۆڕشەکانن بۆیە هـەردەم تووشــی زینــدان و ئــازاردان و ڕاگــوێزان و دوورخســتنەوەو لانــە گــومکران دەبنــەوە، هەندێکجاریش دەسەڵاتداران پەنا بۆ بڕین و کوشتنیان دەبەن بۆ ئەوەی لە کورسـییەکەیان بمێننـەوە و بیپـارێزن.)(١) بێگومـان دەسـەڵاتێك بەمشـێوەیە مامەڵـە لەگـەڵ ئـەدیب و مرۆڤانی ئازادیخواز بکات، بە هەڵەداچووە ئەگەر بیر لەوە بکاتەوە و پێیوابێت بە هۆی بڕین و کوشتن و تیرۆرکردنی ئەمانەوە ناڕەزایەتییەکان بڕەوێنێتەوە و دەنگی سەربەستخوازان خـامۆش بکـات ، چـونکە ئەمانـە گـەر بەمشـێوەیەش لـەنێوبران بـۆ یـەکجارەکی گیـان لەدەستنادەن،لەبەرئەوەی گیـانی ئـەمان لـەنێو بەرهـەم و دەقـەکانیان دایـە و، بەرهـەم و دەقەکانیشـیان لـە نێـو ببـەن گیـانی ئـەمان هـاوڕا و هـاوڕاز و هـاوڕێی گیـانی جـەماوەرە

(١) في قضايا الشعر العربي المعاصر، محمود أمين وآخرون، ، تونس، ١٩٨٨، ص١٤٤.

ستەمدیدەکەن. دەکرێت لێرەدا پرسیارێك خۆی قووتبکاتەوە ئەویش ئەوەیە ئایا شۆڕش و شۆڕشگێڕان هۆکارێکن بۆ ئـەوەی زیندانـەکان دروسـت بکـرێن و زیندانییـەکان تێیـدا ئـازار بچێژن؟ یاخود زیندان و زیندانییەکان هەڵگیرسێنەری بڵێسەی شۆڕشەکان و تاودانی گیانی شۆڕشگێڕانن؟ بێگومان وەڵامدانەوەی پرسیارێکی لەمشێوەیە و بەم دوو ئاڕاستەیە کارێکی هێندە ئاسان و ساکارنییە، بەڵام گرنگ ئەوەیـە هـەم شۆڕشـەکان و ، هـەمیش زیندانـەکان نەبنە مایەی ئەوەی بێ ئومێدیی و بێهوایی و بێ ئیرادەیی و بێهێزیی ڕوو لە کۆڕ و کۆمەڵان و دەستە و چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بکات و بەر بە خۆری ئازادی و سەربەستی نەگیرێت و، شۆڕشەکان و زیندانەکانیش ببنە هەڵگری تۆ وماکی گۆڕانکاریی و چاکسـازیی ڕیشـەیی. (شۆڕش هاوڕێیەکی هەمیشەیی بڕین و کوشتن و خوێنبەربوون نییە، بەڵکو ماناکانی فراوانە زۆر لەمانە زیاتر هەڵدەگرن، شـۆڕش لـە بنەڕەتـدا بـەر لـەوەی کـردەی شـەڕ و شـۆڕبێت، کردەیەکی ئاشتییە، شۆڕش ئەو کاتە دەبێتە یاخیبوونێکی چەکدارانەی بێ سـێ و دوو کـە شـەڕانگێزەکان بـە توونـدوتیـژترین شـێواز ڕووبـەڕووی مرۆڤـەکان ببنـەوە، ئەمانـەش بـە مەبەسـتی بـەرگری و خۆپاراسـتن و مانـەوەە و کۆتایهێنـان بـە بـیری شـەڕانگێزیان لـە بەرامبەریان بوەستنەوە.)(١) کەواتە یەکێك لە مەبەست و ئامانجە هەرە دیار و گرنگـەکانی شۆڕش گەڕانە بە دوای ناسنامەی ڕاستەقینەی مرۆڤەکان کە خۆی لە سەروەری و ئازادی و مافە ڕەواکانی مرۆڤدا دەبینێتەوە، ئەم ناسنامە ڕاستەقینەیە لەلایەن بەشێك لە مرۆڤـەکان شێوێنراوە و بگرە زۆرجار بە ئەنقەست ونیانکردوون و بۆ ئـەوەی زۆرێـك لـە مرۆڤـەکان لـە تایبەتمەندی مرۆڤایەتیی دابماڵن و دەیانەوێت بەرگ و گیانی دیلێتیی و بەندێتیی بکـەن بـە بەریاندا و پەیوەندییەکی پارسەنگ لە نێوان مرۆڤەکاندا بسازێنێن.ئەدیبی سەرکەوتوو هیچ دەسەڵات و ڕژێمێکی سیاسیی ستەمکارانە ناتوانێـت ملکەچـی بکـات و چـۆکی پێـدا بـدات، لەبەرئەوەی ئەو کار لەسەر جێگرەوە(ئەلتەرناتیڤ)ە گونجاوەکـان دەکـات بـۆ لـە دەسـت چوونی هەر شتێك و کارێك جێگرەوەی گونجاو دەخاتە شوێنییەوە(ئەگەر ئـەدیب شکسـتی خوارد لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەو نەیتوانی لەدەوروبەرەکەی خۆیدا ڕۆڵی فریـادڕەس و چاوساغێك بگێڕێت و زەنگی ئاگادارکردنەوەی بۆ کەسـانی خـراپ و بـەد لێنـەداو نـەیتوانی پەیام و بیرۆکەکانی بەسەرکەوتوویی بگەیەنێت، ئەوا بێگومان دەسەڵات لە دوای دەبێت بۆ

---

(١) أسئلة الثورة، د.سلمان العودة، مركز نماء للبحوث و الدراسات، بيروت، لبنان، ٢٠١٢، ص٣٦.

ئەوەی بەیەکجارەکی کۆتایی پێبێنێت،ئەگەرنا بەزەیی پێدادێتەوە لە باشـترین بارودۆخیـدا لە زیندان کۆت و بەندی دەکات و دەیخاتـە تـاریکترین کونجییـەوە.) (١) بێگومـان ئـەوەی لێرەدا تیشکی خراوەتەسەر و باسیکراوە ئەدیبێکی شکستخواردوو و کەم ئـەزموون و کـەم بڕستە و ، هەتا ئێستا نـەتوانێت متمانـە بـە خـودی خـۆی بکـات، ئـەدی چـۆن ئـەوانی تـر دەتوانن متمانەی پێبکەن، هەروەها نەیتوانیووە لـە ڕێـی کـار و بەرهەمەکانییـەوە هێزێـك، دەسـەڵاتێك، فشـارێك دروسـت بکـات بـۆ ئـەوەی تـاڵاوی شکسـت بـە دوژمـن و نـەیارە سەرسەختەکانی خـۆی و گەلەکـەی نـۆش بکـات و بـێترس و سـڵەمینەوە لـە بەرامبەریانـدا ڕابوەستێت. دەسەڵاتدارانی ستەمکار بە حوکمی ئەوەی دەسەڵاتێکی ڕەهایان بۆ خۆیان بە ڕادان داوەو ئەم دەسەڵاتەش لە چەندین هێزی دەمکوتکـەر و سـەرکوتکەری زەبـروزەنگ و ئاسانئاسا پێکدێن، بۆیە تا توانایان هەبێت و دەسەڵاتیان بڕ بکات لـووت دەژەننـە هـەموو شت و بوار و کایە جیاوازەکـانی ژیـانی مرۆڤەکانـەوە، دەسـتیتێوەردەدەن و دەسـتکاریان دەکەن تەنیا لە پێنـاوی ئـەوەی لـە سـەر ڕێـرەوی خۆیـان لابـرێن و بکەونـە و ناوچـەوت و چەوێلییەوەو ئاوا تێکیبدەن پاکردنـەوەو ڕاسـتکردنەوەو چـاککردنەوەی تـا ڕادەیـەکی زۆر قورس و تاقەتپڕوکێن بێت، بۆ نموونە دەسەڵاتی سیاسیی لەڕێی ئەو سیاسیەتەی،کە خۆی دایڕشتووە و مەبەستییەتی بوار و کایە کۆمەڵایەتی و مـەعریفیی و کولتـووریی و ئـابووریی تەنانەت شتە کەسییەکانیش بە سیاسیی بکات و ئەم بوار و کایە جیاوازانە بە سـەربەخۆی خۆیان نەنوێنن، سەر بە دنیای سیاسەت و سیاسییەکان بن و جیاوازییەکانیان کاڵ و سووك بکرێنەوە لە سیاسەت و بەرژەوەندی چەند سیاسییەکی ستەمکارانە، کە لە دواجاردا دەبنە داهێنەری زیندانەکان و پرۆسەکانی بڕین و کوشـتن و تـاڵانکردن تـۆخ و چـڕبکەنەوە، بۆیـە دەکرێـت لـەم ڕووەوە ئـەدیبان ڕۆڵـی پێشـەنگ و ڕێبـەرێك ببیـنن بـۆ ئـەوەی (ئازادییـە زەوتکراوەکان بسێننەوەو ستەم و زۆردارییەکانی دەسەڵاتێکی قۆرخکـار کۆتـایی پێبێـنن، بێگومان بارودۆخێکی ئاواش یەکتربڕینی ستەم و زۆردارییە

---

(١) ألحبسيات في الشعر العربي، سكينة قدورة، جامعة منثوري، قسنطينة، الجزائر، ٢٠٠٦، ص٥.

سیاسـیی و کۆمەڵایەتیـەکانن، کـە ڕاسـتەوخۆ مرۆڤـەکان زامداردەکـەن و لەسەربەسـتی دایاندەماڵن.)(١)لێرەدا ئامانجی دەسەڵاتێکی چەوسێنەر بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، کە بە چاکی درکی بەوە کردووە تەنیا شـێواندن و تێکدانی بـوار و کایەیـەکی ژیـان بەسـە بـۆ ئەوەی مرۆڤەکان بە دەست بـوار وکایـەکانی تـر گـیر بخـۆن و بنـاڵن و ژیـان بـە گیانـەلآیی ببەنەسەر و، هەموو کوچە و کۆلانێکی شار و ناوچەیەکی ولآتیان لێبکەن بـە زیندانسـتان و جەنگەڵستان.ناخۆشی و مەینەتییەکانی زیندان بەشێوەیەکی تر ئەدیبان وەجۆش دێنێت و بەرهەمەکانیان بە سەنگێکی قورسترەوە خۆیان دەخزێنە نێو تەرازووی خوێنەرەکانیانەوە، کەواتە زیندان چەند ناخۆش و سەخت و پڕ مەینەت و کارەسات بێت زیندانییانی ئەدیب لـە توانایان دایە بەچەشنێکی تر مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.(زیندان لە ئامرازێکی بکوژ دەچێت لـە دەستی بەشێك لە دەسەڵاتداران دایە، بەکاریـدێنن بـۆ ئـەوەی زیـاترو بـە ڕەهـایی جڵـەوی دەسەڵات بگرنە دەست و مانەوەی کورسییەکەیان مسۆگەر بکەن. مەرج نییە ئـەم ئـامرازە بکوژە ڕاستەوخۆ و بە خێرایی مرۆڤەکان بکوژێت، بەڵکو دووچاری مەرگێکیان بکاتـەوە بـۆ ئەوەی بە کاوەخۆیی گیان لە دەست بدەن،نەوەك هیوای مەرگێکی لە ناکاو بخوازن، بـەڵام ئەدیبان هەڵگیرسێنەری ڕووناکین و بە هیچ کلۆجێك ناخوازن لە زینداندا گیان لە دەستدان ببێتە جێگرەوەی ئاوات و ئومێد و هیواکانیان، گەر بخرێنە نێو ئاگرە بڵێسەدارەکانیشـەوە گیانیان لە باتی بۆسۆ ، گڕ و ڕووناکی بۆ دەوروبەرەکەی دەردەکات.)(٢) گەر نەختێك لەم بیروبۆچوونە وردبینەوە، دەبینین خاوەن بەرهەمە هزریی و ئەدەبیەکان گەر بە هۆی زیندان و ئاگر و ئاسن و دڕندانەترین شێواز دەسەڵات بیانکوژێت و تیرۆریان بکات، ئەوا لەنێو دڵـی میللەتەکـەیان بــە جاویـدانی دەمێننــەوەو سەرچــاوەی ئــەم جاویدانییــەی ئــەوانیش بەرهەمــەکانیانن.کاتێك ئـەدیبێك لەسـەر بـاس و خـواس و بابـەتی زینـدان و زینـدانییان دەگیرسێتەوەو لە بەرهەمەکەی ڕەنگڕێژی دەکات، مەرج نییە ئەو ئەدیبەی، کە بەرهەمەکە دەنووسێت وا پێویست بکـات و چـارەی نییـە تـەنها دەبێـت لـە نێـو زینـدانـدا بێـت ئینجا

---

(١) الصوت و الصدى في القصة السورية الحديثة، عصمت الرياض، دار الطبعـة، بـيروت – لبنـان، ٢٠٠١، ص٢٤.

(٢) قضايا الشعر العربي المعاصر، ريتا عوض، منظمة العربية للتربية و الثقافة والعلوم، تـونس، ١٩٨٨، ص١٤٢.

بەرهەمەکـەی لێوەردەگیرێـت و پەسـەند دەکرێـت، چـونکە لـە زینـدانی دەسـەڵاتدارە ستەمکارەکان کۆمەڵێك کۆت و بەندی سەرباری ترهەن و جا چ بە یاسا لاستیکییەکان بێت، یاخود هەڕەمەکی بێت لـە زینـدانییان یاساغ دەکـەن و بـە تایبـەت ئـەو زیندانییانـەی کـە مەبەستیانە زیندان بکەنە وێستگەیەکی تری بیرکردنەوە و ئەم بیرکردنەوەیەش وەربگێڕنـە سەر نووسین، هەر بۆیە (لە زینداندا بابەتگەلێك لە نووسـەر و ڕۆشـنبیران یاساغ دەکـرێن، بۆیان نییە لەبارەی ژیاننامـەی خۆیـان و هاوڕێکانیـان بنووسـن، بیروبۆچـوونە خودییـەکان نابێت دەربىرێن، دەبێت فەرماندارانی زیندان ڕێ بدەن کە لێدوان بۆ ئەوانە بدەن کە خۆیان مەبەستیانە، گەر زیندانییەکان ویستیان لێدوان بدەن، بە هیچ شێوەیەك نابێـت باسـی ئـەو گۆڕانکـاری و چاکسـازییانە بکـرێن کـە لـە زینـدانـدا پێویسـتە ئـەنجام بـدرێن.) (١) کەواتـە دەسـەڵاتداران بـە گشـتی و دەسـەڵاتدار و فەرمانبەدەسـتانی زینـدان هـەرگیز نایانـەوێت نووسەر و ڕۆشنبیر و ئەدیبان لەو ڕۆتینانە ڕزگاریان بێت، کە تەنگی بە ئـەمان و بـە گشـت تاکی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە هەڵچنیووە، بەڵکو دەبێـت بـە هـەر هۆکارێـك بێـت ئـەوان خۆیان لەم ڕۆتینانە ڕزگاربکەن و هیوایەکی نوێ بە ژیان ببەخشنەوە. ئەو دەسەڵاتدارانەی دەیانەوێت بە ڕەهایی حوکمی وڵات بکەن هەمیشە کار لەسەر هێزە ڕەقەکان لەئاگرو ئاسن و چەك و تەقەمەنی و کوشتن و بڕین و تیرۆرکردن....هتد دەکەن و نەیانتوانیووە یا ناتوانن قورسایی و سەنگی هێزە نەرمەکان لە قەڵەم و نووسین و بیرکردنەوەو بەرهەمە ئـەدەبیی و هزرییەکان...هتـد هەڵسـەنگێنن و بـەهای پێویسـتیان بـۆ دابنـێن، چـونکە لـە ئەسـتەم ئەسـتەمترە وڵاتێـك دەسـەڵاتی بەسـەرکەوتوویی تاقیبکاتـەوە گـەر نـەیتوانی پـەی بـە هاوسەنگی ئەوهێزانە ببات و یەکێکیان بەسەر ئەوی تریان بەچاکتر و پەسەندتر بزانێت. بۆ نموونە ئەو هێزەی لە قەڵەمی ئەدیبێك، یاخود خاوەن هزرێك دایە هەرچەندە بە قەبارە گەر بەراورد بکەین لەگەڵ هێزی دەسەڵاتداران لە چەك و تفاق و پیاوانی دەست و پێوەنـدیان و بەندیخانە و زیندانەکان لە گەردێك بچووکترە، بـەڵام ئـەم هێـزە بـە بچـووکییەکەی پێوانـە ناکرێت و، بە کاریگەری وکارتێکردنەکەی و شوێنەوارەکەی پێوانە دەکرێت کەواتە (ئـەدیب و نووسەران دەیانـەوێت پـەیامێك ئاڕاسـتەی دەسـەڵات بکـەن و، لـەوە ئاگـاداری بکەنـەوە وهۆشداری پێبدەن کە وڵات پێویستی بە خاوەن پێنووسان و خاوەن شمشێران هەیە و ئەو

---

(١) سنة الاولى سجن، مصطفى أمين، دار النشر اليوم، القاهرة، مصر، ٢٠٠٣، ص٢٤.

هێزەی لە پێنووسەکان دایە هیچی کەمتر نییە لەو هێزەی، کە لە شمشێرەکان دایەو، بەڵکو زیاترە و هـەر وڵاتێـك ئـەم دوو هێـزەی هـەبێت دەتوانێـت بـە ئاسـانی لەسـەر پێیـەکانی بوەستێت و پێگەی خۆی قایم بکات.) (١) لــە چوارچــێوەی ئــەم بیروبۆچــوونەدا دەکرێـت چـەندی پرسـیارێك ئاڕاسـتەی قەڵەمبەدەسـت و شمشـێر بەدەسـتان بکرێنـەوە، ئەدیبێك ڕۆژێك لە ڕۆژان لە خۆی پرسیوە بۆچی دەنووسێت؟ لە بەرامبەردا شمشـێر بازێك ئـەوەی بـە بیرداهـاتووە بۆچـی ئـەم شمشـێرەی بـە دەسـتە؟ئەدیبێك بـۆکێ دەنووسـێ؟و شمشـێر بەدەسـتێك بـۆ کـێ شمشـێری هـەڵگرتووە؟ ئـەدیبێك لـە پێنـاوی چـی و کـەی دەنووسێت؟ و شمشێر بازێك دەزانێت لە پێناوی چـی ئـەم شمشـێرەی لـە دەسـتە و کـەی ئاڕاستەی بەرامبەرەکەی دەکات؟ ئەوەی ئەدیبێك دەینووسێت هـەر حـەز و ئارەزوویەکـەو دەیەوێت دڵی خۆی ڕازی بکات و دڵنەوایی خـۆی بداتـەوە،یاخود نووسـین بـەدەر لەحـەز و ئـارەزوو و دڵڕازیکـردن کردەیـەکی مەبەسـت و ئامانجـدارە؟و شمشـێربازەکان تـەنیا بـۆ ڕازیکردنی دڵی کەمینەیەکی دیاریکراو لە دەسەڵاتداران شمشـێر ڕادەوەشـێنن، یـاخود ئـەم شمشـێربازی و شمشـێر بـە دەسـتییەی ئـەمان داکۆکیکردنـە لـە ئامـانجێکی پیرۆزیـی نەتەوەیی؟ ئەم پرسیارانە و پرسیارگەلێکی تر نەخشە ڕێگەی بەرپرسیارێتی و ڕۆڵ و ئەرك و کاریگەری هێزی قەڵەمبەدەستان و شمشێر بە دەستان ڕوون دەکەنـەوە. زینـدان لـە لای دەسەڵاتدارانەوە لە تاقیگەیەك دەکات، کە پێویستە مرۆڤە فرە هەسـتیارەکان ببرێنـە ئـەم تاقیگەیە و تاقیبکرێنەوە و پشکنینیان بۆ بکرێت، لە کاتێکدا لای هـەمووان ئاشـکرایە ئـەم تاقیگەیە زۆر ترسناکە و تاقیکردنەوە و پشکنینەکانی گەلێك سەخت و دژوارن، بۆیە مـەرج نییە ئەو ئەدیب و نووسەر و ڕۆشنبیرانەی بەم پرۆسەیە تێپەڕدەبن هەموویان بە بێوەیی و سەرکەوتوویی دەربچن، چونکە زینـدانییان ڕووبـەڕووی توونـدترین هێـز و زۆرتـرین فشـاری دەسەڵاتداران دەکرێنەوە و لە ئەنجامیشدا هەیانە ناتوانێـت تـا سـەر بەرگـەی ئـەم هـەموو ئازار و ناخۆشی و مەینەتی و کارەساتە یـەك بـە دوای یەکانـەی زینـدان بگرێـت و ناچـارە دەست لە ماف و هەقی خۆی هەڵبگرێت و دانیش بە ناهەقییـەکانی (دەسـەڵاتداران بێنێـت. دەسەڵاتداران دەیانەوێت بە هەر هۆیەك بێت وا لە نووسـەر و ئـەدیبان بگەیـەنن، کـە تـەنیا یەك دەسـەڵات بـوونی هەیـە ئـەویش دەسـەڵاتی ڕەهـای ئەوانـە، پێویسـتە ئـەوانیش ببنـە

(١) شعر الاسر و السجن، بسيم عبدالعظيم عبدالقادر ابراهيم، مكتبة الخانجي، القاهرة، ١٩٩٥، ص١٢٨.

پەیڕەوکاری ئەو دەسەڵاتەو دان بە ڕەوایەتی (شەرعیەتپێدان) ئەو دەسەڵاتە بنێن و لە ڕێی بەرهەمەکانیانەوە دووپات و چەندپاتی بکەنەوە.) (١) کەواتە دەسەڵاتداران هەر بەمە ڕازی نین دەستەبژێرانی کۆمەڵگە لە نووسەر و ئـەدیب و ڕۆشـنبیر و هزرمەنـدان دان بـە بوونیـان بنـێن جـا لـە سـەر هـەق بـن، یـاخود ناهـەقی، بـەڵکو دەبێـت ئـەم ڕازیبوونـەوەی ئـەوان بـەدیکۆمێنت و ئـەرگیۆمێنت بکـرێن بـە هـۆی بەرهەمەکانیانـەوەو ببنـە مانفێسـتی چـەند دەسەڵاتدارێکی دیاریکراوی مرۆڤکوژ و بیرکوژ.پێچەوانەی ئەوانـەی باسمـانکرد و خسـتمانە ڕوو دەشێت لێرەو لەوێ چەندین نووسەر و ئەدیب و ڕۆشنبیر بوونیان هەبێت هێڵی هـزر و، دیـد و بۆچـوون و بیرکردنـەوەکانیان هاوتـەریب بێـت لەگـەڵ دەسـەڵاتداران،ئەو گوتـارە سیاسیی و سەربازییانەی، کە دەسەڵاتداران ئاڕاستەی خەڵکی دەکەن لە سەر هەمان ئـاواز ئەوان لە ڕێی ژانرێکی تری ئەدەبییـەوە ئاڕاسـتەی دەکـەن، بێگومـان نووسـەر و ئـەدیب و ڕۆشنبیرێکیش بەمشێوەیە توتیئاسا بێت نەك لەلایەن دەسەڵاتێکی ستەمکارەوە لێنادرێت و زینـدانیی ناکرێـت، بـەڵکو خـەڵات دەکرێـت و ئـەو لـە خـەڵکانی تـر دەدات و زینـدانییان دەکـات، لەبەرئـەوەی خـۆی دەسـەڵاتدارە و بەشـێکە لـەم دەسـەڵاتە. بۆیـە (هەنـدێکجار ئــەدیبان ڕۆڵــی شــایەرێك دەگێــڕن و بەرهەمــە ئەدەبیــەکانیان هــەرزانفرۆش دەکــەن و بەرهەمەکانیشیان لە فرۆشگەیەکی گەڕۆك دەچێت لـە بەرامبـەر فرۆشـتنی بەرهەمـەکانیان چەند قرووشێکیان دێتە دەست. ئەمچەشنە ستایش و پیاهەڵدانەی ئەدیبان بەسـەر شـان و باڵی دەسەڵاتداران بۆتە خوو و سروشتێك ناتوانن وازی لێبهێنن و پابەندبوونە بە دەسەڵات و لە هەمانکاتدا ئەم ستایش و پیاهەڵدانە مایەی نوێکردنەوەی بەڵێن و پەیمان و وەفان بـۆ دەسەڵات و دەسەڵاتداران.)(٢) بێگومان ئەدیبێك ئەمە بیرکردنەوە و تێزەکـانی بێـت، ئـەوا ئـەو ئەدیبـە فرچـکی بـە پاشـکۆیەتی گرتـووەو هـەرگیزا و هـەرگیز ناتوانێـت دەسـت لـەم پاشکۆیەتییەی خۆی هەڵبگرێت و لە زۆرترین هەوڵیشـدا دەبێـت بـۆ ئـەوەی ئـەوانی تـریش بکات بە پاشکۆ وەك خۆی لێیـان بکـات . هـەر بۆیـە ئـەو ئەدیبانـەی پاشـکۆی دەسـەڵاتن (وەکــو کەلوپــەلێکی جوانکــاری و کەرەســتەی ئارایشــت لــە دیــوانی مــیر و بنەماڵــە

---

(١) السلطة الثقافية و السلطة السياسية، علي أو مليل، بيروت، ١٩٩٨، ص٤٢.

(٢) أدب السياسـة و سياسـة الادب، سـوزان بينـكني شـيتكيفيتس، ت: حسـن البنـا عزالـدين والمؤلفـة، ص١٣٩.

دەسەڵاتدارەکان دادەندرێن و بەکاردەهێندرێن و زیاتر کاریـان ئـەوەبوو گـەواهی بـدەن لـە سـەر کارەکـانی ئـەمان، لێـرەدا مـەرج نـەبوو ئـەدیب لـە لایـەنی پـووڵ و داراییـەوە سـوود مەندبێت و داوای پلەوپایە لەدەسەڵاتداران بکات، بەڵکو هەموو حەزو ئارەزوویـەکی، هیـواو خۆزگەکانی ئەوەبووە دەسەڵاتەکە ڕێز و خۆشەویستییەکی بۆ ئەدەبەکەی ئەو هەبێت و بە چـاوێکی بـەرزەوە لێیبڕوانێـت.)(١) بـەم پێودانگـە بێـت ئـەم ئەدیبانـە لـە جیـاتی ئـەوەی ڕاسـپاردەی کـۆڕ و کۆمـەڵان و چـین و توێـژەکانی کۆمەڵگـە لەبەرچـاو بگـرن، ڕاسـپاردەی دەسەڵات و پیاوانی دەسەڵات لەبەرچاو دەگرن و لایان وایـە گـەر دەسـەڵات نـرخ و بـەهای بەرهەمـەکانیان دیـاری بکـات ئـەوا بەرهەمـەکانی ئـەوان دەبنـە ڕەسـەن و لەدەلاقـەی کتێبخانەکان بەرهەمەکانیان گۆشەگیر نابێـت و گـەر دیدوبۆچـوون و بیرکردنـەوەکانی ئـەم ئەدیبانە بنبۆشیش بن مادامـەکێ دەسـەڵات دەسـتی بەسـەر داهێنـاون و پشـتگیریکردوون بەرهەمی دەگمەن و نایابن، بێگومـان ئـەدیبێکیش ئەمـە بیرکردنـەوەی دروسـتی ئـەو بێـت بەرهەمەکەی زۆر مەودا کورت دەبێت و لە توانای دانـا بێـت لـەنێوان قۆناغـە جیاوازەکـانی مێژوودا لەنێوان ئێستا و ڕابـردوو و ئێسـتا و داهـاتوودا دەسـتا و دەسـت بکـات و زۆرتـرین تەمـەنی ئـەم بەرهەمـە گـەر هەشـیبێت بەسـتراوەتەوە بـە مـاوەی حـوکمڕانی ئـەو دەسەڵاتدارەوە، کە بەرهەمەکەی پەسنکردووە.

---

(١) تاريخ الادب الاندلسي عصر الطوائف و المرابطين، احسان عبـاس، ط٩، دار الثقافـة، بـيروت،١٩٩٢، ص٧١.

## زیندان و لێکەوتەکانی لە ڕۆمانی "ژانی گەل"ی ئیبراهیم ئەحمەد دا

"د.کمـال فوئـاد" لـە (پێشـەکی)ی چـاپی ڕۆمـانی (ژانـی گـەل)دا ژیـانی "ئیـبراهیم ئەحمەد"لەڕووی ئـەدەبیی و سیاسـیی و ڕۆشـنبیریی و شۆڕشـگێڕیی و ڕۆژنامەنووسـییەوە خستۆتە ڕوو. بەمشێوەیە وەسفی ڕۆماننووس دەکا: (نووسـەر سـەرەتای ژیـانی ئـەدەبی وەکو ڕۆمانیتیکێکی شۆڕشگێڕ دەست پێ ئەکا:

لە بەرچاوی بەد لە ترسی بەدکار
دڵ خۆم ئەکەمە گۆڕی یادگار
بە گریانی وشك بە ناڵەی بێ دەنگ
دێنمە لەرزین تەختی کردگار

لە دواییدا لـە سـەر ڕێبـازی ڕیـالیزم ئەگیرسـێتەوە.)(١). گـەر لـەم وەسـفەی "د.کـەمال فوئاد" وردبینەوە، وەسفەکەشی دەوڵەمەندە و پشڕاسـتیکردۆتەوە بـە دوو دێـڕە شـیعری "ئیبراهیم ئەحمەد"،کە لە ساڵی ١٩٣٣ لە ((یادگاری لاوان))دا بڵاویکردۆتەوە، ئەوەمان بـۆ ڕووندەبێتـەوە کـە ڕۆمـاننووس نـەك هـەر ڕۆمـانتیکێکی شۆڕشـگێڕە، بـەڵکو ڕیـالیزمێکی شۆڕشگێڕ و ناسیۆنالیستیشـە، بـە تایبـەت کاتێـك بەرهـەمێکی وەك ئەمـەی "ژانـی گـەل" دەنووسێت. هەروەها بیرکردنەوەو دنیابینی ڕۆماننووس لەم دوو دێڕە شـیعرەی سـەرەوە، کە ئاماژەی پێکرا ئەوەمان پێدەڵێت: کە کەسێك لە بەرچاوی بەد و لە بەر ترسی بەدکاران، دڵی خۆی بکاتە گۆڕی یادگار، کە لێرەدا دەکرێت بڵێین ((زیندان)) مەدلوولێکە بۆ ((گۆڕ))، دەبێت هەر زووش بڕیاری ئەوەی دابێت، کە بەرهەمێك بنووسێت گوزارشت بێت لە ئەدەبی زیندان، نەخاسمە ئەوکەسە کە لە پێشتردا ئاماژەمان پێدا کەسـێك بێـت، سـەر بـە دنیـای ئەدەبیی و سیاسیی و ڕۆشـنبیریی و شۆڕشـگێڕیی و ڕۆژنامەنووسـیی بێـت، بێگومـان ئـەم جۆرە کەسانە، کە بەمچەشنە دەژین و ئاوا بیردەکەنەوە، هیچ چارەیان نییە بێجگە لەوەی وێستگەیەك، یاخود چەند وێسـتگەیەکی ژیانیـان لـە زینـدان و گرتووخانـەکان بەرنەسـەر و چـاوەڕێی زەحمـەتی و ئـازار و مـەرگخوازی بـن . هـەروەك لـە پێشـەکییەکەی "د.کـەمال فوئاد"دا هاتووە (لەسـاڵی ١٩٤٩ دا لـە ڕێگـادا بـەرەو بەندیخانـە، کـە سـاڵ و نیـوێکی تیـا بەسەر بردووە(دوا تیری کەوان)ی وتووە، کە تیایدا هێرشەکانی حکومەتی ئەو سـەردەمەی

---

(١) ژانی گەل، ئیبراهیم ئەحمەد، چ٥ ، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل٥ ، ٦.

بە لنگەفرتێی سەرەمەرگ داناوە و مژدەی نزیبکوونەوەی ڕۆژی سەرکەوتنی بە سەر ڕژێمی پاشایەتی و نۆکەرانی ئیمپریالیزمدا بە گەل گەیاندووە.) (١) کەواتـە دەتـوانین ئـەنجامێکی گرنگ هەڵێنجێنین ئەویش ئەوەیە خاوەنی ڕۆمـانی (ژانـی گـەل) ئـەدیب و نووسـەرێکە بـەر لەوەی ببێت بە ڕۆماننووس و بەشێکی زۆری ڕۆمانەکە بۆ ((زیندان و زینـدانییان)) تـەرخان بکات ، کەسـایەتییەکە دنیـای تاریـك و نووتـەکی زینـدانی تاقیکردۆتـەوە و ئـەم ئەزموونـە ناخۆش و تاڵ و قورسەی تێپەڕاندووە، بۆیە ئاساییە گـەر بڵـێین ڕۆمـاننووس توانیوویـەتی سەرکەوتوو بێت لەوەی، کە نموونەیەکی جوانی بەرهەمی ئەدەبی بەرەنگاری و زینـدانیی و شۆڕشگێڕی پێشکەش بە ئێمە بکات. هەروەها دەتوانین بڵێین ڕۆمانی"ژانی گەل"ڕۆمانێکە هێڵە گشتییەکانی ژیاننامەی خودیی "ئیبراهیم ئەحمەد"ی تێدا بەرجەستەیە، بەشێکی ئەم ژیاننامە خودییەش لە کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکـە، کـە ((جـوامێر))ە ڕەنگیداوەتـەوە. هەموو ئەمانە تیشکی زۆر ڕۆشنن بۆ ئەوەی بڵـێین ڕۆمـانی "ژانـی گـەل" بەشـێکی گرنگـی ئەدەبی زینـدانیی کـوردی پێکـدێنێت. ڕۆمـاننووس هـەر لـە یەکـەمین لاپـەڕەی دەقەکەیدا سەرنجی خوێنەر بۆ سالانی پڕ ئازاری نێو زیندانـدا ڕادەکێشـێت. (.....تـا بـە ڕێکـەوت لـە هەڵتەکاندنێکی توندی ئوتمۆبیلەکەدا، لە ئاوێنەی بەردەمی لێخوڕەکەدا، چـارەیەکی بـەدی کرد. گورج و دووچاوی کاڵی مەنگ سەرەنجیان قۆستەوە کە لـە هـەموو ئەنـدامێکی کـەی، کەمتر سالانی زیندانی کاریان تێی کردبوو) (ژانی گەل، ل٨).

بێگومان ئەمەش دەستپێکێکی گونجاو و لە بارە بۆئەوەی خوێنەر خۆی تەیار بکات ، بۆ چوونە نێو قووڵایی ڕووداوەکانەوەو لەنێو ڕووداوەکانیشدا بـە دیـاریکراوی ئـەو ڕووداوانـەی پێوەنـدییان بـە زیندانـەوە هەیـە، چـونکە (دەسـپێك گـرنگترین بەشـی دەقـە، کـەوا لـە خوێنەربکات سەرنجی بـۆ لای دەقەکـە ڕابکێشـێت و ناچـار بـە خوێندنـەوەی بکـات، بۆیـە گرنگـی دەسـپێك لێـرەوە سەرچـاوە دەگرێـت، کـە لـە پـاش ناونیشـانەوە دەبێتـە دووەم ڕاوکەری خوێنەر وەرگر بۆ لای تێکستەکە.)(٢) لـە ڕۆمـانی (ژانـی گـەل)دا زنجیرەیـی کـات تێکشـکێندراوە واتـە گـەر چـیرۆك و بەرهەمـە ئەدەبییـە پەخشـانئامێزەکانی ئـەدەبی کوردی،پێش ئەم بەرهەمە،بەشێوەی (سەرەتا، ناوەنـد، کۆتـایی) ڕاییکرابێـت، گێڕانـەوە و

---

(١) س.پ: ل٦.

(٢) دەستپێك لەچیرۆکی کوردیدا، ئارام سدیق، یانەی قەڵەم، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٣١.

ڕووداوەکـــان ئـــاوا پێشکەشـــکرابن، ئـــەوا لـــەم ڕۆمانـــەدا ئەمـــە بەرچـــاو ناکـــەوێت، چونکە(کۆتایی)گێڕانەوەو ڕووداوەکـان لـە (سـەرەتا)دا بـە خوێنـەر ئاشـنا دەبـن، بەمـەش خوێنەر وا بە ئاسانی ناتوانێت پێشبینی چۆنیەتی وچەندێتی ڕووداوەکان بکات. بۆ نموونـە (جوامێر)ی کارەکتەری زیندانیکراو ئەوکاتە زیاتر ئاشنایی دەبین، کە لە زینداندا ئازادکراوە و خەریکی ئەو ڕۆتین و ڕێ و شـوێن وە میکانیزمانەیـە، کـە پێویسـتە هـەر زیندانییـەك بـە ئەنجامی بگەیەنێت بەر لە ئازادبوونی بە ماوەیەکی کەمی دیاریکراو، (لە بەردەمی دایەرەی ئاسایش دابەزین، بردیانە ژووریٚ پاش سەعاتیٚ ڕاگرتنی ناخۆشی پـڕ بێـزاری، پەنجـەمۆر و چەند وێنەیەکیان وەرگرت، ناونیشان و کار و نـاوی چـەند ناسـیاو و خزمێکـی نزیکیـان لـیٚ پرسی و نووسی و دەستەبەریان کـرد، کـە نـابیٚ بـە هـیچ جـۆریٚ شـوێنی دانیشـتنی خـۆی بگۆڕیٚ بەبیٚ ئەوەی پێشەکی ئاگاداری ئەوان بکا،ئەوسا بەڕەڵلایان کرد).(ژانی گەل، ل١٨) لە زیندانەوە بۆ دامو ئاسایش،ئەمە تێڕوانینی ڕۆماننووسە لەمەڕ زیندانی،چـونکە بەشـێکی زۆری زیندانییەکان بەتایبەت ئەوانـەی زینـدانیی سیاسـیین، لـە دوای ئـازاد بوونیشـیان بـە چەشنێك لە چەشنەکان لە زیندانییەکی بەردەوام دان. جوامێر)ی زیندانیی، ماوەیەکی دوور و درێژ لە چوارچێوەی بەندیخانەدا ژیان دەگوزەرێنێت،کە ئەم ماوە دوور و درێژە خۆی لە دە ساڵدا دەبینێتەوە، بێگومـان ئـەم ماوەیـەش بەسـە بۆئـەوەی مرۆڤێـك لـە زۆر ڕووەوە تێکبشکێنرێت و ئینجا جارێکی تر بێتەوە نێو کۆمـەڵ. (...چـاوێکی گێـڕا بـە دەوروپشـتی خۆیا، یەکەم جار دوای دە ساڵ خۆی دییەوە بە تەنیا بە سەربەستی ئەڕوا بیٚ ئـەوەی کـە لەپچەی لە دەستا بیٚ و یاساولیٚ بە سونگییەوە لە پشتییەوە بیٚ پڕ بـە سـییەکانی هـەوای پـاکی هەڵمـژی. زەردەخەنەیـەکی تـەنك، بـۆ چـاوتروکانی، چـارەی تـرش و تـاڵی ڕوونـاك کردەوە.) (ژانی گەل، ل١٨). دەشێت ڕێك ئەم دیمەنە پێچەوانە بکەینەوە کاتێك کەسێك لە زینداندا ژیـان بەسـەردەبات،تەنانەت خـەوبینین بـەئازادی و سەربەسـتییەوە مەحاڵـە، کەلەپچەکانی ئاوا بەندیکردوون بوونەتە بەشێك لە جەستەی شەکەت و پڕ ئازاری . لـە نێـو زیندانیی و گرتووانـدا، دیاردەیەك باوە ئەویش بریتییە لە نامەو نامەکاری،کـە بـەم هۆیـەوە زیندانییان دەتوانن پێوەندی بەدەوروبەرەکەیانـەوە بکـەن، لەوانـەی لـە دەرەوەی زینـدان دان.هەروەها نامە و نامەکاری زیندانییان بەشـێکی کـەم لـە ئـازار و مەینەتییـەکانیان کـەم دەکات، هەر بە قەبارەی ئەم بەشە کەمەش دەتوانن گوزارشت لە هەست و نەست و سۆزی

دابڕاویان بکەن. کەواتە دەتـوانین بڵـێین یـەکێك لـە هۆکارەکـانی وەدیارکـەوتنی ئـەدەبیی نامەنووسیی و چەکەرەکردنی ژانرێکی ئەدەبی وەك نامەنووسیی زیندان و زیندانییانن، گەر نامە ونامەکاری لە ئێستای زیندانییاندا هۆکارێك بۆ پێوەندیسازی، ئەوا لـە داهـاتوودا نامـە دەستنووسەکان دەبنە یـاد و یادگـاری و بـیرەوەری (خـۆت ئـەزانی کـە مـانگی جارێـك لـە بەندیخانە ماوەیان ئەداین نامە بنێرین بۆ کەس وکارمان. منیش لە نووسراوی سەری مـانگ بۆم نووسیبوویت کەوا لەم مانگەدا ڕزگارم ئەبیٚ، ئیتر بە تەواویش نەمئەزانی بۆ کویٚ وکەی ئەمنێرن تا ئاگادارتان بکەم) (ژانی گـەل، ل١٢٢). لێـرەدا زینـدانییان لـە مـاوەی مانگێکـدا تـەنها یـەك کـەڕەت بۆیـان هەیـە گوزارشـت لـە خـود بکـەن و پـەیامێك ئاڕاسـتەی بەرامبـەرەکانیان بکـەن، تـەنیا هۆکـاریش بـۆ ئەمـە بریتییـە لـە نووسـینی نامەیـەك و بەس،چـونکە ئامانجـەکانی نامـە بریتییـە لە(ئاشـنایی و لێـك حـاڵیبوون و ناسـیاویی و دۆسـتایەتی و خۆشەویسـتی نێـوان مـرۆڤ و مـرۆڤ، مـرۆڤ و بەرامبـەرەکانی و گواسـتنەوەی بـیروڕا و ئایـدیا و ئەندێشـە و بۆچـوون و زانیـاری، کـە دەکـریٚ سـەرجەم ئـەو چـەمکانە لە(پەیام)دا چڕبکەینەوە، کەواتە یەکیٚ لە ئامانجەکانی (نامە) گەیاندنی پەیامە.) (١) بۆیـە جێی خۆیەتی بلێین پێوەندییەکی بە تین هەیە لە نێوان ئـەدەبی زینـدانیی و ئـەدەبی نامـە نووسیی، ئەم پێوەندییەش کاتێك دەگاتە چلە و پۆپـە کـە زینـدانیکراو و گـیراو کەسـێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیربێت، ئەگینا مـەرج نییـە ئـەم پێوەندییـە بسـازێت. لـە زیندانەکانـدا، دەشـێت هەنـدێك شـت و دیـاردە و بابـەت و ڕەفتار...هتد.بەبـەراورد بـەژیانی ئاسـایی ئاوەژووببنەوە،بێگومان ئەم ئاوەژووبوونەوەش بە خواستی زیندانییەکە نییە، بەڵکو جەللاد و میر غەزەبەکان ئـەمجۆرە ژیانـە بـۆ کەسـەکان هەڵدەبـژێرن. بۆنموونـە وەك لـە پێشـتردا ئاماژەمان پێدا (جوامێر) وەك مرۆڤێك و بونەوەرێکی کۆمەڵایـەتیی زۆر ئەسـتەمە بـە تـاقی تـەنیا و لـە ژوورێـك ژیـان بگوزەرێنێـت، کەچـی کاتێـك دێتـە سـەر ئـەوەی هەڵسـێت بـە ئەنجامدانی کردەی خۆشووشتن، ئەوا نابێت بە تەنیا بچێتە گەرماوەکە خۆی بشوات، بەڵکو دەبێت لەگەڵ دووکەسـی تـر بچـن لـە گـەرماوە کەلاوەکـەی زینداندا خۆیـان بشـۆن و ئـەم خۆشووشـتنەی هەرسێکیشـیان لـە پێـنج خوولـەك زیـاتر نەخایـەنێت، لەکاتێکـدا هـەموو ئامرازەکانی گەرماوەکە تەنیا بۆ کەسێك دانراون. (دوو سیٚ قوتوو ئاوی گـەرمیان تێکـرد و

(١) **وتارناسی، سالار عوسمان، چاپخانەی دار المعرفه، بیروت ، لبنان،** ٢٠٠٩، ل١٢٥.

کەوتنە خۆشتن. لە یەك کاتا ئاو بکەن بە خۆیانا کردیان بـە نـۆرە تـا دوانیـان کەفەکـەیان لەسەریان کردەوە.... ئەمانە لەم حاڵەدابوون، هێشتان دەستیان لە لەشیان نـەدابوو کـەوا بۆنی چڵك و ئارەقیان پیاوی گێژئەکرد، لە پڕ کابرای یاسـاوڵ بـە خـۆی و قامچییەکەیەوە کردی بە ژوورا و شیڕانی بە سەریانا: ئەوە چییە هێشتا لـێ نەبوونـەوە... کـابرای یاسـاوڵ دایە قاقای پێکەنین بە قەمچی و شەق وە پاڵە پەستۆ هەرسێکیانی پێش خۆیدا بـۆ ژووری سارد! ڕووانییان سێ بەدبەختی تر خۆیان ڕووت کردۆتەوە بە دڵی خۆش و ڕووی گەشەوە چاوەڕوانی خۆشتن ئەکەن)(ژانی گەل، ل٣٢). لەزینداندا مرۆڤەکان هـەم ئـازاری جەسـتەیی و، هەمیش ئازاری ڕۆحی دەدرێن ، بۆیە فەرماندار و بەرپرسانی زیندان کـار لـە سـەر ئـەوە دەکەن هەر شتێك ئازار و ژانی تێدا بێت بە سەر زیندانییەکان تاقیدەکەنەوە، لە هەمانکاتدا لێپرسراوانی زیندان و بەشێك لە دەست و پێوەندەکانیان وەك سادیزمێك ڕەفتـار دەکـەن و چـێژێکی ئێجگـار زۆر لـەوە دەبیـنن ئـازاری بەرامبەرەکـەیان بـدەن و، لـە ڕێـی ئاکـار و هەڵسوکەوتە نابەجێییەکانیان زینـدانییان لـە هـەموو ڕوویەکـەوە گـیرۆدە بکـەن.(....پێنج پێنج وەکو مەڕ لە ناو حەوشەدا مۆڵیان ئەکردن لە بەردەمی ژووری فەرمانداری زیندانەکـە، هەروەکو ئێستەش هاوڕێکانی مۆڵ کراون و بـە چیچکانەوە دانیشـێنراون. هـەی چـە کـافر بابێکن! جاری واهەیە سەعاتێك زیاتر ئەو خەڵکە بـەو چەشـنە ئەهێڵنـەوە بـە بـێ ئـەوەی یەکێ بوێرێ بار بگۆڕێ. وای بە حاڵی ئەو کلۆڵەی پێی شل ئـەبێ، دەسـت ئەخاتەسـەر یـا دائەنیشێ، مەردیانێکی چەتەوڵ بە قەمچی دای ئەگرن، بگـرە کوێـت یەشـێ!)(ژانی گـەل، ل٣٣). ڕۆماننووس ڕێك وشە (مۆڵکردن)ی بەکارهێناوە، بێگومان ئەمەش لە نێو ئاژەڵداران وەك زاراوەیـەك بـەکاردەهێنرێت، کـە بـە واتـای شـوێنی پشـوودانی گـاڕان، یـاخود ئـەو جێگەیەی کە گاو گۆڵ لە یەکتر نزیکدەبنەوە کەواتە زیندان شـوێنێکە بۆئـەوەی مرۆڤـەکان دابماڵدرێن لەبەهایە جوانەکانی مرۆڤایەتی، و کۆی ئەم بەهایانـەیان لێبسـەندرێتەوە و وەك ئاژەڵێك ڕەفتارەیان لەگەڵدا بکرێت و بە ئاژەڵبکرێن. هەندێکجار وا ڕێکدەکەوێت دەسەڵاتی داگیرکاری کاتێك کەسێك، یاخود کەسایەتییەکی سیاسـیی و شۆڕشـگێڕ و خـەباتگێڕێك لـە زینداندا ئازادەکـات چـەند ئامـانج و مەبەسـتێکی گـڵاوی خـۆی تێدایـە، دەیـەوێت لـە ڕێـی بۆشکردنی شوێنی زیندانییەك، شوێن بۆ چەندین زیندانی تر خۆش بکات. بۆیە بارودۆخێکی ئاوا (جـوامێر) هەمیشـە دەخاتـە گومـان و دڵـە ڕاوکێـوەو پێیوایـە بـۆ ئـەوە ئـازادبووە تـا

خەڵکانی تر لە ڕێی ئەمەوە زیندانی بکرێن.(...زۆرجـار دێـت بـە بیرمـا کـە منیـان بۆیـە وا سووك و ئاسان هێناوەتەوە ئێرە و لێرەش بێ چاودێرییەکی پێویست بەرەڵڵایان کردووم بۆ ئەوەی بمکەن بە تەڵە و بە خەیاڵی خۆیان خەڵکی سەر بە شۆڕشم پێ بگرن!) (ژانی گەل، ل٦٥). لێرە و لەوێ لە ئێستادا و لەو سەردەمانەی دوایدا، زاراوەی (بەندیخانـە) و زاراوەی (چاکسـازیی) وەك هاومانـای یـەکتر بـەکاردێن، بەمـەش ئـەو ناخۆشـی و ناسـۆری و ناجۆرییانەی کە لە نێو زاراوەکانی (زیندان و گرتووخانە و بەندیخانە)بوونیان هەیە بـەهۆی بەکارهێنانی زاراوەی (چاکسازیی) لایەنە نەرێنییەکانی ئەم شوێنە سووکتر و کـاڵتر خۆیـان دەنوێنن، دەشێت زیندان، بـۆ زۆربـەی زینـدانییان بـە خـاڵی وەرچـەرخان دابنرێـت، بـەڵام ئەمانە هەرگیز بە دیناکرێت لە زیندانێك، کە دەسەڵاتێکی داگیرکاریی سەرپەرشتی بکـات و بەڕێوەی ببات، چونکە زیندانی ئەم چەشنە زۆردارانە سـادەترین و بچـووکترین پێداویسـتی ژیانی تێدا نابینرێت، ئینجا چ جای ئەوە دەکات لـە زیندانـەوەە بـۆ چاکسـازیی بگـۆڕدرێن. (ئەوەی ڕاستی بێت بەندیخانە نە ژیانی تیایە وە نە ڕابواردن....تـەنیا ڕۆژ کوشـتن و سـاڵ ناشـتنی تیایـە و بـەس. ڕەنگـە هەنـدێ پیاوچـاك و دڵپـاك لایـان وابێـت بەندیخانـە باشکردنخانەیە. تاوانباری تیـا پـاك ئەبێتـەوە ڕەوشـتی خـوار و بـیری چـەوتی تیـا ڕاسـت ئەکرێتـەوە! بـەڵام ئـەوی مـن دیـم هـەر بـە تـەواوی پێچـەوانەی ئەمەیـە و ئەوانـەی بەندیخانەشیان بە دەستە لام وایە هەر بۆ تۆقاندن و ئازاردانی خەڵك دایـان نـاوە، ...کـەوا هەر لەو ڕۆژەوە بەندی تیا ئەدرێتە دەستیان نیازیان ئەوەیە بە هـەموو جۆرێـك کەڕامـەتی بپلیشێننەوە و گیانی بپەستنەوە بۆ ئەوەی هەتاهەتایە هەر سەرشۆڕ و ملکـەچ بێـت)(ژانی گەل، ل٦٨).

بێگومـان گـەر مەدلوولـەکانی (زینـدان) لـە چوارچـێوەی (چاکسـازیی)دابن، بـە هـەموو پێودانگێك زیندانیی کەسێکە گوناه و کەتن و تاوانێکی ئەنجامداوە، بۆیە دەبێت لەڕێی ئەم دامەزراوەیـەوە هـەوڵی ئـەوەی لەگەڵـدا بـدرێت بـۆ ئـەوەی ببێـت بـە کەسـێکی ئاسـایی و چاکەخواز.ناخۆشی و ئازارەکانی زیندانییان ئەوەندە بە سوێ و کاریگەرە، کە هاوتای ئـەم ناخۆشی و ئازار چەشتنە لـە هـیچ پنتێکـی ژیـان هەسـتی پێناکرێـت، مەگـەر لـە زینـدان و بەندیخانـەکانی سـتەمکاران نەبێت.بەچەشـنێك زینـدانیکراو لـەڕێی پاشماوەکـانی خۆیـەوە ڕووبەڕووی ئازارێکی سەخت و گران دەبێتەوە.(....لە جێـی خـۆم هەڵتڕووشـکاوم، تـەڕایی

زۆری بۆ هێنام . لێرەدا بۆ یەکمجار هات بە بیرما، کە ئەبێ ئەو تەنەکەیەی پێم بەری کەوت میزی تیابووبێت، چونکە بۆن میزێکی پـیس لـە ژوورەکـە ئـەهات. ئەوەنـدە قێـزم هاتـەوە وەختە بوو بڕشێمەوە)(ژانی گەل، ل١٠٥).زیندانییەك لـەڕێی پاشمـاوەی زیندانییـەکانی تـر ئازار دەدرێت، یاخود هەر ئەو زیندانییە بە هـۆی پاشمـاوەی خۆیـەوە ئـازار دەچـێژێت بـە چەشـنێك نازانێـت ئـەو پاشمـاوە و پیسـاییەی، کـە تەنگیپێهەڵچـنیووە لـە نێـو هەناویـدا بیهێڵێتـەوە،یان خـۆی لێڕزگـار بکـات. (جـوامێر)ی زینـدانییکراو، کاتێـك داوای پێخـەف و چـرایەك دەکـات لـە پاسـەوانی بەندیخانەکـە، ئـەوا نـەك ئەمانـەی بـۆ ناهێنـدرێت، بـەڵکو پاسەوانەکە سووکایەتیشی پێدەکات، بە تەوس و گاڵتە جاڕییەوە پێیدەڵێت:
(– بەڵێ! ئەی چۆن هەر ئێستە کچێکی جوانیشـت بـۆ نـەهێنن لـەو خوشـکانەی بـە نـاوی نیشتمانپەروەری و ئازادیخوازییەوە ئابڕوویـان ئەبـەن!)(ژانی گـەل، ل١٠٦). داگیرکـەران و خـاوەنی زیندانـە تاریـك و نووتـەك و ئەنگوسـتە چـاوەکان، پێیانوایـە نیشـتمانپەروەر و ئازادیخواز و خەباتگێڕ و شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینە هەر خەریکی ئەوەن ئافرەت بێنن و ببەن و بە ناوی نیشتمانپەروەری و ئازادیخوازی دەستدرێژیان بکەنە سەر و ئابڕوویان ببـەن، لـە کاتێکدا ئـەوان بـاش دەزانـن لـە مەیـدانی هـەوڵ و تێکۆشـان و خـەبات و قوربانیـدان هـیچ جیاوازییەك بە دیناکرێت لـە نێـوان ئـافرەت و پیاوانـدا . ئـەو خواردنـەوە و خواردنـەی بـە زیندانیی و بەندکراوان دەدرێت، لە باتی ئەوەی تێنووێتیان پێبشکێنێت و تێریان بکات ئەوا بە هۆی خراپی و نا دروستییانەوە تێنووتر و برسیتریان دەکات. (نەمزانی چێشتەکە چییە، نەختێ دەستم تیا گێڕا بە نیسکێنە یا ماشێنەی تـێ گەیشـتم، کەوچـکێکم بـرد بـۆ دەمـم، هێشتا لێم نەچەشتبوو بۆن نەوتێکی لـێ ئـەهات پیـاوی کـاس ئـەکرد)(ژانی گـەل، ل١٠٦). لێرەدا(نەوت) هەمان ئەرکی سووتانی هەیە،بەس جیاوازییەکـەی لەوەدایـە لـەجێی ئـەوەی ئـەم نەوتـە ڕوونـاکی و گـەرمی ببەخشـێت و، بکرێتـە نێـو ئـامرازی ڕووناککـەرەوە و گەرمکەرەوە ، کەچی دەکرێتە نێو جەستەو گیانی مرۆڤەوە بێگومان گڕ لە دڵ و دەروون و جەستەی زیندانییەکە هەڵدەستێنێت . هێندە گومان و سیخوڕی و شۆفاری بەسـەربەندی و زیندانییان دەکرێت، تا وایلێدێت لە نێوخۆیاندا بەندی و زینـدانییان بکەونـە گومانـەوە هـەر یەکێکی هاتە لایان کـە لـە سـەرەتادا نەشـیانبینیووە و ناشیناسـن بـە شـۆفاری لـە قەڵـەم

بدەن. (شەو بوو چراکەم کزکردوو لە پڕ دەرگاکە کرایەوە و زەلامێکیان هاویشـتە ژوورەوە وتیان: – ئەوەش هاودەنگ بۆ خۆتان ڕابوێرن.

وتم هاویشتیانە ژوورەوە نـەك هـەر لەبەرئـەوەی پاڵیـان پێوەنـا، لەبەرئـەوەش کـە وەك پەلاس کەوتە زەوی، چراکەم هەڵکردەوە لە کابرای هاودەنگم چوومە پێش ، گوێم لە مشـە مشی بوو زانیم کە نەمردووە، بە بیرماهات ئەمە جاسووس نەبێت بە فێڵ هێنـا بیانەتـە لام بۆ ئەوەی قسەم لێ دەربهێنێ) (ژانی گەل، ل١١٠). وا هەست دەکرێت گومان باڵێکێشـابێت بـە سـەر دڵ و دەروون و بیرکردنـەوە و ڕەفتـاری زینـدانییان، تەنانـەت لـە هـاودەنگ و هاوخەباتیشیان گومانی خراپ دەکەن، و کەوتوونەتە دۆخێکی ئەوهاوە و باوەڕێکی ئاوایان لە لا دروست بوە کە بەرد و دار و دیوار گوێی بـۆ قسـە و ئاخاوتنـەکانی ئـەوان ڕادێـراوە و شۆفاری و هەواڵگری بەسەریانەوە دەکەن. دوژمنان و داگیرکـەران کاتێـك خـاکی میللـەتێك داگیردەکـەن و تـەنگ بـە خەڵکەکـەی هەڵدەچـنن، زینـدان و بەندینخانـەکان دەبێتـە شوێنێکاتێکی سەخت و دژوار بۆ ئەوەی خەباتکەر و شۆڕشگێڕانی تێدا گومناو بکـەن و لـە خـەڵك و کـەس و کاریـان بشـارنەوە و شـوێنبزریان بکـەن. (....ئەوانـەی هێنرابـوون بـۆ ژوورەکەی ئێمە، پیرۆت و باوەیس و مەریوان، سێ سەرکردەی قارەمانی پـارتین. دڕەنـدە جانەوەرکان حوکمی هەڵواسینیان داون ، ئێستەش بەم شەوە هێناویانن بۆ ئەو زیندانە کـە لە سەرێکەوە لە کۆمەڵانی خەڵك بیانشارنەوە و لە سەرێکی کەشەوە لـە شـوێنێکی قـایمی نهێنیدا بەندیان بکـەن. تـا ڕۆژی هەڵواسـینیان) (ژانـی گـەل، ل١١٤). ئـەوەی سـەرکردەی خەباتکەر و شۆڕشگێڕان بێت کاتێك دەستبەسەر دەکرێت و دواتر بۆ هەمیشـە لـە زینداندا دەهێلدرێتەوە، دوژمنان و داگیرکەرانی وڵات و نەتـەوە دڵنیـان هـەر بەمـە ئـاو ناخواتـەوە، بـەڵکو تـا ئـەو سـەرکردە خەباتکـەر و شۆڕشـگێڕانە لـە زیندانـە ئەنگوستەچـاوەکان و سەختەکان لە سێدارەنەدەن وازنـاهێنن، دەیانـەوێت لـە ڕێـی هەڵواسـین و لـە سـێدارەدانی سـەرکردەکان کۆتـایی بـە ڕاپەڕینـەکان بهێـنن و گـڕ وکڵپـەی شـۆڕش خـامۆش بکـەن و دایبمرکێننەوە . ((جوامێر)) و هاوڕێکانی زیندان و دەرهاویشـتە هـەرە خراپـەکانی زینـدان دەبێتە بەشییان، کەچی لەولاوە خەڵکانێك لە ڕێی شـۆفاریی سـیخوڕیی و ماستاوچـێتیی و مەرابیکەرییـەوە پلـە و پۆسـت وەردەگـرن لـە کاتێکـدا نەخوێنـدەوارن بـە هـیچ شـێوەیەك شـایەنی ئـەوەنین ئـەم شـوێنە هەسـتیارانە بـە پلـە و پۆسـتەکانی ئـەمان پـڕ بکرێنـەوە،

سەرەڕای ئەمانەش دەکرێت ئەمجۆرە کەسانە لە سەر حسێبی شـەرەف و ناموسـی خـاو خێزانییان، یاخود کەسانی تر لەم شوێنانەدا خۆیان قایمتربکەن (سەیرە! ژنەکـەی و ئـەڵێ مەجید ئێستە مودیری بانقە. تێ ناگەم لە کاتێکا مـاڵ نییـە یـەکێکی گـیراو یـا کـوژراو یـا هەلاتوونـەبێ، نەخوێنـدەوارێکی وەکـو مەجیـدی خـزمم چـۆن ئـەکرێت بـە مـودیری بـانق؟ بێگومان جاسووییان بۆ ئەکات. ئەی چی! هەر ئـەبێ وابێـت! وەسمـان کـەوا هێشـتا هـەر سێبەری بزە مانادارەکە بە سەر لێویەوە مابوو، سـەری داخسـت و دیسـانەوە هـیچ قسـەی نەکرد. جوامێر بە سەر سوڕمانێکەوە وتی:

– ئـەوە چـیتە هـیچ قسـە ناکـەیت، بـزانم دەمـت بـوو بـە تەڵـەی تـەقیوو، چـییە، لـە بەرجاسووسی نەکراوە بە مودیری بانق، ها؟ وەسمان زۆر لە سەرخۆ وتی: – نەو! – ئەی لەبەرچی؟ کەواتە ئەیزانیت.

– لەبەر گەوادی، قوربان! ئەم قسەیەی وەکو تێسکەی تفەنگ هاویشت و لێی دا ڕۆیشت.

کە جوامێر کەوتە ڕێ بەرەو ماڵی پوورە خەجاوی هەر سەری با ئەدا. لە پاشا بە ڕقێکـەوە تفێکی کردە ئەرزەکە و وتی: – کەریمی هاوڕێی بەندیخانـەم بـە درۆی نـەبوو کـە هەمیشـە ئەیوت: (ئەمڕۆ ڕۆژی گەوادە...!) (ژانـی گـەل، ل١٢٩ ، ١٣٠). بەنـدی و زینـدانییان، دوای ئازادبوونیشیان لە زیندانی داگیرکەران هەمیشە گیر دەخۆن بەو ڕۆژگارەی، کە بە ناخۆشی و ئازاردان بەسەریانبردوون، نەهامەتی و بەدبەختی و کڵۆڵی دیسـانەوە دوای ئـازادبوونیش ژیانیان لێداگیر دەکات وەك دەڵێن: ((بـەردێك لـە ئاسمـان بەردەبێتـەوە بـە سـەری ئـەوان دەکـەوێت)). لـە هـەمووی بـە ئـازارتر و بـە سـوێتر زیندانییـەك دوای چـەندین سـاڵ ژیـان بەسەربردن لە کونجە تاریکەکانی بەندیخانە کاتێك ڕزگاری دەبێت لە چـنگی داگیرکـەران و بە مەبەستی سۆراغی ماڵ و منداڵەکانی ڕێیەکی دوور دەگرێتەبەر، لەلایەن شۆڕشگێڕان بـە شۆفار و خۆفرۆش لە قەڵەمدەدرێت و ، گومانی ئەوەی لێدەکەن نۆکەرێکی داگیرکـەربێت و ئامـانجی ئـەوە بێـت هـەواڵگری بـە سـەر شۆڕشـگێڕانەوە بکـات، بۆیـە شۆڕشـگێڕانیش هەڕەشەی کوشتنی لێدەکەن (هیچ مانای نییە گوێ بگرین لەم قسە قۆڕانە. ئێستە لای مـن هیچ گومانی تیا نەما کە ئەم کابرایە جاسووسە. ئەڵێن کورد بدوێنە شەرعی خۆی ئـەکات! ئەڵێ بەندی بووم تازە بەردراوم، بۆیە بەردراوە کە جاسووسی بـۆ مـیری بکـات. ئـەگینا چ

بەندییەکی خۆنەفرۆشی نیشتمانی هەیە دوای دە ساڵ زیندان میری بیهێنێتەوە بۆ ئێرە، بۆ ناو جەرگەی شۆڕش! یاڵلا دەی ئەیبەن بیبەن و ئەیکوژن بیکوژن). (ژانی گەل، ل١٥١).

لـە دواجـاردا ((جـوامێر))ی نێـو زیندانـەکانی داگیرکـەر دوای ئازادبوونیشـی زینـدان و بەندیخانە دەبێت بە بەشی، بۆیە ئەمجارەیان لەلایەن شۆڕشگێرانەوە دەگیرێت و زینـدان و بەندیخانەکانی شۆڕشگێڕانیش بەسەردەکاتەوە و تاقیدەکاتەوە، وا خەریکە دادگایی بکـەن و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەشی لەگەڵ ئەنجامبدەن (....تۆ پێم بڵێ کەی پرسیارم لێ ئەکەن و ڕزگارم ئەکەن؟ بەشکو بچم هەواڵێکی ئەو مناڵەم بزانم. خێرتان ئەگات لـە ڕێ ی خـوادادا خۆ ئێوە کوردن! کوڕەکە بەبێ ئەوەی نقـە بکـات چـووە دەرەوە و دەرگاکـەی لـە پشـت خۆیەوە داخستەوە. جوامێر خەنجەرت لێ بدایە خوێنی لێ نەئەهات. کەچی ئەوەندەی پێ نەچوو کوڕەکە گەڕایەوە هەروا لە دەرگاوە پێی وت:

– پرسیم ئەڵێن دوو ڕۆژی تر لێکۆڵـەرەوە دێـت بـە تایبـەتی بۆمەسـەلەی تـۆ، ئەگـەر ئـەو نەهات تۆ ئەنێرین بۆ لای) (ژانی گەل، ل١٥٤). ((جوامێر))ی کارەکتەری سـەرەکی ڕۆمـانی ((ژانی گەل)) بۆتە مرۆڤێك هیچ بستێکی ئەم زەمینەی دنیاپان و بەرینە لە خـۆی ناگرێت، تەنیا و تەنیا زیندانەکان نەبێت، جا ئەو زیندانەی کە ئەوی تێدا بەند دەکرێت دژی ڕەوتـی ئەو بێت، یاخود لەگەڵ ڕەوتی ئەو دا بێت. دەشێت بڵێین: ئەمە گوزارشتە لە مرۆڤی کورد، یا لە نەتەوەی کورد کە بە درێژایی قۆناغەکانی مێژوو ئازار و چەرمەسەری زۆری بینیووە و بەردەوام داگیرکەران ڕووبەڕووی چارەنووسێکی سـەخت و ڕەشـیانکردۆتەوە، هەمیشـە لـە هەوڵی ئەوەدا بووینە بە هیچ شێوەیەك بەخت و تاڵعی یاوەری نـەبێت و ، بـەرەو هەڵـدێری بـەرن و لـە هـیچ شـوێنکاتێکدا نەگیرسـێتەوە و بێئـوقرەیی ببێتـە بەشـێکی زۆر لـە ژیـانی زیندانییـەکان دوای بەنـدکردنیان لـە لایـەن دەسـەڵاتی داگیرکەرانـەوە کۆمـەڵێك شتیشـیان لێزەوت دەکرێت و دەستیبەسەر دادەگیرێت و لە لایەن میرییەوە گلدەدرێنـەوە. سـەرەڕای لـە کۆمـەڵێك مـافی مەعنـەوی بێبـەش دەکـرێن، لەگـەڵ ئەوەشـدا مافـە ماددییەکانیشـان لێدەسەنرێتەوە. (بەیانی کە جوامێر چووە بنج و بناوانی مەسەلەی جـێ خانووەکـەی بـۆی دەرکـەوت ئـەو حیجـزەی خراوەتـە سـەری لانـەبراوە هێشـتا. ئـەویش بـە بێـدەنگ ئـەرز و حـاڵێکی دا بـە کاربەدەسـتان تیانووسـی، کـەوا لەبەرئـەوەی مـاوەی زینـدانی کردنـی تەواوکردووە داوا ئەکات کـە حیجـز لـە سـەر شـوێن خانووەکـەی لا ببرێـت بـە تایبـەت کـە

ئەیەوێت بیفرۆشێت و لەم شارە بگوێزرێتەوە بۆیـە کـێ لـە شـارەکانی خـواروی ولات، وە داوای لە کاربەدەستان کرد کە ئەوان بە ئارەزووی خۆیـان شوێنەکەشـی بـۆ دیـاری بکـەن) (ژانی گەل، ل١٧٣). تەنانەت زیندانییەکان مافی ئەوەیان نییە بە ویست و بژاردەی خۆیـان ڕووبەڕێکی دیاریکراوی بچووکی ولاتەکەشیان بۆ گوزەراندنی ژیانیان هەڵبـژێرن، مەگـەر بـە ڕەزامەندی دام و دەزگاکانی شۆفاریی و هەوالگریی و ئاسایشییەکانی داگیرکـەران نـەبێت . زیندانییانی سیاسیی، یاخود ئەو زیندانییانەی کە تۆمەتی سیاسییان بـۆ هەڵدەبەسـترێت و لـە تـەك ئەمەشـدا کۆمـەڵێك تۆمـەتی تریـان دەخەنـە پاڵیـان، لـە سـەروبەندی گـیران و بەنـدکردنیان بـۆ ماوەیـەکی نادیـار لـە لایـەن فەرمانـدارانی زیندانـەوە دیـتن و دیـدار و چـاوپێکەوتنیان لێقەدەغـە دەکرێـت و ، هـیچ کـەس بـۆی نییـە بیانبینێـت و سـۆراغیان بپرسێت، لەمەش خراپتر هیچ کەس نازانێت شـوێنی زیندانەکـەیان دەکەوێتـە کـوێی قـەلای سەختی داگیرکەرانەوە. (کە تۆ گیرات کەس نەیزانی لە کوێیت وچیت بە سـەر هـاتووە. لـە پـاش شـەش حـەوت مانگێـك هـەوڵ و تەقـەلا و تکـا توانیمـان شـوێن و بەندیخانەکـەت بدۆزینەوە، ئەویش بە یارمەتی خزمێکی دووری دایکی داراوە کە لەو شارە قۆمیسەر بوو کە تۆی لێ گیرابوویت. نەك هەر تۆشمان لـە پـاش ملـە پـێ ناسـاند و دەسـتەبەربوو کـە هـەر چۆنێك بێت نامەیەکمانت بگەیەنێتێ، چونکە ئەوسا قەدەغـەبوو مـاوەی کەسـیان نـە ئـەدا پەیوەندیتان پێوە بکـات) (ژانـی گـەل، ل١٨٢). لـە بـارودۆخێکی ئـاوادا هـەر زیندانییەکـە ئازارێکی سەخت و قورس نادرێت، بـەڵکو خـزم و کەسـوکارەکەی و دەوروبەرەکەشـی بـەم هۆیەوە ئازار دەچێژن. زیندانییان بە هۆی ئەوەی هەر لە دنیای داخراوی نێو زینـدان ژیـان دەگوزەرێنن و بێئاگا و بێهەواڵن لە دنیای کراوەی دەرەوەی زیندان، گەلێجار لە لایەن خزم و کـەس و دۆسـت و خۆشەویسـتانیان قسـەی ناڕاسـتیان بـۆ دەنێـرن ، بـە واتایـەکی تـر زیندانییان لە لایەن کەسانی تری دەرەوەی زیندانەوە درۆی سـپییان لەگەڵـدا دەکرێت کـە هیوا و ئاواتی گەورەی لە سەر هەڵبچنن ئەمەش بەو مەبەستەی لە شوێنێکی وێرانـەی وەك زیندان زێتر ناخۆشی و ئازار و ئێش نەچێژن و، هەر هیچ نەبێت بۆ ماوەیەکی کاتیش بێـت ئەم درۆ سپیانە گیان بە بەریان دابکات و ، ورە بەر نە دەن و خۆڕاگری زیاتر بنوێنن. (کە هاتمە سەر نامە نووسین سەرم سوڕما چیت بۆ بنووسـم؟ چ دڵخۆشـییەکت بدەمـەوە؟ چـی هەیە پێت بڵێم و شێت و هارت نەکات؟... هات بـە بیرمـا لـەو شـەوەزەنگەی ژیانـت مـۆمێ

داگیرسێنم ترووسکایی بخاتە تاریکستانی زیندانەکەتەوە، هیوایەکت بدەمە دەست بە درێژایی سالانی بەندیخانە کاوێژی پێوە بکەیت و خەوی پێوەببینیت، هیوایەك بۆی بمێنێ و خۆتی بۆ هەلگری. دامنا ئەوەت بۆ بنووسم کە نووسیم (کالێ کورێکی جوانی ئێسك سووکی بووە ناومان ناوە هیوا) ئەمە سەرەتای درۆکەم یان درۆی یەکەمم بوو) (ژانی گەل، ل١٨٢). ئەمجۆرە درۆیە و چەندین درۆی تری سپی لەگەڵ زیندانییان دەکرێت، بەلام ئەمانە چارەسەری یەکجارەکی حالی زیندانیی ناکەن، بەلکو ئەم درۆیە سپیانە لە داو و دەرمانێکی ئازارشکێنی کاتی دەچن . بۆ نموونە ((جوامێر))ی زیندانیی لە ماوەی دە سالی مانەوەی لە زینداندا هەر بە خێزانەکەی ((کالێ)) و مندالە هەر نەبووەکەی ((هیوا))، چرکە و خوولەك و کاتژمێری پێکەوە ناوە و ، شەو ڕۆژی لێبووەتەوە، لە کاتێکدا ئەمانە مالئاوایی یەکجارەکیان کردووە و ئەمیش وێلە بە دوای ئەم مالئاواییەوە. کاتێك خێزانەکەی ((جوامێر))ی زیندانییکراو ژانی مندالبوون دەیگرێت، وا ڕێککدەکەوێت گەلیش ژانی گرتووە بۆ ئەوەی هیوا و ئازادی بەر بگرێت و خۆپیشاندان و ڕاپەڕین سەرلەبەری شاری تەنیوەتەوە، بۆیە چارەڕەش و شوومی ((جوامێر)) لەوەدایە دەکەوێتە نێو ئاپۆڕەی خۆپیشاندەرانەوە، ئەم بۆچی هاتووە ؟ تووشی چیبووە ؟ ئەو بە دوای کورتترین و ئاسانترین ڕێگەدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی مامانێك بهێنێت خێزانەکەی نەجاتبدات، کەچی ژانی گەل و ژانی خێزانەکەی لە دلیدا دەبێتە خەم و کەسەرێکی گەورە، داگیرکەران نە دەهێلن گەل هیوا و ئازادی و سەربەستییەکی لەم ژانەدا بووبێت، نە دەشهێلن خێزانەکەی هیوایەکی ببێت، چونکە ((جوامێر)) لەم چرکە ساتە ناسك و هەستیار و پڕ لە سۆز و کولە بە گوللەیەکی وێلی داگیرکەران دەپێکرێت و دواتر بریندار دەبێت و ئینجا بە برینداری بۆ ژوورە تاریکەکانی لێکۆلینەوە و توێژینەوەی دام و دەزگا شۆفارییەکانی داگیرکەر دەبردرێت و ، حوکمدان و حوکمکردنی بۆ ماوەی دە سال لە یەکێك لە قەلا سەخت و دژوارەکانی دوژمنان و داگیرکەران دەبێت بە بەشی ژیانی. (بەلێ کاکە جوامێر کالێ مرد، بەلام بە سەر منالەوە، خۆی و کورەکەی هەر ئەو ڕۆژە مردن کە تۆی تیا بریندار کرایت. بێگومان گوناهکاری گەورە و سەبەبکاریش لە مردنیانا ئەو دوژمنە زۆردارە خوێنخۆرەیە کە تۆی بە ناهەقی ناگوناه بریندار و حەپس کرد و ئەوانی بەو حالە هێشتەوە و هاتوچۆی تیا قەدەغەکرد). (ژانی گەل، ١٨٣ دوا لاپەرە). بێگومان گیان و جەستەی هەموو

هاونیشتمانییانی نیشتمانێك بە یەكترەوە شەتەكدراوە، پێكانی یەكێكیان زیـان بـە ئـەوانی تر دەگەیەنێت و، بە شێوەیەك لە شێوەكان دەیانپێكێت جا ئەم پێكانـە دەسـتە جەمعییـە ڕاستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ، زووبێت، یاخود درەنگ، كاری خۆی دەكات و لێكەوتـە و جێكەوتەی خراپ ئەنجامەكەی دەبێت. بۆ نموونە سەرەڕای ئەوەی ((جوامێر)) بۆتـە نیـوە مرۆڤ بە هۆی بریندار بوون و ئازار و ناسۆرییەكانی زیندان و دواتر چاودێریكردنی لە لایـەن دوژمنانـەوە، خێزانـە دوو گیانەكەشـی ، گیـانی ((كـاڵێ))ی خێزانـی و گیـانی كوڕەكـەی ((هیوا)) هەر نەبوو، دەبنە قوربانی ستەم و زۆرداری و دڵڕەقیی لە ڕادەبەدەری نامرۆڤانەی داگیركەران. بۆیە جێی خۆیەتی بڵێین ژانی دایكێـك ئەوەنـدە قوربـانی گـەرەك بێـت، ئـاخۆ دەبێت ژانی گەلێكی هەمیشە چەوساوە چـەند كـەڕەت بـە قـەد ژانـی ئـەم دایكـە قوربـانی پێویست بێت.

## ئەنجام

بە شێوەیەكی گشتی لـە ڕابـردوودا، كـە چـەمكی زینـدان و زینـدانییان باسـیان لێـوەكراوە لەلایــەن لێكۆڵــەر و ڕەخنەگرانــەوە ئــەم دوو چــەمكە تــەنیا بــە چــەمكی ((شــوێن))ەوە پەیوەستیان كـردوون ، وەك پێویسـت بـە چـەمكی ((كـات))ەوە پەیوەسـتیان نـەكردووە، كەچی هەم ((زیندان)) و هەمیش ((زیندانیی)) بەشوێنكاتەوە شەتەكدراون.

كە باس لە بەرهەمی ئەدەبیی زیندان دەكرێت مەرج نییە ئەم بەرهەمە ئەدەبیە تەنیا لە نێو زیندانەكاندا نووسرابن و ئەدیبەكەش دەبێت ئەم ئەزموونەی دیبێت و ئەم قۆناغەی بڕیبێـت ، بەڵكو هەندێكجار بەرهەمە ئەدەبیەكە ئـەو كاتـە بەرهـەم دەهێنـدرێت، كـە ئەدیبەكـە لـە زینداندا ڕزگارییبووە و لە قۆناغی دوای زیندان بەرهەمەكە دەنووسێت، كاتێـك ئـەدیبێكیش زیندانیی نەكرابێت ئەمـەی ئـەوە ناگەیـەنێت، كـە ئـەم ئەدیبـە ناتوانێـت خـۆی لـە قـەرەی بابەتێكی ئاوادا بـدات، بـەڵكو ئەمـە شـتێكی خودییـە و دەوەسـتێتە سـەر توانـا و بڕسـتی ئەدیبەكە كە چۆن دەتوانێت دەست و پەنجە لەگەڵ بابەتـە جیاوازەكـان نـەرم بكـات و لـە بەرهەمەكەی بیمەزرێنێت و ڕەنگیپێبداتەوە.

زینـدان شـوێنكاتێكە گوزارشـت لـە هـەموو ناخۆشـی و ناسـۆری و نەهامـەتی و نائومێـدی وئازارەكانی ژیانی مرۆڤ دەكەن بە واتایـەكی تـر هـەموو سـەختی و دژوارییـەكان لـە ژیـانی

زیندانییاندا چڕ دەکرێنەوە، بەڵام بەشێکی زۆری ئەدیبان لە توانایـان دایـە ئـەم بارودۆخـە تـەواو نەرێییـە، بـە بـارودۆخێکی ئـەرێنی بگـۆڕن و زینـدان بکەنـە خـاڵی وەرچـەرخان و هەستانەوە و سەرکەوتن هەم بۆ خۆیان و هەم بۆ نەتەوەکەیان.

ئەو ئەدیبانەی کە لـە بـارەی زیندانـەوە بەرهـەمیان هەیـە، کـەم تـا زۆر ڕۆڵـی گـرنگ و پـڕ بایەخیان لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی بینیووە، ئەو واقعـەی تاڵـەی کـە مرۆڤـی کورد چەشتوویەتی لە سەر دەستی داگیرکەر و ڕژێمە یەك بـە دوای یەکـەکانی عێـراق، کـە مرۆڤی کوردی هەمیشە گیرۆدەی جەور و ستەم و زۆرداری کردووە.

نووسـەرانی کـورد کاتێـك بابـەتی زینـدان دەکەنـە چـەقی بەرهەمـەکانیان و ، تێـڕوانین و بیرکردنەوەکانیان، ئەوا بۆ ئەوەی زێدەتر ئامانجەکان بپێکن و بە ڕوون و ڕەوانی گوزارشت لە خۆیان و نەتەوەییەکەیان بکـەن، پـەنایان بـۆ ڕیـالیزم بـردووە و بێجگـە لـەم قوتابخانـە ئەدەبییە پەنایان بۆ هیچ قوتابخانە و ڕێبازێکی دی ئەدەبیی نـەبردووە، بێگومـان ئەمـەش زیاتر پەیوەستە بە سروشتی بابەتێکی پڕ هەستیاری وەك زیندان، کـە سـەرودەری لەگـەڵ کۆمەڵێك بابەت و بواری دی ڕیالیستی هەیە.

کـە بـاس لـە زینـدان دەکرێت، دەبێـت هاوکـات بـاس لـە دەسـەڵاتیش بکرێـت، بەتایبـەت دەسەڵاتێکی ستەمکارانەی پاوانخواز کە هـیچ ڕووبـەر و پانتاییـەك ناهێڵێتـەوە بـۆ ئـازادی ڕادەبـڕین وئـازادی مرۆڤـەکان ...هتـد، بۆیـە نـە زینـدان بێدەسـەڵاتێك دەبێـت و نەدەسەڵاتێکیش بیٚ زیندان دەبێت، ئەم دەسەڵات و زیندانەش ترس و تۆقان و توندوتیـژی و سزا بەسەر مرۆڤە بێگوناهەکاندا دەبەخشنەوە.

ئـەو مرۆڤـەی لـە پێنـاو ئامـانجێکی بوێرانـە زینـدانیی دەکرێـت، یـاخود هەڵوێسـتێکی بـە ئەمەکانەی لە پێناو نەتەوەکەی نواندووە، بە هەموو مانا و پێوەرێك کەسێکی قوربانیدەرە و دەست لە ملانێی مەرگ دەکات و گەلێجاریش لە پێناو هێنانەدی ئامانجـەکانی و نوانـدنی هەڵوێستە مرۆڤایەتییەکانی شەهید دەبێت.

زیندانییان لە هەموو ڕوویەکەوە ئابلۆوقە دەدرێن و زۆربەی شتەکانیان لێقەدەغە دەکرێت، بۆیـە دەرچـوون لـە بـارودۆخێکی ئـاوادا زۆر ئەسـتەمە، بـەڵام زینـدانییان بـۆ ئـەوەی ئـەم بارودۆخە ترسناکە تێپەڕێنن پێویسـتە پێبـەپیٚ ئابلۆوقـەکان بشـکێنن و جێگرەوەیـەك بـۆ قەدەغەکراوەکان بدۆزنەوە.

بـە وردی لـە ڕۆمـانی "ژانـی گـەل"دا بـڕوانین، دەبیـنین ڕۆمـاننووس توانیوویـەتی زۆر سەرکەوتووانە مەسەلەی زیندان و پرسی زیندانییان بەرجەستە بکات ، هـەر لـە سـەرەتای دەستپێکی بەرهەمەکەیدا توانیوویەتی دەرگایەکی گەورە لـەم بارەیـەوە بـە ڕووی خوێنـەر ورەخنەگراندا بکاتەوە.

گەر ڕۆمانی "ژانی گەل" وەك یەکەمین ڕۆمانی کوردی سەیر بکەین دەتوانین لـەم ڕۆمانـەدا لـە ڕووی نـاواخن و بابەتـەوە ئـەم بەرهەمـە بخەینـە چوارچـێوەی ئـەدەبی بـەرگری و بەرەنگاربوونەوە و زیندانەوە ، خودی ڕۆمانووسیش یەکێکە لە زیندانییانی سیاسی و دوای قۆناغی زیندانیکردن بە تێپەڕبوونی نزیکەی چارێکە سەدەیەك ئەم بەرهەمەی نووسیوە.

ڕۆماننووس بەهۆی کـاری سیاسـیی و ڕۆژنامەنووسـیی و خـەباتگێڕیی و شۆڕشـگێڕییەوە ، خودی خۆی یەکێکە لە زیندانییان و ، بەدیاریکراویش زیندانیی سیاسیی بووە .

ئـەو بەرهەمـە ئەدەبییانـەی لـەبارەی زینـدان و زیندانییانـەوە نووسـراون، گـەلێکییان ڕەنگدانەوەی ژیانی خودی نووسەرانن ، بەمەش دەتوانین بڵێین بەرهەمی ئەدەبیی بابـەتی زیندان و زیندانییان بە چەشنێك لە چەشنەکان گوزارشتن لە ژیاننامەی خودیی .

لەپاڵ بەرهەمە ئەدەبییەکانی بابەتی زیندان و زیندانییان ، بەرهەمی ئەدەبیی نامەنووسیی بوونیان هەیە ، بۆیە جێی خۆیەتی بڵێین شوێنکاتی زیندان خـاڵێکی یـەکتبڕە لـەنێوان ئـەو بەرهەمانەی لەبارەی زیندان و زیندانییانەوە نووسراون ، ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی دەچنە خانەی ئەدەبیی نامە نووسییەوە .

## سەرچاوەکان

دەقی پڕاکتیزەکراو : ژانی گەل، ئیبراهیم ئەحمەد، چ٥ ، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

سەرچاوەکان بە زمانی کوردی :

- دەستپێك لەچیرۆکی کوردیدا، ئارام سدیق، یانەی قەڵەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٢.
- ژانی گەل، ئیبراهیم ئەحمەد، چ٥ ، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.
- وتارناسی، سالار عوسمان، چاپخانەی دار المعرفه، بیروت ، لبنان، ٢٠٠٩.

### سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی :

- أدب السياسة و سياسة الادب، سوزان بينكني شيتكيفيتس،ت:حسن البنا عزالدين والمؤلفة، ١٩٩٨.
- الأسس النفسية للابداع الفني في الشعر الخاصة، ط٥، مؤسسة الاقلام، مصر، ٢٠٠٩.
- أسئلة الثورة، د.سلمان العودة، مركز نماء للبحوث و الدراسات، بيروت، لبنان، ٢٠١٢.
- أصول النقد الادبي، أحمد الشايب، مكتبة النهضة المصرية، ط٨، ١٩٩١.
- الالتزام في الشعر العربي، أحمد أبو حاقة، دار العلم للملايين، بيروت، لبنان، ١٩٨٩.
- تاريخ الادب الاندلسي عصر الطوائف و المرابطين، احسان عباس،ط٩، دار الثقافة، بيروت،١٩٩٢.
- الثورة و الأدب، عطية سليمان عيسى، مطبعة المعرفة، مصر، ١٩٩٠.
- الحرب العالمية الأولى، نيل. م.هايمان، ت: حسن عويضة، هيئة أبو ظبي للسياحة،مصر، ٢٠١٢.
- الحبسيات في الشعر العربي، سكينة قدورة، جامعة منثوري، قسنطينة، الجزائر، ٢٠٠٦.
- الزمن في الادب، هانزمير هوف، ت: السعد زروق، مؤسسة سجل العرب، ١٩٧٢.
- السلطة الثقافية و السلطة السياسية، علي أو مليل، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، لبنان، الطبعة الثانية، ١٩٩٨.
- سنة الاولى سجن، مصطفى أمين، دار النشر اليوم، القاهرة، مصر، ٢٠٠٣.
- سيكولوجية أسير العرب، جان كازانوف، ترجمة عدنان سبحي وخليل شطا، دار دمشق، ١٩٨٣.

- شعر الاسر و السجن، بسيم عبدالعظيم عبدالقادر ابراهيم، مكتبة الخانجي، القاهرة، مصر، ١٩٩٥.
- الصوت و الصدى في القصة السورية الحديثة، عصمت الرياض، دار الطبعة، بيروت – لبنان، ٢٠٠١.
- في النقد الادبي، د.إيليا الحاوي، دار الكتاب اللبناني، بيروت، لبنان، ١٩٩٠.
- في النقد الادبي، شوقي ضيف، دار المعارف، القاهرة، مكتبة الدراسات الادبية، ١٩٨٩.
- في قضايا الشعر العربي المعاصر، محمود أمين وآخرون، تونس، ١٩٨٨ .
- قضايا الشعر العربي المعاصر، ريتا عوض، منظمة العربية للتربية و الثقافة والعلوم، تونس، ١٩٨٨.
- قطار التقدم، أ.د.عبدالكريم بكار، مؤسسة الإسلام اليوم، الرياض، المملكة العربية السعودية، ٢٠١٢.
- لذة القراءة في أدب الرواية، أيمن الغزالي، دار نينوى للدراسات و النشر و التوزيع، دمشق،٢٠٠١.
- موسوعة العلوم السياسية، اسماعيل صبري وآخرون، جامعة الكويت، الكويت، ١٩٩٤.
- النقد و الدراسة الادبية، حليمي مرزوق، دار النهضة العربية، بيروت – لبنان، ١٩٨٢.
- هجوم على العقل، آل جور، د.نشوى ماهر كرم الله، مؤسسة العبيكان و كلمة، المملكة العربية السعودية، ٢٠٠٩.

# چەمکی باوکسالاری

## لە رۆمانی"ژنیك بەسەر منارەوە"ی شێرزاد حەسەن دا



**شێرزاد حەسەن**

# پێشەکی[1]

باوکساری وەکو زاراوەیەك مێژوویەکی کۆنی هەیە،بە پێی چەمکی کۆمەلاّیەتی و رۆژگار گـۆڕانی بەسـەرداهاتووەو رەهەنـدی سیاسـی و کۆمەلاّیـەتی و دەروونـی و ئـابووری گرتۆتەوە.ئەم لێکۆڵینەوەیەهەوڵدانە بـۆ خوێندنـەوەی رۆمـانی (ژنێـك بەسـەر منـارەوە)ی چیرۆکنووس و رۆماننووس (شێرزاد حەسەن) مامەڵەیەکی هونەری لەگەڵ بنیـاتی رووداو و هونەرەکانی گێڕانەوەدا کردووەو گرێ دەروونی و ئاکامەکانی بەرجەستە کردووە. دنیابینی رۆماننووس لەمەڕ کلتووری باوکسالاری لە کۆمەڵی کوردەواری بە روونی دەرکەوتووە.

ئاسـتی هۆشـیاری و پێگـەی کۆمەلاّیـەتی ژن وەکـو بوونـەوەرێکی ناکـارا لـە کۆمـەڵی مرۆڤایەتی بەگشتی و بە تایبەتی لە روانگـەی کۆمـەڵی کـوردەواری و بـۆ ئـەم مەبەسـتەش رۆمانی ئاماژەپێکراو ئەو پێوەندییانە ئەو تێڕوانینانە بەرجەستە دەکەن.

## پاژی یەکەم: پێناسە و چەمکی باوکسالاری

کاتێك دایك دەسەلاّت لە دەست دەدات و بـاوك لـە کـۆی جومگـە سـەرەکییەکانی ژیانـدا دەسـەلاّت دەگرێتـەوە دەسـت، ئـەم وەرچـەرخانە سـەبارەت بـە نێرەکـانی کۆمـەڵ لـە دەستکەوتێك دەچێت، کـە بـەر لـەو وەرچـەرخانە خـەونییان پێـوە بینیـووەو ئـەم خـاڵی وەرچـەرخانەی لـە کودەتایـەك دەچـێت، کـە مەودایـەك نامێنێتـەوە بـەناوی دەسـەلاّتی دایکـەوە،(پاش کودەتـای پیـاو بەسـەر ژنـدا و هاتنەکایـەوەی کۆمـەڵی باوکسـالاری و دەستبەسەرداگرتنی ئابووری خێزان لەلایەن ئەمەوە، گـۆڕانێکی گـەورە لـە یاسـاکانی نێـو کۆمەڵ ڕوویـداوە و چـەمکی بـیری کۆمەلاّیـەتی گـۆڕاوەو هـەموو شـتێك خراوەتـە خزمـەتی سیسـتمی باوکسـالارییەوە. ئەمـەش زەمینـەی خۆشـکردووە بـۆ ملکەچـکردنی ژن و پاشبەندبوونی بۆ پیاو)([2]).

واتـە گـەر تـا دوێنـێ نێرەکـان پاشـکۆیەتی مێیـەکانییان قبـووڵ کردبێـت، ئـەوا ئێسـتا هاوکێشەکە تەواو پێچەوانە بۆتەوەو بەناچاری دەبێت مێیەکان پاشـکۆیی نێرەکـان قبـووڵ

---

[1]: بە هاوبەشی لەگەڵ د.کارزان محسن قادربەگ

([2]) ئەفسانە و پەندی کۆمیدی گاڵتە ئامێزی کوردی، د.نەجم ئـەڵوەنی، چـاپخانەی دارا، هـەولێر – ٢٠٠٧، ل١٨.

بکەن.دەشـێت ئەمـەش بـە کۆدەتایـەکی سیاسـی و سـەربازیی بچوێنین،چـونکە ئـەم کودەتایەی باوکسالاری توانی دەسەلأت و سیستمی سیاسی و ئابووری و کۆمەلأیەتی...هتد بگەیەنێتە لووتکە بۆ بەرژەوەندی خۆی.نێرەکان،مێیەکانییان بە پەراوێز خراوی هێشتەوە، ئەمەش مەبەست و ئامانجی نێرەکـانی تێـدابوو، لەبەرئـەوەی ئـەم مێیانـەش بەشـدارن لـە بەردەوامی ڕەگەزی نێرەکان، کاتێك نێرەکان بەم شـێوەیە دەسـەلأتییان گرتـە دەسـت لـە قۆناغی تۆڵەسەندنەوەدا بوون.

باوکســالاری وەك دیاردەیــەك، کــە بەشــێوەیەکی خــراپ بەســەر مێینــەکانی کۆمەڵــدا دەشکێتەوە، زیاتر لەنێو ئـەو کۆمەلأنـەدا بـاوە، کـە گوتـاری خێڵـەکی و ناوچـەیی بەسـەر گوتارێکی تـرەوە زاڵـە.بێگومان کـوردیش تـا ئێسـتا گوتـاری خێڵـەکی و ناوچـەیی تـەنگی بەهەموو جومگەکانی کۆمەڵ هەڵچنیووەو لەڕێی ئەم جۆرە گوتارانەوە کۆمەڵ ڕێڕەوەکـەی دیاری دەکرێت و ئاراستە دەکرێت، بۆ نموونە لەنێو کۆمەڵی کوردەواریشدا (ژن و ژنخـوازی لەنێو یەکدی و لەسەر ئاستێکی ئەو پەڕی بەرتەسکی پلـە و خانـە جوداکـانی هـۆزدا. ژن و ژنخــوازی لــەنێوان ئــامۆزا و بنئــامۆزادا، زۆر بــاوو لەپێشــە. ئــامۆزای کچــە دەتوانێــت بەربەرەکانێی گشت خواز بێنیکەرێك بکات و دژی بوەستێتەوە.گەر باب بخوازێـت کچـە بـە بێگانەیەك بدات، دەبێت جاریٚ پرس بە ئامۆزاکـانی بگـات و ئـەوان ڕازی بـن، بـەوە ئـەوان دەستبەرداری مافی لە پێشتی خۆیان دەبن)([1]).تەواو هەست بەوە دەکەین، کە مێینەکانی کۆمەڵی ئێمە بەشتومەك و بەکالأکراون، واتە شۆراونەتەوە، لە گەلێك ئەدگار و تایبەتمەندی مرۆڤانەی خۆیان بەدەرن،کاتێك مێینەیەك دەیەوێت هاوسەرگیری پێکبێنێت خاوەنداری بـۆ پەیدا دەبێت و ئەم خاوەندارانەش هەریەك و دووان نین، بەڵکو دەشێت زۆر زیاتر بن، ئـەم خاوەندارانەش خۆیـان لـەباوك و بـراو ئـامۆزاو بنئـامۆزا و کـوڕە پـور و ....هتـد دەنـوێنن، ئەمــەش دواکــەوتوویی و چەقبەســتوویی عــەقڵی نێرینەکانە،ئــەم عەقڵــە دواکــەوتووەو چەقبەستووەی نێرینەکانیش،عەقڵێکی زۆر ناساغ و ناتەندروستی پاڵپشتی دەکات ئـەویش عـەقڵی (بێعـەقڵی) خێڵگـەرایی و ناوچـەییە،کە بـە چـاوێکی سـووك تەماشـای مێینـەکانی دەوروبەری خۆیان دەکەن،چۆن بۆیان بلوێت ئاوا بەکاریان دەهێنن.

---

([1]) ئاغا و شێخ و دەوڵەت، مارتین ڤان برونسـن، وەرگێڕانـی کـوردۆ عـەلی، ب١، چ ٢، دەزگـای سـەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٦٧.

تاکەکانی کۆمەڵ لەسەر ئەوە کۆکن، کە خودی قانوونەکان بۆ ئەوە دانراون تا خزمەت بە بەرژەوەندی و مافەکانی مرۆڤ بکەن و کاتێك مرۆڤێك بەرامبەر مرۆڤێکی تر کەتن و تاوانێکی کرد لـەڕێی قانوونـەوە مـاف بـۆ مرۆڤـە مافخوراوەکـە بگەڕێتـەوە، بـەڵام لێرەدا دەبیـنین قانوونێکـە خـۆی لەخۆیـدا بێلایـەن نییـەو لایـەنگیرەو ڕەنگدانـەوەی دیـدو بۆچـوون و بیرکردنـەوە و هزریـی ئـەو کەسـانەیە، کـە قانوونەکـە دادەڕێـژن و دەیخەنـە بەردەسـتی دەسەڵات. مەبەستمان ئەوەیـە کاتێـك کۆمـەڵێکی باوکسـالاریی بانگەشـی یەکسـانی نێـوان هەردوو ڕەگـەز دەکـات،چ مانایـەك بـۆ ڕەگـەزی مێینـە دەهێڵێتەوە،لـە کاتێکیشـدا خـودی قانوونەکە بە عەقڵیەتێکی نێرسـالارانە داڕێـژراوە.بۆ نموونـە: کـە بـاس لـە قـانوونی تـەڵاق دەکرێت (ئامانجی سەرەکی لە قانوونی تەڵاق، پاراستنی لایەنێکە لـە ڕەفتـاری تەحـەمول نەکراوی لایەنەکەی تر، جا پێودانگی دڵڕەقی لەوەدا دەبێت،کـە ڕەفتارەکـە هێنـدە خراپـە ناکرێ داوا لە لایەنەکەی تر بکەین تەحـەمولی بکـات، هـەر کـاتێکیش ئـەم تـەرزە ڕەفتـارە سەلمێنرا، گرنگ نییە ئاراستەی لایەنەکی دی کرابێت، یانەکو دەرەنجـامی بـێ بـاکی، یـان خۆ پەرستی، یان تەمبەڵی بووبێت !)([1]).

ئەو کۆمەڵانەی باوکساریان تێدا زاڵە زۆربەی ماف و ئازادییەکانی تاك لە ژنان زەوتکـراون و لەبەرامبـەر ئەمــەدا مــاف و ئــازادی پیــاوان هــی خۆیــان وەرگرتــووەو هــی ڕەگــەزی بەرامبەریشیان خواردووە، سەرەڕای ئەمەش ماف و ئـازادی ژنـان لـە کۆمـەڵی نێرسـالاریدا لەسەر و سیما و ڕووخسار و دیکۆری ژناندا چڕ بۆتەوە. بۆیە هەندێك پێیانوایە (کە ئـازادی ژن لە گۆشەنیگای بەرگ پۆشین و خۆهەڵخستن و دەرچوون لەو مەدارانەی کە تـا هەنووکـە پیاویشی لێ دەرنەچووە تەماشـا دەکـەن...کارو بەرهـەمهێنان سـەرنامەی تێهەڵێنانـەوەی ڕۆڵـی ژنانـە، کـە هـەر خۆیـان دەتـوانن شـیرازە و سیسـتەمێکی ڕاشـکاو و ڕووبینـی پـێ بدەن...)([2]). بۆ کامڵترکردنی دیدو بۆ چوون و ئایدیاکەمان ئەمە هـەر پیـاوان نـین مـاف و ئازادی ژن لەسەر و سیما و ڕووخسار و دیکۆرەکەیدا دەبیننەوە،بەبێ ئەوەی هەست بـەوە بکەن ڕاستە ڕووخسار و دیکۆری ژنانە گرنگی و بایەخی خـۆی هەیـە، بـەڵام ئـەوەی ئـەوان

---

([1]) ئایدیای قانوون، دینیس لوید، وەرگێڕانی ئاسۆ کەریم، نەریمان تاڵب، محەمـەد مشـیر، دەزگـای سـەردەم، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٧٥.

([2]) ئازادی لە بەهاری تەمەنیدا، نەژاد عزیز سورمێ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٥٠.

بەشـێکە لـە چـەند بەشـێکی تـرو بەهـەموویان کەسـایەتی و ڕۆڵ و بـوونی ڕەگەزەکـە دەسەلمێنن. لەم چەشنە بیرکردنەوەیەکی ئاواشدا پیاوان تاوانبـارنین، بـەڵکو خـودی ژنـان دەگرێتەوە، بۆ ئەوەی ژنان بوونی خۆیان لە هەموو ڕوویەکەوە بسەلمێنن،نابێت لە هـەموو بـارودۆخ و شـوێن کاتێکـدا بـەرکار، یـاخود کـار لەسـەرکراو بـن، بـەڵکو پێویسـتە لـە گۆڕەپانەکەدا وەك بکـەرێکی ڕاسـتەقینە دەربکـەون و بکـەری تـر لـە پـەنا خۆیـان قبـووڵ نەکەن، کە بە ڕادەیەك کاریان لێبکات ناسنامە و بوونیان کاڵبکاتەوەو پێگەی خۆیان لەڕێی کار و بەرهەمهێنان و هزر و عەقڵەوە قایم بکەن.


بەشێوەیەکی گشتی لە کۆمەڵی باوکسالاریدا، هەر پیاوەکان ڕووبـەڕووی ژنـان نابنـەوە، بەڵکو ڕووبەڕووبوونەوەکە سەر دەکێشێت بۆ نێوان پیاوەکانیش، پیاوێـك یـاخود کۆمـەڵێك لەپیاوان دەیانەوێت هەرچۆنێك بێت هەژموونی خۆیان بەسەر ئەوانی تردا بسـەپێنن لـەڕێی هێز و بازوو توندوتیژی و کوشتارەوە، لێرەشدا هەر لـەخۆوە بەشـی ژنـان دەبێتـە پـەراوێز خستن، بەبیانووی ئەوەی لە هاوکێشەیەکی لەمشێوەیەدا شتێك نییـە گوزارشـت لـە هێـز و بازوو و دەسەڵاتی ژن بکات، و بەهۆی نەبوونی ئەو هێز و بـازوو و دەسـەڵاتەی کـە پیـاوان گەرەکییانە ڕەوشتێکی پڕ لەمەترسیدار بۆ ژنان دەسازێرێت. (مادام ژنان بەگشتی چـەکدار و جەنگاوەر نەبوون و توانای بەرگریان نەبووە، ئەوە ناچاربوون بە تەواوی پشـت بـەهێز و بازوو توانای پیاوان ببەستن بۆ پاراسـتنیان، ئـەنجامی ئـەو ڕەوشـەش ئەوەیـە ژن دەبێتـە ملکەچی پیاو. لەواقیعدا هەر کۆمەڵێك بـڕوای بـە بیرۆکـەی قارەمـانێتی هـەبێت، بەگشـتی، بەشێوەیەکی خراپ مامەڵە لەگەڵ ژندا دەکات و ڕێگـا نـادات ژن بێنـە پێشـەوە تـەنیا ئـەو کاتانە نەبێت،کە هەڵوێستەکانی لەگەڵ پیاودا گونجاوە و دەچێتە نێو مەترسـی و جـەنگ و کوشتارەوە)(١). واتە پیاوانی کۆمەڵی باوکسالاریی، کۆمەڵێك ناو و نازناو و پێگە و چـەمك و زاراوە و وشەی وەك قارەمانێتی، سوار چاکی، ئازایەتی، بەجەرگی، پاڵەوان، سـەرکردە، جەنگاوەر، پیاوەتی، برایەتی..هتد، دەتاشـن و دروسـت دەکـەن، بـۆ ئـەوەی هێنـدەی تـر دەسەڵاتی نێرانەی خۆیان بسەلمێنن و لە بەرامبەردا لەپێگـە و ڕۆڵـی ژنـان کـەم بکەنـەوە. گەر سەیری کۆمەڵی کوردەواری بکەین ململانێ و پشێوی و ئاژاوە و شەڕو شۆڕ بەدرێـژایی

(١) ئەفلاتوون و ئافرەت، ئیمام عبدالفتاح ئیمام، وەرگێڕانی ئەژین عبـدالخالق، پێداچـوونەوەی ڕێـبین ڕەسـوڵ ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ل٨.

مێژوو بەرۆکی ئەم کۆمەڵەی گرتووە، جا لەنێوان تاك و تاکێکی تردابێت، یا لەنێوان دەستە و گروپێکدا بێت، یان لەنێوان خێڵ و خێڵێکی تردابێت، یاخود لـەنێوان پـارت و لایەنەکانـدا بێـت، لـەم ڕووە ژنـان بـاجی قەبـە و قورسـیان داوە، لـە چـەندین لاوە زەرەر و زیانیـان پێگەیشتووە، کاتێکیش پیاوان هێز و بـازوو و توانایـان تێـدا نامێنێـت، قەناعـەتێکیان لـەلا دروست دەبێت، کە ئەم شەڕ و شۆڕو ئاشوبە بەهیچ ئەنجامێکیان ناگەیەنێت، ئـیتر دەسـت بە گفتوگـۆ دەکەن،باشـترین چـەك وکەرەسـتەی گفتوگـۆش کـە خۆیـان باوەڕیـان پێیـەتی ژنانن،وەك جێگرەوەی کاڵایەك مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و دەبێتە کەرەستەی ئاشتەوایی نێوان پیاوەکان.

بەشـێك لـە ڕەخنـەگران لەسـەر ئـەوە کـۆکن، کـە شارسـتانێتییە گـەورەکان و هەنـدێك لەبیرمەندو فەیلەسووفە گەورەکانی جیهانیش نەیانتوانیووە لـەنێوان ڕەگـەزی پیـاو و ژنـدا بێلایەنی هەڵبژێرن،خۆیان لەوە بپارێزن،کـە یـەکێکیان بەسـەر ئـەوی دیکەیانـدا بەڕاسـت و پەسـەندتر بزانن،نـەك هـەر ئەمـەش بـەڵکو زۆرجـار ئـەم فەیلەسـوف و بیرمەنـدە گەورانـە ئەوەندەی دی پێوەندی نێوان ژن و پیاویـان ئـاڵۆزو تێکچـڕژاوتر کردووە،بەڕادەیـەك ڕۆڵـی لەبرەوسەندنی کلتووری باوکسـالاری لـە تـەواوی کۆمەڵـەکانی جیهانـدا هـەبووە.بۆ نموونـە (ئـەفلاتون) وەك فەیلەسـوفێکی مـەزن ژن وەك بوونـەوەرێك سـەیر دەکات،کـە هـەرگیز ناتوانێت لە هـیچ ڕوویەکـەوە هاوتـای بوونەوەرەکـەی بەرامبـەری بێت،دەڵێـت: (سروشـتی مرۆڤایـەتی دوو جۆرە،ڕەگـەزێکی بـاڵا، لەمـەو دوا نـاوی دەنـێین پیاو،ئـەو پیاوانەی،کـە توانیوویانـە کـۆنترۆڵی شـەهوەت و حـەزەکانی خۆیـان بکـەن و بەشـێوەیەکی چاکەکارانە لەسەر زەویدا ژیاون و دواتریش دەگەڕێنەوە سەرەوە بۆ لای ئەستێرە ڕەسەنەکەی خۆیان، ئەوانە دەردەچن و ڕزگاریان دەبێت، بەڵام ئەو پیاوانەی دەبنە دیلی دەستی حەزو ئارەزوو و شــەهوەتەکەی خۆیـان و بەشـێوەیەکی شـەڕانگێزو خراپەکارانـە ژیـان، ئـەوە لـەکاتی لەدایکبوونی دووەمیاندا دەبنەوە ژن و لەسەر شێوەی ئەوان لـەدایك دەبنـەوە. خـۆ ئەگـەر هـەر لەخراپـەکاری بـەردەوام بـوون، ئـەوە ئـەو جارەیـان کاتێـك بـۆ سـێیەم جـار لـەدایك دەبنەوە، دەچنە سەر شێوەی ئاژەڵێك، کە نزیکە لەسروشـتی ئەوخراپـە کارییـەی لێیـەوە هاتوون)(١).

(١) ئەفلاتوون و ئافرەت، ل٨٧، ٨٨.


ڕۆمان
ژنێک بە سەر منارەوە
شێرزاد حەسەن

لەم تێزەی (ئەفلاتون) دا،درك بـەوە دەکـەین، کـە باوکسـالاری لـە ئەوپـەڕی ترۆپکدایـەو بەڕادەیەك، کە هیچ مانایەك بۆ بۆچـوونی ژن وەك مرۆڤێـك و پێگـەی لـەڕیزی مرۆڤایەتیـدا ناهێڵێتەوە،خودی ژن تەنیا دەرهاوێشتەی حەز و ئارەزوو وروژانەکانی سێکسـییە و هیچـی تر نا، بەتایبەتی سێکسیی ئەو پیاوانەی کە عەقڵیان لە دەستداوەو هەست بە بـوونی دڵ و دەروون و گیانیان ناکـەن، بـەڵکو هـەموو بوونێکیـان لەجەسـتەدا چڕ کردۆتـەوە هـەروەها ڕەگەزی پیاو سروشتێکی چاکەکاری هەیـە، چـونکە لەچـاکەکارەوە سەرچـاوەی گرتـووەو ڕەگەزی ژنیش سروشتێکی شەڕانگێزی هەیە، لەبەرئەوەی سەرچاوەکەی شەڕانگێزییە، گەر ئەو خراپەکاری و شەڕانگێزییەش بەردەوامی هەبێت دوورنییە بوونەوەرێکی ئاژەڵئاسای لێ دەربچێت.

تێڕوانین و دیدگـەی نێرینـە بـۆ مێینـە دەتـوانین بـە پێوەنـدی نێـوان هـۆ و ئەنجامەکـەی بچوێنین،کە لەم پەیوەندییەدا مێینە دەبێتە هـۆو هۆکـارو نێرینـەش دەبێتـە ئامانج.نێرینـە دەیەوێت بە چەشنێکی وا نەرێنی لەسەر مێینـە کـار بکـات، کـە دایکایەتیشـی پـێ ڕەوانـە بینێت،لـە کاتێکدا دایکایـەتی لـەلای ژن بـەر لـەوەی گوزارشـت بێـت لەخۆشـی و شـادی و شـکۆیی، ئـێش و ئـازار وناخۆشـی و بەرپرسـیارێتیەکی قورسـە بەدرێـژایی تەمـەنی ئـەو ژنە،بەڵام دەبینین وەك پێویست ئەم ئەرکە قورسەی ژن مایەی گرنگیدان و بایـەخی پێـدان نییە.

(نیتچە) وەك فەیلەسوفێکی مەزنی ئەلمانی لەبەرهەمـە هزرییەکەیـدا بـەناوی (زەردەشـت وای گوت)،تەنیا خەسڵەت و تایبەتمەندی (ئاوسبوون) لەژندا دەدۆزێتەوەو هەر هێندەی پـێ ڕەوا دەبینێت، ژنان دێنێت (پیاو بەد قوڵایی) و ژن بـە (ڕووکـەش) نـاو دەنێـت پەیوەنـدی نێوانیان لەسەر بناغەی بەرزو نزمی یەکێکیانە.پیاو بۆ ژن تەنها یەك ئامێرە (ئامانج منداڵـە) هـەموو مەسـەلەکانی پەیوەندیـدار بەژنـەوە تـەنها ڕێگـە چارەیەکی هەیـە، کـە ئـەویش ئاوسبوونە بۆ پیاو. ژن هـەم مەترسـی و هـەم یارییـە (پیـاو بـۆ جـەنگ پـەروەردەبکرێت و ژنـیش بۆبەرهەمهێنانـەوەی جەنگاوەر.هـەر شـتێکی دی حەماقەتـە)([١])، ئـەم تێزەیـەی (نیتچە) بەشێوەیەك لە شێوەکان ئەوەمان پێدەڵێت، کـە خـودی ژن وەك کارگەیـەك وایـە، کاری سەرەکی و لاوەکی ئەم کارگەیەش تەنها بەرهەمهێنانی منداڵە، ئەو منداڵەی،کە ژنیش

---

([١]) چەند تێکستێکی وەرگێڕاو، چەند نووسەرێك، ل٥٦١.

بەرهەمی دێنێت پێویستە گیانێکی شەڕانگێزی هەبێت و لەتەمەنێکی دیاریکراودا ببێتە شەڕکەر و جەنگاوەر.هەروەها ژن لەم تێزەدا تەنیا وەك جەستەیەکی ڕووت و ڕەجاڵ بەهای بۆ دانراوە، وئەرکی پیاوەیشە هەر چۆنێك بێت ئەم جەستەیە ئاووس بکات، ئامانجەکەی بپێکێت. لەم جەستەیەشدا هەست بە بوونی گیان ناکرێت،بۆیە شتێك بەناوی گیانی ژنەوە بوونی نییە، لەبەرئەوەی گیان چی دەکات لە (ڕووکەش)دا پیاو (قوڵایی)یە کەواتە بونەوەرێکە هەم جەستەدار و هەم گیاندارە !.

سیستمی سیاسی وڵات و سەردەستەیی نەتەوەو ژێردەستەیی لە تۆخکردنی باوکسالاریدا یاخود کاڵکردنەوەیدا ڕۆڵ دەبینن. ئاشکرایە سیستمێکی سیاسی و نەتەوەیەکی تەندروست، تا ڕادەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەی لە بنیادنانی تاکێکی تەندروستدا دەبێت،چونکە نا تەندروستی سیستمی سیاسی و نەتەوەیی بێگومان تاك ڕووبەڕووی زۆرترین دەردو نەخۆشی کوشندەو درێژخایەن دەکاتەوە،بەچەشنێك ئەم دەردو نەخۆشییە سەردەکێشێت بۆ بوون بە کەلتوورێکی باو و چەقبەستوو،بۆیە (پیاو وەکو خودێکی ڕەها و ژنیش وەکو ئەویتری ژێر دەست لاواز وێنا دەکرێ. ژن (هاوسەر) لەشێوەی ئەویتری پایەداردا،خراوەتە نێو کۆت و بەندەوە و دەبێتە دەروونی مێرد، لەکاتێکدا (ئەو) ژن ئەویتری گوتاری نێرسالارە)(١).

کاتێك نەتەوەیەکی سەردەستە،نەتەوەیەکی ژێر دەستە دەچەوسێنێتەوە ئەوا چەوساندنەوەی ژن لەبەرامبەر چەوساندنەوەی پیاودا ئەوەندەی دی زیاتر دەبێت،سەبارەت بە سیستمێکی خراپی سیاسیش بەهەمان شێوەیە، ژنان زۆرترین قوربانی دەدەن،چەندین ئەرکی تریان دەکەوێتە سەر دەبێتە باری قورس بەسەریانەوە. گوتاری نێرسالاریش هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدایە قەبارەو سەنگی مێینە کەم بکاتەوە،کۆتوبەندی بخاتە سەر و گەمارۆی بدات، بۆ ئەوەی گوتارە نێرسالارییەکە سەنگینتر و کامڵتر خۆی بنوێنێت. دەشێت نەتەوەیەکی سەردەستە، کە نەتەوەیەکی ژێردەستە دەچەوسێنێتەوە،نێرەکانی ئەو نەتەوە ژێردەستە لە هەمبەر نێرەکانی دی نەتەوەی سەردەستە، گرێی هەست بە کەمیکردنیان لەلا دروست ببێت،بۆ قەرەبووکردنەوەو هەڵڕژاندنی ئەم گرێیەی هەست بەو کەمییەش، ژنانی نەتەوەکەی خۆیان بکەنە ئامانج،

---

(١) دەسەڵات و حەقیقەت، کۆمەڵێك بیرمەند، و: ئیدریس شێخ شەرەفی، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٢٢٩.

لەکەم توانایی و لاوازی لە هەوڵی تۆڵەسەندنەوە دابن لە ژنـەکانیان، عەقڵییـەت و کلتـووری باوکسالاری چ لەنێو میللەتانی ڕۆژهەڵاتدا بێت، چ لەنێو میللەتانی ڕۆژئاوادا بێت، بـە زەرەر و زیانی ژنان تـەواو دەبێـت، میللـەتانی ڕۆژهـەڵاتی و ڕۆژئـاوایی تـا ئێستاشـی لەگەڵـدابێت نەیانتوانیووە بەشێوەیەکی ڕێك و دروست تـای تـەرازووی نێرینـەو مێینـەی کۆمەڵـەکانیان هاوسەنگ بکەن،لەهەر شوێنێکی سەرئەم زەمینەدا بگەڕێین ناتوانین شـتێك بدۆزینەوە،کـە گوزارشت بێت لە مرۆڤبوونی ژن.

لەم ڕووەوە (مەهاباد قەرەداغی) وەك ژنێکی کـوردو سـەر بەمیللـەتانی ڕۆژهـەڵاتی،دنیای ڕۆژئاواشی بینیووەو تاقیکردۆتەوە،بەراوردێکی کورت لەنێو ژنـانی میللـەتانی ڕۆژهـەڵاتی و ڕۆژئاواییدا دەکات،(لە کۆمەڵی مۆدێرندا ژن بەو شێوەیە جەستەی بەکاردەهێنرێت وەکو لە فلیمـی سێکسـی و ریکلامەکاندا،...جەسـتەی ژن دەکرێتـە کـاڵا بـۆ سـاخکردنەوەی کـالای بازرگانی. بۆ نموونە،کە ڕیکلام بۆ کۆمپیوتەرێك دەکرێت ژنێکی ڕووت دادەنرێت و هەروەها بۆ قەڵـەمێکیش بەهـەمان شـێوە، واتـە تـوانراوە لـەڕێی ورووژانـدنی غـەریزەی سێکسـیەوە کالاکان ساغبکرێنەوە...هەروەها ئەو کەناڵە سێکسیانە...لەوێدا زیاتر بازرگانی بەجەستەی ژنەوە دەکرێت.لە کۆمەڵە تەقلیدیەکانیشدا جەستەی ژن کراوە بـە سـندوقێك بـۆ شـەرەفی پیاو و ڕەوایەتی دەدرێ بە دابڕینی ئـەو جەسـتەیە و بەکوشـتنی،یان وای لێـدەکرێ خـۆی بسوتێنێ،چـونکە ئـەو جەسـتەی کـراوە بـە سـندوقی شـەرەفی نێرینـە بنەماڵـە و خێزانەکەی)(١)،لەم تێڕوانینە وردبینـەوە نـە میللـەتانی ڕۆژهـەڵات و نەمیللـەتانی ڕۆژئـاوا نەیانتوانیووە ژن، یاخود ژن لەو چوارچێوە و قاوغە و کۆت و بەنـدە ڕزگاربکـەن کـە تـەنیا وەك جەستە لێیدە ڕوانرێت و حسێبی بۆ دەکرێـت، هـەروەها جەسـتەی ژن تاڕادەیـەك بـۆ هەندێك لە ژنان بۆتـە مایـەی سەرئێشـەو بـەڵاو بەدبەختی،ئـەو جەسـتەیە، کـە بـۆ خـودی ئافرەتەکە،هەمووی تەقەمەنییە و بەتەقینەوەی تەنیا زیان بەخۆی دەگات و خـودی خـۆی لەناو دەچێت، لە هەمانکاتدا ئەو جەستەیە بۆ نێرەکان کالایەکی گرانبـەها تـا ئـەو دەمـەی هـەژمێنی هەیـەو بازرگـانی پێـدەکرێت، مـاڵ و دارایـی پـێ کۆدەکرێتەوە.واتـە کلتـووری باوکسالاری لە ڕۆژئاوا دا بەچەسنێك گوزارشـت لـە ئـازادیی ژن دەکات،کـە بـۆ دواجـار بـە ناشـیرینکردن و ناوزڕانـدن و توانـەوەی قۆنـاغ بـە قۆنـاغی تەمـەن کۆتـایی پێـدێت و

(١) دۆزی ژن و هەزارەی نوێ، ئارام سدیق، سلێمانی، چ٢ ، ٢٠٠٧، ل١٨ – ١٩.

لەڕۆژهەڵاتیشدا ئازادییەکانی لێ تەسککراوەتەوە، کـە بۆتـە مایـەی خامۆشـی و کپبـوون و کاڵکردنـەوەی. بەمـەش دەگەینـە ڕاسـتییەك، کـە ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوا وەك پێویسـت نـەیانتوانیووە بـاس لـەژن بکـەن وەك مرۆڤێـك و مافـەکانی لـێ زەوت نەکـەن و شوناسـی مێینەیی لەپاڵ شوناسی نێرینەییدا بەبوێری بناسێنن.

کلتووری باوکسالاری لەچەندین ڕوودا لە دەسەڵات و سیستمی سیاسی پاشایەتی دەچێت باوك،یـاخود نێرینـە هەمیشـە زۆرتـرین کـار بـۆ ئـەوە دەکـات دەسـەڵاتەکەی بەنێرینـەیی بمێنێتەوەو دەسەڵاتەکە لەباوکەوە بۆ کوڕو نەوە درێژی پێبدرێت.هەروەك (مـاکس ڤیبـەر) جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە کۆمەڵی باوکسالاریدا، بـاوك هەمیشـە وێڵـە بـۆ ئـەوەی لـەنێو کوڕەکانیدا ئەو دەسەڵاتە ببەخشێتە ئەو کوڕەی خۆی، کـە پێیوایـە کۆپییـەك و دانەیـەکی دی هاوشێوەی ئەوە لە هەموو ڕووەکانەوە لەو دەچێت.تاڕادەیەك دەتوانین ئەم تێڕوانین و بۆ چوونەی (ماکس ڤیبەر)لەگەڵ کۆمـەڵی کوردەواریـدا هاوتـا بکـەین، چـونکە لـە کۆمـەڵی ئێمەدا وا باوە،وەك قسەیەکی نەستەقیشی لێهاتووە:(باوك هەمیشە حەز دەکات کوڕەکـەی لەخۆی پیاوتر بێت، نەوەك براکەی).

دەتــوانین لــەم قســە نەســتەقەدا لــە وشــەی (پیــاوتر) وردبینــەوە، ســەرەڕای واتــا فەرهەنگییەکی تر، بۆیە واتای (پیـاوتر) لـە کلتـووری باوکسـالاریدا پاراسـتنی دەسـەڵات و هەژموون و بەرژەوەندی نێرینەیـەو بـوون بـە پاسـەوانی میرنیشـینی (باوکایـەتی) لـەڕووی دەسەڵات و ئابووری و کۆمەڵایەتییـەوە،دواتر گرتنـە دەسـتی لەلایـەن کوڕەکانـەوە، لـەنێو هــەموو کوڕەکانیشــدا ئــەوکوڕەی زۆرتــرین ئینتیمــای بــۆ باوکســالاری هــەبێت،بێگومان هەڵبژاردنی ئەم کـوڕەش لەلایـەن باوکـەوە لەسـەر بنەمایـەکی تاکڕەوانـە و خۆسـەپاندنە، بێئەوەی بۆ ئەندامەکانی تری خێزان بگەڕێتەوە،پەراوێز خستنی ڕۆڵی ئەوان بەتایبەت ڕۆڵی مێیینەکانی خێزان.

هەندێك پێیان وایە کلتووری باوکسـالاری زیـاتر لـەوەوە سەرچـاوەی گرتـووە، کـە لـەنێو تاکەکانی کۆمەڵدا خۆشەویستی وەك پێویست بوونی نەبووە، لەجیاتی خۆشەویسـتیش ڕق لێبوونـــەوە و تۆڵەکردنـــەوە و توندوتیـــژی بۆتـــە شـــوێنگرەوەی،ئەمانە بوونەتـــە

ئەلتەرناتیڤێك،كە بۆئەوەی گوزارشـت لەخۆشەویسـتی بکـەن بـەبیانووی جۆراوجـۆر.)([1]).
واتە لەگەڵ ئـەوەی باوكسـالاری كلتووریێکـە پەیوەسـتە بـە كۆمـەڵ و تاكـەكانی و لایـەن و دیاردە جـۆر بـەجۆرەكانی كۆمەڵایەتییـەوە لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـایین ڕۆڵـی خـۆی دەبینێـت لەگەشە و برەو سەندنی سیستمێكی لەم شێوەیەدا، بەتایبـەت ئـەو كاتـەی ئـایین لەلایـەن نێرینەكانی كۆمەڵی بـۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان دەیشـكێننەوەو زۆربـەی دەقـە جیاوازەكـانی ئـایین لـە بەرژەوەنـدی بـاڵای خۆیـان ڕاڤـەی بـۆ دەكەن،بـەڕووی مێینــەكانی كۆمەڵیــدا دەدەنـەوە،وەك چـەكێكی چەندسـەرە لەهەمبـەریان بەكاریانـدێنن. هـەروەك لەپێشتریشـدا ئاماژەمـان بـۆیكرد لـە كۆمەڵگـەی ئێمـە لـەنێوان یەكـە بـە یەكـەی تاكـەكانی ئێمـەدا خۆشەویســتی نەخەملیوە،پەیوەنــدی خۆشەویســتی نێــوان ڕەگــەزی مێینــەو نێرینــە پەیوەندییەكی ڕاگوزەریین و شۆڕنەبۆتەوە نێو قووڵایی ناخەوە،هۆكاری ئەمەش ئەوەیە،كە ئەوەی پێوەندی نێوان مێینـە و نێرینـەی كۆمـەڵی ئێمـە و ئـەوانی دی ڕایـی دەكـات زیـاتر پێوەندیەكی جەستەیی غەریزەیی سێكسییە.

واتـا خۆشەویسـتی بەهـەموو مانـا و ڕەهەندەكانیـەوە تـەنیا لـە سێكسـدا چـڕكراوەتەوەو ماناداربووە.

هۆكاری برەوسەندن و ڕەگداكوتانی كلتووری باوكسالاری لە زۆربەی كۆمەڵەكاندا ئەوەیە، كەخودی ژن لـە بەرامبـەر پرسـە مرۆڤسـالارییەكەی خۆیانـدا كەمتەرخەمن،بـەهۆی لایـەنی پتەویی و پێگەیشتنی هەست و سۆزداریان وایكردووە پیاوانیان لـە خۆیـان خۆشـتر بوێـت، بەڕادەیەك،كـە هێنـدە خـودی خۆیـان خۆشـنەوێت.لە بـارودۆخێكی ئاواشـدا پیـاوان ئەمـە بەهەلێكی زێڕین دەزانن بۆ سەپاندنی هەژموون و دەسەڵاتی خۆیان. ژنان بەهـەمان شـێوە ڕووبەڕووی هەندێ لـەو بـەر پرسـیاریەتییە دەبنـەوە لـەبارەی ئـەو دیاردەیەی،كـە پیـاوان خۆیـان لـە پایەیـەكی بـەرزتردا دادەنـێن، ژنـانیش زیـادە ڕۆیـی دەكـەن لەبـەرز نرخانـدنی پیاواندا، ئەمەش گرێی خۆ بەزل زانین لای پیـاوان زیـاتر دەكـات. (ڤێرجینیـا وۆلـف) لـەم

---

(١) عەشق و خۆشەویستی لەنێوان وەهم و واقیعدا، سـەروەر كـەریم، چـاپخانەی تـەوار، سـلێمانی، ٢٠٠٥، ل١١٧.

بارەیەوە دەڵێت: (ژنان بەدرێـژایی سـەدەکان ڕۆڵـی ئاوێنـەی سـیحرییان بینیوە،کـە چۆن وێنەی پیاوانی دووقات لەخۆی گەورەتر نیشانداوە)([1]).

کلتـــووری باوکســـالاری لـــە کۆمـــەڵی کوردەواریـــدا، هـــەر لەچوارچـــێوەی کلتـــوورە کۆمەڵایەتییەکـەدا نەماوەتـەوە، بـەڵکو باوکسـالاری لەکۆمـەڵی ئێمـەدا فـرە مانـا و فـرە ڕەهەندەو پەلوپۆی بۆ سیستمی سیاسی و ئـابووری و دەسـەڵاتدارێتی و ئـەمن و ئاسـایش ..هتد دا هاویشتووەو ئاوێتەی ئەم سیستمانە و سیستمگەلێکی دی بووە،بۆیە کوڕ، یـاخود نێرینە ئەو بوێری و ئامادەییەی تێدا نییە،کـە باوکسـالاری تێکبشـکێنێت، جێگـرەوەی بـۆ بڕیار بدات، لەبارودۆخی کوژرانی باوکیشـدا لەلایـەن ڕۆڵەکانییـەوە بۆئەوەنییە،کـە کۆتـایی بەم دەسەڵاتە بهێنێـت، بـەڵکو گەرەکییـەتی ببێتـە درێژەپێـدەری ئـەم دەسـەڵاتە.(گرفتی ئینسانی کورد لەبڕی ئەوەی هەوڵدان بێت بۆ کوشتنی باوك، هەستکردنە بە پێویست بوونی باوك، بەگـەڕان لـەدوای دۆزینـەوەی وێنـەی ڕاسـتەقینەی بـاوك کـە دەشـێ بـەحیزب، یـان دەوڵەت یان لەسـەرووی ئەوانـەوە بـەباوکی ڕۆحـی نـاودێری بکـەین. لەسـەر ئـەم بنەمایـە دەتوانین بڵێین گرفتی ئینسانی کورد نەبوونی باوکە، نەبوونی دەسەڵاتێکی ڕەهایـە، هـەتا لەسایەیدا دڵنیایی ئەوەی بۆ فەراهەم بێت، کـە ئـەو باوکـە دەتوانێـت پـارێزەری مانـەوەی (کورد)بێـت و ڕۆڵـەکان سـەر لێشـێواو نـەبن و گـورگ نـەیانخوات)([2]). بەواتایـەکی دی لـە جیاتی ئەوەی تاکی کورد لە هەوڵ و تێکۆشانی ئەوەدا بێت،کە باوکسالاری بەهەموو مانا و مەدلوولەکانییەوە کاڵبکاتەوە،هەمیشە لەمشوور و مژولی ئەوەدایە ئەم دەسـەڵاتە هێنـدەی دی تۆخ بکاتەوە.

بێگومان ئەمەش پەیوەستە بەلایەنی دەروونـی تـاکی کـوردەوە، لەبەرئـەوەی ئێستاشـی لەگەڵدا بێت باوکێکی نەبووە ڕووبەڕووی باوکەکانی تر ببێتەوەو لەگەڵیاندا بجەنگێت،یاخود گەر باوکێکی،یـاخود دەسەڵاتێکیشـی هـەبێت نـەیتوانیووە وەك پێویسـت هـەموو ڕۆڵـەکان لەباوەش بگرێت و ئاراستەیان بکات،یان ئەو باوکـەی لـە کۆمـەڵی کوردەواریـدا هەسـت بـە بوونی دەکرێت باوکێکە لە هەموو ڕوویەکەوە بڕست و کەمئاوەزەو نـەك گـیرۆدەی دەسـتی

([1]) ژن لە جیهانی سێدا، د.حەسنە بیجوم، وەرگێڕانـی چـرۆ سـابیر، چـاپخانەی ئـازادی، سـلێمانی، ٢٠٠٧، ل١١٣.

([2]) گەڕانەوە لە خەیاڵەوە بۆ واقیع، عەتا قەرەداخی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،ل١٨١.

باوکەکانی ترە، بەڵکو گیرۆدەی دەستی خۆیەتی، یان نزیکەکانییەتی، باوکێکە تاڕادەیەك ترسنۆك و ڕاڕایە لەباتی ئەوەی خەمی بێت لەگەڵ باوکەکانی تر لە ململانێ و پشبڕکێ دابێت، هەمیشە زەمینە بۆ ئەوە خۆش دەکات لەگەڵ ڕۆڵەکانی،یان ئەوانەی لەو بچووکترن، یاخود چێژ لەوە وەردەگرێت ئازاریان پێبگەیەنێت و بیانچەوسێنێتەوە. نموونەی سەرۆك خێزانێکی کورد لە زۆربەی کات و بارودۆخدا حەز و ئارەزووی ئەوە دەکات بەبچووك سەیری ئەندامانی خێزانەکەی بکات، لە هاوسەرەکەیەوە بگرە، تاکو زارۆکەکانی بە مێینە و نێرینەوە.

جیاوازی نێوان ژن و پیاو لەلای (ئەرستۆ) دەگاتە چڵە و پۆپە، ئەو پێیوایە جیاوازی پیاوان و ژنان ئەوەندەی ئاسمان ڕێسمانە، بۆیە زۆر ئەستەمە ژنێك چاوەڕێی ئەوە لەپیاوەکەی بکات کە پێبڵێت خۆشم دەوێت، چونکە ژن ئەو شوێن و پێگەی نییە لە هەمبەر پیاوەکەی بەچەشنێکی ئاوا بیر بکاتەوە.(بە باوەڕی ئەرستۆ، شتێکی گەلێك گەپجاڕانەیە ئەگەر ژنێك سەبارەت بەگوتن و دەربڕینی خۆشەویستی و ئەڤین ئەو چاوەڕوانییەی لەمێردەکەی هەبێ، کە مێردەکەی لەوهەیەتی. ئەم شتە بەو ڕادەیە سەیر و گەپجاڕانەیە کە پیاوێك چاوەڕوانی ئاکاری وەك خۆی لەخواکان هەبێ چونکە بەباوەڕی ئەرەستۆ ئەوە یاسادانەرانن، کە مافی ئەوەیان هەیە خۆش بویسترێن، نەك ئەوەی کە چاوەڕوانی خۆشەویستنت لێیان هەبێ)([1])، لێرەدا (ئەرستۆ) بەراوردێکی تەواو نا هاوتا دەکات لەنێوان پیاو وژنەکەی، یاخود هاوسەرەکەی، دەتوانین ئەمە بەراورده بە پەیوەندی نێوان کۆیلەکە و خاوەنەکەی بچوێنین، یاخود پەیوەندی نێوان ئافرێندراو لەگەڵ ئافرێنەرەکەی ، لەسیستەمێکی ئاوای باوکسالاریدا دەبێت ژن هەرچییەکی بوێت ڕووی داواکاری ئاراستەی پیاوەکەی بکات.

باوکسالاری، یاخود زاراوەکە وەك خۆی بەکاربێنین (پاتریارکی)، وەك زۆربەی زاراوەی بوارە جیاجیاکانی تر ڕەگ و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شارستانێتی گریکی، و ئیتر دەبێتە زاراوەیەکی باو و فەیلەسوفان تێزیان بۆ دەبێت، ئەدیبانیش لەبەرهەم و ژانرە ئەدەبییە هەمە چەشنەکانیاندا ڕەنگرێژی دەکەن، واتە (باوکسالاری یان پارترياركی، لە دوو وشەی

---

([1]) ژن لە فەلسەفەی سیاسی ڕۆژئاوادا، سۆزان مۆلیتر ئۆکین، وەرگێڕانی ڕەسوڵ سوڵتانی، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١٠٢.

یۆنانی پێك دێت كە بەمانای (حوكمی باوك) یـان دەسـەڵاتی بـاوك و هـاو شـێوەكانی بـاوك دێت. بەكارهێنان و بڵاوبوونەوەی ئەم زاراوەیە لەسەرەتادا لە لێكۆڵینـەوەكانی دوو كایـەی مەعریفی جیاوازدا بووە: ئەنترۆ پۆلۆژیا و فێمینیزم)([1]).

كەواتە كاتێك دەڵێین باوكسالاری، مەرج نییە هەردەم ئـەم زاراوەیـە گوزارشـت بێـت لـە دەسەڵات و حكومی باوك، هەر لەم چوارچێوەیەدا قەتیس مابێت، بەڵكوهەموو ئەو تاكانەی وەك باوك، یاخود نێرینە بیر دەكەنەوەن و خۆیان بەسەردار و ئەوانی وی بە بندار دەزانن و لەخەمی ئەوەدان چۆن هـەژموون و دەسـەڵاتیان بەسـەر ئـەوانی تـردا بسـەپێنن و خۆیـان بەسەربەخۆ و ئەوانی دیكە بە پاشكۆ بزانن، دەشێت ناویان بنێین باوكسالار.

ئەوەی مایەی سەرەنجدانە، گەر تێبینی بكەین باوكسالاری چـەمكێكە سـەروكاری لەگـەڵ زۆربەی بوارو كایە و بابەتەكانی ژیاندا هەیە، واتە لەهەر زانستێكدا بۆ باوكسالاری بگـەڕێین دەتوانین شوێنپێی بە ئاسانی هـەڵبگرین، بەمـەش بـە ئـەنجامێك دەگـەین كـە باوكسـالاری چەمكێكی گشـتگیرە و بەزۆربـەی زانسـتەكانی تـر شـەتكدراوە بـۆ نموونـە دەتـوانین هێڵـە گشـتییەكانی باوكسـالاری لـە سیاسەتناسـی و ئەدەبناسـی وكۆمەڵناسـی و دەروونناسـی و زمانناسی و مرۆڤناسـی و زایەندناسـی و...هتـد بدۆزینـەوە. واتـە هـەر توێـژەرێك بـە پێـی مەیدانی كاركردن و پسپۆڕییەكەی دەتوانێت باوكسالاری بخاتە چوارچێوەكە پسپۆڕییەكەی خۆیەوە، و هێڵە تایبەتەكانی ئەم چەمكە بەدیار بخات.

لـە كۆمـەڵێكی باوكسـالاری وەك كۆمـەڵی كوردەواریـدا لەگـەڵ ئـەوەی پیـاوان هەمیشـە لەهەوڵی ئەوەدا بوون، كە هێز و توانا و دەسـەڵاتیان لـە هەمبـەر ژنانـدا تاقیبكەنـەوە، جا بەهەر شێوەو شێوازێك بێت، كەچی دەبینین ژنان زۆر بە كەمی هەوڵیانداوە ستە ملـە پیـاو بكەن، یاخود بەشێوەیەك لەشێوەكان لێیان یـاخی بـن، یـاخود بگەنـە ڕادەی لـەڕێ لادان، ئینجـا ئـەو یـاخیبوون و لەڕێلادانـە ڕووحـی بێـت، یـاخود جەسـتەیی بێـت، بەتایبـەت لەسەردەمێكی كۆندا.

یەكێك لەو هۆكارە سەرەكییانەی كـە وایكـردووە باوكسـالاری وەك كلتـوور و سیسـتمێكی چەقبەستوو بمێنێتەوەو گوتارخوازییەكەی فراوان و پانتاییەكی زۆرتر بگرێتـەوە، نـەبوونی

---

([1]) فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنـەیی، نـەوزاد ئەحمـەد ئەسـوەد، بەڕێوەبـەرێتی چـاپ و بڵاوكردنـەوە، سلێمانی، ٢٠١١، ل١٦٧.

بەرهەمی هزریی و ئەدەبیی ژنانە، لە کۆمەڵی باوکسالاریدا، گەر ئەم چەشنە بەرهەمانـەش بوونیان هەبێت گەلێکجار لە پەنجەی دەست تێپەڕناکەن و یاخود لـەنێو بەرهـەمی پیاوانـدا تووشی تەنگەنەفەسی هاتوون، بۆیە دەکرێت بپرسین چۆن (ئێمە بتـوانین دەقێکـی ژنانـە، کە باس لە ژنبوون و ئازارەکانی ژنێتی دەکات، لە وەکی دەقـی پیاوێـك جـوودا بکەینـەوە، کە دیسانەوە دەیەوێت، باس لە هەمان ئەو پرسە بکات.... ڕاسـتە هـەر دوو دەق هـەڵگری هەمان بابەتن و یەك مژاریان لەناودایە، ڕاستە هەر دووکیان وەك یـەك، دەیانـەوێ پـەیامێك ئاراستەی خوێنەر بکەن، بەڵام هەرگیز ئێمە خۆمان لەوە نـەبان بکـەین، کـە ئـەوەی ژنێـك دەیەوێت لە هەمبەر ژنێتی خۆی عەزابەکانی خۆی لـەنێو کۆمەڵگـەی باوکسـالارییدا بـدوێ، هەمان ئەو گۆشە نیگا و تێڕوانینە نییە، کە پیاوێك دێت و دەست دەداتە خامـە و دەیـەوێ قسانی لەبارەوە بکات)([1]).

پـرس و بابـەتی چەوسـاندنەوەی ژن لـەنێو ئـەدەبیاتی کوردیـدا بەشـێوەیەکی گشـتی پانتاییەکی زۆری گرتۆتەوە، بەتایبەتی لەو ژانرانەی کە هونەری گێڕانەوە بەسەریاندا زاڵـە، بۆیـە بەدەگمـەن چـیرۆك و ڕۆمـانی کـوردیی دەبینینـەوە کـە باسـی چەوسـاندنەوەی ژنـی کۆمەڵگـەی کـوردی نـەکردبێت، و نەیکردبێتـە بەشـێکی گـرنگ لەکەرەسـتەی بابەتەکـەی، نووسـەر و ئـەدیبانی کـورد هەمیشـە هەوڵیانـداوە بەهـەر شـێوەیەك بێـت مەسـەلەی ئـازار چەشتن و ناسۆرییەکانی ژن لەچوارچێوەی بەرهەمەکانیان بخەنەڕوو، هەندێك لە نووسـەر و ئـەدیبان ئـازار چەشـتنی ژنـانی کۆمەڵگـەی کوردییـان لـەنێو بازنـەی ئـازاری جەسـتەدا پیشانداوە و هەندێکی تریان ئەم ئازار چەشتنەیان لەئازارەکانی ڕۆحی ژناندا چڕکردۆتەوە. بێگومـان ئەمـەش ئـەوە ناگەیـەنێت کـە بـاس لـە ئـازاری جەسـتەیی ژن دەکرێـت، هـیچ پەیوەستبوونێکی بـەئازاری ڕۆحییـەوە نـەبێت، یـاخود بەپێچـەوانەی ئـەوەوە، بـەڵام هـەر هێنـدە، هەیـە کـە هەریـەك لەنووسـەر و ئـەدیبان زیـاتر لایـەنێکی ئـەم ئـازار چەشـتنەیان زەقکردۆتەوە، بەڵام ئەمەی مایەی سەرەنج و تێڕامانی ئێمە بێت لـەنێو ئـەدەبیاتی کوریـدا بەتایبەت لەچیرۆك و ڕۆمانی کوردیـدا بەشـێوەیەکی زۆر پـەرش و بڵاوکـار لەسـەر چـەمکی باوکسالاری کراوە، تا چیرۆك و ڕۆمانەکانی ئەم دواییە نەبێت کە بەشێوەیەکی بەرچاو ئـەم چـەمکە بەرجەسـتە کـراوە، و گـورزە تیشـکی ئاراسـتەکراوە. بۆیـە (بابـەتی ژن و

([1]) سێ وێستگەی ئەدەبی، نووسین و وەرگێڕان: ئاری عوسمان خەیات، سلێمانی، ٢٠١١، ل٧٦ – ٧٧.

چەوساندنەوەی دوو لایەنەی ژن شوێنێكی گرنگ و تایبەتی هەیە لـەنێو چیرۆكی كوردیدا، چارەسەركردنی ئەم پرس و بابەتـەش لـەزۆر چیرۆكدا دەستنیشـانكراوەو هەڵوێسـتی هـاو سۆزانە لەمەڕ ئەم بابەتە خراونەتەڕوو، دەركەوتنی ژن وەك بونـەوەرێك و چەوسـاندنەوەی دوو لایەنەی، یەكەمیان لەلایەن پیاوەوە كە بەئاسانی دەیخاتە ژێر ڕكێفی خۆی، و بڕیـاری چارەنووسی بوونی دەدات، هەندێكجار ئەم دیاردەیە سەردەكێشێت كە پەیوەندی نێـوان و مێرد، وەك پەیوەندی نێوان كۆیلە و خاوەنەكەی پیشاندراوە. دووەمیـان چەوسـاندنەوەی كۆمەڵایـەتی بـەربڵاوە)([1]) واتـە لـە كۆمـەڵی باوكسـالاریدا ژن و هـەر كوشـتەی دەسـتی نێرینەكان نییە، بەڵكو پەیوەندی كۆمەڵایەتی و گەلێك داب و نەریتی سەخت و قورس ژنان بچووك دەكەنەوە تا ڕادەی بەكۆیلەبوون، هەروەها دەكرێت ئاماژە بەوە بكەین كاتێك ،كـە دەڵێین كۆمـەڵ ژن دەچەوسێنێتەوە، وێنەیـەكی گشـتگیرمان پێـدەدات بـە شـێوەیەك كـە خودی ڕەگەزی مێینە ڕۆڵی كارا دەگێڕێت لەچەوساندنەوەی ڕەگەزەكەی خۆیـدا، بێگومـان ئەمەش گەورەترین دەرد و گرێی دەروونی لەسەر ئەو ڕەگەزە دەسازێنێت و هەمیشە بەبێ ئومێدیی و تێكشكاویی خۆی دەنوێنێت.

باوكسالاری بێجگە لەوەی، كە سیستمێكی كۆمەڵایەتییە لەگەڵ ئەوەشـدا لـە سیسـتمێكی سیاسی دەسەڵاتدار و سیسـتمێكی ئـابووری دەچـێت، كـۆی ئـەم سیسـتمانە و سیسـتمیتر لـەژێر دەسـەڵاتی باوكاندایـە و بۆیـان هەیـە بـە ئـارەزووی خۆیـان هەڵیسـوڕێنن.بۆیە (باوكسـالاری سیسـتەمێكی كۆمەڵایەتییـە، كـە پەیوەسـتە بـە باڵادەسـتی و خۆسـەپێنی نێرینەكان و توند و تۆڵكردنی دەسەڵاتی لەدەرئەنجامدا باوكەكان دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ژنان و منداڵان و خاوەندارێتی زەوی دەسەپێنن)([2]).

پاژی دووەم: باوكسالاری وەك كلتوورێكی كۆمەڵایەتی

لـە ڕۆمـانی (ژنێـك بەسـەر منـارەوە)ی شـێرزاد حەسـەندا، ڕۆمـاننووس لـەڕێی وەسـفی ڕووخساری كارەكتەرێكی وەك (هۆمەر) وێنەی باوكسالارانەی نێرینەی كۆمەڵی كـوردەواری

---

(١) ملتقى القصه الاول، مجموعه من الكتاب، ١٩٧٩، ص٢٠٢.

(٢) "Patriarchy" Intierrey, Helen Women's Studies Encyclopedia, Volume 2. Ferguson, Kathy, Greenwood Publishing. 1048.

بەرجەستە دەکات، کە ئـەم وێنەیـەی ڕۆمـاننووس کێشـاویەتی ڕێـك لـەواقیعی نێرینـەی کۆمەڵەکـەمان دەچـێت، کـە سـیفەتی نێرنـەیی و پیاوەتیـان لەچـەند شـتێك دەبیننـەوە (ئەوەیان قریوەی نێرانەی (هۆمەر) بوو کە لێوانلێو بوو لـە شـەهوەتی دیـدارێك کـە تۆزێك لەمەوبەر ڕێکەوت سازی کرد.... کە هۆمەر هات هەر هەموو کەس و کار بە منداڵ و مەزنەوە لەبـەری هەسـتان، مشـکی و جەمـەدانی تێکـەڵیێ مرادخـانی بـەری، پـێڵاوە تـازە بۆیـاغ کراوەکانی بریقەیان لەچاوان دەدزی، سمێڵـی پـڕی کـە لـەژێرەوە بـۆ یەکـەی کـاڵ ببـۆوە سەرنجی ڕاکێشانی، تەزبێعی سەوز و قڵ گەورۆنە و کارەبایی ناودەسـتە گەورۆنـەکانی.... ئەو پیاوە نەوسنە کە چلێسی لەدەم و لێویەوە دەباری و لیکـی دەکـرد...) (ژنێـك بەسـەر منارەوە، ل٢٢ — ٢٣).

بەم پێیە بەشێك لە نێرینەی کۆمەڵی ئێمە، هەر لە یەکەم چرکە سـاتی بینینـی مێینەیـەك بیریان بۆ ئارەزوو بازی و خانمبازی دەچێت بە بێ ئـەوەی لـەورد و درشـتی ئـەو مێیینەیـە وردبنەوە. هەروەها لێرەدا سمێڵ و تـەزبێع بوونەتـە ڕەمـزی نێرینـەیی، و نێرینـەکان گـەر بچنە نێو تەمەنیشەوە ئامادەنین سازش گەنجێتی خۆیان بکەن

(بەهرام) وەك کارەکتەرێکی ڕۆمانەکە، هەموو ژیانی لەگـەڵ (شـادی) لەسـەر تەلەکـەبازی بنیاتناوە بێگومان ڕۆماننوسیش لەڕێی سیفەتێکی خراپی وەك تەلەکەبازی و هاوشێوەکانی دەیەوێت پێمان بڵێیت لە کۆمـەڵێکی باوکسـالاری وەك کۆمـەڵی کـوردەواری فـرت و فێـڵ و تەڵەکەبازی بۆتە بەشێك لـەژیانی نێرینـەکان، لەڕاسـت مێینـەکان و فریودانیـان جـا بەهـەر هۆیەك بێـت.(.. ئەوسـا (بـەهرام) سەرقافڵەچـی کـەیف و سـەفای هـەمووان بـوو، گـەورەو بچووکی کۆ دەکرەوە و دەیکرد بە هەڵلاو بەزم و ڕەمزمێك نەبێتەوە...بـەدزی هەمووانـەوە بەگوێتدا دەیچرپاند...جا خۆخەکەی بۆمن بێ... ئـەی سـێوەکەی بـۆ کێیـە؟ کـە دەیزانـی سـوور هەڵگەڕاویت...دەتریقایـەوە و دەیوت..(ئەمـە کوڵمـە... یـان سـێوە لاسـوورەیە... غـەزەب... چـەندە لـە خـۆخێکی گـەییوو دەچـێت، کـە ئەگـەر زوو فریـای لێکردنـەوەی نەکـەوم... بێنازدەکەوێتـە سـەر خۆڵەکـە) چـەندە بـەم غەزەلانـەی دڵـت دەگوشـرا، کـە لەگۆرانییـە فۆلکلۆرییەکانـەوە دەیـدزی و دەیـدا بـەگوێی تـۆدا، هەنووکـە بـیری ئـەم شـتە بێتامانەشی ناکەیت..) (ژنێك بەسەر منارەوە، ل٢٦ — ٢٧).

واتە گوتاری باوکسالاری، کە ڕەگەزی نێرینەکان ئاڕاستەی ڕەگـەزی مێینـەکانی دەکـەن گوتارێکی فریودەرەو بنەمایەکی هەڵخەڵتێنەرانەی هەیە، و هەمیشە دەمامکداریشە، چونکە بەدوای ئەوەیە چاکە و باشەکان لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ خـۆی بـەرێت و بـەناوی خۆیـەوە بنێت لەهەمبەر ئەمەشدا خراپەکان بۆ ڕەگەزی تر بەجێبهێڵێت.

لـە کۆمـەڵی باوکسـالاریدا، لەڕوانگـەی مێینەکانـەوە پەیوەنـدی نێـوان ژن و پیـاوان پەیوەندییەکـە لـەنێوان نێچـیروان نێچـیرەکە، ژنـان نێچـیرێکی هەمیشـەیین، کـە بـە داوی پیاوانەوە دەبن، بۆیـە ئەوەنـدەی پیـاوان دڵیـان بەڕاوکردنـەوە خۆشـەوە، و لـەڕێی هێـزو توانای خۆیان تاقی دەکەنەوە، هێنـدەی ئـەوە ژنـان دڵیـان بـە ڕاوکـردن نـاخۆش دەبێـت، تەنانـەت ئـەو نێچـیرە باڵندەیـەکی بچـووکیش بێـت، چـونکە ژنـان دەمێکـە مارانگەسـتەی دەستی ڕاوکەرانن.

(سەیرە... لەوەتەی دونیا... دونیایە... مرۆڤ وازی لەڕاو نەهێناوە، ڕاوی یەکدی بێت یان فڕندەکانی ئاسمان و گیانلەبەرە کێوییەکانی سـەرزەمین و ماسـی و نەهەنگـەکانی ناوچۆم و ڕووبار و زەریاکان، دایکە دەڵێت ....تەواو کاولیان کردووە. لەوەتەی ئەو هەموو پیاوە تفەنگ بەدەست و ملهوڕانە پەیدابوون، مەلەکانی ئاسمان و ئاژەڵی کێـوی نـاو کێـوو دەشتەکان لەترسی ئەو ڕەشەڕاوە کۆچیان کـردووە... سـەیرە... هـەر دەڵێـت سـەردەمی بەردینە و پیاوە کێوییەکان لەکونە ئەشـکەوتەکانەوە هاتوونەتـە دەرێ و بـەدوای مـەلێکی پێکراو دا عەوداڵن...). (ژنێك بەسەرمنارەوە، ل٣٤).

واتە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار پیاوانی کۆمەڵی ئێمە بەتایبەت ئەوانەی خوویـان بـە چـەکەوە گرتووە خۆیان لەگەڵ ڕۆژگاری نوێ ڕابهێنن، بۆیـە بـە عـەقڵێکی کـۆنی سـەردەمی بـەردین بیردەکەنەوە وڕەفتار و هەڵسوکەوت لەگەڵ مرۆڤەکانی تر و دەوروبەرەکەیان دەکەن.

ڕۆمـاننووس وێنـەی نێرینـەی کوردیمـان بـۆ دەگوازێتـەوە، ڕۆمـاننووس نموونـەی وێنـەی نێرینەیەکی کۆمەڵەکەی خۆیمان بۆ دەگوازێتەوە، کـە پێیوایـە کاتێـك نێرینەیـەك گونـاح و تاوانێك دەکات دەرهەق بە ڕەگەزی مێینە، با ئەو گوناح و تاوانە زۆر گەورەش بێت، بـەڵام ئـەو زۆر بێباکانـە دەیـەوێت خـۆی بێگونـاح و بێتـاوان نیشـان بـدات، و لەبەرامبـەردا وەك بەرزەکی بانان بۆی دەربچێت، کاتێك (بەهرام) دەستدرێژی دەکاتەسەر (شادی) و لەکچەوە بەناوی خۆشەویستی و عەشق و خزمایەتییـەوە دەیکـات بـەژن، چ تاوانێـك لەمـە گـەورەتر

هەیە کە دەرهەق بـەم کچـە کرابێـت، کەچـی دەبیـنین (بـەهرام) هـەر گـوێیش بـەتاوانێکی گەورەی وانادات، و لەحەز و ئارەزووی خۆشی ناکەوێت.

(وا وەیلا بۆحاڵت.. ئەو مەستی و مڕبوونەی دوای ڕامووسان حەزی ئەوەی خستە بـەردڵی بەهرام کە دەسـتی لـەژێر شـان و ملـی تـۆدا دەربێنـیێ و زۆر بێباکانـە وەك نێرێـك ڕاوێکـی بردبێتەوە و ئەم لەنمایشێکدا بیێ). (ژنێك بەسەر منارەوە، ل٤٦ — ٤٧).

ڕۆماننووس مەبەستییەتی ئەوە بدرکێنێت،کە مێیینە لای ئێمە هـەر کـە چـاوی بـەدونیادا هەڵدەهێنێت فشار و پەستانی لەسەر هەتا دەگاتە ڕۆژی مردنی، ئەو مێینەیـەی بەدرێـژایی ژیانی خەریکی پاراستنی کەسایەتی مێینەتی خۆیەتی، لەچرکە ساتێکدا نێرینەیـەك دیچـت کەسایەتی لەکەدار دەکات و وای لێدەکات لەسەر دونیادا دۆزەخ بەچاوی خۆی ببینێت.

شێرزاد حەسەن لای وایە پیاوەکان لە بەرامبەردا ژناندا بـەس ئەوکاتانـە ڕاسـت دەکـەن و قسە دەدرکێنن، کەلـەحاڵتێکی نائاگاییـدا دابن،ئـەونا ئاگاییەشـی دیـاریکردووە، کـە خـۆی لەمەستبوونی پیاوەکاندا دەبینێتەوە. (مەستی بۆ هەمیشە پیاوەکان دەخاتە سەر ئەسـڵی ئەو کانزا و مەعدەنەی لێوەی دروست بوون، چ بەخشندەبێت چ قرچۆك، چ دڵڕەق بێت و چ میهرەبان، چ کەیفخۆش و چ نیگەران... دەیەهاجار ئەم ڕازەت لەباوك و براکانـت و بـەهرام بیستبوو....) (ژنێك بەسەر منارەوە، ل٥٨).

ڕۆماننووس لای وایە ئەوە حاڵەتی نائاگاییەکە نێرینـەکان بەوێنـەی ڕاسـتەقینەیی خۆیـان دەردەکەون، وهیچ گومانێك لەکەسایەتییان ناکرێت، بـەڵام حاڵەتـە ئاگاییەکـەی نێرینـەکان لەبەرامبـەر مێینەکانـدا نائاسـاییە، و کەسـایەتی نێرینـە لـەم حاڵەتـەدا زۆر لایـەنی خـۆی پەردەپۆشی دەکات و دەیشارێتەوە، و بەدەمامکەوە خۆی دەنوێنێت.

ڕۆماننووس پێیوایە پیاوانی کۆمەڵی ئێمە هەرشتێك بچێتە عەقڵیانەوە، جا ئەو شتە ڕاست بێت، یاخود ناڕاست، پێداگری لەسەر دەکەن، و شێلگێرانە کاری بۆ دەکـەن، لەهەمانکاتـدا لەکاتی قسەکردندا نەك بەڕوویەك و دوو ڕوو خۆیان دەنوێنن، بەڵکو بە چەندین ڕوو خۆیـان دەنوێنن، بۆ سەلماندنی قسەکانیشیان پەنا بۆ قسـە و گووتـەی کەسـایەتی نـاودار دەبـەن (...ئا... ئەریێ وەڵلا.... بە گۆڕی شـەهیدان مـن شـەیدای عـەقڵ و قەننەکـەتم کـە لـەهیچ ژنێکدا نەمدیوە... ئەڕیێ وەڵلا... شێتی ئەوەم... نەك بە تـەنها جوانیـت... هـەر بەڕاسـتی

ڕەوشــتی ڕاوکــەرێکی کەللــە ڕەقــی هــەبوو کــە هــەرگیز دەســتبەرداری نێچــیرەکەی نابێت...)(ژنێك بەسەر منارەوە، ل٦٣ — ٦٨).

هەروەها ڕۆمـاننووس نەنگییـەکی تـری پیـاوانی کۆمـەڵ ئاشـکرا دەکـات ئـەویش ئەوەیـە پیاوان سەری زمان و بنی زمانیان بریتی یە لە سوێند خواردن، جا ئەو سوێند خواردنـە بـە پیرۆزییەکانی نەتەوە بێت، یان بەپیرۆزییەکانی ئایین.

لـەم ڕۆمانـەدا لەسـایەی کلتـووری باوکسـالاریدا ڕۆمـاننووس چـیرۆکی ئـادەم و حەواشـی ئاوەژووکردۆتەوە،پێیوایـە ئـەوە ئادەمە،حــەوای فریــو داوە کــە لەســێوەکە بخوات،لــە خۆشییەکانی بەهەشت دووربخرێتەوە، نەوەك حەوا، ئادەمی فریو دابێت. بەتێڕوانینی ئێمە ئەوجێگۆڕکێ و ڕۆڵگۆڕانەی ئادەم و حـەوا مەغزایـەکی هەیـە، ڕۆمـاننووس دەیـەوێت بڵێـت ئەوە پیاوە (ئادەمە)،لە ژن (حەوا) ئافرێندراوە،نەك حەوا،لەئادەم ئافرێندراوبێت،یاخود ژن گشتە،پیاو بەشەکەیەتی.

یەکێك لەو دیاردانەی کە لەنێو کۆمەڵی ئێمەدا بـاوی هـەبووە، دەستنیشـانکردنی کچێکە لەلایەن دایك و باوکی کوڕێك بەمەبەستی هاوسەرگیرێتی، بێگومـان ئەمـەش زۆر جـار بـەبێ ڕەزامەندی کوڕەکە ئەنجامدراوە و لەئەنجامیشـدا کچـەکە بـاجی قورسـی داوە، و پیاوەکـە خوا خوای بووە جا بەهەر هۆیەك بێت خۆی لەم بەرپرسیارێتیە بدزێتەوە، وژنەکە بـەماڵ و منداڵەوە بەجێبهێڵێت، وبناغەی خێزانداریيەکە تێکبدات.

(.... مووم لێنەهاتبوو تفەنگم هەڵگرت، بەرلەوەی دایك و باوکم بـە نابـەدڵی خـۆم ژنم بـۆ بێنن، لەنێوان ژن و ماڵ و شۆڕشدا، شۆڕشم هەڵبژارد....) (ژنێك بەسەر منارەوە، ل٧٢).

واتــە پەیوەنـدییکردنی پیاوەکـە بـەڕیزەکانی شۆڕشــی سـەد دەرسـەد لـە دڵسـۆزی و خۆشەویستی بۆ شۆڕش سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو پەیوەندیکردنی بەشۆڕش پەیوەستە بەو واقعەی کە تێکەوتووە، و هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەنا دڵی لەلایەن دایك و باوکییەوە کچێکیان وەك هاوسەری دەستنشانکردووە، و لەجیاتی ئەم بڕیارێکی قورس و چارەنووسســازییان داوە. لەکاتێکـدا ڕۆمــاننووس ئەوشۆڕشــە دەخاتــە ژێــر گومــان و پرسیارەوە و پێـی وایـە شـایەنی ئەوەنـە بـووە پیاوێـك بـەخۆی مـاڵ و منداڵییـەوە ببێتـە قوربانی ئەمجۆرە شۆڕشە، ئەمەش لەزاری (شادی) کارەکتەری ڕۆمانەکە دەدرکێنرێت.

(.... پاشان ئەوەی تۆ تفەنگت بۆ دەتەقاند و ماڵ و منداڵت بە قوربـانی شـۆڕش کـرد... هەست ناکەیت ئەمڕۆ بۆتە بازاڕ و دوکان و .... قۆنتەرات؟) (ژنێك بەسەر منارەوە، ل٧٢).

ڕۆماننووس لەوێنەیەکی هونەریدا پێیوایە باوکسالاری لەنێو کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا ئەوەنـدە خەست بۆتەوە کۆمەڵی باڵندە و فڕندەکانیشی تەنیوەتەوە، نێرەکـانی ئەمانـە دەیانـەوێت بۆی دەرچن ومێینەکانیان بکەنە قوربانی.

(دووکەوی هەڵفریو کە هێشتا دوورنەکەوتوونەتەوە لەتەختەی زەوی گرتێبەربوو، نێرومێ، مێیەکەیان پێکراوە و نێرەکەیان بەزرتر فڕیوو بە ئومێدی قوتـاربوون لەساچمەی وێـڵ...) (ژنێك بەسەر منارەوە، ل٧٥).

شـــێرزاد حەســـەن بـــۆ بەرجەســـتەکردنی ئـــەم وێنەیـــە فڕندەیـــەکی وەك کـــەوی دەستنیشانکردووە، کە ئەمەش دەلالەتە لەسروشـتی کـورد و جوگرافیـای کوردسـتان، کـە نێرینەکان دەیانەوێت بەرزە فڕبن و مێینەکانیش بۆ بستێکیش لەزەوی بەرزنەبنەوە.

وەك لــە پێشتریشــدا ئامـاژەمــان بـۆیکرد، دیـدی ڕۆمـاننووس بـۆ مەسـەلەی ڕاوکـردن تاڕادەیــەکی زۆر بەســتراوەتەوە بــەڕاوکردنی مرۆڤــەوە، بەسـوود وەرگـرتن لــەڕاوکردنی بونەوەرانی تر، بۆیە گەیشتۆتە باوەڕێك ئـەوەی بونـەوەرێك وچـەند بونـەوەرێك ڕاو بکـات، ئەوا ڕاوی مرۆڤیش دەکات، و ڕاوکردنی مـرۆڤیش کـارێکی قـورس و گـران نییـە، بەتایبـەت نێچیرەکە (ڕاوکراوەکە) مێیینە بێت.

(....باکت بەچییە، باپێتبڵێم گەر پیاو توانی مەلێك بکوژێت، دواتر کوشـتنی ئینسانیشـی لەلا ئاسان دەبێت!). (ژنێك بەسەر منارەوە، ل٧٦).

شـێرزاد حەسـەن، جـەخت لـەوە دەکاتـەوە کلتـووری باوکسـالاری کلتوورێکـە ئاوسـە بەکۆمەڵێك کولتوور و داب و نەریتی ترەوە، بە تایبەت لە کۆمەڵی کوردەواریدا، کە زۆریـان بە زەرەرمەندبوونی ژنان کۆتاییان دێت، بۆیـە کارەکتـەرێکی وەك (شـادی) ئـەم کلتـوور و داب و نەریتانە بەکۆت و بەند و خەم و دەرد دەزانێت، کە هێندەی تر ئەرکی مێینە بوونیان قورستر کردووە.

(....ترس لەقەیرەیی و تەنیا کەوتن.... بووچی چاوەڕوانی بەڵێنەکان... قسەو قسە لـۆك و ستەمی زاڵ و نەبڕاوەی کچ بوون کچ نەبوون، نیگای پڕ لە گومان و پرسیاری باوك و دایك

و کـەس و کاریـان شـاردنەوەی ڕسـوایی و کرێنـەوەی شـەرەفی بنەماڵـە). (ژنێـك بەسەرمنارەوە، ل٧٨).

ئەمانە ئەو کلتوور و داب و نەریتگەلێکی تر، ڕێگرن لەبەردەم ئەوەی کە ژنـی کـورد وەك تاکێکی سەربەخۆ لەخودی بڕوانێت، و چیتر خـۆی بـە پاشـکۆ نەبینێتـەوە، بێگومـان ئـەم کولتوور و داب و نەریتانەش کە خراپەیان بۆ ژن زیاترە لە چاکە، بەدەستوور و قـانوونیش بنەبڕ نابن، بەڵکو ئەوەی ئەمانە کاڵ دەکاتەوە، بیرکردنەوەی دروست و ڕزگاربوونی عەقڵی نێرینەکانە لەچەقبەستوویی و کەللـە ڕەقێتـی، و گۆڕانکارییـە لـەتێڕوانینان بـۆ مێینـەکانی کۆمەڵەکەیان.

ڕۆماننووس لەڕێی خستنە ڕووی چەند تایبەتمەندی و خەسـڵەتێك وێنـەی نێرێکـی تـۆڵازی کۆمەڵ دەکێشێت، ئەو تایبەتمەندی و خەسڵەتانەی لەم نێرەشدا بـەدی دەکرێـت زۆربـەیان لەخراپە بەولاوە هیچی تر نانوێنن، ئەگەر یەك دوانێکیان تایبەتمەندی و خەسڵەتی چاك بن، ئەم چاکانەش بەرژەوەندی خراپەکان بەکاردێنێت.

(....کەوتـە وەرزشـی ئاسـن تـا ماسـوولکەکانی بـەهێزبن و وەك لۆمپنـەکان خۆبنـوێنێ و سەری پاك تاشی تا نێرتر و ناشیرینتر دەربکـەوێت، هـەر بـۆ ترسـاندنی ئەوهـەموو عاشـقە ڕووتەڵەیە گەمەی بەدامربۆکس و چـەقۆو قۆچـەقانی دەکـرد، شـەللاتیانە شـانی لـە شـانی ڕێبواران دەدا...). (ژنێك بەسەر منارەوە، ل٩٠).

واتە بەشێك لەنێرینەکان لە سایەی باوکسالاریدا، هەمیشە حەز و ئارەزووی ئـەوە دەکـەن بە کۆمەڵێك تایبەتمەندی و خەسڵەتی مرۆڤی شەڕانگێز بناسرێتەوە، چـونکە قەناعـەتێکیان لەلا دروستبووە لەڕێی ئەم شەڕانگێزییەوە زیاتر ڕۆڵی نێرینایەتیی خۆیـان دەگێـڕن، و ئـەم کارانەشی کە دەیکەن بۆ ئەوەی هیچ نەبێت سەرەنجی مێینەکان ڕابکێشن، و بەشان و باڵ و شکۆیان هەڵبدەن.

هەروەها ڕۆمـاننووس پـەیامێکی تـر دەنێرێـت کـە پێیوایـە نێرینـەکانی کۆمەڵگـەی ئێمـە مێینەگیان خۆشە کـە پێیوایـە نێرینەیـەکی کۆمەڵگەکـەمان، گـەر مێینەیـەکی خۆشـبوێت هەرگیز ناتوانێت بەبێوەیی و ساغ و دروستی گوزارشت لەو خۆشەویستییەی خۆی بکات، و هەمیشە وەك نێرینەی کۆمەڵێك بونەوەری تر لەڕێی هەڕەشە و گوڕەشـەوە دسـەت بەسـەر مێینەیەك دابگرێت، و خۆی ببێت بە خاوەندارێکی دڵڕەقی.

ڕۆماننووس پێیوایە پیاوان خاوەن وزە و هێزێکن و سەرچاوەی ئەو وزە و هێزەی بۆ ڕۆح، یان جەستە، یاخود هەردووکیان دەگەڕێتەوە. ئەوە وزە و هێزی نێرینەییە، جا مەرج نییـە ئـەو نێـرە ئـازا، یـاخود ترسـنۆك بێـت، گـرنگ ئەوەیـە لەسـەرووی مێینەبوونـەوە خـۆی دەنوێنێت، ودان بەهیچ وزەو هێزێکی مێینەیی دانانێت.

(هێزێکی پەنهان لە پیاودا کە کچ و ژنەکان هەر بەسەلیقە هەستی پێدەکـەن، هێزێك کـە هەموو کچێك بە تۆشەوە دوای دەکەوێت، وزەو هێزێکە کە لە ڕۆمێکـەوە هەڵـدەقوڵێت یـان هیی لەشە.... یان هەردووکیان.... ئەو هێزەی هەر چەندە ساختە و درۆ بێت، کەم بێ یان زۆر، وەلێ لەناو ئەو هەموو پیـاو و کـوڕە بێهێـز و ترسـنۆك و بـێ بەڵێنانـەی کـە لـەدەوری نۆبوون، لەباوك و براو دۆست و یار، پڕ هەواو فیزێکی بەتاڵ، تەنها نێربوون بەس بوو بۆیان کـە خۆیـان بـەدونیا نەگۆڕنـەوە، کەچـی هەترەشـیان لەخـەون و خـەیاڵ و ختـوورەی کـچ وخوشك و دایك ژنەکانیان چووە). (ژنێك بەسەر منارەوە، ل٩٩).

ئـەو وزە و هێـزە لـە کۆنەسـتی نێرینـەکان بـەدی دەکرێـت، و مەبەسـتیەتی کۆنەسـتی مێینەکان داگیربکات، بێگومان ئەمەش لەکولتوورێکی باوکسالاری بـەردەوام لەپەرەسـەندن دایە، ئەو وزە و هێزە نێرینەییەی کە ڕۆماننووس باسی دەکات زۆرجار لەوەهمێك دەچێت، کە نێرینەکان ئافراندوویانە. هەروەها وزە و هێزێکی پـڕ تـەم و مـژ و فریـودەرە، لەواقیعـدا بێبڕست و بێهێزە، چونکە ناتوانێت خـۆی لەهەمبـەر خـەون و خـەیاڵی مێینـەیی ڕابگرێـت، وزەو هێزێکی بێ ورەو لەرزۆکە.

بێگومـان دیـاردەی فرەژنـی ڕەگێکـی لەمێژینـەی هەیـە لـە کۆمـەڵی کوردەواریداهەیـە، کـاتێکیش نێرینەیـەك دڵێـك و چـەند دڵخوازێـك دەبێتـە ئامـانجی، بـۆ ئـەوەی ڕەوایـەتی بەکارەکـەی بـدا کایـەی ئـایین وەك قـەڵغانێك بـەکاردێنێت، چـەندین دەقـی ئـایینی لەبەرژەوەندی خـۆی بـەکاردێنێ بـۆ هێنانـەدی مەرامەکـەی، سـەرەڕای بـوونی عەقڵییەتـە نێرسالارییەکە، کە پێیوایە تەنیا مێینەیەك بەس نییە بۆ نێرینەیەك.

(ئەوەیان ئاسانە بۆ ئەو گەندە پیاوانە، هـەر ئـەو نامەردانـە پـەیام و نامـەم بـۆ دەنێـرن، بەدەستی ئاشنا و بێگانەدا، تاوەکو بـزانن ئـاخۆ شـوو دەکـەم بەیـەکێك لەوانـەی دوو سـێ ژنیان بەستۆتەوە وەك دابەستە). (ژنێك بەسەر منارەوەن ل١١٦).

ڕۆمانووس دیاردەی فرەژنی لەکۆمەڵگەکەمان چڕ دەکاتەوە لە هەردوو وشەی (بەستنەوە) و (دابەستن)، کـە بێگومـان هیچیان لەگـەڵ پێـوەری مـرۆڤ بـوون یەکناگرێتـەوە، چـونکە (بەستنەوە) بۆمرۆڤ بەواتای چەوساندنەوە و ژێـر دەسـتکردن و زەوتکردنـی سـەرەتاییترین مـافی مرۆڤـەکان جـار هـەر ڕەگـەزێك بێـت کـە خـۆی لـەئازادبوون بـە مانـا فراوانەکـەی دەبینێتـەوە. ئـەوەی پەیوەسـتە بـە وشـەی (دابەستن)یشـەوە هـەرگیز لەگـەڵ خەسـڵەتی مرۆڤایەتییـدا نایەتەوەوشـەیەکە سـەرومڕی لەگـەڵ بـەخێوکردنی ئاژەڵدا هەیـە، تـەنیا بـۆ غەریزەی خواردن بەبێ هـیچ غەریزەیـەکی تـر، و دواتـر مامەڵـەکردن و کوشـتنی، ئەمـەش ترسناکترین شێوەیە گەر مرۆڤێك بەمشێوەیە ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت.

لەکۆمـەڵی باوکسـالاریدا لـەو چوارچـێوەیەدا، لەگـەلێك حاڵەتـدا کەسـە هـەرە نزیکـەکانی مێینە، دەبنە زیاترین مەترسی بۆسەر گیان و جەستەی، بە بـەراورد لەگـەڵ کـەس و کـارو خزمەکانی تری، یاخود دەوروبەرەکەی.

(....ناچار براکانت کە هەڵەتەی دونیـا ببـوون، هاتنـە سـەرخەت و هـەرجارەی یـەکێکیان دەیدواندیت، هره لە گفتی شیرین و برایانە تـا دەگـا بـە هەڕەشـە و گوڕەشـە جنێوبـاران و سووکایەتی پێکردن... دەلەقۆڕ... تاکەی خۆت سووك و چـرووك دەکـەی). (ژنێـك بەسـەر منارەوە، ل١٢١).

واتە بەکـەم زانـین و بەکـەم ڕوانـین لـەژن، لەنێرینـە نزیکەکانـەوە دەسـتپێدەکات، دواتـر دەبێتە کلتوورێکی دیار و باوی کۆمەڵ، بە واتایەکی دی لەهەندێك حاڵەتدا گەر دەوروبـەری ژنەکە گۆشتی بخۆن، ئەوا کەسە نزیکەکانی دوورنییە ئێسکەکەشی بشکێنن، نەوەك ببێتـە مایەی مەترسی و یاخبوون بۆسەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی و خزم و دۆستان و عەشیرەت.

لەکۆمـەڵی باوکسـالاریدا ژنـان بەدرێـژایی ژیانیـان لەناخۆشـی و مەینـەتی دان، بەتایبـەت مێینەیەك لەلایەن دەوروبەرەکەی کەوتەبەر لێشاوی تانەو تەشەر لێدان، ئیتر بۆ ساتێکیش بێـت ئـەو مێینەیـە ناتوانێـت لەسـەر پێـی خـۆی بوەسـتێت، و دەبێـت زۆرتـرین حاڵـەتی قوربانیدان تاقی بکاتەوە، و یەکەبەیەکەی ئازارەکانیان بچێژێت.

(...هەرباوك و براو خوشکەکانی خۆم و خـۆت هەراسـانیان کردم،هـەر هـەموو کەسـو کـار بەچاوی گومانەوە، بە دەم پرتە و بۆڵەوە تانەو تەشەرەوە، قسەی وایان فڕێدەدا کە ڕۆحی دەردێنام،)(ژنێك بەسەر منارەوە،ل١٣٤– ١٣٥).

(شادی) ئەو ژنەی نموونەی قوربانیدانی ژنی کوردە، چونکە ئەو بەهۆی یەکێك لـە کەسـە نزیکەکانی بەناوی خۆشەویستییەوە فریویداو بەدرێـژایی ژیـان خستییە دۆزەخـەوە، ئـەو دۆزەخـەی ڕۆژ بـە ڕۆژ لەلایـەن کەسـە نزیکـەکانی و دەوروبەرەکـەی ئاگرەکـەی گڕتـر و گەشاوەتر دەبوو، لە ئەنجامی ئەوەی پاکیزەیی لەدەستداوە، بێ ئـەوەی چارەسـەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزنەوە و یەکێك لە خزمانی داکۆکی لێبکات.

نێرینـەکان هـەموو شـتێك بـەمافی ڕەوای خۆیـان دەزانـن، لەبەرامبەریشـدا لەمێینـەکانی دەسـتێننەوە، نێرینـەکان ئـەوەی لەچوارچـێوەی ئاکـار و لـە دەرەوەی ئاکـاریش بێـت ڕەوایەتی پێدەدەن.

(من تەواو لە تۆ نائومێد بووم.. هەر گەنجێکی وەك تـۆش کـەلێم دەهاتـە پـێش سـوێندی دەدام کـە ئـاخۆ حـەزم لەکـەس نـەکردووە.. کـەس ماچـی نەکردووە..نامـەی دڵداریم بـۆ هەتیوێك نەنووسیوە..).(ژنێك بەسەر منارەوە، ل١٤٦).

شێرزاد حەسەن وەك دەروونناس و کۆمەڵناسێك، گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی، کە لە سـایەی کلتووری باوکسالاریدا نێرینەکان چەندین ڕێگە و هۆ و هۆکاری حـازر بەدەسـتیان هەیـە بـۆ لەکـەدارکردن و ناشـیرینکردن و بەزانـدنی مێیینـەکان، بـۆ نموونـە لەپێشـتردا ئاماژەمـان بەوەکرد نێرینەکان بەهۆی ئـایین و شـکاندنەوە و داڕشـتنەوەی دەقـەکانی لەبەرژەوەنـدی خۆیان، ئەوەی بۆیان بلوێت لەهەمبەر مێیینەکان وەك چەکێکی چەند سەرەی بەکاریدێنن، لـەم نموونەیـەی خـوارەوەش نێرینـەکان مەبەسـتیانە (زانسـت) بـەکاربێنن بـۆ لێـدانی مێیینەکان.

(..... سەنعەتێکە وەها سووك و ڕەزیل بـووە بـەناوی شـیکاری دەروونییـەوە کـە ئەگـەر ئافرەتێك دەست بکرێت بەسۆندەیەکەوە بەو نیازەی باخچەکەی خۆیان ئاو بـدات... ئـەوە بەغالـەت بردنـە بـە پیـاو چـونکە ژنەکـە ناتوانێـت بـەپێوە میـز بکـات، بۆیـە سـۆندەی بەدەستەوە گرتـووە و ئاوڕشـێنی باخەکـە و حەوشـەکە دەکـات. ئـەو شـیکارانەی بـەناوی ڕەخنەوە نووسراون من نابەزێنن...). (ژنێك بەسەر منارەوە، ل١٥٥).

گەر لـەم نموونەیـە ووردبینەوە،بـەو ئەنجامـە دەگەین،کـە نێرینـەکان زانستەکەشـیان بـۆ لایـەنگیری ڕەگـەزێك کـردووە، و (بەنێرینـەکردنی زانسـت) لـەم نموونەیـەدا بەئاشـکرایی

دەخوێندرێتەوە،زانست کراوەتە هۆکارێك بۆ خراپ خوێندنەوەی دیاردەیەك کە لە نێو بەشێك لە مێینەکاندا باوە.

(لەوەتەی پیاو هەیە لەسەردەمی ئەشکەوت و چاخی بەردینەوە سەرگەرمی جەنگ بووە یان ڕاوکردن، لەوەتەی ژنیش هەیە سەر بەهەش وچاوەڕێ و دەست بەدوعا و نزا و نووشتەی دونیا دەکات کوڕ و برا و مێرد و نێرینەکانی تیرە و هۆز و بنەماڵەکەی بەسەلامەتی بگەڕێنەوە، پیاوە ئازاو ترسنۆکەکان ئاگری شەڕەکان جۆش دەدەن و ژنەکانیش خۆیان لەخوم و هەش دەنێن و ڕەش دەپۆشن). (ژنێك بەسەر منارەوە، ل١٥٨).

ژنان دەبنە سووتەمەنی و قوربانی ئەو شەڕە نەگریسانەی کە پیاوان بۆ بەرژەوەندی خۆیان هەڵیدەگیرسێنن،ژنان ڕووبەڕووی چارەنووسێکی ڕەش و نادیار دەکەنەوە ڕۆماننووس ڕۆشنایی دەخاتە سەر کولتووری باوکسالاریی و پێیوایە باوکسالاری ڕەگێکی قووڵی هەیە، ئەم ڕەگەش لەچوارچێوەی پەروەردە و ژینگەی خێزانەوە سەر دەکێشێن بۆ نێو کوڕ و کۆمەڵ واتە ئەو پریشکە ئاگرانەی کە سەرەتا بەر مێینەکان دەکەوێت، سەرچاوەی ئەو پریشکە ئاگرانەش کەسە هەرە نزیکەکانییەتیان.

(.... باوکێك کە لەسەر سفرەش لەگەڵ ئێمە نانی نەدەخوارد، وەك ئەوەی نانخواردنەکانی ژن و کچەکانی عەیبەیەکی گەورەبێ، گەر لەبەرخاتری میوانێك دانیشتبایە هەرگیز لەسەر ئەوخوانە نەبوو، ... براکانیش گێژو وێر بەدەم هات و هاوارەوە بەو ماڵەدا دەسوڕانەوە، ئەوانیش هەر هەمان خدەو خووی باوکەیان هەبوو، تا گەورەتر بووم هەستم کرد من و دایکم و خوشکەکانم کارەکەین.) (ژنێك بەسەر منارەوە، ل١٦٨).

لەسایەی عەقڵیەتی تەسکی نێرسالاریدا، پێگەیشتن و گەورەبوونی مێینەکان، بەبیرکردنەوەیەکی نێرسالارانە یەکسانە بە پێگەیشتن و گەورەبوون و تەقینەوەی بەڵاو ئارێشەکان.

(باوك و براکانمان و کۆی پیاوان و کوڕانی بنەماڵە وەکو بەڵایەك لە ئێمەیان دەڕوانی، باڵقبوونی کچەکان... بۆ ئەوان گەورەبوونی خەم و بەڵاکان بوو. )(ژنێك بەسەر منارەوە، ل١٦٨).

واتا بەشێکی زۆر لە نێرینەکان وا لە مێینە دەڕوانن، کە دەریایەکی بێ بنەو شـەپۆڵەکانی ترسناکن و نێرینەیان هەڵدەلووشن و تا هەتایە نقوومیان دەکەن، بۆیە دەبێت بەشەپۆلێکی تیژڕەوتر و ترسناکتر ڕووبەڕوویان ببنەوە.

شێرزاد حەسەن وێنەی نێرینە لـە کۆمەڵدا بەشـێوەیەکی دڕدۆنگـاوی بـۆ دەکێشـێت،هەر بۆیـەش بـەو پـەڕی دڕدۆنگییـەوە سـەیری بوونەورەکـەی بەرامبـەری دەکـات ، هەمیشـە چاوتیژە بۆ ئەوەی لایەنی خراپە و بـەدکاری لەمێینـە ببینێتـەوە، لەئاسـت لایـەنی نـەرم و نیانی و باشییەکانی چاوی خۆی بنوقێنێت.

(...هەرگیز بەختی ئەوەم نەبوو بۆ یەکجاریش شەوێك قەدەر بەهەڵەدا بچـێ و بـاوکم یـان یەکێك لەبراکانم ئەو ئەرکە قورسە بکێشێ وماچم بکات و بڵێت....

(شەو شاد ..... کچە شیرنەکەم!)

(خەوێکی خۆش.... خوشکە نازدارەکەم!)

.... ئەو شەو شادەیان هەر نەکرد، دوو وشەیە و بەس... بەڵام چ حەسرەتێکە کە ببێ بە مەحاڵ) (ژنێك بەسەرمنارەوە، ل١٦٩).

نێرسالارەکان لەشان و شکۆوپیاوەتیان کەم دەبێتەوە، گـەر بـە وشـەو قسـەیەکیش بێـت دڵنەوایی مێینەکان بدەنەوە، (چ ولاتێکـە کـە کچـەکان جگـە لەعـەورەت و بـەلای نـامووس هیچی دیکە نەبن))(ژنێك بەسەر منارەوە، ل١٦٩).

ڕۆمـاننووس پێیوایـە نێرینـەکان هێنـدەی مێینـەکان ڕووبـەڕووی مـەرگ ناکەنـەوە، واتـە پیاوەکـان هەمیشـە بـە سـەرکوتگەرایی بەدیاردەکـەون و ترسـی مـەرگیان لـەناخی ژنـان چەقاندووە، نەخاسمە ئەو ژنەی بیەوێت تۆزقاڵێك لەبەرامبەرەکەی یاخی بێت (گـەورەترین دەسکەوتم لەشووکردن بەو پیاوە ئەوەبوو کە لەبینینی مەرگ بێباکی کـردم، لـەتامکردن و بۆنکردنی مەرگ، گەرچی لەمنداڵیمەوە بە مەرگ دەیان ترساندم، ئەوترس و تۆقینەی باوکم و دایکم و مەلای گەڕەك و مامۆستاکانی ئایین و پت و پیرەژنەکان لـەڕۆحی منـدا چـاندیان) (ژنێك بەسەرمنارەوە، ل١٧٦).

(شادی) ئەو کارەکتەرەیە دەبێتە ڕەمزی مێینەکانی کۆمەڵی کوردەواری، کە هەموو ژیانی بەمەرگ قانگدراوە و بۆشاییەك نەماوەتەوە بۆ ئەوەی هەناسەیەکی پاك هەڵبمژێت و، مەرگ

بۆتە مۆتەکەیەك هەموو ژیانی داگیرکردووە، سەرچاوەی ئەم مەرگەش، سەرچـاوە گـەلێکن لەخێزان و دەوروبەرو ژینگە و بەشێك لەچین و توێژەکانی کۆمەڵگە.

شێرزاد حەسەن مەبەستیەتی بڵێت بەشێکی زۆری نێرینەکانی وڵاتی ئێمـە لەگـەڵ ئـەوەی عەقڵیەتێکی تەسك و داخراویان هەیە و مامەڵە و هەڵسوکەوتیان کەنارگیر و کۆنە خوازانەیە لەگەڵ بەرامبەرەکانیاندا، بەڵام هەموو خولیاو ئارەزوویا لە (سەرمۆر)یدا چڕکردۆتەوە، جا ئەو سەرمۆرە گیاندارب‌ێت یابێگیان، خواردن بێت یان خواردنەوە.

(لەم وڵاتەی کە پیاوەکانی شێتی پاکیزەن، شێتی هەموو شتێکی دەق نەشکاو وتەقەت و داخراو و جوان وتازە و سەرمۆرن بەعارەق و ئافرەتیشەوە... دەبێ چاوەڕێی چـی بکـات؟ ئەو پیاوانەی لەزەت لـەوە دەبیـنن خۆیـان قـاپی عـارەقی سـەرمۆر بکەنـەوە و پـەردەکان بتەقێنن) (ژنێك بەسەر منارەوە، ل١٩٨).

لەم وێنەیەدا دەبینین ڕۆمانووس گەیشتۆتە ئەنجامێك، کە لە مەملەکەتی کوردانیش وەکو هـەموو مەملەکـەتانی جیهـان مێینـە بـەکاڵاکراوە وەکـو پێویسـتیەکی بازرگـانی مامەڵـەی پێدەکرێت بازاڕی تایبەتی خۆی هەیە، سەرەڕای ئەمانـەش ئـەم جـۆرە بـازاڕ و بازرگانییـە هەر لەوڵاتدا گیری نەخواردووە، بەڵکو ئەو کاڵایانەی (مێیینانەی) بەختەوەرن، بەرهـەمێنن و بازاڕیان گەرمە و، چوارچێوە و سنووری ئەم مەملکەتەش دەبڕن!.

وا هەست دەکرێت (ئایین) بەچەشـنێك بەنێرینـەکراوە، کـە ئـەوەی ئـازار و سـزایە بەشـی مێینـەکان بێت،ئـەوەی چاکەو پاداشـتە بەسـەر نێرینەکانـدا ببەسـترێتەوە،بەواتایەکی دی نێرینـە ئـەو بوونەوەرەیـە، کـە هـەموو بنەمایـەکی چـاکەی تێـدا بەدیـدەکرێت و فریشـتە ئاسـایە،لەکاتێکدا مێینـە بونەوەرێکـە ئـەوەی بنـەمای خراپـە تێیـدا کۆبۆتـەوەو شـەیتان ئاسایە.

شێرزاد حەسەن پێیوایە هەریەك لەئێمـە لەهەنـدێك وێسـتگەی ژیانمـان بەدرێـژایی تەمـەن تاکێتی و سەربەخۆیی خودی خۆمان لەدەسـتدەدەین، جـا ئـەو تاکـە نێرینـە بێـت، یـاخود مێیینە، نەخاسمە مێینە لە کۆمەڵگەیەکی نێرسالاردا، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەم تاکانە کەم تا زۆر کۆت و بەندو دیلکراون بەکۆمەڵێك بیرو بـاوەڕ وداب و نـەریت و کلتـووری هەمە چەشنەی ئەو کۆمەڵەی، کە مرۆڤەکە لە چوارچێوەیدا ژیان بەسەر دەبـات، بێگومـان هەموو بیروباوەڕو دابونەریتی وکلتووری ئەم کۆمەڵگەیەش ئەنجامەکەی بەسوودی تاکەکان

کۆتـایی نایـەت، کەواتـە لـەبارێکی ئـاوادا و هاوشـێوەی ئەمـەدا گـەلێك کـۆت و بەنـدی کۆمەڵ،دەبن بە هەڕەشەی مەترسـیدار بـۆ سـەر تاکـەکان، بۆیـە ڕۆمـاننووس بەبوێرییـەوە دەیەوێت پێمان بڵێت هەندێك لەو بیرو باوەڕ و داب و نەریت و کلتوورانە ئەوەنـدە بـەهێز و مەترسیدار و بکوژن، بەچەشنێك دەبێتە ئەو تاکـە لـە چوارچێوەی ئـەم کۆمەڵـەدا دەبێـت قوربـانی بـە بەشـێك لـە جەسـتەی بـدات، بـۆ ئـەوەی لۆمـەی کۆمـەڵانی خـەڵك، یـاخود کۆمەڵگەکـەی نەیەتەسـەر. نموونـە بـۆ پشتڕاسـتکردنەوەی بـیرو بۆچـوونەکانمان بـوونی (خەتەنەکردنی مێینە)یە لە کۆمەڵەکەماندا، کە ڕۆمـاننووس لەچـەند شـوێنێکی دەقەکەیـدا لەسەری دەوەستێت و بەرنووکی نەشتەری دەدات.

(.... پێخەفەکەم سارد و سڕە، دیارە ئەم نەیدەزانی کەمن دەمێك سـاڵ بـوو بـێ زەوق و خەیاڵ و مردارەوە بوو بـووم، جارێکیـان پێمـوت کـە چـۆن خەتەنـەکراوم .... پێمـوت.... مەگری... لەوە کوشندەتر ئەوەیە ڕۆحم خەتەکراوە) (ژنێك بەسەر منارەوە، ل١٩٥).

بێگومـان بـڕین و لێکردنـەوەی بەشـێك لـە ئەنـدامێکی هـەرە هەسـتیاری مـرۆڤ ژوارێکـە سارێژکردنی گەلێك ئەستەمە، لەبەرئەوەی ئەم مرۆڤەکە لەدەمی خۆیەوە دەیبیسـتێ هـەر ئەندامێکی جەستەکەی نەبڕدراوە و لێنەکراوەتەوە، بەڵکو بڕین و لێکردنەوەی ئەو ئەندامـە هاوکات و هاوژانە لەگەڵ ڕۆحەکەی، مرۆڤێکیش بە بەردەوامی جەستە و ڕۆحی، بەدرێـژایی ژیانی لەئازار دابێت چ چێژێك لەژیاندا دەبینێت؟ چ مانایەك بۆ بـوونی دەمێنێـت؟ هەمیشـە ژیانی لە مردنێکی هێواشدایە.

ڕۆماننووس پێیوایە لە هەندێك شـوێن و کـاتی دیـاریکراودا، گـەر مێینەیـەك بـاڵق ببێـت و خەتەنە نەکرا بێـت، مایـەی سەرسـوڕمان و نـەنگیی و شـوورەیی و سـەر ئێشـە و کێشـەی دەوروبەرەکەیەتی لەکەسە نزیەکەکانی.

(ڕۆژێکی گەرمتر لە هەموو ڕۆژەکان دایکە و خوشکەکانی و ژنانی دەرودراوسێ و بەدەیەها دەستەوە ملی بەدواوە دا دەشکێننەوە، تا نەزانێت لە دامێنییەوە چـی ڕوودەدات، ئەیـەڕۆ وا بالق دەبێت سوونەت نەکراوە). (ژنێك بەسەر منارەوە، ل٢٣٥).

هەندێك بیروباوەڕ و داب و نەریت و کلتووری کۆمەڵ عەقڵی مرۆڤـەکان پـەراوێز دەخـەن و کۆت و بەندی دەکەن و لە دواجاردا لە کاری دەخەن، جا ئەو عـەقڵ لەکارخسـتنە پاڵنـەری دەرەکی لەدواوە بێـت، یـاخود پاڵنـەری خـودیی ئەگـەرنا لـەم نموونەیەدا،کـە ڕۆمـاننووس

ئامـاژە بـەدایکی کچـەکە و خوشـکەکانی و دەرودراوسـێکانی دەکـات مەبەسـتی خـۆی تێدایە،چـونکە ئـەوان وەك مێینەیـەك ئـەزموونیان لەگـەڵ ئـەم خەتەنەکردنـەدا هەیـە لـە شوێنکاتێکی مارانگەستەی ئەم خەتەنەکردنەن، چ جای ئەوە مێینەیەکی تر ببێتە قوربـانی ئەم کارە وەحشیگەرایيە، لەکاتێکدا دەزانـن چ سـوودێکی نییـە لـە زیـان بـەولاوە، هـەموو ئەمانەش لەپێناو بەزیندوو ڕاگرتن و بەرز و پیرۆزکردنی هەندێك بیروباوەڕ و داب و نەریت و کلتووری تاسەر ئێسقان چەوتی کۆمەڵە.

ڕۆماننووس کاتێك وەسـفی دیمـەنی خەتەنـەکردنی مێینـەکان دەکـات، خوێنـەر واهەسـت دەکات لەنێو ڕێو ڕەسم وسروتی (قوربانیکردن)دایە، بەڵام چۆن قوربانییەك؟ کێ قوربانییە و کێ قوربانیکەرە؟ ئەم قوربانییە لە پێناو چیدا؟ ئایا قوربانییەکـە هـەر بـەم قوربانییـەی داویەتی کۆتایی بەئازارەکانی دێت؟ یاخود دەبێتە قوربانی لەپێناو قوربانییدان؟

(.... دەست بە تیغەوە ڕاوە دووی کورپژگەکانیان دەنا، وەك پشیلەکان لێرەوە قاویـان دەدان و لـەو سـەردەهاتنەوە، شـەڕ بـوو کامیـان بتوانێـت لـەو دیـو دیـواری ئەسـتووری پیرەژنـەکان و دایکـی کچـەکانەوە و ژنـانی دەرودراوسـێ، لـە کونێـك و درزێکـەوە ناوگـەڵی کراوەی کچەکان ببینن، وەها قاچیان پێ بڵاودەکەنەوە کە هـەڵزڕێن.... بـەگوێزان و تیغـی ژەنگاوی وکوڵ کوتە گۆشتێك دەبڕن... ئەو کوتە گۆشتە جزاوانەی ناو لەپی پیرەژنە ددان کەوتووەکان بـە حـەوادا بـۆ پشـیلەکان هەڵدەدرێت، هـەر بـە حـەواوە دەکەونـە نـاو زاری کراوەی پشیلەکان). (ژنێك بەسەر منارەوە، ل٢٣٦).

خوێنـەر دوای بیرکردنـەوە و تێهەڵچـوونەوە واهەسـت دەکـات ئـەم جـۆرە مامەڵەکردنـەی مرۆڤـەکان لەگـەڵ مرۆڤێـك هـەر لەچوارچـێوەی (قوربـانیکردن)دا ناوەسـتێت،بەڵکو ئەمـە هـەتککردنی مرۆڤێکە لەسـەر دەسـتی مرۆڤـەکانی دیکـەوە. لەکاتێکدا ئەوانـەی مێینەکـە خەتەنە دەکەن بکەرەکانی مێیینەن، بەڵام گەر بەباشـی ووردبینـەوە دەبیـنین لـەپاڵ ئـەم بکەرانـە، بکـەری تـر هـەن، کـە کارەکـە (بەدەسـتی ئـەوان نییـە، بـەلام بـەدڵی ئەوانـە). نێرسالارەکان مەبەستییانە (جوگرافیای سروشتی جەستە)ی مێینەکان بشێوێنن و بیگۆڕن، بەو شێوەیەی کە خۆیان حەز و ئارەزووی دەکەن. هەروەها ئـەم کارەکتـەرە مێیینانەشـی لەوەسـفی ڕۆمانووسـدا دەردەکـەون، کارەکتـەری نـەرێنین، بـە ئەندازەیـەك بـەدوای تۆڵەسەندنەوەدا دەگـەڕێن،وەك ئـەوەی بیانـەوێت ببنـە تیمارکـار و چارەسـەرکارێکی ئـەم

مێینەیـەو گیـانی تۆڵەسـەندنەوە لـەنێو دەمارەکـانی خوێنیانـدا دەبزوێـت، لەبەرئـەوەی لەپێشتردا بەمشێوەیە توندوتیژیان بەرامبەر کراوە، دەبێت لەئێستادا قەرەبووی ئەم توندو تیژییە بکەنەوە.

ڕۆمـاننووس پێیوایـە کلتـووری باوکسـالاری لـە نێـو کۆمـەڵی کوردیـدا لەیەکـەمین چـرکە ساتەکانی تەمەنەوە دەستپێدەکات، کاتێك بەشێك لەخێزانـەکان منـداڵی مێینـەیان دەبێـت گریان و ڕۆڕۆ و واوەیللا، ئەم بارە ناخۆشەش تەنیا باوکەکە و کوڕەکان ناگرێتـەوە، بـەڵکو دایکەکە و کچەکانیش دەگرێتەوە، چونکە لە کۆمەڵێکی ئاوادا مێینـەکان بـە ناسـنامەیەکی سەربەخۆوە دەرناکەون،بەڵکو مێینەکان سەر بەنێرینەکانن وەك پاشکۆیەك سەیر دەکرێن، بۆیە لەحاڵەتێکی ئاوادا لەلای ئەو خێزانانە زۆر ئاساییە جیاوازی بکرێـت لـەنێوان منـداڵانی کوڕ و کچ، ئەم جیاوازییە هەر لەچوارچێوەی خزمەت و پێداویسـتیەکانەوە قـەتیس نابێـت، بەڵکو ئەم جیاوازییـە لایـەنی پـەروەردەیی و فێرکـردنیش دەگرێتەوە،بەچەشـنێك باشـتر و باشترینەکان بۆ منداڵە نێرینەکە دەبێت،ئەوەی کە دەمێنێتەوە ئینجا دەبێتە بەشی منداڵە مێینەکە.ئەم بۆچوونە خەریکە کاڵ دەبێتەوە.

(پیرەژنەکان دیسانەوە ئەوە بە لەتـەگوێزان و بـەتیغی ژەنگاوییـەوە بـەدیار ژان و ژووری دایکەوە وەستاون، چاوەڕێن کە لە دامێنی بکەوێتەخواریٚ و ناوکی ببڕن، بـە زۆردارەکـی و کێشمەکێش تەقەللا دەدەن لە قووڵایی ئەو گوڵاوەی ڕەحمی دایکـەدا دەریبێـنن.... ژنینـە وریـابن... بـەقاچ هـاتووە یـان بەسـەر... بەسـەر هاتبێـت یـان قـاچ... زوو نەیـەت دایکـە دەمرێت، زریکەیەك و هەر هەموو ژنەکان و مامانەکانیش گرژو مۆن لەو ژنـە دەڕوانـن، سـێ چـــوارێکیان لـــە ڕوومـــەتی خۆیـــان دەدەن... نۆبـــەرەو کـــچ... خـــەڵاتی خودایـــە چ دەکەیت؟)(ژنێك بەسەر منارەوە، ل٣٤٠).

لـەم لـە دایکبوونـەدا وا هەسـت ناکرێـت مرۆڤێـك چـاوی بـەدنیادا هـەڵهێنابێت، بـەڵکو وا دەبینرێت بوونەوەرێکی تەواو دەعجانی ئاسا لە دایکبووبێت، دەعجانییە کەشی زیاتر خۆی لەوەدا دەبینێتەوەکە ئەم بوونەوەرە بەپێی عەقڵە نێرسالارییەکە ناتوانێت درێژە بـە نـاو و نازناوی خانەوادەکەی بدات، بەتایبەت گەر لەدوا ڕۆژدا ئەمیش ببێتە دایکێك و منداڵی بێت، بۆیە هەر لەزووە ئـەم منداڵـە مێینەیـە هەسـت بـەژیانێکی نائـارام و نائاسـایی و شـپرزەیی دەکات،ســەرەڕای ئەوکۆتوبەندانەی،کـــە لـــەدەرەوە ئاراســـتەی دەکـــرێن، دووچـــاری

خۆخواردنەوە و ڕق لەخۆبوونەوە و سەرزەنشتی خوود دەبێتەوە، بێگومان بەمانـەش هـەر لــەزووەوە کەســێتی لــەزۆر ڕووەوە دەشــکێت، تەنانــەت ژینگــە کۆمەڵایەتییەکەشــی لێتێکدەچێت، سەرەڕای ئەمانـەش لەگـەڵ ئـەوەدا لەواقیعدا دایك و بـاوك و کەسـی هـەن، کەچـی بـەهۆی ئـەم هەڵسـوکەوتانەی دەوروبـەری وا هەسـت هـەتیوو بـووە و بێکـەس ماوەتەوە.

ڕۆمانووس پێوایە کاتێك مێینەیەك هەست بەوە دەکات ئـەویش مـافی هەیـە لەبەرامبـەردا ئەرکەکانی زۆر قورس و تاقەت پڕوکێنن، قەبارەی ئەو ستەم و چەوساندنەوەی بەرامبـەری دەکرێت لەلایەن نێرسالارەکانی وەك باوك، برا، هاوسەر، نێرینـەکانی دی، هەسـت و سـۆزو خۆشەویستییەکانی لەهەمبـەر ئەمانـەدا دەپووکێتەوە،بـە ڕق و کینـە دەگۆڕێت، بێگومـان دروستبوونی هۆکاری ئەم ڕق و کینەیەش،کە لەلای مێینەکـە دروسـت بـوو نێرینـەکان، کـە فشاری بۆ دێنن دەست لە مافەکانی هەڵبگرێت و بەهیچ شێوەیەك گوزارشت لـە تـاکێیتی و مرۆڤێتی خۆی نەکات،بەڵکو وەك ئامرازێك بێت بەویست و حەزی خۆیان قورمیشی بکەن،بۆ ئامانج و مەبەستەکانیان ئاراستەی بکەن، کاتێکیش ئـەم مێینەیـە ئـەبووە ئەڵقـە لـەگوێ و دەست وپێوەندی نێرینەکان،ئەوا دەبێت چاوەڕێی قورسترین و سەخترین سزا بکات،زۆرجار ئەو سزا قورس و سەختانەش چی کەمترنییـە لـەمردن، بـەڵکو مردنێکـە دەبێـت بەدرێـژایی تەمەنی بەچاوی خۆی و بەزیندوویتی بیبینێت.

(پیاوێکی چەتەوڵ و ڕدێن درێژ تا بەرناوکان، مرادخـانی لەبـەر، مشـکی و هـەوری تێکـەڵ کردووە، بەسەر سەرییەوە وەستاوە وم بەتەزبیعێکی کارەبایی قڵ گەورۆنە کەللەی سـەری کۆتی دەکوتێتەوە، پشتێن سەوز، کەڵەگەت و شان و شەپیلك پان، وەك پاسـەوانی دۆزەخ تووڕە و داخدار، بەمشتەکۆڵە سـینگۆڕکی دەکـوتێ و ڕێـك وەك ئـەوەی نیشـانە بگرێتـەوە لەققەیەك دەوەشێنێت بەر مووسڵدانی دەکەوێت، تـف لەسـەر تفـی چـاوەکانی و ڕوومـەتی سواغ دەدات.... ئەو کە ناو هەناوی هەڵتەکاند وەها بەزەبر و کوشندە بوو کە هەر هـەموو سووڕەکانی خوێن بینینی تەمەنی خۆی بینییەوە، لەیەکەمین ڕۆژی خوێن پژانەوە تـاوەکو دوا خوێن بەربوونی) (ژنێك بەسەر منارەوە، ل٢٤٤).

ئەوەی لەم دیمەنە ناچیزەدا هەستی پێدەکرێت دەشێت تەنیا ئەوەبێت ڕەگـەزی مرۆڤێـك بـە ڕق و کینەیـەکی زۆرەوە، مەبەسـتیەتی ڕەگەزەکـەی بەرامبـەری بەکوشـندەترین ئـازار

بسڕێتەوە،وایلیٚ بکات ژیانی لەپێش چاوانیدا ڕەش بێت،لەجیاتی خۆشەویستی بۆ ژیان کـە سروشتی مرۆڤەکانە،ئاواتەخوازیی ئەوەبێت مەرگ ببێتە میوانی.

(سەدەها سۆڵ و پـێلاو بەسـەریدا دەبـارین، سـەدەها مـەترەق و قامچـی و... فـاجیرەی لەعنەتی... هەریەکە و گەرەکی بوو گۆشتی لێبکاتەوە و بگاتە خوێنی هەڵیمژێت، سەدەها دەست وەکو ئـەوەی بیانـەوێت لەخاچـی بـدەن دەیسـانەوە بـەرزیان دەکـرەدەوە، خـوێن لـەدەم و چـاو و دەسـت و پەنجـەکانی... قـۆڵ و باسـکەکانی دادەچـۆڕا، هەسـتی دەکـرد هەردوو مەمکیان شێڵاوە و وەك دوو شەمامەی گەورۆنە فلیقاونەتەوە، خوێن لـە گۆیـەکانی نەدوەستا، هەردوو ئەبرۆ تەقیوو خوێناوییەکانی چاوەکانی تەواو لێڵ کردبوو) (ژنێك بەسەر منارەوە، ل٢٥٤).

بەڕاستی ئەمە وێنەیەکی جوانی مرۆڤەکانە، کە گەلەکۆمەکیان کردووە، بۆئەوەی مرۆڤێـك ڕزگاربکەن!،بــەڵام چ ڕزگارکردنێــك پــاش ئــەوەی گۆڕەپــانی ڕزگارکردنەکــە دەبێتــە جەنگەڵستانێك ڕزگار کەرەکان دەبنە بونەوەری دڕەندەو خوێنمـژ پـەلاماری ڕزگارکراوەکـە دەدەن و کەللە پاچەی دەکەن، کـە مەگـەر بـەس ئاژەڵـە دڕنـدەو گۆشـتخۆرەکان بەربنـە مرۆڤێك بەمشێوەیەی لیٚ بکەن،بەم دەردە پڕ ئازارەی بەرن.

**پاژی سێیەم: باوکسالاری وەك سیستمێکی سیاسی لەڕۆمانی (ژنێك بەسەر منارەوە) دا**

(شادی) وەك کارەکتەرێکی سەرەکی ڕۆمانەکە چەند جارێك بۆتـە قوربـانی باوکسـالاری، لەسەردەمێکی زوودا خالۆزاکەی دەستدرێژی سێکسی دەکاتەسەر و بەناوی خۆشەویستی و عەشـقەوە هـەتکی دەکـات ، لەلایـەکی دیکـەوە (شـادی) وەك هونەرمەنـدێك، نوێنەرایـەتی توێژی ڕۆشنبیران دەکات، کەوتۆتە ژێر هەڕەشە و گوڕەشەی چەند بەرپرسـێکی پایـەداری ولات.

(چ جەنگێکی ڕەوایە و چ شەڕەفێکی گەورەیە بـۆ بێـوەژنێکی وەك تـۆ تـەنیا و هێشـتا جوان و جحێڵ چی خۆشی دنیا هەیە فریوت نەدات، چی هەڕەشەی بەرپرسـە پایـەدارەکان هەیە بیخەیتە ژێر پاپوو جەکانت، گەر بەتەنیاش بێت نـەهێڵێت ئـەو چـەند ماڵـەی کـەماون بارگە و بنەتێکبنێن و بڕۆن، زۆر نەنگییە لەبەردەم ئەونیوە پیاو و گەمژانـەدا ببـەزێت...). (ژنێك بەسەر منارەوە، ل١١).

سەرچاوەی ململانێ و هەڕەشەی باوکانی سیاسی بۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە، کـە (شـادی) هەموو هەولێکی چڕکردۆتەوە بۆ ئەوەی چیتر کەلـەپووری میللەتەکـەی بـەتالان نـەبرێت و بەناوی بونیادنانی شتی نوێ و هاوچـەرخ هـەرزانفرۆش نـەکرێت، کـە بێگومـان ئـەم نـوێ و هاوچەرخییەش لەخزمـەتی بەرپرسـە پایەدارەکانـە، نـەوەك زۆرینـەی خـەڵکی ولات، بۆیـە (شادی) پێیوایە ئەو جۆرە مرۆڤانـەی کـە وا بیردەکەنـەوە لەسـەر ڕووخانـدنی کەلـەپووری دوێنێ، ئەمرۆ و سبەینێیەکی نوێ و هاوچەرخ بونیاد بنێنن، بـەهۆی دەسـت ڕۆیشـتوویی و دەسەڵاتی سیاسـییان لەکۆمـەڵێك خەسـڵەتی مرۆڤانـە شـۆردراونەتەوە، چـەندین سـیفەتی ئاژەڵیان وەرگرتووە، بڕیاریان داوە وەکو ئـاژەڵانیش بیربکەنـەوە (....بێبـاك لـەوەی چـی لەمێشکی ئەو کەللە بەرانانەدا دەگوزەرێت، ئەو پیاوانەی شاریان لە کۆنکرێت نـوقم کـرد و تـاوەر و باڵەخانـە هـەور بڕەکانیـان نـاهێڵن چـیتر هـەتاو وەکـی جـاران تـاوەکو بنـەبانی ژوورەکان و دڵ و چاوەکان بێن تاوی بێت...) (ژنێك بەسەر منارەوە، ل١٢).

(شادی) لەنێوان ژیان و مەرگدا ڕۆژگار دەگوزەرێنێت، هەمیشە گرەو لەسەر ئەوە دەکات گـەر بەتـەواوی گیانیشـی لەسـەر دانابێـت، پێویسـتە هـەوڵ بـدات هێـزو تینـی کەلـەپوور لەولاتەکـەی بمێنێت،چـونکە لەڕوانگـەی (شـادی)یەوە تـاوەر و بالاخانـە کۆنکرێـت و هـەوربڕەکان، هـەر نابنـە تێکشـکاندنی کـە لـەپوورەکان، بـەڵکو سـەرو دڵـی مرۆڤـەکانیش

دەگرێـت، و هاوسـەنگی سروشـتیش تێکـدەدات ئـەی ئەوەنییـە بـەهۆی ئـەم تـاوەر و باڵاخانانـەوە تروسـکایی خـۆر بـەژوورەکان ناگـات، و تاراپادیـەکیش دڵ و چـاوەکانیان نادیدەکردووە.

بەدرێژایی سەردەمە جیاجیاکانی کۆمەڵی کوردەواری ئێستاشی لەگەڵ دابێت بەشێك لە نێرینەکانی خەم و خەونی گەورەیان ئەوە بووە چەك بەملیانـەوە بێـت و بـێن بەچـەکدار، بێگومـان ئـەم دیاردەیـەش کۆمـەڵێك هۆکـاری خـوویی و بابـەتی خـۆی هەیـە، لەهەنـدێك بارودۆخدا ئەم چەکدارییەی نێرینەکانی کۆمـەڵی ئێمـە بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە پیـاوەتیی و دلاوەریی و کەسایەتی خۆیان لەچەك و ئامرازە هاوشێوەکانی دەبیننەوە، و چەکهەڵگرتن و چەکداری بۆتە کولتوورێکی نێرینەیی سیاسی لەکۆمەڵی ئێمەدا.

(بـاوك و براکـان و خـاڵ و نێرینـەکانی بنەماڵـە لەتـەك ئـەو میوانـە ڕەزا قورسـە شـەڕو گێچەڵیان لێ بوەشێتەوە؟ ئەو پیاوە کێ بوو؟ بۆچی چاوەکانی وەهـا خوێنـاوی بـوون..؟ نا..هیچ نەبووە..ئەوەتا بەدەم شەقژنی گوللەکانەوە لە قاقا و خـەنین ناکـەوێت، ئـەوجۆرە پیاوانە حەزیان لەفشەو خۆپفدانە، لەوانەیە بیەوێت بە هەواداو بەم تـا پرتـەقانـدن و قاقـا و ئاگر بارانەدا پەیامێکی پەنهان و ڕازێکی تێرانە بنێرێت، لەوانەیـە نیشـانە بگرنـەوە) (ژنێـك بەسەر منارەوە،ل٣٠– ٣١).

نووسـەر پێیوایـە نێرینـەکان لـەڕێی چـەکەکانیانەوە دەیانـەوێت بـوونی خۆیـان بسـەلمێنن،هەروەها ئـەو فیشـەکانەی دەتـەقێنرێت هـەڵگری پـەیامێکی ئاشـکرایی نێرینەن،فیشـەك و چـەکەکان بەبەشـێك لەجەسـتەی خۆیـان دەزانـن بێگومـان ئەمـەش ڕەهەندێکی سێکسی قـووڵی هەیە،لـەو فیشـەك تەقاندنانـەدا چـێژ وەردەگرن،جیاوازییـەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ چێژە سێکسییەکە.

بـارودۆخی سیاسـی و پاڵنـەری خـودیی وای لەنێرینـەی کـورد کـردووە وەك یارییـەك لەفیشەك و چەك بڕوانێت،وەك ئـامرازێکی یـاریکردن بـۆ حـەز و خولیاکـانی و بەسـەربردنی کاتی بەتاڵی یارییان پێبکات.

بارودۆخی سیاسـی کوردسـتان وایکـردووە ژنـان لـەم ڕووەوە بـاجی قـورس بـدەن، بـۆ نموونە کاتێك (هۆمەر) ژەهرخوارد دەکرێت لەلایەن هاوڕەگەزەکانی لەسەردەمی شـۆڕش و شاخدا، نامرێت، بەڵکو بەهۆی کاریگەری ژەهر خواردنەکەوە هەنگاو بەهەنگاو مەرگ تەنگی

پێ هەڵدەچنێت، (شـادی) وەك ژنێـك سـەرەڕای ئـەو خـەم و کارەسـاتانەی کـە بەسـەریدا هاتوون، بەناچاری دەبێت سارێژی برینەکانی (هۆمەر) بکات.

(..لەدوا ساڵی تەمەنی هۆمەردا تۆ پتر لە پەرستار دەچوویت تا خانم وکەیبانووی مـاڵ، کە لەناو جێگادا کەوت چەندەها جار لەئامێزی تۆدا دەگریا و خـەونی بـەوەوە دەبینـی کـە بۆیەکجاری دیکە بەهەمان هێز و شەنگی جاران وەك گورگ غار بدات بچێتەوە ناو ئەو شـاخ وکێوانە..) (ژنێك بەسەر منارەوە، ل٦٢).

شێرزاد حەسەن بە وردی تیشك دەخاتە سەر دیاردەیـەکی ترسـناك، کـە کۆمەڵەکـەمان دەخاتە ژێر گومان و پرسیارەوە،ئەویش دیاردەی دوورینەوەی پەردەی کچێنییە. بێگومان ئەم دیاردەیەش لە کلتوورێکی باوکسالاری و بەهاوکاری بەشـێك لـە بەرپرسـانی سیاسـی و خـوا پێـداوە زەبەلاحەکانـەوە سەرچـاوەی گرتـووە، لەدواجاریشـدا باجـە قورسـەکەی مێینەکانی ئەو وڵاتە دەیدەن.

(تۆ واز لـە مەسـەلەی شـووکردنەکەت بێنـە بـەمن... مـن ... دکتـۆر و سسـتەری چـاك دەناسم کە دۆستی منن و سرپیان قایمـە... دەتوانیـت، کـەس نـەزانێت، وا بکـەین ببیتـەوە بەکچ... چـونکە نـاکرێ وابمێنێتـەوە... عـەفووم کـە خـودا شـاهیدە خۆشەویسـتی ئـەوەم پێدەکات...بیسـتوومە کـە ڕاوچـی کچـە بێکـەس و جوانکیلـەکان لـەدوای ڕاپەڕینـەوە زۆرتربوون،هــەتا مەسـئوولەکان دکتــۆری تایبــەتیان هەیــە،بۆ دوورینــەوەی پــەردەی کچێنی..).(ژنێك بەسەر منارەوە، ل٦٨ – ٦٩).

پاکیزەیی کچ لە کۆمەڵی ئێمەدا هەستیارترین خاڵە، یاخود چەقی قورسایی کەسـایەتی کچە، کە نێرینەکان هەڵوەستەی لەسـەردەکەن، بـە ئەوپـەڕی گرنگییـەوە لێیـدەڕوانن، لـە کاتێکدا لە دەستدانی پەردەی کچێنی بەهەر هۆکارێکـەوە بێـت، کـچ ڕووبـەڕووی ڕەشـترین چارەنووس و تووندترین سـزای هەمـەجۆر دەکاتەوە،چـە مانایـەك نـا هێڵێتـەوە بـۆ ئاکـار. هەروەها ڕۆماننووس چەند دەستە و توێژێکی کۆمەڵی دەستنیشان کردووە، کە لەکەسـانی شارەزا لەبواری پزیشکی و بەتایبەت سستەر و دکتۆرەکان بازرگانی بەم کـارەوە دەکـەن! سەرەڕای ئەمانەش ڕۆمـاننووس لـەڕێی دیـالۆگێکی نێـوان (شـادی) و (هۆمـەر) سـەردەمی برەوسـەندنی دیـاردەی دوورینـەوەی پـەردەی کچـێنی دەگەڕێنێتـەوە بـۆ دوای ڕاپـەڕینی باشووری کوردستان، لەسەردەستی هەندێك بەرپرسی سیاسیی کورد هەندێکیان لەهەمبـەر

تـاکی نەتەوەکـەیان هەسـت بەپرسـیارێتی پێگـەیان ناکـەن، ڕۆمـاننووس لەوەسـفی ئـەم بەرپرسە (نابەرپرسانە) بـە کەسـانی هـیچ و هەوەسـبازیان دادەنێت،بەسـك تێـری ناوگـەڵ برسی ناو زەدییان دەکات.

ڕۆماننووس لەچەندین شوێنی جیاجیای ڕۆمانەکەیدا جەخت لـەڕاو و ڕاوکـەر دەکاتـەوە بەتێڕوانینی ئێمەش (ڕاوکردن) لە لایەن ڕۆماننووسەوە لەواتا فەرهەنگییەکەی تێپەڕانـدووە بـۆ مەبەسـتی جیـا بـەکارهاتووە ڕۆمـاننووس (ڕاوکـردن) وەك میتافۆرێـك بـەکاردێنێت، دەیەوێت چەند ئامانجێکی پێبپێکێت.

هەروەها لای وایە بەهۆی ئەو سیسـتەمە سیاسـییانەی، کـە بەدرێـژایی مێـژوو حـوکمی کوردییان کردووە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت بەشێکی نێرینەی کورد ئـارەزووی ئـەوە دەکـەن تفەنگ و هاوشێوەکانی بەدەستییانەوە بێت، عەقڵییەتی کۆمەڵی ڕاو و شکارییان بەسـەردا زاڵە. بەشێك لەنێرینەی کورد دەیەوێت بە بەردەوامی ڕۆڵی ڕاوکەرێك بگێڕێت، ئەو ڕاوەشـی کە دەیکات بە پێی ئارەزووی ئەو نێرینانە دەگۆڕێت بەمـەش ڕاوی نێرینـە بـۆ نێرینـە، یـا ڕاوی نێرینە بۆ مێیینە، یاخود ڕاوی نێرینە بۆ هەر بونەوەرێکی تر دەبێتە ئامانجیان.

(من بەنیازی کوشتن و گۆشتی مەل و حەیوانە کێوی ناچـمە ڕاو و شـکار، بەزمێکـە بـۆ خۆشی سازی دەکەین وەرزشە و ئارەقە دەردەدەم.... ڕاوەکەی تۆ بەزمە و خۆشە، بـەڵام ئەوان بەڕاستی دەکوژرێن، ئێـوە تـەیرو حەیوانـە کێویتـان لـەم وڵاتـە قڕکـردووە..) (ژنێك بەسەر منارەوە، ل٧٤).

ڕاوی ئەو چەك بەدەستانە لەجیاتی ئەوەی نەیار ڕاو بکات، یاخود تاوانبار ڕاوبکات، یار و بێگونـاه و بێتـاوان و ڕاو دەکـات. کەواتـە ڕاوێکـی لەمشـێوەیە لەسـەر بنـەمای حـەز و ئـارەزووی هەڕەمـەکین، نـەوەك لەسـەر بنـەمای ڕاسـت و دروسـت و گونجـاو، نێرینـەکانی کۆمەڵی ئێمە لەڕێی ڕاوکردنەوە هەر بەمـە نەوەسـتاون مرۆڤایـەتیی بشـێوێنن، بـەڵکو ئـەم هەموو بوونەوەرانەی سروشتیش.

لەزۆر بارودۆخدا دەسەڵاتی سیاسی زەمینە خۆشـکەرە، بـۆ ئـەوەی باوکسـالاری بـرەو بسەنێت. لەسادەترین لێکدانەوەشدا خودی ئەم دەسەڵاتە سیاسییە دەرهاویشتەی عـەقڵی نێرینەییە،نێرینەکاندا لەناوەندی بڕیـاردان و مێیینـەکانیش پـەراوێز خـراون. بۆیـە حاڵـەتی لەمشێوەیە گەلێجار ڕۆحییەتی یـاخیبوون و بەرەنگاربوونـەوە لای مێیینـەکان دەسـازێنێت

درك بەمەسەلە هەستیارەکان دەکات، (شادی) وەك ژنێکی هونەرمەند و ڕۆشـنبیر هـەرگیز لەمەرگی خۆی سڵ ناکاتەوە، بەس بۆئەوەی منارەکە وەك ڕەمزێکی کەلەپووری و کلتووری بەسەر بەرزی بمێنێتەوە.

(ڕۆمانی منارەکە قسە و بیانووی ئەو گەلۆرانەیە.... کوفرە لام بیڕوخێـنن و بیکـەن بـە بازاڕ و دوکان (لەدەستیان دێ بتکوژن).

نازانم .... بۆ..بەڵام پێم شەرمە لەوکـەر پیاوانـە بترسـم..... ژنێکـی تـەنیا بـەچ هێـز و دەسەڵاتێکەوە ململانێ لەگەڵ ئەوانـەدا دەکـەیت کـە سـەرلەبەری ئـەم وڵاتـەیان بـەخاك و خەڵکەوە کڕیوە...!) (ژنێك بەسەر منارەوە، ل١١٥).

نێرسالاری دەسەڵاتی سیاسـی، هـەر تێنـوێتی بـەوە ناشـکێت مێینـە وەك ڕۆحلەبـەرێك بخاتە ژێر ڕکێف خۆی و بە پاشکۆیی بیهێڵێتەوە، بـەڵکو کـاری ئـەم دەسـەڵاتە نێرسـالارە گەرەکییەتی دەست بەسەر بێ ڕوحەکانیش دا بگرێت لە کلتوور و کەلەپووری نەتەوەیـەك، لەشتی ماددی و مەعنەویی بۆ ئـەوەی تێکیـان بشـکێنێت،بە حـەزی خـۆی شـتی دیکـەیان بخاتە شوێنی، کە بگونجێت لەگەڵ حەز و ئارەزووی خۆی.

لـە کۆمـەڵی باوکسـالارییدا، ئەسـتەمە ژنـی دیـار و بەرچـاو و ڕۆشـنبیر و سـەرکردە بەدیاربکەوێت، کۆمەڵی ئێمەیش وەك یەکێك لەو کۆمەڵە باوکسـالارانەی دونیـا بـەدەر نییـە لەبوونی دیاردەیەکی لەمشێوەیەدا. کاتێك ژنێکی ڕۆشـنبیر و سـەرکردەش لەکۆمەڵەکـەمان دەردەکەوێت لەزۆربەی حاڵەتەکاندا واهەست دەکرێت ئەو ژنە باندەستی پیاوێکی ڕۆشـنبیر و سـەرکردەی بەسـەرەوەیەو کاریگەرییـەکی بەرچـاوی بەسـەر جێهێشـتووە، ڕۆمـانووس توانیوویەتی ژنێکی هونەرمەند و ڕۆشنبیر لەگەڵ پیاوێکی شۆڕشگێڕ کۆبکاتەوە.

(... ئەم خانووە کۆنانە و منارەکە مێژووی ئێمەن و گوناهە بکرێن بە بازاڕ و دوکـان... ئەوەندە باسی خۆم نەکردبوو، تەنها ئەوەشم بیر هێنا بۆوە کە مـن ژنـی پیاوێك بـووم کـە یەکەمین مێردمنداڵ بووە لەناو شۆڕشدا و قەت سەنگەریشی چۆڵ نەکردووە، بەوە باش بوو منارەکە ناگوێزرێتەوە، ئەگینا ئەو کۆنە پاڵەوانانەی دوێنـێ کـە قاچاغچـی ئەمرۆکـەن وەك هەر ئاسن و پاسنێك و دار و بەردێك.... یان هەر شتێکی گرانبـەهای ئـەم وڵاتـە ئاودیویـان دەکرد!) (ژنێك بەسەر منارەوە، ل١٤٨).

واتە ئـەوەی وایکـردووە ژنێکـی وەك (شـادی) بـە ئـازایی و جەربـەزەیی و بـەرەنگاریی دەربکەوێت، هەمیشـە گیـانی یـاخیبوونی تێـدا ئامادەبێـت،دژی ئـەو پیـاوە سیاسـییە نێرسالارانە بجەنگێت، زیاتر لەدوو لایەنەوە سەرچاوەی گرتووە لایـەنێکیان پەیوەسـتە بـە خودیی خۆیەوە،کە کەسایەتییەکی چاوتێر و ڕۆشنبیری هونەرمەندە، لەلایەکی دیکـەوە بـۆ ئـەوە دەگەڕێتەوە،کـە خێزانـی شۆڕشـگێڕێکی پـاك و ئـازای ئـەم خاکەیـە، کـە هـەرگیز سەنگەری چۆڵ نەکردووە و چۆکی دانەداوە.(شێرزاد حەسەن) دەیەوێت ئەو ڕاستییە بڵێت: با لە کۆمەڵەکەمان ژنگەلێك هەبن ڕۆڵی دیار و بەرچاو بگێڕن و کەسانی تر ئاراسـتە بکـەن، بـەڵام تـا ئێسـتا نـەیانتوانیووە،بۆ یـەکجارەکی خۆیـان لـەژێر چـەتری باوکسـالارییدا ڕزگاربکەن،سەد دەرسەد گوزارشت لەمێیینەیی خۆیان بکەن.

بێگومـان قۆنـاغی ڕاپـەڕین لـە مێـژووی گـەلی کـورددا، بـەخاڵێکی گرنگـی وەرچـەرخان دادەنرێـت و لـەم ڕووەوە زۆربـەی بوارەکـانی ژیـان بـەر شـەپۆلی گۆڕانکـاری کـەوتوون، لەهەمووشـیان سەرەنجڕاکێشـتر بـەرفراوانبوونی پانتـایی ئازادییـە لـەم قۆناغـەدا، ئـازادی بەهەموو مانا و مەدلوول و ڕەهەندەکانییەوە، کەچـی دەبیـنین ژنـانی کۆمەڵـەی ئێمـە ئـەم ئازادییە سەر لەنوێ دیلێتی و کۆت و بەندییان بۆ دێت بەڵام بەناواخن و بەرگێکی تر.

(.... ئـەوەی کـە لـەپیاوەکان وەشـایەوە دوای ڕاپـەڕین، مەحاڵـە ژنـەکان، بـەخانم و ناخانمـەوە پـەی پـێ ببـەن بەتایبـەتی شۆڕشـگێڕەکان، هـەر هـەموو دروشمـەکان بـەتاڵ بوونەوە، هەر هـەموو نەخشـەکانتان گـۆڕی و ئێمـەی ئـافرەت هـەر ناشـزانین لـەچ کـون و قوژبنێکی ژوورە تەقەتەکان و نـاو قاسـە قایمـەکانی کۆشـکەکانتدا دەیشـارنەوە..) (ژنێـك بەسەر منارەوە، ل١٦١).

لەسـایەی ئـەو عەقڵیەتـە زاڵـەی باوکسـالاری لـەنێو ئێمـەی کـورددا، تەنانـەت شۆڕشگێڕەکانیش ناتوانن کەشێکی لەبار بۆ ئازادی مێینەکان فەراهەم بکەن بـەڵکو خـودی بەشێك لـەو شۆڕشـگێڕانە نـەك هـەر نـەیانتوانی مـافێکی ئاسـایی و مرۆڤانـە بـۆ مێینـەکان مسۆگەر بکەن لەقۆناغی ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕیندا، دەبینین هێندەی تر خەیاڵی ئەهریمـەن ئاسایی هەندێك لەو نێرینە شۆڕشـگێڕانە،مێیینەکانیان ناشـیرنتر کـردو بـەکالایانکردن، کـە لەمەو پێشتر واتە لەپێش ڕاپەڕینیش حاڵیان بەمشێوەیە پەشۆکاو و شپرزە نەبووە.

واتــە خــودی چــەمکی ڕاپــەڕینیش لای ڕۆمــانووس چــەمکێکی بەلایــەنگیرکراوە، بۆتــە پشتگیری بۆ نێرینەکان بۆئەوەی زیاتر دەستیان کراوەتـر بێـت بـۆ لێـدان و لەکـەدارکردنی مێیینەکان.

لێرەدا بەئەنجامێك دەگەین، ئەویش ئەوەیە بەشێك لە پیـاوانی سیاسـی و شۆڕشـگێڕی عەقڵییــەت نێرســالار لــە قۆنــاغی دوای ڕاپــەڕین وێڵــن بــەدوای قەرەبووکردنــەوەی ئــەو چرکەساتانەی، کە لە ئازار و ناخۆشی تلاونەتەوە.

شێرزاد حەسەن ڕەخنەیەکی توند ئاراستەی نێرینەکانی نەتەوەکەمان دەکات و تانـەو تەشەر یان لێدەدات، پێیوایە لە زۆر قۆناغی مێژوویدا هـەرگیز ئـاوەزو بیرکرنـەوە میوانیـان نەبووە، لەسەر کەمترین و هیچترین شت هەوڵیانداوە یەکتر هەڵپلۆسکێنن.

(لەسەر گرتنەوەی گردێك کە ئێستا کەسـی بەسـەرەوە نییـە و مانگاکـان میـز و ریخـی بەسەردا دەکەن سەدەها کەسیان بەکوشتندا... لەم شارەی تۆدا براکان بەدڵێکی گەرمەوە ڕاوەدووی یەکتریان دەنا، بەدەم جنێو و دروشمی عەمبارەپۆوە کۆڵانـە و کـۆڵان یـەکتریان هەڵدەبڕی..) (ژنێك بەسەر منارەوە، ل١٨٩).

ڕۆمــاننووس لێــرەدا مەبەســتییەتی پــەیامێکمان ئاراســتە بکـات کـە کلتــووری یــەکتر ڕەتکردنەوە و کارکردن بۆ ڕەشکردنەوەی بەرامبـەر، کلتوورێکـە لـە وڵاتەکەمانـدا ڕەگێکـی قــووڵی داکوتیــووە، زۆربــەی تاکــەکانی کۆمــەڵی کــوردیی هەڵپــەی ئەوەیانــە چــۆك بەبەرامبەرەکەیاندا بنێن و ملی بشکێنن،دەبینین ئەم کلتوورەش هـەر نێرینەیـەك بەرامبـەر مێینەیەك ئەنجامی نادات، بەڵکو نێرینەکانیش کار بۆ قووڵکردنەوەی ئەم کلتوورە دەکەن.

ڕۆماننووس پێیوایە شۆڕش و شۆڕشـگێڕانی کـورد وەك سیاسـییەکی تـا سـەر ئێسـقان نێرســالار ڕەفتاریــان لەگــەڵ ژنــان کــردووە، لــەجیاتی ئــەوەی ســەنگینی و ســەلاری بــۆ مێیینەکان بگێڕنەوە و بەڕوومیەتێکی ساغ و دروسـتەوە لێیـان بـڕوانن، کەچـی بەشـێکیان دەستیان سووربووە بە خوێنی ژنان و، بەبیانووی جۆراوجۆر ژنانیان کوشتووە و سەرەڕای پیاو کوژیی، بوونەتە ژنکوژیش.

(.... ژنێکم کوشت کە گوایە لەشفرۆشەو دەستی لەگەڵ بەعسییەکان تێکـەڵ کـردووە، کۆڵانە و کۆڵان لەدەستم ڕایدەکرد، منداڵەکانی بەدەم زریك و هووڕەوە کەوتبوونە دوای من و دایکیانەوە دەگریان و دەپاڕانەوە..). (ژنێك بەسەر منارەوە، ل١٩١).

قۆنـاغی دوای ڕاپـەڕینی نەتەوەکـەمان، دەبێتـە چـەقێك ڕۆمـاننووس زۆرتـرین تیشـکی دەخاتەسـەر و جـەختی لێدەکاتەوە،دەیـەوێت هەنـدێك حەقیقـەت و واقیعـی تـاڵی ئـەم قۆناغەمان بـۆ بدرکێنێت، کـە مێینـەکان دووچـاری چ ناخۆشـی و نەخۆشی و ناسۆرییەك بوونەتەوە، کەساڕێژکردنیان گەلێك ئەستەمە.

## ئەنجام

١- باوکسـالاری وەك دیاردەیـەك، کـە بەشـێوەیەکی خـراپ بەسـەر مێینـەکانی کۆمەڵـدا دەشکێتەوە، زیاتر لەنێو ئـەو کۆمەڵانـەدا بـاوە، کـە گوتـاری خێڵـەکی و ناوچـەیی بەسـەر گوتارێکی ترەوە زاڵە.

٢- کولتـووری باوکسـالاری لـە کۆمـەڵی کوردەواریـدا، هـەر لەچوارچـێوەی کلتـوورە کۆمەڵایەتییەکـەدا نەماوەتـەوە، بـەڵکو باوکسـالاری لەکۆمـەڵی ئێمـەدا فـرە مانـا و فـرە ڕەهەندەو پەلوپۆی بۆ سیستمی سیاسی و ئـابووری و دەسـەڵاتداریتی و ئـەمن و ئاسـایش ..هتد هاویشتووە.

٣- لـەم رۆمانـەدا گوتـاری باوکسـالاری، کـە ڕەگـەزی نێرینـەکان ئاراسـتەی ڕەگـەزی مێینـەکانی دەکـەن گوتـارێکی فریـودەرەو بنەمایـەکی هەڵخەڵتێنەرانـەی هەیـە و هەمیشـە دەمامکداریشە، چونکە بەدوای ئەوەیە چاکە و باشـەکان لـە هـەموو ڕوویەکـەوە بـۆ خـۆی بەرێت و بەناوی خۆیەوە بنێت لەهەمبەر ئەمەشدا خراپەکان بۆ ڕەگەزی تر بەجێبهێڵێت.

٤- لەم ڕۆمانەدا لەسایەی کلتووری باوکسالاریدا ڕۆماننووس چـیرۆکی ئـادەم و حەواشـی ئاوەژووکردۆتەوە،پێیوایـە ئـەوە ئادەمە،حـەوای فریـو داوە کـە لەسـێوەکە بخوات،لـە خۆشییەکانی بەهەشت دووربخرێتەوە،نەوەك حەوا،ئادەمی فریـو دابێت.بـەتێڕوانینی ئێمـە ئەوجێگۆڕکێ و ڕۆڵگۆڕانەی ئادەم و حـەوا مەغزایـەکی هەیـە، ڕۆمـاننووس دەیـەوێت بڵێـت ئەوە پیاوە (ئادەمە)،لە ژن (حەوا) ئافرێندراوە،نەك حەوا،لـەئادەم ئافرێنـدراوبێت، یـاخود ژن گشتە،پیاو بەشەکەیەتی.

٥- لای رۆمـاننووس نێرینـەکان زانستەکەشـیان بـۆ لایـەنگیری ڕەگـەزێك کـردووە بەکارهێناوە،واتا (بەنێرینەکردنی زانسـت) بەئاشـکرایی دەخوێندرێتـەوە، زانسـت کراوەتـە هۆکارێك بۆ خراپ خوێندنەوەی دیاردەیەك کە لە نێو بەشێك لە مێینەکاندا باوە.

٦- ڕۆمانووس لەچەندین شوێنی جیاجیای ڕۆمانەکەیدا لەسایەی سیستمی سیاسی و دواکەوتوویی کۆمەڵدا جەخت لە ڕاو و ڕاوکەر دەکاتەوە. بە تێڕوانینی ئێمەش (ڕاوکردن) لە لایەن ڕۆماننووسەوە لەواتا فەرهەنگییەکەی تێپەڕاندووە، بۆ مەبەستی جیا بەکارهاتووە ڕۆماننووس (ڕاوکردن) وەك میتافۆرێك بەکاردێنێت، مێینەکان باجی ئەو راوکردنە دەدەن.

## سەرچاوەکان

### -بە زمانی کوردی


٧- (١): ئـازادی لـە بـەهاری تەمەنیـدا، نـەژاد عزیـز سـورمیٚ، چـاپخانەی وەزارەتـی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٥.

٨- (٢): ئاغـا و شـێخ و دەوڵـەت، مـارتین ڤـان برونەسـن، و: کـوردۆ، بـەرگی یەکـەم، چ٢،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩.

٩- (٣): ئایدیای قانوون، دینیس لوید، و: ئاسۆ کەریم، نـەریمان تالّـب، محەمـەد مشـیر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، هەولێر، ٢٠٠٦.

١٠- (٤): ئەفسانە و پەندی کۆمیدی گاڵتە ئامێزی کوردی، د.نەجم ئـەڵوەنی، چـاپخانەی دارا، هەولێر — ٢٠٠٧.

١١- (٥): ئــەفلاتوون و ئــافرەت، ئیمــام عبــدالفتاح ئیمــام، و: ئــەژین عبــدالخالق، پێداچوونەوەی ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، ٢٠٠٧.

١٢- (٦): چەند تێکستێکی وەرگێڕاو، چەند نووسەرێك، و: ڕێبین هەردی، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠٨.

١٣- (٧): دەسەڵات و حەقیقەت، کۆمەڵێك بیرمەند، و: ئیدریس شێخ شەرەفی، سـەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی وئەدەبی نما، هەولێر.

١٤- (٨): دۆزی ژن و هەزارەی نویٚ، ئارام سدیق، سلێمانی، چ٢، ٢٠٠٧.

١٥- (٩): ژن لە جیهانی سێدا، د.حەسنە بیجوم، و: چرۆ سابیر، سلێمانی، ٢٠٠٧.

١٦- (١٠): ژن لـە فەلسـەفەی سیاسـی ڕۆژئـاوادا، سـۆزان مـۆلیتر ئـۆکێن، و: ڕەسـوڵ سوڵتانی، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٨.

١٧- (١١): عەشق و خۆشەویستی لـەنێوان وەهـم و واقیعدا، سـەروەر کـەریم، چـاپخانەی تەوار، سلێمانی، ٢٠٠٥.

١٨- (١٢): فەرهـــەنگی زاراوەی ئـــەدەبی و ڕەخنـــەیی، نـــەوزاد ئەحمـــەد ئەســـوەد، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠١١.

١٩- (١٣): گەڕانەوە لە خەیاڵەوە بۆ واقیع، عـەتا قـەرەداخی، دەزگـای چـاپ و پەخشـی سەردەم، سلێمانی، .

**بە زمانی عەرەبی:**

(١٤): ملتقى القصه الاول، مجموعه من الكتاب، بغداد، ١٩٧٩.

**بە زمانی ئینگلیزی:**

(15): "Patriarchy" Intierrey, Helen Women's Studies Encyclopedia, Volume 2. Ferguson, Kathy, Greenwood Publishing. 1048.

# بەشوێنکردنی مرۆڤ و بەمرۆڤکردنی شوێن
## لە رۆمانی (هەولێر)ی شیرزاد  هەینی دا

## پێشەکی[1]

هەر دوو چەمکی (بە شوێنکردنی مرۆڤ) و (بە مرۆڤکردنی شوێن)، دوو چەمکن بەتەواوی نامۆن لە نێو دنیای ئەدەبیاتی کوردیدا بەگشتی و ڕەخنەی ئـەدەبی بـە تایبـەتی. گـەر لـە ئەکتەر و کارەکتەرانی ئەدەبیاتی جیهانی وردبینەوە، وێنەی ئەوەمان بەرچاو دەکەوێت کە هەنـدێك لەئـەدیبان هـەر زوو کاتێـك ئەکتـەرێك، یـاخود کارەکتـەرێك بـۆ بەرهەمەکـەیان دەسـازێنن، ڕاسـتەوخۆ هـەموو خەسـڵەت و تایبەتمەنـدی و هەڵسـوکەوتی مرۆڤـی تێـدا کۆناکەنەوە، بەڵکو لە هەندێك ڕوودا ئەم ئەکتەر و کارەکتەرانە لەگەڵ پێکهاتەکانی مرۆڤدا کۆکن و لەگەڵ هەندێکی تریانـدا نـاکۆکن.دەقی ئـەدەبی بـە گشـتی و ژانـری ڕۆمـانیش بـە تایبەتی  کەش و هەوایەکی لەباری بۆ ئەم بەرجەستەکردنی ئەم دوو چەمکە هەیە.

**١-١:چەمکی مرۆڤ:**

یەکێك لە خەسڵەتە دیار و بەرچاوەکانی مرۆڤ، کە جیای دەکاتەوە لە هەموو بوونەوەرانی تر بریتی یە لە خۆگونجاندن، هەر ئەمەشە وایکردووە بڵێین مرۆڤ کۆمەڵایەتی ترین دیاردەی سروشتە. خودی (مرۆڤ خۆ گونجێنەری هەموو ئـەو جـۆرە بوونـەوەرە زیندوانەدایـە کـە تـا ئێستاش ماون، نەك هەر ئەوە بەڵکو لە واقیعدا خۆ گونجێنەری ژیانی خۆشییەتی)(١).

بەهەڵەدا ناچین ئەم خـۆ گونجاندنـەی مـرۆڤ ڕاڤەیـەکی تـری بـۆ بکـەین و لەبازنـەی واتـە فەرهەنگییەکەیدا دەریبهێـنین و جـەخت لـەوە بکەینـەوە، کـە ئـەم خۆگونجاندنـەی مـرۆڤ، پارادۆکسەکەشـی لەگـەڵ خۆیـدا هـەڵگرتووە کـە خـۆی لـە خەسـڵەت و تایبەتمەنـدێتی بەربەرکانێ و ململانێ دەبینێتەوە، ئەم بەربـەرەکانێ و ململانێیـەش بەمانایـەك لـەماناکان دەشێت پاچڤەکردنی خۆگونجاندنەکە بەدەستەوە بدات.

مرۆڤ وەك بوونەوەرێك جیا لە ئەوانیتر دەتوانێت لەسەرووی خودی خۆشـییەوە ڕەفتـار بکات و ئەمەش وایکردووە وەك بوونەوەرێکی داهێنەر بناسـرێت و پـەی بـە ئەوپـەڕی ڕاز و نهێنییەکان بەرێت هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە هەر وەك کارتێکراوێـك نـەبێت بـەڵکو خـۆی وەك کارتێکەرێك پیشان بدات، بۆیە (ژان پـۆل سـارتەر) وەك خـاوەن تێزێکـی بوونگـەرایی پێیوایە (مرۆڤ دەتوانێت خودی خـۆی تێپـەڕێنێت و هـەر لـەم تێپەڕانـدنی خودەشـدایە کـە ئامانجـەکانی خـۆی بەدەسـت دەهێنێـت)(٢)، دەگەینـە ئـەو ئەنجامـەی، کـە توانـا سـەر

[1]: بە هاوبەشی لەگەڵ د.کارزان محسن.

سورهێنەر و پەرجوویيەکانی مرۆڤ، هەرگیز وای نـەکردووە چارەنووسـی خـۆی لـە هەمبـەر گەلێك دیاردەی شتی سروشتییدا، بەنادیاری بهێڵێتەوە و دۆشدا بمێنێت، بەڵکو ئەوە مرۆڤە لەڕێی ئەو وزە و بڕستەی کە هەیەتی، دەیەوێت کۆمەڵێك دیاردە و شتی ترسازێنێت ، کـە لەدەرەوەی بازنەی سروشتدان، واتە مرۆڤ وەك بوونـەوەرێك بـەردەوام لـە جووڵـە و بـزاوت دایـە و ئـەو جووڵـە و بزاوتـەیش هـەر جەسـتەی مرۆڤـی نەگرتۆتـەوە و ڕۆحـیش لەگەڵیـدا هاوپشـکە، مـرۆڤ هـەر بەوەشـەوە خـەریك نییـە، کـە تـەنیا لـە پێنـاو خزمـەتکردنی بـە بەرژەوەندییـە تایبەتییـەکانی هـیچ مانـا و مەودایـەك بـۆ مرۆڤـەکانی تـر نەهێڵێتـەوە، قوربانییدانی مرۆڤێك بۆ خزمەتکردنی کۆڕ و کۆمـەڵان یەکێکـە لـە ئامانجـەکانی بەدرێـژایی مێژوو، مرۆڤ هەمیشە لە هـەوڵی ئـەوەدابووە بـەدوای یـەك بەیـەکی ڕاسـتییەکاندا بـڕوات و شوێن پێیان هەڵبگرێت، ئەمەش لەڕێی پشت بەستن بە لۆژیك و ئەنجامدانی تاقیکردنـەوە و بەرجەستە بوونیان لە چوارچێوەی چـەند زانسـتێك و بـوارێکی جیـا جیـادا ، بۆیـە (مـارتن هایدگەر) پێیوایە (مرۆڤ سەرگەرمی ئـەو ئامانجەیـە، کـە مرۆڤایـەتی لـە مێژوویەکەیـدا، کـە دەبێ بۆ ئەوە دابنرێ و دەستنیشان بکرێت، مرۆڤ "ڕاستی" واقیعی دەوێ. واتە سـەرەڕای ئەمە ڕاستی دەوێ. لەکاتی کۆشش کردن بۆ "ڕاستی" واقیعیانە مرۆڤ دەبێ لەگەڵ ئەمـەدا بزانێ، کەڕاستی بەگشتی چی دەگەیەنێ)(٣). واتە مرۆڤ دەیەوێت لە هۆی ڕاستییە جۆر بە جۆرەکـان، هێـزو توانـا و دەسـەڵات و هـەژموونی خـۆی بسـەپێنێت بەسـەر سروشـت و ژینگەکەیدا. واتـە یەکـە بـە یەکـەی هـەنگاوەکانی مـرۆڤ لـەپێناوی ئەوەدایـە بـە ترۆپکـی سەرکەوتن بگات پێی شاد بێت و خۆی ببێتە خاوەنی خۆی.

کتێبـە ئاسمانییـەکان و قوتابخانـە ئایینییـەکان جـەخت لـەوە دەکەنـەوە، کـە مـرۆڤ بوونەوەرێکە ئەدگاری هەرەجیاکەرەوەی ئەوەیە (لـە دوو لانەیـەکی جاویـد دروسـت بـووە "لەش / ڕۆح". ڕۆح شتێکە جەوهەرێکی بالاتری لـە جەسـتە هەیـە، بـەبێ جەسـتە و دوای جەستەش دەژی، لە ڕووخساری دیکەشدا "ڕۆحگۆڕیی و دۆنادۆندەکات". واتـە کاراکتـەری ڕاستەقینەی مرۆڤ بەناو ڕۆحیدا خەوتووە)(٤).

هەست و سۆز و ئەزموونی مرۆڤـەکان ڕۆڵێکـی کـارا لـە فراوانکردنـی سـنووری یەکـە بـە یەکەی بوارەکانی ژیان بەگشتی و بواری ئەدەب بە تایبەتیدا دەگێڕن، ئەو هەست و سۆز و ئەزموونەی مرۆڤەکان جۆرێکە لە نەخشەکێشان و پلان داڕشتن، بۆ ئەوەی بتوانێت وەڵامی

پێویست و بەجێ و ئامانج و داخوازییەکانی خـودی مرۆڤـەکان بداتـەوە و هـەنگاوی بـە ڕێ وجێ بن بەئاراستەی چارەسەرکردنی ئاریشەکان، بۆیە دەشێت بڵێین فرەیی هەست و سۆز و ئەزموونەکانی مرۆڤ وایکردووە ژیان بە ڕەنگ و دەنگی جیاجیا خـۆی بنوێنێت. بـۆ ئـەم مەبەسـتە (فـەرهاد شـاکەلی) جـەخت لـەوە دەکاتـەوە ناکرێـت هـەموو هەسـت و سـۆز و ئەزموونەکانی مرۆڤ لە بازنە و بابەت و بوارێکدا خوول بخۆنـەوە تێگەیشـتنی وایـە (هەنـدێ هەست و هەڵچوون و هەندێ ئـەزموونی مـرۆڤ هـەن کـە لەچوارچێوەیەکی شـیعردا جێیـان نابێتەوە)(٥)، لێرەدا بە ئەنجامێك دەگەین، هەمەچەشنی ژانرەکانی ئەدەب لەلایەك هەست و سۆز و هەڵچوونەکانی و لەلایەکی تریشەوە لە بیرکردنەوە وتێڕامان و عەقڵی مرۆڤەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە. واتە نووسین و بەرهەمەکانی نووسەر و ئەدیبان چ ئەوانەی لە هەست و هەڵچـوونەوەن و چ ئەوانـەی لـە هـزرەوەن ڕوویـەکی دیکـەی، یـاخود واقعێکـی دیکـەی مرۆڤەکانن و لە دوو توێی (نووسیندا بەرجەستەکراون).

ئاشکرایە خودی مرۆڤ و ژیانی بە کۆمەڵێك هاودژ تەنراوە، ئەم هاودژییە وایکردووە مرۆڤ بالاتر خۆی بنوێنێت و دەستە وەستان لە هەمبەر ژینگە و دەوروبەرەکەی ڕانەمێنێت و هەر ئەم هاودژییانەی، کە پەیوەستن بـە مرۆڤـە وایکـردووە ئـاوڕ لـەڕابردوو بداتـەوە و دەرسـی لێوەربگرێت و لەگەڵ ئێستادا چۆن ڕەفتاربکات و لەداهاتوودا بەنیازی چییە بنیاتی بنێـت. واتە هەر بەتەنها شوێنکاتە خۆش و سـەرەنجڕاکێش و ئاسـان وهـۆگر و هەسـت بزوێنـەکان .....هتد نابنە مایەی بیرکردنەوە و داهێنان و بنیاتنان و ئاوەدانی وشارسـتانییەت، بـەڵکو کاتێك (ئادەمیزاد (مرۆڤ) کە شارستانیەتی وە دی هێناوە لە هەڵوێستی زەحمـەت بێبـاك و بێمنەت بووە، ئـەو هەڵوێسـتە جوامێرانـەیش دنـەی داوە، کـە کۆشـش بکـات، لـەوە پـێش مەجبوور نەبوو ئەو کۆششە بەخەرج بدات، ئەگەر ئەو بێباکی و بێمنەتییەی نەبووایە)(٦)، لەزۆر بارودۆخدا ئەوە ناخۆشی و نەهامەتی و ناڕەحـەتی و شکسـت و زەحمـەتی قـەیران و تەنگوچەڵەمەکان....هتد، کەوا دەکەن مرۆڤ بەدوای ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆیدا بگـەڕێت و مرۆڤبوونی خۆی بسەلمێنێت و جاڕی ئەوە بدات تا سەر زەحمەتی و شکستەکان نـاتوانن چۆکی پێدابدەن و ڕەگ و ڕیشەی دەربهێنن، بـەڵکو ئەمانـە هـەموویان لەچـەند حاڵەتێکدا دەبنە پاڵنەری سەرکەوتنی مرۆڤەکان.

فەلسـەفەی مارکسـییزم نـاوی (زینـدەوەرە بەرزەکـە) لـە مـرۆڤ دەنێـت، ئینجـا دواتـر (لینین)یش سوود لە فەلسەفەکەی دەبینێت و دەگاتـە ئـەو بڕوایـەی کـە (مـرۆڤ گـرنگترین کەرەسـەی کۆمەڵگەیـە، ئەگـەر تێکۆشـان و زۆرانبـازی بـایلۆجی لـەناو جـۆر و بـەرەکانی زیندەوەرانـدا نەبوایـە، مـرۆڤ لەناویانـدا دەگەیشـتە ئـەم پلـە بـەرزە... کۆمەڵگـەش بەمـە چەشنەیە، مرۆڤ ناگاتە کۆمەڵگەیـەکی بـاش و بـەرز و پەسـەند، ئەگـەر لـەڕێی تێکۆشـان و زۆرانبازییەوە نەبێت لەنێوان چینە جۆر بەجۆرەکانیدا)(٧)، واتە پەیوەنـدی نێـوان مـرۆڤ و کۆمەڵەکەی پەیوەندییەکـە ڕاسـتەوانە دەگۆڕێت، مـەرجی سـەرکەوتنی کۆمـەڵ بەنـدە بـە سەرکەوتنی تاکەکانی (مرۆڤەکانی) کە لەو چوارچێوەیەدا دەگـوزەرێنن. هـەر خـودی ئـەم تێکۆشـان و زۆرانبازییـەی مرۆڤـەکان کۆمـەڵێك دام و دەزگـای ڕۆشـنبیری و کـەلتوریی و کۆمەڵایەتی بەرهەمهێناوە کە تـاك بـە کۆمەڵـەوە دەبەسـتێتەوە ئەمـەش وایکـردووە مـرۆڤ لەچوارچێوەی پابەندبوونی بەجوغرێکی تەسك بە پانتایەکی فراوانەوە ببەسترێتەوە.

## ٢-١: پێوەندی نێوان مرۆڤ و شوێن

ئاشکرایە (مرۆڤ و شوێن) دوو چەمکن هەمیشە بەیەك شەتەکدراون، کار لەیەکتر دەکەن و جێکەوتەیان دیـارە لەسـەر یـەکتر، چـونکە مـرۆڤ، چ شـوێن، خـاوەن سروشـتی تایبـەتی خۆیانن و لەگەڵ ئەمەشدا سروشتی یـەکێکیان کاریگـەری دەبێـت بەسـەر سروشـتی ئـەوی تریاندا، بۆیە خودی مرۆڤ پێوەندی بە شوێن و ژینگەکەی تەنیا لـە بازنەیـەکی دیـاریکراوی وەك هەستێکی دەرەکی قەتیس ناخوات، بەڵکو ئەم هەستەی بەرامبەر بەشوێن، لەدەرەوە تەوژم بۆ ناوەوە دێنێت و لەهەست و نەست و سۆزی ڕەنگدەداتەوە.

شـوێن بەسـتراوەتەوە بـە واقعـی بـوونی مرۆڤـەوە، لەچوارچـێوەی شـوێنەوەش گەرەکییەتی لە واقعی خۆی و دەوروبەرەکەی تێبگات و لـە هـەمان کاتـدا بـیر لـە خـەیاڵی بەرزە فڕانەی بکاتەوە و بەرەو داهاتوو هەنگاو بنێت.

وەك چـۆن بەدرێـژایی مێـژووی ئـەدەبیات، دەقێـك نادۆزینـەوە بـەدەربێت لـە مـرۆڤ و مرۆڤایەتی، ئاواش زۆر ئەستەمە دەقێك بدۆزینەوە، کە شوێن دەقەکەی ڕەنگڕێژ نەکردبێت و بەرەو لایەك ئاڕاستەی نەکردبێت، ئەمەش ڕێك مانای ئەمە بەدەستەوە نـادات داهێنـەری دەق (وەك مرۆڤێك) ڕاسـتەوخۆ شـوێنەکان وەك واقیـع و حەقیقـەتی خۆیـان وێنەبکێشـێت

لەدەقەکەیدا ڕەنگیپێبداتەوە. بەواتایەکی تر داهێنەری دەق لە نێو مرۆڤەکانی تر بەداهێنەر ناسراوە و هاوتانییە لەگەڵ ئەواندا، ئاواش لە بەرجەستەکردنی شـوێندا دەبێـت داهێنەرانـە شـوێنەکان بئاخنێتـە نێـو دەقـەوە و بیانمـەزرێنێت، بۆیـە نابێتـە مایـەی درێـژدادڕی و جەسـتەی هەڵبەسـتراو گـەر بڵـێین خـودی داهێنـەری دەق (وەك مرۆڤێـك) و پاڵـەوان و کارەکتەرەکان وەك مرۆڤەکانی تر، مەبەستیانە بـوونی خۆیـان لـەنێو شـوێندا بدۆزنـەوە و بەچاکی تیایدا دەربکەون. بۆ نموونە بـیرو ئەندێشـەی چـیڕۆکنووس یـاخود ڕۆمانووسـێکی داهێنەر دەتوانێت بە چەشنێك بڕبکات، کە تەسك و تاریك و نوتەك و جـارس و ناخۆشـترین (شوێن) کـە مرۆڤـی تێـدا دەژیـت، بکاتـە شارسـتانییەتێك کـە نموونـەی نـەبێت، بێگومـان پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە.

لە هونەری گێڕانەوە بەگشتی و لە ژانری ڕۆمانـدا بەتایبـەتی، ململانـێ پانتاییـەکی زۆر دەگرێتەوە قورسایی خۆی هەیە، ئەم ململانێیەش ئەوەی تێپەڕانـدووە تـەنیا زۆرانبازییـەك بێت لە نێوان خودی مرۆڤەکاندا، بەڵکو ململانێی مرۆڤ لەگەڵ شوێن و ژینگەکـەی مانایـەکی تـری بەچـەمکی ململانـێ بەخشـیووە.، بۆیـە لـەزۆر وێنـە و دیمەنـدا (مـرۆڤ ڕووبـەڕووی شوێنەکەی دەبێتەوە ململانێی لەگەڵ دەکات)(٨)، لێرەدا ناکرێت ململانێـی نێـوان مـرۆڤ و شوێنەکەی تەنیا لەوە چڕ بکەینەوە، کە مرۆڤ ڕووبەڕووی شوێنێك، یا پنتێکی ئـەم گێتیـە دەبێتەوە مەبەستێیەتی وێران وخاپووری بکات، بێگومان ئـەم جـۆرە بیرکردنـەوە تەسـکە ئەزموونی مرۆڤ دەخاتە ژێر پرسیارەوە، ململانێی مـرۆڤ لەگـەڵ شـوێن و ژینگەکـەی لـەزۆر بارودۆخدا بە ئەرێنی دەکەوێتەوە و مرۆڤ لە ڕێی ئەم ململانێیەوە لە زۆرترین هەوڵدایـە بـۆ ئەوەی شوێنەکە ئاوەدان بکاتەوە و بۆ ژیانی خۆی بیگونجێنێت.

ڕۆماننووسـی سـەرکەوتوو، تـەنها مامەڵـە لەگـەڵ مرۆڤـدا ناکـات وەك بوونـەوەرێك کـە کاریگەری نەبێت بەسەر شوێن و شتەکانی دەوروپشتی، بەڵکو بەشێوەیەکی دروست وێنەی مرۆڤ دەکێشێت و وێنای دەکات و پەوەندی هەموو ئەو شتانەی، کە لەدەوروبەری مرۆڤـدان پیشان دەدات، بێئەوەی گوێ بە ئەوە بدات ئەو شتانەی کە لە دەوروبەری مـرۆڤن زینـدوو یاخود نازیندوون، گیاندار یاخود بێ گیانن مادام وایـە مـرۆڤ مامەڵـەیان لەگەڵـدا دەکـات بـا نازیندوو و بێگانەیش بن، دەشتێت بخرێنە چوارچێوەی زیندوویی و گیانداریبیەوە.

بەهۆی هەمەچەشنی شوێنەکان و چۆنیەتی کاریگـەرییان بەسـەر مرۆڤەکانـەوە، هـەر شوێنێك بەهایەکی تایبەتی خۆی هەیە و ئەم بەهایەش لە ئەمەوە سەرچاوەی گرتووە، کە تا چەند دەتوانێت بیرو هەست و هۆشـی مـرۆڤ تێدا بکرێتـەوە و یـاخود مـرۆڤ لـە زۆرتـرین هەوڵی ئەوە دایە شوێن لەگەڵ یەکە بەیەکەی هەستەکانی بگونجێنێت و تـەریب لەگەڵیانـدا ئاراستەیان بکات بۆ نموونە (ئـەو مرۆڤانـەی کـە لەشـوێنێکی دیـاریکراو و ژینگەیـەك ئـازار دەچێژن و تەنانەت هیچ مرۆڤێکی تـر گـوێ بـە ئازاریـان نـادات و بەتەنگیانـەوە ناچێت، و دڵنەوایان نادەنەوە. بە ناچاری ڕوودەکەنـە شـوێن و ژینگـەی تـر، چاکترینیش بـۆ ئەمانـە خودی سروشتە بەهەموو هەوراز و نشێوییەوە، و بە هەموو پێکهاتـەی جیایـەوە)(٩)، واتـە سروشت وەك شوێن و ژینگەیەك بۆ مـرۆڤ وەکـو چارەسـەرێك وایـە و لەتوانایدایـە سـاڕێژی برینی مرۆڤە ئازار چەشتووەکان بکات. چونکە شوێنەکانی سروشت کەمترین کۆت و بەند و پێوەندییان تێدایە، و مرۆڤ ئەو ئازادییـەی کـە لەشـوێنەکانی سروشـت هەسـتی پێـدەکات، مەحاڵە بتوانێت لە شوێنێکی تر هەست بـەم ئـازادی و کراوەییـە بکـات بەمـەش دەگەینـە ئەنجامێکی چاوەڕوانکراو ، کە ڕۆحی مرۆڤ هێنـدەی لەگـەڵ شـوێنە جیاوازەکـانی سروشـت هەڵدەکات و دەژیت، لەگەڵ هیچ شوێنێکی تر بەم چەشنە و ڕێژەییە نییە.

مرۆڤ وەك باڵاترین بوونەوەری ئەم گەردوونە مافی خۆیەتی بەدوای باڵاترین شوێنی ئەم گەردوونەشـدا بگـەڕێت و بیدۆزێتـەوە لەخزمـەتی خۆیـدا بیخاتەگـەڕ. بۆیـە (خـودی مـرۆڤ مەبەستی ڕەهایە لە سروشتدا)(١٠)، مرۆڤ وەك بونێکی حەقیقی و بوونی عـەقڵ و هـۆش و هەست تیایدا بۆی هەیە کوێی ئەم گەردوونەی بوێت بیخاتە ژێـر ڕکێفـی خـۆی و لـەپێناوی خـۆی و بـە مەبەسـتی خۆشـگوزەرانی ژیـن و ژیـانی بـەکاریبێنێت. دیـارە سروشـتی مـرۆڤ تەندروسـتیش وایـە بەچەشـنێك لـە شـوێنەکەی، یـا دەوروبەرەکـەی، یـاخود ژینگەیـەکی کاربکات ، لەو شوێنەدا جەوهەرییەت و ماهییەتی مرۆڤانەی خۆی بەرەو بەرزتر و سەنگینتر و بەهێزتر بەرێت و هێندەی پێگەی مرۆڤانەی خـۆی لـە شـوێنە جیاجیاکـان قـایمتر بکـات، بەواتایەکی تر مرۆڤ هەمیشە غەریزەی ئەوەی هەیە وەك بوونەوەرێکی باڵا خۆی بنوێنێت، و جێ پەنجەی دیار بێت لەنێو هـەموو کـون و کەلەبـەرێکی (شـوێنێکی) ئـەم گەردوونـە، و بەهۆی عەقڵ و هۆش و هەسـتە جیاجیاکـانی لەشـوێنێکدا شارسـتانێتی بنیـات بنێـت وەك چـۆن شـوێن بـەها و شـوناس بـەمرۆڤ دەبەخشـن، ئـاواش مـرۆڤ بـەها و شـوناس بەشـوێن

دەبەخشێت، مرۆڤ لە چرکە ساتەکانی یەکەمی ژیانی وابەستەی شوێن دەبێت، و ئـیتر ئـەم چرکە ساتانە بـەدواوە ناتوانێت خـۆی لەشـوێن دابرێـت، و شـوێن دەبێتـە هـەرە لایـەنی زینـدەگی ژیـانی (شـوێن ڕۆڵێکـی بنچـینەیی لـەژیانی هـەموو مرۆڤێـك دەبینێـت، مـرۆڤ لەسەرەتاوە بنیاتی شوێنی خۆی دەنێت، لەشوێنی منـداڵی خـۆی لەتـەك یارییەکانییـەوە بەرە و ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بە مرۆڤی پێگەیشتوو و بەگشت کۆمەڵەوە هەیە)(١١)، مرۆڤ پێش ئەوەی ئاشـنایەتی لەگـەڵ مرۆڤـەکانی تـردا پەیـدابکات، بـە ئەندامـە شـوێنێك، یـاخود شـوێنێك ئاشـنا دەبێـت، ئـەم شـوێنەش خـۆی لەمنـداڵانی دایـك دەنوێنێـت و ئـەم شوێنەش خودی بوونی بایلۆژی مرۆڤەکە دایە و دواتر هەنگاو دەنێت بـەرە و شـوێنێکی تـر کە باوەشی دایکە، هـەر هـەمان بـەهۆی ئەندامـە شـوێنی خـۆی و ئەندامـە شـوێنی دایکـی دەژیــەت، وێنــەی ئەمــەش ئاشــکرایە لــەڕێی دەمــەوە (وەك ئەندامــە شــوێن) هــەوڵی بەدەستهێنانی زیندەگی دەدات لەڕێی (ئەندامە شوێنی دایکییەوە) یاخود بڵێین مەمکەکانی دایکییــەوە لــەم هاوکێشــەیەدا ئەندامــە شــوێن وەك چــەمکێك گوزارشــتە لــە مرۆڤبــوون و شوێنبوون، کەواتە ئەندامە شوێنەکان بەردەوامی بەژیانی مرۆڤەکان دەدەن، دەنـە مایـەی نەمریی بۆ توخمی مرۆڤ.

مرۆڤ بونەوەرێکە زادەی دەستی شوێنە، پێیەوە گـیرۆدە بـووەو پێیـەوە لکـاوە، مـرۆڤ پێش ئەوەی بێتەبوونەوە شوێن زەمینەسازی و ئاسانکاری بۆ دەکەن، مەبەستمان ئەوەیـە ئەندامی زاوزێی مرۆڤەکان بـە نێـر و مێیانـەوە خۆیـان لەخۆیانـدا شـوێنن، یـاخود ئەندامـە شوێنن، لەیەکتر لەکارێکیی ئەم دوو شوێنە مرۆڤەکان دێنە دنیای بوونەوە.

ئینجا کاتێك منداڵ (مـرۆڤ) لەباوەشـی (شـوێن)ی دایـك تـرازا خـۆی لەسـەر جێگەکـە و بێشەکەکەی خۆی دەمێنێتەوە، لەمە بەدواوە هـەم مرۆڤـەکانی تـر و هـەم شـوێنەکانی دی بوون و شوناسی بۆ دەسازێنن.

بێگومان مرۆڤ بوونەوەرێکی باڵای ژیان و ژینگەیـە و هەڵیانـدە سـورێنێت و ئاراسـتەیان دەکات، یاخود داینەمۆی هەرە زیندووی ژیان و ژینگەیە. واتـە ئـەم پێگـە و پلەیـەی مـرۆڤ لەمەوە سەرچاوەی گرتووە کـە بـەهێزترین و کاریگەرترینیانـە لەچـاو بوونـەوەرەکانی تـر، بۆیە بە هەڵە داناچین گەر بڵێین: (مـرۆڤ سـەنتەری ژیانـە، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش مـافی لـە پێشینە و ڕەوای خۆیەتی، کـە دەوروبـەر و ژینگەکـەی لـە خزمـەت پێگەیانـدنی خۆیـدا وە

بەربهێنێت، بۆ ئەوەی ژیانێکی خۆشگوزەران لەپێناو خۆیدا فەراهـەم بکـات)(١٢)، لەمـەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، خودی مرۆڤ لە ژیان و ژینگەکەی بوونەوەرێکی وەستا و دیکۆرئاسا و ماددەیەکی ئارایش نییە، کە لەچوارچێوەیەکی زۆر تەسکدا قەتیس مابێتەوە، بەڵکو مرۆڤ هەڵگری کۆمەڵێك دەلالەتی مرۆڤایەتییە و ئەم مرۆڤایەتییەش هەر لە نێـو خۆیانـدا پـەرەی پێنادەن، ئـەم مرۆڤایەتییـە قـووڵ دەبێتـەوە بـۆ تێڕامـان لـەو شـتانەی کـە لەدەوروبـەری دەگوزەرێن و لەو شوێنانەی کە کاریان دەکاتە سەر و کاری دەکەنەسەر. ئەو جوانییەی لە مرۆڤیشدایە پێویستە لە ژیـان و ژینگـە و دەوروبەرەکـەی ڕەنگـی پێبداتـەوە، ئەمـەش بـۆ جوانکردنی ئەمانە جوانترکردنی خەسڵەتی مرۆڤانەی خۆی.

هەروەك چۆن وەسفی دەرەکی مرۆڤ، یـاخود کارەکتـەر کاریگەرییـەکی ئـەو تـۆی نییـە بەسەر خوێنەردا، چونکە وەسفێکە نـەك چـیڕۆکنووس، یـا ڕۆمـاننووس دەتوانێـت بیکـات، بەڵکو کەسێکی ئاساییش دەتوانێت بیکات و لە وەسفێکی ئاوادا بە بەراورد وەسـفی نـاخی دەروونـی مرۆڤێـك، یـاخود کارەکتـەرێك ئـەو سـەنگ و بایەخـەی نییـە، بۆیـە بەشـێکی سەرکەوتنی ڕۆماننووسیش لەوەدایە بچێتە قووڵایی شوێنەکان و جوانییان بـەدیار بخـات و ڕادەی کاریگەرییان بۆ سەر مرۆڤەکان ئاشکرا بکات واتە ڕۆمـاننووس لـەڕێی توانـا و وزەی شـاراوەی خـۆی پێویسـتە ببێتـە دۆزەرەوەی ئـەو شـوێنانەی کـە لـەناخی هـەر یـەك لـە مرۆڤەکاندا خۆی حەشارداوە و پەنگیخواردۆتەوە، و کەسانی ئاسایی ناتوانن پەی پێبـەرن. (لەو کاتەوە جوانی هەستەکانی مرۆڤ بەدیاردەکەوێت، کە ئەو هەستانەی فریادڕەسی بن لە دۆزینـەوەی ئـەو شـوێنانەی گونجـاون بـۆ خـودی مـرۆڤ، بـەڵام بەئاشـکرا بوونییـان نییـە، مـەرجیش نییـە لەهـەموو بارێکـدا ئـەو شـوێنانە بەچـاوی سـەرببینرێن و بـە ئاسـانی بەرهەستەکانی بکەون. واتـە شـوێن لـە دەقێکـی ئەدەبییـدا، ئـەو شـوێنە نییـە، کـە ئێمـە بەئاسـانی پێیدەگـەین و بەرجەسـتەی دەکـەین)(١٣)، بێگومـان گرنگـی شـوێن لـەدەقێکی ئەدەبییدا لەوەدایە ئەدیب بتوانێت کۆمەڵە  شوێنێکی تر بدۆزێتەوە بەدەر لەو شـوێنانەی، کـە ئێمـە لەواقیعـدا هەسـتی پێدەکـەین. نووسـەر چـەندە قووڵبێتـەوە لـەو شـوێنانەی کـەداهێنانی خۆیـەتی ئەوەنـدەی دی دەسـتی بەسـەر دەقـدا کەرامـەتی دەبێـت و لـەم ڕێگەیەوەش بەئاسانی جڵەوی کارەکتەرەکانی دەکات و ئاراستەی ڕووداوەکان دەکات و بە

کردەوە شوێن دەبێتە شانۆی ڕووداوەکان و کاتیش وەك پانتاییەکی فراوانی لێدێت و مانای ئەمانە تەواوتر دەکات.

گرنگی شوێن لە دەقێکی ئەدەبییدا بەتایبەت لە چیرۆك و ڕۆمان هەر لەوە دانییە توخمێکی هەرە سەرەکی هونەری گێڕانەوەیە، بەڵکو شوێن کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر خوێنەر هەیە، وایلێدەکات خوێنەر لە جوگرافیایەکی تەسکی خودەوە هەنگاو بەرە و جوگرافیایەکی فراوانی دەقەوە بنێت، بەمەش شوێن دەبێتە ئامرازێك بۆ شەتەکەدانی خوێنەر بەدەقەوە، ئەو کاتە سێگۆشەی نووسەر، دەق، خوێنەر بەتەواوەتی مانای دەبێت. بۆیە (لەڕێی وەسفی شوێنەوە دەکرێ، وەسفی ژیان و گوزەران و داب و نەریت و باری ئابووری و کۆمەڵایەتی فیکری و دەروونی....هتد. کارەکتەرەکان بکرێت، هەروەها دەکرێ ژیانی ڕابردوو و، ئێستای ئەوان بخرێتەڕوو... لەبەرئەوە دەبێت ڕۆماننووس بزانێ چۆن کەلکیان لێ وەربگرێ و نەبێتە مایەی ئەوەی، کە خوێنەر بەسەریاندا بازبدا و بەگرینگیان نەزانێت)(١٤)، گەر لەم بۆ چوونە وردبینەوە دەگەینە ئەو باوەڕەی، کە تەنیا بەس خودی شوێن لەدەقێکی وەك ڕۆماندا، خۆی لەخۆیدا و ئینسکلۆپیدیایەکە بۆ خۆی، چونکە شوێن لە دەقێکی ئەدەبییدا بەگشتی و دەقێکی ڕۆمانی سەرکەوتوو بەتایبەتی نیشتمانێکە ئەمسەری دیارە نە ئەوسەر و چوارچێوە و سنوورێکی ئەوتۆی نییە باسی لێوە بکرێت. بەواتایەکی تر شوێن لە ڕۆماندا، سەرتاپای ژیان بۆ خۆی کێش دەکات بە بوونەوەرە زیندوو و زیندووەکانە، وشت و بابەت بوارەکانیش لەدەوریدا خوولدەخۆنەوە، و هەر دەلالەتی شوێنە وا لەئێمە دەکات بتوانین ئاوڕ لە ڕابردوو بدەینەوە و لەنزیکەوە ئێستا ببینین و تاڕادەیەکیش ئایندەمان لێوە دیار بێت.

ئاشکرایە مرۆڤ بە بێ بوونی کات دەبێتە بوونەوەرێکی بێ کەڵك جا چ ئەو کاتە، کاتی سروشتی، یا کاتی زانستی، یاخود کاتی دەروونی بێت، هەروەك چۆن کات مانای بوون بە مرۆڤ دەبەخشێت، بەهەمان شێوە بە (شوێن)یش دەبەخشێت، واتە شوێنکی بێ کات چ مانایەکی دەبێت. (کات هیچ مانا و دەلالەتێك نادات بە دەستەوە، ئەگەر لەشوێنێکدا نەبێت، هەستیش بەشوێن ناکرێت گەر ئەو شوێنە ڕەهەندێکی کاتی نەبێت)(١٥)، بۆ نموونە گەر لەباری دەروونی مرۆڤێك لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە بەهەمان شێوەش لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر جیاوازە، دەبینین ئەم جیاوازییە لەشوێن و کات، بەچەشنێك

لەچەشــنەکان مانــا و بــوون و بــەردەوامی و زینــدووی مرۆڤــەکان دەگەیــەنن، بەمــەش بۆچوونێکمان لەلا گەڵاڵە دەبێت کە مرۆڤ تاڕادەیەك کۆت و بەندی دەستی کـات و شـوێنە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕێژەیش لە کۆت و بەندی کات و شوێن ڕزگاری بێت،



**شێرزاد هەینی**

پێویستە بە شێوەیەکی دروست مامەڵەیان لەتەکدا بکات و هێندەی کۆت و بەندی کات و شوێن تەنگی پێهەڵبچنن، ئەوا خودی مرۆڤەکە لە بەرژەوەندی بەرە و گۆڕانکاری نـەرێنی بیخاتەگەڕ و بەرێژەیەکی تاڕادەیەك هاوسەنگ خۆی لەگەڵیاندا بگونجێنێت.

دەكرێت بپرسین مرۆڤ چ كاریگەرییەكی لەسەر شوێن هەیە؟ یاخود شوێن چۆن كاریگەری لەسەر مرۆڤ جێدێڵێت؟ ئایا ئەوە خودی مرۆڤە كەوا دەكات شوێنەكان دڵگیربن؟ یاخود ئەوە شوێنەكانن دەبنە مایەی دڵتەنگی بۆ مرۆڤ؟ لایەنی دەروونی وەك لایەنێكی هەرە هەستیاری مرۆڤ و ڕەنگدانەوەی ئەم لایەنە لەشوێنێكەوە بۆ مرۆڤەكە دەگوێزرێتەوە؟ یاخود ئەم بارە دەروونییە لەمرۆڤەكەوە بۆ شوێنەكە دەگوێزرێتەوە؟ ئەم پرسیارانە و پرسیار گەلێكی دەكرێت بڵێین پەیوەندی نێوان مرۆڤ و شوێن ڕێكدەخات، و لەهەمانكاتیشدا دەبینین ئاڵۆزی دەكات. بێگومان ئەم پەیوەندییەش هەر لە قۆناغی منداڵییەوە دەست پێدەكات و هەنگاو بەهەنگاو بۆ قۆناغەكانی دواتر هەنگاو دەنێت. بۆ نموونە (كاتێك كە داوا لە منداڵێك دەكەین وێنەی ماڵەكەی خۆی بۆمان بكێشێت، ئەوا داوا ئاشكراكردنی خەونی قووڵی ئەو شوێنەی لێدەكەیت كە بەختەوەری تێدابینیووە. ئەگەر هاتوو منداڵەكە دڵخۆش بوو ئەوا وێنەی ماڵێكی پڕ لە ئاسودەیی و كامەرانی دەكێشێت، كە پاراستن و ئارامی تێدابێت، و لەسەر ڕەگی قوولّ بنیاتنراوە)(١٦)، لەم بۆ چوونەدا پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆ هەیە لەنێوان دەروونی مرۆڤ و شوێن، یاخود خۆ سازاندنێك بەدیدەكرێن لەنێوانیاندا، گەر دەروونی مرۆڤەكە تەندروست و خۆش بوو بێگومان شوێنێكی خۆش و ئاوەدانی لێدەكەوێتەوە و بۆیە دەشێت بڵێین پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە. لەهەمان كاتدا ئەگەر وردبینەوە هەست بە وزە گۆڕكێ دەكەین لە نێوان مرۆڤ و شوێن، لەم ڕووەوە هەم مرۆڤ لەڕێی ئەو وزەیەی هەیەتی لەتوانای دایە شوێن ڕێكبخات، و هەم شوێن دەبێتە مایەی بەخشینی وزە بەمرۆڤ، لێرەشدا درك بەهاو سەنگی دەكەین لەنێوان مرۆڤ و شوێن.

پەیوەندی نێوان مرۆڤ و شوێنەكەی لەهەموو ڕۆژگار و سەردەمەكاندا جیابووە، مرۆڤ بۆ هەر سەردەمێك خوێندنەوە و بیركردنەوەی جیای هەبووە لەمەڕ شوێن و بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدا بووە زۆرترین شوێن تاقی بكاتەوە و لەگەڵ سروشتی خۆیدا بیگونجێنێت و بۆ ئەم مەبەستەش بەو ئاراستەیەی كاریكردووە هەما هەنگییەك بسازێنێت و شوێنە لەبارو شیاوەكان بۆ كارو چالاكییە جۆر بە جۆرەكانی ژیانی بقۆزێتەوە. (هەر لە كۆنەوە مرۆڤ دركی بە ڕۆڵی دیاری شوێن و پەیوەندی بە بوونەوە كردووە، بیری شوێن ڕۆڵێكی بنەڕەتی گێڕاوە كە بیری مرۆڤی كۆن و نوێدا، ئەم بیرە لەگەڵ پێشكەوتنی بیری مرۆیی گەشەی كرد، لەگەڵ مامەڵەكردنی لەگەڵ جیهانی دەرەكی كە دەورەی داوە پێشكەوت، هەمان

بیریش لـە ئەدەبدا ڕەنگی داوەتـەوە)(١٧)، گرنگـی و بایـەخی پەیوەنـدی مـرۆڤ و شـوێن لەوەدایە پرسێکی هەستیار دێنێتە ئاراوە، ئەویش خۆی لە بووندا دەبینێتەوە، کە باس لـە بوونیش دەکەین، ئەو بوونە بەجووت جەمسـەرەوە بارگاوییـە و دەلالەتـە لـەبوونی مـرۆڤ و بوونی شوێن، کە بێگومان بوونی یەکێکیان بەبێ بوونی ئـەوی تریـان مانایـەك بەدەسـتەوە نادات.

ئەوەی پەیوەستە بە بیری ئەدەبیشەوە، ئەدیب وەك مرۆڤێك لە ئەنجامی بیرکردنەوە و بیرۆکەی جوان، شوێنی جوان ڕەنێو دەهێنێت، کە لە ئاست تام و چـێژ و مـەزنیی پـەیام و ئەرکی ئەدەبدا بێت و ئەفسوونیی ئەدەب لەشوێندا ڕەنگبداتەوە و فەزایەك هەست و نەست و دڵ و ناخ و عەقڵی خوێنەر بئافرێنێت.

## ١-٣:چەمکی بە شوێنکردنی مرۆڤ و بەمرۆڤکردنی شوێن

ئەوەی مایەی تێڕامانە هەر دوو چەمکی (بە شوێنکردنی مرۆڤ) و (بەمرۆڤکردنی شوێن)، دوو چەمکن بەتەواوی نامۆن لەنێو دنیای ئەدەبیاتی کوردیدا بەگشتی و ڕەخنـەی ئـەدەبی بە تایبەتی. گەر لە ئەکتەر و کارەکتەرانی ئەدەبیاتی جیهانی وردبینەوە، وێنـەی ئـەوەمان بەرچاو دەکەوێت کە هەندێك لەئەدیبان هەر زوو کاتێك ئەکتـەرێك، یـاخود کارەکتـەرێك بـۆ بەرهەمەکـەیان دەسـازێنن، ڕاسـتەوخۆ هـەموو خەسـڵەت و تایبەتمەنـدی و هەڵسـوکەوتی مرۆڤـی تێـدا کۆناکەنـەوە، بـەڵکو لەهەنـدێك ڕوودا ئـەم ئەکتـەر و کارەکتەرانـە لەگـەڵ پێکهاتەکانی مرۆڤدا کۆکن و لەگەڵ هەندێکی تریاندا ناکۆکن.

بۆ ئەم شێوە و چەشن و وێنانـەی مـرۆڤیش، بێگومـان دەبێـت بـۆ مێژوویيـەکی دوور و قووڵ بگەڕێینەوە و کە بەساڵ و سەدەش ئەستەمە بزانین بەر لەچەند پێش ئێستا بوونیان هەبووە.

دەشـێت بپرسـین سەرچـاوەی ئـەم دۆخگۆڕینــەی مـرۆڤ کاتێـك بـەئاژەڵکراوە، بــە باڵندەکراوە، شەتکراوە، بەبێگیانکراوە، یاخود بـە شـوێنکراوە، یـان بەوێنـەی تـر کاتێـك، ئـاژەڵ، باڵنـدە، شـت، شـوێن، بێگیـان و بـەگیان، بـەمرۆڤکراون، لـەکوێوە سەرچـاوەکانی گرتبێت؟ ئەوە خودایە سەرچاوەی ئەم دۆخگۆڕینە؟ یاخود خودی مرۆڤەکانن بە ئارەزوو و هیوا و ئـاواتی ئـەوەن دۆخیـان بگۆڕێـت، و هەنـدێك لـەقاڵبی مرۆڤانـەی خۆیـان بێنـەدەر؟

بێگومان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت بڵێین خودا سەرچاوەی ئـەم دۆخگۆڕینـەی مرۆڤە و ئەم دۆخگۆڕینەش وەك لە پێشتر وتمان بەئاشكرا لە پەیامی كتێبە ئاسمانییەكاندا دەركەوتووە، دواتر بەهرەمەند و هونەرمەند و ئەدیبان هـەمان وێنـەیان دووبارەكردۆتـەوە، جا بەدەستكارییەوە بێت، یاخود بێ دەستكاری.

مەرج نییە لە بەرهەمی ئەدەبییدا جا چ وەك ئەكتەرێك، یاخود كارەكتـەرێك بێـت، ئـەم ئەكتەر و كارەكتەرانە كتومت لـە خەسـڵەت و تایبەتمەندییـەوە لـەمرۆڤ بچـن، یـان لـەڕووی پێكهاتەی دەرەكی و ناوەكییەوە لێكبچن، ئەم دیاردەیـەش لەئەدەبـدا بەدرێـژایی مێـژووی مـرۆڤ بـوونی هـەبووە، بۆیـە لـەم ڕووەوە (حوسـێن عـارف) لای وایـە بـاوی ئەمـە نـەماوە كارەكتەر تەنها لە پێكهاتەی جەستە و ڕۆح و دڵ و دەروون و هەسـتی و نەسـتی مرۆڤـەوە سەرچاوەی گرتبێت.، بەڵكو پێی وایە (مەبەست لە كەسان) تـەنیا ئـادەمیزاد نییـە، بـەڵكو هەموو گیاندارێك و تەنانەت دەشێ بێگیـانیش بگرێتـەوە. ئەگەرچـی لەئەنجامـدا گیانـدار و بێگیانەكانیش، هەر بەپەیوەنـدی لەگـەڵ ئـادەمیزاددا بـاس دەكـرێن. چـونكە ئەگـەر هـیچ ئادەمییەكیش لە چیرۆكەكەدا لە ئارادا نەبێ، ئەوەی باس لە گیاندار و بێ گیان دەكات، كە نووسەرەكەیە، هەر ئادەمییە و هەر زادەی بیر و هۆش و هەسـت و نەسـتی ئـەوە دەڕژێتـە سەركاغەزی سپی و دەبێ بەو چیرۆكە)(١٨)، لە چوارچێوەی ئەم بۆ چوونەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی،كە وەك چۆن هەر لە زووەوە مرۆڤ وەك خۆی، یان بەدەستكارییەوە ڕۆڵی گـرنگ لە فەزای دەقدا دەبینێت و بەكارەكتەر دەكرێـت، ئاوەهـاش دەتوانرێـت شـتێك، شـوێنێك، گیاندارێك، بێگیانێك، ببێتـە بوونـەوەرێكی وەك مـرۆڤ و لەدواجاریشـدا نووسـەر بیكـات بـە مرۆڤێكـی خـوازەیی و خـۆی لـە كارەكتەرێكدا ببینێتـەوە. هـەر لـە چوارچـێوەی ئـەم بـۆ چوونەشـەوە پێمـان دەڵێـت: گیانـدار، بێگیـان، شـت، شـوێن، كاتێـك ڕۆڵـی كارەكتـەرێكی چـیرۆك، یـاخود ڕۆمانێـك دەبیـنن دواجـار بەرجەسـتەكردنەوەی ڕۆڵـی مرۆڤەكانـە، بـەڵام بەشێوە و شێوازی دنیابینی جیاجیا.

ڕۆمان وەك ژانرێكی سەربەخۆ و سـەردەمیانە، هەمیشـە مـاكی نوێبونـەوەی لـە خۆیـدا هەڵگرتووە و ژانرێكە زیندوویی لەوەدایە بە ڕۆژگارەكـانی ژیـانی مرۆڤـەوە بەسـتراوەتەوەو تەنانــەت زۆرجــار دەوترێــت وەكــو دەزگایــەكی كۆمەڵایــەتی وایــە، بۆیــە چەشــنی بەرجەستەكردنی مرۆڤ و شێوە و شوناس و گوتاری مرۆڤ، لەدەقێكی ڕۆماندا لەگـەڵ دەقـی

ژانرەکانی تـردا تـەواو جیـاوازە ، بێگومـان ئەمـەش سەرچـاوەکەی بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە پانتایی و فراوانی و ڕەهەندەکانی ڕۆمان لەگـەڵ پانتـایی و فراوانـی و ڕەهەنـدەکانی ژیانـدا هاوتەریبـە. واتــە ئــەوەی لــە ڕۆمانووســێکی ســەرکەوتوو چـاوەڕوان دەکرێـت زۆر لــە هەردەقنووسێکی دی زیاترە. (عەبدوڵلا سـەراج) پێیوایـە (ڕۆمـاننووس نـاخوازێ کەسـانێك دروست بکات، کە دەقا و دەق نموونەیان لە ژیاندا هەبێ و ئاسایی بن. ئەمە ئەرکی ئەدەب و هونەرمەندان نییە، بگرە لەسەرلاپەڕەکاندا، کەسایەتی پڕ ژیان و زیندوو دروست دەکات. ئا لێرە ئاشنای خەڵقندەکانی دەبین. مـەرجیش نییـە کـە سـایەتی هـەر تـەنیا مـرۆڤ بێـت، نووسەری وا هەیە بایەخ بەکەسایەتی زیندەوەرێك دەدات (سەگ، کەو، پشیلە، کـۆتر) یـان ڕووەك و درەخت و شتی بێگیان، وەك درەختـێ بپەرسـترێ، یـان پردێـك، یـان گیانـەوەری میتالۆژی کە بۆ مەبەسـتی دیـاریکراو تـەوزیفیان بکـات)(١٩)، بەواتایـەکی تـر ڕۆمـاننووس لەجیاتی ئەوەی کارەکتـەرەکانی بەهـەموو پێکهاتەکانییـەوە لـەمرۆڤ بچێت و لـەمرۆڤ بـن، تەنیا وێڵ بێت بەدوای بوونی مرۆڤدا، ئەوا لە ئێستادا ڕۆماننووس بـە گوتـارێکی تـرەوە لـە بوونی مرۆڤ دەگەڕێت، ئەویش لەڕێی ئەوەی، کە پێمان دەڵێت لە پەنای مرۆڤەوە، چەندین بوونی تر هەن، کە ناکرێت فەرامۆش بکرێن، چـونکە ئـەم بوونانـە کـار لـە مـرۆڤ دەکـەن و مرۆڤیش کاریان تێـدەکات، و کاریگـەری ئەمانـە هیچـی لەپەیوەنـدی و کاریگـەری مرۆڤێـك لەگـەڵ مرۆڤــەکانی تــرەوە کــەمتر نییــە. هــەروەها (عەبـدوڵلا ســەراج) پێیوایــە خــودی ڕۆماننووس ئافرێنەرە، و ئافرێندراوەکانی جیان لەو ئافرێندراوانەی ، کـە ئێمـە هەسـت بـە بوونیان دەکەین، بەهۆی بەرجەستەکردنی شت و شوێن و باڵندە و گیانەوەر و شتی تـریش کــە ڕۆڵــی مــرۆڤ دەگێــڕن و لــەدواجاردا دەبــن بەکارەکتــەری ڕۆمــان، بەچەشــنێك ئــەم ئافرێندراوانـە لـە هـۆی بـوونی خۆیـان و بـوونی مـرۆڤ کارەکتـەری پـڕ لـە ژیـان و بـزاوت و زیندووتریان لێ چێدەکرێت.

سەرەڕای ئەمانـە هەریـەك لـە شـوێن و شـت و ئـاژەڵ و باڵندە....هتـد کاتێك لەلایـەن ڕۆمانووسەوە بە مرۆڤ دەکرێن، مانای وایە ئەمانەش دەبن بەخاوەن هەست و خـودی مـرۆڤ لە ڕێی هەستە قووڵەکانی هەست بەمانە دەگات و ئەو هەستەی ئەمانیش هەیانە هەستێکی بێ پەیام و هەڕەمەکی نییـە، چـونکە لـە ئـەنجامی ئـەوەی مـرۆڤ هەسـتیان پێـدەکات، تـا ڕادەیەك لەهەستی مرۆڤەکان نزیك دەبنەوە.

ڕۆمـاننووس لـەڕێی بەشـوێنکردنی مـرۆڤ و بـەمرۆڤکردنی شـوێنەوە مەبەسـتییەتی پەیوەندی و هاوکێشەی نوێ لەنێوان مرۆڤ و دەوروبەر و ژینگەکەی و خودی بیرۆکەکانیـدا بسازێنێت. ڕۆماننووس بەهۆی ئەم پەیوەندی و هاوکێشـانەوە دەیـەوێت ژیانێـك وێنابکـات تەواو لە ژیانەی ئێمە جیا بێت و مانا و دەلالەتی نـوێتر بـۆ ژیـان بدۆزێتـەوە، بۆیـە ئـەرکی ڕۆماننووسە (لەتەك شتەکان و بیرۆکەکاندا، نوێکاری بئافرێنێـت و وێنـە و تابلۆیـەکی نـوێ ئاشکرا بکرێت، بۆ مەبەسـتی جیهـانێکی تێرکـراو بـە چەشـنێك ئـەم جیهانـە تێراکـراوە لـە واقعییەتی و حەقیقەتی قووڵایی ناخەوە سەرچاوەی گرتبێت)(٢٠).

بە شوێنکردنی مرۆڤ و بە مرۆڤکردنی شوێن، ئامرازێکی کاریگەرە بۆ ئەوەی ڕۆماننووس لە ڕێی ژانرێکی هونەریی وەك ڕۆمان گوتارێکی هونەرییانەمان بەرە و ڕووبکاتەوە ئـەوەمان پێبڵێت، کە خودی مرۆڤەکان خـاوەن گوتـار نـین، هـەر گوتـار لـەڕێی ئەمانـەوە پێشـکەش ناکرێن، بەڵکو شوێنیش هەڵگری گوتاری تایبەت بەخۆیـەتی و لـە تواناشـیدایە گوتـاری بـۆ مرۆڤەکان هەبێت.

ئەسـتەمە مرۆڤێکـی ئاسـایی بتوانێـت لەگـەڵ شـوێنێکدا یـاخود لەگـەڵ دەوروبـەرە و ژینگەکەی هەڵسوکەوت و مامەڵەیەکی کتومتی مرۆڤەکانی لەگەڵدا بکـات، یـاخود شـوێنێك لەلای ئەم مرۆڤە ئاسـاییە ببێتـە مرۆڤێکـی هاوڕەفتـار و هاوشـێوەی خـۆی و لـە خۆشـی و ناخۆشی و لە بەهێزی و لە بێ هێزیدا ببێتە هاودەم و هاوکاری، بەڵام ئەمانە بۆ دەقنـووس ئەستەم نین و نووسـەرێکی سـەرکەوتوو لـە توانایدایـە ئـەم وێنانـە لەدەقەکـەی بەئاسـانی بەرجەستە بکات.

(ئاشکرایە گشت شتە هەستییەکان، گیانلەبەر بێ یان بێ گیان، زیندووبێت یان مـردوو، عاقـڵ بێـت یـاخود بـێ عـەقڵ، تـەنێکیان هەیـە)(٢١)، بۆیـە هەسـتی ئـەدیب لـە هەسـتی مرۆڤەکانی تر باڵاتر و کامڵترە، هەستێکە خەسڵەت و تایبەتمەندی دۆزینەوەی بەتـەواوەتی تێدا وەگەڕخراوە و ئەو هەستە لە توانایدایە هەست بەم دیاردە و شت و بابەتانە بکات، کە لەچوارچێوەی هەستی ئێمـەدا لـە ناهەسـتیدان، یـاخود بڵێین لەچوارچـێوەی هەسـتەکانی ئێمەدا لە خانەی نەبووندان، بۆیـە وای دەبیـنین ڕۆمـاننووس لـە بەشـوێنکردنی مـرۆڤ و لـە بەمرۆڤکردنی شوێندا، هەستی بەمە تێر ناخوات، کە وێنای مرۆڤ بکات لە بە ئاساییەکەی و وێنای شوێن بکـات لـە بازنـەی ئاسـاییەکەیدا. واتـە لـەناوەوەی هـەر دوو چـەمکی مـرۆڤ و

شوێن، وردەکاری هەن، ڕۆمـاننووس گەرەکییـەتی بیاندۆزێتـەوە و ئاشـکرایان بکـات، هـەر بۆیە ئەم هەستەی ڕۆماننووس بەو چەشنەی باسمانکرد لەخۆوە دەچێتە قـاڵبی ئـەدەبی و خەیاڵێکی بەرزەفڕی داهێنەرانەی لێدەکەوێتەوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر هەستی خوێنەر دەبێت ، بۆی دەبنە مایەی ڕامان و سەرسامبوون و چێژ و سوود بەخشـین و سەرنجی خوێنەر لە چوارچێوەی جوانی و ناسکی و کامڵیدا دەمێنێتەوە.

ڕۆمـاننووس لـەڕێی بەشـوێنکردنی مـرۆڤ و بـەمرۆڤکردنی شـوێنەوە بـە هەقیقـەتێك گەیشتووە، ئەویش ئەوەیە، کە ئەوەی لە ژیاندا هەیە، جار هەر شتێك بێت (بوون)ی هەیە، بوونی ئەو شتانەش بەوە بەسـتراوەتەوە پەیوەنـدی لـەنێوان مـرۆڤ و ئـەو شـتانەدا هەیـە. تەنانەت ئەو شـتانەی لـە دەوروبـەری مرۆڤـدا بەئاسـانی بوونیـان دیـار نـەبێت، یـاخود لـە ڕادەیەك دابن لە نەبوونەوە نزیك بن، وەك لە بوونەوە، بەڵام لە ئەدەب بەگشتی و ڕۆمان بە تایبەتیدا ڕەنگدانەوەی هەقیقەت و واقیعی ئەوانە. لێرەدا لە وتە باوەکـە نزیـك دەبینـەوە، کە دەڵێت: (ئەدەب ئاوێنەی ژیانە)، نە ژیان بێ ئـەدەب دەبێـت و نـە ئـەدەبیش بـێ ژیـان دەبێـت، هـەروەها دنیـای ئـەدەب دنیایـەکی گشـتگیرە و ڕۆچـۆتە نێـو هـەموو بـاس و خواسەکانی ژیان و بۆتە زمانحاڵی مرۆڤەکان. پێمان سەیر نەبێت گەر بڵێین: (کـە ژیـان لـە نێو هەموو شتێك دایە و هەرچی لەبووندا هەیە، ڕۆح و جەستەدارە)(٢٢)، واتە ڕۆمـاننووس کاتێك شتێك، شـوێنێك، بێگیانێـك، دەکـات بەکارەکتـەری ڕۆمانەکـەی لەبـەر ئەوەیـە، کـە ئەمانە وەك مرۆڤ ڕۆحـدارو جەسـتەدارن سـەرەڕای بـوونی ڕەسـەنیی خۆیـان، دەتـوانن لـە بوونی تریشدا خۆیان بنوێنن.

(قوتابخانەی ڕۆمانی نوێی فەرەنسی، یا ڕۆمانی نا ڕۆمان کە سەرە هەرەمەکەی ئـالان ڕۆب گریێ و میشێل بۆتۆر و ناتالی ساروت و کلۆد سیمۆن و مارگرێت دۆرا)ن(٢٣)، توانییـان ببنە پێشەنگ بۆ نووسینی ڕۆمـانی نـوێ، بۆیـە بـە بۆچـوونی ئێمـە بەشـوێنکردنی مـرۆڤ و بەمرۆڤکردنی شوێن وەك سیمایەکی هونەری و تەکنیکێکی نوێ بڵاوبووەوە.

بە شوێنکردنی مرۆڤ و بە مرۆڤکردنی شوێن بەهاو جوانی خۆیان لە ئەدەبدا هەیـە ، بـە چەشنێك ڕۆماننووسێکی سەرکەوتوو لە توانایدایە مامەڵەیەکی دروستیان لەگەڵدا بکات و لە قاڵبێکی بەرزی هونەریدا بەرجەستەیان بکات، بەمەش بـەها و جـوانی مـرۆڤ بەسـنووورداری نامێنێتەوە و هەروەها شوێنیش بەها وجوانی زیـاتری دەبێـت. ڕۆمـاننووس کاتێـك مـرۆڤ و

شوێن ئاوێتەی یەکتر دەکات بەمەبەستی ئەوەی ڕوویەکی تری واقیعمان پێپیشان بدات، بە ڕادەیەك بڵێین: (بەمرۆڤکردن گونجاوە لەگەڵ چەمکی واقیعی، چونکە هونەر لاسایکردنەوەی جیهانی واقیع نییە و لەبەرگرتنەوەیەکی کتومتی و پارێزراوی شتەکانیش نییە، بەڵکو دنیا بینینی ڕووگەیەتی و سەر لەنوێ ئافراندنەوەیەتی بەچڕوپڕی و دەوڵەمەندییەوە، یاخود ئافراندنی واقیعێکی نوێیە، کە قووڵترە لەو واقیعە ڕاستەوخۆیەی کە ئێمە دەیبینین)(٢٤)، بەواتایەکی تر کارکردن لەو بابەتە، بەرجەستەکردنی ڕۆح و قووڵایی ناخی مرۆڤ و شوێنەکانەو تێکشکاندنی ئەو وێنە و وێنا چەند بارە بوو و سواوانەیە ، کە زۆرجار تەنگ بەخوێنەر هەڵدەچنن تا ڕادەی جاڕسبوون، بۆیە بە بۆچوونی ئێمە بە شوێنکردنی مرۆڤ و بەمرۆڤکردنی شوێن یارکردنە لە نێو واقیعێکی داهێنراو، کە جیایە لەو واقیعەی کە ئێمە درکی پێدەکەین، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە لە ئاستێك لە واقیع دوورکەوتنەوەیە و گەیشتنەوە پێی ئەستەمە، بەڵکو نزیکردنەوەی واقیعە بە تێڕوانین و دیدێکی نوێوە، بەدەر لە لاسایکردنەوەیەکی کوێرانەی واقیع.

مرۆڤ و شوێن، وەك دوانەیەك وان، کە هەمیشە مانای بوون بەیەکتر دەبەخشن، نە مرۆڤ بێ شوێن مانایەکی هەیە، و نەشوێنێکی بێ مرۆڤیش مانای هەیە. شوێن زیندوویێتی بەمرۆڤ دەبەخشێت و بەردەوام ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت بۆ بوون و مانەوەی مرۆڤ لەهەموو لایەنە جۆر بەجۆرەکانی خودی مرۆڤەکە، بەمەش سەنگ و قەبارەی شوێن لەلایەن مرۆڤەوە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ قورستر و گەورەتر دەبێت، چونکە (وا دەردەکەوێت شوێن وەکو ئەمبارخانەیەکی ڕاستەقینە بێت، بۆ بیرۆکە و سۆز و هەستەکان، لەبەرئەوەی پێوەندییەك دەسازێت لە نێوان شوێن و مرۆڤ، کە پێوەندییەکی ئاڵوگۆڕکراوە و هەردووکیان کاریگەرییان بەسەر یەکترەوە هەیە)(٢٥).

لەمەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە وەك چۆن شوێن کاریگەری لەسەر پاراستنی جەستەی مرۆڤدا هەیە، ئاواش کاریگەرییەکەی لەسەر پاراستنی بیرۆکە و سۆز و هەستەکانی زیاترە. ڕۆماننووسیش مەبەستییەتی لەچۆنیەتی بیرکردنەوە و هزر و پیشاندانی سۆز و چۆنیەتی گوزارشتکردن لەهەستەکان زیاتر کار لەسەر لایەنە نادیارەکانی مرۆڤ بکات، لەم خاڵەوەش پێوەندی نێوان مرۆڤ و شوێن لەتەنکاوییەوە بۆ قووڵایی هەنگاو دەنێت، چونکە پیشاندان و نمایشکردنی تەنیا جەستەی مرۆڤ لەسەر تەختەی شانۆی شوێن، خودی مرۆڤەکە هەست بە

بچووکی قەوارەی خۆی لەهەمبەر بوونەوەکانی تردا دەکات و شـوێنیش نابێتـە ئـەو بوونـە زینـدووە، گـەر کارنەکاتـە سـەر چـۆنیەتی بیرۆکـە و سـۆز و هەسـتەکانی. بێگومـان ئـەو کاریگەرییەش دەگوزارێتەوە بۆ خوێنەر و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسـەر بیرۆکـە و هەسـت و سۆزەکانی خودی مـرۆڤ بەئاگاییـەوە بێـت، یـاخود بـە نائاگـایی کەوتۆتـە ژێـر ڕەحمـەت و زەحمەتی خودەکانی ترەوە، جا لە هەر بوار و ڕوویەکدا بێت، واتە هەر مرۆڤێك مەحکومـە بە چەندین سیستەمی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی و ئـابووری و هزریی....هتـد، کـە ئەمانـە لـە چۆنیەتی مرۆڤبوونی، پەرچەکرداری لە بەرامبەر مرۆڤەکانی تردا ڕۆڵ دەگێڕن.

(زۆرباوە لە ناوەندەکانی زانستی و ئەدەبیدا، شوێن کاریگەرییـەکی زۆری هەیـە لەسـەر لایەنی جەستەیی و دەروونی و ئایدۆلۆژی و زمانەوانی و ڕۆشـنبیری و سیاسـی... هتـد کـە بەشـداری دەکـات لـە ئافرانـدنی سروشـتی مرۆڤـەکان. هـەر لەبەرئەمـە دەبیـنین ڕۆڵـەی کوێسـتانی جیـاوازە لـە ڕۆڵـەی گـەرمیانی، هـەروەها ڕۆڵـەی چـیایی جیایـە لـە ڕۆڵـەی دەشتایی)(٢٦)، واتە کاتێك ڕۆماننووس پەنا بۆ بەشوێنکردنی مرۆڤ و بەمرۆڤکردنی شـوێن دەبات، لەو تێڕوانین و گۆشەنیگایەوە، کە چۆن مـرۆڤ لەگـەڵ مرۆڤـەکانی تـر کاریگـەرییان هەیە لەسەر لایەنە جیاجیاکانی یەکتر، ئاواش مرۆڤ لەگەڵ شوێنەکەیدا کاریگەرییان دەبێت لەسەر یەکتر جا لەهەربوار و لایەنێکی ژیانیدا بێت.

مـرۆڤ و شـوێن، لەزۆربـەی حاڵەتەکانـدا هـاوڕێ و هـاوڕازی یـەکترن، و کـەمجار وا ڕێکدەکەوێت ببن بە هاودژ، هاودژی لەنێوان مرۆڤ و شوێندا بە هیچ شێوەیەك بـوونی نییـە، مەگەر لەبارودۆخێکدا کەسێك، شتێك، سیسـتەمێك....هتد) بچێتە نێـوان مـرۆڤ و شـوێن، پەیوەندییەکەیان ئاڵۆز بکات، و مرۆڤەکە، بەشوێنەکە نامۆبێت و بەهاودژی خـۆی بزانێـت، کەواتە نەگونجانـدنی مـرۆڤ لەشـوێنێکدا هۆکارەکـەی بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە بکـەرێکی نێگەتیڤ هەیە لە هەوڵی ئەوەدایە ئەو هاوسەنگییە نێوان مرۆڤ و شـوێن لاسـەنگ بکـات، و مـرۆڤ هەمیشـە بەگومانـەوە لەژینگـە و شـوێنەکەی بڕوانێـت. شـوێن (ئەگـەر شـیاو و گونجاوبێت، مرۆڤەکانی ناویشی شایستە دەبن، بەڵام ئەگـەر پێگەیـەکی نـابوود بـوو، ئـەوا مرۆڤ و کەسایەتییەکان نەك هەر ناتوانن جوانیی ببەخشێن، بەڵکو نـاتوانن خۆشـیان جـوان بـن، تەنانـەت ناشایسـتەیی شـوێن دەبێتـە هـۆی لەدەسـتدانی پـاکێتی و بێگـەردیی منداڵێتێتی.... (شوێن)بنەمای کەسە جوان و ڕەفتار جوانەکانە، ناکرێت چاوەڕێی ڕەفتار و

هەڵسوکەوتی شیرین لەو مرۆڤ و کەسایەتییانە بکەین، کە (شوێن) یان، (وڵات)یان نەك هـەر شـیرین نییـە، بـەڵکو لـەتفتاودا خنکـاوە)(٢٧)، ڕۆمـاننووس ئامانجییـەتی خەسـڵەت و تایبەتمەندییە جوانەکانی مـرۆڤ بەشـوێن ببەخشـێت و هـی شـوێنیش بـەمرۆڤ، بەمـەش بـە ئەنجامێك دەگەین کە مـرۆڤ و شـوێن بەیـەکترەوە لکـاون، و مرۆڤـی نـابوود و ناکەسبەچـە هەمیشە کار بۆئەوە دەکات، شوێن نابوود و وێران بکات و مرۆڤی جوان و کەسدار لە خەمی ئەوەدایە شوێنەکە جوان و ئاوەدان بکاتەوە، واتـە چـۆن مـرۆڤ ڕۆڵـی هەیـە لـە بونیادنـانی شوێن، ئاواش شوێن ڕۆڵی هەیە لە بونیادنانی کەسایەتی مرۆڤدا.

ڕۆمـاننووس بـەهۆی بەشـوێنکردنی مـرۆڤ و بـەمرۆڤکردنی شـوێنەوە دەیـەوێت زیـاتر هەستەکانی مرۆڤ بدوێنێت، و هزرو بیرکردنەوەکانی سەنگیتر بکات، شوێن ببێتە بۆتـە یـەك بـۆ تواندنـەوەی هەسـت و هـزری کـۆن و سـەر لـەنوێ دارِشـتنەوەیان، لەڕوانگـەی ئـەوەی هەرخودی مرۆڤ هەست بەشوێن ناکات و بیری لێناکاتەوە، بەڵکو شـوێنیش هەسـت بـەمرۆڤ دەکات و هزر و بیری بۆ دەخاتە گەڕ، لەمەشەوە ڕەنگدانەوەی دەبێت بۆ هزرو بیری مرۆڤ، بۆیە (هەردەم شوێن، لەدوای زەمەنە پەشێو و شپرزە دەستی بەسەر هەسـت و هـزر و بـیر کردنـەوەکانی مرۆڤـی بـەرایی و سـەردەمیی داگرتـووە، مامەڵـەی مـرۆڤ لەگـەڵ شـوێندا مامەڵەیەکی ڕەگئاسا و زیندووە ئەنجامەکەشی پەیوەندیەکی توند و تۆڵە)(٢٨).

ڕۆماننووس هەوڵدەدات تێڕامان و بیرکردنەوەکانی مرۆڤ هـەر لـە بازنـەی درکپێکـردن و زانراوەکاندا نەخوولێنەوە، بەڵکو سنووری ئەمانە ببەزێنێت و مانایەکی تریان پێببەخشـێت، بەشێوەیەکی تر و لەوێنەیەکی تردا بەرجەستەیان بکات، کە بەجۆرێك پەیوەندییەك بمێنێت لەنێوان مەئلوف و نامەئلوفدا.

١-٢:بەشوێنکردنی مرۆڤ لە ڕۆمانی (هەولێر) دا

ژانرەکانی ئەدەب و هونەر لەگەلێك هێڵی گشـتیدا لەیـەکتر دەچـن، ڕۆمـاننووس لـەڕێی هونەر پەیکەرتاشییەوە توانیوویەتی بەشوێنکردن بەمرۆڤ ببەخشێت. کە لەبنەڕەتیشدا ئەم بەشوێنبوونەش لە بەمرۆڤبوونەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام کاتێك پەیکەرێك بـۆ مرۆڤێـك دەتاشـرێت لەشـوێنێکی دیـاریکراودا دادەنرێـت و زۆرجـار ئـەو شـوێنەش بـەناوی ئـەو پەیکەرەوە دەناسرێتەوە.

ئەو (پەیکەرە) لەو شارەدا بێباکانە، هەموو گاڤێك وەستاوە، دانیشتووە، دەنووسێت، لاپەڕەی سپیش دەخوێنێتەوە(هەولێر، ٥).

ئەو پەیکەرە کە لەشوێنێك دانراوە، دەبینین زۆرێـك لەتایبەتمەندییـەکانی مرۆڤـی تێـدا دەبینرێت، وەك لایەنی جەستەیی لەجووڵە و، لایەنی هۆشیش لە نووسین و خوێندنەوەشدا.

ئەگەر هاوسەرگیری مرۆڤەکان بێ ئەنجام بێت و وەچاخ کوێری ئاکامەکـەی بێـت، ئـەوا ئەو وەچاخ کوێرییەش کار دەکاتە سەر کوێربوون و وێرانبوونی شوێنەکان کەواتە مرۆڤەکان مایەی بینایی و ئاوەدانی شـوێنەکانن و، ئەگـەر مـرۆڤ بـوونی نـەبێت چ واتایـەك بـۆ بـوونی شوێن نامێنێتەوە.

(کە پاشا ژنی نەدەهێنا، سۆزی لەسەر جەستەی ژنێـك نەخـەوت، شـارەکەش دروسـت نەدەوو، نە ئەو ماچێکی دەکرد، نە قەڵاتەکەش دەبووە مەمك و سینگ وشە حامێکی تـەڕو بادام) (هەولێر، ل١٦).

گونجـاوی و ڕێکییـەك بەدیدەکـەین لـەنێوان شـوێنەکان، ڕۆمـاننووس قــەڵاتی وەك شوێنێکی کەتواری و، مەمك و سینگی مرۆڤی وەك ئەندامە شوێن بەیەکتر گرێداوە.

دوور لە بەشوێنکردنی مـرۆڤ، لـەڕۆمانی (هـەولێر)ی شـێرزاد هـەینی دا، بەشـوێنکردنی شوێنەکان یەکێکە لەم دۆخەی کە لەبەرهەمەکە ڕەنگیداوەتەوە.

(بــەیانی بــەر لــەکازیوەش، یەکســەر، یەکســەر ڕەعیــەت و میــوان و کەســە دوور و نزیکـەکان، کـە لەخـەو هەڵسـان، شـارەکەیان، بەکۆشـکی شـاو هـەموو گەڕەکەکانییـەوە، بــەکۆڵان و ســەربانەکانی، بەمزگــەوت و تەکیــەکانی، ســەراو ســاباتەکانی، ئاتاشــگا و گومەزەکانی، گوفەك و جۆگەکانی، هەموو شارەکە بوویتە قەڵات). (هەولێر، ل٢٣).

واتە کەڵەکە بـوونی شـوێنەکان بەسـەریەکترەوە، لەشـوێنەکانی جیـاوازدا و لەهەنـدێك باردا، شارستانی بەدوای خۆیدا دێنێت و مێژوویەك تۆمار دەکات.

لەلایەکی ترەوە (قـەڵاتی هـەولێر) زادەی پاشـای زەوی و بـووکی ئاسمانـە و، (شـاری هــەولێر)یش لــە ئاهــەنگ و بــەزم و ڕەزمــی پاشــا و شــاژندا یــەك بــەهاری تەمــەنی دەستپێکردووە.

(قەڵاتەکە، لەوشەوەدا، کە پاشا لـە ئاسمانـەوە، بـووکی بـۆ دێتـە خـوارەوە دروسـت بووە. شارەکە، لەو زەماوەندەو لەو شەکراو خواردنەوەیـەدا، چـەکەرەی کـردووە، بوویتـە ئاوەدانی و شارو قەڵات)(هەولێر، ل٢٣).

هـەر لەوشەوەشـدا کـە پاشـا و شـاژن بەیەکدەگـەن و بەیـەکتر شـاد دەبـن، شـت و شـوێنەکان (لەوشـەوەدا دیوارەکـان، کەرپووچـەکان، پەنجـەرەکان و نهۆمـەکانی بنـەوە و سارداوەکان هەموویان باڵایان کردووە و گەورەبوون و قەڵاتەکـە دروسـت بـووە). (هـەولێر، ل٢٣).

واتە لە پاڵ ئەوەی ڕۆماننووس شوێنەکانی بەمرۆڤکردووە، لەهەمان کاتدا شتەکانیشی بەمرۆڤکردووە وەك: (دیوارەکان، کەرپووچەکان، پەنجەرەکان) لەشـتەوە بـەمرۆڤکراون، و خەسڵەتی زیندوویی گەشەکردنیان وەرگرتووە.

سەرەڕای ئەمانە، لە پەیکەرەکەی (ئیبنی مستەوفی)وەك شـوێنێك، (بـەبتکردن) و بـە (پێغەمبەرکردن) تێیدا بەرجەستە کراوە.

(ئیبن مستەوفی کتێبەکەی مەزنتردەبوو، پەیکەرەکەی دەگەیشتە ناو هـەور، لەهـەموو گۆشەیەکەوە دەبینرا، میللەت بەنێر و مێیەوە، ئەوە لەدوای ئـەوە کرنۆشـیان بـۆ دەبـرد و کتێبەکەیان پیرۆز دەکرد)(هەولێر، ل٢٤).

وەك لەم وێنەیە دیارە، سەرچاوەی (بەبتکردنەکە) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پەیکەرەکە لەلایەن خەڵکییەوە پەرستنی بۆ دەکرێت و کڕنووشی بۆ دەبردرێت، هـەروەها سەرچـاوەی (بە پێغەمبەرکردنەکە)شی لەوە دایە کە وەك هەر پێغەمبـەرێك خـاوەنی کتـێبی تایبـەتی و پیرۆزی خۆیەتی.

بێگومان مرۆڤ و شوێن وەك دوانەیەك وان، جیابوونـەوەی یـەکێکیان لەئـەوی دیکـەیان ئەسـتەمە و ناکرێـت. مـرۆڤ لەچـرکە سـاتی لەدایکبوونییـەوە، تـا دوا چـرکە سـاتی ژیـانی پەیوەستە بە شوێنەوە، ئەمە سەبارەت بەژیانی مرۆڤـەوە، سـەبارەت بـەمردنیش قۆنـاغی دوای ژیانی و، قۆناغی زیندوبوونەوە و ژیانەوەش ناتوانێت خۆی لە کاریگەری شوێن ڕزگـار بکات.

ڕۆمـاننووس ئـەو کاریگەرییـەی شـوێن لەسـەر مرۆڤـەوە، لـە نموونـەی هونەرمەنـدێکی گەورەی جیهانی وەك (لیۆناردۆ دافینشی) دێنێتەوە، لە قۆناغی ژیانی و لـە قۆنـاغی دوای ژیانی.

(لیۆرناردۆ دافینشی)، ئەو هونەرمەندە گەورەیەی لە ئەورووپا و لەسەردەمی ڕێنسـاس، داهێنانی زۆری کردووە، دەیانەوێت بزانن ئەو چۆن مـردووە، ڕاسـتە ئـەو مـەزارەی کـە لـە فەرەنسـا، لـە نـاو قـەڵاتی (ئامبوان)یـە گـۆڕی ڕاسـتەقینەی ئـەوە؟..... ئـەو هونەرمەنـدە ئیتاڵییـە، مەزارەکـەی کەوتووەتـە فەرەنسـا، بـەڵام! ئیتاڵییـەکان، وەك ئـەوەی ئـەو هاوڵاتییەکی ئیتاڵی بـوو بێـت، بۆیـەش خـەم لـەوە دەخـۆن، زانیـاری زۆرتـر، لەسـەر ئـەو وەرگرن). (هەولێر، ل٤٥).

گـۆڕی لیۆنـاردۆ دافینشـی، کـە گوزارشـتە لـە قۆنـاغی دوای ژیـان (مـردن)، ئـەو (هونەرمەنـد)ەی ئـەو مرۆڤـەی بەشـوێنکردووە هـەروەها مرۆڤـەکان کاتێـك لـە ژیانـدان پەیوەسـتن بـە چـەندین شـوێنەوە واتـە بـە هـۆی جووڵـە و نەسرەوتنی مـرۆڤ شـوێنەکان دەگۆڕێن و جێگیرنین، بـەڵام لـەمردنی مرۆڤەکانـدا کـە هاوکاتـە لەگـەڵ لـە جووڵەکـەوتن و سرەوتن، شوێنەکان ناگۆڕێن و جێگیرن.

ڕۆمـاننووس لـە بەشـوێنکردنی مـرۆڤ، پێوەندییـەك لـە نێـوان جەسـتە و ڕۆحـدا دەسازێنێت. ئەم پێوەندییە ئاساییە ئەگەر مرۆڤەکان لەژیاندا مابن، بەڵام ئەم پێوەندییەی نێوان جەستە و ڕۆح لە قۆناغی مردندا مانایەکی تر دەگەیەنێت، بەتایبەت خودی مرۆڤەکە داهێنەربێت، جا مەرج نییە لە هەر بوارێکدا بێت.

(تابلۆی مۆنالیزا، کە ئێستا لـە مـۆزەی لۆڤـەری پـاریس پـارێزراوە، لـە سـاڵی ٢٠٠٩دا نزیکەی هەشت ملیۆن و نیو گەشتیار سەیریان کردووە، بەڵام نازاندرێت ئەو تابلۆیە ڕاسـتە وێنەی ژنە بازرگانەکەیـە، یـان ئـەوە وێنـەی دایکـی خـۆی کـردووە. کـە بـوار درا زاناکـانی ئیتاڵی، بـە کـامێرا زۆر وردکارەکـان، بچـنە چـینەکانی ژێـرەوەی گۆڕەکـە، بـەو تیشـکانە، دەتوانن بزانن لـەناو گۆڕەکـە، کـە ئێسـك و پرووسـکی بەشـێکی مـاوە، بۆیـە زاناکـان کـار دەکەن، بەشێکی بدەنەبەر تیشکی کاربۆنی پرشنگدار) (هەولێر، ل٤٦).

ئەگەر مرۆڤی داهێنەری مردوو، وەك بوونێکی ئاسایی مرۆڤەکانی تر، بـوونی نـەما ئـەوا بوونی لەپێنت و قۆناغێکی تر دا بەدەردەکەوێتەوە. وەك ئەم نموونەی ڕۆمـاننووس، کـە بـە

(لیۆنـاردۆ دافینشـی)هێناویەتییەوە گۆڕەکـەی، دافینشـی وەك شـوێنێك دەتـوانین بڵـێین گوزارشـت لـە جەسـتەی ئـەو دەكـات لـە قۆنـاغی دوای ژیـانی و ڕۆمانەكەشـی لـە نێـو بەرهەمەكانی بە تـابلۆ و پۆرترێت و وێنەكانییـەوە بەرجەسـتە دەكـەین. واتـە (جەسـتە و ڕۆح)، شوێن و مرۆڤ (داهێنەر) بە شێوەیەكی تر بوونیان بەدیاردەكەوێتەوە.

بێگومان ئەم دۆخەش، مرۆڤەكە بە نەمری دەمێنێتەوە، شـوێن و شوێنەوارەكەشـی بـە ئاوەدانی دەمێنێتەوە.

هـەروەها ڕۆمـاننووس لەسـۆنگەی بەشـوێنكردنی مرۆڤـەوە، دیـالێكتیكی نـەمریی و مردوویی مرۆڤەكان ئاشكرا دەكات، بۆیە پێیوایە ئەگەر گیان سپاردنی مرۆڤەكان گوزارشت بێت لە مردوویی، ئەوا شوێن هۆكارێكە بۆ ئەوەی ئەو گیـان و جەسـتەیە لـەخۆی بگرێـت و گوزارشت بێت لەنەمریی.

(ئەو خۆی نەماوە، كەسی نەبووە، لەنەوەكانی كەسی نـەماوە داوای لەوانـە كـرد بێـت، دەست و هونەرێكی بۆ تەرخان بكەن، مەردانە شكۆداری بكەن، لەبـەرزترین و پایـەدارترین مەقام و سەكۆ یادگارێكی بۆ دابنێن، خۆی بەر لەمردنەكەی، داوای نەكردووە، خەڵكی ئـەو شارە مەردانە، ڕیزی بگرن و پەیكەری بۆ بكەن، ئـەوە خۆمـانین نـازانین بـۆ، خۆمـانین كـە تێناگەین بۆ مردوویێك زیندوو دەكەینەوە...) (هەولێر، ل٨٨). واتە بێكەسی مرۆڤ بەتایبەت لەدوای مردنی ، لەڕێی بەشوێنكردنی مرۆڤ خەسڵەتی ئـەوە وەردەگرێـت ئـەو مرۆڤـە ببێتـە كەسی هەموومان.

پێغەمبـــەرانیش وەك بەشـــێكی هـــەرە هەســـتیاری مرۆڤایـــەتی لـــەڕێی هونـــەری پەیكەرسازییەوە بە شوێنكراون وەك پەیكەری حەزرەتی مەسیح لە بەڕازیل و پۆلیڤیا.

(.... ئـەو نەبوویتـە پەیكەرەكـەی مەسـیح كـە بەرزاییەكـەی دەگاتـە چـل مـەتر و قورساییەكەی شەش سەد و پەنجا تۆنە، مەبەستمان پەیكـەرە بەرزەكـەی بەرازیلـە، نـەك پەیكەرەكەی پۆلیڤیا، كە بەرزاییەكی كەمێك لەویش زۆرترە، هـەردوو پەیكـەر، بەشـێواز و شێوە، بەیەكتری جیاوازن. لەسەر داوای زۆری خەڵك، لەساڵی ٢٠٠٧ پەیكەرەكەی بەرازیل، دەبێتە یەكێك لە حەوت سومبڵە سەیرەكانی دونیا). (هەولێر، ل٩٠).

دەتوانین ئەم بە شوێنكردنەی مرۆڤەكان، ناوبنێین بە شوێنكردنی پێغەمبەران، یـاخود بەشوێنكردنی پیرۆزییەكان، چونكە خودی هەموو پێغەمبـەران لەلایـەن ئوممەتەكانیانـەوە

بە پیرۆز و فریادڕەس سەیر دەکرێن. نموونەی هەرە زیندوو و زۆر نزیکین لە وڵاتی عێراقـدا شارەکانی (نەجەف) و (کەربەلا)یە، کە لەلایەن شیعەکانەوە ڕێز و پیرۆزی خۆیان هەیە. لە عەرەبستانی سعودیەشدا شارەکانی (مەککە) و(مەدینە) هەمان تایبەتمەندییان هەیە.

سەرەڕای ئەمانە ڕۆماننووس دەیەوێت بڵێت: لەڕێی بەشوێنکردنی پێغەمبـەران، یـاخود بەشوێنکردنی پیرۆزییەکان شوێن هەر لە چوارچێوەی نیشتمان و نەتەوەیەکدا ناخولێتەوە، بەڵکو شوێن لەدۆخ و بارێکی ئاوادا تایبەتمەندێتی جیهـانی وەردەگـرن، بەمـەش زۆرێـك لـە نەتەوەکان دەبن بە خاوەنی ئەم شوێنە.

ڕۆماننووس لەڕێی پیشاندانی دوو وێنـەی جیـاواز و تاڕادەیـەکیش دژیـەك، وەك وێنـەی زیندووکردنەوە و بە (بەردکردن) یاخود بە (پەیکەرکردن) بەشوێنکردنی مرۆڤی بەرجەسـتە کردووە.

(من مێژووی خۆم نووسیوە و تەواو، ئەگەرنا لەو دەمانەی منتان زیندووکردیتەوە، زۆرم دیوە تابینووسمەوە، زۆرم هەست پێکردووە ئاشکرایان بکەن، وازم لێ بهێنن، یەخـەی مـن بەربدەن، (خۆتان هاتن، منتـان کـردە بـەرد، لەکەسـتان نەپاڕابوومـەوە)، داوام پێشـکەش نەکردبوو، خۆتان هـاتن لەشـەوێکی تاریکـدا هونەرمەنـدێکتان ئاگـادارکردەوە، مـن زینـدوو بکاتەوە). (هەولێر، ل١٥٠).

ئـــەو (بەبـــەردکردن) و (بەپەیکـــەرکردن)ەش، دەبیـــنین لـــە کۆتاییـــدا هـــەر بـــە واتای(زیندووکردنـــــەوە)دەتوانین لێکیبدەینەوە،بەمـــــەرجێك ئەو(بەبـــــەرکردن)و (بەپەیکەرکردن)ە وەك شـت گـەر بەشـوێنبکرێن و گوزارشـت بـن لـەناو و ناونیشـانێك، بـە واتایـەکی تـر (بەبـەردکردن) و (پەیکـەرکردن)ی مرۆڤـەکان دانانییـان لـە شـوێنێکی دیاریکراودا،زیندووێتی مرۆڤەکە یاخود کەسایەتییەکە دەگەیەنێت، لەتەك ئەمانەشدا بۆمان هەیە بڵێین هەر ئەو بەرد و گابەردانەیـە کاتێـك لەلایـەن هونەرمەنـد و پەیکەرسـازانەوە بـە جوانی بەکاردەهێنرێن مانا و مەغزا و دەلالەتی هونەری و ستاتیکییانە بەدەستەوە دەدەن.

زۆربەی ئەو بەشوێنکردنی مرۆڤانەی، کە لە ڕۆمانەکەدا بوونیان هەیە، ئاواش لەواقیعـدا بوونیان هەیە، لەمەش زیاتر ڕۆماننووس توانیویەتی هونەری پەیکەر و بواری پەیکەرسـازی بۆ ئەم مەبەستە بەجوانی بقۆزێتەوە و لە پانتایی دەقدا ڕەنگڕێژیان بکات.

بۆ نموونە مرۆڤ، یاخود زاتێکی وەك (مامۆستا زوبێر بیلال ئیسـماعیل)، لەواقیعـدا ئـەم مرۆڤە یان ئەم کەسایەتییە بەشـوێنکراوە ئـەویش بـەهۆی بـەناو ناونیشـانکردنی بەشـێکی شەقامی چل مەتری نزیك گەڕەکی شۆڕشن چـی دەبیـنن ڕۆمـاننووس ئـەم بەشـوێنکردنەی هەڵنەبـژاردووە، بـەڵککو بـەهۆی گوتـاری ئـەدەبی و خـەیاڵی بەرزەفڕانـەی دەقێکـی وەك ڕۆمان، دیسانەوە پەنا بۆ پەیکەر و پەیکەرسازی دەبات بـۆ ئـەوەی مامۆسـتا زوبێـر بـیلال ئیسماعیل لەمرۆڤەوە بەشوێن بکات بەمەبەستی بەزیندوویێتی ڕاگرتنی. هەروەها دیاریکردن و دەستنیشانکردنی خودی شوێنی پەیکەرەکە، کـە خـۆی لەبـەرزایی ئـەو شـارە (هـەولێر) دەبینێتەوە، ئەمەش بەگریمانەیی پیشان دەدات.

(پیاوە سپییە ناسکەکە، زوبێر بیلال ئیسـماعیل، لـە تەمـەنی شێسـت ساڵیدا، زوو بـە نەخۆشی و، قەڵەمە گەوهەرەکەی مێژووی لەدەست دەکـەوێت و دەمرێـت... مێـژووی وەك چاوەکانی خۆشویستووە، بۆیەش ئەو شایانی پەیکەرێکە لەسەر بەرزایی ئەو شارە، چونکە کوردانە (زۆرتر لەبیست کتـێبی هـەبووە)، زۆرتـر لـە دوو سـەد و پـەنجا بابـەتی مێـژوویی کوردسـتانی نووسـیوە.... نـاوی بوویتـە پەیکـەرێکی سـپی، بوویتـە مەیـدانێکی ئـاوەدان، بوویتە دەروازەی قەڵاتەکە).

ئەوەی لێرەدا دەتوانین درکی پێبکەین ئەوەیە، ڕۆماننووس هەر لەهەوڵی ئـەوە دانییـە لە ڕێی (بەپەیکەرکردن) و دواتر دانانی لە بەرزایی شار مرۆڤەکە بەشوێن بکات، بەڵکو ئەوە یەکلادەکاتەوە بەرهەمە مەعریفییـەکانی هـەر مرۆڤێـك دەبنـە شـوێنێکی هونـەری جـوان و شـوێنێکی ڕوونـاك و ئـاوەدان و لەمـەش زیـاتر وەك شـوێنەوارێکی مێـژوویی وان و دەبنـە شارستانیەتی ئەو نەتەوەیە.

ڕۆماننووس بەمەبەستی بەشوێنکردنی مـرۆڤ سـوودی لـە ئەندامـە (شـوێن)ی مـرۆڤیش وەرگرتووە یاخود وردتر بڵێین توانیویەتی سیفەتە دووەمینـەکانی نێرینـە وەك (ڕیـش) بـۆ ئەم مەبەستە بەکاربێنێت. هەروەها بەشوێنکردنی مرۆڤ لە ئەمجارەیاندا جوگرافیـای وڵاتـی بەزاندووە و بەدەر لە مێژووی وڵاتیش توانیوویەتی ئەم وێنەیە بنوێنێت.

(هۆشی منە، ڕیشی وەك بارانی وڵاتەکەی ڤێتنـام، درێـژ و سـەرئاو و نـەرم و تـەڕبووە، سەیرکە ڕیشەکەی گیڤـارا، وەەك (ئـەمریکای لاتینـی دڕ و شـاخاوییە) بـۆنی دووکـەڵی لـێ

دێت. زانا ودانەری گەورەش مارکس ڕیشەکەی سامان و سـەرمایە و دارسـتانی کـارکردن و بەرهەمە). (هەولێر، ل١٨٢).

ڕۆمـاننوس ڕاسـتەوخۆ پـەنای بـۆ بەشـوێنکردنی مـرۆڤ نـەبردووە، بـەڵکو لـەڕێی ڕوونبێژییـەوە ویسـتوویەتی ئامانجەکـەی بپێکێـت، بەتایبـەت کاتێـك (ڕیشـی گیڤـارا) بـە (وڵاتانی ئەمریکای لاتینی دەچـوێنێت و، ڕووی لێچونیشـیان لـە (دڕی و ڕەقێتـی) دەخاتـە ڕوو. ئەوەی پەیوەستیش بێت بە(مارکس)ەوە ناوهێنانی ڕاستەوخۆی مـارکس و بەرهەمـە بەناوبانگەکەیەتی (سەرمایە)یە، دەبن بە دارستانی (وەك شوێن) کارکردن و بەرهەم هێنان.

قوربانیدانی مرۆڤەکان وەك چەمكێك بە درێژایی سەردەمەکانی مێژوو دووبـارە و چـەند بارە دەبنەوە، هەندێك لەمرۆڤەکان لەڕێی قوربانیدانییانەوە وەك سومبولێك دەناسـرێن بـۆ نموونە فۆتۆگرافەرێکی وەك (گادگرۆس)بۆتە سیمبولی جوانی دوو نەتەوەی جیاواز.

(ئـەدی هـەر ئـەو بەرپرسـە نـەوو، ئـەو نـەبوو، داوایـان لـێ کردبـوو (پەیکەرەکـەی گادگرۆس)، لەچوار ڕیانەکەی ئیسکاندا بنێنەوە، ناوی چوار ڕیانەکەش بەناوی ئـەو بکـەن. گـادگرۆس فۆتـۆگرافێرە گەنجـە ئەڵمانەکـە، کـە لـەڕۆژانی ڕاپـەڕین لـەناو گـڕ و ڕاپەڕینـە مەزنەکەی کەرکوك، لەگـەڵ چـەکدار و میللـەت ڕاپەڕیوەکـەی هەڵنـەهات، لـەوێ مایـەوە و شەهید بوو).

ئەگەر خودی (گـادگرۆس) وەك فۆتۆگرافـەرێك لەژیاندابمایـە، تـەنیا وەك مرۆڤێکـی، یـا هاونیشـتیمانییەکی ئـەڵمانی سـەیر دەکـرا، بـەڵام چـی وایکـرد (گـادگرۆس) لـەنێوان دوو نەتەوەدا ببێتە سومبولی جوانی و فیداکاری؟ بێگومـان لایەنـە مرۆڤییەکـەی کـە خـۆی لـە لووتکـەی قوربانیـدان دەبینێتـەوە لەلایـەك و، لەلایـەکی تریشـەوە خـودی (گـادگرۆس) بەشوێنکراوە. ڕۆماننووس گونجانێك دەسازێنێت لەنێوان (شوێن لێرەدا، کوردستان)و مرۆڤ لەوێـدا ، ئـەڵمان). هـەروەها خـودی (گـادگرۆس) وەك مـرۆڤ و فۆتۆگرافـەرێك، بەشوێنکردنەکەی دوو لایەنەیە.

لە کەڕەتێکدا ئـەو پەیکـەرەی بـۆ ئـەو سـازکراوە لەشـەقامی شەسـتی نزیـك گـەڕەکی ئیسکان لە هەولێر، کـە خـۆی لەخۆیدا ئەمـە گوزارشـتە لـە (شـوێن)، لـە کـەڕەتێکی تـردا ناونانی چوار ڕییانەکە بەناوی (گادگرۆس)وە ئەمە ئەوەندەیتری مرۆڤەکەی بەشوێنکردووە بێگومان ئەم بازدانەش لەدەقدا، توانا و هێز و بڕستی ڕۆماننووس پیشان دەدات.

ڕۆماننووس هەر بە ئەوەندە ناوەستێت پەیکەرێك بۆ مامۆستا زوبێر بیلال ئیسماعیل سازبکرێت و لە شوێنێك دابنرێت بەزیندوویی ڕابگیرێت، بەڵکو پێیوایە شان و شکۆ و شایستەیی و شانازی (مامۆستا زوبێر بیلال ئیسماعیل) هێندە سەنگینە، بۆیە سروشتیش ئامادەیە باوەشی بۆ بکاتەوە و بەزیندوویی بیهێڵێتەوە.

(ئەو ڕاپۆرتە دوور و درێژەکەی، لەسەر مێژوونووس و مامۆستا زوبێر بیلال ئیسماعیل گەیشتبووە دەست، لەوێ تێدەگات، ئەو پیاوە سپییە، بەخاوێنی لەگەڵ نووسینەوەی مێژووی ئەو شارە، ئاوێتە ببوو. ئەو ئاکاری ئەو دەدۆزێتەوە، دەست و پەنجەرە و بەژن و باڵا و قاتە جوانەکەی بەری دەناسێت. بۆ ئەو کارە و ئەو شاکارە، بەردیش لەو کێوەی بەرامبەریان زۆرە، بەردەکانیش شانازیینە بەژن و دەست و مەچەك و شانوشەوکەتی ئەو. بەهیمەتی هەمووان، مامۆستا زوبێر بیلال ئیسماعیل دروست دەبێتەوە و دەگاتەوە سەر قەڵات) (هەولێر، ل٨٧).

کێو و بەردەکان وەك دوو دیاردەی سروشتی (شوێن ، شت) ڕۆڵیان دەبێت بۆ ئەوەی جەستە و گیانی مرۆڤەکان بەزیندوویی ڕابگرن، دوور لە بەریەکچوون و خراپبوون و ڕزانەوە. ئەم بە شوێکردنەی (مامۆستا زوبێر بیلال ئیسماعیل) هەر لەوەوە سەرچاوەی نەگرتووە، کە کێوێك ئامادەیە بەژن و باڵا لەخۆی بگرێت، بەڵکو بەکارهێنانی وەك (دروست دەبێتەوە) گوزارشتە لەدروستبوونی شوێنێك، یاخود شتێك.

هەر سیحری زمانی دەقە لە هەندێك وێنەدا هیچ مانایەك بۆ سەردەمەکانی بەرایی بەر لەمێژوو و سەردەمی ئێستاماندا ناهێڵێتەوە و مرۆڤەکانی بەر لەمێژوو لە مرۆڤەکانی ئێستادا دەچن و مرۆڤەکانی ئێستا لە مرۆڤەکانی بەر لەمێژوو دەچن.

پیاوێکی (پەنجە قەڵەم)، چاوو دەنوکی هەڵۆ و دەم، کانییەکی هەورەمانی تەخت)، (هەولێر، ل٢٠٧).

خودی ئەو مرۆڤە (پیاوە)، هەر بەشێك لە ئەندامەکانی جەستەی گوزارشت لە شتێك، پیاوی پەنجە قەڵەم (قەڵەم) گوزارشتە لە شت (بەشتکردنی مرۆڤ، پیاوی چاوو دەنووك هەڵۆ (چاوو دەنووك، بەتایبەتی دەنووکەکە) گوزارشتە لە باڵندە و باڵدار (بەباڵدار کردنی مرۆڤ، پیاوی دەم کانییەکی هەورەمانی (کانی و هەورامان) گوزارشتن لە شوێن (بەشوێنکردنی مرۆڤ)، واتە ڕۆماننووس هەموو ئەم مەبەستانەی بەچەند دێڕێك، یاخود

کۆمەڵـە وشـەیەك دەربڕیـوە و مـرۆڤێکیش (پیـاو) وێنـەی بـەم چەشـنە بـێ، دەبێـت لـە ئەفسانەی گەلان بۆی بگـەڕێین، یـا لـە ڕۆمـانێکی ئەندێشـە و فـەنتازیا ئـامێز بـە چـنگمان بکەوێت. هەر بۆیەش کە لە پێشتردا ئاماژەمان پێدا زمان لە هەندێك وێنەی ئەدەبییدا، هیچ جیاوازیەکی لە نێوان سەردەمەکان و مرۆڤەکاندا نەهێشتۆتەوە.

هادی چاوشلی وەك کەسایەتییەکی دیاری شاری هەولێر، لەڕێی ئەوەی خانوویـەکی لـە قەڵات بەناو دەکرێت بەشوێنکراوە.

(لەوێ و لەو قەڵاتـە نـۆژەنکراوەدا ئـەو خانووێـك، بـەناو هـادی چاوشـلی دەکـات، ئـەو پیاوەی لەو ماوەیەی لەساڵی ١٩٥٨ سەرۆك شارەوانی هەولێر بووە. (هەولێر، ل٢٠٧).

قەڵات وەك شوێنێکی کراوە و ، خانووش وەك شوێنێکی داخراو ئەو مرۆڤە لەخۆ دەگرن هەر خودی (هادی چاوشلی) وەك مرۆڤێك دەبینین لەشاری هەولێر شـەقامێکی بـەناوکراوە، بەڵام ڕۆماننووس ئەم وێنە واقیعییەی بۆ نێو دەق نەگواستۆتەوە.

سـولتان موزەفــەر وەك مرۆڤێــك و کەســایەتی و ســەرکردەیەکی ئــایینی بــەهۆی مەزارەکەیەوە بە شوێنکراوە، لەسۆنگەی بە شوێنکردنی ئەم مرۆڤەوە شوێنەکەش بەپیرۆز کراوە، ئەم پیرۆزییەش لەمەوە سەرچاوەی گرتووە، کە سولتان موزەفـەر یەکـەمین کـەس بووە لەشاری هەولێر بـە مەبەسـتی سـازدانی خوێندنـەوەی مـەولودی پێغەمبـەری ئیسـلام (د.خ) کۆڕوکۆبوونەوەی بەستووە، واتە ئایین و ئایینزاکان ڕۆڵێکی کارایان لە بەپیرۆزکردنی شوێنەکان و مانەوە و پاراستنیاندا هەیە.

(....ئەو پیاوەی بویتە بەردێکی سپی، ڕەنگە بیریش لەوە بکاتەوە، مەزارەکەشی وەك مەزاری سوڵتان موزەفەری بوایە، تا ڕۆژانە چەندین دڵـی شـکاو و جـەرگی زامـدار و چـاوی گریاو خەونی تۆرا و قاچی شکاو و دەستی بڕوا و بسکی گەچـڕاو و ژنـی شـێواو بـۆ مـراز و سڕینەوەی ئەسرین، سەریان بەکێلەکەی کردبووایە). هەولێر، ل١٨٩.

ئەو مرۆڤانەی سـەردانی دەکـەن بـەپیرۆزی سـەیری شـوێنەکە دەکـەن و چارەسـەرییە ڕۆحـی و دەروونییـەکان لـەم شـوێنەوە وەردەگـرن. لەمـەوە بۆمـان دەردەکـەوێت شـوێن پێوەندییەکی پتەوی بەلایەنی ڕۆحی و دەروونی مرۆڤەکانەوە هەیە، دەشێت شوێنێك ببێتە مایەی خاتر جەمی ڕۆحی و دەروونی مرۆڤەکانەوە، دەشێت ڕێك بە پێچەوانەی ئەمەشـەوە ڕاست بێت.

مەسـتورەی ئـەردەلان وەك شـاعیر و ڕۆشـنبیرێك لەسـەردەمێكی تـری مێـژوودا خـۆی بەدیاردەخات، ئەویش لەڕێی ئەو پەیکەرەی، کە لە پارکە گەورەکەی شـار بـۆی سـازکراوە واتە شوێنێکی گەورە بە ئەندازەی پارکێك، شوێنێکی دیاریکراو لەخۆی دەگرێت ئەو شوێنە دیاریکراوەش ڕۆحی و جەستەی ژنێك لەخۆی دەگرێت.

(کوڕەکـە ڕووی دەسـوورێنێت، ڕووی لەئاراسـتەی دوورەکـەی پارکـە گەورەکـەی شـاردەکات و دەڵێـت لـەو پارکـەدا، ئـەو سـەوزاییەی لـە دووسـەرەوە دیـارە، لـەوێ ئـەو ژنەدانیشتووە، لەوێ شەدە و مورووەکانی بەرقژ و خەناوکەی، لەگـەڵ دیمـە بەجۆشـەکانی پارکەکە سەما و ناز دەفرۆشێت، من لەوێ ئازادانـە، دەتـوانم ئـەودا بیـەیڤم، بـە جەسـتەی ژنێك نزیك ببمەوە، ژنێك لەمن دوور نەکەوێتەوە، با بەردیش بێت، با ساردیش بێـت، لـەوێ مەستوورە هاوڕێی منە زۆریش سەردانی دەکەم). (هەولێر، ل٩٣، ٩٤).

لەم نموونەیـەدا جـوانی و جوانکارییـەکانی مرۆڤێکـی جـوان، ئاوێتـەی جـۆش و جـوانی شوێنێکی جوان بووە.

## ٢-٢ : بەمرۆڤکردنی شوێن لەڕۆمانی ( هەولێر ) دا

پەیکەری ئیبن مستەوفی لەسەر قەڵاتی هەولێر، گوزارشتکردنە لەشوێن و، ڕۆماننوسیش بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا کردووە، بەڵام دواتر دەبینین ئەم شوێنە بەمرۆڤکراوە (پەیکەرێکی سپی باڵابەرزی چوارشانەیە و بەتوندی جێگیربوو، .... پەلەمەکەن و مەپرسن، زوو لەناوەکەی... تکایە مەڵێن: — کێیە ئەو کەسە....) (هەولێر، ل٥ — ٦).

ڕۆماننووس لەوەسفی ئەو پەیکەرەدا، ئاوەڵناوی سپی و باڵابەرزی و چوارشانەیی خستۆتەدڵ پەیکەرەکە لەکاتێکدا ئەم ئاوەڵناوانە زیاتر بۆ مرۆڤ بەکاردێن.

هەروەها ڕۆماننووس لەڕێی بەکارهێنانی مرۆفیمی (کێ)ی پرس کە بۆ مرۆڤە بەکاردێت هێندەیتر ئەم پەیکەرەی لەشوێنەوە دوور خستۆتەوە و لەبازنەی مرۆڤی داناوە.

ڕۆماننووس ئاشکرای دەکات لەو ڕۆژەوەی کە پەیکەرەکە دانراوە و لەقەڵات شوێنێکی بۆ دیاریکراوە، بۆتە پاسەوانی دەرگای قەڵاتەکە و، چاوساغی قەڵات و شارەکە.

پەیکەرەکە دانرا و لەو ڕۆژەوە بووە، بەپاسەوانی دەرگاکە، بووە بە چاوی خەڵکەکە، بووە بە (وێنەی گەورەی سەرناسنامەی شارەکە)، پەیکەرەکە کراوە بە مۆری شارە گەورەکە...) (هەولێر، ل٧).

دەبینین ڕۆماننووس هەر بەمە نەوەستاوە کە شوێنەکە (پەیکەرەکە) بەمرۆڤ بکات، بەڵکو توانیوویەتی بەشوێنەکە (بەشت بکات) و ، شتەکانیش ڕاستەوخۆ پەیوەستن بەمرۆڤەوە وەك: وێنەی سەرناسنامە و مۆر (مۆرهەڵکەندن).

بەژن و باڵای پەیکەرەکە و بەژن و باڵای ژنێك و بەراوردکردنیان لەلایەن ڕۆماننووسەوە و کردنی کاری چاکە و باشە لەلایەن پەیکەرەکەوە، یەکسانکردنی پەیکەرەکەیە (شوێنەکەیە) بەمرۆڤ.

(ئەو دووبارە سەیرێکی ژنەکە، بەژنی پەیکەرەکە، بەژنی هەردووکیان دەکاتەوە) ئینجا دەڵێت:

دەبوایە ئەو چاکەیەکی لەگەڵ ئێمە، لەگەڵ ئەو ژنە شەیدایەی بەر پەنجەرە و ئاوێنەکە، لەگەڵ هەموو خەڵکی ئەو شارە، لەگەڵ ئەو ملاتە کردببوایە ! بەڵام ئەوەی نەکردووە، دەبوایە ئەوەی بکردبووایە !) (هەولێر، ل٨ — ٩).

ئەگـەر لـەڕووی کاتـەوە لـەم نموونەیـە بـڕوانین، شـوێنەکە گوزارشـتە لـە ڕانـەبردوو و هێشــتنەوەیەتی، لەوکاتــەدا کەچــی مرۆڤەکــە گوزارشــتە لــە ڕابــردوو و کاڵبوونــەوەی شوێنەوارەکەیەتی.

خودی ڕۆح و لایەنی ڕۆحییەتی مرۆڤەکان، یەکێکە لـەو تایبەتمەندییـە هـەرە دیارانـەی کە ڕوحلەبەرێکی مرۆڤ وەك مرۆڤ لە ڕۆحلەبـەرەکانی تـر جیادەکاتـەوە، بۆیـە ڕۆح بنـەمای ژیانی مرۆڤەکانە.

لەم ڕوانینەوە ڕۆماننووس، ڕۆح و ژیان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، (هاتووم لەڕۆحی ئـەو پەیکەرە بپرسم، ئـەو بـۆ ئـەو چیرۆکەی نەنووسـیوە، بەڕاسـتی ئەوەیـە ژیـان)، (هـەولێر، ل٢٤).

وێنەی ئەو پەیکـەرە وەك شـوێنێك لەسـەر قـەڵاتی هـەولێر، دەتـوانین لەجەسـتەیەکی بچوێنین بەڵام جەسـتە بـێ ڕۆح چ مانایـەکی دەبێـت، بۆیـە دواندنی ڕۆحـی ئـەو پەیکـەرە خەسڵەتی بەمرۆڤکردنی بەم شوێنە بەخشیوە.

ڕۆماننووس توانیویەتی لەڕێی وێنەی شیعرییەوە بـەمرۆڤکردنی شـوێنەکان بەرجەسـتە بکات (لەجیاتی قەڵاتی گوولە تۆپ، و کونەتیر و جبەخانەی چەك و گەڕەکی تۆپخانە، ناوی دەبووە قەڵاتی عیشق، سەر بردەکەی دەبووە چیرۆکی یەکەم قەڵاتی عیشق لەو خۆرهەڵاتە بەرینە.... ئێستا قەڵاتە کۆنەکە دەستە خوشکی دەبـوو، یـەك دوو و زۆرتـریش دەبـوون). (هەولێر، ل٢٥).

ئەم وێنە شـیعرییە و چـەندین وێنـەی تـری شـیعری کـە لەڕۆمانەکـەدا بوونیـان هەیـە، وایکـردووە شـیعرییەتی دەق لـە بەرهەمەکـەدا ڕەنگبداتـەوە، ئەمـەش لەلایـەك بـۆ لایـەنی ستاتیکی دەق و، لەلایەکی تر وایکردووە وشە و دەربڕینەکان ئەرکداربن.

عەشقی مرۆڤەکان لەهەر شوێنێك ڕەنگبداتـەوە، ئـەو عەشـقە لـە توانایدایـە هـەموو گوللە تۆپ و تیر و چەك و جبەخانە و تۆپخانـەکان ڕابماڵێـت، سـیفەتی عیشـقی مرۆڤـەکان زێـدەبوون و زۆربـوونی هەیـە، کەچـی شـوێنەکانی وەك جبەخانــە و تۆپخانــە سـیفەتی کەمبوونەوە و پووکانەوە و مردنیان هەیە.

بە مرۆڤبوونی شوێن، هەر لەچوارچێوەی شوێنێك نەماوەتەوە، بەڵکو هـەنگاوێناوە بـۆ بەمرۆڤبوونی شوێنێك زیاتر (شوێنەکان) ئەم شوێنانەش کە بەمرۆڤکراون بریتین لـە چـیا و شار.

(ئاویەر و شارەکە دڵی یەکتریان دەدایەوە ئەو دەگریا ئەوی تریان نەوایی دەکرد، ئـەو دڵی دەبووە بەرد و کەڤرێکی چەقیوو، ئەوی تریـان دەبـووە سـۆلاڤ و نـەرمی دەکـرد، ئـەو برسی دەبوو، ئـەوی تریـان گۆشـتی نـەرمی بـۆ دەکـردە کـەباب و سـوور هەڵدەگـەڕا، مـن لەوێیەوە قسەم لەگەڵ شارداکرد، بەشارم وت، بە سمیڵە گەورەکانی شـارم ڕاگەیانـد، وەك دووکەڵی زەردی جگەرە، بەڕەشییەکەیان وەنووسام). (هەولێر، ل١٣٥).

وەك چۆن بەشێك لەمرۆڤەکان یەکتر تەواو و جوانتر دەکەن، ئاواش شوێنەکان بەهەمان شێوە لەهەمان کاتیشدا مرۆڤەکان و شوێنەکان دەبن بە تەواوکار و ڕێککاری یـەکتر ئەگـەر لە هەندێك لایەنیش مرۆڤـەکان و شـوێنەکان لەهەنـدێك لایـەنی تـردا لەیـەکتر دەچـن. واتـە دەشێت جێگۆڕکێیەك هەبێت لـەنێوان سـیفەت و خەسـڵەتی مرۆڤـەکان و شـوێنەکان پـۆلی باڵندەکان وەك بەشێك سـەر بـەجیهانی ڕۆحلەبـەران، ئـەوانیش وەك مرۆڤـەکان شـوێنەکان دەبنـە ئامانجییـان و پێویسـتییەکی هـەرە دیاریـان لـەم ڕوانگەیـەوە دەتـوانین بلـێین لـە وێنەیەکی ئاوادا لەجیاتی بەمرۆڤکردنی شـوێن بـە ڕۆحلەبـەرکردنی شـوێن، یـاخود ڕاسـتتر بلێین بە باڵندەکردنی شوێن ڕەنگیداوەتەوە. وەك هێلانە گەورەکەی حاجی لەقلەق لەسـەر منارەکەی مزگەوتی خانەقای ناو بازاڕی شاری هەولێر.

(پازدە ساڵە ئینی مستەوفی، کە جاروبار (حاجی لەقلەق)ەکەی سەر منارەکەی خانەقا میوانی دەبوو، لەوەتی ئەو لەوێ نەماوە، کە لەڕۆژێکی ڕەشـی شـەرمەزارییەکانی شـارەکە کوژرا، پەیکەرەکەش مات و مەلوومە). (هەولێر، ل١٣٩).

ئاشــکرایە ئــەم وێنەیــەی بــە باڵنــدەکردنی شــوێن لەلایــەن ڕۆماننووســەوە بەرجەستەنەکراوە، بەڵام هێندە هەیە کە بلێین ڕۆماننووس وێنەکەی بۆ وەرگر گواستۆتەوە و، دەیەوێت پێمان بلێـت هـەر (شـوێن) لەلایـەن مرۆڤەکانـەوە ئـاوەدان ناکرێتـەوە، بـەڵکو ڕۆحلەبـەرانی تـریش لـەتوانایان دایـە شـوێنەکان بنیـات بنـێن و ئاوەدانییـان بکەنـەوە، لەکاتێکیشدا هەندێك مرۆڤ کە ئەشقیایی بۆتە بەشێك لە ژیانیان چاویان بە ئاوەدانی شوێنی ڕۆحلەبەرانی تر هەڵنایەت و، بۆ حەز و ئارەزوویەکی گڵاویان ئامادەن کوێر و وێرانی بکەن.

هەروەها ڕۆماننووس لەپاڵ ئەمانەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە ناشرینییەکانی شەڕ هەمیشە لە بۆسەدان، بۆ ئەوەی جوانییەکانی ئاشتی و تەبایی بپێکن، و شوێنەوار، جوانەکان کارلێبکەنەوە و لەکەدار یان بکەن. وەك تیرۆرکردنی (حاجی لەقلەق)ەکەی شاری هەولێر.

لە ئەندێشەیەکی مانا ئامێزدا پەیکەرەکەی ئیبنی مستەوفی لەسەر قەڵاتی هەولێر بە مرۆڤکراوە و، ئەم بەمرۆڤکردنی شوێنەش ململانێی تەمەنی نێوان مرۆڤەکان و شوێنەکان دەبینرێن.

(ئیبنی مستەوفی کتێبەکەی سەرکۆشی دادەخات، بەمەش جوان ناوەکەی لەسەر بەرگەکەی دەردەکەوێت، کتێبەکە لە پەنایەك دادەنێت، بەبێ ئەوەی دەستێك بداتە بەرخۆی، یان دار شەقێك هەڵبگرێت، یان کەمەی گۆپاڵێك بەرزی بکاتەوە). (هەولێر، ١٤٧).

واتە ئەگەر مرۆڤەکان تەمەنی گەنجی و هێز و بڕستیان زوو لەدەست بدەن و بە ئاسانی بەرەو پیرییەوە بچن، ئەوا شوێنەکان لەتوانایاندایە زۆرترین کات لە تەمەنی گەنجییدا بمێننەوە، ڕووبەڕووی پیری ببنەوە و لەسەر هێز و بڕستی خۆیان بوەستن، با بچنە نێو تەمەنیشەوە هەر بەبەرزی و بڵندی و ڕێکی دەمێننەوە.

یەکێك لەتواناکانی (شێرزاد هەینی) وەك ڕۆماننووسێك، لە ڕۆمانی (هەولێر)دا ڕەنگیداوەتەوە، ئەوەیە، کە هەولێداوە لەپەرەگرافێکدا هەم (بەمرۆڤکردنی شوێن) و هەم (بەشوێن کردنی مرۆڤ) لەدەقدا ڕەنگڕێژ بکات.

(ئەو سەفەرەش بکە و دوو دڵ مەبە، تۆ چوویتە بەر ئیڤڵ، لەبن تاوەرەکەی سەرسامی نەخشە و ئەندازەکەی بوویت، زۆر سەیری ئەو هەموو بورغی و پارچە ئاستەکانت کرد، کە چۆن بویتە چاوی ڕووناکی پاریس، وەك ڤیکتۆر هۆگۆ و جان جاك ڕۆسۆ بیوتە چاوو نیگای هەر چوار بەشی شارەکە). (هەولێر، ل١٨٥).

بۆ نموونە چی وایکردووە (ئیڤڵ) ببێتە چاوی ڕووناکی شارێکی گەورە و پایتەختێکی ڕۆشنبیری وەك پاریس؟ یاخود چی وایکردووە ئەدیب و ڕۆناکبیری وەك ڤیکتۆر هۆگۆ و جان جاك ڕۆسو وەك (مرۆڤێك) ببێتە مایەی بینایی هەر چواربەشی شارەکە (شوێنەکە)؟ لەوەڵامدا دەڵێین بێگومان چاودێری و بیرێژی مرۆڤەکانە، ئاوەدانی و شارستانێتی بەدوای

خۆیدا دێنێت نەك دەبێت ڕووەگەی مرۆڤـەکانی ئـەو شـوێنە بـەدیاریکراوی، بـەڵکو دەبێتـە مرۆڤی هەموو شوێنەکانی دیکە.

لە هەرکاتێکدا کـە شـەڕەکان دەسـت پێدەکـەن هـەر گیـان و جسـتەی مرۆڤـەکان دووچاری ئازار و تێکشکاوی نابنەوە، بـەڵکو (شـوێن)ەکانیش وەك جەسـتەیەکی مانـدوو و شەکەت بەدەرنین لەم ئازار و تێکشکاوی و کاوڵکارییە.

(ئەو پرۆژەیەی لەکاتی شەڕی ناوخۆدا جێبەجێ کرا، بە داخەوە پەیکەرەکـە لەشـەڕی ناوخۆدا فیشەك بەردەم و لوتی کەوتبوو، من نـازانم کـێ چـاکی کردۆتـەوە..... لـوتی ئـەو پەیکەرە، وەك ئەوە وانییە، کە من دروسـتم کردبـوو، بۆیـە چـاککردنەوەکەم بـەدڵم نییـە) (هەولێر، ل١٨٧).

ڕۆماننووس لەپاڵ بەمرۆڤکردنی شوێندا، پەنای بۆ بە بتکردنی شوێنیش بـردووە، ئـەو بەبتکردنەش هەر لەمرۆڤبوونەوەکەوە سەرچاوەی گرتووە (من داوا دەکەم، ئەو پەیکەرەی ئیبن مستەوفی، لەبەردەم قەڵات، لەبەرچاوی میللەت، لەناو دڵی شارەکە هەڵبگرن، جەناب، ئەو بتە نیشانەی کولتووری بێگانەیە، هاتن و دانانی هزری بێگانەیە، من گیانم بەو پەیکەرە دەکوشرێت، کە ڕۆژانە ڕووبەڕووم دەبێتەوە و شوێنەکەشی ئەوەندە بەرچاوە ناکرێ خۆتی لێ بشاریتەوە !).

ئـەم بـەبتکردنی شـوێنە، ڕاسـتەوخۆ لـەزاری ڕۆماننووسـەوە نـابینین، بـەڵکو لـەڕێی کارەکتەرێکەوە گوێمان لێی دەبێـت. سەرچـاوەی ئـەو بـەبتکردنی شـوێنەش ئەوەیـە وەك چـۆن مرۆڤـە هونەرمەنـد و نووسـەر و ئـەدیبان لـەپاڵ کولتـوور و داب و نـەریت و کۆمـەڵ، لەلایەن کۆمەڵێك کەسانەوە هەوڵی ناشـرینکردنیان دەدرێـت و ، بـەمرۆڤی بێگیـان لەلایـەن ئەمانەوە لەقەڵەم دەدرێت و بەبڕیاری پێشـوەختە دەبنـە نـەیاریان، شـوێنەکانیش هـەمان چارەنووسی مرۆڤەکانیان دەبێت و لێرە و لـەوێ لەلایـەن هەنـدێك کـەس و دەسـتە و تـاقم ڕەتدەکرێنـەوە، بۆیـە بـەلای ئەمانـە ئـەم شـوێنانە، ئـەم شـوێنەوارانە مایـەی بێـزاری و دڵگوشینن، بەڕادەیەك لێیان بۆتە گرێیەکی دەروونی ناتوانن خۆیانی لەڕێی ئـەم وێنەیـەوە ڕۆماننووس ڕچان و چەق بەستویی کۆمەڵ جاڕ دەدات.

ڕۆماننووس بۆ مرۆڤکردنـی قـەڵاتی هـەولێر سیفەتی ئازایـەتی و بـوێری و گـەڕناسـی و دوژمن بەزێنی داوەتە پاڵی و خودی قەڵاتیش دەبێتە سومبوڵی سەرکەوتن لەوشارەدا.

پەیکەری ئەو کەسەی هێشتا سوپای تەتەرەکە لەشار دوور بوون، هێشتا تۆزیان دیارنەبوو، کە ئەو چەند نامەی بۆ والی موسڵ نووسیووە، بۆ ئەوەی بەهانای بێت کاروانێکی بۆ بنرێت، لەو قەڵاتە دەربازی بکات. ئەدی ناڵێن قەڵاتەکە هۆلاکۆی بەزاندووە، خەڵکەکە خۆڕاگر بووینە، تۆ بۆ بارتکرد، کە سەردەمانێك خۆت و باوکت وەزیری گەنجینەکان و باجگربوونی ئەو شارەبوون). (هەولێر، ٢٠٥).

قەڵاتی هەولێر لەم پەڕەگرافەدا هەم وەك شوێن و ، هەم وەك مرۆڤیش بەکارهاتووە، بۆیە دەتوانین بڵێین قەڵات چ وەك شوێن و چ وەك مرۆڤ بۆتە داکۆکیکار لەهێزی چاکە و ، پشتکردن لەخراپە. هەروەها ئەگەر ووردبینەوە هەست بەوە دەکەین قەڵات لەتەك بەمرۆڤکردنی بۆتە پاڵەوانێکی ئەرێنی لەهەمبەر پاڵەوانێکی نەرێنی وەك (هۆلاکۆ) و تێکشکاندنی و ڕاوە دوونانی لەشکرەکەی.

ئاشکرایە ململانێی نێوان مرۆڤەکان هەر لە نێو خۆیاندا نەماوە، بەڵکو شوێنیش وەك لایەنێك خۆی خزاندۆتە نێو ململانێی مرۆڤەکانەوە، تا ئێرە بەڕادەیەك ئاساییە، بەڵام لەڕۆمانی (هەولێر)ی شێرزاد هەینییدا وێنە و ململانێی ترمان بەرچاو دەکەوێت.

(کە ئەو پەیکەرە دانرا، هێشتا (حاجی لەقلەق)ەکەی سەر منارەی مزگەوتە کۆنەکە مابوو، ئەو دڵی بەوە توند بوو، کەوا پەیکەرەکە لەو بەرزترە، بۆیەش لەخەفەتاو بۆ خۆکوشتن، شەڕی بەچەکدارەکە دەفرۆشێت، ئەویش بەدەستی تیژێك دەیکوژێت، ئەو بێچوو و باڵ و هێلەکەی بەرهەمی هەبوو، ئینجا ڕیزیان نەگرت و دواییش خوێنیان ڕشت). (هەولێر، ل٢١٢).

ململانێی مرۆڤەکان گواستراوەتەوە، بۆ ململانێی نێو شوێنەکان، شوێنێك خۆی بە جوان و شایستە و چاکتر دەزانێت لەشوێنێکی تر مرۆڤیش لەنێو ململانێی شوێنەکان نابێتە ناوبژیکەر خۆی بەدوور ناگرێت و بەشێوەیەکی ناشیرین و دوور لەڕەفتاری ڕاستەقینەی خۆیان بەشدار دەبن و ، تا شوێنەکە کاوڵ نەکەن و نەسڕێتەوە وازی لێناهێنن، دەشێت بڵێین ململانێی نێوان شوێنەکانیش وەك پەرچەکردارێك وابێت لەهەمبەر هەڵسوکەوتی نامرۆڤانەی هەندێك لە مرۆڤەکان هەروەها باڵداریش لە شوێنێکی دیاریکراودا پشکی خۆی لەم چەشنە ململانێیانەدا.

## ئەنجام:

ڕۆماننووسی سەرکەوتوو، تەنها مامەڵە لەگەڵ مرۆڤدا ناکات وەک بوونەوەرێک کە کاریگەری نەبێت بەسەر شوێن و شتەکانی دەوروپشتی، بەڵکو بەشێوەیەکی دروست وێنەی مرۆڤ دەکێشێت و وێنای دەکات و پێوەندی هەموو ئەو شتانەی، کە لەدەوروبەری مرۆڤدان پیشان دەدات، بێئەوەی گوێ بە ئەوە بدات ئەو شتانەی کە لە دەوروبەری مرۆڤن زیندوو یاخود نازیندوون.

ڕۆماننووس لە ڕێی بە شوێنکردنی مرۆڤ و بەمرۆڤکردنی شوێن ئامانجییەتی خەسڵەت و تایبەتمەندییە جوانەکانی مرۆڤ بەشوێن ببەخشێت و هی شوێنیش بەمرۆڤ، بەمەش بە ئەنجامێک دەگەین کە مرۆڤ و شوێن بەیەکترەوە لکاون، چۆن مرۆڤ ڕۆڵی هەیە لە بونیادنانی شوێن، ئاواش شوێن ڕۆڵی هەیە لە بونیادنانی کەسایەتی مرۆڤدا.

بەمرۆڤبوونی شوێن، هەر لەچوارچێوەی شوێنێکدا نەماوەتەوە، بەڵکو هەنگاویناوە بۆ بە مرۆڤبوونی شوێنێک یان زیاتر، ئەم شوێنانەش کە بەمرۆڤکراون بریتین لە چیا و شارو حاجی لەقلەق هەروەها پەنای بۆ بە بتکردنی شوێنیش بردووە، ئەو بەبتکردنەش هەر لەمرۆڤبوونەوەکەوە سەرچاوەی گرتووە ن بۆ مەبەستێکی هونەریی و جوانناسیی.

ململانێی نێوان مرۆڤەکان هەر لە نێو خۆیاندا نەماوە، بەڵکو شوێنیش وەک لایەنێک خۆی خزاندۆتە نێو ململانێی مرۆڤەکانەوە، تا ئێرە بەڕادەیەک ئاساییە، بەڵام لەڕۆمانی (هەولێر)ی (شێرزاد هەینی)دا وێنە و ململانێی تر بەرچاومان دەکەوێت،وەکو

یەکێک لەتواناکانی (شێرزاد هەینی) وەک ڕۆماننووسێک، لە ڕۆمانی (هەولێر)دا ڕەنگیداوەتەوە، ئەوەیە، کە هەوڵیداوە لەپەرەگرافێکدا هەم (بەمرۆڤکردنی شوێن) و هەم (بەشوێن کردنی مرۆڤ) لەدەقدا پێکەوە ڕەنگرێژ بکات.

## پەراوێزەكان:

(١) مێژووی مرۆڤایەتی، ئەرنۆڵد توینبی، و: دڵشاد مستەفا وەسانی، چ٢،ل٤٢.

(٢) (كیوكەگۆر، نیچە، سارتەر)، پۆڵ ستراتێرن، و: ئازاد بەرزنجی، ل٢٣٢.

(٣) میتافیزیك چی یە؟ مارتین هایدیگەر، و: د.حەمید عەزیز،ل٣٧.

(٤) ئیمان و جەنگاوەرانی، بەختیار عەلی،ل١١٠.

(٥) زمان گەر دەلوول خەونی شنەبا، فەرهاد شاكەلی، ل٣٥١.

(٦) سروشتی مەعریفە و فەلسەفەی مێژوو، پ.د. موحسین محەمەد حوسێن، ل١٨٠.

(٧) چیرۆكی ئادەمیزاد، جۆرج حەنا، و: ڕەوف زوهدی، ل٤١٢.

(٨) روايات عبدالرحمن منيف أشكالها و دلالتها، محمد رشيد پابت، ص١٠٠.

(٩) البگل الملحمی ڤی روايات عبدالرحمن منيف، د.احمد جاسم، ص٤٥.

(١٠) الروايه العربيه (النشأه والتحول)، د.محسن الموسوی، ص٣١٥.

(١١) عبقريه الصوره والمكان (التعبير، التأويل، النقد)، گاهر عبدالمسلم، ص١٦.

(١٢) علم الجمال، د.نايف بلوز، ص٨١.

(١٣) نقد الروايه من وجهه نڤر الدراسات اللغويه د. نبيله إبراهيم سالم،ص٥١.

(١٤) ٣ لێكۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیكاری لەبارەی ڕۆمانی كوردییەوە، د.نەجم ئەڵوەنی، ل١٢٢ — ١٢٣.

(١٥) الفچاو الروائی عند جبران ابراهيم جبران، د.ابراهيم مندا‌وی، ص٢٥.

(١٦) جماليات المكان، جاستون باشلار، ترجمه غالب هلسا، دار الجاحڤ للنشر، بغداد، ١٩٨٠، ص١٠٥.

(١٧) بینای شوێن لەدوو نموونەی ڕۆمانی كوردیدا (هێلانە، ئەژدیها)، تانیا ئەسعەد محەمەد صالح، تێزی دكتۆرا ، ٢٠٠٦، ل١.

(١٨) نووسینەكانم لەبواری ڕەخنە و لێكۆڵینەوەدا، حسێن عارف، ل٢٧١.

(١٩) بەرە و ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاكان، عەبدوڵڵا سەراج، ل١٣.

(٢٠) أشكال الزمان و المكان ڤی الروايه، ميخائيل باختين، ت: يوسف حلاق، ص١١٩ — ١٢٠.

(٢١) بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری كوردیدا (١٩٧٠ — ١٩٩١)، د.سەردار ئەحمەد گەردی،ل١٣٧.

(٢٢) التركيب اللغوى للٓدب، د.لگفى عبدالبديع، ص٢٢.

(٢٣) چەمك و ئیستاتیكای شوێن لەئەدەبدا، سەباح ئیسماعیل، ل٢١.

(٢٤) التگور الفنى لشكل القصه فى الٓدب الشامى الحديپ، د.نجيم الباقى،ص١٩٣.

(٢٥) متعه الروايه، الدكتور أحمد زياد محبك،ص٣١.

(٢٦) بنيه المكان فى روايتى الجحيم المقدس و هيلانه، سالار تاوكوزى، ص١٤٧.

(٢٧) ڕوانین لە دەق، د.تاهیر محەمەد عەلی و د.قومری سەعید عەزیز، ل١٣٠.

(٢٨) الفچاو الروائى عند سليم بركات، د.شاكر سابير،ص٣٣١.

## سەرچاوەكان

### بە زمانی كوردی:


– ئیمان و جەنگاوەرانی، بەختیار عەلی، سلێمانی، ٢٠٠٤.

– بەرە و ئاستانەی ڕۆمـان و گۆشـەنیگاكان، عەبـدوڵڵا سـەراج، دەزگـای چـاپ و پەخشـی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.

– بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری كوردیدا (١٩٧٠ – ١٩٩١)، د.سەردار ئەحمـەد گـەردی، سلێمانی، ٢٠٠٢.

– بینای شوێن لەدوو نموونەی ڕۆمانی كوردیدا (هێلانـە، ئـەژدیها)، تانیـا ئەسـعەد ، تێـزی دكتۆرا، كۆلێجی زمان، زانكۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٦.

– چەمك و ئیسـتاتیكای شـوێن لەئەدەبـدا، سـەباح ئیسـماعیل، دەزگـای ئـاراس، هـەولێر، ٢٠٠٩.

– چیرۆكی ئادەمیزاد، جۆرج حەنا، و: ڕەوف زوهدی، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوكردنـەوەی سلێمانی,؟.

– ڕوانین لە دەق، د.تاهیر محەمەد عەلی و د.قومری سەعید عەزیز، سلێمانی، ٢٠١١.

– زمان گەر دەلوول خەونی شنەبا، فەرهاد شاكەلی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١١.

– سروشتی مەعریفە و فەلسـەفەی مێـژوو، پ.د. موحسـین محەمـەد حوسـێن، چـاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١١.

– (کیوکـەگۆر، نیچـە، سـارتەر)، پـۆڵ سـتراتێرن، و: ئـازاد بـەرزنجی، چـاپەمەنی گـەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩.

– ٣ لێکۆڵینـەوەی ڕەخنـەیی شـیکاری لـەبارەی ڕۆمـانی کوردییـەوە، د.نـەجم ئـەڵوەنی، هەولێر، ٢٠١١.

– میتافیزیك چی یە؟، مارتین هایدیگەر، و: د.حەمید عەزیز، چاپخانەی ڕۆژهەلآت، هەولێر، ٢٠١٢.

– مرۆڤ، د. عەلی شەریعەتی، و: موسعەب ئەدهەم، ناوەندی چاپ و بلآوکردنـەوەی سـایە، سلێمانی، ٢٠١٣.

– مێـژووی مرۆڤایـەتی، ئەرنۆڵـد تـوینبی، و: دڵشـاد مسـتەفا وەسـانی، چ٢، چـاپخانەی ڕۆژهەلآت، هەولێر، ٢٠١٣.

– نووسینەکانم لەبواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا، حسـێن عـارف، دەزگـای چـاپ و پەخشـی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.

**بە زمانی عەرەبی:**

– أشكال الزمان و المكـان في الروايـة، ميخائيـل بـاختين، ت: يوسـف حـلاق، وزارة الثقافـة، دمشق، ١٩٩٠.

– البطل الملحمي في روايات عبدالرحمن منيـف، د.احمـد جاسـم، دار الأهـالى، دمشـق، ط٣، ١٩٩٧.

– بنية المكان في روايتي الجحيم المقدس و هيلانـه، سـالار تـاوكوزي، اتحـاد الادبـاء الكـرد، المركز العام، اربيل، ٢٠١٢.

– التركيب اللغوي للأدب، د.لطفي عبدالبديع، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٩٠.

– التطور الفني لشكل القصة في الأدب الشامي الحديث، د.نجيم الباقي، اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ١٩٨٢.

– جماليات المكان، جاستون باشلار، ترجمة غالب هلسا، دار الجاحظ للنشر، بغداد، ١٩٨٠.

– روايات عبدالرحمن منيف أشكالها و دلالتها، محمد رشيد ثابت، جامعة تونس الاولى، كليـة الآداب، منوبة، ١٩٩١.

– الرواية العربية (النشأة والتحول)، د.محسن الموسوي، بيروت، ١٩٨٨.

- عبقرية الصورة والمكان (التعبير، التأويل، النقد)، طاهر عبدالمسلم، عمان، الاردن، ٢٠٠٢.
- علم الجمال، د.نايف بلوز، جامعة دمشق، ط٤، ١٩٩٣.
- الفضاء الروائي عند جبران ابراهيم جبران، د.ابراهيم مندا‌وى، آفاق العربية، بغداد، ٢٠٠١.
- الفضاء الروائي عند سليم بركات، د.شاكر سابير، اتحاد الادباء الكرد، المركز العام، اربيل، ٢٠١٢.
- متعة الرواية، الدكتور أحمد زياد محبك، دار المعرفة، بيروت — لبنان، ٢٠٠٥.
- نقد الرواية من وجهة نظر الدراسات اللغوية، د. نبيلة إبراهيم سالم، النادي الادبي، الرياض، ١٩٨٠.

# ناسنامەی نەتەوەیی ناسیۆنالیزمی کوردیی لــە ڕۆمانەکانی (یەشار کەمال) دا

کۆماری فیدراڵی عیراق
حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی
زانکۆی کۆیە

KOYA UNIVERSITY

# بنیات و ناسنامەی نەتەوەیی لە ڕۆمانەکانی یەشار کەمال دا

تێزێکە پێشکەش بە فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیی و کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی کۆیە کراوە
وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا

## کارزان محسن قادر علی

لەساڵی ( ٢٠٠٨ ) لە کۆلێژی زمان / زانکۆی سەلاحەددین
ماستەری لە ( ئەدەبی کوردی دا ) وەرگرتووە

بەسەرپەرشتی :
پ.د. هیمداد حسین بکر

نەورۆزی ٢٧١٣

## پێشەکی[1]

گەر پرسی ناسنامەی نەتەوەیی پرسێك بێت بۆ بەشێك لە نەتەوەی سەردەستە و زلهێز باوی نەمابێت،وەلێ بۆ کورد پرسـێکە لـە جێـی خـۆی دایـە. چـونکە ئاشـکرایە ناسـنامەی نەتەوەیی تا ڕادەیەك چەمکێکی تێکچڕژاو و ئاوێتەیـە لـە کۆمـەڵێك پـرس و بـوار و بابـەتی جیاجیا و هەستیار، وەك تاك، نەتەوە ، کۆمەڵگە، ڕۆشنبیری، کلتوور، کەلەپوور، دەوڵەت، سیاسەت، شوێن،....هتد.

پرسـی ناسـنامەی نەتـەوەیی ئـەو پرسـە پـڕ هەسـتیارەیە، کـە یەشـار کـەمال ئـاوڕی لێداوەتەوە ، وەك پرسێکی هەرە گرنگ چ لە سەر ئاستی تاك و چ لە سەر ئاستی نەتەوەی کورد دا جەختی لە سەر کردۆتەوە.ڕۆماننووس ، لە مشووری ئەوەدایە ناسنامەی کاڵکراو و شێوێندراوی نەتەوەی کورد لە ڕێی دەقی ئەدەبییەوە رەنگڕێژ بکات.

سنووری لێکۆڵینەوەکە،ماوەیەکی دوور و درێژە ، خۆی لە نیو سـەدە خـەباتی قەڵـەم و بەری ڕەنجی یەشار کەمال دەبینێتەوە ، کە لەم مـاوە دیـاریکراوەدا ڕۆمـاننووس نزیکـەی چل بەرهەمی بە چاپگەیاندووە، بـەڵام سـنووری لێکۆڵینەوەکـە کارکردنـە لـە چوارچـێوەی پانزە دەقی ڕۆماندا ، کە ئەمانەش ئەوانەن، کە بۆ سەرزمانی کوردی وەرگێڕدراون.

### تەوەری یەکەم: ناسنامەی نەتەوەیی کورد لەڕۆمانەکانی یەشار کەمالدا

چـەمکی ناسـنامە،بێگومان چـەمکێکە لەچـەمکە ئالۆزەکـان و ئالۆزییەکەیشـی لەوەدایـە بەشێوەی ئەڵقەی زنجیرەیـی بەسـتراوەتەوە بەکۆمـەڵێك چـەمك و بـواری جیاجیـاوە، وەك نەتـەوە، دەوڵـەت، ڕۆژهـەڵاتیبوون یـان ڕۆژئـاوایبوون، مێـژوو، جوگرافیـا، کۆمەڵایـەتی، سیاسی، شارستانێتی، ئەدەب،... هتد. کە خودی ئەم کۆمەڵە چەمك و بـوارە هەریەکـەیان بۆخۆیان چەندین بنەمای تایبەتیی هەیەو هەڵگری باس و خواسگەلێکن کە چەمکی ناسنامە دێتەگۆکردن، ئەوا ڕاستەوخۆ بیرمان بۆ ئـامرازێکی پـرس دەچـێت کـە خـۆی لـە مـۆرفیمی (کێ) دەنوێنێت. لەڕاستیدا ئەو کێیە بەڵگەیـەکی حاشـاهەڵنەگرە لەسـەر هـەردوو چـەمکی مـرۆڤ و بـوون. مـن کـێم؟ ئـەو کێیـە؟ دەروازەیـەك بەڕوومانـدا دەکاتـەوە کەمەحاڵـە

---

[1] : بە هاوبەشی لەگەڵ د.کارزان موحسن، لە نامەی دکتۆراکەی بە ناونیشانی (بنیا تی هونەری و ناسنامەی نەتەوەیی لە رۆمانەکانی یەشار کەمال دا).

لێیدەربازبین. لەهەمانکاتدا هەر خودی مۆرفیمی (کێ)، کۆمەڵێك ماناو مەبەست و مەدلول لەخۆدەگرێت، پڕیپەتی لە کۆمەڵێك پرسیاری ئاڵۆز و تێکچڕژاو ، هەروەها هەرئەو (کێ) یە کە گوزارشتە لەمرۆڤ، بوون، دوواتر ناسنامە. ئامرازە پرسەکانی تری وەك: کوێ؟، کەی؟، چۆن؟، بۆچی؟، ...هتد بۆخۆی کێشدەکات و دەمانخاتە ناو گێژاوێك و دنیایەك لەپرسیاری وەڵامدارو نیوەچل وەڵامدراوەو بێوەڵامەوە. جا قەناعەتت بە وەڵامەکان بێت؟ یاخود قەناعەتت پێیاننەبێت. بۆنموونە دەکرێت ئێمە وەکو تاکی کورد کۆمەڵێك پرسیار ئاڕاستەی خودی خۆمان بکەین، کە یەکڕاست بەستراونەتەوە بەچەمك و پرسی ناسنامە. وەك کێ کوردە؟، کورد لەکوێی ئەم جیهانە فراوانەدایە؟، ئەرکی کورد چییە؟، لەکەیەوە هەست بەکوردبوونی خۆت دەکەیت؟، چۆن دەیسەلمێنیت کەکوردیت و لەنەتەوەیەکی تر نیت؟، بۆچی چارەنووسی کورد بەم ڕۆژگارە گەیشت؟، ئایا کورد دەوڵەتی هەیە؟، ئایا کورد مێژوو و جوگرافیاو شارستانی و کۆمەڵگەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە؟، ئایا کورد ئەدەب، و کولتوور، و فەلسەفەی خۆی هەیە؟، بۆ کوردم و ڕۆژهەڵاتیم، ڕۆژئاوایی بەچاوێکی ئاواسەیرم بکات کەلە کەسێتیم کەم بکاتەوە؟... هتد ئەم پرسیارانە و دەیان پرسیاری حازر بەدەست لەمێشکی تاکی کورددا دەخولێنەوە. بێگومان هەریەك لەم پرسیارانە پشکێکیان بەردەکەوێت لەبنیاتنانی ناسنامەیەکی نەتەوەیی ڕەسەندا. کەواتە چەمکی ناسنامە بەم چەشنە فراوان و فرەلق و پۆپەداربێت، بێڕاپایی و دوودڵی بۆمان هەیە بەدەنگێکی بلند بلێین: ئەوا ئەدەبە دەتوانێت ئەم دنیایە لەئامێزبگرێت و نازیهەڵبگرێت و بۆهەتاهەتایە دەستلەملانێی یەکتربن ئەمە بۆ ئەدەب بەگشتی و ژانری ڕۆمان بەتایبەتی، شتێکی تەواو ئاساییە .

سەرەڕای ئەم فراوانییەی چەمکی ناسنامە، ڕۆژ لەدووای ڕۆژ چوارچێوەی ئەم چەمکە بەهەموو لایەکدا دەکشێت و ڕەهەندی دوورو قووڵتر وەردەگرێت. بۆیە ( پشت بەستن بەکۆمەڵێك سیمبوڵی نوێ وەك لەچاپدانی پارەو چاپکردنی وێنەی کەسایەتییە مێژووییەکان لەسەر دراوەکان یاخود دانانی ناوی ناوچەیی بۆدراوی وڵاتە تازەکان، گۆڕینی ناوی زانکۆکان، یان ڕێزگرتن لە جەژنە تازە نەتەوەییو ئایینییەکان بەبزاڤێك دادەنرێت بۆ پێناسەکردنی شوناسی فەرهەنگی و شوناسی نەتەوەیی) (وەڵەدبەگی، ٢٠٠٤،ل٩) لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە چەمکی ناسنامە گەرای زیندوویێتی و بەردەوامی و گۆڕان و

نوێبوونـەوەی لـەخۆدا هـەڵگرتووە، و ئامادەنییـە لـە هـیچ سـەردەم و بـارودۆخ و شـوێنێك بارگەی خۆی بپێچێتەوەو کۆتایی بەخۆی بێنێت، بەڵکو خودی ناسنامە پرۆسـەیەکە لـەناو کۆمەڵێك پرۆسەی تر ئەو کار لەئەوان دەکات و ئەوانیش کاریتێدەکەن. وەك ئەم نموونانەی پێشتر دامەزراندنی سکەی دراوو بەزیندوو ڕاگرتنی کەسایەتییە کاریگـەرە مێژووییـەکان و ناونانی چەند زانکۆیەك و بـڕەودان بـە جەژنـە نەتەوەییـەکان. سـەرباری ئەمانـەش خـودی پرۆســەی نووســین و داهێنــانی دەقێکــی ئــەدەبی و دەنگدانــەوەی لــەدنیای ئــەدەبی نێونەتەوەیی. کە ئەمە خۆی لەخۆیدا ناسنامەیەکی ڕوونە بۆ نەتەوەیەك.

یـاخود چەوسـاندنەوەو جینۆسـایدکردنی نەتـەوەیی بەدرێـژایی کـاروانی مێـژوو لەلایـەن داگیرکار و دوژمنانی کوردەوە. یان دوور نەڕۆین و ڕوونتر بـڕوانین پرۆسـەیەکی بـەد و دوور لــەڕەفتاری مرۆڤایــەتی وەك ئەنفال،کــە ناســنامەیەکە زۆر لــە ناســنامەی نەتەوەیــەك تێپەڕیـداوە، وبۆتـە ناسـنامەیەك بـۆ ئـەو نەتەوانـەی کـە ئەمـە گـوزەران و ژیـان و ئـازار چەشـتنیانە. یـاخود کیمیـا بـارانکردن و بۆردومـانکردن و وێرانکردنـی هەڵەبجـە. بۆخـۆی ناسنامەیەکە تەنیا وێنەی کوردی تێدا دەبینرێت و دەدرەوشێتەوە ، وێنەی دوژمنانی کورد ڕەشدەچێتەوە و پارچەپارچە دەبێت. بەڵێ جینۆساید و ئەنفال و کیمیابارانکردنی کوردان نـەك بۆتـە ناسـنامەیەکی نەتـەوەیی بـەڵکو بۆتـە ناسـنامەیەکی نێونەتـەوەیی.بـۆ کـورد کەشایانی ئەوەیە شاکاری ئەدەبی هەڵوەستەیان لەسەربکات و ڕەنگییانپێبداتەوە.

لەهەمانکاتدا ئەم گوتارە ئەدەبییەی لەسـایەی جینۆسـایدو ئـەنفال و کیمیابـارانکردنی کوردان دەنگ و ڕەنگدەداتەوە. دەکرێت ئەم گوتارە هەڵبقۆزرێتەوە بۆگووتـاری نەتـەوەیی و سیاسی و مێژوویی، و بنیاتنانی قەوارەو دەوڵەتی سەربەخۆی کوردان. ناسنامە بەرهەمی سەوداو مامەڵە و پێوەندی و کارلێکردنی نێـوان جیهـانی تاکەکەسـیی و کۆمەڵگەیـە. واتـە( هەستی شوناسی تاکەکەسی لەڕێگای دیالیکتیکی نێوان تاك و کۆمەڵگەوە پێك دێ. ئـەوان کەم تا زۆر قەبوڵ دەکەن شوناس زۆرتـر لـە ڕوانینـەکان و هەسـتەکانی تاکـەکان وا ڕەنـگ دەداتەوە،بەڵام بەستێنی پێك هاتنی ئەو ژیانی کۆمەڵایەتییە)(گوڵمحەمەدی،٢٠٠٧،ل٢٢١).

ناسنامە لەسەر بنەمای خود پێویستبوون بەئەوانیتر هەڵچنراوە خـود وەك قەوارەیـەکی سـەربەخۆ هـیچ مانایـەکی ناسـنامە بەدەسـتەوە نـادات. دەشـێت بڵـێین ئـەوە ژیـانی کۆمەڵایەتییە دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی سنوور لەنێوان ئێمەو ئەواندا یاخود ڕوونتر بڵـێین

ئێمەی خـۆیی و ئـەوانی بێگانـەدا. لـەدوواتر دوو ناسـنامە یـان چـەند ناسـنامەی جیـاوازی لێدەکەوێتەوە.

واتە پێوەنـدی نێـوان تـاك و کۆمەڵگـە، پـەیوەندییەکـە لەسـەر بنـەمای سـوودگۆڕینەوە بنیاتنراوە لە ئەنجامی ئەمەشدا ناسـنامە بـوونی دێتـە ئـاراوە. لەلایـەك تـاك ڕۆڵـی دەبێـت لەبوونی مانای کۆمەڵگە، لەلایەکیتر کۆمەڵگە ڕۆڵی دەبێت لەپێدانی مانا بەتاکـەکانی. بۆیـە خاڵی هاوبەش و جیاوازیی تاك و کۆمەڵگەکەی و دوواتر ئاوێتە کردنیان، سازاندنی بابـەت و شتی نویٚ ڕەنگە بەشێوەیەك لەشـێوەکان ببێتـە هـۆی بنیاتنـانی پـەیژەیـەك لەپـەیـژەکانی ناسنامە ئەمانەی باسمانکرد ڕۆڵـی تـاك بـوو بۆڕۆنـانی ناسـنامەیەکی تایبەتمەنـدو جیـاواز. بەڵام ڕۆڵی شوێن و فـەزا هیچـی کـەمتر نییـە لـەڕۆڵی تـاك بـۆ دیـاریکردن و جیاکردنـەوەی ناسنامەکان لەیەکتر. ئاشکرایە گەشەکردنی تاك بەندە بەبوونی شوێن و فەزایەك، بۆئەوەی لـەوێوە هـەنگاوەکان بهاوێـژرێت و جێدەسـتی دیاربێـت وەك تاکێـك و دواتـر پێکهـاتنی کۆڕوکۆمەڵان. بۆیە ( شوێن ، ناوچەو خاك بۆخەڵك زۆرگرنگیی هەیە، چونکە ئەوان توانـای شوناسسازییان لەئاستێکی بەرزدایە. بەوتەیەکی دیکە شوێن و فەزا لەو ڕووەوە بۆ تاکەکان و گروپـە جۆراوجۆرەکـان گرنگـە کـە توخمـەکان و بەشـە سـەرەکییەکانی شـوناس دابـین دەکەن)(س،پ،ل٢٢٩) پێوەندی نێوان شوێن و فـەزا ناهاوسـەنگە، و وەك پێوەنـدی بەشـە لەگشت. بوونی شوێن و فەزایەکی سەربەخۆو جیاواز لەوانیتر، و سنوورێك کە ئێمە لەئەوان جیا بکاتەوە، و هەڵکەوتەی جوگرافیای وڵات و گرۆیی بۆخاك و ئـاو و هەواکـەی، و مانـەوە تێیداو مردن تێیدا. خودی ناسنامەی نەتەوەیین. بێگومان بەسترانەوەی تاکەکان بەشـوێن، یان خاك، یاخود وڵاتێکی دیاریکراوەوە، دەبێتە مایـەی پێکهـاتنی ژیـانی کۆمەڵایـەتی، کـە کۆمەڵایـەتیبوون، مـەرجێکی سـازاندنی ناسـنامەیە. کەواتـە مانـای بەکۆمەڵایـەتیبوونیش یەکڕیزی و یەکڕەنگی و یەکدەنگی و یەکپارچەیی و یـەکگرتوویی ناسـنامەیەك دەگەیـەنێت لەهەمبەر ناسـنامەکانی تـردا. کاتێـك باسـی هەریەکـە لـەتاك و کۆمەڵگـەو شـوێنمان کـرد، پێویستە باسی زەمـەنیش بکـەین و بـزانین ڕۆڵـی چـی دەبێـت لـەماناداركردنی ناسـنامەدا. ئاشـکرایە ئـەو توخمانـە هـەموویان پێوەنـدییان بەیـەکترەوە هەیـە. ڕۆڵـی خۆیـان بەپرۆسەکردنی هەربابەتێکدا هەیە. کەواتە ( مرۆڤ لە زەمەنـە جۆراوجۆرەکـان دا، شـوناس گەلێکی جۆراوجۆر وەدەست دێـنێ، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی کـە گـۆڕان و نـاجێگیری ڕادەکـا،

گێڕانەوەیـەکی ئـارام بـەخش لـەخۆی دروسـت دەکـا تـا لەچوارچـێوەی ئـەودا هەسـت بەشوناسێکی تاقانەبکا) (س،پ،ل٢٣٦ ).چ تاك، چ کۆمەڵگە، وێڵە بـەدووای هەڵچـنینەوەی زەمەنە جۆربەجۆرەکان بەدرێـژایی مێـژوو. مەبەسـتییەتی زەمـەنێك دەستنیشـان بکـات و پێگەی خـۆی پێقـایم بکـات، هـەروەها هەرسـێ زەمەنەکـە ڕابـردوو، و ئێسـتا، و داهـاتوو، بەیەکەوە بگونجێنێت و بیانلکێنێت بەیەکترەوە. لەئەنجامی ئەمەشدا دەیەوێت مێژوویيەکی هاوبەش بنیاتبنێن کە گوزارشت لە تاقانەیی ناسنامەیەك بکات.

واتە بەیەکەوە بەستنی زەمەنە جیاوازەکان، بایەخی خۆی هەیە بۆ کۆمەڵگـە، ئـەویش بەهۆی ئەوەی خەسڵەتی بـەردەوام و بـوون دەسـتەبەردەکات. بێگومـان ئەمـەش کـارێکی هێندە قورس و مەحاڵ نییە، بەڵکو ئەمە یەکێکە لەتوانا سروشتییەکانی مـرۆڤ و گرنگیـدان بەو هۆکارانەی کە درێژە بە بوون و مانەوەیاندەدا. لەپاڵ ئەمانەشدا دڵنیابوون لەسـازاندنی هەستێکی کۆمەڵایەتی.

هەسـتیاری پرسـی ناسـنامە هەربەمانـە ناوەسـتێت بـەڵکو لـە خـاڵێکیتر پەیوەسـت بەکولتوورەوە دەبێت.( بێ گومان دەبێ کولتوور بەگرنگترین و دەوڵەمەندترین سەرچاوەی شـوناس دانـێین. تاکـەکان و گروپـەکان بـەردەوام بـەهۆی بـەش و توخمـە کولتوورییـە جۆراوجۆرەکانـەوە شـوناس وەدەسـت دێـنن، چـونکە ئـەم بـەش و توخمانـە توانایيـەکی بەرچـاویان بـۆدابینکردنی پێویسـتی مرۆڤـەکان بـەجیاوازبوون و ئاوێتـەبوون لـەکۆدا هەیە.)(س،پ:ل٢٣٨ ) بەڵێ کولتوور بەرگریکارو داکۆکیکـارە لەناسـنامە، و دەیپارێزێـت و خۆڕاگرو پتەویدەکات . لەهەمانکاتدا چ ناسنامە، چ کولتوور لەخاڵی پەیوەستبوون بەتاك و لەویشەوە بۆ کۆمەڵگە تەواو لەیەکتر دەچن خـاڵی هاوبەشـییان زیـاترە لـەخاڵی جیـاوازی. واتە ئەو کۆمەڵگەیەی شوێنکەوتوو و وابەستەی کولتوورێکە، ئەوا هـیچ گومـان هـەڵناگرێت ناسنامەکەشـی ڕەنگدانـەوەی ئـەو کولتوورەیـە، و بێبـەش نییـە لـە پاشـخانی ناسـنامەی ڕەسـەنی خـۆی.بۆیـە ئاسـاییە ئەگـەر بڵـێین ئەگـەر کولتـووری نەتەوەیـەك لـە باریـەك هەڵوەشاوەیەوەو هەرەسیهێنا، ئەوکاتە هیچ مانایەك نامێنێتەوە بۆ بـوون و ناسـنامەکەی. پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە.وەك ئەوە وایە جەسـتەیەکی شـەکەتی بێگیـان بێـت. سـەرەڕای ئەمانەش ساغڵەمی ناسنامەو کولتوور زەمینەسازی دەکات کە زۆربەی کایەکانی تری ژیانی کۆمەڵگـە لەسـاغڵەمیدابن. ئـەوەی پێوەنـدی بـەژانری ڕۆمانـەوە هەیـە. هەریـەك لـەتاك و

کۆمەڵگە یاخود کەسێتی و شوێن، وکات، بەتوخمە سەرەکییەکانی ئەم ژانرە دادەنرێن و بێبوونی ئەوانە ئەو ژانرانەی پەیوەستن بەهونەری گێڕانەوە هیچ مانایان نابێت واتە ئەم توخمانە توخمی هاوبەشن لەنێوان ڕۆمان و ناسنامەداو ڕۆڵی بەجێ و کاریگەرییان هەیە لەسازاندنی ڕۆمان و ناسنامەدا، بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە تارادەیەك جیاوازییە لەنێوان ناولێنانی توخمەکان و ڕەنگدانەوەیان بۆ بابەتەکە. بۆنموونە لەڕۆماندا، کەسێتییە جیاوازەکان هەوێنی دروستبوونی ژانرەکەن و هەریەکەشیان بەجیا لەویتریان بیردەکاتەوەو ئاراستەی تایبەتی خۆی دەگرێتەبەر. بەمەش وێنەیەکی ڕوون و ئاشکرای کۆمەڵ لەژانری ڕۆماندا بەرجەستە دەکەین. ڕۆماننوسیش کاتێك ڕۆڵی کەسێتییەکانی دارشت، ئەوا بێگومان دەبێت ڕووبەرێکی دیاریکراویشیان بۆ دیاریبکات. بۆئەم مەبەستەش شوێن وەك تەختەی نمایشی کەسێتییەکانی لێدێت و ڕۆڵی خۆیان بەپێی پێویست ئەدا دەکەن. گرنگی توخمی کاتیشن، لەچاو توخمەکانیتر هیچی لەمان کەمتر نییە لەژانری ڕۆماندا، بەڵکو کات لەبەرهەمێکی ئەدەبی ڕەهەندی قووڵتری هەیە ماناو مەبەستی دیاریکراو نادات بەدەستەوە. هەربۆئەمەشە ڕۆماننووس ناچارنییە پێڕەویزنجیرەیی کات بکات مەرجی یەك بەدوواییەکهاتن وەك کاتی ڕابردوو و ئێستاو لە داهاتوودا لەبەرچاوبگرێت. تواناو دەسترەنگینی و هونەرمەندێتی ئەدیب لەم شتانەدا بەدیاردەکەوێت کەهیچ شتێك وەك خۆی وەرناگرێت و بەکاریناهێنێت، لەکاتێکدا خۆیان جوانتر پیشاندەدەن و دەلالەتی فراوانتر دەبەخشن.

ئەوی لێرەدا جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە خودی کلتورە چ بەناسنامە، چ بە ڕۆمان و توخمەکانیان. بۆیە کولتوور ڕۆڵی خۆی لە ئافراندنی هەریەکە لەمانەو دەنگ و ڕەنگی خۆی دیارە و لێڵی و ناڕەسەنێتی دەرەوێنێتەوە.

باسکردن لەمەڕ پرسی ناسنامە، هەتا بڵێی بابەتێکی لەبارو ئاساییە، بەڵام کە ئەم پرسە دێتەگۆڕێ بارێکی نالەبارو نائاسایی خۆی دەنوێنێ و ئەویش بۆخۆی پرسێکە لەژێر ناونیشانی قەیرانی ناسنامەدا. واتە ( فەزامەندبوونی ژیانی کۆمەڵایەتی و تێك ڕمانی سنوورەکان نەك تەنیا لەماڵەوە بوون زۆر دژوارو تەنات نەکراو دەکا، لەهەمانکاتدا تاك دەخاتە پەنا ژمارەیەکی زۆر لەمرۆڤەکانی دیکە کە بێگانەو نەناسیاون و پێوەندییەکی تارادەیەك ڕاستەوخۆ جێگیر لەنێوان ئەوان دا نییە)(س،پ:ل٢٤٥) ئەوەی جێگەی سەرنجە ، قەیرانی ناسنامە مەترسییەکی کوشندەیە کە دووچاری تاك دەبێت، یان سەرتاپای

کۆمەڵگەکە دەتەنێتەوەو تەنگیان پێهەڵدەچنێت. بەتایبەت لەرۆژگارێکی وەك ئەمڕۆدا، کـە زۆربـەی سـنووری نێـوان نەتـەوە جیاوازەکـان کاڵبۆتـەوە بـەهۆی تەکنـەلۆژیاو ئـامرازە جۆربەجۆرەکانی گەیاندن، لەهەمانکاتدا تەوژمی زریانئاسای بەجیهانبوون ، کە مەحاڵە هیچ تاك و کۆمەڵگەیەك بەکاریگەرییەکانی بەدووربێت جا بەرێژەیەکی زۆر، یان بەرێژەیەکی کەم بێت. هەموو ئەمانەو هۆکارگەلێکیتر رۆڵیان هەیە لەقـەیرانی ناسـنامەدا. ئـەم قەیرانـە ماڵـە دامەزراوەیـەکانیش دەگرێتـەوە، چ جـای مـاڵێکی نادامـەزراوەیی، لێـرەدا مەبەسـتمان لەدامەزراوەیی گیان و قەوارەیەکی سەربەخۆیە کە دەوڵەت دەسازێنێت. واتە بۆمـان هەیـە ئەو ئەنجامە ئاشکرابکەین کە نەتەوەیەکی وەك کورد چ لەسەر ئاستی تاك، چ لەسەر ئاستی کۆدا یاخود کۆمەڵگەدا دەبێتە خۆراك و قوربـانی، ئـەو جەنگـە ناهاوسـەنگەی کـە قـەیرانی ناسنامەی ناوە. ئەویش بەهۆی نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی بە پلەیەك، و چەندین هۆکاریتر بە پلەکانی دوواتر.

قەیرانی ناسنامە، وەك هـەر پرسـێکیتر هۆکـاری بابـەتی، و خـودیی کـاری تێدەکـەن و رۆڵیـان هەیـە لەخەسـتکردنەوەی یـان کاڵکردنـەوەی. دەتـوانین هۆکـارە بابەتییـەکان لەکۆمـەڵێك خاڵـدا زۆر کورتکەینـەوە. وەك ئـەوەی کـورد نەتەوەیـەکی ژێردەسـتەیە چارەنووسـی پێوەنـدی بەمامەڵـەی نەتـەوەی سەردەسـتەوە هەیـە. نـەبوونی دەوڵـەتێکی کوردیی سەربەخۆ، نەبوونی زمانێکی یەکگرتوو. تێکشکاویی جوگرافیای وڵاتی کـوردان ... هتد چەندین خاڵیتر دەتوانین وەك هۆکاری بابەتیی ئاماژەیان پێبکەین ، بەڵام لێرەدا بواری ئەوەنییە.

هۆکارە خودییەکانیش، کە قەیرانی ناسنامەیان هێندەیتر چڕ و خەسـتکردۆتەوە ئەوەیـە چ تاکی، چ کۆمەڵگـەی کـوردی بەچاوێکی شایسـتە لەکەسـێتیی خـۆی ڕانامێنێـت و خـۆی بـەلاواز و کەمفـەرِو سـووك هەڵدەسـەنگێنێت لەچـاو ئـەوانیتردا. بۆیـە نامۆیـە بـەخاکی، کولتووری، کەلـەپووری، فۆلکلـۆری، ئـەدەبی، ژیـانی، مێـژوو و بەسـەرهاتی ... هتـد، کە ئەمانە بوونەتە گرێکوێرەکی گەورە چ بۆتاك و چ بۆکۆمەڵگەکەی بەدرێـژایی سـەردەمەکانی مێـژوو . واتـە ئـەم هۆکارانـەی کـە باسمـانکردن وەك بڵێیـت بەقـەدەری خـۆی بزانێـت و جڵەوەکەی ڕادەسـتی ئـەو قـەدەرە کـردووە، وبـاکی بەچارەنووسـی خـۆی نـەماوە ! بـەڵێ لەمبارەشدا کە تەواو نائاساییە، لەجیاتی ئەوەی قـەیرانی ناسـنامە ڕووبـەڕووی ببێتـەوە و

هێرشی بۆبهێنێت و داگیری بکات، ئـەوا خـودی خـۆی دەبێتـە هـەوادارو پەرۆشـی قـەیرانی ناسـنامە، و هەرچـۆنێك بێـت ئـارەزوو دەکـات ناسـنامەکەی تووڕبـدات و وونـی بکـات و بۆیـەکجارەکی حاشـای لێبکـات. ئالـەم ساتەوە بەدبـەختی و نەهامـەتی دەسـتپێدەکات. چونکە وەك کورد خۆی گوتەنی هەم لەکۆتر بوو، و هەمیش لەقەل بوو!

دەبێت دان بەو ڕاستییەدا بنێین هەرچەندە ناسـنامەی نەتـەوەیی، گوزارشـتە لـەخودی نەتـەوەو بەتایبەتمەندییـەکانی لەئـەوانیتر جیادەکرێتـەوە، بـەڵام جیهـانگیری ناسـنامەش مەترسییەکی ئەوتۆ نییە،کە لە ئەلفوبێوە ناسنامەی نەتەوەیی بشێوێنێت و بۆ یەکجارەکی بیسڕێتەوە. دەشێت ( بەجیهانیکردنی شوناس دەرگایەکی گەورە بۆ خولْقاندن و داهێنان و گەشانەوە دەکاتەوە، بەڵام بەمەرجێ لەتەك مۆدێرنەی ماددییدا مۆدێرنەی عەقڵی و ژیـاریش گەشەبکات) (ئەسوەد،٢٠٠٦،ل٢٤٨).

ئاشـکرایە، جیهـانگیری وەك دیاردەیـەکی سـەردەمیی ڕۆژ لـە دووای ڕۆژ لـە پـەل و پـۆ هاویشتن و پەرەسەندندایە. واتە جیهانگیری خەسڵەتی هەمەلایەنەی هەیە بۆ کاریگـەریی و کۆنترۆڵکردنی یەکـە بـە یەکـەی جومگـەکانی ژیـانی کۆمەڵگـەیـەك. ناسـنامەی نەتـەوەیش بەهەرشـێوەیەك لەشـێوەکان بێت،دەتوانێـت سـوود لـە بـەجیهانیکردن وەرگرێـت لەبەرژەوەندیی ناسنامە نەتەوەییەکەی خۆیدا تـەواوی بکـات. بـەڵێ چۆن بـەجیهانیکردنی ناسـنامە دەتوانێـت کـار بکاتـە سـەر ناسـنامەی نەتـەوەیی بکـات، بێگومـان ناسـنامەی نەتەوەیش ئـاوا دەتوانێـت کـار بکاتـە سـەر بـەجیهانیکردنی ناسـنامەیی بکـات. خـاڵێکیتر پێویسـتە بەگرنگییـەوە لێیـبڕوانین ئـەو سـوودو قازانجـەی لـە بـەجیهانیکردنی ناسـنامە، ناسنامەی نەتەوەیی وەریدەگرێت تەنیا لەچوارچێوەی جیهـانی مـاددی چـەق نەبەسـتێت، بەڵکو ئەوکاتە دەڵێین ناسـنامەی نەتـەوەیی سـوود و قـازانجی کـردووە کـە بتوانێـت بـیرو هۆشیاری و ئاوەز و ژیارو ... هتد. بکاتە وانەیەك بۆفێربوونی هەنگاو بـە هـەنگاو و دوواتـر ڕەنگپێدانەوەی لەبواری داهێناندا. هەروەك لەپێشتردا ئاماژەمان پێکرد، چـەمك و زاراوەی ناسـنامە پێوەنـدی بـە بوارگـەلێکی ژیانـەوە هەیـە. کـە دەڵـێین ناسـنامە مەبەسـتمان لەتایبەتمەندێتی و ئەدگارو خەسڵەت و پێکهاتەی ئێمەیە لەگـەڵ ئـەوانیتردا. بۆیـە(چـەمکی ناسنامە دەتوانرێت بەپێوەندی بەبیاڤەکانیتر، یاخود گەڕانەوە بۆ شتیتر، لـە چوارچـێوەی نـاواخنێکیتر خوێندنـەوەی بۆبکرێت) (Saint Martin, 1993, P.7).واتـە ناسـنامە

ئەوەندەی کار بۆ تایبەتمەندێتی و جیاوازییەکان دەکات ، هێنـدە بـۆ هاوبەشـی و لەیـەکتر چـوونەکان کارناکـات. چـونکە کـاری بنـەڕەتی و سـەرەکیی ناسـنامە ئەوەیـە کۆمـەڵێکی دیـاریکراو دەستنیشـانکراو لـەنێو کۆمەڵـەکانیتر جیـا بکاتـەوە، بەچەشـنێك کۆمەڵـە دیاریکراوەکـەی ئـەوەی لـەباردا هـەبێت ببێتـە هـەڵگری ناسـنامەی خـۆی و بەڕەسـەن بناسـێنرێت بەشـێوەیەکی ئـاوا کـە سـەرلەبەری هەڕەشـەو مەترسـییەکان بڕەوێنێتـەوە و چرایەکی گەش بۆ یەکێتییەکان دابگیرسێنێت. هەریەك لەئێمە نابێت هەر هەوڵ و تەقەڵلا بۆ ناسـنامە بـدات بۆنموونـە ناسـنامەشمان هـەبێت پێویسـتە پارێزگـاریی لێبکـەین ، چـونکە سروشتی ناسنامە وایە دەشێت لەشوێنکاتێکدا تووشی ونبوون بێت یاخود دووچاری گۆڕان بێت ئینجا خۆمان بیگۆڕین یان بمانگۆڕن. ئەوەی گرنگە لێرەدا هەڵوەستەی لەسەر بکـەین و بەوردی بیخوێنینەوە ناسنامەی هـەر کۆمـەڵێك یـاخود نەتەوەیـەك تـەنیا خـۆی لەبابەتـە مەعنەوییەکانـەوە نابینێت، بـەڵکو شـت و بابەتـە ماددییـەکانیش دەبـن بەناسـنامەی ئـەو کۆمەڵەیە یاخود نەتەوەیە. بارودۆخە جیاوازەکان لەباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئـابووری و ڕۆشنبیری ... هتد دەبنە مایەی مەترسی بۆ ناسنامە، و وا لەکەسانێك یاخود کۆمەڵەیەك دەکەن بەناچاری واز لەناسنامەی ڕەسەنی خۆیان بهێنن،و ناسنامەیەکی ساختە هەڵبژێرن. بۆیە ( جیاوازییە کۆمەڵایەتییـەکان و بارودۆخـە جیاوازەکـان وا لەخـەڵك دەکـات کـەخۆیان پابەندبکەن بەجۆرێك لەناسنامەوە کە گوزارشت لـە ئـەوان ناکـات بەڕادەیـەکی تـەواو، کـە هەنـدێکجار وا لەهەنـدێك لـەو کۆمەڵانـە دەکـات بەپـەراوێزکراوی ژیـان بگـوزەرێنن لەدەرئەنجامدا ئەوجۆرە کۆمەڵانە لەنێوان کۆمەڵێك ناسنامەی جیاوازدا خووڵدەخۆنـەوە، و چەندین چەشن خودناساندن و ناسنامە بوونییان دەبێت)( Hurdm E., 2010, P. 183) .

بێگومـان ناسـنامەیەك بـەم چەشـنە بێـت و بـارودۆخێکی سـەقامگیرو ئـارامی نـەبێت. هەرچۆنێك بێت هەرهیچ نەبێت بەرگری لەمانـەوەی خـۆی بکـات . تـەنیا ئـەویش لـە پێنـاو مانـەوەو بـوون. بـەڵام ناسـنامەیەکیش بەدەسـتی بـارودۆخی چـاوەڕواننەکراو و نـاجێگیرو پڕمەترسـی ناڵانـدی، تـەنیا لایەنـە جەسـتەیی و بایلۆژییەکـەی دەمێنێتـەوە، و گیـانێکی ساردوسڕ لەناویـدا خـۆی حەشـاردەدات بێئـەوەی بتوانێـت ئاڕاسـتەی شـتەکان بکـات. بێدوودڵی، ڕێك ئەم بیروبۆچـوونەی ئێمـە بەسـەر نەتەوەیـەکی سـتەمدیدەی وەکـو کـورددا دەچەسـپێت. چـونکە نەتـەوەی کـورد بـەهۆی بارودۆخـە یـەك لەدوایەکـە خراپـەکان و

بەتایبەتیش دابەشبوونە جوگرافییـە سیاسـییە ئامانجدارەکـەی، کـە بەدەسـتی دوژمنـانی لەوڵاتــە زلهێزەکــان و دراوســێیەکانی. لەهەنــدێکباردا ڕووبــەڕووی ســەختترین قــەیرانی ناسنامەیی بۆتەوە. بۆنموونە لەسەختترین بارودۆخدا کورد، ڕەوای ئەوەی پێنەبینراوە کـە نەتەوەیەکی سـەربەخۆ بێـت و سـەربەئەوان نـەبێت بەتایبـەت لەچوارچێوەی دەوڵـەتێکی عەسکەرتارییەتی تورکیا و سووریادا. کە بێبەشدەبن لەهەموو ماف و جیاوکێك، و سەرباری ئەمەش دەچەوسێنرێنەوە ستەمیان لێدەکرێت لەتورکیا بەتورکی شاخاوی ناو دەبـرێن کـە مەبەستییان بەکێویکردنی نەتەوەی کوردە، و ئەویتریان لەسووریادا، کـورد بـە کۆچـەری و بێماڵ و بێنەوا دادەنرێن ، تەنانەت ماف ئەوەیان نییە ناسنامەی شارستانێتییان پێبدرێت و وەك کەسانێکی نامۆ و لەپەناهەنـدە کـەمتر هەڵسوکەوتییان لەگـەڵ دەکرێـت. ئەگـەر لـەم چەند ساڵەی دوایی دا نەبێت بارودۆخەکە گۆڕاوە لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا زۆرزۆری مـاوە ، دان بەهەموو مافەڕەواکانی دابنرێن لەلایەن دوژمنانییەوە، یتر ناسنامەکەی نەشێوێندرێت و هەر وڵاتە بەپاشکۆی نەتەوەکەی خۆی نەزانێت.

## شیکردنەوەی دەقـــــەکــــان

ڕۆماننووس، لەڕۆمانی "تەنەکە"دا جەخت لەدەروونی تاکی کورد دەکات ، کە پێی وایە تاکی کورد تاڕادەیەك تووڕەیی و توندی و کەللەڕەقی و سەرسـەختی لەناخیـدا بەرجەسـتە دەبێت. بێگومان ئەم دیاردەیەش لەنێو تاك و کۆمەڵگەی کوردی پەیوەستە بەو بـارودۆخ و ژینگـە و هەڵکەوتـە جوگرافیـاو....هتـد.کەلەهــەموو لایەکـەوە تـەنگییان بـەتاك و کۆمـەڵی کوردییەوەهەڵچـنیووە، بەدرێـژایی سـەردەمەکانی مێـژوو لەگـەڵ کـورددا پێوەندییــەکی ناهاوســەنگییان هــەبووەو مامەڵــەیان لەگــەڵ نەتــەوەی کــورددا وەك نەتەوەیــەکی ژێردەستەبووەو خۆشییان بەسەردەسـتە زانیـووە. وەك نەتەوەیـەکی بێخـاك، بێناسـنامە، بێزمان، بێ کلتوور...هتد. تەماشای کوردییـان کـردووە . بۆیـە بـارودۆخێکی لـەم چەشـنە بێگومــان کاریگــەریی دەبێــت لەســـەر دڵ و دەروون و قووڵــایی نــاخی تــاکی کــورد و ڕەنگدانەوەی ناسنامەکەی ، لێرەدا ناسنامەی تاکی کورد بەتاکێکی تـوڕە و تونـد و کەللـە ڕەق خۆی دەنوێنێت .

( گوندەکە سەرلەبەری هی عوسمان ئاغا بوو، عوسمان ئاغا پیاوێکی لەسەرەخۆو بـیٚ وەی بوو. ترسنۆکیش بوو، پخت لیٚ کردبا زراوی دەتۆقی. گوندێکی شەست ماڵی بوو. عوسمـان خۆی پیاوێکی چاك بـوو، بـەڵام گوندنشـینەکان بـەربادبوون، بـەڵای خوابـوون .خـۆ جـاریٚ کوردەکان ئەوە هەرباسییان ناکریٚ، قـەت نـەڵێن نـا . بیـانکوژی، بیـانبڕی لـەنای خۆیـان نایەنــەخوار.ئۆغچــی ئــۆغڵی لەچــاخانە کــەپرە ســەر بەدرکــە کونارگیراوەکــە بــوو. گوندنشینەکانی لەخۆی کۆکردبووەوە، تووڕە بووبوو کەف دەچـەڕاند قیرپاچـە زیوینەکـەی بەدەستەوەبوو لەسـەریەك بەجزمەکەیـدا دەکێشـا. ئارەقـەی هەڵـدێنا، لایـەکی سمێڵەدرێژەکـەی خسـتبووە دەمـی پەیتاپـەیتا دەیکرۆشـت. هـەمووی لەلایـەك قسـەکانی حەمەعەلی کورد لەلایەك، هەربەجاریٚ شێت و هاری کردبوو .

ئەم کوردە زمان نەزانەش بەڵایەك بوو بۆخۆی. نازانم لەکوێوە هاتبوو و بووبوو بەخاوەن قسەو لەچقورئۆوا لێمان بووبووبەپیاو. ئاخ حوکمەت. کوردە لەکەلی شەیتان نایەتەخواریٚ، کەگوتی نا. نا .) ( تەنەکە ،ل ٣٥ ).

یەشار کەمال، بەهۆی دەستڕاسـتی و ئـازایی و بـوێری و نیشانەشـکێنییەوە ناسـنامەی هەندێك لەکوردان پیشان دەدات.نیشانەشکێنی کوردان بۆئەوەنییە ستەم لەبەرامبەرەکـەی بکات و بیچەوسێنێتەوە، و خوێنی ئەوانیتر بەناهەق بڕێـژێت. بـەڵکو ئـەم نیشانەشـکێنی و دەستڕاسـتی و بوێرییـە بۆئەوەیـە بـەرگری لـەخۆی و خانەوادەکـەی بکـات و بیانپارێزێـت لەدەستی ئەم و ئەوی دوژمنان.

بۆنموونـە "حەیـدەرە کـورد" ئەنگێوەیەکـە قـەت یـەك فیشـەکی بەهــەدەر نـەداوەو لەتوانایدایە لە بـەرزترین شـوێنی ئاسمـان نیشـانە بپێکێـت. لەگـەڵ ئەوەشـدا لەتوانایدایـە خەڵکانیتر بۆئەم مەبەستە ڕابهێنێت، بەتایبەت ئەوانـەی کەسـوکارە نزیکـەکانییان لەلایـەن دوژمنــەوە بەناهــەق و بــەبیٚ ســووچ و تــاوان خوێنییــان ڕژاوە. هەربۆیــە ئامــادەیی خــۆی دەردەبڕێت بۆئەوەی "بایرام ئـۆغلی" فێـری ئـەم کـارە بکـات ، چـونکە بـۆی ڕوونبۆتـەوە کەخوێنی باوکی لەلایەن ناحەزو دوژمنان ڕژاوە، بەبیٚ سووچ و لەخۆڕایی.

( حەیدەرەکورد هەرسیٚ کچی هەبوون و کەسی دی، زووتر لەودیوی چیاکانەوە هـاتبوو و لەگەڵ کچەکانی دەخـانووێکی گـەورەی دا دەژیـا. دەنگۆیـەك هـەبوو کـە حەیـدەرەکورد چەند کوپە زێڕی لەخانووەکەی دا دەبن گڵیٚ خستوون. حەیدەر دەوڵەمەند بوو و خـاوەنی

ڕەوەئەسپ و مێگەلـە مـەڕێکی زۆربـوو و هـەروەها نێزیکـی پـەنجا تـاژیی ڕەسـەنی، لاق و ملدرێژی، باریکی سوورو ڕەشیشی هەبوون. حەیدەرەکورد ئەنگێوەیەکی بـەنێوبانگ بـوو . بایرامۆغلی بەچاوی خۆی دیتبووی حەیدەر بەفیشـەکێکی هەلۆیـەکی سـووری لـەئاسمانێ، لەبەرزاییەکی زۆر، دەفڕینێ دا، بەردابۆوە.

هەموو کەس دەیزانی حەیدەر چ ئەنگێوەیەکەو قەت فیشەکی بەخەسار نادا، هەربۆیەش نەچەتەو دزو نەخەڵکی دیکەش دەخۆیان ڕانەدەدی بەمەبەستی خراپەوە چـاو لـەلای مـاڵی وان کەن . بایرامۆغلی تفەنگەکەی بەدەستەوەگرت و چوو بۆلای حەیدەرەکوردی.

ـ مام حەیدەر هاتووم تفەنگ هاویشتنم فێرکەی. دەمەوێ ببمە ئەنگێوەیەکی وەك تۆ!

ـ تفەنگەکەت تفەنگی چاکە. هیوادارم چاکی فێربی و بتـوانی چـاکی کـارپێ بکـەی. کـوڕم ئەتوکێی؟

ـ کوڕی بایرامیم، ئەوەی چووە شەڕی و نەگەڕایەوە.

حەیدەر بایرامی دەناسی و زۆریشی خۆش دەویست

ـ مافی خۆتە کوڕم، کاری چاکە دەکەی! ئەتۆ لەهەموو کەس زیاتر پێویستیت بەوەیە ببیە ئەنگێوەیەکی کارامە.

لەوێڕۆژێوە حەیدەر ئەوی هەر بـەبایرامۆغلی، واتـە کـوڕی بـایرامی بـانگ کـرد، وردە وردە خەڵکی دیکەش وایان پێ گوت و ناوەڕاستی یەکەی بەتەواوی لەبیر کرا.

مـــانگێکی تـــەواو بەیەکـــەوە خـــەریکی ڕاهێنـــانێ بـــوون.دوای ئـــەو ماوەیـــە ڕۆژێکییـــان حەیدەرەکورد دەستی بەسەر بایرامۆغلی داهێناو گوتی: هیوادارم خودا پشت و پەنات بێ و گوللەت جەرگی ناحەزان بدڕێ !

ئێستا ئەتۆ تفەنگچییەکی چاکی، کەس وەك تۆ نانگێوێ و تەنانەت لەمنیش ئەنگێوەتری! لەهەموو ئەو هەرێمـەی، بەدەشـت و شـاخی یـەوە کەسـم پـێ شـك نایـە دەخـۆی ڕاببـینێ کێبەرکێت دەگەڵ بکات )

( حەمەدۆك ، ب ٤ ، ل ٥١٨ ، ٥١٩ )

خوێنی تاکـەکانی نەتەوەیـەك و سـووربوون و داکـۆکی و بـەرگریکردن لەیـەکتر، دەبێتـە بەشێك لە ناسنامەی نەتەوەیی .

بەیت و ستران و لاوك و حەیران بێژی دەبنە ناسنامەی هەرە ڕەسەن و دیـارو بەرچـاوی کورد، گوندو ئاواییەکەی ئەم کوردستانە نییە کـە بەیتبێـژێك، یـا سـترانبێژێك، یـاخود لاوك بێژێکی...هتد تێدا نەبێت. بێگومان ئەوەش پەیوەستە بەسروشت و هەڵکەوتەی جوگرافیی ناوچەکەوە، سروشتی تاك و کۆمەڵگەکە و بوارە جیاجیاکانی ژیانی و بەسەرهات و ڕووداوە زۆرو زەوەندەکانی. واتە تاکی کورد بۆ گوزارشتکردن لەیارەکەی، وڵاتەکەی، نەتـەوەکـەی، قارەمانەکانی،سروشت و جوانییەکانی...هتد پەنا بۆئەم تایبەتمەندییـە میللییـە نەتەوەییـە دەبات و دڵی بەئەمە ئاو دەخواتەوە.

"ئەبداڵ زەینك"، یەکێکە نەك شارەزایی لەبەیت و لاوکبێژی هەیە، بـەڵکو هونەرمەنـدو بلیمەتە لەم بوارەدا. بابزانین یەشار کەمال ، بلیمەتی ئەم زاتەمان چۆن بۆدەسەلمێنێت .

( ئەورۆکەیش بەسەری ئاشقی کوردان، ئەبـداڵی زەیـنکم ... هێهێیـی قورینگـە بەبـەزەك و دۆزەکەکان هێهێیی چیا سەربەکڕێوە بۆران و زریانەکان!"

"بەسەری ئەبـداڵی زەیـنکم. بەهونـەرو بەهرەکـەی، هێهێیـی. کەژوکۆسـارە بەبـەفرەکان.. قورینگە بەنەقش و نیگارەکان؟"

ئاشق دەستێکی دیی لەسێتارەکەی داو ئەوجا دەستی بەسەر بووردەو گێڕانەوە کرد:

"پیاوێك ئەبداڵی زەینکی پێ دەڵێن. ئاشقێکی گەورەیە، بـەیت و لاوژە بەسـەر دارو بـەردو کێـو تـەیرو تـوارو دڕنـدەو جانەوەرانـەوە هەڵـدەدا، ئـەو وەك ئاشـقی دیکـە ناچـێ. هەرلەسبیانێڕا تا ئێـوارێ ، هـەر لـەئێوارێڕا تاسـبەینێ بـێ وچـان دەچڕێ و تـێ هەڵـدەکاو دەچریکێنێ. ئاوی ڕەوان چۆن لەڕۆیشتنی وەڕەز نابێ و نـابڕێ، گـۆتنی ئەبـداڵ زەینکـیش لەبڕان نایە، بەیت و سترانەکانی نابڕێنەوە. لەڕێگەو بانان، لەبانووئاران و چۆڵ و دەشـتان، لەبێروون ساراو هەڵەت و زوورکان، لەنێو لێڕو جەنگەڵان، لەنێو بەرەی ئینسانان، لەهـەموو شوێنێ، بێ پشوو، بێ نێوبڕ، بـەیتان دەبێـژێ، سـترانان دەڵـێ. ئینسـانی وەگـێر نەکـەوێ بەدارودرەخت، بەئاوو کانیاو، بەگوڵ و گوڵووك، بەگەزندەو مێروون هەڵدەڵێ. هەرچییەکی لەوسەردنیایە وەچەنگ کەوێ ، لاوژەی پێدا هەڵدەڵێ."

"گەلـەك دووروودرێـژ دەچـڕی. بـەیتێکی دەڵـێ، بەچـل شـەوان و چـل ڕۆژان نابڕێتـەوە. گۆرانییـەك ئەبـداڵی زەینـك دەسـتی پێکردبـێ، هەرکەسـێکی لـەپاش هـاتبێ، تاهەنووکـە نەیتوانیووە تەواوی بکا. بەیتەکانی بەکوردی دەڵێ. بەیتی کورد نابڕێتەوە. بەڵێ بەکوردیی

دەڵـێ، بـەڵام لـەتورکت، لـەعارەبت، لەعەجـەمت، لەڕوسـت، لـەئینگرێزت، هـەمووی تێـی دەگەن. ئەمە سرێکە کەس نازانێ چییە.) (ئـەودیوی چیا، زەوی ئاسـن ئاسمـان مـس، ل ١٥٩ ).

ئاشکرایە ناسنامەی نەتەوەیی لێرەدا بەدنیای هونـەرو ئـەدەب و فۆلکلـۆرو داهێنانـەوە پەیوەستکراوە ،و کەسێکی داهێنەر جا لەهەر بوارێکدا بێت ، بۆی هەیـە ببێتـە بەشـێك لـە پێکهاتەی ناسنامەی نەتەوەیی .

یەشار کەمال ، ناسنامەی نەتەوەیی کـورد دەکـات بەچـەند بەشـێکەوە لـەڕووی پـاك و پـــووختی و دڵســۆزییان. واتــە وەك گوتــەنی مەعــدەنییان هەڵدەســەنگێنێت و جیایــان دەکاتەوە. بۆنموونە لێرەدا هەست بەسێ جۆر ناسنامەی نەتەوەیی دەکەن

"ئەحمەد"، یەکێکـە لەکارەکتـەرە سـەرەکییەکانی ڕۆمانەکـە کـوڕی چیاو چۆڵ و ئـەو هەردە، و هیچ بەرژەوەندییەکی لەگەڵ پاشاو دەسـت و تاقمەکـەی نییـە، و ئـەو دەیـەوێت وەك تـاکێکی ئـازاد بـژیت بـەڵام بـەهۆی ئـەوەی لەبـەرەی دەسـەڵاتداران نییـەو لەبـەرەی میللەتە، زیندان بۆتە شوێن و جێگەو ژینگەی ئەو،بۆیە لەتێڕوانینی ڕۆماننووسەوە ناسنامە نەتەوەییەکەی ئەم شیاوی ئەوەیە ببێتە ناسنامەی سەرلەبەری نەتەوەکەی. بەگ و ئاغـا و کوێخایەکانیش ناسنامەیەکی شێواو ناجێگیریان هەیە، و دەیانەوێت جووت ناسنامە، یاخود جـووت کەسـێتییانە، دووانییانـە هەڵسـوکەوت و ڕەفتاربکـەن. ئەمـەش بـەهۆی دەسـت و لادڵێکیان لەگەڵ میللەتەکەیانـەو دەسـت و لادڵەکـەیتریان لەگـەڵ پادشـادایە ، و پادشـاش ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بەئیمپراتۆری عوسمانییـەوە بۆیـە ئەمانـە هـەم لـەناڵ دەدەن و هەمیش لەبزمار، و دڵێك دوو دڵدارن !

یەشار کەمال ، ناسنامەی نەتەوەیی سـێیەممان بـۆ ئاشـکرا دەکـات کـەخۆی لەپاشـاو خانەکان دەبینێتەوە، کەبێگومان ئەمانە خۆیان یەکلاکردۆتەوە بـۆ بەرژەوەنـدیی تەسـکی خۆیـان و بەرژەوەنـدیی داگیرکـەرو ڕەگەزپەرسـتانەی دەسـەڵاتی عوسمـانی ئەمانـە بـەس بەتەنیا وەك بڵێی بەتەسکەرە کـوردن، و ئـەوەیتر بەجەسـتەو گیـان و دڵ و دەروون سـەر بەئیمپراتۆری عوسمانین و هیچ کاروکردەوەیەکیان لێناوەشـێتەوە بۆنەتەوەکـەیانی بکـەن، وەك بڵێی دەستییان بەجەستەییان نووسـاوە، و نـاتوانن شـتێکی وابکـەن کەببێتـە مایـەی ڕەزامەندیی زۆربەی میللەتەکەیان ( بەگە کوردەکان، ناچارونابەدڵا، تکاکاریان نارد بۆتکا

لەکن خـەڵکی ئـاگری. ئەحمـەد نـەك هەرئەسـپی بـەوانیش نـەداوە، بگـرە وەڵـامێکی تـاڵی ژوقوماویی بۆناردنەوە، گوتی:

چما ئەوان نازانن ئەمە یادگارە خۆی بەپێی خۆی هاتووەتە پێش دەرگام و سێ جارانیشـم بەرهەڵـداکردووە و هەرسـێ جارەکـەش ڕێ و ڕاسـت گەڕاوەتـەوەو ئەسـپەکە بەکـەس نادرێتەوە؟ ئەمە ئەسپی من نییە، بۆخۆی هاتووە بەسەرسەری ئاگرییەوە نیشتووەتەوە.

ئەوانەی بوون بەجەگ، چۆنیان دڵ دێ و زمانیان چۆن هەڵدێتەوە داوای ئەسپی ئێمەبکەن؟ ئەوانە نەك بوون بە بەگ، بگرە بوون بەبەندەی گوێ لەمستی پاشا.

بەگـەکوردەکان بـەم قسـانەی ئەحمـەد تووڕەبـوون، لێیـان نـەگرت، گوتیـان ئاگرییـەکان هەقیانـە. بـەڵام چارناچـاربوون . پاشـا دەبـوو هەمووشـتێکی بۆوەدەسـت خسـتنەوەی ئەسپەکە ڕەچاوکردبا.

کاتێکی هیچی لەبەگە کوردەکان هەڵنەکراند. خۆی کۆك و تەیار کرد، لەشکری کـۆکردەوە، بەگەکوردەکانیشی ڕەگەڵ خۆی خسـت، چـوون بەسـەر ئاگریدابـدەن.) (ئەفسـانەی چـیای ئاگری، ل٢٣ ).

ڕۆماننووس جەخت لەسەر چەشنی ئەو ناسنامەیە دەکاتەوە کە هەریـەك لـە تاکـەکانی نەتەوەیـەك خۆیـانی پێـدەنوێنن ، و ئایـا تاچـەند ئـەم ناسـنامەیە پاکییـەتی و بێگـەردی لێدەتکێت ، نەوەك ناسنامەیەك بێت سەرلەبەری تاوان و ڕەش و پیسی بێت .

لـەك، وەك هـۆزێکی ڕەسـەنی کـورد، بەسـەر چـەند ناوچـەیەکی، یـاخود بەشـێکی کوردسـتاندا دابەشـبوون. وەك ئەدەنـە، چـقورئاوا ، کفـری ، کـەرکوك، قارەمـان،...هتـد. ڕۆماننووس ئەم هۆزەی کورد بەئازاو چاونەترس پەسەند دەکات، خودی ڕۆماننووسیش لـە ئاوایی چقورئاوا ژیانی بردۆتەسەر و لەکەکانیش لەم ئاواییە بوونییان هەیە بۆیە بەمشێوەیە باسییان دەکات.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ڕۆمـاننووس، پابەنـدە بـەبیری هۆزوتیرەگەرییـەوە، بـەڵکو ئـەم نموونەیەی بەمەبەستی ناسنامەی نەتەوەیی کـورد هێناوەتـەوە، وجیـای بکاتـەوە لـەهۆزو تیرەکانی تورك لەزاری ئەسمای دایکی حەسەنەوە لەکەکان بەخوێنەر دەناسێنێت

(بمکوژە ... کوشتن گوایە چۆن چۆنییە ... ئێوە هەموو ڕۆژێ من دەکوژن...برای ئێوە مـن نەمکوشـت،عەباس کوشـتی... بـڕۆن تۆڵـەی براکـەتان لـەبرای عـەباس و خزمـانی

بکەنەوە... تۆڵەی براکەتان لەمن دەسێنن وانییە؟ ئێوە لە(لەکەکان)دەترسن، من براکەتانم نەکوشتووە، عەباس بکوژی برای ئێوەیە، سەرەڕای ئەوەی وای کرد کە ژنەکەشی ڕابکات و هەڵبێ ... بڕۆن هەقەکەی لەکەسوکارەکەی بکەنـەوەو نامووسـەکەتانی پـێ پـاك بکەنـەوە ...) (مارەکەیان بکوشتایە، ل٢٧)

ناســنامەی نەتەوەیی،پەیوەســتکراوە بــەکۆڕو کۆمەڵەیــەکی خــەڵك، یــاخود گ روپ و دەستەیەکی دیاریکراو لە نەتەوەکە .

ئەســتەنبۆڵی ئەوکاتــە ، واتــە ســەرەتای ســەدەی ڕابــردوو ، دەبێتــە ناوەنــدێك بۆگردبوونەوەی کوردەکان ، بەتایبەتیش کوردەکۆڵهەڵگرەکانی ئەستەنبۆڵ ، کـە گـرنگ و پڕپایەخییان دیوە لەپشتگیریکردنی کوردانی ڕۆشنبیرو نەتـەوە ویسـت لەهـەمان ناوەنـددا. هەروەها ڕۆماننووس ئەوکوردانە بەعاشقی مەل وەسف دەکات، ئەمەش لەڕوانگەی ئـەوەی کوردەکـانیش وەك مـەل و باڵنـدەکان کۆچیان کـردووە، خـەڵکێکی بەبـەزەیی و دڵنـەرم و سـادەو سـاکارن . ناسـنامەی نەتـەوەیی بەچـینێکی دیـاریکراوی کۆمەڵگـەو دیاردەیـەکی سروشت گرێدراوە .

( هەربۆیە باڵندەکان کۆچییان کرد...

لەگەڵ کۆچی باڵندەکانیشدا..

"لەوانەیە لەپێش کارگەکاندا کاتێ کرێکارەکان دەست لەکار هەڵدەگرن ... یـاخود کـوردە کۆڵهەڵگرەکانی بازاڕی سەبزە ... کوردەکان زمان نازانن، بەڵام عاشقی مەلن...".

کـێ دەزانـێ لەوانەیـە لەشـوێنێکدا، لەپـەناو قوژبنێکـدا خـەڵکی دڵنـەرم و بەبـەزەیی مـالن باڵندەبکرێن و ئازادی بکەن. کێ دەزانێ نابێ نەبێت ...).

( باڵندەکانیش کۆچیان کرد، ل ٦٠)

ڕۆمانی "گەمییەکەی نووح"، سیخناخ بووە لەوێنەی تاکی کوردو خاکەکـەی چیای ئـاگری داغ، شارەکانی بایەزیدو عەنتاب و دیاربەکر و مووش ... هتد

چیای ئاگری داغ، قەڵای کەڤرۆ، شارەکانی وان، ماردین، بایەزید، عەنتاب، ... هتد.

کـە ڕووداوو بەسـەرهاتەکانی ئـەم ڕۆمانـە لـەم شـوێنانەی کـە ئاماژەمـان پێـدان دەخولێنەوە، و ڕۆماننووس شارەزاییەکی بێوێنـەی هەیـە لـەبارەی هەریەکەیانـەوە ، بۆیـە

کاتێك باسی شارێك ، یاگوندێك، یاخود چیاو ئەشکەوتێك دەکات، خوێنەر واهەست دەکات کوڕی ئەوشوێنەیەو بەموو هەنگاوی نەناوە بۆشوێنیتر.

بۆنموونە وێنەی پیرەمێردێکی کوردی ڕەش و ڕووتمان ئاوا پیشان دەدات سەرەڕای هەژاری و بەتەمەنییەکەی، بەڵام بەڕوویەکی سادەو خۆش لەبەرامبەرەکەی دەڕوانێت، و ئامادەیە بۆئەوەی میوانداری بکات، ئەمەش ئەو وتە کوردیەمان دێنێتەوە یاد کەدەڵێت: (میوان عەزیزو خۆشەویستەو قەدری لەسەرچاوانە).واتە ناسنامەی نەتەوەیی پەیوەستە بەژیانی کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی مامەڵەو هەڵسو کەوتیان .

(پیرەمێردەکە شتێکی ئەستووری جەواڵ ئاسای کۆنی شیتاڵەوەبووی دەسکردی بەشەڕواڵ کردبوو، پێڵاوەکەی پارچە لاستیکی تایەی ئۆتۆمبێل بوو، بەپەت لەقاچی گرێدابوون، هەردووتاکەکەش لەژێرەوە کونیان تێکەوتبوو، پەنجەکانی بەدەرەوەبوون، نینۆکی درێژوقرێش، ڕووی وەك خۆر برژاندبێتی وابوو، بەڵام لە ڕوومەتیدا دۆستایەتی و خۆشەویستی دەباری ... دوواجار هات و بەتەنیشتمەوەدانیشت
بەکوردی دەستی پێکرد:
"بەخێربێن.. فەڕتان هێنا، میوان جێگای سەرسەروچاوانە." ) (گەمییەکەی نووح، ل ٤١،٤٠)

کاتێك لەتورکیادا، جلوبەرگی کوردی قەدەغە دەکرێت، بڕیاری ئەوەش دەردەچێت کەپێویستە لەباتی جامانەبەستن، خەڵکی شەپقەوکاسکێت لەسەربکات، بەڵام کوردەکان ئەم بڕیارە بەهەند هەڵناگرن و ڕەتیدەکەنەوە. دیارە بڕیارێکی لەمشێوەیەش بەمەبەستی شێواندن و سڕینەوەی ناسنامەیە. ڕۆماننووسیش بەمشێوەیە باسی ماردینییەکان دەکات و دەڵێت:

( ئەوپیاوە بەساڵاچوانە شتاقیان شەپقە لەسەرنانێن، پارچە قوماشێکی زەرد دەپێچن بەبازاڕەکاندا دێن و دەچن. کەس ناپرسێ ئەوە چییە بەسەرتانەوە. لێپرسراوانیش یاسای شەپقە لەسەرکردنیان لەبیرچۆتەوە... ئەمانیش هەرفێری ئەوەی خۆیان بوون..)((گەمییەکەی نووح، ل٨٤،٨٣))

بەهۆی سووربوونی کوردەکان لەسەر کەلەپوورو کولتوورییان، وایکردووە لێپرسراوانی حکوومەت چیتر لە جل و بەرگی نەتەوەییان نەپێچنەوە .

یەشار کەمال ، لەڕۆمانی "بڕوانە فورات خوێناویە" لەزۆربەی لاپەڕەکاندا جەخت لەناسنامەی ئێزدییەکان دەکاتەوە کە ئەوانیش هەلگری بیرو وتەو کرداری چاکن، و بەدرێژایی مێژوو ستەمیانلێکراوە لەلایەن زۆربەی دوژمنانی کوردەوە. واتە چۆن کوردەکانیتر سەر بەڕێبازی جیاجیای ئایینن و لەژێر ساباتی یەك ناسنامەی نەتەوەییدا کۆبوونەتەوە، بوونەتە قوربانی سیاسەتی چەوسێنەرانەو ستەمکارانەی دوژمنانییان، ئەوە ئاواش کوردەکانی ئێزیدیین ڕووبەڕووی ئەم سیاسەت و ڕەوشە ترسناکە بوونەتەوە، و چارەنووسییان لەکوردەکانیتر خراپتر نەبووبێت باشتر نەبوو .

سەرەڕای ئەمانەش ڕۆماننووس جەخت لەوە دەکاتەوە کەبەشێك لە کوردەکان بەفیتی دوژمنانی کورد هەڵخەڵەتاون و دەستییان بەخوێنی هاونەتەوەکانییان سووربووە.بەڵێ ئەم کارەساتانەی کەبەسەر ئێزدییەکاندا هاتووە بەتەواوی لەم گفتوگۆیەی نێوان هەردوو کارەکتەری دەقەکە (پۆیزار موسا) و (میر) بەتەواوی بەرجەستە دەبێت و ناسنامەی نەتەوەییش بە ئایین و ئایینزای جیاجیاوە بەستراوەتەوە .

(پۆیزار، زەندەقی لەوە چووبوو نەکا میر هۆی کوشتن و تاڵانکردنی ئەوان بپرسێ، میریش زۆر پرسیاری لێدەکرد، لەبارەی دایك و باوکی پرسیاریدەکرد، لەبارەی گوند و شارۆچکەکەی، ژیانیان، ساری قامیش، ئەنوەرپاشا، حافیزپاشا کەبووە خۆراکی ئەسپێیان، لەبارەی هەموو شتێك پرسیاری لێدەکرد، بەڵام بەهیچ شێوەیەك نەیدەتوانی سەبارەت بە پەلاماری سەر کۆچنشینەکان و کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان بەدەستی سەربازانی ڕاکردوو ، کورد، تورك، عارەبەکانەوە شتێکی لێبپرسێ. کاتێك کەباسی کوشتن و بڕی ئێزدیەکانی دەکرد، چاوە مامزی و خەماوییەکانی کەم کەم دەکەوتنە سەریەك، لەگەڵ ئازاردا دەلەرزی، تائەودەمەی دەنگی دەنووسا بەحاڵەتی نیوە هوشیارییەوە قسەیدەکرد ) (بڕوانە فورات خوێناویە، ل ٤٠٨ )

( دووای چەندین مانگ گەڕان و سۆراغکردنییان لەچیاکانی شنگال و ئارارات و سوبحان دۆزیمنەوە. چەندساڵ لەسەر چیاکان لەگەڵیاندا مامەوە. ئەوانە کوردن. زمانەکەیان زۆر دەوڵەمەندە. زمانەکەیان زۆر گەرم و گوڕو دۆستانەبوو. من ئەو زمانەم دەزانی.. لەسەر ئەوچیایانە، گەرمی و گوڕو تینێکی خۆرسك و تروسکایی دڵی مرۆڤ و عەشقی ئاشکرا و ڕاستەقینەی ئادەمیزادم بینی) ( بڕوانە فورات خوێناویە، ل ٤١٢ )

ناسنامەی نەتەوەیی گوزارشتە لە شوێن و زمان و سروشتی تاکەکانی نەتەوەیەك .

کورد، لەشاری ئەستەنبۆڵی تورکیادا ، بەشێکی ڕێژەی دانیشتوانی شارەکە پێکدێنن ، یەشـار کـەمال کاتێـك ڕووداوو بەسـەرهاتێکی ئەوشـارە دەگێڕێتـەوە کـەم حاڵـەت هەیـە، کارەکتەرێکی کورد ڕۆڵی تێدا نەگێڕابێت و بـوون و ناسـنامەی خـۆی نەسـەلماندبێت. واتـە ئەگەر کوردەکانی باکوور لەگوندو، ناوچەو دەڤەرە کوردییـەکان سـەرگەردان و پەڕاگەنـدە دەکرێن، ئەوا سەرلەنوێ لەشـارێکی گـەورەی وەك ئەسـتەنبۆڵ دەگیرسـێنەوەو درێـژە بـە بەردەوامییان دەدەن وەك ئەو دوو کوردە ماسیگرە نیشانشـکێنەو پۆلیسـە ڕێـك و پێکـەی شاری ئەستەنبۆڵ(سەرخۆشێك خۆی لەئاستی قەراغ پردەکە چەسپ کردووە هەردوو قۆڵی، وەك بـاڵی مـەل بەیەکـدا دەداو لیـك بـە ڕیشـە زەردباوەکەیـدا دێتـە خـوارێ، یـەکێ لەگۆرانییەکانی ئەستەمووڵ دەڵێ، شکایەتی حاڵی خۆی دەردەبڕێ... هەموو ڕۆژێـك ئەمـە کاروکردەوەیـەتی... پۆلیسـە کـوردە ڕێـك و پێکەکـەی پردەکـە نـەجاتی ئورخـەلی، هـەر لەبـەردەم قەرەقولـەوە تـا قـیر ڕێژەکـەی قـەرەکوی، لـەو پێشـە تـا چـایخانەی پردەکـە هاگ٢تووە و وەکو ڕۆژانی تری لەوێ ڕاوەستاوە ...) ( دەریا تۆرا، ل ١٥٣).

## تەوەری دووەم: ڕەنگدانەوەی ناسیۆنالیزم لە ڕۆمانەکانی( یەشار کەمال )دا

یەکە بەیەکەی تاکەکانی نەتەوە،هەر زوو لە بوون و ناسنامەی خۆی دەپێچێتەوەو ئـەو بوون و ناسنامەیەشی لە ناسیۆنالیزمەوە چنگ دەکەوێت . ناسیۆنالیزم ، بابەتێك نییـە لـە بۆشاییی و نەبوونەوە هەوڵ و تەقەڵلای بۆ بدرێت ، بـەڵکو هاوکاتـە لەگـەڵ ژیـانی منـداڵیی تاکێك ، زمانپرژانی ، وتوانەوەی لە کولتوور ، و زانینی ئایین و ناسینی دەوروبەری... هتد. ( واتە ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی سروشتییە و ڕەگی بە مۆخی تاکەکانی نەتـەوە ڕۆچـووە . بۆیە ( ناسیۆنالیزم ) بەمانا گشتییەکەی ، دیاردەیەکی سروشتی و ئاساییە چـونکە مـرۆڤ ، هەر لەکۆنەوە بیستوویەتی و دەیەوێت لەگەڵ ئەو کەسانەدا تێکەڵاوی و پێوەندی هاوبەشی هەبێت ، کە لەزمانیان تێدەگات ، هەستدەکات کە کولتوورێکی هاوبـەش یـان مێژوویـیەکی هاوبەش و کۆمەڵە ئامانجێکی هاوبەشی لەگەڵیاندا هەیە.)(سابیر،٢٠٠٨،ل١٥ ). ناسیۆنالیزم ویست و حەز و هۆشیاریی تاکی نەتەوەیـە، بـۆ توانـەوەو مانـەوەو کۆشـش و کـارکردن لـە پێنـــاو هەســـت و زمـــان و کـــەلتوور و مێـــژوو و نیشـــتمان و چـــارەنووس و ئامانجـــە هاوبەشەکان،بێگومان هەموو ئەمانەش بە مەبەستی بەردەوامبوون و بڕەودان بە نەتەوە لە بازنــەی فراوانــی ململانــێ و بەریەککــەوتنی نێونەتــەوەیی ، چــەمکی ناسـیۆنالیزم وەك چـەمکێکی فـراوان و فـرە ئایـدیا ، ئاوێتـەی هـەردوو چـەمکی دەوڵـەت و نەتەوەیـە وەك ئاڵقەکانی زنجیرەیەك بەیەکەوە بەستراون ، و هـەم سـنوورییان جیایـەو هـەمیش سـنووری یەکدی دەبەزێنن. (ناسیۆنالیزم لە ڕەوشی مێژوویی خۆیدا بەدوو شـێوەی سـەرەکی خـۆی دەرخستووە ، لـە حاڵـەتی یەکـەمیان دەوڵـەت نەتـەوە دروسـتدەکات ، بـەڵام لـە حاڵـەتی دووەمیاندا کە پێچەوانەی حاڵەتی پێشووە ، نەتەوە دەوڵـەت دروسـتدەکات.) س.پ:ل٩)، ئەوەی سەرنجی ئێمە دەدات، حاڵەتی دووەمیانـە نکـۆڵی لەمـە ناکرێـت کـورد ، ئـەزموونی لەگەڵ ئەم حاڵەتەدایە. نەتەوەیەکی گەورەو فـرە ئامـادەبوونی هەیـە، کەچـی دەوڵـەتێکی بچووکیش ئامادەو بوونی نییـە . لێـرەوە دەبێـت گوتـاری ناسـیۆنالیزمی کـوردی ئاڕاسـتە بکرێت لە خزمەت بەرژەوەندیی دەوڵەتی کوردی ، گوتارێکی کاریگەریی ئاوا بێـت دەنـگ و ڕەنگە جیاوازەکان، یەکبخات و پارچەکانی خاکی کورد بچنەوە پاڵ یەکترو سـەریەکتر. بـۆ ئەوەی ئێمەش مـافی حـوکمڕانی خۆمـان هـەبێت و هـەرخۆشمان بڕیـاری مـافی چارەنووسـی

خۆمـان بـدەین.واتـە سـەرتاپای مافـەکانمان بسـێنین و لەچوارچـێوەی حوکمەڕانیـەتێکی دادپەروەرانەدا بەرجەستەیان بکـەین. ناسـیۆنالیزمی هەربـەش و ناوچـەیەك لـەم جیهانـە ، خەسـڵەت و خـاڵی جیـا جیـای خـۆی هەیـە و دەکرێـت کۆمەڵـە هۆکـارێکیش هـەبێت بـۆ چەکەرەکردن و پێگەیشتنی . بەڵێ (ناسیۆنالیزم لە کوردستان ، بەتایبەتمەندیی خۆیەوە ، وەك کاردانەوەیەك لە بەرامبەر هەڕەشەو پـەلاماری ناسـیۆنالیزمی دراوسێدا،ناسـیۆنالیزمی تورك ، فارس ، عەرەب، دەرکەوتووە.) (س،پ:ل١١). ناسـیۆنالیزمی کـورد، دوور و نزیـك کەوتۆتە ژێرکاریگەریی چـەند هۆکـارێکی خـودی و بابەتییـەوە، بـۆ نموونـە بەدیارکـەوتنی ناسیۆنالیزمی تورك و فارس و عـەرەب ، بـەهۆکارێکی بابـەتی دادەنرێـت بـۆ سـەرهەڵدان و بەدیارکەوتنی ناسیۆنالیزمی کوردی، چۆن ناسیۆنالیزمێك ؟ کە ئەرکی بەرگریکردن بێت لـە سەروەرییەکانی کورد، لەهەمبەر چاولێسوورکردنەوە تاکڕەوی ناسیۆنالیزمە داگیرکارەکانی دیـارو چـاوەڕێکراوە، جەختکردنـەوە بەشـێوەیەکی زێـدەڕۆیی لـە ناسـیۆنالیزم، بـیری توندوتیژی و دەمارگیری و دیکتاتۆری و داگیرکاری دێنێتە ئاراوە ، کە دەبێتە زەمینەیەکی نالەبار و شێواو بۆ ناسیۆنالیزمی تر. وەك لەبەر چاوە وڵاتانی دراوسـێ و تەنانـەت وڵاتـانی زلهێـزیش مەترسـییەکی ترسـناکن لـە ئاسـت ناسـیۆنالیزمی کـورد و لەکـەدارکردنی. ناسیۆنالیزمی کورد بەبەراورد لەگەڵ ناسیۆنالیزمی تورك ، فـارس ، عـەرەب ، دەرفـەتێکی وای بۆ نەڕەخساوە، گریمان لێرەو لەوێ چەند دەرفەتێکیشی بۆ ڕەخسـابێت ، ئـەوانی دی هەوڵی جددییان داوە بـۆ لـەباردنی. ئەگـەر هەرسـێ ناسـیۆنالیزم لـە نێـوان یـەکیان تـەواو جیاواز بن و ململانێی یەکتریش بکەن،بەڵام کاتێك ناسیۆنالیزمی کورد دێتـە ئـاراوە ، خاڵـە جیاوازو ناکۆکەکان بەلاوە دەنێن بۆ لێدانی ناسـیۆنالیزمی کـورد. بۆیـە دەتـوانین بڵـێین ( ناسیۆنالیزمی کورد،بەپێچەوانەی ناسیۆنالیزمی تورك، فارس، عەرەب دەرفەتی ئـەوەی بـۆ نەڕەخساوە پڕۆژەی ناسیۆنالیستی خۆی لـە بـیرو ئایـدیاوە بگۆڕێـت بـۆ واقیـع ، لـەجیاتی ئەوە دەوڵەتە ئیمپرالییە سەرکەوتووەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی وڵاتەکەیان دابەشکرد. ) (س.پ:ل٣٦ ). بەدبـەختی ناسـیۆنالیزمی کـورد لەوەدایـە هێشـتا پێینەناوەتـە قۆنـاغی کـامڵبوون و زیـاتر لـە چوارچـێوەی بـیرو ئایـدیاو دەنـگ هـەڵبڕین و دروشمسـازاندن و بەرزکردنەوەی ئاڵاو دامەزرانـدنی چـەند گـروپ و ناوەنـدێك بـۆ داکـۆکی لـە ناسـیۆنالیزمی کوردو....هتـد.واتـە ناسـیۆنالیزمی کـورد هـەنگاوی گـەورەی پراکتیکی نـەناوەو نەچۆتە

حاڵـەتی جێگیریـی و بەختەوەرییـەوە.ئەگـەر تـادوێنێ کـەوتبووە ژێـر داگیرکـاری هـەردوو ناسیۆنالیزمی تورك و فارسەوە، نەتەوەو وڵاتەکـەیان لەسـەردەمی میرنشـینییەکان بەسـەر دووبەرەدا دابەشکردبێت، ئەوا لەسەردەمی ئەمڕۆدا نەتەوەو وڵاتەکە کراوەتە چوار بەشـی جیاجیـاو لەهەمانکاتیشـدا ناسـیۆنالیزمی عـەرەبیش بۆتـە هەڕەشـەیەك لـەپاڵ دوو ناسـیۆنالیزمە کۆنەکـەی تـردا، چـونکە دەبیـنین ناسـیۆنالیزمی عـەرەب دوو پارچـەی کوردسـتانی داگیرکـردووە ، و ناسـیۆنالیزمی تـورك و فارسـیش هەریەکـەیان پارچـەیەکی کوردستانیان داگیرکردووە ، لێرەدا ناسیۆنالیزمی کورد کەوتۆتە نێوان چەند بەرداشێکەوە. سەرباری ئەمانـەش ئـەوەی ناسـیۆنالیزمی کـورد ، تـەواو جیادەکاتـەوە لـە ناسـیۆنالیزمی نەتـەوەکانی تـر کـە ئەوەیـە ناسـیۆنالیزمێکی نـەرم و گفتوگـۆ ئـامێزە، دوورە لـە زمـانی هەڕەشەو شەڕانگێزی و بەرەنگاربوونەوە.مەبەستی ناسیۆنالیزمی کورد (وەك ناسیۆنالیزمی نەتەوەیەکی ژێردەست و وڵاتـداگیرکراو نـاوەڕۆکێکی ڕزگاریخوازانـەی هەیـە.) (س.پ:ل٩)، واتــە ناســیۆنالیزمێکە دەیــەوێت گیانەکــەی بــەداوای ڕەوا، ئــازادی و ڕزگــاریخوازی زیندووبێتەوەو ، و بەرۆکیلە ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی سەردەست و داگیرکار ببێتەوە ، و ئیتر بەسەربەخۆیی ببوژێتەوە ، خۆی سەردارو قەڵەم بەدەست بێت و خـاوەن ئیرادەیـەکی بەهێز و تۆکمە بێت.

ئایین وەك توخمێکی سەرەکی و هەمیشەیی ، بەردەوام بـوونی هەیـە لـە بـیر و ڕووحـی نەتەوە و تاکەکانی دا،کاریان تێدەکات و ئاڕاستەیان دەکـات بـۆ لایەنـە چاکەکانی ژیـان ، هەروەها ڕۆڵێکی دیـاری هەیـە لـە یـەکگوتاری ناسـیۆنالیزم و دەوڵەمەنـدکردنی کـەلتووری نەتەوەییدا ، بەڵام بە مەرجێك هەموو تاکەکانی نەتەوە خۆیان بەخاوەنی ئەو ئایینە بزانن ، ڕێزی پیرۆزییەکانی بگرن و بەهیچ شێوەیەك تخووبی نەبەزێنن( هەر خودی ئایینە ڕێزو نرخ بۆ مرۆڤەکان دادەنێت لەچوارچێوەی کۆمـەڵێك بنـەماو دەسـتوورکۆیاندەکاتەوە.سـەبارەت بەنەتەوەی کوردیش لەبەرئەوەی زۆربەی خەڵکی کوردستان موسوڵمانن، کولتووری کـورد، لە زۆر ڕووەوە ڕەنگی ئـایینی ئیسـلامی گرتووە،ژیـانی کۆمەڵایـەتی،تێڕوانین و پرینسـپ و بەها کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییـەکانی زۆربـەی خـەڵکی کوردسـتان ، کـەم تـا زۆر کاریگـەریی ئیسلامییان لەسەرە.هەروا لەبەرئەوەی ناوەندە ئاینییـەکان بەدرێـژایی سـەدان سـاڵ تاکـە سەرچـاوەی زانیـاری و بەرهــەمهێنانی ئیپسـتیمۆلۆجیا مەعریفـەبوون لـە کوردسـتان.)

(س.پ:ل١٣٣ ).کـورد، لـەپاڵ هەسـتە نەتەوایەتییەکـەی، هەسـتی بـۆ ئـاییىنی ئیسـلام و ئیسلامەتی جوڵاوە ، چونکە بەبێ دوودڵی درکی بەوە کردووە ڕۆژێـك لـە ڕۆژان مزگـەوت و تەکیـە و خانەقایـەکان لەگـەڵ ئـەوەی شـوێنی پەرسـتنی خـودان، لەگـەڵ ئەوەشـدا تاکـە سەرچاوەی ئیلهامبەخشی زانست و زانیاری مەعریفەن،بۆ لەپێوەستان و پێگەیاندنی تـاکی کـورد . ئاوڕدانـەوە لـە ڕابـردووی مێـژووی نەتـەوەی کـورد و بەڵگـەی ڕاسـتی قسـەکانن، هەروەها زۆربـەی زۆری شـاعیرو ڕووناکبیرو هـەڵگرانی بـیری ناسیۆنالیسـت و سـەرکردەی شۆڕشـە یـەك لـە دووای یەکـەکانی کـورد دەرچـووی قوتابخانـەی مزگـەوت و تەکیـە و خانەقایەکانن.جا گرنگ نییە چەند و چۆن بن گرنگ ئەوەیە حاڵەتەکە بوونی هەبووە و بۆتە واقیعێك نابێت بەنەنگی و کـەموکورتی لێیـبڕوانین و خوێندنـەوەی بـۆ بکـەین و تێیبگـەین، بەڵکو حاڵەتەکە بۆ لایەنی چاکەو بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورددا شکاوەتەوە. دەی ئەگـەر وانییە با وازی لێبێنین و بـۆ ئـایین و ئـاینزای تـر بگـەڕێین ، بـەڵکو هێنـدەیتر خزمـەتی بـە ناسیۆنالیزمی کورد و کەلەپوورەکەی کردبێت و بۆ یەکجارەکی مـافی چـارەی خۆنووسـین و بڕیاردانی بۆ کورد دەردەست کردبێت . ئەوا سەبارەت بەڕابردوو، ئەی لەئێستاو داهـاتوودا ، لەقازانجی نەتەوەی کورددا نییە بـەدووای جێگرەوەیـەکیتردا بگـەڕێت ! ( ڕەنگـە ئەگـەر ئێستا پەیامی ڕۆحی ئیسلام لە کـورد بکرێتـەوە،کورد ببێتـە ئافریدەبوویـەکی سـەیری بـێ ڕەگ و ڕیشە و بێ بنەما، جیاکردنەوەی کورد لە ئیسلام مانای ڕەخسـاندنی زەمینەیـە بـۆ ئـەوەی کەسـێتی کـورد تێکبشـکێندرێتەوەو هـیچ سـیمایەکی نەتـەوەیی نـەمێنێت) (قەرەداغی،٢٠٠١ ،ل٣٨٣). ئەمە ئەوەمان بـۆ ڕووندەکاتـەوە چ لـەڕابردوو ، چ لەئێسـتادا ، یاخود لەداهاتوودا ، نەتەوەو تاکەکانی هەر نەتەوەیەك ناتوانن حاشا لە ئایینەکەیان بکـەن و فەرامۆشی بکەن. ڕاستە نەتەوە و ئایین چەمکی تـەواو جیـان لـە یـەکتر، بـەڵام دەکرێـت یەکێك بۆ ئەویتریان ببێتە کۆڵەگەیەکی سـەرەکی . بزاڤـی ناسـیۆنالیزمی کـوردیش ، بـەبێ بوونی ئیسلام ناتوانێت ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بە ڕێکـوپێکی بسـەنێت و بچەسـپێنێت . گریمان حاشا لە ئیسلامبوونی خۆمان بکەین، چی ئایینێکیتر هەڵبژێرین ؟ ئەوە ئایینیشمان گـۆڕا ئـەدی وەکـو نەتـەوەی کـورد هـەر حسـێبی ڕۆژهـەڵاتیمان بۆناکرێـت و لەبـەرەی ڕۆژهەڵاتیـدانین ؟ بۆیـە پێویسـتە چ نەتـەوەو چ ئـایین و بێگومـان دوواتـر کولتووریشـی لێدەکەوێتەوە لەخزمەت دۆزی ڕەوای نەتەوەی خۆمان بەکاریان بێنین ، ببنە هۆکارێك بـۆ

خولْقاندنی کەسێتی کوردیی و ناسنامەی نەتەوایەتییەکـەی نـەوەك حاشـاکردن لـە ئـایین و تێکشکاندنی کەسێتی و ونبوونی ناسنامەی نەتەوەییمان.

پرســی ناســیۆنالیزم، لــە نەتەوەیەکــەوە بــۆ نەتەوەیــەکیتر بایــەخ و گرینگییەکــەی خوێندنەوەی هەمەچەشنەی بۆ دەکرێت زۆربەی نەتەوەکان هەر لە پێشەوە ئـەم پرسـەیان یەکلا کردۆتەوە ئەویش بەهۆی دەوڵەتی دامەزراوەییەوە.بەو پێودانە (ناسیۆنالیزمی کوردی و لێکدانەوەی لایەنە سیاسیی و کۆمەڵایەتی و فیکری و کلتورییەکانی بـۆ نەتەوەیـەکی بـێ دەوڵەتی ژێر ستەم و نیشتمان داگیرکـراوی وەکـو کورد،نـەك هـەر نـرخ و بایـەخی مێـژویی گەورەی هەیە، بەڵکو ئەوەشمان بۆ ڕووندەکاتەوە ئەم بزاوتـەی ناسـیۆنالیزمی کـورد تـا چ ئاستێك لە ژێر هەڕەشەو پەلاماردان بووەو لـە بەرامبـەر سیاسـەتی سـڕینەوەی ناسـنامەدا ڕۆڵێکی لەبەزینـدووڕاگرتنی شـوناس و کولتـووری نەتـەوەیی کـورددا بینیـوە.) (ئەسـوەد، ٢٠٠٦،ل١٩٦).

ناسـیۆنالیزم لای بەشـێك لـە نەتـەوەکانی سـەر ئـەم زەمینـە تاڕادەیـەك کالْبۆتـەوە و بڕاوەتەوە،بۆیە داوای خواستی سەرووی ناسیۆنالیزم دەکـەن و خەیاڵدانیان ئـەم پرسـەی تێپەڕانـدووە، بـەڵام ئـەوەی پێوەنـدی بـە ناسـیۆنالیزمی کوردییـەوە هـەبێت فـرە ئـەرك و مانـادارەو پـەیکی هـەموو پرسـە نەتەوەییەکانـە لەهـەموو سـەردەمەکاندا بـەبێجیاوازی . ناسیۆنالیزمی کورد چ لـەدەرەوە چ لـە نـاوەوەی وڵـات بێـت بـەپێی توانـا زۆربـەی ئەرکـە نەتەوەییەکانی ڕاییکردووە. ناسیۆنالیزمێکی میانڕەوانەیە ، خاوەن ئاکار و هەڵسوکەوتێکی مرۆڤانەی گیانی کوردەوارییەو هـیچ ڕەفتـارێکی خراپـەکاری لێناوەشـێتەوەو گەنـدەخۆر و شەرمەزاری هیچ ناسیۆنالیزمێکیتر نییە بۆیە کازیوەی ناسیۆنالیزمی کوردی هەموو لایەن و بیاڤەکانی کۆمەڵگەی کوردی ڕۆشنکردۆتەوە و ئاوەدانیکردوونەتەوە.

ئەوەی تایبەتە بە سەرەتا و سەرهەڵدانی بـیری ناسـیۆنالیزمی کـوردی. دیدوبۆچـوون و بیروڕای تەواو جیاواز لەئارادایەو هەریەکێك شوێنکاتی ئەم بـیرە بۆخـۆی بەچەشـنێك ڕاڤـە دەکات . هەندێك لایانوایە بیری ناسـیۆنالیزمی کـوردی لەوکاتـەوە دەسـتپێدەکات کـە بابـا تایەری هەمەدانی هۆنراوەی پێهۆنیوەتەوە. هەندێکیتر دەڵێن پەخشانەکانی شێخ حسـێنی قــازی ســەرەتای ناســیۆنالیزمی کوردییە،کۆمــەڵێکیتریش بــیری ناســیۆنالیزمی کــوردی دەگەڕێننەوە بۆ مەم و زینەکەی ئەحمـەدی خـانی و ئـەم بەداهێنـەری دەزانـن . ئەوەشـی

دەمێنێتـەوە حـاجی قـادری کـۆیی بەهـەڵگری بەیـداخی بـیری ناسـیۆنالیزمی کـوردیی دادەنێن،بەڵام بە ڕوون و ئاشکرایی دیارە هزری ناسیۆنالیزم زۆر لەوە فـراوانترەو زۆر لـەوە زیاتر هەڵدەگرێت زۆر لەمـە ئـەرکی قورسـترە کەشـاعیرێك یـان نووسـەرێك پـەنا بـۆ زمانـە نەتەوەییەکەی بەرێت هۆنراوەی پێبهۆنێتەوە، ڕاستە ئەمە بنەمایەکە لە بنەمایەکانی هزری ناسیۆنالیزم بەڵام ئەمە کرۆکی بابەتەکە نییە .

ژێدەرێکی زۆر ئاماژە بەوە دەکەن، کە سەرەتای دەرکەوتنی چەمکی ناسـیۆنالیزم، کـە مانایەکەی نزیك بێت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ، سەرکەوتنی مەزنی شۆڕشی فرەنسی بوو بـە سەرکردایەتیی خودی تاکەکانی نەتەوەی فرەنسی،دوواتر هـەنگاو بەهـەنگاو نەتـەوەکانیتر شـوێنپێیان هـەڵگرتن، ڕاسـتە لـەناو ئەوروپییەکانیشـدا ، هەنـدێك دیـدو بۆچـوون و بـیروڕا سەرەتای ئەم هـزرەی ناسـیۆنالیزم دەگەڕێننـەوە بـۆ ئـەو سـەردەمەی کـە یەکەبەیەکـەی نەتـەوەکانی ئـەوروپا زمـانی لاتینیـی و دەسـەڵاتی کڵێسـە تـووڕ دەدەن و بـۆ ئاخـاوتن و نووسین پەنا بۆ زمانی نەتەوەیی خۆیان دەبەن ، با لـەوە زیـاتر دوور نـەڕۆین بگەڕێینـەوە سـەر ناسـیۆنالیزمی کـوردی و بـزانین لەکـەی؟ و لـەکویێ؟ سـەریهەڵداو بـۆ ئەمـە دەڵـێین؟ (ناسـیۆنالیزم بەچـەمکی ئـەمڕۆی نـەبوو و کوردەکـانیش خۆیـان بـە میللـەتێکی جیـاواز نەدەزانی، بەڵام لە ساڵی هەزارو هەشتسەدو سیی کاتێك کە یـەکێك لـە ڕێبـەرانی بەشـێکی کورد بەناوی بەدرخان تورکەکانی لە ناوچە کوردنشینەکان کردە دەرەوەو خۆی ئەگەرچـی بۆماوەیەکی کەم حکومەتێکی دروستکرد.ناسیۆنالیزمی کـوردیش لـەدایك بـوو و بەدرێـژایی جەنگی یەکەمی جیهانیش سـەید تـەهای شـەمدینان کـە ڕێبـەرێکی ئـایینی بـوو ، درێـژەی بەڕێگای بەدرخاندا)(ڕۆزفێلت،٢٠٠٣،ل١٢ )، وەنـەبێت پـێش ئـەو مێـژووە نەتـەوەی کـورد، شۆڕشی هەڵنەگیرساندبێت و ڕاپەڕینی بەرپانەکردبێت و هـەوڵی دروسـتبوونی قەوارەیـەکی سـەربەخۆی لـەم چەشـنەی نـەدابێت. بـەڵکو بەپێچـەوانەوە بەدرێـژایی مێـژوو کـورد وەك نەتەوەیەکی ستەمدیدە خەریکی شۆڕش و ڕاپـەڕین و هـەوڵی دامەزرانـدنی دەوڵـەتی داوە، بەڵام جێگەی داخە هیچ ئاکامێکی ئەوتۆی نـەبووەو لەلایـەن داگیرکـاران و ناحەزانـەوە بـە ئـاگرو ئاسـن کپکراونەتـەوە و خپیـانکردوون . لـەکۆتایش نـەتوانراوە بیرێکـی تۆکمـەی ناسیۆنالیزمی کوردیی لەسەر بنیاتبنرێت و بەڵام ناسیۆنالیزم لەم قۆناغە بەدوواوە واتە لـە ساڵی (١٨٣٠) یەوە دەچێتە قۆناغێکیترەوە.تایبەتمەنـدی ئـەم قۆناغـەش لەوەدایـە گیـانی

جیاخوازی و سەربەخۆ خوازی لای کورد گەشەدەکات و چیتر ئارەزوو ناکات سـەر بەئـەم و ئەو بێت .

تایبەتمەندییەکیتری ئەم قۆناغە لەوەدایە کە بیری ناسـیۆنالیزمی کـوردیی هەڵـدەزنێت ، هەر لەچوارچێوەی ڕاپەڕین و بزووتنەوەی چەکداری قەتیسـنەکرابوو ، بـەڵکو دامەزرانـدنی چەندین کۆڕو کۆمەڵەو بزاڤی گەنجان و ڕۆشنبیران و نەتەوەخوازان دەبێتـە خـاڵێکی هـەرە جیاکـەرەوەی ئـەم قۆناغـە بـەدوواوە سـەرەڕای ئەمانـەش دەرکردنـی یەکـەمین ڕۆژنامـەی کـوردی و دوواتـر هـەنگاو دووای هـەنگاو دەرچـوونی چـەند ڕۆژنامـەو گۆڤـارێکیتر کـە گوزارشتبوو لەنەتەوەیەکی زیندووی سەر ئەم زەمینە .هـەروەها تایبەتمەندییـەکیتری ئـەم قۆناغـە ڕەوتـی بـەردەوامبوونی گۆڕانکـاری و ڕووداوەکانـە بـەبێ نەپسـانەوەو شـۆرش و تێکۆشان و خەباتی چەکدارییانە وشارستانییانە سیمایەکی جوان و درەوشاوەی ڕەنگامەی ئەم قۆناغەبوون . لەلایەکیتر ئەم قۆناغە بەیەکلاکەرەوە دادەنرێت بۆ دیاریکردنی سەرەتاو سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردیی و هەڵزنانی .

ناسیۆنالیزم وەك پرسێکی هەستیاری نەتەوەیی، پێویسـتە هـەموو تاکـەکان و دەسـتەو تاقم و کۆمەڵەکان بەپیرییەوە بچن و فراوانی بکەن و ئەو بیر و بیرۆکانەیتر کە خزمەت بـەم پرسە ناکات وەلابنێین ، و بۆ یەکجارەکی بیکوژێننـەوە . ئەمـەش بـە ئامـانجی هێنانـەدیی یەکنەتـەوەیی،و ڕەتکردنـەوەی نەتـەوە لـەناو نەتـەوەدا. بۆیـە ( هەرکۆمەڵـە تـیرەو یـان میللەتێك، یاخود نەتەوەیەك . نەتەوەیەك دەسـازێنێت ، خـۆ ئەگـەر دەشـێت کۆمـەڵێك لـە تـــیرە و میللـــەت و نەتـــەوەش یـــەکبگرن و نەتەوەیـــەکی یـــەکگرتوو بســـازێنن) (غروشیف،١٩٧٣،ص٧ )،واتە مەرجی سەرەکی بۆ خەملێوی ناسـیۆنالیزم و ڕەگـداکوتانی، پـــەلۆخین و ڕووزەردکردنـــی گیـــانی تەســـکی تیرەگـــەری و ناوچـــەگەری و دەســـتەو تاقمگەراییـە،بێگومان هـەموو ئەمانـە و هاوشـێوەیان ڕێگـرن لـە بـەردەم چـەکەرەکردنی ناسـیۆنالیزم و ئامانجـەکانی.یـەکگرتویی و یـەکڕیزی ئەنـدامانی نەتـەوە و کۆگیـانی و کۆهەستییان و لە بیرچوونەوەی گیان و هەستی ڕابردووی تیرەگـەری و ناوچـەگەری و ... هتد . نەتەوەیـەکی ئـاوا بەرهـەم دێنێـت ، کـە بەیـداخی ناسـیۆنالیزمییەکەی بۆ هەمیشـە شـەکاوە بێـت و بشـتوانێت بـە پێچـەوانەی بـای مەترسـییەکان هـەڵبکات و بشـەکێتەوە . لەهەمانکاتدا دەتوانێت ئاستێکی بـەرزی هۆشـیاری و هزریـی و هەسـتی گرۆیـی نەتـەوەیی

بهێنێتـەدی لەوێنـەی دەگمـەن بێـت لەسەرتاسـەری جیهـان ، بەمانایـەکیتر ناسـیۆنالیزمێك بەئاستێکی بەرزی هۆشیاری و هزریی و هەستی گرۆیی نەتەوەییەوە بێتە ئاراوە، لـەناوەوە خواستی بەیەکەوە ژیـان و ئاشـتیی و یـەکێتیی و یـەکرێزیی و هاوتـەبایی لێدەکەوێتـەوە . کەهەمووی بەجێ و ڕێـن بـۆ پێکـەوەنان و سـازاندنی قەوارەیـەکی سیاسـی دامـەزراوەیی . ئەمجۆرە ناسیۆنالیزمە لە دەرەوەشدا، کەنارگیر نییە لەهەمبـەر ناسـیۆنالیزمیتردا و لێیـان ناخواتەوە و هاوشانیان دەوەستێتەوە .

مەرج نییە لەچوارچێوەی دەوڵەتێکدا ، تەنیا ناسیۆنالیزمێك بوونی هەبێت و سەرلەبەری گوتاری ئەو دەوڵەتە لەسەر ئەو ناسیۆنالیزمە بنیاتبنرێت ، و بکرێت بە ئامانج و بەرنامە بۆ ئەوانیتر . واتە ( بـوونی فـرە نەتـەوە لەچوارچـێوەی تاکـە دەوڵەتێکـدا ،پێویسـتە لەسـەر بنەماو فەرهەمکردنی مافی خود دەربڕین و بەکردارکردنی ناسنامەی نەتەوەیی بنیاتنرابێت . تەنانەت کەمایەتییەکانیش دەتوانن سوود لە بەرهـەمی لێکدانـەوەی ناسـیۆنالیزم ببینـن) (Kymlicka, Wik 1995, P.16). بەشـێك لـە دەوڵـەتانی جیهـانی،فرەیی زاڵـە بەسـەر تاکییەتی وەك فرەنەتەوەیی ، کاتێکیش ئەمە بوونی هەبێت فـرە ئـایینی،فرە کوولتـووری، فرە کۆمەڵەیی ، فرە شوناسی ، هزرو ئایدیای جیـاواز ... هتـد بوونییـان دەبێـت.هەریـەك لەمانە مافی خۆیانە بەیداخی ناسیۆنالیزمی خۆیان هەڵبکەن و تایبەتمـەنێتی و سـەربەخۆیی خۆیان لە دەست نەدەن.با لەم فرە نەتەوەیەشدا ، نەتەوەیەك هەبێت زۆرو ئەویتر کەمتر و ئەویتریان کەمترین بێت .

ناسیۆنالیزم پێوەندی بەچەندێتی نەتەوەوە نییـە بـەڵکو پێوەنـدی بـە چـۆنێتییەوەوە هەیە و ئەو نەتەوەیە دەتوانێت تاچەند بڕ بکات بەسەر باندۆرە سـەخت و دژوارەکانـدا زاڵ بێت و بوونی خۆی بسەلمێنێت . ئەگەر نەتـەوەی کـورد وەربگـرین لـە هەرچـوار دەوڵـەتی تورکیا و ئێران و عیراق و سوریا، گوتـاری ناسـیۆنالیزمییەکەی هـیچ مەترسـییەکی،بۆ ئـەو دەوڵەتانە چێنەکردووە ، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو دەوڵەتانە گوتاری ناسیۆنالیزمانەی کورد بەترسناك دەزانن و بەمەترسی دادەنێن لەسـەر گوتـاری ناسـیۆنالیزمی خۆیـان بەهەڵـە لـە ناسیۆنالیزمی کورد گەیشتوون بۆیە هەرگیز پێیانڕەوانابێت و هەمیشە لە هـەوڵی بێوچـانی ئەوەدان و کاردەکەن بۆ بەرتەسکردنەوە و کوێرکردنەوەی کولتـوور و فەرهـەنگ و زمـان و ئازادیی تاك و ئایین و هزرو ڕۆشنبیری و ...هتد نەتەوەی کورد.

ڕاستە ناسیۆنالیزم ، بیرۆکەیەکە زیاتر سەروەری لەگەڵ دنیای سیاسەتدا هەیە . کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بۆخۆی دنیایەکە یاخود چەمك و زاراوەیەکە خۆی خزاندۆتە نێو تاك و دەستە و توێژو چینەکانی کۆمەڵگەوە،وژیانی نەتەوەیەك بێبوونی ناسیۆنالیزم چ واتایەکی ئەوتۆی نابێت.بۆمان هەیە بڵێین(ناسیۆنالیزم ڕەفتار و هەوڵ و تەقەڵلای سەرکردایەتیی و دەستەبژێرە . هەوڵدانێکە بۆ زەمینە خۆشکردنی جووڵاندنەوە و بزواندنی کۆمەڵێك، کە سەر بە ڕەگەزێك یاخود نەتەوەیەکن ، بابەتێکی گرنگ و جێی بایەخە فراژووبوونی کلتوری ئەو کۆمەڵەیە)( Encyclopedia Of Nationalism , 2001. P.253).
دەگەینە ئەو ڕاستییەی ناسیۆنالیزم هەر خەون و واقیعێك نییە لەڕێی خەباتی چەکداری و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی دا بێتەدی و لەسەر پێ بوەستێت. بەڵکو دەستەبژێرانی نەتەوەیەك لە ئەدیب و ڕۆشنبیر و نووسەرو بیرمەندو خەمخۆرو دڵسۆزانی نەتەوە، ئەوەندەیتر بابەتی ناسیۆنالیزم قووڵتر دەکەنەوە و بەچاوێکی گەشەوە لە ئاسۆی دەڕوانن . ئەگەر سەرکردایەتیی نەتەوەیەك جەستەی ناسیۆنالیزم بسازێنن ، ئەوا بێگومان دەستەبژێرانی ئەو نەتەوەیە گیانی دەئافرێنن ، ئەگەر ناسیۆنالیزم لەڕێی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی بەئامانج دەگات،لەڕێی بزووتنەوە هزرییەکان بەئامانج دەگات. بەواتایەکیتر ناسیۆنالیزم ڕاستییەکە خەڵێڵەی ناوێت لە ڕێی خەباتی دووانەی چەك و قەڵەمەوە دێتەدی و بەباشی دەخەملێت سەبارەت بەناسیۆنالیزمی کوردیش ئەم چوارچێوەیە ڕاستە ، لە قۆناغی شۆڕشگێڕیی و چەکدارییەوە هەنگاویناوە بۆ قۆناغی هزریی و تاوسەندنی قەڵەم . نموونەی هەرەدیار و بەرچاو بۆ ڕاستی و سەلماندنی بیروڕایەکانمان ماڵباتی تێکۆشەرو بە ئەمەك و خەباتکاری بەدرخانییەکانن . کە لەسەرەتادا شۆڕش هەڵدەگیرسێنن ودوای ئەمەش هزر دەبزوێنن و قەڵەم بەگەڕدەخەن.بێگومان، ناتوانرێت نکۆڵی لە بایەخ و ڕۆڵی ئەدەب بکرێت ، لەناساندنی نەتەوە و ئاڕاستەکردنی بەرەو باشتر. ئەدەب وەك کایەیەکی چالاکی ژیانی مرۆڤەکان ، ئەگەر لەکایەکانی تر کاریگەرو بەتینتر نەبێت ئەوا هەرهیچ نەبێت وەکو ئەوانە.هێزو برشتی ئەدیبێکی ڕەسەن چی وای جیاوازە لەچەکی سەرکردەیەك و هونەرو گەمەی سیاسەتمەدارێك بۆ نەتەوەکەی واتە هەر ئەدەبە دەتوانێت ببێتە ئاوێنەیەکی ڕاستەقینە بۆ کۆڕوکۆمەڵانی خەڵك و بەتوندی بەستراوەتەوە بەهەموو بوارەکانی ژیانەوە .

هەردوو چەمکی فراوانی ئەدەب ونەتەوە،ڕۆڵی یـەکتر فـراوان و کـامڵتر دەکـەن . ئەگـەر سەرانسەری دنیا چـاوبگێڕین نـە ئـەدەبێك هەیـە بـێ نەتـەوەبێت ، نـە نەتەوەیـەکیش بـێ ئەدەبییات بێت !.

میللـەتانی پێشـکەوتوو، بەبەرهەمـە ئەدەبییـەکانیان دەناسـرێنەوە و جیادەکرێنـەوە لەمیللـەتانیتر.هـەر ئەوبەرهەمـە ئەدەبییـەش،یان ئەدیبـەکانییان بوونەتـە ناسـنامەیەکی ڕەسەنی نەتەوەییان ، و کەبەوپەڕی متمانەپێبوونەوە شـانازییان پێـوە دەکـەن و خۆیـانی پێهەڵدەکێشـن.چـونکە دەزانـن خۆریـان ئـاوا نابێـت و ئەسـتێرەیان لەسـەردەمێکەوە بـۆ سەردەمێکیتر ، هێندەیتر دەدرەوشێتەوە.

یەشار کەمالیش لەمبارەیەوە دەڵێـت( نووسـەران زمـانی حـاڵی میللـەتانن . نووسـەران هەمیشـە ، سـەبارەت بـەو ئەرکـەی لـە ئەسـتۆیانە ، زۆریـان کـاری گـەورەی کـردووە و دەشیکەن.چالاکیی بەرچاوییان زۆر نواندووەو دەشینوێنن.)(مستەفا،٢٠١٠،ل٦٣). بـەڵێ ، یەشـار کـەمال وەك گـەورە نووسـەر و ئـەدیبێك ڕاسـت بـۆی چـووە ڕۆڵـی ڕاسـتەقینەی نووسەرانی ئاشکراکردووەو ئەرکیانی خستۆتە ڕوو . کە هەمیشە دەبێت لەبـەرەی میللـەت دابن، وەك چرایەك وابن کە تەواوی دەوروبەرەکەی خۆیان ڕۆشـنبکەنەوە بـەبێ جیـاوازی . ئـەی زۆربـەی نووسـەرو ئـەدیبان نین،کـە لـەڕێی نووسـین و بەرهەمەکانییـەوە خزمـەت بـە تەواوی کۆمەڵگە دەکەن،هەر ئەوانن هـەڵگری بەیـداخی بـیری ناسـیۆنالیزمی و سەرچـاوەی ڕۆشنگەری و داهێنانن.

تازەکـــەرەوەی زمـــان و کـــەلتوورن و زیندووکـــەرەوەی فۆلکلـــۆرو کەلـــەپووری نەتەوەیین.ئەمانەی باسمانکردن و چەندانیتر چالاکییگەلێکی قەڵەم بەدەسـتانی دنیـای پـڕ ئەفرانـدنی ئـەدەبن.بێگومـان بێشـومارن و لەژمارەیەنایـەن.هەریەکەیـەکیش لەمانـە نـرخ و بەهای خۆیان هەیەو مەگەر بەس قەڵەمبەدەستانی دنیای ئەدەب بیزانن.ڕێزونرخی زێڕ، لای زێڕینگەر زیاترە ، نەوەك ئەوانی هەروابەئاسانی دەیبینن و بەکاریدێنن .

گەر تەماشای هەر نەتەوەیەکی ئەم سەرزەمینە پان و فراوانە بکـەین خـاوەن کۆمـەڵێك ئەدگار و تایبەتمەندیین و جیایدەکاتەوە لەوانیتر . بێگومان ئـەو ئـەدگار و تایبەتمەندییانـە دەشێت لە نێوان نەتەوەو نەتەوەیەکیتر هاوبەش بن و بەڵام هەرگیز کتومت لەیەکتر ناکـەن . نەتەوەی کوردیش وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆ.هـەڵگری کۆمـەڵێك ئـەدگارو تایبەتمەنـدی

نەتەوەییە و بەوپەڕی لەخۆبوردەییەوە شـانازییان پێوەدەکات و وەك بەشـێك لـە ئاکـار و پابەندبوونی نەتەوەییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکـات.ئـەو ئـەدگار و تایبەتمەندییانـەش لـە چوارچێوەی نەتەوەییەوە شۆڕدەبنەوە بۆ هەر تاکێکی ئەو نەتەوەیە بۆیە ( کەسی کورد ، ڕاست و بێخەشە ، لە وتەکانی ساغە ، لە هەڕەشە و گوڕەشەی دوژمـن ناترسـێ....ڕاسـتی کەوتەمێشکییەوە بەئاشکراو ئازایی دەیدرکێنێ، سوارچاك و نیشـان شـکێنە لەمامەڵـەکردن سـاغڵەمە ... گـەر هەسـتی کـرد دەسـت کورتـە ، کاردەکـات خـۆی منـەتبار ناکـات ، نـان لەقوڵـەی قـاف بێـت پەیـدای دەکـات)(گـۆران،٢٠٠٩،ل٦). بـەڵێ ئەمانـەو چـەندین گفتـارو کـرداریتر. بـەبێ زیـادەڕۆیی لـە نەتەوەیـەکی ڕەسـەنی وەکـو کـورد دەوەشـێنەوەو ڕووی ڕاستەقینەی تاکی کوردەو ناتوانین نکـۆڵی لێبکـەین. بەشـێوەیەکی گشـتی هـەموو ئەمانـە وێنایەکی ئەرێنی بـەتاك و نەتـەوەی کـورد دەبەخشـن و هۆکـارێکی گـرنگن بـۆ بنیادنـان و گەشەپێدانی و لێکەوتنەوەی گوتارێکی ناسیۆنالیزمی یەکگرتوو .

## شیکردنەوەی دەقــــەکـــــان

شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد، دەبنە مایـەی تێڕامـان و سەرسـوڕمان و سەرسـامبوونی ڕۆماننووس.جا ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانە سەرکەوتنییان بەدەستهێنابێت، یاخود نووشست و شکسـتی چارەنووسـییان ببووبێـت.هـەروەها ئـەوەشمان بۆدەخاتـە ڕوو کـە سـەرکردەو بنکردەکانی تورك چۆن بەشانازییەوە باس لەسەرکوتکردنی کوردەکان دەکەن، و تەنانـەت ئامادەشن بۆ درێژەدان بەسیاسەتی پاکتـاوی ڕەگـەزی و لووتکـەی چـیاو کێوەکـانیش بـە بۆچوون و تێگەیشتنی خۆیان لەکوردەکان پاکبکەنەوە. سەرەڕای ئەمانەش تورکەکان، ئەم شۆڕش و بەرخودان و ڕاپەڕینانە بەیاخیبوون و هەڵگەڕانەوە لە دەوڵەت و میللەت لەقەڵـەم دەدەن، و نموونەشییان بۆئەمـە شۆڕشـی "شـێخ سـەعیدی پـیران"ە . عـەلی سـەفا بـەگ یەکێکـە لەکارەکتـەرەکانی ڕۆمـانی حەمــەدۆك، و یەکێکـە لەکارەکتـەرە سیاســی و سەربازییەکانی تورك بەمشێوەیە دەدوێت( ژنە بەنیشـانەی بـەڵێ سـەری ڕاوەشـاند. عـەلی سەفا بەگ لەسەری ڕۆیشت "نیـازم هەیـە دێهاتییـەکان لـە دەوروبـەری خـۆم خڕکەمـەوەو ئەنکەرەی لە تەلەگرافان بگرم! خەریکن ڕادەپەڕن ... یاغییەکان کێویان پاوان کـردوە ... دەیانەوێ حکوومـەت دامـەزرێنن. ئـەدەم دەوڵـەت لەشـکرێك سـەرباز دەنێـرێ و مشـووری

هەموو کێوییەکان دەخوا ... هەموویان دەگیرێن. حکوومەتت پیّ چییە خاتوون؟ ڕاپـەڕینی کوردەکانی سەرکوتکرد، پێتوایە بەچەند یاغی کاڵە لەپیّ نـاوێریّ ....) (حەمـەدۆك، ب ١ ، ل ٣٦٥ )

( بەکەللەشەقی یاخی بوون، درێژەتان بەیاخی بوون دژی دەوڵـەت و میللـەت دا. یـاخی بوونی ئێوە ڕاست وەك یاخی بوونی شێخ سەعید بوو. بەڵام ئەمن نەمهێشت حکوومەت پیّ بزانیّ. ئەگەر مەسەلەکەم بەوجۆرەی کەهەبوو، بەحکوومەت گوتبا، ئێستا هەمووتان ملتان بەپەتی سێدارەداکرابوو و لاتتان ڕدەژان...) (حەمەدۆك، ب ٢ ، ل ٤٣٣ ).

سەرکردە دڵسۆزو نەتەوەییەکانی کورد ، هەمیشـە لەهـەوڵی ئـەوە دابووینـە، کـە کـورد لەژێر یەك چـەتردا کۆبکەنـەوەو بـەرەو گوتـارێکی یـەکگرتووی ناسیۆنالیسـتی ئاراسـتەیان بکەن، بۆیە ئەم چەشنە سەرکردانەی کورد لەلایەن دوژمنانی کوردەوە دەکرێن بـەئامانج و هـەوڵی لـەنێوبردن و کوشـتن و لەسـێدارەدانییان دەدرێـن. نموونـەی هـەرەدیاریش کـە ڕۆماننووس تیشکی خستۆتە سەر ( شـێخ سـەعیدی پـیران )ە . ڕۆمـاننووس پێیوایـە هـەر سـەرکردەیەکی کـورد ، داوای مافـە ڕەواکـانی نەتەوەکـەی بکـات دوژمنـان بەسـەرکردەی شەڕانگێز و یاخیبووان لەقەڵەمی دەدەن.

یەشـار کـەمال، وەك کوردێـك پەیوەسـت بـەخاك و نەتەوەیەکەیـەوە، ئـەوەمان پیشـان دەدات کـە خـاکی کوردسـتان خـاکێکی پـیرۆزو بەفـەڕو ئـاوەدان بـووە،و خاکێکـە زێـدی پەیامبـەرو پێغەمبـەرو پیاوچـاکان و چاکەخوازان بـووە.بۆیـە ڕۆمـاننووس لـەڕێی خەیاڵـە بەرزەفڕەکـەی پێغەمبـەر عیسـا سـڵاو و دروودی خـوای لەسـەربێت، لـە بێتلەحـەمی فەلەستینەوە دەگوازێتەوە بۆ چیای ئارارات و لەو چیایەش لەسەر بـەرزترین لووتکـەی کـە ئاگرییە جێگیریـدەکات و هەرلـەوێش لـەخاچ دەدرێت، لەلایـەن بـەرەی ئینسـانەوە، ئـەوە لەسەر زاری "تاشباش"ی کارەکتەری ڕۆمانەکە بۆمان ڕووندەکرێتەوە

( ..... ئەی بەسەدان، هەزاران، مەلی خوا بەودەردە؟ نەچووبوون؟ چما وەلی هـەبووە بـەرەی ئینسـان ئـازاری نـەدابیّ؟ ئـەی پێغەمبـەرە جوانەکـەی خـوا، حـەزرەتی عیسـایان نەبردەسەر چیای ئاگری، لەچوارمێخەیان نەکێشا؟ ئەی لەپاش لەچوارمێخەکێشانی، لـەویّ بەوسەرمایە بەجێیان نەهێشت؟ تاگیانی دەرچوو چما ئـۆفێکی کـرد، لەکـەس پاڕایـەوە؟ ) (ئەودیوی چیا، زەوی ئاسن ئاسمان مس، ل ٤٥٧ )

ڕۆماننووس،بەشـێکی خـاك و نەتـەوەو نیشـتمان پـەروەری و سـەرکەوتنی بزووتنـەوەی ناسیۆنالیستی، بەئایین و پیرۆزی و ڕەهەندەکانییـەوە دەبەسـتێتەوە. هەرچـەندە هەنـدێك لەو باوەڕە دان خودی ئایین و ئایین پەروەری نامۆیە بەمەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان ، بـەڵام ئاشـکرایە گوتـاری ئـایینی ڕۆڵێکـی بەرچـاو و کاریگـەریی بینیـووە لەڕێکخسـتن و یەکخستنی گوتاری ناسیۆنالیستی چەند نەتەوەیەکی جیاوازی سەر ئەم زەمینە .

یەشار کەمال ، تەواو باوەڕی بەهێزو گەرم و گوڕی جـەماوەر هەیـە، و هێـزی جـەماوەر هێزێکە ئەوەی خراپەو ناپاکییە تێیدا بەدیناکرێت، و هێزێکـە توانـای ئـەوەی هەیـە کاتێـك ویسـتی لەسـەر شـتێك بـوو بڕیـاری لەسـەربدات و مافـەزەوتکراوەکانی بسـتێنێت. لـەم گفتوگۆیــەی نێــوان "مــەحموودخان"و "سمایــل ئاغــا"ی نۆکــەری ئــەم هەقیقەتــە بەدیاردەکەوێت. ئەوهێزەی جەماوەریش دەتوانێت چۆکییان پێدابـدات و تـەخت و تـاراج و سـەراکانییان بەسـەریاندا بڕوخێنێـت. واتـە ڕۆمـاننووس جـەخت لـە کۆهەسـتی و نەسـتی نەتەوەیەك دەکات بۆ سەندنەوەی مافە ڕەوا زەوتکراوەکانییان .

( "پاشام، شتی وایان قەت بە بڕوانایە.جەماوەر قـەت بـیر لەفیتنـە و فەسـادی ناکەنـەوە. دڵپاکن. نیهاد خاوێنن"

"سمایل، بەبیریانادیَ . کەس لەجەماوەر زیرەکترنییە. شتی وەکـو جـەماوەر نەهاتووەتـە دنیاوە".

"پاشـا، بەهەڵـەدا چـووی، سـەرا ڕووخانـدنیان بەکـەڵك نایـە، بـەڵام بیشـیڕوخێنن لەبـەر ناچارییە. هەر کەبەسەریانداهات چ دەڵێی کەناچاربوون دەمانکوژن.)

( ئەفسانەی چیای ئاگری، ل ١٤٢ )

لە هەنکاتدا یەشار کەمال، پێیوایە ئەوە هێزی لەڕادەبەدەری گـەل و سروشـتە کەدەبنـە پنتی وەرچەرخان و سەرچاوەی گۆڕانکارییەکان. ئەوە گەلە مایە و سەرچاوەی بـەختیاری ڕۆماننووسە، هەرکـەس و لایـەنێکیش ببێتـە کۆسـپ و لەمپـەر لەبـەردەم گەلەکەیدا، ئـەوا یەشار کەمال لەڕێی هونەرەکەیەوە بەگژیدا دەچێتەوەو دەیخاتـە نێـو زبڵـدانی مێـژووەوە. بۆیە زۆر بەڕاشکاوی دەڵێت :

(بڕوام بەدووشـتـە: بـەهێزی بـیَ سـنووری دووشـت، بـەخلاقیی بـیَ سـنووری دووشـت، بەگۆڕانی بیَ سنووری دووشت: ئەویش گەل و سروشتە.

من هونەرەکەم لەگەڵ گەلەکەمدا و بەپشتیوانی خەللاقییـەتی گـەورەی گەلەکـەم و بـۆ گەلەکەم وەبەرهـەم دێـنم. بیروبـاوەڕی سیاسـیم لەهونەرەکـەم جیـا نابێتـەوە. هەرکەسـێ ڕێگەی بەختەوەری لەگەلەکەم بگـرێ، بەهونەرەکـەم، بەهەمووژیانمـەوە بەگژیدادەچـم.) ( ئەفسانەی چیای ئاگری، بەرگی دوواوەی ئەم دەقە)

کاتێکیش جـەماوەر ڕاپـەڕی و لەهـەق و مافـە نەتەوەییـەکانی خۆشـنەبوو بێـدەنگییان هەڵنەدەبژاردو کڵپەی شۆڕش گڕیسەند. ئەوا سـەرکردەو پاشـاو کاربەدەسـتەکان ئەمـەیان لەلادەبێت بەتارمایی و خەیاڵ و بە سەرسووڕمانەوە سەیری دەکەن.

ڕۆماننووس نموونەی ئەمە بـە "مـەحموودخان" دەهێنێتـەوە کەجـەماوەر لێیڕاپـەڕیوە لەئەنجامی ئەوەی ڕێگرە لەبەردەم مرۆڤەکان بۆئەوەی بەحەزوخۆشی ژیانییان بگـوزەرێنن و دووربن لەدەستی ڕەشـی ئـەم و ئـەو. بۆیـە جەماوەر لای ئاسـاییەوە بۆخۆشەویسـتی و ئەڤینـداری "ئەحمـەد" و "گوڵبـەهار"ی کچـی "مـەحموودخان". هـەموو ڕێ و شـوێنێك بگرنەبەرو وای لێبکەن ببێتـە پەنـدو عیـبرەت بـۆ خـەڵکانی لەمشـێوەیە، و کاربەدەسـتانی ئیمپراتۆری عوسمانی بەتایبەتی.

هاوکات ئەم هەست و سۆزە نەتەوەییـەی جـەماوەر، دەبەسـتێتەوە بەهەسـت و سـۆزی ناسیۆنالیسـتی شـاعیری گـەورەی کـورد "ئەحمـەدی خـانی"یـەوە. هەربۆیـەش جـەماوەر پەیوەستن بەو گڕە نەتەوەییەی، کەلە گڵکۆیەکەی ئەحمەدی خانیدا دەخولێتەوە ( لەولاوە ئاگرێکی گەورە لەتەنیشت گۆڕی ئەحمەدی خانی هەڵکرابوو، دەروێش و سۆفیان بەسەر کۆز و پشکۆو ئاگردا تەندوورەیان دەکرد، کەهێندەی جێ جـۆخینێکی گرتبـووەوە. مریدانیش بەدەوروبەری خەرمانە ئاگرەکەوە سۆزو هۆرەو زکریان دەکرد، بلوێریان دەژەنی جەماوەرەکە هەر بەو سەرگرانی و بێدەنگییەوە ئاڵقەیان لەدەوری خەرمانەئاگرەکە بەست سینگ و لاپاڵی چیای ئاگری لەبەر ئینسانان ڕەش دەچووەوە.مەحموودخان هـەر سـا نـا سـاتێ دەیگـوت "ئـەمن ترسـنۆکم" وەبەشـیری ڕووتـەوەو بەتـەك هەڵپـەی ئـەوەی بـوو لەجەماوەرەکە ڕاستی سمایل ئاغاو ئـەوانی دیکـە دەیـانگرت و هەرچـەندیان دەکـرد بۆیـان ڕانەدەگیرا.

دەیگوت"ژیانی لەمەوپاشم بەکەڵکی چ دێ؟ نێوی عوسمانی گـەورەوگرانم کـرد بـەپوولێکی قەڵپ ... لەودنیایە سووك و ڕیسوابووم. داخۆ سەرای ئەستەنبۆڵێ ببیستێتەوە چ بقەومێ؟ ژیانی لەوەوپاشم بۆچییە؟")

( ئەفسانەی چیای ئاگری، ل ١٠٩– ١١٠ ).

واتە ڕۆماننووس لای وایە ، ئەوکاتە ناسیۆنالیستی پتەو و تۆکمەو دەخەملێت ، کە ئەو هزرە پشت قایم بێت بەیەکڕیزی و یەکدەنگی و یەکڕەنگی جەماوەرەوە .

یەشار کەمال ، وەك نەتەوەخوازێکی میانڕەو ، هەڵوێست و قێزەونی خـۆی لـە هەمبـەر مستەفا کەمال دەردەبڕێت. بەکەسێکی دڵڕەقـی دەچـوێنێت و وەك ئـەو کەسـە وایـە، کـە دەستی بچێتە خوێنی دایکییەوە . لەکاتێکدا وشەی دایك ، خـۆی لەخۆیـدا وشـەیەکی فـرە واتایـە و هێنـدە وشـەی((دایـك)) بـۆ نەتـەوەو نیشـتمان بەکاریـدێنین، هێنـدە واتـا فەرهەنگییەکەی دایك بەکارناهێنین.

( – " کوشتنی دایك هەروا ئاسان نییە .. "

– " گشت کەسێکیش دەستی لەدایکی خۆی ناچێ "

– " ئەوەی دڵی وەك بەرد نەبێ دایکی خۆی ناکوژێت "

– " دایك کوشتن دڵڕەقی دەوێت ..."

– " یەکێکی وەك ڕۆستەمی زاڵ ..."

– " کوێر ئۆغلویەك بێ بۆخۆی ... "

– " وەکو مستەفا کەمال دڵڕەق ، یایەکێ بێ چزق دوران ... "

– " مەگەر ئەژدیهایەك بن بۆخۆیان ، ئەوانەی وا دایکییان دەکوژن "

( مارەکەیان بکوشتایە، ل ٤٧ )

لـەم پەڕەگرافـەدا، بۆمـان ئاشـکرادەبێت کـە وشـەی دایـك خـوازراوە بـۆ مەسـەلەی نەتـەوەیی و نیشـتمانی، ئەگـەر گریمانـەی ئـەوەش بکـەین وانـەبێت ، ئـەی کوڕێـك دایکـی بکوژێـت چـی بەسـەردێت لەژیانـدا؟ نائـارامی، ئـاوارەیی، شـەرمەزاری، بێخـاوەنی، بێکەسی،...هتد چاوەڕوانی دەکات. سەرکردەیەکی تورکی وەك مستەفا کەمالیش، تا بـۆی کرابێت بۆتـە مایـەی زیـان بـۆ نەتـەوەو بزووتنـەوەی نەتەوایـەتیی کـوردی لـە بـاکووری کوردستان .

یەشـار کـەمال، ئـەو سـتەم و چەوسـانەوەی کـە بەرامبـەر کۆڵهـەڵگرە کوردەکـانی ئەستەنبۆڵ دەکرێت، ویژدانی ئازاردەکێشێت ئەگـەر بێتـو دڵـی بۆیـان لێنـەدات و باسـییان نەکات. ئەم کۆڵهەڵگرانە لەساڵی ١٨٢٦ دا لەزێدی باب و باپیرانییانەوە بۆ ئەستەنبوڵ کۆچ دەکەن. دوواتر لەنێوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نامێنێـت و کۆڵهـەڵگرە ئەرمەنییەکان شوێنییان پێلەق دەکەن. ئینجا لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و ڕێـك لەسـاڵی ١٨٩٦ دا بۆ دووەمین جـار دێنەوەسـەر گۆڕەپـانی پیشـەیی و کۆمەڵایـەتی و پارتایـەتی و سیاسییەوە هەریەك لە توێژی قوتابی و خوێندکارو ناسیۆنالیست و ڕۆشنبیرو ڕووناکبیرانی کوردی ئەو سەردەمەی ئەستەنبوڵ. ئەم کۆڵهەڵگرانەیان بەپشت و پەنا دانـاوە بۆخۆیـان و بەردەوام بەرگری لە مانەوەی خۆیان و ئەوانیشییان کردووە. سەرەڕای ئەمانـە کۆڵهـەڵگرە کوردەکانی ئەستەنبوڵ پشتگیرییان لە شۆڕشگێڕانیش کـردووە، بەتایبـەتی شۆڕشـگێڕێکی وەك "شێخ سەعیدی پیران" و شۆڕشەکەی لەساڵی ١٩٢٥ و شێخ و زانا و ڕابەرێکی هزریـی و کۆمەڵایەتی و ئایینی وەك مامۆستا "سەعید نوورسی".

یەکێك لە کەسایەتییە دیارو بەرچاوەکان و ڕابەری ئەفسانە ئامێزی کۆڵهەڵگرەکان "زارۆ ئاغا" یە ، کە تەمەنی نزیکەی ١٦٠ سـاڵ بـووەو چـەند ژنێکـی هێنـاوە و کۆمـەڵێك منـداڵی هەبووە و تەمەنی گەنجی لە ٩٠ ساڵیدا بووە، لەگوندی مەرمەنتی سـەر بـە شـاری بـەتلیس لەدایکبووە . لەلایەن چەند هونەرمەند و تیپێکـی کۆنسـێرتی ئەمـەریکایی و ئـەورووپایی بـۆ ئەو وڵاتانە داوەتکراوە .

دەردومەینەتی و ناخۆشی و چەوساندنەوەی کۆڵهەڵگرانی کورد، لە ئەدەبیاتی تورکیش ڕەنگیداوەتەوەو بەرگریکردن و خۆڕاگریان لە دەقەکاندا بەرجەستەکراوە.

یەشـار کـەمالیش ، لەوپـەڕی هەسـت بـە بەرپرسـیارێتی کـردن لەڕاسـت ئـەو سـتەم و ناهەقییـەی بەرامبـەر بـە کۆڵهـەڵگرە کوردەکـان کـراوە و پـاك و بێگـەردی ڕەنـج و ماندووبوونییان ، بەعاشقی مەلیان دادەنێت و بە خەڵکێکی دڵنەرم و بەبـەزەیی وەسـپییان دەکات، کە تەنانەت سۆزو بەزەیشییان بۆ مەل و باڵندەش دەچێت. هەروەها کۆچی ئەمانە لەزێدی باب و باپیرانییان بەکۆچی باڵندەکان دەچوێنێت و پێیوایە خاکی ئەوان گـەرمیان و کوێستانە.

( هەربۆیە باڵندەکان کۆچییان کرد ...

لەگەڵ کۆچی باڵندەکانیشدا ...

(( لەوانەیە لەپێش کارگەکاندا کاتێ کرێکارەکان دەست لەکار هەڵدەگرن...یاخود کوردە کۆڵهەڵگرەکانی بازاڕی سەبزە ...کوردەکان زمان نازانن ، بەڵام عاشقی مەلن ...) کێ دەزانێ لەوانەیە لە شۆڕشێکدا، لە پەناو قوژبنێکدا خەڵکی دڵنەرم و بەبەزەیی مابن و باڵندە بکڕن و ئازادی بکەن. کێ دەزانێ ... نابێ نەبێت...)( باڵندەکانیش کۆچییان کرد، ل ٦٠ ).

هەست و سۆزێکی هاوبەش سەرلەبەری تاکەکانی نەتەوەیەك کۆ دەکاتەوە، بەجیاوازی توێژو چینایەتیشەوە ئاڕاستەیان دەکات بۆهزری نەتەوەیی .

یەشار کەمال،دەیەوێت پێمانبڵێت چیای ئاگری بەدرێژایی مێژوو لانکەی شۆڕش و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بووە، ئەگەر تا دوێنێ شۆڕشی ئاگری داغی تێدا هەڵگیرسابێت ئەوا ئەمڕۆ گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان درێژە بەم شۆڕشە دەدەن و بڵێسەی شۆڕش لەم چیایەدا کوژانەوەی بۆنییە.

* ئەم کورتە زانیاریە لە ( کوردەکانی ئەستەنبۆڵی کۆن ) وەرگیراوە ، لە نووسینی ڕۆهات ئەلاکۆم، و بەکوردیکردنی لەلایەن ئەحمەد تاقانەوە. دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٥ .

ئەم سەرچاوەیە بە ووردو پوختی و پشت بەستن بەچەند سەرچاوەیەکیتر بەشی چوارەمی تەرخانکراوە بۆ کۆڵهەڵگرانی کورد لە ئەستەنبۆڵ لە نێوان لاپەڕەکانی ١٦٥ تاکو ١٩٨

( حەزناکەم تەماشای چیاکە بکەم هەرکە چاوم پێی دەکەوێ سەرم دێتە گێژ ، بەڵام چارم ناچارە لە ئەستەمووڵەوە بۆئەمە هاتووم.

بەیانییەکەی ، خۆیان تەیارکرد دەستەی گەریلا لەپێش ئێمەدا خۆیان ئامادەکردووە، کەمپەکەیان لەدامێنی ئاگریدایە .) ( گەمییەکەی نووح، ل٤).

واتە کورد لەم ناوچەیەدا هەر لە خەمی خەباتی چەکداریدا نییە بەڵکو لەخەمی شوێنەوارە مێژووییەکەشیەتی، بۆیە گەریلا خۆیان دەخەنە ئەوپەڕی ئامادەباشی بەمەبەستی هاوکاریکردنی تیمێکی شوێنەوارناسانی فەرەنسی ، کە بەمەبەستی دۆزینەوەی گەمییەکەی نووح هاتوون و لەچیای ئاگری داغ دا گەمییەکە جێگیر بووە .

ڕۆماننووس، ناسیۆنالیزمی بەستۆتەوە بـە خـەباتی شۆڕشـگێڕی و چـەکداری و لـەپاڵ خەباتە چەکدارییەکەشدا نەتـەوەخوازان کارییـان تـەواو نـەبووە ، دەبێـت کۆمـەڵێك کـار و ئەرکیتر بگرنەبەر .

یەشار کەمال، وەك کوردێکی نەتـەوە ویسـت بـەردەوام دڵـی لەگـەڵ دڵـی نەتەوەکـەی لێدەدات، بەتاسووقەوە،لەگەڵ ئەوەدایە هەردەستە و کۆمەڵەیەکی کورد لەهەر شوێنێك بن و بچەوســـێنرێنەوەو ســـتەمیان لێبکرێـــت بەبوێرییـــەوە بـــەرگرییان لێبکـــات، و ڕووی داگیرکەرانیش ڕەش بکات. جا بۆ ڕۆماننووس ئەوە گـرنگ نییـە ئـەو دەسـتەو کۆمەڵەیـەی کورد ، کە لە خەمییان دایە سەربە چ ڕێبازو ئاین و ئاینزایـەك بـن. لەسـۆنگەی ئەمـەوە لـە ڕۆمانی "بڕوانە فورات خوێناویە" ، چۆن وەك کـوردێکی خـاوەن هەڵوێسـت و نەتـەوەخواز دەردەکـەوێت، و بـە ئەوپـەڕی ئـازایی و بوێرییـەوە لەخـەمی ئێزدییەکاندایـە، بـەکوردێکی ڕەسەنییان وەسپ دەکات، کـە بێگومـان ئەمانـەش وەك کوردەکـانیتر بەدەرنەبووینـە لـەو ناهەقییانەی کە بەرامبەرییان کراوە لەلایەن تورکە توندڕەوە ناسیۆنالیستەکانەوە .

ڕۆمـاننووس ئـەو ڕاسـتییەش ناشـارێتەوە کـە "میزۆپۆتامیـا" زێـدی باوبـاپیران و خـاکی ڕەسەنی کوردانن، بەڵام بەهۆی کۆچکردنی چەند نەتەوەیەکی جیاواز بۆئەم خاکە، پیرۆزی و فەڕی لەدەستداوەو تۆوی جەنگ و ناپاکیان لەم خاکەدا چاندووە. ئەمـەش لـە گفتوگـۆی نێوان "موسابۆیراز"ی کارەکتـەری سـەرەکی ڕۆمانەکـەو "مـیر" ی کارەکتـەری لاوەکییـدا بەتەواوەتی ڕەنگدەداتەوە.

( سەدان و هەزاران ساڵ دانیشتوانی ئەم سەرزەمینە لەئاشتی و تەباییدا ژیان. پاشان.. میللـــەتی جیاجیـــا هاتنـــە ئـــەم میزۆپۆتامیایـــەو هەمووباشـــی و پـــاکی و هـــەموو هـــزرو بیرکردنەوەیەکی جوانییان لەنێو بردو تۆوی جەنگ و ناپاکیان لەم خاکەدا چاند،میر کـەیفی سازبوو:

"من ئەوکاتەی لە ئەستەنبوڵ و فڕەنسا دەرسـم دەخوێنـد، سـەبارەت بـە میزۆپۆتامیـا مێژوو و دانیشتووانەکانی قسەم بـۆ دۆسـت و هاوڕێکـانم دەکـرد. جـارێکیش سـەبارەت بـە ئێزدییەکان قسەم بۆکردن، ئێزدییەکان وەکو ئایینەکانی دی کتێبییان نییە، ئـەوان بـەپێی فـەرمان و دەسـتوری دڵیـان کێـوو مـرۆڤ و ئـاو و ئاگریـان دەپەرسـت. دووای فـەرمانێکی کۆمەڵکوژی ئێزدییەکان دیسان دیارنەمان. پێڵاوی ئاسنم کردەپێ و گۆچـانی ئاسـنم گرتـە

دەست دووای چەند مـانگ گـەڕان و سـۆراغکردنیان لەچـیای شـنگال و ئـارارات و سـوبحان دۆزیمنەوە چـەند سـاڵ لەسەرچـیاکان لەگەڵیانـدا مامـەوە. ئـەوان کـوردن زمانەکـەیان زۆر دەوڵەمەندە، زمانەکەیان زۆر گەرم و گوڕو دۆستانەبوو، من ئەو زمانەم دەزانی لەم ناوچانە هـەمووان زمـانی یەکـدی دەزانـن، ئـەو زمانـە ئەفسـوناویە زمـانێکی ئەوەنـدە گـەرم بـوو، مرۆڤەکانی ئەوەندە بـۆلای یـەك ڕادەکێشـاو متـوی یـەکتری دەکـردن و دیـواری نێوانیـانی لادەبرد کە لـەماوەی چـەند سـاڵدا هەسـتی بەختـەوەری، کـەزادەی دەرککردنـی ئەوپـەڕی مرۆڤایەتییە لەناخمدا چەکەرەی کردو جێگیربوو. زمان ڕیاکاری نازانیٚ زمانەکان بەربەستی تاریکییان نیە. هەنـدیٚ لەزمانـەکان بەتێپـەڕبوونی کـات ووشـك و بـرینگ داهـاتن و گـەرمی خۆیان لەدەستدا. تەنانەت عارەبیش زمانێکە وشـك و ناحـەزبووە . مـن لـەزمانی کوردیـدا، لەسەر ئەوچیایانە، گەرمی و گوڕوتینێکی خۆرسك و تروسکایی دڵی مرۆڤ و عەشقی ئاشکراو ڕاستەقینەی ئادەمیزادم بینی"

پۆیراز دیسان بەدەنگی بەرزەوە گوتی "دروستە"

مـیر گـوتی:"دروسـتە." هەسـتا بـەرەو دامـێن، دامـێنی دەشـتی لالـش...)((بڕوانـە فـوڕات خوێناویە، ل ٤١١، ٤١٢ ) .

یەشـار کـەمال ، وەك نەتـەوەخوازێك پـەردە لـەڕووی ئـەو کـوردە ناپاکانـە ڕادەماڵێـت کەبوون بەکەواسووری بەرلەشکری بێگانە، هەم دەستییان چۆتە خوێنی ڕۆڵەی نەتەوەکەی خۆیان، هەم ڕۆڵەی نەتەوەکانیتریش.

( ملازمەکە کوردێکی خەڵکی شـاری کـەرکوك بـوو، کـە لەلایـەن مسـتەفا کـە مـال پاشـاوە ڕەوانەکرابوو تاکو هێـزە جەماوەرییـەکان دژی فەڕەنسـیەکان ڕێکبخـات. توندوتیـژێك بـوو لەوجۆرەکەسانەی کە ڕەحم بەهیچکەس ناکەن ) (بڕوانە فوڕات خوێناویە، ل ٤١١، ٤١٢ ) .

ڕۆماننووس ، داناییەکەی لەسەر ئەو پەندە کوردییە ڕۆناوە کە دەڵێت : ( دارێـك کرمـی لەخۆی نەبێت تەمەنی هەزار ساڵە ) ، واتە گەر کۆمەڵێك کەسـی ناپـاك و ناڕەسـەنی کـورد نەبوونایە ئەوا هزرو بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کـوردی ، ڕەوتێکـی چـاکتری وەردەگـرت و زیاتر دەخەملی .

یەشـار کـەمال، وەك دڵسـۆزێکی نەتەوەکـەی مەترسـی و دڵـەڕاوکێی خـۆی ناشـارێتەوە لەهەمبەر کارەکتەرێکی نموونەیی وەك "ساڵح پاشا"،کـە سـەرکردەیەکی تورکـەو مسـتەفا کەمال بەخۆشەویستی خۆی دادەنێت.

سالح پاشـا، نموونـەی مرۆڤێکـی دڵـڕەق و دڕندەیـەو تۆڕانچـیێتییەکەی لـە ڕادەبـەدەرە بەشێوەیەك لەگـەڵ ئەوەیـە نەتـەوەی وەك مـێش و مەگـەز قەڵاچـۆبکات، بۆئـەوەی تـەنیا ئافەرینێکی پێوەربگرێت .

( لەگەڵ کوردەکاندا بەشەڕهاتم، .. کوردەکان بەجەرگ و شـەڕکەرن. کـە بەیـەکاهاتین مـن کاسکێتەکەم بەدارێکەوە هەڵواسی، بەجۆرێ نیشانم دەدان و نەدەدان، لەپڕ پێـنج گوللـەی بەرکەوت. سەرکردەکەمان سالح پاشای ناوبوو، تا بڵێی پیـاوێکی بـەدخوو بـوو، ئـەتاتورك زۆری خۆش دەویست .دەیگوت هـەر کوردێکتـان کەوتـە بەردەسـت بیکـوژن، کەسـیان لـێ دەرمەکەن...)

( دەریا تۆرا، ل ١٠٣) .


ڕۆماننووس،وای پیشان دەدات نەك هـەر ناسیۆنالیسـتانی کـورد ڕووبـەڕووی هەڕەشـەی ناسیۆنالیستە توندڕەوەکان و سـەرکردەکانییان دەبنـەوە ، بـەڵکو کـوردێکی سـتەمدیدەی ئاساییش لەم ململانێیە بەدەر نییە ، و ناسیۆنالیستە توندڕەوەکان بەمەترسـی دەزانـن بـۆ سەر خۆیان و نەتەوەکەیان ، بۆیە تابۆیان بکرێت بەتوندترین شێوە ڕووبەڕوویان دەبنـەوە تا ئاستی کوشتن .

یەو گڵێمە ..) ( باڵندەکانیش کۆچیان کرد، ل٣٠ ).

مەنجەڵی ڕەش هەڵگەڕاوی کوردەواری، دەبێتە کەرەستەیەکی کەلـەپووری کـە سـەرنجی ڕۆماننووسی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە .

( ئافرەتەکە ، قازانێکی بەهیس ڕەش هەڵگەڕاوی ئاگر دەدا ، منداڵە ڕووتەکانیشی دەورەی ئاگرەکەیان داوە دابوو، چاویان لە قازانی سەر ئاگرەکە بڕیبوو ..) ( گەمییەکەی نووح ، ل ٤٩ )

سەرەڕای ئەو قازانە بە هیس ڕەش هەڵگەڕاوە کە ئـامرازی چێشـت لێنانـە هیـزەی ڕۆنـیش دێتەگۆڕێ


بروانە
فورات
خوێناویە
یاشار کەمال
وەرگێرانی
ڕێباز مستەفا

( ... لە ساڵان و ڕۆژان میوانێکمان دێ ، ئەویش پڵاوی بێ ڕوونـی دەرخـوارد بـدەین ؟ ، خۆ کا بە کەچ نابێ ئەمڕۆ ڕۆن نەکەمە هیزەوە ؟ ) ( گەمییەکەی نووح ، ل ٤٩ )

هیزە ، دەبێتە ئەو دەفرە کەلەپوورییەی کوردەواری کە ڕۆن و پەنیری تێدا هەڵـدەگیرێت ، و لەپێستەی ئاژەڵ دروست دەکرێت . ئەوشـتانەی کـە لەشـارەکاندا کـە لـە ئەنتیکەخانـە دانراون و بـە کەلـەپوور پیشـان دەدرێـن ، کەچـی لـە لادێیـەکان لـەژیانی واقیعـی ئێسـتادا بوونییان هەیە .

شمشێرو خەنجەرو زەرگ ، مێژوویەکی دێرینی تەکیەو خانەقایـەکانی نـەك میللـەتی کـورد پێکدێنن ، بـەڵکو زۆربـەی میللـەتانی موسـوڵمان کـە تەریقـەتی هەمـەجۆرییان تێـدا بڵـاوە پێکدێنن واتە ئەم کەرەسـتانە زیـاتر لەپێشـینەیەکی ئایینیـان هەیـە نـەك لەپێشـینەیەکی نەتەوەیی .

( کاتێ هەسـتاین ، ئەویسـتە چـاوم لـەو شیشـانەبڕی کـە بەتەنیشـت دەروێش نوورییـەوە دانرابوون ، وام زانی یەکێ لەو شیشانە لەپەراسوومدایە ، ترسێکی بێ ئەمان چووە دڵمەوە ناخمی هەژاند .. شیشەکان دوو بەقەد باڵای من دەبوون .) ( گەمییەکەی نووح ، ل ٨٢ )

شمشێرو خەنجەرو زەرگ وەك کەرەستەیەکی کەلـەپووری ئـایینی نەتـەوەیی بەشـێکی گرنگی ئەنتیکەخانـەو مۆزەخانـەکانی کوردسـتان پێکـدێنن . لەهەمانکاتـدا بەرهـەمی بـیرو دەسـتڕەنگینی مرۆڤـی کـورد پیشـان دەدەن لەهەمبـەر سـازاندنییان. ڕۆماننووسـیش ، سەرسـامی خـۆی لەهەمبـەر ئـەم کەرەسـتانە دەربڕیـووە، ئـەو ترسەشـی نەشـاردۆتەوە کەخـەڵکی لـەکاتی تەماشـاکردنی کـۆڕی دەروێـش و سـۆزکردنییان دووچـاری دەبێتـەوە و موچڕکی بەلەشییدا دێت .

ئاش و بەرداش، جۆرە کەلەپوورو هۆو ئامرازێکن پەیوەستن بەسەرتاپای مرۆڤایەتی ، و کۆمەڵگەی کوردیش ، وەك هەر کۆمەڵگەیەکیتر توانیوویەتی لـەم ڕێیـەوە بـەهۆی دانەوێڵـە بەتایبەتی گەنم، ئاردی پێویستی خۆی لێدەردەست بکات، و بیکاتە نان و کـولێرە و خـۆی بپارێزێت لەبرسـییەتی و گرانـی و قـات و قـڕی ئـاش و بەرداشـیش لـەزۆر پەنـدو قسـەی نەستەقی کوردیدا ڕەنگیداوەتەوە .

(پۆیراز موسا یەکڕاست بۆ لای ئاشێك چوو کە کـەوتبووە سـەر گردۆڵەیـەك. پـەڕەکانی ئاش ئارام ئـارام دەخولانـەوە. دەرکـەی ئـاش کراوەبـوو، بەکـەمێك نیگەرانییـەوە پێینایـە

ژوورەوە. دەنکـە گـەنم بەسـەر بەرداشـێکدا کـە هەڵقەیـەکی ئاسـنی گـەورەو قـورس و ئەسـتووری بـەدەوردا ئـاڵێنرابوو هـەڵرژابوون، بـە بڵنـدایی بسـتێك بەتەختـە ڕۆخیـان بـۆ بەرداشەکە دروستکردبوو و لەتەنیشتیەوە تەغارێکی ئـارد دانرابـوو. ئـەو ئـاردەی دەبێـژرا بەبێڵۆکەیەکی درێژووکە ڕۆدەکرایە نێو تەغارەکە... لەدوورەوەڕا لەگەڵ خوڕەی ئاو، بۆنی دڵگیری ئـارد دەهـات. ئەوکاتـەیش کـە بەرداشـەکەیدەبینی، دەنگـی ئـاش و خـوڕەی ئـاو لەگوێیەکانی دەزرنگایەوە ...) (بڕوانە فوڕات خوێناویە، ل ١١ ) .

یەشـار کـەمال، زێـڕو خشـڵی ئافرەتـانی کـورد وەك کەلـەپوورێك سـەیردەکات و ئـەم کەلەپوورەش لەلایەن خودی ڕۆماننووس ڕەهەندی ماددی و مەعنەوی هەیە .

بۆیـە سـەربازو جەندرمـەکان دەیانـەوێت لـەڕێی ئـەم زێـڕو خشـڵانەی ئـافرەتی کـورد ، دەوڵەمەند بن و پارەو پوولیان چنگ بکـەوێت، و هەمیشـە بەلێسـەندنییان لـە ورەی تـاکی کورد کەم بکەنەوەو سوکایەتییان پێبکەن و دایانماڵن لە کەلەپووری نەتەوەییان .

(هەندێك لەسەربازەکان دەوڵەمەندبوون، لە هەمتـەقای ڕزگـارکردنی کوردێـك لیرەیـەکی وەرگرت. سەربازەکان جانتاکانیان پڕبوو لەپارەو زێڕ، گوارە ...ماڵمان ڕووخاندو سووتاند، ئابلۆقەمان دەدان و قڕیانمان دەکرد، ڕەچەڵەکی کوردەکانمان دەرهێنا...) (دەریا تـۆرا، ل ١٠٤) .

## ئـــە نجـــام


 ناسنامەی نەتەوەیی ، وەك پرسێکی هەستیار و پەیوەست بـە هـەموو لایەنـەکانی نەتـەوە ، یەشـار کـەمال لـە سـەر لەبـەری ئـەو ڕۆمانانـەی کـە خراوەتـە بـەر تیشـکی لێکۆڵینەوەکـە ، توانیویەتی ئەم پرسە بە شێوەی جیاجیا بخاتە ڕوو و هەڵوەستەی لە سەر بکات،لەڕێی گوتـاری ئەدەبییەوە بەرجەستەی بکات .

 ڕۆماننووس،لـە ڕۆمانەکانییـدا ناسـنامەی نەتـەوەیی بـە مانـە شـەتەك داوە وەك ناسـنامەی نەتـەوەیی و کولتـوور، ناسـنامەی نەتـەوەیی و کەلـەپوور، ناسـنامەی نەتـەوەیی و ئـەدەبیاتی فۆلکلۆری ، ناسنامەی نەتەوەیی و تاك ، ناسنامەی نەتەوەیی و کۆمەڵگە ، ناسنامەی نەتەوەیی و سروشت ، ناسنامەی نەتەوەیی شوێنکات ، ناسنامەی نەتەوەیی و ڕووداوی مێژوویی.

 خوودی یەشار کەمال و نەتەوەی کوردیش ڕوو بە ڕووی توندترین سیاسەتی زەبر و زەنـگ و تونـد و تیـژی بوونەتـەوە، بـۆ ئـەوەی ناسـنامە نەتەوەییەکـەیان بشـێوێندرێت و دواتـر لێیـان بسەندرێتەوە ، بەڵام ڕۆماننووس لە سۆنگەی ڕۆمانەکانییەوە ئـەوە ڕوون دەکاتـەوە ، نـە خـۆی وەك تاکێك، نە نەتەوەکەشی ئامـادە نەبوونـە سـازش لـە ناسـنامەی نەتـەوەیی خۆیـان بکـەن و حاشا لە بەها نەتەوەییەکانییان بکەن، بەڵکو خودی دەقەکانی ڕۆمـاننووس جـەخت کردنەوەیـە لە زیندوو ڕاگرتنی ناسنامەی نەتەوەیی وپێداگری کردن لە سەریدا .

 ڕۆماننووس، لەگەڵ ئەوەی گرنگیـی بـە ناسـنامەی نەتـەوەیی داوە لـە ڕۆمانەکانییـدا ، بـەڵام هـەرگیز وای نـەکردووە ئـەم پـرس و بابەتـە دەقـەکان بخنکێنێـت بـبن بـە ووتـار و ڕاپـۆرتی ڕۆژنامەوانی و بیر و بۆچوونی ڕاگـوزاریی . واتـە ڕۆمـاننووس توانیویـەتی هاوسـەنگییەکی تـەواو چێبکات ، لە نێوان ناسنامەی  نەتەوەیی و ڕەگەز و تەکنیکەکانی ڕۆمـان لـە کەسـێتی و کـات و شوێن و ڕووداو و گێڕانەوە و دایەلۆگ و مۆنۆلـۆگ و فـلاش بـاگ و فـەنتازیا و ئەفسـانە و شـێواز .... هتد .

 لە ڕۆمانـەکانی یەشـار کـەمال دا، ململانـێ پانتاییـەکی زۆری داگـیر کـردووە ، بێگومـان ئـەم بارەش ڕەنگدانەوەی خودی ژیـانی ڕۆمـاننووس و نەتەوەکەیـەتی، چـونکە ئاشـکرایە چ خـودی ڕۆمـاننووس ، چ نەتەوەیـەکی سـتەمدیدەی وەك کـورد بـەردەوام لـە سـەنگەری پێشـەوەی ململانێیەکان دا بووینە . ئەم ململانێیانـەش بـەم شـێوەیە خۆیـان دەنـوێنن : ململانێـی مـرۆڤ و مرۆڤ ، ململانێی مرۆڤ و سروشت ، ململانێی مرۆڤ و خود ، ململانێی مرۆڤ و ئایین و ئایینزاکان .


حەمەدۆك
یەشار کەمال
عەبدوڵلا حەسەن زادە
بەشی سێیەم



## یەشار کەمال

سەرچاوەکان

دەقی ڕۆمانەکان

* مارەکەیان (٢٠٠٢)، و:ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، دەزگای ئاراس ، هەولێر.

* گەمییەکـەی نـووح(٢٠٠٥)، و:ئەحمـەد محەمـەد ئیسـماعیل ، بەڕێوەبـەرێتی خانـەی وەرگێڕان ، سلێمانی.

* باڵندەکانیش کۆچیان کرد(٢٠٠٧)، و:.ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، هەولێر.

* بڕوانە فوڕات خوێناویە(٢٠٠٨)، و:ڕێباز مستەفا ، هەولێر.

*دەریا تۆرا(٢٠٠٩ )، و:ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل ، هەولێر.

* ئەفسانەی کوێر ئۆغڵی(٢٠٠٩)، و: شوکر مستەفا ، هەولێر.

* تەنەکە(٢٠١٠ )، وەرگێڕانی شوکر مستەفا ، هەولێر.

* کاریتە یا ئەودیوی چیا(٢٠١٠)، و: شوکر مستەفا ، هەولێر.

* زەوی ئاسن ، ئاسمان مس(٢٠١٠)، و: شوکر مستەفا ، هەولێر.

* ئەودیوی کوێستان ، گیای نەمر(٢٠١٠ )، و: ڕەسووڵ سوڵتانی .

* ئەفسانەی چیای ئاگری(٢٠١٠)، و: شوکر مستەفا ، هەولێر.

* حەمەدۆك (ب١)( ٢٠١٢)، و:عەبدوڵڵا حەسەن زادە، هەولێر.

–حەمەدۆك (ب٢)( ٢٠١٢)، و:عەبدوڵڵا حەسەن زادە، هەولێر.

–حەمەدۆك (ب٣)( ٢٠١٢) ، و:عەبدوڵڵا حەسەن زادە، هەولێر.

–حەمەدۆك (ب٤)( ٢٠١١ )، و:عوسمان ئیسماعیلی، هەولێر.

بە زمانی کوردی

ئەسـوەد،نەوزاد ئەحمــەد(٢٠٠٦)، ئـەزموونی خوێندنــەوە، چــەند لاپەڕەیــەکی ڕەخنەیی، ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

؟ ، (٢٠٠٤) ، بەجیهانبوون و شوناسی نەتەوەیی، کۆمەڵە وتارێکی وەرگێـڕدراوە، و: ئازاد وەڵەدبەگی، چاپخانەی دیلان، سلێمانی.

ئـەلاکۆم، ڕۆهـات(٢٠٠٥)، کوردەکـانی ئیسـتەنبولی کـۆن، و: ئەحمــەد تاقانـە، دەزگای موکریانی، هەولێر.

رۆزڤێلت، ئارچی(٢٠٠٣)،کورد لە یاداشتەکانی ئارچی رۆزڤێلتدا، و:کارزان محەمەد ، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان ، سلێمانی.

سابیر،د.ڕەفیق (٢٠٠٨)، کولتوورو ناسیۆنالیزم ،مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

قـەرەداغی، عـەتا(٢٠٠١)،کاریگـەری کولتـووری ئـەوان لەسـەر کـورد، چـاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، سلێمانی.

گۆران،یاسین حەسـەن( ٢٠٠٩)، کەلەپورنامـەی کوردەواری،چـاپخانەی وەزارەتـی ڕۆشنبیری، هەولێر.

گوڵمحەممەدی،ئەحمـــەد(٢٠٠٧)،بەجیهانبوون،کولتوور،شـــوناس، و:عەبـــدوڵڵا بەهرامی، دەزگای موکریان ، هەولێر.

؟(٢٠١٠)، نووسـەرانی بـوێرو ئـازا ، نـازم حیکمـەت و یەشـار کـەمال و عـەزیز نەسین،و: شوکور مستەفا ، دەزگای ئاراس ، هەولێر.

**– بە زمانی عەرەبی:**

– غروشـيف، ايفـان(١٩٧٣)، المسـألة القوميـة في الاتحـاد السـوفياتي،ت: فـارس غصـوب، دارالفارابي ، بيروت.

**– بە زمانی ئینگلیزی :**

–Hurdm E.( 2010),Confessions Of Belonging: My Motiol Journey As Amedical Translator.

–Elkley, Richard,( 2002),Culture and Civilization, the University of Chicago Press.

–Encyclopedia Of Nationalism, Volume 1, Motyl, Santiago, California, USA. London.

– Kymlicka, Wik(1995) , Multicultural Citizenship, Oxford: Oxford University Press .

–Rumens, J.( 1993), Personal Identity And Socialst Racture In Sint Martin/ Saint Martin: Aplural Identities Approac , Newyork University .

# بە فانتازیاکردنی کەسایەتی لە رۆمانەکانە بەختیار عەلی دا


بەختیار عەلی
دواهەمین
هەناری
دونیا

## پێشەکی[1]

فانتازیا وەك لایەنێکی دانەبڕاو و گرینگ لە جیهانی ئەدەبیات لە کۆنەوە تا ئەمڕۆسـەیری کراوە و لە ئەدەبیاتی هەر نەتەوەیەکیش کەم تا زۆر ڕەنگدانەوەی خۆی هەبووە، کوردیش یەکێك لەو نەتەوانەیە چ لەڕێگەی ئەدەبیاتی سەرزارییەوە، چ لەڕێگەی ئەدەبی نوسراوەوە ئەم لایەنەی لە ئەدەبەکەیدا بەرجەستە کردووە ، بۆیـە لەبـەر گرینگـی ئـەو لایەنـە هـەوڵی لێکدانەوە و شیکردنەوەی کەسایەتی فانتازیامان داوە لە ناو دەقی ڕۆمانـدا.ئـەم باسـە بـە ناونیشانی(بە فانتازیاکردنی کەسایەتی لەڕۆمانەکانی بەختیار عەلی)دایە، کە پێـنج ڕۆمـانی نووسەری ناوبراومان وەك نموونە وەرگرتووە، باسەکە پێکهاتووە لە پێشـەکی و دووبەشـی سەرەکی، لە کۆتاییشدا ئەنجام و کورتەی باسـەکە بەهـەردوو زمـانی عـەرەبی و ئینگلیـزی خراوەتەڕوو، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان.بەشی یەکەم لایەنی تیۆری باسەکەیە و بـاس لـە بابەتەکانی( ناساندنێکی شتی فانتازیا و مێژووی فانتازیـا و گرینگـی فانتازیـا و جۆرەکـانی فانتازیـا)کـراوە، هەرچـی بەشـی دووەمـە بریتییـە لـە لایـەنی پراکتیکـی و تێیـدا جـۆر و شێوەکانی بە فانتازیاکردنی کەسایەتی لە ڕۆمانەکانی بـەختیار عـەلی لێـی کۆڵراوەتـەوە و سـنوری باسـەکەش لـە چوارچـێوەی ڕۆمـانی هاوچـەرخی کوردیدایـە و هـەر پێـنج ڕۆمـانی((غـەزەلنووس و باخـەکانی خـەیاڵ، دواهـەمین هـەناری دونیـا، جەمشـید خـان، هـەورەکانی دانیـال، مـەرگی تاقانـەی دووەم) وەك نموونـە وەرگـیراون بـۆ ئەمـەش پشـت بەستراوە بە ڕێبازی وەسفی شیکاری و بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە تیشکیان خراوەتە سەر.

فانتازیـا ڕەگ و ڕیشـەیەکی دێـرین و قـووڵی هەیـە لـەناو ئـەدەبیاتی جیهانیـدا و لەسەرەتاکانی پەیدابوونی ئەدەبی نووسراودا ئـەدەب بێبـەش نـەبووە لـەو تایبەتمەندییـە، ئەگەر بە وردی سەیرێکی ئەدەبیاتی کۆنی ڕۆژهەڵاتی بکەین بە تایبەت ئەدەبیاتی سۆمەری وەکو لە چیرۆکەکانی دروستبوون و داستانی گلگامێشدا دەردەکەوێت، کە کۆمەڵێك ڕەگـەز و ئاماژەی فانتازی بوونیان هەیە لەوانە: جەستە و توانای گلگامێش و کارەکانی خوداوەنـد عەشتار، کە بەدەرن لە توانای کەسـی واقیعـی و وەکـو شـتێکی خـەیاڵاوی دێنـە پێشچـاو، هـەروەها لـە بەرهەمـەکانی کـۆنی گریکیشـدا ئەوتایبەتمەندییـە دەبینرێـت، بـە تایبـەت لـە داستانەکانی ئەلیادە و ئۆدیسای هۆمیرۆسدا دەبینین خوداوەنـدان تێکـەڵ بـە ژیـانی مـرۆڤ

---

[1]: بە هاوبەشی لەگەڵ م.حەیات سەعید عەبدولکەریم

دەبن و چارەنووسیان بەشێوەیەكی سەیر دیاری دەكەن، جگە لەمەش لە (ئەلیادە)دا زرێی ئەخیل و توانای شەڕكردنی ئەخیل و جوانی پاریس و ئازایەتی هیكتۆر و بوونی جادوگەران و جادووبازی بە تەواوەتی بە فانتازیا كراوە، لـە (ئۆدیسـا)شدا بەهـەمان شـێوە جـوانترین لایـەنی دەقەكـە بریتییـە لـەو دیمەنـە فانتازیایانـەی، كـە نووسـەر خولقاندوویـەتی وەكوبەندكردنی ئۆدیسیۆس لە دورگەی كالیپسو و گەشتەكانی بۆ دورگـەی یەكچـاوەكان و قسەكردنی سەگەكەی و هاتنە نـاوەوەی خوداوەنـدان كاریگـەرترین ڕەگـەزیان بـە دەقەكـە بەخشـیوە، بۆیـە دەشـێ بڵـێین ئـەدەب لەگـەڵ پەیدابوونیـەوە چاوپۆشـی نـەكردووە لـە مەزراندن و هێنانەكایـەوەی ڕەگـەزە فانتازییـەكان بـۆ نێـو دەقـەكان و لەولایتریشـەوە لـە سـەرەتاكانی ڕەخنـەی ئەدەبیـدا فانتازیـا وەكـو لایـەنێكی گرینگـی دەق سـەیری كـراوە بەتایبەت لـە كارەكـانی (ئەرسـتۆ) دا، كاتێـك بـەراوردی نێـوان ئـەدەب و مێـژوو دەكـات و باوەڕی وایە، كە ئەدەب نموونەیەك پێشكەش دەكات، كە هێشـتا ڕووی نـەداوە و ئەگـەری ڕوودانی هەیە، بـەڵام مێـژوو بابـەتێك پێشـكەش دەكـات، كـە ڕوویـداوە و مـرۆڤ شـارەزایی لـەبارەی ڕوودانیـان هەیـە، بۆیەشـە ئـەدەب (یـا شـیعر) لـە فەلسـەفەوە نـزیكترە وەك لـە مێژوو.(حسینی مۆخر،١٣٨٢،ص٧٥) بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگەزی خـەیاڵی لـە ئەدەبـدا، كـە فانتازیـاش بەشـێكی بچـووكی دانـەبڕاوە لـە خەیاڵـدا، چـونكە لەوڕێگەیـەوە نووسەر بابەت و كەرەسەی واقیعی و مێژوویی دەگۆڕێت بـۆ بەرهـەمی ئـەدەبی، ئەگـەریش نووسەر ئەم لایەنە ڕەچاو نەكات، بەرهەمەكەی جیـاوازی نابێـت لەگـەڵ مێـژوو، كـە پشـت دەبەستێت بە ڕووداو و كەرەسە ئامادەكراوەكان، بێ ئەوەی گۆڕانكارییەكیان تێدا بكـات و خەیاڵی خۆی تێكەڵی بابەتەكان بكات.

فانتازیــا وەكــو چــەمك ئــەو بەرهەمــە ئەدەبییانــە دەگرێتــەوە، كــە بــەهۆی تێكهەڵكێشكردنی خەیاڵێكی فراون دەئافرێندرێن و بەجۆرێك، كە خوێنەر دەخەنە حاڵـەتێك لەنێوان دوو جیهاندا، یەكێكیان واقیعی و ئەویتریان یۆتۆپی، جا ئەو بەرهەمانە شیعر بن یا بابەتە پەخشانییەكانی دیكە.

فانتازیا بەرهەمێكە، كە تێدا جگە تێپەڕاندنی جیهانی واقیع و دژی لەگەڵ یاسا و ڕێسا كۆت و بەندكەرەكانی، جیهانێكی دیكە بە یاساگەلی نوێ دادەهێنرێ و جیهانێكی تازە، كە

لێوانلێوە لـە ڕەگـە ز و ڕووداوی سەرسـوڕهێنەر و بوونـەوەری سەرسـوڕهێنەر و فەزایـەکی خەیاڵی.) ل٦٥. موسوی و جلالی(.

وەکو زاراوەش فانتازیا مایەی چەند و چوونی زۆری هەیە لـەناو ڕەخنـەگر و فەرهـەنگ نووسەکاندا، بەڵام زۆربەیان دەیگەڕێننەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەی یۆنـانی و لاتـینی.( ئیمانوێـل بۆمگارتنەر و فیلیپ مینـار) لـە فەرهەنگەکەیانـدا تیشـك دەخەنـە سـەر وشـەی فانتازیـا و دەیگەڕێننـەوە بـۆ ئاوەڵنـاوی (Fhantasticus) ی لاتـینی کـە ئـەویش وەرگـیراوی ( Fhantastikos) ی گریکییە بەواتای ئەوەی تایبەتە بە خەیاڵ و لە سەدەی شازدەیەمدا بەو شتانە(ڕەهایی زەین و سەیرترین و سەرسوڕهێنەر و خەیاڵی) هاتووە.

وشـەی فانتازیـا لـە فەرهـەنگی ئۆکسـفۆردا" کـە بەهـەردوو شـێوەی ( fantasy) phantasy)) لە وشەی(phantasia)ی لاتینی وەرگـیراوە و ریشەکەشـی لـە یۆنانیـەوە وەرگـیراوە.واتـا و چـەمکی گشـتی fantasy ئـارەزوو و داهێنـانی خـەیاڵی دەگەیـەنێت و phantasy)) یش بـەواتای خـەیاڵ و بیرکردنـەوەی خـەیاڵی دێـت.( Oxford, 1999, p517) و لە زمان و ئەدەبیاتی عەرەبیدا بەرامبەر بەو زاراوەیە کۆمەڵێك وشە بەکارهاتووە لەوانە(العجائبی) (الفنگازیا) (الفانتازیا) و( الغرائبی) و لە ئـەدەبیاتی فارسیشـدا وشـەکانی( فـانتزی) و( فانتسـی) و( خیـال پـردازی) بـۆ بـەکارهێنراوە، لای خۆشمـان زاراوەکـە بـە( فانتازیا) گوزارشتی لێـدەکرێت و وەرگێڕانێکـی دەقـاودەقی ئینگلیـزی و فەڕەنسییەکەیەو دەشـی بـەو واتایانـەش بیـت (خەیال،ئەندێشـە،داهێنان،جیهانێکی خـەیاڵی نـاوێزە،بی وێنـە،خوراف، نائاسـایی، جیهانێـك جێگـای بـاوەڕکردن نـەبێ) (د.موحسـین ئەحمـەد عومەر،٢٠١٢،ل١٩٥).

کاتێك دێینە سەر پێناسەی فانتازیـا، پێویسـتە بڵێین، کە لـە دیـد و بۆچـوونی هـەر ڕەخنەگرێك و نووسەرێکەوە گۆشەنیگاکانی ڕوانین بۆ فانتازیا بەرچاو دەکەوێت، ئەمەش بۆ سـنوور و مـەرج و تایبەتمەندییـەکانی خـودی فانتازیـا دەگەڕێتـەوە، کـە شـێوەیەکی تاڕاددەیەك لاستیکی هەیە و قاڵ نادرێت لە بۆتە تایبەتییەکانەوە.

تۆدۆرف دەڵێ: فانتازیا بریتییە لە هەڵپە و دودڵـی بـو،نـەوەرێك، کـە هـیچ یاسـایەکی سروشت ناناسێت بەرامبەر ڕووداوێكk کـە ڕەنـگ و بۆیـەکی میتـافیزیکی هەیـە. (بـن دبلـە جلول، ٢٠١٢، ص١٠)

ئەریك رابکین دەڵێ: ئەدەبیاتی فانتازی جەمسەرێکی دژی واقیعیـە.(رابکـین، ١٩٧٦، ١٥)،بەڵام بە واتاپایە نا، کە گشت واقیـع بسـڕێتەوە، چـونکە لـە ئـەدەبی فانتازیـدا واقیـع بوونێکی تەواوی هەیە، بەڵام بەرامبەر بە خەیاڵ و فانتازیا دەوەسـتێت و نووسـەر پێکـەوە گرێیان دەدات، چونکە ئاخنینی دەق بە تەنیا بە شتی ڕیالیستی چێژ و تامـەزرۆی خوێنـەر دەکوژێت، بۆیە بەرامبەر بەمە نووسەر هـەوڵی داڕشـتنی جیهـانێکی دیکـە دەدات، ئـەویش جیهانی فانتازیایە، چونکە لە بنیاتی فانتازیادا دونیایەك دێتە بوون، کـە بەرامبـەر جیهـانی واقیع لە جووڵەدایە و دەبێتە شوێنی غارغارێنی پاڵـەوانانی چـیرۆك.(پـور خـالقی و جلالـی، ١٣٨٩، ص٥٧).

(شیلا ئیگۆف) لـە پێناسـەی فانتازیـادا دەڵێـت: فانتازیـا ئـەدەبێکی پارادۆکسـیکاڵە، ئاشـکراکردی واقیعیەتـە لـە نـاوەرۆکی ئـەو شـتەی کـە غـەیر واقعییـە، ئاشـکراکردنی قەبوڵکردنێکە لەناو دڵی ئەو شتەی قابیلی قبوڵکردن نییە، ئاشکراکردنی باوەڕپێهێنانێکـە لە دەروونی ئەو شتەی جێگـەی بـاوەڕکردن نییـە.( د.مصـگفی موسـوی و عاگفـە جمـالی، ص٦٣)ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کـە جیهـانی فانتازیـا پۆشـاکێکە بەسـەر جیهـانی واقیـع دادەنرێت و نووسەر مەبەستیەتی لەڕێگەی تێکەڵاوکردنی فانتازیاوە ئەو سنور و سانسۆرانە ببەزێنێت، کە لە دنیای واقیعیدا بوونیان هەیە، لەپێناو درککردنێکی باشتری خوێنەر.

(لوی فاکس) دەڵێت: فانتازیا بریتیە لە لکاندنی ئەوەی پێوەندی بە ترس و تـۆقین و سەرسـامی و سەرسـوڕمانیەوە هەیـە لەگـەڵ واقیـع بۆئـەوەی ئـەو تێکـەڵاوی و نزیکیـەی نێوانیان ببێتە جیهانێکی خەیاڵاوی نزیك لە وخەونانەی درێژدەبنەوە بۆ جیهـانی نامـاقووڵ ونەست و ئەمەش چرکەساتی داهێنانی فەرهەنگێکە پڕاو پڕ لـە خـەیاڵات و سەرسـوڕمان.( د.شعیب الحلیفی،٢٠٠٧،ص٣٤).

لە قاموسی لارۆسی فرەنسیدا(Le Petit Larousse) فانتازیا بەو شێوەیە پێناسە کـراوە: فانتازیـا ئەوەیە،کـە دوورە لـە گۆڕەپـانی مـەئلوف و نـۆرمی کەلوپەلەکانـەوە، یـا ئەوەیە کەوەکو سەرووی سروشتی دەردەکەوێت.( Larousse 1995, p649) .

هەروەها لە قامووسی ڕۆبێری بچووکدا(Le Petit Robert) فانتازیا بـەو شـێوەیە لێکدراوەتـەوە : فانتازیـا ئەوەیـە کـە بەشـێوەیەکی ئاسـایی درك ناکرێـت و جیهانێکـە لەسەرووی جیهانی سروشتییەوە. ( Paul Robert 1987 , P1186).

(جاکسـۆن) دەڵێـت: فانتازیـا بـەواتای دیکـەی بریتییـە لـە ئەگـەری پێشەکشـکردنی ئەفسانە و میتۆلۆجیا و فۆلکلـۆر و چـیرۆکە خەیاڵاوییـەکان و بینـینی خەونـەکان و پارچـە سوریالیەکان و خەیاڵی زانستی و چـیرۆکە ترسـێنەرەکان و ئـەوەی نـزیکن لـەو شـتانەوە و پەیوەندیان بە مرۆڤەوە هەیە.( Rosemary, Jackson, 1981, p116 ).

لەکۆی ئەوانەی باسکران لەبارەی پێناسەی فانتازیاوە دەتوانین بڵێین فانتازیا بریتییە لە بەکارهێنانی سەرجەم ڕەگـەزە خـەیاڵی و ناماقووڵـەکان هـەر لـە فۆلکلـۆر و ئەفسـانە و بەرهەمی سەرزاری و ئایین و ڕوانینی تایبـەتی خـەیاڵی نووسـەر و گێڕانـەوەکانی پێشـینان لەبەرهەمێکی ئەدەبیدا لەپێناو بەخشینی بەهایـەکی زیـاتر بـە بەرهەمەکـەدا و زێـدەکردنی کاریگەری لەسەر خوێنەر و ڕازاندنەوەی واقیعدا.

## ناساندنێکی گشتی لەبارەی فانتازیاوە :

### گرنگی فانتازیا

بێگومان فانتازیا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە بونیاتی دەقی ئەدەبیدا، بە تایبەت لە بە شیعرییەتکردنی زمانی دەقدا و بەخشینی شێوە و فۆرمی تایبەت بە بەرهەمی ئەدەبیدا، تەنانەت گرنگی فانتازیا وای لە هەندێ ڕەخنەگری ئەو بوارە کردووە، کە وەکو ژانرێکی تایبەت مامەڵەی لەگەڵ بکەن، لە سەرووی هەمووشیانەوە( تزڤیتان تۆدۆرۆڤ)ە، کە یەکەمین کەسە لە جیهانی ڕۆژئاوادا بەشێوەیەکی سەربەخۆ لێکۆڵینەوە لە فەنتازیا دا کردووە لە ڕۆمان و چیرۆکدا و لەو کتێبەشدا تۆدۆرۆڤ فانتازیا بە ژانرێکی سەربەخۆ هەژمار دەکات، بەرامبەر بەمەش هەندێ ڕەخنەگر بە تایبەتمەندی وەرگەزێکی دەق سەیری دەکەن لەوانە(جان بیلمان نۆیل) لە ڕوانگەیەکی دەروونزانییەوە سەیری فانتازیا دەکات و بەپێچەوانەی تۆدۆرف فانتازیا بە شێوازێکی گێڕانەوە و خستنەڕوو دادەنێت(فاگمە الزهراو،٢٠١٥، ص٢٩).

فانتازیا ئامرازێکە هەلی ونبوون لە جیهانێکی دیکە و ئاشکراکردنی ڕوانینێکی قووڵ بە خوێنەر دەدات، فانتازیا لە پۆشاکی کات دەچێتە دەرەوە و خوێنەر دەباتە ناو دنیایەکی نوێ، کە هەڵگری خاسیەتی جوگرافیایی و فیزیکی تایبەت بەخۆیەتی. (Timmerman,1990, p.6)+. تێپەڕاندن و ونکردنی کات و خولقاندنی جیهانێکی سەیر و سەمەرە لە فانتازیادا بۆ ڕەواندنەوەی ئەو خەم و بێتاقەتیەیە، کە مرۆڤی سەردەم بەهۆی جیهانی نوێوە تووشی هاتووە و وەکو بورغوێکی بچووکی لێهاتووە لە ئامێرێکی گەورەدا، کە ئەدەبی ئاسایی ناتوانێت بە ئەرکی دوورخستنەوەی لە جیهانەکەی خۆیدا هەلبستێت، ئەوە فانتازیایە وادەکات خوێنەر کەمێك لە جیهانەکەی خۆی دوربکەوێتەوە و وێنای جیهانێکی نموونەیی و باڵای بۆ دروست دەکات، کە سەدا سەد جیاوازە لە واقیعی سەردەمی خۆی، فانتازیا لەو ڕێگەیەوە مەبەستیەتی خۆزگەی ئەو مرۆڤە هیلاکە بهێنێتەدی و لە ڕێگەی خەیاڵەوە کەمێك هەناسەی پاك و خاوێن هەڵمژێ و خەونە دێرینەکانی خۆی ببینێت، چونکە فانتازیا باڵێك بە خەیاڵ دەدات ئەمەش هەلێك بەخەیاڵ دەدات تاوەکو پێی لەواقیع هەڵبێت.(د.سناء شعلان، ٢٠٠٧،ص٣٤) ئەم هەڵاتنەش مەرج نییە تەنیا بۆ ڕەتکردنەوەی تەوای واقیعەکە بێت، بەڵکو ڕەنگە بۆ نیشاندنی واقیعێکی

دیکەی باشتر بێت لەوەی مرۆڤ تێیدا دەژی، چونکە بە باوەڕی هەندێ لە ڕابـەرانی ئـەدەبی فانتازی وەکو(تولکین) فانتازیا ئامانجی نییە لـەواقیع هـەڵبێت، بـەڵکو بەپێچـەوانەوە دێـت بەرەو ڕووی واقیع.

فانتازیا بەرهەمێکە، کە تێیدا جگە لە تێپەڕاندنی جیهانی واقیع و دژی لەگەڵ یاسا و ڕێسا کۆت و بەندکەرەکانی، جیهانێکی دیکە بە یاساگەلی نوێوە دادەهێنرێ و جیهـانێکی تـازە، کە لێوانلێوە لە ڕەگەز و ڕووداوی سەرسوڕهێنەر و بوونەوەری سەرسـوڕهێنەر و فەزایـەکی خەیاڵی.(موسوی و جلالی،١٣٨٨، ص٦٥).لێرەشـەوە خوێنـەر لەبەرامبـەر دوو جیهاندایـە، جیهانی ڕاستا و جیهانی خەیاڵی، شتێکی جوان و شتێکی ناشـرین، ڕاسـتییەك و خـەیاڵێك، تاڵی و شیرینێك، کـە تـەواو تێکـەڵکراون و جیاکردنـەوەیان ئەوەنـدە ئاسـان نییـە، ئەگـەر بەرهەمەکە فانتازیایەکی تـەواو و هونـەری بێـت، چـونکە بەرهـەمی فانتازیـای پێشـکەوتوو ئەوەیـە، کـە خوێنـەر هەسـت بـەوە نـەکات ئـەوەی پێشکەشـی دەکرێـت ڕاسـت نییـە و نایەتەدی، بەڵکو پێویستە درککردنی فانتازیا قـوڵتر بێـت لـە درککردنـی لایـەنێکی واقیعـی هەروەك ئەوەی (لوید ئەلیکساندەر) دەڵێت: دەبێت جیهانی فانتازیا لە چـەمك و بونیـاتی قوڵیدا عەقڵانیتر بێـت لـە جیهـانی واقیعـی. (Hillman,2003, p.159). ئەمـەش ئـەو ڕاستییە حاشـا هەڵنـەگرە دەگەیـەنێت، کـە(ج. ر. ر. تـولکین) ئامـاژەی پێـدەکات، کاتێـك دەڵێت: ئەدەبیاتی فانتازی یان خەیاڵی ڕاکردنە بۆ واقیع، نـەك ڕاکـردن لـە واقیـع.(ڕوونـاك سەڵاح، ٢٠١٧، ل٣٠).

فانتازیا لە دەقدا کاریگەرییەکی دیاریکراو لـە تـرس و تۆقانـدن، یـا مـەراق جێـدەهێڵێت بەسەر خوێنەر و شتێکە کە ژانرەکـانی دیکـە توانـای ئـەو بەرهەمهێنانـەیان نییە،هـەروەها خزمەتی گێڕانەوە دەکات و پارێزگاری لە پەشێوی و پچڕان دەکات، لەبەرئەوەی ئامادەگی ڕەگەزە فەنتازیایەکان ڕێکخستنێك دەبەخشـن بـە گرێچـنە چـڕەکەوە. (تـودورف، ١٩٩٣، ص٩٥). هەروەها فانتازیا هەستکردنەکان زیـاد دەکـات و بـەرەو سـەرەوەیان دەبـات، جـا پۆزەتیف بێت وەکو هەستکردن بە خۆشی، یا نێگەتیف وەکو هەستکردن بە ترس.

## کورتەیەکی مێژوویی لەبارەی فانتازیاوە :

هەرچەندە لەپێشەوە ئاماژەمان بەوە کرد، کە فانتازیا ڕەگ و ڕیشەیەکی دێرینی هەیە و لە ئەدەبی هەر میللەتێکدا بابەتە سەرزاری و فۆلکلۆرییەکان بەتایبەت حیکایەت و ئەفسانە و داستانەکانیان پڕیەتی لەلایەنی فانتازی، بەڵام بەشێوەی بەربڵاو لە ئەدەبیاتدا دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم لەو کاتەی، کە وەك مۆدێکی نووسین ڕووی تێکرا و هاتنە سەرکاری ڕۆمانسییەکان بە یەکێك لە برەوپێدانەکانی فانتازیا دادەنرێت، فانتازیا لە جیهانی ڕۆژئاوادا لەناو دڵی ڕۆمانتیکەکان سەرچاوەی گرت و بەریتانیای سەردەمی ڤیکتۆریا لانکی بەرایی فانتازیاکان بوو. (موسوی و جلالی، ص٦٦). ڕۆمانسیەکان وەکو بەرپەرچدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی کلاسیکەکان گرینگییەکی تایبەتیان بە خەیاڵ دا و لەمەشدا تیۆری ساموێل تایلەر کۆلیردج و هەردوو فەلسەفەی هیگڵ و کانتیش ڕێگەخۆشکەر بوون بۆ ئەو زێدەڕەویکردنە لە خەیاڵات، لەبەرئەوەشی فانتازیا بەرهەم و بابەتێکە لە بابەتەکانی خەیاڵ بۆیە لە لوتکەی گرینگی پێدانەکان بوو، ئەم ئیش لەسەرکردنەش تەنیا لە بریتانیا نەمایەوە، بەڵکو وڵاتانی دیکەی ئەوروپیشی گرتەوە و لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم لە نوسینەکانی (ئالان پۆ) و (فرانك بائوم) دەرکەوت و لەکۆتایی هەشتاکانی هەمان سەدەش لە ئیتالیا لە بەرهەمەکانی(کارلۆ کلۆدی) دەرکەوت و لە فرەنساشدا لەلایەن(ژول ورن) بە بڵاوکردنەوەی( سەفەر بۆ قوڵایی زەوی) سەری دەرهێنا.( ڕووناك سەلاح، ٢٠١٧، ل٤_٤٥)لەگەڵ ئاوابوونی ئەو سەدەیەش گرینگی دان بە بەرهەمی فانتازی لەلایەن نووسەرانەوە ڕۆژ بە ڕۆژ زیادی دەکرد و وەکو شەپۆلێك دەرکەوت، بە تایبەت لە ئەمریکای لاتینیدا و بە توندی پەیوەندی بە گابریێل گارسیا مارکیز و خوان ڕۆلفۆ و خۆرخێ لویس بۆرخیس و میشێل ئەنخل ئەستۆریاس و خۆلیۆ کۆتاسار و لیسا مالیما.(بروانە:حسێن سابیر عەلی،٢٠١٢،ل٦١_٩١) .

هەروەها نووسەرانی دیکەی وەکو کافکا لە (مەسخ) و (جی ئار ئار تۆلکین) لە (پاشای ئەنگوستیلەکان)، کە نموونەیەکی باڵای ئەدەبی فانتازیی نوێیە لەدوای مردنی کافکادا، هەروەها (برۆڵت) لە( حیکایەتەکانی زەمەنی ڕابردوو) و (ڕاد کلایف) لە( ڕۆمانی جەنگەڵ) و سەرباری هەموو کارەکانی نووسەری ئینگلیزی چارلز دیکنز کە سەرکەوتوو بووە لە پێدانی ڕۆحێکی نوێ بەم چەشنە ئەدەبەوە.(نوره ابراهیم العنزی، ٢٠١١ ، ص٢٣_٢٤).

لـه ئـەدەبیاتی کوردیشـدا گرینگیـدان بـه بەرهەمـه فانتازییـەکان دەگەڕێتـەوە بـۆ دوای ڕاپەڕین و بەتایبەتیش فانتازیا لەگەڵ دەقی ڕۆماندا لەدایك بووە، ئەم لەدایك بوونەش لەژێر کاریگەری ڕاستەوخۆی ڕیالیزمی جـادوویی و بەرهەمـەکانی نووسـەرانی ئـەمریکای لاتـینی وەکـو بـۆرخیس و مـاریۆس ڤارگـا یۆسـا و گابرێـل گارسـیا مـارکیز دا بـووە.(د.هیمـداد حوسـێن،٢٠١٠،ل١٧٧) و لـە سـاڵی(١٩٩٧)دا دوو ڕۆمـان بڵاوکرانـەوە، یەکـەمیان(درز)ی کاکەمەم بۆتانی( و ئەوەیتریان( ئێوارەی پەروانـە)ی بـەخیار عـەلی بـوو، ئـەم دوو ڕۆمانـە دەکرێ بە دەسپێکێکی باشی ئەدەبیاتی فانتازی کوردی دابنرێت بـە واتـا ڕۆژئاواییەکـەی، چونکە هەردوو بەرهەمەکە لێوانلێـون لـە گرینگیـدان بـە ئەفسـانە و لایەنـە خەیاڵییـەکان و پێشتر بەو بەربڵاویە گرینگی بـەو جـۆرە ڕەگەزانـە نـەدراوە لـە ڕۆماننووسـیدا و دوای ئـەو ماوەیـەش ڕێچـکەکە بـە تـەواوەتی گەشـەی سـەندووە لەسـەر دەسـتی بـەختیار عـەلی و توانیویـەتی بەرهەمگـەلی وەك( ئێـوارەی پەروانـە) و ( شـاری مۆسـیقارە سـپییەکان) و ( غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ) و ( کۆشکی باڵندە غەمگینەکان) و( جەمشید خانی مـامم، کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد) و( کەشتی فریشتەکان) و( هەورەکانی دانیـال)، جگـە لەمەش کەسانی دیکەی وەك( جەبار جەمال غەریب)یش چەند بەرهـەمێکی دیکـەی ڕۆمـانی نووسیوە و دەچنە ناو ئەو خانەیەوە، لە چیرۆکیشدا ((چیرۆکەکانی سابیر ڕەشید و هەندێ لـە چـیرۆکەکانی شـێرزاد حەسـەن نموونەیـەکی باڵـای ئـەدەبی فانتـازین)).(ڕوونـاك سەلاح،٢٠١٧).

## جۆرەکانی فانتازیا :

لەبـەر بـەربڵاوی لایەنـە فانتازییـەکان و سـوودوەرگرتنەکانی ئـەدەبی فانتـازی لەسەرچـاوەگەلی زۆری مەعریفـەی مرۆڤایـەتی بۆیـە دابەشـکردن و دەسـت نیشـانکردنی جۆرەکانی فانتازیا کارێکی ئاسان نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنـەگران چـەند جـۆرێکی یـاوازی فانتازیایـان لەیـەك جیـا کردۆتـەوە، (لیـنچ بـراون و تامیلسـۆن) ئـەم بابەتانـەی خوارەوەیان بە فانتازیای نوێ حیساب کردووە:

١.چیرۆکە میللیە نوێکان

٢.فانتازیای گیانداری

٣.کەلوپەلەکانی بیرکەرەوە لە مرۆڤ

٤. کەسایەتیە سەیرەکان و شوێنە سەمەرەکان

٥.جیهانی مرۆڤە بچووکەکان واتە کورتە بالاکان

٦.ڕووداوە میتافیزیکیەکان و فانتازیای ڕازئامێز

٧.فانتازیای مێژوویی

٨.چیرۆکی خەیالی و زانستی و فانتازیای زانستی

٩.چیرۆکە گەریدەییەکان.

((Lynch-Brown, C. and Tomlinson, 2008, p138_143

(ڕووناك سەڵاح) لـە ماسـتەرنامەکەیدا بهسـوود وەرگـرتن لـە کـۆی دابەشـکردنەکاندا چـەند جۆرێکی سەرەکی فانتازیای لەیەکتر جیاکردۆتەوە، کە بریتین لە:

١.فانتازیای تەمسیلی.

٢.فانتازیای خەیاڵی زانستی.

٣.فانتازیای دەروونناسی.

٤.فانتازیای تەنز.

٥.فانتازیای فەلسەفی.

٦.فانتازیای بوکەڵە.

٧.فانتازیای گۆتیکی.

٨.فانتازیای سەفەر.( بڕوانە، ڕووناك سەڵاح، ٢٠١٧، ل٦٣ـ٦٤).

(یاقوت بن سیدهم)یش لە ماستەرنامەکەیدا چوار جۆر فانتازیای جیاکردۆتەوە، کـە بـریتین لە:

١. فانتازیای زێدەڕەوی تێداکراو: ئەو فانتازیایە، کە تێدا بەشێوەیەکی زێدەڕۆییانە وەسفی تێدا دەکری. زیاتر بۆ وەسفی کەلوپەل بەکاردێ.

٢.فانتازیای نامۆ و سەیر: ئەو فانتازیایە ئەوە لەسەر خوێنەر فـەرزدەکات، کـە ناشـارەزا و نەزان نییە لەو شتانەی، کە وەسفدەکرێن، لەسەر ئەو بنەمایەش هیچ هۆکارێکی تانەلێدانی نابێت لەسەر ڕاستی و دروستی ئەو زانیاریانەی، کە شارەزایی لەبارەیانـەوە نییـە و ئاگـای لێیانەوە نییە ئەو خۆرە فانتازیایـە ڕۆماننووسـان بـەکاری دێـنن بـۆ دروسـتکردنی تـرس و دڵەڕاوکێ.

٣.فانتازیایکەلو پەل: ئەم جۆرە یارمەتی نووسەر دەدات بۆ گێڕانەوەی هەندێ کەلوپەلی سەیر و نامۆ وەکو عەسای سیحری و گەسکی فرین و پالتۆی ونبوون.

٤.فانتازیای زانستی:ئەو جۆرە فانتازیایەیە، کە بەشیوەی عەقلانی تەفسیر ناکرێت و ئەو جۆرەشە کە ئاسۆیەکی داهاتوو نیشاندەدات و کرۆکی ڕووداوەکان وەرگیراون لە لایەنەکانی زانستەوە.(الیاقوت بن سیدهم، ٢٠١٥، ص١٦_١٧).

بەکارهێنانی هەریەك لەم جۆرانەی فانتازیاش، لە ڕێگەی سوود وەرگرتن لە کەرەسەیەکەوە دەبێت، ئەو کەرەسانەش ڕۆڵیان دەبێت لە شێوەگرتنی دەقەکەدا و لەو ڕێگەشەوە جۆری فانتازیاکە بە ڕوونی دەردەکەوێت و لە هەندێ دەقیشدا نووسەران چەند کەرەسەیەك لەگەڵ یەکتری تێکەڵاو دەکەن و سوودیان لێ وەردەگرن، ئەمەش لە پێناو بەخشینی چێژێکی کاریگەرترە بە دەقەکە، ئەمانەی خوارەوە هەندێك لەو کەرەسانەن، کە نووسەران سوودیان لێ وەردەگرن لە بونیاتی بەرهەمی فانتازیدا:

١.وێکچواندن لە کەلوپەل و شوێن.

٢.خەون و خەونبازی

٣.هەڵاتی زەینی لە شوێن و کات.

٤.دروستکردنی دیالۆگ لەگەل لایەنە نامرۆییەکانی چیرۆك.

٥.خولقاندنی بوونەوەی زەینی و دروستکراو.

٦.خود گومانی. (مریم جلالی ، ١٣٨٨، ص٤٣).

فانتازیا لە رۆمانەکانی بەختیار عەلی دا

هەرچەندە ناونیشانێکی گشتگیری وەك ئەمەی سەرەوە، کە پانتاییەکی گەورەی داوەتە پێش خۆی، کارێکی ئاسان و ورد نەبێت، بەڵام دەبێت ئاوڕێکیش لە بەرهەمەکانی نووسەر بدرێتەوە، کە لەو بوارەدا بە سەرئامەدی ئەو شێوازە نوێیە دادنرێت لە ئەدەبیاتی کوردیدا.




## بەختیار عەلی

بەختیار لە ڕۆمانەکانیدا زیاتر لە هەر شتێك هـەوڵی بەرجەستـەکردن و نیشـاندان و هێنانـە ناوەوەی فانتازیای بۆ ناو دەقەکانی داوە، لە هەر یەکێك لەو دەقانەشدا جۆرێکی تایبـەتی فانتازیا باڵ دەکێشێت بەسەر دەقەکەدا، واتـە ڕاددەی دەرکـەوتنی ڕووکـارە فانتازییـەکان لەنێو ئەم دەقانەدا هاوسەنگ و هەمەجۆر نییە، لە دەقێکدا فانتازیای شوێن باڵادەستە و لە یەکێکیتر کەسایەتی و لەوەی دیکەشیان ڕووداو یا خـەون، وەکـو ئـەوەی بڵـێین (جەمشـید خانی مامم، کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد) دەقێکـە زیـاتر لـە هـەر لایـەنێکی دیکـە فانتازیای کەسایەتی بەسەریدا زاڵە، یا( هەورەکانی دانیال) فانتازیای خەونبازی ودەروونـی لە لایەنە فانتازیەکانی دیکـە پـتر دەردەکـەوێت، لـە (ئێـوارەی پەروانـە)شـدا شـوێن و (لـە غەزەلنووس و باخەکانی خەیاڵ)یشدا فانتازیای دەروونی باڵادەستە بەسەر ئەوانیتردا.

خاڵێکی دیکەی گرینگ لێرەدا ئەوەیە، کـە هەنـدێك لـە دەقـەکانی دیکـەی نووسـەر زۆر بەدەگمەن و لە پانتایی بچوکدا لایەنێك لە لایەنە فانتازییەکان دەردەکـەون، یـا دوو لایـەن، واتە ڕۆمانەکە لەڕووی سـوود وەرگـرتن لـە کەرەسـە و کەلوپەلـە فانتازییـەکان دەوڵەمەنـد نییە، ڕاستی ئەمەش بە تەواوەتی لـە دەقـی( مـەرگی تاقانـەی دووەم)دا دەردەکەوێت،کـە جگە لە چەند دێڕ، یا پەرەگرافێکی کەم نەبێت، نووسەر ئـاوڕی لـە فانتازیـا نەداوەتـەوە و سـوودی لـیٚ وەرنـەگرتووە، بۆیەشـە، ئەگـەر دەقەکـە پـۆلێن بکرێـت بـەگوێرەی ئەمانـەی سەرەوە ناچێتە خانەی هیچ جۆرە فانتازیایەکی تایبەتەوە، یا هیچ جۆرە فانتازیایـەك لـەو جۆرانە بە بەربڵاوی تیایدا نابینرێت.

لەبـەر ئـەوەی ئـەرکی ئێمـە بـۆ نیشـاندان و دۆزینـەوەی فانتازیـای کەسـایەتی و بـە فانتازیاکردنی کارەکتەرەکانە، کە نووسەر سوودی لـیٚ بینیـوە، بۆیـە لێـرەوە باسـەکەمان شێوەیەکی تایبەتمەندتر وەردەگرێت و وردتردەبێت لەباسکردنی ئەو لایەنە فانتازیانەی، کە تایبەتن بە دروستکردن و بنیاتنانی کەسایەتی، نەوەك جۆرە جیاوازەکانی فانتازیـا، بـەڵام لەبەرئـەوەی لـە ڕۆمانـدا ڕەگـەزە سـەرەکییەکانی نـاو دەق بـە تونـد و تـۆڵی و نەپچـڕاوی دەردەکەون، بۆیە بمانەویٚ و نەمانەویٚ لە شیکردنەوەی فانتازیای کەسایەتی بە جۆرێك لـە جۆرەکان ڕووبەڕووی ئەو ڕەگەزانە دەبینەوە.



ڕۆمان
جەمشید خانی مامم
کەهەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد
بەختیار عەلی


خولقانـدنی کارەکتـەری فانتـازی لـە ڕۆمانـدا گرینگـی تایبـەتی خـۆی هەیـە و زۆربـەی نووسەرانیش چاویان لەسەر ئەوەیە، کە هێزی زیاتر، یا جوڵانەوە و ئەرکی زیـاتر ببەخشـن بە کارەکتەری سەرەکی ڕۆمان، ڕەنگە هەندێجار ئەو کـار و ئەرکانـەش، ئەوەنـدە سـادە و ئاسـایی نـەبن، بۆیەشـە نووسـەر لەڕێگـەی سـوود وەرگـرتن لـە کەسـایەتی فانتازییـەوە هەوڵدەدات بەسەر بەربەستەکانی کات و شـوێن و ڕووداوە سـەختەکان زاڵ بێـت، کەسـێتی فانتازی ڕووبەڕێکی هاوبەشە تیایدا واقیـع و نـاواقیع کۆدەبنـەوە، ئەگەرچـی زیـاتر نـاواقیع باڵادەسـتە، ئەمـەش تەکنیکێکـە ڕۆمـانی نـوێ بـەکاری دەهێنێـت بـۆ گوزارشـتکردن لـە تەنگژەی مرۆڤـی هاوچـەرخ، بۆیـە بینـای هونـەری ئـەم کەسـێتیە لـە تێڕوانینێکـی نوێـوە دروستکراوە و تەنیا پەیوەست نییە بە ڕەهەندی ناوەکی و دەرەکییەوە، بەڵکو کار لەسەر نەهێشتنی وێنـەی چەسپاوی کەسـێتی دەکـات و هەوڵـدەدات یاسـاکانی واقیـع و سروشـت تێپەڕێنێت و بەشێوەیەکی فانتـازی شـێوەگیری بکاتـەوە.(د.محمـد ئـەمین تاتـانی، ٢٠١٥، ل٥٧_٥٨).

بەختیار لە خوڵقاندنی ئـەو جـۆرە کارەکتـەرە فانتازییانـە پـتر لـە هـەر لایـەنێکی دیکـە شارەزاتر خۆی دەنوێنێت، لە ڕۆمانی (جەمشیدخانی مامم)دا رۆماننووس سوودی لە جـۆرە کەسایەتییەکی وەها وەرگرتووە، کە توانای فڕینی هەیە و کارێك لـە ئەسـتۆ دەگرێـت، کـە مرۆڤی ئاسایی نەتوانێت ئەنجامی بدات، جەمشیدخان نموونەی مرۆڤێکی دوو ڕووە، ڕوێکی ڕیالیستی و ڕوێکی خەیاڵی و لەڕێگەی فانتازیاوە هەردوو ڕووەکە بە تەواوەتی تێکەڵ بەیەك کراون و خوێنەر لەکاتی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵیدا هەست بەوە ناکات، کە کەسایەتییەکی لەو جۆرە بوونی نییە لە واقیعدا، بەپێچەوانەوە یەکانگیر دەبێت لەگـەڵ ئـەو بەسـەرهات و کارەساتانەی، کە پاڵەوانەکە پێیدا تێپەڕ دەبێت، جەمشـید بوونەوەرێکـە بەرجەسـتەکەری تاکی کۆمەڵی کوردەوارییە، لەو کاتەی بەدرێژایی تەمەنی بەها ئـەخلاقی و ئینسـانییەکانی لەدەست دەدا لەژێر فشاری هێزە دەرەکییەکانەوە وای لێدێت بەرە بـەرە کـێش و سـەنگی خۆی لەدەست بدات و وەکو کەسێك خۆی بنوێنێن، کە شـنەبایەکی بێهێـز بتوانێـت لەگـەڵ خۆیـدا بیبـات، ئـەوەش ئـەو پنەتەیـە، کـە خوێنـەر بـەرەو ئـەوە دەبـات، کـە نـەتوانێت خەیاڵیبوون لە واقیعبوون جیابکاتەوە، لەگەڵ دۆزینەوەی بەها و سەنگی خـۆی لـە بنیـاتی کارەکتەرەکە باوەڕ بەوە دەکات، کە کەسێکی وەها دەشێ بوونی هەبێت، سوود وەرگـرتن

له هێزی فڕین بەهۆی لەدەستدانی بەها شتێکی نامۆ و نەناسراو نییـە لـە کلتـوری ئێمـەدا، تەنانەت لە نموونە فۆلکلۆری و سەرزارییەکانیشدا زۆر جار ڕووبەڕووی ڕستەی وا دەبینەوە، کـە مـرۆڤ بـەهۆی لەدەسـتدانی بـەهاکانی سـووك دەبێـت و دەفڕێتـە ئاسمـان! (جەمشـید خان)یش بەهۆی ئەو دەرد و نەهامەتییانەی تووشی هاتووە لە واقیی ژیـانی خۆیـدا کێشـی بـە تـەواوەتی لەدەسـتداوە و بـا وەکـو کەرەسـەیەکی سـووك و بـێ بـەها هەڵیـدەگرێت و هەرجارێك تووشی شوێن و وێستگەیەکی دەکات و نووسـەر لـەدوای گـۆڕان لـە بـارودۆخی کارەکتەرەوە ئەوەمان نیشان نادات، کە جەمشید بێـزار و وەڕزە لـە فـڕین، بەپێچـەوانەوە بگـرە جەمشـید هـەمووکات چـێژ لـەو فڕینـە دەبینێـت ئەمـەش کاتێـك دەردەکـەوێت، کـە جەمشید خان لە دوای بەربوونی لە زیندانی بەعسییەکان بۆ جاری دووەم دەفڕێت:

((لە کاتێکدا سمایـل تونـد جەمشـید خـانی گرتبـوو، مـن هـەموو گوریسـەکانم دەرهێنـا و پێکەوە توند گرێمدان و لە کەمەری توندمکرد و وردە وردە لەگەڵ سمایلدا، جەمشیدمان بۆ بەر با بەردا، ئەمجارە مامم زۆر لە زەوی بەرزبووەوە، پـتر لـە باڵـای کۆشـکێکی دوو نهـۆم لەسـەر سـەرمان وەك کۆلارەیـەك کەوتـە مەلـەکردن و وەك باڵندەیـەك لـە دەوری نێچـیرێك بسوڕێتەوە بەو چەشنە لە هەوادا دەسوڕا و دەچوو...ئەوە ئەو ساتە بوو، کە باوەڕم هێنا، کــە جەمشــید لــەزەتێکی وەهــا زۆر لــەو فڕینــە دەبینێــت، هــەرگیز دەســتبەرداری نابێت.)(جەمشید خان، ٢٠١٠، ل١٧).


بەختیار عەلی
کۆشکی باڵندە غەمگینەکان


بەختیار عەلی
مەرگی تاقانەی دووەم

لەو ڕێگەیەشەوە نووسەر چێژێکی مرۆڤایەتی کۆن دێنێتە ناو دەقەکەوە، ئەویش چێژ و خولیای فڕین و چوونە ئاسمانە، کە ڕەنگە لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤدا ئەو حەزەش پەیدا بووبێت، لەو ڕێگەیەشەوە بیری مرۆڤ دەجولێنێت بۆ ئەوەی خەیاڵ بکات بەرەو فڕین و تاراددەیەکیش لەو واقیعیەتەی دوور دەخاتەوە، کە مرۆڤ لەسەر زەوی بێزارە بەهۆی نەمانی بەها و کێشە مرۆڤایەتییەکەی.

لە وێستگەیەکی دیکەی ژیانیدا، جمشید خان دەبێتە خواپەرستێکی ڕیشدار و لەوێشدا ڕووداو و کاری سەیر و سەمەرە ئەنجام دەدات بە تایبەتیش بینینی خوداوەند:(( ئەو ڕۆژە من و سمایل وەك هەمیشە لە ناوەڕاستی مەیدانی زیکرەکەدا پەتمان ڕاکێشا و لەناو هاواری ئەڵاهوئەکبەر و سەڵاواتداندا جەمشیدمان بەرزکردەوە، هەر جەمشید لە زەوی ترازا و بەرزبووەوە، ئیمانداران کردیانە بانگەهڵدان و تەهلیلە کردن. جەمشید لە سەرەوە بە کورتی چیرۆکی ژیانی خۆی بۆ حەشاماتە حەپەساوەکە گێڕایەوە و دواتر باسی ئەوەی کرد، کە ڕۆژێك لە کەشکەشانی فەلەکدا خودای بینیوە و پێیگوتووە خۆت بۆ موسوڵمانان دەربخە و پێیان بڵێ کە خودا فەرمانی پێداویت خەڵك بۆ ئیمان بانگهێشت بکەیتەوە.)(س.پ، ل٨٥).دیمەنی فانتازی لێرەدا لە کاروکردەوەی پاڵەواندا دەردەکەوێت، کە توانای بینینی خودای هەیە و ئەو بینینەش بەشێوەیەکی غیاب لە دەروونی هەریەکێکمان ئامادەگی و وێنەیەکی خۆی هەیە، بەڵام کاتەکەی کاتێکی دیاریکراوە و کە تا ئێستا مرۆڤی ئاسایی نەیتوانیوە بەو کاتە بگات و هەمیشەش چاوەڕوانیتی، جگە لەمەش پێویستە ئەوە بڵێین نووسەر لەو وێستگەیەی ژیانی کارەکتەردا سوودی لە ئایین وەرگرتووە، چونکە تەواوی ئایینە ئاسمانییەکان لەسەر ئەو باوەڕەن، کە ڕۆژێك دێت، مرۆڤ خوداوەند بەچاوی خۆی ببینێت، سەرەڕای حیکایەتە سۆفیگەرییەکان، کە لە هەندێ شوێندا ئاماژە بەوەدەکەن، مرۆڤی خوداناس توانای بینینی زاتی لەسەرووی مرۆڤی هەیە، بەوەش فانتازیایەك دێتە بەرهەم، یا دەخولقێنرێت، کە بینەر نەتوانێت باوەڕی پێ نەهێنێت، یا هەستی بۆ نەجولێت.

جگە لەو ڕۆمانە، کە بەرجەستەکەری تەواوەتی فانتازیای کەسایەتییە و نموونەی هەرە باڵای ئەو جۆرەیە،لەشوێنی دیکەی ڕۆمانەکانیتریدا هەوڵی ئەو بەرجەستەکارییەی

داوە، بەڵام لەشێوە و شێوازی دیکەدا وەك ئەوەی لە ڕۆمانی مـەرگی تاقانـەی دووەمـدا سوود لە کەسایەتی خورشیدی جادووباز وەردەگرێـت ، کـە هەنـدێ وەسـف و ڕووداوی فانتازی دراوەتەپاڵ:(خورشیدی جادووباز...ئەوپیاوە بەچاوە شوشەییە ساختەکەیەوە یەکەمین جار لە جلی کەناسێکدا لە ڕاڕەوی کۆشکی تەعزێکەدا دەرکەوت، کڵاوێکی شین و چڵکنی نابووە سەری، بەڵام خودایە ئـەو مـنی شـێتکرد، ئـەوەی ئـازاری ڕۆحـی دام و گومانێکی قووڵی تیا جێهێشتم ئەوەبوو، لە یەك کاتدا لـە چـەندەها جل و لـە چـەندەها شێوەدا دەردەکەوت. لە ژووری ئینجانەکاندا دەرکەوت، کـە بەفـەرمانی تـۆ قەدەغـەبوو باڵنـدەکان و ئـادەمیزادە غەریبـەکان بچـنە نـاوی. بەپەلـە ڕۆیشـتم تـا دەرگـای ژووری زەخیرەکان بکەمەوە و بۆ خواردنی پرسەکە شت ئامادە بکـەم کـە بینـیم لـەوێ لەسـەر فەردەیەکی شەکر دانیشـتوە و سـەیرمدەکات، لەبـەر هەیوانەکـەدا لـە جلـی شـوفێرێکی دوور وەتەنـدا بینــیم، لــە ژێــر تووەکانــدا لــە جلــی پاســەوانێکدا پــاڵی دابــوو بــە درەختێکـەوە...)( مـەرگی تاقانـەی دووەم، ل٧٩) نووسـەر بـۆ خوڵقانـدنی ئـەو جـۆرە کەسایەتییە سوودی لە لایەنـە جادووییـەکان وەرگرتـووە، کـە بـە کەرەسـەی سـەرەکی فانتازیا حیسابیان بۆ دەکرێت، ئەمەش بۆ تێپەڕاندنی بەسەرهاتە ترسناك و لێکدانەوەی هەندێ بیرۆکەی سروشتی نووسەران سـوودی لێـوەردەگرن لـەپێناو راپەڕانـدنی کـارێکی گرینگ بۆ پاڵـەوانی دەقەکـە، کـە ڕەنگـە مرۆڤێکـی ئاسـایی بێـت، خورشـیدی جادوبـاز هەوڵـدەدات بـە زووتـرین مـاوە نووسـراوەکانی ئەشـرەف پاڵـەوانی ڕۆمانەکـە لـە دوای کوژرانییەوە لەماڵی داپیرە دەربهێنێت بـۆ ئـەوەی هـیچ شـتێك ئاشـکرا نـەبێت، چـونکە خۆیشی یەکێکە لە پلاندارانی کوشـتنی سـەرهەنگ، بۆیـە نووسـەر زیرەکانـە هـەوڵی بـە فانتازیاکردنی ئەو کەسایەتییەی داوە و لە کەمترین ماوەدا کارەکەی پێ ڕایی دەکـات و لە زۆرترین شوێندا و لەکاتێکی کەمـدا کـە لـە توانـای ئاسـایی مرۆڤـدا نییـە دەبینرێـت، ئەمەش بە ڕوونی لەو وەسفانە دەردەکەوێت، کە کاسایەتییەکان دەیدەنە پاڵی:(وەسفی هیچ ڕاپۆرتێك لەوەی دیکە ناچێت، یەکێك لە ڕاپۆرتەکان وەك پیاوێك باسی دەکـات کـە جـووتێ بـاڵ لەپشـتی سـەریەوەیەتی، ڕاپۆرتێـك وەکـو سمۆرەیـەکی کـوڵکن و گـەورە لێیـدەدوێت، یـەکێك لـە سـیخوڕەکان نوسـیوێتی وەکـو پیـاوێکی بێسـەر بینیـوێتی لـە

ئاودەستەکان هـاتۆدە دەرێ و قۆپچـەکانی داخسـتووە، یـەکێکی دیکـە تـەنیا بـاس لـە دەسـتێك دەکـات، کـە نـاو دۆڵـاب و سـندوق و سـەردابە تاریکـەکان گـەڕاوە...)(س.پ، ل٨٨) بـەو هۆیەشـەوە خورشـیدی چاوشوشـە، یـا خورشـیدی جادووبـاز هـەڵگری دوو ڕەهەندە، ڕەهەندێکیان مرۆڤییە، ئەویتریان سیفەتێکی جادووییـە، لـە یٚکدانی هـەردوو ڕەهەندەکەش وێنەیەکی فانتازی هاتۆتە بەرهەم، کە خوێنەر نەتوانێت لـە واقیـع جیـای بکاتەوە و باوەڕی پێنەکات، بێگومان ئەمەش توانای نووسەر دەنوێنێت لە خستنەڕووی کەسایەتییەکاندا بە تێکەڵاوکردنی دوو شـێوازی ڕاسـتەقینە و خـەیاڵی، کـە خوێنـەر لـە کۆکردنەوەیاندا دێنێتە قەناعەت پێهێنان.

ڕووێکـی دیکـەی کەسـایەتی فانتـازی لای بـەختیار گـۆڕینی شـێوە و ڕوخسـاری کارەکتەرە، ئەمەش لەچەند شـێوەیەکدا دەرخراوە،شـێوەیەکیان بریتییـە لـە هـاوڕۆحی (النسخ) لەنێوان دوو کارەکتـەردا، کـە یـەکێکیان کارەکتـەرێی واقیعـی و ڕاسـتەقینەیە، ئەوەیتریشـیان وێنەیـەکی دیکـەی ڕۆحـی ئـەو کارەکتەرەیـە، واتـە نووسـەر دووجـۆر کەسایەتی دروست دەکات، کە ئەوەی دووەمیان نوسخەیەکی ڕۆحی ئەوەی یەکەمیانـە، بەڵام لـە ڕووی بـەجێهێنانی کـار و کردەوەکانـدا جیـاوازی لەنێوانیانـدا بـەدی دەکرێـت، هێنانەکایەوەی ئەم جۆرە کارەکتەرە فانتازیە زیـاتر بـۆ ئەنجامـدانی ئـەو کارانەیـە، کـە کارەکتەری ڕاستەقینە ویستی ئەنجامـدانی نییـە و حـەز ناکـات ئـەنجامیان بـدات لەبـەر پابەنـدێتی بـە ڕەهەنـدە ئـەخلاقی و ئـایینی و کۆمەڵایەتییەکانـەوە، بۆیـە جڵـەوی کردارەکـان دەکەوێتـە دەسـت هاوشـێوەکەی خـۆی ئـەویش بـێ تـرس و سـڵەمینەوە ئەنجامیان دەدات و تێپەڕ دەبێت بەسەر ئەو تەنگ و چەڵەمانەی، کە وێنە ڕاستەقینەکە ناتوانێت ئـەنجامیان بـدات، ئـەو تەکنیکـەی خشـتنەڕووی کارەکتـەری فانتـازی بـۆ خـۆ دزینەوەیە لە سانسۆرەکان، چونکە نووسەر وەستایانە لە ڕێگەی نوسـخەیەك لـە ڕۆحـی کارەکتەری ڕاستەقینە هەڵدەستێت بە پیشاندانی ئەوەی مەبەستیەتی، هـەروەها وەکـو فیڵێکیش خۆی دەنوێنێت، کە بەرامبـەر خوێنـەر ئـەنجامی دەدات، ئەمـەش بـۆ ئـەوەی خوێنەر هەستی قیزهاتنەوە و ڕق بەرامبەر بەو کارەکتەرە پەیدا نەکات، کە هەندێ جـار وەکو نموونەیەکی باڵا بۆ خوودی خۆی سەیری دەکات.

ڕۆمانی غەزەلنووس و باخەکانی خەیاڵ نموونەیەکی یەکجار باشی دەرکەوتنی ئەو جۆرە کەسایەتیانەیە. لەو ڕۆمانەدا نووسەر بۆ زۆرێك لە کەسایەتییە ڕاستەقینەکان، کە سایەتییەکی هاوشێوەی خۆی دروستکردووە لەوانە( مەلای هاجەر=مەلای سوختە)( غەزەلنووس= موراد جەمیل).

لەو ڕۆمانەدا نووسەر دوو دژیەکی پێکەوە کۆکردۆتەوە مەلای هاجەر مرۆڤێکی لەخواترس و سۆفیەکی دونیا تەرك کردە و لەعەشقێکی خەیاڵیدایە لەگەڵ مەحبووبەیەکی ڕاستەقینە بەناوی(گوڵبانوو)،کە ئە مەحبووبەیە ئاگای لێنییە، کە هەر ئەو عەشقە وای لێدەکات لەناو ناخییەوە دوو لەت بێت بۆ پارچەیەکی دیکە و کەسایەتییەکی نوێی لێ لەدایك بێت، ئەویش مەلای سوختەیە و بەپێچەوانەی مەلا هاجەر لە هەموو کار و کردەوەکاندا دەجولێتەوە، ئەو کەسایەتییە فانتازیە هیچ نییە جگە لە حەز و ئارەزووە پەنهانەکانی ناو ناخی مەلای هاجەر، کە بەتێپەڕبوونی کات لێی جیادەبێتەوە و بەرامبەری دەوەستێتەوە ئەمەش بەڕوونی لەو نامەیەدا دەردەکەوێت، کە مەلای سوختە لەدوای مردنی بۆ غەزەلنووسی جێهێشتووە:(ترس و خەوف تا دەهات زەفەریان پێدەبرد، عالەمیان وەها لێتەسککردبووەوە جێگایەك بۆ نوور نەمابوو. شەوانگەلێکی زۆر بەسەر شانمدا دەگریا، فیغان و بوکای دڵیان لە ڕیشە دەهێنا. دەیویست وەك من بژی بڕواتە دەرێ، تەماشای جوانی بکات، لەزەت وەربگرێت، مەی بنۆشێت، بەدیار ساقی و پیاڵەوە گۆرانی بڵێت، بەڵام نەیدەتوانی. لەو دەمەدا شەوان بە دزییەوە لە گوتنی غەزەلیاتدا بەردەوام بووم، بەڵام هەرچییەك من بەشەو دەمنووسی مەلای هاجەر بەڕۆژ دەیدڕاند. هەر ڕەنجێك بەشەو دەمکێشا، ئەو بەڕۆژ تێکیدەدایەوە. من دەمزانی ئیدی پێکەوە ناژین، غەزەلخوێنێکی بێشەرم و خوداناسێکی وشکەڵۆك، هیچمان لەیەك ناچێت. زەمانێ هاتە پێشێ کە عەشقی بەهاربانو هەموو شتێکی لەنێوان من و مەلای هاجەردا پساند، من و بەهاربانو پێکەوە دژ بە ئیرادەی ئەو تۆمان دروستکرد).(غەزەلنووس و باخەکانی خەیاڵ، ل١٣٩) بە جیا بوونەوەی ئەو تارماییە یا ئەو حەزوئارەزووە خەفەکراوانەی ناوناخی مەلای هاجەر لە خۆی مەلای سوختە دەپرژێتە سەر ئەو کارانەی کە ئەنجامدانیان بۆ مەلاهاجەری ڕاستەقینە کارێکی نەکردە و نەگونجاو بووە، لەبەرئەوە هەر لەگەڵ یەکەمین جیابوونەوە لەگەڵ بەهاربانوودا چەند جارێك جووت دەبێت تا غەزەلنووس لەدایك دەبێت، بەڵام

فانتازییاکە لێرە دایە، کە وەك شوشتنەوەی ئاو بە ئاو خۆی دەنوێنێت، لەبەرئەوەی مەلای سوختە شتێك نییە جگە لە تارماییەك، کە لەدوای مەلای هاجەر لە خانووەکەیدا نیشـتەجێ دەبێت و لەگەڵ مردنی مەلاهاجەردا ئـەویش دەمرێـت، مـەلای سـوختە هـیچ نییـە جگـە لـە عیشق و خەیاڵاتی مەلا هاجەر بۆ بەهاربانو کە ژنێکی ڕاسـتەقینەیە، ، عیشـق و خـەیاڵاتێك کە بە پێچەوانەی مەلای هاجەر باوەڕی بە چـێژ و نزیکبوونـەوە لـە مەعشـووق هەیـە، ئـەو عیشق و مەحەببەتە لێوانلێوەش بێ نزیك کەوتنەوە لەو ژنە سکی پڕ دەکـات، نووسـەر لـە ڕێگەی ئارەزووی ناوەوەی مرۆڤ هەڵدەسـتێت بـە دروسـتکردنی منـداڵ، ئـەوەش کردارێکـە تەواو فانتازییە و کەس دەرەقەتی نایەت، مەگەر ئەوەی کەسایەتییەکی فانتازی نەبێت لـە ڕێگەی بەزاندنی کۆت و بەندەکانی حەقیقەت و واقیع، لەو ڕێگەیەشەوە خوێنەر بـەتواوەتی هەستدەکات لەناو شتێکی جوان و چێژدارە و ئـەو هەسـتکردنە بـە جـوانی و چـێژدارییەش ئەوەی لەبیر دەبەنەوە، کە شتی وا ئەستەمە ڕوودات، بۆیە وەکو لایەنێکی واقیـع سـەیری مەسەلەکە دەکات، باشترین هۆکارێك بۆ ئەو باوەڕکردنە زیرەکی و هونارکاری نووسەرە لـە سوود وەرگـرتن لـە لایەنـە سـۆفیگەرییەکان، بـەڵام ئـەو بەفانتازیاکردنـەی کەسـایەتیەکان دەرچـوونە تەنانـەت لـە ڕووکـارە سـۆفیگەرییەکان، چـونکە لای سـۆفییەکان وێنەیـەکی وا نەکێشراوە بۆ لەدایك بوونی منداڵێك لە ڕێگەی عیشق و مەحەببەتی سالیك بۆ مەحبووبە بە هاتنە دەرەوەی دیوە تاریکەکەی ناخی لە جەستە فیزیکیەکەی.

هــەروەکو ئەمــە کارەکتــەری مــوراد جــەمیل(نەوجــەوانی چــینی)شـێوەیەکی دیکــەی کارەکتــەری بەهمــەن( غــەزەلنووس)ە ، بــەڵام لــە کــاروکردەوەدا لێـی جیادەبێتـەوە، ئـەو هەستکردن بـە یـەکترەش لەسـەر زمـانی نەوجـەوانی چـینییەوە دەردەکـەوێت کاتێـك قسـە لەگەڵ ئەو غەزەلنووس دەکات: ((دەمەوێت بڵێم ئەو غەزەلانە هی تۆ نین، نابێـت هـی تـۆ بن، تۆ خۆت هیچ نیت جگە لە عاشقێکی ترسنۆك، ئەم غەزەلانە هی منن، من دەتوانم ئـەم غەزەلانە بەکاربهێنم...مـنم پێویسـتیم بـەو غەزەلانەیـە بـۆ ئـەوەی بـۆ ئـەو ژن و کیژانـەی بخوێنمەوە کە عاشقم دەبن، تۆ تەنیا باسی عەشق دەکەیت لە ڕووە خەیاڵییەکەیدا، منم کە عەشـق لـە ڕووە ڕاسـتەقینەکەیدا دەژیـم ...مـن ئـەو بەشـەی تـۆ کـە لـە وجـودی خۆتـدا خنکاندوتـە، تـۆ دەرەقـەتی دیـوە ڕاسـتەقینەکەی عەشـق نایـەیت)).(س.پ، ل٤٠٧)بـەڵام لێرەدا هەردوو بوونەوەر لەشێوەی دوو کەسـی ڕاسـتەقینەدا لـە واقیـع بوونیـان هـەبووە و

هەریەکەیان خاوەن بوونی فیزیکی خۆیان بوون، تەنیا ئەوە نەبێت عەشـق و غـەزەلیات لـە غەزەلنووسەوە گواسـتراوەتەوە بـۆ نەوجـەوانی چـینی ئەمـەیش لەڕێگـەی وابەسـتەبوون و کاریگەربوونی نەوجەوانی چینی بە غەزەلنووسـەوە، بـەڵام ڕەنگدانـەوەی و کاریگـەربوونی نەوجەوانی چینی بە بەهمەن هەمان ئـەو شـتەی نابێـت کـە غـەزەلنووس هەیـەتی، چـونکە عەشقی غەزەلنووس بۆ ژنان عەشقێکی خەیاڵییە و تەنیا لەڕێگەی خەیاڵی خۆیـەوە عاشـق دەبێت و لەڕووی جەستەییەوە تخوونیـان ناکـەوێت، بـەلأم لای نەوجـەوانی چـینی کارەکـە پێچەوانەیە تەنیا ئەو ڕووبەرەی کە غەزەلنووس لە ڕۆح و خەیاڵی خۆیدا وەلاوەنی ناوە ئەم پڕاکتیکی دەکات، واتە عەشقی جەستەیی و نزیکبوونەوە لە مێینە لـەپێناوی سێکسـکردن، بۆیە خۆی بە دیوە ڕاستەقینە و شاراوە و بوێرەکەی ناو ناخی غەزەلنووس دەزانێـت، لـەو ڕێگەیەشەوە خوێنەر تووشـی ڕاڕایـی و سەرلێشـێواوی دەبێـت لـە چـۆنیەتی نەسـخبوون و کۆپیبـوونی دیـوێکی شـاراوەی کارەکتـەر لەگـەڵ کارەکتـەرێکی دیکـە، ئەوەنـدەی هەیـە دەزانێت ئەوجارە هەردوو کارەکتەرەکە بوونەکەیان بوونێکی فیزیکییە و لەسەر زەویدا بـە واقیـع هـەن، بـەڵام ئـەو حـەزە کـەبتکراو و خەفـەکراوەی نێـو دەروونـی غـەزەلنووس گوازراوەتەوە بۆ نەوجەوانی چینی و لەوەشەوە عەشق لای نەوجەوانی چـینی بریتییـە لـەو دیوە حەقیقیەی بەیەك گەیشتنی جەسـتە لەسـەر زەوی و لای غەزەلنووسـیش بریتییـە لـە بەیەك گەیشتنی ڕۆحەکان بەشێوەیەکی خەیاڵی.

شێوەیەکی دیکەی خوڵقاندنی کەسایەتی فانتازی لە ڕۆمانەکانی بـەختیار دا بریتییـە لـە موتوربەکردنی سیفاتی دیکەی غەیرە مرۆیی بۆ کارەکتەر و زیادکردنی ڕاددەی هەستەکان، واتـە نووسـەر لـە ڕێگـەی خواسـتنی هەسـتێکی بـەهێز لـە لایـەنێکی غـەیبی و نـەزانراو کارەکتەرەکـەی دەگۆڕێـت بـۆ کارەکتـەرێکی فانتـازی، کـە توانایـەکی سەرووسروشـتی و میتافیزیکی پێدەدات، کە لەشێوەدا هەر مرۆە ئاساییەکەیە، بەڵام لەڕێگەی ئـەو هەسـتەوە توانای زاڵبوون و ئەنجامدانی کارەکانی لە توانای کەسایەتی سادە و ئاسایی ڕۆژانە ناچێت، باشترین نموونە بۆ ئەو جۆرە کەسایەتییە( نەدیمی شازادە)یە لە ڕۆمانی( دواهەمین هەناری دونیا)، کە کارەکتەرێکی کوێرە و توانـای بینـینی یـەکجار کـراوە و فراوانـە، تەنانـەت ئـەو شتانە دەبینێت، کە مرۆڤە چاوساغەکان ناتوانن وێناشی بکەن، ئەو لە ڕێگەی چاوی دڵەوە پـەی بـە هەنـدێك شـتی نـەبینراو و نـەزانراو دەبات،کـە خوێنـەر تووشـی سەرسـوڕماوی و

حەپەساوی دەكـات نووسـەر لێـرەدا هەسـتی شەشـەم یـا ئـەو هەسـتەی درك بەسـەروی شتەكان دەكاتی وەرگرتووە و لە ڕێگەی خەونەوە ، كە پێـنج هەسـتەكەی دیكـەی نـاتوانن شـیكاری بكـەن و هەسـتێكی فیزیكـی و ڕاسـتەقینەی لـە جەسـتەی كارەكتەرەكـە كـەم كردۆتەوە كە بینینـە و ئـەو هەسـتەی خستۆتە شـوێنی، ئـەوەش ڕێگەیەكـە بتوانێـت ئـەو بۆشاییە بۆ كارەكتەرەكە پڕ بكاتەوە لەولایتریش درككردنی خوێنەر لاواز بكات بەوەی، كە ناشێت مرۆڤێكی لەو جۆرە بوونی هەبێت لە جیهانی ئێمـەدا، ڕۆمـاننوس كۆمـەڵێك گەشـتی سەیر و سەمەرە دەداتە ئەو كارەكتەرە لە ڕێگەی چاوی ناوەكییـەوە ئـەو كارانـە ئـەنجام دەدات، كە نائاسایی دێنە بەرچـاو:(نـەدیمی شـازادە لـەو بنـدارەدا خـەونی بـە باوكییـەوە دەبینی، لەویا دەخەوت و كە هەڵدەستا و بەكوێری بەرەو خاك و مەملەكـەتی سـەیر سـەیر دەڕۆی و پاشماوەیەك بە كۆمەڵێك قسـە و حیكایـەتی سـەیرەوە دەگەڕایـەوە، باسـی ئـەو شارانەی دەكرد كە كەسمان نەماندەزانی ڕاستن یان درۆ، باسی گەشتی ئەفسانەیی دەكـرد لـە شـاری عاجباتیـدا، نـاوی ئـەو شـارانەی پیاوڕۆیشـتووە هـەموومانی سەرسـامدەكرد...) (ئێوارەی پەروانە، ل١٩٩_٢٠٠) ڕۆماننووس دووڕیانێكی بۆ خوێنەر دروستكردووە، لە نێوان كەسـایەتییەكی واقیعـە، كـە كوێرێكـە توانـای بینـینی نییـە، لەولایتریشـەوە لایـەنێكی میتافیزیكی و ئایدیالیستی بە كارەكتەرەكە داوە، كە هەستی بینینـە لـەدەرەوەی چـاو یـا بیـنین لـە ڕێگـەی هەسـتی ناخـەكی یـا خـەون، كـە زۆرێـك لـە قوتابخانـە سـۆفیگەری و دەروونناسییەكانی ئەمڕۆ باوەڕیان پێیـەتی، ئەگەرچـیش لای مرۆڤـی ئاسـایی بـاوەڕكردنی ئەمە تۆزێك ئەستەمە، بـەڵام ئـەوە سـیحری ئـەو فانتازیایـە و ڕاڕاییەیـە، كـە وا لەخوێنـەر دەكات لەنێوان باوەڕ بوون و باوەڕ نەبوونەوە بمێنێتەوە و خـۆی بـەهیچ لایـەكیان نـەدات، ناتوانێت باوەڕ بكات، كە شتی وا هەیە، ناتوانێت باوەڕیش بەوە نەكات كـە شـتی وا نییـە، چونكە واقیعیەتەكە لەوە دەردەكەوێت، كـە مـەرج نییـە هـەموو كەسـێكی خـاوەن بینـایی جوانی و حەقیقەت ببینێت هـەروەك چـۆن ئـەوە شـتێكی ناكۆتـا نییـە، كـە مرۆڤـی نابینـا ناشـێت هـیچ شـتێك نـەبینێت، لەبەرئەوەشـی نـەدیم كوێرێكـە عـەوداڵی بینینـە و ئـەوەی عەوداڵی بینینیش بێت بەدوای هەر ڕێگـە و ئامرازێكـە بتوانێـت لەڕێگەیانـەوە بیـایی پەیـدا بكات، بۆیە ئاسایی دێتـە پێشچـاو ئەگـەر خـەیاڵ یـەكێك بێـت لـەو ئامرازانـەوە، هـەروەها نوستنیشی لەژێر ئەو دارە كە باوكی لە منداڵییەوە بۆی چاندووە بۆ ئـەوە بـووە تـا ڕۆژێـك

لەژێریـدا بخـەوێت و بینـایی بـۆ بگەڕێتـەوە، بـەڵام کاتێـك نـەدیم بـۆ یەکـەمجار لەژێریـدا دەخەوێت لەڕووی فیزیکییەوە چاوی چاکنابێتەوە بەڵکو تـەنیا توانـای بینـینی بـاوکی و مەحەمەدی دڵشوشە و سەریاسی هەیە:(( نـا، ئـەو دەرەختـە درۆی لەگەڵدا نـەکردووم، ن ئێستا دوو شت دەبینم کە پێشتر نەمدەبینی... ئێوە و باوکم. بەهۆی ئـەو درەختـەوە ئێـوەم بـینی، بـەهۆی ئـەو درەختـەوە بـاوکمم بـینی... کەواتـە درۆی لەگەڵـدا نەکردووم.)(س.پ.ل١٠٨) لێرەشەوە بەفانتازیاکردنی کەسایەتی نـەدیم دەردەکـەوێت، کـە کردەی بینینی واقیع لەڕێگەی خەونـەوە ئـەنجام دەدات و دەتوانێت بەهۆیـەوە مرۆڤـەکان ببینێت و چاکە و خراپە لەیەکتر جیا بکاتەوە، ئەم سوود وەرگرتنە لەو جۆرە کەسایەتییە لـە ڕۆمـانی( هـەورەکانی دانیـال) دا شـێوەیەکی دیکـە وەردەگرێـت و لەوێـدا فانتازیـای کەسایەتییە بریتییە لەو خەونانەی، کە کەسانی ناو ڕۆمانەکە دەیبینن، کەسانێك، کـە بـۆ ماوەیەکی درێژ هیچ خەونێکیان نەدیوە و لەگەڵ پەیدابوونی خەون باری ئاسایی شارەکە تێکدەچێ، (دانیال) کەسایەتییەکە بەرجەستەکەر و سەرئامەدی هەموو ئەوانەیە، کە خەون دەبینن، ئەو بۆیەکەمجار لە شارێکدا خەون دەبینێت، کە هیچ کەسێك پێشـتر خـەوی تێدا نەبینیوە، نووسەر لەو جۆرە کەسایەتییانەدا بۆ خوڵقاندنی ڕووکاری فانتازیـای کەسـایەتی بە بەرفراوانی سوود لە خەون دەبینێت، خـەونێکی هاوشـێوە، کـە تـەوای کەسـەکانی نـاو ڕۆمانەکە دەیبینن، تێکەڵاوکردنی خەون و گرێدانی بە کەسایەتییەکانەوە بـەو بەرفراوانییـە جیاکردنـەوە و هـەڵاوێرکردنی ئـەو کەسـانەیە لـەو واقیعـەی تێیـدا دەژیـن، لـەولایتریش نیشاندانی نموونەی هەرە باڵای کەسانی کۆمەڵە، ئەو خەونەی نووسەر باسی لێوە دەکات، تەواو خەیاڵی دێتە پێشچاو، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا واقعیەتێکـە لـە کۆنەسـت(لاشـعور)ی تاکـەکانی کۆمەڵدا بوونیـان هەیـە بـە درێـژایی مێـژوو خەوێکـە واز لـە مـرۆڤ نایـەنێت بـە ئاسـوودەیی بـژی و هەمیشـە ئامـادەگی هەیـە لـە خەیاڵدان و نەسـتیدا تـا لـەبارودۆخێکی گونجاو و لەباردا پڕاکتیزەی بکات، بۆیە خوێنەری ئەو دەقانـە لـەکاتی ڕووبـەڕوو بوونـەوە لەگەڵ ئەو جۆرە کەسایەتییانەدا هەست بە دوو دڵییەك دەکات لـەوەی، کـە بوونـەوەرێکی مرۆیی هەبێت لەو چەشنە، کە بەردەوام خـەون ببینێـت، خـەوێکی ترسـێنەر و شـووم، کـە مژدەدەری نەهامەتییەکە لە داهاتوودا، بەڵام کاتێك ئاوڕ لە مێژووی کۆمەڵەکان دەداتەوە و

تەواوی شەڕ و کوشتار و تەکنیکەکانی کوشتنی مرۆڤ دەبینێت وا هەست دەکات، کە ڕەنگە ئەمە واقیعێك بێت لەو واقیعە ڕەشانەی مرۆڤ بە نموونە لە شوێنێکدا هاتووە:

(لە ناکاو هەموان خەونیان دەبینی ...هەورەکان دەیانسەلماند هیچ سەر زەمینێك نییـە بەبیٚ خەون.لەم خەونە تازەیەدا دانیال خۆی وەکو جـەلادێك دەردەکـەوت، وەك دوژمنێـك، وەك قەسابێك، زۆرکەس دەیانگووت دانیال دەبینن، سەریان دەبڕێت ) (هەورەکانی دانیال، ل١٧١) یا لە شوێنێکی دیکەی دەقەکەدا نووسـەر دەڵێت:((فـەراس دوو هەفتـە لەمەوبـەر، یەکەم خەونی بینیبوو، خەونەکەی پڕبوو لە لەم باڵندانە... پیاوێك لەناو پـۆلێکی گـەورەی باڵندەدا دەردەکەوێت و ئارەزوویەکی توندی کوشـتن لـە دەمارەکانیـدا دەسـووڕێتەوە، لـە فەزایەکی سەیر و تەماویی و پڕ لە هاوار باڵندەدا بە چەقۆیەکی درێژ سـەری ئـەم گەنجانـە دەبڕێت و فڕێیان دەداتە سەر بەردێکی سپی، سەرەتا ئەو خەونەکـەی بینیبـوو، دوای ئـەو حامید سوڵتان، دوای ئەویش وەك ئاگری ناو پووش بەناو کوڕانی گەڕەکدا بڵـاوبووبووەوە، هەمووشیان هەمان خەون دەبینن).(س.پ، ل٤٥) ئەگـەر ئـەرکێك لـە ئەرکـەکانی فانتازیـا دروسـتکردنی تـرس و تۆقانـدن بێـت، یـا هێنانەکایـەوەی کەشـێکی ترسـێنەر بێـت، ئـەوا بێگومان ئەو کارەکتەرەی ناو خەونەکان، کە سـەری مرۆڤـەکان دەبڕێت بەدیهێنـەری ئـەو ئامانجەیە، کە نووسەر لەپێناوی دروستکردنی ڕەنجی بـۆ کێشـاوە، چـونکە کارەکتەرەکـە کاریگەری لەسەر هەردوو لایەنی کەسێتییەکانی نـاو دەقەکـە و خوێنـەریش دروسـتدەکات، بـەلام پەرچەرچـدانەوەی کاریگەرییەکـە لەسـەر خوێنـەر جیـاوازە وەك ئـەوەی نـاو کەسایەتییەکانی ناو چیرۆکەکە نییە،چونکە ئەوان لەگەڵ بینینی خەوەکەو بێداربوونەوەیان پەرچەکرداریان بەرامبەر کەسـەکە بـۆ دروسـت دەبێـت و هـەوڵی بـەدیهێنانی ئـەو ئامانجـە دەدەن، کە بەدوای ئەو کەسە خەیاڵییە بکەون و بیدۆزنەوە و تۆڵـەی لێبکەنـەوە، بەمـەش هـەمان ئـەو کـارە دووبـارە دەکەنـەوە، کـە کەسـە ترسـێنەرەکە ئـەنجامی دەدات، لـە خەونەکەدا، بەڵام بە ڕێگاو شێوازی جۆراوجۆری کوشتن و ئامرازی تری جیاوازەوە،هەرچی خوێنەرە ئەوا ترسەکە کپی دەکات و هەوڵی خۆ دوورخسـتنەوە دەدات لێـی و لـە ڕاڕاییـەك بەردەوام دایە، دوودڵـی خوێنـەر لـە نێـوان خەونەکـە و مێـژووی واقیعـی مرۆڤایـەتی دایـە، لەبەرئەوە جارێك خەم و ترسەکانی بەوە دەڕەوێنێتەوە، کە ئـەوەی باسـی لێـوە دەکرێـت هیچ نییە جگە لە خەوی چەند کەسایەتییەك، لەبەرامبەر ئەمەشدا لەو ترسەدایە، کە دەشیٚ

ئـەوە ڕاسـت دەربچـێ بـەهۆی بـوونی مـەعریف و زانیـاری لەسـەر دڕندەییـەکانی مـرۆڤ لـە جەنگەکاندا، لێرەشدا کارامەیی و دەستڕەنگینی نووسەر دەردەکەوێت، لـەو ڕووەوەی، کـە توانیویـەتی کەسـایەتییەکانی نـاو دەقەکـەی لـە کەسـانێکی ئاسـاییەوە بگوازێتـەوە بـۆ کەسـانێکی خـەیاڵی لـە ڕێگـەی سـوود وەرگـرتن لـە خـەون و خەونبازییـەوە فانتازیایـەکی کەسایەتییەکانی کێشاوە، کە پێیەکیان لە ناو واقیعی خۆیانە و پێیەکەیتریان لەناو خـەیاڵ و خەون دایە، هەر لـەو ڕێگەیەشـەوە نووسـەر لـەژێر پـەردەی ئـەو خەونانـەوە خۆپـارێزی کردووە لە سانسۆرە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینییەکان و بوێرانە بارودۆخی مرۆڤ لـەکاتی جەنگەکاندا دەخاتە ژێـر پرسـیارەوە و ڕەخنـەی تونـد لـە سیسـتمی سیاسـی کۆمەڵـەکان دەگرێت و دەستکراوەتر دەبێت لە نیشاندانی واقیع لەڕێگـەی نەسـتی مرۆڤەکانەوە،کـە لـە خەوندا دیوە تاریك و شاراوەکانی هەر جۆرە مرۆڤێك بە ئاسانتر دەردەکەون وەك لەوەی لە واقیعـدا وەسـف بکـرێن، واتـە نووسـەر لەڕێگـەی فانتازیـای خەونـەوە کەسـایەتییەکانی بونیانتاوە و دەرفەتێکی زیاتر داونەتێ بۆ خۆ ناساندیان بە خوێنەر.

جۆرێکی دیکـەی بـەفانتازیاکردنی کەسایەتی لای (بـەختیار عـەلی) بریتییـە لـە پێدانی سیفاتی ئاژەڵیی بە مرۆڤ، واتە بارکردنی هەندێك هەستی سەیر و نامۆ لەسەر کارەکتەر، کە مرۆڤی ئاسایی ئەو هەستانەی نییـە، یـاخود زۆر لای لاوازن، لـە (غـەزەلنووس و باخـەکانی خەیاڵ) دا کەسایەتییەکی لەو شێوە دەبینین، کە بریتییە(دەرسیم تاهیر) ، دەرسیم تـاهیر منداڵێکە توانای بـۆنکردنی لەسـەرووی توانـای بـۆنکردنی مرۆڤـەکانی دیکەیـە و دەتوانێـت مرۆڤی مردوو لە ڕێگەی لووتیەوە بدۆزێتەوە:(دوای کوژرانی باوکی چەند ڕۆژێك چەند ڕۆژێك خاڵە بێعاتیفەکەی لە کادانێکدا گلیدایـەوە و نەیهێشـت دەرکـەوێت، شـەوێکیان دەرسـیمی چکۆڵە دەرگای کادانەکەی شکاند و بەرەو پێدەشـتە ترسـناك و پـڕ گورگـەکان تێیتەقانـد، ئەو لەهەموو دونیادا تـەنیا بـاوکی هـەبوو. بـەو شـەوە گەرمـەی هـاوین بـەناو دڕك و داڵـدا هـەڵهات، چـەندین ڕۆژ بـەدوای لاشـەی باوکیـدا بـۆنی زەوی کـرد، لەوکاتـەوە هەسـتیکرد دەتوانێت لەدوورەوە بۆنی لاشەکانی ژێر زەوی هەڵمژێت و بیانبینێت، بەو چنگە چکۆڵانەی زەوی بدڕێت و گۆڕی مردووەکان هەڵداتەوە، لە دوو شەودا چـەندین لاشـەی دۆزییـەوە، تـا دواجار لە کەندێکی دڕکاویـدا گەیشـتە سـەر لاشـەی بـاوکی و دەریهێنـا...).(غـەزەلنووس، ل١٢٤).لێرەدا نووسەر بۆ بەفانتازیاکردنی کەسـایەتییەکە سـوودی لـە وەرگـرتنی سـیفاتی

ئاژەڵیی وەرگرتووە بە تایبەتی سەگ، چونکە لـە جیهـانی واقیعدا سـەگ بـە بـۆنکردنێکی سەیر و سەمەرە ناسراوە و لـە توانایدایـە لەڕێگـەی بۆنکردنـەوە چـەندین شـتی نـەبینراو و شـاراوە بدۆزێتەوە،شـێوازی پێشکەشـکردنی ئـەو کەسـایەتییەش بـە ڕوونـی جـۆرە فانتازیایەکی پێوە دیارە، چـونکە کارەکـەی بـەدەرە لـە کـاری مرۆڤێکـی ئاسـایی، بـەڵام نووسەر ئەمە بە مەبەست ئەنجام دەدات، بێگومان دەرسیم تاهیر بۆیە بەو شێوە فانتازیـە خولقێنراوە، تا هاریکارییـەکی بـاش بکـات لـە گرێچـنی ڕووداوەکـان و گـەلێك گـرێ کـوێرە بکاتەوە، بەتایبەتیش چونکە ڕووداوێکی گرنگ لەو ڕۆمانـەدا بریتییـە لـە بابـەتی کوشـت و کوشتار و شاردنەوەی جەستە لە شوێنە لاتەریك و نەناسـراوەکان، بۆیـەش بەشـێکی زۆری کارەکتـەرەکان سـوود لـەو سـیفاتە فانتازیـەی دەرسـیم تـاهیر وەردەگـرن بەتایبـەت لـە دۆزینەوەی جەستەی باران شوکردا، هەروەها لە دۆزینەوەی ئەو سـەربازە عێراقیانـەی کـە لـە جەنگـدا کـوژراون و لـەژێر گڵـدا شـاردراونەتەوە، دیمەنەکـەش دیمـەنێکی یـەکجار سەرسـوڕهێنەر بـەلای خوێنـەرەوە، لەلایەکەوە بـاوەڕ بـەوە دەکـات لـەڕووی فیزیکییـەوە کەسێکی لەو جۆرە هـەبێت بەتایبـەت لەبەرئـەوەی جەسـتەی دەرسـیم بـە تـەواوەتی وەك جەستەی مرۆڤێکی ئاساییە و تەنیا قەبارەی لووتی گەورەترە، لەولایتریش ئەنجامدانی ئەو کـارە سـەیرانە لەڕێگـەی هەسـتی بۆنکردنیـەوە دیخەنـە گومانـەوە، هەرچـی کەسـایەتی( شــەهریاری شووشــە)یــە هــەر لــەو دەقــەدا هەمــدیس توانایــەکی دیکــەی هەســتی بــۆ زیادکراوە،ئەویش بریتییە لـە هەسـتی بیـنین لـەودیوی دیوارەکانـەوە:(شـەهریار بـایز ئـەو کـوڕەی دوو چـاویی شوشـەیی سـاف هەیـە و دەتوانێـت ئـەودیو دیوارەکـان ببینێـت) (غـەزەلنووس، ل٤٩٨) بێگومـان بـوون و خوڵقانـدنی کەسایەتییەکی وەهـا زووتێپـەڕ، کـە لەچەند دێڕێکی کەمی ڕۆمانەکەدا ئاماژەی پێدەکرێت بـۆ هـیچ مەبەسـتێك نییـە، جگـە لـە کردنەوەی گرێ کوێرەیەکی ڕووداو نەبێت، شەهریار نەبێت، کەس ناتوانێت یاقووت مەمـەد لەو پەناگەیە بدۆزێتەوە کە پڕاوپڕە لە نهێنی و لەتوانای عـەتار نییـە بـە سـووك و ئاسـانی پەی پێ بەرێت، بۆیە شەهریاری شووشە وەك داشێك وایە لە دەستی ئەودا و لە قورسـترین کارەکانیدا بەکاری دەبات و دەتوانێت ئەو نهێنیەی پێ ئاشکرا بکات لەڕێگەی بینـینی ئـەو دیوی شتەکانەوە، ڕەنگە دووچاوەکەی شەهریار ئاماژەیەك بن بۆ چاوی گورگ، کـە واباوە لەناو عەوامدا توانای بینینی شتی یەکجار سـەیر و نـامۆی هەیـە و دەتوانێـت لـە دوورتـرین

مەوداکاندا توانای بینینی بەکار بخات بۆ ڕاوکردنی نێچیرەکەی ئەو وەرگرتنـەش یا بـوونی ئەو چاوانە لای شەهریار ئاماژەیەکە بۆ گورگبوونی ئەو جۆرە کەسایەتییە، چونکە شەهریار هاوکاری دۆزینەوەی بێگوناهێك دەکات تا سەرانی خێڵ بیکوژن لـەو ڕێگەیەشـەوە خوێنـەر نیمچە باوەڕێکی بۆ دروست دەبێت، کە ئەو کەسایەتییە گورگێکە لە پێستی مرۆڤـدا، واتـە ناتوانێت سیحری ئەو فانتازیایە قەبووڵ نەکات، کە نووسەر خوڵقاندوویەتی لە بونیاتی ئـەو کەسـایەتییەدا، چـونکە لەڕێگـەی کـاروکردەوەی کارەکتـەرەوە هەسـتدەکات دەشـێ کەسایەتی لەو جۆرە بوونیان هەبێ، بۆیەشە بابـەتی چـاوەکە وەکـو شـتێکی کـاڵی لێـدێت بەلایەوە، چونکە ئاساییە، گەر مرۆڤ بوو بـە گـورگ، ئـەوا دەبێـت دوو چـاوی گورگـانەشـی هەبێت، تا نێچیرەکانی لـە دوورتـرین ڕوانگەکانـەوە نیگـا بکـات، بـەڵام نووسـەر نـەهاتووە ڕاستەوخۆییانە ئەو چاوانە بشوبهێنێت بە چـاوی گـورگ، بـەڵکو بـە کەرەسـەیەکی مـاددی وەکو شووشە ڕازاندوویە تیەوە، ئەمەش بریتییە لە جوانی نیشاندان و خستنەڕوو لە بنیاتی کەسـایەتیدا، هـەروەها زیـادکردنێکی دیکـەی لایەنـە خەیاڵییەکانـە، چـونکە تـا خـەیاڵ قەڵەمڕەوی خۆی فراوانتر بکات لە وێنەکێشـانی کەسـایەتییەکاندا، ئەوەنـدە فانتازیاکـەش بەربڵاو و پێچاوپێچتر خۆی دەنوێنێت و چێژدارتر دەبێت لە پێش چاوی خوێنەر.

جۆرێکی دیکەی بەفانتازیا کردنی کەسایەتی لە ڕۆمانەکانی نووسەردا بریتییـە لـە سـوود وەرگرتن لە گۆڕاوی کارەکتەرەکان و مەسخبوون و دۆناودۆن بوونیان، لەبەر ئەوەشی یەکێ لـە سـیماکانی کارەکتـەری فانتـازی جۆراوجۆریـەتی لەڕێگـەی گـۆڕان و مەسـخ بوونـەوە و دەشێ ببێتە ڕووەك یا بێ گیان، یا ببێتە ڕۆحێکی نەبینراو و بەوهۆیەشەوە لەگەڵ کەسانی دیکـەی چـیرۆکەکە لـە دژی دایـە یـاخود لەگـەڵ دونیـای دەرەوە.( فاطمـة الزهـراء عطیـة. ٢٠١٥،ص٤٧). بەختیار سوودی لـەو ڕێگەیـەش وەرگرتـووە لـەپێناو بنیاتنـانی بەشـێك لـە کارەکتەرەکانی بە ڕێگەیەکی وڕێنەئامێز بەو واتایەی کەسایەتی لەڕێگەی وڕێنەکردن و خۆ دواندنەوە، یاخود بیرکردنەوەی قووڵی لە ژیانی تایبەتی خۆی وا خۆی دێنێتەپێش چاو، کە شێوەی دەرەکی جەسـتەی دەگۆڕێـت، لـە ڕۆمـانی مـەرگی تاقانـەی دووەمـدا سـەرهەنگ لەڕێگەی قسەکردن بەشێوەیەکی وڕێنەئامێزەوە بۆ منداڵە بیبسی فرۆشەکە نیشاندەدرێت، کە خەریکە بەشێك لە جەستەی دەگۆڕێت بۆ جەستەی گیاندارێکی دڕنـدە:(خوایـە جـەنابی سەرهەنگ تۆ چەند لە تانژی دەچیت، تـۆ بـەو لۆقـە درێژانـەوە دەزانیـت چـەند لـە تـانـژی

دەچیت، کە قاچی لـە پێڵاوەکـانی دەرهێنـا، داپـیرە چـنگۆڵەی تانژییـەکی دڕی هـەبوو)( مەرگی تاقانەی دووەم، ل٥٠_٥١) یا کە سەرهەنگ وەڵامدەداتەوە:(بەتایبەتی ئیتر دەبێت هەموو شەوێك وا لەژنەکانت بکەیت قۆپچەکانیان و ڕێـی پشـتێنی ڕۆبـەکانیان شـلبکەنەوە، خـۆت دەزانـی ئـەوان حـەز لـە پیاوێـك ناکـەن لـەخوار ناوکییـەوە وردە وردە ببێـت بـە تانـژی).(س.پ، ل٥١) لێرەدا نووسـەر ئـازادی خـەیاڵکردن و وڕێنـەکردنی داوەتـە دەسـت خودی کارەکتەرەکەوە، کە وا هەست دەکات خەریکە جەستەی لەخوار ناوکییـەوە دەبێت بـە تانژییـەکی دڕنـدە، یـا لەڕێگـەی گێڕانـەوەوە بـە دەرکـەوتنی نینۆکـەکانی سـەرهەنگ دەردەکەوێت، کە گۆڕانکارییەکی سەیر و سەمەرە تیایانـدا ڕوویـداوە و بـووە بـە چـڕنووکە تیـژەکانی تانـژی و لـەو ڕێگەیەشـەوە هەسـتی سەرسـوڕمانی و تـرس دەکەوێتـە گیـانی خوێنەرەوە و وێنە و لێکدانەوەی کەسایەتییەکە وەکو شێوەی ئاژەڵێکی دڕندەو بێ ویژدان دێتە پێش چاوی، هەندێجار نووسەر ئـەم بەفانتازیاکردنـە لەڕێگـەی خـەونی کارەکتـەرەوە نیشـاندەدات، واتـە کارەکتـەر لەڕێگـەی خەونـەوە مەسـخ دەبێـت وەك ئـەوەی ڕێنـواری زەریـاواری لـە هـەورەکانی دانیـال بەسـەری دێـت:( زۆرجـار لـە خەونـەکانی ئـەودا وێنـەی کونەپەپویەکم بوو کە سەری ئـادەمیزادێکی هەیـە ، کونەپەپویـەك دەفڕێت و لـە تاریکیـدا خۆی دەکێشێت بە ڕوخساری ئـەو گەنجـە نەناسـراوەدا و برینـداری دەکـات).(هـەورەکانی دانیـال، ل٣٥) ئـەو میکانیزمـەش شـێوە و ڕووخسـاری دەرەکـی کەسـایەتی لـە مرۆڤـەوە دەگۆڕێت بۆ گیاندارێکی شووم، بەڵام بەشێکی جەستەکەی وەکو خۆی دەمێنێتـەوە، واتـە نووسەر نایەت تەواوی کارەکتەر بگۆڕێت، بەڵکو گۆڕانکارییەکی بەشەکی تێدا دێنێتەکایەوە و ئەمەش وێنەیەکی سەیر و ناوازەیە، کە کونەپەپویەك سەری ئـادەمیزادی هـەبێت، بـەڵام ئەمە بۆ هێشتنەوە بـاوەڕبوونی خوێنـەر ئـەنجام دەدرێت، تـا بەیـەکجاری گومـان نـەکات شتەکە بە تەواوەتی هیچ و ناماقووڵە، بۆیە هێشتنەوەی دیمـەنێکی جەسـتەی کارەکتـەری مرۆیی بە جەستەی ئەو باڵنـدە بـۆ ئـەو مەبەسـتە ئـەنجام دراوە، چـونکە وەکـو دەوترێـت دڵەڕاوکێی خوێنەر مەرجی سـەرەکی فانتازیایـە. ( وداد مکـاوی حمـود ، ٢٠١٢، ص٣٦٨-٣٦٩).

## ئەنجام

لـە کرۆکـی ئەوانـەی دەربـارەی فانتازیـای کەسـایەتی و بـەفانتازیاکردنی کارەکتـەر لـە ڕۆمانـەکانی بـەختیار عەلیـدا باسـکران، دەتـوانین نویشـکی بابەتەکـە لـە چـەند خاڵێکـدا بخەینەڕوو:

١.ڕۆماننووس توانیویەتی کەسایەتییەکانی لەنێوان واقیع و ناواقیعدا دابنێت و ئاسۆیەکی ڕاڕایی بۆ خوێنەر دروست بکات، ئەمەش مەرجی سەرەکی بەدیهێنانی فانتازیایە.

٢.بەختیار سوودی لـە سەرچـاوە کلتـوری و مـەعریفی و زانسـتی و مێـژوویی و دەروونـی و ئاینییەکان وەرگرتووە لەپێناو بەفانتازیاکردنی کەسایەتییەکانی.

٣.لەڕێگـەی بـەفانتازیاکردنی کەسـایەتییەکانەوە نووسـەر کەشـێکی سەرسـوڕهێنەرانەی دروستکردووە و بەو هۆیەشەوە هەوڵی زیاترکردنی چێژی خوێنەری داوە.

٤.ڕێگاکـانی دروسـتکردنی کەسـایەتی فانتـازیی لای بـەختیار جۆراوجـۆر و هەمەچەشـنن، لەوانـە لـە ڕێگـەی( خـەون، خـەیاڵ، جـادوو، وڕێنـە، تێکچـوونی دەروونـی و گـۆڕان لـە هەستەکان، بیروبـاوەڕی ئـایینی سـۆفیگەریانە، مەسـخبوون، نەسـخبوون) هـەوڵی گـۆڕینی کەسایەتییە واقیعیەکانی داوە.

٥.بەربلاوترین جۆری بەفانتازیاکردنی کەسایەتی لە ڕۆمانی جەمشیدخاندا بەرجەستەکراوە، بەرامبەر بەمەش مەرگی تاقانەی دووەم لە نزمترین ئاستدایە.

## سەرچاوەکان

### بە زمانی کوردی:


١. بـەختیار عـەلی(٢٠١٠)، دواهـەمین هـەناری دونیـا، چ٣، چـاپخانەی کـارۆ، بڵـاوکراوەی ئەندێشە، سلێمانی.

٢. بەختیار عەلی(٢٠١٠)، جەمشیدخانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، چ١، ئەندێشە، سلێمانی.

٣. بەختیار عەلی(٢٠٠٧)، غەزەلنوس و باخەکانی خەیاڵ،چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٤. بـەختیار عـەلی(٢٠٠٩) مـەرگی تاقانـەی دووەم، چ٣، چـاپخانەی کـارۆ، بڵـاوکراوەی ئەندێشە،سلێمانی.

٥. بەختیار عەلی(٢٠١٥)، هەورەکانی دانیال، چ١، ئەندێشە، سلێمانی.

٦. حسین سابیر(٢٠١٢)، رەنگدانەوەی ریالیزمی سیحری لـە رۆمانـەکانی کاکەمـەم بۆتـانی دا،چاپخانەی لەریا، بەریوەبەریتیی چاپ و بلاوکردنەوەی سلیمانی.

٧. ڕووناك سەڵاح(٢٠١٧) فانتازیا لەچیرۆکی نوێی کوردیدا بە نموونەی چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن و سابیر ڕەشید،دەزگای ئاوێر،هەولێر.

٨. د. محمد ئەمین تاتانی(٢٠١٥)،فانتازیا لە ڕۆمانی غەزەلنووس و باخـەکانی خەیاڵـدا، گ. زانکۆی کۆیە، ژ٣٥ .

٩. د.موحسین ئەحمـەد عومـەر(٢٠١٢)،فەرهـەنگی ئـەدەبی،بلاوکراوەی رەخنـەی چـاودێر، سلێمانی.

١٠. د.هیمداد حوسێن(٢٠١٠)،ڕێبازە ئەدەبییەکان،چ٢،دەزگای موکریانی،هەولێر.


### بە زمانی عەرەبی و فارسی


١١. بن دبلة جلول(٢٠١٢) تجليات العجائبي في الخطاب الروائي، رسالة ماجستير، جامعة وهران، الجزائر.

١٢. تزفيتان تودوروف(١٩٩٣)، مدخل إلي الأدب العجائبي، ترجمة الصدي بوعلام، ط١ ، شرقيات، القاهرة.

١٣. حسینی مؤخر، سید محسن(١٣٨٢)، ماهیت شعر در دیدگاه منتقدان اروپا از افـلاطون تا دریدا، فصلنامه پژوهشهای ادبی،شماره ٢.
١٤. د.سناء شعلان(٢٠٠٧) ، السرد العجائبي و الغرائبي ، قطر.
١٥.د.شعیب الحلیفي (٢٠٠٧)، شعرية الرواية الفانتاستيكية ، ط٢،مغرب،.
١٦.فاطمة الزهراء عطية(٢٠١٥)، العجائبية وتشكلها السردي في الرسالة التوابع و الذوابع لابـن شهيد الاندلسي و منامات ركن الدين الوهراني، رسالة دكتورا،.جامعة محمد خيضر– بسكرة ، جزائر.
١٧.مدحت پور خالقی و مریم جلالی (١٣٨٩)، فانتزی و شیوه‌های فانتزیسازی شاهنامه در ادبیات کودکان و نوجوان، ، مجلەی علمی پژوهشی مطالعات ادبیات کودکان،ش اول.
١٨.مریم جلالی (١٣٨٨)، شیوه‌های فانتازی در ادبیات کهن، کتـاب مـاه کـودك و نوجـوان، ١٣٨٨ .
١٩.د. مصگفی موسوی و عاطفه جمالی (١٣٨٨) فانتزی، چیستی و تاریخچه أن در ادبیات ایران و جهان،مجله ادب فارسی گروه دانشگاه تهران.
٢٠.نورة ابراهيم العنزي (٢٠١١)، العجائبي في الرواية العربية، ، رسالة ماجستير، كليـة الاداب، جامعة ملك سعود، سعودية.
٢١.وداد مكاوي عبود(٢٠١٢ )، عجائبية الرؤيا عند يوسف(ع)، مجلـة بابـل، قسـم الانسـانية، العدد٢ .
٢٢.الياقوت بن سيدهم (٢٠١٥)، العجائبي في الرواية الجزائرية المعاصرة، رواية " نصف وجهي المحـروق لــ: عبـد القـادر شـرابة " أنموذجـا، رسـالة ماجسـتير، ، جامعـة محمـد بوضـياف بالمسيلة.

**بە زمانی ئینگلیزی و فرەنسی :**

23.Aimée Aljamic et dautres(1995) :Le Petit Larousse , Impremerie casterman , Nouvelle édition , Belgique,
24.Emmanuèle Baumgartner et Philippe Ménard (1996), Dictionnaire étymologique et historique de la langue française, Librairie générale française.
25.Hillman, Judith (2003) Discovering childrcns literaturc, Third Edition, Merrill, Ohio.
26.Lynch-Brown, C. and Tomlinson, C. M. (2008). Essentials of children's literature. NY: Pearson Education Inc.

27.Oxford English-_English dictionary(1999),penguin books, eleven edition. Chicago.
28 .Paul Robert ,(1987) Le Petit Robert , Nouvelle edition , Paris.
29.Rabkin, E. (1976). The fantastic in literature. Princeton: Princeton UP.
30.Rosemary,Jackson(1981)- Fantasy- The Literary of subversion, Me thuen London.
31.Timmerman, John,(1990) Other worlds, the Fantasy Genre, Bowling Green University, Ohio.

# بنیاتی کارەکتەری پەرەسێن لەرووی ئەرك و بنیاتەوە(رۆمانی ئوتێل ئەورووپا بەنموونە)



زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

بنیاتی كارەكتەر لە دوو ڕۆمانی (فەرهاد پیربالّ)دا
بەنموونەی (مولازم تەحسینو شتی تریش) و (هوتێل ئەوروپا)

نامەیەكە

پێشكەش بەئەنجومەنی كۆلیژی پەروەردەی زانكۆی سەلاحەدین – هەولێر كراوە
وەك بەشێك لە پێداویستییەكانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی كوردیدا

لەلایەن
عەونی ئەمین عومەر
بەكالۆریۆس لە زمانی كوردی - ١٩٩٩

بەسەرپەرشتی
پ.د. هیمداد حسین بكر

# پێشەكی[1]

بەهۆی ئەوەی شوێن پەنجەی كارەكتەر لەناو ڕۆماندا لـە زۆر بـواردا ڕەنگدەداتـەوە ئـەوا هەر لە سەرەتای پەیدابوونی ڕۆمانەوە لەلایەن ڕۆماننووسانەوە گرنگییەكی زۆر بەكارەكتەر دراوە، ئەم گرنگی پێدانەش لەناو ڕۆمانی كۆندا بـەراورد بەتوخمـەكانی دیكـە زۆر بـەزەقی بەدیاردەكەوێت بەجۆرێك ڕۆماننووسانی كۆن نـەك هـەر زیـاتر گرنگییـان بەكارەكتـەر داوە بـەڵكو لەهـەمان كاتـدا هـەموو توخمـەكانی دیكـەی ڕۆمانیشـیان لـە خزمـەتی كارەكتـەردا خسـتۆتەگەڕو تەنانـەت گرنگیدانەكـە بەشـێوەیەك بـووە، كـە بەشـێكی زۆری ناونیشـانی ڕۆمانەكانیشیان هەر بەناوی كارەكتەرەكانیانەوە ناو لێناوە، بۆیە ئەمجۆرە گرنگـی پێدانـە پاڵی بەهەندێك ڕەخنەگر ناوە ڕۆمان بەهونەری كارەكتەر ناوبنێن.

ئـەم توێژینەوەیـە لـە بەشـێكی تیـۆریو بەشـێكی پراكتیكـی پێكهـاتووە، بەشـی یەكـەم تیۆرییە سەرەتا لە ڕووی تیۆرییەوە باسی چەمكو گرنگی كارەكتەرمان وەكو توخمێك لەناو ڕۆماندا كردووە، دواتر باسی پێگەو وێنەی كارەكتەرمان لەناو ڕۆمانی كۆن و نوێدا كـردووە، لە ڕووی جۆریشەوە تەنیا كارەكتەری پەرەسێنمان باسكردووەو لە ڕووی ئەركو پێكهاتەوە لە ڕۆمانی (هوتێل ئەوروپا)دا دیاریكردووە.

[1]: بە هاوبەشی لەگەڵ م. عەونی ئیبراهیم لە نامەی ماستەرەكەی ( بنیاتی كارەكتەر لە ڕۆمانەكانی فەرهاد پیربال دا،زانكۆی سەلاحەددین-هەولێر،٢٠١٦.

# فەسلی یەکەم :بنیاتی کاراکتەر

## چەمك و پێناسەی کارەکتەر

کارەکتەر وەکو توخمێك لەناو رۆماندا لەسەر بنەمای کۆمەڵێك رەهەند بنیات دەنرێت بۆ ئەوەی لاسایی کەسانی واقیعی پێ بکرێتەوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا جیـاوازە لـە مرۆڤـی ئاسایی کە لە واقیعدا بوونیـان هەیـە، چـونکە مرۆڤـەکان دروسـتکراوی خـودان و بـوونێکی فیزیکییـان هەیـەو بەپێچـەوانەی کارەکتـەری نێـو دەقـیش رابـردوو و داهـاتوو و ژیـانی بەردەوامیشــیان هەیــە، کەچــی کارەکتــەر وەکــو تــوخمێکی رۆمــان بوونــەوەرێکی بەرهــەمهێنراوی زمــانو ئەندێشــەی رۆماننووســەو ئەوکاتــە لــەناو رەوتــی رووداوەکانــدا بەدەردەکەون کە خەریکی ئەنجامدانی کارێك بـن ببێتـە مایـەی سەرنجراکێشـانی خوێنـەر، چونکە (کارەکتەرەکانی نێو کتێب کەسی خـەیاڵین کـە لـەنێو پلۆتەکـەدا هاموشـۆ دەکـەن لەلایەن نووسەرەوە داهێنراونو بە وشە دروستکراون نەك بەگۆشـتو خـوێن، بۆیـە نـاتوانن وەك مرۆڤـی ئاسـایی لـە جیهـانی راسـتەقینەدا لـە هـەموو روویێکـەوە خۆیـان بەخوێنـەر بناسێنن)(توخمەکانی رۆمـان،و:گـۆران سـەباح غـەفور، ل٣٥، بەواتایـەکی دیکـە دەتـوانین بڵێین پێکهاتەی کارەکتەری رۆمان بەراورد بەمرۆڤی راستەقینە بریتییە لـە (تێکەڵییـەك لـە وەسفی خەیاڵی هونەریو رۆشنبیریی کۆکراوەی رۆماننووس، ئـەمجۆرە پێکهاتەیـەش رێگـا بە رۆماننووس دەدات بەوەی بتوانێ پێکهاتەو وێنەی کارەکتەر زیادو کـەمو گـەورە یـاخود زیادەڕۆیی تێدا بکات بەجۆرێك دەتـوانێ ئـەم بوونـەوەرە کاغەزییـە بکاتـە وێنـەو ئاوێنـەی راسـتی کەسـێکی دیـاریکراو لـە واقیعـی مرۆڤـی دەوروبـەردا، ئـەمجۆرە کەسـەش تـەنیا داهێنراوی رۆماننووسە)( المحاسنە،٢٠٠٧، ص١١).

بوونی کارەکتەر لەناو رۆماندا بەندە بـەو وشـەو رسـتانەی رۆمـاننووس لـە چوارچێوەی رۆمانەکەدا دەریان دەبڕێت، چونکە بوونـەوەرێکی ئافریـدەکراوی سـەر کاغـەزە، ژیانیشـی بەندە بەو تێکستەی تێیدا بەرهەم هاتووە چونکە لە دەرەوەی تێکستەکەدا هـیچ بـوونێکی نییە، بەواتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین لەگەڵ دەسپێکی تێکسـتەکەدا ژیـانی کارەکتـەریش لەناو رۆماندا دەست پێدەکاتو بەکۆتاییهاتنی تێکستەکەش ژیانی ئەویش کۆتـایی پێـدێتو خوێنەریش لە ئەنجامی خوێندنەوەی رۆمانەکەدا رۆحو ژیان بەم وشـانە دەبەخشـێت، بۆیـە دەتوانین بڵێین کارەکتەر (کەسێتی سەر کاغەزە لەوساوە ژیانیان دەستپێدەکات کـە تـۆی

خوێنــەر پــەڕەی یەکــەم هەڵدەدەیتــەوەو ســەمەندەرانە زینــدوو دەبنــەوە، کۆتــایی ژیــنو تەمەنیشیان لەدوا لاپەڕەدایە کە ڕۆمانەکە دادەخەیت)( سەڕاج، ٢٠٠٧،ل٢١) .

(ئــەی. ئــێم. فۆرســتەر) پێیوایــە کارەکتــەر دروســتکراوی نووســەرەو لــە ڕێگــای وشــەو ڕستەکانی نـاو ڕۆمانەکـەی دروسـتی دەکـات و، تەنانـەت هـەر لـە ڕێگـای ئـەم وشـانەوەش وایلێدەکات بدوێتو ڕەفتارو هەڵسوکەوتو کاروکردەوە ئەنجامبدات، چونکە ناوبراو پێیوایە ڕۆمـاننووس بـۆ بنیاتنـانی کارەکتـەر لـەناو ڕۆمانـدا پێویسـتی بـەوە دەبێـت (کۆمـەڵێك دەستەواژە بەشێوەیەکی نارێك ڕێکبخات، چونکە هەر لە ڕێگای ئەم وشانەوە ڕۆمـاننووس دەتوانێ وەسفی خودی کارەکتەر بکاتو، هەر لە ڕێگای ئەم وشانەوەش ناوێکی لێـدەنێتو ڕەگەزەکـەی دیـاری دەکـاتو شـێوەی شـیاوی بـۆ هەڵدەبـژێرێ، لـە ڕێگـای بۆشـاییە هەڵگەڕاوەکانیش وایلێدەکات قسە بکات، بۆیە ئەمانەش دەکـات بـۆ ئـەوەی بەشـێوەیەکی گونجاو هەڵسوکەوت بکات)( فورستر، ١٩٩٤، ص٣٧).

جەلیل کاکەوەیس پێیوایە (کەسێتی بەر لە هەر شتێك خەڵقندەی خەیاڵە)( کاکـەوەیس، ٢٠٠٥، ل١٦٩)، پاشـان دەڵێـت: (کەسـایەتی یەکێکـە لـە توخمـە پێکهێنـەرەکانی چـیرۆكو لەپاڵ شوێنکاتو ڕووداو بەکاریگەریی گەمەی زمانو شـێوازی تـەکنیککاری هەڵدەسوڕێت، بـەپێی ئـەو کردەیـە ڕووداو دەخولقێنێتو ئاراسـتەی ڕووی کەسـەکە دیاریـدەکرێو ئینجـا لەمیانی ئەو کردەوەیەدا بنیاتی کەسێتییەکە پەیدادەبێت)( س. پ، ل١٦٩ ).

(ڕۆلان بارت) پێیوایە کارەکتەر (بوونەوەرێکی سادەی سـەر کاغـەزە)( س. پ، ل١٦٩)و بوونێکی فیزیکی نییە، چونکە ناوبراو پێیوایە کارەکتـەر چـەمکێکی ئەندێشـەییەو دەقەکـە دروستی دەکات ئەویش لە ڕێگەی ئەو وشەو دەربڕینانەی کە ڕۆمانەکە گوزارشت لە بـوونی دەکەن، هەر کە دەقەکەش کۆتاییهات کارەکتـەر نـەك هـەر بـوونی نـامێنێ بـەڵکو واتاشـی نامێنی.

(فلیپ هامۆن) بەپێچـەوانەی ئـەم بۆچـوونەی (ڕۆلان بـارت) پێیوایـە کارەکتـەر لـەناو ڕۆماندا (پێکهاتەیەکە خوێنەر لە ئەنجامی خوێندنەوە دروستی دەکات نەك لە ڕێگای دەق)( عـزام،٢٠٠٥، ل١١) ، چـونکە نـاوبراو کارەکتـەر بـەمۆرفیمێکی بـەتاڵ ناودەبـاتو پێیوایـە خوێنەر لە ئەنجامی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا بەتێپەڕبوونی کات ئەو مۆرفیمە بەتاڵە بەماناو

دەلالەت پڕ دەکاتەوەو، پاشان بنیات و وێنـەی کەسـەکە لـە ڕێگـای ئـەم سەرچـاوانەوە لـە خەیاڵی خۆیدا دروستی دەکات:

– ئەو زانیارییانەی حیکایەتخوانەکە دەربارەی کارەکتەرەکان پێشکەشی دەکات.

– ئەو زانیارییانەی کارەکتەرەکان دەربارەی خودی خۆیان دەیدرکێنن.

– ئـەو زانیارییانـەی خوێنـەر لـە ڕێگـەی هەڵسـەنگاندنی ڕەفتـارو کـردارو هەڵسـوکەتی کارەکتەرەکان بەدەستی دێنێ.

دیاریکردنی بنیاتی کارەکتەر بەپێی ئەم بۆچوونەی (فلیپ هامۆن)ـەوە بەهۆی جیـاوازی ئاستی ڕۆشنبیریی خوێنەرو هەروەها شیکردنەوەی جیاوازیان بۆ کەسەکە وێنەی جۆراوجۆر بۆ هەریەك لە کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان دروست دەبێت.

کەواتە دەتوانین بڵێین (کەسایەتی ناو ڕۆمان کەسایەتی ئەدەبی و هونەرییـە ڕۆمـاننووس ئەفراندوویەتی، بۆیە هەڵەیە ئەگەر بەچاوی واقیعی و ئاسایی تەماشـایان بکـەین جـا ئەگـەر لێکچـوونی لەگـەڵ ژیانـدا هـەبێ یـاخود نـەبێ)( سـەڕاج، ٢٠٠٧،ل١٢)، تەنانـەت ئەگـەر سەرچاوەی کەسەکان لەناو ڕۆماندا مرۆڤی ڕاستەقینەش بێت ئـەوا ڕۆمـاننووس ڕاسـتەوخۆ کەسەکان وەکو خۆیان وەرناگرێت و نایانگوازێتەوە بۆ ناو ڕۆمانەکەی، بەڵکو دەبێت بەشێك لە خەیاڵی خۆشی تێکەڵ بەبنیاتی کەسەکە بکـات بـەجۆرێك دەبێـت وێنـەی کەسـێکی لـێ دروست بکات بچێتە ناو چوارچێوەی یاسای ئیحتیمالەوە بەوەی لەیەك کاتدا هەم کەسەکە هاوشێوەی لەناو کۆمەڵدا هەبێت و هەمیش هاوشێوەی نەبێت، چونکە ئەگەر وانەکات تـەنیا ژیانی واقیعی و مێژوویی کەسەکانمان بۆ دەگوازێتەوە بەبێ هیچ دەستکاریی و گۆڕانکارییەك، چونکە ئەرکی ئەدەب گواستنەوەی واقیع نییە بەڵکو دروسـتکردنی واقیعێکـی تـازەترە لـە واقیعی ڕاستەقینە ئەو واقیعە تازەیەش تەنیا لە ڕێگەی خەیاڵی داهێنەرانەی ڕۆماننووسەوە دروست دەبێت، چونکە (هـەر دەقێکـی ئـەدەبی ئەگـەر خـەیاڵی تێـدا نـەبێت ئـەوا دەبێتـە شتێکی خواسایی ڕۆژانەو مەتەڵی بەدەقبوونی تێدا بەتاڵ دەبێتەوە)( کاکەوەیس، ل١٦٩)، بۆیـە ڕۆمـاننووس کاتێـك خـەیاڵی خـۆی تێکـەڵ بـەبنیاتی کارەکتـەر دەکـات ئـەم حاڵەتـە یارمەتی ئەوەی دەدات سیفەتی هونەریی و خوڵقاندن بەکارەکتەرەکان ببەخشـێت و داهێنـان لە بنیاتی کارەکتەردا بکات، بۆ نموونە لە ڕۆمانی (هوتێل ئەوروپا)دا لەبەر ئەوەی نووسـەر لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا وەکو تێبینییەك ئاماژەی بـەوە کـردووە کـە ڕووداوەکـانی ڕۆمانەکـە

حەقیقین و بەشێکن لە ژیانی راستەقینەی خۆی، ئـەم حالەتـە وایکـردووە نووسـەر وەکـو کارەکتەرێك بەشداری لە رووداوەکانی ناو رۆمانەکەدا بکات، بەڵام بۆ ئـەوەی رۆمانەکـە لـە رووداوێکی مێژوویی دووربکەوێتەوەو بچێتە ناو چوارچێوەی قاڵبی رووداوێکی ئەدەبی ئـەوا نووسـەر نـەك هـەر هـەموو لایەنـەکانی ژیـانی خـۆی نەگواسـتۆتەوە نـاو رۆمانەکـە، بـەڵکو گۆڕانکاری لە پێکهاتەی خودی خۆشی کردووە.

بۆیە لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین (کەسێتی سەر کاغـەزو کەسـێتی واقیعـی دەوروبـەرمان دوو شـتی جیـاوازن‌و هەریەکـەیان سـەر بەجوگرافیایـەکن ئـەوەی سـەر کاغـەز زادەی کـۆ ئـەزموونی چیرۆکنووسـێکە ئـەوی دیکـەیان بوونـەوەرێکی لـە ئیجـاد هـەبووە)( ئاکـار کاکـەوەیس، ل١٧١)، دیـارە مەبەستیشـمان لـە بـەراوردکردنی کارەکتـەر لەگـەڵ مرۆڤـی راستەقینە ئەوە نییە هـیچ پێوەندییـەك لـەنێوان کارەکتـەرو مرۆڤـی راسـتەقینەدا نـەبێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە رۆماننووس سیماو خاسیەتی کارەکتەرەکانی لەو مرۆڤانە وەردەگرێـت کە لە ژیانی رۆژانەیدا رووبەڕوویان دەبێتەوە، بەتایبـەتیش ئـەو سـیفاتانەی لێوەردەگرێـت بـەپێی نـاوەڕۆکی رۆمانەکـەی سـوود بـەبنیاتی کارەکتـەرەکانی دەگەیـەنێت، بـۆ نموونـە (تۆرگنیف)ی رۆماننووسی رووسـی دەڵێـت: (نـاتوانم کارەکتـەرێك لـەناو رۆمانـدا بخـوڵقێنم ئەگـەر هێـزی خـەیاڵم نەخەمـە سـەر کەسـێکی زینـدوو لـەو کەسـانەی لـە دەوروبەرمـدا دەجووڵێنەوە، چونکە ئەگەر ئەمجۆرە کەسانەم لە ژیاندا نەدۆزیبوایەوە نەمدەتوانی تـەنیا یەك کارەکتەریش لەناو رۆماندا پێشکەش بەخوێنەر بکەم)(نجم، ١٩٦٣، ص٩٠-٩١).

کەواتە بەراورد بەمرۆڤی راستەقینە دەتوانین بڵێین بنیـات‌و پێکهاتـەی کارەکتـەر لـەناو رۆماندا بریتییە لە کۆمەڵێك وشە، چونکە هەر ئەم وشانەیە رۆح‌و ژیان‌و خـوێن بەکارەکتـەر دەبەخشێت‌و وایلێدەکات کارو کردەوە ئەنجام بدات‌و وەکو کەسێکی زیندوو بێتـە بەرچـاو، هەروەها هەر ئەم وشانەشە گوتـارو هـزری کارەکتـەر بـۆ خوێنـەر دەگوازێتـەوە، تەنانـەت خوێنەر هەر بەهۆی ئەو وشانەوە لە رێگای تـەکنیکی وەسـفەوە شـارەزای دیـوی نـاوەوەو دەرەوەی کارەکتـەر دەبێـت، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەم وشـانە کاتێـك دەتـوانن رۆڵـی کارەکتـەر لـەناو رۆمانـدا بەرجەسـتە بکـەن ئەگـەر هـاتوو (بەشـدارییان لـە دروسـتکردن‌و بەرەوپێشچوون‌و یەکلاییکردنەوەی رووداوەکانی نـاو رۆمانـدا بکـات جـا چ بـە ئـەرێنی یـان نەرێنی بێت، چونکە ئەگەر بەشدارییان لە دروستکردن‌و بەرەوپێشچوون‌و یەکلاییکردنەوەی

ڕووداوەکان نەکرد ئەوا ئەو وشانە ناچنە ناو چوارچێوەی چەمکی کارەکتەر بـەڵکو دەبێـت بە بەشێك لە وەسف)( د.لگیف زیتونی، ۲۰۰۲، ص١١٤–١١٥)..

(ئەفلاتۆن) یەکەمین کەس بوو کە لە ڕوانگەی تیۆری لاساییکردنەوە بەڵام بەشـێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسی کارەکتەری کردووە، چونکە ناوبراو بەشێوەیەکی گشتی باسـی ئـەدەبی کـردووە، کـە باسـی ئەدەبیشـی کـردووە ئـەوا ویسـتوویەتی لـە ڕێـی ئەدەبـەوە خزمـەت بەتیۆرەکەی خۆی بکـات بـۆ گەیشـتن بەحەقیقـەت، نـاوبراو بـەپێی تیۆرەکـەی گـەردوونی دابەشی سەر سێ جیهان کردووە (جیهانی نموونەیی کە جیهانێکی تەواو نـەگۆڕە، جیهـانی شتە هەستییەکان کە وێنەیەکی جیهانی نموونەییـە، جیهـانی خـەیاڵو سـێبەر کـە جیهـانی کارە هونەرییەکانو لاساییکردنەوەی جیهانی دووەمـە)( الماچـی،۲۰۱۰، ل١٨)، بەبۆچـوونی ناوبراو حەقیقـەتی هـەموو شـتەکان لـە جیهـانی نموونەییدایـە کـە خـوا دروسـتی کـردووە، کاتێکیش لە جیهانی سروشتیدا مرۆڤ بیـەوێ لاسـایی ئـەو شـتانە بکاتـەوە کـە لـە جیهـانی نموونەییدا هەیە ئەوا ناتوانێ حەقیقەتو ڕاستی ئەو شتانە پیشانبدات، بەڵکو بەپێچەوانەوە وێنەیەکی ساختەو شێوێندراوی ئەو شتانە پیشان دەدات، لە جیهانی سێبەریشدا شاعیرانو هونەرمەنـدان لاسـایی ئـەو شـتانە دەکەنـەوە کـە لـە جیهـانی سروشـتیدا هەیـە بەمـەش کارەکەیان دەبێتە لاساییکردنەوەی لاساییکەرەوە، واتە کارەکەیان دووجـار لـە حەقیقـەت دووردەکەوێتەوە.

هەرچەندە ناوبراو ڕاستەوخۆ ناوی کارەکتەری نەهێناوە، بەڵام ئەگـەر هەڵسـەنگاندن بـۆ بۆچـوونی نـاوبراو بکـەین بۆمـان دەردەکـەوێت بـەپێی تیۆرەکـەی (ئـەفلاتۆن) کارەکتـەر دەچێتە ناو چوارچێوەی جیهانی سێبەرەوە ئەمەش مانای وایە دووجار لە حەقیقـەت دوور دەکەوێتەوە، چونکە ناوبراو پێیوایە کاتێك کارەکتەر لەناو ڕۆماندا لاسایی کەسانی واقیعـی پێ دەکرێتەوە ئەوا ناتوانێ حەقیقەتو ڕاستی ئەو کەسانە پیشان بدات کە لە جیهانی شتە هەستییەکاندا هەیە بەڵکو تەنیا لایەنی ڕوخساری ئەوان پیشان دەدات، چونکە بەبۆچوونی ئـەفلاتۆن (کارەکتـەری تراژیـدیا نموونـەی خـودی مرۆڤـەکان نـین، بـەڵکو دەمـامکێکن بـۆ لاساییکردنەوەی ڕووخسـاری ئـەوان بـێ ئـەوەی توانـای ئـەوەیان هـەبێ ڕۆحـی ئـەوان لـە خۆیاندا بنوێننو، لە ڕووخسار بەولاوە ناتوانن حەقیقـەتی کەسـایەتی ئـەوان پیشـانبدەن)(

ئـەڵوەنی ، ١٣)، چـونکە (چـۆن هـەموو شـتێکی سـەر زەوی کـۆپی نموونـەی باڵایـە، ئـەوا کارەکتەرەکانیش تەنیا کۆپین نەك نموونەی حەقیقەت) (مەنتك،٢٠١٣ ،ل١٥١).

(ئەرسـتۆ) کـە قوتـابی (ئـەفلاتۆن) بـووە ئـەویش بەهـەمان شـێوە لـە روانگـەی تیـۆری لاسـاییکردنەوە سـەیری ئـەدەبی کـردووە، بـەڵام بەپێچـەوانەی (ئـەفلاتۆن) کاتێـك باسـی ئـەدەبی کـردووە ئـەوا بەشـێوەیەکی راسـتەوخۆ نـاوی کارەکتـەری هێنـاوەو تەنانـەت کارەکتەری بەیـەکێك لـەو شـەش توخمـە سـەرەکییەی دانـاوە کـە تراژیـدیای لـێ پێکـدێت (چـنین، کەسـایەتی، دارِشـتن، هـزر، دیمـەن، گـۆرانی)(ئەرسـتۆ،٢٠١١،ل٢٨) ، ئەرسـتۆ بەپێچەوانەی ئەفلاتۆن پێیوایە کارەکتەر دەتوانێ حەقیقەتی کەسەکان پیشانبدات، چونکە بەبۆچوونی ناوبراو تراژیدیا بۆ لاساییکردنەوەو پیشاندانی رووخساری کەسەکان پێشکەش ناکرێت، بەڵکو بۆ پیشاندانو لاساییکردنەوەی کاروکردەوەی کەسەکان پێشکەش دەکرێت، چـونکە نـاوبراو پێیوایـە (تراژیـدیا لـە بنچینەدا لاسـاییکردنەوەی کەسـەکان نییـە، بـەڵکو لاساییکردنەوەی کردەوەی کەسـەکانە،بۆیە لـە تراژیـدیادا کـردەوە لـە کەسـێتی گـرنگترە، چونکە کردەوە کەسێتی دروستدەکات) (ئەرستۆ،٢٠١١ ،ل١٥٠–١٥١) .

ئەگەرچی (ئەرستۆ) کارەکتەری وەکو توخمێکی تراژیدیا ئاماژە پێکردووە بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشدا بەلای ئەوەوە کارەکتەر لەرووی گرنگییەوە لـەدوای رووداو بەپلـەی دووەم دێـت، دیارە ئەم بۆچوونەی نـاوبراویش لـەوەوە سەرچـاوەی گرتبـوو ئـەوەی کاریگـەریی لەسـەر هەسـتو سـۆزی خوێنـەر دروسـت دەکـات ئـەوا کـارو کـردەوەی کەسـەکانە نـەك خـودی کەسەکان، بۆیە بەلای ئەرستۆوە (چنین یەکەم بنچینەی درامایە یـان بڵـێین خـوێنی ژیـانی درامایە،ئینجا دواتر کەسـێتی بەپلـەی دووەم دێـت) (ئەرسـتۆ،٢٠١١،ل٣٠)، چـونکە نـاوبراو پێیوایە کارەکتەر لەرێگای رووداو یاخود بە واتایەکی دیکـە لـە رێگـای کـاروکردەوە بنیـات دەنرێت، تەنانەت هەر ئەو بۆچوونەش بوو وای لە ناوبراو کرد و بڵێت تراژیـدیا بـەبێ بـوونی رووداو (کاروکردەوە) ناتواندرێت بنیات بندرێت بـەڵام بـەبێ بـوونی کارەکتـەر دەتوانـدرێت بنیات بندرێت، چونکە ناوبراو پێیوایە (لەهەموو رەگەزەکان گرنگتر چنینە، واتە رێکخستنی رووداوەکانە، بێگومان تراژیدیاش لاساییکردنەوەی کەسەکان نییە، بەڵکو لاسـاییکردنەوەی کردەوەو ژیـانو بەختـەوەریو بەدبەختییە،بەختـەوەری و بەدبـەختی مـرۆڤیش بـەکردەوە بەستراوەتەوە، ژیان ئەنجامدانی جۆرە کردەوەیەکی دیاریکراوە نەك خاسیەتێك، کەسەکان

بەو خاسیەتەی هەیانە کەسێتییان دەردەکەوێ، بەڵام بەختـەوەری‌و بەدبـەختییان بـەهۆی کردەوەکانیان دێتەدی، کەواتە تراژیدیا بۆ ئـەوە پێشـکەش نـاکرێ لاسـایی کەسـێتییەکان بکاتـەوە، بـەڵکو کەسـێتی لـەپێناوی کردەوەکـەدا بەگـەڕدەخرێ، بـەمجۆرە مەبەسـت لـە تراژیدیا ئامانجێکە خۆی لە چنینی رووداودا دەدۆزێتەوە،گرنگترین لایـەنی هـەر شــتێکیش ئامانجەکەیەتی) (ئەرســـتۆ،

٢٠١١، ل٢٩)، ئەم بۆچوونەی ناوبراویش سـەبارەت بەچـەمکی کارەکتـەر تـاوەکو سـەدەی هەژدەهەم درێژەی کێشا، واتـە کارەکتـەر وەکـو پاشـکۆیەك بـۆ رووداو ســەیر دەکـراو لـە خـزمەتی ئـەودا بەگەڕدەخرا، بەڵام دواتر لەدوای سەدەی هەژدەم بەهۆی دەرکـەوتنی ئـەو بیرە فەلسەفییانەی کـە گرنگییـان بەبـەها و پێگـەی تـاك لـەناو کۆمەڵگـە دەدا بـووە هـۆی ئەوەی کارەکتـەر لـە پاشـکۆیەتی رووداو جیاببێتـەوەو وەکـو کیـانێکی سـەربەخۆ گرنگـی پێبدرێت‌و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

(ئەرستۆ) جگە لە دیاریکردنی کارەکتەر وەکو تـوخمێکی تراژیـدیا، لـە هـەمان کاتیشـدا چەند مەرجێکیشی بۆ پێشکەشکردنی کارەکتەری تراژیـدیا دەستنیشـانکردووە، ئەگەرچـی ئـەو مەرجانـەی (ئەرسـتۆ) بـۆ کارەکتـەری دەسنیشـانکردووە بـەپێی بـاری کۆمەڵایـەتی سـەردەمی خۆیـەتی، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا هەنـدێك لـەو مەرجانـە لـەناو رۆمـانی کۆنـدا پـەیڕەوکراوە بەتایبـەتیش کاتێـك دەیگـوت (دەبـێ کەسـێتییەکە لەگـەڵ واقیعـدا یـەك بگرێتەوە)(ئەرستۆ،٢٠١١،ل٥٥-٥٧) ، چونکە لە رۆمانی کۆندا کارەکتـەر بەرجەسـتەکردنی کەسـانی واقیعـی بـوو، واتـە وەکـو کەسـێکی زینـدووی نـاو کۆمـەڵگا مامەڵـەیان لەگـەڵ کارەکتەردا دەکرد، بەڵام لە رەخنەی نوێدا ئەم بۆچـوونەی نـاوبراو پەسـەند نـەکرا چـونکە فۆرمالیسـت‌و بونیادگەراییـەکان کارەکتـەریان وەکـو تـوخمێکی زمانـەوانی یـاخود وەکـو هونەرێکی گێڕانەوەیی سەیر دەکرد نەك بەرجەستەکردنی کەسانی واقیعی.


سـەرەڕای جیـاوازی بۆچـوونی فۆرمالیسـت‌و بونیادگەراییـەکان سـەبارەت بەچـەمکی کارەکتەر لەگـەڵ (ئەرسـتۆ)دا، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا لەگـەڵ ئـەم بۆچـوونەی (ئەرسـتۆ) هاوڕان بەوەی کارەکتەر لەناو رۆماندا لـە رێگـای کـاروکردەوە بەرجەسـتە دەبێـت‌و دیـاری دەکرێت نەك سیفەتەکانی، ئەم بۆچوونەی (ئەرستۆ)ش بـۆ یەکـەمجار لەلایـەن رەخنـەگری فۆرمالیستی روسی (ڤلادیمێـر پـرۆپ)ـەوە پشتڕاسـتکرایەوە، چـونکە نـاوبراو کارەکتـەری

لەرووی خودییەوە واتە لە رێگـای نـاوو وەسـفەوە دیـاری نـەکرد بـەڵکو لـە رووی ئەرکـەوە دیـاریکرد، چـونکە نـاوبراو پێیوابـوو ئـەرك ئـەو رەگەزەیـە دەتوانرێـت دابـەش بکرێـتو توێژینەوەی لەسەر ئەنجامبدرێت، مەبەستی ناوبراویش لە ئەرك ئەو کارەیە کارەکتەر لەناو رووداوەکاندا ئەنجامیدەدات و لەلایەك دەبێتە هۆی بەرجەستەبوونی لەناو حیکایەتدا، واتـە بەبۆچـوونی نـاوبراو ئـەوەی بـوونو گرنگـی بەکارەکتـەر دەبەخشـێتو دەیکاتـە خـاوەنی پێگەیەك لە بنیاتی دەقی رۆماندا ئەوا ئەو (کارو کردەوەو هوڵسوکەوتانەیە لەناو رووداوێك یـان زیـاد لـە رووداوێـك ئـەنجامی دەدات،... نـەك بـەجیاوازی لـە تایبەتمەنـدیی یـان نـاوو پلەوپایەی کۆمەڵایەتی) (محەمـەد،٢٠٠٩،ل٣٧)، لەلایـەکی دیکـەوەش هـەر لـە رێگـای ئـەو ئەرکەی کارەکتەر لەناو رۆماندا ئەنجامیـدەدات بنیـات و مانـای گشـتی دەقەکـەش دروسـت دەبێت، چـونکە نـاوبراو پێیوایـە ئـەو رەگـەزەی لـە حیکایەتـدا جـێگیرە ئـەوا ئـەو ئـەرك و کارانەیە کە کارەکتەر ئەنجامیدەدات، ئەوەی ناجێگیریشە ئـەوا نـاوو وەسـفی کارەکتـەرە، واتــە (ئــەوەی دەگۆڕێــت تــەنیا نــاو و وەســفی کارەکتــەرەو ئــەوەی ناگۆڕێــت کــارو کردەوەکانیەتی،بەڵکو راستتر ئەو ئەرکەیە، کە ئەنجامی دەدات) (لحمیدانی،١٩٩١،ص٢٤).

ئـەم بۆچـوونەی نـاوبراویش دەتـوانین وەکـو ئـەرکێکی رێزمـانی سـەیر بکـەین، چـونکە دیاریکردنی کارەکتەر بەپێی ئەو ئەرکەی لەناو رۆماندا ئەنجامیـدەدات دەتـوانین بڵـێین لـە چەمکێکی رێزمانییەوە هەڵـدەقووڵێ، چـونکە لـە روانگـەی رێزمانییـەوە هـیچ کارێـك بـەبێ بوونی بکەرێك یاخود بەپێچەوانەوە هیچ بکەرێك بەبێ بوونی کارێك لەناو رستەدا بەرجەستە نابێت و رستەی تەواویش بـەهۆی کـارو بکـەرەوە دروسـت دەبێـت، بکـەری رێزمـانیش ئـەو کەسـەیە کارێـك لـەناو رسـتەکەدا ئەنجامبـدات، بکـەری هونـەریش کـە مەبەسـتمان لێـی کارەکتەرە هەمان شتە لەسەر ئاستی رۆماندا دەتواندرێت ئەم چەمکە رێزمانییەی لەسـەردا جێبــەجێ بکرێــت بــەوەی رۆمــان بریتییــە لــە کۆمــەڵێك کــردار کــە کۆمەڵــە کەســێك ئەنجامیدەدەن، بۆیە لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین (کەسایەتیو کردار لە چیرۆکدا وەك بکەرو فرمان وان لە رستەدا، مەرجی رستەی تـەواویش ئەوەیـە دەبـێ فرمـانو بکـەری تێدا بـێو بیرۆکەیەکی کامیل دەربڕێ)(هیلز،٢٠٠٥،ل٢٣) .

بونیادگەراییەکانیش بەهەمان شێوەی فۆرمالیستـەکان سـەیری کارەکتـەریان نـەکردووە وەکو بوونەوەرێك بەرجەستەکردنی کەسانی واقیعی بێت، بەڵکو وەکو تەکنیکێکی هونـەری

سەیری کارەکتەریان کردووە کە پێوەندی بەبنـەمای دەقـی گێڕانەوەییـەوە هەیـە، چـونکە پێیانوابوو کارەکتەر لەناو ڕۆمانـدا بوونـەوەرێکی ئامـادە یـاخود خـودێکی دەروونـی نییـە، بەڵکو بریتییە لە نیشانەیەك کە ئەو نیشانەیەش پێشتر بوون و ئامادەیی نییە بەڵکو لەکاتی بنیاتی دەقی ڕۆمانەکەدا دەبێت بەنیشانە، چونکە بەبۆچوونی بونیادگەراییەکان کارەکتـەر لـەناو ڕۆمانـدا (دەسـکەوتێکی پێشـوەخت نییـە بـەڵکو بـەدواداهاتنو کەڵەکەبوونـەو لـە حاڵـەتێکی بەردەوامدایـەو لـە هـەموو چرکەسـاتێکدا دروسـت دەبێـتو کامـڵ دەبێـت، دوا ئەدگاری کۆتایی خـۆی وەرناگرێـت ئەوکاتـە نـەبێت ڕۆمانەکـە تـەواو دەبێت، لەبـەر ئـەوە ستەمە ئەو کەسێتییە هەر لەسەرەتاوە ئـەدگاری تـەواوی خـۆی وەرگـرێ یـان ڕووخسـاری کۆتـایی پێهـاتووی هـەبێت، بـەڵکو دەبێـت لەگـەڵ ئـەوانی تـردا مامەڵـە بکـاتو لەگـەڵ دەوروبەرومەرجەکانیشـدا خـۆی بگونجێنێـت)،چـونکە بونیادگەراییـەکان پێیـانوابوو لـەناو دەقدا هیچ ڕەگەزێك بوون و گرنگی دەرناکـەوێت تـا پێوەنـدی لەگـەڵ ڕەگـەزەکانی دیکـەدا دروست نەکات، لەلایـەکی دیکـەوە بونیادگەراییـەکان پێیـانوابوو ئـەم نیشـانەیە دوو ڕووی هەیە یەکێکیان بریتییە لە (هێما) کە ناوو سیفەتی کارەکتەرەکە دەگرێتەوەو ناسـنامەکەی پوخت و دیاریـدەکات، ئەویتریشـیان (هێمـابۆکراوە) مەبەسـت لێـی ئـەو وێنـە زەینییـە کـە خوێنەر بۆ کارەکتەرەکە دەیکێشێت لە کۆی هەموو ئەو شتانەی لەناو ڕۆمانەکە دەربـارەی کارەکتەرەکە دەگوترێت ئەویش لە ڕێگەی ئەو ڕستە جیاوازانەی دەربـارەی کارەکتەرەکـە دەوترێت یاخود لە ڕێگەی لێدوان و گوتارو ڕەفتاری کارەکتەرەکە، بەڵام ئەم وێنەیـە تـەواو نابێت تاکو ڕۆمانەکە بەکۆتا نەگات بەجۆرێك هیچ شتێك نەمابێت دەربـارەی کارەکتەرەکـە نەگوترابێت.



### فەرهاد پیرباڵ

### گرنگیی بوونی کارەکتەر وەکو توخمێك لەناو رۆماندا

رۆمان وەکو ژانرێکی ئەدەبی لەسەر بنەمای کۆمەڵێك تـوخمی وەك (کارەکتـەر، رووداو، کات، شوێن، گێڕانەوە، زمان) بنیات دەنرێت، هەریەکێکیش لەو توخمانە بەپێی ئەو ئەرك و رۆڵەی لەناو رۆماندا هەیەتی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا دەتـوانین بڵێین ئەو ئەرك و رۆڵەی کارەکتـەر لـەناو رۆمانـدا دەیگێڕێـت لـە هـەموو توخمـەکانی دیکە گرنگترو زیاترە، چونکە کارەکتەر لەناو رۆماندا سەرچاوەی هزرو بواری ئەو مانـاو واتانەیـە کە رووداوەکان بەدەوریدا دەخولێنەوە بەوەی لەناو رۆماندا هـزرو مانـاو واتاکـان تـەنیا لـە رێگەی کارەکتەرەوە بەرهەم دێن و هـەر لـە رێگـای ئەویشـەوە بەخوێنـەر دەگـات، چـونکە (کارەکتەر لە چیرۆکدا خولگەی مانا مرۆڤایەتییەکان و تەوەرەی هزرو بـیروڕا گشـتییەکانن، لەوکاتەی چیرۆکنووس دەستی کردووە بەلێکۆڵینەوە لە مرۆڤ و کێشـەکانی ئـەوا ئـەو مانـاو هزرانەش لەناو چیرۆکدا شوێنی یەکـەمیان داگیرکـردووە، چـونکە چـیرۆکنووس هـیچ هـزرو کێشەیەکی گشتی لەناو چـیرۆکدا ئاراسـتەی خوێنـەری ناکـات کـە دابـڕاو بێـت لـە ژینگـەی زیندووی دەوروبەری، بەڵکو لەو کەسانەی بەرجەستە دەکات کە لـە کۆمەڵگایەکـدا دەژیـن، ئەگەرنا تەنیا دەبێتە بانگەشەیەك و دەبێتە هۆی ئەوەی چیرۆکەکە لەیەك کاتدا هەم نرخـی هونەریو هـەمیش کاریگەرییـە کۆمەڵایەتییەکـەی لەدەسـت بـدات، بۆیـە لـە چـیرۆکدا هـیچ

ڕێگایەكی دیكە نییە جگە لەوەی هزرەكان تەنیا لە كارەكتەردا بەرجەستە بكرێتو لەهەمان كاتیشدا كارەكتـەر لـە هزرەكاندا بەرجەسـتە بكرێـت ئـەویش لـەناو كۆمـەڵێك دابونـەریتی مرۆڤایەتی،كە تێیدا كارلێككردنی هۆشیاری تاك لەگەڵ هۆشیاری گشـتیدا دەردەكـەوێ لـە شێوەیەك لە شێوەكانی كارلێككردن بەوشێوەیەی نووسەر مەبەسـتیەتی لـە تێـڕوانینی بـۆ نەریتو مەبەستە مرۆڤایەتییەكان) (هلال،٢٠٠٥،ص٥٢٦) .

لەلایـەكی دیكـەوە گرنگـی تـوخمی كارەكتــەر لـەناو ڕۆمانـدا لـەوەدا بەردەدەكـەوێت بەپێچەوانەی توخمـەكانی دیكـەی ڕۆمـان كارەكتـەر تاكـە توخمـە لـەناو ڕۆمانـدا دەتـوانێ (ڕووداوەكان بەڕێوەبباتو كارەكان ڕێكبخات و ڕەهەندی گێڕانەوەیی بە ڕۆمان ببەخشـێت، لەسەرووی هەمووشیانەوەش تاكە توخمە لەناو ڕۆماندا هەموو توخمە شێوەییەكانی دیكەی ڕۆمان لەناو كارەكتەردا بەیەك دەگەنو كۆدەبێتەوە، لـەناو ئەوانیشـدا نوێـبوونەوە كـاتیو شــوێنە پێویســتیەكان لــەپێناو پەرەســەندنو بــەردەوامبوونی درێــژدادڕی گوتــاری ڕۆماننوس)(بحراوی،١٩٩٠،ص٢٠).

(نەجم خالید ئەڵوەنی) پێیوایە ڕۆمان بەبێ كارەكتـەر نـەك هـەر ناتوانـدرێت بنووسـرێت، بەڵكو لەبەر گرنگی بوونی كارەكتەر لـەناو ڕۆمانـدا ڕۆمـاننوس هـەموو توخمـەكانی دیكـەی ڕۆمان لەپێناو خزمەتكردنی بنیاتی كارەكتەردا دەخاتەگەڕ، چونكە پێیوایـە لەبـەر ئـەوەی ئەركی ڕۆمان بریتییە لە باسكردنو پیشاندانی ژیـانو كـاروكردەوەو ڕەهەنـدەكانی بنیـاتی كارەكتەر، ئەوا ڕۆماننووسیش ناچار دەبێـت (شـوێنو كـاتو ململانـێو پـلۆتی ڕۆمـان هـەر هەموویان بۆ دەرخستنی كەسایەتی كارەكتەر دابمەزرێنێو بۆ ئەوەش ئەمانە بنیـات دەنـێ تـاكو بـاری كۆمەڵایـەتیو دەروونـیو توانـای فیكـریو ئاسـتی ڕۆشـنبیریو سـەركەوتنو شكستەكانی ئەو بەرجەستە بكەن)(ئەڵوەنی،٢٠٠٩،ل٩).

(جەلیل كاكەوەیس) پێیوایە جگـە لـەوەی كارەكتـەر دیاردەكـانی ژیانمـان پیشـاندەدات لەهەمان كاتدا خوێنەریش بەشداری پێدەكات بۆ لێكدانەوەو شـیكردنەوەی ئـەم دیاردەیـە، چـونكە گرنگـی بـوونی كارەكتــەر لـەناو ڕۆمانـدا لـەوەدا بەدەردەكـەوێت كاتێـك بتـوانێ (دیاردەیــەكی ژیانمــان پیشــانبداتو بــە ڕەهــاییو بــێ زۆر لێكــردن لــە پانتاییەكــەدا هەڵبسـوڕێتو، بتـوانێ كردەكـانی بـەرەهایی لێـك بدەینـەوەو لـەمیانی ئـەو كردارانەشـدا پرسـیارمان لادروسـت بكـات)(ئاكـار كاكـەوەیس،٢٠٠٥ ،ل١٧١)، هـەروەها نـاوبراو پێیوایـە

گرنگییـەکی دیکـەی کارەکتـەر لـەوەدا بەدەردەکـەوێت نـەمریو ناوبـانگیش بـە ڕۆمـان و ڕۆماننووس دەبەخشێت، چونکە دوای نووسینی ڕۆمان و خوێندنەوەی لەلایەن خوێنـەرەوە ئەوەی بەنەمریو زیندوویەتی لە خـەیاڵی خوێنـەر دەمێنێتـەوە تـەنیا نـاوی ڕۆمـاننووس و کارەکتەرەکانـە، چـونکە نـاوبراو پێیوایـە کارەکتـەر لـەناو ڕۆمانـدا ئـەو توخمەیـە (زۆر بەورياييەوە لـە ڤـالآیی ڕۆمانـدا دەبزوێتو لەتـەك هـەر ڕەگـەزێکی ڕۆمانەکـەدا گەمەیـەکی گونجاو دەکات، ئـەو لـە هـەموو گاڤەکانـدا دەسـەڵاتدارە یـان بێدەسـەڵاتە، نهێنی هـەموو چاخەکانی لایە)(کاکەوەیس،٢٠٠٥،ل١٣) ، بۆ نموونـە کاتێك (خوێنـەرو بینـەر ئـەو کتێبو فـیلم و شـانۆگەرییانەی، کـە پـێش (١٠) یـان (١٥) سـاڵی رابـردوو خوێندویەتییـەوە یـان بینیویەتی ئەگەر بیەوێ بیهێنێتە پێش چاوی خۆیو زۆر بـە ڕوونـیو ئاشـکرایی لـە خـودی خۆی بپرسێت بـەوەی کارەکتـەرەکان یـاخود چـنینی ڕووداوەکـانی لـە خەیاڵدا مـاوە، لـە ئەنجامدا ئەو وەڵامە دەدۆزێتەوە، کە خۆی فەرز دەکات لەسەری بەوەی ئۆلیڤەر تویست و شارلۆك هۆلمزو مستەر شیب و سکارلت ئۆهارا هەموو ئـەو کارەکتەرانـە لەشـێوەی کەسـی حەقیقی لەناو خەیاڵی خوێنەرو بینەردا دەژین هەم وەکو ئەوەی بوونێکی هەبێتو هـەمیش وەکو کەسێکی زیندوو، بەڵام دیارکەوتنی چنینی چیرۆکەکان لـەو ماوەیـەی ڕابـردوودا لـە خــەیاڵی خوێنــەرو بینــەردا نـامێنێ)(محمـد رضـا،١٩٧٢،ص ٣٣٥) ، بۆیـە لەمبارەیـەوە دەتوانین بڵێین (نەمری و مەزنی هـەر دەقێکـی ئـەدەبی بەسـتراوەتەوە بەکێشـانی وێنـەی حاڵەتی مرۆڤێکی نموونەیی بێ ئەوەی تایبەتمەندێتیو خاسیەتە خۆماڵییەکانی ئـەو کەسـە فـەرامۆش بکرێـت)( ثـامر،.......،٣٤٧)، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا نابێـت ئـەوەشمان لـەبیر بچێت،کە کارەکتەر تەنیا بەلایەنی ئـەرێنی کاریگـەریی بەسـەر ژیـانی ڕۆماننووسـەوە نییـە بـەوەی ناوبـانگی پێدەبەخشـێت، بـەڵکو بەلایـەنی نـەرێنیش ڕەنگدانـەوەی بەسـەر ژیـانی ڕۆماننووسەوە دەبێـت بـەوەی هـەموو ئـەو ئاریشـانەی کـە هەنـدێجار ڕۆمـاننووس لـەدوای بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکەی تووشی دێت هۆکارەکەی تەنها بۆ توخمی کارەکتەر دەگەڕێتەوە نەك توخمەکانی دیکە.

گرنگییەکی دیکەی کارەکتەر لەوەدا بەدەردەکـەوێت دەبێتـە هـۆی دیـاریکردنی ژانـرە گێڕانەوەییەکان بەگشتیو ڕۆمان بەتایبەتی وەکو ژانرێکی سەربەخۆو جیاواز لـە ژانرەکـانی دیکەی ئـەدەب، چـونکە کارەکتـەر لـەناو ڕۆمانـدا (ئـەو توخمەیـە بـەردەوامی بـەکارەکانی

گێڕانەوە دەدات بۆیە ئەگەر ئەو توخمەی لێ لابېردرێت ئەوا رۆمان جۆرەکەی دەگۆڕدرێت بۆ ژانرێکی دیکەی ئەدەبی)(جبارة،٢٠١٢،ص٢٧)، واتە کارەکتەر خاڵی جیاکردنەوەیە لەنێوان ئەو ژانرانەی گێڕانەوەیان تێدایە لەگەڵ ئەو ژانرانەی گێڕانەوەیان تێدا نییە، بۆیە هەموو ئەو ژانرانەی کارەکتەریان تێدایە دەتوانین بەهونەری کارەکتەر ناویان ببەین، چونکە (ئەوەی ژانرە گێڕانەوەکان لە ژانرە ئەدەبیەکانی دیکە جیا دەکاتەوە بریتییە لە تایبەتمەندیی بوونی کارەکتەر، چونکە ئەگەر کورتە چیرۆك کارەکتەری لێ لابېردرێت ئەوا جۆرەکەی دەگۆڕێت بۆ وتار)(مرتاض،١٩٨٨،ص٩٠) .

ئەگەرچی کارەکتەر بۆ خۆی توخمێکی رۆمانە، بەڵام گرنگی بوونی کارەکتەر لەناو رۆماندا لەوەدا بەدەردەکەوێت رۆڵی لە دروستبوونی توخمی دیکەی رۆمانیشدا هەیە بەتایبەتیش رووداو، بۆیە ئەگەر رۆمان گێڕانەوەی رووداوێك بێت لە رابردوودا روویدا بێت گرنگی کارەکتەر لەوەدا بەدەردەکەوێت بەهۆی جووڵەی ئەوەوە جا چ فیزیکی یان زەینی بێت ئەو رووداوە دروستبووە جا (بۆ ئەوەی یەکێتی رووداو دروست ببێتو ببێتە رووداوێکی تەواو بەلای کەمی دەبێت هەواڵەکە وەڵامی ئەم سێ پرسیارە بداتەوە بەوەی ئەم رووداوە (چۆنو کەیو لە کوێ) روویداوە، بەڵام لەم سێ پرسیارە گرنگتر وەڵامدانەوەی پرسیاری چوارەمە ئەویش ئەوەیە ئەم رووداوە بۆ رویداوە، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەش پێویست دەکات بەدوای ئەو پاڵنەرانە بگەڕێین بوونەتە هۆی دروستبوونی ئەو رووداوە، گەڕانیش بەدوای ئەم پاڵنەرانە بە رۆڵی خۆی دەبێتە هۆی ناسینی کارەکتەر کە رووداوەکەیان دروستکردووە یان کاریگەربوونە پێی) (رشدی،؟،ص٢٩). لەلایەکی دیکەوە گرنگی پەیوەندی کارەکتەر لەگەڵ رووداو لەوەدا بەدەردەکەوێت کە رووداو دوای دروستبوونیشی بەبێ بوونی پێوەندی لەگەڵ کارەکتەردا ناتوانێ بەردەوامی بەبوونی خۆی لەناو رۆماندا بدات، چونکە کارەکتەر لەناو رۆماندا تاکە توخمە دەتوانێ رووداوەکان بەرەو پێشەوە بباتو ئەنجامەکەی یەکلایی بکاتەوەو دەقەکە بەکۆتایی بێنێت.

ئەگەرچی هەریەك لە (رووداو، کات، شوێن، گێڕانەوە، زمان) توخمێکی سەربەخۆی رۆمانن، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا هەریەك لەو توخمانە لەناو رۆماندا لە رێی بوونی کارەکتەرەوە ئەکتیڤ دەبنو ئەرکو رۆڵی خۆیان بەرجەستە دەکەن، چونکە (هەر کەسەکانن زمان دروست دەکەن و وەسفی ئەو دیمەنانە دەکەن کە بەلایانەوە جوانن، هەر

کەسەکانن ڕووداوەکان ئەنجامدەدەن و کێشەو ململانێ بەرپا دەکەن.... هەر کەسەکانن لە ڕۆماندا شوێنەکان ئاوەدان دەکەنەوەو بوون پڕ دەکەن لە هاوارو دەنگە دەنگو هەراو زەنا، هـەر ئەویشـە لەگـەڵ کاتـدا یـەك دەگرێـتو واتایـەکی نـوێ بـەکات دەبەخشـێت)(محەمـەد ئـەمین،٢٠٠٠،ل ٥)، تەنانـەت هـەر کارەکتەریشـە نـەك هـەر تـەنیا هێـزو وزە بەگێڕانـەوە دەبەخشێت، بەڵکو دەبێتە هـۆی بەرجەسـتەبوون و ئـەکتیڤ بـوونی تـوخمی گێڕانـەوەش، چونکە دوای ئەوەی کارەکتەر لە کات و شـوێنێکی دیـاریکراودا ڕووداوێـك دروسـت دەکـات، ئینجا دواتر ڕۆڵی حیکایەتخوان دێتە پێشەوە بۆ گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتو ڕووداوانەی کە کارەکتەرەکان لە ڕابردوودا ئەنجامیانداوەو دروستیان کـردووە، بۆیـە لەسـەر ئـەم بنەمایـە دەتوانین بوونی کارەکتـەر لـەناو ڕۆمانـدا بچـوێنین بـەبوونی ڕۆح لـەناو جەسـتەی مرۆڤـدا، ئەگەرچی جەستەی مرۆڤ لە کۆمەڵێك ئەندام پێکهاتووەو هەریـەك لـەو ئەندامانـەش ئـەرکی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام ئەگەر جەستەی مرۆڤ ڕۆحی تێدا نـەبێت ئـەوا ئـەو ئەندامانـەش هیچ سوودێکیان بۆ جەستەی مرۆڤ نابێـت، کەواتـە بـەپێی ئـەم بۆچـوونە دەتـوانین بڵـێین (بنەمای ڕۆمانی باشو سەرکەوتوو تەنیا بریتییە لە خولقاندنو بنیاتنانی کارەکتەرو هیچی تر، ئەگەرچی لەناو ڕۆماندا هەریەك لـە شـێوازو چـنین و گۆشـەنیگا بـەهاو گرنگـی تایبـەتی خۆیان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهاو گرنگی هەریەك لـەو توخمانـە بەرجەسـتە نابێـت تاکو لەپاڵ کارەکتەرێك نەبن کە جێگای باوەڕپێکردنو ڕەزامەندیی خوێنەر نەبێت، چـونکە بنیاتنـانی کارەکتـەری بـاشو بـاوەڕپێکراو هـەلی سـەرکەوتنو زیندوویـەتی بـۆ ڕۆمـان دەڕەخسـێنێ، بەپێچـەوانەوەش لـە بیرچـوونەوە دەبێـت بـە بەشـێك لـە چارەنووسـی ڕۆمانەکە)(محمد،٢٠٠٨،ص١١) .

وەکـو دەزانـین کارەکتـەر لـەناو ڕۆمانـدا لەسـەر بنـەمای کۆمـەڵێك ڕەهەنـد (فیزیکـی، کۆمەڵایـەتی، دەروونـی، ئایـدیۆلۆژیا،....) بنیـات دەنرێـت، لەبـەر ئـەوەی هەریـەك لـەو ڕەهەندانەش بەرجەستەکردنی بنیاتی کەسایەتی مرۆڤی ڕاستەقینەیە، ئەوا خوێنەر بەهۆی ئەم ڕەهەندانەوە دەتوانێت لە حەقیقەتی مرۆڤەکان بگـات، واتـە گرنگـی بـوونی کارەکتـەر لەناو ڕۆماندا لەوەدا بەدەردەکەوێت (دەبێتە هۆی ڕوونکردنـەوەو ئاشـکراکردنی ماهییـەتی مرۆڤو هۆیەکە بۆ تێگەیشتن لەحەقیقەتی بـوونی مـرۆڤ) (س.پ،ل٦)،هـەروەها گرنگییـەکی دیکەی کارەکتەر لەوەدا بەدەردەکەوێت خوێنەر بەهۆی کارەکتـەرەوە دەتـوانێ شـارەزای

کێشەو گیروگرفـتو چـۆنیەتی بیرکردنـەوەی مرۆڤـی ئـەو سـەردەمەو کۆمەڵگەیـە بێـت کـە رۆمانەکە باسی لێوە دەکات بۆ نموونە (یۆجینی ئەینگین) کارەکتەرێکی نموونەی رووسیای فیودالییە، کە (پۆشکین) لە رێگـەی ئـەوەوە حەقیقەتـە گشـتییەکانی کۆمەڵگـەی فیـودالی بەرجەستە دەکات) (پرهام، ٢٠٠٠،ل١٥٨) ، لەلایەکی دیکـەوە گرنگـی پێوەنـدی کارەکتـەر بەخوێنەر لەوەدا بەدەردەکەوێت ئەوەی پاڵ بەخوێنەرەوە دەنێت بۆ خوێندنـەوەی رۆمـان تەنیا توخمی کارەکتەرە،چونکە کارەکتەر خـاوەن توانایـەکی سەرنجڕاکێشـە بـەهۆی ئـەو کارو کردەوانەی لەناو رۆماندا ئەنجامیـدەدات کاریگـەریی بەسـەر هەسـتو سۆزی خوێنـەر دروست دەکاتو وایلێدەکات بەدواداچـوون بـۆ کـارو کردەوەکـانی بکـات بـۆ ئـەوەی بزانـێ چارەنووسی لەناو رووداوەکان بەچی دەگات.

رۆماننووس بۆ گێڕانەوەی رووداوەکان بەشێوەیەکی هونەری پشـت بەکۆمـەڵێك تـەکنیك دەبەستێت، لەناو هەموو توخمەکانی رۆمانیشدا کارەکتەر زیاتر پێوەندی بەو تەکنیکانەوە هەیە، چونکە بەشـێکیان تـەنیا پێوەنـدییان بەکارەکتـەرەو هەیـە و تەنانـەت هـەر لـە رێـی کارەکتەریشـەوە لـەناو رۆمانـدا بەرجەسـتە دەبێـت وەك (دیـالۆگ، مـەنۆلۆگ، خۆدوانـدن، فرەدەنگی)، هەندێکی دیکەشیان وەك (فلاشـباك، پێشـخەری، وەسـف،...) لـە یـەك کاتـدا هەم پێوەندییان بەکارەکتەرو هەمیش پێوەندییان بەتوخمەکانی دیکەی رۆمانەوە هەیە، بۆ نموونە لە رێگای تەکنیکی وەسفەوە دەتواندرێت هەم وەسفی شوێنو شتەکانی ناو شـوێنی پێ بکرێت، هەمیش لە رێگای وەسـفەوە دەتوانـدرێت دیـوی نـاوەوەو دەرەوەی کارەکتـەر بەخوێنەر پیشانبدرێت.

ئەگەر ئەرکی کارەکتەر لەناو رۆماندا دروستکردن و بەرەوپێشبردن و یەکلاییکردنـەوەی رووداوەکان بێت، ئەوا گرنگییەکی دیکەی کارەکتەر لەوەدا بەدەردەکەوێت لە هەمان کاتـدا ئـەرکی گێڕانـەوەی ئـەو رووداوانـەی دروسـتکراوی خۆشـیەتی دەگرێتـە ئەسـتۆ جـا ئـەو گێڕانەوەیە چ بەشێوازێکی بابەتی یان خودی بێت، بەتایبەتی ئەگەر گێڕانەوەکە بەشێوازی خودی بێت ئەوا حیکایەتخوانەکە لەسـەر ئاسـتی تێکسـتو رووداوەکـان شـوێنی دەکەوێتـە ناوەوەی رۆمانەکە، لەم حاڵەتەشدا کارەکتـەر دوو رۆڵ دەبـینێ یـەکێکیان ئەوەیـە بـەرگی حیکایەتخوان لەبەر دەکـات بـۆ گێڕانـەوەی رووداوەکـان، ئـەوی دیکەشـیان لەبـەر ئـەوەی لەهـەمان کاتـدا شـوێنی لـەناو رووداوەکانـدا هەیـە بەشـداری دەکـات لـە بەرەوپێشـبردنی

ڕووداوەکـان، گێڕانـەوەی ڕووداوەکـانیش بەشـێوازی خـودی لـە بەرژەوەنـدی خـودی کارەکتەردا دەشکێتەوە، چونکە زیاتر (ماوە بەکەسەکان دەدرێت ڕاستەوخۆ ڕووبـەڕووی خوێنەر ببێتەوەو قسەیان لەگەڵدا بکاتو بەبێ هیچ چاودێرییەك یان ئاراستەکردنێك لەلایەن کەسانی دیکەوە لەگەڵیان بدوێتو، بەسەربەستییەکی تـەواویش خـۆی ئاشـکرا دەکـات بـێ ئـەوەی چـاوەڕوانی ئـەوە بێـت یـەکێك لایـەنێك لـە هەڵوێسـت و بیروڕاکـانی بشارێتەوە)(سابیر،٢٠٠١،ل٢٤٥) ، لەلایـەکی دیکـەوە گێڕانـەوەی ڕووداوەکـان لـە ڕوانگـەی خودی کارەکتەرەوە بەتایبەتی ئەگەر لەسـەر ئاسـتی تێکسـت و ڕووداودا شـوێنی بکەوێتـە ناوەوە ئەوا خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا بەکاتی ئێستا یاخود بە ڕابردوویەکی نزیك دەبەستێتەوە نەك بە ڕابردوویەکی دوور.

لەلایەکی دیکەوە ئەگەرچی لەگێڕانەوەی بابەتیدا حیکایەتخوان لەسەر ئاسـتی تێکسـت و ڕووداودا هەردەم شوێنی دەکەوێتە دەرەوە، بەڵام کاتێك لەناو ڕۆماندا لەپاڵ حیکایەتخوانی کەم شتزاندا دێت ئەوا تەنیا لەسـەر ئاسـتی تێکسـتدا شـوێنی دەکەوێتـە نـاوەوە، بەمـەش ڕۆماننووس ناچار دەبێت پەنا بباتەبەر خولقاندنی کارەکتەرێك بۆ گێڕانـەوەی ڕووداوەکـان بەڵام تەنیا وەکو شایەتحاڵێك بێ ئەوەی ئەو کارەکتەرە ڕۆڵی لەناو ڕووداوەکاندا هەبێت.

مەبەست لە نووسینی هەر دەقێکـی ئـەدەبی لەلایـەن نووسـەرەوە گەیانـدنی پەیامێکـە بەخوێنەر، لەناو هەموو ئەو ژانرە ئەدەبییانەی توخمی گێڕانەوەیان تێدایە باشـترین ئـامراز بـۆ گەیانـدنی نـاوەڕۆکی ئـەو پەیامـە تـوخمی کارەکتـەرە، چـونکە نـاوەڕۆکی ژانـرە گێڕانەوەییەکان بەهۆی ئەو کارو کردەوانەی کە کارەکتەرەکان ئەنجامیـدەدەن بەرجەسـتە دەبێت، لەبەر ئەوەی ڕۆمانیش یەکێکە لـەو ژانرانـەی کـە تـوخمی گێڕانـەوەی تێدایـە ئـەوا ڕۆماننووسیش بۆ گەیاندنی پەیامەکەی بەخوێنەر ناچار دەبێت پشت بـەتوخمی کارەکتـەر ببەستێت،چونکە وەکو(ئیبراهیم یونسی) باسی لێوەدەکات و دەڵێت:(گـرنگترین تـوخم بـۆ ڕاگوێسـتنی تیمـی چـیرۆك هـەروەها گـرنگترین هـۆی بـەدیهێنانی گەلاڵـە ئـەوا کەسـایەتی قارەمـانی چـیرۆکە... دەتـوانین بڵـێین کـە تـەواوی چـیرۆکەکان بـۆ پەرەپێـدانی گەلاڵـەو پێشکەشـکردنی تـیم کـەڵك لەکەسـایەتییەکانی چـیرۆك وەردەگـرن) (یونسـی،٢٠٠٥، ل١٨)،چونکە کارەکتەر لەناو ڕۆماندا (هەڵگری ئەو هێماو نیشـانە زمانییـە واتادارانەیـە کـە نووسەر دەیەوێت بیانخاتە ڕوو) (سلامة،٢٠٠٧،ص٣٠).

لەلایەکی دیکەوە دەتوانین بڵێین خوێنەر لە ڕێگەی کردارو ڕەفتارو هەڵسوکەوتو هـزرو گوتارو دەربڕینەکانی کارەکتەرەوە نەك هەر دەتوانێت لە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە بگات، بەڵکو دەتوانێت لە ئایدیۆلۆژیا و چۆنیەتی بیرکردنـەوەی ڕۆماننووسیش بگـات، چـونکە (ڕوانـین و هەڵوێسـتی کۆمەڵایـەتی ڕۆمـاننووس ڕەنگدانـەوەی لەسـەر هەڵوێسـتو هەڵسـوکەوتو بیروباوەڕو چۆنیەتی وێنەکێشانو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان کارەکتەرەکان دەبێت لەناو ئەو کۆمەڵگایـەی تێیـدا دەژی)(المحاسنة،٢٠٠٧،ص٣٧) ، لـەم حاڵەتەشـدا دەتـوانین کارەکتەر لەناو ڕۆماندا بەنوێنەرو وەکیلی ڕۆماننووس هـەژمار بکـەین هـەم بـۆ ئەنجامـدانی کارە هونەرییەکەو هەمیش بۆ گەیاندنی پەیامەکەی بەخوێنەر، چونکە (ڕۆمان لـە بنەڕەتـدا بۆ ئەوە دەنووسرێت نامەیەك لە نووسەرەوە بگەیەنرێتە خوێنەر، بـۆ ئەمـەش ڕۆمـاننووس کۆمـەڵێ کارەکتـەر ڕادەسـپێرێت بـۆ ئـەوەی لـەباتی خـۆی لـە ڕێـی ئەوانـەوە ئـەم نامەیـە بەباشـترین شـێوەو لــە جـوانترین شـێوازو داڕشـتنی ئەدەبیـدا بـۆ لای ئـەوان بنێرێـت) (ئەڵوەنی،ل٢٨١).

کارەکتەر ئامرازێکە بەدەست ڕۆماننووسەوە بەهۆیەوە دەتوانێت ڕۆمانەکەی پـێ بنیـات بنێت، چونکە لەلایەك بەهۆی ئەو پێوەندییەی کارەکتەر لەگەڵ هەموو توخمەکانی دیکـەی ڕۆمان هەیەتی بەوەی (ئەگەر هەر یەکێك لە توخمە سەرەکییەکانی ڕۆمان پێوەندی بەئەوی تـرەوە هـەبێت ئـەوا کارەکتـەر تاکـە توخمـە پێوەنـدی بەهـەموو توخمـەکانی دیکـەوە هەیە)(حاجی،٢٠٠٩،ل١٧٣)،لەلایەکی دیکەوەش بـەهۆی پێوەنـدیی نێـوان کارەکتـەرەکانی ناو ڕۆمان ئـەویش (لـە ڕێگـای کارەکتـەرە جووڵاوەکـانی نـاو هێڵـی چـیرۆکە هونەرییەکـەو هـەروەها لـە ڕێگـای جێهێشـتنی ئـەو پێوەندییـە زیندووانـەی کارەکتـەرێك دەبەسـتێتەوە بەکارەکتەرێکی دیکەوە ئەوا ڕۆماننووس بەهۆی ئـەو پێوەندییـەوە دەتـوانێ هـەر لـەخاڵی سەرەتاوە تـاکو ساتەوەختی تـەواوبوونی چـیرۆکەکەی جڵـەوی کارەکـە بگرێتـە دەسـت و ڕووداوەکە گەشـە پـێ بکـات) (الماجد،٢٠٠٢،ص٩٩) و هـەموو توخمـەکانی دیکـە پێکـەوە ببەستێتەوەو گرێو چنینو بابەتی ڕۆمانەکەی پێ بنیـات بنێت، چـونکە کارەکتـەر (وەکـو تاڵە تەزوورییەك وایە لەناو جەستەی ڕۆماندا بەهۆیەوە ڕۆمـاننووس دەتـوانێ جووڵـەو تـان و پـۆی ڕووداو و کارەکتـەرە لاوەکییـەکانو توخمـەکانی تـری ڕۆمـان پێـك بگەیـەنێو وەکـو ئەڵقەکانی ملوانکەیەك بەدوای یەکیاندا بهـێنێ و زنجیرەیـەکی پتـەویان لێدروست دەکـات)

(حەمەغەریب، ٢٠١٣،ل١٩)،(مارین ئیلۆد) دەڵـێ:(زۆربـەی نووسـەرەکان بـەدوای چۆنیەتی چنینی چیرۆکەکانیان یان شانۆگەرییەکانیاندا دەگەڕێن، چنینیش ئەو کارەیە مەبەست لێی شێوازی بنیاتی سەرەکی چیرۆکە جۆراو جۆرەکانە، بەڵام گرنگتر لە چنین ئـەو شـتەیە کـە ماناو مەبەستو ژیان بەچنین دەبەخشێت ئەویش کارەکتەرە)(محمد رضا،١٩٧٢،ص٣٣٤–٣٣٥) .

گرنگییەکی دیکەی کارەکتەر لەوەدا بەدەردەکـەوێت ئـەوەی کارەکتـەر لـە توخمـەکانی دیکـە جیـای دەکاتـەوە ئەوەیـە ئەگەرچـی لـە رۆمـانی نوێـدا بەپێچـەوانەی رۆمـانی کـۆن توخمەکانی دیکەی رۆمانیش وەکو (شوێن، کات) توانییان رۆڵی کارەکتەر بەرجەستە بکەن بەجۆرێك ئەو رۆڵەی ئەم توخمانە بینیویان لەهەندێك حاڵەتـدا لـە توانـای مرۆڤـی ئاسـاییدا زیاتر بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دوو توخمە نەیانتوانی رۆڵی کارەکتەر لـەناو رۆمانـدا کەم بکەنەوە، چونکە تایبەتمەندییەکی گرنگ لە کارەکتەردا هەیەو لە توخمـەکانی دیکـەدا بەدیناکرێتو بەرجەستە نابێـت ئـەویش توانـای قسـەکردنە، چـونکە ئـەم توانایـە جگـە لـە کارەکتەر لە هیچ توخمێکی دیکەی رۆماندا بەرجەستە نابێت، گرنگی ئـەم توانایـەش لـەناو رۆماندا لەوەدا بەدەردەکەوێت کە تەکنیکی دیالۆگو مۆنۆلۆگی پـێ دروست دەبێت، گرنگـی بوونی ئەم دوو تەکنیکەش لە ژیـانی کارەکتـەردا لـەوەدا بەدەردەکـەوێت بـەهۆی ئـەم دوو تەکنیکـەوە دەتوانرێـت لـەناو رۆمانـدا زمـانی کارەکتـەر لـە زمـانی رۆماننووسـی پـێ جیـا بکرێتەوە، چونکە ئەگەر لەناو رۆماندا گێڕانەوە بەزمانی رۆماننووس دابنرێت ئەوا دیـالۆگو مۆنۆلۆگیش بەزمانی کارەکتەر دادەنرێت، لەلایەکی دیکەوە گرنگی توانای قسەکردن لەوەدا بەدەردەکەوێت لـەپاڵ ئـەوەی ئـەم توانایـە زیندوویـەتی بەکارەکتـەر دەبەخشـێت بـەوەی بەهۆی ئەم توانایەوە دەتوانێت پێوەندی بەکەسانی دیکەوە بکات، لەهەمان کاتدا هەر ئەم توانایە وایلێدەکات رۆڵی حیکایەتخوان ببینێ بۆ گێڕانەوەی رووداوەکان، تەنانەت هەر ئـەم توانایەشە وایکردووە لەناو رۆماندا ئایدیۆلۆژیا جگە لە کارەکتـەر لـە هـیچ تـوخمێکی دیکـە بەرجەستە نەبێت، چونکە ئایدیۆلۆژیا خۆی لە پشت ئەو وشانە دەشارێتەوە کە کەسـەکان لە دیالۆگو قسەکانیاندا بەکاریدەهێنن.

## پێگەو وێنەی کارەکتەر لەناو ڕۆمانی کۆندا

له ڕۆمانی کۆندا تەنیا مرۆڤ ڕۆڵی کارەکتەری بینیوە سەرچاوەی دروستبوونیشیان تەنیا ڕووداوی واقیعـی و کۆمەڵایـەتی بوو،ئـەمجۆرە کارەکتـەرەش لەلایـەن ڕۆماننووسـەکانەوە گرنگییەکی زۆرو پلەوپایەکی بەرزیان پێداوە بەجۆرێك لەبەر ئەوەی ڕەهەنـدی کۆمەڵایـەتی و مێژوییان پێبەخشیبوو وەکو کەسێکی زیندووی ناو کۆمەڵ مامەڵەیان لەگەڵـدا کـردووە، واتە کارەکتەر لە ڕۆمانی کۆندا (بەرامبەرە بەو کەسە راستەقینەی لە خوێنو گۆشتو ئێسك پێکهاتووە، ڕووداوی ڕۆمانیش بەرامبەرە بەو ڕووداوە مێژووییەی لە سەردەمێکدا ڕوویداوە، شوێنی ڕۆمانیش بەرامبەرە بەو شوێنە جوگرافیایەی لە قۆناغێکی مێژوویيدا وەکو تەختەی شانۆ وابووەو ڕووداوەکانی تێدا ڕوویداوە)(مرتاض،١٩٨٨،ص٨٤–٨٥) ، جا بۆ پیشـاندانی بنیـاتی فیزیکی ئـەو کەسـە زینـدووە ڕۆماننووسـانی کـۆن وەسـفی (سـیماو بـاڵاو دەنـگو جلوبەرگ و ڕوخسار و تەمەن و ئارەزوو و ئاواتو ئازارو بەختەوەریو سـەرەڕۆییەکانی ئـەو کەسەیان دەکرد)(س.پ،ل ٧٦)، کەواتە بەپێی ئـەم بۆچـوونەی سـەرەوە دەتـوانین بڵـێین کارەکتەر لە ڕۆمانی کۆندا جگە لە ناوەوە لەهەمان کاتدا لە دەرەوەی ڕۆمانەکەشدا بـوونی هـەبووەو ژیـاوەو (پێوەنـدی بەسـەردەمو قۆنـاغێکی کۆمەڵایـەتی دیـاریکراوەوە هـەبووەو نموونـــەی واقیعـــەو ڕووداوەکـــانی ژیـــانی بەشـــێك بـــووە لـــە مێـــژووی ژیـــانی کۆمەڵگە)(ئەلۆەنی،٢٠٠٩،ل١٧)، جا بۆ پیشاندانی واقیعی ئەو سـەردەمەی کارەکتەرەکـەی تێدا ژیاوە ڕۆماننووسـانی کـۆن زۆر گرنگییـان بـەکاتو شـوێن دەدا،چـونکە (کـاتو شـوێن ڕەهەندە دەروونیو کۆمەڵایەتیو هزرییەکانی کارەکتەر لە چوارچێوەیەکی مێژوویيدا دیاری دەکەنو، ئەوە ڕووندەکەنەوە ئەوان نموونەی یان وێنەی مرۆڤی چ سەردەمێکنو لەوکاتـەدا جۆری سیستەمی کۆمەڵایەتیو ئابووریو ڕەوشتی ئەوان چۆن بووە)(س.پ،ل١٨) .

لـە ڕۆمـانی کۆنـدا بـەهۆی کاریگـەریی ڕێبـازی ریالیزمـەوە ڕۆماننووسـان حەقیقـەتی کارەکتەریان لە دیوی دەرەوەدا دەبینی، بۆیە زۆر گرنگییان بە ڕەهەندی فیزیکی کارەکتەر دەداو زۆر بـەوردی وەسـفی ڕوخسـارو جەسـتەی کارەکتـەریان دەکـرد بـەجۆرێك (خوێنـەر ئاگـاداری ڕەنگـی چاویشـی دەبـوو)(مـەنتك،٢٠١٣،ل١٦١)، تەنانـەت وەسـفی هـەموو ئـەو شتانەشیان دەکرد کە پێوەندی بەکارەکتەرەوە هەبوو وەکو شوێنو شتەکانی ئەو شوێنەی

کارەکتەرەکەی تێدا دەژیا، مەبەستیشیان لـەم هـەموو وردەکارییـە بۆ ئـەوە بـوو وێنـەی کەسێك بکێشن بۆ ئەوەی نزیکی بکەنەوە لە کەسانی واقیعی.

لە رۆمانی کۆندا کارەکتەر لە رێگای ناوو وەسفەوە دیاریدەکرا بـەوەی جگـە لـە نـاوێکی تایبـەتی لەهـەمان کاتـدا نازناوێکیشـی هەبوو،چـونکە رۆماننووسـانی کـۆن پێیـانوابوو دیاریکردنی ناو و نازناوی کارەکتەر جگە لـەوەی دەبێتـە هـۆی ناسـین و جیاکردنـەوەی لـە کەسانی دیکە لەهەمان کاتدا دەبێتە هۆی پێدانی سیفەتی تایبەت بەو کەسـەو دیـاریکردنی پێگە کۆمەڵایەتییەکەی بۆیە (ئەگەر بە وردی سـەیری کەسـەکانی بـەلزاك بکـەین دەبیـنین خاسیەتەکانیان ئەوەیە ناوێکی تایبەتییان هەیە) (سابیر،٢٠٠١ ،ل١٦٢) ، لەلایەکی دیکـەوە وەسف رۆڵێکی گرنگی هەبوو لە دیاریکردنی کارەکتەر، چونکە (وەسف وێنەگرتنێکی زمانی واتادارە لە رێگەیەوە رۆماننووس دەتوانێت بەهۆی زمانەوە وێنەیەکی دەرەوەی کارەکتـەر پیشانی خوێنەر بدات)(خەلیل،٢٠٠٧،ل٤٥)، بەمەش رۆماننووسانی کۆن لە رێگای تەکنیکی وەسـفەوە وێنەیـەکی فۆتـۆگرافی کارەکتـەرەیان دەکێشـاو لەشـێوەی قـاڵبێکی ئامـادەکراو پێشکەشـی خوێنـەریان دەکـرد بـەبێ ئـەوەی خوێنـەر بەشـداری پـێ بکـەن لـە کـاری وێنەکێشانەکە، لەلایەکی دیکـەوە هـەر لـە رێگـەی تـەکنیکی وەسـفەوە خوێنـەر ئاگـاداری پێگـەی کۆمەڵایـەتیو شـوێنی نیشـتەجێبوونو ئاسـتی رۆشـبیریو سیاسـی کارەکتـەریش دەبوو، تەنانەت گرنگی بوونی تەکنیکی وەسفو رۆڵی لە پیشاندانی بنیاتی کارەکتەر لەناو رۆمانی کۆندا لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە رۆماننووس پێش ئەوەی کارەکتەر بهێنێتە سەر تەختەی شانۆو بەشداری رووداوەکانی پێ بکات، سەرەتا کارەکتەرەکەی لە رێی وەسفەوە بەخوێنـەر دەناسـاند ئینجـا دواتـر بەشـداری رووداوەکـانی نـاو رۆمـانی پێـدەکرد، واتـە رۆماننووسانی کۆن (پێش ئەوەی رۆڵێك بەکارەکتەر بسپێرن سەرەتا وەسفێکی رووخسـارو سەرجەم لایەنە گرنگەکانی ژیانی ئەویان پێشکەش دەکرد، ئینجـا دواتـر هـەنگاو بەهـەنگاو تێکەڵی رووداوەکانیان دەکرد)(ئەلۆەنی،٢٠٠٩،ل٢٠) .

ئەگەرچی لە رۆمانی کۆندا کارەکتەر گرنگی و پلەوپایەکی بەرزی پێدەدرا، بـەلام لەگـەڵ ئەوەشـدا پێگـەی حیکایـەتخوان لـە کارەکتـەر بـەهێزتر بـوو، چـونکە لـە رۆمـانی کۆنـدا حیکایەتخوان زیاتر لە جۆری هەمووشتزان بوو، لەبەر ئەوەی یەکێك لـە تایبەتمەندییـەکانی ئەمجۆرە حیکایەتخوانەش ئەوەبوو لەناو رۆماندا زانیاری لە کارەکتەر زیـاتر بـوو بـەجۆرێك

ئاگاداری هەموو شتێك و تەنانەت بیرو هەستە شاراوەکانی کارەکتەریش بوو، زانینی هـەموو ئەو زانیاریانـەی کارەکتـەریش لەلایـەن حیکایەتخوانـەوە دەبـووە هـۆی ئـەوەی کارەکتـەر بەشێوەیەکی وەستاو پیشانی خوێنەر بدرێت نەك جوولاو، لەلایەکی دیکەوە لەبـەر ئـەوەی ئـەمجۆرە گێڕانەوەیـە لـە رووی جـۆری دەنگـەوە تـاك دەنگـی بـوو، ئـەوا ئـەمجۆرە حیکایەتخوانە رێگەی بەکارەکتەریش نەدەدا بێتە سەر تەختەی شانۆ و بەئازادی گوزارشـت لە ئایدیۆلۆژیاو بیروبۆچوونی خۆی بکات، بۆیە ئەمجۆرە حیکایەتخوانە وەکو ئامرازێك وابوو بەدەست رۆماننووسەوە بەهۆیەوە دەیتوانی ئیستیغلالی رەهەندی ئایدیۆلۆژی کارەکتـەری پیێ بکات و وەکـو دەمامکێـك بـەکاری بهێنێـت بـۆ گوزارشـتکردن و گەیانـدنی بیروبۆچـوونی تایبەتی خۆی بەخوێنەر، چونکە (لە رۆمانی تاکدەنگیدا دەسەڵاتی رۆماننووس بەشێوەیەك دیکتاتۆریانەیە ریێ بەهیچ دەنگێکی تر نادات دەربڕی ناخی خۆی بێت و حیکایەتخوان لەبڕی کارەکتەرەکان دەپەیڤێت تەنانەت لەبری ئەویش بیر دەکاتەوە)(مـەنتك،٢٠١٣،ل٦٥-٦٦)، بۆیە دەتوانین بلێین لە رۆمانی کۆندا بەهۆی بەهێزی پێگەی حیکایەتخوانی هەمووشتزانەوە ئەوەنـدەی هەسـت بـەبوونی حیکایـەتخوان کـراوە ئەوەنـدە هەسـت بـەبوونی کارەکتـەر نەکراوە، چونکە لـە رۆمـانی کۆنـدا کارەکتـەر خـاوەنی دەنـگ و کەسـایەتی و بیروبۆچـوونی تایبـەتی خـۆی نـەبووە، بـەڵکو دەتـوانین بلـێین زیـاتر (نوێنـەری دەنـگ یـان کەسـایەتی و بیروبۆچوونی رۆماننووس بووە، یاخود ئەوان لەژێر کۆنترۆڵی نووسـەراندا کاریـان کـردووەو کارو کردەوەیان نواندووە)(ئەلوەنی،٢٠٠٩،ل٣٠) .

ئەگەرچی لە رۆمانی کۆندا پێگەی حیکایەتخوان لە کارەکتەر بەهێزتر بوو، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشدا کارەکتەر چارەنووسی بەدەست خۆی بووە نەك رۆماننووس، چونکە کارەکتەر لە رۆمانی کۆندا بەکردار مامەڵەی لەگەڵ رووداوی واقیعی و کۆمەڵایەتی دەکردو هەر بەپێی ئەو مامەڵەکردنەش چارەنووسی دیاری دەکرا نەك بەپێی ویستو ئـارەزووی رۆمـاننووس، بۆیـە ئەگـەر سـەیری هـەموو ئـەو کارەکتەرانـەی نـاو رۆمـانی کـۆن بکـەین کـە لەلایـەن رۆماننووسەکانەوە بنیاتنراون کاتێك (پـیێ دەخەنـە نێـو کتێبـەوە ئـەوا لـە دەرێـی بازنـەی دەسەڵاتن٨ی نووسەردا ژیانێکی سەربەخۆ دەست پێدەکەن، هاتووچۆیان و خەم و شادییان بەکورتییەکەی چارەنووسیان بەئارەزووی نووسـەر دیـاری ناکرێـت، بـەڵکو هـەمووی زادەو بەرەنجامی کـارلێکی بەرانبـەری نێـوان تایبەتمەنـدیی دەروونـی ئـەوان و هەلومـەرجی ئـەو

ژینگەیە،کە نووسەر تێیدا قووتی کردوونەتەوە) (پرهام،٢٠٠٠،ل١٦٠)، بۆ نموونە (تۆلستۆی لـەکاتی نووسـینی رۆمانـەکانی خۆیـدا نەیـدەزانی لـە لاپـەڕەکانی دواتـردا چ روو دەدات، بەلزاکیش هەندێ جاری واهەبوو، کە بۆ مەرگی قارەمانەکانی خۆی دەگریا، بەوتەیەکی دی مەرگی قارەمانەکانی بەلزاك نەك بۆ نووسـەرەکەی چـاوەڕوان نـەکراوبوو، بـەڵکو بەدڵیشـی نەبوو واتە حەزی نەدەکرد بمرن) ، چونکە رۆمانی کۆن لە رووی جـۆرەوە زیـاتر رۆمـانێکی رووداوی بوو بەوەی جووڵە و ململانێی کارەکتەر لەگەڵ دیوی دەرەوەی خـۆی واتـە لەگـەڵ کەسانی دەوروبەرو ژینگەو کۆمەڵ بوو ئەمەش دەبێتـە هـۆی ئـەوەی چارەنووسـی بـەپێی ئـەنجامی مامەڵـەکردن لەگـەڵ رووداوەکـان دیـاری بکـرێ نـەك بـەپێی ویسـتو ئـارەزووی رۆماننووس ئەگەرچی رۆمانەکە بۆ خۆی زادەی بیرو ئەندێشەی خودی رۆماننووسیش بوو.

## پێگەو وێنەی کارەکتەر لەناو رۆمانی نوێدا

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەهۆی دەرکەوتنی چەند قوتابخانەیەك لە رەخنەی نوێدا بەتایبەتیش ئەو قوتابخانانەی، کە لە روانگەی زمانەوانییەوە سەیری ئەدەبیان دەکرد ئەوا روانینی رۆماننووسان بۆ کارەکتەر گۆڕانی بەسەرداهات و هەوڵی کەمکردنـەوەی دەسـەڵاتی کارەکتەریاندا، ئەویش بەسەیرکردنو هەژمارکردنی کارەکتەر وەکـو بوونـەوەرێکی سـادەی سەر کاغەز نەك بەرجەستەکردنی کەسانی واقیعی، چونکە رۆماننووسـانی نـوێ پێیـانوابوو دەق کارەکتەر دروست دەکات نەك رووداوی واقیعـیو کۆمەڵایـەتی، یـان بەواتایـەکی دیکـە دەتوانین بڵێین لە رۆمانی نوێدا سەرچاوەی دروستبوونی کارەکتەر زیاتر خەیاڵو ئەندێشەی رۆماننووس بوو نەك رووداوی واقیعی و کۆمەڵایەتی، دیارە مەبەسـتی رۆماننووسـانی نـوێش لەمجۆرە روانینە بۆ بنیاتی کارەکتەر بۆ ئەوەبوو بۆ ئـەوەی بتـوانن (لـەلای خوێنـەر ئـەوە بچەسـپێنن کـە کارەکتــەر نــەبوونو نەمێـژوو و نەواقیعییــەتی هەیــە بــەڵکو هاوشـێوەی بنەماکانی دیکەی گێڕانەوە وەکو زمانو رووداوو کاتو شـوێن تـەنیا بوونـەوەرێکی سـادەی سەر کاغەزە) (مرتاچ، ١٩٨٨،ص٤٨).

جا بۆ پیشاندانی کارەکتەر وەکو توخمێکی زمانەوانی سـەر کاغـەز رۆماننووسـانی نـوێ چەند هەنگاوێکیان نا یەکێك لەم هەنگاوانە ئەوەبوو رۆماننووسان وازیـان لـە نـاوو نازنـاوی کارەکتەر هێنا، چونکە پێیانوابوو (ئـەو نـاوەی لـە کارەکتـەری گێڕانـەوەیی دەنرێـت هـیچ سـیفەتێکی تـەواو یـان خێـرو شـەڕ بەکارەکتـەرەکان نابەخشـێت، بـەڵکو هـەر نیشـانەیەك

دەتوانیٚ شوێنی ناوەکە بگرێتەوە، تەنانەت هەر راناوێك لـە راناوەکـان دەتـوانیٚ رۆڵـی نـاو ببـینیٚو بـیٚ ئـەوەی هـیچ نەنگییـەکی تێـدا بێـت)(س.پ،ل٨٦) ، هۆکـاری گرنگینـەدانی رۆماننووسـانی نـوێش بـەناوی کارەکتـەر بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە رۆماننووسـانی نـویٚ کارەکتەریان لە رێگای ئەو ئەرکەی لەناو رووداوی رۆمانەکە ئەنجامیدەدا دیاریدەکرد نـەك ناوو سیفەتەوە، چونکە پێیـانوابوو ئـەو رەگـەزەی لـە رۆمانـدا جێگیرە ئـەوا ئـەو ئـەرك و کارانەیە کە کارەکتەر ئەنجامیدەدات ئەوەی ناجێگیریشە ناوو وەسفی کارەکتەرە، چونکە پێیانوابوو ئەوەی دەبێتە هـۆی هـەم بەرجەسـتەبوونی کارەکتـەر لـەناو رۆمانـدا و هـەمیش دروستبوونی بنیاتو مانای گشتی رۆمانەکە، ئـەوا ئـەو ئەرکەیـە یـان بەشـێوەیەکی روونـتر بلێین ئەو کارو کردەوانەیە کارەکتەر لەناو رۆماندا ئەنجامیدەدات نەك ناوو سیفەتەکانی.

لە رۆمانی نوێدا رۆماننووسان لـەجیاتی بـەکارهێنانی نـاو بـۆ کارەکتـەر ژمـارەو پیتیـان بەکارهێنا، بۆ یەکەمجاریش (کافکا) ئەم قاڵبو رێسایەی شکاند بەوەی لە رۆمانی (دادگا)دا ژمارەو لە رۆمانی (کۆشك)دا پـیتی (K)ی بـۆ نـاوی کارەکتـەرەکانی بـەکارهێنا، دواتـریش (جـێمس جـویس) بەهـەمان شـێوە لـەجیاتی نـاو ئـەو پیتانـەی لـە رۆمانەکانیـدا (H.C.E)(مـزاری،٢٠٠١ ،ص٢٣)، بـۆ نـاوی کارەکتـەرەکانی بـەکارهێنا، نـەك هـەر ئەمـە بـەڵکو رۆماننووسـانی نـویٚ گۆڕانکـاری دیکەشـیان لـەناوی کارەکتەرەکانیانـدا کـرد بـۆ نموونە(سامۆیل بیکیت) بۆ جاری دووەم ناوو شێوەی کارەکتەرێکی لـە رۆمانێکیـدا گـۆڕی، (ولیـەم فۆکنـەر)یـش لـەناو یـەك رۆمانـدا بەئەنقەسـت یـەك نـاوی بـۆ دوو کارەکتـەر بـەکارهێنا)(جرییـە،؟،ص٣٦)،بەئەنجامـدانی ئـەم کارانـەش رۆماننووسـانی نـویٚ توانییـان کۆمەڵێك سیفەتی مرۆڤی راستەقینە لە کارەکتەر بسێننەوە وەك سۆزو بیرکردنـەوەو مـاف ژیانو رەهەندی کۆمەڵایەتیو مێژووییو فیزیکی، لەلایەکی دیکەوە بەهۆی ئەنجامـدانی ئـەم کارەوە رۆماننووسان رزگاریان بوو لە وێنەکێشانی وێنەی کارەکتەر بۆ خوێنەر ئـەویش لـە رێگـای تـەکنیکی وەسـفەوە لەشـێوەی قـاڵبێکی ئامـادەکراو، بـەڵکو لـە بەرامبـەردا بەئەنجـامدانی ئـەمجۆرە کـارە خوێنـەریان بەشـداری پێکـرد بـۆ وێنەکێشـانی وێنـەی کارەکتەرەکە.

هـەنگاوێکی دیکـەی رۆماننووسـانی نـویٚ ئـەوە بـوو لەبـەر ئـەوەی لـە رۆمـانی نوێـدا کارەکتـەر وەکـو بوونـەوەرێکی سـادەی سـەر کاغـەز مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکـرا، ئـەوا

بەپێچەوانەی ڕۆماننووسانی کۆن نـەك هـەر خۆیـان زۆر خـەریك نـەدەکرد بەوێنەکێشـان و وەسفکردنی کارەکتەر بەشێوەیەکی ورد بۆ ئـەوەی نزیکـی بکەنـەوە لـە کەسـانی واقیعـی، بـەڵکو بەپێچـەوانەوە زۆر بەتونـدی ڕەتـی ئـەوەیان کـردەوە کارەکتـەرەکانیان پێوەنـدی بەکەسـانی دەرەوەی ڕۆمانەکــەوە هــەبێت، چــونکە (بەئاشـکرا نکوڵییـان لــەوە کـرد کارەکتـەرەکانیان فۆتۆکـۆپی کەسـانی واقیعـی بـێو بـە ڕوونـی ئـەوەیان ڕاگەیانـد کـە کارەکتەرەکانیان بوونەوەرێکی زمـانین و تـوخمێکن لـە توخمـەکانی گێڕانـەوە شانبەشـانی توخمــەکانی دیکــەی ڕۆمــان وەکــو کــاتو شــوێنو ڕووداو)(ئـەلۆەنی،٢٠٠٩،ل٣٠-٣١) ، بەئەنجامـدانی ئـەم کـارەش واتـە هـەژمارکردنو پیشـاندانی کارەکتـەر وەکـو تـوخمێکی زمانـەوانیو گێڕانـەوەیی نـەك بەرجەسـتەکردنی کەسـانی واقیعـی بەسـوودو بەرژەوەنـدی ڕۆماننووس شکایەوە، چونکە لەو کێشەو گرفتانەی بەدوور دەخاتەوە کە هەندێجار لەدوای نووسینی ڕۆمانەکە لەگەڵ خەڵکیدا بـۆی دروسـت دەبێـت بـەوەی ڕۆمانەکـە گوزارشـت لـە کەسێکی دیاریکراو یان بنەماڵەیەکی دیاریکراو دەکات، بۆ نموونە (گابرێل گارسیا مارکیز)ی ڕۆماننووسی کۆلۆمبی لە لێدوانێکدا دەریـدەخات: (لـەکاتی دەرچـوونی ڕۆمـانی (سەدسـاڵ تەنیایی)دا چەند کەسانێك هەڕەشەیان لێکردووە بەوەی گوایە مارکیز مێژووی بنەماڵەکـەی ئـــەوانی ئاشـــکرا کـــردووە، لـــە کاتێکـــدا ڕۆمانەکـــە زادەی خـــودو بـــیری نووسەرە)(ساڵح،٢٠٠٦،ل٣٢).

هەنگاوێکی دیکە ئەوەبوو لەبەر ئەوەی لـە ڕۆمـانی کۆنـدا کارەکتـەر بەرجەسـتەکردنی کەسانی واقیعی بوو، ئەوا جگە لە مرۆڤ هیچ شتێکی دیکە ڕۆڵی کارەکتەری نەبینیوە، بەڵام لە ڕۆمانی نوێدا ئەم قاڵبە شکێندراو جگە لە مرۆڤ توخمەکانی دیکەی ڕۆمانیش وەکو کات و شوێنو تەنانـەت ئـاژەڵو نـاوی واتـاییو شـتی بـێ گیـانیش وەك (پـرد، ماسـی، سروشت، نەهـــەنگ، زەمــــەن، دارودرەخـــت، بێـــدەنگی، ئەســـپ، ســـەگ، مـــراوی، کوندەپەپۆ)،مونیف،٢٠٠٦،ل٢٠-٢٦)، ڕۆڵی کارەکتەریان بینی بەجۆرێك ئەم ڕۆڵەی ئەمانـە بینیویانە لە هەندێ حاڵەتـدا لـە توانـای مرۆڤـی ئاسـاییدا نـەبووە، بـۆ نموونـە لـە ڕۆمـانی (هێشووەکانی تووڕەیی)ی (جۆن شتاینبیك)دا جگە لە کارەکتەری مـرۆڤ سروشـتیش ڕۆڵـی کارەکتەری بینیوە بەجۆرێك ئەو ڕۆڵەی سروشت بینیویەتی نەك ڕۆڵی لە مرۆڤـەکان کـەمتر نەبووە، بەڵکو ڕۆڵەکەی کاریگەریی بەسەر کارەکتەرە مرۆڤەکانیشەوە هەبووە، چونکە لەو

ڕۆمانەدا (ئەگەر ئەو تەحەدایەی سروشت نەبووایە ئەوا پاڵەوانێتی ئەو تاکانە بەخـەوتوویی دەمایـەوە، یـان نەیـدەتوانی گوزارشـت لـە خـۆی بکـاتو بـەو ڕوونییـە دەربکـەویٚ) (مونیف،٢٠٠٦،ل٢١)، بۆیە دەتوانین بڵێین لە ڕۆمانی نوێدا لەپاڵ بـوونی کارەکتـەری مـرۆڤ لەهـەمان کاتـدا شـوێنو ئـاژەڵو شـتەکانیش بوونـە بابـەت بـۆ پاڵـەوانێتی ڕۆمـانو ڕۆڵـی کارەکتەریان بینی.

(سابیر ڕەشید) لە کتێبی (چیرۆکی کوردی – ڕەخنـەو لێکۆڵینـەوە)دا بەهـەمان شـێوە ئاماژەی بەمە کردووە بەوەی ڕۆماننووس لەجیاتی کارەکتـەری مـرۆڤ دەتـوانیٚ لـە ڕۆمانـدا (گوڵێك بکـات بـە پاڵـەوانی چـیرۆکەکەیو کەسـایەتیو شـتەکانی دیکـەش وەکـو پاڵـەوانی یارمەتیدەری ئەمجۆرە پاڵەوانە بن، یان شوێنێکی دیاریکراو هەڵبژێرێت، یانیش بیرۆکەیـەك بکـات بەچـیرۆكو پشـت بـەهیچ پاڵـەوانێك نەبەستیٚ)(ڕەشـید،٢٠٠٥،ل٧١–٧٢)،بـۆ ئـەم مەبەستەش ناوبراو لەناو ڕۆمانی کوردیدا ئاماژەی بەکۆمەڵێك لەمجۆرە کارەکتەرانە کردووە بەوەی (لەدوا نۆڤلێتی جەبار جەمال غەریبدا نێرییەك بۆتە پاڵـەوانی سـەرەکی چـیرۆکەکەو ئەوانی دیکە هەموویان کۆمبارسی ئەو پاڵەوانە سەرەکییەن، دەشیٚ پاڵەوانی سەرەکی یان زینـدوو لای عبـداللە سـەڕاج تابلۆیـەك بێـتو لەگـەڵ خوێنـەر بێتـە دوان، یـان لای ئەحمـەد محەمەد ئیسـماعیل و جـەلیل کاکـەوەیس شـوێنێکی ئـەم گەرمیانـە بـنو ڕۆڵـی سـەرەکیو پاڵەوانیەتی ببینن، یان لای سەلاّح عومەر و ئازاد بەرزنجی تەرمێك بێت و لە ڕابردووی پێش مردنی خۆی بدوێت، یان لای شێرزاد حەسەن مێژووی لۆزانێکی ستەمکار بێت لە دایـەلۆگی ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوادا، یان لای عەتا محەمـەد و نـەریمان مۆریاسـی و ئـاکۆ کـەریم شـارێکی مێـژوویی وێرانکـراو بێـت، کـە بەدیمـەنی ئەفسـانەییو فانتازیـای زمانـەوە مێـژووی خـۆی بگێڕێتەوە) (س.پ،ل ٧١) .

هـەنگاوێکی دیکـەیان ئـەوەبوو لەبـەر ئـەوەی ڕۆماننووسـانی نـویٚ لـەژێر کاریگـەریی توێژینەوەکانی (فرۆید)و قوتابییـەکانی لەسـەر لایـەنی دەروونـی مـرۆڤ بـەوەی باسـکردنو پیشاندانی حاڵەتە دەروونیو ڕوحییەکانیان بالاّتر دەبینی لە باسکردنو پیشاندانی ڕووداوە واقیعیو کۆمەلاّیەتییەکاندا، ئەوا وەکـو ڕۆماننووسـانی کـۆن زۆر گرنگیـان بـەکاتو شـوێن نەدەدا بۆ دیاریکردنی ئەو سەردەمەی کارەکتەرەکەی تێدا ژیاوە، چونکە پێیانوابوو (دیوی ڕاستەقینەی مرۆڤ لە جیهانی شاراوەی دەروونیدایە) (مەجید٢٠١٣،ل١٢)، بۆیـە لـە ڕۆمـانی

نوێدا بەتایبـەتیش لـە رۆمـانی شـەپۆڵی هۆشـدا بەپێچـەوانەی رۆمـانی كـۆن حەقیقـەتی كارەكتەریان لە دیوی ناوەوە دەبینی، چونكە (بەبۆچوونی ئەوان دیوی راستەقینەی مـرۆڤ خۆی لەو جیهانە شاراوەدا حەشارداوە هیچ مرۆڤێك و كەسێك ناتوانێت پەی بەبیركردنـەوەو پرۆسەی زەینییەكانی كەسێكی دیكە ببات، هەر ئەم حاڵەتەش وا لە مـرۆڤ دەكـات لـەكاتی پرۆسە زەینییەكاندا بیر لـە دیاردەكـانی نـاو واقیـع بكاتـەوە بـەبێ هـیچ سانسـۆرو تـرس و دڵەراوكێیەك، واتە ئێمەی مرۆڤ پێش ئـەوەی دەربـارەی هـەر دیاردەیـەك بـدوێین لەپێشدا لەناو زەینی خۆمان بەچەندین شـێواز لـە دیاردەكـە دەكۆڵینـەوە، بـەڵام دەرەنجـام كاتێـك دەمانـەوێت لەگـەڵ دەوروبـەرمان سـەبارەت بـەو دیاردەیـە بـدوێین ئـەوا پێدەچـێت لەبـەر كۆمەڵێك هۆكاری وەكـو تـرس، شـەرم, پێگـەی كۆمەڵایـەتی, یـان دەرەنجامـە خراپـەكانی قسـەكە،..... ئـەوا حەقیقـەتو تێـڕوانینی راسـتەقینەی خۆمـان بـۆ دیاردەكـە بگۆڕین)(س.پ،ل١١).

ئەم حاڵەتەش بووە هۆی ئەوەی لە رۆمـانی نوێدا بەپێچـەوانەی رۆمـانی كـۆن ئەوەنـدە گرنگی بە رەهەندی فیزیكی واتە دیوی دەرەوەی كارەكتەر نەدرێت، بەڵكو لە بەرامبەردا لە رێگای تەكنیكی مۆنۆلۆگەوە گرنگییان بەشیكردنەوەو شۆڕبوونەوە بۆ ناو نـاخی كارەكتـەر دەداو زیاتر باسی شتە شاراوەكانی دیـوی ناوەوەیـان دەكـرد بـۆ ئـەوەی زانیـاریو حـەزە شاراوەكانی ناو زەینی كارەكتەر شیبكەنەوە، چونكە پێیـانوابوو (ئاسـتی پـێش قسـەكردن دیوی راستەقینەی مرۆڤە و، كاتێك مرۆڤ بیركردنەوەكانی دەگوازێتەوە بۆ ئاستی قسـەكردن بەمەبەستی پێوەندیكردن لەگەڵ دەوروبەریدا ئەوا هەنگاوێك یـان زیـاتر لـە واقیعـەوە دوور دەكەوێتەوە، چونكە پێدەچێت لەبـەر سانسـۆری دەرەكـی بەمەبەسـتەوە لەلایـەن خـودی قسـەكەرەوە بیرەكـان وەكـو خۆیـان نەگوازێتـەوە) (س.پ،ل١٣)، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا كارەكتەر لەناو رۆمانی شەپۆڵی هۆشدا چارەنووسی بەدەست خۆی نەبوو بـەڵكو بەدەسـت رۆماننووسـەوە بـوو، واتـە (نووسـەر لـە رێكخسـتنی ویسـتو دیـاریكردنی چارەنووسـی قارەمانانی چیرۆكەكەیدا دەسەڵاتی موتڵـەقی بـەخۆی دەدات)(پرهـام،٢٠٠٠،ل١١)، چـونكە جووڵەو ململانێی كارەكتەر لەمجۆرە رۆمانـەدا زیـاتر لـە دیـوی نـاوەوە واتـە لـەناو هۆشـی كارەكتەردا دەخولێتەوەو (ناتوانن بەكردەوە لەگـەڵ رووداوە واقیعییەكانـدا بـژین و مامەڵـە بكەنو هێزو توانای خۆیان بجەرێننو زیاد بكەنو لەبەردەم سێڵاوی رووداوەكاندا خۆ بگرنو

پشت بە ویستی خۆیان ببەستن، لە راستیدا ئەمجۆرە قارەمانانـە بووکەڵـەی بێدەسـەڵاتن و بەویستی نووسەر دێنە ئاراوەو بەویستی نووسەریش دەژینو دەمرن)(س.پ،ل١٦٠)، چونکە رۆمانی شەپۆلی هۆش لە رووی جۆرەوە بە رۆمانی کەسی دادەنرێت بەوەی رۆماننووس لـە بنیاتنانو وێنەکێشانی کارەکتەردا زیاتر گرنگی بەشیکردنەوەی هۆشو شۆڕبوونەوە بۆ نـاو ناخی کارەکتەر دەدا ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پەرەسەندن و چنینی رووداوەکان بـەپێی هەستی کارەکتەر گەشە بکەن نەك بەپێی مامەڵەکردن بەکردار لەگەڵ رووداوە واقیعیەکاندا.

لە رۆمانی نوێدا بەپێچەوانەی رۆمانی کۆن بەهۆی بوونی تەکنیکی فرەدەنگییەوە پێگەی کارەکتەر لە حیکایەتخوان بەهێزتر بوو، چونکە ئەم تەکنیکـە کارەکتـەر لـەژێر دەسـەڵاتی حیکایەتخوان ئازاد دەکات بۆ ئەوەی هەم بەئازادی گوزارشت لە ئایدیۆلۆژیای خۆی بکـاتو هەمیش بەخۆی رووداوەکانی ژیانی خۆی بگێڕێتەوە، ئەنجامی ئەم ئازادییەش دەبێتە هۆی ئەوەی رۆڵی نواندن بەکارەکتـەر ببەخشـرێت بـەوەی لـەناو رۆمانـدا بەشـێوەیەکی جـووڵاو پیشان بدرێت، چونکە تەکنیکی فرەدەنگی (رێ بەکارەکتـەر دەدات خـۆی چیرۆکی خـۆی بگێڕێتــەوەو دەســەڵات لــە حیکایــەتخوانو رۆمــاننووس دەســەنێتەوە کارەکتــەرەکان بەرێوەببات یان لە بری ئەوان بپەیڤێ و بیربکاتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کارەکتـەر هەست بەبوونی خۆی بکات) ، بۆ نموونە رۆمانی (هوتێل ئەوروپا) لەبەر ئـەوەی رۆمـانێکی فرەدەنگە (محەمەدی حاجی زادە) جگە لەوەی بەئازادی گوزارشت لـە ئایـدیۆلۆژیای خـۆی دەکات، لەهەمان کاتیشدا خوێنەر لە رێگای گۆشەنیگای خـودی (محەمـەد)ـەوە شـارەزای رووداوو بەسەرهاتەکانی ژیانی دەبێت نەك لە رێگای حیکایەتخوانی هەمووشتزانەوە.




## کارەکتەری پەرەسێن لە رووی پێکهاتەوە

### ١- کارەکتەری پەرەسێن:

هۆکاری دابەشکردنی کارەکتەر لە رووی پێکهاتەوە لەناو رۆماندا بۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە پێوەندییەکی دیالێکتیکیانە لەنێوان بەشێك لە کارەکتەرەکانی نـاو رۆمـان لەگـەڵ رووداودا هەیە بەوەی هەردوولایەن کارلێك لەگەڵ یەك دەکەن‌و دەکەونە ژێـر کاریگـەریی یـەکترەوە، دواتر ئەنجامی ئەو پێوەندیو کارلێککردنەی نێوان کارەکتەرو رووداو دەبێتە هـۆی ئـەوەی کارەکتـەرەکانی نـاو رۆمـان لـە رووی پێکهاتـەوە بـۆ کارەکتـەری پـەرەسـێن‌و پـەرەنەسـێن دابـەش ببێـت، ئـەمجۆرە پێوەندییـەش (واتـە پێوەنـدی دیـالێکتیکی) لـەناو جۆرەکـانی کارەکتەردا لە رووی پێکهاتەوە تەنیا لەنێوان کارەکتەری پەرەسێن‌و رووداودا هەیە، چونکە ئەگـەر کاریگـەریی کارەکتـەری پـەرەسـێن بەسـەر رووداودا بـریتی بێـت لـە دروسـتکردن‌و بەرەوپێشەوەبردن و یەکلاییکردنەوەی رووداوەکان، ئـەوا لـە بەرامبەریشـدا رووداوەکـانیش بەهـەمان شـێوە کاریگـەرییان بەسـەر پێکهاتـەی ئـەمجۆرە کارەکتـەرەش دەبێـت بـەوەی

هەڵوێستو هـزرو بیروبۆچـوونو کردارەکـانی کارەکتـەر دەگـۆڕن جـا ئـەو گۆڕانکارییـە چ بەئەرێنی یان نەرێنی بێت بەجۆرێك سەرەتا لە هەڵوێسـتو هـزرو بیروبۆچـوونێکەوە بـەرەو هەڵوێستو هزرو بیروبۆچوونێکی دیکەیان دەبەنو، ئینجا دواتر ئەنجامی ئەم گۆڕانکارییانـە رەنگدانەوەی بەسەر رەفتارو هەڵسوکەوت و کـارو کـردەوەی ئـەمجۆرە کارەکتـەرە دەبـێ، چـونکە (جووڵــەی جەســتەی کارەکتــەر رەنگدانــەوەو کاریگــەریی جووڵــەی هــزرە)( مەولود،٢٠١٤، ل٢٢) ، ئەنجامی ئەمجۆرە گۆڕانکاریو پەرەسـەندنەش دەبێتە هۆی ئـەوەی رەگـەزی کتـوپڕیو کـاری نـوێو چاوەڕواننەکراو لـە پێکهاتـەی ئـەمجۆرە کارەکتـەرەدا بەدیبکرێت.

هۆکاری پەرەسەندنی پێکهاتەی ئەمجۆرە کارەکتـەرە لەلایـەك بـۆ بـوونی پەرچـەکردار یـاخود بەواتایـەکی دیکـە بـۆ بـوونی گیـانی بەربـەرەکانی لەلایـەن ئـەمجۆرە کارەکتـەرە دەگەڕێتەوە بەرامبەر بەو پێشـهاتو ململانـێو کێشـەو گرفتانـەی لەلایـەن کارەکتـەرەکانی دیکـەی نـاو رۆمانـەوە رووبـەڕووی دەبێتـەوە، لەلایـەکی دیکـەوە پەرەسـەندنی پێکهاتـەی ئەمجۆرە کارەکتەر بۆ بوونی ئامادەیی بەزاندنی کلتوورو نەریتو بەها باوەکان دەگەڕێتەوە بەوەی هەموو کاتێك ئامادە نابێت پابەندی ئەو نەریتو بەها باوانە بێـت، چـونکە (گـۆڕانو پەرەسەندنی ئەمجۆرە کەسانە لە ئەنجامی لادان لـە رەوتـە لاسـاییەکەی ئـەو رووداوانـەوە دروسـت دەبێـت)( پـەرێز سـابیر،٢٠٠١، ل١٧٥) بـەوەی پەرەسـەندنو گـۆڕانی پێکهاتـەی ئەمجۆرە کارەکتەرە لەناو رۆماندا بەستراوەتەوە بەئەنجامدانی کاری نوێو چاوەڕواننەکراو، چونکە (ئەو کەسەی نەتوانێت هیچ کـارو سـیفەتێکی نـوێو چـاوەڕواننەکراومان پێشـکەش بکـاتو قەناعـەتمان پـێ بهێنێـت، ئـەوا کەسـێکی پەرەنەسـێنە لـە بـەرگی کەسـێکی پەرەسێندا)(نجم،١٩٦٣،ص١٠٤)، تەنانەت هەر ئەم کارە چاوەڕواننەکراوانەشە جگە لەوەی خوێنەر سەرسووڕمان دەکات لەهەمان کاتیشـدا ناچـاری دەکـات بـەوەی بەدواداچـوون بـۆ چارەنووسی ئەو کارە نوێو چاوەڕوان نەکراوانەشی بکات، چونکە هەم دەبێتە هۆی ئەوەی چێژێك لە خوێندنەوەی رۆمانەکە وەربگرێتو، هەمیش دەبێتە هۆی ئەوەی وانەو ئەزموونێك لەو کارو کردەوە چاوەڕواننەکراوانەی ئەمجۆرە کارەکتەر فێر ببێت.

بۆ قەناعەت پێهێنان بەپەرەسەندنی ئـەمجۆرە کارەکتـەرە لەلایـەن خوێنـەرەوە دەبێت رۆمـاننووس بەشـێوەیەکی بابەتیانـە زەمینەسـازی بـۆ ئـەو گۆڕانکـاریو کـارە نـوێو

چاوەڕواننەکراوانەی ئەمجۆرە کارەکتەرە بکات نـەك بەشـێوەیەکی ئۆتۆمـاتیکی پێشـکەش بەخوێنەری بکـات، چـونکە ئـەمجۆرە کارەکتـەرە (لـە ئـەنجامی ململانێـی لەگـەڵ رووداو و کۆمەڵدا کەم کەم پەرەدەسێنێ و گەشـە دەکـات، تـا چـەندیش چـیرۆکەکە بـەرەو پێشـەوە بـڕوات خـودو حەقیقـەتی زیـاتر بـۆ خوێنـەر ئاشـکرا دەبێـتو، لـەناکاویش سەرسـووڕمانو دەوڵەمەندی دەکات بەلایەنەکانو سۆزە مرۆییە ئاڵۆزەکانی، بۆیە دەبێـت حیکایـەتخوانیش ئەمجۆرە کارەکتەرە بەشێوەیەکی هونەری باوەڕپێکراو پێشکەشی بکات بەوەی نابێت هیچ سیفەتێکی تازەی پێ ببەخشێت تاوەکو پاساوێکی بابەتی بـۆ هەڵوێسـتەکانی نەهێنێتـەوە لەناو دابونـەریتی ئـەو ژینگەیـەی کـە کـارلێکی لەگەڵـدا دەکـات)( د.هـلال،٢٠٠٥، ص٥٣٠)، پەرەسەندنی ئەمجۆرە کارەکتەرە بەم شێوەیەش دەبێتە هـۆی ئـەوەی خوێنـەر نـەتوانێت بەئاسـانی لەیەکـەم هـەنگاوی بینینیـەوە بڕیـار لەسـەر چارەنووسـی بـدات تـاکو ئـەنجامی رووداوەکان بەکۆتا نەگات، چونکە (ئەمجۆرە کارەکتەرە خاوەن چەندین رەهەنـدی مرۆیـی وەك هەستو سۆزو هەڵچوونو بیروبۆچوونو لایەنی دەروونـیو بیرکردنەوەیـەو هـەموو ئـەو رەهەندانەش پەیتا پەیتا لـە هەڵوێسـتێکەوە بـۆ هەڵوێسـتێکی دیکـە بەدەردەکـەون، واتـە لەهەر هەڵوێستێکدا هەڵسوکەوتو رەفتارێکی نوێی دەبێت کـە دەبێتـە هـۆی ئاشـکرابوونی یەکێك لە رەهەندەکانی کەسێتی ئەو کەسە)(عەبدوڵڵا، ٢٠٠٠، ل١٥).

بۆیە خولْقاندنی ئەمجۆرە کارەکتەرە لەناو رۆماندا کـارێکی ئاسـان نییـەو شـارەزایی و لێهاتوویەکی زۆری دەوێت، تەنانەت تا رادەیەك سەرکەوتنی رۆمـاننووس لـە بەرهەمەکەیـدا بەسـتراوەتەوە بـەبنیاتی ئـەمجۆرە کارەکتـەرە، چـونکە (شـارەزاییو لێهـاتوویی و ئاسـتی رۆشـنبیرییو ئـەزموونی رۆمـاننووس لـە بنیـاتی ئـەمجۆرە کارەکتـەرە بـەدیار دەکـەوێت)( مستەفا،٢٠١٠،ل١٧٠)، بۆیە پەرەسەندنی پێکهاتەی ئەمجۆرە کارەکتەرە لـەژێر کاریگـەریی رووداوەکاندا دەبێتە هۆی ئەوەی بنیاتێکی ئاڵۆزی هـەبێت و خوێنـەر ناتوانێـت پێشـوەخت پێشـبینی بـۆ هەڵوێسـتو هەڵسـوکەوتو کردارەکـانی داهـاتووی بکـات، چـونکە ئـەمجۆرە کارەکتەرە (خاوەن پێکهاتەیـەکی ئـاڵۆزە زۆرجـار خوێنـەر تـا لـە خوێندنـەوەی رۆمانەکـە نەبێتەوە نازانێت چارەنووسی چی لێدێت و چۆن کۆتـایی پێـدێت)( محەمـەد،٢٠٠٤، ل٢١)، ئەمجۆرە بنیاتەش رۆماننووس ماندوو دەکات بەوەی ناتوانێت تەنیا بە رستەیەك یان چەند رستەیەکی کەم گوزارشـت لـە کەسـایەتی بکـات، یـان بەشـێوەیەکی ئۆتۆمـاتیکی یەکسـەر

وێنەیەکی تەواوو کامڵی بۆ بکێشێت و هەموو لایەنەکانی کەسێتییان بۆ خوێنەر ئاشکرا بکات و قەناعەتیان پێ بهێنێت، چونکە وێنەی کامڵی ئەمجۆرە کارەکتەرە لەناو رۆمانەکە لەگەڵ تەواوبوونی رەوتی رووداوەکان تەواو دەبێت، بۆیە لەسەر رۆماننووس پێویستە بەقووڵی رەهەندی دەروونیو کۆمەڵایەتییان پیشانی خوێنەر بداتو بەدرێژایی رەوتی رۆمانەکەش هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی رۆمانەکە بەردەوام رۆشنایی و تیشک بخاتە سەر لایەنێك لە رەهەندەکانی بنیاتیو پەرەیان پێبدات.

لەگەڵ بوونی ئەم بنیاتە ئاڵۆزەشدا تا چەند ژمارەی ئەمجۆرە کارەکتەرە لەناو رۆماندا زیاتر بێت سوود بەبینای هونەری رۆمانەکە دەگەیەنێت، چونکە بەهۆی ئەو بنیاتە ئاڵۆزەوە رۆماننووس دەتوانێت بۆشاییە هونەرییەکانی ناو رۆمانەکەی پێ پڕبکاتەوە بەوەی لەسەر ئاستی تێکستو رووداودا بەهۆی ئەم بنیاتە ئاڵۆزەوە دەتوانێت گەشەو بەرەوپێشچوون بە رووداوەکان ببەخشێتو رۆمانەکەی پێ بنیات بنێ، چونکە کارلێککردنی ئەمجۆرە کارەکتەرە لەگەڵ رووداوەکاندا دەبێتە هۆی ئەوەی ململانێی نێوان کارەکتەرەکان زیاتر ببێتو رێڕەوی گێڕانەوە گۆڕانی بەسەردا بێتو چنینی رووداوەکانیش پەرەبسێنن‌و بەرەوپێشەوە بچن، بۆ نموونە لە رۆمانی (هوتێل ئەوروپا)دا (محەمەدی حاجی زادە) کارەکتەرێکی پەرەسێنە و پێکهاتەکەی گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا هاتووەو نووسەریش لە رێگای پەرەسەندنی پێکهاتەکەیەوە توانیویەتی رێڕەوی رووداوەکان بەرەوپێشەوە ببات و رۆمانەکەی پێ بنیات بنێ، بۆیە لەم رووەوە دەتوانین بڵێین سەرکەوتنی هەموو ئەو ژانرانەی توخمی گێڕانەوەیان تێدایە تا رادەیەك بەستراوەتەوە بەبوونی ئەم پێکهاتە ئاڵۆزە، چونکە رۆماننووس بەهۆی ئەمجۆرە کارەکتەرەوە دەتوانێت زۆربەی واتاو ماناکانی رۆمانەکەی لەناو ئەم بنیاتە ئاڵۆزەدا کۆبکاتەوە، لەلایەکی دیکەوە گرنگی ئەمجۆرە کارەکتەرە لەناو رۆماندا لەوەدا بەدەردەکەوێ بەهۆی کارلێککردنی لەگەڵ رووداوەکاندا دەتوانێت هاوشان لەگەڵ پێشهاتە نوێیەکاندا هەنگاو بنێتو لەگەڵ بارودۆخە نوێیەکانیشدا خۆی بگونجێنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پەیوەندیو تێکەڵاوی زیاتری لەگەڵ کارەکتەرەکانی دیکەدا هەبێت، دواتر ئەنجامی هەموو ئەمانە دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر زیاتر قەناعەتی بەمجۆرە کارەکتەرە هەبێت بەوەی بەهۆی پەرەسەندنیانەوە حەقیقەت و راستگۆیی زیاتر لە گوتارو کردارەکانی ئەمجۆرە کارەکتەرە بەدیبکات، چونکە سروشتی

مرۆڤ ئاوایە لەبـەر ئـەوەی بـۆ خـۆی بوونـەوەرێکی ئـاڵۆزە زیـاتریش بـڕواو قەناعـەتی بـەو کەسانە دێت کە پێکهاتەو بونیاتێکی ئاڵۆزیان هەیە.

کەواتــە ئــەمجۆرە کارەکتــەرە لــەناو ڕۆمانــدا لەبــەر ئــەوەی بــەردەوام دەکەوێتــە ژێــر کاریگــەریی ڕووداوەکــان خــاوەن پێکهاتەیــەکی جــێگیر نییــەو گــۆڕانی بەســەردا دێــت، بەواتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین ئەو هەڵوێستو هزرو بیروبۆچوونەی ئـەمجۆرە کارەکتـەرە لەسەرەتای دەرکەوتنی ڕۆمانەکە هەیەتی هەمان ئەو هەڵوێست و هزرو بیروبۆچوونە نییە لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا هەیـەتی، چـونکە بـەهۆی کـارلێککردنو ململانێـی لەگـەڵ ڕووداوەکانـدا بەچەند تاقیکردنەوەیەك و ئەزموونێکی ژیانـدا تێپـەڕیوەو بەهۆیـەوە وانـەو ئـەزموونێك لـەو تاقیکردنەوانە فێربووە، ئەنجامی فێربوونی ئەو وانـەو ئەزموونانـەش دەبێتـە هـۆی ئـەوەی ئاستی بیرکردنەوەی بەرامبەر بە ڕووداوو کارەکتەرەکانی دیکەی ناو ڕۆمان فـراوانتر ببێـت، فراوانبوونی ئاستی بیرکردنـەوەی ئـەمجۆرە کارەکتـەرەش لـەژێر کاریگـەریی ڕووداوەکانـدا دەبێتە هۆی ئەوەی هەڵوێستو هزرو بیروبۆچوونو کردارەکانی گۆڕانی بەسەردا بێت.

ڕێژەی زۆری یاخود کەمی بەشداریکردنی کارەکتەر لە ڕووی ئەرکەوە لەناو ڕووداوەکاندا نابێتە پێوەر بۆ ئەوەی کارەکتەر لـە ڕووی پێکهاتـەوە بەکارەکتـەرێکی پـەرەسـێن هـەژمار بکرێـت، بـەڵکو کاریگـەریی ڕووداوەکـان لەسـەر گـۆڕینی هەڵوێسـتو هـزرو بیروبۆچـوونی کارەکتەرەکە جا چ سەرەکی یـان لاوەکـی بێـت وایلێـدەکات بەپەرەسـێن هـەژمار بکرێـت، چـونکە جـاری واهەیـە لـەناو ڕۆمانـدا کارەکتـەر لـە ڕووی ئەرکـەوە سـەرەکییەو تەنانـەت شاکەسـی ڕۆمانەکەشـە، بـەڵام لـە ڕووی پێکهاتــەوە پـەرەسـێن نییـەو ڕووداوەکـان کـاری تێناکات، بەتایبەتیش لەو ڕۆمانانەی ئەگەر کارەکتەرەکە خاوەن ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو (سیاســی، ئــایینی،... هتــد) بێــت ئــەوا ئــەمجۆرە کارەکتــەرە زۆر بەکــەمی گۆڕانیــان بەسەرداد‌ێتو، تەنانەت جاری وا هەیـە بـەهۆی بـەرگریکردن لـە ئایدیۆلۆژیایەکـەی خۆشـی تووشی چارەنووسێکی خراپ دەبێتەوە، بۆ نموونە لە کورتە ڕۆمانی (ملازم تەحسینو شتی تریش)دا (ئەختەر) نەك هەر کارەکتەرێکی سەرەکییە، بەڵکو شاکەسی ڕۆمانەکەیەو بەهۆی ئەو پێوەندییەی لەگـەڵ (جـوامێر)دا هەیـەتی تووشـی کۆمـەڵێك ڕووداوی نـاخۆش دەبێـت، ئەمە لە کاتێکدا دراوسێکانی بـەردەوام ئامۆژگارییـان دەکـرد بـەوەی واز لـەو پێوەندییـەی لەگەڵ (جوامێر)دا بێنێت کە هەیبوو، بـەڵام هـیچ یـەك لـە ڕووداوو ئامۆژگـاری دراوسـێکانی

سـوود بەپێکهاتەکـەی ناگەیـەنێت بـۆ ئـەوەی هەڵوێسـتی بەرامبـەر بـە(جـوامێر) بگۆڕێـت، ئــەنجامی ئــەو نەگۆڕانەشــی لــە کۆتــایی رووداوەکانــدا دەبێتــە هــۆی ئــەوەی تووشــی چارەنووسێکی خراپ ببێتەوە.

پەرەنەسـێنی پێکهاتـەی کارەکتـەر بـەمانای ئـەوە نایـەت ئـەو گۆڕانکارییانـەی بەسـەر بیروبۆچوون و کردارەکانی کارەکتەر روودەدات تەنیا لایـەنی ئـەرێنی بگرێتـەوە، بـەڵکو لای نەرێنیش دەگرێتەوە، بۆ نموونە لە رۆمانی (هوتێل ئەوروپا)دا (محەمەدی حـاجی زادە) لـە رووی پێکهاتـەوە کارەکتـەرێکی پەرەسـێنە، بـەڵام ئـەو پەرەسـێنە بەشـێوەیەکی نـەرێنی بەسـەر کردارەکانیـدا رەنگیداوەتـەوە، چـونکە ئـەو گۆڕانکارییانـەی بەسـەر کردارەکانیـدا هاتووە نەلەگەڵ پیشەی مەلایەتییەکەیدا دەگونجا و نەلەگەڵ شەریعەتی ئیسلامیشدا یـەکی دەگرتەوە.

## کارەکتەری پەرەسێن لە رۆمانی ( هوتێل ئەوروپا ) دا

### محەمەدی حاجی زادە

لە رووی پێکهاتەوە (محەمەدی حاجی زادە) کارەکتـەرێکی پەرەسـێن بـوو، پەرەسـێنی پێکهاتـەی (محەمـەد)یش لـەوەدا بەدەردەکـەوێت رووداوەکـان هـەم کاریگـەرییان بەسـەر بیروبۆچوون و هەمیش بەسەر کردەوەکانیدا هەبوو، ئەمـە لـە کاتێکدا ئـەو گۆڕانکارییانـەی لەژێر پاڵنەری هۆکاری ئابووری بەسەر هزریدا هاتووە بەلایەنی ئەرێنی بەسەر پێکهاتەکەیدا شکاوەتەوە، چـونکە گەیشـتە حەقیقـەتی ئـەوەی سەرچـاوەی هـەموو ئـەو نەهامەتیانـەی بەسەر موسڵمان و وڵاتانی ئیسلامیدا دێن هۆکارەکەی بـۆ هەڵـەی ئـەو دەسـەڵاتدارانەیە،کە وڵاتانی ئیسلامییان بەڕێوە دەبرد، (ئەگـەر سـەرکردەکانی ئیسـلامو رێبـەرە موسـڵمانەکان وڵاتەکانی ئێمەیان نەکردایەتە ئەم زیندانە گەورەیەی ئەمڕۆ، ئێمە بۆچـی پـەنامان دەبـردە بـەر وڵاتــانی کــافر لــە ئــەوروپا)(هۆتێــل ئــەوروپا، ل٢٨)، بــەڵام لــە بەرامبــەردا ئــەو گۆڕانکارییانەی لەژێر پاڵنـەری هۆکـاری ئـابووری بەسـەر کردەوەکانیـدا هـاتووە بەلایـەنی نەرێنی بەسەر پێکهاتەکەیدا شـکاوەتەوە، چـونکە ئـەو کـارو هەنگاوانـەی لـەژێر پاڵنـەری ئابووریدا ئەنجامیداوە نـە لەگـەڵ پیشـەی مەلایەتییەکـەی دەگونجـاو نەلەگـەڵ شـەریعەتی ئیسلامیشـدا یـەکی دەگرتـەوە، لەهەمووشـی گـرنگتر ئـەوەبوو کـە پاڵنـەری ئـابووری وای لێکردبوو پاساویش بۆ ئەمجۆرە کارانە بێنێتەوە، دواتر ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر

هـزرو کردارەکانیـدا هـاتووە پێکهاتەکـەی بـەجۆرێك گۆڕیـوە بـەوەی ئەگـەر لـە سـەرەتادا لەلایـەن دەوروبەرەکەیـەوە بەکەسـێکی دڵسـافو سـاویلکە ناسـرا بێـت ئـەوا لـە کۆتـایی ڕووداوەکانـدا ئـەمجۆرە پێکهاتەیـەی گـۆڕاوە بـۆ کەسـێکی زۆر فێڵـزان بـەجۆرێك ڕادەی فێڵزانییەکەی گەیشتۆتە ئاستێك پاڵی بە(فەرهاد)ـەوە ناوە (محەمەد) لە ڕووی فێڵزانییەوە بەدرۆزنو ساختەکارو ئیبلیس بچوێنێ.

ئاشکرایە (محەمەد) لەسەر جیاوازی بیروبۆچوونی سیاسی لەگـەڵ دەسـەڵاتدارانی ئێـران ئاوارەی وڵاتی فەرەنسا دەبێتو داوای ماف پەناهەندەی سیاسی لـەو وڵاتـە دەکـرد، بـەڵام لەپاڵ ئەمەشدا سەرەتا ئەوکاتەی گەیشتە وڵاتی فەرەنسـا هێشـتا بـەرگری لـە سیسـتەمی سیاسی وڵاتی ئێرانی دەکردو پێیوابوو ئەو سیستەمە نەك هەر لە سیستەمی هـەموو وڵاتـە ئیسلامییەکانی دیکە باشترە، بەڵکو لە سیستەمی هەموو وڵاتانی غەیری ئیسلامیش باشترە (سـەیر لـەوەدا بـوو محەمـەدی حـاجی زادە کەچـی بـەردەوامیش بـەرگریی لـە سیسـتەمی کۆمـاریی ئیسـلامی دەکـرد لـەناو سیسـتەمەکانی دیکـەی بـەڕێوەبردنی جیهـانی ئـەمڕۆدا، دەیگوت: سیستەمی کۆماری ئیسـلامی لـە هـەموو سیسـتەمێکی تـری سیاسـی بـۆ ئێمـەی موسڵمان گونجاوترە)(هۆتێل ئـەوروپا، ل١٢)، لەلایـەکی دیکـەوە لەبـەر ئـەوەی (محەمـەد) لەناو ژینگەو کلتوورێکی ئیسلامی ئێرانی پەروەردە ببوو ئەوا لە ڕوانگەی ئایینیەوە سەیری ئەوروپییەکانی دەکردو بەکافر تۆمەتباری دەکردن، بۆیە ئەم حاڵەتـە وایکردبـوو نـەك هـەر بەراورد بەکلتووری فەرەنسیەکان زۆر شانازی بە ڕەسـەنیو دەوڵەمەنـدی کلتـووری ئێرانـی خۆیەوە بکات بەوەی (ئێمەی ئێرانی هەر هیچ نەبێ کلتوورێکی ئەسیلو مێژوویەکی دێرینو دینێکی پیرۆزمان هەیە)(هۆتێل ئەوروپا، ل٦٢)، بەڵکو ئەمجۆرە شانازیکردنە وای لێکردبوو دوای گەیشتنی بەفەرەنساش بۆ ماوەی سێ سـاڵ کەسـێکی زۆر پارێزگـاری لـێ دەربچێت بەوەی نەك هەر تێکەڵاوی کلتووری فەرەنسییەکان نـەدەبوو، بـەڵکو بەئاشـکرا بانگەشـەی ئـەوەی دەکـرد پاراسـتنی کلتـوورو ڕەوشـتی ئیسـلامی لـە ئـەوروپا زۆر گـرنگترە لـە عیبادەتکردن بۆ خودا (من وا تێدەگەم بـۆ ئێمـەی موسـڵمانی ئـاوارەی ئـەوروپا پاراسـتنی ڕەوشتو کلتووری ئیسلام لە نوێژو ڕۆژوو زۆر گـرنگترە)(هۆتێـل ئـەوروپا، ل٦٢)، تەنانـەت پێیوابـوو هـەموو ئـەو نەهامەتییانـەی وڵاتـانی ئیسـلامی تووشـی دێـت هۆکارەکـەی بـۆ بـەتاڵانبردنی خێروبێرەکـەی لەلایـەن وڵاتـە داگیرکـەرەکانی ڕۆژئـاوا دەگەڕێتـەوە بـەوەی

(بەرپرسی یەکەمی برسێتی و بەدبەختی ئێمە ئەمریکاو خـودی رژێمـە ئەوروپاییـەکانن نـەك ئێمە)(هۆتێل ئەوروپا، ل٦١).

دواتر دەبینین هەموو ئەو بیروبۆچوونانەی محەمەد لەژێر کاریگەریی هۆکاری ئـابووری بەتایبـەتیش بـەهۆی گـرفتی بێکارییـەوە پێچـەوانە دەبێتـەوە، گـرفتی بێکارییەکەشـی بـۆ نەبوونی مافی پەناهەندەیی دەگەڕێتەوە چونکە بەهۆی نەبوونی ئیقامە لە کاری رەش زیاتر نەیدەتوانی هیچ کارێکی دیکە بکـات، هـەروەها هـەر بـەهۆی نـەبوونی ئیقامـەوە مووچـەی بێکاریشـی لـە شـارەوانی وەرنـەدەگرت، لەلایـەکی دیکـەوە دوای ئـەوەی بەچـاوی خـۆی پێشکەوتنی ولاٚتانی ئـەوروپای بـینی بـەوەی چـۆن دەسـەلاٚتدارەکانیان توانیویانـە هـەموو خۆشـگوزەرانییەك بـۆ هاولاٚتییـانی خۆیـان فەراهـەم بکـەن (مـن دوای ئـەوەی ئـەم هـەموو پێشکەوتنە گەورەیەی لە فەرەنسا بینیم، بەڕاستی باوەڕ ناکەم جارێکی دیکە بیرای بیرِ روو بکەمەوە ئەو دۆزەخەی ولاٚتی خۆم)(هۆتێـل ئـەوروپا، ل٣٠)، بەتایبـەتیش بەدروسـتکردنی رێکخراوی (یەکێتی ئەوروپا) ولاٚتانی ئەوروپا دەیانویست هاونیشتمانەکانی خۆیان لەدەست رۆتیناتی سنوور پەڕینەوە ئازاد بکەن، پاشانیش بەراوردکردنی ئەم حاڵەتە لەگەڵ ولاٚتـانی ئیسلامی کە چۆن کۆمـەڵێك بەربەسـتیان بـۆ هاتوچـۆی هاولاٚتیـانی خۆیـان دروسـتکردووە بەوەی (لای ئێمەش... نەك لە ولاٚتێکەوە بەرەو ولاٚتێکی دراوسـێ، بـەڵکو لـە شـارێکی نـاو هـەمان ولـاٚتی خۆتـەوە تـا دەگەیتـە شـارێکی تـر چـەندینجار داوای ناسـنامەت لێدەکـەن)(هۆتێـل ئـەوروپا، ل٢٧)، بۆیـە ئـەم حاڵەتانـە وای لـە محەمـەد کـرد بڕیـار بـداتو بڵێـت: (بەهەرچـی نرخێـك مـن پێویسـتە مـافی پەناهەندەییەکـەم لێـرە بەدەسـت بهێـنم)(هۆتێـل ئەوروپا، ل٣١).

بۆیە دەبینین پێکهاتەی (محەمەد) لەژێر کاریگەریی ئەم هۆکارانە گۆڕانی بەسـەردا دێـت بەوەی هەموو ئەو بیروبۆچوونە پۆزەتیڤانەی لـە رابـردوودا بەرامبـەر بـەولاٚتانی ئیسـلامی و هەموو ئەو بیروبۆچوونە نێگەتیڤانەی بەرامبەر بەولاٚتانی رۆژئاوا هەیبوو پێچەوانە دەبێتەوە بەجۆرێك سەدو هەشتا دەرەجە گۆڕانی بەسەردا دێت، چـونکە دوای گـۆڕانی پێکهاتەکـەی بەشێوەیەکی ئاشکرا هەموو نەهامەتییەکانی هاولاٚتیانی ئیسلامی دەخاتە ئەسـتۆی خـودی ئەو دەسەلاٚتدارانەی کـە ولـاٚتی ئیسـلامییان بـەڕێوە دەبـرد نـەك ولاٚتـانی رۆژئـاوا (ئێمـەی حوکامی ئیسلام خۆمان ولاٚتی خۆمان لە خۆمان کردووەتە دۆزەخ)(هۆتێل ئـەوروپا، ل٣١)،

چونکە پێیوابوو هۆکاری ئـاوارەبوونی خـۆیو چـەندانی کەسـی هاوشـێوەی خـودی خـۆیو داواکردنی مافی پەناهەندەیی لە وڵاتانی کافری ئەوروپایی گەڕاندەوە بۆ خراپـی سیسـتەمی سیاسی وڵاتانی ئیسلامی (ئەگەر دەوڵەتە موسڵمانەکانی خۆمان باش بوونایـە ئێمـە بۆچـی ناچار دەبووین پەنا ببەینە بەر وڵاتانی کافری ئەوروپایی)(هۆتێل ئەوروپا، ل٢٩)، تەنانـەت پێیوابوو خراپی سیستەمی سیاسی لە وڵاتانی ئیسلامیدا هەر پەیوەست نییە بەکاتی ئێستا بەڵکو رەگوڕیشەیەکی کۆنی هەیە بۆ ئەم مەبەستەش (سـەید جەمالـەدینی ئـەفغانی)وەکـو نموونـە هێناوەتـەوە (هەرچـۆنێك بێـت.. ئـەم حەکایەتـە زۆر کۆنـە، ئـەم بـێ عـەقڵیو نامرۆڤایەتییەی حوکامی ئیسلام لەناو وڵاتانی خۆماندا رەگوڕیشەیەکی دێرینی هەیە، سەید جەمالەدینی ئەفغانی جوانترین رووی رێنسانسی ئیسلام کە لەبنەچـەی پێغەمبـەریش بـوو، کەچی ناچاریان کرد پەنا بباتە بەر ئەوروپاو داوای رەگەزنامە لە وڵاتی کافران بکا)(هۆتێـل ئەوروپا، ل٢٩)، لەهەمووشی گرنگتر ئەوەبوو ئەگەر جاران (محەمەد) بەرگری لە سیستەمی سیاسی وڵاتی ئێران بکردایە، کەچی دوای ئەوەی پێکهاتەکەی گۆڕانی بەسەردا هات هەموو ئەو نەهامەتیانەی بەسەر موسڵمانو ئایینی ئیسلام دێت دەخاتە ئەسـتۆی خـودی کۆمـاری ئیسلامی ئێرانەوە بەوەی (ئـەم بەدبـەختیو ریسـواییەی ئـەمڕۆ بـەهۆی کۆمـاری ئیسـلامی ئێرانەوە بەسەر خەڵکی موسڵمانی ئێرانو بەسەر دینی ئیسلامدا هاتووە ئەوپەڕی ئیهانەیـە بۆ دینی پیرۆزی ئیسلام)(هۆتێل ئەوروپا، ل٥٣).

لەلایەکی دیکەوە گۆڕانکاری لە بیروبۆچوونی (محەمەد) لەژێر کاریگەری ئەو هۆکارانەی باسمـان کـرد بـەجۆرێکی دیکـە بەسـەر پێکهاتەکەیدا رەنگیدایـەوە بـەوەی جـاران ئەگـەر (محەمەد) پێیوابوو پاراستنی کلتـوورو رەوشـتی ئیسـلامی لـەناو ئـەوروپای مەسـیحیدا لـە عیبادەتکردن بۆ خودا گرنگترە، ئەوا دەبینین دواتر ئـەم قەناعەتـەی (محەمـەد) دەگۆڕێـت بەوەی مرۆڤی رۆژهەلاّتی تا سەر ناتوانێ هەر رۆژهەڵاتیانە لە ئەوروپا بژی، بەڵکو پێویستی بەوە دەبێـت تێکـەڵ بـەکلتووری ئـەوانیش بێـت (مرۆڤـی ئێرانـی بێـزار دەبـێ هێنـدەی لـە ئەوروپا هـەر ئێرانیانـە بـژیت، ناشـتوانێ)(هۆتێـل ئـەوروپا، ل١٥٨)، لەهەمووشـی سـەیرتر ئەوەبوو جۆرێك کراوەیی لە هزرو بۆچوونیدا روودەدات بەوەی بەلای ئاسایی دەبێت ئەگـەر ژن و پیاوێك بێ ئەوەی بـە رەسمـی هاوسـەری یـەکتریش بـن پێوەنـدی لەنێوانیانـدا هـەبێ (بێگومـان، بێگومـان خـانم، کـە دەچـێتە شـاری کـوێران دەبـێ دەسـت بەچـاوتەوە

بگری!)(هۆتێل ئەوروپا، ل١٦٠)، ئەمە لەکاتێکدا لەپاڵ هەموو ئەو گۆڕانکارییانـەی بەسـەر هزرو بیروبۆچوونیدا هاتووە ئەگەر (محەمەد) بۆ خۆشی هۆشیاری ئەوەی هـەبووبێ گـۆڕان لە پێکهاتەکەیدا روویداوە (خەریکە وردە وردە دێمە سەر باوەڕی تۆ، باوەڕ بەبۆچوونەکانت دەهێنم)(هۆتێل ئەوروپا، ل٣١)، ئەوا دەبینین نووسەر بەشێوەیەکی ئاشکراش لەسەر زاری (ساقی گوڵچین) ئامـاژەی بـەم راسـتییە کـردووە (تـۆ لـەو ماوەیـەدا... ئـاخر مـن دەمێکـە نەمـــدیوی... ئاغـــای حـــاجی زادە.. پێشـــکەوتنێکی زۆر بەســـەر بۆچـــوونەکانتدا داهاتووە)(هۆتێل ئەوروپا، ل١٥٩)، تەنانەت دەستخۆشی لە (محەمەد)یش کـردووە بـەوەی گۆڕانکـــاری بەســـەر بیروبۆچـــوونەکانیدا هـــاتووە (براڤـــۆ! جـــاران ئاوهـــا بـــیرت نـەدەکردەوە)(هۆتێـل ئـەوروپا، ل١٦٠)، لەلایـەکی دیکـەوە (فـەرهاد)یـش لـەژێر پاڵنـەری هۆکاری ئـابووری بەمشـێوەیە ئامـاژەی بـەگۆڕانکاریی لـە پێکهاتـەی (محەدمـەد) کـردووە بەوەی (محەمەدی حاجی زادە جاران واتە سێ چوار ساڵێك پێشتر پیاوێکی داخراو پابەندی نەریتو دینو رەوشتی گشتی، بەلاّم وردە وردە منیش هەستم پێکـرد بـاری قورسـی ژیـانی پەناهەندەییو تەنیاییو دەستکورتی ئینجاش نەبوونی ناسنامەو وەرنەگرتنی ئیقامە ئـەوی تووشی پاشاگەردانییەکی رۆحی زۆر گەورە کردبوو.. رەفتـارو بیرکردنـەوەی ئـەوی لـە زۆر رووەوە گۆڕی بوو)(هۆتێل ئەوروپا، ل١٠٨).

کاتێك لەناو رۆماندا کارەکتەر گۆڕانکـاری لـە هـزرو بیروبۆچـوونیدا روودەدات شـتێکی چاوەڕوانکراوە ئەمجۆرە گۆڕانکارییە رەنگدانەوەی بەسەر کردارەکانیشیدا هەبێت، چـونکە جووڵەی جەستەی کارەکتەر رەنگدانەوەی جووڵەی هزرە، بۆیە ئەگەر لە رووی کردارییەوە سـەیری پێکهاتـەی (محەمـەد) بکـەین دەبیـنین هاوشـێوەی لایـەنی بیروبۆچـوونەکانی گۆڕانکارییـەکی زۆر بەسـەر کردارەکانیشـیدا هـاتووە، بـەلاّم ئـەم گۆڕانکارییانـە زیـاتر بەشێوەیەکی نەرێنی بەسەر پێکهاتەکەیدا رەنگیداوەتـەوە، چـونکە وەکـو پێشـتر باسمـان کرد بەحوکمی ئـەوەی (محەمـەد) لـەناو ژینگـەو کلتـوورێکی ئیسـلامیدا چـاوی کردۆتـەوەو گەورە بووە لەهەمان کاتدا بەهۆی پیشەی مەلایەتییـەوە شـارەزاییەکی باشـی لـە فیقهــ و شـەریعەتو زانسـتەکانی ئیسـلامدا هـەبووە، تەنانـەت وەکـو مامۆسـتایەکی ئـایینیش لـە حەوزەی عیلمی تاراندا وانەی ئایینی گوتۆتەوە، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەو گۆڕانکارییانـە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ پیشەی مەلایەتییەکـەیو تەنانـەت لەگـەڵ شـەریعەتی ئیسلامیشـدا

یەکی نەگرتۆتەوە، بەڵام ئەمەش هۆکاری خۆی هەبوو چونکە دوای ئەوەی ئـاوارەی وڵـاتی فەرەنسا دەبێت بەهۆی نەبوونی ئیقامـە بێکـاری و بـێ پـارەیی یـەکێك بـوو لـەو کێشـانەی بـەردەوام بـەرۆکی (محەمـەد)ی بەرنـەدەدا، چـونکە وەکـو (فـەرهاد) ئاماژەی پێـدەکاتو دەڵێـت (محەمـەد) بـەردەوام پێمـی دەگـوت: (ئیشـێکت هـەر بـۆم نەدۆزییـەوە؟)(هۆتێـل ئەوروپا، ل٧)، تەنانەت گرفتی بێکارییەکـەی بـەجۆرێك کاریگـەریی بەسـەر ژیانیـدا هـەبوو بەوەی بۆ ئەوەی پارەی زیاتر خەرج نەکات زۆربەی کات لەماڵەوە دەنووست و نەدەچـووە دەرەوە، چونکە وەکو (محەمەد) باسی لێوە دەکات و دەڵێت: (لە ماڵەوە هەمیشە دەنووم، هیچ نەبێ بۆ ئەوەی هێندە پـارە بـەبلیتی مـیترۆو پـاس سـەرف نەکـەم)(هۆتێـل ئـەوروپا، ل١٠٢).

بۆیە گرفتی بێکاریی (محەمەد) ناچار دەکات پـەنا بباتـە بـەر هەنـدێك کـار هـەم لەگـەڵ پیشـــەی مەلایەتییەکەیــدا نــەدەگونجاو هــەمیش لەگــەڵ شــەریعەتی ئیســلامیدا یــەکی نەدەگرتەوە، لە هەمووشی سەیرتر ئەوەبوو پاساویشی بۆ ئەمجۆرە کارانەش دەهێنایەوە، بۆ نموونە کاتێك دەبێتە کەسێکی هۆمۆسێکسوێڵ پاساوی ئەوەی بۆ ئەم کارە دەهێنایەوە بەوەی لەپێناو دابینکردنی بژێوی ژیانی رۆژانەی خۆیدا ئەم کارە دەکات (ئەدی چی بکەم، لەبرسـان بمـرم)(هۆتێـل ئـەوروپا، ل١٠٩)، تەنانـەت پێیوابـوو ئـەمجۆرە کـارە لـە پیشـەی سواڵکردن باشترە (ئەدی بچم دەست لـە خـەڵك پـان بکەمـەوە؟ دەرۆزە بکـەم؟!)(هۆتێـل ئەوروپا، ل١٠٩)، لە رووی شەرعیشەوە پاساوی ئەوەی بۆ ئـەم کـارە دەهێنایـەوە بـەوەی (ئەم کـارە گونـاح نییـە، چـونکە لەسـەر داخـوازیی پیـاوە هۆمۆسێکسـوێڵە فەرەنسـییەکە خۆیــەتی، ناشـبێتە هـۆی چەوسـاندنەوەی هـیچ مـەخلوقاتێك)(هۆتێـل ئـەوروپا، ل١١٢)، لەلایەکی دیکەوە کاری هۆمۆسێکسوێڵیش کاریگەریی بەسـەر پێکهاتـەی (محەمـەد) هـەبوو بەوەی ئەگەر جاران لەبەر پابەندبوون بەئایینی ئیسلامەوە لەبری خواردنەوەی مەشروب لە دانیشتنەکانی مۆنتماختدا قاوەی داوا بکردایە، کەچی لەدوای ئەم کارە رووی لـە خـواردنی بیرە بەتایبەتی بیرەی (تۆبۆرگ)یش کرد، تەنانـەت هـەر بەخواردنـەوەی بـیرەش نەوەسـتا بەڵکو فێری خواردنەوەی جۆرەکانی دیکـەی مەشـروبی وەکـو (وێسـکی، راکـی، پۆرتـۆ)ش بوو.

بـەپێی شـەریعەتی ئیسـلام فالگرتنـەوە کـارێکی دروسـت نییـە چـونکە زانـینی غـەیب زانستێکە تەنیا پەیوەستە بەخوای گەورە، بەڵام گرفتی بێکـاری (محەمـەد) ناچـار دەکـات لەپێناو دابینکردنی بژێوی ژیانی رۆژانەی خۆیدا پەنا بباتـە بـەر کـاری فالگرتنـەوە بـەوەی (بەدرێژایی ئەو ماوەیەی بێکاری خۆی تا ئەوکاتەی رێستۆرانتێکی دیکەی دەدۆزییـەوە بـۆ ئەوەی قاپشۆری تێدا بکا، فێر بووبوو دەچـووە نـاو داڵانـە پـانۆپۆرە گەورەکـەی بـەردەم کڵێسای نۆتردام یان لەناو باغی لووکزەمبـوورگ، زۆرجـاریش دەچـووە نـاو قاوەخانـەکانی ژووسیۆو سۆربۆن کـە خوێنـدکارە گەنجـەکانی زانکۆیـان لـێ بـوو خـۆی سـەرقاڵی دەسـت خوێندنەوەو فالگرتنەوە دەکرد، کە لەوێ هەندێ پرو پیرەژن و پیرەمێـردە فەرەنسـییەکان یان توریستەکان بەتایبەتی خوێندکارەکانی زانکۆ زۆریان پێ خۆش بوو، بەرامبەر بەمەش خـەڵك لانـی کـەم فرەنکێکیـان دەدایـێ)(هۆتێـل ئـەوروپا، ل١٢٥)، لەهەمووشـی سـەیرتر ئەوەبوو هاوشێوەی کاری هۆمۆسێکسوێڵەکەی ئەوکاتـەی لـە رێسـتۆرانتی (دیـلان) کـاری فاڵچێتی دەکرد پاساوی ئەوەی بـۆ ئـەمجۆرە کـارە دەهێنایـەوە بـەوەی هـەر (هـیچ نـەبێ ئێواران ژەمێکی تێر لای سەیدۆ دەخۆم)(هۆتێل ئەوروپا، ل١٢٨)، لەلایەکی دیکەوە گـرفتی بێکاری وای لێدەکات رازی بێـت بەنییـەتی خراپـی ئـەو کەسـانەش کـە لـەبواری فاڵچێتیدا ئیشیان بۆ دەدۆزیەوە، بۆ نموونە (ساقی گوڵچین) لەپێناو بەرژەوەندی تایبـەتی خـۆی بـۆ ئەوەی خۆی شوو بە(موبـارەك) بکـات نـەك (رۆئیـا) بـەو مەرجـە (محەمـەد) دەنێرێتـە لای (رۆئیا) تاوەکو بەخراپ بەختی بخوێنێتەوەو (موبارەك) لەپێش چاوی رەش بکـات (بـەڵام من بەمەرجێك ئەم کارەت پێ دەبەخشم،.... دەبێ کارێکی وا بکـەی کـە رۆئیـا خـانم ئـەو پیاوەی لەپێش چاو رەش بێت و چیتر بـیر لـەوە نەکاتـەوە کـە شـووی پـێ بکا !)(هۆتێـل ئەوروپا، ل١٣١)، دواتر ئەنجامی ئەو خراپ خوێندنەوەیە جگە لەوەی دەبێتە هـۆی ئـەوەی (رۆئیا) تووشی سەکتەی دڵ ببێت و بمرێ لەهـەمان کاتـدا (محەمـەد) ویژدانیشـی ئازاریـدا بەوەی خۆی بەهۆکاری مردنی (رۆئیا) بزانێ، چونکە وەکو (محەمـەد) ئامـاژەی پێـدەکاتو دەڵێ: (دڵنیام ئەگەر بەدرۆش بووایە پـێم گوتوبـا کـە ئـەو پیـاوە مەغریبییـە تـۆی خـۆش دەوێ، ئاوها لەناکاو تووشی ئەم سەکتە قەلبییە نەدەهاتو زۆرتر دەژیا)(هۆتێـل ئـەوروپا، ل١٣٧).

لەلایەکی دیکەوە مەودای گرفتی بێکاری بەشێوەیەکی فراوانتر پێکهاتەکەی (محەمەد) دەگۆڕێتو وایلێدەکات ببێ بەدزیش، ئەویش کاتێك لە (هوتێل ئەوروپا) لە شوێنی (فەرهاد) کاری دەکرد ئەوکاتەی ئەو ژنو پیاوانەی شەوانە تەنیا بۆ کاری سێکسی ماوەیەکی کورت لە هوتێلەکە دەمانەوە کەچی (محەمەد) لەبری ئەو ماوە کورتە پارەی مانەوەی شەوێکی تەواوی لێوەردەگرتن، بەڵام (محەمەد) ئەم پارەیەی نەدەخستە ناو خەزێنەی هوتێلەکە بەڵکو وەکو خۆی بۆ (فەرهاد)ی باس دەکات و دەڵێ: (هەموو جارێك سێسەدو پەنجا فرەنکەکە وەردەگرمو رێك دەیخەمە باخەڵی خۆمەوە، بەینی خۆمان بێ فەرهاد)(هۆتێل ئەوروپا، ل١٨٠–١٨١)، ئەگەرچی (محەمەد) ئەم حاڵەتەی بۆ (فەرهاد) باسکردبوو، بەڵام لە هەمووی سەیرتر ئەوەبوو بە(فەرهاد)ی دەگوت ئەگەر تۆ بەم زووانە نەگەڕێیتەوە بۆ سەر کارەکەی خۆت و ماوەیەکی زیاتر لە دوورگەی (سانت مالۆ) بمێنیتەوە من بەمجۆرە کارە پارەیەکی زۆر کۆدەکەمەوە (ئەگەر تۆ هەر لە سانت مالۆ بمێنیتەوە، من لێرە لەماوەی ساڵێکدا بۆ خۆم دەبمە ملیۆنێر)(هۆتێل ئەوروپا، ل١٨١).

گۆڕانکاری لە پێکهاتەی (محەمەد) هەر بەوەندە ناوەستێو دوایینجار لە کۆتایی رووداوەکاندا سەدو هەشتا دەرەجە گۆڕانی بەسەردا دێت، چونکە ئەگەر لە سەرەتادا (محەمەد) بەکەسێکی دڵساف و ساویلکە لەلایەن (فەرهاد)ـەوە ناسرا بێت بەوەی (من باوەڕەم بەپاکیو راستگۆیی محەمەدی حاجی زادە زۆر دەکرد)(هۆتێل ئەوروپا، ل١٣)، کەچی دەبنینین لە کۆتایی رووداوەکاندا بەهۆی لێکچوونی رەهەندی فیزیکی خۆی لەگەڵ (لوسیانا)دا لە تەماحی موڵکو سامانو ناسنامەو پەساپۆرتی فەرەنسی پێکهاتەکەی دەگۆڕێت بۆ کەسێکی زۆر فێڵزان بەجۆرێك رادەی فێڵزانییەکەی دەگاتە ئاستێك پاڵ بە(فەرهاد)ـەوە دەنێت (محەمەد) بەدرۆزنو ساختەکارو ئیبلیس بچوێنێ ئەویش کاتێك بەرامبەر (فەرهاد) بەدوو شێوە خۆی پیشاندەدا لەلایەك وا خۆی بە(فەرهاد) نیشاندەدا بڕیاریداوە بەیەکجاری بگەڕێتەوە وڵاتی ئێران (فەرهاد گیان کە تۆ ئەم پۆستکارتەت بەدەست دەگات من لەوانەیە لە تاران بم، چونکە وا ئێستا لە فڕۆکەخانەی شارڵ دیگۆڵەوە ئەم پۆستکارتەت بۆ دەنێرم، ئیتر دوای ئەمە پاش چەند سەعاتێکی تر من چیتر لە فەرەنسا نامێنم، بۆ وەدەستهێنانی ناسنامە دەبێ تەنیا بگەڕێینەوە وڵاتی خۆمان، مرۆڤ لە دوورە وڵاتیدا بەتایبەتی لە ئەوروپا هیچ ناسنامەیەکی نییەو قەتیش نایبێ، مرۆڤ تەنیا لە

وڵاتی خۆیداو لەناو قەومی خۆیدا بەهاو مانایەکی هەیە)(هۆتێل ئـەوروپا، ل١٩٣)، کەچی لەلایەکی دیکەوە بەرامبەر بە(فەرهاد) رۆڵی (لوسیانا)ی بەرجەستە دەکردو وا خۆی نیشانی (فەرهاد) دەدا کە ئەو (لوسیانا)یە نەك محەمەد حاجی زادە (لەو رۆژەوەی کە مسیۆ لوسیانا چووە بۆ ئێران، هەر کاتێك بەتەلەفۆن ئەم پرسیارانە لە محەمەد حاجی زادەی ساختەکارو درۆزن دەکەم خۆی لێم دەکاتە مسیۆ لوسیاناو عەینەن ئیبلیسێك خۆی وا نیشان دەدا کە ئەو پیاوەی ئێستا لە پاریس لە هوتێل ئەوروپا دادەنیشتێتو خاوەنی هوتێلی ئەورووپایەو قسەم لەگەڵ دەکا ئەوا مسیۆ لوسیانا خۆیەتی)(هۆتێل ئەوروپا، ل٢٠٣)، لە هەمووشی سەیرتر گۆڕانی پێکهاتەکەی لەوەدابوو زۆر بەبێ منەتی ئەم قسانەی بە(فەرهاد) دەگوت: (ئەم قسەیەی خۆت جوانترین بەڵگەیە کە بەمن باوەڕ بکەیت، باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی باوەڕ بکەیت کە مسیۆ لوسیانا منم، ئەمەتام من لە پاریس... وەرە بمبینە)(هۆتێل ئەوروپا، ل٢٠٣).

## ئەنجام:

١- ئەگەر ئەرکی رەهەندی فیزیکی پیشاندانی دیوی دەرەوەی کارەکتەر بێت هەر لە جەستەو هەموو ئەو جلوبەرگو کەلوپەلانەی پەیوەستن بەجەستەوە، ئەوا لەپاڵ ئەمەشدا رەهەندی فیزیکی لە رۆمانەکەدا رۆڵی لە دروستبوون و یەکلاییکردنەوەی رووداوەکانیشدا بینیوە، بۆ نموونە رەهەندی فیزیکی رۆڵێکی گرنگی لە یەکلاییکردنەوەی رووداوەکاندا بینیوە، چونکە ئەگەر (لوسیانا) بەهۆی بوونی ڤیزەی وڵاتی ئیسرائیل بەسەر پەساپۆرتەکەیەوە سەفەرکردن بۆ ولاتی ئێران ببووە خەونێك بۆ ئەو هەم بۆ بینینی (زیبا)و هەمیش دۆزینەوەی ئەرشیفو دەستنووسەکانی باپیری لەو ولاتە، کەچی دواتر لە کۆتایی رووداوەکاندا بەهۆی لێکچوونی رەهەندی فیزیکی خۆی لەگەڵ (محەمەدی حاجی زادە)وە ئەو خەونەی چەندین ساڵەی بووە حەقیقەتو توانی ئەم سەفەرە ئەنجامبدات.

٢- لە رۆمانی (هوتێل ئەوروپا)دا لەبەر ئەوەی کۆتایی رووداوەکان بەهۆی لێکچوونی رەهەندی فیزیکی (لوسیانا) و (محەمەدی حاجی زادە) یەکلایی بۆتەوە، ئەوا نووسەر لەپاڵ گرنگیدان بە رەهەندی کۆمەڵایەتی هەریەك (لوسیانا) و (محەمەدی حاجی زادە) لەهەمان کاتیشدا زۆر گرنگی بە رەهەندی فیزیکی هەردوو کارەکتەرەکەی داوە بەجۆرێك بۆ ئەوەی بتوانێ لێکچوونی ئەو رەهەندەیان پیشانی خوێنەر بدات باسی تەمەنو رەنگی چاوو پرچو

جــۆری جلوبــەرگو قــەدو بــاڵاو تەنانــەت چــۆنیەتی ددان پاککردنــەوەی هــەردوو کارەکتەرەکەشی کردووە.

٣- رۆماننووس تیمو ناوەرۆکی رۆمانەکەی لـە پێکهاتـەی کارەکتەرەکانـدا کۆکردۆتەوە،لـە پەرەسێنی پێکهاتەی (محەمەدی حاجی زادە)دا بەرجەستەی کردووە.

٤- لــەو رۆمانــەدا رۆمــاننووس کارەکتــەرەکانی لــە ڕێگــای شــێوازی نمایشــکردنەوە پێشکەشکردووە،بەڵام بۆ ئەوەی رۆمانەکە لە رووداوێکی مێـژوویی دووربکەوێتـەوەو بچێتە نـاو چوارچـێوەی قـاڵبی ئـەدەب ئـەوا نووسـەر نـەك هـەر هـەموو لایەنـەکانی ژیـانی خـۆی نەگواستۆتەوە ناو رۆمانەکە، بەڵکو گۆڕانکاری لە پێکهاتەی خودی خۆشی کردووە.

٥- لەو رۆمانەدا نووسەر لە پێشکەشـکردنی کارەکتەرەکانـدا تایبەتمەنـدیی رۆمـانی کـۆنی بەسەرەوەیە، بەوەی پێش ئەوەی رۆڵ بەکارەکتەرەکان ببەخشێت سەرەتا بەشێکی زۆری کارەکتەرەکانی لە ڕێگەی تەکنیکی وەسفەوە پێشـکەش بەخوێنـەر کـردووە، ئینجـا دواتـر رۆڵی بەکارەکتەرەکان بەخشیوەو بەشداری رووداوەکانی پێ کردوون.

٦- نووسەر لە رۆمانەکەدا جگە لەوەی تیم و ناوەڕۆکی رۆمانەکەی لەسەر ئاستی دەقەکەدا دەربڕیـوە، لەهــەمان کاتیشـدا لـەناوەوەی دەقەکانیشـدا لەسـەر زاری کارەکتــەرەکانیش بیرۆکەی رۆمانەکەی بەشێوەیەکی راستەوخۆ ئاشکرای کردووە بەوەی لـە رۆمـانی (هوتێـل ئەوروپا)دا لەسەر زاری (محەمەدی حاجی زادە) دەریبڕیوە.

٢٠- لەناو رووداوەکانی رۆمـانی (هوتێـل ئـەوروپا)دا لـەپاڵ بـوونی کۆمـەڵێك هۆکـار، بـەڵام بەپلەی یەکەم هۆکاری ئابووری رۆڵێکی گرنگی لە بنیات و پێکهاتەو جووڵەو ئاراستەی هەنگاوەکانی کارەکتەرەکاندا بینیووە.

# سەرچاوەکان

**- کتێبە کوردییەکان:**

١- ئەرستۆ، هونەری شیعر، و: عەزیز گەردی، خانـەی چـاپ و پەخشـی رێنمـا، چـاپخانەی گەنج، چ٢ ، سلێمانی، ٢٠١١.

٢- ئاکار جەلیل کاکەوەیس، کۆدە خودییەکانی جەلیل کاکـەوەیس،وەزارەتی رۆشـنبیریو لاوان - بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆژنامەنووسیو چاپو بڵاوکردنەوە، چاپخانەی رۆشـنبیری، هەولێر.

٣- ئیبراهیم یونسی (د.)، گوڵبژێرێك لە هونەری چیرۆکنووسین، و: نەبەز جەهانگیر پوور، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٤- پەرێز سـابیر، بینـای هونـەری چـیرۆکی کـوردی - لـە سـەرەتاوە تـا کۆتـایی جـەنگی دووەمی جیهانی، دەزگای پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١.

٥- جـەلیل کاکـەوەیس، رۆمـانی کـوردی - پـەرتبوونی رووداوو نازینـدەیی شـاکەس، بلأوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران - هەولێر، چاپخانەی (بینایی)، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٧-حەمـە مـەنتك، تـەکنیکی فرەدەنگـی لـە رۆمـانی کوردیـدا، بەڕێوەبەرایـەتی چـاپ و بلأوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ٢٠١٣.

٨- رست هیلز، چیرۆکو تایبەتمەندییەکانی، و: سەلاح عومەر، وەزارەتی رۆشنبیری زنجیرە کتێبی گیرفان ژمارە (١٠)، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥.

١٠- رێزان عوسمان مستەفا، بنیاتی جۆرەکـانی رووداو لـە رۆمـانی باشـووری کوردسـتاندا (١٩٨٥ - ١٩٩٠)، لە بلأوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی سپیرێز، دهۆك، ٢٠١٠.

١١- سابیر رەشد، چیرۆکی کوردی رەخنـەو لێکۆڵینـەوە، وەزارەتـی رۆشـنبیری زنجـیرەی کتێبی گیرفان ژ (٧)، چاپخانەی رۆشنبیریی، هەولێر، ٢٠٠٥.

١٢- سـازان جەوهـەر حەمەغـەریب، پاڵـەوان لـە حیکایـەتی فۆلکلـۆری کـوردی (ناوچـەی گـەرمیان)دا، لـە بڵاوکراوەکـانی یـەکێتی نووسـەرانی کـورد - لقـی کـەرکوك ژمـارە (٢٠٤)، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٣.

١٣- سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانیو رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی-دا، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩.

١٤- شکری عزیز الماچی، تیۆری ئەدەب، وەرگێڕانی: سەردار ئەحمەد گەردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر، ٢٠١٠.

١٥- عبداللە سەڕاج، بەرەو ئاستانەی رۆمانو گۆشەنیگاکان، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧.

١٦- عبداللە سەڕاج، دۆنایدۆن یان بەدگۆڕان – چەند بابەتێك لەبارەی ئەدەبی نوێی کوردییەوە، بەڕێوەبەرایەتی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانی بینایی.

١٧- عەبدولڕەحمان مونیف، تیشکێك بۆ سەر رۆمان، وەرگێڕانی: شیرین . ك، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦.

١٨- فەرهاد پیرباڵ، هوتێل ئەوروپا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٠.

٢٠- میران جەلال محەمەد، بنیاتی رووداو لە رۆمانی کوردیی باشووری کوردستاندا، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٢١- مەهدی سالح، دەربارەی رۆمان، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ٢٠٠٦.

٢٣- نەجم خالید ئەلوەنی(د.)، کارەکتەرسازی لە رۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی-دا، چاپخانە موکریان، هەولێر، ٢٠٠٩.

٢٤- نەجم خالید ئەلوەنی(د.)، بینای کات لە سێ نموونەی رۆمانی کوردیدا، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

**- کتێبە عەرەبییەکان:**

٢٦- أ.م. فورستر، أركان الرواية، ترجمة موسي العاصي، دار جروس برس، الطبعة الاولي، طرابلس، لبنان، ١٩٩٤.

٢٧- الان روب قرييه، نحو رواية جديدة، ت: مصطفي إبراهيم مصطفي، دار المعارف بمصر.

٢٨- حميد لحمداني (د.)، بنية النص السردي (من منظور النقد الادبي)، المركز العربي للطباعة والنشر والتوزيع، ١٩٩١.

٣٠- حسن بحراوي، بنية الشكل الروائي، المركز الثقافي العربي، بيروت، الطبعة الاولي، ١٩٩٠.
٣١- حسين رامز محمد رضا، الدراما بين النظرية والتطبيق، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٧٢.
٣٢- رشاد رشدي (د.)، فن القصة القصيرة، ملتزمة الطبع والنشر، مكتبة انجلو المصرية.
٣٣- شارف مزاري، مستويات السرد الإعجازي في القصة القرآنية، منشورات إتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠١.
٣٤- عبدالملك مرتاض (د.)، في نظرية الرواية، بحث في تقنيات السرد، سلسلة كتب عالم المعرفة، ١٩٨٨.
٣٥-فاضل ثامر،مدارات نقدية في اشكالية النقد و الحداثة و الابداع،دائرة الشؤون الثقافية و النشر،١٩٨٧
٣٦- كوثر محمد علي جبارة، تبئير الفواعل الجمعية في الرواية، سوريا، ٢٠١٢.
٣٧- لطيف زيتوني (د.)، معجم مصطلحات نقد الرواية، مكتبة لبنان ناشرون - دار النهار للنشر، لبنان، ٢٠٠٢.
٣٨- محمد عزام، شعرية الخطاب السردي، من منشورات إتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٥.
٤٠- محمد يوسف نجم (د.)، فن القصة، دار الثقافة، بيروت، ط٤، ١٩٦٣.
٤١- محمد غنيمي هلال (د.)، النقد الادبي الحديث، نهضة المصر للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة السادسة، يونيو ٢٠٠٥.
٤٢- محمد علي سلامة (د.)، الشخصية الثانوية ودورها في المعمار الروائي عند نجيب محفوظ، دار الوفاء،مصر، ٢٠٠٧.

**- نامە کوردییەکان:**

٤٤- جەوهەر محەمەد مەولود، بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی (حوسێن عارف)دا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، حوزەیرانی ٢٠١٣.
٤٥- دیار فایەق مەجید، شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا(بەدیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست) (١٩٧٢ - ٢٠٠٢)، نامەی دکتۆرا، سکوڵ زمانی فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٣.

٤٦– سمیه نجیب خلیل، ئـافرەت لـه رۆمـانی ئافرەتـانی کـورد دا (٢٠٠٠ – ٢٠٠٩)، نامـەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی زمان، ٢٠٠٧.

٤٧– سـۆزان عەبـدوللا محەمـەد، کەسـێتی ئـافرەت لـه رۆمـانی کوردیـدا (١٩٩١ – ٢٠٠١)، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٤.

٤٨– محمد ئەمین عەبـدوللا، شـاکەس لـه رۆمـانی کـوردی–کوردسـتانی عیراقـدا (١٩٩٠ – ١٩٩٧)، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٠.

**نامه عەرەبییەکان:**

٤٩– جليلة بنت إبراهيم محمد الماجد، البيئة في قصة االسعودية القصـيرة، رسـالة دكتـوراه، كلية اللغة العربية – فرع الادب، جامعة أم القري، ٢٠٠٢.

٥٠– شرحبيل إبراهيم أحمد المحاسنة، بنية الشخصـية في أعمـال مـؤنس الـرزاز – دراسـة في ضوو المناهج الحديثة، رسالة الدكتوراه، جامعة مؤته، ٢٠٠٧.

٥١– عبدالناصـر منتصـربالله محمـد، ملامـح الشخصـية الرئيسـة في روايـات نجيـب الكيلانـي السياسية، رسالة الدكتوراه، كلية الآداب، الجامعة الإسلامية، ٢٠٠٨.

**- گۆڤارو رۆژنامەکان:**

٥٢– سیروس پرهام، کارەکتەرسازی ریالیستی له رۆمانو چیرۆکی کوردیدا، و: حەمه کەریم عارف، گ رامان، ژ (٤٤)، (٥)ی شوباتی ٢٠٠٠.

٥٣– گۆران سەباح غەفور، توخمـەکانی رۆمـان، وەگێـڕان لـه ئینگلیزییـەوە، گ کـاروان، ژ (١٩٤)، مایسی ٢٠٠٥.

٥٥– نەجم خالید ئەلوەنی(د.)، تەکنیکی دیالۆگ لـه هەنـدێ نموونـەی هاوچـەرخی کورتـه چیرۆکی کوردیدا، گ زانسته مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ژ (٢٤).